فەرهەنگی

# دیوانی شاعیران

منتدى إقرأ الثقافي
منتدى إقرأ الثقافي

## نالی ـ سالم ـ کوردی

www.iqra.ahlamontada.com

د.محەمەد نووری عارف

فەرهەنگی

# دیوانی شاعیران

## نالی . سالم . کوردی

د. محەمەد نووری عارف

ناوی کتێب: فەرهەنگی دیوانی شاعیران "نالی . سالم . کوردی"

دانانی: د. محەمەد نووری عارف

بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٦٤

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٩

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٠١ی دراوەتێ

## پێشەکی

*عومــرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشـــم*

*زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی ئیستە خەمۆشم*

*"نالی"*

بـەرهـەمـی گـەورە شاعـیرانـی کلاسیکیمـان، دەریـایـەکی پڕ بـەهـای جۆرەهـا دوڕ و گەوهـەری بەنرخی سامانی بیر و هۆشی نەتەوایەتیمانە، کە سنوورێکی پان و پۆڕی گرتۆتە خۆی و، تەنها ڕەنگدانەوەی بار و دۆخی سەردەمەکەیان نییە، بەڵکو زۆریش لەوە تێپەڕی کردووە، هەر لە سەردەمی خۆیانەوە بگرە تا سەرەتای ئیسلام و پێش زایین و دوورتـریش لـەوە دەگـرێتـەوە و، سنـووری جـوگـرافـیـایـیشیـان بـەزانـدووە، نـەتـەنـهـا بـۆ دراوسێکـانـیـان، بـەڵکو لـەوەش پـتـر پـەلـی هـاویشتـووە، لـە بـارەی بـابـەتـی فـرە چـەشن و کەسانی ناودار و شوێنانی ناسراوی مێژوویی و...هتد دواون، ڕۆشنبیری و زانیارییان گەلێ بەرفراوان بووە، لە هەر زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری ئەو ماوە دوورودرێژەدا کەم و زۆر ئاگادار بوون و شتێکیان لێ زانیوە، بەو زمانەی کە شیعریان نووسیوە، تەنها زمـانـی وتـووێژی چـەرخـەکـەیـان نـەبـووە، بـەڵـکو لـە ژێر کـارتـێکردنـی ئـەو زانست و ئەدەبانەیشدا بوون کە خوێندوویانە، عەرەبی و بابەتە ئاینییەکانیان خوێندووە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەدەبیاتی فارسی و زانستەکانی تریان خوێندووە وەکو هەموو نەتەوەکانی دراوسێیـان، لـەبـەر ئـەو پـلـەو پـایـە بـەرزەی کـە شـاعـیرانـی نـاوداری ئـەدەبـیـاتـی فـارسی هـەیانبووە، وەك: فیردەوسی، نیزامی، عەتتار، مەولەوی، سەعدی، هومام، حافز، جامی، کەلیم، سائیب، بیدل و...هتد، شاعیرانی ئێمە و نەتەوەکانی دەوروپشتمان خوێندوویانە و هۆگری بوون و سەدەها ساڵ لە ژێر ئەو کارتێکردنەدا بوون و، کەم زۆر لاساییان کردوونەتەوە و گەلێ چەمك و وشە و زاراوە و لێکدراو و دەربڕینیان لێوە وەرگرتوون و بە گوێرەی چێژ و سەلیقە و ئەندێشەی بەرزیانەوە، شیعرەکانیان خستۆتە قاڵبی جوانی تایبەت بە خۆیانەوە و، گەلێ واتا و داهێنان و وردەکاری نوێیان هێناوەتە ئەنجام، کە زادەی بیر و هۆشی بەرز و ناسکی خۆیان بووە، لەبەرئەوە تەنها زانینی زمانی وتووێژ و نووسینی ئەمڕۆمان، نامان گەیەنێتە ئەو ڕادەیەی کە بە وردی و باشی لێیان تێبگەین،

بۆیە بە پێویستم زانی، کە فەرهەنگێ لەم بارەیەوە بنووسم، دیارە ئەمەش کارێکی زۆر درێژخایەنە و، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە سەرەتایەکە و، تەنها لە سێ شاعیرەوە دەستم پێ کرد، کە نالی و سالم و کوردییە و ئەمانە بە پێشەواو سەرەتای شیعری کرمانجی خواروو دانراون و، بێگومان هەموو سەرەتایەکیش دەبێ ئاسان و سادە بێت، بەڵام ئەوانە بە پێچەوانەوە لە ئاستێکی زۆر بەرز و ورد و دڵڕفێندا شیعریان وتووە، هۆیەکەیشی ئەوە بوو بە کورتی باسی لێوە کراو، پلەو پایەی شیعرییان لە ڕادەیەکدا بووە، کە ڕۆشنبیرانی ئەوساو ئەم سەردەمەیش، بە دەگمەن لێی تێگەیشتوون و لێی تێدەگەن، ئەوەتا شاعیری بڵند پایەمان نالی هاواری لێ هەڵساوە و دەڵێ: تەمەنێکی دوورودرێژە، کە لە ڕادەی بەرزی ئەدەبدا، شیعری جوان و نایاب و بێ وێنە دادەنێم و زۆرم لەم بارەیەوە نووسی، بەڵام بە داخەوە کەس لێی تێنەگەیی و بەهای نەزانی، لەبەرئەوەیە کە ئیستە بێدەنگم.

دیارە ئەو کەسانەی کە ئەو سەردەمە لە نالی تێگەیشتوون زۆر دەگمەن و کەم بوون و، ئیستا کەمترن. ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەوانەی کە لەم سەردەمەدا بەڵگەنامەی ماجستێر و دکتۆرایان هەیە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، لە نالی و بابەتی نالی و گەورە شاعیرانی کلاسیکیمان بە ئەندازەی ڕۆشنبیرێکی ئاسایی لێی تێدەگەن، نا وەکو پسپۆڕ، ئەوانەیشی کە لە خوێندنی باڵای زمان و ئەدەبی کوردیدا دەخوێنن، ئەم لایەنە گرنگەیان خستۆتە لاوە و تەنها بە دەوری زمان و ئەدەبی نوێدا دەسووڕێنەوە، کە هەر ڕۆشنبیرێکی ئەم سەردەمە دەبێ ئەمە بزانێ، هەندێ جاریش چ بە قسە، یان بە نووسین ئەگەر ناوی شیعری کلاسیکیمان بهێنن، بە ئەدەبی سوواو و ڕزیو و دواکەوتوو و...هتد دادەنێن!! تا ئێستا هەروایە و لەوە دەچێ کە لە داهاتووی نزیك و دووریشدا هەر وابێت.!! هەر لەبەرئەوەیە کە ماوەیەکی دووردرێژە بیرم لەوە کردۆتەوە ئەگەر بۆم بڕەخسێ فەرهەنگی دیوانی شاعیران دابنێم، ئەوە بوو کە چەند ساڵێ لەمەوبەر بە سێ شاعیری ناوبراو دەستم پێ کرد، هەر چەندە چاپی هەردوو دیوانی سالم و کوردی، وەکو پێویست بە ئەنجام نەگەیەنراوە و هەڵە و تێکەڵاوی زۆری تێدایە، وەکو خوالێخۆشبوو گیو موکریانی لە دیوانی سالم لە لاپەڕەی ١٥٩دا ئەمەی ڕوون کردۆتەوە و دەڵێ: (بەڵان بە داخەوە لەوانەیە کە لە سەدی شەستم بۆ ساخ بووبێتەوە، ناچار کەم و کووڕی دارەکانی تریشم هەر وەك خۆیان ڕوونووس کرد...) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درووود بۆ گیانی پاکی، بۆ

ئەو کۆششەی کە لە توانایدا بووە بەجێی هێناوە و، منیش لە لایەن خۆمەوە ئەوەی کە لە ڕێنووسدا دڵنیابووم هەڵەیە، بەشێکم لێ ڕاست کردۆتەوە.

ئـەم فـەرهـەنـگە سەرەتـایـەکە بـۆ دانـانـی فـەرهـەنـگێکی گـەورە لـە پـاشە ڕۆژدا و یـارمـەتیـدەرێکە بـۆ ئـەوانـەی کـە لـە زەمیـنـەی شیـعری کۆنمـاندا کـار دەکەن، بـەشێ لـە وشەکانی ئەم فەرهەنگە لە شیعری شاعیرانی پێش سێ شاعیری ناوبراو و دوای ئەوان بەکار هاتوون. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لەم ماوەی ڕابوردووەدا ئەنجامم داوە، ئەوە نییە کە من دەمویست و بەم شێوەیەیش کە لەبەر دەستدا بێت لە هیچ باشترە، لەبەرئەوە ئەم کارە بە بێ کەم و کووڕی نییە و، هیوادارم تا ئەو ئاستەی کە لە توانامدا بێت و بۆم ڕێك بکەوێ لە پاشە ڕۆژدا کاری تێدا بکەم، ئەم فەرهەنگە بەشێوەیەکی گشتی، ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ باو و ئاسایی نین لە زمان و ئەدەبی سەردەممماندا، هەندێ لەو وشانە کوردین و لە فەرهەنگەکانماندا هاتوون، بەشێ لەوانە فارسی یان عەرەبی یان تێکەڵاون و هەندێ جاریش تورکی، بڕێ لەو وشانەیش ڕەگ و ڕیشەی کۆنی پێش ئیسلام و پـێش زایـیـنـیــان هـەیــە و پـیشـان دراون، ئـەو وشـانـەی کـە لـێکـدراو و داڕێژراون و پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە شیم کردوونەتەوە و بەشەکانیانم خستۆتە ڕوو، ئەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە شیعر و ئەمڕۆ بەو جۆرە بەکار نایەن ڕوونم کردوونەتەوە، ناوی کەسان و شوێنە جوگرافییەکانم باس کردووە، بۆ هەندێ لە وشە و زاراوەکان نموونەی شیعری فارسیم هێناوەتەوە و دوای ئەوە وەرمگێڕاونەتە سەر کوردی.

لە ئەنجامدا دەڵێم ئومێدەوارم کە کەلێنێکم پڕکردبێتەوە لە بواری شیعری کۆنماندا، کە بەشێکی بەنرخ و مەزنن لە سامانی بیر و هۆشی کەڵە شاعیرەکانمان.

دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، پێش ئەوەی کە دەست بکەم بە نووسینی ئەم فەرهەنگە، برای بەڕێز کاك بەدران ئەحمەد حەبیب ڕایسپارد تا لە چاپخانە فیشەکانیان بۆ ئامادە کردم و خستیە بەر دەستم بە نیازی ئەوەی کە زووتر دەست بە کارەکەم بکەم، زۆر سوپاسی ئەو دڵسۆزییەی دەکەم.

لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێز بەرپرسی کومپیوتەر کاك محەمەد زادە دەکەم: کە بۆ ڕێکخستنی لەچاپدانی ئەم فەرهەنگە گەلێ ماندوو بوو، هەروەها سوپاسی هەڵەچن بەڕێز کاك شێرزاد فەقێ ئیسماعیل دەکەم کە بە وردی بە فەرهەنگەکەدا چووەوە و سوپاسی کارمەندانی بەشی کومپیوتەر بەڕێزان: فوئاد شەمعون بیا و عبدالحمید عزیز

رسول و زاهیر عمر وەلی وساڵح قادر دەکەم.

لەم فەرهەنگەدا تیپی (ف) لە جیاتی فارسی و (ع) لە جیاتی عەرەبی بەکار هاتووە و نیشانەی (←——) ڕووی کردبێتە هەر وشەیەك واتە بگەڕێرەوە بۆ هەمان وشە لە شوێنێکی تری فەرهەنگەکەدا.

ئەو سەرچاوانەی کە دووبارە بوونەتەوە لە فەرهەنگەکەدا بە کورتی ناویان هاتووە:

* ابراهیم پور = واژەنامەی کردی –فارسی/ دکتر محمد تقی ابراهیم پور.
* اشارات = فرهنگ اشارات ادبیات فارسی –دکتر سیروس شمیسا.
* اصطلاحات = فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی –دکتر سید جعفر سجادی.
* تلمیحات = فرهنگ تلمیحات –دکتر سیروس شمیسا.
* خاڵ = فەرهەنگی خاڵ –شێخ محمدی خاڵ.
* خانلری = دیوان حافظ –پرویز ناتل خانلری.
* رهبر –حافظ = دیوان حافظ شیرازی –دکتر خلیل خطیب رهبر.
* رهبر – سعدی = دیوان غزلیات سعدی شیرازی –دکتر خلیل خطیب رهبر.
* سالم = دیوانی سالم عبدالرحمان بەگی صاحبقران –چاپخانەی کوردستان.
* سخن = فرهنگ بزرگ سخن –٨ج –به سرپرستی دکتر حسن انوری.
* سیالکوتی = مصطلحات الشعرا –سیالکوتی مل وارسته.
* عفیفی = فرهنگ شعری –دکتر رحیم عفیفی.٣ج.
* عمید = فرهنگ فارسی عمید –٢ جلدی –حسن عمید.
* غلامحسین = گلستان سعدی –دکتر غلامحسین یوسفی.
* غلط ننویسیم = فرهنگ دشواریهای زبان فارسی –ابو الحسن نجفی.
* غیاث = غیاث اللغات –غیاث الدین محمد بن جلال الدین رامپوری.
* فرهنگ شاهنامه = فرهنگ جامع شاهنامه –دکتر محمود زنجانی.
* قزوینی = دیوان خواجه حافظ شیرازی –محمدی قزوینی و دکتر غنی.
* کوردی = دیوانی کوردی –مستەفا بەگی صاحبقران –چاپخانەی کوردستان.

* گیو = فەرهەنگی کوردستان -گیوی موکریانی.
* لاروس = فرهنگ لاروس، عربی -فارسی، مترجم سید حمید طبیبیان.
* معین = فرهنگ فارسی -٦ جلدی -دکتر محمد معین.
* نالی = دیوانی نالی -مەلا عبدالکریمی مدرس و...
* هروی = شرح غزلهای حافظ -دکتر حسینعلی هروی.
* هەژار = فرهنگ کردی -فارسی -هەنبانە بۆرینە -هەژار.

# ئـ

**ئابدار:** تەڕویڕ، ئاودار، ڕووناك، ورشەدار.

ئاب + دار.

ئاب: ئاو.

دار: ڕەگی چاوگی، داشتەن (= داشتن)ی ف.یە واتە هەبوون، خاوەنی شتێ بوون.

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی

(نالی – ل ٦٥٩)

مەولەوی دەڵێ:

زان حسن آبدار چـــو تازە کنی جـــگر
نی آب خضر جویی نی حوض کوثری

(مولوی، دیوان کبیر– عفیفی)

واتە: بەو جوانییە ئاودار و تەڕویڕەوە، کاتێ کە خۆشەویستیی نوێ دەکەیتەوە.
ئیتر نەپێویست بەئاوی خدر (= ئاوی حەیات)ە، نە بە حەوزی کەوسەر.

**ئابشار:** تاڤگە، ئەو ئاوە زۆرەی کە لە بەرزاییی، یان لە قەد شاخ و چیاوە دەڕژێتە خوارەوە بەخوڕی و دوای ئەوە وەکو چەم و ڕووبار دەڕوات.

وشەکە دوو بەشە: ئاب + شار.

ئاب: ئاو.

شار: ڕەگی چاوگی شاریدەن (= شاریدن)ی ف.یە، واتە دەنگ و هاژەی ڕژانی ئاو و شەراب، ڕژان، بەرەو خوار ڕشتن.

ئەم بەچاو دوڕو بەسەر لەعلی هەدیبە بۆ دەبا
ئەو بەتف دەیکا بە میزابی شکستەی ئــــابشار
(نالی – ل ١٧٣)

ڕاپێڵ و تار و پۆیی کولووی بـــەفرە ئابشار
با بای دەدات و ماسیی پێدا دێ وەك مەکووك
(نالی – ل ٢٥٩)

گریە بەخوڕ دێتە خوار هەر وەکو عەینی بەهار
خوش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەرشاری من
(نالی– ل ٣٢٤)

بێ مەحابا ئاو دەڕێژێ گەهـ بە فەوڕو گەهـ بە دەوڕ
چـــاوی مــــن مووددێکە شێوەی ئابشاری گرتووە
(نالی – ل ٥٤٢)

**ئابلە دەردانی کەفی پێ:** بلوق کردنی پێ بەهۆی ڕۆیشتن و ڕێگە بڕینی زۆرەوە.

ئابلە: ئاوڵە ، بلۆق.

کەفی پێ: بنی پێ.

ئابلەی دەردا کەفـی پێی تاقەتی هەنـــگامـی جەهد
سالمی سەرگەشتە ئـەر بەس ڕێی موسیبەت تەی دەکا
(سالم – ل ٣٠)

**ئابنووس:** پەهلەڤی. āwanOs، یونانیēbenos درەختێکە، کە لە هیندو مادا گاسکار و دوورگەی موریس دەڕوێت، دارەکەی ڕەش و سەخت و قورس و گران بەهایە. (معین)

بونیانی کیبرو سەرکــەشییە تاقی کیسرەویی

دانانی زوڵـم و ڕووڕەشییە تـەختی ئـابنووس

(نالی – ل ۲۳۸)

**ئاب و تاب**: تەڕو پاراو، گەشی و جوانی، توندی و تیژی و گەرمی و سۆزۆ گوداز و توانەوە.

ئاب: ئاو.

تاب: چەند واتایەکی هەیە: تیشك، رووناکی، گەرمی، تین، وزە، توانایی، پێچ و بادان بۆ پەت و گوریس، لوولی کە بۆ زوڵف و ئەگریجە بەکاردێت.

هەروەها ڕەگی چاوگی تابیدەن و تافتەن(= تابیدن، تافتن)ی. ف. یە، واتا ڕووناکی و ورشەدان، گەرمی دان، پێچان و پێچ دان و تواندنەوە و سوورکردنەوە و....هتد.

گــەر ئاب و تابی جەننەتییو دۆزەخــت دەوێ

بنوارە نێوچەوانی بە شووش و برۆی عەبووس

(نالی – ل ۲٤۰)

لە ئاب و تاب و ئەشك و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریــانـــی

لە بـــاتی پوختەگیی سووتام و ئیستەش پێم دەڵێ خـــامە

(نالی–.ل ٤٧٣)

غولامی دیدەیی مەخمووری تۆیە نێرگسی شەهلا

لە ئاب و تابی رووی تـۆ داغدارە لالەیی حـــەمرا

(سالم– ل ۲۷)

**ئاب و ڕەنگ**: تەڕو پاراو . جوان و دڵڕفێن.

چیهرەت بە ئاب و ڕەنگی لەتافەت دەڵێی گوڵە

(یـــارب زچشم و زخـــــم زمـانە اش نگاهدار)

(سالم – ل ٥٨)

**ئاب و هەوا**: ئاو و با، ئاو و هەوا، کۆمەڵەی نیشانەکانی ئاو و هەوا، وەك سەرماو گەرماو

گوشاری با و، برِی هەڵم و هەڵکردنی با، کە بارو دۆخی مام ناوەندی ناوچە پیشان بدات.

یـاخۆ پەڵە بەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ
قەندیلی مونیرو گوزەری ئـاب و هەوا بـێ
کام ئاو و هەوا؟ موعتەدیلی نەشئو نومـا بێ
یـەعنی لەوە سـەت کانییە گەرمێکی تێ زابێ
(نالی– ل ٦١١)

**ئابی حەیات:** ←—— ئاوی بەقا.

ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت
تەحـریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر
(سالم – لە دیوانی نالی – ل ١٩٩)

**ئاتەش:** ئاگر.

گەهـ تاوس و گەهـ کەبکن و گەهـ بـوقەلەموونن
گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن
(نالی – ل ٣٤٣)

لـە دڵدا ئـاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلـی تەندوورە
شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە
(نالی – ل ٤٠٦)

تاغی یو باغی یو، باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شـادوشادا بـە گـوڵ ئاتەشی یـو نارەوەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

سۆزشی کوردی یە یـاخۆ جۆششی ئەییامی فیراق
ئاتەشی عیشقە مەگـەر یا شەرەری ناری سـەقەر
(کوردی – ل ١٧)

**ئاتەش ئەفشان:** مەبەست دەست درێژ کەرە، گوللە وەشێن، گوللە باران کەر، ئەوەی کە ئاگر باران دەکات، ئاگر بڵاو کەرەوە.

ئاتەش: ⟵

ئەفشان: ⟵

قەهرناك و سەر بەرەهنە ئاتەش ئەفشان حەملەوەر
جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان
(سالم – ل ١٠٠)

عەسای مووسایە سەرنێزەی لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی
بە بەرقی ئاتەش ئەفشان و بە شکڵی ئەژدەها پەیدا
(سالم – ل ١٩)

زەمزەمەی عیشقە لە تاو میسری وجوودم هەمەجا
ئاتەش ئەفشانە هەناسەم وەکو سوعبانی کەلیم
(سالم– ل ٨٨)

**ئاتەش بەکەف:** مەبەست تفەنگ بەدەستە، ئەو کەسەی کە چەکی ئاگریی بەدەستەوە بێت.

ئاتەش: ⟵

کەف: مەبەست دەستە، ناو لەپ.

گوڵزاری دەرو دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و ئاتەش بەکەف و تیز نیگاهن
(نالی– ل ٣٤٢)

**ئاتەش فشان:** بەتین و گڕاوی، ئاگربڵاو کەرەوە.

ئەو چیایەی کە لەبەشی سەرەوەی یان لووتکەکەی دەتەقێتەوە و گۆگرد و شت و مەکی تواوەی ژێر زەمینی وەکو ئاگر و گڕ لێدێتە دەرەوە.

ئاتەش: ⟵

فشان: کورت کراوەی ئەفشان (= افشان)ە، واتە پرژاندن و بڵاو کردنەوە.

ماهی تالیع ڕێی موحاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان

(سالم – ل ١٤)

**ئاتەشی ئەفسوردە:** ئاگری کوژاوە، ئاگری دامرکاوە.

ئاتەش: ⟵———

ئەفسوردە: لێرەدا واتە کوژاوە و دامرکاوە، ئەم وشەیە گەلێ واتای تری هەیە وەك: سیس و ژاکاو، غەمگین، دڵگران، پەست، بەستوو (لەپلەی ژێرسفردا)، دڵ سارد. وشەی ئەفسوردە لە چاوگی ئەفسوردەن (افسردن)ی ف.وە هاتووە، واتە: سیس و ژاکاو بوون، پەست بوون، سارد بوون، وەڕس بوون.

ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر

(سالم، لە دیوانی نالیدا – ل ١٩٩)

**ئاتەشی ئەفسوردەی دەم:** ئاهی گەرم هەڵکێشان.

ئاتەش: ⟵———

ئەفسوردە: ———⟵ ئاتەشی ئەفسوردە.

دەم: هەناسە، ئاهو فریادو هاوار.

ئاوی حەیاتە ئاتەشی ئەفسوردەیی دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنووریش کە دێتە دەر

(سالم– ل ٦٧)

**ئاتەشین:** ئاگرین.

ئاتەش: ⟵———

ین: پاشگرە بۆ لێکچوون.

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە
لەسەر ئابی سەرابی، سەروی سێرابی موغیلانە

(نالی– ل ٤٩٢)

**ئاتەشین خوو:** توندخوو، توندوتیژ، توورە.

ئاتەشین: ئاگرین.

دەزانی خەرمەنی من بۆ گڕەی بەست

بپرسن گەر لە یـــاری ئاتەشین خـوو

(سالم – ل١١٥)

**ئادەم:** یـەکـەمین مـرۆڤ – و یـەکـەمین بـاوکـە (بـاوکـی ئـادەمیزاد، بـاوك) و یـەکـەمین پێغەمبەرە، دوای خۆی ڕۆڵەکانی: شیث، انوش، قینان... بەدوای یەکتریدا بوون بە پـێغـەمـبـەر. ئـادەم شیـثـی کـرد بـە جێنشینـی خـۆی... ئـەویش (انـوش) و ئـینـجـا (قینـان)... ئـەویش کوڕی خۆی و بەم جۆرە و بەبێ بڕان تـا پێغەمبەر.

بەم شێوەیە گەلێ لە سەرەتاکان دراونەتە پاڵ ئادەم، و یەکەمین کەس بووە کە شیعری وتووە (بەبۆنەی مەرگی هـابیل)ەوە.

خوا ئادەمی لە قوڕ دروست کرد (بەڵام فریشتەکان لە ئاگر و ڕووناکین) لەسوورەی حجر ١٥، ئـایەی ٢٧.

دەفەرمووێ: ولقد خلقنا الانسان من صلصال من حما مسنون. لە تەفسیری تەبەری لە وەرگێڕانی ئایەتەکەدا دەڵێ: ئادەمیزادم دروست کرد (واتە ئادەم) لە قوڕی وشکەوە بوو، (ئەو گڵەی کە گڵێنەی وەکو گۆزە و دیزە و کووپە و...) لێ دروست دەکرێ.(ج ٤– ٨٤٢٢).

لە سوورەی الرحمن ٥٥، ئـایەی ١٤، دەفەرمووێ: خلق الانسان من صلصال کالفخار.

واتە: ئـادەمی لە گڵی وشکەوە بوو، وەك گڵێنەی سوورەوە کراو دروست کرد، فریشتەکان قوڕی ئادەمیان شێلا، ئینجا خوا وێنەی پێ بە خشی و گیانی کرد بەبەردا.

بەڵام بە گوێرەی حەدیسی قودسی، خوا بە دەستی خۆی قوڕی ئـادەمی شێلا: خمرتُ طینـة آدم بیدی اربـعین صبـاحـاً (مـرصـاد الـعـبـاد– ٣٨). ئـەم وتـەیـەی پێغـەمـبـەر بـەم جۆرەیش هـاتووە: (احـادیث مثنوي، ١٩٨): خَمَّر طینه آدم بیده أربعین صباحـا.

بەگوێرەی داستـانە ئیسلامییەکان، لەپاش ئەوەی کە قـاڵبی ئـادەمی لە قوڕ دروست کرا، لە نێوان (مەککە و مەدینە) لەسەر ڕێگەی فریشتەکاندا دانرا، بەم جۆرە فریشتەکان بۆ مـاوەی چل سـاڵ (یـان چل هـەزار سـاڵ) بەلای ئەم قـاڵبە خـاکییە بێ گیانەدا تێدەپەڕین.

خوا گیـانی کرد بەبەری قوڕی ئـادەمدا، بەو شێوەیە کە لە سوورەی الحجر ١٥، ئـایەی

٢٩ دا، دەفەرمووێ: فاذا سَوّیتُهُ ونفختُ فیه من روحی...

واتە: ئینجا ڕاست و ڕێکم کرد و فووم پیا کرد لە ڕۆحم. بەمە دەڵێن: فووی خوداوەندی، کاتێ کە ڕۆح کرا بە لەشی ئادەمیدا، پژمەیەکی کرد و گیانی بە بەردا هات.

کاتێ کە خوا ویستی بە ئادەم زیندوێتی ببەخشێ فەرمانی دا بە گیان کە بچێتە لەشی ئادەمەوە. گیان چووە تەنییەوە و... پژمەیەکی کرد. (تفسیرطبری: – ج ٢– ٢٣).

خوا ئادەمی بە شێوەی خۆی دروست کرد، بەو جۆرەی کە لە وتەکانی پێغەمبەردا هاتووە: فان اللّه خلق آدم علی صورته. (احادیث مثنوی– ١١٤) لە (قاموس کتاب مقدس)دا، هاتووە: ئادەم لە شێوەی خوای هەمیشە زیندوو دروست بوو (سفر پیدا یش، ١: ٢٦، ٢٧) پولس، ئەم لە یەکچوونەی پیشان داوە کە ئادەمیزاد لە پیرۆزی و دادگەریدا وەکو ئەو دروست بووە.

خوا ئادەمی خستە بەهەشتەوە و حەووای لە پەراسووی چەپی ئەو دروست کرد.

کاتێ کە خوداوەند ئادەمی دروست کرد فەرمانی دا بە فریشتەکان کە کڕنووشی بۆ بەرن، ئینجا هەموو فریشتەکان کڕنووشیان بۆ ئادەم برد تەنها (ئیبلیس) نەبێ. لەسوورەی بقرە٢ ئایەتی ٣٢، دەفەرموێ: واذ قلنا للملائکة اسجدوا لآدم، فسجدوا إلا ابلیس أبي واستکبر وکان من الکافرین.

واتە: وە کاتێ بە فریشتەکانمان وت کە کڕنووش بەرن بۆ ئادەم، ئیتر کڕنووشیان برد تەنها ئیبلیس کە بەجێی نە هێناو سەرپێچی کردو لە ئایین وەرگەڕا.

ئیبلیس بە هۆی ئەم نافەرمانییەوە دەرکراو ڕق و قینی بەرامبەر بە ئادەم خستە دڵی خۆیەوە. لەم ڕووەوە بەهۆی یارمەتی مارێ خۆی گەیاندە بەهەشت و ئادەم و حەووای هەڵخەڵەتاند، تا گەنم بخۆن، واتە ئەو میوەیەی کە خوداوەند قەدەغەی کردبوو لە ئادەم و حەووا، خوداوەند لەم بارەیەوە فەرموویووی: لاتقربا هذه الشجره فتکونا من الظالمین. (سوورە ی بقرة٢، ئایەتی ٣٣).

واتە: نزیك نەکەونەوە لەم ڕووەکە، کە دەبن بە ستەمکاران.

خوا بەهۆی ئەو نافەرمانییەوە تووڕە بوو لە ئادەم و حەووا، بەفەرمانی خوا، درەختی تووبا بە هۆی لقەکانییەوە ئادەم و حەووایان هەڵگرت و لە بەهەشت فڕەیان دانە دەرەوە. لە سوورەی بقرة ٢، ئایەی ٣٦ دەفەرموێ: قُلنا إهبطوا منها..

واتە: وتمان وەرنە خوارەوە لە بەهەشت.

لە قورئانی پیرۆزدا ناوی گەنم نەهاتووە، لەم بارەیەوە تەنها ناوی (شجر) وتراوە: (بقرة ٢، ئایةي ٣٤، اعراف ٧، ئایةي ٧) وە لە سورەی (طه)٢٠، ئایەی ١١٨، لەبارەی دیاریکردنی بابەتی باسەکە وشەی (شجرة الخلد) واتە درەختی نەمران هاتووە، لە تەفسیری تەبەری ج ا، ل، ٥٢، دا دەڵێ: (ئەوە پێی دەڵێن درەختی نەمر.) لەبەرئەوە ئەم رووەکە بەدرەخت یا (شجر)ی قەدەغە کراو، و میوەکەیشی بەمیوەی قەدەغەکراو ناسراوە.

لە تەوراتیشدا لەم بارەیەوە ناوێکی تایبەتی نەهاتووە، لە سفری پەیدابوون، بابی ٢، ئایەی ١٧، دەڵێ: (بەڵام وریابە لە درەختی زانیاری، باش و خراپ نەخۆی).

بەڵام لە لێکدانەوە ئیسلامییەکاندا لە بارەی گەنم و لە لێکدانەوەکانی جوولەکە و مەسیحیدا لە بارەی سێوەوە قسە کراوە.

ئادەم و حەووا دوای خواردنی (میوەی قەدەغەکراو) زانیارییان پەیدا کرد، هەستیان بەرووتی خۆیان کرد و بەگەڵای درەختی هەنجیر یارۆی خۆیان داپۆشی، بەم شێوەیە لە تەوراتدا دەڵێ: ئەو کاتەی کە هەردووکیان چاویان کردەوە، تێگەیشتن کە رووتن، ئیتر گەڵا هەنجیرەکانیان بە یەکەوە دووری و یارۆی خۆیان داپۆشی. سفری پەیدابوون - باب ٣/ ئایةي ٧.

تەبەری دەڵێ: کاتێ گەنم لە گەرووی ئادەم چووە خوارەوە و گەیشتە سك، یەکسەر جلوبەرگی بەهەشتیی لە بەریان داماڵراو هەردوو بە رووتی مانەوە و یارۆکەیان دەرکەوت و شەرمیان لە یەکتری دەکرد، ئینجا هەریەکەیان پەلکێکی لە دار هەنجیر کردەوە و خستیانە سەر یارۆکەیان. (تفسیرطبري - ج١، ٥٣). بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا لەم بارەیەوە شتی وا نەوتراوە.

حەووا و شەیتان و مار لەگەڵ ئادەمدا لە بەهەشت دەرکران بەدوای یەکتریدا بۆ جددە و سەمنان و ئیسفەهان. ئادەم هەزار ساڵ ژیاوە (تفسیرطبري - ج ١- ٦٠ و قصص قرآن سور آبادي ٧٥)... بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (تلمیحات - ص ٦٥- ص ٧١).

بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی بەس

نالی چییە ئەو بابە، ئادەم کوڕ و حەووا کچ

(نالی - ل ١٦٢)

**ئادەمی خوار:** ئادەمیزاد خۆر، ئەوەی کە ئادەمیزاد بخوات.

دوجـا دوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە

لـــە سەر شانی وەکو زەححاك و ناوی ناوە زولفەینی

(نالی – ل ٦٧٦)

**ئاردەڵۆك:** ئەوەی کە لە وردیی و سپێتیدا لە ئارد بچێ. بەڵام لای (هەژار) بەم جۆرەیە:

ئاردەڵۆکە: وردە ئاردی سەرلێوی قۆڵکە لە ئاشدا، بەفری زۆر ورد و وشك کە دەباریّ.

کاسە بۆیـــە لازمە تـــا ئاردەڵۆکی دەربدا

سەوڵی بۆیە لازمە نەك جۆگەلە بیبا بەتاو

(نالی – ل ٣٦١)

وەزعی ئاشی گەر نەبێ بۆچی دەبێ پڕ ئاردەڵۆك

تەبعی قوفقەی گەر نەبێ بۆچی دەنیشێتە سەراو

(نالی – ل ٣٦٢)

**ئازەر:** ناوی باوکی ئیبراهیم خەلیلە، ئەم ناوە لە قورئان، سوورەی ٦ (الانعام) ئایەی ٧٦ دا، هاتووە، بەڵام لە بەڵگەنامە کۆنەکاندا بە ناونیشانی باوکی ئیبراهیم باس نەکراوە و ناوە ڕاستەقینەکەی ئەو (تارح)، یان (تارخ)ە، فرانکیل Frankel بە هەندێ بەڵگەوە، وادەزانێ کە (عازەر) و (ئازەر) لە وشەی عیبری (ئیلازار =ēlazār)ەوە وەرگیراوە و دەڵێ: ئەم ناوە نۆکەری وەفاداری ئیبراهیم بوو. ئازەر بە (بتگەر) و (بت تەراش) ناسراوە. (معین)

دڵم وەك حـــاکمی مەغدوورە قوربان

تەمای سنعاتەکەی ئازەرمە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٢)

**ئازوردە:** ڕەنجاو، ئازاردراو، دڵگران، زویر.

خەوفناکە دڵم ئازوردە لە زوڵف

حـــاڵەتی تەلخە لەمشەودا بێدار

(سالم – ل ٥٧)

**ئاسەف:** آصف. عەرەبییە و لەعیبرییەوە وەرگیراوە، ناونیشان و نازناوێ بووە بۆ وەزیرەکان، لە بنەڕەتدا ناوی وەزیری سولەیمان پێغەمبەر بووە.(سخن)

خادیمی مەخدوومییە، ماقووڵی ناماقووڵییە

لەم دەرە ئاسەف سولەیمانە، سولەیمان ئاسەفە

(نالی – ل ٤٥٣)

**ئاسەفی سانی:** ئاصەفی ثانی. دکتور غەنی لە کتێبی (تاریخ عصر حافظ... ص ٢٧٤)دا، وادەزانێ کە ئەمە جەلالودینی توورانشای وەزیری شاهـ شوجاع بووە. شرح غزلهای حافظ نوشتهء دکتر حسینعلی هروی – ج ١،ص ٢٥٨.

ئاسەف: ⟵

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکا

(نالی – ل ١٢٥)

حافزی شیرازیش لەم بارەیەوە دەڵێ:

گرتو فارغی ازما ای نگار سنگین دل

حال خود بخواهم گفت پیش آصف ثانی

(حافظ – قزوینی. ص ٣٣٦)

واتە: ئەی دلبەری دڵ ڕەق ئەگەر تۆ ئاگایەکت لێمان نەبێت، ئەوا دەچم شکاتی خۆم دەکەیەتمە ئاسەفی سانی.

**ئاستانە:** ئاستان، بەردەمی دەرگا، بارەگا.

گەر لە سایەی ئاستانەی دولبەرم جێ دەست کەوێ

قەت هەوەس ناکەم ئەمن ئیتر لە ژێر پەڕی هوما

(سالم – ل ٤٠)

لە خاکی ئاستانەت تا موقیم بم

کیفایەتمە لەجێی ئینعام و مەنسەب

(سالم – ل ٤٣)

لــە خـــــاکی ئاستانەی دولبەرم ئوفتادەم و شادم

دەگاتە تاقی کیسرا زیفعەتی جێگەی سەگیم ئەمشەو

(سالم – ل ۱۱۸)

ڕەفیق خۆتان بچن بۆ سەیری سەحرا کەوتووە سالم

ســـــەفەر مومکین نییە لەم ئاستانە خـــاکی دڵگیرە

(سالم – ل ۱۲٦)

**ئاسمان:** مەبەست ڕۆژگاری ستەمکارە، فەلەکی ستەمگەر.

لێمگەڕێن با گریەکەم دیدەم بەدیدەی خونفشان

ئـــایەڵێ یەکدەم بـــە ڕاحەت ڕابوێرم ئاسمـــان

(سالم – ل ۹۰)

**ئاسیاب:** ئاسیاو، ئاشی ئاو، ئاش.

ئاسمان زددە لەگەڵ مەردومی ڕاست

ئاسیابێکە کـــە چەرخی بە چەپایە

(سالم – ل ۱۷۳)

**ئاسیب:** زیان، دەرد، ئازار، ڕەنج، لێدان.

لـە ڕووی ئەغیار ئەگەر شیرینەحەرفم بیمی ئاسیبە

لــەگەڵ مەردی گەدا کەلبی دڕندە فەرزە دوژمن بێ

(سالم – ل ۱٤۰)

**ئاشوفتە:** پەرێشان، شێواو، تێکچوو، ڕەنجاو.

لە چاوگی ئاشوفتەن (آشفتن) ی ف.وە هاتووە، واتە تێکچوون، شێوان.

تاکەی ئاخر حەسرەتی کاکۆڵەکەت پەنهان بکەم

هیجری ئاشوفتە دڵی و کـــاکۆڵ پەرستی کارییە

(کوردی – ل ٥۱)

نەزمی شایانی لەکوێ بوو عاشقی شۆریدە بەخت

موویی ئاشوفتەی سەرم وا دەرهەم و ژوولیدەمــا

(سالم – ل ٣٣)

ڕاستە پامالّی غەمی ئەی دلّی ئاشوفتە وەلێ

(صبرکن کــین بەدو روزی بــەسر آیدموعود)

(سالم – ل ٥٦)

**ئاشوفتەحالّ:** پەرێشان حالّ، پەرێشان، شێواو.

ئاشوفتە: ⟵

عاشقی خۆشە ئەوەك بۆ منی غەریب و قوڕبەسەر

دلبەرم وەك دوژمن و خۆم بێکەس و ئاشوفتەحالّ

(کوردی – ل ٢٠)

وێلّ و سەرگەردان و خوار و عاجز و ئاشوفتەحــالّ

دلّ بە تالاّن چووی سوپای کاکۆلّی تێك ئالاّوی تۆم

(کوردی – ل ٣١)

**ئاشوفتە خاتر:** هەست و هۆش پەشێو، بیرو هۆش شێواو.

ئاشوفتە: ⟵

خاتر: ⟵ خاتری جەمع.

ئەبەد ئــاشوفتە خاتریم لــە هیجرانا هەتـــا دەمرم

ئەگەر بێ زولّفی موشکینت لە باغا مەیلی سونبول کەم

(سالم – ل ٨٦)

**ئاشوفتە دلاّن:** پەرێشان دلاّن، پەرێشان حالّ.

ئاشوفتە: ⟵

ئـاسیحــی موشفیق و وەی واعیزی ئاشوفتە دلاّن

شــاوری حائیر و وەی مودەبیری ئەمری خەجلان

(کوردی – ل ٣٦)

**ئاشوفتەگی:** پەرێشانی، شێواوی.

ڕەونەقە بـــۆ حوسنی تۆ ئاشوفتەگی
سەر حیسابم خۆم بە ئەسراری عەلیم
(سالم - ل ٨٨)

**ئاشیان = ئاشیانە:** هێلانە، لانە، لانەی گیانلەبەران و باڵندە.

لــە هێلانەی زەمیندا وەك شتورمـورغ
منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام
(نالی - ٢٦١)

**ئاشیانە:** ——→ ئاشیان.

وەکو سینەم دەبێ تێکچێ لە هەرجێ دڵ قەراری بێ
لــە زوڵفـــا ئـاشیانـەی بەستبێ شێواوە دەیزانــم
(سالم - ل ٧٩)

**ئاغاز:** سەرەتا، یەکەمین بەش یان قۆناغی هەر شتێ، شوێنێ یان دەمێ کە لەوێوە کارێ دەست پێدەکات، دەست پێکردن.

لەززەتی دنیا کە هیچ و پووچە لای ئەهلی ئەدەب
ئەووەڵ و ئاغازی جەورو دەردە ئـەنجامی ستەم
(نالی - ل ٣٠٩)

**ئاغووش:** باوەش.

دەزانی ئاینەی دڵ کەی لـە میحراجی جەلادا بوو
لە عەکسی ڕوویی تۆ وەختێ لە ئاغووشی لیقادابوو
(سالم - ل ١١١)

**ئاغۆشی بەهار:** باوەشی بەهار، مەبەست سەر دەموچاو، سەر ڕووە.

ئاغۆش: ——→

خەزانی ڕەنگی من بۆ ئاینەی ڕووت

خەزانم دی لـــە ئاغۆشی بـــەهارا

(سالم – ل ٢٥)

**ئافاق:** آفاق. ع. ئاسۆ، کەنارەکانی ئاسمان، دەورووپشتی بیابان، جیهان، گیتی، دەشت.

کەوا زەرتایی یەکتایی دەڵێن خورشیدی ئافاقە

مەڵێ خورشیدی ئافاقە، بڵێ میهرێ کەوا تاقە

(نالی – ل ٤٥٥)

**ئافتاب:** خۆر، هەتاو، ڕۆژ، ڕووناکی خۆر، تیشکی ڕۆژ. مەبەست شەرابی نایاب، شەرابی سوور و بێگەرد و درەخشانە.

ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا

دڵ خیرە ما لـــە حیرەت مەهـ ئافتابی هێنا

(سالم – ل ٣٥)

**ئاگر کردنەوە:** مەبەست هاتنە جۆش و خرۆشە.

بولبول کە گەرمە نەغمەیی ئاگر دەکاتەوە

غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکاتەوە

(نالی – ل ٧٠٠)

**ئالوودە:** ئەوەی کە بە شتێکی پیس تێکەڵاو بوویێ، پیس و ناپاك بوو، تێکەڵاو بوو.

سڕی نوکتەیی دەهەنت چاکە نەزانێ قەنناد

نمەك ئالوودە نەکەن با لە خـــەمیری نوقڵا

(سالم – ل ٢٦)

**ئالوودە بوون بە دونیا:** داوێن پیس بوون بەهۆی ماڵ و سامان و خۆشییەکانی جیهانەوە، لە خشتەچوون و ناوی خۆ زڕاندن بەهۆی بەرژەوەندییەکانی دونیا.

ئالوودە: ←———

وەك سۆفییی سافیی مەبە ئالوودە بـــە دونیا

بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب

(نالی – ل ١٣٤)

**ئالی عەبا:** مەبەست پێغەمبەر (د.خ) و فاتیمە و عەلی و حەسەنەینە، خوا لێیان ڕازی بێت، عەبا واتا کلیم و جببە. دەگێڕنەوە ڕۆژێ پێغەمبەر (د.خ) هەرچوار ناوبراوی بانگ کرد و ئەو عەبایەی کە خەت خەتاوی بوو لەبەری خۆی و ئەوانی کرد و (آیەی تطهیر)یان خوێند. (غیاث)

گوتی تاجـــی عەرەب و ئـــالی عـەبا فەرموویان

عەیبە تەن پەروەری یو نەرمی یو نازك بەدەنی

(نالی – ل ٦٧١)

**ئاڵقەی کەمەر:** پشتوێن، کەمەربەند.

واقاڵ زەعیفم لە هـەتیتەی غـەمی دووریت

شایستەیە ئیستاکە کە ئاڵقەی کەمەرت بم

(کوردی – ل ٢٢)

**ئامەد و شود:** هاتوچۆ، ئامشۆ، لە زمانی کوردیدا وشەی (ئامشۆ) کە دوو بەشە کورتکراوەی (ئامەد و شود)ە، بەڵام سوواوە و چۆتە قاڵبێکی ترەوە.

ئامەد: چاوگی کرتاوی ئامەدەن (= آمدن) ی ف. یە واتە هاتن.

شود: چاوگی کرتاوی شودەن (= شدن)ی ف. یە واتە: بوون یان چوون (ئامەد)ە کە لە کوردیدا (ئام)ە و (شود)ە کە (شۆ)یە، واتە (ئامشۆ).

بـــەمەسەل بەحرە عیشق و دڵ زەورەقە

ئامەد و شود بـــە دڵ میسالی نەهەنگ

(سالم – ل ٧٨)

**ئام کەلام:** هاوقسە، ئەوانەی کە قسەیان یەکە، ئەوانەی کە وەکو یەك قسە دەکەن.

ئام: هاو = هەم: پێشگرە بۆ مەبەستی هاوبەشی و لە پێشی وشەوە دێت، وەك: هاوکار، هاوڕێ، هەمکار، هەمڕا.

ئەفرادی مورسەلین هەموو یەك ڕازە ئام کەلام

لـــــەم جێگەدا بـزانە مـــوقەددەم مونەخەرە

(نالی – ل ٤٢٨)

**ئاو:** مەبەست فرمێسکە.

چەند بەسۆزە ئەی دڵەی سووتاو کزەی هاواری تۆ
دیدە ئەی تــۆ ئەم هەموو ئاوە کە کردووتە بەجۆ
(سالم – ل ٦٢)

**ئاو:** درەخشان، ڕووناك، تەڕو پاراو، جوانی و تازەیی، ڕەواج و بازاڕ گەرمی، شەرابی نایاب، شیرەی میوە، شێوە و جۆر، ئابڕوو، گەورەیی، باشی، عەتر، گولاو،نایاب.
(معین، عفیفی، ثروت)

ئەو گەوهەرە نوکتەکە لە نالیی دەدزن خەڵق
ئــاویی نییە وەك ئاگری بــێ شەوقی دزانە
(نالی – ل ٤٨١)

هەی هەی غەڵەتم گوت، ئەمە زوڵمەت ئەوە ئاوە
بــەو زوڵمەتە بــەو ئــــاوە حەیاتم غەڵەتــاوە
(نالی – ل ٥٣١)

کە خاکی خاکی دامەن بە وەگەر نە تۆزی بەربادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەریە وەگەرنە بڵقی سەر ئاوی
(نالی – ل ٦٨٣)

**ئاودان:** پلووسك، چۆڕاوگە، سولاوك، شوێنێ کە ئاوی تێدا کۆبووبێتەوە.

نــائیرەی سەبرم بـــە حەسرەت وا لــە گریانا بڕا
دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنیم لە چاو وەك ئاودان
(سالم – ل ٩١)

**ئاور:** ئاگر. لێرەدا مەبەست جۆش و خرۆش و تینی بەکوڵی خۆشەویستییە.

گەر نییە ئــــاور لـــە سینەمدا بـــــە تــاو
بـۆچ لەبەر قوڵ قوڵ غەریقی ئــاوم ئەز
(نالی – ل ٢٢١)

**ئاوڕشتن:** مەبەست فرمێسك ڕشتنە.

بێ مەحابا ئاو دەڕێژێ گەھ بەفەورو گەھ بەدەور
چـــاوی مـــن موددێکە شێوەی ئابشاری گـرتووە
(نالی – ل ٥٤٢)

**ئاوی ئینسان:** مەبەست ماچە.

ئاو: ←———

ئـاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کـە مـــن
ئـاوی ئینسـان یەعنی ماچی دەم دەخۆم
(نالی – ل ٢٩٧)

**ئاوی بەقا:** کانییەکە لە تاریکیدا، هەرکەسێ کە لێی بخواتەوە بەنەمری دەمێنێتەوە، لە زاراوەی سۆفیگەریدا مەبەست سەرچاوەی خۆشەویستییە و هەرکەسێ کە لێیی بخواتەوە هەرگیز نامرێ. (اصطلاحات عرفاني)

ئەسکەندەر لەگەڵ (خضر)دا، بۆ بەدەست هێنانی ئاوی بەقا، بە تاریکیدا ڕۆیشت، بەڵام کاتێ کە ئەسکەندەر ویستی لێی بخواتەوە، سەرچاوەکە لەبەر چـاوی گـوم بـوو، هـەنـدێ کـەس دەڵـێن کـە (خـضر) لـەپـێشەوەی لـەشکـرەکـەی ئەسکەندەر بوو، هەندێکی تریش دەڵێن کە ئەسکەندەر یەکێ بوو لە خزمەکانی (خضر).

شـــاه اسکندر مکـــان بـــاد از ظفر
دست خضرش در عنان باد از ظفر
(خاقانی)

واتە: پلەو پایەی ئەسکەندەر شا لە سەرکەوتندا بێ و دەستی خزریش جڵەوگیری بێت لە زاڵ بووندا.

شاهـنـامـە دەگـێڕێتـەوە کـە ئـەسکـەنـدەر لـەپـاش مـردنـی دارا و مـارەکـردنـی (ڕەشەنەك) بە لەشکرەکەیەوە هێرشی بردە سەر هیند و میسر، لە هیند پیرێ لە بـارەی نـاونیشانی شوێنی تـاریکی پێ ڕاگەیـاند و پێی وت: کە لەوێدا سەرچاوەیەك

هەیە، هەرکەسێ لێی بخواتەوە ژیانی هەمیشەیی و نەمری بە دەست دەهێنێ.

((آب بقا، آب چشمه حیوان، آب حیات، آب حیوان، آب زندگانی، آب زندگی، چشمه ، چشمهء آب حیات، چشمهء حیوان، چشمهء خضر، چشمهء زندگانی، زلال بقا، زلال، خضر، زلال زندگانی، زلال زندگی، سرچشمهء حیات عین الحیات.)) کە بەرێنووسی کوردی وا دەنووسرێ: (ئابی بەقا، ئابی چەشمەی حەیوان، ئابی حەیات، ئابی حەیوان، ئابی زیندەگانی، ئابی زیندەگی، چەشمە، چەشمەی ئابی حەیات، چەشمەی حەیوان، چەشمەی خزر، زولالی زیندەگانی، زولالی بەقا، زولالی خزر، زولالی زیندەگانی، زولالی زیندەگی، سەر چەشمەی حەیات، عەینو لحەیات.)

ئاوی حەیات سەرچاوەیەکی ئەفسانەییە، ئەم سەرچاوەیە لە شوێنێکی تاریکدایە، لەبەرئەوە لە نێوان ئاوی حەیات و سەرچاوەکەیدا، لەگەڵ تاریکی و ڕەشایەتیدا جۆرە سازبوون و پەیوەندییەك هەیە، وەکو چۆن کە ئاوی حەیات ژیان بەخشە، هەندێ جاریش مەبەست لە شەرابە.

آن چه اسکندرطلب کـرد و ندادش روزگار

جرعەیی بود از زلالِ جـام جان افزای تـو

(حافظ)

واتە: (ئاوی حەیات)، کە ئەسکەندەر بەدوایدا دەگەڕا، ڕۆژگار نەیهێشت پێی بگات، قومێ بوو لە مەیە پاك و بێگەرد و گیان بەخشی پێکەکەی تۆ.

لە داستانی پێغەمبەراندا هاتووە کە لە (ظلمات) زولوماتدا، دەنگێ لە سمی ئەسپەکانی سوپای ئەسکەندەر دەهات، هەروەکو دەنگی سمی ئەسپ وابوو لە شوێنی بەردەلانیدا، ڕاستیی ئەم ڕووداوەیان لە ئەسکەندەر پرسی، خزر لە وەڵامی ئەمەدا وتی: ئەمە دەنگی شتێکە، هەرکەسێ کە هەڵیبگرێ، یان هەڵینەگرێ پەشیمان دەبێتەوە ! چەند کەسێ هەندێکیان لێ هەڵگرت و کاتێ لە تاریکی (ظلمات) دەرچوون سەیریان کرد بینییان کە گەوهەری زۆر بەنرخە، غەمی ئەوەیان خوارد کە بۆچی زۆرتریان هەڵنەگرتووە، ئەوانی تر پەشیمان بوونەوە کە بۆچی هیچیان هەڵنەگرتووە.

کاتێ کە ئەسکەندەر بەرەو تاریکی ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ بۆ بەدەست هێنانی ئاوی

حەیات... ر... گەیشتە ڕۆشنایی، لەوێدا شاخێکی بینی و چووە سەری، ئیسرافیلی ... نی ... وێنەیەکی بەدەستەوەیە و چاوەڕێی فەرمانی خوایە تا گیانی بەبەردا بک... ... ڕافیل بە ئەسکەندەری ڕاگەیاند کە ئەوەندە بە دوای تاج و خەزنەدا نە... ێ.

بۆ زانیـ... پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (تلمیحات - ل ١١١ تا ل ١١٥)

ـێوی تۆ ئـــاوی بەقا من خــــزرم
فەیزی تۆ ڕەحمەت و من سەوزەگیا

(نالی - ل ١٢٥)

لە فارسیدا... ... ی بەقا (= آب بقا) یە:

ای خضر کـه همدم شده ای آب بقارا
زنهار بـــەیاد آر لب تشنـــەء مـــارا

(اهلی -عفیفی)

واتە: ئەی ...زر، کە تۆ هاودەمی ئاوی بەقای، وریا و ئاگاداربە لەوەی کە لێوی تینوومان ... ...ـنیتەوە یاد.

خندی زگریەء من وآنگە گمان بـری
کـآب بقاز چشمەی حیوان گشادە ای

(مجیر بلقانی - عفیفی)

واتە: بە ...ریانی من پێدەکەنیت و وادەزانی کە ئاوی بەقات کردۆتەوە و ڕەوانت کردووە لە سەرچاوەی حەیوان.

ئەگەر ئـــاوی بەقای نۆشیبێ دوژمن فائیدەی نـــادا
لە مـەوجی جەوهەری تیغی حرووفی لابەقا پـەیدا

(سالم - ل ١٩)

ئەبەدەن ڕەنگی عەدەم نایەتە ڕووی کوشتەیی عیشق
بـــەدەمی تیغی ســـتەمدا دەڕژێ ئـــاوی بـــەقا

(سالم - ل ٣٤)

لە توولی زوڵمەتی هیجرا سەراسەر چونکە تۆی مەتلەب
لــە زەوقی بـۆســـەیی لێوت هەوای ئاوی بەقا نـــاکەم
(سالم – ل ٨٥)

وەکیلی خزری ئەی خاڵی لەبی یار
لـــە گوێی ئـــاوی بەقـادا جانشینی
(سالم – ل ١٥١)

**ئاوی حەیا:** عەرەقی شەرمەزاری.

ڕەنگی زەرد و سووری خەوف و خەجڵەتی ئاوی حەیا
وا تکا ئــەرجوو دەکەن عەفوی بـکـا وەك عەبدی خۆی
(نالی – ل ٦٩٢)

**ئاوی حەیات:** ←——— ئاوی بەقا.

دڵ دائیمـــا وەك بــولبـول مــوشتـاقی دەهەن وازە
تـا ئـاوی حـەیـات نـۆش کا لەو خونچەیی پەیکانت
(کوردی – ل ١٣)

لـــە لەبتا مەنبەعی ئــــاوی حـەیاتە
وەلی ڕێی زوڵمەتە هــەرسوو لەگیسووت
(سالم – ل ٥٠)

جێی ئاوی حەیاتە لەعلی لێوت
(دور از لب هرخبیث دون بـــاد)
(سالم – ل ٥٥)

ئـــاوی حەیاتە ئاتەشی ئەفسوردەیی دەمت
تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنووریش کە دێتەدەر
(سالم – ل ٦٧)

مـاوردە لەسەر خەرمەنی گـوڵ عەترفشانە

یا ئاوی حەیاتە عەرەقی وردی موحەییات؟!

(نالی – ل ١٤٣)

**ئاوی سەفا:** ئاوی صەفا، ئابی سەفا، آب صفا.

زاراوەیەکی سۆفییانەیە بە واتای دۆستی و برادەری و ڕاستیی ڕۆحانی. (معین)

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەهابێ

دوڕێکی مونەووەر کـــە هەموو ئـــاوی سەفابێ

(نالی – ل ٦١٦)

**ئاوی عیشق:** گەلێ واتا دەبەخشێ وەك: خۆشەویستیی جوان و بێگەرد، دڵداری بڵند و مەزن، فرمێسکی خۆشەویستی.

ئاو: ←———

مـەکـە تەقریری عیلم و فەزلی ســالم

بە ئاوی عیشقی تۆ شوشتوویە دەفتەر

(سالم – ل ٦٥)

**ئاوی گەوهەر:** ئاوی مرواری، مەبەست درەخشانی و ڕۆشنایی مروارییە.

(ثروت، عفیفی)

کە خاکی خاکی دامەن بە وەگەرنە تۆزی بەربادی

کـە ئاوی ئاوی گەوهەریە وەگەرنە بڵقی سەرئاوی

(نالی – ل ٦٨٣)

**ئاوێنەی دڵ:** مەبەست ویژدانی پاك و بێگەردە، دڵی پاك و بێگەرد.

موددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپیهرم

موغبەڕ بووە میهرم

ئاوێنەیی دڵ شاهیدە هەرچەندە سییەهـ ڕووم

میرئــاتی جـــەلاتم

(نالی – ل ٢٦٨)

لە فارسیشدا (آینەی دل) هەمان واتاو هەمان مەبەست دەگەیەنێت. حافز دەڵێ:

بەپیش آینەء دل هر آنچە می دارم

بجز خیال جمالت نمی نماید بـاز

(حافظ – هروی – ص ١٠٧٨)

واتە: هەرشتێ کە لە بەرامبەری ئاوێنەی دڵم، واتە ویژدانی پاك و بێگەردم یان دڵی پاك و بێگەردمدا ڕام گرتووە، بێجگە لە وێنەی جوانیی تۆ، شتێکی تری تێدا دەرناکەوێ.

**ئاوێنەی ڕوخ:** مەبەست دەموچاوی جوانی یارە. ئاوێنەی ڕوو.

ڕوخ: ڕوو، دەموچاو.

بە ئاوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بەجامی دیدە جەمشیدی

بـــە تەختی سینە پەروێزی بەماری زوڵف زەححاکی

(کوردی – ل ٥٧)

**ئاوێنەی ڕوو:** ⟵ ئاوێنەی ڕوخ

حیکایەت خوانە تووتی دڵ بەدەوری دامی گیسوودا

مـــەزەنە عەکسی خۆی دیوە لەناو ئاوێنەیی ڕوودا

(سالم – ل ٢٠)

**ئاهەن:** ئاسن.

وەهـــا پڕبوو بە ئیما دڵ لــە پەیکان

بە ماددە دێتە دەر ئاهەن لە جێی ئاهـ

(سالم –ل ١٢١)

**ئاهەنگ:** (پەهلەڤی. āhang)

ئاوان، ئاوازی مەوزوون، بەرەو شوێنی ڕۆیشتن، دیمەن و شێوە، قسە و وتە، جۆر و تەرز. (معین)

نەوای ئاهەنگی (قد قامت) تەریقی جەمعی زوهھادە

قەدو قامەت بە لەھجەی ڕاستی توویایی عوششاقە

(نالی –ل ٤٥٦)

**ئاهوو:** ئاسك. (پەھلەڤی. āhūk) (معین)

لە سیدقم شانەو و بادی سەحەرگەهـ شاهیدن هەردوو

غـــوباری تورەیی موشکینی تـۆ نافەی بـــــە ئاهودا

(سالم – ل ٢١)

من لەگەڵ جەور و جەفات گەر لافی ئولفەت لێبدەم

هەروەکو ئاهوو دەبێ خـۆم جووتی شێری نەرپکەم

(کوردی – ل ٢٩)

گرفتاری کـەمـــەندی مەهوەشێکم تیفل و بێرەحمە

خەریك و وێڵ و وەحشی ئاهووی شیرین خەرامێکم

(کوردی – ل ٣٢)

عەرەب ئەندامیی و فـــارس کـــــەلام و تورك ڕەفتاری

نیگاهـ ئاهوو ڕەوت کەبکی زمان تووتی خۆش ئەلحانی

(کوردی – ل ٦٠)

ئـەی ئـاهـــووی نادیدە بـە تەئسیری مەهیبی

یاگەوهەری ئەسدافی یو یاقووتی دورووجی ٭

(نالی – ل ٦٣٩)

**ئاهوو ڕەوش:** ئاسك ڕەفتار، ئەوەی کە کردەوەکانی وەکو ئاسك بێت، ئەوەی کە وەکو ئاسك تیژڕەو و خێرا و سرك بێت.

ئاهوو: ←———

ڕەوش: ڕەو + ش

ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن) ی ف. یە واتە ڕۆیشتن.

ش: پاشگرەو کە دەچێتە سەر ناو دەیکات بەناوی چاوگ.

ڕەوش: ڕەفتار، کردەوە، کاری ڕۆیشتن، ئەنجام دان، ڕۆیشتنی بە لەنجەولار، شێوە و تەرز، داب و نەریت.

گەهێ ئاهوو ڕەوش شاهی گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی
بلا با سینە سەحرابێ بلا با دیدە دەریابێ
(نالی – ل ٦٠٢)

حافز دەڵێ:

سوی من وحشی صفت عقل رمیده
آهـو روشی کبك خرامی نفر ستاد
(قزوینی – ل ٧٤)

واتە: بۆلای منی لە دەستی خەڵك هەڵاتووی هۆش لە سەردا نەماو، نامەبەرێکی وەکو ئاسکی خۆش ڕەفتار و کەوی بە لەنجەولاری نەنارد.

**ئاهوو سەف:** وەکو ڕیزی ئاسك، مەبەست ڕاوەستانی جوان و ڕێك و پێکی سەربازانە.

ئاهوو: ←

گوڵزاری دەرو دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و ئاتەش بەکەف و تیر نیگاهن
(نالی – ل ٣٤٣)

**ئاهوو شکەم:** کەمەرتەنگ، کەمەر باریك، ناوقەد باریك، وەك سکی ئاسك جوان و سپی و باریك.

ئاهوو: ←

شکەم: سك.

مل عەلەم شیرین قەڵەم ئاهوو شکەم مەیموون قەدەم
سم خڕو کلك ئێستر و مەنزل بڕ و عارەق نەرێژ
(نالی – ل ٥٢٥)

**ئاهوو وار:** وەکو ئاسك.

ئاهوو: ←———

وار: پاشگره به واتای (وەك، وەكو) هاتووه.

لەتاو ئەشك و لە ڕووت ئەی چاوشەهێنم

دڵ ئاهوو وار و چاو بێ نووره ئەمشەو

(كوردی – ل ٤٢)

**ئاهووی بەڕ:** مەبەست زۆر خێرا و بە هەڵمەت، خێرا و توند و ڕەوت جوان.

کەللە وەك جەڕەی شەرابی پڕنیشات و تەڕ دەماغ

شێری نەڕ ئاهووی بەڕ گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ

(نالی – ل ٢٢٥)

**ئاهووی تاتار:** ئاسكی وڵاتی تاتار.

تاتار: تەتار، تەتەر، لەكۆندا بە مەغۆلەكانیان دەوت تاتار، ناوی بەشێكە لە دانیشتوانی سیبریا و غازان و ئاستراخان و كریمە، لە زمانە ئەوروپاییەكاندا (تاتار) ی پێ دەوترێ. (عمید)

ئەگەر ئەفشان بێ نەفحەی چینی زوڵفت

خەجاڵەت دەیگرێ ئاهوویی تاتار

(سالم –ل ٥٨)

**ئاهووی حەرەم:** ئاسكەكانی دەورو پشتی مەككە، كە كوشتنیان حەرامە.

حەرەم: دەوروپشتی كەعبە، ناو كەعبە، دەورو پشتی مەزاری ئیمامەكان، ناو سەراو كۆشك، دەورو پشتی خانوو، ناو ماڵ، شوێنی ماڵ و منداڵ. (عمید)

ئاهوویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن كە بە دیدە

ئەم شەهد لە بانە كە هەموو شاهیدی چینن

(نالی –٣٣٨)

هەروەها ئەهلی دەڵێ:

پیش آهوی حرم صاحبدلان قربان شوند

من سگ یارم که آهوی حرم قربان اوست

(اهلی، کلیات، ٣٦-عفیفی)

واته: خوا پەرستە ڕۆشن دڵە بە ئاگاکان دەبن بە قوربانی ئاسکی حەرەم، من سەگی یارم، کە ئاسکی حەرەم بە قوربانی ئەو دەبێت.

دەڵێن ئەو ئاسکانەی کە لە دەوروپشتی مەککەدان ڕاوکردنیان حەرامە.

گەر بێیە دەرێ، سەروی ڕەوانی لـــە ئیرەمدا

وەر نەیبە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا

(نالی -ل ٩٣)

**ئاهووی خەتا:** ئاسکی وڵاتی خەتا.

خەتا: ⟶

سەرفگەندەی دیدەتە ئاهـــووی خەتا

پایە مـاڵی لەنجەتە ســەروی ئیرەم

(سالم -ل ٨٢)

**ئاهووی خەیاڵ:** مەبەست ئەندێشەی بەرزە.

خـــــەتی دا وەختێ لە وادی سینەما ئـــــاهووی خەیاڵ

دەردەچێ ئەسپی هەوەس هەرجـــا لە دەس عەقڵم جڵەو

(سالم -ل ١١٧)

**ئاهووی دڵ:** مەبەست دڵی ترساوە.

زاهیر بـــووە لـــــە ئـــــــــاهوویی دڵ ڕۆژوویی من

ئەوقاتی قەوس و فەسڵی خەزان و تەمووزی دەی

(سالم -ل ١٥٢)

ئاهووی دڵکردن (= آهوی دل کردن): مەبەست ئەو کارەیە کە بە ترسەوە ئەنجام بدرێ..

گوصید عشق خو اهی آهو دلی مکن

همراه عشق باش که شیری است در شکار

(قاسم انوار، کلیات، ١٧٦ –عفیفی)

واتە: بلّیّ ئەگەر ڕاوی دلّداریت دەویّ ترسنۆك مەبە، لەگەلّ عیشقدا بە کە شێرێکە لە ڕاو و شکاردا.

هەروەها (ئاهووی دلّ) بە مەبەستی خواست و ئارەزووی دلّیش هاتووە:

ئـــاهوویی دلّ گەر ببینیّ گەردەنت

دەر زەمان دێنیّ لەگەردنیا خەراج

(سالم – ل ٥٤)

**ئاهووی سەید ئەفگەن:** ئەو ئاسکەی کە بەسەر نێچیردا سەردەکەوێت و دەیکێشیّ بە زەویدا.

مەبەست دلبەری بە هێز و توانای زالّ بووە بەسەر دلّداردا.

سەید ئەفگەن: صەید ئەفگەن، نێچیر تێکشکێن، ئەو ڕاوکەرەی کە نێچیر دەخات و دەستگیری دەکات.

کیّ دەلّیّ ئاهوویی سەید ئەفگەن نییە

وا شکاری دلّ دەکا دولبەر بـــە چاو

(سالم –ل ١٠٨)

**ئاهووی شیرین خەرام:** ئاسکی لەنجەولار جوان، مەبەست یاری ڕەوت جوان، دلبەری بە لەنجەو لارە.

خەرام = خورام = خیرام: واتە ڕۆیشتنی بە لەنجەولار، کردەوەی بە ناز و جوان.

خورام =خیرام ڕەگی چاوگی خیرامیدەن، یان خورامیدەن (= خرامیدن) ی ف. یە. واتە ڕۆیشتنی جوان و بەناز.

گرفتاری کەمەندی مەهوەشێکم تیفل و بیّ ڕەحمە

خەریك و وێلّ و وەحشی ئاهووی شیرین خەرامێکم

(کوردی –ل ٣٢)

**ئاهی دوود ڕەنگ:** ئاهی دووکەلّ ڕەنگ مەبەست ئاه و هەناسەی دەردناکە.

دوود: دووکەڵ.

گریان هەموو ڕەشاوە لە بەر ئاهی دوود ڕەنگ

موژگان بووە بە خامەو و دیدە بە مەحـــبەرە

(نالی -ل ٤٤٦)

**ئاهیستە:** یەواش، هیواش، ئارام، لەسەرخۆ.

عەجەب ئاهیستە خەرامی بەتەرەف ئێمەوە با

بارە بۆ پنجەیی پێی نازکی تۆ ڕەنگی حەنا

(سالم – ل ٢٨)

**ئایان:** گەیاند، هێنای، حاڵەتی هێنان.

مەشغووڵی مەشقە وا شەوی ئایان لەزوڵفی تۆ

(عقـــل طویـــــــل را نبـــود هیچ اعتبـــار)

(سالم – ل٦٠)

**ئایەتی جان:** مەبەست ئەوپەڕی شۆخ و شەنگییە، نموونەی ئەوپەڕی جوانی.

تەلعەتی ئایەتی جان مەزهەری ئیعجازی بەیان

لـــەبی دورج و دەهەنی سـیرِ و کەلامی عەلەنە

(نالی -ل ٥٢٥)

**ئایەی حیجاب:** مەبەست ئایەی: ٤٦، سوورەی (٧) الاعراف: وبینهما حجاب....

واتە: وە لە نێوانیاندا پەردەیە.

ڕووی هەر لە من دەپۆشێ وا حاڵییە کە جوبریل

هـــەر خاسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا

(سالم – ل ٣٥)

**ئاینە** =ئایینە:ئاوێنە.

هەرکەسێ نوقسانیی ڕووی باوێتە سەر ئاینە

شاهیدی هەرچەندە (رأ العین)ە کێ باوەڕ دەکا

(نالی -ل١١٠)

یاخووا تووشم نەبێ...تا حـــــاڵی مەرگ
ئاینە کەسبی جەلا حەیفە لە خاکیستەریکا
(سالم –ل٤٢)

**ئایینە:** ——◄ ئاینە.

ئایینە بــــە مایینە دەبێ ڕەنـــگ نومــابێ
مەستوورە بەمەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ
(نالی –ل ٦٠٦)

یەك زەڕە عەکسی پرتەو دەرکەوت و تووری سووتاند
ئایینە ســـەخت ڕوو بوو لــــەو عەکسە تابی هێنا
(سالم –ل ٣٥)

تــــابی کوا ئایینە ڕووی تـۆ بێتە نـــاو
گەر لەسەنگ بێ نەقشی تۆ دەیکا بەئاو
(سالم –ل ١٠٨)

**ئایینەخانەیی شەهـ:** مەبەست کۆشك و تەلاری ئاوێنەبەندی پاشایە. کۆشك و تەلاری پاشا کە جوان کرابێ و ڕازابێتەوە بەئاوێنەکاری.

ئایینە: ——◄ ئاینە.

خانە: ماڵ، مەبەست کۆشکە.

شەهـ: کورت کراوەی شاهـ واتە پاشا.

ئـــــەبەد جێگەی من مەنزلی جـــانانە نییە
ئایینە خانەیی شـەهـ مەسکەنی دێوانە نییە
(سالم – ل١٣٦)

**ئایینەی حوسن:** ئاوێنەی جوانی، مەبەست جوانییەکی پاك و بێگەردی وەك ئاوێنەیە.

کوڕ ئایینەیی حوسنی تا وەك کچە مەنزوورە
گرتی کە غوباری موو چینی کوڕو مینا کــچ
(نالی –ل ١٦٠)

یا رب آیینهء حسن تو چه جوهر دارد
کـــه درو آه مـــرا قوت تـأثیر نبـــود
(حافظ –١٤٢، قزوینی)

واتە: ئەی خوایە جوانیی پاك و بێگەردی وەك ئاوێنەی تۆ، چ گەوهەرێکی هەیە، کە ئاهی من نەیتوانی کاری تێبکات.

**ئایینەی دڵ:** ئاوێنەی دڵ، دڵی پاك و بێگەردی وەك ئاوێنە.

دەزانی ئـــایینەی دڵ کەی لـــە میعراجی جەلادا بوو
لە عەکسی ڕوویی تۆ وەختێ لە ئاغووشی لیقادا بوو
(سالم –ل ١١١)

**ئایینەی ڕوو:** مەبەست ڕووی جوان و بێگەردی یارە.

مەقامی حیرەتە لێوت لـــــــە ناو ئایینەیی ڕووتا
لە جێگەی ڕۆشنا سەر چەشمەیی ئاوی بەقا نابێ
(سالم –ل ١٣٩)

**ئایینەی سکەندەر:** ئایینەی ئەسکەندەر (آیینه اسکندر) لە هۆنراوە و پەخشانی فارسیدا: (ئایینەی سکەندەر، ئایینەی ئەسکەندەر، ئایینەی ئەسکەندەری)و لەهەر یەکێ لە مانەدا (ئاینە) لە جیاتی (ئایینە) زۆر بەکار هاتووە، لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام ئێمە لێکدانەوەکانی لێکۆڵەران لێرەدا پێشان دەدەین: بەندەری ئەسکەندەرییە لە نیمچە دوورگەیەك دروست بووە، بەشی زۆری جزیرەی فارس دەگرێتەوە، لە سەرووی رۆژهەڵاتی فارس (منارەی دەریا)ی گەورە pharos هەیەو، ئەمە بە هۆی (بتلیمۆس)ەوە، دروست کراوە، ئەم بینایە بەناوبانگەو، بوو بە سەرمەشقی هەموو منارە دەریاییەکانی ئەوروپا و بە شێوەیەکی گشتی ئەمەیان بە یەکێ لە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی کۆن دادەنا، منارەی ناوبراو سەدەها ساڵ دوای داگیرکردنی عەرەب، هەروەکو خۆی پایەدار بوو، نووسەرە عەرەبەکان ئەمەیان ناو نا (منارە) یان (منار)، دەڵێن فارس لە سەردەمی ئیسلامیدا بە هۆی بوومەلەرزەوە وێران بوو، و چەند جار بیناکە نوێ کرایەوە، لە

سالی ٨٨٢ ی کۆچیدا قەلای ئەمڕۆی فارس، لەسەر پاشماوەی منارەکە بە فەرمانی قائت بیك دروست کرا. ئایینەی ئەسکەندەری لە ڕاستیدا (ئایینەی ئەسکەندەریە) یە، واتە ئاوێنەیەك کە دایان نابوو لەسەر بەرزایی منارەی شاری ئەسکەندەریە و دوای ئەوە بە هۆی دروست کردنی شاری ئەسکەندەریە و منارەکەی و هەروەها ئاوێنەکەی، بە ناوی ئەسکەندەری مەقدونییەوە ناونرا.

(معین)

تۆزی ئایینەی سکـــەندەر وا بەدەم باوە وەلێ
گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم

(نالی –ل ٣٠٩)

**ئەبەر:** بەر، لە.

نالی ئەو وەحشیی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت
چـــونکە شـــاهێنی دووچاوی تیژ دایم ســـەر دەکات

(نالی – ل ١١١)

گۆشە گیرم لە برۆت و موتەوەحیش لە موژەت
ڕوحـــی شیرینم ئـــەبەر شیرو قولابی نادەم

(نالی – ل ٣٠٧)

ابـــرکین آن شاهزادە ســـوار
بکشت از سواران دشمن هزار

(فردوسی –معین)

واتە: لە رقی ئەو شازادە سوارە، لە سوارەکانی دوژمن هەزاری کوشت.

**ئەبروو:** ←—— ئەبرۆ.

باری غەمی جان ئەبرووەتی تیر و کەمان کرد
یـــەعنی قـــــەدەکەی ئەلفی منە ئیستەکە دالم

(نالی –ل ٢٨٧)

**ئەبرۆ:** ئەبروو، برۆ.

بـنـازم دلبـەری خـــۆم چـــەندە پـــڕ وەسـف و چ بێ عـــەیـبە

بـەچـاو مەسـت و بە دڵ هۆشیار بـە ئەبـــرۆ جووت و هەم تاقـە

(نالی –ل ٤٥٦)

**ئەبرۆی تاق:** برۆ کەوانی

ئەبرۆ: ⟵

تاق: ⟵

شێوەی ئەبرۆیی تاقت هــەمە جا دێتە نەزار

دمگەڕێ دڵ بە تەرەف تۆوە وەکو قیبلە نامە

(سالم –ل ٣٤)

**ئەبرۆی خەم:** مەبەست برۆی کەوانییە.

ئەبرو: ⟵

خەم: چەماوە، پێچ، کووڕ.

تیغی ئەبرۆیی خەمت سوورەتی سەیفی عەلییە

بـاعیسی زەمزەمەو شۆری جیهانە بـە عـومەر

(سالم –ل ٧٠)

**ئەبلەفام:** گێل و وێل، گێژ و وێژ.

ئەبلە: ابلە. ع. گێل، نەزان.

فام: ⟵ تیفل فام.

شـــەهی ئیقلیمی عیشقم پیری ڕەنـــدانی خەراباتم

ئەگەر چی زاهیرەن تیفل و نەزان و ئەبـــــلە فامێکم

(کوردی –ل ٣٢)

**ئەبوو لەهەب:** یـەکێکە لـە مـامـەکـانی پێغـەمبـەر (د.خ) کە لـەگەڵ پێغـەمبـەرو ئیسلامدا سەرپێچی دەکرد، لەبەرئەوە لەقورئانی پیرۆزدا بەڵێنی ئاگری دۆزەخی پێدراوە، بەو شێوەیەی کە لە سوورەی المسد١١١، ئایەی ٣،٢،١ دا هاتووە: تبَت يدا أبی لهَب

وتَب، ما أغنى عنه ماله وما كسَب، سيصلى ناراً ذات لهبَ.

واتـه: هـەردوو دەستـی ئـەبـو لـەهـەب بشکـێ، ئـەو مـاڵ و سامـانـەی کـە کۆی کردۆتەوە بە کەڵکی نایەت، بەزوویی دەکەوێتە ئاگرێکی گڕ گرتووەوە.

لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆزا (سورآبادی) دا، دەڵێ: کاتێ کە پێغەمبەر (د. خ) لە کێوی (بوقبیس)، (آل هاشم) و (آل عبدمناف) ی بانگ کرد، تا ئایینی ئیسلامیان پێڕا بگەیەنێت، ئەبوو لەهەب وتی: (الهذا دعوتنا یا محمد تباً لك.) خوای گەورە لە وەڵامدا ئەو سورەتەی نارد. ئەبوو لەهەب واتە باوکی گڕی ئاگر، دەڵێن لەبەرئەوەی کە دەموچاوی سووریوو بەم جۆرە ناویان دەبرد، بەڵام موسوڵمانان، ئەم ناوەیان بە واتا خراپەکەی بەکارهێناوە. دوای شکانی قورەیش ئەبوولەهەب لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا مرد. (تلمیحات – ص ١٦٦ – ص ١٦٧ )

داری ئیراك و داری هیند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان
هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوو لەهەب دەکات

(نالی – ل ٩٨)

در این چمن گل بی خار کس نچید آری
چـراغ مصطفوی بـــاشرار بولهبی است

(حافظ –قزوینی، ل ٤٥)

واتە: لە گوڵزاری جیهاندا کەس گوڵی بێ دڕکی نەچنی، بەڵێ لەم جیهانەدا ڕووناکی چرای حەزرەتی مستەفاو گڕو قینی ئەبوو لەهەبیشی تێدایە.

**ئەتڵەسی نۆ چەرخ**: مەبەست ئاسمانە.

تەڵەس= ئەطلەس = اطلس: مەبەست ڕووی ئاسمانی کەوانی یان ناو چاڵە (مقعر)، ئەم وشەیە یۆنانییە:

(Atlas) و (اطلس)کراو بە عەرەبییەکەیەتی، گەلێ واتای هەیە وەك: ئاوریشم، پارچەی ئاوریشمی گوڵدار و نەخش کراو، پارچەی سادە و نەرم و ساف، یەکەم بڕبڕەی ئێسقانی مل، کتێبی وێنە کراوی جوغرافیا، هەر کتێبێ کە نەخشەی جۆراو جۆری تێدا بێت، ڕووی ئاسمانی کەوانی و ناوچاڵ، دەریای زۆر گەورە (ئوقیانووسی ئەتلەس.) (معین)

**نۆچەرخ:** مەبەست ئاسمانە.

پێشینان بە ئاسمانیان وتووە نۆچەرخ یان حەوت چەرخ.

دنیای چلۆن دەوێ کە بە قەد هیممەتی نەکرد
ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆچەرخی ئەستەرە
(نالی –ل ٤٢٥)

**ئەجبال:** ع. کۆی (جبل)ە، واتە کێو، چیا، شاخ. هەروەها (جبال) و (أجبُل)یش کۆی (جبل)ە.

چەن واسیعە ئەم زیهنە ئەفلاکی تیا رەهنە
ئەجبالی لە لاعیهنــە ئەدواری لەکن پەشمە
(نالی –ل ٤٧٦)

**ئەحوەل:** خێل، ئەو کەسەی کە شتێك بە دوو شت دەبینێ.

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عــاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا
(نالی –ل ٩٧)

**ئەخگەر:** پشکۆ

بە غەیری بۆسەیی چاوت ئەگەر قەسدی ویسالت کەم
بە شوعلەی قەهری تۆ یارەب سەراپا قەتلی ئەخگەر بم
(کوردی –ل ٢٢)

هەناسەی سەردی پڕ سۆزم بە یادت گەر لە دەم ببڕێ
لە سۆزی فیرقەتا یارەب سەراپا میسلی ئەخگەر بــم
(سالم –ل ٨٠)

خــوێنی زەرفی بــەدەنم وشکە لە تــاو ئاگری غەم
دڵی من میجمەری ئەو دووریی ئەو ئەخگەری من
(سالم –ل ٩٤)

**ئەر:** کورت کراوەی ئەگەرە.

لـــە گەڵ دڵ شەرتە ســـالم گەر نەجاتم بوو لە تارانا
بەهەشت ئــەر بێتە دەشتی ڕەی بە تارانا گوزەر ناکەم

(سالم -ل ١٦)

سالم ئەرتووتییە بێ قەندی لەبت
مات و مەبهووتە وەکو بووتیمار

(سالم -ل ٥٨)

مـوتریب ئەر وابن فیدایان بێ نەگیساو بار بەد
ساقی ئەروابێ بە قوربانی دوو دیدەی بێ ئەیاز

(کوردی -ل ١٨)

**ئەراک:** arāk درەختێکی بچووکە لە تیرەی ئەراکییەکان، گەڵاکانی بەرامبەر بە یەکن و کەمێ ئەستوورن، گوڵەکانی سپی و بچووك و بە کۆمەڵن، کە لە سەری چڵەکانێتی، میوەکەی ناوکدارو زەردە، ئەگەر نەگەییو بێت ڕەنگی سەوزە، تایبەتمەندێتی دەرمانی هەیە، گەڵاکانی دەکرێ بە خۆراکی وشتر، ڕەگەکانی ئەستوورن، لە کۆندا سیواکیان لێ دروست دەکرد. سیواك، درەختی میسواك، چوج.

(معین)

وەکو باس کرا مەبەست سیواکە، لە ڕەگی درەختی ناوبراو دروست دەکرێ، نزیکەی بستێکەو سەرەکەی کوتراوەو وەکو فلچە وایە و ددانی پێ دەشۆن.

تێبینی: لە زوربەی فەرهەنگە فارسی و عەرەبییەکاندا، ئەراك (= اراك)ە، بەڵام لە نالی مەلا عەبدلکەریم دا (ئیراك) ە و من (ئەراك) م بە گونجاوتر دانا.

داری ئەراك و داوی هیند هەردوو کە عوودە ئیسمیان
هــەمدەمی سوننەتە ئەوەم مــەیلی ئەبوو لەهەب دەکا

(نالی -ل ٩٨)

**ئەربابی سەمع:** مەبەست ئەوکەسانەن کە حەز لە گوێگرتنی ئاواز و مۆسیقا دەکەن.

تەن لە نالینا چ گوستاخانە بۆ ئەربابی سەمع

باسی ئەیيامی گوزەشتەی کەیقوباد و کەی دەکا

(سالم –ل ۲۹)

**ئەربەس:** ئەگەر چی زۆر.

ئەر: ⟶

بەس: ⟶

نــــابلەی دەردا کـــەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد

سالمی سەرگەشتە ئەربەس رێی موسیبەت تەی دەکـا

(سالم –ل ۳۰)

**ئەرچی:** کورتکراوەی ئەگەرچی.

عــەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر

بـەرووی تـۆم دیدە هەڵنـایێ شـەو و رۆژ ئـەرچی بێدارم

(نالی –ل ۲۷۲)

**ئەرقەم:** ارقم.ع. ماری رەش و سپی، ماری رەش کە لە سەر پشتی خاڵی سپی هەبێت، خراپترین مارە کە زەهرەکەی کوشندەیە.

تـــاڵی بێ یـــار و دیــــــــار و تار و مار

عەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم

(نالی –ل ۱٤۸)

بـۆ پاســـی روو لە تورەیـــــی تــۆ ماری ئەرقەمـی

چین چین حەساری بەستووە هەر سوو بە مەحکەمی

(سالم –ل ۱٤۸)

**ئەزەل:** هەمیشە و هەمیشەیی، بۆ رابوردوو بێ سەرەتا، ئەزەل دێرینەییە و ئەزەلییەت تایبەتە بە خودا، ئەزەل ناوێکە لە ناوەکانی خودا و ئەزەلییەت سیفەتێکە لە سیفەتەکانی ئەو، ئەوەی کە سەرەتای نییە ئەزەلی پێ دەڵێن، هەروەها ئەبەدی ئەوەیە کە کۆتایی نییە. (اصطلاحات)

بەندە ئەزەل بەختەتی خـۆی قابیلی قیسمەتی بووە
ئیستەیە ئیقتیزای عەمەل جێگەیی خۆی تەلەب دەکا
(نالی –ل ٩٨)

**ئەزبەس:** لەبەر زۆری، ئەوەندە زۆرە، هەندە زۆر.
ئەز: از. ف. لە.
بەس: بس. ف. زۆر، گەلێ.

شام و سەحەر وەکو خاك پامالّی پایی خەڵکم
ئەز بەس بەیادی لوتفت کـەوتم لە ڕێگوزاران
(سالم –ل ٩٣)

**ئەزبەسکی:** ازبس کە: ف.
لە زۆریدا کە، لە بەر زۆری کە، ئەوەندە زۆر کە.
ئەز + بەس + کی
ئەز: لە.
بەس: زۆر، گەلێ.
کی: کە.

وەك دۆزەخییان کوردی ئەزبەسکی فیراقی دڵ
یەکسـانە لـە لای ئیسـتا نیزیکی و هیجرانت
(کوردی –ل ١٤)

یەك بێشە لە سەحرایی دەروون سەوزە لە سینەم
ئـەز بەسکـی ڕواتیری نیگاهـت لـە دڵی ڕیش
(سالم –ل ٧٥)

بەیـادی بۆسـەیی لەعلی لەبت ئـەزبـەسکی لـەب خـوشکـم
ئەبەد تیشنەم ئەگەر فەرزەن لە گۆشەی حەوزی کەوسەریم
(سالم –ل ٨٠)

از بس که چشم مســت درین شهر دیده ام

حقاً که می نمی خورم اکنون و سرخوشم

(حافظ -خانلری، ص ٦٧٤)

واتە: ئەوەندە زۆر چاوی مەستم لەم شارەدا دیوە، بەڕاستی ئێستا مِن شەراب ناخۆم و لە ژێر کارتێکردنی ئەو چاوە مەستانەدا سەرخۆشم.

بۆیە ئەز بەسکی نیزارم لە فیراقی مەهی ڕووت

وەکو ئەبرۆیی هیلالت قەدم! ئەنگوشت نەمـــا

(سالم -ل ٢٨)

**ئەژدەر:** ئەژدەرها، ئەژدەها. لە ئەفسانە کۆنەکاندا، ناوی مارێکی گەورە بووە کە لە دەمی ئاگر هاتۆتە دەرەوە. (معین)

هەروەها زاراوەیەکی نوێی ئەم سەردەمەیە بەواتای ئەو ئامێرە ئۆتۆماتیکییەی کە چەکێکی ژێر دەریاییەو بۆشکاندن و نوقم کردنی کەشتی دوژمن بەکاردێت.

لایەك زەبانییە لە ســەروکاری نـارە نـار

(هل من مزید)زوبانیە وەك ماری ئەژدەر

(نالی - ل ٤٤١)

مـــەڵێ ڕێگەی کەشندە یاکوشندە ئەژدەرە یاخۆ

کـەمەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە

(نالی - ل ٤٩١)

لـە جێی پـــاوانەوو گـەردەنلغی داناوە زولفەینی

کە وەك ئەژدەر لە پێ وو گەردنی ئالاوە زولفەینی

(نالی -ل ٦٧٦)

ئەگەر مەیلت لە دڵ دەرکەم غەریبی کۆیی دڵبەربم

ئەگەر ساتێ لە یادم چی هیلاکی ژەهری ئەژدەربم

(کوردی -ل ٢٢)

**ئەژدەهای پرنیش:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی دریژ و کاریگەرە.

نیش: ⟵

لــە نوور و لامیعی تەشتێکی ڕاگــرت و وتی ڕوومــە
بە دوو شا ئەژدەهـای پرنێشی ڕاگرت و گوتی موومە

(سالم –ل ۱۲۳)

**ئەژدەهای زولف:** مەبەست زوڵفی پڕ و درێژی یارە.

ئەژدەهـای زوڵفی لە دەوری گەنجی حوسنی حاریسە
حــەڵقە حەڵقە چین بە چین سەرتا بەخواری گرتووە

(نالی –ل ٥٣٩)

**ئەسەر:** سەر، لە سەر، بۆ سەر.

لێوی من موشتاقە قوربان بۆ ئەسەر لێونانی تۆ
گیان لە سەر لێوم بە موژدەی وەسڵت ئینتیزارییە

(کوردی –ل ٥١)

ترنگەی تەپڵی باز ئاتلانی چاوەش دەنگی جارچی دێ
بــە تیپی غەم دەڵێن نامــەرد ئەســەر دڵ ئەمرۆ یەڵغـارە

(کوردی –ل ٤٦)

هـجوومی قول موژەی سەر دڵ نیگاهـی سەنگی دەورانی
دەڵێن هـێرش ئـەســەر گاور دەبـا تابووری مەنسوورە

(کوردی –ل ٤٧)

تــەعەشوق بۆ کەمــاڵی عـــاشقی زار
بە میسلی حەملەیی گورگە ئەسەر مێش

(سالم –ل ٧٥)

**ئەسپی لا جلەو:** مەبەست ئەسپی سەرکێش و بەرەڵایە.

تیفلی دڵ هەرزە گەرد و لا پەشعور

ئاسمان ئەسپی لا جـــــڵەو دێنێ

(سالم –ل ١٥١)

**ئەسپی هەوەس:** مەبەست خواست و ئارەزووە.

خەتی دا وەختێ لە وادی سیـــــــنەما ئـاهووی خەیاڵ

دەردەچێ ئــەسپی هـەوەس هـەرجا لە دەس عەقڵم جڵەو

(سالم –ل ١١٧)

**ئەستەر:** ئاستەر [پەهلەقی.āstar] بەری دیوی ناوەوەی جلوبەرگ، ئەو پارچەیەی کە دەدوورێت بە دیوی ناوەوەی جلوبەرگەوە. ئەو ڕەنگەی کە یەکەم جار لە دەرگا و دیوار و ڕووی پارچە دەدرێت. (معین)

دنیای چلۆن دەوێ کە بە قــەد هیممەتی نەکرد

ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆ چەرخی ئەستەرە

(نالی –ل ٤٢٥)

**ئەستوونەی زێڕین:** پەلکەزێڕینە، پرچی ئایشی و فاتمە.

حوققەی فەلەکولئەتلەس و ئەستوونەیی زێڕین

بێ بیکە بـــــە تارای سەر و ترکەی خەز و واڵا

(نالی –ل ١١٧)

**ئەستوونی حەننان:** کۆڵەکەیەك بووە لە مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە.

ئەستوون: ستوون، کۆڵەکە.

حەننان: حنان. ع. واتە زۆر دڵ نەرم و میهرەبان، ئەو کەسەی کە لێبووردنی هەبێت و خەڵك ببەخشێ.

کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختی

دەناڵێنن لــە شەوقی تەیبە وەك ئەستوونی حەننانە

(نالی –ل ٥٠٠)

**ئەسراری هودا:** ڕازی پەیبردن بە ڕاستی و ڕێگە دۆزینەوە بۆ لای خودا.

وا چاكە خەياڵ و خەت ئەسراری هودا بیٚ

نەك بەحسی سورروور و عەلەم و بادی هەوابیٚ

(نالی –ل ٦٣٠)

**ئەسرین:** فرمێسك.

ڕەفیقی كونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لە ناڵینم

گورێزانن لەبەر لێشاوی بەحری مەوجی ئەسرینم

(كوردی –ل ٢٦)

**ئەسكەنجەبین:** سكەنجەبین = سكەنگەبین = سركەنگەبین =سركەئەنگەبین...

شەربەتێكە، كە لە سركەو شەكر دروست دەكرێت، (١٧٥) بەشی قەند یان شەكرە و (١٠٠) بەشی سركەیەو دەكوڵێنرێت تا بە باشی دەتوێتەوەو ئینجا دەپاڵێورێت. (عمید)

لە بۆسەی مەشهەدم گەر ڕوو ترش كەی

بەلەزرەت هـــەر وەكو ئەسكـــەنجەبینی

(سالم –ل ١٥١)

**ئەسكەندەر:** مەقدوونی كوڕی فلیب (فیلفووس) ی مەقدوونی لە ساڵی (٣٣٦ پ. ز.) هاتە سەر تەختی پاشایی، لە ساڵی (٣٢٣ پ. ز.) مرد، ئەسكەندەر لە تەمەنی (٢٠) بیست ساڵیدا لە پاش مردنی باوكی بوو بە پاشا، زیرەك و شارەزای زانستەكانی سەردەمی خۆی بوو، ورەی بەرز و بەتوانا بوو، لە بەهاری ساڵی ٣٣٤ پ.ز. دا، بە لەشكرێكی (٤٠) چل هەزار سەربازەوە بە مەبەستی داگیركردنی ئێران كەوتە ڕێ، لە هلسپوونت (داردانیل)ەوە تێپەڕی بەرەو ئاسیای بچووك، لە كەناری خلیجی ئەسكەندەروون لەگەڵ سوپای ئێراندا كەوتە جەنگەوەو سەركەوت، لە پاش ئەمە داریووشی سێیەم داوای ئاشتی كرد، بەڵام ئەسكەندەر بەمە ڕازی نەبوو، دوای ئەوە سووریا و میسری داگیر كرد، لە پاش ئەوە گەڕایەوە لە ناوچەی گەوگامیل (Gaug amel) ی نزیك ئەربیل جەنگێكی سەختی لەگەڵ لە شكری داریووش كرد و دووبارە سەركەوت. دوای ئەوە هەموو ئێرانی داگیر كرد و خۆی ناو نا شاهەنشای ئێران و كچی داریووشی مارە كرد، ئینجا بەرەو هیند ڕۆیشت تا

(پەنجاب)، لە ساڵی ٣٢٤ پ. ز گەڕایەوە بۆ ئێران و دوای ئەوە نەخۆش کەوت و لە تەمەنی (٣٢) سی و دوو ساڵیدا لە کۆشکی (نەبووکەد نەسەر) لە بابل مرد، و تەرمەکەیان برد بۆ ئەسکەندەرییە.

ئەسکەندەر بووە هۆی بڵاوکردنەوەی شارستانییەت و زمانی یۆنانی لە ڕۆژهەڵاتدا، و پتر لە (٦٠) شەست شاری لە ناوچە جیاجیاکاندا بە ناوی ئەسکەندەرییە دروست کرد. (معین)

بە سەرا وێزەیی چاوێنەیی کەللەی سەریان
لە کەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
(نالی –ل ٢٣٥)

شاهی جەم جا نالیا (تاریخ جم) تەئریخییە
دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو
(نالی –ل ٣٧٤)

بەناوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بە جامی دیدە جەمشیدی
بە تەختی سینە پەروێزی بە ماری زولف زەححاکی
(کوردی –ل ٥٧)

**ئەسل:** أثل.ع. درەختێکە وەکو درەختی گەز، لەویش گەورەترە، دارەکەی زۆر سەختە. (عمید)

قەتاد و عەرفەج و خیتمی و عزات و عەوسەج و ئەسلی
چ دامەن گیر و شین و دڵ نشینی ڕێی غەریبانە
(نالی –ل٤٩٤)

**ئەشك:** فرمێسك.

ڕەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سووریو سوێرییە دەڕێژم
(نالی –ل ٢٧٨)

لە ئاب و تاب و ئەشك و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریانی
لە باتیی پوختەگی سووتام و ئیستەش پێم دەڵێ خامە
(نالی -ل ٤٧٣)

لە تاو ئەشك لە ڕووت ئەی چاوشەهێنم
دڵ ئاهوو وار و چاو بێ نووره ئەمشەو
(کوردی -ل ٤٢)

**ئەشك ئالوودە:** چاو بە فرمێسك، ئەو کەسەی کە فرمێسك دەڕێژێ.

ئەشك: ←

ئالوودە: ←

دەزانی تۆ لە شیشەی دیدەما بی ئەشك ئالوو دەم
شەرابی حوب لە جاما ڕەونەقی خوێنی جگەر نادا
(سالم -ل ١٧)

**ئەشکە بووس:** یەکێکە لە پاڵەوانەکانی شاهنامە، لە جەنگی (هەماوەن) دا، کە دەتوانرێ پێی بوترێ جەنگی جیهانی بە فەرمانی ئەفراسیاب و بە پشتیوانی سوپای توران، کە گەورە سپاسالاری ئەو لەشکرە بە هێزو گرانە بووە و پەیوەند بووە بە وانەوە و لە یەکەمین جەنگدا بە دەستی جیهان پاڵەوان ڕۆستەم کوژراوە.

(فرهنگ شاهنامە)

تیری نیگـــاهی عیشوەیی نازم بـــە جەرگ و دڵ
خوێنینە وەك خەدەنگی تەهەمتەن بۆ ئەشکە بووس
(سالم -ل ٧٣)

**ئەشکبار:** بارێنەری فرمێسك، ئەوەی کە فرمێسك دەڕێژێ.

ئەشك + بار

ئەشك: ←

بار: ڕەگی چاوگی (بارین) ی کوردی و باریدەن (= باریدن) ی ف. یە واتە بارین.

کاتێ کە دەچێتە سەر ناو دەیکات بە ناوی بکەر.

حافز دەڵێ:

مى گريم و مرادم ازين سيل اشكبار

تخم مـحبتست كە در دل بكارمـت

(حافظ -قزوینی، ل ٦٤)

واتـە: دەگـریـم و مـەبـەستـم لـەم لافـاوی فـرمێسك بـاریـنـە ئـەوەیـە کـە تـۆوی خۆشەویستیت لە دڵمدا بچێنم.

عـــەزیزم وا لـــە دووریت دلفیگـــارم

کە خوێن دەرژێ لە دیدەی ئەشکبارم

(کوردی -ل ٢٤)

بەکوێری دوور لە نووری مایـــەوە نالی لە مێ یارەب

فویوزی تۆزی ڕێگەی کـوحلی چـاوی ئەشکباری بێ

(نالی -ل ٦٣٧)

**ئەشك ریزان:** فرمێسك ڕێژان، مەبەست ئەوانەن کە فرمێسك دەڕێژن.

ئەشك: ⟶

ڕێز + ان

ڕێز = ریز. رەگی چاوگی ریختەن (= ریختن) ی ف. یە. واتە ڕژان.

ان: پاشگرە کاتێ کە دەچێتە سەر رەگی چاوگ چۆنیەتی دەگەیەنێت.

سەفی مەقرووزی بێ تەوسەن لە سەهمی سەن سەنی ئەتراك

وەکو عاشق لـــە هیجرانا یـەکـــا یـەك ئـــەشـك ڕێــزانـــن

(سالم -ل ١٠٥)

**ئەشکی ئاتەشناك:** فرمێسکی ئاگرین، فرمێسکی ئاگراوی، مەبەست فرمێسکی گەرمە، فرمێسك ڕژانی بە کوڵ.

ئەشك + ئاتەش + ناك

ئەشك: ⟵

ئاتەش: ⟵

ناك: پاشگرە بە مەبەستی خاوەن، توندوتیژی و زۆری بە كاردێت، وەك: ترسناك، دەردناك، غەمناك.

تیری ئـــاهی سویحگاهم ڕەنگە كون كون كا فەلەك
ئەشكی ئاتەشناكی من تەحقیق ئەگاتە سەر سەمەك
(سالم –ل ٧٧)

**ئەشكی ئاڵ:** مەبەست فرمێسكی خوێناوییە.

مەپۆشە پەنجەیی نـــازك نیگـــارت بـــا نەمایان بـــێ
لە ئەشكی ئاڵی گریەی چاوی من ڕەنگی حەنا زاهیر
(سالم –ل ٦٩)

**ئەشكی ڕەوان:** فرمێسكی ڕژاو، فرمێسكێ كە بەچاودا بێتە خوارەوە.

ئەشك: ⟵ ئەشكبار

ڕەوان = ڕەو + ان

ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن) ی ف. یە واتە ڕۆیشتن.

ان: پاشگرەكە دەچێتە سەر ڕەگ دەیكات بە ئاوەڵكاری چۆنییەتی.

بێ سەروی ڕەوانم كە لە بەر ئەشكی ڕەوانم
خەرقە بووەتە غەرقە كەوا سەوزە لە بەرما
(نالی –ل ١١٩)

دیوانەكە زانیی كە دەبێ عوقدە گوشا بـێ
هەستاو و گوتی ئەشكی ڕەوان بە فیدا بێ
(نالی –ل ٦٢٠)

**ئەشكی گوڵگوون:** مەبەست فرمێسكی خوێناوییە.

ئەشك: ⟵

گوڵگوون: گوڵڕەنگ

گوون: ڕەنگ

ئەشکی گوڵگوون رەونەقی هێنا مویارەك کووهکەن

ســواری شیرینت لە خانەی زینی گوڵگوون هاتەوە

(سالم -ل ۱۳۲)

**ئەغیاری جەفاکار:** بێگانە ستەمکارەکان، بێگانە دڵ ڕەقەکان.

عاشق لە دڵ و دیدەیی ئەغیــاری جەفاکار

ڕیسوا و ئەلەم دیدە و بەد نامە هەموو دەم

(سالم -ل ۸٦)

**ئەفخەر:** پڕ لە شانازی. ع. افخر.

دا کووچە کووچە خـۆڵی بەسەردا بکــا بە چنگ

لەو خــاکە ئەفخـــەرە کە هەموو تاج و ئەفسەرە

(نالی -ل ٤٢١)

**ئەفزوون:** زۆر، گەلێ، فرە.

تا دەڵێم مروەتکە ڕەحمێ جەوری تۆ ئەفزوون دەبێ

دادو بێدادم لـــە گوێتا هەروەهـــا نەشنیدەمـــــــا

(سالم -ل ۳۲)

ئیحترامی ئەهلی دڵ ئەفزوون ئەکا ئەندووهی عیشق

قـــەلبی بێ قیمەت لە بـۆتەی میحنەتی ئیکسیری دی

(سالم -ل ۱٤٤)

**ئەفسەر:** تاج، مەبەست پلەو پایە، کەسێ کە لەسوپادا خاوەنی پلەو پایە بێت.

شاهی ئیقلیمی وەفا نازانی ئەی کـــوردی منم

فەقر و فاقە تاج و تۆمارمە و گەدایی ئەفسەرم

(...دی -ل ۲۵)

بەسەر سەرتا بپێکـی چەتری تـاووسی ئەگەر تورەت
دەکـا بیروون لە فەرقی پادشەهـ زینەت لە ئەفسەردا
(سالم –ل ٢١)

**ئەفسەر:** تاج، تاجی پاشایی.
پەهلەڤی. apisar. afasar (معین)
لە ئەڤیستادا: aiwa sara. وشەکە دووبەشە:
Aiwa: پێشگرە، بەواتای: بە، لەسەر.
Sara: پێشگرە، بەواتای: سەر.
واتە: ئەوەی کە لە سەر سەر دادەنرێت.
پەراوێزی (برهان قاطع –بکوشش دکتر معین)

دا کووچە کووچە خۆڵی بە سەردا بکا بە چنگ
لەو خاکە ئەفخەرە کە هەموو تـاج و ئەفسەرە
(نالی –ل ٤٢١)

**ئەفسوردە:** دڵتەنگ، دڵگران، پەست، غەمگین، زویر.
لە وەرەعا زاهیدی ئەفسوردە نەیدی لـەززەتی مەستی
بە عـەفوا چـوو سەراسەر ڕۆژگاری چونکی بێدڵ بـوو
(سالم –ل ١١٢)

سابیقی پرسی کە دڵ ئەفسوردە و سەودا سەرم
یا لە سەرمایەی هەوا و میهر و شووری دلبەران
(کوردی –ل ٣٤)

**ئەفسوون:** فێڵ، فڕوفێڵ، فریو، ئەو شتانەی کە جادووگەر لەکاتی ئەفسووندا دەیخوێنن.
ســـەراسەر عەشقی تۆ بۆ من تەلیسمە
بە ئەفسوونی نیگاهی چاوی جادووت
(سالم –ل ٤٩)

ڕامی خۆی کردووم وەکو وەحشی بە سەبزەی خەت و خـاڵ
دەست و پای بەستم بە عیشوەی کەید و ئەفسوون عاقیبەت
(سالم –ل ٥٣)

بە ئەفسوونت جەلای دا دانەیی خاڵ
بە دامی تورەیی تۆ بوو مورغ دلبەند
(سالم –ل ٥٦)

**ئەفشان:** پەخشان، بڵاو.

زوڵف و کاکۆڵ و غوڵامانەی هەموو ئەفشان بکا
بێ بەزانوودا بدا جـــامێ بە عیشوە و شەرم و ناز
(کوردی –ل ١٧)

پادشابم تاکو چینی زوڵف ئەفشان کا شەماڵ
قافڵەی تاڵان ئـەکەم هەر تاجری بڕواتە چین
(کوردی –ل ٣٨)

تاری کاکۆڵی کە ئەفشانە لە سەر مەیتەنی ئاڵ
ڕشتەیی گیان و دڵ و دیـــن دەپسێنێ بە عەلی
(کوردی –ل ٥٨)

ئەگەر ئەفشان بێ ئەفحەی چینی زوڵفت
خـەجاڵەت دەیگـرێ ئـاهـوویی تـاتـار
(سالم –ل ٥٨)

بە حەسرەت ئەشکی ئاڵم دێتە سـەر ڕوو
بە سەر ڕووتا کە ئەفشان بێ سەحەر موو
(سالم –ل ١١٥)

**ئەفشان کردنی گیسو:** پەخشان کردنی پرچ و ئەگریجە.

ئەفشان: ⟵

گیسوو: پرچ.

کەبادی سوبحدەم ئەفشان ئەکا گیسوویی پرچینی

(زتاب جعد مشکینش چـە خـون افتاد در دلهـــــا)

(سالم –ل ٣٦)

**ئەفغان:** فوغان، فەغان، واتە فەریاد و زاری و ناڵە و گریان.

شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار

ئەســەری سۆزشی گــریانە لــــە ئەفغانمدا

(نالی –ل ٩٠)

بێهوودەیە لە گوڵزار ئەفغانی بولبولی زار

ناگـــاتە گۆشی یـــاران ناڵینی بێقەراران

(سالم –ل ٩٣)

شێواوە دڵ لە گـوڵزار ئـەفغـانی بـولبولی زار

پــەیوەستە ئینتیزارە وەك چاوی رووژە داران

(سالم – ل ٩٣)

**ئەفغان کونان:** بەدەم گریانەوە.

ئەفغان + کون + ان

ئەفغان: ⟵———

کون: ڕەگی چاوگی کەردەن (= کردن) ی ف. یە واتە کردن.

ان: پاشگرە کە دێتە سەر کۆتایی ڕەگی چاوگ چۆنیەتی دەگەیەنێت.

خۆت لە جیاتی من دەگریای گەر بە چاو دەتدی ڕەشید

قـوڕ بە ســەر دڵ پڕ کە دەرشێنێ پدەر ئەفغان کونان

(سالم –ل ٩٢)

**ئەفگار:** برینداز، زامدار، ماندوو.

حیکمەتی تۆ مولهەمە هەم قەدمت مەرحەمە

موستەحەقی مـەرهەمە سینەیی ئەفگاری من

(نالی –ل ٣٣٥)

تـا لە گەیلان با ڕەش و تەم دەماوەند داگرێ

ڕیزشی ئەشك و هەناسەی سینەیی ئـەفگارمە

(سالم –ل ١٢٨)

**ئەفگەندە سەر:** سەر ئەفگەندە، سەر شۆڕ، مل کەچ، شەرمەزار.

سەجدە چون وەك بیدی مەجنوون سەر وەها ئەفگەندە سەر

بـۆ تەفەڕوج گـەر نەمـایان کـەی لـە باغا قـامـەتت

(سالم –ل ٤٦)

**ئەگەر:** لێرەدا واتە هەرچەندە.

نە چوونی خزمەتی دولبەر ئەگەر وەك مردنە ئەمما

مـەچۆ سالم لە بەزمی مونعیما جێگەی گەدا نابێ

(سالم –ل ١٤٠)

**ئەگەر:** مەبەست، یان، هەندێ جار.

قەدیم تەن پەروەری نازن بەبازاڕا غوبار ئالوود

ئەگەر گا باری کـا ئاوەر وەگەر هێزم فرۆشانن

(سالم –ل ١٠٤)

**ئەلا:** الا. ع. ئامرازی وریا کردنەوەیە، واتە: بزانەو ئاگاداربە.، هوشیاربە، وریابە.

ئەلا ئـەی ئاسکی ئاسـك بە باسك

شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە

(نالی –ل ٤٤٩)

ئەلا ئەی ئەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرسی وێرانە

لـەگەڵ ئـەم عـەشقبازانە بڕۆ بـازانـە ئـازانە

(نالی –ل ٤٨٢)

ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو بە باهوو
دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە
(نالی –ل ٤٤٩)

**ئەلا:** لا، لای، ئاست، بەرامبەر.

سالم کەلامی کوردی و بێ وەزن و لەنگ و سست
بێ مـــەعنییە بگاتە ئـــەلای شێخی مـــــەعنەوی
(سالم –ل ١٥٢)

ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
درێـــغ کـــوا حـــــاڵ زانـێ ڕەبـی تووشــــم بێنی بیمـــارێ
(کوردی –ل ٥٣)

**ئەلئەمان:** الامـان. ع. وشەیەکە لە کاتی ترس و مەترسی، یان لە جەنگ کاتی تەسلیم بوون و پەنابردن لە ترسی دوژمن بە کار دێت.

گوێی فەلەك کەڕ بوو لە بەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار
لا مـــەکانی گـــرت سەدای ئاهـ و فـــوغان و ئەلئەمان
(سالم –ل ١٤)

**ئەلەم دیدە:** ئازار چەشتوو، ئەوەی کە دەردو ئازار و ناخۆشی دیوە.

عاشق لە دڵ و دیدەیی ئەغیاری جەفاکار
ڕیسـواو ئەلەم دیدەو بەدنامە هەموو دەم
(سالم –ل ٨٦)

**ئەلبورز:** لە پەهلەڤیدا هەربورز.

هەر: کێو، چیا، شاخ.

بورز: بەرز، بڵند، گەورە. هەر دوو وشەکە بەسەر یەکەوە واتا چیای بڵند، کێوی گەورە، شاخی بەرز. زنجیرە شاخەکانی سەرووی ئێران، کە سەرانسەری سەرووی ئێران، لە ڕۆژ ئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە، و بەرزترین لووتکەی ئەم زنجیرەیە (دەماوەند)ە. (معین)

لە ئەڤێستادا پێی دەوترێ (هەرەبەریزە ئیتی). کە بڵندترین چیایە لە ئێران و زۆر بە پیرۆزی دادەنێن، لە (زامیاد یەشت)دا، واهاتووە کە ئەلبورز یەکەمین چیا بووە کە لەسەر ڕووی زەویدا پەیدا بووە.

(فرانك) فەرەیدوونی کوڕی سپارد بە پیاوچاکێکی لە خواترس لە چیای ئەلبورز، تا لە زیان و مەترسی زەححاك بیپارێزێت. کاتێ کە (زاڵ) لە دایك بوو، لەبەرئەوەی کە مووەکانی سپی بوو، باوکی لەبەر سەرزەنشتی خەڵکی، لە داوێنی چیای ئەلبورزدا بەرەڵڵای کرد، لەبەرئەوەی کە (سیمورغ) لە بڵندترین و باشترین شوێندا دەژی هێلانەکەی لەسەر چیای ئەلبورز بوو، هاتە خوارەوەو (زاڵ)ی بردە ناو هێلانەکەی خۆی. کەیقوباد پەنای بردە بەر چیای ئەلبورز، دوای ئەوە پاڵەوانەکان ڕاپەڕین تا ئێران بپارێزن لە هێرشی تورکەکانی ئەفراسیاب، کە پەلاماری شارەکانی ئێرانیان دابوو، هەوڵی ڕزگارییان دەدا، هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە ڕۆستەم هات بۆ چیای ئەلبورز و قوبادیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا و تاجی پاشایی پێ سپارد... (فرهنگ شاهنامە)

پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا
دەکا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا

(سالم –ل ١٨)

**ئەلحەزەر:** الحذر.ع. واتە ترس و خۆپاراستن، بەکار دەهێنرێت بۆ وریاکردنەوەو دوورخستنەوەی کەسێ لە شتێ یان لە کارێکی زیان بەخش.

ئەمڕۆ فەزای بازیگەهـــــی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر

(سالم –ل ١٤)

**ئەلفی قەد:** قەدی ئەلف، مەبەست باڵای ڕێك و کەڵەگەت و جوانە.

لـــە لـــەوحـــی تەربیەت نەیخستە یادم
بە جوز ئەلفی قەدت ئوستادی مەکتەب

(سالم –ل ٤٣)

**ئەلواحی ئەلحەد:** بەردی ئەلحەد، ئەوبەردە پانانەی کە دەخرێنە سەر ئەو شوێنە

هەڵکەندراوەی کە لە ناو گۆڕدا مردووی تێدا دانەنرێت.

ئەلواح: کۆی لەوح (لوح) هـ. ع.

ئەڵحەد: لە حەد = لحد. ع.

هەروەها بە واتای گۆڕیش هاتووە.

دوومـینە نیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ

ئەلواحی ئـــــەڵحەدم بە زەنابیلی مەعتەرە

(نالی -ل ٤٣٦)

لێرەدا حافزی شیرازی وشەی (لحد) ی بە واتای گۆڕ بەکار هێناوە.

برسر تربت من بـامی و مطرب بنشین

تا بە بویت زلحد رقص کنان برخیزم

(حافظ -قزوینی، ل ٢٣١)

واتە: لە سەر گۆڕەکەم لە گەڵ مەی و گۆرانیبێژدا دابنیشە، تا بە هۆی بۆنی خۆشی تۆوە. لە ناو گۆڕەکەمدا بە دەم سەماوە هەڵسمە سەر پێ.

**ئەلوەداع:** الوداع. ع. خوا حافیزی کردن، بە خوا سپاردن.

دەشتی هیجرەت تـاڵە وەك دەریـایی قیر

ئەلوەداع ئەی میهری ڕەخشان ئەلوەداع

(سالم -ل ٥٧)

**ئەلوەند:** ڕووبارێکی بچووکە لە دەوروبەری شاهـ ئابادی ڕۆژئاوا کەرمند، بەتایبەتی زەهـاب ئاوی بۆ دێت و بەرەو قەسری شیرین دەڕوات، دوای تێپەڕبوون لە قەسری شیرین بەرەو سنووری عیراق دەڕوات و دەچێتە خاکی عیراقەوە و دەڕژێتە ڕووباری دیالەوەو ئینجا دەڕژێتە دیجلەوە. هەروەها (ئەلوەند = ئەلڤەند = ئەروەند)، ئەڤیستا aurvant، ئەوەی کە توندو تیژ بێت. پەهلەڤی. (alvend) کێوێکە لە خوارووی هەمەدان بە بەرزایی ٣٧٤٦ میتر، کە لە بەردی خارا و کوارتز پێکهاتووە، بە زۆری درێژایی ساڵ بەفر دایپۆشیوە، ئەلوەند گەلی دۆڵ و دەرەی پڕ لە سەوزایی و ئاوی تێدایە. لە داوێنیدا (کان)ی جۆراوجۆر هەیە. (معین)

وەها فرمێسکی خوێنین دێ لە چاوم

وەکو دامانی ئەلوەندە کەنـــــارم

(کوردی –ل ٢٤)

لە هیجری ڕووی بەهـاری نـازەنینت

لـە دڵمایە خەفەت وەك كێوی ئەلوەند

(سالم –ل ٥٦)

**ئەڵلا ئەڵلا:** اللّه اللّه.ع. بۆ خاتری خوا، هەروەها لە کاتێکدا دەوترێ کە کەسێ کارێ، یان قسەیەکی نابەجێ بکات کە لە شوێنی خۆیدا نەبێ و نەبوایە ئەنجام نەدرایە، هەروەها بۆ سەرسوڕمان و نکوولیکردن لە شتێ بەکاردێت.

مـادگر کس نگرفتیم بەجای توندیم

اللّه اللّه تـو فراموش مکن عـهد قدیم

(سعدی –"عفیفی")

واتە: ئەی هاودەم و دۆست ئێمە یەکێکی ترمان نەخستە جێگەی تۆوە، بۆ خاتری خوا تۆ سەردەمی دێرین لە بیر مەبەرەوە.

**ئەمشەب:** ئەمشەو، ئیمشەو.

جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە ساقی وەرە ئەمشەب

هـــەم مـــاچی دەمـــادەم بدە هەم جـامی لەبالەب

(نالی –ل ١٣٣)

**ئەمیستا:** ئێستا.

هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون

ئەمێستا موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ

(نالی –ل ٣٨٣)

**ئەمیستاکە:** ئێستا، ئەمێستا.

ئەمن دادم لە دەست بێ عەهدو شەرتیت بوو ئەمێستاکە

لــەســەر ڕێی بێ وەفایی وا دیـــــارە زۆر بــە عینوانی

(کوردی - ل ٥٩)

**ئەنالحەق:** ئەنالقادر، انا القادر.

مەقامم کەن بەزەجر ئەر داری مەنسوور

دەکێشێ خوێنی مـن نەقـشی ئەنالحەق

(سالم -ل ٧٧)

**ئەنالقادیر:** انا القادر = انا الحق: واتە من خودام، ئەمە وتەی حەسەنی کوڕی مەنسووری حەللاجە، کە بووە هۆی ئەوەی تێدا بچێ، ئەم وتەیە یەکێکە لە ڕازەکانی خوداوەند و هەرکەس کە بیدرکێنێ سەری دەخاتە سەر سەودای عیشق...

(اصطلاحات)

وەکو مەنسوور ئەگەر بیشم سووتێنن

ئـەنـالقادیر دەڵێ گـــەردو غوبـارم

(کوردی -ل ٢٤)

**ئەنجوم:** انجم. ع. ئەستێرەکان. کۆی (نجم)ە.

فەلــەکی میهرمەهی وەقتە تەواوبێ زەمـــەنی

کەوکەبەی ئەنجومی یو دائیرەیی ئەنجومەنی

(نالی -ل ٦٦٩)

**ئەندەر:** دەر، ئەندەر فۆرمی کۆنتری دەر (=در)ی. ف یە، واتە: لە.

فەلەك پەردەی شەب ئەندەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی

زەمین و ئـــاســـمان لـــەم بـــانە تـــا ئەو بانە تابانە

(نالی - ل ٥١٢)

**ئەندەروون:** ناو، ناوەوە، هەروەها بە حەوشەیەك یان بەخانوویەك دەوترێت کە لە پشتی دیواری دەرەوەی ماڵ دروست کرابێت و تایبەت بێت بە ژن و ماڵ و منداڵی خاوەن ماڵ.

یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غـەمـناك و شـادمـانم ڕەحمـەت عەزابی هێنا
(سالم –ل ٣٥)

**ئەندەك:** هەندێك، کەمێك.

بە جەوری بێ حیساب و لوتفی ئەندەك
لە سـەد لا ژەهـــر و یەك لا ئەنگەبینی
(سالم –ل ١٥١)

**ئەندووە:** ئەندوە، خەفەت، غەم، دڵتەنگی.

ناگاتە دەر لە خاتر سـەد کۆششی ئەرەستۆ
غەیرەز ویسالی یـاران ئەندوهی بێ قەراران
(سالم –ل ٩٣)

عەیشی وەسڵم بردەسەر ئەندووهی هیجریش سەردەچێ
مەوسیمی نـوردی بەهەشتـم دی دەمێکیش دەی دەبـێ
(سالم –ل ١٤٢)

ئیحتیرامی ئەهلی دڵ ئەفزوون ئەکا ئەندووهی عیشق
قەلبی بێ قیمـەت لـە بۆتەی میحنەتی ئیکسیری دی
(سالم –ل ١٤٤)

**ئەنگەبین:** هەنگوین.

دەمی هیجرەت شەوێ گەر بێتە یادم لەززەتـی ماچت
لە لێوی وشکی بێ ئاوم سەحەر گەه ئەنگەبین دەڕژێ
(سالم –ل١٤٧)

بە جەوری بێحیساب و لوتفی ئەندەك
لـە سەد لا ژەهر و یـەك لا ئەنگەبینی
(سالم –ل١٥١)

باریی بە سروەکەت بەشنەی ئەنگەبینی گەز

گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغووشی ئەیشکەر

(سالم -دیوانی نالی -ل۱۹۹)

**ئەنگەبینی گەز**= گەز ئەنگەبین: مەبەست شیلەی گەزۆیە.

ئەنگەبین:⟵

گەز: درەختێکی بچووکە و لقەکانی ورد و ناسکن، داپۆشراوە بەگەڵای وردو لە بەهارو هاویندا گوڵی سپی دەگرێت و لە لقەکانی شیلەیەکی لێ دەگیرێ کە پێی دەوترێ گەزئەنگەبین، هەروەها جۆرە شیرینییەکی سپییە کە دروست دەکرێ لە شەکرو سپێنەی هێلکە و پستە یان بادامی تێدەکرێت. وە بە جۆرە درەختێکی ئەفسانەییش دەوترێ کە ڕۆستەم تیری لێ دروست کردووە و داوێتی لە چاوی ئەسفەندیار. (سخن).

باریی بـــە سـروەکەت بەشنەی ئەنگەبینی گەز

گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغووشی ئەی شەکەر

(سالم، دیوانی نالی -ل۱۹۹)

**ئەنگوشت نەما:** بەناوبانگ، ناسراو، ئەوەی کە ناسراو بێت و خەڵك پەنجەی بۆ ڕاکێشێ.

ئەنگوشت + نەما.

ئەنگوشت: پەنجە.

نەما: ڕەگی چاوگی نەموودەن (= نمودن)ی ف. یە، واتە نیشان دان، ئاشکرا بوون، پیشان دان.

خوێنی من بوو شوێن وتی دەسرێ بە پەنجەی قاتلی؟!

وەختە خۆی ئەنگوشت نەمـــاکا لێی گەڕێ با بیبڕێ!

(کوردی -ل٥٥)

بۆیە ئەزبەسکی نیزارم لە فیراقی مەهی ڕووت

وەکـــو برۆیـــی هیلالت قـــەدم! ئەنگوشت نەما

(سالم -ل۲۸)

ئــاغا مــەیلی هامسەری بــوو زوو هەوای دا عاقیبەت
چارەنووس ئەنگوشت نەما بوو پەردەیی شەرمی دڕی
(سالم –ل١٤٦)

**ئەنگووان:** پێکران.

مــودەعــی کــوێر بێ نیزام ئیفلیج مــەکان ژێرو زەبەر
میری سووورداش و ئەمینەی پیاوی هەردوو ئەنگووان
(سالم –ل٩٨)

**ئەنگووت:** مەبەست هەڵکردنە، هەڵکردنی شنەی با.

بەپایین هات شەوی هیجرو نەسیمی سوبحی وەسڵ ئەنگووت
بــەرمـــدە ئـــەی تـــەبی غـــەم وا بــەیانە باسەبوك ســـەریم
(سالم –ل٨٠)

**ئەنیس:** انیس.ع. ڕاهاتوو، خوو گرتوو بە شتێکەوە، هاودەم، یارو هاودەم.

لــەگەڵ عیشقت وەها یار و ئەنـیسم
لەتۆش حەتتا بە کوللی بەر کەنارم
(کوردی –ل٢٤)

**ئەوباش:** اوبـاش.ع. کۆی (وبش)ە، واتــە هــیـچ و پــووچــەکــان، نــاکــەسان، ئــادەمــیزادی پـڕوپـووچ، خوێڕییەکـان، پـەروەردە نـەکراوەکـان، بێبـاکـان. هــەندێ جـار وشـەی ئـەوبـاش، لـە زمـانـی فـارسیدا بـۆ مـەبـەستـی تـاك بـەکـار هـاتووە و کۆیـەکـەی (ئەوباشان)ە. (معین)

بێ دڵ و گوێ و نەسیحەت نەگر و سەرکەش و ڕەند
سپڵە و هــەرزەو و ئــەوبـــاش و بــەد ئەتوارو نەزان
(کوردی –ل٣٧)

**ئەوج:** اوج، بە عەرەبی کراو لە زمانی سەنسکریتدا Učča، بڵندترین شوێن، بڵندی، بەرزی، بڵندترین پلەی ئەستێرە (بەتایبەتی خۆر)، بالآترین شوێنی بەرزبوونەوەی ئاوان، بەشی سیانزەهەم لە بیست و چوار بەشەکەی موسیقای ئێرانی. (معین)

گوتم: ڕاستی سەبا هەڵسە گوتی مەشرەب موخالیفیە
گوتم: ناریٚ گوتی بـایە گوتم ئەوجـیٚ گوتی دوورە
(نالی –ل٤٠٩)

قەتاری زەنگ و قۆڕی ئوشتر و ئێستر لە سەر کێوان
دەڵێی زیرەی سەدای قـازو قولنگی ئەوجی کەیوانە
(نالی –ل٤٨٧)

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی
وەی قوللەیی دووریی کە دەڵێی قامەتی عووجی
(نالی –ل٦٣٧)

**ئەولیا:** أولیاء.ع. کۆی وەلی (= ولی)یە.

دۆستـانی خـوا، عـاریفـەکـان، یـان خـاوەنـی کـاروبـار، ئێرانییـەکـان و تورکەکان هـەندیٚ جار ئەم وشەیان بە مەبەستی تاك بەکار هێناوە، وەکو: (أولیاعطا،أولیا چلبی، أولیا سمیع) کە دەڵێن ئەولیای ئوموور، واتە خاوەن کارەکان، گەورەکانی وڵات، ئەولیای حەق، واتە دۆستانی خوا. (معین)

وا بە ئاسان عالەمیٚ تەسخیری تۆ بوون ماهڕوو
سـامیری یا ئـەولیایی ڕاسـت بێژی مـاهـڕوو
(کوردی – ل ٤٠)

**ئەهلی بەسەر:** خاوەن زانیاری و وریایی، ئەوکەسەی کە هوشیار و شارەزاو زانابێت.

ئـەهـل: أهـل.ع. شایستـە، بـەجـیٚ، کـەس و کـەسان و ئـەوانـەی کـە لـە شوێنێکدا نیشتەجیٚ بن.

بەسەر: بصر.ع. چاو، بینایی.

بە نەزەر ڕەحمەتی تۆوە لە نەزەر ئەهلی بەسەر
جوملە نەزدیکی نەجـاتن چ زەلیل و چ ئەسیر
(سالم – ل ٦٦)

ئەشکی سالم کە بەیادی لەبی تۆ دێتە کەنار

قەترە قەترە لە نەزمر ئەهلی بەسەر مەرجانن

(سالم -ل٩٤)

**ئەهلی تەریق:** أهل الطريق.ع. ئەوەی کە ڕێ و شوێنی تایبەت بە سۆفییەکانی گرتبێتەبەر.

دائیم لــە حەزەردا ســەفەری بــە.. لە وەتەندا

غوربەت کەش و عاجزبە ئەگەر ئەهلی تەریقی

(نالی -ل ٦٥٦)

**ئەهلی دڵ:** کەسانێ کە دڵیان بە ڕوناکی ڕۆشن بوویێتەوە، ئەهلی مەعنا. (إصطلاحات)

خاوەن دڵ، خاوەن چێژ، مووشکاف، شارەزاو سەلیقەدار. (ثروت).

عاشق، دڵ وریا، ئاگادار، دڵدار.

لە بیمی مەوجی دەریای ئەهلی دڵ زاهید خەبەردارنین

(کــجا دا ننــد حـــال مـــا سبـکبـــاران ساحـلهـــا)

(سالم -ل٣٦)

لەمەحشەردا ئەگەر بێ ڕوویی تۆ مائیل بە جەننەت بم

لەلای یارانی ئەهلی دڵ سەر ئەفگەندەی خەجالەت بم

(سالم -ل٧٩)

ئەهلــی دڵ بێنــە تەماشــای دڵبــەرو ئەحــوالی من

دەفتەری فەرهاد و شیرین سەر بەسەر ئەفسانەبوو

(سالم -ل١٠٧)

لە ڕەمزی سیڕی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە

وەلێ بێدڵ لە خوابی غەڵفەتا هەمزادی خــەرگۆشە

(سالم -ل١٢٦)

ئیحترامی ئەهلی دڵ ئەفزوون ئەکا ئەندووهی عیشق

قەلبی بێ قیمەت لە بۆتەی میحنەتی ئیکسیری دی

(سالم -ل١٤٤)

**ئەهلی سونەن:** اهل السنة. ع.

ئەوانەی کە پەیڕەوی سوننەت دەکەن. سونیییەکان.

قــەز بریێشم کــە حەرامە لە ڕەجول نەك نیسوان
سوننەتی شەرعە ئەگەر تابیعی ئەهلی سونەنی

(نالی –ل ٦٧٢)

**ئەیاز:** ئایان، ئەبولنەجم ئەیاز ئویماق، لە ساڵی ٤٤٩ی کۆچیدا مردووە، غولامێکی تورك بوو، لە ئەمیرە خۆشەویستەکانی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بووە. ئەیاز باشترین نموونەی چابوکی و هوشیاری و ئازایی و جوانییە. (معین)

موتریب ئەر وابن فیدایان بێ ئەگیسا و باریەد
ساقی ئەروابێ بەقوربانی دوو دیدەی بێ ئەیاز

(کوردی –ل١٨)

ئەگەرچی زاهیرەن مسکین و دەروێش و گەدا ڕەنگم
لــە غەزنەی خاترا مـــەحموودی گێسوویی ئەیازم

(سالم –ل٨٧)

پێچیدە بـــا ببێ دڵـی عیشقت هـــەمیشە وەك
زوڵفی ئەیاز و گەردەنی مەحموودی غەزنەوی

(سالم –١٥١)

**ئەیامی ڕۆمییان:** مەبەست سەردەم و ڕۆژگاری تورکە عوسمانییەکانە.

جوز گاهـ گاهی ئاهـ و ناڵە لە ئەییامی ڕۆمییان
نــەمـدیوە وا ببێ لـــە عــەدالەت بــەنی بــەشەر

(سالم – دیوانی نالی –ل٢٠٠)

**ئەیمەن:** ایمن. ع. لە زمانی فارسیدا وەکو ڕێنووسی کۆنی کوردی دەنووسرێ (ایمن)، بەلام بە دوو جۆر دەخوێنرێتەوە هەر جۆرەی واتای تایبەتی خۆی هەیە:

١–ایمن: (ئەیمەن) دەخوێنرێتەوە، واتە لای ڕاست، ڕاستی، دەستی ڕاست، پیرۆز.

٢-ایمن: (ئیمین) دەخوێنرێتەوە، واتە لە ئەمان و ئاشتیدا بوون، هەروەها بە واتای ئاسوودەیی و دڵنیاییش هاتووە.

ئەم وشەیە بەم جۆرە و بەم واتایە لەزمانی عەرەبیدا بەکار نەهاتووە، فارسی زمانان ئەمەیان دروست کردووە لە وشەی (آمن)ی عەرەبی کە بە هەمان واتا عەرەبییەکەی بەکاری دەهێنن، هەروەها وەکو چۆن لە فارسیدا وشەی (حجیب) گۆڕدراوی (حجاب)ە و (رکیب) گۆڕدراوی (رکاب)ە... هتد.

بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (غلط ننویسیم، معین، سخن). من وادەزانم لەبەرئەوەی کە شاعیرە کۆنەکانمان زۆریان دیوانی شیعریان بە فارسی هەیە و شارەزاییەکی باشیان هەبووە لەزمان و ئەدەبی فارسیدا، وشەی (ایمن) یان بە هەردوو جۆرەکە و هەردوو واتاکەی بەکار هێناوە، وەکو باس کرا.

بەلام مـن وشەی (ایمن) = (ئـیمین). وەکـو چۆن لـە دیوانـی نـالی و سالمدا بەرێنووسی کوردی نووسراوە (ئەیمەن) وەکو خۆی نووسیومنەتەوە، هەرچەندە (ئیمین)ەکەم لا ڕاستترە.

موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لەشەڕی
نەفسی ئەممارە کەئەم مـاـرە لەگەڵ تۆ شەڕییە
(نالی – ل ٥٨٦)

زوڵفی حەییە پەروەرە سالـم ئەبەد ئەیمەن مەبە
بەم قەرارە قەت مەکە بازی بە حەلقەی ئەژدەها
(سالم – ل ٣٩)

میرزا وەرە لێـم لادە دەستـی مـن و دامانت
ئەیمەن مەبە لێم ئەك بیم یەك دەفعە بەمەیدانت
(سالم – ل ٥٠)

مەبە ئەیمەن لە تیر و قەوسی دونیا
(غنیمت دان فـراغ بـهمن و دی)
(سالم – ل ١٥٤)

**ئەیووب:** لەو پێغەمبەرانەیە کە لە تەوراتدا ناوی براوە کە بەناویانگ بووە لە سەبرو بوردەباری لە بەڵاو ناخۆشیدا، ناوی لە قورئاندا هاتووە، هەروەها لە (سفری ئەیووب)دا کە یەکێکە لە بەشەکانی سەردەمی کۆن، باسی داستانی ئەیووب بە درێژی کراوە، لە بارەی ئازموون و سەبرو بور دەباری و وتووێژەکانی لەگەڵ دۆستەکانیدا. (معین)

لە عەشقا هەر منم هامدەرسی مەجنوون
لە سەبرا هەر منم ئوستادی ئەیووب
(سالم – ل ٤٤)

**ئوردی بەهەشت:** ئوردی بیهیشت: مانگی دووەمی ساڵی خورشیدییە و دووەمین مانگی بەهارە، لە ئایینی زەردەشتیدا ناوی یەکێکە لە (ئەمشاسپەندان = فریشتەکان)، کە لە جیهانی بەهەشتییدا نوێنەری پاك و پیرۆزە و لە جیهانی خاکیدا پاسەوانی ئاگرە. هەروەها ڕۆژی سێیەمی هەر یەکێکە لە مانگی ئێرانی. (عمید) و (معین)

بەهمەن سیفەت بە تیری غەم ئیسفەندی یاری دڵ
ئوردی بەهەشتی بەدەل بوو بە مانگی دەی
(کوردی –ل ٦٣)

عەیشی وەسڵم بردە سەر ئەندووهی هیجریش سەردەچێ
مەوسیمی ئوردی بەهەشتم دی، دەمێکیش دەی دەبێ
(سالم –ل ١٤٢)

شنۆی ئۆردی بەهەشتی وەسڵی یار ئەرێ بەسەر مندا
لەلام قەندیل و لاجانە بە هاوین گەر لە مەسقەت بم
(سالم –ل ٧٩)

**ئوستوخوان:** ئێسك، ئێسقان.

بۆ ڕێگە گەر ساقی عووجیان کردە پردی ئاوی نیل
ئوستوخوانی دەستی میرزا پول لەسەر دەریا دەکا
(سالم –ل ٢٩)

**ئوفتاده:** کەوتوو، پەك کەوتوو، پەك کەوتە، لە کوردەواریدا (ئیفتادە)یش بەکار دێت، بەڵام (ئوفتادە) ڕاستترە. بەو کەسەیش دەوترێ کە بە هۆی پیرییەوە هێزی لێ بڕابێت و لە جێدا کەوتبێ.

وشەی ئوفتادە لە چاوگی ئوفتادەن (= افتادن)ی ف. یەوە هاتووە، واتە کەوتن.

دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیتی عاسییە نالی
تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیسیانە
(نالی –ل ٥٢٠)

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادەوو کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
(نالی –ل ٢٦٤)

چ قەد کەوانێ؟ وەکو پێ شکاو ئوفتادە
کە بازی سێ قەدەمی قەت نەداوە وەك پەڕی تیر
(نالی –ل ٢١٢)

لە خاکی ئاستانەی دولبەرم ئوفتادەم و شادم
دەگاتە تاقی کیسرا ڕیفعەتی جێگەی سەگیم ئەمشەو
(سالم –ل ١١٨)

**ئوفتادەگان:** کۆی ئوفتادەیە. ← ئوفتادە.

بەیان ناکا کیتابی تیب دەوایی دەردی عوششاقان
شیفایە بۆ تەبی ئوفتادەگان لیمۆیی جانانم
(سالم –ل ٨٣)

**ئوفوق:** افق. ع. ئاسۆ. ئەو هێڵەی کە دەکەوێتە بەر چاو لە شوێنی بە یەکتری گەیشتنی زەوی و ئاسمان. ڕۆخ و کەناری ئاسمان، پانایی و بەرفراوانی. (سخن)

چیهرەت بە هەیئەتێکە لە ناو شامی تورەدا
دەربێ سەحەر لە بورجی ئوفوق شەمسی خاوەر
(سالم –ل ١٤٥)

**ئۆردوو:** لەشکری ئامادە بوو بۆ جەنگ بە هەموو چەکەوە.

ئەم وشەیە تورکی و مەغۆلییە.

لە دەریای مەعرەکەی تیغی ئەهەنگیٚ گەر نەمایان بیٚ

لـــە نـاو ئـۆردوویـی تـورکانـا دەبیٚ شین و سەدا پەیدا

(سالم –ل ١٩)

**ئیبنوحاجیب:** ابن حاجب.ع. (جمال الدین ابو عمرو عثمان بن عمر) نەحویی ناسراو (٥٧٠ –٦٤٦ك). لە بنەڕەتدا لە کوردەکانی ئێران بووە، لە میسردا لە دایك بووە و لە قاهیرە زانستە ئەدەبییەکان و فیقهی خوێندووە، ماوەیەك لە دیمەشق دەرسی وتۆتەوە. بەرهەمەکانی ئەمانەن: کافیە (نحو)، شافیە (صرف)، مختصر المنتهی، کورتکراوەی کتێبێکی تری ئەو لە ژێر ناونیشانی (منتهي السؤال و الأمل)، الأمالی.... هتد. (معین)

خـاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخـابی کاتیبـە

یەعنی نوقتەی فەرقیٚ ئیبنوموقلە و یبنوحاجیبە

(نالی –ل٣٩٨)

**ئیبنوموقلە:** ابن مقلە: (ابو علی محمد بن علی)، لە ساڵی ٣٢٨ك مردووە، لە خزمەتی (ابو الحسن بن فرات)دا بووەو لای ئەو پێگەیشت و ماڵ و سامانێکی بەیەکەوە نا و پاش ماوەیەك نێوانیان تێك چوو، ئیبنو موقلە لێی هەڵگەڕایەوەو دوژمنایەتی لەگەڵدا دەکرد تا ئەو کاتەی (ابن فرات) دەرکرا و گیرا، کاتیٚ کە کردیانەوە بەوەزیر ئیبنوموقلەی گرت و دەستی بەسەر ماڵەکەیدا گرت، خەلیفە (مقتدر) لە ساڵی ٣١٦ك دا ئیبنوموقلەی کرد بەوەزیر، بەڵام لە ساڵی ٣١٨ك دا دەری کردو زیندانیشی کرد، جارێکی تر بوو بە وەزیری خەلیفە (راضی) و بە کۆششی دوژمنەکانی دەستی ڕاستیان بڕی و ماوەیەك لە زینداندا مایەوە و هەرلەوێشدا مرد. ئیبنوموقلە داهێنەری خەتی (ثلث، توقیع، رقاع و محقق)ە. (معین)

خاڵـی بەینی چـاو و ئەبـــرۆت ئینتیخابی کاتیبە

یەعنی نوقتەی فەرقی ئیبنوموقلە و ئیبنوحاجیبە

(نالی –ل٣٩٨)

**ئیحتیراز:** احتراز.ع. پارێزکردن، خۆ دوورخستنەوە لە شتێ، خۆڕاگرتن، پارێز، هەڵاتن لە شتێ.

خوابی غەفڵەت نازیلە بۆ چاوی شەحنەو موحتەسیب

دەرفـــە تــــە جامێ ئەســـەرکێشی بەلێ بێ ئیحتیراز

(کوردی –ل١٧)

**ئیحیاکون:** احیاکن.ف.ع. واتە زیندووکەرەوە، وشەکە دوو بەشە، ئیحیا + کون

ئیحیا= احیاء.ع. زیندووکردنەوە.

کون = کن، ڕەگی چاوگی کەردەن (= کردن) ی ف. یە واتە کردن.

ئیحیـاکونی جەمیعــی نەباتاتی عالەمــی

ڕەعناگوشا لــە تەربییەتی قامەتت شەجەر

(سالم، دیوانی نالی –ل١٩٩)

**ئیخوانوسسەفا:** اخوان الصفا. لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، کۆمەڵێ بیریان لەوە دەکردەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانستە هۆشییەکان و نزیك کردنەوەی ئایین و حیکمەتی نەزەری و کارەکی (عملی) و کۆمەڵە نووسراوێکی کورت و سادە، بەبێ ناوی دانەر بنووسن و بڵاویان بکەنەوە، ئەم کۆمەڵە خۆیان ناو نا (اخوان الصفا و خلان الوفاء). کۆمەڵی ناوبراو بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕای ئایینی موسوڵمانان، ئەو نووسراوانەیان بەپێی وتەی زانایان سازکرد و لە لێکدانەوەی هەندێ لە مەسەلە ئایینییەکان پەنایان بردە بەر شێوە و بۆچوونی فەیلەسووفەکان و بۆپاك کردنەوەی سەرکەوتن بەپلەکانی کەمالدا، بێجگە لە پەنابردن بە فەلسەفە هەم پابەند بوون بە ئایینەوە، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە بەیارمەتی زانست و باوەڕکردن بە ئایین، دەتوانن پاکی و بێگەردی دەروون بەدەست بهێنن و بگەنە قۆناغێك لە کەمال، کە مەبەستی شەریعەت و ئایینەکانە و باشتر لە ڕاستییەکانیان تێبگەن. ئەوان کۆمەڵە نووسراوێکیان هێنایە بەرهەم، کە تیایدا ئارەزووی دانەرەکان بە زۆری بەرەو بیرو بۆچوونی زانایانی یۆنان و فەلسەفەی ئێران و هیند بوو. گەلێ جار ناوی هیرمس و فیثاغورس و سوقرات و ئیفلاتوون و ئەرستۆ لەم نووسراو و نامانەدا هاتوون و ڕێزیان لێ گیراوە، لە

نووسەرانی ئەم نامانە (ابو سلیمان محمد بن معشر بستی ناسراو بە مقدسی، ابو الحسن علی بن هارون زنجانی، ابو احمد مهرجانی... هتد) ناویان هاتووە، ئەم کۆمەڵە لەگەڵ یەکتریدا ڕاست و دڵپاك و یەك ڕەنگ بوون، نامەو نووسراوەکانیان بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتبوو لە مەسەلەکانی زانستی مەنتیقی (منطقی) و ماتماتیك و سروشت و خواناسی و حیکمەتی زانستی. (معین)

ساحیبی (علم الکتاب)ە موتریبی هودهود نەفەس

یاسولەیمانە لە (اخوان الصفا) ئاسەف سەفە

(نالی –ل٤٥٣)

**ئیزهاری دانایی:** ئیظهاری دانایی.ع. ف. زانایی و شارەزایی پیشاندان. وشەی (دانا) ف. یە و پێکهاتووە لە: دان + ا

دان: ڕەگی چاوگی دانستەن (= دانستن) ف.یە واتە زانین.

ا: پاشگرەو لێرەدا چۆتە سەر ڕەگ و واتای چاوگەکە بە زۆری پیشان دەدات، واتە ئەو کەسەی زۆر دەزانێ.

بەرامبەر بە وشەی (دانا) لە کوردیدا (زانا)یەو لەسەر هەمان شێوە دروست بووە: زان + ا، زان: ڕەگی چاوگی (زانین)ە.

ا: پاشگرە و باس کرا.

هەرکەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی

خود پەسەندی بێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا

(نالی –ل١٠١)

**ئیدریس:** ناوی کەسێکە کە دووجار لە قورئاندا ناوی براوە، نووسەرە موسوڵمانەکان بە شێوەیەکی گشتی بە پێغەمبەری دادەنێن و لەو باوەڕەدان کە ئیدریس هەمان (اخنوخ) و (خنوخ)ی ناوبراو لە تەوراتدایە و دایدەنێن بە یەکێ لە نەمرەکان، بە قسەو داستانی جوولەکە، ئیدریس بە زیندوویێتی چۆتە بەهەشتەوە، (نوڵدکە) وادەزانێ کە ئەو هەمان (ئەندرێ) بووە. موسوڵمانەکان پێی دەڵێن (مثلث النعمة)، کە مەبەست لە پاشایی حیکمەت و پێغەمبەرایەتییە. (معین)

دڵم تا جەننەتی وەسڵت تەڵەب کا

دەبەم ناوت بەقەد تەهلیلی ئیدریس

(سالم –ل٧٤)

وەك یەهوود دنیا گرێی وادا لە ڕیشتەی تالعم

حەزرەتی ئیدریس بەناخون سەعی کا ناکرێتەوە

(سالم –ل١٣٣)

**ئیرەج:** کوڕی فەرەیدوونە. بە گوێرەی داستانە میللییەکان، فەرەیدوون وڵاتەکەی خۆی لە نێوان هەرسێ کوڕەکەیدا: سەلم و توور و ئیرەج، دابەش کرد، ئێران کە باشترین بەش بوو، دای بە ئیرەج، براکانی حەسادەتیان پێ برد و کوشتیان.

(معین)

غەم جەیشی سەلم و توورە دێتەسەر ئیرەجی دڵم

بۆ شوورش و وەغا چوو دڵی سینە بوو بە ڕەی!

(سالم –ل١٥٣)

**ئیرەم:** شەددادی کوڕی عاد پاشایەکی ستەمکار بوو، داوای خودایی کرد، داوود داوای لێ کرد کە خودای یەکتا بپەرستێ و بەڵێنی بەهەشتیشی پێدا، بەڵام شەدداد لە جیاتی ئەو بەهەشتە باغ و کۆشکێکی دروست کرد، کە بەناو بانگە بە (بەهەشتی شەدداد، ئیرەم، باغی ئیرەم، بەهەشتی ئیرەم، جنت زات العماد، کۆشکی ئیرەم) بە بیری ئەو، ئەوەی کە لە بەهەشتا هەبوو لەوێدا کۆی کردەوە، بەڵام کاتێ کە ویستی بچێتە ناو ئەو باغ و کۆشکەوە گیانی دەرچوو. ئەمە وەرگیراوە لە لێکدانەوەکاندا و لە وتەکانی (وهب بن منبة و کعب الاخبار) کە لە ژێر ئەم ئایەتانە دایە:

"ألم تر کیف فعل ربُك بعاد. ارم ذات العماد. التي لم یُخلق مثلها في البلاد. (سورة الفجر ٨٩، آیات ٦، ٧، ٨). واتە: ئایا نەتبینی کە خودا چی کرد بەنەتەوەی عاد، بەو ئیرەمەی کە خاوەنی کۆشکی بڵند بوو، کە لە شارەکاندا لە وێنەی ئەوە نەبوو.

بەکورتی باغی شەدداد نموونەی هەرەنایابی باغە خۆشەکان بوو.

(تلمیحات –ص ٣٦١)

گەر بێیە دەرێ سەرووی ڕەوانی لە ئیرەمدا
وەرنەییە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا
(نالی -ل٩٣)

لـە بوستـانی ئیـرەمـدا قەت نییـە وەك
شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی
(نالی -ل٧١١)

دولبـەری بـاڵا بڵندم گـەر خـەرامان بێ بەناز
سەروی گوڵزاری ئیرەم چۆن مەیلی هەمدۆشی دەكا
(سالم -ل٣٢)

قامەتت سـەروە بە گـوڵزاری ئـیرەم
سیبە ڕوخسارت بە فیردەوسی نەعیم
(سالم -ل٨٧)

سـەقـەرو بـاغـی ئـیرەم دووره بـەیـەك بـن
بوونی من دۆزەخی ئەو بۆسەی ئەو كەوسەری من
(سالم -ل٩٤)

یەك نیگەهـ ڕەونەقی باغی ئیرەمی خستە دڵم
دلبەری لالە ڕوخی گـوڵ بەدەنی غونچە دەمی
(سالم -ل١٤٩)

حۆریی باخی جینانی یا گوڵی باخی ئیرەم
أم نـجوم العرش أم شمس علی فوق العلم
(كوردی -ل٢٥)

**ئیستادە:** ڕاوەستاو.

ئیستاد + ە

ئیستاد: چاوگی كرتاوی ئیستادەن (= ایستادن)ی ف.یە. واتە ڕاوەستان.

ه = پاشگره.

حاجیب ئەر ڕی بدا دڵم دێنێ
دەمـــی دمر ئیستادە بم دایـم
(سالم -ل٨٧)

ئیستـــادە وخە جاڵەت گەردن کەچ و تەریقم
جانا بە چاوی توندی مەڕوانە شەرمەساران
(سالم -ل٩٣)

**ئیسغا:** اصغاء.ع. گوێ گرتن، بیستن، گوێ پێدان، گوێ شل کردن، گوێ ڕایەڵ کردن.

دیوانی گەرمی باری خـــــودایە بە پایە عام
ئیسغایی خەڵقە ساعەتێکی عەرزی مەحزەرە
(نالی -ل٤٤٠)

**ئیسفەند:** ئیسپەندارموز = ئیسفەندارموز.

مانگی دوانزەهەمی ساڵی خورشیدی و سێیەمین مانگی زستانە. هەروەها ڕۆژی پێنجەمی هەر مانگێکی خورشیدییە. یەکێکە لە (ئەمشاسپەندان = فریشتەکان)، کە نوێنەری ئارامی و لەسەرخۆیە و پاسەوانی زەوییە. (معین)

بەهمەن سیفـەت بەتیری غـەم ئیسفەندی یـاری دڵ
ئوردی بەهەشتی عەیشی بەدەل بوویە مانگی دەی
(کوردی -ل٦٣)

**ئیسمی ئەعزەم:** اسم اعظم. واتە ناوی گەورە لە هەموو ناوەکانی خوای مەزن، بۆ دیاریکردنی ئەمە جیاوازی و بۆچوونی زۆر هەیە، لای هەندێ (اللّه) و لای هەندێ (الصمد) و لای هەندێکی تر (الحی القیوم)، یان (الرحمن الرحیم)، یان (مهیمن) -خوا دەزانێ لە مانە کامیان ڕاستە. (غیاث)

دەسا تـەسخیری دڵ چـــاوت بە ئیمـا
سەراسەر ئیسمی ئەعزەم گەر لەبەرکا
(سالم -ل٣٠)

**ئیشرابی لەتافەت:** ئەوەی کە بەخۆشی و چێژەوە بخورێتەوە.

بەو شەهدی کەلامەت کە بە ئیشرابی لەتافەت
لەززەت دەگەیێنێ بە دڵ و زیهنی مـــوخاتەب
(نالی -ل١٣٤)

**ئیشراق:** اشراق.ع. ڕووناك بوون، درەوشانەوە، ڕۆشن بوون، هەڵاتنی خۆر.

(برقُ البصر) لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالی
(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی
(نالی -ل٦٥٧)

**ئیعجازی کەلیم:** کەلیم = کلیم اللّه: نازناوی حەزرەتی مووسایە. مووسا سەرەنجام چوو بۆ میسرو داوای لە فیرعەون کرد کە بێتە سەر ئایینەکەی، کاتێ کە فیرعەون بەرامبەر بە مووسا هیچی پێ نەکرا، داوای لێ کرد کە لەگەڵ جادووگەرەکانیدا بکەونە کێشمە کێشەوە، جادووگەرەکان لە کۆڕی فیرعەوندا مارەکانیان بەرەو مووسا بەرەڵلاکرد، مووسا بە فەرمانی خوا داردەستەکەی خۆی فڕێدایە سەر زەوی و ئەو دارەیش بوو بە ئەژدیها و هەموو مارەکانی جادووگەرەکانی قووت دا، بەو شێوەیەی کە لە سوورەی: اعراف، ئایەی ١٠٤ دا دەفەرموێ: فألقی عصاه فاذا هی ثعبان مبین. واتە: داردەستەکەی خۆی فڕێ داو ئەژدەهایەکی لێ پەیدا بوو. ئەمە یەکێ بوو لە موعجیزەکانی مووسا. یەکێکی تر لە موعجیزەکانی مووسا ئەوەیە: کاتێ کە دەستی ڕاستی دەخستە گیرفانی و دەیهێنایە دەرەوە، ڕووناکییەکی سپی بڵاو دەکردەوەو پەنجەکانیشی ڕۆشن و درەخشان دەبوون، ئەم موعجیزەیە ناسراوە بە: (یەدی بەیزا، یەدی بەیزای مووسا عومران).

لە سوورەی: طە ٢٠، ئایەی ٢٢ دەفەرموێ: واضم یدك الي جناحك تخرج بیضاء من غیر سوء آیةً اخری. واتە: دەست بگەیەنەرە باڵت یان گیرفانت کە هاتە دەرەوە سپی و ڕووناك دەبێ بە تەواوی کە ئایەتێکی ترە. کاتێ مووسا چوو بۆ بارەگای فیرعەون، مووسا دەستی خستە بن باڵی و دەریهێنایەوە وەکو سەد مانگ و خۆر دەستی ڕووناکی بڵاو دەکردەوە، بە جۆری نۆکەرەکان سەریان سوڕماو هەموویان هەڵاتن. (تلمیحات)

تاقە خاڵی ڕووت بە تەجریدی مەسیح

ساحیرە چاوت بــــە ئیعجازی کەلیم

(سالم –ل ٨٧)

**ئیفتادەگی:** ئوفتادەگی. واتە: زەبوونی، داماوی، لە پەلوپۆ کەوتوویی.

ئیفتادە = ئوفتادە، کەوتوو، بێچارە، داماو.

ئوفتادە + ە

ئوفتاد: چاوگی کرتاوی ئوفتادەن (= افتادن)ی ف.یە. واتە کەوتن.

ە: پاشگرە.

بیمی ئافاتم نیە شەوها لەبەر ئیفتادەگی

(آنچنانم کز خیالت باز نشناسم عسس)

(سالم –ل٧٣)

**ئیفشا** = افشاء. ع. ئاشکراکردن، دەرخستن و خستنەڕوو.

چــــاوی فەتتانت دەکــا سیڕی نیهانی دڵ عـیان

واقیعی هەر فیتنــە ئەسراری نیهان ئیفشــا دەکــا

(کوردی –ل١١)

**ئیفك** = افك.ع. درۆو بوختان.

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و ئیفکی حەسوودان

دونیایە دەبێ سەگ بوەڕێ شیعە بکا ســـەب

(نالی –ل ١٣٤)

**ئیقبال:** اقبال.ع. ڕووتێکردن، خۆشبەختی، بەخت.

مـوژدە لـە عــاسییان کـە ئەو ئیقبالی ڕەحمەتە

ئیسمی ڕەحیم و غەوس و شەفیع و موخەییەرە

(نالی –ل ٤٣١)

**ئیقلیمی مەلاحەت:** مەبەست مەیدانی شۆخ و شەنگییە.

چونکە هاوچەشنت لە ئیقلیمی مەلاحەتدا نییە

ساوەکو خوسرەو هەمیشە لێدە کووسی نـادری

(کوردی –ل٥٤)

**ئیکسیر:** اکسیر وشەکە کراو بە عەرەبییە و خۆی یۆنانییە. Xārion، لە عەرەبییەوە چۆتە ئینگلیزییەوە .elixir.

گەوهەرێکی تاوێنەرەوەیە، کە تەنەکان دەگۆڕێ و باشتریان دەکات، وەکو: جیوە دەکات بە زیو و مس دەکات بە زێڕ و هەر شتێکی بەکەڵك و نایاب. بەباوەڕی پێشینیان دەرمانێکە، کە هەموو نەخۆشییەك چارەسەر دەکات.

چاودێری کردنی پەروەردەکەر و مورشیدی کامڵ کە مایەو چونییەتی ئادەمیزاد دەگۆڕێ، لە سۆفیگەریدا ئادەمیزادی کامڵ، شێخ، پێشەوایە. (معین)

ئەوەی کە کیمیاگەران بەدوایدا دەگەڕان تا مسی پێ بکەن بە زێڕ بەوەیش دەڵێن ئیکسیری ئەعزەم.

سۆفییەکان لەم زاراوەیە مەبەستیان ئادەمیزادی کامڵە کە پەیدا نابێت. (عزالدین نسفی) دەڵێ: یەکێ لە ناوەکانی ئادەمیزادی کامڵ ئیکسیری ئەعزەمە، بەو جۆرە کە عیساو خزر و سولەیمانیش دەڵێن.

لە شوێنێکی تر دەڵێ: ئینسانی کامڵ هەمیشە لە جیهاندا هەیە، بەڵام لە یەکێ پترنییە، چونکە هەموو بوونەوەرەکان وەکو یەك کەسەو ئادەمیزادی کامڵیش دڵی ئەو کەسەیە، بوونەوەرانیش بە بێدڵ بوونیان نییەو دڵیش پتر لە یەکێ نییە لە جیهاندا زانایان زۆرن، بەڵام ئەوەی کە دڵی جیهانە پتر لە یەکێ نییە. (اصطلاحات)

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك

بنوارە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە

(نالی –ل٤٣١)

ساحیب زەڕو زیوێ کە فریبی عوقەلا بێ

ئیکسیری تەلای ئەحمەری چەند قەترە لەلا بێ

(نالی –ل ٦١٩)

خـودایـا مـوڵکـــی بـابـان بێڕەواج و قـەڵبە سـا لوتفێ
بـە ئـیکسیری وجـــودی ئەو بکا وەك موو بەهـا پـەیـدا
(سالم –ل١٩)

لە چەتری نـــادری ڕوتـبەم گەلــی بـاڵاترە ئیستــا
کە من ئیکسیری خـاکی ڕەهگوزاری سەرفرازێکم
(سالم –ل ٨٧)

زەربی سـەجدەی ئاستانەت باز ڕەواجی دایە ڕووم
خاکی دەرگات بۆ جەبینم حـوکمی ئیسکیری هـەیـە
(سالم –ل ١٣٥)

تاکی کونجی فەقرو گەنجی عاشقیت بۆ دەست بدات
قەت تـەمـاعی عیلمی جەبرو کیمیاو ئیسکـیر مــەکە
(کوردی –ل ٤٩)

**ئیکسیری سوهەیل:** لێرەدا مەبەست ئەو ماددەیەیە کە شتێك دەگۆڕێ بۆ شتێکی پاك و بێگەردو ڕوونـاك و ورشەدارتر.

ئیکسیر: ⟵———

سوهـەیل: ئەستێرەیەکە کە لە کۆتـایی وەرزی هـاویندا دەردەکەوێت و لەو کاتەیشدا میوە پێدەگات.   (معین)

لە کوردیدا پێی دەوترێت (گەلاوێژ) کە ئەستێرەیەکی گەش و ورشەدارە.

تیژاوی سورو شکم وەکو ئیکسیری سوهـەیلە
ڕوخساری زەردم وەکو ئەوراقی خـــــەزانە
(نالی –ل ٤٧٩)

**ئیما:** ایمـا. ع. ئیشارەت، هێما.

لەبێ ئینسافیـــا ئەکوژێ بەئیمـــا سەیدی خەڵوەت
بەمەزمـوونی عەفووگەر نـامەیی قـابیز بە حوجەت کا
(سالم – ل ٢٨)

چاوەکەت وەختێ بەئیمــا مەیلی جامی مەی دەکــا

هەرچی مەی دەیکا لەگەڵ ئەو ئەو لەگەڵ ئیمەی دەکا

(سالم - ل ٢٩)

**ئیمتیسال:** امتثال. ع. فەرمان بەجێهێنان، پەیڕەویکردن بە پێی فەرمان.

ئەوکەسە تەحدیسی نیعمەت بێ موورادو مەتلەبی

میسلی نالی ئیمتیسالی ئەمری یەزدانــی دەکـا

(نالی - ل ١٠٥)

**ئیمرووزو فەردا:** ئەمڕۆ و سبەینێ. لێرەدا مەبەست ماوەی کەم و بەسەرچوونی تەمەنە.

ئیمرووز: امروز.ف. ئەمڕۆ.

فەردا: فردا.ف. سبەی، بەیانی.

مەحەللی ریحلەتە دونیا ڕەفیق ئیمرووزو فـەردایە

(جـرس فــریاد می دارد کــە بر بـندید محـملـها)

(سالم - ل ٣٦)

**ئیمین بە خودا:** لە ئاشتیی و ئەماندا بوون بەهۆی خواوە، پەنا بەخوا بۆ خۆپاراستن.

ئیمین: ←——— ئەیمەن: ایمن.

حەبسی منی ئیمین بــەخــودا دوورە لە ئینساف

ئەم مورغە بەبێ قەیدو قەفەس ڕامە هەموو دەم

(سالم - ل ٨٦)

**ئینس:** إنس. ع. ئادەمیزاد، مرۆڤ، بنیادەم، خەڵك.

چ نوورێکــە لە حوجرەی ڕەوزەدا وا قـائیمــە قـوبـەی

قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە

(نالی - ل ٥٠١)

**ئینسان** = انسان = انسان العین.ع. بیبیلەی چاو، گلێنەی چاو.

ڕۆشنی دیدە بەئینسانە کە موژدەی قەدەمت

ڕۆشنــی دیدەیی غەمدیدەیی (بـیت الحزن)ە

(نالی -ل٥٢٧)

**ئیشعالی هەرزە:** ئادەمیزادی بێبەشبوو باو، کەسێ پابەند نەبێ بە نەریت و رەوشتی کۆمەڵایەتییەوە.

هەرزە: بێهوودە بێکەڵک، هیچ و پووچ.

بەهەرمووی چاوەکەت زەنجیرکە ناڵی
کە موتڵەق جانیبە ئینسانی هەرزە
(نالی – ل ٤٥٠)

**ئینس و جان:**

ئینس: ــــــــ

جان: ــــــــ

مەکانی وەسیتەی ئێمەکان مەکانەت بەخشی ئینس و جان
مەسەکینی لامەکان سەیران تێدا تەشریفی میوانـــە
(نالی – ل ٥٠٣)

**ئینس و جین:** انس و جن.

ــــــ ئینس و جان.

ئینس و جین موعتەریفی ئوبودیەتی حەقن بە یەقین
(همسە در ذکـــر و مناجات و قیـــام و قعود)
(سالم – ل ٥٧)

**ئینئام:** انعام. ع. ئەوەی کە لەرێی چاکەوە ببەخشرێ، شتێ بە کەسێ دان لە رووی چاکەی پیاوەتییەوە.

لە خاکی ئاستانەت ئاموقیم بـــم
کیفایەتمە لەجێی ئینعام و مەنسەب
(سالم – ل ٤٢)

# ب

**با:** مەبەست ئارەزووی دەروونییە نەفس،

نەفس بگرە لەساتی چوونی خۆڕایی هەتا مەساری
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی
(نالی – ل ٦٧٩)

**با:** بێهوودە، بێکەڵک، هیچ و پووچ.

ئەی واعیزی بارید چییە هەروەک هەوەسی کێو
بەو وەعزە کە بایە هەموو هاتووی بە سەرمــا
(نالی – ل ١١٩)

**با:** لێرەدا واتە بە بادانە واتە بەتاڵە.

بێ زولف و تەڕووی چوون زولفی سیاتان
عالەم وەکوو نالی هەموو بادانی و تاهێ
(نالی – ل ٣١٥)

**بابای عەییار:** فێڵباز، فرو فێڵاوی، کەڵەک باز

بابا: گەلێ واتای هەیە: باب، باوک، باپیرە ئادەم (باوکی ئادەمیزاد)، پیرەمێرد، کەس، وەکو دەڵێن بابایەکی شارەزووری بوو، واتە کەسێکی شارەزووری بوو.

عەییار = عیار، ع. فێڵباز، وریا و زیرەک، گیرفانبڕ، دز.

کە دیتم شەکڵی سەد ڕەنگی گوتم بابایی عەییارە
کەبیستم لەفزی بێدەنگی گوتم شەیپووری شاپوورە
(نالی- ل ٤٠٩)

**باب ئۆغلی:** کوڕی بارمگای پاشایی.

باب: ع. لێرەدا مەبەست بارمگای سوڵتانەکانە، دەرگا.

ئۆغلی: تورکییە واتە کوڕ.

سەفی پاشانی باب ئۆغلی لە دیێ گۆستەو دەباشانا
بـــەدەوری گەللەدا چۆماغ دەرکەف جوملە چۆیانــن
(سالم - ل ١٥)

**باب زەن:** شیشی کەباب، شیش لەئاسن یان دار دروست کرابێ و گۆشتی پێوە بکرێ و لەسەر ئاگر ببرژێنرێ.

مەستانە هەڵستێت و بەکوێریی ڕوقەبابێ
ئەم باب زەنە گەرم و تەڕی کابە کەبابێ
(نالی - ل ٦٢٧)

**باخ** = باغ: مەبەست ڕووی جوانی یارە.

خاڵی ڕووت قوربان بە عەییاری دڵی خەڵقــی دزی
بۆچی ڕێت دا بێتە ناو باخ ئەو حەبەش زادەی دزە
(کوردی - ل ٤٨)

**باخە:** کیسەڵ.

بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەشــــە بە عەنقا
نەك لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بەتیمساح
(نالی - ل ١٦٦)

**باخەبەر:** ئاگادار، بەئاگا، وریا، هوشیار.

مەگەر موژگان ئیشارەی کرد بەکاتیب نیکتە سەنجی کا
لە زەخمی خوون چەکانی دڵ وەکو من باخەبەر کاغەز
(سالم - ل ٧١)

جێی تورکەکانی ڕۆمە دەرو ژووری خانەقا

غافڵ هەموو لە جاهـــی موریدانی باخەبەر

(سالم - ١٣)

**بادەپەیما** = بادەنۆش، شەراب خۆر، مەی خۆر.

پـــەیما = پـــەیمای= ڕەگـی چـاوگـی پـەیموودەن (=پـیـمـودن) ی ف. یـە. واتـە ئەندازگرتن، ماوەی درێژی شتێ، پێوان و کێشانی هەرشتێ، خواردنەوە و نۆشین، نۆش کردن، بڕینی ماوەی نێوان دوو شوێن، تەیکردن.

بـــادە پەیمـایـانـــی ئیدراك و کـەمـــالی عاریفــــــان

لەنگ و عاجز بوون لەڕێی تەیکردنی مەیدانی عیشق

(کوردی - ل ١٩)

**بادەکەش:** بادەنۆش، مەی نۆش، مەی خۆر.

سێ بەسێ نەك یەك تەلاق دەن بادەکەش بادوختی ڕەز

تا ئەبەد مەستی دەبەخشێ چـاوی مەیگوون عاقیبەت

(سالم - ل ٥٣)

چـــاوت لە بەزمی بادەکـەشــان بێتو عیشوەکـــا

ناکەن بەڕەسمیی نەشئەیی مەستیی هەوایی مەی

(سالم - ل ١٥٣)

**بادەکەی سەحەر:** شنەی بای دەمەو بەیانی.

جانەم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

وەی پەیکی شارەزا لە هەموو ڕاهی پڕ خەتــەر

(سالم - ل ٦٦)

**بادەی مەردئەفگەن:** ئەو مەیەی کە ئەوەندە کاریگەر بێت دوای خواردنەوەی پیاو ئەوەندە سەرخۆش و مەست بکات کە بیدات بەزەویدا و لەپەل و پۆی بخات.

بادە: مەی، شەراب.

مەرد: پیاو.

مەرد ئەفگەن: پیاو بەزەویدا دەر، ئەوەی کە پیاو بکێشێ بەزەویدا.

ئەفگەن: ڕەگی چاوگی ئەفگەندەن (= افکندن) ی ف. یە. هەروەها بەشێوەی ئەفکەندەن، ئەو گەندەن (= افکندن، اوکندن) هاتووە. واتە: تووڕدان، فڕێدان، بەزەویداکێشان.

با لەشەرتی بادەی مەرد ئەفکەن بێ ساقی نەوجەوان
دیدە مەست بێ و کڵاو کەچ کات و دوگمەی سینەواز

(کوردی – ل ١٧)

**بادی سوبحدەم:** شنەی بای بەیانیان.

باد: با.

سوبحدەم = صبح دم. دەمەو بەیانی، سپێدە دەم.

کە بادی سوبحدەم ئەفشان ئەکا گیسوویی پڕ چینی
(زتاب جعد مشکینش چە خون افتاد در دلها)

(سالم – ل ٣٦)

**بادی سەبا:** باد صبا (ف. ع). بایەکە لەلای ڕۆژهەڵات یان سەرووی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە هەڵدەکات بۆنی خۆشی دلبەر دەهێنێ، لای شاعیرە کۆنەکان ڕۆڵی نامەبەر و پەیامهێنەر دەبینێ.

گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێکەنی یەعنی وەرە
تۆ لە وەسڵم بۆ بەرە ئەو بۆیە بولبول شین دەکا

(نالی – ل ١١٣)

بريد باد صبا دوشم آگهی آورد
کە روزمحنت و غم رویە کوتهی آورد

(حافظ، ٦٢٤ – هروی)

واتە: نامەبەری بای سەبا دوێنێ شەو دەنگوباسی بۆ هێنام دەیوت ڕۆژی غەم و ناخۆشی بەرەو نەمان دەچێ.

بوی خوش تو هرکه باد صبا شنید

ازیـــار آشنـانفس آشنـــــا شنیـد

(حافظ، ۱۰۱۳ – هروی)

واته: هەرکەسێ کە بۆنی خۆشی تۆی بەهۆی بای سەباوە پێگەیشت، دڵخۆش بوو و لە یاری ئاشناوە قسەی خۆشی بیست.

تا پێنەکەنی گـــوڵ بەدەمی بادی سەبـــــاوە

نەمگوت کە شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوو

(نالی – ل ۳۷۸)

پەرێشان و شکـــستە و سەر نیگوون. داماوە زولفەینی

تومەز بـادی سەبای چین و خەتای لێ داوە زولفەینی

(نالی – ل ٦٧٥)

هــەر سەحەر دێنێتە یادم کۆیی تۆ موڵکی خەتا

نەفحەها دینێ لە موشکین زوڵفی تۆ بادی سەبا

(سالم – ل ٣٤)

بێ بەسەر قیبلەیی دڵما وەرە ئەی بادی سەبا

بەدمێ تازەکە ڕووحم لە قەزای بوویی حەبیب

(سالم – ل ٤٥)

بێنە سا بادی سەبا لەم وەختەدا پەیغامی دوست

(تـــاکنم جـــان ازسر رغبت فیدای نـــام دوست)

(سالم – ل ٤٨)

**بادی سەحەرگەه:** شنەی بای دەمەو بەیانی.

لە سیدقم شانەوو بادی سەحەرگەه شاهیدن هەردوو

غوباری تورەیی مشکینی تـۆ نافەی بـــە ئـاهوو دا

(سالم – ل ٢١)

**بادی غەم:** دوچاری غەم بوون، گیرۆدەی دەردی سەری و ناخۆشی.

شەتتی میحنەت هات لەسەردا کەشتی هۆشی ڕاڕفاند

بادی غەم لێم بوو بەشورتە جیسری شادیم تێکشکا

(سالم – ل ۳۷)

**بادی هەوا بوون:** مەبەست بێ ئەنجام و بێ بەرو بێ کەڵك بوونە.

واچاکە خەیاڵ و خەت ئەسراری هەودا بێ

نەك بەحسی سورروور و عەلەم و بادی هەوا بێ

(نالی – ل ٦٣٠)

توراکی توان داشت درخانەء جان

کە از روزن عمر باد هوایی

(قوامی رازی – گنج سخن ۱: ۲٤٥ عفیفی)

واتە: تۆ کەی هێزو توانایەکت تێدا ماوە، کە ترووسکەی تەمەنت بەڕێکی بە ئەنجام نەگەیاند.

**بادی:** مەبەست لووت بەرزو گومڕا، هیچ و پووچ، خۆ بەزل زان، هەڵئاوساو، فووتێکراو، باکردوو. بایی، کە لە وشەی لەخۆبایی بووندا بە هەمان واتا هاتووە.

ئەی دەراتوو لە دو مەجرایی دو میزابی مەبال

مەبە بادیی وەکو خەرزیەهـ بە هەوای کیبرومەنیی

(نالی – ٦٧٠)

**بار:** جار.

دوسەدبار گەر بەگوێی خۆم حەرفی ساردت بژنەوم شادم

(جواب تلخ می زیبد لب لعل شکر خارا)

(کوردی – ل ۱۰)

**بارامی گۆڕ:** بەهرامی گوور، یان بەهرامی پێنجەم، پاشای ئێران و لە بنەماڵەی ساسانییەکان بوو، کوڕ و جێنشینی یەزگیردی یەکەم.(فرهنگ شاهنامە)

بەهرامی پێنجەم ناسراو بە بەهرامی گوور، پانزەهەمین پاشای بنەماڵەی ساسانییەکانە (٤٢١ – ٤٣٨ ز) پاشایی کردووە، لە بارەگای مونزیر (منذر)ی پاشای عەرەب پەروەردە کراوە، ناسراوە بەوەی کە تاجی پاشایی لە نێوان دوو شێردا بەدەست هێناوە، ئەم پاشایە هەموو ئەرمەنستانی خستە سەر خاکی ئێران، ئازادیی ئایینیی دا بەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەستیدا بوون.

دەڵێی بارامی گۆڕە تورکی چـاوت
لـەدڵ نەمدیوە قەت تیری خەتەرکا
(سالم – ل ٣٠)

**بارەوەر:** باروەر: بەردار، میوەدار، درەختێ کە بەری میوەی هەبێ.

وشەکە لە بنەڕەتدا (باروەر)ە و بووە بە (بارەوەر) کە دوو بەشە:

بار: میوەی درەخت، بەری درەخت، بەر.

وەر: پاشگرە بۆ مەبەستی هەبوون کە لە کۆتایی ناوەوە دێت وەکو: بەهرەوەر، کینەوەر، بەختەوەر.

زولف ئەگەر دووکەڵە دووکەڵ بەری گوڵناری نییە
سەروە گەر قامەتی کـەی سەروی ڕەوان بارەوەرە
(نالی – ل ٤١٣)

**باربەد:** (باربەذ = فەهلبەذ = فەهر بەذ = فەهەهلوەذ = پەهلبەذ.) مۆسیقا ژەن و مۆسیقازانی بەناو بانگی بارەگای خوسرەو پەروێز بووە، هەندێ دەڵێن کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی (جەهروم)ی سەربە پارێزگای فارس بووە کە دەکەوێتە سەرووی شیراز. لە بەربەت لێداندا بێ وێنە بووە ئەلحانی باربەدی، ئەو ئاوازانەیە کە ئەو دایناون و ژمارەیان (٣٠) یان (٣١)ە و هەروەها (٣٦٠) ئاواز کە بەگوێرەی ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ دانراوە بەهێنی ئەو دەزانرێ. (معین و فرهنگ شاهنامە)

موتریب ئەر وابن فیدایان بـێ ئەگیساو باربەد
ساقی ئەروابێ بەقوربانی دو دیدەی بێ ئەیاز
(کوردی – ل ١٨)

**باربەد نەوا:** مەبەست ئاواز و گۆرانی باربەدە. نەوای باربەد.

باربەد: ⟵

نەوا: ⟵

بـولبول لە شـاخساری چەمەن بـاربەد نـــەوا
گوڵ نایە سەر بەشەوق و شەغەف تاجی خوسرەوی
(سالم – ل ١٥١)

**بارش:** بارین، بارینی باران، بارینی بەفر، باران.

بار + ش.

بار: رەگی دوو چاوگی (بارین)ی کوردی و باریدەن (= باریدن)ی ف. یە.

ش: پاشگرە و کاتێ کە دەچێتە سەر رەگی چاوگ دەیکات بەناوی چاوگ.

شەرەر و تابش و بارش لەدەمی رەعدی بەهار
ئەســەری سۆزشـی گــریـانـە لە ئەفغانمدا
(نالی – ل ٩٠)

خەندەت بووەتە باعیسی گریانی دەمادەم
بەرقە سەبەبی بارشی بارانــی بـەهاریــی
(نالی – ل ٦٤٧)

**باری عومر:** مەبەست بەسەربردنی تەمەنە، ماوەی ژینی بەسەربراو.

تووشی راداری ئەجەل سالم کە بووی
رسمی ئەو بۆ باری عومرت جانە باج
(سالم – ل ٥٤)

**باریق:** بارق. ع. ورشەدار، بریسکەدار، درەخشان، تابان.

کە مەدعووی لا زەمان و لا مەکان و قوربی بێچوونی
سـوار بە لـــەم بوراقە باریقە لەم رەخشە رەخشـانـە
(نالی – ل ٥١٤)

**باریکە نەمام:** مەبەست بالآ رێك و ناوقەدی باریکی یارە، دلبەرێ کە بالآی وەکو نەونەمام یان نەمامی باریك و رێکی تازە هەڵچوو وابێت.

نالی مەکە وەسفی تۆ باریکە نەمامی تۆ
مەعلومە کە سەرووی تۆ بێ میسلە لە دونیایە
(نالی – ل ٥٦٣)

**بارێ:** جارێ، یەك جار،
بار: جار.

بارێ بە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغۆشی نەیشکەر
(سالم – ل ٦٧)

**بارەشی خەم:** مەبەست خەمی سەخت و کاریگەرە.

بانی چاوم بارەشی خەم وا بەسەر کۆی کەوتووە
خوێن بەخوڕ لێی دادەچۆڕێ وەك تکەی وێرانە ماڵ
(کوردی – ل ٢٠)

**باز:** ئینجا، دووبارە، هەروەها.

تینوویی نەزعی فیراق و یادی جوللابی لەبت
جبرەئیل یارم بێ بازئیشکا لە ڕۆح دەربردنم
(کوردی – ل ٢١)

دەست بە خەنجەر دێی و بازخۆت دەگری ساکەی لێم ئەدەی
ئینتیزاری کوژتنم زوو لێمدە یا ئەڵلا ماهڕوو
(کوردی – ل ٤٠)

سەرم شۆڕی ویسالی کەوتە سەر باز
دیسان کوردی کە دەردی سەرمە ئەمشەو
(کوردی – ل ٤٢)

دڵ لـــەبـەر زامـــی فیراقـت دائیمـــا یـــاری دەکـــا
ڕۆژ بە ڕۆژ مـەنعی دەکەم بـاز دەردی سـەختەو ئـاسرەوێ
(کوردی – ل ٦١)

سەر بلووك لای پشتی گرت و سونگی دەوران هـاتەپێش
حـــەسرەتـــا بـــازهـەم نـــەیانزانـــی نیزام وا بێحەیان
(سالم – ل ١٣)

وەسڵ و سەفـاو و کەیف و زەوق هـەفتەیێ بوو چ زوو گوزەشت
بـــاز مـــــن و بێکەسیـی و غـــەم کـەوتینە لاوە دەق بـە دەق
(سالم – ل ٧٦)

**باز:** کراوە.

بەتیرت جەرگم ئەر لەت کەی ئەبەد تەرکی ئەزمر ناکەم
لـــە مەرگـــا بـــۆ تەماشا بـــازە دایـم چاوی نێچیرت
(سالم – ل ٤٧)

**بازا:** کورتکراوەی باز بیا، بازآ، واتە دووبارەوەرە، یان وەرەوە.

لەچاوگی باز ئامەدەن (= باز آمدن)ی ف. یەوە هـاتووە، واتە دووبـارە هـاتن، یان گەڕانەوە.

باز: پێشگرە و لە سەرەتای کارەوە دێت و واتـای دووبـارە کردنەوە دەگەیەنێت.

ا: کورتکراوەی (آی، آ) کە ڕەگی چاوگی ئامەدەن (=آمدن)ی ف. یە. واتە هـاتن.

ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە بـازا
قەدی سەروم کە مانینی قەدی شیرینتە بـازا
(نالی – ل ٩٥)

**بازاڕی مەحەببەت:** مـەبەست تین و گەرمی خۆشەویستییە، گەرم و گوڕیی دڵداری.

بازاڕ: لەشیعری کۆندا گەلێ واتـای هـەیە وەك: ڕێز، خۆشەویستی، نرخ، بایەخ، شایان، شایستە، ڕەفتار، شێوە، کردەوە، گەرمی، مامەڵە، پەیمان، دان و ستان.

لە بازاڕی مەحەببەتدا هەدییەی توحفەیی میران
لە بۆ خورشیدی تابانم پیاڵەی شۆخی مینایە
(نالی – ل ٥٦٧)

**بازنی بازوو:** بازووبەند، بازیبەند، جۆرێکە لە خشڵ لە کۆندا بەکار هاتووە و وەکو بازن وابووە بەڵام گەورەترو، کراوەتە بازوو.

خڵخالی قەدەم وەك خەمی زولفەینی سەراپات
پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بازووت
(نالی – ل ١٥٣)

**بازی دڵ:** مەبەست هێز و توانای دڵی دڵدارە.

لە عەرسەی ئەوجی عیشقت بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا
بەبەرقی پرتەوی حوسنت پەڕی سووتا لە تەیرانا
(سالم – ل ٣٥)

**بازیگەهـ:** کورتکراوەی بازیگاهـ، واتە شوێنی یاری و گەمە، مەیدانی یاری کردن.

بازی: یاری.

گەهـ: کورتکراوەی (گاهـ)ەو پاشگرەو بۆ مەبەستی شوێن بەکاردێت.

ئەمڕۆ فەزای بازیگەهی جایی ڕەهزەنە
لەو دەشتە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر
(سالم – ل ١٤)

بەزۆر ئەی چەرخ وەکو بەهرامی گۆڕم
دەکەی کۆیی منیش بازیگەهی دوور
(سالم – ل ٦٤)

**باسیرە:** باصرة. ع. چاو.

شەوقی کە نەبێ باسیرە مەئیووسە لە دیتن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بەنەزەردا
(نالی – ل ٨١)

**باغچە سەرا:** باغچەی کۆشك.

سەرا: کۆشك، خانووی بەرزو گەورە، هەندێ جار ئەم وشەیە لەگەڵ وشەیەکی تردا لێکدەدرێ و وشەیەکی نوێ دروست دەکات وەك: کاروان سەرا، بوستان سەرا.

یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچەسەرابێ
ئەلوانــی گــوڵا مێز و شــەکەر بێزی تیابێ
(نالی – ل ٦١٢)

**باغی ڕوو:** مەبەست دەموچاوی جوانە.

ماری موو بۆ باغی ڕوو پەرژین دەکەی
کـــافری بێدین ئـەمینی دیـــن دەکەی
(سالم – ل ١٥٣)

**باغی سێوان:** مەبەست سنگ و مەمکی جوانە.

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بـــەیـانـــی دا ســـفیدەی بـــاغـــی سێوان
(نالی – ل ٣٢٠)

**باغی گوڵ:** مەبەست دەموچاوی جوانە.

موحیتی عـاریزی دولبەر لـەسەر ڕوو زوڵفــی پرچین هــات
بە دەوری باغی گوڵدا تەرزی سونبول مەحزی پەرژین هات
(سالم – ل ٤٦)

**باغیی:** باغی. ع. سەرکێش، یاخی، نافەرمان.

تاغیی و باغیی و باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنــی
شادو شادابە بەگـوڵ ئاتەشی یـو نارەوەنــی
(نالی – ل ٦٦٨)

**باقین:** بە قین، بەرق و قین، قیناوی، توورە.

هەموو زەڕاتی میهری ڕووتە باقین
خـــــودامان بـۆ بەقایە لێرە لاچین
(نالی – ل ٣٤٨)

**باڵامیان:** باڵای نەبەرز و نەکورت.

میان: مەبەست مام ناوەندی، ناوەنجی.

ئـەسمـــەرە لاغیر تەنە باڵامیانە کـــەچ کـــــولاهـ
سوخمەسەوزە مەیتەن ناڵە چاوخومار ئەبرۆکەمان
(کوردی – ل ٣٤)

**باڵین:** سەرین، بالیف.

کــە ڕۆین تـــوو خودا کـێ بێتە سەر باڵین و ناڵینی
کە بمری کێ هەڵیگرێ و دەفنی کا ئەم موردە بێچارە
(کوردی – ل ٤٦)

**باڵی هوما:** مەبەست کامەرانی و بەختیارییە.

گوایا لە کۆندا باوەڕ وابووە کە هەرکەسێ سێبەری باڵی هومای لەسەر بێت ئەوا کامەران دەبێت.

نـــانوێنێ بێ بەسەرما گەر موسیبەتهای چەرخ
تا لەسەر سەرما لەسایەی زوڵفی تۆ باڵی هومـا
(سالم – ل ٣٤)

**بام:** بان، سەریان.

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مـەهــڕووان ببن بــە هـیلالی شـەوی میحاق
(نالی – ل ٢٥٠)

**بامیداد** = بامداد. بەیانی، بەرەبەیان.

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دامـــەهــڕووان ببن بــە هـیلالی شــەوی مـیحاق
(نالی – ل ٢٥٠)

**بانات:** ع. کۆی (بـان)ه. درەختێکە گەڵاکانی سەوزو جوان و بۆن خۆشە، دەنکەکانی وەکو پستە (فستق)ە ڕۆنێکی بۆن خۆشی لێدەگیرێ، دەنکەکانی پێی دەوترێ (حب البان). (عمید)

هـات زەمزەمـەیی بولبول و ئاوازەیی قــومری
هـات بـادی سەبـا دێن و دەچن عەرعەرو بـانـات
(نالی – ل ١٤٣)

شوتور بـانـا ئەمە پەرژینی بـاغی ڕەوزەیە یـاخۆ
عـەرار و عـەرعـەر و بـانــی خیابـانــی بیابـانە
(نالی – ل ٤٩٦)

**بانگی مورغ:** مەبەست بـانگی کەڵەشێرە.

مورغ: ——— مورغی چەمەن.

نـاکەم تەهی کە نــاری دڵ ئـارا بە بـانگی مورغ
تـا دێ سـەحـەر لە دەرگەهی والی غریوی کووس
(سالم – ل ٧٣)

**باوسعەت:** پـان و پۆڕ و بـەر فراوان.

بـا: لێرەدا پێشگرە و وشەکە دەکات بە بەرکار و بەواتـای خـاوەن دێت.

وسعەت: گوشادی، پـانـایی.

گەرچی بـا وسعەتە ئەم مۆڵکە و لاکین بێ تۆ
دڵی من تەنگە بەقەد دیدەیی نـامەردی لەئیم
(سالم – ل ٨٨)

**باهەم:** لەگەڵ یەکدا، بەیەکەوە، لەگەڵ یەکتری، کۆبووەوە، یەکگرتوو.

مۆژەم بـاهـەم بـە ڕشتـەی دڵ دەبەستم
دەکێشم ڕەهگوزاری جـوملە جـارووب
(سالم – ل ٤٤)

**باهوو:** بازوو. لە سەنسکریتدا Bāhu لە ئەڤیستادا Bāzū ( معین).

ئەلا ئەی نازەنین ئاهوو بە باهوو
دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە
(نالی - ل ٤٤٩)

**باهۆش:** هوشیار، ئاگادار، وریا، هۆشمەند.

لە ڕەمزی سیڕی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە
وەلێ بێدڵ لە خوابی غەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە
(سالم - ل ١٢٦)

تا موعەلیمە لە عیشقا دڵی باهۆش و خیرەد
داوی زوڵفی سیەهت دەرسی دەبستانی منە
(سالم - ل ١٣١)

**بای سەرسەر:** بای سەخت و سارد.

سەرسەر = صرصر. ع. بای سەخت و سارد.

قەت مەڵێن باران لەگەڵ فیرقەتت وەرە سازش بکە
شێت نەبووم وەك پەشە من خۆم تووشی بای سەرسەر بکەم
(کوردی - ل ٢٩)

**بە بەرگ و بار:** درەختێ کە گەڵاو بەری پێوەبێت، درەختی میوە کە، گەڵاو میوەی زۆری پێوەبێت.

بەرگ: گەڵا.

بار: بەر، بەری درەخت.

ئیستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخ هەباس
یابێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور
(نالی - ل ١٨٥)

**بەبر:** بەور. گیانلەبەرێکە لە ڕەگەزی پشیلە، لە دەستەی گۆشت خۆرەکانە،

که بەزۆری لە ئاسیای ناوەڕاست و خوارووپدا دەژی. (معین)

بوو بە جێی بەبر و غەزەنفەر کووچە کووچە ناو سوقاق

سەر مەحەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جـــانستان

(سالم –ل ١٠٠)

**بەبری بەیان:** لە ئەدەبی کۆنی کوردی و دەورو پشتیدا زاراوەیەکی کۆنە و زۆر بەکار هـاتووە، بەڵام بەو شێوەیەی کە سالمی شاعیر بەکاری هێناوە لەوە دەچێ کە لە (بـەبـری بـەیـان) دا وشەی (بـەبـر) ی بـە واتـای (بـەور) بـەکـار هـێنـابـێ کـە گیانلەبەرێکی دڕندەیە لە ڕەگەزی پشیلەیە و بەڵام زۆر گەورەترە و لە پڵنگ دەچێ، بەم پێیە (بەبری بەیان) دەبێ ئەو بەورە بێت کە لە دەمەو بەیاندا هێرش دەکات.

بەڵام (بەبری بەیان) زاراوەیەکی کۆنە و بەرگێکی جەنگی بووە کە ڕۆستەم لە جەنگدا لەبەری کردووە، کە لە ئاودا تەڕ نەدەبوو، و لە ناو ئاگریشدا نە دەسووتا. (فرهنگ شاهنامە)

قەهــرناك و سەر بەرەهنـە ئاتەش ئەفشـان حەملـەوەر

جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

(سالم –ل ١٠٠)

لێرەدا نمونە دەهێنینەوە بەو واتایەی کە (بەبری بەیان) بەرگێکی جەنگی بووە و لە چەرمی پڵنگ دروست کراوە و ئاو و ئاگر کاریان تێ نەکردووە. فیرەوسی لە شاهنامەدا دەڵێ:

یکی درع پوشم زببر بیان

کزآب و زآتش نیابد زیان

چوببر بیان را بەبر افـکنم

بسا سرکشان را بەسر افکنم

واتە: زرێیەك دەپۆشم کە بەبری بەیان بێت و ئاو و ئاگر زیانی پێ نەگەیەنێت، کاتێ بەبری بەیان لەبەرکەم زۆر سەرکێش و یاخی دەبەزێنم.

دیسان دەڵێ:

یکی جـامه دارد ز چرم پلنگ

بپوشد بـەبر اندر آید به جنگ

همی نام ببر بیـان خوانـدش

زخفتان و جوشن فزون داندش

واته بەرگێکی هەیە کە لە چەرمی پڵنگ دروست کراوە، دەیپۆشێت و دێتە جەنگەوە، ئەو بەرگە پێی دەوترێت بەبری بەیان، لە خەفتان و جوشەن کە (دوو بەرگی جەنگین) باشترە. (فرهنگ شاهنامه)

**بەجان:** بەدڵ و بەگیان، بەو پەڕی ئارەزوو و دڵسۆزییەوە.

جان: گیان.

گاهی ڕووتی موشتەری ڕووتم بە جان

خۆشە بۆ ڕووتی گەدا ڕۆژی هـــەتاو

(سالم -ل ١٠٨)

**بەجان:** بەدڵ و بەگیان، بە پەرۆشەوە.

جان: گیان.

وەرە قوربان بەجان هەردوو برابین

کەتۆ بێ مادەرو مـن بێ پدر مـام

(نالی - ل ٢٦٤)

**بەچچە نەواز:** مەبەست هەتیو باز، منداڵ بازە.

بەچچە = بەچە. منداڵ

نەواز: ⟵ دڵنەواز.

ڕێ مەدە لەم بەزمە شێخی تەکیە و سۆفی خانەقا

کـۆنە لۆتی جندە پەروەر سپڵەیی بـەچچە نـەواز

(کوردی - ل ١٨)

**بەحری خیرەد:** واتە دەریای هۆش. مەبەست زۆر ژیر و هۆشمەندە.

وا كە لەب بۆ سوخەن ئەی بەحری خیرەد

دا بلێن لـــەعلـی درەوشـــــــــــانی هـــەیـــە

(سالم -ل ١٣٤)

**بەحری فیرعەون:** کاتێ کە مووسا و نەتەوەکەی بەهۆی ستەمی فیرعەونەوە هەلاتن، گەیشتنە رووباری نیل، مووسا بە فەرمانی خوا، دار دەستەکەی خۆی کێشا بەئاوی نیلدا و ئەویش شەقی برد، بەو شێوەی کە لە سوورەی الشعراء ٢٦، ئایەی ٦٣ دا دەفەرمووێ: فأوحَينا الي موسي أن إضرب بعصاكَ البَحرَ فانفلَقَ. بەنی ئیسرائیل بەو رێڕەوەی کە دروست بوو پەڕینەوە، بەلام کاتێ فیرعەون و سوپاکەی کە دووی مووسا کەوتبوون ویستیان لەو رێگە شەق بردووەوە بپەڕنەوە، ئاوەکە هاتەوە شوێنی خۆی و نوقمی ئاوی کردن. ناوی ئەو دەریایەی کە فیرعەون و نەتەوەکەی تێدا نوقم بوو بەگوێرەی بۆچوونێکی بەناوبانگ دەڵێن نیلە، بەلام هەندێك دەڵێن (اساف)ە، کە ناوی دەریایەکە و فیرعەونی تێدا نوقوم بووە. «شرح نصاب خوراسکایی ٦٤»

فـــرعـون گشتە ازدم او بـــاطـل الوجـود

مـــانـده خضـر ز شربـــت او دایـــــم البقـاء

«جمال الدين اصفهانی -درلغز آب،١٨»

واتـە: فـیـرعـەون بـەهـۆی فـەرمـانـی خـوداوە لـەنـاو چـوو و خـدریش بـەهـۆی خواردنەوەی ئاوی حەیاتەوە هەمیشە زیندووە.

لە لێکدانەوەکاندا هاتووە، کاتێ کە فیرعەون بینی ئەوەندەی نەماوە کە نوقمی ئاوبێت وتی: آمنتَ. واتە ئیمانم هێنا بە خودای بەنی ئیسرائیل، جوبرەئیل لە هەمان کاتدا تۆپەلێ قوری دەریای هەڵگرت و کێشای بە دەمیدا و وتی: الآن وقد عصَيت قبلُ كنتَ من المفسدين. واتە ئیستا ئیمان دەهێنی و لەپێش ئەمەدا لە بەدکاران بوویت.

لە سوورەی یونس ١٠، آیەی ٩٠، ٩١، دەفەرموێ = وجاوزنا ببني اسرائيل البحر فأتبعهم فرعون وجنود بَغياً وعَدواً حتي إذا أدركهُ الغَرقُ قال آمنتُ انهُ لا إله إلا الذي آمنتْ به بنو اسرائيلَ وأنا من المسلمين. آلن وقد عصيت قبلُ وكنت من

المفسدين. واته: بەنی ئیسرائیلمان لە دەریا پەڕاندەوە، دوای ئەوەی کە فیرعەون و لەشکرەکەی بۆ ستەم و دەست درێژی دوویان کەوتن، کەزانی نوقمی دەریا دەبێت وتی ئیمانم هێنا بەو خوایەی کە بەنی ئیسرائیل بڕوایان پێیەتی و من پەیڕەوی ئەوان دەکەم.

ئیستا ئیمان دەهێنی و لە پێشا نافەرمانیت دەکرد و لە بەدکاران بوویت.

دەڵێن کاتێ کە جوبرەئیل دەنگوباسی نوقم بوونی فیرعەون و لەشکرەکەی بەمووسا و نەتەوەکەی گەیاند، باوەڕیان نەکرد لەبەرئەوە خوا مردووەکانی خستە سەر ئاو، تا نەتەوەی مووسا بیانبینن، لەو کاتە بەدواوە ئاو هیچ مردوویەك نوقوم ناکات.

قـوم فرعـون همەرا درین دریـــا راند
آنگهی غرقه کندشــان و نگون گرداند
گریترسندی و فرعـون خدارا خـــواند
جبرئیل آید و خـاکش به دهن افشـاند
وندر آن دریـــا و آن آب و وحـــــــل
کـه برون آمد از آنجـا نتواند بەشنـاه

منوچهری – ۱۹۱

واتـە: هـەموو نـەتـەوەی فـیرعـەون دەخـاتـە بـنـی دەریـاوە و ئـینـجـا نـوقـم و سەرنگوونیان دەکات، فیرعەون لە تاواندا پەنا بۆ خودا دەبات و جوبرەئیل دێت و خاك، یان قوڕ دەدات بە دەمیدا و لەناو ئەو دەریا و ئەو قوڕەدا گیر دەخوات و ناتوانێ کە بە مەلە بێتە دەرەوە.

در نیل غم فتاد و سپەهرش بە طنزگفت
الآن قـد ندمت ومـــــا ینفـــــــع الندم

(تلمیحات – حافظ – ۲۱۲)

واتە: لەنیلدا غەم و ناخۆشی ڕووی کردە فیرعەون و چەرخ و زەمانەیش بەگاڵتەوە پێی وت: ئیستا پەشیمان بوویتەوە و پەشیمانیش کەڵکی نییە.

به ناوی عیشق و ئاوی دڵ جەسەد وەك حەزرەتی مووسا
تەریقــی بەحری فیرعەون و ڕەفیقـــی ئـاتەشی تــووره
(نالی – ل ٤٠٧)

**بەخت سووتان:** ماڵ کاول بوون، ماڵ ویران بوون، بەخت و ئارەزوو لە ناو چوون.

بەختی سووتێ سا لە ڕێی حەق حەق حەقی لێ وەرگرێ
بـــە دنمەك گیری نمــەك بــێ وەك ئەوان دایـــان بەمـــان
(سالم –ل ١٠١)

**بەختی ڕۆم بوو بەجای مەتلەعی خورشید:** مەبەست ئەوەیە کە ڕۆژی بەختەوەری و خۆشی و شادی تورکەکانی عوسمانی بوو.

ڕۆم: ⟵
جا: ⟵

تابوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
ســووتــا گیاهـ و تیشنە و خوشکیدە بــوو شەجەر
(سالم – ل ٦٧)

**بەخشش:** پێدان، بەخشیش، پارە پێدان، بەخشین.

وەختی بەخــشش بۆ بنووســم داســتانی هیــمەتت
مەردی دانا وەسفی جوودی حاتەمی تەی کەی دەکا
(سالم –ل ٣٠)

**بەد ئەختەر:** بەد بەخت، بێ بەخت.

ئەختە: ئەستێرە. ف.
پەهلەڤی. Axtar (معین)

حیفزت شەبان و ئێمە ڕەمەو ئــەو لەعینە گــورگ
ئەم نەفسە گورگە مێشە لەگەڵ ئەو بەد ئەختەرە
(نالی – ل ٤٣٢)

**بەدەل بوون:** گۆڕان.

بەهەمەن سیفەت بەتیری غەم نیسفەندی یاری دڵ

نۆردی بەهەشتی عەیشی بەدەل بوو بەمانگی دەی

(کوردی – ل ٦٣)

**بەدەل کردن:** گۆڕان کاری.

بەدەل کەین بابە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دونیا

(ألا یـــا أیهـــا الســـــاقـــي إدر کـــــــأساً ونـــاولهـــا)

(سالم – ل ٣٦)

**بەدری دوجا:** مانگی چواردە شەوەی تاریکی ڕەوێنەوە.

بەدر: بدر. ع. مانگی چواردە شەوە.

مانگی تەواو، شەوی چواردەهەمی مانگی قەمەری.

بە فەرموودەی خودا فەرمووی بفەرموو مەستە هەرنیستە

لەجێی بەدری دوجـاو و دوڕی یـەکتـا دوڕی یـەك دانـە

(نالی – ل ٥١٣)

**بەدری مونیر:** مانگی چواردە شەوەی درەخشان. مەبەست دەموچاوی زۆر جوانە.

وەك لە تاریکی شەوا ناگەهـ چراغـێ دەرکەوێ

پەردەیی زولفی کە لادا کەوتە دەر بەدری مونیر

(سالم –ل ٦٩)

**بەدنمەك:** ئەو کەسەی کە چاکەی لەگەڵ بکرێت و لە بەرچاوی نەبێت.

بەختی سـووتێ سا لە ڕێی حەق حەق حەقی لێ وەرگرێ

بــــــە دنمەك گیری نمەك بێ وەك ئەوان دایان بە مــان

(سالم –ل ١٠١)

**بەرات:** برات. ع. نووسراوێکە کە بەگوێرەی ئەوە کەسێ برێ پارەی پێ وەردەگرێت، یان برێ پارە دەدات. (عمید)

وەك ذەرەیی بێ جیلوە نەمەوجوود و نەمەعدووم – جۆیایی بەراتم

(نالی – ل ٢٦٩)

**بەراوێتن:** بەرخستن، بەرفڕێدان.

خۆزگی نیشتۆتە ئەرزی و تومەزا هێشتا وەکو

نوتفەکەی هەر ئاو بو بەریاوێت لەبەر هەورو هەڵاو

(نالی – ل ٣٦٤)

**بەرەهنە:** ڕووت.

قەهرناك و سەر بەرەهنە ئاتەش ئەفشان حەملەوەر

جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

(سالم –ل ١٠٠)

**بەربەت:** کراو بە عەرەبییەکەی (بربط)ە. پەهلەڤی barbut، یۆنانی barbitos، یەکێك بوو لە باوترین و گرینگترین سازەکانی ڕابوردووی مێژووی ئێران و عەرەب، لە دروست کردنی ئەم ئامرازە مۆسیقییە کە لە دار و ژێ دروست کراوە ئەوپەڕی وردی بەکار هاتووە، ئەمە وەکو تەنبوور وایە، کاسەکەی گەورە و دەسکەکەی کورتە. (معین)

سالم لە هەوای مەجلیسی ئەو... قەددت!

وەك بەربەت و نەی تا بەسەحەر ناڵەمە ئیمشەو.

(سالم –ل ١٢٠)

**بەرتەر:** لە پێشتر، گەورەتر، مەزنتر.

سا شەرحی وەسفی تۆ بە چ وەجهێ بکەم ئەدا

هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و بەرتەری

(سالم – ١٤٥)

**بەرجەستە:** دەرکەوتوو، ناسراو و دیار، باش و پەسەند، نایاب.

وەرە سەیری خیابان و بەیازی دەفتەری نالی

کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕیزی سەروی مەوزوونە

(نالی – ل ٥٢٣)

**بەرجیس:** ئەستێرەی موشتەرییە، یەکێکە لە گەورەترین ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر، کە لە ئەستێرەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە درەخشانترە، هەروەها پێیشی دەڵێن ئوور موزد. (معین)

لەجەوری ماهی بێ میهرم هەموو شەو

دەگـــا ئاهی شەرەروارم بـــە بەرجیس

(سالم -ل ٧٤)

**بەردە باز:** ئەو بەردەیە کە لە تەنکایی یان بواری چەم و جۆگەدا، دادەنرێت بۆ ئەوەی پێی بخرێتە سەر بۆ پەڕینەوە.

ســـەر بەردەبازی ڕێتە تەن تەختە بەندی جێتە

دڵ مەیلی خـــاکی پێتە ڕۆح مـــاڵی خۆتە بیبە

(نالی - ل ٣٩٥)

**بەردو لعەجووز** = برد العجوز. ع. بەردی عەجووز، سەرمای پیرەژن، حەوت ڕۆژی کۆتایی زستانە، سێ ڕۆژی کۆتایی مانگی بەهمەن و چوار ڕۆژی یەکەمی مانگی ئیسفەندە، هەندێ کەس ئەسڵەکەی بە «برد العجز» دا دەنێن التفهیم ٢٦٢.

کآفتاب من از حمل شد شاد

کی ز برد العجوزم آید یـــاد

(نظامی، هفت پیکر. ارمغان. ص١٩٦- معین)

واتە: هەتاوی ڕۆژگاری من بەهۆی بورجی حەمەل (بەرخ)ەوە، شاد بوو. حەمەل: یەکەمین بورجە لە دوانزە بورجەکە. ئیتر کەی من یادی بورجی پیرەژن دەکەمەوە.

بەردولعەجووزەیێکی کە نەیبوو بەغەیری بەرد

دنیـــــا ئەمە چ ڕەنگـــــە چ بێنێکـــە دایـــــەوە

(نالی - ل ٥٥٣)

**بەرق و بەراق:** درەوشانەوە، بریق و باق، ورشەو پرشە، شەوق دانەوە.

زەرق و زەراقی وەکو خاکستەر ئەمما بێ غوبار

بەرق و بەراقی وەکـــو پیروزە لاکین بێ کرێژ

(نالی - ل ٢٢٦)

**بەرقی ئاتەش زەن:** برووسکەی ئاگر وەشێن.

بەرق: برووسکە.

ئاتەش: ئاگر.

زەن: ڕەگی چاوگی زەدەن (= زدن)ی ف یە واتە لێدان.

لە بیابانی غەما بەسکی بە تیغت تیشنە ئەم
بەرقی ئاتەش زەنی ئەو لەززەتی بەفراوی منە

(سالم –ل١٢٩)

**بەرکەنار:** دوور، لەکار دوور خراوە، بێکار و گۆشەگیر.

لەگەڵ عیشقت وەهــــا یارو ئەنیسم
لە تۆش حەتتا بە کوللی بەرکەنارم

(کوردی – ل ٢٤)

**بەرگەشتە بەخت:** بەد بەخت، بەخت هەڵگەڕاوە.

بەرگەشتە: هەڵگەڕاوە. وشەکە دوو بەشە. بەرگەشت + ە.

بەرگەشت: چاوگی کرتاوی بەرگشتەن (= برگشتن) ی ف. یە. واتە گەڕانەوە.

ە: پاشگرە.

لەگەڵ بەرگەشتە بەختی من مــوژەی تۆ
قیاسم کرد لە ڕووتا وەك یەکن جووت

(سالم –ل ٥٠)

**بەرگەشتە تالع:** بەد بەخت.

بەرگەشتە: سەرنگوون، هەڵگەڕاوە.

بەرگەشت + ە

بەرگەشت: چاوگی کرتاوی بەرگەشتەن (= برگشتن) ی ف. یە واتە، گەڕانەوە، سەرنگوون بوون، هەڵگەڕانەوە.

ە: پاشگرە.

وەکو موژگانی تۆ بەرگەشتە تالیع بە ڕووی مندا
پەرێشان زوڵفی مشکینت لەگەڵ ئەحواڵی من جووتە
(سالم - ل ١٢١)

**بەرگی نەسرین:** پەڕەی گوڵی نەسرین.

ڕووە یا گوڵ ئەمە یا بەرگی نەسرین
(لب است این یا شکر یا جان شیرین)
(سالم - ل ٩٥)

**بەری حوسن:** بێ بەش لە جوانیدا.

بەری حوسنە پەری تا تودیاری
لە ڕووی مەهە نا نوێنێ شەوقی کەوکەب
(سالم -ل ٤٣)

**بەرمزا:** گیایەکی جوانە لە ناو ئاودا دەڕوێ، لاسکەکانی باریك و درێژ و ڕەشن.

وەك دوڕو عەقیق نەقشە دەندان و لەبی ئاڵت
میسلی بەڕمزا پەخشە ئەگریجە لە سەر خاڵت
(سالم -ل ٥١)

**بەرۆخ وەك شەم:** مەبەست دەموچاوی جوانە، ڕووی وەك مۆم لە گەشی و جوانیدا.

ڕوخ: ڕوو.

شەم: کورتکراوەی شەمعی عەرەبییە، واتە مۆم.

بەڕوخ وەك شەم بە ئەبرۆ خەم سیەهـ پەرچەم لەمن بێغەم
گوارە تۆ کە هاتوو چوو متاون مەهـ و پەروین!
(سالم - ل ٩٥)

**بەزانوودا هاتن:** بەچۆکدا هاتن، چۆك دادان، لە سەر ئەژنۆ دانیشتن بە مەبەستی ڕێز گرتن.

زانوو: ئەژنۆ.

زوڵف و کاکۆڵ و غوڵامانەی هەموو ئەفشان بکا

بێ بەزانوودا بدا جـــامێ بەعیشوە و شەرم و ناز

(کوردی -ل ١٧)

**بەزلەگۆ:** (ع. ف)، گاڵتەچی، سوعبەتچی، ئەو کەسەی گاڵتە دەکات و خەڵك دێنێتە پێکەنینن بە نوکتەو قسەی خۆش.

بەزلە = بذلە. ع. نوکتە، قسەی خۆش.

گۆ = گوو. رەگی چاوگی گوفتەن (=گفتن) ی ف. یە، واتە وتن.

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سەنجی و بەزلە گۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نالی – ل ١٠١)

اگرصد ناپسند آید زدرویش

رفیقانش یکی از صد ندانند

وگر یك بذلە گوید پادشاهی

از اقلیمی بە اقلیمی رسانند

(سعدی -گلستان -ص١٥٥-غلامحسین)

واتە: ئەگەر دەروێشێ سەد کاری ناپەسند بکات هاورێکانی لە سەدا یەکێکیشی لێ ناگرن، خۆ ئەگەر پاشایەك گاڵتەیەك بکات یان نوکتەیەك بگێرێتەوە، ئەوا، لە ناوچەیەکەوە دەگەیەنرێت بە ناوچەیەکی تر و بڵاو دەبێتەوە.

**بەزم:** کۆڕی خۆش و شادییە، کۆڕی مەی خواردنەوە و میوانی، ئەنجوومەنێ یان کۆڕێ کە بۆ مەبەستی ڕابواردن خەڵکێکی زۆری تێدا کۆبوویێتەوە.

بەزمی هوزارە قەل فڕی ئەغیارە دەوری گوڵ

سۆفی بڕۆ مەبە بەدڕك تۆ لە ئێمە نیی

(نالی – ل ٦٦٤)

ئەی دوڕی تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهان

شەمسی ئەفلاکی کەماڵ و شەمعی بەزمی عاریفان

(کوردی – ل ٣٤)

**بەزم ساز:** ڕازێنەرەوە سازکەری کۆڕی خۆشی و شادی و ڕابواردن و مەی خواردنەوە

بەزم: ⟵

ساز: ڕەگی چاوگی ساختەن (= ساختن) ی ف. یە. واتە دروست کردن، سازکردن

دڵ لە میحنەت کـەیلە ئـەی پیری موغـانی بەزم ساز
هـەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیش و تەرەب مەسنەد تەراز
(کوردی – ل ١٧)

**بەزمی مونعیم:** مەبەست کۆڕی خۆشی و شادی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارە.

نەچوونی خزمەتی دولبەر ئەگەر وەك مردنە ئەمما
مەچۆ سالم لە بەزمی مونعیما جێگەی گەدا نابێ
(سالم –ل ١٤٠)

**بەس:** زۆر، گەلێ.

گەر بە بۆ نیسبەتی تورەت بدەمە موشکی خـەتا
بۆ خەتا فەخرە بەسا بۆ منە بەس خەبت و خەتا
(سالم –ل ٣٤)

خۆش سوبح دەمێکە کە بە خـەندە دەنوێنێ
بەس زەرەیی خورشید لە زەرێکی سوهـادا
(نالی – ل ٨٤)

ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر
بریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جیگەر
(سالم – ل ٦٧)

دڵ لە حەلقەیی چینی زولفت ئەی بەسا زنجیری دی
سینەیی ڕیشم لە غەمزەت بـەس نیشانەی تیری دی
(سالم – ل ١٤٣)

**بەسا:** زۆر، گەلێ، فرە.

قەد گوریز نەدا لە تیری موژەت

ئەی بەسا سەخت جان و بێعارم

(سالم - ل ٨١)

دڵ لە حەلقەی چینی زوڵفت ئەی بەسا زنجیری دی

سینەیی ڕیشم لە غەمزەت بەس نیشانەی تیری دی

(سالم - ل ١٤٣)

**بەستە:** بەستراو، پابەند، بەستراوە بە شتێ یان بە شوێنێ، زنجیرکراو، ناچارکراو، جێگیرکراو.

حەلقە حەلقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵفت

بۆ دڵی خەستە کە وابەستەیی هەوداییکە

(نالی - ل ٤٦٢)

**بەستە زوبان:** ئەمڕۆ لە کوردیدا سوواوە و بووە بە بەسزمان. مەبەست بێدەسەڵاتە، ئەو کەسەی کە بێ وەی و بێ ئازار و بێزیان بێت.

بەستە: بەستراو.

خەڵقی کە هەموو کودەکن و بەستە زوبانن

بابێن و لە نالی ببیەن شیعری سەلیقی

(نالی - ل ٦٥٧)

**بەسکی:** هەندە زۆر کە، ئەوەندە زۆر کە.

بەس: زۆر، گەلێ.

کی: کە.

جەوانانی سەهی قەد بەسکی دامـاون لەبچیزی

لە ژێر باری غەما هەریەك لەخەم وامیسلی چەوگانن

(سالم - ل ١٥)

سالم ئەمشەو بەناڵە قادر نیم
بـــەسکی زارو نەزارە ئەفکارم
(سالم – ل ٨١)

**بەس موشکیلە:** زۆر سەختە، گەلێ زەحمەتە، زۆرگرانە.

وەك چـــاوی بێغەمانە هـــەموو شیوی ئـــاودار
بەس موشکیلە لــە چەشمەیی ئەو قەترە بێتەدەر
(سالم – ل ١٤)

**بەسی:** زۆر، گەلێ، فرە.

بەسی دوون هیمەتە گەر ئارەزووی ئەو رەنگی شاهی کا
هــەتــا ســەر گەشتە سالم ئوفتادەی ســــــایــەی کــووتە
(سالم – ل ١٢٢)

**بەشارەت چیی:** ئەو کەسەی کە هەواڵی خۆشی دەگەیەنێت، ئەوەی کە دەنگ و باسێکی خۆش دەگەیەنێت و مژدە وەردەگرێ.

موژدەی قەدەمی سەربوو دڵ هـات و لە رێدا چوو
جـان مـاوە لە بۆ وەسـڵی بەرێ بە بەشارەت چیی
(نالی – ل ٦٤٤)

**بەشیر:** بشیر. ع. مژدەدەر، کەسێ کە دەنگوبـاسی خۆش بهێنێ.

موحەممەد ئەحمەدی مورسەل مونیری مینبەرو مەحفەل
بەشیری ئـــــاخیرو ئەووەل نەزیری خـــوێش و بێگـــانــە
(نالی – ل ٥٠٤)

**بە عەفواچوون:** مەبەست بەسەرچوون و لە ناوچوون و تەواو بوونە.

لە وەرەعا زاهیدی ئەفســـوردە نەیدی لەززەتی مەستیی
بەعەفوا چــوو سەراسەر رۆژگـــاری چکونکی بێدڵ بــوو
(سالم – ل ١١٢)

**بەعدەزین:** کورتکراوەی بەعد ئەز ئین = بعد از این.

واتە دوای ئەمە، لە پاش ئەمە.

بعد: پاش، دوا.

از: لە.

این: ئەمە.

دەمی نازت بە ڕوو سەختیی کە تابی تیری غەمزەم بوو
لە ڕێی تیغی جەفاتا بەعدەزین جەوشەن لە بەرناکەم
(سالم –ل ٨٤)

بەعدەزین کاری من بە زوننارە
دینی بردم نیگاهی تەر ساخوو
(سالم –ل ١١٥)

ڕۆژی ئەوەڵ سەبتی دڵ بوو حەرفی عیشقت بەعدەزین
قەت بەسەیلابی حەوادیس لێی مەحوو نابێتەوە
(سالم –ل ١٣٣)

**بەقەم:** کراوە بە عەرەبی. بەکەم = بەگەم.

ڕەنگێکە لە درەختی بەقەم وەردەگیرێ. درەختێکە بەرزایی دەگاتە (١٢) دوانزە میتر، لە دارەکەی ڕەنگی بەنەوشەیی، شین، سوور، خۆڵەمێشی، ڕەش دەردەهێنرێت و بۆ ڕەنگ کردنی پارچەی ئاوریشم و خوری بە کاردێت و بۆ ئەم جۆرە پارچانە ڕەنگەکەی بەردەوامە و بۆ پارچەی لۆکە و کەتان کەمتر دەمێنێتەوە، ئەم درەختە لە مەکزیك و هیندوراس و جزیرەکانی ئانتیل دەڕوێت و پێی دەوترێت درەختی بەقەم. (معین)

من مەتاعم جاوە چاوم باخەبەر بێ موشتەری
تاغەزەل سەودا نەکا لای تاجری چیتی بەقەم
(نالی – ل ٣١٠)

به خـوێنی جـەرگ و دڵ لە فیراقتدا

ڕەنگی ئەشکم بە ڕاستی وەك بـەقـەمـە

(سالم – ل ١٢٣)

**بەقیە دووز:** ئەو کەسەیە کە پاشماوەی پارچە و کۆنە دەدوورێتەوە.

بەقیە:بقی. ع. پاشماوە.

دووز: ڕەگی چاوگی دووختەن (=دوختن) ی ف. یە. واتە دوورین.

ئەم (دووز)ە بە شێوەیەکی تر لە وشەی (پینەدۆز)ی کوردیدا هاتووە.

بەقیە دووزی جیگەری لەت لــەتی شمشێری جەفا

مـەرهـەمی سینەیی مەجرووحـی سینـانی هیجران

(کوردی –ل ٣٦)

**بەقیع:** بقیع.ع، شوێنێ کە درەختی جۆراو جۆری تێدا بێت. هـەروەهـا نـاوی گۆڕستـانێکە لە مەدینە.

ئێمە بــەقیعـی غیرەتــی تــۆمـان حـەزیرەیــە

ئەم نەفسە گورگەمێشە شەیاتینی عەسکەرە

(نالی – ل ٤٣٢)

**بەلەب خەندان:** مـەبەست دەم بە پێکەنینە.

لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکی حەیرانن بەناچاری

بەلەب خـەنـدان و شـــــادانن بــــە دڵ غەمگین و گریـانن

(سالم –ل ١٠٦)

**بەلقیس:** شا ژنی شاری (سەبەء = سبأ) هـاوچەرخی سولەیمـانی کوڕی داود بوو، کە چوو بۆ دیدەنی و، لە داستانەکانی تردا بە هـاوسەری سولەیمان نـاسراوە. (معین)

ســـولەیمانم بە تەمکین تـا مـــەکانت

لە ناو مەهدی دڵابێ میسلی بەلقیس

(سالم –ل ٧٤)

خاقانی دەڵێ:

حضرت بلقیس بانوی سابا

برســـر عـــرشی معـــلادیدم

(خاقانی ــ فرهنگ شاهنامه)

واته: حەزرەتی بەلقیسم بینی کە شا ژنی سەبا بوو، لە سەر تەختی ڕازاوە.

**بەڵا:** کورتکراوەی بەڵام.

واقیعەن خـــانەقە خـــۆش زەمزەمەیێکی تێدا

یە بەڵا قەندی هەیە گەندی هەیە ڕەندی نییە

(نالی - ل ٥٩٥)

**بەڵا:** بەڵام، وەلێ.

خوابی غەفڵەت نازیلە بۆ چاوی شەحنە و موحتەسیب

دەرفـــەتە جـــامێ ئەسەرکێشی بـــەڵا بێ ئیـــحتیراز

(کوردی -ل ١٧)

**بەڵا:** با.

عـــەزیزان من ئەوا ڕۆییم لـــە لاتان

لە مەزلوومان بەڵا چۆڵ بێ وڵاتان

(کوردی -ل ٣٥)

**بەڵا جۆ:** ئەوەی کە بە دوای بەڵادا بگەڕێت.

جۆ: ←——— جۆیا.

لـە دوو زوڵفـی بەڵا جۆ کـە بەڵا دەنوێنێ

نەفی مانەندی لەتیفی ڕوخی جانانە دەکا

(سالم: -ل ٣٤)

**بەلا گەردان:** مەبەست لابەر و دوورخەرەوەی بەلاو ڕەنج و سەختییە.

بەلا + گەردان

بەلا: بلا. ع. غەم و ڕەنج و گرفتاری.

گەردان: گەرد + ان.

گەرد: ڕەگی چاوگی گەشتەن، گەردیدەن (= گشتن، گردیدن)ی ف. یە، واتە، سووڕان، چەرخان، گۆڕان، سووڕانەوەی شتێ بە دەوری خۆیدا...هتد.

ان: پاشگرە، کاتێ کە دێتە سەر ڕەگی چاوگ چۆنیەتی پیشان دەدات.

بەلا گەردانی بالات بم ئەگەر چووم
فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام
(نالی –ل ٢٦٢)

**بەلان:** بەلام.

واقیعی شیرین سوالێکە بەلان لیکن دەبوو
مەسئەلە بڕوایە لای شەخسێکی دانا و حاڵ زان
(کوردی –ل ٣٤)

ئەهلی چین نەققاشی چاکن خۆ بەلان تەسویری تۆ
نەقشی خامەی کردگارە کاری وەستای چین نییە
(کوردی –ل ٥٢)

**بەم و زیر:** بەم: ئاوازی گڕوگەورە و بەرزی ئادەمیزاد و ساز، دەنگێ کە لە یەك کاتدا لەرینەوەی کەمتر لە دەنگی زیر پەیدا بکات، ژێی ساز کە دەنگی گڕە.

زیر: دەنگی نزم و ناسکی بەرامبەر بەم. ژێی ساز. (معین)

چ شەو چ ڕۆژ وەها کورتی لەهوو لەعب و میزاح
کە هەردوو وەك یەکە چوون نەغمەیی بەم و زیر
(نالی –ل ٢٠٦)

**بە ناسوور بوونی برین:** برینێ کە هەوی کردبێ و ئاوسابێ کێمی تێ زابێت و ئازاراوی بێت.

ناسوور: ناصور. ع. برینی گۆشەی چاو و بنی دان و... هتد، ئەو شوێنەی سەر پێست کە کێمی لێ دێتە دەرەوە بە هۆی برینێکی قووڵەوە، برینێك کە چاك نەبێتەوە، یان بە سەختی چارە بکرێ. (معین)

لێی دەپرسم بۆچی بەکل ساودەی موژە و ئەبرۆت دەڵێ

تیغی تیژ زەهراو دەدەم تا هەر بە ناسوور بن برین

(کوردی –ل ٣٨)

**بەند:** مەبەست داخراوە.

دەری مەیخانە بەندە رێگە نییە

(افتح الباب یا مفتح الابواب)

(سالم –ل ٤٣)

**بەندە پەروەر:** کۆیلەپەروەر، ئەو کەسەی کە کۆیلە و بەندە ئازاد بکات و پەروەردەیشی بکات.

ئەو شاهی ماهی میسرە ئەهالیی لە رێی سوجوود

قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمەو بەندە پەروەرە

(نالی – ل ٤٢٧)

**بەندەگی:** بەندەیی، کۆلایەتی.

ڕیشوەیی گەردن کەچی ئەو گەردنە حوکمی قەزا

بۆ خەراجی بەندەگی سەرگەردنی ئاهوو دەکا

(سالم –ل ٣١)

**بەندەن:** شوێنی سەخت لە چیادا.

شێوە کەل بوو بوو بە بەندەن خۆ بەسەر نەقشی بەدیع

لالەو و نەسرین گەیی بۆ جام بلوورین شەمعدان

(سالم –ل ٩٠)

**بەهارستان:** شوێنێ کە پڕبێت لە گوڵی جۆرا و جۆر، گوڵزار.

هەروەها بە واتای بتخانەیش دێت.

تەماشاکەن بەهارستانی ڕووی دولبەر خەزان دێنێ

لە چێهرەی سالمی بێچارە ڕەنگی کارەبا زاهیر

(سالم –ل ٧٠)

**بەهرام:** ←—— بەهرامی گۆر.

سمی گۆر و سەری بەهرامە جێی تیر

نیگای ئاهوویی من گەر بێتە مەیدان

(سالم –ل ٨٩)

**بەهرام و گوور:** ←—— بەهرامی گۆر.

دڵ گەر بکا شکایەتی تیری نیگاهی تۆ

ناکا کەسێ حیکایەتی بەهرام و سەیدی گوور

(سالم –ل ٦٤)

**بەهرامی گۆر:** بەهرامی گوور. مەبەست بەهرامی پێنجەمە و ناسراوە بە بەهرامی گوور، پانزەهەمین پاشای ساسانی بوو لە ساڵی ٤٢١ –٤٣٨ز. پاشا بووە، ئەم پاشایە لە بارگای مونزیر (منذر)ی پاشای عەرەب پەروەردە کراوە بە وەیش بەناوبانگە کە تاجی پاشایی لە نێوان دوو شێردا ڕفاندووە، ئەم پاشایە هەموو ئەرمینیای خستەسەر ئێران و ئازادی دا بە هەموو وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. (معین)

هەروەها بە ناوبانگیش بووە بەوەی کە زۆر حەزی لە ڕاوە گوور، واتە کەری وەحشی کردووە.

بەزۆر ئەی چەرخ وەکو بەهرامی گۆرم

دەکەی کۆیی منیش بازیگەهی دوور

(سالم –ل ٦٤)

**بەهمەن:** لە داستانە ئێرانییەکاندا کوڕی ئیسفەندیاری کوڕی گوشتاسبی پاشای کیانی بووە، لە پاش مردنی باوکی و بە گوێرەی وەسیەتی ئەو لەژێر دەستی ڕۆستەمدا پەروەردە کراوە، کاتێ کە بوو بە پاشا بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەی باوکی بە

لەشکرەوە چووە سەر زابولستان، فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەمی کوشت و زاڵی خستە ناو قەفەسەوە ئینجا لە وێدا کوشتی، ناسراو بووە بە (درێژ دەست) و بەم هۆیەوە دەڵێن کە ئەردەشێری هەخامەنشی بووە. (معین)

دیسان (معین) دەڵێ: دووەمین ڕۆژە لە هەر مانگێکی خورشیدی بە ناوی (ئەفشاسپەند = فریشتە)، یانزە هەمین مانگی ساڵی خورشیدی و دووەمین مانگی زستانە، هەروەها (بەهمەن) بە هەرەس هێنانی بەفرێکی زۆر دەڵێن کە بە هۆی گەرمی هەتاو و هەڵکردنی باوە ڕوو دەدات.

بەهمەن سیفەتە بە تیری غەم ئیسفەندی یاری دڵ
نوردی بە هەشتی عەیشی بە دەل بوو بە مانگی دەی
(کوردی –ل ٦٣)

تورکی چاوی دولبەرم وەختی نیگەهـ تیر ئەفگەنە
عـــاشقی زار ئـەر فەرامەرزە لە زوڵـما بـەهمەنە
(سالم –ل ۱۳۱)

سوویی عاشق وەختی ئیما ڕوو بە ڕوو تیر ئەفگەنی
بۆ فـــەرامـــەرزی دڵـــم ئەی تورکی کافر بەهمەنی
(سالم –ل ۱٥۰)

**بەیاز:** = بیاض. ع. کتێبی بچووك و دەفتەری سپی تیا نەنووسراو، کتێبێ کە شتی سوودمەندی تێدا یاداشت کرابێ، دەفتەری بچووکی باخەڵ، سپێتی. (معین)

وەرە ســـەیری خیابـان و بـەیـــازی دەفتەری نـــــالی
کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕیزی سەروی مەوزوونە
(نالی – ل ٥۲۳)

**بەیازی عاریز:** بەیاضی عاریض. مەبەست ڕووی سپی و جوان و بێگەردی یارە.

بەیاز: بیاض. ع. سپی.

عاریز: عارض. ع. دەمووچاو.

سەوادی چینی زولفت وەك شەوی تارە

بەیازی عاریزت وەك ماهی ئـــەنوەر

(سالم –ل ٦٥)

**بەیازی ناسیە:** بەیاضی ناصیە. سپێتی ناوچەوان، ناوچەوانی سپی و ساف و بێگەرد.

بەیـازی ناسییەی تۆ بوو سفیدی دا بە سویـــحی عید

لە نوسخەی قیرگوون زوڵفت سیاهی برد شەوی یەڵدا

(سالم –ل ٢٧)

**بەیان دان:** دەرکەوتن.

لە دوگمە سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بـــەیانـــی دا ســفیدەی بـــــاغی سێوان

(نالی –ل ٣٢٠)

**بەیتولحەزەن:** بیت الحزن: ماڵی یەعقوب پێغەمبەر، لە پاش گوم بوونی یوسف ناویانگی پەیدا کرد بە بەیتولحەزەن و هەروەها مەبەستیش ماڵی دڵی عاشقە کە غەم و خەفەتی تێدایە.

بدین شکستەء بیت الحزن کەمی آرد

نشان یـــوسف دل از چـــە زنخدانش

(حافظ –عفیفی)

واتە: چ کەسێ بۆ منی پەرێشان حاڵ کە وام لە ماڵی پڕ دەرد و غەمدا، لە یوسفی دڵمەوە کە کەوتۆتە ناو چاڵی چەناگەیەوە و گیرۆدەی بووە، ناو و نیشانێکم بۆ دێنێ؟

پیر کەنعان چمنش گـوشە بیت الحزن است

هـەر کجا بـوی گلـی باد رسـاند چمن است

(عرفی –عفیفی)

واتە: چەمەن و گوڵ و گوڵزاری پیری کەنعان گۆشە و کونجی (بیت الحزن)ە، شنەی با بۆنی گوڵی (دلبەرێ) بۆ هەر شوێنێ ببات، ئەو شوێنە چەمەنە.

ڕوشنی دیده به ئینسانه که موژدەی قەدەمت
ڕۆشنیی دیدەیی غەم دیدەیی (بیت الحزن)ە
(نالی –ل ٥٢٧)

**بەیدا:** بیداء . ع. دەشت، بیابان.

میزماری شەهسواریی تۆیە کە سەف سەف
کۆگایی حاسیلاتتە بەیدایی بەیدەرە
(نالی – ل ٤٤٧)

**بەیدەر:** بیدر. ع. خەرمان.

میزماری شەهسەواریی تۆیە کە سەف سەف
کوگای حاسیلاتتە بەیدایی بەیدەرە
(نالی – ل ٤٤٧)

**بەیدەق:** بەیرەق، ئەم وشەیە تورکییە و کراو بە عەرەبییەکەی (بیرق)ە. واتە: ئالا، بەیداخ. (معین)

ماتەم وەکو زولفەینی سییەهـ گرتی سەراپات
پۆشیی ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات
(نالی –ل ١٣٧)

**بەیزاوی:** = بەیضاوی = بیضاوی. (ناصرالدین عبدالله) لە ١٢٨٦ز، مردووە، یەکێکە لەوانەی کە قورئانیان لێکداوەتەوە. لە (بیضا)ی نزیکی شیراز لە دایك بووە، لە کتێبە گرنگەکانی (أنوار التنزيل وأسرار التأويل)ە، لای سونییەکان پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە و، هەروەها (منهاج الوصول الی علم الوصول) و (طوالع النوار فی التوحید.) (المنجد)

لە قورئاندا بە (ما أخفی لهم) مەکتووم و مەختوومە
بەیان نابێ بە تەفسیری دوسەد (کەششاف) و (بەیضاوی)
(نالی –ل ٦٨٨)

**بەی و ناری نەگەیشتوو:** مەبەست مەمکی قوت و سفت و ڕوومەتی ئاڵ و گەشە.

ئەی سەروی بوڵەند قەدد و برۆ تاق و مەمك جووت

کێ دەستی دەگاتە بـــەی و نــاری نـەگەیشتووت؟

(نالی –ل ١٥٢)

**بردنی ئەنگوشتی حیرەت بۆ دەهان:** واتـە بـردنـی پـەنجەی سەرسوڕمـان بـۆ دەم. مـەبـەست ئەوپەڕی سەرسوڕمانە.

ئەنگوشت: پەنجە.

دەهـان: دەهـەن، دەم

بوو بە زیبی کــۆتەڵت ساتیرەکەی پــادشایـی ڕۆم

بۆ نەبەم لەم حەسرەتە ئەنگوشتی حیرەت بۆ دەهـان

(سالم – ل ٩١)

**برۆ خەمی هیلالی:** مەبەست برۆ کەوانییە، برۆیەك کە وەکو مـانگی نوێ وابێت.

خەم: کەچ، چەماوە، پێچ و لوول، لوولی پرچ و نەگریجە.

نـــەزەرم پڕە لە نووری شەو و ڕۆژی تەلـعەتی تۆ

کە بەڕوو شوعاعـی شەمسی بەبرۆ خەمی هیلالی

(نالی – ل ٦٦١)

**بریانەبەس:** بەس بریـانە، زۆر بریـانە، زۆر برژاوە.

بەس: زۆر، گەلێ.

بریـان: برژاو.

ناکەن هەوایی هیچ کە بابی زەلیلی شەهر

بریانە بەس لە ناری غاما پارەی جگـــەر

(سالم – ل ١٣)

**برێشم تەنی:** ئاوریشم چنی.

برێشم: ئاوریشم.

تەن: ڕەگی چاوگی (تەنین)ە، واتە، چنین، چنینی هەر جۆرە پارچەیەك.

تەنی ڕازیی بە خەشین پۆشی بی وەك شێر و شوتور

بێنیـازە لـە بـرێشــم تــەنی یـو پـیلــە تــەنیــــی

(نالی – ل ٦٧٠)

**بژانگ:** کورتکراوەی برژانگە.

شاهێنی دوچاوت کە نیگاو مەیلی بە دانگە

کێشانی بە قولـلابـی دلاویـزی بـژانــگـەی

(نالی – ل ٤٦٤)

**بژنەوم:** ببیستم، گوێم لێبێت.

دوسەد بـارگەر بە گوێی خۆم حەرفی ساردت بژنەوم شادم

(جــواب تــلـــخ مـــی زیبد لب لـــعـل شکـــر خـــارا)

(کوردی – ل ١٠)

**بستەر:** نوێن، نوێنی ڕاخراو، دۆشەك، لە دێرە شیعری دووەمدا کە دەڵێ: بستەرم، واتە بریندارم و لەناو جێگەدا کەوتووم.

وەهـ چ خــوابێکی بـە ئارامە هەماغوو شیی یــار

دەستی من گەردنی ئەو ساعیدی ئەو بستەری من

(سالم – ل ٩٤)

عیلاجی ئێشی دڵ ناکا بەسەد مەرهەم حەکیم ئەمشەو

لە زەخمی تیری موژگانت بە نەوعی بستەرم ئـــەمشەو

(سالم – ل ١١٧)

**بشنەوم:** ببیستم، گوێم لێبێت.

لێرەدا (شنەو) ڕەگی چاوگی شەنیدەن (= شنیدن) ی ف. یە، واتە بیستن.

دووسەد جار گەر بەگوێی خۆم حەرفی ساردت بشنەوم شادم

(جــــــواب تلخ مـــــی زیبد لــب لــعـل شـکــــر خـارا)

(سالم – ل ٢٤)

**بفەرما:** بفەرموو، لێرەدا (فەرما) ڕەگی چاوگی فەرمووده‌ن (= فرمودن) ی ف. یە واتە فەرموون.

حیرەت زەدە وا دیدە وەکو حەلقەیی دەر مـا
بێمایـە نییە عـاشقی بێچـارە بفـەرمـــا
(نالی – ل ١١٨)

**بگرەو بەردە:** دەنگە دەنگ، هەراو هوریا، غەڵبە غەڵب.

سیمینە ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوسی عاسییان
هــاواری بگرەو بەردەیی ئاشوویی مـەحشەرە
(نالی – ل ٤٣٧)

**بلا:** با، وازی لێ بهێنە، لێی گەڕێ، با.

بلا بۆ کوندە بووبێ مفتی مشك و ماری کەندوو بێ
خەتیرەی گەنجی وێرانە زەخیرەی کـونجی کاشانە
(نالی – ل ٤٨٣)

گەهێ ئاهوو ڕەوش شاهی گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی
بـلا بـــا سینـە سـەحـرابــێ بـلا بـادیدە دەریـــابـێ
(نالی – ل ٦٠٢)

**بلقی سەرئاو:** مـەبـەست ناپایـەدارو کەم خایـەن، هـەر شتـێ کە لـەپاش ماوەیـەکی کـەم نەمێنێ.

کە خاکی خاکی دامەن بە وەگەرنە تۆزی بەربادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەربە وەگەرنە بلقی سەر ئاوی
(نالی – ل ٦٨٣)

**بنازم:** شانازی بکەم، شانازی پێوە بکەم.

ناز: ڕەگی چاوگی نازیدەن (= نازیدن) ی ف. یە. واتە شانازی کردن.

بنازم دلبەری خۆم چەندە پڕ وەسف و چ بێ عەیبە
بەچاو مەست و بەدڵ هوشیار بە ئەبرۆ جووت و هەم تاقە
(نالی – ل ٤٥٦)

شوعاعی ڕووت لەگەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە چ خورشیدو بلوورێکە
(نالی – ل ٤٥٩)

**بنا گۆش:** بناگوێ، بنی گوێ، نەرمەی گوێ، پشتی گوێ.

**گۆش:** گوێ

لە سووفاری بە زۆری خەم سروورهێنای بناگۆشی
موشەخەس تیری موژگانی بە قەتلی ئێمە مەئموورە
(کوردی – ل ٤٧)

**بوت:** مەبەست خۆشەویست، دلبەر، یارە.

گوڵ هاتە دەرێ لافی لە حوسنی بوتی مادا
لەرزی قەدی بەرزی لەرقا زوڵفی کە بادا
(نالی – ل ٨٣)

ژەهرە مول بێ ڕووت بە وەڵلاهیلعەزیم
خارە گوڵ بێ بوت بە بیلاهیلکەریم
(سالم – ل ٨٧)

شکر خدای بود کە آن بت وفا نکرد
باشدکە توبە بکند بت پرست ما
(غزلیات سعدی –رهبر، ص ٣٩)

واتە: سوپاس بۆ خوا کە ئەو دلبەرە پەیمانی بەجێ هێنا، بەڵکو خۆشەویستی بت پەرستی ئێمە تۆبە بکات و خوا بپەرستێ.

**بوتخانەی چین:** نیگارخانەی چین، شوێنێکە لەوڵاتی چین و ڕازاوەتەوە بەپەیکەرو نەخش

و نیگار، بوتخانە: شوێنی تایبەت بە ژنان و دلبەرانی پاشایان و گەورە پیاوان. (ثروت)

سیمین بەدەن و سەرو قەدو لەنجە تەزەرون

کـافرنگەهـ و ڕەشك لە بـوتـخانـەیـی چینن

(نالی – ل ٣٣٨)

گر آید خسرو از بتخانە چـین

زشورستـان نیابد شهد شیرین

(خسرو شیرین -–برات -–ل ١٢٤)

واتە: ئەگەر خوسرەو وەکو خۆر لەسەر زەمینی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵبێت، ناتوانێت لەم جیهانە پڕ لە گێچەڵ و ئاڵۆزەدا لێوی جوانی شیرین بەدەست بهێنێت.

**بوتی شیرین دەهان:** یاری دەم و لێو جوان، شۆخ و شەنگی دەم و لێو جوان.

بـوتـی شیرین دەهـانـی زوهرە چـــاوم

دەبەستێ نۆشی نەحل و نیشی زەنبوور

(سالم – ل ٦٣)

**بوحران:** بحران، ع. ئاڵۆزی، تێکچوون، تێکچوونی کوتوپڕیی تەندروستیی نەخۆش، کە لە نێوان مردن و ژیاندا بێت.

مەرگ و سیحەت لە بەدەنما بە جەدەل دێن و دەچن

وا لە ئـــازاری فیراقـــا شـەوی بـوحـرانـــی منــە

(سالم – ل ١٣١)

**بوختی:** جۆرە حوشترێکی سوورە، کە لە ناوچەی خوراسان و کرمان دەژی، حوشتری بەهێزی دوو کۆپارە.

کەژاوە و دارو بارو تەختەیی لوختی لەسەر بـوختی

دەناڵێنن لە شەوقی تەیبە وەك ئەستوونی حەننانە

(نالی – ل ٥٠٠)

**بوراق:** براق. ع. ناوی ئەو ئەسپەیە کە پێغەمبەر (د.خ) لە شەوی میعراجدا سواری بوو و سەرکەوت بۆ ئاسمان.

کە مەدعووی لا زەمان و لا مەکان و قوربی بێچوونی

سواریە لەم بوراقە باریقە لەم ڕەخـــــشە ڕەخشانە

(نالی – ل ٥١٤)

**بورجی سەما:** ←——— بورووج.

وەك قافی زەمـین قابیلی ئیکمال و تەرەققیی

وەك بورجی سەما لایقی ئیقبال و عورووجی

(نالی – ل ٦٣٨)

**بورد:** برد. ع. جۆرە پارچەیەکی کەتانی ڕاڕا، یان خەت خەتە، بوردی یەمان: پارچەیەکی کەتانی یەمەنییە کە لە باشترین جۆرێتی و لە یەمەن دەچنرێت.

(معین، عمید)

سەرد و گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش

پایزی ڕوو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەت

(نالی – ل ٢٤٤)

**بوردە بار:** (ف، ك)، خۆڕاگر، باربەر، ئەوەی کە بەرگەی سەختی و ناخۆشی بگرێ.

بوردە: براو، دووبەشە، بورد + ە

بورد: چاوگی کرتاوی بوردن (= بردن) ی ف. یە واتە بردن.

ە: پاشگرە.

بار: ئەو برە کەل و پەل و شتومەکانەیە کە بەیەکجار هەڵبگیرێ بۆ گواستنەوە.

قانیعی بابی ڕەزا ڕازی بە پووش و درك و داڵ

سالیکی سەبر و تەحەمول بوردەبار و هیچ نەوێژ

(نالی – ل ٢٢٧)

**بوردی یەمەن:** لێرەدا مەبەست دەموچاوی ساف و بێگەرد و جوانی یارە. هەروەها جۆرە پارچەیەکی کەتانەو هەرە بەناوبانگەکەیان ئەوەیە کە لە وڵاتی یەمەن چنراوە.

دڵ سیاسەنگ نــەبــێ مــائیلی خاکی وەتەنە

خاڵی لەعلی حەبەشە ساکینی بوردی یەمەنە

(نالی – ل ٥٢٤)

**بورووج** = بروج. ع. کۆی (برج)ە، واتە کەلوو، بورجی ئاسمان، هەریەك لە دوانزە برجەکەی ئاسمان، قەڵا، بینای بەرزی ستوونی یان جوار گۆشەیی کە لە سەر قەڵا دروست دەکرێ بۆ سەیرکردن و ئاگا لێبوون بە مەبەستی بەرگریکردن قەڵاکە.

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجــی

وەی قوللەیی دووریی کە دەڵێی قامەتی عووجی

(نالی – ل ٦٣٧)

**بوریان:** بریان، برژاو.

ئاکەن هەوایی هیچ کە بابێ زەلیلی شەهر

بوریانەبەس لە ناری غەما پارەیی جــگەر

(سالم دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

**بوڕان:** بڕندە، ئەوەی کە ببڕێ، تیژ.

بوڕ: ڕەگی چاوگی بوریدەن (= بریدن) ی ف. یە، واتە بڕین.

ان: پاشگرە.

بـۆ بترسم لە شەبیخوونی عەدوو گاهی کەمین

کە هەناسەی سەحەریی خەنجەری بوڕانی منە

(سالم – ل ١٣١)

**بوڕەندە:** ناوی بکەرە واتە برەڕ، هەر شتێ کە تیژ بێت و ببڕێ.

بوڕ + ەندە

بوڕ: ←——— بوڕان.

ەندە: پاشگرە کە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ دەیکات بە ناوی بکەر.

تیغ بەملما دێنێ و بە درۆ دەڵێ نابڕێ قوربان
تیــخی تــۆ بوڕەندەیە هــاوارە بەختم نــابڕێ
(کوردی – ل ٥٥)

**بوڕش:** بڕین، لەت کردن.

بوڕ: ———— بوڕان.
ش: پاشگرە.

زەرفی دڵ بۆ دەوڵەت و پوخت و پــەزی فیکرم ڕژا
ڕوو بە ڕووی تۆ والە ئەبرۆ بوڕشی شمشێری دی
(سالم – ل ١٤٤)

**بورنا:** گەنج، لاو.

شــاهیدی خــالقە تـەسویری خەلایق ئــارێ
زاهیرە قودرەتی سنعەت چ لە بورنا چ لە پیر
(سالم – ل ٦٦)

**بوزان:** کۆی (بوز)ە، واتە بزن.

ئەو شێخە بەکوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئــەو ڕیشە بـەسەر دارەوە ڕێسێکــی بـوزانــە
(نالی – ل ٤٧٩)

**بوزورگ:** گەورە، مەزن.

شێخ یو سەر لنگە دەستاڕی بە دەستاڕی بـوزورگ
ڕەندم و دەستاری کەللەی من دەفە نەك میندەفە
(نالی – ل ٤٥٢)

**بوستانی کوڵم:** مەبەست ڕوومەتی جوانە.

لەبت میحرابــە بــۆ بـوستـانی کوڵمت
دەوای دەردی منە عونناب و لیمووت
(سالم – ل ٥٠)

**بوغاز:** وشەکە تورکییە، واتە ئەو بەشە ئاوە باریکەی کە دوو دەریا بە یەکەوە دەبەستێ، یان دوو وشکایی لە یەکتری جیا دەکاتەوە، وەکو: بوغازی بۆسفۆر و بوغازی داردانیل، کە یەکەمیان دەریای ڕەش بە دەریای مەرمەرەوە و دووەمیان دەریای مەرمەرە بە دەریای ئیژەوە دەبەستێ و ئەم هەردووە ئاسیا لە ئەوروپا جیا دەکاتەوە، تەنگەیشی پێ دەڵێن. (معین)

بوغازی مەوجی ئەشکم ڕەونەقی دیبای رووی لابرد

مەتاعی مایەیی تاجیر لە بەحرا بێ زیان نابێ

(سالم – ل ١٤٣)

**بولبولی تەبع:** مەبەست ئەندێشە و بیری وردی شاعیرانەیە.

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سەنجی و بەز لە گویی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نالی – ل ١٠١)

**بولهەوەس:** بوالهوس، ابوالهوس. ع.

ئارەزوویان، ئەو کەسەی کە ئارەزووی زۆری هەبێ، ئەو کەسەی کە هەر بەدوای ئارەزووی خۆیدا دەگەڕێ.

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون

واتێمەگە قوریان کە گەدا بولهەوەسێکم

(نالی – ل ٢٨٣)

ئەو کەسانەی کە عەدووی عاشقی سەرگەردانن

بێدڵ و بولهەوەس و کەم خیرەد و حەیوانن

(سالم – ل ٩٤)

**بوو:** مەبەست بۆنی خۆشە.

مەکە مەنعی سەبا بابێ بە سەرما

دەماغی من فەرەح ئەفزایی بووتە

(سالم – ل ١٢٢)

**بوو بە بوو:** مەبەست لەبۆنی خۆشەوە بۆ بۆنێکی خۆش.

بوو = بۆ، بۆن، مەبەست بۆنی خۆشە.

نەفحە بدا لە عەتری زوڵف لەودەمە بۆ دەماغی خۆش

تەبلە بە تەبلە موشك بە موشك نافە بە نافە بوو بە بوو

(سالم – ل ۱۱۲)

**بووتیمار:** باڵندەیێکی ماسی خۆرە، دەنووك و ملی درێژە و کلکی کورتە، پەڕەکانی سپی و سەوز و شینە، بە زۆری لە کەناری ڕووبارەکاندا دەژی و ڕاوی ماسی دەکات، دەڵێن هەرچەندە زۆری تینوویێت ئاو ناخواتەوە، نەوەکو ئاو کەم بکات، لەبەرئەوە ڕەزیل و پارەپیس بەو دەچوێنن. (عمید).

باڵندەیێکی گەورەیە و لەناو زۆنگاودا دەژی، ڕەنگی سپییە و مل و دەنووك و قاچەکانی درێژن و دەنگی لە پرمەی گریان دەچێت، غەم خۆر و غەم خۆرەکیشی پێدەڵێن . (سخن)

سالم ئەر تووتییە بێ قەندی لەبت

مات و مەبهووتە وەکو بووتیمار

(سالم – ل ٥٨)

**بوو عەلی سینا:** ابن سینا. (شیخ الرئیس حجة الحق شرف الملك إمام الحكماء ابو علي حسين بن عبدالله بن حسن بن علي) ناسراوە بە(إبن سينا) لە (ئەفشنە) یان (خرمیشن)، ساڵی ۳۷۰ ی کۆچی لە دایك بووە، و لە هەمەدان ساڵی ٤۲۸ی کۆچی مردووە. باوکی خەڵکی (بەڵخ)ە و دایکی (ستارە) خەڵکی ئەفشنەی نزیك بوخارا بوو، لە بوخارا خوێندی و لە (۱۰) دە ساڵیدا قورئانی لەبەر کرد و فێری مەنتیق و هەندەسە و ئەستێرە ناسی بوو، لە پلەی ئوستادی تێپەڕی کرد، لە گورگان و خوراسان و هەمەدان و ئیسفەهاندا ژیاوە، لە هەمەدان بووە بە وەزیری شمس الدولە، لە هەمەداندا مردووە و ئارامگاکەی لە وێیە، زۆر لە کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ڕۆژئاواییەکان. بەرهەمە گرینگەکانی ئەمانەن: کتاب الشفا، کتاب القانون فی الطب، کتاب إشارات، کتاب النجاه، دانشنامەی علائی بە فارسی و ..هتد. (معین)

لە کن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوو لا نییە باس

لە حیکمەم پەروەریی بوو عــەلی سینا نییە بــاس

(نالی -ل ٢٣٣)

**بوون بەتەرکیبی کەمان:** مەبەست پشت کۆم بوون و کوورِ بوون و کۆماوەیە.

بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەك كارێكی كرد

ڕەنگە بالاٌیـــی تیرقەددان بێتە تەرکیبی کەمـــان

(سالم - ل ١٤)

**بوون بە جای مەتلەعی خورشید:** مەبەست لەبار و ساز و خۆش و گونجاوە.

جا: شوێن، جێ، جیگا.

تا بوو بە جایی مەتلـەعی خورشید بەختی ڕۆم

سووتا گیاهـ و تیشنەو و خوشکیدە بوو شـــەجەر

(سالم -ل ١٢)

**بوونی تەن بەسفرە:** مەبەست مردنە، لەش دەبێ بە سفرە یان خوانی مار و مێروو دوای ئەوەی کە دەخرێتە ناو گۆڕەوە.

نەواڵەی تـۆبە دەربێنە هەتا تەن نـــەبوەتە سفرە

پیاڵەی شیشە بشکێنە هەتا وەك کوویە نەشکاوی

(نالی - ل ٦٨٥)

**بووی حەبیب:** مەبەست بۆنی خۆشی دلبەرە.

بێ بەسەر قـیبلـەیی دڵـما وەرە ئەی بـادی سەبا

بە دەمێ تازەکە ڕووحم لە قەزای بوویی حەبیب

(سالم -ل ٤٥)

**بۆ:** مەبەست بۆنی خۆشە، بۆن.

خەتایەگەر هەوایی عەتری گـوڵ کـەم تا حەیاتـم بـێ

ئەگەر بێنێ لە موشکی زوڵفی تۆ بۆیێ نەسیم ئەمشەو

(سالم - ل ١١٧)

باز ئەگەر ڕێ نییە بە تورەیی یار

بۆ دەماغم بە بۆ موعەتتەر بوو

(سالم – ل ١١٦)

**بۆسەو کەنار:** بۆس و کەنار. ←——

تالە من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسەو کەناری گرتووە

ناو دەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە

(نالی – ل ٥٣٨)

**بۆسەی نیهان:** ماچی بەدزییەوە.

نەکەن تا لەتلەتم بۆسەی نیهانت ڕاستی ناڵێم

بەڵێ قەفقەف هەتا نەی نەیبڕی حاسل شەکەرنادا

(سالم – ل ١٧)

**بۆس و کەنار:** ماچ و مووچ و گرتنە باوەش.

کەنار: باوەش، لا، تەنیشت، ڕۆخ، قەراغ، لێوار.

قەسدی ئەو دوشنام و جەورە مەیلی من بۆس و کەنار

(ترك كام خود گرفتم تابر آيد كام دوست)

(سالم – ل ٤٨)

هەریارێ کە مالان گەڕو بێگانەیە نالی

کەندوومە ددانی تەمەعی بۆس و کەناری

(نالی – ل ٦٤٩)

بە بێداری لە یادی نیمە عەیشی غەم بەسە سالم

لەخەودا دوفعەیێ بۆس و کەنارێ بوو ئەویش ڕابورد

(سالم – ل ٥٥)

ديدار شد ميسر و بوس و كنارهم

از بخت شكر دارم واز روزگارهم

(حافظ – ٢٤٩، قزوینی)

واتە: چاوپێکەوتن و ماچکردن و لە باوەش گرتن ئاسان بوو، ئیتر سوپاسی بەختی خۆم و ڕۆژگار دەکەم.

**بۆقەلەموون:** لێرەدا مەبەست ئاوریشمی ڕۆمییە کە ڕەنگەکەی ناچێتەوە، هەرشتێ کە ڕەنگاو ڕەنگ بێت، کەسێ کە هەرکاتە خۆی بەڕەنگێ بنوێنێ، گوڵی بۆقەلەموون، کە دەوترێ فەرشی بۆقەلەموون، واتە فەرشی ڕەنگاو ڕەنگ.

هەروەها بە واتای (عەلەشیش) یش هاتووە. (معین)

گەهـ تـــاوس و گەهـ کەبکن و گەهـ بۆقەلەمـوون

گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە گەهێ دوودی سیاهن

(نالی – ل ٣٤٣)

**بۆیا:** بوویا. واتە زۆر بۆن خۆش، زۆر عەتراوی. بۆی + ا

بۆی= بووی، ڕەگی چاوگی بوویبدەن (بوییدن) ی ف. یە، واتە بۆنکردن و بۆن بڵاو کردنەوە.

ا: پاشگرە هاتۆتە سەر ڕەگ و واتای چاوگەکەی بە زۆری پیشان دەدات.

بۆ نموونە ئەمە لەوشەی (دانا)ی فارسی و (زانا)ی کوردیدا بە هەمان شێوەیە، کە هەردوو لە چاوگی دانستەن (= دانستن) و، (زانین)ەوە هاتوون.

دان + ا = دانا، زان + ا = زانا

دان: ڕەگی (دانستن) ی ف. یە

ا: پاشگرە

زان: ڕەگی (زانین)ی ك. یە.

ا: پاشگرە

داناو زانا هەردوو یەك واتایان هەیەو بەو جۆرەی کە داڕێژراون، واتای زۆری چاوگەکانیان دەگەیەنن، واتا ئەو کەسەی کە زۆر دەزانێت.

بـۆ شەربەتی شیرینیی فنجانە لەســەر سینیی

مەم توحفەیی توففاحی شەم عەنبەری بۆیا کچ

(نالی – ل ١٦١)

**بۆیی خەتا:** مەبەست بۆنی خۆشی موشکی وڵاتی خەتایە.

بۆ: بۆن

خەتا: ←———

نەقشی چین بۆیی خەتا خوویی فەرەنگ مووحەبەش

هیندوویی خاڵ عەرەب دیدە نەزاکەت عەجەمی

(سالم – ل ١٤٩)

**بیابانی مەحەبەت:** مەبەست جیهانی فراوان و پان و پۆڕی دڵدارییە.

کەس لە سەر حەددی بیابانی مەحەببت نەگەیشت

وەکو من سالیکی ئەم ڕاهە هەموو حەیرانن

(سالم –ل ٩٤)

**بیجادە:** کراو بە عەرەبییەکەی: بیجادق = بیجیدق = بیجاذە = بجادی = بزادی.

جۆرێکە لە بەردی بە نرخی وەکو: یاقووت و کارەبا و کەهەرەبا. (معین)

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون

چاو وەکو بیجادە یا دوو شەوچراغی شوعلە ڕێژ

(نالی –ل ٢٢٦)

**بیدی مەجنوون:** شۆڕەبیی، شەنگە بیی.

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە

نەکەسێ مونتەفیعی یەك بەری یا سێبەرییە

(نالی –ل ٥٨٥)

سەجدە چۆن وەك بیدی مەجنوون سەر وەها ئەفگەندە سەر

بۆ تەفەڕوج گەر نەمایان کەی لە باغا قامەتت

(سالم –ل ٤٦)

**بیروون:** دەرەوە.

لە دنیادا دڵم گـــەر تەرکی تورەی تۆ نـــەکا ســـەهلە
بیروون نایە لە شۆر و زەمزەمە و غەوغایی مەحشەردا
(سالم –ل ٢١)

لـــە پیریشدا عەروسی یادی وەسلت
بیروون نایە لە پەردەی ئارەزووما
(سالم –ل ٣٣)

لە چاو ئەشك و لە دڵ ئاهم بیروون دێ
دەڵێی تۆفـــانی بـــا و بـــارانە ئیمشەو
(سالم –ل ١٢٠)

**بیکر:** بکر. ع. مەبەست هەر شتێکی نوێیە، ئەوەی هێشتا دەستی پێ نەگەیشتووە، ئەندێشە و بۆچوونی تازە داهێنراو.

هەر مەسئەلە بیکـری کە بەتۆ شـەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخڵی بکا چین و خەتابێ
(نالی –ل ٦٠٦)

**بیلال:** (بلال ابن رباح حبشی، ٢٠ یان ١٨ ك، کۆچی کردووە) بانگدەر و خەزنەدار و یەکێ بووە لە یارانی تایبەت و دڵسۆزی پێغەمبەر (د.خ) دایکی ناوی (حمامە) بووە. بیلال لە پێشدا لە موشرکین بوو، دوای ئیسلام لە بەر دۆستیی و خۆشەویستییەکەی بۆ پێغەمبەر (د.خ) موشریکەکان گەلێ شکەنجەیان کرد، بەڵام ئەو سەبر و ورە و دڵسۆزییەکی زۆری لەمەدا بەرامبەر بە ئیسلام پیشان دا. (معین)

قوربانی بیلالم کە هیلانە هەڵاتووم
هـــــەر عـــــەفـــــوە خـــــەڵاتم
(نالی –ل ٢٦٧)

سەعادەت بوو بە نوور و ساعیدی ذروەی هیدایەت بوو
عەلامەت نووری ئیمـــانی بیلال و وەیس و ســـەلمانە
(نالی –ل ٥٠٦)

**بیم:** ترس.

تێدا ئوممێد و بیم و گریــەو و سۆز
بــەهــار و پــایـز و زستـان و هـاوین
(نالی –ل ٣٥٣)

نالی لە هـەوا کەوتە سەمـا بوو بە شەنـاوەر
بـەو وشکـە مەلە بیمـی هیلاکی غەرقی بوو
(نالی –ل ٣٧٨)

لە بیمـی جەور و ئومێدی تـەرەحوم
دەلـەرزێ دڵ لـە حـالاتـی نـەزەردا
(سالم –ل ٢٠)

بیمی بە دنـامیە گەر نـایەمە بەر تیری موژەت
گەر درا پەردەیی دڵ دەرئەکەوێ ڕازی نیـهان
(سالم –ل ٩٠)

**بیمار:** مەبەست عاشقە، دڵدار.

ئەلای هـەرکەس دەچم مـەنعم دەکا خۆت بۆچی ریسوا کرد
درێغ کوا حـاڵ زانـێ ڕەبی توشم بێنی بیمـارێ
(کوردی –ل ٥٣)

**بیهتەرین:** بـاشترین، چاکترین، خـاسترین.

لە گەڵ هـەر بێهتـەرین حوسنـێ جەدەل کەی
بـــە هـەر ئـانـێ لە حـــوســـــنا بیهتـەرینی
(سالم –ل ١٥١)

**بێ بە دەل:** بێوێنـە، نـایاب، بـێ هـاوتـا.

بێتە حوجرەم پارچەی پارچە موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح
هـەرکەسـێ کووتـاڵ و پـارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا
(نالی –ل ١٠٧)

**بێ بەرگ و نەوا:** مەبەست هەژارو دەست کورتە،

بێ جلوبەرگ، ڕووت و بێکەس.

لەسەر بەرگی گوڵێکی بەرگی باغی حوسنت

هـــەزار گوڵچینی بێ بـــەرگ و نـــەوا چین

(نالی -ل ٣٤٧)

یا ڕەنسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ

غـەلتان و سەراسیمە نە داکێك و نـــە بابێ

(نالی -ل ٦١٥)

**بێ پەنجە باقەوی:** با پەنجە قەوی بێ.

واتە با هێز و توانا هەبێ.

سەد زۆری ڕۆستەمی نییەتی زۆری سیم و زەڕ

تـــالیع ئـــەگـــەر زەعیف بێ پەنجە بـــا قەوی

(سالم -ل ١٥٢)

**بێ تەرەح و غەم:** بێ غەم و خەفەت.

تەرەح: ترح. ع. واتە غەم، خەفەت.

پڕکە قەدحی پڕ فەرحی بێ تەرەح و غەم

نـــاولنی و نـــادمنی و غـــازلنی بالافراح

(نالی -ل ١٦٦)

**بێ تەوسەن:** مەبەست دەر بەدەر، پیادە و بێ ئەسپ.

تەوسەن: ئەسپی تۆڕ و سەرکەش، کێوی، ڕانە هێزاو، ماڵی نەکراو.

سەفی مەقرووزی بێ تەوسەن لە سەهمی سەن سەنی ئەتراك

وەکـــو عـــاشق لـــە هیجرانا یـەکـــا یـــەك ئەشك ڕێزانن

(سالم -ل ١٠٥)

**بێجا:** نا بەجێ، نارێکی و ناتەواوی، بێ شوێن و بێ جێگە. کاری نا بەجێ، کاری بێ

کەڵك، بێ هوودە، نا دروست، کاری بێ سەروبن.

پێم دەڵێ کوردی وەکو من ئارەزووی وەصڵی هەیە
بۆچی تۆ مانیع دەبی ئەم بەندە چۆن بێجا دەکا
(کوردی –ل ١١)

ڕۆژێ بێجام کرد و ساتێ چومە لای شێخ بۆ سەماع
وەك کوزە کەمتیارێ پێ بێ دەست بەجێ لایدام لە ڕێ
(کوردی –ل ٥٥)

دڵ ئەوا لۆمەم دەکا و پێم دەڵێ کوردی ئەمن
گەر شکایاتم حەقە بۆچ وا قسەی بێجا دەکەی
(کوردی –ل ٦٢)

ئەحمەقە لەق لەق ئەگەر تەرکیبی نیسبەت کا بە تۆ
حوشتر ئەر بێت و بڵێ وەك تۆ ئەڕۆم بێجا دەکا
(سالم –ل ٢٩)

**بێ چاك و دامان:** مەبەست کەوای شڕ و پڕ و دڕاوە، ئەو کەوایەی کە چاك و داوێنەکەی لە بەر شڕی و دڕاوی نەمابن.

بە دەستی کەشمەکەش هەرسوو دڕا بەرگی خودا ڕایێ
قەبایی نۆکەر و ئاغا هەمووی بێ چاك و دامانن
(سالم –ل ١٥)

**بێچوون:** بێ وێنە، بێ هاوتا. هەروەها یەکێکە لە سیفاتەکانی خودا. بێ + چوون، هەرشتێ یان کەسێ کە لە وێنەی نەبێت.

چوون: لێرەدا بە واتای (وێنە) بەکار هاتووە. وەك، کاتێ. هەروەها ئامرازی پرسە بە واتای: چۆن، چ جۆرێ؟

کە مەدعووی لازەمان و لامەکان و قوربی بێچوونی
سواربە لەم بوراقە باریقە لەم ڕەخشە ڕەخشانە
(نالی –ل ٥١٤)

چەرخی چەپی گەردوونە ڕاست و چەپی چەند دوونە
بێ چـــاکـــە چ بێ چوونە ڕاستی لـــە چـــەپی نایە
(نالی –ل ٥٦٢)

**بێ چیز و عوریان:** هـەژار و ڕووت.

بـەڕێی بیم و خەتەر دا یەك بە یەك بۆ قاسیدی چاكنُ
بەبێ تەكلیفی ڕەهزەن خود بە خود بێ چیز و عوریانن
(سالم –ل ١٠٥)

**بێچیزی:** بێ ماڵ و سامان، ئەو كەسەی كە هیچی نەبێت، هـەژار و داماو، دەست كورتی، هـەژاری.

چیز: شت.

جـەوانـانـی سـەهـی قـەد بەسكـی داماون لە بێ چیزی
لە ژێر بـاری غەمـا هەریەك لە خەم وا میسلی چەوگانن
(سالم –ل ١٥)

گەدان و بۆ گەدا دەرگانە واناكەن لە بی چیزی
وەكو نەڕادی دانا هـەر لە فكری خانە بەندانن
(سالم –ل ١٠٢)

**بێدار:** بەئاگا، بە خەبەر، هوشیار.

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بـــەڕووی تۆم دیدە هـــەڵنایە شەو و ڕۆژ نەرچی بێدارم
(نالی –ل ٢٧٢)

شــــــەوی مــــــاوە كــــە بێدارم لە شۆرت
لە عەهدی گوڵ وەكو مورغی سەحەر خیز
(سالم –ل ٧٢)

**بێداری:** بێخەوی، بە ئاگایی، هوشیاری.

عاشق کە دەکا ڕاوی زوڵماتی شـــەوە داوی
موژگانی تەڕە چاوی بێداریی لە کن پەشمە
(نالی -ل ٤٧٦)

بـە بیدَاریی لـە یادی نیمە عەیشی غەم بەســـە سالم
لە خەودا دەفعەیی بۆس و کەناریٚ بوو ئەویش ڕابورد
(سالم -ل ٥٥)

**بێ دەست و پا:** مەبەست ناتوان و بێدەسەڵاتە.

تەلاشـی تـەیـی ڕاهـی کەعبـەیی کۆی یارە مەقسوودم
منی بێ دەست و پا لازم کە پابوو ئەم ڕەهـە سـەرکەم
(سالم -ل ٨٣)

**بێدەم:** مەبەست سست و لە کار کەوتووە.

دەم: هـەناسە، با، هـەڵم، لاف، کات، دەمی شمشێر و خەنجەر و چەقۆ و...هتد.

وەك جەیشی مەلەخ لەشکری غەم ملکی دڵی گرت
بۆ کەشـتی ئەمـەل داسـی تەڵەب بێدەمە ئیمشەو
(سالم -ل ١٢٠)

**بێدەوڵەت:** هـەژار، دەست کورت.

سیەهـ بەختانی بێدەوڵەت لە بەر بێمـاڵی و عوسرەت
گـــــەهـێ حەممـاڵی مـاڵانن کەهـێ عەلافی مەیدانن
(سالم -ل ١٠٣)

**بێدەوڵەتی:** مەبەست هـەژار و دەست کورتییە.

عیشق ئەرخـەمی هیجرانی نەبێ خۆشە بەڵێ ڕاست
بێدەوڵەتی خـۆی چـــاکە بـــــەلێ قۆرتی خـرابە
(کوردی -ل ٤٤)

**بێدڵ:** گەلێ واتای هـەیە وەك: دڵدار، شەیدا، دڵتەنگ، غەمبار، بێ ئارام، ترسنۆك.

لە کاری هـائیل و سـەعبا گوریزە چارەیی مـەردوم
ڕەهـا کـەن سالـمی بیێدڵ لە عەشقا ماوە بێپەروا
(سالم –ل ٣٧)

ئەو کەسانەی کە عەدووی عاشقی سەرگەردانن
بێدڵ و بـولهـەوەس و کەم خیرەد و حـــەیوانن
(سالم –ل ٩٤)

لەوەرەعا زاهیدی ئەفسوردە نەیدی لەززەتی مەستیی
بـە عـەفوا چوو سەراسەر ڕۆژگاری چونکی بێدڵ بوو
(سالم –ل ١١٢)

بێدڵ و گوێ و نەسیحەت نەگرو سەرکەش و ڕەند
سپڵەو و هـەرزەو و ئەوباش و بەد ئەتوار و نەزان
(کوردی –ل ٣٧)

**بێرەنگ:** مەبەست خەفەتبار و ڕەنگ پەڕیوە، ڕەنگ زەرد و دەردەدار.

یەك ڕەنگم و بێرەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بـەم ڕەنگـە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حـەقیقی
(نالی –ل ٦٥٥)

تو باد شمنت رخ پر آژنگ دار
بداندیش را چهره بیرەنگ دار
(فردوسی –عفیفی)

واتە تۆ لەگەڵ دوژمندا ڕوو گرژبە، ئەوەی کە بیر لە خراپە دەکاتەوە دڵی غەمگین بکە، تا ڕەنگ پەڕیو و خەفەتبار بێت.

**بێ ڕەوان:** بێ گیان، مردوو.

ڕەوان: گیان.

تۆ وەکو سەربووی ئەقاریب تەن کە سەرچوو تەن چییە

تەن بە تەن بێ سەر هەموو کەوتن لە خاکا بێ ڕەوان

(سالم -ل ٩١)

بێ ڕەوانم ئەگەر نەدا بۆسـە

وەسلی دولبەر درەختی توویایە

(سالم -ل ١٣٤)

**بێ زار:** بێ دەم، بێ دەم و لێو. مەبەست ئەوەیە کە دەم و لێوی هەندە بچووکە، وەکو نەبێت وایە، لای شاعیرە کۆنەکانمان دەم و لێو تا بچووك بووایە، جوانتر بوو لایان، هەندێ جار هەندێ زیادە ڕەویان دەکرد و ئەوەندە دەمیان بە بچووك دادەنا، کە گوایا بە چاو نابینرێت و لە بەر ئەوە دیانوت: بێ زار، بێ دەم.

نالی ئەو غونچە دەمـە بێ زارە

مەکە ماچی دەمی ئەرجو بەعەبەس

(نالی -ل ١٥٦)

**بێ سەر و پا:** بێدەسەڵات، هیچ لە دەست نەهاتوو.

مەعشووقەیی ئەم شارە هەمـوو تالیبی جاهن

تف لەو کەسە وەك من کە گەدا و بێ سەر و پا بێ

(سالم -ل ١٤٢)

**بێستوون:** (بێهستان، لە فارسی کۆندا، بەغستانە = شوێنی پەرستنی خوا).

لێرەدا مەبەست چیای بێستوونە، کە نزیکی دێی بێستوونی سەر بەشاری کرماشانە = کرمانشاه، کە دەڕوانێتە سەر دەشتی نزیکی جادەی کرماشان -هەمەدان، ٣٨ کیلۆ میتری شاری کرماشان و، ئەمە بە هۆی نەخشکاری بەرجەستەی بەردەنووسەکانی داریوشی گەورەوە بایەخێکی جیهانی پێ دراوە، وێنەی داریوش بە پێوە ڕاوەستاوە و، لە ڕاسەرییەوە فرە ڤەهر. فرە ڤەش (پەهلەڤی. Fravahr)، ئەهوو رامەزدای باڵ کراوە.....(معین)

ئەو چیایە کە فەرهاد لە پێناوی شیرینی خۆشەویستیدا هەڵی کەند.

له شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ڕەنگە
بگـــاتە ئاســـــمانی بێستوون فەرهادی هـــاوارم
(نالی –ل ٢٧٤)

گەردنی کوردی لە کێوی بێستوون مەحکەمترە
چونکە سەد ساڵە لە ژێر باری غەمایە نانەوێ
(کوردی –ل ٦١)

بە ئیما دیدەیی مەعشـووقـە عـاشق کێو لە بن دێنێ
بە لای سالم کەنەندەی بێستوون بۆ گیانی شیرین بوو
(سالم –ل ١٠٩)

ئەمـــن فەرهاد و شـــاهێد بێستوونە
ئەتۆ شیرین شەماڵ شاپوورە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٢)

**بێشەی نەی:** قامیشەڵان، شوێنێ کە قامیشی زۆری لێ ڕوابێت.

بێشە: جەنگەڵ، دارستان.

نەی: قامیش.

حاڵی عیشق و تابشی هیجرت نیشانی دا بەمن
ئاگری سۆزندە هەرکارێ بە بێشەی نەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

**بێش و کەم:** زۆر و کەم.

بێش: بیش، زۆر، گەلێ.

بێش و کەم بێ شکەم و حیرس وەکو تیفلی رەفیع
زاوییە بێشکەم و بێ شـــــکم و بــــــێ حیبەلم
(نالی –ل ٢٩١)

**بێعەینیی:** بەتەواوی.

بەجان سەختی بیو دڵ بەردیی من و تۆ

بێعەیـــنیی هـەروەکــو پۆڵاو و بەردین

(نالی –ل ٣٤٩)

وەعزی عولەما کوردی لە ناو مەجمەعی عوشاق

بێعەینیی قسەی قەوم و گوزارشــــــتی عەزابە

(کوردی –ل ٤٥)

**بێ قەرار:** بێ ئارام، ئارام لێبڕاو.

ئاکاتە دەر لە خاتر سەد کۆششی ئەرەستۆ

غەیرەز ویسالی یاران ئەندوهی بێ قەراران

(سالم –ل ٩٣)

بازی دڵ بێ قەرار و شەیدایـە

شیفتەی زوڵف و خاڵی لەیلایە

(سالم –ل ١٣٤)

**بێ مەعنی:** ئەوەی کە نەکرێ و نەگونجێ و شایانی باسکردن نەبێ.

سالم کەلامی کوردی و بێ وەزن و لەنگ و سست

بێ مــــــەعنییە بگاتە ئەلای شێخی مــەعنەوی

(سالم –ل ١٥٢)

**بێن:** بۆن، بەڵام لێرەدا مەبەست بۆگەنە، بۆنی ناخۆش.

لە بەر بێنی برینی لاشەویلەی

وەها گێژم نەماوە ئیختیارم

(سالم –ل ٨١)

**بێ نەوا:** هەژار، دەست کورت، بێچارە، داماو، ناتوان.

بێ + نەوا

بێ: ئامرازی نەفییە.

نەوا: هۆی ژیان، پێویستی، خۆراك، خواردن.

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخ هەباس
یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شـــــەخسی عوور
(نالی –ل ١٨٥)

تالیبی ڕاهی حیجازم لە موخالیف هەڵدەن
بێ نەوا قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە
(نالی –ل ٥٩٥)

دەڵێن میهمان پەزیر و دڵنەواز و خاوەن ئیکرامی
دەسا بۆ کێتە وا من بێنەوا و دەروێش و میهمانم
(کوردی –ل ٢٨)

**بێ نەواز:** بێ لێدانی ئامرازی مۆسیقا، بە بێ لێدانی مۆسیقا.

دائیرەی میسری و چەقانە گەوهەر و لەنجەی سەمەن
دەنگی چــاوش بێ بەلا هــاوێتە گیــانم بێ نــەواز
(کوردی –ل ١٨)

**بێنەو نییە:** مەبەست داوا کردنی باج و خەراجە لەو کەسانەی کە دەست کورتن و هیچیان نییە.

ئــەوانەی بەرشکستی ئیلتیزامی حاسلی ڕۆمن
لە تاو بێنەو نییە گاگەل چەرینی میری جافانن
(سالم –ل ١٠٤)

**بێ نیزام:** بێ نیظام. مەبەست بەد ڕەفتار، بەد کردەوە، بەدخوو، ئاژاوەچی، ئاشووبچی.

تــا وەقتێ دوزدی نیمــەشەبن تورکی بێ نیزام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم دەخەن زەرەر
(سالم –ل ١٣)

# پ

**پابەند:** بەستراوە و ڕێگە لێگیراو، ئەوەی کە ئاژەڵ و وڵاخ و...هتد، پێدەبەسترێتەوە، کەسێ
کە خۆی بەستبێ بە بیر و باوەڕێ، یان شتێ یان نەریتێ...هتد.

پا: پێ.

بەند: ڕەگی چاوگی بەستەن (= بستن)ی ف. یە واتە بەستن.

حوکمی تۆ حیسنی ویلایەت عەزمی تۆ پەرژینی باغ

عەزمی تۆ پابەندی ساریق عەدلی تۆ ئەمنی مەکان

(سالم –ل ٩٢)

**پادشاهی حوسن:** مەبەست شۆخ و شەنگی زۆر جوان و بێ وێنەیە.

لەشکری خەتتی شکستە و تیپی زوڵفی تار و مار

پادشاهی حوسنی عالەم گیری هێشتا غـــالیبە

(نالی –ل ٢٩٩)

**پار:** کورتکراوەی (پارە)یە، کە جۆرە دراوێکە.

⟵ پارە.

بە پارێك نامەوێ دەرمان لە نەشئەی چاوییە عیللەت

بە پوولێك ناکڕم عەنبەر لەگەڵ زوڵفی ئـــەوە سەودا

(نالی –ل ٨٧)

**پارە:** مەبەست ئەو جۆرە پارەیە کە لە وڵاتی ڕۆم بەکار هاتووە و بچووکترین پارەی

مسیی یان نیکلی یان زیویی عوسمانی بووە، چل یەکی قرووشێ (لە تورکیاpara چل یەکی پیاستر، و هەر سەد پیاستر دەکاتە یەك لیرەی تورکی.)

[پەهلەڤیpārak. پارچە، پارە، دراو.] پارچە. بەش، لەت، دراو، تەرەکیو، درز بردوو، کچێنی نەماو، یەك جزم لە جزمەکانی قورئان، بەرتیل، ئەو بەرتیلەی کە دەدرێت بە قازی، پەیین کە بۆ پیت و بەرەکەتی زەوی بەکاردێت، جۆرە شیرینیکە، کرێ، دیاری، گورزی ئاسن...هتد. (معین)

گۆشتی قەڵە و حوققە بە چواردە پارە

وەقتی گۆتت حـــــوققە زەمیر دیارە

(نالی –ل ٧١٦)

**پاسەبان:** پاسەوان.

ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە سپڵەیی دز

پاسەبانی ســـەر ئەم کۆیە جـــەوان مەردانن

(سالم –ل ٩٤)

کەی بە گەنجی ڕوومەتت دەستی خەیاڵی من دەگا

پاســـــەبانی ماری زوڵفت تا مـوحیتی گـــەردەنە

(سالم –ل ١٣٠)

**پاڵانی:** پاڵانیی دووەم. مەبەست تیرەی پاڵانی نزیکەی سێ سەدو پەنجا ماڵن لە نێوان (زەنگـابـاد و قـەرەتـەپـە)و ڕۆژهـەڵاتـی (سیروان و دگاگا) نیشتەجێ بوون لە ناوچەی کەروکوك –کفری دا.

(تاریخ مردوخ، ج١، آیت اللّه شیخ محمد کردستانی ص٨٣. چاپخانە ارتش.)

گوێدرێژێ بـــار و کورتان بەرزو پاڵانیی بەزێن

چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پاڵانی و گێژ

(نالی –ل ٢٢٧)

**پاڵانیی بەزێن:** مـەبـەست بـاشتـریـن کـەرە، ئـەو کـەرەی کە هـیـچ کـەرێکی تر نـەتوانێ بەرامبەری بوەستێ و بێتە ڕیزییەوە و هەموو کەرێ بەرامبەری بەزیو بێت.

پالانیی: گوێدرێژێ کە کاتی کورتان لێکردنی هاتبێ و فێرە سواری باربردن بکرێت. (گیو)

گوێدرێژێ کە کاتی کورتان لێکردنی هاتبێ. (خاڵ)

بارەبەر، کەرێ وەختی بارکردنی هاتبێ، ئەسپی باری، بارگیر، بارگین. (هەژار)

گوێدرێژێ بار و کورتان بەرز و پالانیی بەزێن

چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پالانیی و گێژ

(نالی –ل ٢٢٧)

**پالانیی و گێژ:** ناوی دوو تیرەی کوردین.

پالانیی: ←

گێژ: تیرەیەکە لە ناوچەی کفری.

(تاریخ مردوخ، ج١،آیت الله شیخ محمد کردستانی –ص١٠٨، چاپخانە ارتش)

گوێدرێژێ بار و کورتان بەرز و پالانی بەزێن

چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پالانیی و گێژ

(نالی –ل ٢٢٧)

**پالوو:** لاپەراسوو، لاپاڵ، لاقەد، پەراسوو بەرامبەر بە وشەی پەراسووی کوردی، لە فارسیدا: pahlū، لە سەنسکریت دا: pārçva ، لە پەهلەڤیدا: pahluk.. (معین)

ئاسمان تەرزەی کە لێدا بەردە بارانمان ئەکا

سوختەکانمان ڕادەکەن پالو پساو و قوون دڕاو

(نالی –ل ٣٦٥)

جەوری یارم وەکو فیرعەونی ڕەقیب

تۆ لە پالووی ئەوا هامانی

(سالم –ل ١٥٠)

**پامال:** پێ شێل، پێ ماڵ، ئەوەی کە لەژێر پێدا پلیشاوەبێ، خستنە ژێر پێ، پێ پیادانان، ژێر پێ کەوتوو، داماو، زەبوون.

ڕاسته پامالّی غەمی ئەی دڵی ئاشوفتە وەلیّ
(صبرکن کین بە دو روزی بەسر آید موعود)
(سالم –ل ٥٦)
شام.و سەحەر وەکو خـاك پامالّی پایی خەڵکم
ئـەز بەس بـەیادی لـوتفت کەوتم لە ڕێگو زاران
(سالم –ل ٩٣)
لە حەملەی ڕایی هیندی غەم شەهی شادی گورێزانە
سـەراسـەر لـەم ڕەهـە ئیقلیمـی دڵ پامـــالّی فیـلانـە
(سالم –ل ١٢٩)

**پانیاتان:** پیّ دانانتان، مەبەست هـاتنی یارە.
نەسیمی کۆیی خاتر دەکـــا جەم
بە بۆی تورەی پەشێوی پانیاتان
(کوردی –ل ٣٥)

**پایەماڵ** = پای ماڵ. ———◄ پاماڵ
سەرفگەندەی دیدەتە ئاهووی خەتا
پـایـەمـاڵی لەنـجەتە سەروی ئیرەم
(سالم –ل ٨٢)

**پایەنداز:** پای ئەنداز. گەلیّ واتای هـەیە:
ئەو فەرشەی کە لە بەردەمی دەرگادا ڕادەخرێت، فەرشی ژێر پیّ، ئەو حەسیرەی کە بۆ پاك کردنەوەی پێلاو دادەنرێت، ئەوەی کە لەکاتی هـاتنی بووکدا دەهێنرێت، دەلاڵی خۆشەویستیی کە هەردوولا ڕێك دەخات. (معین)
درێغی بوو لە شیرین کوهکەنی جان
دەبـوو بیکـاتە پایەندازی شـــەو دێز
(سالم –ل ٧٢)

**پای بۆسیی:** پای بووسی، پا بووسی. واته پێ ماچ کردن، سەرلێدان و چوونه لای کەسێکی گەورە و بەرێز.

که ڕەختی تەبعی ڕامی هاته سەر میقرازەکەی تەعلیم
ڕیکابی پای بۆسی سالم و مەشوی لە دەورانا
(سالم -ل ٣٥)

**پەرەستوو:** پەرەسێلکە.

سەوادێکه له نوسخەی چینی زوڵفت
سیاهی نوسخەیی پەڕی پەرەستوو
(سالم -ل ١١٥)
له سورمەی شادمانی هەردوو چاوم
وەها ڕەش کەم وەکو پەڕی پەرەستوو
(سالم -ل ١١٦)

**پەرچەمی تاری بەخەم:** مەبەست پەرچەمی ڕەش و لوولی دلبەرە.

تار: مەبەست ڕەشە. تاریك.
بەخەم: مەبەست لوولە.

کەوته سەر ڕووت پەرچەمی تارت به خەم
ڕۆژ و شەو ڕۆژ و شەوی لێکدا بە هەم
(سالم -ل ٨٢)

**پەردە بە پەردە:** مەبەست پەڕە بە پەڕەی ناو غونچەیە.

تەنگ دەهانی دولبەرم حەسرەتی دایە گوڵڕوخان
وا دڵی غونچە بوو بەخوێن پەردە بە پەردە توو بە توو
(سالم -ل ١١٢)

**پەردەی دڵ دڕان:** دڵ کردنەوە، دەرخستنی ئەو ڕازانەی که له ناو دڵدایە.

بیمی بەد نامییە گەر نایەمە بەر تیری موژەت

کە درا پەردەیی دڵ دەرئەکەوێ ڕازی نیهان

(سالم –ل ٩٠)

**پەرگار:** [پەرگال = پەرگارە = پەرکار = پەرکارە = پەرکال = پەردال = پەرگەر = بەردال = پەرکەر = فەرجار. کراو بە عەرەبی. پیریغە. یونانی]

ئامرازێکی هەندەسییە بۆ دروستکردنی بازنە و هێڵکاری بەکاردێت.

فەلەك، مەداری گێتی، گەردوون، جیهان، چارەنووس، فرۆفێڵ، بازنە، چەمبەر.... (معین)

کە مانیی هاتە سەر کێشانی ئەبرۆی تۆ لە پاش چاوت

لە مەستی دەستی وا لەغزی کە کەچ هات خەتی پەرگاری

(کوردی –ل ٥٦)

**پەرنیان:** پەرنوون = پەرنوو = پەرن. ئاوریشمی چینی نەخشکراو، ئاوریشمی نەخشکراو، ئاوریشمی کاغەز یان پارچەیەك کە لە ئاوریشم دروست کرابێت و لە سەری بنووسن. پەردەی نەخشکراو، تابلۆ، شمشێر. (معین)

دیم وەکو دوکانی بەزازی لە سەر یەك بوخچە ها

شاڵی تیرمەو کەوڵی خەز دیبای هیند و پەرنیان

(سالم –ل ٩٠)

**پەرواز:** فڕین، هەڵفڕین.

دلی تووتی لە پەروازا لە سەر گوڵ لەنگەری ڕاگرت

کە یاری شۆخ و شیرینم سەحەر وەسمەی لە ئەبرۆ دا

(سالم –ل ٢١)

ڕەهی کۆی دولبەرم دوورە بە سالم ناگەمە مەقسەد

لە پەروازی تەلەبدا گەر بە تیژی وەك کەبووتەر بم

(سالم –ل ٨٠)

**پەروازی شاهین:** فڕینی شاهین.

پەرواز: ←———

شاهین: ———← شاهێن.

مۆژەت بۆ دڵ دەرێژێ وەختی ئیما

وەکو پـەروازی شاهین بۆ کەبووتەر

(سالم –ل ٦٥)

**پەروانە:** پەپوولە.

لەشەوقی ڕووی شەمع و زوڵفی دوودو تورەیی مەجمەر

سوپەند و عـــوود و پەروانە بخوور و غـــالییە ســـووتن

(نالی –ل ٣٢٩)

لــــە دەوریشم گــــــەڕا پەروانە نــــاکــــام

لە سەر ڕێی وەسڵی نووری هەجرە ئەمشەو

(کوردی –ل ٤٢)

**پەروین:** شەش ئەستێرەی بچووکن بەیەکەوە، چوێنراوە بە ملوانکە یا هێشووە ترێ. سورەییا (ثریا).

بێ قسەی غونچەی دەمت کاتی تەبەسسوم ڕوو بە ڕوو

هەتکی شوعلەی بەرق و نەزمی دائیرەی پـــەروین دەکا

(نالی –ل ١١٢)

راست پروین چو هفت قطره شیر

برچکیده بـه جـامـەی خــــەزرا

(گزیده مسعود سعد سلمان. د. سبحانی. ص ٦٧)

واتە: حەوت ئەستێرەی پەروین بە تەواوی وەکو حەوت دڵۆپە شیرە کە چکاوەتە ناو ئاسمان.

**پەرویز:** ———← خوسرەو.

به ئاوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بە جامی دیدە جەمشیدی

بە تەختی سینە پەروێزی بە ماری زوڵف و زەححاکی

(کوردی -ل ٥٧)

**پەروێزە:** (ف. پەرڤیز. parvīz = پەرڤیزەن. parvīzan = پەریزەن = پەرووزەن)، هێڵەك، بێژنگ. (معین)

سەراپا هەروەکو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم

بە یەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت بـرینـدارم

(نالی -ل ٢٧٥)

**پەری ڕوخسار:** شۆخ و شەنگ، زۆرجوان.

ڕوخسار: ڕوو، دموچاو.

نەوجەوان ئەبرۆکەمان شیرین دەهان و نوکتە دان

تورك ڕەفتار و پەری ڕوخسار و کاکۆڵدارەکەم

(کوردی - ل ٣٠)

**پەریشان خاتر:** ئەو کەسەی کە بیرو هۆشی لای خۆی نەبێت، سەرلێشێواو، دڵتەنگ، غەمبار.

خاتر: ⟵

لەبابانا گرفتارن پەریشان خاتر و بێکەس

بە جەمعییەت سیەھ بەختانە وەك گیسوویی خووبانن

(سالم - ل ١٥)

**پەڕ سووتان:** مەبەست لە پەلوپۆ کەوتنە، پەریشان بوون.

لە عەرسەی ئەوجی عەشقت بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا

بە بەرقی پرتەوی حوسنت پەڕی سووتا لە تەیرانا

(سالم -ل٣٥)

**پەڕی تیر:** ئەو پەڕەیە کە توند دەکرێ بە کۆتایی تیرەوە، بۆ ئەوەی کە لەکاتی وەشاندن و

تێگرتندا بەڕاستی و خێرایی و ڕێکی بەرەو نیشانە بڕوات.

چ قەد کەوانیٚ وەکو پیٚ شکاو و ئوفتادە

کە بازی سیٚ قەدەمی قەت نەداوە وەك پەڕی تیر

(نالی – ل ٢١٢)

هەڵپژا خوێن بە جیگەرما دەمی غەمزەت لە زەمیر

هاتە جونبوش کە بەئاهـم لە دەروونـدا پەڕی تیر

(سالم – ل ٦٨)

**پەڕی قوو:** پەڕی باڵندەی قوو کە زۆر نەرم و نۆڵەو بەکاردێت بۆ سەرین و دۆشەك و لێفە.

قوو: باڵندەیێکی جوان و گەردن بەرزەو پێیەکانی پەڕە دارە، لە ناو ئاودا باش مەلە دەکات پەڕەکانی نەرمو نۆڵ و جوانن و سپی یان ڕەشن. (عمید)

ئەگەر شەبها بە بیٚ تـۆ خووابگاهم

پەڕی قوویێ لە پالوومایە وەك خار

(سالم – ل ٥٩)

**پەژموردە:** سیس و ژاکاو.

قبووڵ ناکەم خەیاڵیشت لە ناو دڵما موقیمی بیٚ

ئەوا پەژموردە بیٚ گوڵدەستەیی حوسنت لە مەجمەردا

(سالم – ل ٢٢)

**پەس ماندەگان:** دووا کەوتووەکان، ئەوانەی کە ماونەتەوە. تاکی ئەم وشەیە (پەس ماندە) یە.

حاڵی وا پەس ماندگان با ئیبتیدا بێنێتەیاد

سانیەن بۆ باسی ئەو بەم بەیتەکا شیوەن بەیان

(سالم – ل ٩٢)

**پەششە:** پەشە، مێشوولە. لە جرو جانەوەرە باڵدارەکانە، باریك و شاخەکانی درێژن، دەمێکی باریك و درێژی هەیە، وەکو چزوو دەیکات بەلەشی ئادەمیزاد و گیان

لەبەراندا و خوێنیان دەمژێ.

بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بە عەنقا

نەك لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بەتیمساح

(نالی – ل ١٦٦)

قەت مەڵێن یاران لەگەڵ فیرقەت وەرە سازش بکە

شێت نەبووم وەك پەششە من خۆم تووشی بای سەرسەر بکەم

(کوردی – ل ٢٩)

**پەشم:** خوری. (پەهلەڤی. pasm) (معین)

سم وەکو یەشم و لەپەشم و تووکی پێدا سەرنگوون

چاو وەکو بیجادەیا دووشەو چراغی شوعلە ڕێژ

(نالی – ل ٢٢٦)

**پەشمینە:** پەشمین. ئەو پارچەیەی کە لە خوری دروست کرابێ.

پەشم + ینە.

پەشم: خوری.

ینە: پاشگرە.

سینەی دڵی بێکینە سافە وەکو ئایینە

مەستوورە بە پەشمینە ئەسراری لەکن پەشمە

(نالی – ل ٤٧٥)

**پەلاس:** پارچەی لە خوری دروستکراوی ئەستوور کە دەروێش لەبەری دەکات، جۆرە جلێکی هەرزان و کەم بەهایە، بەڕەی زبر و ئەستوور، بەڕەو کلیمی کەم نرخ، بەشێ لە پارچەو کۆنە. (معین)

فەرشی پەلاسە دۆشەکی خاکە سەرینی بەرد

بێ تووك و ڕووت و قووت و فەقیر و قەلەندەرە

(نالی – ل ٤٢٠)

خـەوم بێهۆشییە بـەرگـم پەڵاسـە

خۆراکم خوێنە شادیم شینە بێ تۆ

(کوردی – ل ٣٩)

**پەڵاسی خەز:** مـەبـەست جلوبـەرگی زبرو ئەستووری دەروێش و قەلەندەران.

پەڵاس: ←———

خەز: خز. ع. ئاوریشم، پارچەی ئاوریشم، پارچەیەك كە لە ئاوریشم و خوری چنرابێت. (عمید)

خەز: جۆرە گیانلەبەرێکی گۆشت خۆرە لە ڕەگەزی سمۆرە، پێستەکەی قاوەیی یان خۆڵەمێشی یە، تووکنەو پێستەکەی گرانبەهایە، جلوبەرگی ئاوریشم. (معین)

ئەبەد نـادەم بـە خیرقـەی پادشاهی

پەڵاسی خەز لیبـاسی کوهنەیی ڕەند

(سالم – ل ٥٦)

**پەڵاسی کۆنەی فەقر:** کۆنە پەڵاسی فەقر،

جلوبەرگی کۆنە و شڕی هـەژاری، هـەروەهـا مـەبـەست هـەژاری و دەست کورتییە.

پەڵاس: ←———

سالم نەکەی لە شەوکەتی مەنعم نەزەر بەغەم

نادەم پەڵاسی کـۆنەیی فەقرم بەسەد سەموور

(سالم – ل ٦٤)

**پەنجەی شێری گەردوون:** مـەبـەست مـەرگە، یـان دەسەڵات و توانـای یـەزدانییە.

شێری گەردوون = بورجی شێر (= برج الأسد)

عـــاقیبەت بـێ وەك غەزنفەر دوژمن ئـەر خـوێنم بخوا

پشتی ئەو دەشکێنێ پەنجەی شێری گەردوون عاقیبەت

(سالم – ل ٥٣)

**پەهلوو:** پاڵوو، کەنار، لا، پەراسوو، لایەکی لەش، ئەملا و ئەولای سنگ و سك، تەنیشت، بن دەست.

گـەردن ئـارایشە بـەو تـورەیـی تـۆ
شە بەخۆش ڕەنگە لە پەهلووی کەمەرا
(سالم - ل ٢٣)

وەکو فەووارە خوێن دەکوڵێ دەمی ئاهم لە حەلقووما
بەدڵ پەیوەستەیە سووراخی پەیکانت لە پەهلووما
(سالم - ل ٣٣)

هەر تەرەف تیری نیگاهت لە دڵم بەسکە چەقی
نـابـە پـەهلوو هەمەجـا سینـە نەیستانی منـە
(سالم - ل ١٣١)

**پەهلووی ڕوخ:** مەبەست ئەملا و ئەولای دەموچاوە.

ڕوخ: ڕوو، دەموچاو.

دابێنە بـە پەهلوویی ڕوخـا حـەلقەیی گیسوو
مەتبووعە بـە ئەترافی گوڵێ سونبولی خۆشبوو
(سالم - ل ١١٥)

**پەهلوویی گوڵ:** مەبەست دەوروپشتی دەموچاوی جوانی یارە.

پەهلوو: ⟵

سونبولی تورە کە پەرژینە بە پەهلوویی گـوڵا
موو بە موو هەرێکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا
(سالم - ل ٢٦)

**پەیاپەی:** پەی دەرپەی، یەك لەدوای یەك، بەدوای یەکتریدا، هەمیشە، خێرا.

پەی: لەپاش، پاش، دوا، لەپشت.

لە نەهرەینی دووچاوم ئەشکی خوێنین
پـەیـاپەی دێ پـەیـاپەی دێ پەیـاپەی
(نالی - ل ٧١٢)

پەیاپەی هاتەوە سەر جێگەیی گەرمی لەگەڵ توحفەی
سەلات و هەم سەلام بیّ لەو حەبیبی پاکی سوبحانە
(نالی – ل ٥١٦)

پەیاپەی دێتە ڕوو ئەشکم وەکو سەیل
(از آن خونی کەدر دل می زند جوش)
(سالم – ل ٧٤)

کرێکارانی ناکەس بۆ بیناغەی کولبەیی دیهقان
لە خانەی کاولی نۆکەر پەیاپەی خشت کێشانن
(سالم – ل ١٠٥)

**پەیەمبەر:** ⟵ پەیغامبەر.

بەڵکو لە فەڕی تەیبە کە تیبی پەیەمبەرە
ساکن ببیّ گەڕۆلییی ئەو کەلبە بێفەرە
(نالی – ل ٤٢٢)

**پەیغام:** پەیام، نامە، قسە یان مەبەستیّ کە لە کەسێکەوە بنێردرێت بۆ کەسێکی تر.

بێنە ئەی بادی سەبا لەم وەختەدا پەیغامی دۆست
(تاکنم جان ازسر رغبت فدای نام دوست)
(سالم – ل ٤٨)

**پەیغامبەر:** پەیامبەر، پێغەمبەر، پەیەمبەر.

پەیغام + بەر.

پەیغام: پەیام، پەیغەم، پەیەم، مەبەستیّ کە بە قسە یان بە نامەو نووسراو لەیەکیّ یان لە کۆمەڵێکەوە بنێردریّ بۆ کەسیّ یان بۆ کۆمەڵیّ.

بەر: ڕەگی چاوگی بوردەن (= بردن)ی ف. بە واتە بردن.

پەیغامبەر و حەبیبی خودا (خاتم الرسل)
ڕەوزەی لە ئەرزو سایە لەسەر چەرخی ئەخزەرە
(نالی – ل ٤٢٣)

**پەیك:** لە ئەڤیستادا:padika. پیادە، ئەو کەسەی کە بەپێی بڕوات و ڕێگە ببڕێ، کەسێ کە لێپرسراوی گەیاندن و گواستنەوەی بارونە و نامەیە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەرید، پەیامبەر، نامەبەر.

ای پیك راستان خبریـار مـابگو
احوال گل بەبلبل داستانسرا بگو
(حافظ) (معین)

واتە: ئەی نامەبەری ڕاستان، دەنگوباسی یارمان پێ بڵێ، دەنگ و باسی گوڵ، بگەیەنە بە بولبولی ئاواز خوێن.

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خـۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
(نالی – ل ١٧٤)

پەیامت هات و پەیکت ڕۆی خەیاڵم ناردو نەیگەیێی
ڕەسوولم کەوتەڕێ گرتی هێنای وەك ئاگرە سـوورە
(نالی – ل ٤٠٨)

وەهـا هەستـا بەباڵی جـازیبەی قـودرەت لـە نیوەی ڕێ
بەجێ ما ئەسپ و پەیك و ڕەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە
(نالی – ل ٥١٤)

جانم فیدایی سروەکەت ئـەی بـادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
(سالم – دیوانی نالی – ١٩٩)

**پەیك:** نامە بەر، پۆستەچی.

هەرکە غائیب بم لە فیکرا دڵ دەچێتە پـــەردەوە
پەی بەوی نابا ئەوی ناگاتە پەی پەیکی سەبـا
(سالم – ل ٣٩)

جانەم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی شارەزا لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
(سالم – ل ٦٦)

ئومێدی وەسڵ و دیداری نەما هیجری ئەمێستاکە
هەمیشە ئینتیزاری نامەیی پەیك و سەلامێکم
(کوردی – ل ٣٢)

**پەیکان:** تیر.

وەکو فەووارە خوێن دەکوڵێ دەمی ئاهم لە حەلقووما
بەدڵ پەیوەستەیە سووراخی پەیکانت لە پەهلووما
(سالم – ل ٣٣)

غەرقە لە دڵم پەیکانی پەیوەستە بە موژگانی
(چاکست گریبانم از چاك گریبانی)
(سالم – ل ١٥٠)

دڵ بریندارم بە پەیکانی موژەی خوێن ڕێژی تۆ
ناڵەیی زاری منی زاریی لە گیان بێزارییە
(کوردی – ل ٥١)

**پەیکانی موژە:** تیری برژانگ، مەبەست برژانگی تیژ و درێژ و کاریگەری یارە.

هەرکەسێ بێت و بڵێ من عاشقم باوەڕ مەکە
تا بە پەیکانی موژەی مەحبووبەکەی زامارنەبێ
(کوردی – ل ٥٢)

نیم نیگای دڵبەری من دڵ دەرفێنێ بە عەلی
نووکی پەیکانی موژەی خوێن دەتکێنێ بە عەلی
(کوردی – ل ٥٨)

**پەیکانی موژگانی گوڵ:** مەبەست برژانگە درێژەکانی یارە، برژانگە جوان و کاریگەرییەکانی

دلبەر.

پەیکان: (ئەڤیستا. paiti + Kan (کەن) واتە هەڵکەندن. paikan) ئاسنی سەری تیر و نێزە = ڕم. فلزی نووکدار کە دەخرێتە سەر تیر و ڕم. (معین)

کووچە کووچە خوون چەکەی پەیکانی موژگانی گوڵم
بۆ شەهیدیی شاهیدە دانیم کە خوێنم جارییە
(نالی – ل ٥٨٤)

**پەیکەر:** تەن، لەش، جەستە، بەدەن.

ڕۆح لە کوێدا خۆی نیهان کا ئەو لەبەر تیری موژەی
کون کونی کردووە وەکو بێژنگ جەمیعی پەیکەرم
(کوردی – ل ٢٥)

**پەی کردن:** گەلێ واتای هەیە: لەت لەت کردن، پەرێشان و سست کردن، لە پەلو پۆ خستن، بە دوای شتێکدا ڕۆیشتن، بەردەوام بوون لە سەرشتێ، لێخوڕین و دوورکردنەوە، دەرکردن.

دڵ پەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سییاهی
ڕەمزی هەموو بەڵایە غەمزەی هەموو موسیبە
(نالی – ل ٣٩٧)

نیشانەی پوختەگی بێدەنگییە نالی ئەگەر پوختەی
بەحوجەت تەی بکە نامە بە حیدەت پەی بکە خامە
(نالی – ل ٤٧٣)

قامەتت نەخلە بەشیری فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێنیشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە
(نالی – ل ٥٤٥)

**پەیکی ئەجەل:** مەبەست (عیزرائیل)ە، ملك الموت، گیان کێش، ناوی فریشتەیەکە گیانی خەڵك دەکێشێ.

پەیك: ⟵

ئەجەل: اجل. ع. مەرگ. کۆتایی، کۆتایی ماوەی تەمەن.

ئـــاخری دێ هـەردوولا دەوڵـەت و بێدەوڵەتـــی
پەیکی ئەجەل تەی دەکا هەرچی فەرازو نیشیب
(سالم - ل ٤٥)

**پەیمانە:** پێك، جامی مەی.

ساقیا ساغەری من خومرەیە نەك ڕەتلی سەبوك
دەرخوری مـەستیێ مـــن شیشە و پـەیمانە نییە
(سالم - ل ١٣٦)

**پەیوەستە:** پەیوەند، بەیەکەوە بەستراو، هەمیشە، هەردەم، هەمووکات.

بـە زوڵفی تۆیە وابەستە لـە مـن دڵ گـەر پـەرێشانە
بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەستە ئەگەر تاقەت لە من تاقە
(نالی - ل ٤٥٧)

وەکو فەوواره خوێن دەکوڵێ دەمی ئاهم لە حەلقووما
بـە دڵ پەیوەستەیە سووراخی پەیکانت لە پەهلوومـــا
(سالم - ل ٣٣)

بێ تۆ مەهیب و گریەم وەك ڕەعدی نەو بەهاران
پەیوەستە دێ بە ڕووما ئەشکم بە میسلی بـــاران
(سالم - ل ٩٣)

**پدەر:** باب، باوك.

بـــەس گـــریە بکە بۆ پدەرو بـــابی حیجابت
بێ بابییی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات
(نالی -ل ١٤٠)

خۆت لە جیاتی من دمگریای گەر بە چاو دەتدی رەشید

قورِ بەسەر دڵ پڕکە دەرشینی پدمر ئەفغان کۆنلن

(سالم -ل٩٢)

**پڕ ئابلە:** زۆر تلۆقاوی، زۆر هەڵتلۆقیو، زۆر ئاولاوی، زۆر کوتراو و بریندار.

پڕ: زۆر.

ئابلە: ئاوڵە.

تەیی ئەرخەم بۆ نەکا تا ڕووحی شاهی نەقشبەند

کـــــە بە پێی پڕ ئابلـــەم وادی فیراقت تەی دەبێ

(سالم -ل١٤١)

**پڕ ئاشنا ژن:** ژنی پڕ ئاشنا، ژنی زۆر ئاشنا و دۆست، ئەو ژنەی کە دۆستی زۆری هەبێ.

زاڵی دەهری دوون لە گەڵ هیچ شەو هەرێ نایاتە سەر

دۆستی ســـالم لـــە گـــەڵ پڕ ئـــــاشنا ژن مـــوشکیلە

(سالم -ل١٢٧)

**پڕ پێچ و شکەن:** مەبەست زوڵف و پرچی زۆر لوول و بەسەر یەکدا شێواوی شۆخ و شەنگەکان یان یارە.

شکەن: ڕەگی چاوگی شیکەستەن (= شکستن)ی ف. یە بەواتای شکان.

ئەو سیلسیلە وا میشکی خەتا نێوی براوە

پڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم و حەڵقە کراوە

(نالی -ل٥٣٠)

**پرتەو = پەرتەو:** واتە تیشك، ڕووناکی، ڕۆشنایی.

تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لە نێو ئەودا

بـــەڵێ مثقاڵــە ذەرە زاهیرە جیلـــوەی لـــە پــــــرتـــەودا

(نالی -ل ٨٧)

پرتو نیکان نگیرد هرکه بنیادش بدست

تربیت نا اهل راچون گردکان برکنبدست

(گلستان سعدی -علا محسین یوسفی، ص ٦١)

واتە: هەرکەسێ کە نەژادی بەد و خراپ بێت ناتوانێت تیشك و ڕووناکی پیاوچاکان بگرێ، و پەروەردەکردنی کەسێ کە بەدخوو بێت، وەکو ئەوە وایە کە گوێز بخەیتە سەر گومەز (گونبەد). واتە بێ کەڵك و بێ ئەنجامە.

پرتـــەوی عـاریزی یارو دڵـی سەد پارەیی مـــن

قسەیی شەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بە عومەر

(کوردی -ل ١٦)

زەرەســـــا ئەعزایـی ســـالم دێتە ڕەقس

هـەر سەحەر میهری ڕوخت پرتەو دەخا

(سالم -ل ٢٥)

یەك زەرە عەکسی پرتەو دەرکەوت و تووری سووتاند

ئـایینــە ســـــەخت ڕوو بـوو لەو عەکــسە تابی هێنا

(سالم -ل ٣٥)

ئەمە هەر پرتەوی ئەو ڕۆژەیە ئەییامی قەدیم

(کـــەهمی تافت بـــر آرمگـــە عـــــاد و ثمود)

(سالم -ل ٥٦)

ئەو بەهاری من خەزانە وەقتەکەی سوبحم تەمووز

پرتـەوی مـاهـە غـەم و چاکی دەروونم وەك کـەتان

(سالم -ل ٩٧)

**پرتەو بەخش:** پەرتەو بەخش، تیشك بەخش، تیشك دەر، ڕووناکی دەر، ڕۆشنایی دەر.

پرتەو: ⟵

بەخش: ڕەگی چاوگی (بەخشین)ە، کە هاتۆتە سەر ناو، ناوی بکەری دروست کردووە.

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان

کـــە نـــالی وا لە حـــاڵاتی میحاقی مـــاهی نـــەودایـە

(نالی -ل ٥٦٠)

**پرتەوی حوسن:** مەبەست شۆخ و شەنگیی و جوانی دلبەرە.

لە عەرسەی ئەوجی عەشقت بازی دل هەڵسا لە دەورانا
بە بەرقی پرتەوی حوسنت پەڕی سووتا لە تەیرانا
(سالم –ل ٣٥)

**پرتەوی عاریز:** مەبەست دەموچاوی گەش و جوانە.

پرتەو: ⟵
عاریز: ⟵

پرتەوی عاریزی یار و دڵی سەد پارەیی مـن
قسەیی شەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بە عومەر
(سالم –ل ٧٠)

**پڕ جەفا:** زۆر ستەمکار، زۆر دڵڕەق.

پڕ جەفایە بێوەفایە زوود جەنگە دێر سوڵح
سەد درێغ و حەیفە تەبعی ڕۆزگاری گرتووە
(نالی –ل ٥٤١)

**پڕچین:** زۆر لوول، مەبەست پرچ و زولفی زۆر لوولە.

پڕ چینە زولفی پڕ خـەم نـەقشە لە ڕوویی یــارا
وەك میللەتی مەجووسی هەر دێن بە دەوری نارا
(سالم –ل ٢٣)

کە بادی سوبحدەم ئەفشان ئەکا گیسوویی پڕچینی
(زتاب جـعد مشکینش چـه خون افتاد در دلـها)
(سالم –ل ٣٦)

**پڕ خەم:** پڕ چین، زوڵفی زۆر لوول و بەیەکدا چوو.

پڕچینە زوڵفی پڕخەم نەقشە لە ڕوویی یارا
وەك میللەتی مەجووسی هەردێن بە دەوری نارا
(سالم –ل ٢٣)

سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم ئەگەر تارە و ئەگەر مـــارە
بـرۆ و غەمـزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا ئەگەر مەودا
(نالی –ل ٨٨)

**پڕ زۆر:** زۆر بەهێز، گەلێ بە توانا.

قەدت نەخل و روتەب لێـوی عەقیقت
هەوەس پڕ زۆر و سالم دەستی کۆتاهـ
(سالم –ل ١٢١)

**پڕ کەدەر:** پڕ لە غەم و ناخۆشی، غەم و دڵتەنگی زۆر.
کەدەر: کدر. ع. واتە تاریکی، لێڵی.

ئەو حەوزە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تـــۆ
تـەغـییرە ئـاوی وەك دڵی مـەردانـی پـڕ کـەدەر
(سالم –ل ٦٧)

**پستان:** مەمك.

گەر لە عیشقی سادە ڕوویان دڵ بگۆڕم بێگومان
مـورتـەدم یـەعـنی ئـەسیری زوڵف و پستانی ژنـم
(کوردی –ل ٢١)
شیرەبی بوستانی حوسنت قوتی تیفلی مەردومە
شیری پستانی نـەبێ ناژی یەقین تیفلی سـەغیر
(سالم –ل ٦٩)

پستـانی دولبەرم بە نەزاکەت لە چینی زوڵف
وەك گۆیی عاجە بۆ خەمی چەوگانی ئابنووس
(سالم –ل ٧٣)

لە قـویـەی نـووری پستـانـت یـــەدی بـەیزا نمووداره
ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی تۆ کەفی مووسا
(سالم – ل ٢٧)

**پشت:** مەبەست پشتیوان، یارمەتیدەر.

خۆی کردووە بە گەورە و و قەرالی مولکی تەن

پشت و وەزیری ئەو سەگە دەجالی ئــەعوەرە

(نالی -ل ٤٣٣)

**پشتە بە پشتە:** پوشتە بە پوشتە، گرد بە گرد، تەپۆلکە بە تەپۆلکە، گردۆلە بە گردۆلە.

ویلّ و فیراری عیشقی تۆم شەهر بە شەهر سوو بە سوو

پشتە بە پشتە تەل بە تەل دەشـت بە دەشت کوو بــە کوو

(سالم -ل ١١٢)

**پشتی تاقانە:** مەبەست پشتی ڕێك و قیت و بێ هاوتایە.

تا خەدەنگی قامەتی تۆی گرتە باوەش مالّی قەبر

پشتی تاقانەت لە غەم خەمْ بووْ وەکو مالّی کەوان

(سالم -ل ٩١)

**پشتی سەمەك:** مەبەست سەر ڕووی زەمینە، هەموو جیهان.

سەمەك: مەبەست زەوییە، لە گەلێ لە سەرچاوە کۆنەکاندا لەم بارەیەوە هاتووە کە: زەوی لە سەر شاخی گایە و گایش لە سەر پشتی ماسی ڕاوەستاوە. ناوی ئەم ماسییە (لیوثا) یە، ئەو ماسییەی کە بە پێی هەندێ داستان زەوی لە سەر پشتی دانراوە و هەندێکیش دەڵێن زەوی لە سەر شانی فریشتەیەکە پێیەکانی لە سەر بەردێکی گەورەیەو، ئەو بەردەش لە سەر پشتی ماسییەکی گەورە دانراوە، گێڕەرەوەکانی ئەم دەنگوباسە تا ئەندازەیێ باوەڕیان بە بوونی ئەم ماسییە هەبووە، کە لە ناوەکەیدا بیر و ڕایان جیاواز بووە، هەندێکیان ناویان هێناوە بە (ابو الیقظان) و هەندێ بە (لوشایا، لیوثا) یان بە (لە هووت) -تاریخ طبری، چاپ مصر، ج١، ص٢٢. تفسیر ابو الفتوح طبع تهران، ج٥، ص٣٧٢. تفسیر امام فخر رازی، طبع آستانە، ج٨، ص٢٥٩. (....ئینجا خوای گەورە گایەکی دروست کرد لە باغەکانی بەهەشتدا کە چەندەها هەزار دەست و پێی هەبوو، شاخەکانی ئەم گایە لە حەوت ئاسمان تێپەڕی کردبوو....ئەم گایە بە فەرمانی خوا لە

ئاسماندا بە هەڵواسراوی مابووەوە، ئینجا وردە وردە خستیە سەر پشتی ماسی و لە سەری جێگیر بوو، ئەم ماسییە ئەوەیە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناوە (سراج القلوب، ص٤). (اشارات)

شەپۆلی بەحری ئەشکم پڕ دەکا پشتی سەمەك ئــەمشەو

سـەدای ڕەعدی فوغانم کـەڕ دەکا گۆشی فەلەك ئەمـشەو

(سالم –ل ١١٩)

**پشتی ماهی:** ←——— پشتی سەمەك.

ماهی: ماسی.

ئاهی خۆم بۆ نانی جۆ سمکۆڵی ئەسپم بۆ حەشیش

ئەو گەیشتە پشتی ماهی ئەم گەیشتە ڕووی سەما

(سالم –ل ٤٢)

**پوختە کردن:** مەبەست ڕێك و پێك کردن، پاك و خاوێن کردن، وریاو پێگەیشتوو کردن.

مایەیی عیشق وەها پوختە دەکا مەردومی خام

خوێن لەنێو جەرگ و دڵ و دیدە دەمینێ بە عەلی

(کوردی –ل ٥٨)

**پوختەگی:** پوختەیی، کوڵاوی، کارامەیی، پێگەیشتوویی.

لە ئاب و تاب و ئەشك و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریانی

لە باتی پوختەگی سووتام ئیستـەش پێم دەڵێ خـــامە

(نالی –ل٤٧٣)

نیشانـەی پـوختـەگی بیدەنگییە نالیی ئەگەر پوختەی

بە حوججەت تەی بکە نامە بە حیدەت پەی بکە خامە

(نالی –ل ٤٧٣)

**پوخت و پەز:** کوڵان و هاتنە جۆش.

پوخت: چاوگی کرتاوی پوختەن (= پختن) ی ف. یە واتە کوڵان، جۆشان.

پەن: ڕەنگی چاوگی (پختن)ە.

زەرفی دڵ بۆ دەوڵـــەت و پوخت و پەزی فیکرم ڕژا
ڕوو بە ڕووی تۆ وای لە ئەبرۆ بورشی شمشێری دی
(سالم –ل ١٤٤)

**پودەر:** پدەر، باوك، باب، پیاوێ کە وەچەو منداڵی هەبێ.

وەرە قوربان بە جان هەردوو برابین
کە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام
(نالی –ل ٢٦٤)

**پورسش:** پرسیار.

چ حاجەت پورسشی ئەحواڵی ئاشوفتەم لە قاسید کەی
دەدا خەتی پـــەرێشانی لە ئەحواڵی خـــەبـــەر کـــاغەز
(سالم –ل ٧١)

**پورسید:** پرسیی، پرسی کرد.

سەر لافی ئەوی لێدا گۆی عەرسەیی بازیت بێ!
پورسید بۆ نەیبوو تاب بۆ زەربەتی چەوگانت
(کوردی –ل ١٣)

**پوست بە کۆڵی عامیری:** مەبەست مەجنوونی عاشقە.

پۆست بە کۆڵ: مەبەست عاشق، دڵدارە، ئەو کەسەی پێست یان کەوڵی ئاژەڵ لەبەر دەکات، هەروەها بە واتای سواڵکەر و هەژاریش هاتووە.

پۆست: پێست، کەوڵ.

عامیری: ←——— مەجنوون.

پۆست بە کۆڵی (عامیری) فەرمووی کەوا بۆ پوختە بوون
جـــەوتی ســـەر کێوان گەلێ چاتر لە (تالی شاری) یـــە
(نالی –ل ٥٨٠)

**پوشتان:** پشتان.

دەست لە ملان، دەست تێوەردان، باوەش،

(هەژار، مەردۆخ)

کەسێ پوشتانی بالآتە حەریفی ئاڵ و والآتە

کە شیبهی کاکۆڵی ژۆلیدە سەرگەردانی سەودایی

(نالی -ل ٥٩٨)

**پول:** پرد.

بۆ ڕێگا گەر ساقی عووجیان کردە پردی ئاوی نیل

ئەستو خوانی دەستی میرزا پول لە سەر دەریا دەکا

(سالم -ل ٢٩)

**پوور:** کوڕ.

ئەگەر دەیدی لەبی تۆ پووری هورمز

(نمودی لعل شیرین را فراموش)

(سالم -ل ٧٤)

**پووری زاڵ:** کوڕی زاڵ، مەبەست ڕۆستەمە، ڕۆستەمی زاڵ.

پوور: لە ئەڤێستا و سانسکریتدا، لە پەهلەڤیدا (پووس، پووهر، پوور، پسەر، پووترە، پوورە، پوس) واتە کوڕ.

(فرهنگ جامع شاهنامە-زنجانی)

لە کوردیدا (پس) واتە کوڕ، و پسمام، کوڕی مام، ئامۆزا.

زاڵ: پیری پەککەوتەی سەر سپی. زال و زار و زروان، زرڤان و زرهون و زربان و زرمان هەموو یەك ڕیشەیان هەیە، کە بە واتای موو سپییە، باوکی موو سپی. زاڵ (ئالبی نیسم) ی بووە کاتێ کە لە دایك بووە، مووی سپی و پێستی سوور بووە، کوڕی سام و باوکی ڕۆستەمە، کاتێ کە لە دایك بوو سام وای زانی کە نەخۆشە، فڕێی دایە چیای ئەلبورزەوە، بەڵام سیمورغ کە بۆ ڕاووشکار هاتبوو هەڵیگرت و

بەخێوی کرد و لە ئەنجامدا هێنایەوە بۆ سام.

زاڵ لە سەرەتادا نەیدەویست لە پەروەردەکەری خۆی دوور کەوێتەوە، بەڵام سیمورغ دڵی دایەوەو چەند پەڕێکی خۆی پێدا و وتی: هەرکاتێ کە سەختی و ناخۆشییەك ڕووی دا، پەڕێ لەو پەڕانە بخاتە ناو ئاگرەوە تا بە خێرایی ئامادە بێت و یارمەتی بدات. زاڵ ڕووداوەی کچی میهرابی پاشای کابولی مارە کرد و لەو ڕۆستەمی بوو، زاڵ لە سەردەمی مەنوچیهر تا ڕۆژگاری بەهمەن ژیاو هەمیشە یەکێ بوو لە ڕاوێژکارانی پاشاکانی ئێران.

(فرهنگ جامع شاهنامە -زنجانی)

کەس نەکا وەسفی خەدەنگی پووری زاڵ

باسی خوێن ڕێژی موژەت گەر بێتە ناو

(سالم -ل ١٠٨)

**پووری هورمز:** پووری هورمەز. کورتکراوەی (پووری هورمەزد)ە، واتە کوڕی هورمەزد.

پوور: ——◄ پووری زاڵ.

هورمز = هورمەزد: کوڕی ئەنو شێروانی پاشای ساسانی، هەروەها ناوی یەکێ بووە لە سەردارەکانی ئەنو شێروانی پاشای ساسانی، دیسان ناوی مووبەد (= پیاوی ئاینی زەردەشتی)ی بووە لە سەردەمی قوبادی ساسانیدا.

(فرهنگ جامع شاهنامە -زنجانی)

هەرکەسێ عاشق لە دەست هیجران خەلاس کا مەرد ئەوە

ئاری فەرهاد تا حەشر مەمنوونی پووری هورمزە

(کوردی -ل ٤٨)

**پووشوو:** ——◄ قاو.

ڕەقیب و موددەعی وەك پووش و پووشوو

بسووتێنن کە وەك بەرقین لە بەرقین

(نالی -ل ٣٥٢)

**پۆشیدە:** پووشیدە. داپۆشراو، شاراوە، نهێنی، پۆشراو.

پۆشید + ە

پۆشید = پووشید. چاوگی کرتاوی پووشیدەن (= پوشیدن)ی ف. یە، واتە: پوشین، داپۆشین.

ە: پاشگرە.

شیشەیی دڵ بەس لە کونجی سینــەدا پۆشیدە بوو
بــاز بەسەریا غــەم وەکو سەنگی فەلاخەن هـاتەوە
(سالم –ل ١٣٢)

**پیاڵەی لێو:** مەبەست دەم و لێوی جوان و دڵڕفێنە.

ڕامــی بـــۆســـەی پیـاڵەی لێـــوت
سوبحی مەحشەر خوماری ئەو دێنێ
(سالم – ل ١٥٠)

**پیر:** ڕابەر، پێشەوا، شێخی تەریقەت. زۆرزان.

سالیکی جادەی حەقیقی گەر جەوانمەردی دەکـا
تـا نەخوێنێ دەرسی عیشقت ئیبتیدا نـابێ بە پیر
(سالم – ل ٦٩)

ڕەقیب نـاهێڵێ قەت یـارم لەگەڵ من لەحزەیێ جووت بێ
لـــە شێـوەی فیتنە جــۆییدا خـوداوەندا چــــەنێ پیرە
(سالم – ل ١٢٦)

عەینی جەهلە ڕوویی دڵ گەرسوویی تەرساخوو نەکەم
شێخــی سەنعـــانیش لـە ڕێگـەی عیشقدا پیری هـــەیـە
(سالم – ل ١٣٥)

چاوەکەم دەرحەق بە من بە قسەی بەدی بێ پیر مـەکە
بێ خەتاو سووچ (و) قەبـاحەت لە من (ی) دڵگیر مەکە!
(کوردی – ل ٤٩)

**پیراهەن:** کراس.

گەیاندی بۆم سەبا بۆی عەتری گێسوو
وەکو پیراهەنی یووسف بە یەعقووب
(سالم – ل ٤٤)

کەفەن پیراهنم بێت و مەشۆن زەخمم وەسییەت بێ
بەخوێن ئالوودە ئازادن لە مەحشەردا شەهیدانت
(سالم – ل ٤٩)

**پیری دڵ:** دڵی پیر، دڵ پیر، مەبەست وردبین و جیهان دیدە و ژیرە، زاناو شارەزا.

تیری موژگانت لە سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ
هێندە کەچ ئایینە قەسدی خانەدانی دین دەکا
(نالی – ل ١١٣)

**پیری کەنعان:** مەبەست یەعقووب پێغەمبەرە.

بە شوهرەت سالمم ئەمما لە هیجرەت پیری کەنعانم
دەبێ ڕەوشەن بەوەسلت دیدەیی تارم وەلێ زەحمەت
(سالم – ل ٥٢)

شنیده ام سخنی خوش کە پیر کنعان گفت
فراق یار نە آن می کند کە بتوان گفت
(حافظ.-قزوینی، ص ٦١)

واتە: قسەیێکی خۆشم بیستووە، ئەویش ئەمەیە کە پیری کەنعان وتوویەتی: دووری یار کارێکی وای نەکردووە کە بتوانرێ قسەی لێوە بکرێت.

**پیری موغان:** مەبەست پیری مەی فرۆش و ڕیش سپی مەیخانەیە.

گەورەی موغان، ڕابەر و گەورەی ئاینی زەردەشتیی.

پیر: ⟶

موغان: کۆیەو، موغ تاکە.

موغ: (لە ئەڤیستادا: مۆغو، مەگە لە پەهلەڤیدا mag = ماگ).

واتە مویەدی زەردەشتیی، پیاوی ئاینیی زەردەشتی. (معین)

دڵ لە میحنەت کەیلە ئەی پیری موغانی بەزم ساز
هەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیش و تەرەب مەسنەد تەراز
(کوردی – ل ١٧)

**پیش ئەزین:** لە پێش ئەمە.

ئەزین: کورتکراوەی (ئەزئین)ە(= ازاین)ی ف. یە.

ئەز = از. لە.

ئین = این. ئەمە.

تا لە کوفری زوڵفی یار ئەوەڵ گرفتاریم نەدی
نەمدەزانی پیش ئەزین بەم نەوعە ئەحواڵی ئەسیر
(سالم – ل ٦٩)

چیهرەم کە پیش ئەزین بە سەفا ڕەنگی لالە بوو
ئیستێ دەبا لە حینی خەزانا گرەو لە بەی
(سالم – ل ١٥٢)

**پیل ئەفگەن:** فیل بەزێن، فیل بەزەویدادەر.

پیل: فیل.

ئەفگەن: ڕەگی چاوگی ئەفگەندەن (= افگندن)ی ف. یە. واتە بەزەویداکێشان، بەزەویدا دان و خستن، فرێدان.

هونەرمەندانی تیراوژەن قەوی دەستانی پیل ئەفگەن
لە ڕووی غەوواسی ئەتراکا وەکو ڕوویەی گورێزانن
(سالم – ل ١٠٥)

**پیلەتەن** = پیل تەن. فیلەتەن، فیل تەن، ئەوکەسەی کە لەشی وەکو فیل وابێت، کەتە، لەش گەورە، زۆر بەهێز.

هەروەها وشەی پیلەتەن و فیلەتەن و پیل تەن نازناوی ڕۆستەمی زاڵە.

پیل: فیل.

(لە ئاشووریدا. puru، لە ئارامیدا.pīlā، لە پەهلەڤیدا. pīl، کراو بە عەرەبییەکەی (فیل)ە. līf.)

«مسعود برپشت پیل برخواب شد.»

( سلجوقنامە ظهیری ١٥)

واتە: مەسعوود لەسەر پشتی فیل نوست.

پیلان: کۆی (پیل)ە.

چوشب تیره شد پهلوان سپاه
بـه پیلان آسـوده بربست راه

(شا. بخ ٨: ٢٢٨١)(معین)

واتە: کاتێ شەو دنیا تاریك بوو پاڵەوانەکانی لەشکر بەهۆی فیلەکانەوە، بە دڵنیایی و ئاسوودەییەوە ڕێگەیان بەست.

تەنی ڕازی بەخشین پۆشیی وەك شێر و شوتور
بێنیـازە لـە برێشم تـەنـی یـــو پیلـە تـەنـــی

(نالی - ل ٦٧٠)

**پێچش:** پێچ و لوولی، پێچ خواردن، لوول بوون.

زوڵفی سیاهی چین بە چین مایلی دۆشە خەم بەخەم
حەلقەیی ئـەو لە گەردنم پێچشی داوە حەق بە حـــەق

(سالم - ل ٧٦)

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دوو تایە
هـەر پێچشی تـایێکی سـەد ئـاشوویی تیایە

(نالی - ل ٥٦٣)

**پێچشی خاتر:** ئەوەی کە لە بیرو هۆشدا پەنگی خواردۆتەوە و پێچ دەخوات.

پێچش: پێچ خواردن، پێچدراو، پێچاو پێچ.

خاتر: ←———

خەمی قەددم لە غەمدا شێوەیی ئەبرۆتە تاموونە

بەدایم پێچشی خاتر وەکو گیسووتە تابووتە

(سالم – ل ۱۲۲)

**پێچیدە بوونی تۆماری عومر:** بەسەر چوونی تەمەن، تەواوبوونی ژیان، کۆتایی هاتنی تەمەن.

پێچیدە = پیچیدە: پێچراو، پێچراوە.

وشەکە دوو بەشە:

پیچید + ە

پیچید: چاوگی کرتاوی پیچیدەن (= پیچیدن)ی ف. یە. واتە پێچان.

ە: پاشگرە.

سەر بەسەر پێچیدە بوو تۆماری عومر

شەرحی عیشقە ئیبتیدا تا ئینتیها

(سالم – ل ۲۵)

**پێشانیی:** پیشانی. ناو چەوان.

هەر پەرچەم و پێشانییە فیکری شەوو ڕۆژم

هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دوورو درێژم

(نالی – ل ۲۷۷)

**پێکەنینی گوڵ:** پشکووتنی گوڵ، گەش بوونەوەی گوڵ.

تاپێنەکەنی گوڵ بەدەمی بادی سەباوە

نەمگوت کە شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوو

(نالی – ل ۳۷۸)

**پێی دڵ:** مەبەست ناخی دڵە.

لەپێی دڵدا سەدایێ دێت مەزندە

زرەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٤)

# ت

**تا:** بە مەبەستی: وەك، وەكو، هاوتا، وریاكردنەوە.

تا دوزدی وەقتی نیمە شەبن تورکی بــێ نیزام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکو شەرەر

(سالم دیوانی نالی –ل ٢٠٠)

زصاحب غرض تاسخن نشنوی
کە گر کاربندی پشیمان شــوی

(سعدی –معین)

واتە: وریابە گوێ لەو کەسە مەگرە کە مەبەست و ئارەزووی خراپی هەیە، خۆ ئەگەر گوێی لێبگریت و خواستی بەجێ بهێنی ئەوا پەشیمان دەبیتەوە.

**تا:** بە مەبەستی: کاتێ کە، هەر ئەوەندەی کە، هەرکە.

تاتایی سەری تورەیــی پڕ پێچشی بـــادا
هەر تایەکی باریکی گوڵ و نافەی بەبادا

(نالی – ل ٨٣)

تاسونبولی زوڵفت لە نیهالی قــەدت ئــاڵا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بـــاڵا

(نالی – ل ١١٥)

بەواتای ناوبراو لە شیعری فارسیشدا زۆر بەکار هاتووە:

تازاغ بەباغ اندر بگشاد فصاحت

بربست زبان از طرب ولحن اغانیش

(ناصر خسرو، دیوان -تفنگدار -ص ٣٤٧)

واتە: کاتێ کە قەلە ڕەشکە لەناو باخدا بە دەنگە خۆش و زولاڵەکەی دەستی کرد بەخوێندن (لێرەدا مەبەست لە دەنگی خۆش و زولاڵ گاڵتە پێکردنە.)، لەبەر ئەو ئاوازە خۆشە باڵندەکان زمانی خۆیان بەست.

تانقش کرد برسر هرنقش بر نوشت

مدح ابو المظفر شاه چغانیان

(فرخی سیستانی -رهبر، ص ٤١)

واتە: کاتێ کە گوتە ڕەنگینە جوانەکانی لە شیعردا بەکار هێنا، ستایشی (امیر ابو المظفر)ی پاشای چەغانیانی خستە سەرووی هەموویانەوە.

**تائیری دڵ:** طائیری دڵ. ←——— مورغی دڵ.

کەی بە چەنگاڵی هەڵۆی غەم دەکەوێ تائیری دڵ

تالە زاغی غەمی زوڵفت هەیەتی زیللی هوما

(سالم - ل ٣٤)

**تاب:** تاو، تین، گەرمی، هێز، توانا.

جۆشش و تابە لە نێو دیدەیی گریانمدا

چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا

(نالی - ل ٨٩)

تابی میهری نەبوو یەك دەم وەکو سالم ڕەقیب

سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باران دیدەما

(سالم - ل ٣٣)

تابی کوا ئایینە ڕووی تۆ بێتە ناو

گەر لەسەنگ بێ نەقشی تۆ دەیکا بە ئاو

(سالم - ل ١٠٨)

سەر لافی ئەوی لێدا گۆی عەرسەیی بازیت بێ
پورسید بۆ نەیبو تاب بۆ زەربەتی چەوگـانت
(کوردی – ل ١٢)

وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فەریادم نەما سادەی
ڕەفیقان نیوە سووتەن ئێوە نامەرد عەرزە هـاوارێ
(کوردی – ل ٥٣)

**تابان:** درەخشان، ڕووناك، ڕۆشن.

تاب + ان.

تاب: ڕەگی چاوگی تابیدەن، تافتەن (= تابیدن، تافتن)ی ف. یە. واتە رووناك بوون، ڕۆشن بوون، گەرم بوون، تین سەندن...

فەلەك پەردەی شەب ئەندەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی
زەمین و ئـاسمـان لەم بـانـە تـا ئـەو بـانـە تـابـانـە
(نالی – ل ٥١٢)

**تابش:** گەرمی، تین.

تاب + ش

تاب: ——← تابان.

ش: پاشگر.

شەرەرو تابش و بارش لەدەمی ڕەعدی بەهار
ئـەسـەری سۆزشـی گـریـانە لـە ئەفغانمدا
(نالی – ل ٩٠)

حاڵی عیشق و تابشی هیجرەت نیشانی دابەمن
ئاگری سۆزندە هەر کارێ بە بێشەی نەی دەکا
(سالم – ل ٢٩)

**تابوور:** طابور. وشەیێکی تورکییە.

دەستەیەك سەرباز، بەشێك لە لەشکر.

کە لە عەرەبیدا (فوج، کتیبە)ی پێ دەوترێ.

سوپای موژگـان و تیغی ئـەبروانت
شکەستی فیرقەیی تـابووره ئـەمشەو
(کوردی – ل ٤٣)

فـاتیحەتە سخیره شاری دڵ بە تـابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆره پاتەختە لە بۆ خـــاقـانی غەم
(نالی – ل ٣٠٨)

**تابووری مەنسوور:** لەشکری بەتواناو سەرکەوتوو، سوپای زاڵ بوو.

تـابوور:⟵

مەنسوور = منصور. ع. سەرکەوتوو.

هـجوومی قول موژەی سەردڵ نیگاهی سەنگی دەورانی
دەڵێی هێرش ئەسەر گـاور دەبا تـــابووری مـەنســووره
(کوردی – ل ٤٧)

**تابووری موژە:** مەبەست برژانگی پڕ و درێژ و جوان و کاریگەری یارە.

تـابوور:⟵

موژە: برژانگ.

شکاندت لەشکری عـەقــڵ و شەکیبم
بە تـابووری موژە و شمشێری ئەبرۆت
(کوردی – ل ١٥)

**تاب هێنان:** بەرگە گرتن، خۆڕاگرتن بەرامبەر بەهەر کارو ئێش و ئازارێکی سەخت.

یەك زەرە عەکسی پرتەو دەرکەوت و تووری سووتـاند
ئـــاییـنە سەخت ڕوو بـــوو لەو عەکسە تـــابی هێنـــا
(سالم – ل ٣٥)

**تاری:** دراوەتە پاڵ تاتار، واتە خەڵکی تاتار، تەتەر و تەتاریشی پێدەڵێن، واتە مەغۆل. بەڵام لێرەدا مەبەست موشك یان میسکی تاتارە، کە زۆر بۆن خۆش و بەناوبانگە.

تاری کاکۆڵت لەسەر سەفحەی ڕوخت تاتارییە
خەتی دەوری لێوی ئاڵت جەدوەلی ژەنگارییە
(کوردی – ل ٥١)

**تاجی عەرەب:** مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ).

گوتی تاجی عەرەب و نالی عەبا فەرموویان
عەیبەتەن پەروەریی و نەرمی و نازك بەدەنیی
(نالی – ل ٦٧١)

**تار:** مەبەست ڕەشە، سیا.

سیلاحی پەرچەمی پڕخەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە
برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا ئەگەر مەودا
(نالی – ل ٨٨)

**تار:** تاریك، تاریك و نووتك.

لێم گەڕێن باگۆشە گیریم دەستە و ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان
(سالم – ل ١١)

بەفیکری مووشکاف ئەمشەو قیامم کرد لە ڕووی زوڵفت
بەتاریشی بەتوولیشی بەقەد تاری نەبوو یەڵدا
(سالم – ل ٣٧)

**تاراج:** تاڵان.

سوپای غەم هاتە تاراجی قەرارو سەبرو ئارامم
کەزانی موڵکی دڵ بێ شەهریارو لەشکرە ئەمشەو
(کوردی – ل ٤٣)

**تارکردن:** تاریك كردن.

لێم گەڕێن باگۆشە گیریم دەستەو ئەژنۆ کەف زەنـــان

گێژەڵووکەی بـای ئەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

(سالم – ل ٩٧)

**تاریی:** تاریك.

لە چاوی ڕوودبارم نووری دیتن وەقتە تـــاریی بـێ

ئەمیش با ماجەرای هیجرانی نووریی روودبـاریی بێ

(نالی – ل ٦٣٣)

**تازە جەوان:** نەو جەوان، نەو جووان، تازە پێگەیشتوو، جوان و شۆخ و شەنگ و چالاك.

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادەو و کەوتـــووم

تا مـاوە حـــەیاتم

(نالی – ل ٢٦٤)

تــاجهان باشد خسرو بە سلامت مـاناد

تن او تـازە جوان بـاد و دلش خرم وشاد

(منوچهری، دیوان – ١٦٣ – عفیفی)

واتە: تا جیهان بمێنێ پاشا سەلامەت بێت، لەشی ئەو نەوجووان و چالاك بێت و دڵیشی خۆش بێت.

درغریبی و فراق و غم دل پیر شدم

ساغرمی زکف تازە جوانی بەمن آر

(حافظ، دیوان -–ص ١٨٦ -–عفیفی)

واتە: لە غەریبایەتی و پیری و غەمی دڵ، پیربووم، بە دەستی نەوجووانێ پێکێکی مەیم بۆ بهێنە.

**تازەگی:** تازەیی.

لەبی تیشنەی کوهەن زەخمم بە خوێنی تازەگی تەڕبێ
حەیا بۆ ماهی مەستوورم کە دەستووری نەزەر نادا
(سالم – ل ١٧)

**تازی:** تانجی، تاژی.

تاز: ڕەگی چاوگی تاختەن (=تاختن)ی ف. یە، واتە هێرشبردن، پەلامار دان، هەڵمەتبردن.

چ خۆشە مــن وەکــو تــازی بنووڕم
ئەتۆش هەروەك غەزالەی بەر هــەڕاکەی
(نالی – ل ٧١٠)

**تازی:** عەرەب.

(پەهلەڤی. Tāžhik، تیرەی طی، عەرەب، عەرەبی، زمانی عەرەبی.) (معین)

بینات کرد عەهدەکەی زەححاکی تازی
لە تورەت موو بە موو مــارانە ئیمشەو
(سالم – ل ١٢٠)

**تازیانە:** قەمچی، قامچی.

لە بیمی تازیانەی مەردی ڕۆمی سەیید و سۆفی
بە ئومێدی گەز و مازوو لە بــن داری مەریوانن
(سالم – ل ١٥)

**تازی سوار:** مەبەست بلیمەت و لێهاتووە، شاسوار، شۆڕە سوار.بەڵام خۆی بە واتای عەرەب سوارە.

تازی: ←——

لە مەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون
بە کوردی هەریەکە تازی سواری بوون لە بابانا
(سالم – ل ٣٥)

**تاس:** طاس. زاری تاوڵە.

چ حـاجەت تـاسی ئیقبالم دوشـەش بێنێ ئـەمێستـاکـە
کە بەردی دڵ لە دەوری داوی خانەی شەش دەرە ئەمشەو
(کوردی - ل ٤٣)

**تاس:** طاس. پیاڵەی شەراب، پیاڵەی مەی، پێك.

مـەگەر مەیخانەیە دنیا کـەوا کـاسی لـە بەر کەئسی
بە نەغمەی عوودی سووتاوی بە نەشئەی تاسی تاساوی
(نالی -ل٦٨٢)

**تاغی:** طاغی. ع. سەرکێش، یاخی، زاڵم، ستەمکار، جەفاکار.

تاغی یو باغی یو باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شـاد و شادابە بەگـوڵ ئاتەشی یو نـارەوانی
(نالی -ل٦٦٨)

**تاق:** کەوانی، بێوێنە، تاك و لەوێنە نەبوو.

بنـازم دلبەری خـۆم چـەندە پڕ وەسـف و چ بێعەیبە
بە چاو مەست و بە دڵ هوشیار بە ئەبرۆ جووت و هەم تاقە
(نالی - ل ٤٥١)

**تاقە:** جۆرە پارچەیەکی گوڵ وردی ئاوریشمیی بوو، لەکۆندا کەوایان لێ دروست دەکرد.
هەروەها بە واتای بێ وێنە و لە وێنە نەبوو و نایابە.

کەوا زەرتایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە
مەڵێ خورشیدی ئافاقە بڵێ میهری کـەوا تـاقە
(نالی - ل ٤٥٥)

**تاقەت تاق بوون:** تاقەت لە کەسێ تاق بوون، بە هەمان واتا و مەبەست لە فارسیدا دەوترێ (طاقت طاق شدن) یان (طاقت طاق گشتن)، واتە هێز و توانا و تاقەت لە دەست دان، تاقەت نەمان.

بە زوڵفی تۆیە وا بەستە لە من دڵ گەر پەرێشانە
بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەیستە ئەگەر تاقەت لەمن تاقە

(نالی -ل٤٥٧)

لا ابالی گشته ام صبرم نماند
مرمرا این صبر در آتش نشاند
طاقت من زین صبوری طاق شد
واقعەء من عبرت عشاق شد

(مولوی، مثنوی، ن، ٦، ٥٠٦ -عفیفی)

واتە: ئارامم لەبەر براوە، گوێ نادەمە هیچ شتێ، مەگەر ئەم ئارام گرتنە منی خستۆتە ناو ئاگرەوە.

بە هۆی ئەم سەبر و ئارامییەوە تاقەت و توانام نەما، ئەم بەسەرهاتەی من بوو بە پەند و عیبرەت بۆ دڵدارەکان.

در فراقت طاقت من گشت طاق
مستغاث از جور و بیداد از فراق

(اثیر اخسیکتی، دیوان -عفیفی)

واتە: بەهۆی دووری تۆوە تاقەتم نەما، داد و هاوار لە دەستی ستەم و بێدادی و دووری لە یارەوە.

**تاقی کیسرەوی:** طاقی کیسرا = طاقی کیسری.

بەناوبانگترین کۆشکی پاشایانی ساسانی، کە ئێرانییەکان پێی دەڵێن تاقی کیسرا، یان ئەیوانی کیسرا، ئێستاش بینینی کەلاوەی ئەو کۆشکە مایەی سەرسوڕمانە، لە داستانەکاندا ئەم کۆشکەیان بە هی خوسرەوی یەکەم داناوە، بەڵام (هرتسفلد) دەڵێ: هینی شاپووری یەکەمە، هەروەها (روتر) دەڵێ: تاقی کیسرا بارەگایەکە کە خوسرەوی یەکەم دروستی کردووە، ڕووبەری وێرانەکانی ئەم کۆشکە و ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە، بە درێژی و پانی ٤٠٠ -٣٠٠ میترە، کە لەم ڕووبەرەدا وێرانەی چەند کۆشکێ دەبینرێت. تاقی کیسرا تەنها ئەو بەشەیە

لە هەموو کۆشکەکە ماوەتەوە و دیمەنی ئەم کۆشکە سەرنج ڕاکێشەرە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی٢٨ -٢٩ میتر بەرزە.

تا ساڵی ١٨٨٨ز دیمەنی هۆڵی گەورەی ناوەند مابوو، ئەم هۆڵە٢٥/٦٣ میتر پانایی و ٤٣/٧٢ میتر درێژە، کە بارگای شاهەنشا بووە، تاقی کیسرا بارگای ئاسایی شا بوو.... (معین).

بوونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەویی
دانانی زوڵم و ڕوو ڕەشییە تەختی ئابنووس
(نالی -ل٢٣٨)

**تاك:** مێو، درەختی مێو، ڕەز، درەختی ترێ.

تەرزە کوویی ئافەتی دەستی ڕەزانن باغ و تاك!
واقیعەن ئەم قەزیە ناوەختە خەزان بوو بۆ ڕەزان
(سالم – ل ٩٢)

**تاڵیشاریی:** تاڵشاری.

دەرمانێکی زەرد باوی زۆر تاڵە. (خاڵ)

دەرمانێکی ڕەش و زۆر تام تاڵە بە عەرەبی ((صبر))ی پێیدەڵێن و بە فارسی: الوا، صبر. (هەژار)

الوا: ئەلقا، چەسپێکی زۆر تاڵە، پێیشی دەڵێن سەبری زەرد (صبر زرد). (معین)

پۆست بە کوڵی عامیری فەرمووی کەوا بۆ پوختە بوون
جەوتی سەرکێوان گەلێ چاتر لە تاڵیشارییە
(نالی – ل ٥٨٠)

**تاو:** هەتاو، خۆر، گەرم، داغ.

دەسا لادە سەری زوڵفت لەسەر ڕووت
کە ڕووتی ڕووتم و مایل بە تاوم
(نالی – ل ٢٩٤)

عاشق کە لە دونیا غەمی هیجرانە نەسیبی
سەد دۆزەخی بۆ تاوە چ باکی لە غەمدایە
(کوردی – ل ٤٤)

**تەئەمول:** تأمل. ع. ورد بوونەوەی قووڵ، بیر کردنەوەی قووڵ، دووربینی.

یالە مەیدانی فەساحەتدا بەمیسلی شەهسەوار
بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
(نالی – ل ١٠٦)

بنێرێ یاری شیرینم ئەگەر بۆ جانی شیرینم
دەرەك بێ جێم لە دۆزەخدا ئەگەر ئانێ تەئەمول کەم
(سالم – ل ٨٦)

تأمل کنان در خطاو صواب
به از ژاژ خایان حاضر جواب
(سعدی، بوستان، ص١٥٤، غلامحسینی)

واتە: بیر کردنەوەو ورد بوونەوە لە هەڵەو ڕاستی، باشترە لە وەڵامێکی خێرای نابەجێ و بێ واتا.

**تەب:** مەبەست نەخۆشی و دەردەدارییە. تا، بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەش.

لەبی تۆ بۆ تەبی من چارە سازە
بەڵێ عوننابە داروی دەردی مەحروور
(سالم – ل ٦٣)

**تەباه:** خراپ، وێران، لەناو چوو، زەبوون.

خانە وێرانە بەیەك تەب عالەمێکی کرد تەباه
ڕەنگی بێڕەنگی لەسەر ڕەنگی پەریدەی بوو عەیان
(سالم – ل ٩١)

**تەبعی ڕۆزگار:** طبعی ڕۆزگار. مەبەست خوو و ڕەوشتی نالەبارە، ئەو کەسەی کە خوو

ڕەوشتی وەکو ڕۆژگار و دەور و زەمانە بێت و هەر دەمە جۆرە ڕەفتارێکی هەبێ.

پڕ جەفایە بێ وەفایە زوود جەنگە دێر سولح

سەد درێغ و حەیفە تەبعی ڕۆزگاری گرتووە

(نالی -ل٥٤١)

**تەبعی شەککەربار:** مەبەست سروشتی توانا و بەدەسەڵاتە لە دانانی شیعری جوان و دڵ ڕفێندا.

وشەی (شەککەربار) واتە شەکر بارێن، ئەوەی کە شەکر دەبارێنێ، لێرەدا ئەو کەسەیە کە شیعری دڵ ڕفێن و شیرین دەڵێ یان دەنووسێ.

وشەکە دوو بەشە: شەککەر + بار

شەککەر: شەکر

بار: ڕەگی دوو چاوگی کوردی و فارسییە بارین و باریدەن (= باریدن).

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی لە (عمدا) وا دەکا

(نالی -ل١٠٦)

**تەبلە:** طبلة. ع. سەندووقی بچووك، کە بۆنی خۆشی تێدا دادەنرێت.

نەفحە بدا لە عەتری زوڵف لەودەمە بۆ دەماغی خۆشك

تەبلە بە تەبلە موشك بە موشك نافە بە نافە بوو بە بوو

(سالم - ل ١١٢)

**تەبی دڵ:** مەبەست دەردی دڵ و ئازار و ناخۆشی دڵە.

تەب: ⟶

بەجوز عوننابی لێوت بۆ تەبی دڵ

(بەگیتی در ندارم هیچ مرهم)

(سالم - ل ٨٣)

**تەبی غەم:** مەبەست غەمی سەختە.

تەب: ⟶

به پایین هات شەوی هیجر و نەسیمی سوبحی وەسڵ ئەنگووت

بـــەرم دە ئـــەی تـــەبی غـــەم وا بـــەیانە با ســـەبوك ســـەریم

(سالم – ل ٨٠)

**تەپڵی عاشقی لێدان:** مەبەست بڵاو کردنەوە و ئاشکرا کردنی ڕازی دڵدارییە.

مـــن کە ڕیسوا بـــووم و تەپڵی عـــــاشقیم لێدا ئیتر

کوردی ئەز پەروام سەر و ئیمان و گیان و دڵ نییە

(کوردی – ل ٥٢)

**تەتار:** تەتەر. نامەبەر، ئەو کەسەی کە نامە لە شوێنێکەوە بگەیەنێتە شوێنێکی تر. مەغۆل.

تاتار = تەتار = تەتەر: ناوێ کە لە کۆندا ڕۆژ ئاواییەکان بە نەتەوەی مەغۆلیان دەوت.

ناوی هەندێ تیرەی نیشتەجێی سیبریا و غازان و ئاستراخان و کەریمە. لە زمانە ئەوروپاییەکاندا تارتار. Tartar یشی پێدەڵێن. (عمید)

ئەی خەستەیی چاوت هەموو ئاهوویی تەتاریی

وەی بەستەیی زوڵفت هـــەمو شێرانی شکـــــاری

(نالی – ل ٦٤٧)

شکەنجی تاری پڕمیشکی تەتـــار و تارە ئەمما ئەو

دوتاو هەرتایە بارێکی لە عەنبەر نـــاوە زوڵفەینی

(نالی – ل ٦٧٨)

**تەتەر:** ⟵ تەتار، تەتەر.

هیمەت کە چـــابـــوکانە بـــە ئیجرایی مـــەتلەبم

لەم سەر بڕۆ وەك بەریدو لەوێ بی وەکو تەتەر

(سالم – ل ٦٧)

**تەجەللی:** تەجەللا، تجلی.ع دەرکەوتن، ئاشکرابوون. هەروەها تین و گەرمی و ڕووناکی.

سەحرا بە تەجەللی دەکــەنە وادییی ئــەیمەن
قـامەت شەجەر و مەزهـەری ئەلتافی ئیلاهـن
(نالی – ل ٣٤٢)

**تەجەللا:** ———◄ تەجەللی.

شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنـازم بــەم تــەجەللایە چ خـورشید و بلوورێکــە
(نالی – ل ٤٥٩)

**تەجرید:** لێرەدا وەکو زاراوەیەکی سۆفیگەری بەکار هاتووە، واتە: پشت کردنە دنیاو واز لە ماڵ و سامان هێنان و بە خوا پەرستییەوە خەریك بوون و وازهێنان لە بەند و باوی ماددی. (عمید)

ئەمن مەهدی ئەتۆ هادی شەوی تەجرید و تەقریبە
لەبەرکە خەلعەتی قورئان و ئـەم تەشریفی ڕیزوانە
(نالی – ل ٥١٣)

**تەجریدی مەسیح:** ئـەوەی کـە بـووە هـۆی ئـەوە کـە عـیسا مـەسیـح لـە ئـاسمـانی چوارەم تێنەپەڕێت، هۆی ئەمە هەبوونی دەرزییەك بوو بە جلەکانییەوە، چونکە کاتێ کە بەرەو بارەگای خوداوەند دەڕۆیشت، جوبرەئیل چاوی پێکەوت و بەعیسا مەسیحی وت: ئەمە چییە لە گۆشەی جببەکەت یان گیرفانتدا؟ وتی: دەرزییە، جوبرەئیل وتی: ئیستا وا دیارە لە ماڵی دنیا شتێکت هەیە، کە واتە لە هەمان جێگەدا بمێنە و لەوە پتر مەڕۆ، ئیتر عیسا لە ئاسمانی چوارەمدا ڕاوەستا، هەندێ کەس دەڵێن کە مەسیح ئاگای لەوە نەبووە کە دەرزییەك وا لە گیرفان یان وا لە جببەکەیدا.

لـە (فرهـنگ آنـنـدراج)دا، لــە ژێر (سوزن عـیسی) واتــە (دەرزی عـیسا) دا دەڵـێ: «دەرزینێکی پێ بوو، کاتێ گەیشتە فەلەکی چوارەم... فەرمان گەیشت کە لە هەمان جێگە ڕابگیرێت.» عیسا بێجگە لەو دەرزییە شتێکی تری پێ نەبوو، لەبەرئەوە پێی دەڵێن موجەڕەد (مجرد، مەسیحای موجەڕەد). مەبەستیش لەو موجەڕەدە بێ ژنی و بێ ماڵی و منداڵی ئەوە.

(فرهنگ تلمیحات – دکتر سیروس شمیسا)

هەروەها وشەی موجەڕەد واتە: ڕووت و قووت، تاك و تەنها، پیاوی بێ ژن -لە زاراوەی زانایاندا ئەو کەسەی کە پاك و داماڵراو بێت لە مادده، وەکو هۆشەکان و ڕۆحەکان. (عمید)

تاقە خاڵی ڕووت بە تەجریدی مەسیح

ساحیرە چاوت بە ئیعجازی کەلیم

(سالم - ل ٨٧)

**تەجنیس** = تجنیس -ع. هاوجنس کردن، هاوڕەگەز بوون، جیناس یان تەجنیس ئەوەیە کە شاعیر دوو یان چەند وشە لە شیعردا بهێنێتەوە کە لە خوێندنەوەدا وەکو یەك بن، بەڵام لە واتادا جیاوازبن.

وەکو دەڵێن بە درێژایی تەمەن بارام گۆری دەگرت، لە ئەنجامدا بینیت کە چۆن گۆر بارامی گرت.

گۆری یەکەم کەری وەحشییە و گۆری دووەم قەبرە.

مرادم ڕووتە هەرجا وەسفی مەهـ کەم

دەبێ دوویێ نیشانەی تیری تەجنیس

(سالم - ل ٧٤)

**تەحدیسی نیعمەت:** باسکردنی چاکەو خۆشی و ماڵ و ڕۆزی، مەبەست باسکردنی هەر خۆشی و چاکە و ماڵێ کە خوا بە ئادەمیزادی بەخشیوە.

ئەو کەسە تەحدیسی نیعمەت بێ موراد و مەتلەبی

میسلی نالی نیمتیسالی ئەمری یەزدانیی دەکا

(نالی - ل ١٠٥)

**تەحسیلی مەعاریف:** تەحسیلی مەعاریف. خوێندنی زانست، بە دەست هێنانی زانیاری.

لە (دارالعلم)ی تەحسیلی مەعاریف

وەکو نالی جەهوول و بێخەبەر مام

(نالی - ل ٢٦٤)

**تەحقیقە:** مەبەست دیار و ئاشکرایە.

جـانـا کــەوا مــەیلی بــە نـــــازاری ڕەقیبە

تەحقیقە لە تەئسیری هەناسەی سەحەرم بوو

(سالم – ل ۱۱۱)

**تەخت ئارا:** تەخت ڕازێنەر، ئەو کەسەی کەوا تەخت جوان دەکات و دەیڕازێنێتەوە.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی ف. یە. واتە ڕازاندن، جوانکردن.

تا سولەیمانان نەبوونە سەدری تەختی ئـاخیرەت

ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

(نالی – ل ۳۷۲)

**تەختەبەند:** شوێنی تایبەت بۆ نوستن کە لەتەختە دروست دەکرێت. گەلێ واتای تریشی هەیە وەکو: زیندانی، یان پارچەیەکە بەکار دەهێنرێت بۆ بەستنی ئەو پارچە تەختانەی کە بە دەوری دەست و پێی شکاودا دادەنرێت تا خوار نەبن. (فرهنگ کنایات – دکتر ثروت)

سەر بەردەبازی ڕێتە تەن تەختە بەندی جێتە

دڵ مەیلی خاکی پێتە ڕۆح مـاڵی خـۆتە بیبە

(نالی – ل ۳۹۵)

**تەختی سولەیمان:** تەختێ بوو کە سولەیمان پێغەمبەر لە سەری دادەنیشت و بە ئاسماندا دەڕۆیشت، دەڵێن ئەم تەختە با دەیبرد. (عفیفی)

سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵی سەوزی

دەڵێی تـەسبیحی مـورغـانە لەسەر تـەختی ســـولەیمانە

(نالی – ل ٤٩٩)

بـادت بەدست باشد اگر دل نهی بـە هیچ

در معرضی کە تخت سلیمان رود بە باد

(حافظ، ص ٥٨٩ – شرح جلالی)

واتە: لە جیهانێ کە تەختی سولەیمان بە با دەڕوات لە ناو دەچێت و نامێنێ، تۆ ئەگەر دڵ بە شتێکەوە بەستی و دڵت لای بێ، ئەوا دەستت بای تێدایە، واتە

دەست بەتاڵیت.

**تەدارەك:** تەداروك =تدارك. ع. ئامادە کردن، چاك کردن، دۆزینەوەی هەڵە و چەوتیو چاك کردنی، بەیەك گەیشتن، هەڵە دۆزینەوە، (معین)

لاینێکی کەش لە جەننەت و ڕیزوان تەدارەکە

حۆری ئـەوا بـە مونتەزیریی دێنە مـەنزەرە

(نالی – ل ٤٤٢)

**تەرەننوم:** ترنم. ع. لەبەر خۆوە ئاواز و گۆرانی وتن.

وەك چـاوی وشکە سۆفییەکانیی لە دار و بـەرد

دەردێن بەسەد تەرەننوم و گریان و نووکە نووك

(نالی – ل ٢٥٩)

**تەرحی مریێ:** طـەرحی مریێ. ئێسکی مریێ، شکڵی مریێ، ئێسکی خواتەوە، بە کەسێ دەوترێ کە، کەسێ چارەی نەوێت.

هەرچی مەحبووبان دەکەن خۆشە بەڵام داخی ڕەقیب

دەمکوژێ تـــەرحی مریێ هەروەك کـەری بێگـارییە

(نالی –ل٥٨٥)

**تەرزە کووبی:** بەهۆی تەرزەوە کوتراو و زیان پێگەیشتوو، هەندێ جار لە بەهاردا تەرزەی درشت و بەتاو دەبارێ و گوڵی درەختی بەردار، یان بەرە تازە پێگەیشتووەکەی دەوەرێنێت.

کووب: کوب. ڕەگی چاوگی کووبیدن و کووفتەن (= کوبیدن و کوفتن)ی ف. یە. واتە کوتان.

تەرزە کوویی ئافەتی دەستی ڕەزانن بـاغ و تـاك

واقیعەن ئەم قەزیە ناوەختە خەزان بوو بۆ ڕەزان

(سالم – ل ٩٢)

**تەرسا:** مەسیحی، نەسرانی، عیسایی، کەسێ کە بترسێ و لێرەدا مەبەست لە خواترسە، دیندار.

ئەگەر دولبەر قبوول کادینی تەرسـا

دڵا تۆ وەیسەبی گەر نەبیە ســەنعان

(سالم – ل ٨٩)

سەد مەولەوی بە فەتوەیی دڵ دەبنە عیسەوی

گـاهێ ئـەگەر لە گێسویی تەرسـا بەدەرکـەوی

(سالم – ل ١٥١)

تووشی دەردێ هاتووم سالم لە عەهدی چاوی یار

شێخی سەنعان بەم سیاقە شیفتەیی تەرســا نەبوو

(سالم – ل ١٠٧)

**تەرسا خوو:** مەبەست ئەو کیژە مەسیحییە جوانەیە کە شێخی سەنعان عاشقی بوو، لە ئـەنجامیشدا وازی لـە ئـایـنـی ئـیسلام هـێنـاو بوو بـە مـەسیحـی لە پێناوی ئـەو خۆشەویستییەدا.

تەرسا: ←

بەعدەزین کاری من بە زوننارە

دینی بردم نیگاهـی تەرسا خوو

(سالم – ل ١١٥)

**تەرفەتولعەین:** طرفـە الـعين.ع چـاو تـرووکـانـدنـێك، یـەك چـاو تـرووکـانـدن. مـەبـەست ماوەیەکی زۆر کورتە.

تەرفەتول عەینێ جودا نابم لە دۆست

گەر بە دەستم بێ زیمامی ئیختیـــار

(سالم –ل٦٠)

هەر کەسانێ تیپی موژگانی دی بە ڕەسمی قەبزو بەست

تـەرفەتولعەینی دەبـێ ســەد مڵکی دڵ تـــەسخیری تـۆ

(سالم – ل ١١٤)

**تەرکەش:** تیردان، جۆرە کیف یان کیسەیەك بوو کە لە کۆندا تیری کەوانیان تێدا دادەناو دەیانبەست بە کەمەری خۆیانەوە.

مەکانی تیرە وەك تەرکەش لە دیدەت قەلبی بیمارم

لە لەوحی سینە بۆ تیری نیگاهی غەیرە جا نابێ

(سالم – ل ۱۳۹)

**تەرویە:** ترویە. ع. تێراو کردن، ئاو هەڵگرتن بۆ سەفەر، بیرکردنەوە لە کارێ.

ڕۆژی تەرویە: یوم الترویە: ڕۆژی هەشتەمی زی حجە (ذی الحجة). (معین)

بە وەقتی تەلبیە مەستی شوهوودی (صبغە اللە) بێ

بە گـــاهی تەرویە سیری (ید اللە) دەســـتیاری بێ

(نالی –ل٦٣٤)

**تەریق:** کورتکراوەی تەریق بوونەوەیە، شەرمەزار.

ئیستادە و خەجاڵەت گەردن کەچ و تەریقم

جانا بە چاوی توندی مەڕوانە شەرمەساران

(سالم – ل ۹۳)

**تەڕدەست:** هوشیار، وریا، چالاك، زرنگ، فێڵباز.

بۆ ڕەفو کردنی چاکی دەمی شمشێری بڕۆ

موژە تەڕ دەستە لە دڵما وەکو سووژن لە حەریر

(سالم – ل ٦٨)

**تەڕ دەستی:** وریایی، هوشیاریی، زرنگی، چالاکیی، فێڵبازیی.

فەرمووی بە مژەی مەستی نازانەو و تەڕ دەستیی

سادەی لە دڵی سستی تێری بە تەمەنـنـایە

(نالی – ل ٥٦١)

مەژەی بەزمت لە کوورەی سینەما برژا بە تەڕ دەستیی

لە ئەشکم بۆ کەبابی دڵ موهەیایە نمەك ئەمشەو

(سالم – ل ۱۱۹)

**تەزەرو:** تەذرو. چۆتە عەرەبییەوە بووە بە تذرج = تدرج. تدارج کۆیە.

لە فارسیدا (تذرو. Tazarv). لە پەهلەڤیدا تیتەر. Titar. هەروەها لە فارسیدا پێی دەوترێ (قرقاول) دەخوێنرێتەوە (قەرغاڤول). باڵندەیەکە لە جۆر و دەستەی مریشك بە ئەندازەی مریشکێکە، نێرەی ئەم باڵندەیە پێی دەوترێ کەڵەشێری جەنگەڵی. یان کەڵەشێری کێوی و زۆر لە کەڵەشێر دەچێت، لە باتی پۆپنە ئەم پەڕی بە سەر سەرەوەیە، پەڕەکانی کلکی کەمن، بەڵام دووانیان زۆر درێژە و هەندێ جار دەگاتە دوو میتر، پەڕەکانی ڕەنگاو ڕەنگ و ورشە دارن تێکەڵاو بە زەردی ئاڵتوونی و سەوز و قاوەیی، بەڵام پەڕی مێینەکانیان تاریکتر و کەم درەخشانترە، مێیەکانیان لە سەر زەوی هێلانە دروست دەکەن و دە هێلکە دەکەن و لە پاش (٢٤) بیست و چوار ڕۆژ کڕکەوتن هێلکەکان هەڵدێن، بە زۆری لە کەناری دەریای خزر دەژین، بە تایبەتی لە مازیندەران زۆرن، هەروەها پێیشی دەوترێت: تەزەرج، تەدەرج، تەرەنگ، تورەنگ، کەڵەشێری بیابانی. (معین)

سیمین بەدەن و سەر و قەد و لەنجە تەزەروون

کـــافر نیگەهـ و ڕەشك، لـــە بوتخانەیی چین

(نالی –ل٣٣٨)

**تەزەرووی دڵ:** مەبەست ئارەزووی دڵە، ئومێد و هیوای دڵ.

تەزەرو: ←———

تەزەروی دڵ دەخوازێ بازی چاوت

کە گەردش کا لە تەیرانی شکـــــارا

(سالم –ل٢٥)

**تەسبیحی مورغ:** مەبەست ئەوەیە کە باڵندە بە پاکی ناوی خوا بهێنێ و ستایشی بکات، خوێندن و ناڵەی باڵندە و مەلەکانی دەمەو بەیانی، سبحان الله سبحان الله وتنی باڵندەکانە و ناوی خودا هێنانیانە بەپاکی.

سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵی سەوزی

دەڵێی تەسبیحی مـــورغانە لـــــە سەر تەختی سولەیمانە

(نالی –ل٤٩٩)

گفتم این شـرط آدمیت نیسـت

مرغ تسبیح گوی و من خاموش

(سعدی -گلستان خطیب رهبر -ص۱۹۲)

واته: لە وەڵامدا وتم: ئەمە مەرجی مرۆڤایەتی نییە کە باڵندە بە پاکی ناوی خوا بهێنێ و ستایشی بکات و منیش بێدەنگ بم.

**تەشنە:** تیشنە. ف. تینوو.

تا بوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم

سووتا گیاهـ و تەشنە و خـوشکیدە بوو سـەمـەر

(سالم -دیوانی نالی، ل۲۰۰)

لەبی تەشنەی کوهەن زەخمم بە خوێنی تازەگی تەڕ بێ

حەیا بۆ ماهی مەستوورم کـە دەستووری نەزەر نـادا

(سالم -ل۱۷)

دەزانـی چۆنە ئەحواڵم لـە هیجرت

وەکو تەشنەم لە ناو بەحری زەقووما

(سالم -ل۳۳)

**تەشویر:** تشویر. ع. ئاشووب، ئاڵۆزی و هەرا و هۆریا، تێکدان، شەرمەزار کردن.

شەوی بەهـاری جوانیی خەوێ بوو پڕ تەشویر

لـە فەجری پـایزی پیریی بە یـانی دا تەعبیر

(نالی -ل۲۰٤)

**تەعالاڵلا:** تعالی اللّه. ع. خوا گەورەیە، خوا مەزنە.

تـەعـالاڵلا چ زوڵـمێکی بینـانـا

لە نەزمی خاڵ و زوڵفی چاو و ڕوخسار

(سالم -ل٥۹)

**تەعزیمی ئازەرکردن:** مەبەست ڕێز گرتن و سەر دانەواندن و کڕنووشبردنە بۆ دەموچاوی درەخشان و جوانی دولبەر.

تەعزیم: تعظیم. ع. ڕیز گرتن، سەردانەواندن بۆ ڕێز گرتن.

ئازەر: ⟵

لە سەر ئەم مەزهەبەم سالم بە مەخفی ڕوویەڕووی مەتلەب
وەکــو هیندوویی گیسووی هەر سەحەر تەعزیمی ئازەر کەم

(سالم –ل٨٤)

**تەعویز:** تعویذ. ع. ئەو دۆعایەی کە لە سەر کاغەز دەنووسرێ و دەپێچرێتەوە و دەخرێتە ناو بەرگەوە و دەکرێتە مل، بە مەبەستی لابردن و دوور کردنەوەی بەڵاو بە چاوەوە بوون.

دەستی من تەعویزە بۆ ڕەددی بەڵا
با حمایل بێ لــــە ملتا بێڵە سـا

(سالم –ل٢٥)

**تەغنیە و تەرەب:** تغنیە و طرب. ع. گۆرانی وتن و شادومانی، گۆرانی چڕین و خۆشی.

تووتیی تۆ لە حیرسی دڵ داوی تەمـەع دەکـاتە مـل
بولبولی من لە عیشقی گوڵ تەغنییەو و تەرەب دەکا

(نالی –ل١٠٠)

**تەف:** تاو، گەرمی، تین، ڕووناکی، ڕۆشنی، تیشك.

کوورەیی شیشە پڕە بۆ دڵی ســەختم عیشقت
لە تەفی جۆششی ئەم ئاگرە دا مۆمە حەجەر

(سالم –ل٦٥)

**تەفاوت کردن:** جیا کردن، جودا کردن، جیا کردنەوە.

بە حەڵقەی مــوویی زوڵفت تامیــانە
میانت چۆن تەفاوت کەم لە گەڵ موو

(سالم –ل١١٤)

**تەفەرووجگاه:** سەیرانگا، شوێنی گەڕان و پیاسەکردن، شوێنێ کە مایەی خۆشی و شادی بێت وەکو باغ و گوڵزار و مێرغوزار.

تەفەڕوج = تفرَج.ع. خۆشحاڵ بوون، لە غەم و خەفەت ڕزگاربوون.

گاه: شوێن.

تەفەڕوجگاهی دڵ گوڵزاری ڕووتە

هەتاو نێچیرەیی زنجیری مـــووتە

(سالم –ل۱۲۲)

**تەکەڵتوو:** جێگەی ڕانی سوار لە زیندا، لبادی بن قایشی ئەملا و ئەولای زین. (هەژار)

ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشی تەکەڵتووی زین

مەزموون کەشە فیکرم وەك قـــوللابی درووومـــانت

(سالم –ل٥١)

**تەلار:** کورتکراوەی (تالار)ە. خانووێکە کە لە سەر چوار ستوون یان پتر لەدار دروست کرابێت. ژوورێکی گەورە و درێژ کە ڕێگەی هەبێت بۆ چەند ژوورێکی تر، هۆڵ. (معین)

لە دونیا جەننەتی باقیی تەلاری شاهییە ساقی

حەبیبە تورەیی تەوقی ملی شیرین و عەزرایە

(نالی –ل٥٦٩)

**تەلاش:** هەوڵ، کۆشش، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی شتێ، خەبات.

تەلاشی عەشقی بێ هەرکـــەس لـــە دڵدا

دەبێ سینەی سوپەر بێ و تەرکی سەرکا

(سالم –ل۳۰)

تەلاشی تەیی ڕاهی کەعبەیی کۆی یارە مەقسوودم

منی بێدەست و پالازم کە پا بوو ئەم ڕەهە سەرکەم

(سالم –ل۸۳)

**تەلەئلوء**= تلألؤ. ع. بریسکە دانەوە، درەوشانەوە، بریقە دانەوە.

(برق البصر) لە بەر بەرق تەلەئلوئی لەئالی

(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جـەلالی

(نالی -ل٦٥٧)

**تەل بە تەل:** گرد بە گرد، گردۆڵکە بە گردۆڵکە، تەپۆڵکە بە تەپۆڵکە.

وێڵ و فـیراری عـیشقی تـۆم شەهر بە شەهر سوو بە سوو

پشتە بـــە پشتە تەل بە تـەل دەشت بە دەشت کوو بە کـوو

(سالم -ل١١٢)

**تەلبیس:** تلبیس. ع. شاردنەوە، نهێنی کردنی ڕاستی، فڕو فێڵ بە کارهێنان، پێشاندانی شتێ بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەیە.

بە فەن ئەی موددەعی گەر ببیە ئیبلیس

فـــریبی دولبـــەرم نـــادەی بە تەلبیس

(سالم -ل٧٤)

تەلبیس نییە ئەو کەسە دێوانەیی ڕووتە

بـێچارە نەمـا غەیری حەیاتێکی لە بەردا

(نالی -ل٨٠)

**تەلبییە:** تلبیە. ع.

لەبەیك (لبیك) وتنی حـاجییـانە.

(غیاث اللغات.. ثروت)

وتنی (لبیك اللهم لبیك...) لە کاتی سووڕانەوە بە دەوری خانەی خودا لە کاتی حەجکردندا.

وشەیەکە لە وەڵامدانەوەدا بە کار دێت، واتە ڕەزامەندم و فەرمانی تۆ بە ڕێزەوە بە جێ دەهێنم.

بە وەقتی تەلبییە مەستی شهوودی (صبغە اللّە) بێ

بـــە گـاهی تەروویە سیری (ید اللّە) دەستیاری بێ

(نالی -ل٦٣٤)

**تەلخ گوویی:** قسەی ڕەق و تاڵ وتن.

تەلخ گوو: قسە تاڵ، قسە ڕەق.

تەلخ: تاڵ.

گوو: ڕەگی چاوگی گوفتەن (= گفتن)ی ف. بە واتە وتن.

دەکا شیرین لە خەشما تەلخ گوویی لەعلی شیرینت

(دعا گر نیســت خوش وقتم گرفتارت بەد شنامی)

(سالم -ل١٤٩)

**تەلعەت:** طلعت. طلعة. ع. دەرکەوتن، دیدار، ڕوو، دەموچاو.

تەشبیـهی حوسنـی فائیقی ئاخیر بە چیی بکەم

نووری سونووحی تەلعەتی سەد لەوحی ئەنوەرە

(نالی -ل٤٢٦)

**تەلوینی ڕەقیب:** بەدکاری بێبار، ئەو ناڵەبار و بەدکارەی هەر دەمە بە ڕەنگێ خۆی پێشان بدات و هەرساتە جۆرێ بێت.

ڕەقیب: دوو کەس دلبەرێکیان خۆش بوێت و بەرامبەر بە یەکتری دوژمنایەتی بکەن، هەریەکە ڕەقیبی ئەوی تریانە.

پاسەوان، ئەوەی کە ئاگای لە شتێ بێت و لە ژێر چاوەدێری ئەودا بێت.

تەلوینی ڕەقیب چ بەیان کەم بە مـقامــــات

مەشهوورە حیکایاتی ئەبو زەیدی سورووجی

(نالی -ل٦٤١)

**تەلیسم:** طلسم: کراو بە عەرەبی و وشەکە یۆنانییە، telesma. نووسراوێکە، کە لە وێنە و دۆعا پێکهاتووە و، بە هۆی ئەمەوە کاری لە وزە بە دەر ئەنجام دەدرێت، هەروەها وێنە و نەخشی سەیرە کە لە سەر خەزنە دادەنرێت. (معین)

نالی بە نومێدی زەفەری تــەوقی تەلیسمت

مـاری سڕی زوڵـفت لـە سـەر گـەردنـی ئاڵا

(نالی -ل١١٨)

**تەڵا:** طلا = طلی. ع. زێڕ، ئاڵتوون.

هەرشتێ کە ڕووەکەی سواغ درابێ یان ڕووکەش کرابێت.

یا تازە هەنارێکی کـــــەناری گوڵی مابێ

بێ درز و قڵیش میسلی شەقامێکی تەڵابێ

(نالی –ل٦١٧)

**تەڵخ:** تەلخ، تاڵ.

ڕەقیب ڕوو ترش و ئەشکی دیدە سوێرە

حەیات تەڵخ و ئـەجەل شیرینە بێ تـو

(کوردی –ل٣٩)

خەوفناکە دڵم ئازووردە لە زوڵف

حـاڵـەتی تەڵخە لە شەودا بێدار

(سالم –ل٥٧)

فـــــەرەح بۆ دڵ لـــە تـــالیعما چەڵەم بوو

بە تەڵخی عومری شیرین سەرفی غەم بوو

(سالم –ل١٠٩)

چ موشتاقم لە توندیدا بە لەب کەی ئاشنا حـــــەرفێ

ئەگەر تەڵخیشە هەر بیڵێ لە لام وەك شەککەر و شیرە

(سالم –ل١٢٥)

**تەڵخ گوفتار:** قسە تاڵ، قسە ڕەق.

تەڵخ: تەلخ، تاڵ، تامی تاڵ، سەخت، توندوتیژ.

گوفتار: گوفت + ار

گوفت: چاوگی کرتاوی گوفتەن (= گفتن)ی ف. یە، واتە وتن.

ار: پاشگرە.

ژەهری دووری چەژتووە هیجری ئەمێستا بۆ یەکە
تەڵخ گوفتارە کەلامی لەعلی شەکەر بـــــــارەکەم
(کوردی –ل٣٠)

**تەڵعەتی سوبح:** طـەلعەتی سوبح. خۆرهـەڵاتن، ڕۆژهـەڵاتن.

لە سایەی ڕوویی تۆوە شامی خەڵقی تەڵعەتی سوبحە
لە شامی زوڵفی تۆوە سوبحی ئێمە زوڵمەتی شـــامە
(نالی –ل٤٧٢)

**تەناب:** طناب. ع. پەتی چادر، پەتی ئەستوور، گوریسی ئەستوور. ئەم وشەیە ئەمڕۆ لە کوردیدا بووە بە تەناف و بۆ مەبەستێکی تر بەکاردێت.

مەڵێ ڕێگەی کەشندە یاکوشندە ئەژدەرە یـــاخۆ
کەمـەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە
(نالی –ل٤٩١)

**تەن بە تەن:** یەك بە یەك، یەکە یەکە، هـەموو، گشت.

تەن فوسوردەی بێ زمانی تەن بە تەن عالـەم مەلوول
تـــایری ڕۆحـــی ڕەوانـــی بەرزە چوو بۆ ناو جینان
(سالم –ل٩١)

تۆ وەکو سەر بووی ئەقاریب تەن کە سـەرچوو تەن چیە
تـەن بە تـەن بـێ سەر هـەموو کەوتن لە خاکا بێ ڕەوان
(سالم –ل٩١)

**تەن پەروەری:** لەش پەروەری، خۆش گوزەرانی، ئەو کەسەی کە مەبەستی ئەوەیە کە هـەمیشە بە خۆشی بژی.

تەن: لەش.

پەروەر: ڕەگی چاوگی پەروەریدەن (= پروریدن)ی ف.یە. واتە پەروەردە کردن.

گوتی تاجی عـــەرەب و نالی عەبا فەرموویـــان
عەیبە تەن پەروەری یو نەرمی یو نازك بەدەنی
(نالی –ل٦٧١)

**تەن پەروەری ناز:** بە ناز پەروەردە کراو، بە خۆشی و شادی بەخێو کراو و گەورە کراو.

قەدیم تەن پەروەری نازن بەبازاڕا غوبار ئالوود
ئەگەر گا بـازی کا ئاوەر وەگـەر هێزم فرۆشــانن
(سالم -ل١٠٤)

**تەنخواه:** سەرمایە، پارە و پوول، سامان، بوودجە.

ئیبتیدا دایەی ئەزەل تەنخواهی شیر
دای بەتیفلی تــالیعی مــن کــۆکنار
(سالم -ل٦٠)

**تەن فوسوردە:** لەش داهێزراو، لە پەلوپۆ کەوتوو.

تەن: لەش.

فوسوردە: ——→ ئەفسوردە.

تەن فوسوردەی بێ زمانی تەن بە تەن عالەم مەلوول
تــایری ڕۆحــی ڕەوانی بەرزە چــوو بۆ نــاو جینــان
(سالم -ل٩١)

**تەنگ:** مەبەست سەخت، دژوار، گیر خواردن.

تەنگە ئــەوا دەبێ کــە لە ئــەو جێگە تــەنگە دا
سائیل نەکیر و عاریف و مەعروف و مونکەرە
(نالی -ل٤٣٦)

**تەنگ دەهان:** دەهـان تەنگ، مەبەست دەم و لێوی بچووك و جوانە.

تەنگ دەهـانیی دولبەرم حەسرەتی دایە گوڵ ڕوخــان
وا دڵی غونچە بوو بە خوێن پەردە بە پەردە توو بە توو
(سالم -ل ١١٢)

**تەنهای سەمەن:** تەنە سپییەکان، لەشە سپییەکان، ئەوانەی کە لەش و لاریان سپی و جوانە.

تەنها: کۆی (تەن)ە، واتە لەشەکان.

سەمەن = یاسەمەن: درەختێکی بچووکە لە تیرەی زەیتوونییەکان، گوڵەکانی گەورە و بۆن خۆشن، ڕەنگیان سپیی، یان زەرد یان سوورە، گوڵەکانی وان لە کۆتایی لقەکان، ئەم ڕووەکە نزیکەی (١٠٠) سەد جۆری هەیە و بە زۆری لە گوڵە بونخۆشەکانیان عەتری لیَ دروست دەکریَ، لە لقە نوێیەکانی یاسەمەنی سپی پایپ (سەبیل) دروست دەکریَ، لە بەر ئەوەی کە دارەکەی بۆن خۆشە پێشی دەڵێن: یاسەمین، یاسەموون، ظیان، گوڵی هاشم، سجلاط، سەمەن، یاسی گوڵدانی، شرخات. جۆری زۆرە وەك: یاسەمەنی ئەفریقایی، یاسەمەنی بەڕی، یاسەمەنی زەرد، یاسەمەنی سپی، یاسەمەنی عەرەبی، یاسەمەنی وەحشی.... (معین)

وشەی سەمەن، یاسەمەن، یاسەمین کاتیَ کە لەگەڵ لەش یان ئەندامەکانی لەشدا دێت، بە واتا سپی و بۆن خۆش بەکار دێت.

تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوشەکە لەبەرکەن

وەك نووری دڵــی مومین و زوڵماتی گــوناهـن

(نالی -ل٣٤٤)

**تەوەجوە:** توجه. ع. ڕووتێکردن، ڕووکردنە لایەك، بە پەرۆشەوە بایەخدان بە شتیَ، بە وردی گویَ گرتن یان سەیر کردن، میهرەبانی، ڕووکردنە خواو پشت کردنە غەیری ئەو.

گەر خۆی جازیبە هەنگامی تـەوەجوهـ دڵــی شێخ

وەکو من جەزبە لە ڕووی دیدەیی جادوویی حەبیب

(سالم -ل٤٥)

**تەور:** طور. ع. جۆر، چۆنیەتی کردەوە، ڕەوشت.

مــن لــە تــەوری عـەلەم و دەوری فەلەك

زەربی لازیب زەخمی بیَ مەرهەم دەخۆم

(نالی -ل٢٩٧)

**تەوسەنی تەبع:** مەبەست سروشتی گورج و گۆڵ و چالاکە، بلیمەتی، لێهاتوویی، زرنگی و وریایی. تەوسەن: سەرکێش، دەستەمۆ نەبوو، ئەسپی تۆر.

کەنالی تەوسەنی تەبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو

بـە چـەوگـانی خـیرەد گـۆی دانشی دەرکرد لە مـەیدانا

(سالم –ل٣٥)

**تەوسەنی نەفس:** نەفسی نا ئارام و سەرکێش.

تەوسەن: کێوی، دەستەمۆ نەکراو، ئەسپی تۆڕ و سەرکێش.

موجەرەد بە ڕەفیق بێ تەوســــەنی نەفست بەجێ بێڵە

لە ڕێی عەشقا هـەموو پێچێکی سەد شەیتان جڵەوگیرە

(سالم –ل١٢٥)

**تەهەمتەن:** پـیـاوی ئـازا و بـەهـێز و بـێ وێنـەیـە، بـێ هـاوتـا، دلـێر، سامـنـاك، ترسـنـاك، فەرماندەی لەشکر، یەکێکە لە نازناوەکانی ڕۆستەم، بێ هاوتا لە باڵا و دلێر و پیاوەتیدا.

(فرهنگ جامع شاهنامه –دکتر زنجانی)

لە بەر کا گەر زرێ و درعی تەهمتەن

بەتیری غەمزە هەر ئیمانە مەنســوور

(سالم –ل٦٣)

تیری نیگـــاهی عیشوەیی نازم بە جـەرگ و دڵ

خوێنینە وەك خەدەنگی تەهمتەن و ئەشکەبووس

(سالم –ل٧٣)

**تەهلیل:** تەزبیحات کردن، (لا الە الا اللّە) وتن.

دڵم تا جەننەتی وەسڵت تەلـەب کـا

دەبەم ناوت بەقەد تەهلیلی ئیدریس

(سالم –ل٧٤)

**تەهی سەقەر:** بنی دۆزەخ. لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (درك).

تەه: بن.

سەقەر: ع. دۆزەخ.

ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حـــوجرە بوو
یەکسەر مەقامی رۆمییە هەر وەك تەهی سەقەر
(سالم –دیوانی نالی –ل٢٠٠)

**تەیەران:** طیران. ع. فڕین، باڵگرتنەوە، هەڵفڕین.

تەزەروی دڵ دەخوازێ بازی چاوت
کە گەردش کـــا لە تەیەرانی شکـــارا
(سالم –ل٢٥)

**تەیبە:** طیبە. ع. مەبەست شاری مەدینەیە، وشەکە مێی (طیب)ە، واتە پاك، پاکیژ، تەمیز، حەڵاڵ، ڕەوا، قسەی خۆش و باش.

عەرشی بەرین کــــە دائیرەیە ڕەوزە مـــەرکەزە
فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەر
(نالی –ل٤١٦)

**تەی ڕاە:** بڕینی ڕێگە، تەواوکردنی ماوەی ڕێگە بە ڕۆیشتن.

تەی = طـەی. طی. ع. بڕینی ڕێگە.

تـەلاشی تـەیی ڕاهـی کەعبەیی کۆی یارە مەقسوودم
منی بێ دەست و پا لازم کە پابوو ئەم ڕەهـە سـەرکەم
(سالم –ل٨٣)

بڕۆنە ئەزدیکە سالـــم دڵ لە زولفا وەختی شادیمە
ئەگەر چی تەیی ڕاهـی ئیبتیدا پڕ پێچ و موشکیل بوو
(سالم –ل١١٢)

**تەی کەر:** طەی کەر. ئەوەی کە ڕێگە دەبڕێ، ئەوەی کە ماوەی دوو شوێن دەبڕێ، ڕێبوار. تەی کەر لە چاوگی (طـەی کردن)ەوە هاتووە.

تەی = طـەی: وشەیەکی عەرەبییە. واتا ڕێگە بڕین بە واتای پێچانەوە و قەد

کردنیش دێت.

کەر: ڕەگی کۆنی چاوگی کردنە کە ئەمڕۆیش لە کۆتایی زۆر وشەی لێکدراوەوە دێت.

چاوگیکردن دوو ڕەگی هەیە، یەکەم (کە)، دووەم (کەر) کە ئەمەیان دەچێتە سەر (کردن)ی ئەڤیستا و ڕابوردوویێکی نزیك بە (٣٠٠٠) سێ هەزار ساڵی هەیە، ئەمڕۆ لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا گەلێ زۆرە و بە شێوەیێکی ئاسایی بەکاردێت، هەروەها لە ئەدەبیاتماندا هەر لە سەرەتای شیعری کوردییەوە تا ئێستا بەرچاو دەکەوێ. (کەر) ئەو ڕەگە ڕەسەنەیە کە زمانی کوردی دەباتەوە سەر ئەڤیستا، لای هەندێ لە نەشارەزایان ئەمە (گوێدرێژ)ە!! و مایەی شەرمەزارییە نابێ بەکاربێ، ئێمە گەلێ وشەی لەم بابەتەمان هەیە وەك: یاریکەر، نانکەر، چێشتکەر، ڕاوکەر...هتد، ئەوان یاریکەریان کردووە بە یاریزان و ئەو وشە ڕەسەنەیان شێواندووە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە کارەکەمانەوە هەیە و لێرەدا باسی لێوە دەکەین کارەکەی (کلیمان هەوار)ە، کە لەسەر هەندێ دیالێکتە کوردییەکاندا کردوویەتی و کوردی دەباتەوە بۆ سەر ماد و ئەڤیستاو فارسی دەباتەوە بۆ سەر فارسی کۆن و (پرۆفیسۆر ئیدوارد براون) بە کارێکی زانستییانەی ورد و داهێنانێکی نایابی داناوە کە بەم جۆرەیە: کلیمان هەوار.. M.Clément Huart، هەوڵی داوە کە ئەوە دەربخات چەند شێوە زمانێکی جیاجیای دووری ناوچە شاخاوییەکانی ئێران (بەتایبەت لە ڕۆژئاوای ئێراندا واتە ماد)، کە بەکار دەهێندرێن، لە زمانی ئەڤێستاوە هاتوون و ناوی ناون مادی نوێ، یان موسوڵمان و دەڵێ: ڕیشەی کەر لە چاوگی (کردن)ە لە زمانی ئەڤێستادا، بەڵام لە فارسی کۆندا فۆرمی ئەمری ئەم کارە، وەکو فارسی نوێ، کون (= کن)ە، وە بینیمان فارسی نوێ، لە فارسی کۆنەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. لەو شێوە زمانانەی کە (هەوار) ناوی ناوە (مادی نوێ)، ڕەگی ئەو چاوگە (کەر)ە و لەو شێوانەی کە باسی کران بە پارێزراوی ماوەتەوە. هەوار ئەم کارەی بە مەبەستی دابەشکردنی شێوە زمانەکان ئەنجام داوە، بەم هۆیەوە ئەمەی دیاری کردووە کە کامە (مادی)یەو کامە (فارسی)یە.

(تاریخ ادبی ایران –ج١، براون –ص٤٣ –ص٤٤).

هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر تەی کەری هەوراز و لێژ

سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ

(نالی –ل۲۲٤)

**تەی کردن:** بڕینی ماوە، ڕێگە ڕۆیشتن، ڕێگا بڕین.

ئابلەی دەردا کەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد

سالمی سەرگەشتە ئەربەس ڕێی موسیبەت تەی دەکا

(سالم –ل۳۰)

بلا سا شار بە شار و دێ بە دێ بێن

لە دەس یاران بکەین تەیی ولاتان

(نالی –ل۳۱۸)

**تەیهوو:** سوێسک.

لە عەهدی دیدەیی یارا دڵ و سیحەت گەلێ زدن

بە سالم کەی دەمێنێ باز ئەگەر چنگی لە تەیهوودا

(سالم –ل۲۱)

**تفەنگی زەڕنیشان:** ئەو تفەنگەی کە بە نەخش و نیگاری ئاڵتوون ڕازابێتەوە، تفەنگی نەخشێنراو بە وردە ئاڵتوون و تاڵ و تاری زێڕ.

چووم نیگاهم کرد لە هەرلادا لە حوجرەی خاسی ئەو

دیم بەقەد بازاڕی قوستەنتینیی تفەنگی زەڕنیشان

(سالم – ل ۹۰)

**تکاجۆ:** تکاکەر، تکاکار، داوای خواستێکردن بەتکاوە.

جۆ = جوو، ڕەگی چاوگی جوستەن (= جستن)ی ف. یە. واتە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی شتێ، دۆزینەوە، بەدەست هێنان، ویستن، داوا کردن.

لە یەك نالی و مەشوی لە لایێ سالم و کوردی

لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆ بوون لە مەولانا

(سالم – ل ۳۵)

**تکانی خوێنی ناوەکی موژگان:** تکانی فرمێسکی خوێنین لە چاوو برژانگە تیژەکان، مەبەست ڕژانی فرمێسکی خوێناوییە.

ناوەك: لێرەدا مەبەست برژانگی درێژ و تیژە.

بەڵام وشەی (ناوەك) خۆی جۆرە تیرێکی بچووکە، کە دەخرێتە ناو غیلافی لە ئاسن، یان لە دار دروستکراو دەخرێتە ناو کەوانەوە تا دوورتر بڕوات، پێی دەوترێ تیری ناوەك... (معین)

موژگان: برژانگەکان، کە تاکی ئەمە (موژە)یە.

وەك خەنجەری زی جەوشەن تا ڕۆژی (حەشر) دەتکێ
خـوێنی دڵـی مـەزڵوومـان لـە نـاوەکی مـوژگانت

(کوردی – ل ١٤)

دل ز ناوك چشمت گوش داشتم لیکن
ابروی کمـاندارت می برد بـه پیشانی

(حافظ، دیوان -رهبر، ص ٦٢٥)

واتە: دڵم لە تیری نیگای تۆ پاراست، بەڵام برۆی کەمان کێشی تۆ، بێ ئابڕوویی دەکات و دڵم بە بێشەرمی دەبات.

**تلووعکردن بە ڕەقس:** مەبەست خۆ دەرخستنە بە خۆشی و شادی.

تورکی قورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بە ڕەقس
کـەوکەبەی مـاهی موڕادی ئەهلی بابان بـوو نیهـان

(سالم – ل ٩٧)

**توربەت:** گۆڕ.

یـا توربەتێ یـا غوربەتێ بـــا ڕێ بشکێنین
هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما

(نالی – ل ١٢١)

**تورك:** مەبەست دلبەر، یار، خۆشەویست، یاری دڵڕەق، یاری شۆخ و شەنگ و جوان.

ئەی میروەحەی جەمالی ما هساری دولبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیم بـــەر
(سالم، دیوانی نالی -ل ۱۹۹)

لە جەستەندایە موژگانی بـە تەحریکی برۆ ئـەی دڵ
حەزەر لەو تورکە بۆ ناکەی کەبێ تیر و کەمان نابێ
(سالم – ل ۱٤۳)

دەڵێن زۆر توند و بەدخوو تـورکی یەکجار مەست و بێباکی
بە توندی و مەســتیی و بـەد خووییتـــا دیارە لـــە یـــارانی
(کوردی – ل ٥۹)

اگر آن ترك شیرازی بـه دست آرد دل مـــارا
به خال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را
(حافظ، قزوینی -ص ۳)

واتە: ئەگەر ئەو دلبەرە شۆخ و شەنگە دڵی من بە دەست بهێنێ و ڕازیم بکات، هــەردوو شارە جـوانـەکـەی سەمـەرقـەنـد و بـوخـارا، بە دیـاری پێشکەشی خـاڵە ڕەشەکەی دەکەم.

تورکانە: مەبەست زاڵمانەیە، دڵڕەقانە، ستەمکارانە، بێبەزەییانە.

تورک: ⟵

میـانت بەستووە تورکانە بـۆ قەتلم لە مـەستیدا
تەحەمول کە زەمانێ بـابـبۆسم دەستی شمشێرت
(سالم – ل ٤٧)

**تورکانی سیمبەر:** مەبەست دلبەرە شۆخ و شەنگەکانە.

تورک: ⟵

سیمبەر: مەبەست سنگ و مەمك سپییە.

سیم + بەر

سیم: زیو.

بەر: سنگ. هەروەها واتای تریشی هەیە: باوەش، بەری درەخت، وەکو پێشگر و پاشگریش بەکار دێت.

ئەی میروەحەی جەمالی مەهـ ئاسایی دولبەران
وەی شانەزەن بە کـــاکۆڵی تورکـــانی سیمبەر
(سالم – ل ٦٦)

**تورک رەفتار:** یاری شۆخ و شەنگی دڵڕەق.

تورك: ⟶

ڕەفتار: کردەوە، کردار. ڕەفت + ار.

ڕەفت: چاوگی کرتاوی رەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە ڕۆیشتن.

ار: پاشگرە.

ئەو جەوان ئەبرۆ کەمان شیرین دەهان و نوکتە دان
تـــورك ڕەفتار و پـــــەری ڕوخسار و کـاکۆڵدارەکەم
(کوردی – ل ٣٠)

**تورکستانی ڕوو:** مەبەست ڕوو جوانە.

غەریب و گۆشەگیر و فەردە وەك مــن
لە تورکستانی رووتـا خــاڵی هیندوو
(سالم – ل ١١٤)

**تورکی پڕ ئەفسوونی چاو:** مەبەست چاوی زۆر جوان و کاریگەری یارە.

تورك: ⟶

ئەفسوون: فڕوفێڵ، ئەو وشانەی کە جادووگەران لە کاتی فڕوفێڵ کردندا دەیخوێنن.

تورکی پڕ ئەفسوونی چاوی کاری سەد جادوو دەکا
ساعەتەن تەسخیر دەبێ بـۆ هەرمەکانێ ڕەو دەکـا
(سالم – ل ٣٠)

**تورکی تیر ئەفگەن:** مەبەست یاری دڵڕەقە.

تورکی تیر وەشێن.

ئەفگەن: ڕەگی چاوگی ئەفگەندەن (= افگندن)ی ف. یە، واتە فڕێدان، تێگرتن، تووڕدان، کێشان بە زەویدا.

تورکی تیر ئەفگەنی شیرین دەهەنی سیم زەقــەن
سەری سولحی هەیە گەر دەرحەقی یارانی قەدیم
(سالم – ل ٨٨)

**تورکی چاو:** مەبەست چاوی جوان و کاریگەری یارە، یان چاوی جوان و بێ بەزەیی یارە.

تورکی دیدە.

دەڵێی بـارامی گۆڕە تورکی چـاوت
لە دڵ نەمدیوە قەت تیری خـەتەرکا
(سالم – ل ٣٠)

بـۆ ئەدای تەعزیەی مــن تورکی چاوی مەستی یـار
پڕ تەرەب هەردەم لە بەزمی عیشوە مەی نۆشی دەکــا
(سالم – ل ٣١)

بە قەسدی گرتنی دڵ تورکی چاوت
بـە ڕوومـا تیغی ڕاکێشـا لــە ئەبرۆ
(سالم – ل ١١٥)

کەی بە سالم دەردەچێ سالم لەبەر تیری نەزەر
دیدەیی چاوت دەپێکی تورکی چـاوت گـاهی دەو
(سالم – ل ١١٧)

گەهی ئیمـا لە هەر سوو تـورکی چـاوت
بە مەستی خەنجەری کێشا لە ڕووی ماهـ
(سالم – ل ١٢١)

تورکی چاوی دولبەرم وەختی نیگەهـ تیر ئەفگەنە
عاشقی زار ئـــەر فـەرامەرزە لە زوڵمـــا بەهمەنە
(سالم – ل ١٣١)

فیتنە جۆیە تورکی چاوت مەیلی خوێنڕێژیی هەیە
ڕوو بە ڕووم دایم لە ڕوومـا تیر و شمشێری هەیە
(سالم – ل ١٣٥)

**تورکی دووچاو:** مەبەست هەردوو چاوە جوان و بێ بەزەییەکانی یارە.

تورک: ←

دڵ لە دەست تورکی دوو چاوت چ دەبوو حاڵی ئەگەر
نـــەبوایە لـــە ســـەری تیـــری مـــوژەت تیغی برۆت
(کوردی – ل١٤)

**تورکی دیدە:** ←——— تورکی چاو.

تورک: ←

دیدە: ←

تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت
بۆ گرفتی دڵلە کاکۆڵت عـــەلەم بـــەرپا دەکـــــا
(کوردی– ل١١)

پەنهانج تورکی دیدەیی مەستت لە شامی زوڵف
تەبدیلی جادووانە بە نەســبابی شـــەب ڕەوی
(سالم ل١٥)

**تورکی قورسی خۆر:** قورسی خۆری تورك، ڕۆژی تورك، خۆری تورك.

مەبەست ڕۆژی خۆشی تورکە، بەختی باش و خۆشی تورك.

قورس = قرص. ع. هەرشتێ کە خڕ و بازنەیی بێت، وەکو خۆر، مانگ... هتد

تورکی قورسی خۆر کە تالع بوو تلووعی کرد بە ڕەقس

کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی بابان بوو نیهان

(سالم- ل١١)

**تورکی کافر:** مەبەست دلبەری دڵڕەقە.

تورك: ⟵

سوویی عاشق وەختی ئیما ڕوو بەڕوو تیر ئەفگەنی

بۆ فەرامەرزی دڵم ئــەی تورکی کـــافر بەهمــەنی

(سالم- ل١٥٠)

**تورکی ئەندیشەیی:** مەبەست دلبەری دڵ سەختە. ئەو دلبەرەی کە بیر لە ئازار و ئەشکەنجە دەکاتەوە.

دڵی پێکام بە عیشوە تیری موژەی

تورکی ئەندێشەیی کــەمان ئەبرۆ

(سالم-ل١١٦)

**تورە:** طره. ع. پەرچەم، مووی سەر ناو چەوان، مووی ڕێکخراوی سەر ناو چەوان، زوڵف و مووی کاکۆڵ و ناوچەوان.

سیەهـ بەختــی جـودا ناکـا دڵــی ســالم لــە تـورەی تـۆ

بە مەحزی کەشمەکەش سەر ڕوشتەیی ئەم کارە بەرنادا

(سالم – ل ١٧)

لە سیدقم شانەو و بادی سەحەرگەهـ شاهیدن هەردوو

غـوباری تورەیی موشکینی تــۆ نافەی بـە ئـاهوودا

(سالم – ل ٢١)

مەجنوون غەمی کوا پردی سیرات هەر وەکو موویێ

دەیکێشێ لە وێنشــا کـــەششی تـورەیـی لــــەیـلا

(سالم – ل ٢٦)

تاتایی سەری تورەیی پڕ پێچشی بادا
هەر تـایەکی گـوڵ و نـافـە بـەبـادا
(نالی – ل ٨٣)

**تورەی پێچیدە:** طورەی پێچیدە. واتە پەرچەمی لوول.

تورە: ⟶

پێچیدە: پیچیدە، لوول، وشەکە دوو بەشە، پێچید + ە.

پیچید: چاوگی کرتاوی پیچیدەن (= پیچیدن)ی. ف. یە. واتە پێچان.

ە: پاشگرە.

وەك تـورەیـی پیچیـدەیـی تۆ ساغ و شکستەم
وەك نەرگسی نـا دیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم
(نالی –ل٢٨١)

**تورەی خەم:** مەبەست پەرچەمی لوولە.

تورە: ⟶

خەم: ⟶

ڕەهـا نـاکـا دڵم تورەی خـەمی یار
سەری نەبڕن هـەتا وەك پەرچەمی یار
(سالم – ل ٥٧)

**تورەی دەرهەم:** تورەی پێچیدە، مەبەست پەرچەمی لوولە.

تورە: ⟶

دەرهـەم: ⟶

لە بەندا زەریی هـەرموو کەوتە سەر دڵ
وەکو درهـەم لە تـورەی دەرهـەمی یـار
(سالم – ل ٥٧)

**تورەی عالەم:** مەبەست غەم و خەفەتی هـەموو جیهانە.

تورە: ⟶

گەر خاکی تەنەسوف بەسەراکەم لە فیراقت

بۆ حەسرەتی من تورەیی عالەم کەمە ئیمشەو

(سالم – ل ١٢٠)

**تورەی مەجمەر:** مەبەست پەرچەم و ناوچەوانێکی درەخشان و جوانە.

تورە: ⟵

مەجمەر: مجمر. ع. پشکۆ دان.

لە شەوقی ڕوویی شەمع و زوڵفی دوودو تورەیی مەجمەر

سوپەند و عوود و پەروانە بخوور و غالیە سووتن

(نالی –ل٣٢٩)

**تورەی مشکین:** مەبەست پەرچەمی ڕەش و بۆن خۆشە.

تورە: ⟵

موشکین: ⟵ موشکین نەفەس.

لە سیدقم شانەو و بادی سەحەرگەهـ شاهیدن هەردوو

غوباری تورەیی موشکینی تۆ نافەی بە ئاهوودا

(سالم – ل ٢١)

**توشنە:** ⟵ تەشنە = تیشنە.

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە

لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغیلانە

(نالی – ل ٤٩٢)

**توغرا:** طوغرا.[طغری. ع. طغرا. ف. لە تورکیدا طورغای = طرقە]. خەتێکە لە شێوەی کەمانی، خەتی کەوانی، خەتێکە کە لە پێشەوەی فەرمانەکان و لە سەر (بسم اللّٰه) دەیاننووسی بە وێنەی کەوان، کە ناو و لەقەبی سوڵتانی سەردەم بوو، ئەمە لە ڕاستیدا لە جیاتی ئیمزا بوو، ڕاستیی پاشایی، فەرمانی پاشایی، نامەی کراوە. (معین)

بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو

خەتت هات و وتی: من ناسیخی توغرایی خونکـــارم

(نالی –ل٢٧٤)

موشەخخەس لەشکری خەتت لەسەر تەسخیری باڵایە

کە تورەی میری مـــیرانت نیشانەی سـەبتی توغرایە

(نالی –ل٥٦٥)

**توغرول:** طوغرول. وشەیێکی تورکییە. مەلێکی شکارییە لە جۆری باڵندە چاو زەردەکان، بازی ڕاو، بازی شکاری، شاهین، هەروەها ناوی چەند پاشاییکی سەلجووقی بووە.

مـن تـوغـرول و تـۆ سـەعوە قـەسدم ئەمەتە نـــاگا

میخلەب لە بەزت گیرکەم دەرچێ لە عەقەب گیانت

(سالم – ل ٥٠)

**توند بوون:** تووڕە بوون.

پێم وت ئاخر تۆ دڵی من کوێ دەبەی توند بوو وتی

هـــای بەتۆچی مـاڵمە خواهیشتمە هەرکوێی بـەرم

(کوردی – ل ٢٤)

**تووبا:** طووبا = طوبی. کراو بە عەرەبی. سریانی. tūbā. عیبری. tova. شادی، باشی، سوود، هەر شتێکی باش، درەختێکە لە بەهەشت، دەڵێن لقێکی دەگاتە هەر ماڵێ لە ماڵی بەهەشتییەکان، کە میوەی جۆراو جۆرو بۆن خۆشی هەیە. (معین)

بێ ڕەوانم ئـەگەر نـەدا بـۆسـە

وەسڵی دولبەر درەختی تووبایە

(سالم – ل ١٣٤)

لە ژێر سایەی یی تووبا دەشۆن زامی لە مەحشەر حوور

بــەرێ هــەرکـەس لـە دونیادا بـرینی تیغـی ئـەبرۆیی

(سالم – ل ١٥٦)

**توو بە توو:** یەك لە ناویەكی پەڕەی غونچەیە.

تەنگ دەهانی دولبەرم حـــەسرەتی دایە گـوڵ ڕوخـــان
وا دڵی غونچە بوو بە خوێن پەردە بە پەردە توو بە توو

(سالم – ل ١١٢)

**تووتی:** مەبەست شاعیری شیرین گۆیە، ئەو شاعیرەی كە شیعرەكانی خۆش و دڵڕفێن بن.

سالم ئەر تووتی یە بێ قەندی لەبت
مات و مەبهووتە وەكو بـــوو تیمـار

(سالم – ل ٥٨)

**تووتی:** طووتی. طوتی. لێرەدا مەبەست نەزان و بیر و ئەندێشە كورتە.

تووتی تۆ لە حیرسی دڵ داوی تەمەع دەكـــاتە مل
بوبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنیەو و تەرەب دەكا

(نالی –ل١٠٠)

**تووتیا:** كل، ئوكسیدی ڕووی (فافۆن)، بەهۆی تواندنەوەی سرب (قورقوشم) و ڕووی، لە كوورەدا بە دەست دەهێنرێ.

ئـەو دووكـەڵـەی كـە لـە كـاتـی تـواندنـەوەی سرب (قـورقـوشم) لـەسەر كـوورە كۆدەبێتەوە. تووتیا یەكێ بووە لە دەرمانەكانی چاو، بۆ چارەسەر كردنی هەندێ برینی چاو بەكار دێت، هەروەها بۆ بەهێز كردنی بینین و چاوتیژی بەكار هاتووە، لە عەرەبیشدا هەر تووتیای پێدەوترێت. (عمید)

پەناهم شەهسوارێكە گوزەركا گـەر بـە ئـەلبورزا
دەكا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیـا پەیدا

(سالم – ل ١٨)

**تووتی دڵ:** مەبەست دڵی عاشقە. عاشق، دڵدار.

حیكایەت خوانە تووتی دڵ بە دەوری دامی گێسوودا
مەزەنە عـــەكسی خۆی دیوە لە ناو ئاوێنەیی ڕوودا

(سالم – ل ٢٠)

**تووتی گۆیا:** تووتی گوویا. مەبەست تووتی قسەزانە، مەبەست شاعیری گەورەیە.

گۆیا = گوویا: قسەزان، زۆر قسەزان.

گۆی + ا.

گۆی = گووی: ڕەگی چاوگی گوفتەن (=گفتن)ی ف. یە. واتە وتن، گوتن، قسە کردن.

ا: پاشگرە کاتێ کە دەچێتە سەر کۆتایی ڕەگ، زۆری واتای چاوگەکە پیشان دەدات.

بۆ خاتری ئەغیار لەیــار سالمی تۆراند
نەیداوە کەسێ تووتیی گۆیـا بە غورابێ
(سالم - ل ١٤٢)

**توور:** لە ئەڤیستادا. tura. یەکێکە لە سێ کوڕەکانی فەرەیدوونی پاشای پێشدادی، فەرەیدوون وڵاتەکەی خۆی کرد بە سێ بەشەوە، ئیرانی دا بە ئیرەج و توورانی دا بە توور و شامی دا بە سەلم، سەلم و توور حەسادەتیان برد بە ئیرەج و کوشتیان، مەنوچیهری کوڕی ئیرەج لە تۆڵەی باوکی سەلم و تووری کوشت و خۆی بوو بە پاشا. (معین)

تو خوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش
مەحشەر میسالە یا بووەتە چۆڵی سەلم و تـوور
(نالی - ل ١٩٤)

غەم جەیشی سەلم و توورە دێتە سەر ئیرەجی دڵم
بۆ شۆرش و وەغـا چوو دڵی سینە بــوو بـە ڕەی
(سالم - ل ١٥٣)

**توور:** طور. چیایەکە لە نیمچە دوورگەی سینا کە مووسا لەوێدا خەریکی موناجات بوو، نووری خوداوەندی بینی. جەبەل توور، تووری سینا. (معین)

یـەك زەرە عەکسی پڕتەو دەرکەوت و تووری سووتـاند
ئــاییـنە سەخت ڕوو بــوو لەو عــەکسە تـــابی هێنـــا
(سالم - ل ٣٥)

جیلوەیی عەشقت دەکا هەردەم لە دڵ نوور ئاشکار

پێشی دیدەی دڵ لە ڕووتا ئاگری تـوور ئـــاشکار

(سالم - ل ٦٣)

**توور:** طوور. طور. کێوێکە لە سەحرای سینا، حەزرەتی موسا لە کێوی توور، ڕاز و نیازی خۆی دەکرد لەگەڵ خوا، ڕۆژێ بە خوای وت: خۆتم پێشان بدە تا بتبینم، بەڵام وەڵام هات: کە هەرگیز من نابینی (لن ترانی)، دوای ئەوە خوا لە سەر کێوەکە دەرخستنی خۆی فەرموو، بەڵام چیاکە لە وزەیدا نەبوو بەرگەی نەگرت و پارچە پارچە بوو، موسا بە سەرسوڕماوی کەوتە سەر زەوی، لە سورەی اعراف ٧، ئایە ١٤٣دەفەرمووێ: ولما جاء موسي لميقاتنا وكلمه ربه (كلم اللّه) قال ربِّ ارني انظر اليك قال لن تراني ولكن انظر الي الجبل فان استقر مكانه فسوف تراني فلما تجلي ربّه للجبل جعله دكاً و خرَ موسي صعقاً.

واتە: کاتێ کە مووسا لە کاتی دیاریکراوی ئێمەدا هات، خوا خۆی قسەی لەگەڵدا کرد وتی: خودایە خۆتم پیشان بدە تا تۆ ببینم، وتی: هەرگیز من نابینیت، بەڵام سەیری شاخەکە بکە، خۆ ئەگەر چیاکە لە شوێنی خۆی ما لەوانەیە من ببینی، کاتێ کە خوا خۆی پێشانی کێوەکە دا کێوەکە پارچە پارچە بوو و مووسا بە بێهۆشی کەوتە سەر زەوی (میقات) واتە کات و شوێنی پەیمان کە لە ئایەتەکەی سەرەوە باسی لێوە کراوە و لە ئەدەبیاتی فارسیدا تەلمیحە بە هەمان پرسیار و وەڵامی (ارنی ولن ترانی).

جیهان طورست و من موسی کە من بی هوش و او رقصان

ولیکن این کـــسی داند کـــە بـــر میقات مـــن گـــــردد

(مولوی -فرهنگ تلمیحات -دکتر شمیسا)

واتە: جیهان توورە و من مووسا، کە من بێهۆشم و ئەو خەریکی سەمایە، بەڵام ئەمە کەسێ دەیزانێ کە لە سەر کاتی من بێت.

یا چەشمە ساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە

یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لـــە کێوی توور

(نالی -ل١٨٠)

وادی بووه بە وادییی پڕ نووری تووری نار

نەعلەین لە پێ فڕێ بدە نالی بــە ئەیمەنی

(نالی -ل٦٦٦)

**تووس:** لە ئەڤیستادا (توسە) tusa، کوڕی (نەوزەر)ە، پاڵەوان و سەرداری گەورەی ئێران لە سەردەمی کەیقوباد و کەیکاوس و کەیخوسرەودا.

ئەم (توسە)یەی کە لە ئەڤیستادا هاتووە کوڕی (نەوتەرە = Naotara)یە.

لەبەر لێکچوونی ناوی شاری (تووس) جێی لە دایکبوونی فیردەوسی لەگەڵ ناوی پاڵەوانی ناوبراودا، دەڵێن گوایا بە ناوی ئەم پاڵەوانەوە ناو نراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییەك لە نێوان ئەم دوو ناوەدا نییە.(ترجمە حماسە ملی - نولدکە ١٤ -١٥). (معین)

لــە مـەستیدا وەکـو ڕوهـامە بــۆ مــەردی وەکـو شــیدە

بۆ توندی هەر وەکو تووسە بـە شۆخی جەعفەرە ئەمشەو

(کوردی - ل ٤٣)

**تووسی نەوزەر:** طوسی نەوزەر. تووس کوڕی نەوزەر پاڵەوان و سەرداری ناسراوی ئێران لە سەردەمی کەیقوباد و کەیکاوس و کەیخوسرەودا، لە داستانە ئێرانییەکاندا، دوویەرەکی هەبووە لە نێوان تووس کوڕی نەوزەرشا، لەگەڵ گوودەرز کە دوژمنی بوو، بە شکاندنی نەوزەر کۆتایی هات، بەڵام لە ڕاستیدا تووس گەلێ کۆنترە، چونکە ئەو هەمان تووسەیە کە لە ئەڤیستادا کوڕی (نەئۆترە)یە. (معین)

بە دڵ وەختی نیگەهـ موژگانی دولبەر

دەکا کاری سینانی تووسی نــەوزەر

(سالم - ل ٦٥)

خێڵی موژەت بـە قەسدی دڵم حازرن بەسەف

لەشکر کەشن هەمیشە وەکو تووســی نەوزەری

(سالم - ل ١٤٥)

**تۆزی بەرباد:** مەبەست هیچ، بێ بەها، سووك، ئەوەی کە بایەخی پێنەدرێ.

بەرباد: بەربا، ئەوەی ئەوەندە سووك بێت كە خۆی ڕانەگرێت بەرامبەر بە با و با بیبات.

كە خاكی خاكی دامەن بە وەگەرنە تۆزی بەر بادی
كە ئاوی ئاوی گەوهەر بە وەگەرنە بڵقی سەر ئاوی

(نالی – ل ٦٨٣)

**تۆفانی دیدە:** فرمێسكی زۆر و بە خوڕی چاوەكان.

تۆفان = طوفان. (كراو بە عەرەبی وشەی یونانی typhon - os )بارانی زۆر كە گەلێ شوێن دابپۆشێ و زیانبەخش بێت. لافاو. (معین)

ئەی هەم میزاجی ئەشكی تەڕ و گەرمی عاشقان
تۆفـــانی دیدەو و شەرەری قەلبی وەك تـــەنوور

(نالی –ل١٧٦)

**تۆمار:** طومار. كراو بە عەرەبی لە یۆنانییەوە. نامە، كتێب، دەفتەر، پەڕە، نووسراو، نووسینی درێژ، نووسراوی لوول كراو، لوولە كاغەزی پێچراوە... (معین)

تورەت وەكو تۆماری شكستە و سەری كۆڵمت
بۆ نووری سـەودام بـووەتە شـەمعی مـوتالا

(نالی – ل ١١٦)

شاهی ئیقلیمی وەفا نازانی ئـەی كوردی منم
فەقر و فاقە تاج و تۆمارمەو گەدایی ئەفسەرم

(كوردی – ل ٢٥)

طـومـار ندامت است طبع مـن
حرفی است هر آتشی زطومارم

(مسعود سعد سلمان – گزیدە – ص١٠١)

واتە: سروشت و قەریحەی من پێچراوەیێكی دووورودرێژی پەشیمانییە و هەر ئاگرێ وتەیەكە لە بەسەرهاتە زۆرەكەی من.

**تیپی موژگان:** ڕیزی برژانگەکان.

هەرکەسانێ تیپی موژگانی دی بە ڕەسمی قەبز و بەست
تــورفــەتــولعەینی دەبێ ســەد مڵکی دڵ تەسخیری تۆ
(سالم -ل١١٤)

**تیراو ژەن:** تیروەشێن، تیرهـاوێژ.

هونەرمەندانی تیراوژەن قەوی دەستانی پیل ئەفگەن
لە ڕووی غەواسی ئەتراکا وەکــو ڕووبەی گــوێزانن
(سالم -ل١٠٥)

**تیر ئەفگەن:** تیر وەشێن، تیر هـاوێژ.

ئەفگەن: ڕەگی چاوگی ئەفگەندەن (= افگندن)ی. ف. یە.

واتە: تووڕدان، فڕێدان، تێگرتن، کێشان بە زەویدا.

تورکی چاوی دەلبەرم وەختی نیگەهـ تیر ئەفگەنە
عـــاشقی زار ئـــەر فەرامەرزە لـــە زوڵما بەهمەنە
(سالم -ل١٣١)

سوویی عاشق وەختی ئیما ڕوو بە ڕوو تیر ئەفگەنی
بۆ فـــــەرامەرزی دڵم ئەی تورکی کـــافر بەهمەنی
(سالم -ل١٥٠)

**تیر ئەنداز:** تیر هـاوێژ، تیر وەشێن.

ئەنداز: ڕەگی چاوگی ئەنداختەن (= اندختن)ی. ف. یە، واتە تێگرتن، خستن و کێشان بەزەویدا، دوور کردن، لێخوڕین.

هەر لەوێ ڕۆژ بوویە تیر ئەنداز شوکور پێکات دڵم
ئەی فیدای دەست و کەمانت بم کوڕەی چاو مامزە
(کوردی -ل٤٨)

**تیر ئەندازی:** تیر وەشاندن، تیر تێگرتن.

غەمـــزە عاجز بوو لە تیر ئەندازی یا هـــەر تـــالیبی
ئەی دڵی بەدبەخت و ڕوو سەختم مەگەر ڕوویین تەنی
(سالم -ل١٥٠)

**تیرەگی:** تاریکی.

هەرشەو کە مەهتابی ڕوخت دەرکەوێ لە دوور
کولبـــەی دڵم لـــە تیرگییا پڕـ دەبێ لـــە نوور
(سالم -ل٦٤)

**تیرە نەزەر:** تیرە نەظـەر، نەزان، تاریك بین، ئەو کەسەی کە بەوردی لە شت تێنەگات.

تیرە: تاریك.

نەزەر: نظر. ع. سەیر کردن، تەماشا کردن، هەروەها بە واتای بینین و چاوساغی و بیر و ئەندێشەیش هاتووە.

لادە سالم لە ڕاهی تیرە نەزەر
(سینە گنجینە محبت اوسـت)
(سالم -ل٤٨)

کەی بە سالم دەردەچێ سالم لە بەر تیری نەزەر
دیدەیی چاوت دەپێکی تورکی چاوت گاهی دەو
(سالم -ل١١٧)

**تیر قەد:** مەبەست بالای ڕێك و جوانە، بەژن ڕاست.

بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەك کارێکی کرد
ڕەنگە بـالای تـیر قـەدان بێـتە تەرکیبی کەمـــان
(سالم -ل٩٧)

**تیرمە:** شاڵ، جۆرە پارچەیەکی گران بەهایە، کە لە خوری جوان و نایاب دروست دەکرێت، تیرمەی کشمیر و تیرمەی کرمان بەناوبانگن. (عمید)

دیم وەکو دووکانی بەزازی لە سەر یەك بوخچە ها
شاڵی تیرمە و کەوڵی خەز دیبای هیند و پەرنیان
(سالم -ل٩٠)

ئەوانەی تیرمە پۆش و شەهد نۆش و ناز پەروەر بوون
ئەمێستە خانە بەردۆشـن نـــەخۆش و زار و عوریانن
(سالم -ل١٠٢)

**تیری ئاه:** هەناسە وئاهێ کە وەکو تیر کاریگەرێت.

تیری ئـاهی سوبحگاهم ڕەنگە کـونْ کون کا فەلەك
ئەشکی ئاتەشناکی من تەحقیق ئەگاتە سەر سەمەك
(سالم -ل٧٧)

**تیری موژە:** مـەبـەست بـرژانـگی درێژ و جوان و کـاریگـەری دلبـەرە، یـان سەیرکردنی کاریگەر.

ئەی شۆخی بێنیاز و گران ناز و غەمزە سووك
تیری موژەت نیشانەیێ دڵ کون دەکا بە نووك
(نالی -ل٢٢٥)

تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت
بـوگـــرفتی دڵ لـــە کـــاکۆڵت عەلەم بـــەرپا دەکـــا
(کوردی -ل١١)

دڵ لە دەست تورکی دوو چاوت چ دەبوو حاڵی ئەگەر
نەبوایە لـــە ســـەری تیری مـــــوژەت تیغی بـــرۆت
(کوردی -ل١٤)

**تیری موژگان:** تیری برژانگەکان، مەبەست سەیرکردنی دلبەرە، سەیر کردنی یار کە وەکو تیر کاریگەرە.

موژگان: برژانگەکان، (موژە) تاکە، کاتێ کە (ان)ی کۆ دەچێتە سەر بزوێنی (ە) دەبێ بە (گ). برژانگە درێژ و جوان و کاریگەرەکانی دلبەر.

عیلاجی ئێشی دڵ ناکا بەسەد مەرهەم حەکیم ئەمشەو
لە زەخمی تیری موژگانت بە نەوعێ بستەرم ئەمشەو
(سالم -ل١١٧)

لە سووڤاری بە زۆری خەم سروور هێنای بنا گۆشی
موشەخخەس تیری موژگانی بە قەتلی ئێمە مەئموورە
(کوردی -ل٤٧)

ئەگەر تۆ ڕاست دەڵێی و قاتیلی دڵ نیی ئەدی بۆچی
درۆزن تیری موژگانت بە خوڕ خوێن دێ لە سووڤاری
(کوردی -ل٥٦)

بگشای تیر مژگان و بریز خون حافظ
که چنان کشنده ای رانکند کس انتقامی
(حافظ د. رهبر -ص٦٣٧)

واتە: تیری سەیرکردن لە کەوانی برژانگەکانتەوە بوەشێنە و حافز بکوژە، کە بۆ پیاو کوژێکی وەکو تۆ هیچ کەسێ تۆڵە ناسەنێتەوە.

**تیز نیگاه:** مەبەست سەیرکردنە بە تووڕەییەوە، یان سەیرکردن بە خێرایی و وریایی.

تیز: تیژ، توند، زوو، خیرا. هەر شتێ کە تامی تیژ بێ و زمان بسووتێنێ.

نیگاه: سەیر کردن، تەماشا کردن.

گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و ئاتەش بە کەف و تیز نیگاهن
(نالی -ل٢٤٢)

حکایت کنند ازیکی نیکمرد
که اکرام حجاج یوسف نکرد
به سرهنگ دیوان نگه کرد تیز
که نطعش بینداز و ریگش بریز
(بوستان سعدی، غلا محسین یوسف -ص٦٣)

نیکمرد: پیاو چاك.

حجاج یوسف: والی حیجاز و عێراق بوو لە سەردەمی بەنی ئومەییە ناسراو بوو بە زۆردار، ساڵی ٩٥ی کۆچی مردووە.

سرهنگ: سەرهەنگ، پلەیەکی بەرزی ئەفسەرییە.

نگه کرد تیز: تیز نیگاهـ کرد، بە تووڕەییەوە سەیری کرد.

نطع: پارچە چەرمێکی گەورەیە، ئەو کەسەی کە سزا بدرایە بە مەرگ، لە سەر ئەوە سەر دەبڕا.

ریگ: لم، قوم.

واتە: دەگێڕنەوە کە پیاو چاکێ ڕێزی لە حەجاجی یوسفی سەقەفی نەگرت و ئەویش بە تووڕەییەوە سەیری سەرهەنگی دیوانی کرد و وتی: چەرمی بۆ ڕابخەن و لمیشی بۆ بڕێژن (مەبەست ئەوەیە تا لمەکە خوێنەکە بمژێ کاتێ کە سەری دەبڕن).

**تیری نیگاه:** مەبەست سەیرکردنی زۆر کاریگەرە.

نیگاهـ: سەیرکردن.

دڵ گـــەر بکـــا شکـــایـــەتی تیری نیگاهی تۆ
ناکا کەسێ حیکایەتی بەهرام و سەیدی گوور
(سالم -ل٦٤)

دڵ قەفای خوارد و شکا کردیە نیشانەی قیرقاج
گەردشی تیری نیگاهت لـــــە قەفا میسلی قەجەر
(سالم -ل٦٥)

**تیژاوی سوروشك:** تیژاوی سیریشك، فرمێسکی بەخوڕ، فرمێسکی تیژ، فرمێسکی زۆر سوێر.

تیژاو: ئاوی تیژ، تیزاب.

سوروشك: فرمێسك.

تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
ڕوخساری زەردم وەکو ئەوراقی خــــەزانە
(نالی -ل٤٧٩)

**تیشنەگی:** تینوێتی.

نـابڕێ ئـاوی حـەیاتیش تیشنەگیم
ئاوی تیغی تۆ مەگەر تەڕکا گەلـوو
(سالم -ل١١١)

**تیشنە لەب:** مەبەست بە پەرۆش و ئارەزوومەندە.

تیشنە: (= تشنه)ف. تینوو.

لەب: لێو.

تیشنە لەب تاکەی ڕەفیقی وەحشیانی بەر بکەم
تیغی خوێن ڕێژت بکێشە تا دەمی پێ تـەڕ بکەم
(کوردی -ل٢٩)

زاهیرەن دیجلەیی لوتف و کەرەمت هـاتنەوە جۆش
بـۆیە ڕەشحەی قەڵەمت جارییە بۆ تیشنە لــــەبان
(کوردی -ل٣٦)

رندان تشنه لب را آبی نمی دهد کس
گویی ولی شناسان رفتند از این ولایت
(حافظ، قزوینی -ص ٦٥)

واتە: کەس ئاو نادات بەڕەندانی ئارەزوومەندو بە پەرۆش، دەڵێی وەلی ناسان لەم ناوچەیە کۆچیان کردووە.

**تیغی ئەبرۆی خەم:** مەبەست برۆی جوان و کاریگەر و کەوانی یارە.

تێغ: ⟵

ئەبرۆ: برۆ.

خەم: چەماوە، کەوانی.

تیغی ئەبرۆیی خەمت سوورەتی سەیفی عەلی یە
باعیسی زەمزەمەیی شۆری جیهانە بـە عومەر
(کوردی -ل١٥)

**تیغی برۆ:** مەبەست برۆی جوان و کاریگەرە.

تیغ: ⟵ تێغ.

دڵ لە دەست تورکی دووچاوت چ دەبوو حاڵی ئەگەر

نەبوایە لــەســـــەری تیری موژەت تیغی بــرۆت

(کوردی -ل١٤)

**تیغی جەوهەر ئالوودەی خەمی ئەبرۆ:** مــەبــەست بـرۆی درێژ و بـاریك و تـیژ و كـەوانـی و کاریگەری دلبەرە.

تیغ: تێغ.

جەوهەر: ⟶

ئالوودە: ⟶

خەم: ⟶

هەرچی نادر قەبز و بەستی کرد بە شمشێر و سوپا

ئەم بە تیغی جەوهەر ئالوودەی خەمی ئەبرۆ دەکا

(سالم -ل٣٠)

**تیفل فام:** وەك منداڵ.

تیفل: طفل. ع. منداڵ.

فام: پاشگرە بە مەبەستی جۆر و ڕەنگ و وێنە.

هەمو عومرم بە زایەع چوو لە ڕێگەی عیشقدا چونکە

گــرفتار و نـــــەسیری داوی عیشقی تیفل فـــامێکم

(کوردی -ل٣٢)

**تیفلی دڵ:** مەبەست دڵی سادە و ساویلکەیە.

تیفلی دڵ هەرزە گەرد و لا یەشعور

ئـــــاسمان ئەسپی لا جـــڵەو دێنێ

(سالم -ل١٥١)

**تێشە:** تەشوێ، جۆرە چەکوشێکی دەم پانە، ئەوەی کە تیژە بۆ دارتاشی بەکاردێت ئەوەی کە دەمەکەی کۆڵە بۆ بەرد تاشین و پەیکەرتاشی بەکار دێت.

حەدیسی کوژتنی فەرهادی مسکین پێت بڵێم چۆن بوو
لە شەوقا دای بە سەر یا تێشە وەختێ دەنگی شیرین هات
(سالم -ل٤٦)

دامتەرا شیوە بە ناخون لە غەمت سینەیی ڕیش
شوهرەتی کوهکەن و وەسفی دەمــی تێشە نییە
(سالم -ل١٣٦)

**تێغ:** تییغ، مەبەست شمشێرە، هەرشتێك تیژ بێت و ببڕێت وەکو: گوێزان، چەقۆ، خەنجەر، قەمە، شمشێر...هتد.

حەمایل کە دەمی تێغت لە حەڵقـەی گەردنـی نالی
مەگەر تێراو ببم بەو ڕەنگە تینووی ساعیدی یــارم
(نالی -ل٢٧٥)

بە تیغی ئەو بەخوێنی ڕۆمیان شەتێ بە ڕووما دێ
تەنی ئیفتادە زەورەق سەر لە جێگەی ناخودا پەیدا
(سالم -ل١٩)

# ج

**جا:** جیّ، جێگە، جێگا، شوێن.

تابوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سووتا گیاهـ و تەشنەو و خوشکیدە بوو شەجـــەر
(سالم –دیوانی نالی –ل٢٠٠)

شارێکی پڕ لە زوڵم و مەکانێکی پڕ لە شین
جایێکی پڕ لە شۆر و وڵاتێکی پڕ کـــەسەر
(سالم –ل١٤)

شێوەیی ئەبرۆیی تاقت هـەمـەجـا دێتە نەزەر
دەگەڕێ دڵ بـــە تەرەف تۆوە وەکو قیبلە نەما
(سالم –ل٣٤)

**جارولْلا:** جاراللّه. ع. جاراللە ابو قاسم محمود بن عمر بن محمد خوارزمی. لە زەمەخشەر ساڵـی ٤٦٧ك لـە دایك بـووە و ساڵـی ٥٣٨ك مـردووە، مـامـۆسـتـای لـێكدانـەوەی قورئـان و وتـەكانی پێغەمبـەر (د. خ)و، ڕێزمـانی عـەرەبی و زانستی ڕەوانبێژی بوو، ئیمامی سـەردەمی خۆی بوو، زانـایان ڕێزیان لێدەگرت، هۆی نـاوبـانگ دەركردنی بە جارولْلا لە بەر ئەوە بوو كە ماوەیەكی ژیانی لە نزیك كەعبە بردۆتە سەر. زەمەخشەری (معتزلی) بوو. لە بەرهـەمەكانی: الكشاف فی تفسیر القرآن. و مقدمە الأدب. (معین)

سامیری و سەحبان و جارولّلا و لـوقمان و ســـەتیح

موخبیری کوللی علوومیّ بوون و سەر گەردانی عیشق

(کوردی -ل١٩)

**جارووكەش:** گسك دەر، گسك لیّدەر، ئەو کەسەی کە گسك دەدات و شویّنیّ پاك دەکاتەوە.

جاروو: کورتکراوەی جارووب، واتە گسك ——— جارووب.

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی. ف. یە. واتە کیّشان و ڕاکیّشان.

جاروو کـــەشی مـــەنازیلی جانان لە خەلْوەتا

فەڕاشی فەرشی ئەبری بەهاران لە دەشت و دەر

(سالم -دیوانی نالی -ل١٩٩)

**جارِس:** وەڕس، بیّتاقەت بوون لە کەسیّ یا لە شتیّ.

گەر بەدەستم دەکەویّ شەربەتیّ لە پیّش چاوی تۆ

جـاڕس و موفتەزەحی کەم وەکو کوردی لە جیهان

(کوردی -ل٣٧)

**جارِووب:** گسك.

جا + ڕووب

جا: ———

ڕووب: روب، ڕەگــی چــاوگــی ڕوفـتـەن، ڕووفـتـەن، ڕوویـیـدەن (= رفتن، روفتن، روبیدن)ی. ف. یە واتە گسك دان. مالّین.

بە تۆزی ڕەهت دیدە سەقاو و موژە جارِووب

ترســـام کە لە پیّت چیّت دمیّ جیّت بمـــالّم

(نالی -ل٢٨٧)

بوو بە جارووبی مەحەلە هەر تەرەف پەنجەی پەرِیو

پـــەی کـــراویّ پیّ لە مەیدان پەهلەوانی پـالّەوان

(سالم -ل١٤)

موژمم با هەم بە ڕشتەی دڵ دەبەستم

دەكێشم ڕەهگوزاری جوملە جـــارووب

(سالم -ل٤٤)

**جاڕی گەنم:** جێگەی گەنمێ كە دروێنە كرابێت.

مـەلەخ تەبعن لە هێشووی دەغڵی دیهقانا بە هەر لادا

لە نـاو جـاڕی گـەنم هـەر یەك وەكو داهۆڵی خەرمانن

(سالم -ل١٠٦).

**جام:** ( پەهلەڤی jām )١-پیاڵە. پێك. ٢-دەفرێكە لە فلزی برنج دروست دەكرێ، ئاوی تێدا دەخۆنەوە. ٣-پارچەی گەورەی شووشە، ٤-مەقامێكە لە مۆسیقای كۆن. كە دەڵێن جامی پڕ لە شیر و مەی مەبەست: أ-پیاڵەی پڕ لە ئاوی كەوسەرە. ب -دەمی یار. ج -وتەیەك كە بیستنی خەڵك بێنێتە جۆش و خرۆش و حاڵ. د -شیعری باش. كە دەڵێن جامی پڕ لە مەی، واتە جامی پڕ لە شیر و مەی. كە دەڵێن جامی جەمشید، جامی جیهان نەما، جامی كەیخوسرەو، جامی گیتی نەما جامی جەم و جامی جەمشید. ٥-كە دەڵێن: جامی ڕاهیب واتە: أ-شەرابی پیرۆزی دەیر. ب -مەی خوداوەندی٦.-كە دەڵێن: جامی سەحەر: واتە، هەتاو، خۆر٧.-جامی شەهریاری: واتە پێكی گەورە. ٨-جامی شیر: مەبەست مەمكی شیردارە. ٩-جامی گەوهەری: مەبەست پیاڵەی بلووری، لێوو دانی دلبەر. ١٠-جام بەسەنگدا (= بەرد) كێشان: مەبەست تۆبەكردن لە شەراب خواردن، تۆبەكردن و پەشیمانییە. (معین)

جـــامی تـــاقی مـــەیكەدە میشكـــــاتی قیندیلی دڵــە

شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەف ڕەف شاهی عالی ڕەف ڕەفە

(نالی -ل٤٥٤)

دەزانـی تۆ لە شیشـەی دیدە مـابی ئەشك ئالوودەم

شەرابی حوب لە جاما ڕەونەقی خوێنی جگەر نـادا

(سالم -ل١٧)

ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت مەهـ ئافتابی هێنا
(سالم -ل٣٥)

**جامە:** جل، بەرگ، جلوبەرگ.

لە قوببەی نووری پستانت یەدی بەیزا نەموودارە
ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی کەفی مووسا
(سالم -ل٢٧)

**جامە ئەزرەق کردن:** جلوبەرگ لە خوم دان بە مەبەستی ماتەمینی، جلوبەرگی ماتەم پۆشین.

جامە: ←

لە سەرخۆشی غەما بۆ فەوتی شادی
وەرە سالم بکەین با جامە ئەزرەق
(سالم -ل٧٧)

**جامەی کەتان:** جلوبەرگی کەتان.

کەتان: ←

ئەبەد قەد سیرێ ئەندامت بە تای جامەی کەتان نابێ
بەڵێ شەوقی چرا ئەڵبەت لە فانووسا نیهان نابێت
(سالم -ل١٤٣)

**جامی:** (نورالدین عبدالرحمن ابن نظام الدین احمد بن محمد) شاعیر و نووسەری ناوداری ئێران، لە (خەرگیردی جام -خوراسان) لە ساڵی ٨١٧ك لە دایك بووە و ساڵی ٨٩٨ك لە هەرات کۆچی کردووە. بە هۆی شوێنی لە دایکبوونی لە (جام) و هەروەها بە هۆی ئەو پەیوەندییە دەروونییەی کە هەیبوو لەگەڵ شێخول ئیسلام ئەحمەدی جامی کە لە (٥٣٦ك) مردووە، جامی کرد بە نازناوی خۆی. لەگەڵ باوکیدا چووە بۆ هەرات و سەمەرقەند، لەو شوێنانەدا خەریکی خوێندنی ئەدەب و زانستی ئاینی و مێژوو بووە، دوای ئەوە گەیشتۆتە پلەی ئیرشاد و گەیشتە ڕیزی

گەورەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، لە پاش کۆچی دوایی (سعدالدین کاشغری) کە خەلیفەی نەقشبەندی بوو، بوو بە خەلیفەی ئەم تەریقەتە و دوای ئەوە ناوبانگی بڵاو بووەوە و لای گەورەکانی سەردەمی خۆی جێگەی ڕێز بوو، ئینجا چوو بۆ حەج و لە ڕێگەی دیمەشق و تەبریز ساڵی ٨٧٨ك، گەڕایەوە بۆ هەرات. جامی گەورەترین شاعیر و ئەدیبی سەدەی نۆهەمی کۆچی بوو، لە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو: دیوانی شیعر کە پێکهاتووە لە: قەسیدە و شیعری دڵداری و لاوانەوە و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و دوو بەیتی و چوارینە. (هفت اورنگ)ەکەی پێکهاتووە لە: (هفت مثنوی، بە لاسایی کردنەوەی (خمسەء نظامی) لە ژێر ناونیشانی: سلسله الذهب، سلامان و ابسال، تحفه الاسرار، سبحه الابرار، یوسف و زلیخا، لیلی و مەجنون، خردنامەء اسکندری.) بەرهەمەکانی بە پەخشانی فارسی پێکهاتووە لە: نقدالنصوص فی شرح نقش الفصوص، نفحات الانس، لوایح، لوامع، شواهد النبوه، اشعه اللمعات، بهارستان. (معین)

حافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جامی و دەهلەوی

فەیز خواهـ مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق

(کوردی -ل١٩)

**جامی ئەسەر کێشان:** پێکی مەی نۆش کردن، مەی خواردنەوە.

جام: ⟵———

ئەسەر کێشان: نان بە سەرەوە، نۆش کردن، خواردنەوە.

خوابی غەفڵەت نازیلە بۆ چاوی شەحنە و موحتەسیب

دەرفەتە جـــامێ ئەســـەر کێشی بـــەڵا بێ ئیحتیراز

(کوردی -ل١٧)

**جامی جەم:** ———⟵ جامی جەمشید.

تۆزی ئایینەی ئەسکەندەر وا بە دەم بـــاوە وەلێ

گەردی دامـانی غـەریـبانە بلووری جامی جەم

(نالی -ل٣٠٩)

هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کـــەمت بوو

(نالی –ل٣٦٧)

خوبانی سیەهـ موو پەریی ڕوو خەدەمت بوو

هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو

(سالم –ل١٠٩)

**جامی جەمشید:** لە زۆر سەرچاوەدا بە شێوەی جیاجیا و بۆچوونی فرە چەشن باسی لێوە کراوە و، بە گەلێ جۆریش ناوی هاتووە، وەك:

جامی کەیخوسرەو، جامی جەم، جامی گیتی نەما، ئایینەی گیتی نەما، جامی جیهان نەما، جامی جیهان ئارا، جامی جیهان بین، جامی عالەم بین.

ئەم جامە بە جامی کەیخوسرەو بەناوبانگ بوو، تا لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا، بە هۆی ناوبانگی جەمشید و، هەروەها لەگەڵ سولەیماندا بە یەکیان دادەنان، لەبەرئەوە جامی ناوبراو درایە پاڵ جەمشید و ناونرا جامی جەمشید.

عەتاری نیشابووری دەڵێ:

آب حیوان چون بەتاریکی دراســت

جام جم دردست جان خواهم نیهاد

(معین)

واتە: لە بەر ئەوەی کە ئاوی حەیات، لە ناو تاریکیدایە، جامی جەم دەخەمە ناو دەستی یار. یان دەیدەمە دەستی دلبەر، بەپێی داستانە ئێرانییەکان، ئەو جامەیە کە هینی جەمشیدی پاشای پێشدادی بووە و نەخشی جیهانی لەسەر دروست کراوە، یان دەڵێن هەموو جیهانیان تێدا بینیوە، لە بەر ئەوە بەناوبانگ بووە بەو ناوانەی لە سەرەتادا پێشان دران، لە شاهنامەی فیردەوسیدا، ئەم جامەیان بە هینی کەیخوسرەو داناوە، جامێ بووە کە وێنەی حەوت کیشوەر (= حەوت وڵات)ی لە سەر نەخش کراوە و، تایبەتمەندی سەیر و ڕازاوەی هەبووە و هەر شتێ کە بیانویستبایە لەو جامەدا دەیانبینی. (عمید)

جام: واته پیاڵه، پێك، پەرداخ كه له ئاڵتوون یان زیو، یان شووشه، یان شتێكی تر دروست دەكرا و، ئاو یان شەرابیان تێدا دەخواردەوه، به عەرەبیش هەر (جام)ی پێدەڵێن كه جامات، اجوام كۆیەتی، له زاراوەی سۆفیگەریدا مەبەست له جام دڵی عاریفه، كه پڕه له بادەی مەعریفەت، هەندێ كەس وای بۆ دەچن كه مەبەست له جام، بوون (= وجود)ەو، مەبەست له بادەی مەی ژیانی مەعریفەته. (عمید)

جەمشید = جەم: كوڕی تەهمورس (طهمورث) چوارەمین پاشای پێشدادی بووه، ٧٠٠ حەوت سەد ساڵ پاشایەتی كردووه، جلوبەرگ و دوورین و كەشتی لێخوڕین و پزیشكی فێری خەڵكی كرد، ئاسنی نەرم كرد و لەمه چەكی دروست كرد، دەڵێن ئەم جۆره شتانه و گەلێ شتی تریش هەر له ئەوەوه بوو، هەروەها ئەو بوو كه جەژنی نەورۆزی دانا. له كارەكانی تری جەمشید، دەرهێنانی گەوهەر و تەختێكی ڕازاندەوه به گەوهەر بۆ خۆی، كه ناسراوه به تەختی جەم، كورسی جەم.... هتد، كه به ئاسماندا دەفڕی، ئەمه یەكێكه له هۆی تێكەڵاو بوونی جەمشید و سولەیمان، بەڵام پێشینان ئەمه دەگێڕنەوه بۆ سولەیمان كه له (مجمل التواريخ و القصص، ص٤٧)دا، دەڵێ: دێوەكان له ژێر فەرمانی جەمشید و تەهموورس (= طهمورث)دا بوون و باڵنده و بایش له ژێر فەرمانی سولەیماندا بوون.

هەروەها جەمشید شەرابیشی داهێناوه و جامی شەرابی دروست كردووه، كه حەوت هێڵی تێدا بووه و هەر لەو ڕووەوەیه كه مەبەست له: (بەزمی جەم، مەجلیسی جەم، مەجلیسی جەمشید) كۆڕی خۆشی و شادی و مەی خواردنەوەیه. له بارەی بەسەرهاتی جەمشید له شاهنامەدا (ج١)، باسی داهێنانی شەراب و جامی شەراب نەكراوه، بەڵام له (ل٢٧)دا دەڵێ: له نەورۆزدا مەیان دەخواردەوه و داوای مەی و جام و گۆرانی بێژیان دەكرد، دیاره ئەو سەردەمه مەی و پێك داهێندرابوو.

بەڵام به زۆری له ئەدەبیاتی فارسیدا جەمشیدیان به داهێنەری شەراب داناوه له وانه: جوامع الحكايات –باب چهارم –ازقسم اول، له باسی پاشایی جەمشید و، له نفايس الفنون فى عرائس العيون، قسم اول در علوم اواخر. و له برهان قاطع، ذيل شاه دارو. به گوێرەی ئەم سەرچاوانه لەبەرئەوەی كه جەمشید له هەر چوار وەرز ترێی دەست كەوێ، فەرمانی دا تا ئاوەكەی بگرن، ئاوی ترێ له پاش

کولاندن تاڵ بوو، جەمشید وای زانی کە ژەهرە، یەکێ لە کەنیزەکەکانی گیرۆدەی سەر ئێشە بوو بوو، بڕیاری دا کە ئەو ژەهرە بخواتەوە، تا لەو دەردە ڕزگاری ببێ، بەڵام کاتێ کە خواردیەوە چێژێکی زۆری لێ بینی و لەو دەردە ڕزگاری بوو، بەم هۆیەوە شەراب دۆزرایەوە.

بەڵام لە نەورۆز نامەی خەیام دا، دەڵێ: (شەمیران) ناوێکی سەر بە جەمشید و، لە (راحه صدور)دا، دەڵێ: کە کەیقوباد مەی داهێنا.

بنشین خورشید وار می خور جمشید وار
فرخ و امید وار چـــــون پســر کیقبـــاد
(منوچهری –٢٠)

واتە: دابنیشە وەکو خۆر، مەی بنۆشە وەکو جەمشید، شاد و دڵخۆش و ئومێدەوار بە وەکو کەیقوباد.

خورشید وار کـــرد سفر شاەو بازگشت
جمشید وار دست سوی رطل و جام کرد
(امیر معزی –١٣٩)

واتە: پاشا وەکو خۆر گەشتەکەی کرد و گەڕایەوە، وەکو جەمشید دەستی برد بۆ پێك و جامی مەی.

به خضر آب بقا دادند و به جمشید شراب
تا به پیمانەءما ســــاقی دوران چەکند
(فروغی –٧٥)

واتە: ئاوی حەیاتیان بە خدر داو شەرابیشیان بە جەمشید دا، دەبێ ساقی ڕۆژگار چی لە پێکەکانی ئێمە بکات. هەروەها جەمشید داهێنەری: (جام، جامی جەم، جامی جیهان بین، جامی جیهاننەما)یە، جامی جیهان نەما جامێ بوو کە جەمشید بارودۆخی جیهانی لەوەدا دەبینی، دوای ئەو ئەو جامە گەیشت بە کەیخوسرەو، ئینجا دوای ئەوە گەیشت بە دارا، بەو جۆرە کە جەمشید داهێنەری شەراب و جامی شەرابە کە بەمەیش دەڵێن جامی جەم، لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا، جامی شەراب و نۆشینی شەراب، هەروەك جامی جیهان نەما هەموو ڕازەکانی

هەبوون (وجود) بۆ ئادەمیزاد ئاشکرا دەکات و بە زۆری عاریفەکان جامی جەم، یان جامی جیهاننەما یان بە دڵ دەربڕیوە، حافز لەم بارەیەوە دەڵێ:

گوهر جام جم ازکان جیهان دگرست

توتمنا زگل کـــوزه گـــران می داری

(حافظ – ٣١٤)

واتە: گەوهەری جامی جەم لە کانی جیهانێکی ترە، تۆ هیواو ئارەزووت لە قوڕی گۆزە گەرانە (= ئەوانەی کە گۆزە دروست دەکەن).

لە بارەی ئەوەی کە ئەم جامە لە کوێوە هاتووە و چۆن دروست بووە، ئەمە لە شاهنامەدا نییە و هەروەها لەو شوێنەی (شاهنامە ج١)، لە بەسەرهاتی جەمشید و دەربارەی داهێنانی جامی جیهان نەما بەهۆی ئەوەوە، باسێکی لێوە نەکراوە.

خوا لێخۆشبوو دکتۆر معین لە پەراوێزی ج٢ –برهان قاطع (ص٥٥٦)دا، دەڵێ: ئەم جامە تا سەدەی شەشەم بە ناوی کەیخوسرەوە بووە و دراویشەتە پاڵ ئەو.

همیشه رای تو روشن باد همیشه عزم تو محکم

یکی چون جام کیخوسرەو یکی چون سد اسکندر

(معزی نیشابوری – ٣٨٩)

واتە: هەمیشە بیر و ڕای تۆ ئاشکرا و ڕووناکە، هەمیشە ورەی تۆ پتەوە، یەکێکیان وەکو جامی کەیخوسرەو، ئەوی تریان وەکو بەنداو (= سەدد)ی ئەسکەندەر.

وا دیارە بە هۆی ناوبانگی جەمشید لە سەدەی ناوبراودا و، زانین بەوەی کە سولەیمانە، جامی ناوبراو بە هێنی جەمشید دانراو پێیان دەوت: جامی جەم و جامی جەمشید:

آب حیوان چون به تاریکی دراست

جام جم دردست جان خواهم نهاد

(عطار نیشابوری)

واتە: لە بەر ئەوەی کە ئاوی حەیات لە ناو تاریکیدایە، جامی جەم دەدەمە

دەستی دلبەر.

هەروەها بە جامی ناوبراو دەڵێن جامی گیتی نەما و ئایینەی گیتی نەما.

جەمشید دوای ئەو هەموو نوێکاری و داهێنانە تووشی خۆپەرستی بوو، خۆی بە خوا دادەنا، لە بەر ئەوە شکۆ و گەورەیی نەما و زەححاك بەسەریدا زاڵ بوو، ناوقەدی بە مشاری ئێسقانی پشتی ماسی کرد بە دوو لەتەوە، وەکو لە مێژووی بەلعەمیدا هاتووە و دەڵێ: ((.... کوشتنی جەم بەم جۆرە بوو کە مشاریان لە سەر سەری داناو تا پێی کردیان بە دوو لەتەوە)) (تأريخ بلعمی. ص٢٣)، لە ئەنجامدا دیل کراو هێنایان بۆ لای زەححاك، بە ئێسقانی ماسی کە وەکو مشارە کردیان بە دوو لەتەوە و دوای ئەو سووتاندیان. (مجمل التواريخ والقصص –٤٠)

هەندێ لە مێژوو نووسەکان، جەمشید و سولەیمانیان بە یەك داناوە و هەندێکیان بە دوو کەس.

(ثعالبی) لە غرر اخبار ملوك الفرس، (ل١٠، ١١، ١٥، ١٦) دا باسی هەڵەی ئەوانەی کردووە کە جیاوازی ناخەنە نێوان جەمشید و سولەیمانەوە. (حماسه سرای در ایران، ص٤٤٨ –٤٤٧).

تێکەڵ بوونی جەمشید و سولەیمان، وای لە ئەدیبە پێشینەکانی ئەم دواییە کرد، تا بۆ جیاکردنەوەیان، بیر لە چارەسەرکردنێ بکەنەوە، (برهان قاطع) لە بارەی (جەمشاسپ)ەوە دەڵێ: ئەگەر لەگەڵ ئەنگوستیلە و حۆری و پەری ناوی ببرێ ئەوە سولەیمانە دروودی لێ بێت، خۆ ئەگەر لەگەڵ جام و سوراحی و مەیدا ناوی ببرێ ئەوە جەمشیدە. و لەبارەی (جەمشیدون) دەڵێ: لە شوێنێکدا کە ناوی لەگەڵ ئەنگوستیلە و دێو و پەریدا هاتبێ ئەوە سولەیمانە و دروودی لێ بێت و، لە شوێنێ کە ناوی لەگەڵ جام و سوراحیدا هاتبێ جەمشیدە.

فەراهانی دەڵێ: لە شەرەفنامەدا نووسراوە، کاتێ کە جەم و جەمشید لە گەڵ نگین و ئەسپ و باو ئاسەف و ئەم جۆرە شتانەدا ناوی هاتبێ، مەبەست لەمە سولەیمانە و کاتێ لەگەڵ ئاوێنە و سەدد و ئەم جۆرە شتانەدا بێت ئەوا ئەسکەندەرە و ئەگەر لەگەڵ مەی و پیاڵەدا باس کرابێ ئەوە پاشایەکی بەناوبانگە لە پاشاکانی فورس.

(شرح ديوان انوری –٣٨)

بەڵام ئەو بۆچوونانەی کە باسیان لێوە کرا هەمیشە ڕاست نین، لە بەر ئەوە لە کاتێکدا کە دەگەینە وشەی: جەم یان جەمشید یان ئەوانەی کە پەیوەندییان بەمەوە هەیە، باشتر وایە کە بگەڕێینەوە بۆ داستانی جەمشید و هەروەها بۆ داستانی سولەیمان.

شاعیرانی دوای سەدەی پێنجەمی کۆچی جەمشیدو سولەیمانیان تێکەڵ بە یەکدی کردووە، هەندێ جار هەردووکیان بە یەکێ زانیوە، تا ناوەڕاستی سەردەمی قاجارەکان، بەناوچەی جوغرافیای تەختی جەمشیدیان دەوت تەختی سولەیمان و هەر لەم ڕووەوە بوو ناوچەی فارسیان بە موڵکی سولەیمان دادەنا.

لە (مجمل التواريخ و القصص -ص٤٧) بە تەختی جەمشیدیان وتووە کورسی سولەیمان. حافز دەڵێ:

دلم از وحشت زندان سکندر بگرفت

رخت بر بندم و تا ملك سليمان برم

(حافظ -٢٤٧)

واتە: لەترسی زیندانی (ئەسکەندەر) کە مەبەست زیندانی شاری (یەزد)ە، دڵم تەنگ و غەمگین بوو، دەبا کەلوپەلەکانم ئامادە بکەم و خۆم بگەیەنم بە وڵاتی سولەیمان، واتە (وڵاتی پارس). بەڵگەی جۆراو جۆر هەیە بۆ ئەم تێکەڵ کردنە:

أ-جەمشید وەکو سولەیمان تەختی ڕەوانی هەبووە، واتە ئەو فەرشەی کە سواری دەبوون و بە ئاسمان گەشت و گوزاریان دەکرد.

ب -جەمشید وەکو سولەیمان خاوەنی نگین و ئەموستیلە بووە، لە بەندی حەوت لە ڤەندیداد(٢) کە پەیوەندی بە داستانی جەمشیدەوە هەیە، ئەهورەمزدا دەڵێ: کە من دوو ئامرازم داوە بە جەمشید، یەکەم aŝta دووەم suwra، لە واتای (سوورا)دا جیاوازی هەیە، هەندێ بە تیر و چەکی زێڕینی دادەنێن، وەك (رایشلت)و هەندێ بە نگینی زێڕ وەك (پوور داود)، هەروەها لە (بندهش)دا باسی ئەوە کراوە کە نگینێ لە سەر گورز یان شمشێرەکەی جەمشید هەبووە، لەوە دەچێ کە نگینی زێڕ لە ناو ئێرانییەکاندا ناسراو بووە، کە ئەمەیان لەگەڵ نگینەکەی سولەیمان تێکەڵ کردووە.

کــه جمشید با تاج و انگشتری

به فرمان او دیو و مرغ و پری

(شاهنامه –ج۱ –۲٤٦)

واته: که جەمشید تاج و ئەنگوستیلەی هەبوو، دێو و باڵندە و پەری لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون. هەروەها شێخی سەعدی دەڵێ: (اول کس که علم برجامه کرد و انگشتری دردست جمشید بود) (سعدی –گلستان)

واتە: یەکەمین کەسێ کە نیشان و نەقش و نیگاری لە سەر جلوبەرگ دووری و ئەموستیلەی کردە دەستی جەمشید بوو. ج –جەمشید وەکو سولەیمان بەسەر دێوەکاندا زاڵ بوو، هەروەها وەکو سولەیمان خانوو بەرەی دروست کرد.

لەوە دەچێ کە شاعیرە کۆنەکان تا سەدەی پێنجەمی کۆچی لە نێوان جەم و جەمشیددا جیاوازییەکیان دانابێت و بە زۆری جەمیان بەواتای سولەیمان بەکارهێناوە. بەڵام لە سەدەی شەشەم بە دواوە نەتەنیا مەبەست لە جەم سولەیمانە، بەڵکو مەبەست لە جەمشیدیش هەر سولەیمان بووە. لە هەندێ شیعردا ناتوانرێ بە تەواوی جەم، یان جەمشید بە سولەیمان پێغەمبەر، یان بە جەمشید شا دابنرێت. لە هەندێ شیعریشدا مەبەست هەم پاشا و هەم سولەیمانە.

(فرهنگ تلمیحات –دکتر شمیسا –ص۲۱۱ –ص۲۱۷)

حەوادیس جام و دەورانبوو بە ســاقی

لە بەزمی جامی جەمشیدی نەما بـاس

(نالی –ل۲۳۲)

**جامی دیدە:** مەبەست چاوە مەستەکانی یارە.

جام: ⟵

دیدە: ⟵

بە ئاوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بە جامی دیدە جەمشیدی

بە تەختی سینە پەروێزی بە ماری زوڵف زەححاکی

(کوردی –ل٥٧)

**جامی لەعل:** مەبەست دەم و لێوی سوور و جوانی یارە.

من لە نەشئەی جامی لەعلت مەحشەریش نایێمە هۆش
جامی وا سالم لــە دەورا قیسمەتی جــەم کــەی دەبێ
(سالم –ل١٤٢)

**جان:** گیان، ڕۆح، لە پەهلەڤیدا، گیان.

جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی ســەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
(سالم –ل١١٩)

جانا وەرە ئەم جەژنە بە قوربانی سەرت بم
بۆ تیری قەزای چاوی حەسوودان سوپەرت بم
(کوردی –ل٢٢)

**جان:** ع. ناوی کۆی (جن)ە، واتە پەری. بوونەوەرێکی نەبینراوە.

چ نوورێکە لە حوجرەی ڕەوزەدا وا قــــائیمە قوببەی
قەوامی عەرش و فەرش و قەلبی ئینس و قالەبی جانە
(نالی –ل٥٠١)

**جانا:** ئەی خۆشەویست، ئەی دلبەر، ئەی یار.

جان: ←——

ا: ئەلفی بانگ کردنە.

نەسیحەت بگرە گوێ جانا لە لایان زۆر بەتەعزیمە
(جــــوانــــــان سعـــاد تمـــند پند پیر دانـــــارا)
(کوردی –ل ١٠)

**جانان** = جانانە: مەبەست خۆشەویست و دلبەرە.

لە هەردوو وشەکەدا (جان) واتە گیان و پاشگری (ان، انە) کردوونی بە جانان و جانانە، بۆ مەبەستێکی تر بەکاردێن وەکو باس کران.

جاروو کەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەراشی فەرشی بەهاران لـــە دەشت و دەر
(سالم –دیوانی نالی –ل ١٩٩)

بەیان ناکا کیتابی تیب دەوایی دەردی عوششاقان
شیفایە بۆ تەبی نوفتادەگان لیمۆیی جـــــانانم
(سالم –ل ٨٣)

آمد نسیمی ازکوی جانان
پرمشك دامن پرگل گریبان
(عماد فقیە –عفیفی)

واتە: لە گەڕەکی یارەوە شنەی بایەك هات کە داوێنی پڕبوو لە بۆنی خۆشی موشك و یەخەی پڕبوو لە گوڵ.

**جانانە:** ———◄جانان = جانانە.

گەدایی کۆیی جانانە بە شاهی عالەمی نـــادەم
گەدایی خۆشترە بۆمن لە شاهیی گەر موخەییەریم
(کوردی –ل ٢٣)

زولفی جانانە لە دەوری کـــەمەرا
وەك سیەهـ مارە بەقەد نەیشە کەرا
(سالم –ل ٢٢)

میهری جانانە هووەیدایە لە سەر خاکی لەحەد
لـــە موقابیل دڵی سالم دەڕوێ میهری گیـــــا
(سالم –ل ٢٨)

لە دوولا زوڵفی بەڵا جۆ کە بەلا دەنوێنێ
نەفی مانەندی لەتیفی روخی جانانە دەکا
(سالم –ل ٣٤)

غویاری کۆیی عیشقه کــــوحلی بینش

به خاکی نەقشی پێی جانانە سەوگەند

(سالم -ل ٥٦)

وەزنی زەربی پەنجەت ئەمڕۆ سەرفی ڕووی جانانە کرد

ئـەی مـوعەلیم بۆ کــزت کرد دەك لە جــەرگت چیٚ کزە

(کوردی -ل ٤٨)

**جانباز:** گیان بەختکەر، خۆ بەختکەر، گیانفیدا.

جان: گیان.

گوش من ازگفت غیر او کــر است

او مرا ازجان شیرین جان تراست

(مثنوی -معین)

واتە: گوێی من بۆ قسەی غەیری ئەو کەڕە، ئەو بۆ من لە گیانی شیرین گیانترە.

باز: ڕەگی چاوگی باختەن (= باختن) یان بازیدەن (= بازیدن)ی ف. یە واتە: دۆڕاندن، لە ناوچوونی بەشێ یان هەموو ئەوەی کە هەتە، یاری کردن، سەرگەرم بوون...هتد.

بـەڵێ بەم ڕێـگـەدا جـــەممـازە جانبازە کە ڕۆژ و شەو

دەکا سەیر و سلووکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە

(نالی -ل ٤٨٧)

**جان بەرلەب:** گیان لەسەر لێو، مەبەست سەرەمەرگ، کاتی گیان دەرچوون، گیانەڵڵا، گیاندان.

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت

«فـــالبائس یستوهب مــن فیك مــعاشا»

(نالی -ل ٧٧)

عزم دیدار تو دارد جـــان برلب آمده

بازگردد یابر آید چیست فرمان شما

(حافظ -ص ١٠ -قزوینی)

واتە: ئەوەی کە گیان گەیشتۆتە سەر لێوی و لە سەرە مەرگدایە، دەیەوێ تۆ ببینێ، ئینجا فەرمانی تۆ چییە؟ ئایا ئەو گیانە دەرچێ، یان بگەڕێتەوە بۆ لەش.

**جان سەخت:** ئەو کەسەی کە بەرامبەر بە ئێش و ئازارێکی زۆر خۆی ڕابگرێت و بە سەختی و ئازاری زۆرەوە گیانی دەربچێت.

بەجان سەختی ییو دڵ بەردیی من و تۆ
بێعەینیی هــــەروەکو پۆلاو و بــەردین
(نالی –ل ٣٤٩)

**جانستان:** گیان ستێن، گیان کێش، بکوژ، پیاو کوژ.

جان: گیان.

ستان: ڕەگی چاوگی ستاندەن، ستە دەن (= ستاندن، ستدن)ی ف. یە، واتە سەندن، لێ سەندن.

بوو بە جێی بەبر و غەزەنفەر کووچە کووچە ناو سوقاق
سـەر مەحەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جــــانستان
(سالم –ل ١٠٠)

**جانشین:** جێ نشین، جێگر.

جا: جێ، شوێن، جێگە.

نشین: ڕەگی چاوگی نشستەن (=نشستن)ی ف. یە. واتە دانیشتن.

وەکیلی خزری ئەی خاڵی لەبی یار
لە گوێی ئــاوی بەقادا جــانشینی
(سالم –ل ١٥١)

**جانشینی سیلسیلە:** جێنشینی بنەماڵە.

یادگاری حـــــاکیمان و جـــانشینی سیلسـیلە
نامراد و نەوڕەسی مەقسەد نەدییو و نەوجەوان
(سالم –ل ٩٩)

**جانگ:** کەرباس (ابراهیم پور). کەرباسیش جۆرە پارچەیەکە لە لۆکە دروست دەکرێ و بە دەست دەچنرێ.

سۆفی و سەر و مێزەر من و زوڵف و سەر و دەسماڵ
من کوشتەیی لا جـــانگم و ئەو کـــوشتەیی جانگە

(نالی –ل ٤٦٤)

**جانی:** گیانی، خۆشەویست و بەڕێز وەك گیان.

هەموو شەو چاوەڕێم بەڵکوو بە مەخفی یاری جانی بێ
لـە تـاریکی شەوا شوعلەی چرا موشکیل نیهانی بێ

(سالم –ل ١٤٠)

**جانی جانان:** مەبەست ڕۆحی ئەعزەمە، واتە خوای مەزن.

جان: مەبەست نەفسی ڕەحمانی و تەجەللیاتی خوداوەندی.

جانان: مەبەست سیفاتی پایەداریی خوایە، کە پەیدابوونی هەموو بوونەوەرێك لەوەوەیە و بێ ئەو هیچ شتێ بوون و مانەوەی نییە.

(اصطلاحات)

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ جانی جـانان بێ ئەنیسی ئەو
وەگەر هیجرەت گوزین ڕۆحی عەزیزان یاری غاری بێ

(نالی –ل ٦٣٥)

**جاو:** جۆرە پارچەیەکە وەکو خام وایە و هەرزان بەهایە. تەنراوێکە وەك بلووریی، بەڵام ئەم ڕیسەکەی ئەستوورترە و بە خەرەك ئەڕێسرێ و جۆڵا دروستی نەکا. (خاڵ)

من مەتاعم جاوە چاوم با خەبەریی موشتەریی
تا غەزەل سەودا نەکا لای تاجیری چیتی بەقەم

(نالی –ل ٣١٠)

**جاو:** مەبەست کفنە، جۆرە پارچەیەکی لە لۆکە چنراوی هەرزان بەهایە.

حاسڵی عیشقم کراسی میـــحنەتە
موردە نابا ماڵی دونیا غەیری جاو

(سالم –ل ١٠٨)

**جاوید:** هەمیشە، بەردەوام.

دڵی تەنگم لە عیشوە و فەنی تۆ مەحبووسی جـاویدە

لە چـاوی میحنەت و غەمدا هەتاوا خووتە هارووتە

(سالم -ل ١٢٢)

**جاه:** پلەو پایە، گەورەیی، مەزنی، شکۆ.

نالی بـەخـودا حـەیفـە دەرەنـجینَی دڵـی خۆت

ئەم تـاقمە مەخسووسە هەموو ساحیبی جاهن

(نالی -ل ٣٤٥)

ئـەهلی ئەم شارەهەموو نۆکەر و ئەتبـاعی ئەون

یووسفی میسرە عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە

(نالی -ل ٥٧١)

جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژووری خانەقا

غافڵ هەموو لە جاهی موریدانی بـــاخەبەر

(سالم -ل ١٣)

مـەعشـووقـەیـی ئەم شـارە هـەموو تالیبی جـاهن

تف لەو کەسە وەك من کە گەدا و بێ سەرو پا بێ

(سالم -ل ١٤٢)

**جەبر:** جبر. ع. گرتنەوەی ئێسقانی شکاو، دەوڵەمەند و توانا کردنی دەست بەتاڵ و بێ دەسەڵات، ناچارکردن و دامەزراندنی کەسێ بە زۆر، ڕازی بوون بەوەی کە بەندە هیچی بەدەست نییە، تەریقەتێك هەیە کە پەیڕەوەکانی جەبریە(جبریە)یان پێ دەڵێن و بـاوەڕیـان وایـە کـە کردەوەکـانی ئادەمیزاد بـە فـەرمـانـی خـوای گـەورە ئەنجام دەدرێت و بەندەکانی خوا هیچ شتێکیان بەدەست نییە، جەبر و موقابەلە، کە بەشێکە لە ڕیازیات بۆ گەیشتن بە نەزانراوەکان و تیپەکان و نیشانەکان لە جیـاتـی ژمـارە بـەکـار دەهێندرێن، بنـەڕەتـێ کـە لـەسەر ئـەوە دامـەزراوە کـە هـیچ تەنێکی وەستاو ناجووڵێ و هیچ جووڵاوێکیش ناوەستێ تەنها بەوە نەبێ کە

هێزێك بیانجووڵێنێ وەیان ڕایان بگرێت. (معین)

تاکی کونجی فەقر و گەنجی عاشقیت بۆ دەســت بدا

قـەت تەمـاعی عیلمی جەبر و کـیمـیا و ئەکسیر مەکە

(کوردی –ل ٤٩)

**جەدەو:** ولاخێکە کە برین لە سەر پشتی، یان لە پشتی ملی هـاتبێ و لێی پیس کردبێ و چاك نەبێتەوە.

ئـەی نەفـسی مورائی چ گران باری تەکالیف

بۆ خەڵقی دەکێشیی دەهەرۆ ڕیش و جەدەو بە

(نالی –ل ٣٩٢)

**جەدوەلی ژەنگاری:** مـەبەست خەتی تازە ڕوواو و نەرمی مەیلەو سەوز یان بۆری سەر لێوی یارە.

لە فارسیدا زەنگار (= زنگار) و کراو بە عەرەبییەکەی (زنجار)ە، لە کوردیدا ژنگار واتە بە ڕەنگی ژەنگ، ئەو ژەنگەی کە لەسەر فلزات بەهۆی شێی تەڕەوە کۆ دەبێتەوە.

تـاری کاکۆڵت لەسەر سەفحەی ڕوخت تاتارییە

خـەتی دەوری لێوی ئاڵت جەدوەلی ژەنگـارییە

(کوردی –ل ٥١)

**جەدی:** یەکێکە لە وێنەکانی فەلەکیی لە ناوچەی بورجەکان و ناوی بورجی دەهەمە لە دوانزە بورجی فەلەکییەکە، بەرامبەرە بە مانگی دەی، بەڵام ئەگەر بە(جودەی) بخوێنرێتەوە، ئەوە ئەستێرەی قوتبی سەرووە... (عمید)

دائیم لــــە دەوری خـــاڵی ڕوخت بێقەرارە دڵ

هـەروەك لە دەوری قوتبی فـەلەك دائیرەی جەدی

(کوردی –ل ٦٣)

ڕووی چەرخی حوسن و خاڵی لەبت قوتبی سابیتە

مـەشغوولە دڵ بە گـەردشی دەوری وەکو جــەدی

(سالم –ل ١٥٢)

**جەرگ:** مەبەست ئازایی، دلێری، بەجەرگ، نەترسییە.

عەجەب ماوم لە جەرگت ئەی دڵەی غافڵ کە مـوددێکە

لە ســـەر ئەم ئاگرەم داناوی هـێشتا هـــەر نەبرژاوی

(نالی -ل ٦٨٠)

**جەریر:** جریر. ع. جڵەوی حوشتر، ڕەشوەی حوشتر، ئەو پەت یان گوریسەی کە حوشتری پێ ڕادەکێشرێ.

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە

مەجـەرە ئالەتی جـەڕی جەریری سارە بانانە

(نالی -ل ٤٨٨)

**جەستەن:** پەڕین، بازدان، خۆ هەڵدان.

من شێرم تـۆگـــــاوی شـــەڕاری و ناتـــرسی

جەستەن کەم و بشکێنم وەك نەی هەموو ئێسقانت

(سالم -ل ٥٠)

لە جەستەندایە مـوژگانی بە تەحـریکی برۆ ئـەی دڵ

حەزەر لەو تورکە بۆ ناکەی کە بێ تیر و کەمان نابێ

(سالم -ل ١٤٣)

**جەلاب:** جلاّب. ع. ڕاکێشەر، ئەوەی کە بەرەو شوێنی شتێ ڕابکێشێ، سەرنج ڕاکێشەر، دڵڕفێن.

تینوویی نەزعی فیراق و یاری جەللابی لەبت

جبرەئیل یارم بێ باز ئیشکالە ڕۆح دەربردنم

(کوردی -ل ٢١)

**جەلادان:** جوانکردن و ڕازاندنەوە، پاك و ڕووناك کردن، بریسکەدار کردن، ورشەدارکردن.

جەلا = جلاء.ع. واتە ساوینەوە و سافکردن و ژەنگ لێکردنەوە.

بە ئەفسوونت جەلای دا دانەیی خاڵ

بە دامی تورەیی تۆ بوو مـــورغ دڵبەند

(سالم -ل ٥٦)

چاو لە گەرد و تۆزی فیرقەت کوێر بووە چاناکرێ

تا جەلا نەدرێ بە خاکی ژێری پێی (روح الأمین)

(کوردی -ل ٣٨)

**جەلوەتی:** ئاشکراو دەرکەوتن.

جەلوەت + ی.

جەلوەت = جلوت، جلوە. ع. واتە ئاشکرا کردن، دەرخستن.

ی: ئامرازی درانەپاڵە.

بەسوورەت جەلوەتیی غەرقی عەلایق هەر وەکو خەڵقیی

بەمەعنا خەڵوەتیی مەستی موناجات و موجەرەد بێ

(نالی -ل ٦٣١)

**جەم:** ←——— جامی جەم.

من لە نەشئەی جامی لەعلت مەحشەریش نایێمە هۆش

جـامی وا سالم لەدەورا قیسمەتی جەم کەی دەبێ

(سالم -ل ١٤٢)

**جەمشیدی جەم:** ←——— جامی جەم، جامی جەمشید.

مەجلیس ئەروابێ هەزار جەمشیدی جەم فەڕاشی یە

مەی ئەگەر وابێ بەهای جامێکی ئێران و حیجاز

(کوردی -ل ١٨)

**جەمعی زوهھاد:** کۆمەڵی ئەو خوا پەرستانەی کە وازیان لەم جیهانە هێناوە و هەمیشە خەریکی خوا پەرستین.

زوهھاد = زهاد. ع. کۆی زاهیدە، واتە خواپەرستێ کە گۆشەگیر بێت و پشتی

کردبێتە ئەم جیهانە.

تەوای ئاهەنگی (قدقامت) تەریقی جەمعی زوهـهادە
قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستیی توبـایی عوششاقە
(نالی –ل ٤٥٦)

**جەمعییەت:** جمعیَت. ع. خەڵك، مەردم، مەردوم، کۆمەڵ، خەڵکێکی زۆر کە لەیەك شوێندا کۆ بوویێتەوە، دانیشتوانی یەك شار یان یەك وڵات.

لـە بابانا گـرفتارن پـەریشان خـاتر و بێکەس
بە جەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خوویانن
(سالم –ل ١٥)

**جەممازە:** جمان، جمازە. ع. خێرا، توندڕەو، حوشتری خێرا، وشتری تیژ ڕەو.

بـەڵێ بەم ڕێگەدا جـەممـازە جـانبازە کـە ڕۆژ و شـەو
دەکا سەیر و سولووکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە
(نالی –ل ٤٨٧)

**جەنب و خوار:** لەم لا و لەو لا، لە خوار و ژوور، لە دەورو پشت.

دائیم لە جەنب و خوار و کەمیندا بە ڕۆژ و شەو
بۆ فرسـەتە لـە ڕێگەیی نیمـان ئەم مەرە
(نالی –ل ٤٣٢)

**جەنگجۆ:** جەنگاوەر، دلێر، ئازا، شەڕکەر.

جۆ = جۆی = جوو. ←——— جۆیای بەقا.

قـەهرناك و سـەریەرەهـنە ئاتـەش نەفشان حـەملەوەر
جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هـەرسوو وەکو بەبری بەیان
(سالم –ل ١٠٠)

**جەنووب:** جنوب. ع. بایەکە لە لای خوارووەوە هەڵدەکات.

مەحـــوی قەبووڵی خاتری عاتر شــــەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
(الی –ل ١٧٧)

**جەو:** جۆ.

ڕەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیرت کە خەر کورە
ئـەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا
(نالی –ل ٨٧)

**جەواد:** جواد. ع. بەخشندە.

دڵی سالم لە کەفی بەخششی تۆ هەروەکو خاك
زێـوەرێکـن لە جـەوادت چ حـەریـر و چ حـەسیر
(سالم –ل ٦٦)

**جەوان:** لاو، گەنج.

جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لــــە بێچیزی
لە ژێر باری غەما هەریەك لە خەم وا میسلی چەوگانن
(سالم –ل ١٥)

**جەوان مەرد:** جەوامێر، بەخشندە، گەورە، هێژا، خاوەن پیاوەتی.

ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە سپڵەیی دز
پاسەبانی سەری ئەم کوویە جـەوان مـەردانن
(سالم –ل ٩٤)

**جەوان مەردی:** جەوامێری، گەورەیی، پیاو چاکی.

سالیکی جادەی حەقیقی گەر جەوان مەردی دەکا
تا نەخوێنێ دەرســی عیشقت ئیبتیدا نابێ بە پیر
(سالم –ل ٦٩)

زەعیفیی و قووەتی تاقەت لە عیشقا جەوهەری فەردە
لە ویدا قووەتی بازوو عیان نـاکا جـــەوان مەردی
(سالم -ل ١٤٤)

لە لای من غافڵە سالم ئەوەی فەخری بە بازوو بێ
ئەگەر مەردە لە ڕێی عیشقا بدا لافی جەوان مەردی
(سالم -ل ١٤٤)

**جەوری چەرخی گەردوون:** ستەم و زوڵمی ڕۆژگار و زەمانە.

لە جەوری چەرخی گەردوون بەسکی حەیرانن بە ناچاری
بە لـــەب خـــەندان و شادانن بە دڵ غەمگین و گــریانن
(سالم -ل ١٠٦)

**جەوشەن:** جۆرە بەرگێکی تایبەت بە جەنگە، کە لە هەڵقە و پارچەی ئاسن دروست کراوە، زرێ، درع.

دەمی نازت بە ڕوو سەختی کەتابی تیری غەمزەم بوو
لە ڕێی تیغی جەفـا بەعدەزین جەوشەن لە بەرناکەم
(سالم -ل ٨٤)

زوڵفی وەك جەوشەن لە بەرگی دیویەتی
غەیری دولبەر کەس زرێ نــاکا لە موو
(سالم -ل ١١١)

ڕووبەڕووی دڵ دولبـــەرم کێشاویە شمشێری برۆ
حەلقە حەلقە سیلسیلەی زوڵفی بە میسلی جەوشەنە
(سالم -ل ١٣٢)

**جەوهەر:** بە عەرەبی کراوی گەوهەر، وشەی گەوهەر کوردی و فارسییە لە پەهلەڤیدا (gōhar)ە، یەکێکە لە بەردە بەنرخەکان، لە عەرەبیدا (احجار کریمە)یە، وەکو: مرواری و یاقوت و ئەڵماس و مەرجان و... هتد.

هەروەها مرۆڤی گرانمایە و بێ وێنە و ڕەسەن.

خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری زاتی ئەمن
بێتە نێو جیلوەی بە زوشتی خۆ بە عوریانی دەکا
(نالی -ل ١٠١)

برۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە
(نالی -ل ٥٥٧)

وەلێ تالیع نەبێ پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا
بە مەردانی دلاوەر حـــــاسڵی کۆششی جەفا پەیدا
(سالم -ل ١٩)

چون بـــاز زمرغان و چو اشتر از بهایم
چون نخل از اشجار و چو یاقوت ز جوهر
(گزیدەء اشعار ناصر خسرو -دکتر جعفر شعار -ص ١٢١)

واتە: وەك باز کە لە باڵندەکانە، وەکو وشتر کە چوار پێیانە، وەکو دار خورما کە لە درەختانە، وەکو یاقوت کە لە گەوهەرە.

یارب این آینەء حسن چە جوهر دارد
کـــە درو آە مــــرا قوتّ تأثیر نبــود
(حافظ، قزوینی -ص ١٤٢)

واتە: ئەی خوایە، ئەم دەموچاوە بێگەرد و پاکە وەك ئاوێنەیە لە چ گەوهەرێ دروست بووە، کە ئاهـ و ناڵەی من ناتوانێ کاری تێ بکات.

**جەوهەری:** جوهری، کراو بە عەرەبی (گەوهەری)یە.

واتە: جەوهەردار، بە جەوهەر، خاوەن جەوهەر. هەروەها بە واتای موجەوهەرات فرۆشی دێت، جەواهیری.

ڕاستیی جـــــەوهەرییە تیغی زوبـــانی نـــالی
نەرم و توند ئاوی گەلووگیرە قسەی پێ دەبڕێ
(نالی -ل ٦٥٤)

**جەوهەری فەرد:** بچووکترین بەشی هەرتەنێ، کە لەت لەت و بەش بەش نەکرێ. (بە بیر و بۆچوونی پێشینان). (معین)

لە کن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە بــاس

لە حیکەم پـەروەریی بوو عــەلی سینــا نییە باس

(نالی –ل ٢٣٣)

زەعیفی و قووەتی تاقەت لە عیشقا جەوهەری فەردە

لە وێدا قووەتی بــازوو عیان ناکا جـــــەوان مەردی

(سالم –ل ١٤٤)

**جەهلی مورەککەب:** کەسێکە نەزان بێت و وا بزانێ کە شت دەزانێ، باوەڕکردن بەشتێ کە پێچەوانەی ڕاستی ئەو شتە بێت و وایش بزانێ کە باوەڕەکەی ڕاست و دروستە. تەواو نەزان.

عـاشـق هـەوەســی مەیکـەدە و عیلمی بــەسیتە

عاقل تەلەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەککەب

(نالی –ل ١٣٥)

بە میعراجی سولـووکی ســالیکـاندا تا نەچیی ڕۆژێ

لە نــاو جەهلــی مورەککەبدا دەمێنیی هەر وەکو ماوی

(نالی –ل ٦٨٥)

رواج جهل مرکب رسیده است به جــایی

کەکرده هر مگس خویش را خیال همایی

(کلیم –عفیفی)

واتە: زۆر نەزانیی گەیشتۆتە ڕادەیەك کە هەر مێشێ وا دەزانێ هومایەکە بۆ خۆی.

**جەهوول:** جهول. ع. هیچ نەزان.

لـــە (دار العلم)ی تەحسیلی مەعاریف

وەکو نالی جەهوول و بێ خەبەر مام

(نالی –ل ٢٤٦)

**جەیحوون:** ئاموو دەریا، ڕووبارێکە لە خوارووی ڕۆژئاوای ڕووسیا، عەرەب پێی دەڵێن (جەیحوون)، ٢,٦٢٠کم، لە چیاکانی پامیرەوە هەڵدەقوڵێت و دەڕژێتە دەریاچەی ئارال.

تاجیکستان و تورکمانستان و ئوزبەکستان ئاو دەدات، ئەم لقانەی لێدەبێتەوە: قخجیر، پامیر، بیانجا، کوندووز دەریا، فەخش، کافرنغان، سورخان دەریا. (المنجد)

هەروەها مەبەست ڕووبارە.

فەزا بەحری موحیت و وشتری تێدا سەفینەی بەر

سەرابی میسلی نیل و دیجلەو و جەیحوون و عومانە

(نالی –ل ٤٨٩)

گەر شەپۆلی بەحری ئەشکم مڵکی ڕۆم وا داگرێ

دەبنە یەك هەردوو لە گەڵ دەریایی جەیحوون عاقیبەت

(سالم –ل ٥٣)

خاصه کنون از جوش او از جوش بی روپوش او

رحمت چو جیحون می رود در قلزم اسرار من

***

دل سیر نمی شود به جیحونها

مارا به سقاچه می فریبی تو

(مولوی، دیوان کبیر –عفیفی)

واتە: ئێستا بەتایبەتی بەهۆی جۆش و خرۆشی ئەوەوە و، بەهۆی جۆشی ئاشکرای ئەوەوە، بەزەیی وەکو ڕووبار، دەڕژێتە دەریای ڕازەکانی منەوە.

دڵ تێرنابێت بەڕووبارەکان، ئیتر ئێمە چۆن هەڵدەخەڵەتێنی بە مەشکەیەك ئاو، یان بەو کەسەی کە ئاو دەدات یان ئاوکێشە.

**جەیشی خەت:** مەبەست مووی ڕیشە.

هات جەیشی خەت لە سەفحەی ڕووت ماڵی کاولم
هیندووش تەماعی کردووە تەسخیری مـوڵکی ڕەی
(کوردی –ل ٦٣)

**جەیشی مەلەخ:** هێرشی کوللە، پۆل و شەپۆلی کوللە.
مەلەخ = کوللە.

وەك جەیشی مەلەخ لەشکری غەم ملْکی دڵی گرت
بۆ کەشتی ئەمـەل داسـی تەڵـەب بێدەمە نیمشەو
(سالم –ل ١٢٠)

**جگەرها بەسکی بریانن:** زۆر جگەر سووتاون.
بەسکی: هەندە زۆر کە.
بریان:———بوریان.

کزەی دوودی کەباب دەردێ لە مەتبەخـهایی بێ دوودا
بـە یـادی قـووتی شـامی شـەو جگـەرهـا بـەسکی بریـانن
(سالم –ل ١٠٥)

**جل:** مەبەست کورتان، پاڵان، کۆپانە، لە عەرەبی و فارسیدا جول (=جل)ە ئەوەی کە پشتی چوارپێیـانی پێ دادەپۆشرێ، بۆ ئەوەی کە لەکاتی بارهەڵگرتندا ئازاریـان پێ نەگات. هەندێ جاریش بۆ پاراستنە لە سەرما، وەکو دەڵێن: ئەو تانجیە جل بکە.

کاسەو و کەوچك حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکوو
کیسەڵ و مـاسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بـڵاو
(نالی –ل ٣٦٢)

**جلەو:** پێش، بەردەم، پێشەوە.

تەسخیری ڕۆم و غارەتی ئێران دەکا ئەگەر
کـــاکۆڵی زەنگباری بـە هێرش بخا جڵەو
(کوردی –ل ٤١)

**جلەو کێشی تەماشا:** ئەوەی کە سەرنجی تەماشاکەران ڕادەکێشێ، ئەوەی کە سەیرکەران بەرەو خۆی ڕادەکێشێ، مەبەست زۆر جوان و شۆخ و شەنگە.

ئەی جلیوەدەری حوسن و جلەو کێشی تەماشا

سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا

(نالی -ل ٧٥)

**جندە پەروەر:** قەحبە باز، قەحبە پەروەر.

جندە: قەحبە.

ڕێ مەدە لەم بەزمە شێخی تەکیە و سۆفی خانەقا

کۆنە لوتی جندە پەروەر سپلەیی بەچچە نەواز

(کوردی -ل ١٨)

**جوبریل** = جبرەئیل = جبرائیل = جبرەئل = جیبریل = جیبرال: ئەمینی وەحی، روح الأمین، روح القدس. ئەم وشەیە لە عیبرییەوە وەرگیراوە Gabrîél, واتە پیاوی خوا، یەکێکە لە چوار فریشتەی نزیك بە خوا کە هەڵگری وەحی خوداوەندییە بۆ پێغەمبەرەکان، لە زمانە ئەوروپاییەکاندا پێی دەڵێن (گابریل). (معین و عمید)

جێ بازی مەقدەمی شەوی قەدر و مەعاریجی

سەریانی عەرش و کورسی یو جوبریلی شەهپەرە

(نالی -ل ٤٢٤)

ڕووی هەر لەمن دەپۆشێ وا حاڵیە کە جوبریل

هەر خاسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا

(سالم -ل ٣٥)

تینوویی نەزعی فیراق و یادی جەللابی لەبت

جبرەئیل یارم بێ باز ئیشکالە ڕۆح دەربردنم

(کوردی -ل ٢١)

**جورعەنۆش:** مەبەست مەی نۆشە، شەراب نۆش.

جورعەنۆشی تو بکەم ئیتر لە بەزمی مەیکەدە

چاوی مەخموورت بە عاشق کاری بادەی مەی دەکا

(سالم –ل ٢٩)

**جوز:** بێجگە لە، مەگەر.

جوز گاهی ئاه و نالە لە ئەییامی ڕۆمیان

نەمدیوە وابێ لە فەڕی عەدالەت بەنی بەشەر

(سالم –ل ١٢)

تۆ ناتەوان و مسکین دوژمن قەویی و بێدین

سالم لە عەهدی ئەودا کوا چارە جوز مودارا

(سالم –ل ٢٣)

دڵی دلبەر کە مائیل بێ بە ئەغیار

نییە تەدبیری سالم جوز مودارا

(سالم –ل ٢٥)

لە لەوحی تەربیەت نەیخستە یادم

بە جوز ئەلفی قەدت ئوستادی مەکتەب

(سالم –ل ٤٣)

نایەتە دەر لە پەنجەرەکەت جوز فوغانی جوغد

غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گوزەر

(سالم –ل ٦٨)

**جوست و جۆ** = جوست و جوو = جوست و جووی: گەڕان بە دوای شتێکدا، هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و بەدەستهێنانی شتێ، لێکۆڵینەوە.

جوست: چاوگی کرتاوی جوستەن (= جستن)ی ف. یە، واتە پەیداکردن، لێکۆڵینەوە.

جۆ: گۆڕدراوی جوو، جووی، کە ڕەگی چاوگی جوستەن(= جستن)ی ف. یە.

کـــاتبی فیکرم لـــه دڵـــدا دیقـــەتی ئینشا دەکـــا

جوست و جۆ بۆ سەتربەندی کاغەزی میرزا دەکا

(سالم –ل ٢٩)

جانانە حاڵی ئەم دڵە گەر جوست و جۆ دەکەی

مەشغووڵی ناڵەیە لە جودایی بە میسلی نەی

(سالم –ل ١٥٢)

**جوعەل:** جعل. ع. قالۆنچە.

ناڵی چییە وا میسلی جوعەل غرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بـــوو

(ناڵی –ل ٣٧٠)

**جوغد:** چوغد. کونەبەبوو، کوندەبەبوو، کوندەبوو.

باڵندەیەکی شکاری گۆشت خۆرە، بە زۆری لە کەلاوەو چۆڵی و وێرانەدا دەژی.

نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد

غەیرەز شەقامی موور نییە شـــوێنی پێ گوزەر

(سالم –دیوانی ناڵی –ل ٢٠١)

عادەتم گرتووە ئەز بەسکی بـــە چۆڵی و کەنار

جوغدی وێرانە لە هەر گۆشە سەنا خوانی منە

(سالم –ل ١٣١)

**جوفتەلی:** جووتە وەشێن، جووتە هاوێژ.

جوفت + ە + لی.

جوفت: جووت، دوو دانە لە شتێ.

ە: پاشگرە. لە ناوێك ناوێکی تری دروست کردووە، بۆ مەبەستی لێکچوون هاتووە.

لی: پاشگرێکی تورکییە، بۆ مەبەستی ناوی بکەر.

ڕەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیرت کە خەر کورە
ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەر دڕ و جەودا
(نالی –ل ٨٧)

**جوملە ئەعزا زەخم:** هەموو ئەندامەکانی لەش بریندار.

ســـــالمیی بۆ دڵ لە زوڵفـا زەحمەتە
جوملە ئەعزا زەخم و مەنزل مشکبوو
(سالم –ل ١١١)

**جونبوش:** جووڵان، بزوان، جمان.

جونب + ش.
جونب: ڕەگی چاوگی جونبیدەن (= جنبیدن)ی ف. یە. واتە جووڵان، بزوان.
ش: پاشگرە و ڕەگ دەکات بەناو.

سەیری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵی سەوزی
دەڵێی تەسبێحی مورغانە لە سەر تەختی سولەیمانە
(نالی –ل ٤٩٩)

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت
دەلـــــەرزێ دەستی فەســادو نمەك ڕێی نیشتەر نــادا
(سالم –ل ١٧)

بـارێ بە سروەکـەت بە شـنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بە هەم ئاغۆشی نەیشەکەر
(سالم –ل ٦٧)

هـەڵپڕا خوێن بە جگەرما دەمی غەمزەت لە زەمیر
هـاتـە جـونبـوش کـە بە ئاهم لە دەروونـدا پەڕی تـیر
(سالم –ل ٦٨)

**جوو بە جوو:** ڕووبار بە ڕووبار، چەم بە چەم.

جوو: ڕووبار، چەم.

جۆششی ئەشك و مەوجی خوێن کەوتە کەناری ملکی ڕۆم

سەیل بە سەیل شەت بە شەت دیجلە بە دیجلە جوو بــە جوو

(سالم –ل ١١٢)

**جۆ:** جۆگە، جۆگەلە.

چەند بە سۆزە ئەی دڵەی سووتاو کزەی هاواری تۆ

دیدە ئەی تۆ ئەم هەموو ئاوە کە کردووتە بەجۆ

(سالم –ل ٦٢)

**جۆبار:** جووبار = جووبیار. جۆگەی ئاو، چەم، کەناری جۆگا و چەم، شوێنێ کە جۆگەلە ئاوی زۆر تێدابێت، جۆگەیەکی گەورە کە لە چەند جۆگەلەیەك پێك هاتبێ.

خـاکی مـیزاجـی عـەنبەر و داری ڕەواجی عـوود

بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور

(نالی –ل ١٨٢)

دیـدەو و دڵ هــەردوو وا جـۆبار و جـۆیای قــەددی تۆن

سەروی دڵ جۆی عەر عەر و دڵ جۆی نەمامی دیدە جۆی

(نالی –ل ٦٩٦)

سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری ســـەرچنار

لێڵاوە چەشمەساری وەکو چاوی بێ بەسەر

(سالم –ل ١٤)

سوحبەتی حۆری بەهەشت و کەوسەرە

جۆیبار و لالــەزار و هـــەمـــدەمـــی

(سالم –ل ١٤٨)

**جۆشش:** جۆشدان، جۆشان، هاتنە جۆش، هاتنەکوڵ، تین و گەرمی. جۆشش کوردییە و جووشش فارسییە. هەر یەکەیان دوو بەشە:

جۆش + ش، جووش + ش.

جۆش و جووش: یەکەم ڕەگی (جۆشان)ە دووەم ڕەگی جووشیدەن(= جوشیدەن)ە
ش: لە هەردوو لا کە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ ناو دروست دەکات.

جۆشش و تابە لە نیو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی تۆفانمدا
(تالی -ل ٨٩)

سۆزی دڵمە باعیسی تاو و کوڵی گریان
مەعلومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
(نالی -ل ٥٣٧)

کوورەیی شیشە پڕە بۆ دڵی سەختم عیشقت
لە تەفی جۆششی ئەم ئاگرەدا مۆمە حەجەر
(سالم -ل ٦٥)

جۆششی ئەشك و مەوجی خوێنکەوتە کەناری مڵکی ڕۆم
سەیل بە سەیل شەت بە شەت دیجلە بە دیجلە جوو بە جوو
(سالم -ل ١١٢)

سۆزشی کوردی یە یاخو جۆششی ئەییامی فیراق
ئاتەشی عیشقە مەگەر یا شەرەری ناری سەقەر
(کوردی -ل ١٧)

**جۆیا:** ئەوەی کە بە دوای شتێکدا بگەڕێ، لێکۆڵەر.

←جۆیای بەقا

وەك زەرڕەیی بێ جیلوە نەمەوجود و نە مەعدووم
جۆیایی بەراتم
(نالی -ل ٢٦٩)

دیدەو و دڵ هەردوو وا جۆیار و جۆیای قەددی تۆن
سەروی دڵ جۆی عەرعەر و دڵ جۆی ئەمامی دیدە جۆی
(نالی -ل ٦٩٦)

مەنعی من عەمدەن دەکا ئەغیارەکەت یــاخۆ کەرە

تالیبی پووش و گیاو جۆیای گوڵ و نەسرین نـییە

(کوردی –ل ٥٢)

لە وەختی پاسەبانیتــا مـن و نامـەحـرەمی دوورن

لە خەودا بۆسە نەزدیکە ئەگەر جۆیایی فرسەت بم

(سالم –ل ٧٩)

**جۆیای بەقا:** ئەو کەسەی کە بەدوای ژیانی هـەمیشەییدا بگەڕێ، ئەوەی کە بەدوای نەمریدا بگەڕێ.

جۆیا: ئەو کەسەی کە بەدوای شتێکدا بگەڕێ یان لە شتێ بکۆڵێتەوە. وشەکە دوو بەشە: جۆی + ا

جۆی: گۆڕدراوی جووی، کە ڕەگی چاوگی جوستەن (= جستن)ی ف. یە. واتە بەدوای شتێکدا گەڕان. لێکۆڵینەوە. هـەروەهـا ڕەگێکی تری هـەیە کە (جو)یە.

ا: پاشگرە و کە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ واتای چاوگەکە بەزۆری پێشان دەدات.

بۆ مـاچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی

جۆیایی بــــەقا خۆی لە دەمی تیغی فـــەنــا دا

(نالی –ل ٨٦)

**جۆیای پاداش:** ئەو کەسەی کە بەدوای چاکەدانەوەی کاری بـاش، یـان سزادانی کـاری بەد دا بگەڕێت.

جۆیـا: ←——

پاداش: پاداشت. چاکە دانەوەی کـاری بـاش، یـان سزادانی کـاری بەد.

ئەگـەر یـەد بێ هــەمـوو دەم غـیرەتم جـۆیایی پـاداشە

لە ڕیشەم دەردەهێنـا وەك دڵم چەرخی فەلەك ئەمشەو

(سالم –ل ١١٩)

**جۆبار:** جۆبـار، جۆگە، جۆگەی گەورە، چەم، شوێنێك کە جۆگای ئـاوی زۆری لێ بێت.

کــــەنـــاری چـــاوی ســـالم جۆبـــاره
بە سەروو وقامەتی مەوزوونی دڵجۆت
(سالم –ل ٤٩)

ئەوەندە باری بە خورِ ئەشکم ئەما ئەم چەشمەیی ئاوە
بە یادی قەددی سەروت جۆیباریٚ بوو ئەویش ڕابورد
(سالم –ل ٥٥)

**جیب دەریدە:** مەبەست یەخە دادڕینە، واتە دەربڕینی ئەوپەڕی نارەزایی و ناخۆشی.

جیب: ع. گیرفان، لێرەدا مەبەست یەخەیە.

دەریدە: واتە دڕاو، وشەکە دوو بەشە.

دەرید + ە

دەرید: چاوگی کرتاوی دەریدەن (= دریدن)ی ف. یە، واتە دڕان، دڕین.

ە: پاشگرە.

لەعوریانی پەشـیمانم ئەگەرچی مەشقی مەجنوونە
بەکەف جیب دەریدە ئیعتیباری بوو ئەویش ڕابوارد
(سالم –ل ٥٥)

**جیرایەی ساڵحان:** ئەو بەراتەی دەدرێت بە پیاوچاکان تا پێی بژین و خواپەرستی بکەن.

لا مـەدە نالی لـە ئەنبـاری جیرایەی سـاڵحـــان
گەرچی ببیە خۆشە چینی دانەیی خەرمانی ڕۆم
(نالی –ل ٣٠٤)

**جیفە خواری:** بۆگەن خۆری، خواردنی شتی پیس و بۆگەن و مردارەوە بوو.

جیفە: ع. مردارەوە بوو، مردارەوە بووی بۆگەن.

خوار: خۆر لە خواردنەوە، خواردن، خۆراك.

لە دوای ناوەوە دێت دەبێت بە ناوی بکەر وەکو: شەراب خوار، بادە خوار، کەباب خوار. (معین)

بێ تووکی و جیفه خواری یو گورگین و بێ وجوود
لــــەم ئـــاوو خـــاکە زاهیر و بـــاتین موکەددەرە
(نالی –ل ٤٢٠)

**جیفەی دونیا:** مەبەست ماڵ و سامان و دەستکەوتی ئەم جیهانەیە.

جیفە: بۆگەن، مردارەوە بوو.

مەکە دەعوایی پاکی بیی نەسەب بۆ جیفەیی دونیا
کە سەیید بی چ بـــەرزنجی چ پیریایی چ بـــاراوی
(نالی –ل ٦٩٠)

**جیلوە:** جلوە. ع. دەرکەوتن، خۆنیشاندان، نیشان دان، چاك کردن، ئاشکرا کردن، ڕازاندن، جوانکردن، دیارییەکە کە شەوی یەکەم زاوا پێشکەشی بووکی دەکات. (معین)

نیشارەم کردە ئەبرۆی یەعنی میحرابت کەچە فەرمووی
ئەمە قیبلـەی تەمـاعی عالـەمە جێی جیلوەی ئیمـــامـە
(نالی –ل ٤٧١)

زیرە ســـــەرمــــایەیە بۆ ســـــالم و کرمانی دەبـــا
شیعری کوردی کێ بیدا جیلوە لە لای شێخی کەبیر
(سالم –ل ٦٩)

**جیلوە دەر:** جوانکەر، ڕازێنەر، ڕووناکی بەخش، پێشاندەر، ئاشکراکەر.

جیلوە: ⟵

ئەی جیلوە دەری حوسن و جلّەو کێشی تەماشا
ســەر ڕشتـەیی دین بێ مـەدەدی تـۆ نییـە حاشا
(نالی –ل ٧٥)

**جیلوە گاه:** شوێنـی دەرکـەوتـن، جـێگـەی ورشەدانـەوە، شوێنـی چـاو بـەیـەکتر کـەوتن و پیشـاندان.

جیلوە: ⟵

گاهـ: پاشگره و لێرەدا بۆ مەبەستی شوێن بەکارهاتووە.

شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوە گـــاهی دولبەریی
شــاهی خوسرەو ڕۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا
(نالی –ل ۱۰۳)

جیلـــوە گاهـ او دیدە من تەنها نیست
ماە و خورشید همین آینە می گردانند
(حافظ، قزوینی –ص ۱۳۰)

واتە: تەنها چاوی من شوێنی خۆپیشاندانی ڕووی ئەو نییە، مانگ و خۆریش ئاوێنەدار و ئاوێنە ڕاگری ئەون.

پردە از رخ برفكندی یك نظر در جلـوە گاە
وز حیـا حـور و پری را در حجاب انداختی
(حافظ، قزوینی –ل ۳۰۱)

واتە: لە شوێنی خۆپیشاندانـدا دەمێك پەچەت لەسەر ڕوو لادا، حۆری بەهەشت و فریشتە و پەری لە شەرمەزاریدا خۆیان شاردەوە.

**جیلوەگەر:** مەبەست لە برەودا بوو و، دەرکەوتووە.

جیلوە: ⟵

گەر: پاشگرە.

ماهی تالیع ڕێی موحاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوە گەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان
(سالم –ل ۹۸)

ئەندازەیی حەوشی حەرەم و جیلوە گەری یار
دێنێتە نـــەزەر دەشتی خەتا و ڕەمی ئـــاهوو
(سالم –ل ۱۱۵)

**جینان:** جنان. ع. کۆی (جنت) جنە، واتە بەهەشت.

جینان واتە: بەهەشتەکان، فیردەوسەکان، باخەکان، گوڵزارەکان.

تەن فوسوردەی بێ زمانی تەن بە تەن عالەم مەلوول

تایری ڕۆحــی ڕەوانـــی بەرزە چـــوو بۆ ناو جینان

(سالم -ل ٩١)

حۆریی باخی جینانی یا گوڵی باخی ئیرەم

أم نجـــوم العرش أم شمس علـــى فوق العلم

(کوردی -ل ٢٥)

**جیهان ئارا:** ڕازێنەرەوەی جیهان.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی ف. یە، واتە ڕازاندنەوە، جوانکردن.

جیهان ئارایە مەهـ ئەمما نـەوەك ڕووت

هیلالی یـــەك شەوە ناگاتە ئـــەبرووت

(سالم -ل ٥٠)

**جێگەی تەنگ:** مەبەست ناو گۆڕە.

تەنگە ئەوا دەبێ لـــــە ئـــەو جێگە تـــەنگەدا

سائیل نە کیر و عاریف مەعرووف و مونکەرە

(نالی -ل ٤٣٦)

# چ

**چا:** کورتکراوەی (چاك)ە، باش، خاس.

ئەم ساحیبی تەشریحە دەبێ هەیئەتی چابێ

هەم شاریح و هەم جاریح و موورزیحە گوشابێ

(نالی –ل ٦٢١)

**چاپلووس:** زمان لووس، کەسێ کە بە مەرایی و زمان لووسی خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنێ و فریویان دەدات.

سابوونی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلووس

خاسیەتی ڕەققی هەیە نەرمی زوبانی لووس

(نالی –ل ٢٣٧)

**چاك:** پارچە، لەت، قڵیش، تڵیش، درز.

ئەو بەهاری من خەزانە وەقتەکەی سویحم تەمووز

پڕتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەك کەتان

(سالم –ل ٩٧)

**چاك چاك:** پارچە پارچە، لەت لەت.

پێم گوت مەکە چاك چاکم پێش خزمەتی زۆر چاکم
فەرمـــووی بەســـەری کـــاکم داغت لـــە دڵمدایـــە
(نالی –ل ٥٦٢)

**چاکر:** چاکەر = چاکیر. واتە نۆکەر، بەندە، کۆیلە، خزمەتکار.

خوسرەو و مەحموود و فەرهاد هەرسێ شاو شازادە بوون
ئـــاخری بووشن بـــە بەندەو چـــاکری ســـوڵتانی عیشق
(کوردی –ل ١٩)

**چاك گریبان:** گریبان چاك، مەبەست یەخە دادڕاوە.

چاك: ⟵

گریبان: یەخە.

ئەگەر بێت و بە ناحەق خۆت بکەی پەنهان وەکو یووسف
وەریدی! عیشق و ڕیشی تـــوهمەت و چـــاك گـــریبانم
(کوردی –ل ٢٨)

**چاکی پیرە هەن:** مەبەست یەخە ترازاوە، یەخە کراوە.

چاك: ⟵

پیرە هەن: کراس.

حیجابت با بەناری ئارەزوو ســـالم نەســـووتێنێ
لە چاکی پیرە هەن بۆ دەفعی تەب سادەرخە لیمۆیێ
(سالم –ل ١٥٦)

**چاکی سینە:** ⟵ سینە چاك.

تیماری چاکی سینەم راجع بەچاوی مەستە
بەختیش موافقی عیشق بۆ من خراپی هێنا
(سالم –ل ٣٥)

**چاوە:** کانی، سەرچاوە.

هەر چاوەیی کەوشك و عەقیمی بوڵەندییە

وەك تەبعی مِن بەنەزمی خۆشی نەغمە زایەوە

(نالی –ل ٥٥٤)

**چاوە چاو:** چاوەڕوان، چاوەنوارِ.

خاو و بێ خاوی دو زولفی خاوم ئەز

چاوە چاوی یەك غەزالە چــــاوم ئەز

(نالی –ل ٢٢١)

**چاوەش:** لە تورکیدا چاووش.

پێشڕەوی لەشکر و کاروان، سەر قافڵەچی کەسێ کە لە پێشی کاروان یان زیارەت کەرانەوە بڕوات و ئاواز بخوێنێ، پەردە دار. (معین)

ترنگەی تەپڵی باز ئاتلانی چاوەش دەنگی جارچی دێ

بە تیپی غەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ نەمـرێ یەڵغـارە

(کوردی –ل ٤٦)

**چاوەی چاو:** سەرچاوەی چاو، مەبەست چاوی پڕ لە فرمێسکە.

چاوە: سەرچاوە.

وەکو فەووارە خوێن دەتکێ لە گۆشەی میحوەری گەردوون

لە چاوەی چاوەکانی من لە دووریت هێندە خوێن بــــاری

(کوردی –ل ٥٦)

**چاوەی چاوی تار:** مەبەست چاوی کزو لێڵی پڕ لە فرمێسکە.

چاوە: سەرچاوە.

بە خوری خوێن بێنە ئەی گریە لە چاوەی چاوی تاری من

حەنا لازم بووە بۆ پێی ســـەگی کۆیی نیســاری مــن

(سالم –ل ٩٣)

**چاو خومار:** مەبەست چاو مەستە.

خومار: حالەتی دوای مەستی.

تاکەی ئەم جەور و جەفایەت چاو خوماری سوخمە ئاڵ
دڵ لەهیجر و فورقەتت سووتاوە ڕەش بوو وەك زوخـــاڵ
(کوردی –ل ٢٠)

**چاو سپی بوون:** مەبەست کوێر بوون، نابینا بوون.

من دەڵێم شەو بوو بە ڕۆژ ئەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بـەشەو
ئەو مـوسیبـە چونکـە چـاوی پێ سـپی بـوو من غەڵــەت
(نالی –ل ٢٤٣)

هـێند مونتـەزیری تۆ بوو هـەتا چـاوی سپی بوو
نەرگس کـــە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چـــەقیبوو
(نالی –ل ٣٧٧)

سۆفی یی خەڵوە نشین بۆ نـەزەرێکی گوڵی ڕووت
ڕەنگە وەك نەرگسی تـەڕ چـاوی سپی بێت و دەرێ
(نالی –ل ٦٥١)

**چاوش:** لە تورکیدا چاووش.

واتەگۆرانی بێژ. (معین)

دائیرەی میسریو چەقانە گەوهـەر و لەنجەی سەمەن
دەنگی چـــاوش بێ بـــــەلێ هـاوێتە گیانم بێ ئەواز
(کوردی –ل ١٨)

**چاوی باز:** مەبەست چاوی زۆر جوان و کاریگەرە، وەك چاوی باز.

تەزەروی دڵ دەخوازێ بازی چاوت
کە گەردش کـا لە تەیرانــی شکـــارا
(سالم – ل ٢٥)

**چاوی بێ بەسەر:** چاوی کوێر.

بەسەر: بصر. ع. چاو، بینایی.

سووتا دڵم بە حاڵەتی جۆباری ســـەرچنار
لێڵاوەچەشمە ساری وەکو چاوی بێ بەسەر
(سالم –ل ٦٧)

**چاوی مەخموور:** مەبەست چاوی مەستە.

مەخموور: مخمور. ع. مەست. خەواڵوویی و مەستی لە چاودا، ئەمە لای پێشینان زۆر جوان بووە.

چاوی مەخمووری لە خاوی سەحەری هەڵساوە
بادەیــی ساغـەری عـیشرەت دەڕژێنێ بە عـــەلی
(کوردی –ل ٥٨)

**چاوی مەی گوون:** مەبەست چاوی جوان و دڵڕفێنی یارە: چاوی مەی ڕەنگ.
گوون: ڕەنگ.

سێ بە سێ نەك یەك تەلاق دەن بادەکەش بادوختی ڕەز
تا ئەبەد مەستی دەبەخشێ چاوی مەی گوون عاقیبەت
(سالم –ل ٥٣)

**چاه:** چاه، چاڵ، بیری ئاو.

شەفیری چاڵی شۆری هەردەڵێی لەعلی نمەك پـاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە
(نالی –ل ٤٩٥)

خەتی سەبزی لە کەناری لەبی نالی هەروەك
خزری زیندە لەسەر چاهە زولالێکی هــــەیە
(نالی –ل ٥٧٢)

عەزیزە وا لەنـــاو چـــاهە خـــوداوەنـــدا نەجـــاتی دە
لە چێهرەی ئەو بکا یەعقووب دەڵێی شێوەی سەفا پەیدا
(سالم –ل ١٩)

هەوای سێوی زەنەخ ئەی دڵ نەکەی قەت

مـــوهەییایە لـــە ڕێتا چاهی هـــارووت

(سالم –ل ٥٠)

دڵم دوزدانـــــە بۆ سیبی زەنەخ چـــوو

لە خەوفا پای لەغزی کەوتە ناو چاهـ

(سالم –ل ١٢١)

**چاهی زەقەن:** ———◄ چاهی زەنەخدان.

زەقەن: ذقن. ع. چەناگە.

سینە پڕ چاکە لە تیری غەمزەت

دڵ گرفتارە لە چاهی زەقـــەنت

(سالم –ل ٥٣)

**چاهی زەنەخدان:** چاڵی ژێر چەناگە. (در جستجوی حافظ –ذوالنور، ص٨٠٠)

چاڵی نێوان لێوی ژێرەوەو چەناگە. (هروی –ج١، ص٨)

مەبەست چاڵێکی بچووکە لە چەناگەو غەبغەبەی شۆخ و شەنگەکان (=چاهـ زنـخدان، چاهـ ذقن، چاهـ زنخ)

(ثروت)

مەبەست چاڵی چەناگەی شۆخ و شەنگەکانە. (عفیفی)

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەك پاشە

حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

(نالی –ل ٤٩٥)

تەواو نابێ لە سەودای عاریزت بۆ دڵ گرفتاری

لە دوای تورە بەربوو کەوتە چاهـی زەنەخدانت

(سالم –ل ٤٩)

هەروەها گۆران دەڵێ:

زنجیری زوڵف و چاهی زەنەخ وا لەڕێگەیا
کێ لەو حیجازی حوسنە ئومێدی تەوافیـە
(دیوانی گۆران -ل ٦٤)
کشتهء چاه زنخدان تـوام کــز هــر طرف
صد هزار گردن جان زیر طوق غبغب است
(حافظ، هروی -ص ۱۰۲)
واتە: کوژراوی چاڵی چەناگەی تۆم، کە لە هەموو لایەکەوە زۆر کەس بەند و گیرۆدەی دیلی غەبغەبەیە.
ای دل ار مـــیل بە چـــاه زنـــخ او داری
بە گنە کوش کە زیباتر از این زندان نیست
(اوحدی -عفیفی)
واتە: ئەی دڵ ئەگەر ئارەزووی چاڵی چەناگەی ئەو دەکەیت، خۆت گوناهبارکە، نییە کە جوانتر بێت لەم زیندانە.
هر چند نمی ســوزد بـــر من دل سنگینت
گویی دل من سنگی است در چاه زنخدانت
(سعدی کلیات -عفیفی)
واتە: هەرچەند دڵی سەختت بەمن ناسووتێ، دڵی من دەڵێی بەردێکە لە چاڵی چەناگەتدا.
**چاهی ژێر لێو:** مەبەست چاڵی چەناگەیە.
چاه: ⟵
لـــە چاهی ژێری لێوت وا ئەسیرن
هەزارانی وەکو هارووت و مارووت
(کوردی -ل ١٥)
**چاهی غەبغەب:** مەبەست چاڵی غەبغەبەیە، چاڵی ژێر چەناگە.

چاه: ⟵

غەبغەب: ⟵

لەمەهتابا کە دڵ دی پەرچەمی وەك عەقرەبت ئەمشەو
گورێـزی دا لە عـەقرەب کەوتە چاهی غەبغەب ئەمشەو

(سالم -ل ١١٨)

**چاهی میحنەت:** مەبەست دوچاری غەم و ناخۆشی بوونە، زیندان و چاڵی غەم و خەفەت.

چاه: ⟵

چەپسی چاهی میحنەتم کافر بەحاڵی من نەبێ
کـارو پیشەم دائیمەن گریـان و شین و زارییە

(نالی -ل ٥٨٤)

**چاهی هارووت:** ⟵ هارووت و مارووت.

دڵی ساحیر لەبەر زولف و زەنەخ ناگاتە ڕوخسارت
لە لایێ حـەلقەیی ئەفعی لە لایێ چاهی هارووتە

(سالم -ل ١٢٢)

**چایەر:** ⟵ چایر.

سۆفی ڕیایە خەڵوەتی بێنی بەهـای کرد
هاتەدەرێ لە سایەیی چایەر حەسایەوە

(نالی -ل ٥٥٤)

**چایر:** لەوەڕ، خواردنی ئاژەڵ و چوار پێیان.

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا بکە
ئـایا ڕەبیعی ئـاهووە یا چـایری ستوور

(نالی -ل ١٨٨)

**چەپکەن:** جۆرە جلوبەرگێکە وەکو نیوتەنە وایەو سنگ و سك دادەپۆشێ، کە بەندەکانی لە سەر شان و پشت دەبەسترێن، جۆرێکە لە کوڵەکەوا.

وجودش را حمایل سان بیاراست

قبای چپکنش راشد چپ و راست

(اشرف، آنندراج، سخن)

واتە: هەموو گیانی خۆی وەکو شریتی شۆڕ بووەوەی ئاوریشم ڕازاندەوە و کەوای چەپکەنی چەپ و ڕاست کرد.

شەو چەپکەنی نەیلوفەڕی یو جیلوەیی ڕەقسی

شەرمندە دەکا زەهرەیی زەهرا لـــە ســەمـــادا

(نالی –ل ٨٣)

**چەتری نادری:** مەبەست شکۆمەندی و گەورەیی نادر شای ئەفشارە. پاشاکان هەندێ جار چەتریان لەسەر ڕادەگرتن بۆ ئەوەی بیانپارێزن لە تینی خۆر. نادر شای ئەفشار لەساڵی ١١٠٠ک. لە دایك بووە، ١١٦٠ک. مردووە، لەساڵی ١١٤٨ –١١٦٠ک پاشای ئێران و دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەفشارییە بووە. خۆی ناوی نادر قولی بووە، عوسمانییەکانی لە ئازەربایجان و هەمەدان دەرکرد، قەفقاز و داغستانی داگیر کرد. لە ساڵی ١١٥١ –١١٥٢ک. هیندستانی داگیر کرد، سەرەنجام لە ساڵی ١١٦٠ک. کوژرا.

لـــە چـەتری نادری ڕوتبەم گـەلێ بـاڵاترە ئێستا

کەمن ئیکسیری خاکی ڕەهگوزاری سەرفرازێکم

(سالم –ل ٨٧)

**چەرخ:** مەبەست ڕۆژگارە، گەردوون، ئاسمان، گۆی ئاسمان و ئەوەی کە تیایدایە.

بە زۆر ئەی چەرخ وەکو بارامی گۆرم

دەکەی کۆیی منیش بازیگەهــی دوور

(سالم –ل ٦٤)

**چەرخەچی:** نۆبەتچی، کێشکچی، پاسەوان، ئاوگەردان (گیو)

عەسەس، پاسەوانی شەو. (هەژار)

ئەمان سەرقافڵەچی کاروان دەخیل ساچەرخەچی لەشکر
جڵـەو هەڵـکێشە ڕەحمێ کە کە جارێکە و هەر ئەمــجارە
(کوردی -ل ٤٦)

**چەرخەیی چەرخ:** مەبەست ڕۆژگار و دەور و زەمانەیە.

ئەوەندە چەرخی داوم چەرخەیی چەرخ
ســـەراپــا لاغـــــرم وەك ڕشتەیی ڕیس
(سالم -ل ٧٤)

**چەرخ دان:** مەبەست ستەم کردن، جەفا کردن، ئەشکەنجە دان، بادان و سووڕدان.

ئەوەندە چەرخی داوم چەرخەیی چەرخ
ســـــەراپــا لاغرم وەك ڕشتەیی ڕیـــس
(سالم -ل ٧٤)

**چەرخ ماڵین بە کڵاوی سەر:** مەبەست ئەوپەڕی شانازیکردن و ئەوپەڕی سەربەرزییە.

وەڵلاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵی
ببوایە بە دامانت ئــــەگەر دەســـت ڕەسێکم
(نالی -ل ٢٨٤)

**چەرخی ئاسمان:** مەبەست ئاسمانی سووڕاوە، فەلەکی سووڕاوەیە.

چەرخ: مەبەست فەلەك، ئاسمان.

دووسەد جار وەزعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بە سەعد و شووم
ستارەی نەحسی ســـالم بـــوو لـــە قــــەرنێکا نــەبوو ئاوا
(سالم -ل ٢٧)

**چەرخی ئەتڵەس:** مەبەست عەرشی مەجیدە، کە دیسان فەلەکیشە. (ثروت)

مەبەست فەلەکی نۆهەمە، فەلەکی ئەفلاك.

ناوك فریاد مــن هر ساعت از مــجرای دل
بگذرد از چرخ اطلس همچو سوزن از حریر
(سعدی -عفیفی)

واتە: هەموو دەم تیری هاوار و فەریادی من لە ناخی دڵمەوە، لە چەرخی ئەتلەسی تێدەپەڕێ وەکو دەرزییەك چۆن بە ئاسانی دەچێت بە پارچە ئاوریشمێکدا.

کولاهی فەخر و تەعزیمم گەیشتە چەرخی ئەتلەس ڕەنگ
کــە بیستم قەلبی میرانم لەســـەر مـــەملووکی ئـــاغاوە

(نالی –ل ٥٦٨)

**چەرخی ئەخزەر:** مەبەست ئاسمانە.

پەیغام بـــەر و حەبیبی خـــودا (خـــاتم الرسل)
ڕەوزەی لە ئەرز و سایە لە سەر چەرخی ئەخزەر

(نالی –ل ٤٢٣)

**چەرخی چەپ گەردش:** مەبەست دەورو زەمانەی نالەبار و ناڕێکە، ڕۆژگاری بەد کردار.

چەرخ: هەرشتێکی خڕ کە بسووڕێتەوە، وەکو تایەی پاسکیل و ئۆتۆمبێل و هەر دەزگایێ...

چەپگەردش: ئەوەی کە بە پێچەوانەوە بسووڕێتەوە.

گەردش: ⟵

لە زوڵمی چەرخی چەپگەردش دریغا حەسرەتا دادا
بە میسلی سالمی بێکەس گەلێ کەس وێڵی شـــارانن

(سالم –ل ١٦)

**چەرخی چەپی گەردوون:** مەبەست دەور و زەمانەی نالەبارە، فەلەك و ڕۆژگاری بێ بار، ڕۆژگار و زەمانەی بەدکار...هتد

چەرخ: ⟵

گەردوون: [پەهلەڤی. گەرتوون]، ئەوەی کە بسووڕێتەوە یان بسووڕێنێتەوە، عەرەبانە، چەرخ، ئاسمان، فەلەك. (معین)

چەرخی چەپی گەردوونە ڕاست و چەپی چەند دوونە
بێ چــــاکە چ بێچوونە ڕاستی لـــە چـــەپی نـــایە

(نالی –ل ٥٦١)

**چەرخی دەوران:** چەرخی دەووار، ئاسمان، ئاسمانی سووڕاوە. (عفیفی، ثروت)

وەها هەستا بــــە باڵی جازیبەی قودرەت لـــە نیوەی ڕێ

بە جێ ما ئەسپ و پەیك و ڕەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە

(نالی –ل ٥١٤)

**چەرخی سەنگین دڵ:** مەبەست ڕۆژگاری دڵڕەق و بێ بەزەییە.

ســـەنگ دەتاوێنێ ســەدای پۆشیدە ڕوویانی حـــەرەم

ئەلئەمان ئەی چەرخی سەنگین دڵ لە جەورت ئەلئەمان

(سالم – ل ٩٢)

**چەرخیش:** سووڕان، سووڕانەوە.

چەرخیش: چەرخش. چەرخ + ش.

چەرخ: ڕەگی چاوگی چەرخان، چەرخیدەنی کوردی و فارسییە.

ش: پاشگرە.

مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەرەك دەم دەم بە دووخی غەم

ڕەگی تاری وجـــوودت بـــادەدا هێشتاکـو هـــەر خــــاوی

(نالی –ل ٦٨٠)

**چەرخی واژگوون:** مەبەست چەرخی چەپگەردە، دەورو زەمانەی ستەمکار و نالەبار.

چەرخ: چەرخی ئەتلەس.

واژگوون: سەرنگوون، هەڵگەڕاوە.

ئەی چەرخی واژگوون ستەمی تۆ بـەکێ بڵێم

زاڵم دڵی بە جەورو جەفا میسلی فەیلەقووس

(سالم –ل ٧٤)

**چەسپاندنی پیشانیی بەزانووە:** مەبەست غەم و پەژارەی زۆرە.

پیشانی: ناوچەوان.

زانوو: ئەژنۆ.

له هیجریشا موسیبەت نایەڵێ سەر هەڵبڕم یەك دەم

له خـوێنی ئـەشكا چـەسپـاوە پیشانی بـە زانوومـــا

(سالم – ل ۳۳)

**چەسپیدە:** مەبەست توند و تۆڵە. بە یەکەوە لکاو، بە یەکەوە نووساو، چەسپێنراو.

چەسپیدەو خڕ هەر وەکو بەر قـالـّبی دابێ

نەختێکی لەبەر توندی یو سفتی قڵەشابێ

(نالی –ل ٦١٥)

**چەشم ئەنداز:** وێنە، دیمەن، ڕوو‌بەری بیابان یان داوێنی چیا کە چاو هەمووی ببینێ.

گـەر لـەبـەر تیری نەزەر پڕ خـوێنە مـەنزیلگاهـی دڵ

بێتە چەشم ئەندازی دیدەم غورفەییکی پـاکە دەی

(سالم – ل ١٥٣)

**چەشمە:** کانی، سەرچاوە.

وەك چاوی بێ غـەمانە هـەموو شیوی ئـــاودار

بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بێتەدەر

(سالم –ل ١٤)

**چەشمەسار:** شوێنێ کە کانی و کانیاوی زۆری لێبێت.

چەشمە: کانی.

سار: پاشگرە بۆ مەبەستی شوێن بەکاردێت.

یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە

یەنبـووعی نـوور دابڕژێنێ لە کێوی توور

(نالی –ل ١٨٠)

سووتـا دڵم بە حاڵەتی جۆبـاری ســـەرچنار

لێڵاوە چەشمەساری وەکو چاوی بێ بەسەر

(سالم –ل ١٤)

**چەشمەی ئاو:** مەبەست چاوی فرمێسکاوییە.

چەشمە: کانی

ئەوەندە بــاری بەخورِ ئـەشکم نـەما ئەم چەشمەیی ئــاوە
بەیادی قـەددی سـەروت جۆیبارێ بـوو ئـەویش ڕابورد
(سالم – ل ٥٥)

**چەشمێك:** کورتکراوەی چەشمەیەك، واتە کانییەك، لەم وشەیەدا چەشم، کورتکراوەی چەشمەیە واتە کانی.

چەشمێکە میسلی خۆر کە لەســەد جێ بەڕۆشنی
فـەورانی نووری سافە لەسەر بەردی وەك بلوور
(نالی – ل ١٧٩)

**چەقانە = چەقەنە:** ئەمە وشەیەکی زۆر باو و کۆنە لە زمانی کوردیدا و زانراوەو هەروەها ئامرازێکیش هەیە لە کوردەواریدا پێی دەڵێن چەقەنەی ئاش. بەڵام ڕابوردووی ئەم وشەیە زۆر کۆنەو لە بنەڕەتدا ناوی جۆرە ئامێرێکی موسیقای ئێرانییەو پێی دەڵێن، چەغەنە، وەکو کەوچك وایەو چەند زەنگۆڵەیەکی پێوە شۆڕبۆتەوە و پێیشی دەڵێن قاشوق، واتە کەوچك و لەگەڵ ئامرازەکانی تری مۆسیقای وەکو چەنگ و زەرب و تاردا لێدەدرێ، هەروەها ناوی پەردەیەکی موسیقاو ناوی ئاوازێکیشە.
(فرهنگ دەهزار واژە از دیوان حافظ – دکتر مصفی)

هەروەها بەم جۆرەیش باسی چەقەنە = چەغانە کراوە: جۆرە سازێکە لە خێزانی ئـامێری زەربیـی (ئـالاتـی ئیقـاعی)، کە جۆرە سەرەتـاییـەکەی پێکهـاتبوو لـە کـوولـەکـەیـەکی بـچـووکی وشك، کە وردە بـەردیـان دەخستـە نـاوی و دەسکێکی تـایبـەتیشی هـەبـوو، لـەکـاتـی هـەڵپـەڕکـێ و سەمـادا، لـەگـەڵ دەنـگی تـرپـەی هـەڵپەڕکێکەدا ڕایان دەوەشاند. (هروی – ص ۱۰۰۰)

دائیرەی میسری و چـەقانە گـەوهــەر و لەنجەی سەمەن
دەنگی چــاوش بـێ بــەلێ هـــاوێتە گیانم بـێ نــــەواز
(کوردی – ل ١٨)

حافزی شیرازی دەڵێ:

بـه وقت سـرخوشی از آه و نـالـه عـاشق
بـەصوت نغمه چنگ و چغـانه یـاد آرید
(حافظ، قزوینی – ص ١٦٣)

واتە: لەکاتی شادی و سەرخۆشیدا لەسەر ئاوازی چەنگ و چەقەنە، ئاهـ و ناڵەی دڵداران بهێنەرەوە یادت.

دیسان حافز دەڵێ:

سحرگاهان که مخمور شبانه
گرفتم بـاده باچنگ و چغانه
(حافظ، قزوینی – ص ٢٩٧)

واتە: دەمەو بەیانییان، لەکاتێکدا کە بەهۆی شەرابی شەوی ڕابوردووەوە هێشتا هەر مەست بووم، لەگەڵ ئاوازی چەنگ و چەقەنەدا بادەم دەنۆشی.

**چەلیپای زوڵف:** مەبەست زوڵفی لوول و درێژو کاریگەری یارە.

چەلیپا: خاچ، سەلیب، ئەو دارەی کە حەزرەتی عیسایان پێدا هەڵواسی. دوو داری دانراو بەم جۆرە: ✝

لەڕووتا مۆمین و تەرسا لە وەسفت هەردوو سدیقن
چەلیپای زوڵفی نووری تەلعەتت جێی کوفر و ئیمانە
(سالم – ل ١٢٩)

**چەڵەم:** مەبەست دەردی سەری و ناخۆشییە.

کەڵەوە، کەڵەمە، ئاڵقەی سەری قیاسە، دارگوردی تەون، هەڵقەیەکی لەدار دروست کراوە کە دەخرێتە ملی گا. (هەژار)

فەرەح بۆ دڵ لە تالیعما چەڵەم بوو
بە تەڵخی عومری شیرین سەرفی غەم بوو
(سالم – ل ١٠٩)

**چەمەن:** زەوی پڕ لە سەوزایی، مێرگ، مێرغوزار، چیمەن.

من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بالآم
نالی بە توفەیلی بووەتە سایە لە دوومن

(نالی - ل ٣٣٢)

**چەمەن ئارا:** ڕازێنەرەوەی گوڵ و سەوزەگیا و باغ و گوڵزارە.

چەمەن: ⟵

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی ف. یە. واتە ڕازاندنەوە و جوانکردن.

تا نەگریا ئاسمان و تەم ولآتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچە وانەبوو

(نالی - ل ٣٧١)

**چەمەن پیرا:** ڕازێنەرەوەی مێرغوزار و گوڵ و سەوزەگیا.

پیرا: ڕەگی چاوگی پیراستەن (= پیراستن)ی ف. یە. واتە ڕازاندنەوەو جوانکردن.

تا چەمەن پیرا لەسەر نەسڵی درەختی لانەدا
فەرعی تازە خوڕەم و بەرز و بوڵەند بالآ نەبوو

(نالی - ل ٣٧٢)

**چەمەن زار:** سەوزایی، مێرغوزار، شوێنێ کە گیاو سەوزایی بێت.

چەمەن: ⟵

زار: پاشگرە بۆ مەبەستی شوێن بەکاردێ.

بە زاهیر گەر مەگەس دارە بە باتین سەد چەمەن زارە
بە سوورەت یەك بەیەك خارە بە مەعنا سەد گولوستانە

(نالی - ل ٤٩٣)

**چەنبەری قەدی خەمیدە:** مەبەست پشتی کۆماوەیە، پشتی کوور، کۆماوە، قەموور.

چەنبەر: هەڵقە، بازنە.

خەمیدە: چەماوە، کۆماوە.

بەشێوەی چەنبەری قەددی خەمیدەی پیری بێ تـاقەت
دەبێ فیکرێ بکا یـار ئـەر غرووری ئـەو جـەوانی بـێ

(سالم – ل ١٤١)

**چەنگ:** مەبەست دەستە. چنگ.

تیغی ئەبروت تیری موژگانت بـە قەتڵ و عـامی دڵ
نووکی نێزەی تـاج بەخشە تیغی چـەنگی چــەنگزە

(کوردی – ل ٤٨)

چەنگ: چەنگولە، (صنج)، ئامێرێکی موسیقی ژێدارە، کە جۆرە سەرەتاییەکانیان سێ گۆشەیی بوو، پێکهاتبوو لە تەختەیەك بە درێژی یەك گەز و، میلەیەکی لە دار دروست کراو بە شێوەی ستوونیی کە لە سەرێکی ئەم تەختەیەوە توند کراوەو کۆتاییەکەی تری ئەم میلە دارییە لە وێنەی دەستی نادەمیزادە، وردە وردە ئەم ئامێرە بە تەواوی کامڵ بوو. (معین)

سەرم سەمتوور و سینەم چەنگە دڵ دەف
خـەفـەت یـــار و مــەقـام ناڵینە بــێ تــۆ

(کوردی – ل ٣٩)

**چەنگز:** چەنگەز. کورتکراوەی چەنگیز. بەزمانی مەغۆلی واتە: بەهێز، توند و توڵ، گەورە، خـان. نـاوە بـنـەڕەتـیـیەکەی (تموچین)و کوڕی (یسوکا)ی بـەهـادوری سەرۆکی تیرەی (فیات)، کە یەکێ بوو لە تیرەکانی مەغۆل، لە دایك بووی مەغۆلستانە، لە ساڵانی ٦٠٠ – ٦٢٣ ك، فەرمانڕەوا بووە، لەپاش مردنی باوکی سەرکەوت بەسەر تیرەی (کرائیت) و ناسرا بە چەنگیز خان و دوای ئەوە نەتەوەی (ئویغور)ی لە ناوبرد، لە ساڵی ٦١٦ ك، هێرشی بردە سەر وڵاتی خوارەزمشاه و لە ماوەی دوو ساڵدا، شارەکانی ئێرانی داگیرکرد و لە ساڵی ٦١٩ ك دا گەڕایەوە بۆ مەغۆلستان و لە ساڵی ٦٢٣ ك دا مرد. (معین)

تیغی ئەبروت تیری موژگانت بـە قەتڵ و عـامی دڵ
نـووکی نێزەی تـاج بەخشە تیغی چـەنگی چــەنگزە

(کوردی – ل ٤٨)

**چەوگان:** ←——— چەوگانی میحنەت.

جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لەبێچیزی
لە ژێر باری غەما هەریەك لەخەم وامیسلی چەوگانن
(سالم – ل ١٥)

چونکە ئەو گۆیی زەنەخدانی هەیە
قامەتم شێوەیی چەوگانی هەیە
(سالم – ل ١٣٤)

**چەوگانی ئابنووس:** گۆچانی لە داری ئابنووس دروست کراو، کە لە یاری چووگانبازیدا بەکار دێت.

چەوگان: ———◄ چەوگانی میحنەت.

ئابنووس: ئەم وشەیە لە (ئیبینۆس)ی یۆنانی و (ئەبنووس)ی پەهلەڤییەوە وەرگیراوە، درەختێکە لە هیند و حەبەشە دەڕوێت، وەکو درەختی گوێز گەورەیە، بەرەکەی وەکو ترێ وایە و ڕەنگی زەردە، گوڵەکانی وەکو گوڵە خەنەیە، دارەکەی قورس و سەختە (عمید).

پستانی دلبەرم بە نەزاکەت لە چینی زوڵف
وەك گۆیی عاجە بۆ خەمی چەوگانی ئابنووس
(سالم – ل ٧٣)

**چەوگانی خیرەد:** مەبەست بیر و هۆشی بڵند و بەتوانایە.

چەوگان: ———◄چەوگانی میحنەت.

کە نالی تەوسەنی تەبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو
بە چەوگانی خیرەد گۆی دانشی دەرکرد لە مەیدانا
(سالم – ل ٣٥)

**چەوگانی زوڵف:** مەبەست زوڵفی درێژ و لوولە.

چەوگان: ———◄چەوگانی میحنەت

خەم دەبێ چەوگانی زوڵفت بۆ زەنەخ
وە چ خۆش بازی بەگۆی سیمین دەکەی
(سالم – ل ١٥٣)

**چەوگانی میحنەت:** مەبەست غەم و خەفەتی زۆرە.

چەوگان: گۆچان، داریٚ کە دەسکەکەی ڕاست و باریکە و سەرەکەی کەمیٚ چەماوەیە، لە یاری (چەوگان بازی)دا، دەکێشرێت بە تۆپدا. هەروەها ئەو دارە سەر چەماوەی کە دەهۆڵی پیٚ لێدەدرێت.

میحنەت: غەم.

گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایە بەر خۆی ڕایفڕاند
وای عەجەب بۆ شاسواری خانەیی زەینم نەهات
(کوردی – ل ١٢)

لە سەرمای قەوسی سەردی میهری تۆدا وا بەیەك هاتم
لەڕێی چەوگانی میحنەتدا وەکو گۆ دائیما گردم
(سالم – ل ٨٢)

**چەهچەهەی خڕخاڵ:** مەبەست زڕەی پاوانە، یان زڕەی بازنە.

چەهچەهە: چەهچەهـ. ئاوازی بلبل و باڵندە خۆش ئاوازەکانی تر.

خڕخاڵ: لەوە دەچیٚ کە لە خەلخال (= خلخال)ی عەرەبییەوە هاتبیٚ، کە لە عەرەبیدا بە واتای پاوانەی پیٚ دێت. بەڵام لە کوردیدا خڕخاڵ بە واتای بازنی دەست و پاوانەی پێش هاتووە. (خاڵ، هەژار) لە کوردستانی گیوی موکریانیدا بە واتای پاوانە هاتووە.

سەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڕخاڵیە
دەنگی سۆلە یا لە ژێر پێی ناڵە ناڵی نالیە
(نالی – ل ٥٨٨)

**چ جای:** لە فارسیدا (چەجای) دەنووسرێت و هەر وەکو کوردییەکەش (چ جای) دەخوێندرێتەوە و بە هەمان واتایش، لە کاتێکدا دەوترێ کە شتیٚ یان کاریٚ بە پێویست نەزانریٚ و ئەنجامدانی لە شوێنی خۆیدا نەبیٚ.

جای: جا، جیٚ، جێگە، جێگە، شوێن.

لە نێو ڕێگی ڕەوانی قوم نوقوم بوو وشتر و بوو گوم
ئەما گوێی بیستنی (قُم قُم) چ جای نیمکانی هەستانە
(نالی –ل ٤٩٠)

کی عیب سر زلف بت از کــاستن اســت
چه جای بغم نشستن و خــاستن اســت
جای طرب و نشاط و می خواستن است
کــاراســتن ســرو ز پیراســتن اســت

(عنصری –چهار مقاله، ص ٥١)

دەگێڕنـەوە کـاتـێ سوڵـتـان مـەحـموودی غـەزنـەوی فـەرمـانـی بڕیـنـی زوڵـفـی (ئەیاز)ی دا. (کە لە کوردەواریدا ناسراوە بە هەیاسی خاس). دوای ئەنجامدانی ئەم کارە پەشیمان بووەوە. (عنصری) شاعیر، بۆ ئەوەی کە دڵی بداتەوە، وتی:

کەی بڕینی سەری زوڵفی خۆشەویست عەیب و نەنگە، ئیتر پێویست بە خەم و خەفەت و دانیشتن و هەڵسان ناکات، بەڵکو پێویست بە خۆشی و شادی و مەی خواستنە، چونکە ڕازاندنەوەی درەختی سەروو بەهەڵپاچینە.

**چ دولبەر:** مەبەست هیچ دلبەرێ، هیچ یارێ.

نابێ بکەم بە جوز تو سوحبەت لەگەڵ چ دولبەر
ئــارێ مـــەقــامی وەرەعە پەرهێزی تۆبەکاران

(سالم –ل ٩٣)

**چراغ:** چرا.

وەهـ چ خورەم دەوڵەتێکە بــا بەشەرتی تــوولی بێ
دەستی حەق بەم نەوعە ڕۆشن کا چراغی خانەدان

(سالم –ل ٩٠)

بە حوسنی یووسف ئارات و بە خولق و لوتفی شیرینت
چـراغـی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کەنعانی

(کوردی –ل ٦٠)

**چراغ نەگران:** مەبەست بایەخ پێ نەدانە.

وا ڕەقیب دەستی بە فیشاڵ کردەوە وەك بای غەزەب
بۆیە وا ئەمشەو لە بەزمی یار چــرای مــن ناگرێ

(کوردی –ل ٥٥)

**چراغی عومر ڕۆشن کردن:** مەبەست شاد و دڵخۆش کردنە، گەنج بوونەوە.

چراغ: چرا.

زەمانی ڕەوغەنی وەسلت چراغی عومری ڕۆشن کرد

بە سروەی بـــادی هیجرانت لەحاڵاتی فـــەنادا بوو

(سالم -ل ١١١)

**چلە:** چللە. چوونە خەڵوەتەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ بە مەبەستی خوا پەرستی، ئەمە بەزۆری لەخوا ترس و دەروێش و سۆفییەکان بە جێی دەهێنن و بە خۆراك و ئاوێکی زۆر کەم ئەو ماوەیە دەبەنە سەر.

لە پەستیی بۆ دەکێشن زاهیری غافڵ چلە و خەڵوەت

بچن عاشق بـــە باڵابن بڕۆن بۆ مـــەرتەبەی بـــاڵا

(سالم -ل ٣٧)

**چلەگوزین:** ئەوەی کە ژێی تیرو کەوانی هەڵبژاردووە، مەبەست تەنها ژێی کەوانەو تیری تێدا نییە، واتە تیروکەوانی بێ تیر.

چـلـلـە: ژێی کـەوان کـە لـە کـۆتـایـیـەکـەیـدا تـیـری تـێ دەخـرێ و بـەراکـێـشـان و بەڕەڵڵاکردنی، تیرەکە دەوەشێنرێ. ئەم وشەیە تورکییە. (سخن، معین).

گوزین: ڕەگی چاوگی گوزیدەن (= گزیدن)ی . ف یە، واتە هەڵبژاردن.

سەهم هەتا جوعبە نشین بێ گۆنە زەردی خەڵوەتە

قەوس هەتا چلە گوزین بێ هەر ئەسیری خوارییە

(نالی – ل٥٨٢)

**چم:** کورتکراوەی چیم.

من چم و حەددم چییە عاجز دەبێ لێم چاوەکەم

عـەقڵ و دینـم تـوحفـەیە گیان و دڵم سەربارییە

(کوردی -ل ٥١)

**چو:** وشەی پەیوەندی و لێکچوونە و کورتکراوەی (چون)ە، واتە: وەکو، وەك، کاتێ، کە، لەبەرئەوەی کە، بەم هۆیەوە، کاتێ کە، لەبەرئەوە.

هەروەها ئامرازی پرسیارە بەواتای چۆن، چ جۆرێ، وەك ئەمە. (عمید)

وانە بوو لێوت بە سروەی بای خەیاڵی بۆسەیێ
غـونچـەیی سێرابی نەشگوفتەت چو ناچید ما
(سالم -ل ٣٢)

**چوار تاق:** بە بینایەك دەوترێ کە لەوێنەی گومەزی بێت و لە سەر چوار ستوون خۆی ڕاگرتبێت، جۆرە دەوارێکی چوار گۆشەیە، هەروەها بە ئاسمانیش دەوترێ لە فارسیدا پێی دەوترێ چهار طاق، چهار طاقی.

هەر لە ئێستاوە وەها سەرمای تێدا سەرمـــا دەبێ
ڕەنگە ناوی لێ بنێی چوار تاقی سەرما تێ خزاو
(نالی -ل ٣٥٨)

**چوو:** وەك، وەکو. ئەم وشەیە کورتکراوەی (چوون، چون)ە.

ئەو فەوت و وەفاتە ســـەبەبی عـــەهـــدو وەفـــــاتە
چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و مول هات
(نالی -ل ١٤٢)

**چوونە دەروێشی:** مەبەست چوون بۆ سواڵکردن و دەرۆزەگەری.

زەرەر کەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی
فەقیری مـــولْکی هەوشار و غەریبی شاری تارانن
(سالم -ل ١٠٤)

**چۆبان:** چوویان، شوان، گاوان.

سەفی پاشانی باب ئۆغلی لە دێی گۆستە و دەباشانا
بە دەوری گەڵلـــەدا چـۆماغ دەرکـــەف جوملە چۆپانن
(سالم -ل ١٥)

**چۆڵگەرد:** چۆڵگەڕ، ئەو کەسەی کە شار و ئاوەدانی بەجێ بهێڵێ و بە دەشت و دەردا بسووڕێتەوە.

چۆڵ + گەرد.

گەرد: ڕەنگی چاوگی گەشتەن، گەردیدەن (= گشتن، گردیدن)ی ف. واتە: گەڕان، سووڕان، سووڕانەوە.

ئەی عەجەب سالم لە سەحرا ڕوو لــە ئابادی دەکا
یـاری شاری موژدەبێ چۆڵگەردی هـامون هـاتەوە
(سالم –ل ١٣٣)

**چۆڵی و کەنار:** مەبەست گۆشەگیرییە.

عـادەتم گرتووە ئەز بەسکی بە چۆڵی و کـــەنـار
جوغدی وێرانە لە هـەر گۆشە سەنا خوانی منە
(سالم –ل ١٣١)

**چۆماغ:** چۆمـاق، چوومـاق، وشەکە تورکییە.

داردەست، گورزی ئاسنی شەش پەڕە، مێکوت، کوتەك. (معین)

سەفی پاشانی باب ئۆغلی لە دێی گۆستە و دەباشانا
بە دەوری گەللەدا چۆماغ دەرکەف جوملە چۆپـــانن

**چۆماغ دەرکەف:** دار بەدەست، گۆچان بەدەست، گاڵۆك بەدەست.

چۆماغ: ⟶

دەر: لە، بە.

کەف: مەبەست دەستە، لەپی دەست.

سەفی پاشانی بـاب ئۆغلی لە دێی گۆستە و دەباشانا
بەدەوری گەلـــەدا چـۆماغ دەرکـەف جومـلە چۆپانن
(سالم –ل ١٥)

**چیت دیگە:** چیت دیوە.

لە نەزعا پێی دەڵێم قوربان جەفا بـەس بێ دەڵێ کافر
ئەمە چیت دیگە تـۆ سەگ مەرگی کارم ماگەپێت جارێ
(کوردی – ل ٥٣)

**چیلیپا:** ( ئارامی. صلیبنا، صلیب کراو بە عەرەبییەکەیەتی ) ئەو دارەی کە عیسایان لە سەر هەڵواسی، دارێکی چوار پەڕە، کە مەسیحییەکان بە نیشانەی لە داردانی عیسا دەیکەنە ملیان، یان لەگەڵ خۆیاندا هەڵیدەگرن، یان لە کلیسا و شوێنی تر دایدەنێن. نووسراوی کەوانی و پێچاو پێچ، زوڵفی یار. (معین)

شەڕیە لەسەر ئەندێشەیی ئەو مومین و تەرسا

کێشاویە لەسەر موسحەفی ڕوو شکڵی چیلیپا

(سالم – ل ٢٦)

**چین:** مەبەست چین و لوولی زوڵفە. بە واتای وڵاتی چینیش هاتووە.

عبووری دڵ بە چینی زوڵفتا بۆ ماچی ڕوخسارە

قەلەندەر ڕاست بۆ چین چوو وەلێ مەیلی بە ماچین بوو

(سالم – ل ١٠٨)

**چێهرە:** دەموچاو، ڕوو.

عەزیزە وا لەناو چاهە خوداوەندا نەجاتی دە

لە چێهرەی ئەو بکا یەعقووب دەڵێی شێوەی سەفا پەیدا

(سالم – ل ١٩)

مەگەر وەختێ لە سەیری خاڵی چێهرەت دیدە فاریغ بێ

سیاهی مەردومەك بتکێ لەگەڵ ئەشکم بەسەر ڕووما

(سالم – ل ٣٣)

**چێهرەی قەمەر:** دەموچاوی جوان، ڕووی جوانی وەك مانگ.

چیهرە: ڕوو.

قەمەر: مانگ.

ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی سوبحدەم

هەم زوڵفی قیر گوونە و و هەم چیهرەیی قەمەر

(سالم – ل ٦٧)

# ح

**حاتەم:** حاتم طی = حاتم طائی. حاتەم کوڕی عەبدوڵلا کوڕی سەعدی تانی، لە تیرەی تەی (= طی) سەردەمی پێش ئیسلام، پیاوێکی جەوامێر و بەخشندە بوو، عەرەب لە بەخشندەیی و پیاو چاکیدا بۆ نموونە ناوی دەبەن. (معین)

لە زوڵمی چەرخی دوون پەروەر سەختی تەبعانی حاتەم دڵ
بــە ڕاهی کــۆیی دوونانا لــە هــەر سوو کــاســـە گــەردانن
(سالم – ل ١٥)

وەختی بـەخـشش بــۆ بنووسم داستـــانی هیمەتت
مەردی دانا وەسفی جوودی حاتەمی تەی کەی دەکا
(سالم – ل ٣٠)

**حاتەم کرد خوان:** خوانی حاتەم کرد. مەبەست خوانی ڕازاوە و پڕ لە خواردەمەنی هەمە جۆرە.

حاتەم: ⟵

شێوە کەل بوو بوو بە خانەی پادشا وەختی نــەهـار
دیم لە هەر سوو سفرەیی ئەیوانی حاتەم کرد خوان
(سالم – ل ٩٠)

**حاجیب:** حاجب. ع. دەرگاوان، قاپیەوان، پەردەدار، بە زۆری بۆ مەبەستی پەردەدار و قاپیەوانی کۆشکی پاشا و میرەکان بەکار دێت. هەر وەها بە واتای ڕاگر و ئەوەی دەبێتە هۆی نەبینینی شتێ یان کەسێ بەکار دێت.

موقیمی خاکی کۆی جانان بووم حاجیب دەری کــردم
لەبەر چــاوی عەدوو بۆ من ویقارێ بوو ئەویش ڕابورد
(سالم – ل ٥٥)

حاجیب ئەر ڕێ بدا دڵم دێنێ
دەمی دەر ئیستادە بم دایـــم
(سالم – ل ٨٧)

ئــەگــەر پـایـانـی بــێ هیجرت لـە دەرگـاتـا هــەتـــا دەمرم
بە مەحزی جەوری حاجیب یەك وەجەب مەیلی سەفەر ناکەم
(سالم – ل ٨٤)

**حافز:** حافظ. (خواجه شمس الدین محمد بن بهاء الدین حافظ شیرازی) هەروەها ناسراو بە(لسان الغیب)، حافز یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی فارسی زمان، کە بە وریایی و توانایەکی بێ وێنەوە، لە هۆنراوە دڵدارییەکانیدا بیری وردی عیرفانی و فەلسەفی و لیریکی بە وشەی هەڵبژاردە و جوان ڕازاندۆتەوە، لەم ڕێگەیەوە شاکارێکی نەمری بێ وێنەی لە ئەدەبی فارسیدا هێنایە کایەوە. لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی کۆچی (= ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەمی زایینی) لە شیرازدا لەدایك بووە، لە هەمان شاردا زانستی ئەدەبی و شەرعی و پلەکانی عیرفانی خوێندووە. لەبەرئەوەی کە قورئانی لەبەر بووە حافز (= حـافـظ)ی کـردووە بـەنـازنـاوی خـۆی، لـە بـارەگـای پـاشـاکـانـی ئـیـنـجـو و ئـاڵ موزەفەر کاری دیوانی بەسەر بردووە، تا لە ساڵی ٧٩١ ك دا (= ١٣٨٩ ز)، لە شیراز کۆچی دوایی کردووە، دیوانی شیعرەکانی پێکهاتووە لە قەسیدە، هۆنراوەی دڵداری، دوو بەیتی، ساقی نامە، بە بەحری هەزەجی موسەدەس و چەندەها پارچە و تەرانە. بایەخی ئەو لەوەدایە کە توانی ناوەرۆکی عیرفانی و دڵداری بە جـۆرێ تـێـکـەڵاو بـکـات کـە لـە هــەردوو شێوەی غـەزەلـی عـاریـفـانـە و عـاشـقـانـە

شێوەیەکی نوێ بهێنێتە کایەوە. ئەم مامۆستا شاعیرە بیرەکانی خۆی بە وشەی زۆر جوان و ڕازاوە سازکرد و بەهۆی توانای زۆری خۆیەوە ناوەرۆکی بەرزو واتای زۆری لە شیعرە کورتەکانیدا گونجاند، ئەمانەی کە حافز لە شیعرەکانیدا بەکاری هێنان نوێ و جوان و بێ وێنەن، کە لەمەدا ئەو پەڕی تواناو چێژ و سروشتی بەرزی خۆی پیشان دا، کەم شاعیر دەتوانرێ لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێ. واتای عیرفانی و فەلسەفی حافز، هەرچەندە نوێ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەگەڵ هەستی ناسك و جوان و هەندێ جار لەگەڵ تین و جۆشی گیانی ئەودا تێکەڵاو بووە و قەشەنگییەکی تایبەتی هەیە، هەرچۆنێ بێت غەزەلەکانی حافز نموونەی زۆر نایابی زمانی فارسییە. (از سعدی تا جامی، براون، ج٣ ص ٢٩٨ – ص ٣٤٢ – تاریخ ادبیات ایران، دکتر شفق – گنج سخن، دکتر صفا، ص ٥٥٤.)

کەلامت حافزا دڵسەنجە بۆ سالم وەها چاکە
(کــە بــــر نظم تــو افشــاند فلك نظم ثــریارا)
(سالم – ل ٢٤)

حــافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جــامی و دیهلەوی
فەیز خواهـ و مەعریفەت جۆ بوون لە شاکردانی عیشق
(کوردی – ل ١٩)

**حاڵ زان:** شارەزا و جیهان دیدە، وریا و لێهاتوو.

گــیــان فیدای مـەحبوویە بێ بــێ دڵنەواز و حـــاڵ زان
هەمدەمی ناکەس بەچەو هەمسوحبەتی ئـــەغیار نەبێ
(کوردی – ل ٥٢)

ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسواکرد
دریغ کــوا حــــــاڵ زانێ ڕەبــی تــووشم بێنی بــیمــــارێ
(کوردی – ل ٥٣)

**حاڵی غەرغەرە:** مەبست کاتی سەرەمەرگ و گیان دەرچوونە، گیانەڵا.

کەوتمە وەختی مردن و غەم خستمیە حـــاڵی غەرغەرە

کوردی بێکەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات

(کوردی – ل ١٢)

**حەبەش:** مەبەست پەرچەم و ئەگریجەی ڕەشی یارە.

لەسەر ڕوو لادە تـاری تورەیی موشکینی تـاتارت

حەبەش دەستی تەتاوڵ با نەکێشێ بەسەر ڕووما

(سالم – ل ٣٣)

**حەبەش زادە:** مەبەست خاڵی ڕەشی سەر گۆنای یارە، بەڵام حەبەش زادە خۆی واتە: لە دایك بووی وڵاتی حەبەش، کە پێستیان ڕەشە.

خـاڵی ڕووت قوربان بە عەییاری دڵی خـەڵقی دزی

بۆچی ڕێت دا بێتە ناو باخ ئەو حـەبەش زادەی دزە

(کوردی – ل ٤٨)

**حەببە:** حبه. ع. یەك دانە، دانە، یەك حەب، بڕێکی کەم، هەندێ، کەمێ: یەکەیەکی کێشانە کە بڕی یەك (جەو = جۆ) یەو چارەکە قیرات (قیراط) ێکە. [قیرات کراو بە عەرەبییە، لە یۆنانیدا Keration. لە فەرەنسی و ئینگلیزی. Carat] ئەمڕۆ یەکەی کێشانە بۆ ئەڵماس کە دەکاتە نزیکەی ٢٪ گرام. (معین)

مەخزوونی ڕوقعە حەببە بـە حەببە لە کەففەدا

خـالیس دیـارە مس کـە مســـە عـەینی زەڕ زەڕە

(نالی – ل ٤٤٥)

**حەبیبی حەق:** مەبەست پێغەمبەرە. خۆشەویستی خوا.

حەق: حق.ع. لای سۆفییەکان زاتی خوایە. هجویری دەڵێ: مەبەست لەحەق خوداوەندە و ئەوەی کە خوا لەسەر خۆی بە پێویستی داناوە پێی دەڵێن حەق. (اصطلاحات)

فائیز دەبێ بە نووری نەجاتی حەبیبی حەق

لەو جێگەدا بە کوێریی ئەو خەسمە نەبتەرە

(نالی – ل ٤٣٥)

**حەجاجی حەبەش:** مەبەست ڕەنگی ڕەشە.

لە تەوافی حەرەمی کەعبەیی ئەربابی وەفا

وەکو حەجاجی حەبەش سیلسیلەیی موویی حەبیب

(سالم – ل ٤٥)

**حەرارەت نوما:** حەرارەت نەما. گەرمی نیشاندەر، گەرما پیشاندەر.

نوما = نەما: ڕەگی چاوگی نوموودەن (= نمودن)ی ف. یە. واتە: نیشاندان، دەرخستن، ئاشکرا کردن.

غەیری تەڕیی عیشقی حەرارەت نوما نەما

بەفریش لە سەرد و گەرمی خەجالەت توایەوە

(نالی – ل ٥٥٣)

**حەرەم:** حرم. ع. دەوروپشتی ماڵ، ناو کۆشك و سەرا، ناو ماڵ، ناو کەعبە، دەوروپشتی کەعبە، دەوروپشتی مەزاری ئیمامەکان، هەر شوێنێ کە لەژێر چاودێری پیاو دابێت، شوێنی ماڵ و منداڵ و خێزان. (عمید)

ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە سپیلەیی دز

پاسەبانی سەری ئەم کوویە جەوان مەردانن

(سالم – ل ٩٤)

**حەربا:** حرباء. ع. گیانلەبەرێکی خشۆکە وەکو مارمێلکە وایە، کە لەبەر هەتاودا خۆی دەگۆڕێ بە ڕەنگی جۆرا و جۆر، بۆ بێ باری بووە بە مەسەل.

نەیبری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق

بۆ دەوامی ڕۆژ پەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو

(نالی – ل ٣٦٠)

**حەرز:** حرز. ع. پاراستن، ئاگالێبوون.

جیهان گەر ڕوو بە ڕووی من بێ بە خوێن ڕێژی زەفەر نابا
دەکەم بۆ حەرزی جان و دڵ بە چالاکی نیا پەیدا
(سالم – ل ١٨)

**حەرف:** حرف. ع. مەبەست، وتە، قسەیە.

بۆ ملکی شامە نامەیی من سوویی نالی یە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ١١٩)
نیسبەتی رووم دا بەگوڵ گیسووی بەمیشك
سەهوە حەرفی ئەوەڵم سانی خەتا
(سالم – ل ٢٥)

حەدیسی نەنگ و نامم زۆر شوکور مەشهووری عالەم بوو
لە حەرفی موددەعی ناکەس نییە باکم منی ڕیسوا
(سالم – ل ٣٧)

شەکەر ئەفشانی شیرین زمان مایەی حەلاوەت بوو
دەهان شیرین دەکا هەر حەرف نیکتەی وەك شەکەر کاغەز
(سالم – ل ٧١)

دوسەد بار گەر بەگوێی خۆم حەرفی ساردت بژنەوم شادم
(جواب تلخ می زیبد لب لعل شکر خارا)
(کوردی – ل ١٠)

**حەریم:** حریم. ع. ئەوەی کە حەرام کراوە و نزیك بوونەوە لێی نابەجێیە، شوێنێ کە پێویستە بەرگری لێ بکرێت، دەوروپشتی ماڵ و باڵەخانە. (عمید)

ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە سپیلەیی دز
پاسەبانی سەری ئەم کوویە جەوان مەردانن
(سالم – ل ٩٤)

**حەزەر:** حضر. ع. پێچەوانەی گەشت و گوزارە، واتە نیشتەجێ.

دائیم لە حــەزەردا ســـەفـەری بـە لـــە وەتەندا

غوربەت کەش و عاجز بە ئەگەر ئەهلی تەریقی

(نالی - ل ٦٥٦)

بـاوجود تاکەی ڕەقیب یـــاوەری ئــەم دلبەرە بــێ

هیچ تەفاوت نییە بۆ من لە حەزەر بێ یا لە سەفەر

(کوردی - ل ١٦)

**حەزیرە:** حظیرة. ع. شوێنێ کە دەورووپشتی دەورە درابێ بە دار و قامیش و درك. شوێنێ کە بۆ ئاژەڵ و چوار پێیان ساز کرابێ تا بیانپارێزێ لە باو باران و سەرما.

ئێمـە بـە قیعی غیرەتی تــۆمـان حــەزیرەیە

ئەم نەفسە گورگەمێشە شەیتانی عــەسکەرە

(نالی - ل ٤٣٢)

**حەساری:** حصاری. ح. ئەوەی کە پەنا دەباتە ناو قەڵا، زیندانی، بەندکراو.

کە زانی بۆ نیشان تیری نیگاهت قەت خەتەر ناکا

لە قەلعەی سینەیی تەنگا دلی ســـالم حــەساریتە

(سالم - ل ١٢٤)

**حەساریی بوون:** بەند بوون، زیندانی بوون، گیرخواردن.

حەسار: حصار. ع. دیوار، دیواری قەڵا، شوورا، هەر شوێنێ کە دیواری بەرزی بە چوار دەورەدا کرابێت.

دڵی پڕ وەحشەتم جـانـــا لـەبـەر مــــوژگانی وەك تیرت

حەساریی بوو لە حەلقەی دەرهەمی گیسوویی زنجیرت

(سالم - ل ٤٧)

**حەسرەتا:** بەداخەوە، مخابن، ئەفسووس.

سەر بلووك لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتە پێش

حــەسرەتـــا بـــازهــەم نـــەیانزانی نیزام وا بێحـەیـان

(سالم - ل ١٣)

لاغری تـــالیع شکاندی حـــەسرەتا بـــازوو و قــــەدی

ئەختەری بورجی موزەففەر خۆی لە ئێمە کرد نیهان

(سالم – ل ٩٨)

**حەسیری بووریا:** جۆرە حەسیرێکە لە قامیشی بووریا دروست دەکرێ.

بووریا: بوریا. چۆتە عەرەبییەوە و لە ئارامی و سۆمەرییەوە وەرگیراوە. (معین)

ئەمن و ئەسپ هەردوو بە جووت ئوستاد و شاگردی خەیاڵ

ئـــــەو لە نـەقشی تـوورەکە مـن بـۆ حـــەسیری بـــووریا

(سالم – ل ٤٢)

**حەفیر:** حفیر، حفیرە. ع. چاڵ. گۆڕ. (حفائر) کۆیە.

شەفیری چاڵی شۆری هـەر دەڵێی لـەعلی نمەك پاشە

حەفیری چاهی وشکی هـەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

(نالی – ل ٤٩٥)

**حەق:** حق. ع. خوا، خودا، یەزدان، پەروەردگار.

ئینس و جن موعتەریفی قودرەتی حەقن بە یەقین

(همـــە در ذکــر و مـــــنـاجات و قیامند و قـعود)

(سالم – ل ٥٧)

بەختی سووتێ سا لەڕێی حەق حەق حەقی لێ وەرگرێ

بـەد نمەك گیری نمەك بـــێ وەك ئـەوان دایان بـەمان

(سالم – ل ١٠١)

**حەکیمی ڕۆمی:** ⟵——— مەولەوی.

کــەس وەك دڵم لە شۆری مەحەببەت بەڵەد نییە

هەروەك حـەکیمی ڕۆمی و ئـەشعاری مـەولەوی

(سالم – ل ١٥١)

**حەلقە دەر گووش:** هەڵقە لە گوێ، بەندە، کۆیلە.

حەلقە: حلقە. ع. هەڵقە.

دەر: در. ف. لە.

گووش: گوش. گوێ.

حەلقە دەر گووشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
بـا نـە نـالێ لیێ مـەدە (عـن لطمە کُـف الکفە)
(نالی – ل ٤٥٠)

گەر نەوێرێ ڕێی سەگی قاپیت بەرن بۆ جێی غەریب
سـالمی مسکین لــە دەرگا حەلقە دەر گووشی دەکا
(سالم – ل ٣٢)

**حەلقەی ئەژدەها:** مەبەست پرچی لوول و درێژی دلبەرە.

وەها بێ گـەر لە بەندی زوڵفی یـارا گـەردەنم ئـەمجار
بە سەهلی بەعدەزین بازی بـە حەلقەی ئەژدەها ناکەم
(سالم – ل ٨٥)

**حەلقەی دەر:** هەڵقەی دەرگا، هەڵقەیەکی ئەستووری لە ئاسن دروستکراوی بازنەییە و بە ئەندازەی بازنێ گەورەترو ئەستوورتر، ژێرەکەیشی پارچە ئاسنێ بوو، بۆ دەرگا لێدان بەکار دەهات لە جیاتی زەنگی ئێستا.

حیرەت زەدە وا دیدە وەکو حەلقەیی دەرمـا
بـێ مـایـە نییە عـاشقی بێچـارە بفـەرما
(نالی – ل ١١٨)

**حەلقەی هیندوو:** مەبەست زوڵفی ڕەش و لوولی یارە.

هیندوو: [پەهلەڤی. Hindūk. هیندی.] (معین)

خەڵکی هیند، بەلام وشەی هیندوو کاتێ کە لەگەڵ زوڵف، یان خاڵدا بەکار دێت، بە واتای زوڵفی ڕەش و خاڵی ڕەش دێت.

کوفری زوڵفە تـار و مـاری ئەرقەمـن
سفری خاڵە حەلقەیی هیندووسییان
(نالی – ل ٣٢٣)

**حەمایڵ:** حەمایل = حمایل = حمائل. ع. بەندی شمشێر، ئەوەی کە دەکرێتە شان، یان بە کەمەرەوە هەڵدەواسرێ، یان توند دەکرێ. پارچەی ئاوریشمینی وەکو شریت بڕاو و ڕەنگاو ڕەنگ پاشا دەیدات بە خزمەتکاران بە پێی ئەو کار و خزمەتانەی کە کردوویانە. (معین)

یان ئەوەی کە بکرێتە شان و ملەوە وەکو دۆعا، شمشێر... هتد

حەمایڵ کە دەمی تیغت لە حەلقەی گەردنی نـالی

مەگەر تێراو ببم بەو ڕەنگە، تینووی ساعیدی یـارم

(نالی – ل ٢٧٥)

دەستی من تەعویزە بۆ ڕەددی بەڵا

بـا حەمایڵ بـێ لـە ملتا بێڵە سـا

(سالم – ل ٢٥)

**حەملەوەر:** هێرشبەر، پەلاماردەر.

قەهر ناك و سەر بەرەهنە ئاتەش ئەفشان حـــەملەوەر

جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەرسوو وەكو بەبری بەیان

(سالم – ل ١٠٠)

**حەنزەل:** حنظل. ع. کاڵەکە مارانە، گووژاڵك، جۆرە کاڵەکێکی کێوی بچووکی تاڵە.

عیشقی تـەڵخی بـە فیراقم لــــە ویســالا دەسکەوت

ڕوویی من حەنزەلی ئەو توندیی ئەو شەککەری من

(سالم – ل ٩٤)

**حەووا:** حواء . دووەمین ئادەمیزادە کە خوا دروستی کردووە و هاوسەری ئادەمە، ئەم ناوە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام لە چەند شوێنێکدا ناوی ژنی ئادەم هاتووە، وەکو لە ئایەی ١: لە سوورەی نساء ٤:... ربکم الذي خلقكم من نفس واحدةٍ وخلق منها زوجها وبث منها رجالاً كثيراً ونساءً. واتە:

خوای ئێوە ئەوەیە کە ئێوەی دروست کرد لەیەك کەس و لەویش جووتی ئەوی دروست کرد و لە وانیش پیاوان و ژنانی زۆری بڵاو کردەوە. بەڵام لە تەوراتدا

ناوی حەووا هاتووە وەکو لە سفری پەیدا بووندا، باب٣، ئایەی ٢٠، دەڵێ: (وە ئادەم ژنەکەی خۆی ناو نا حەووا.)

حەووا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست بوو، دروست بوونی حەووا لە پەراسووی چەپی ئادەم بە درێژی لە تەفسیرەکاندا باس کراوە و لە تەوراتەوە وەرگیراوە، کە دەڵێ:

خوا خەوێکی گەورەی زاڵ کرد بەسەر ئادەمدا، تا نوست و یەکێ لە پەراسووەکانی دەرهێناو بێ گۆشت جێگەکەی پڕ کردەوەو لەو پەراسووەی ئادەم ژنێکی دروست کردو هێنای بۆ لای ئادەم، ئادەمیش وتی ئەمە یەکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتێکە لە گۆشتم، لەبەرئەوە با ناو بنرێ (نسا) چونکە لە ئینسان وەرگیراوە. سفری پەیدابوون – باب ٢، ئایەتەکانی: ٢١، ٢٢، ٢٣.

لە تەفسیری تەبەری (طبری)دا هاتووە کە: «ئینجا خوای گەورە ویستی کە لە ئادەم کەسێ دروست بکات هەر وەکو ئادەم، ئینجا کە ئادەم نوست و خەو بە سەریدا زاڵ بوو... خوای گەورە حەووای لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست کرد بە توانای خۆی، کەسێکی وەکو ئادەم، بەڵام مێ... وە لە پەراسووەکانی چەپی پیاوان یەك پەراسوو کەمترە لە پەراسووی ژنان، چونکە خوای گەورە حەوای لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست کرد. ج ١ – ٥٠. بەم واتایە لە کتێبی ئەدەبی و عیرفانیدا ڕەنگێکی فراوانی داوەتەوە.

حەووا کە دایکی ئادەمیزادە، بە شێوەی داهێنان لە پەراسووی ئادەم دروست کرا. اسرار التوحید – ٣.

نوکتە بێژان دەڵێن کاتێ ئادەم لە بەهەشت نوست حەووا لە پەراسووی چەپی ئەو دروست کراو هەموو بەڵایەکی ئەو لە حەوواوەیە. کشف المحجوب – ٤٦٠.

لە ڕووی ڕاستییەوە ئادەم وێنەی هۆشی تەواوە و حەووایش وێنەی نەفسی کوللە، بەم جۆرە پەی دەبرێت بە چۆنێتی پەیدا بوونی حەووا لەلای چەپی ئادەمەوە. شرح گلشن راز – ١٩٥

بەڵگەی دروست بوونی حەووا، تەنیا ئادەم بوو، لە سوورەی اعراف ٧، ئایەی ١٨٩، دەفەرموێ کە خوا حەووای لە ڕەگەزی ئادەم و ئادەمیزادیی ئەو دروست کرد، تا ئادەم بەهۆی ئەوەوە ئارام بگرێ و ڕزگاری ببێ لە ترس و تەنیایی... و

جعل منها زوجها ليسكن اليها.   واته: جووتی ئەوی لە ئەو دروست کرد، تا لەگەڵ ئەودا ئارام بگرێ. (تلمیحات - ص ٢٣٤ - ص ٢٣٥)

بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی بەس

نالی چییە ئـەو بابە ئادەم کوڕ و حەووا کچ

(نالی - ل ١٦٢)

**حەیا بۆ ماهی مەستوور:** واتە شەرم و حەیا بۆ دلبەری شۆخ و شەنگی پەنهان و شاراوە.

لەبی تەشنەی کوهەن زەخمم بە خوێنی تازەگی تەڕبێ

حەیا بـۆ مـاهی مەستوورم کە دەستووری نـەزەر نادا

(سالم - ل ١٧)

**حەیات بڕین بە دیدە:** مەبەست ژیان شێواندن و تێکدانە بەهۆی سەیرکردن و گیرۆدە بوونەوە، یان بەهۆی چاوە کاریگەرەکانەوە.

تـۆ حـەیاتی منت بـە دیدە بـڕی

تۆ بە ئاهوو دەکەی شکاری پڵەنگ

(سالم - ل ٧٨)

**حەیران:** سەرگەردان.

دڵ موزمەحیلی دەردە وەکو دیدە لـە نمدا

حـەیران و پەرێشانە وەکو قـەترە لە یەمدا

(نالی - ل ٩٤)

**حەیی ئەکبەر:** مەبەست خوای گەورەیە، گەورەترین زیندوو، گەورەترین نەمر، خوداوەند، خوا، خودا، یەزدان، پەروەردگار.

ئـەو سێبەرە کە مەزهەری حوببی خـودایە

کەنزی موتەلسەمی نەزەری حەییی ئەکبەرە

(نلی - ل ٤٢٤)

**حرووفی لا بەقا:** مەبەست لە ناو چوونە.

ئەگەر ناوی بەقای نۆشیبێ دوژمن فائیدەی نــادا
لە مەوجی جەوهەری تیغی حرووفی لا بەقا پەیدا
(سالم – ل ١٩)

**حرووفی نا:** مەبەست نەخێرە، نە، نا.

کە نووسراوە لە مەکتەبخانەیی عیشقا حرووفی نا
جەوابت هەر بەڵێ بۆ سالمە گەر نەمری مردن بێ
(سالم – ل ١٤٠)

**حوججەت:** حجت، حجة. ع. بەڵگە، ئەوەی کە مەبەستێکی پێ جێگیر بکرێ. ناوە بۆ ئەو کەسەی کە زانای گەورەبێت لە کاروباری شەرعیدا.

لــە بێ ئینسافیا ئەکوژێ بەئیمـــا ســەیدی خــەڵوەت
بە مەزموونی عەفوو گەر نامەیی قابیز بە حوججەت کا
(سالم – ل ٢٨)

**حوقە:** حقە. ع. قوتووی بچووکی تایبەت بە مجەوهەرات و شتی بەنرخ.

ئــەگــەر تــالیع ببێ کــوردی ســزایـــە
بــە حوققە دوڕ و گەوهەر کــەن نیسارم
(کوردی – ل ٢٤)

**حوققەی تیب:** قوتووی تایبەت بە بۆن خۆشی و عەتر.

حوققە: ⟵

تیب: طیب. ع. بۆن خۆشی.

ئەی قوببەیی تەیبە کە دەڵێی حوققەیی تیبی
مـــــەئـــــوایـــــی حـــــەبـــیـــبی
(نالی – ل ٢٦٦)

**حوققەی دەم و جەوهەر:** مەبەست دەم و لێوی زۆر جوان و دانی سپی و ورشەدارە.

حوققە: ⟵

جەوهەر: کراو بە عەرەبی (گەوهەر)ە، کە بەردی بە نرخی وەك ئەڵماس و پیرۆزە و... هتد

تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لە نێو ئەودا

بەڵێ مسقاڵە زەڕە زاهیرە جیلوەی لە پڕ تەودا

(نالی – ل ٨٧)

حافزی شیرازیش لەم بارەیەوە دەڵێ:

وگر کنم طلب نیم بوسە صد افسوس

زحقەء دهنش چون شکر فرو ریزد

(حافظ، قزوینی – ص ١٠٦)

واتە ئەگەر داوای نیوە ماچێکی لێ بکەم سەد قسەی شیرینی وەك شەکر لە دەم و لێوی وەك قوتووی موجەوهەراتی دێتە دەرەوە، کە هەمووی ڕێگە نەدان و فڕ و فێڵییە.

**حوققەی فەلەکول ئەتلەس:** مەبەست ئاسمانی نۆهەمی پڕ لە ئەستێرەی ورشەدار و جوانە.

حوققە: ⟶

فەلەکول ئەتلەس: فلك الاطلس. ئاسمانی نۆهەم، عەرش.

حوققەی فەلەکول ئەتلەس و ئەستوونەیی زێڕین

بێ بیکە بە تارای سەر و ترکەی خەز و والا

(نالی – ل ١١٧)

**حوققێکی زەڕ:** کورتکراوەی حوققەیێکی زەڕە. واتە سندووقێکی بچووکی ئاڵتوون.

حوققە:⟶

حوققێکی زەڕی سافی لەسەر بانی نرابێ

ئەختێکی بە سەد سەنعەتی مانیی قڵەشابێ

(نالی – ل ٦١٤)

**حووری عین:** حورالعین. ع. مەبەست ژنی شۆخ و شەنگی بەهەشتە، ژنی زۆر جوانی

چاورەشی بەهەشتیی.

حەلاڵ بێ نیکاحی حـووری عینم

بە جووتێ نازیری شەرع و فەتاوا

(نالی – ل ١٢٢)

حور عين مى گذرد در نظر سوختگان

یـامه چـارده یا لعبت چین می گذرد

(كليات سعدى، فروغى – ص ٤٧٦)

واتە: شۆخ و شەنگی بەهەشتیی لەبەر چاوی سووتاوەکان تێدەپەڕێ، یان مانگی چواردە، یان بووکی جوان و ڕازاوەی چین تێدەپەڕێ.

**حۆری:** یەکێ لە ژنانی بەهەشتی، وشەکە عەرەبییە و لە کوردیدا وا بەکاردێت وەکو باس کرا، لە عەرەبیدا (حور) کۆیە و (حوراء) تاکە، واتە ژنی سپیی پێست و چاو و موو زۆر ڕەش، بەڵام لە فارسیدا (حور) تاکە و (حوران) کۆیە، لە کوردیدا (حۆری) تاکە و (حۆریان، حۆرییەکان) کۆیە، هەندێ جار لە فارسیدا وەکو کوردی (ی)ی دەچێتە سەرو دەبێ بە (حوری)و کۆیەکەی (حوریان)ە.

تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی

لـەم دڵـەی پڕ شـەرەر و سـینـەی سۆزانـمدا

(نالی – ل ٩١)

**حیجابی بیروون و دەر:** مەبەست دەرگای ژوورێکی داپۆشراوە بە تاری جاڵجاڵۆکە.

حیجاب: پەردە، ڕووپۆش.

بیروون: دەرەوە.

دەر: دەرگا، دەرەوە.

دڵ نایەڵێ بڵێم چییە سـامـانی حـوجرەکەت

هەر تاری عەنکەبووتە حیجابی بیروون و دەر

(سالم – ل ٦٨)

**حیجاز:** حجاز. ناوچەی ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبستانە، بە درێژایی دەریای سوور.

هەروەها یەکێکە لە دوانزە مەقامە موسیقاکەی ئێران. (معین)

تالیبی ڕاهی حیجازم لە موخالیف هەڵدەن
بێ ئەوا قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە
(نالی – ل ٥٩٥)

**حیرەت زەدە:** سەرسوڕماو، واق وڕماو.

حیرەت: سەرسوڕماو.

زەدە: لێدراو.

حیرەت زەدە وا دیدە وەکو حەلقەیی دەرما
بێ مایە نییە عاشیقی بێچارە بفەرما
(نالی – ل ١١٨)

**حیرس:** حرص. ع. چاوچنۆکی، تەماع.

تووتیی تۆ لە حیرسی دڵ داوی تەمەع دەکاتە مل
بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنیە و تەرەب دەکا
(نالی – ل ١٠٠)

بیش و کەم بێ شکەم و حیرس وەکو تیفلی ڕەزیع
زاوییە بێشکەم و بێ شکەم و بێ حیبەلم
(نالی – ل ٢٩١)

**حیسن:** حصن. ع. قەڵا، پەناگا، جێگەی سەخت و بڵند بۆ خۆپاراستن.

حوکمی تۆ حیسنی ویلایەت عەزمی تۆ پەرژینی باغ
عەزمی تۆ پابەندی ساریق عەدلی تۆ ئەمنی مەکان
(سالم – ل ٩٢)

**حیسنی ئاهین:** قەڵای ئاسن.

حیسن: ⟶

ئاهین: ئاسن.

کــە بـێ تیری نیگاهت وەختی ئیما بــۆ دڵــی خــوێنین

بـە نەرمی مۆمەسینەم گەر سەراسەر حیسنی ئاهین بێ

(سالم – ل ١٤٠)

**حیسنی دڵ پەرویزەنە:** قەڵای دڵ کون کونە، مەبەست دڵی بەهێز کون کونە.

حیسن: ⟵

پەروێزەن: بێژنگ، هێڵەك، هەر ئامرازێ کە کون کون بێت و شتی ورد کراوی پێ ببێژرێت.

تــا لـە جێی پـەیکـانی تیرت حـیسنی دڵ پـــەروێزەنــە

شەوقی میهری ڕووت بە ڕەوزەندا کە دێ جێی ڕەوشەنە

(سالم – ل ١٣٠)

**حیکمەت:** حکمة. ع. گەلێ واتای هەیە وەك: زانست، زانایی، وتەی ڕاست و دروست، پەند و ئامۆژگاری، فەلسەفە... هتد. (معین)

نــالی نییەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعرە

ئـەمما نییەتی قـووەتی دڵ قـــودرەتی ئینشا

(نالی – ل ٧٨)

# خ

**خاتەمی شان:** ئەو نیشانەیەی کە بەشانی پێغەمبەرەوە بووە.

سیراجی ئـەنبیا خــەتمی ڕوسول نووری موبینی حــەق

کە عالی کەعب و قەدر و دەست و سەدر و خـاتەمی شانە

(نالی – ل ٥٠٥)

**خاتەمی لەعل:** دەم و لێوی سوور و جوانی دلبەرە.

خەیـاڵم تیژە وەك ئەڵمـاس و هـەم لـەم فیکرەدا کۆڵە

لەباتی خـاتەمی لەعلت مــەگەر یـاقووتە یـاقووتە

(سالم – ل ١٢٢)

**خاتر:** خاطر. ع. ئەندێشە، یان ئەوەی کە دڵ بیری لێ بکاتەوە و لە دڵدابێت.

خـاتری زاهیدی خـاڵیی خـاڵیی

نییە ئەڵبەتتە لە بێنێکی ڕیــا

(نالی – ل ١٢٧)

ئۆف خودا جەژنە بـۆ حــاڵی غەریبان مــاتەمە

بـا وجوودی زەوقی مەردوم خـاتری من پڕ خەمە

(سالم – ل ١٥)

کـە سوڵتانی خـەیاڵت بێتە خــاتر

دەبێ شاهی خیرەد مەیلی سەفەرکا

(سالم – ل ٣٠)

**خاتری جەمع:** خاطر جمع. ع. ئەمڕۆ لە کوردیدا (خاترجەم)ە، واتە دڵنیا، کەسێ کە بیر و هۆشی ئارام و لەسەرخۆبێت.

خاتر: ⟶

جەمع: کۆ، ئەمڕۆ لە کوردیدا بووە بە (جەم).

خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو

نێستە بـۆ زوڵفی کـەسێ مەشقی پەرێشانی دەکــا

(نالی – ل ١٠٤)

نەسیمی کۆیی تۆ خاتر دەکا جەم

بـەبۆی تورەی پـەشێوی پانیـاتان

(کوردی – ل ٣٥)

**خار:** دڕك.

سـەودا زەدەکەی زوڵفت ئەزهـاری لەکن پەشمە

دوور لەو گوڵە بێ خـارە گوڵزاری لەکن پەشمە

(نالی – ل ٤٧٤)

شۆرەزاری خــاکی ڕەی ئــەمجارە دامەنگیرمە

ڕوو لە هـەر وادی دەکەم خاری وەکو زنجیرمە

(سالم – ل ١٦)

لەبن خاری موغیلان وەسڵ ئەگەر بێ ئارەزوو ناکەم

(کـنــــــار آب رکــنـابـاد و گلگشت مصــــلارا)

(کوردی – ل ١٠)

**خارا:** جۆرە ئاوریشمێکی خەت خەتاوییە، جۆرە بەردێکی سەختەو پێکهاتووە لە بلووری

ئەسڵی کوارتز، کە ڕەنگی خۆڵەمێشی و سەوزە، هەروەها ناوازێکی مۆسیقییە. (معین)

خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی
(نالی – ل ٦٦٥)

پەناهم شەهسوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا
دەکا زەربی سمی ئەسپی لە خارا تووتیا پەیدا
(سالم – ل ١٨)

عەجەب ئاسایشێکم دی لە هیجرت
لە خارا ڕەقترە بۆ من پەڕی قوو
(سالم – ل ١١٥)

**خارپوشت:** ژیشک، ژوو ژوو.

خار: دڕک.

پوشت: پشت.

هاتە ڕووی دڵ لە غەمزە بەسکی خەدەنگ
خانەیی خار پوشت سینەیی تەنگ
(سالم – ل ٧٨)

**خار و خەس:** دڕک و داڵ.

خار: دڕک.

خەس: پووش، گیای وشك.

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
(نالی – ل ٣٨٢)

**خاری خەم:** خاری غەم. مەبەست غەم و خەفەتی زۆر و کاریگەرە.

خار: درك.

له سەحرای سینه خاری خەم ڕواوه

له هەوری دڵ خەفەت بارانه ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٤)

**خاری موغیلان:** دڕکی موغیلان.

موغیلان: ←——

لەبن خاری موغیلان وەسل ئەگەر بێ ئارەزوو ناکەم

(کنـــار آب رکـــنـاباد و گلگشت مـــصـلارا)

(سالم – ل ٢٤)

گەهێ قەلبولئەسەد بەسکی بەبێ سایەن لە وادیدا

وەکو مەجنوونی سەحرایی لەبن خاری موغیلانن

(سالم – ل ١٠٥)

**خاقانی:** دراوەتە پاڵ خاقان. سوڵتانی.

خاقان: وشەکە تورکییەو، چۆتە عەرەبییەوە، ناونیشانێکە دراوە بە پاشاکانی چین و تورك. دەیشبێت کە ئەم وشەیە مەبەست شاعیری بەناوبانگی ئەدەبیاتی فارسیی خاقانی بێت کە (أفضل الدین بدیل ((ابراهیم)) بن نجیب الدین علی شروانی) یە و ناسراوە بە (حسان العجم)، شاعیری ناسراو (٥٢٠ – ٥٨٢، یان ٥٩٥ ك). تا تەمەنی (٢٥) ساڵی لەژێر چاودێری و پەروەردەکردنی مامی خۆی (کافی الدین عمر)ی پزیشك و فەیلەسووف بوو.

ماوەیەك لای (ابوالعلاء گەنجەوی) هونەری شیعر فێر بوو، لەسەرەتادا ناسراو بوو بە (حقایقی)، بەڵام دوای ئەوەی کە بە هۆی (ابوالعلاء)ەوە چووە خزمەتی خاقان مەنوچیهر، مامۆستاکەی ناوی نا (خاقانی)، دوای ئەوە کارەکەی تایبەت بوو بە بارەگاوە، لە کۆتایی تەمەنیدا ژیانی گۆشەگیری بردۆتەسەر، لە تەبریز جێگیر بووە و لە هەمان شاردا کۆچی دوایی کردووە، بابەتی دیوانەکەی پێکهاتووە لە: دڵداری، پارچە شیعر، چوارینە، خاقانی لە قەسیدە داناندا خاوەنی

شێوەی تایبەت بە خۆیەتی، هێزی ئەندێشەو باڵا دەستی ئەو لە داهێنانی واتاو ناوەرۆکی نوێ و وەسف و لێکچووندا کەم وێنەیە. (معین)

زابیتەی تەبعم سوارە ئیددیعای شـاهی هەیە
موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا

(نالی – ل ۱۰۲)

فاتیحە! تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بـۆ خاقانی غـەم

(نالی – ل ۳۰۸)

نـالی ئیستە تاجی شاهیی و تەختی خاقانیی هەیە
شەوکەت ئارا موحتەشەم دیوانە فیکرەت سـائیبە

(نالی – ل ٤۰۰)

خـاقـانی از این درگـه دریوزهء عبرت کن
تـا از درتوز آن پس دریوزه کند خـاقـان

(خاقانی – گنج سخن – ص٤۰۱)

واتە: ئەی خاقانی لەم بەر دەرگایە سواڵ بکە، تا لەمەو دوا لەبەر دەرگای تۆدا خاقان (= پاشا) سواڵ بکات.

**خاك:** مەبەست بەندە، کۆیلە، بچووك. (عفیفی)

دڵسۆزو فەرمان بە جێهێنەر. (ثروت)

ئادەمیزادی لە خاك دروست بوو.

کە خاکی خاکی دامەن بە وەگەر نە تۆزی بـەر بادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە وەگەر نە بڵقی سەر ئاوی

(نالی – ل ٦٨٣)

**خاکبووسی:** خۆخستن بەسەر زەویدا، ماچ کردنی خاك بەرامبەر بە کەسێکی گەورە، بە مەبەستی ڕێزگرتن.

شمشاد به ڕەسمی خاكبووسی

(در پـای قد تو سرنگون بـاد)

(سالم – ل ٥٤)

**خاكستەر:** خۆڵەمێش.

زەرق و زەڕاقی وەكو خاكستەر ئەمما بێ غوبار

بەرق و بەڕاقی وەكو پیرۆزە لاكین بی كرێژ

(نالی – ل ٢٢٦)

یاخووا تووشم نەبی ئیتر... تا حاڵی مەرگ

ئاینە كەسبی جەلا حەیفە لە خاكستەر بكا

(سالم – ل ٤٢)

**خاكی نەحقەر:** مەبەست دنیای هیچ و بێ نرخە، ئەم جیهانە بێ بارو بێ بەهایەی كە تا سەر بۆ كەس نامێنێ.

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیكسیری قەلبی خاك

بنواڕە حاڵی هالیكی ئـەم خاكە ئـەحقەرە

(نالی – ل ٤٣١)

**خاكی دامەن:** مەبەست سادەو خۆ بە بچووك زانە.

كە خاكی خاكی دامەن بە وەگەر نە تۆزی بەر بادی

كە ئاوی ئاوی گەوهەربە وەگەرنە بڵقی سەر ئاوی

(نالی – ل ٦٨٣)

**خاكی مەحفەر:** مەبەست گۆڕە، قەبر.

مەحفەر: محفر. ع. شوێنی هەڵكەندن.

ڕۆژی قیامەتی (فـاذا هم قیام) و شـەخس

قائیم چەقیوە كێلە لەسەر خاكی مەحفەرە

(نالی – ل ٤٣٩)

**خاکی نەقشی پێ:** جێ پێ، ئەو خاکە، یان ئەو جێگەیەی کە شوێنی پێی لەسەر جێمابێت.

غوباری کوێی عیشقە کوحلی بینش

بە خاکی نەقشی پێی جانانە سەوگەند

(سالم – ل ٥٦)

**خاڵ میسکی تاتاری:** مەبەست خاڵی ڕەش و بۆن خۆشی یارە.

میسك: ——— ← موشکین.

تاتار: ——— ← تەتار.

کەوا دارایی زەڕ کورتەك کەمەرچین جببە گوڵناری

کڵاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ میسکی تاتاری

(کوردی – ل ٥٦)

**خاڵیگە:** کەلەکە، قەبرغە، ئەملا و ئەولا یان ڕاست و چەپی سك.

شیشی سوور بێنن وەرن خاڵیگەمان داغ کەن بە جووت

چونکو ژانمان کرد مـن و ئەسپم لەبەر سەردی هەوا

(سالم – ل ٤١)

**خاڵی لەعلی حەبەشە:** خاڵی حەبەشی لەعلی. مەبەست خاڵی ڕەشی لێوی سوورە، واتە خاڵی ڕەشی نزیك لێوی سووری یار.

حەبەش: لێرەدا مەبەست ڕەنگی ڕەشە.

لەعل: مەبەست لێوی سوورە.

دل سیا سەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە

خاڵی لەعلی حەبەشە ساکینی بوردی یەمەنە

(نالی – ل ٥٢٤)

**خاڵی لە مەردوم دیدە مان:** مەردوم لە دیدە خاڵی مان. بیبیلە لە چاودا نەمان، مەبەست کوێربوونە.

مەردوم: ———→

دیدە: ⟵ 

بێ تەماشای خاڵی تۆ خـاڵی لە مەردوم دیدەما
عەکسی ئەو بۆ مەردومی دانا لە پەردەی دیدەما

(سالم – ل ٣٢)

**خاڵی موهرەی وەسڵ:** مەبەست هۆی خۆگەیاندن بەیارە، هەوڵی خۆگەیاندن بە دلبەر.

موهرە: ⟵ موهرە گوشا.

بـــە نـــەرادی فیراقت نـەقدی جـــان ئـــاخر دەدۆڕێنم
بە خاڵی موهرەیی وەسڵت ئەگەر سەد دەفعە شەشدەرکەم

(سالم – ل ٨٤)

**خاڵی هیندوو:** ⟵ هیندوویی خاڵ.

لە کونجی بێکەسی جانم بە لەب هات
بەگۆشەی لەبنشینی خـاڵی هیندووت

(سالم – ل ٤٩)

کـــە تـــۆ غالب دەبی تـــاریکە چـــاوم
دەڵێی نوقتەی بەسەرمە خاڵی هیندووت

(سالم – ل ٥٠)

غــەریب و گۆشـەگیر و فەردە وەك من
لە تورکستانی ڕووتا خـاڵی هیندوو

(سالم – ل ١١٤)

دەکـــا شیرین بـە عـــاشق گۆشەگیری
لە کونجی لەعلی لێوت خاڵی هیندوو

(سالم – ل ١١٥)

سەوادی قیرگوونی شەو لە نوسخەی عەنبەرین مووتە
سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی خـاڵی هیندووتە

(سالم – ل ١٢١)

خۆش ڕەنگە خاڵی هیندوویی فەردت لە عاریزا
ســابیت قــەدەم موقیمە لــە نــارا سەمەندەری
(سالم – ل ١٤٥)

**خام:** خاو، کاڵ، نەگەیشتوو.

لە ئاب و تاب و ئەشك و ئـاهی خۆمدا بووم بە بوریـانی
لەباتیی پوختەگی سووتام و ئیستەش پێم دەڵێ خـامە
(نالی – ل ٤٧٣)

**خام و پوختە:** خاو و کوڵاو، نەگەییو و گەییو، نەزان و زانا.

خاو: ←———

پوختە: کوڵاو، گەییو، تێگەیشتوو، کارزان، ژیر، زانا.

واقیعەن لەو خوانەدا خام و پوختە ڕۆژ و شــەو
هــەر تەماعێکی کە نەفسی ئـارەزوو کا میهمان
(سالم – ل ٩٠)

**خانە بەردۆش:** خانە بەدووش، ماڵ بەکۆڵ، ئاوارە، دەربەدەر، وێڵ و سەرگەردان.

خانە: ماڵ.

بەر: سەر، لەسەر.

دۆش: دووش، شان.

ئەوانەی تیرمە پۆش و شەهد نۆش و ناز پەروەر بوون
ئەمێستە خــانــە بەردۆشن نەخۆش و زار و عوریـانن
(سالم – ل ١٠٢)

**خانەبەندان:** لە چاوگی (خانەبەستن)ەوە هاتووە، زاراوەیەکە لە یاری تاوڵەدا، ئەویش دانانی دوو پوولی تاوڵە یان پترە لەیەك خانەدا.

گەدان و بۆ گەدا دەرگانە واناکەن لە بێ چیزی
وەکو نەرادی دانا هــەر لە فیکری خانەبەندانن
(سالم – ل ١٠٢)

**خانەزا:** کورتکراوەی خانەزاد و خانەزادە، ڕۆڵە و منداڵی خزمەتکار و کارەکەر، کە لەو ماڵەدا لەدایك بێت کە خزمەتی دەکەن.

خانە: ماڵ.

زا: ڕەگی چاوگی زادەن و زاییدەن (= زادن و زاییدن)ی ف. یە، واتە لەدایك بوون، لە کوردیدا (زایین) هەیە، بەڵام بۆ لەدایکبوونی چوارپێ و ئاژەڵ بەکاردێت.

شکاری وەحشییان بەس دەستەمۆکەن
نەوەك بەرپێ شکاری خانەزاتان
(نالی – ل ٣١٩)

**خانەی دڵ:** مەبەست ناخی دڵ و دەروونە، ناو دڵ.

خانەیی دڵ کە خەرابە چ بڵێم
بە خەیاڵت کە بفەرموو بە عەبەس
(نالی – ل ١٥٦)

خراپ بێ خانەیی دڵ هەر وەکو خانەی خراپ کردم
خوداوەند ئابڕووی دیدەم بەرێ وەك ئابڕووی بردم
(سالم – ل ٨١)

آن شاه کزو خانهء دل شاه نشین بود
از کلبهء احزان گدا باز کجا رفت
(کمال خجند، دیوان – عفیفی)

واتە: بەهۆی ئەو دلبەرەوە کە وەکو پاشایە، ناخی دڵم بوو بە پاشانشین، لەو دڵە پڕ لە غەم و خەفەتەی منی بێ نەواو بێ دەرەتان، دووبارە بۆ کوێ چوو.

**خانەی سەبر سووتن:** مەبەست ئارام لەبەر هەڵگرتن، لە وزە و توانادا نەمان.

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت
دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت
(نالی – ل ١٤٨)

**خان و مان:** ماڵ، خانوو، کەلوپەلی ناوماڵ، ئەندامانی خێزان، ماڵ و منداڵ، ژن و فەرزەن.

موسوڵمان لێرە مانی خان و مانت هەر نەمان دێنێ

پەشیمان بە کە دەرمانی نەمانت مـــایەی ئیمانە

(نالی – ل ٤٨٣)

**خاو:** خەو.

وا دەسووتێ زەخمی دەروون گاهی خەیاڵت

شەو خـاوی نییە سالمی بێچارە لەبەر ئێش

(سالم – ل ٧٥)

خاوی غەفڵەت عەهدی چاوت سەهلە بۆ بێداری دڵ

کەی زەبوون گیراوە خەرگۆشێ ئەگەر خـاوی نەبێ

(سالم – ل ١٣٨)

سەد کە تــۆ فیکری ئەسیری خۆت نییە ئـــەمما ئـەمن

خۆ دەزانی چونکە ڕۆژ بی خورد و شەو بێ خاوی تۆم

(کوردی – ل ٣١)

**خاوەر:** ڕۆژهەڵات، ئەو شوێنەی کە خۆری لێ هەڵدێت.

هەتا ئەو دەر نەخا وەختی سەحەر ڕوو

تلووع ناکا لە مەشریق شەمسی خـاوەر

(سالم – ل ٦٥)

چێهرەت بـە هـەیئەتێکە لـە نـــاو شامــی تورەدا

دەربێ سەحەر لە بورجی نوفوق شەمسی خاوەر

(سالم – ل ١٤٥)·

**خەبەر ئاوەر:** خەبەر هێنەر، ئەوەی کە دەنگوباس دەگەیەنێت.

ئاوەر: آور. ڕەگی چاوگی ئاوەردەن (= آوەردن)ی ف. یە، واتە هێنان.

غوباری خاکی واحەق گەر بەهەشت بێ

لە دەرگای تۆ خەبەر ئاوەرمە ئەمشەو

(کوردی –ل ٤٢)

کــە چونکە بۆی ویســالی تـۆی تێدایــە

نەسیمی سوبح خەبەر ئاوەرمە ئەمشەو

(کوردی –ل ٤٢)

**خەبت:** خبط. ع. هەڵە کردن، لە ڕاستی لادان، بە بێ ورد بوونەوە دەست بۆ کارێبردن.

گەر بە بۆ نیسبەتی تورەت بدەمە مـوشکی خــەتا

بۆ خەتا فەخرە بەسا بۆ منە بەس خەبت و خەتا

(سالم –ل ٣٤)

**خەت:** خط. ع. ئەو مووە وردانەی کە تازە لە سەر ڕووی شۆخ و شەنگەکان دەڕوێت. گەندە مووی سەر دەموچاوی تازە پێگەیشتووەکان.

بڕۆت بـاڵی هوما سایەی سەری سوڵتـانی حوسنت بوو

خــەتت هــات و وتـی من نـاسیخی توغرایی خـونکارم

(نالی –ل ٢٧٤)

**خەتا:** خـەطا، خطا. بە سەرووی وڵاتی چین دەوترا کە شوێنی نیشتەجێ بوونی تیرەکانی تورك بووە. (معین)

ســــەر گرانە قـافڵە ســـالاری ڕێی چین و خــەتا

چونکە بـاری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دوتا

(نالی –ل ١٣٠)

خـەزرا دەڵێی زەمیـنـە بە چین و خــەتایەوە

غەبرا دەڵێی سەمـایە بە شەمس و سوهـایەوە

(نالی –ل ٥٥٢)

هەر مـەسئـەلە بکرێ کـە بـەتـۆ شــەرحی کرابێ

مومکین نییە کەس دەخلی بکا چین و خەتابێ

(نالی –ل ٦٠٦)

پەرێشان و شکستەو سەر نیگوون دامـــاوە زولفەینی
تومەز بادی سەبا چین و خەتای لێ داوە زولفەینی
(نالی -ل ٦٧٥)

گەر بە بۆ نیسبەتی تورەت بدەمە موشکی خـــەتا
بۆ خەتا فەخرە بەسا بۆ منە بەس خەبت و خەتا
(سالم -ل ٣٤)

ئەندازەیی حەوشی حەرەم جیلوەگەری یار
دێنێتە نەزەر دەشتی خەتا و ڕەمی ئاهــوو
(سالم -ل ١١٥)

**خەت عەنبەر:** وردە موو یان گەندە مووی تازە ڕواوی بۆن خۆشی دەموچاوی یار.

خەت: خط. ع. مەبەست گەندە مووی تازە ڕوواوی دەموچاوە.

عەنبەر: ⟵

لە بت شەککەر خەتت عەنبەر موژەت خەنجەر قەدت عەر عەر
لـــە عیشقت دڵ وەکـــو بولبول لە ڕووتا گوڵ وەکو گـوڵچین
(سالم -ل ٩٥)

**خەت و خاڵ:** گەندە مووی تازە ڕوواو و خاڵی سەر ڕووی تازە پێگەیشتووەکان.

ئیسپاتی خەت و خاڵە بەسەد شوشتن و گریان
ناچێتـەوە ئـەم نـوقتـە لە نێـو دیدەیی تــەڕدا
(نالی -ل ٨١)

بە ئەبرۆ و خـەت و خـاڵ جوانی بە بالێ چوست و چالاکی
بە زاهیر بێـچووە دەروێشـی بە دڵ جـەللادی ســـەففـاکی
(کوردی -ل ٥٧)

**خەت یاسەمەن:** مەبەست نەرمە موو یان گەندە مووی جوانی ڕووی یارە، وردە مووی جوانی لا جانگ.

خەت: خط. ع. نەرمە مووی دەموچاو.

یاسەمەن: ⟵

گوڵ بەدەن سیمین زەقەن خەت یاسەمەن فندق دەهەن

ئەسمەرەی قەد عەرعەرەی ناز و نەزاکەت دارەکەم

(کوردی –ل ٣٠)

**خەتی دەوری لەب:** مەبەست مووی تازە ڕوواوی سەر لێوە.

تاری کاکۆڵت لەسەر سەفحەی ڕوخت تاتاریە

خەتی دەوری لێوی ئاڵت جەدوەلی ژنگارییە

(کوردی –ل ٥١)

**خەتیرە:** خطیرە، خطیر. ع. مەزن، گرنگ، گەورە، پایە بڵند.

بڵا بۆ کوندەبوو بێ مفتی مشك و ماری کەندوو بێ

خەتیرەی گەنجی ویرانە زەخیرەی کونجی کاشانە

(نالی –ل ٤٨٣)

**خەتی ڕەیحان:** مەبەست نەرمە مووی تازە ڕوواوی دەمو چاوی شۆخ و شەنگەکانە.

هەروەها ناوی یەکێ بووە لەو خەتانەی کە لە ڕابردوودا، بەکار دەهات و پێیشیان دەوت خەتی جەلی (خط جلی)، بەم خەتە لە جیاتی هەندێ تیپ گوڵی جۆراو جۆر نەخش دەکرا، لەبەرئەوە بەم خەتەیان دەوت خەتی گوڵزار. (عفیفی)

تاکە لێم دوورە خەتی ڕەیحان و ڕووی گوڵ ڕەنگی تۆ

کوێر بم ئەر بێم سەیری ڕەیحان و گوڵی شەست پەڕ بکەم

(کوردی –ل ٢٩)

ئەگەر چی قادری بۆ قەتلی من فکرێ بکە قوربان

لەسەر سەفحەی ڕوخت وەختە عیان بێ خەتی ڕەیحانی

(کوردی –ل ٦٠)

**خەتی ڕوو:** مەبەست نەرمە مووی تازە ڕوواوی دەموچاوە، وردە موو، گەندە موو.

سەبزە لە دەوری گوڵ تەڕە وەك خەتتی ڕووی یار

پاپووشی وشك و زوورە وەكو ڕیشی كاكە سوور

(نالی -ل ۱۸۹)

**خەتی زەنگی:** مەبەست مووی تازە ڕوواوی دەموچاوە.

ئەم زاراوەیەم لە فەرهەنگەكاندا بەر چاو نەكەوت، ئەوەی كە زیاتر لە شیعری كۆندا بە هەمان مەبەست بەكار هاتووە (خەتی زەنگاری)یە.

خەت: خط. ع. لێرەدا مەبەست مووە، كە دەڵێن خەتی دا، واتە مووی لێهات.

زەنگ: ڕەش، تاریك. كە دەڵێن شەوەزەنگ واتە شەوی تاریك.

پەرچەمی سونبولی یو قەددی (قضیب البان)ی

زوڵفی بەهلوولی یو خەتی زەنگی یو وەجهی حەسەنە

(نالی -ل ٥٢٥)

**خەتی سەبز:** مەبەست ئەو موویە كە تازە لەسەر ڕووی نەوجوانان دەڕوێت.

خەتی سەبزی لە كەناری لەبی نالی هەروەك

خزری زیندە لەسەر چاهە زولالێكی هەیە

(نالی -ل ٥٧٢)

سبزه در باغ گفته اند خوش است

داند آن كس كه این سخن گوید

یعنی از روی نیكوان خط سبز

دل عشاق بیشتر جوید

(كلیات سعدی -فروغی -ص ۱۳٥)

واتە: دەڵێن خۆشە سەوزە گیا لە باخدا، ئەو كەسە دەزانێ كە ئەم قسەیە دەكات، واتە مووی تازە ڕوواوی سەر ڕووی شۆخ و شەنگەكان، دڵی دڵدار زیاتر دەیەوێت.

**خەتی موشكین:** مەبەست مووی دەموچاوە، مووی تازە ڕوواوی ڕەش، یان مووی تازە ڕوواوی ڕەش و بۆن خۆش.

خەت: مەبەست مووی تازە ڕوواوی دەموچاوە.

موشکین: ⟵

قـەدری عـاشق کـەی دەزانێ چـونکە تیفلەو بـــەد خووە

تـا خـەتی موشکین لـەسەر سەفحەی ڕوخی ئیزهـار نەبێ

(کوردی –ل ٥٣)

**خەتی نەججاشی:** خەطی نەجاشی، مەبەست ئەو موومیە کە تازە لە ڕووی لاو دەڕوێت.

خەت: مەبەست مووە.

نەجاشی: نەجاشی، نجاشی. نازناوێکی گشتییە بۆ پاشاکانی حەبەشە.

سەد حەیفی لە بۆ کەعبەیی حوسنت کـە بەسەریا

نەججـاشـی یی خـەت هـاتووە نێزیکە خورووجی

(نالی –ل ٦٤٠)

**خەتی یاقووت:** مەبەست نەرمە مووی سەر لێوی سوور و جوانە.

چ شـــــیرینە ختـــــووتی دەوری لێوت

بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەتتی یـاقووت

(نالی –ل ١٥١)

**خەجلان:** خجلان. ع. شەرمەزار.

نـاسیحی موشفیق و وەی واعــیزی ئاشوفتە دڵان

شاوری حائیر و وەی مودەبیری ئەمری خەجلان

(کوردی –ل ٣٦)

**خەجلا:** شەرمەزار بوو، تەریق بووەوە، ڕوو زەرد بوو، خەجاڵەتی کێشا.

یـار گلەی بوو لە دڵم چونکە نەسووتا لە فیراق

لە قسەی ناحەقی ئەو سالمی مسکین خەجـلا

(سالم –ل ٢٦)

**خەدەنگ:** تیر، برژانگی تیژ و کاریگەر.

ڕەوشەنی داوە بەدڵ ڕەوزەنی سینەم لە خەدەنگ
دەك ئیلاهـی نەڕزێ دەستی کـەمانت لـە گلا
(سالم –ل ٢٦)

چەسپە هەرجا ڕیشەیی جەرگم لە گەڵ ڕیشەی خەدەنگ
چەند بە چوستی تیری موژگانت لـە نـاو دڵما ڕووا
(سالم –ل ٣٤)

تیری نیگـاهی عیشوەیی نـازم بە جەرگ و دڵ
خوێنینە وەك خەدەنگی تەهمتەن و ئەشکەبووس
(سالم –ل ٧٣)

کەس نەکا وەسفی خەدەنگی پووری زاڵ
باسی خوێن ڕێژی موژەت گەر بێتە ناو
(سالم –ل ١٠٨)

بۆ دڵی سـالم مـوژەت وەختی نیگەهـ
دەم بە دەم دێ وەك خەدەنگی تازە ساو
(سالم –ل ١٠٨)

**خەدەنگی چاو:** ———◄ خەدەنگی موژە.

چاوەکەم خۆ من بریندارى خەدەنگی چاوی تۆم
زار و بیمـار و گـرفتـاری کـەمـەند و داوی تۆم
(کوردی –ل ٣١)

**خەدەنگی غەمزە:** تیری غەمزە. مەبەست سەیرکردنی بەناز و کاریگەر.

خەدەنگ: جۆرە درەختێکە کە دارەکەی ڕەق و سەختە و نێزە و تیر و زینی ئەسپی لێ دروست دەکرێ، هەروەها بەدار بەروویش دەوترێ، تیری ڕاست و درێژ، کە دەڵێن تیری خەدەنگ، واتە تیرێ کە لە داری خەدەنگ دروست بکرێ. (عمید)

شوێنی خەدەنگی غەمزەیی تۆ بوو بـەجێی تەواف

نـارین قـەڵایـی دڵ بەشەرەف گـەیـە مـیری سوور

(سالم -ل ٦٤)

**خەدەنگی قامەت:** مەبەست باڵای ڕێك و جوانە.

خەدەنگ: تیر.

تا خەدەنگی قامەتی تۆی گرتە باوەش ماڵی قەبر

پشتی تاقانەت لەخەم خەم بوو وەکو ماڵی کەوان

(سالم -ل ٩١)

**خەدەنگی موژە:** مەبەست برژانگی درێژ و جوان و کاریگەرە.

خەدەنگ: ——— خەدەنگی غەمزە.

موژە: برژانگ.

نالی وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار

ئەو کافرە مەستانە کە غارەتگەری دینن

(نالی -ل ٣٤٠)

**خەرابات:** خرابات. ع. ١-کۆی خەرابەیە، وێرانە. ٢- شەرابخانە، مەیخانە. ٣- شوێنی خراپە و داوێنپیسی. ٤- شوێنێکە کە شیرەی تریاك و شتی تری تێدا دەکێشرێت. ٥-شوێن و پلەی گوێ نەدان بە ڕەوشت و نەریت.

خەراباتی موغان: شوێنی بە یەك گەیشتن و پەیوەندیی، کە گەیشتووەکان بە خوا، لە بادەی وەحدەت سەر مەست دەکا. (معین)

مەبەست لە خەرابات شوێنی ڕابواردن و کاری نابەجێ و ناپەسندە. بەو شێوەی کە لە (مناقب العارفین -ل ٥٥٥)دا هاتووە، بە فاحیشەخانە دەڵێ خەرابات و لە (ل -٤٨٩)دا بەو شەرابخانەی کە تایبەت بوو بە ئەرمەنییەکان، دەڵێ خەرابات و بە خەڵکی ئەوێش دەڵێ ڕەندەکان.

بەڵام لە زاراوەی سۆفییەکاندا، خەرابات شوێنێکە کە لە وێدا نیشانەی ڕیا و خۆ بەچاك نیشاندانی تێدا نییە، و هەر شتێ کە لەوێدا بێت یەك ڕەنگییە و ئەوێ

جێگەی گەیشتنە بەڕاستییەکان.

هەروەها لە زماندا، بە واتای مەیخانەو قومارخانە (برهان) و جێگەی بەدکاران هاتووەو، لەوە دەچێ کە تا سەدەی شەشەمی کۆچی، بەو واتایە بەکار هاتبێ، بەو شێوەیە مەنوچیهری دەڵێ:

دفتر بە دبستان بود و نقل بە بازار

وین نرد بە جایی کە خرابات خراب است

واتە: دەفتەر لە قوتابخانەیە و نوقڵیش لە بازاڕ، ئەم یارییە لە لایەك، کە قومارخانە و شوێنی بەدکارانیش وێرانی و خراپەیە، کە خەراباتی بەمانای قومارخانە بەکارهێناوە.

دیسان بەم شێوەیە مەسعوودی سەعدی سەلمان و شاعیرانی تری نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی ئەم وشەیەی بە واتای مەیخانە و شوێنی بەدکاران بەکار هێناوە.

هرچە از جود شەبەکف کند او

در خرابات ها تلف کند او

واتە: هەرشتێ کە ئەو بەهۆی بەخشندەیی پاشاوە بە دەستی بهێنێ، لە مەیخانەو شوێنی بەدکاراندا لە ناوی دەبات.

بەڵام سەنایی غەزنەوی لە (حدیقە الحقیقە)ی خۆیدا ئەم وشەیەی لە پێشدا بە واتای ناشیرین و زاراوەی شاعیرانی پێشین بەکارهێناوەو دەڵێ:

ای خرابات جوی پر آفات

پسر خر تویی و خر آبات

واتە: ئەی ئەو کەسەی کە زۆر بەدکاریت و بەدوای مەیخانەو قومارخانەدا دەگەڕێیت، تۆ جاشەکەریت و ئاژادیشت کەرە.

بەڵام لە غەزەلیاتەکانی خۆیدا ئەم وشەیەی وەکو زاراوەیەکی سۆفییانە، واتە خەڵوەتگای یاران و شوێنی دیدار و کۆبوونەوەی دۆستان بەکارهێناوە (بانگ جرس – ٤ –١٢٣)

شست و شوی کن و آنگه به خرابات خرام

تـــانگردد ز تــو ایــن دیــر خـــراب آلود

(حافظ، ۲۹۳)

واته: خۆت بشۆ و خۆت پاك بكەرەوە، ئەو كاتە برۆ بۆ خەڵوەتگای یاران و شوێنی دیدار و كۆبوونەوەی دۆستان، تا ئەو شوێنە بەهۆی تۆوە ئالوودەو پیس نەبێت. (اشارات)

لە بارەی ئەم وشەیەوە ڕەگ و واتاو بەكارهێنانەكانی زۆر قسە كراوە، بەڵام بەكورتی دەتوانین بڵێین لە بەر ئەوەی كە مەی فرۆش و مەی خواردنەوە لە ئـایـیـنـی ئـیسلامـدا لـە قـەدەغـە كراوەكـان بـووە، مـەی فـرۆش و بـادە نۆشان، لـە دەرەوەی شارەكان، لە وێرانە و كەلاوە چۆڵەكاندا، بەم كارەوە خەریك بوون و دوای ئەوە بووە بە شوێنی دڵداران و پیاو چاكان و مەی نۆشان و مەی گێڕان. هـەرچـەنـدە دەڵێن بـەو هـۆیـەوە بـە مـەیـخـانـەكـانـیـان وتـووە خـەرابـات، كە هۆی سەرخۆشی و تێك چوونی مەی نۆشەكان بووە، هەروەها هەندێكیش پێیان وتووە خور ئـاباد، واتە شوێنی خواردن و نۆشین. بەڵام لە ئەدەبی عیرفانیدا، پێك هـاتووە لە خراپ بوونی سیفەتەكانی ئادەمیزاد و لە لە ناوچوونی بوونی ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە لەشەوە هەیە. خەراباتیی پیاوێكی كامڵە كە لەوەوە زانیارییە خوداوەندییەكان دەردەچێت. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (اصطلاحات)

خەراباتی دڵـــی نـــالی مـــــە فـــەرموو خالّییە نایەم!

بە مەرگی تۆ قەسەم چاوم! بە زیكرت بەیتی مەعموورە

(نالی –ل ٤١١)

ئەگەر تەكیە ئەگەر شێخە هەموو داوی عەلایق بوون

بـلـێ نـالـیی بـچـێ مەستی خـەرابـات و مـوجەڕەد بێ!

(نالی –ل ٦٣٢)

شەهی ئیقلیمی عیشقم پیری ڕەندانی خەراباتم

ئەگەرچی زاهیرەن تیفل و نەزان و ئەبلە فامێكم

(كوردی –ل ٣٢)

**خەراج:** ئەم وشەیە پەهلەڤییە و چۆتە زمانی عەرەبییەوە.

واتە: باج، باجی زەوی، ئەو باجەی کە لەسەر زەوی و زار وەردەگیرێت. (معین)

خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود
بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور
(نالی –ل ۱۸۲)

ڕیشوەیی گەردن کەچی ئەو گەردنە حوکمی قەزا
بۆ خەراجی بەندەگی سەرگەردەنی ئاهوو دەکا
(سالم –ل ۳۱)

ڕەشکی نازی بۆنی زوڵفی قەلبی خونچەی کرد بەخوێن
وا لە گەردنیا خەراجی گەردەنی ئاهووی خەتا
(سالم –ل ٤۰)

بەسەر دڵما حەواڵەی غەمزە تاکەی
دەبێ چی بێ خەراجی موڵکی مەخرووب
(سالم –ل ٤٤)

ئاهوویی دڵ گەر ببینێ گەردەنت
دەر زەمان دێنێ لە گەردنیا خەراج
(سالم –ل ٥٤)

**خەراجات:** کۆی خەراجە، واتە باج، باجی زەوی.

باجی زەوی، ئەو باجەیە کە لەبەرهەمی کشتوکاڵی زەوی وەرگیراوە. (اخراج، اخرجة) کۆیە، لە کۆندا ئەو باجی زەوییە بووە، کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، لە ناو موسوڵمانەکاندا وەردەگیراو پێیان دەوت خەراج، هەروەها باجێ بوو کە لە (اهل ذمة) وەردەگیرا، واتە هاوپەیمانان، لە جوولەکە و نەسرانی و زەردەشتی، کە بەخاوەنی کیتاب ناسراون و لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا لە ژێر چاوەدێری موسوڵماناندا، دەژیان. (عمید)

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ

نیساری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەترەیێ مابێ

(نالی -ل ٥٩٩)

**خەرام:** کردەوەیەك کە لە ڕووی ناز و جوانییەوە بێت، ڕۆیشتنی بە لەنجەولار.

عەجەب ئاهیستە خەرامێ بە تەرەف ئێمەوە با

بارە بۆ پەنجەیی پێی نازکی تۆ ڕەنگی حەنا

(سالم -ل ٢٨)

**خەرامان:** ڕۆیشتنی بە ناز و لەنجەو لار.

دولبەری بالا بڵندم گەر خەرامان بێ بەناز

سەروی گوڵزاری ئیرەم چۆن مەیلی هەمدۆشی دەکا

(سالم -ل ٣٢)

**خەرامیدەن:** خورامیدەن، ڕۆیشتنی بە لەنجەولار، ڕۆیشتنی بەناز، جوانیی و شۆخ و شەنگیی و ویقار. (معین)

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەروو قەدانە

سۆفی لە تەڵەبدان و هەموو سالیکی ڕاهن

(نالی -ل ٢٤٤)

**خەرزیە:** ئالەتی پیاو.

ئەی داراتوو لە دوو مەجرایی میزابی مەبال

مەبە بادیی وەکو خەرزیە بەهەوای کیبر و مەنیی

(نالی -ل ٦٧٠)

**خەرقە:** خیرقە، خرقة. ع. لێرەدا مەبەست جیبەی شۆڕە، کە بەری ناوەوەی لە پێستە دروست کراوە. بەڵام لێرەدا بە شێوەیەکی کورت باسی خەرقە دەکەین:

خەرقە: خیرقە، خرقە. ع. واتە جلی شڕ و پینە کراو لە زاراوەی سۆفییەکاندا جلێکە کە سۆفی لەبەری دەکات، هەروەها ئەم خەرقەیە بەڵگەی ڕێگە پیشاندانی

مورشیدەکانی ئەم دەستەو کۆمەڵەیە، هەر مورشیدێ دەبێ جلی مورشیدەکەی خۆی لەدەستی ئەو وەربگرێ و لەبەری بکات، یان مورشیدی پێشوو جلەکەی خۆی بکاتە بەر مورشیدێکی تر، کاتێ کە جلەکەی لەبەر کرا ئیتر مورشیدی خەرقەدار، یان خەرقە لەبەر کراوەو، ئەوا ئیتر ئیجازەی ئیرشادی وەرگرتووە. سۆفییەکان بە بۆچوونی جیاجیا بەڵگەو بنەڕەتیی ئەم خەرقەیە دەگێڕنەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالیب، یان ئەبو بەکری سدیق و دەڵێن ئەوانیش لە دەستی پێغەمبەرەوە (د. خ) خەرقەیان وەرگرتووە و پۆشیویانە، کەواتە خەرقەی سۆفی کە بەڵگەی ئیرشادی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر. خەرقە هەرچەندە کۆنتر و زۆر پینەکراوتر بێت بە نرختره، ئەم خەرقەیە لە خانەقاکاندا بە ڕێگەو نەریتی تایبەتییەوە دەگاتە دەستی یەکێکی تر، کە لێکدانەوە و باسکردن لەم بارەیەوە لە بابەتەکەمان دەردەچێت.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە: کشف المحجوب هجویری، ل ٤٩ –ل ٦٥، واللمع ابو نصر سراج –ل ١٨٧.

بەرگـــی ڕووتی بە هەزار خەرقەی شـــادی نـــادەم
چونکە مەحبووبە بەناز پێم دەڵێ گاهێ مچە ڕووت
(کوردی –ل ١٤)

**خەرقە پۆش:** مەبەست ڕیاکارە، کە مەی خواردن بە حەرام دادەنێ و کاتێ کە دەچێتە خەڵوەتەوە کارێکی تر دەکات، یان ڕوو بەڕوو جۆرێکە و لە پاش ملەیش جۆرێکی ترە.

خەرقە: ⟵

خـەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری زاتی ئەمـن
بێتە نێو جیلوەی بە زوشتیی خۆی بە عوریانی دەکا
(نالی –ل ١٠١)

حافزی شیرازیش دەڵێ:

چە جای صحبت نامحرمت مجلس انس
ســرپیاله بپوشــــان کە خرقه پوش آمد
(حافظ –قزوینی –ص ١١٩)

واتە: کەی کۆڕی خۆشی و شادی دۆستان جێگەی نامەحرەمە، وا خەرقە پۆشی ڕیاکار و خۆ پەرست هات سەری پێکی مەیەکەت داپۆشە.

لێرەیشدا بە واتای خەرقەی شڕ و پڕی پینەکراوی دەروێشان بەکاردێت و کوردی دەڵێ:

کۆڵ بە دۆش و خەرقە پۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن

ڕووکەنە ئەفلاکی بەدخوو بچنە شـاری خـــامۆشان

(کوردی –ل ٣٣)

**خەرقەی ئەزرەق:** خیرقەی ئەزرەق. دروشمی سۆفییەکان بووە، حافز لەم بارەیەوە دەڵێ:

چندان بمان کە خرقەء ازرق کند قبول

بـخت جـوانت از فلك پیر ژندە پـوش

(حافظ – ص ١٢٠١، هروی)

واتە: ئەوەندە بمێنەرەوە کە بەختی گەنجت، لە فەلەکی پیری جلوبەرگی شڕ پۆش، خیرقەی شین قبووڵ بکات، مەبەست لە خەرقە قبووڵ کردن، بوون بە جێنشینی مورشیدە. واتە: هەندە بمێنەوە تا فەلەکی پیر لەناو بچێ و بەختی گەنجت ببێ بە جێنشینی ئەو.

بنوارە خۆشیی ڕەقسی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق

مـومکین نییە بەم پاکییە لەم ئـەرزە سـەمـایی

(نالی –ل ٧٠٥)

**خەرقەی پادشاهی:** مەبەست عەبا یان جبەی تایبەت بە پاشایە.

خەرقە: ←

ئەبەد نادەم بە خەرقەی پادشـاهی

پەلاسی خەز لیباسی کوهنەیی ڕەند

(سالم –ل ٥٦)

**خەرقەیی سالووس:** خـەرقـەی ڕیـا، ئـەو خـەرقـەیـەی کە سۆفـیـیـەکـان بـە مـەبـەستـی ڕیـا و

خۆپیشاندان بە پیاو چاك لەبەری دەکەن.

خەرقە: ←———

سالووس: زمانی لووس، کەسێ کە بەزمان لووسیی و فرِوفێڵ خۆی بەپیاو چاك و خواپەرست پێشان بدات.

نەرم و زەرقیی خەرقەیی سالووسیان
شـــاهیدی زوورە زوبانی لـــووسیان
(نالی -ل ٣٢٠)

**خەرکورە:** کورِی خەر، جاشە کەر.

رەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیرت کە خەر کورە
ئەلیفی چایرە دانیم لە قەشقەی کـەر درِو جەودا
(نالی -ل ٨٧)

**خەرگۆش:** کەروێشك.

لە رەمزی سیرِی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە
وەلێ بێدڵ لە خـوابی غـەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە
(سالم -ل ١٢٦)
خاوی غەفڵەت عەهدی چـاوت سەهلە بۆ بێداری دڵ
کەی زەبوون گیراوە خەرگۆشێ ئەگەر خاوی نـەبێ
(سالم -ل ١٣٨)

**خەرمانەی ماە:** بازنەیەکی رووناکە، هەندێ جار بە دەورەی مانگدا دەردەکەوێت.

سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتی شوعاعن
حەڵقە کە دەبـەستن وەکو خـــەرمانەیی مـــاهن
(نالی -ل ٣٤١)

**خەرمانی وجوود:** مەبەست هەموو گیانە، هەموو لەش، هەموو ئەندامەکانی لەش، هەموو هەستیی.

ئاگری جەوری لـــە خەرمانی وجــوودم بـەر بوو
قوڕ بەسەر سالمی بێچارە لە دەس خوویی حەبیب
(سالم –ل ٤٥)

**خەرمەن:** مەبەست دەسکەوتی هیواو ئارەزووە، بەڵام وشەکە خۆی بەواتای خەرمان هاتووە.

خەرمەنی سالمی فەقیر سووختەیە بــەنـــاری عیشق
خۆشە بە خۆشە گوڵ بە گوڵ دانە بە دانە جوو بە جوو
(سالم –ل ١١٢)

**خەرمەنی گوڵ:** کۆمەڵێ گوڵ کە لە شوێنێکدا پێکەوە ڕووابن.

ماوەردە لــەسەر خەرمەنی گوڵ عەتر فشانە
یا ئاوی حـەیاتە عـەرەقی وردی مـوحـەییات
(نالی –ل ١٤٣)

لەکن تۆ خار و خـەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ
(نالی –ل ٣٨٢)

**خەرمەنی مونعیم:** ماڵ و دارایی و سامانی زۆری دەوڵەمەند.

خەرمەن: خەرمان.

مونعیم: مونعم.ع. دەوڵەمەند، بەخشندە.

تـــا وەقتێ دوزدی نیمە شـــەبن تـــورکی بێنیزام
دوزدن هـەموو لە خـەرمـەنی مو نعیم دەخەن زەرەر
(سالم –ل ١٣)

**خەرموهرە:** مووروووە کەرانە.

لە فەردیی وەسفی یـــارا عارە ناوی مـوددەعی بــردن
لە ڕشتەی فیکری ما خەرموهرە هەمسلکی گوهەر ناکەم
(سالم –ل ٨٥)

**خەرووس:** خورووس. پەهلەڤی. Xros (معین)

کەڵەشێر، کەڵەباب.

گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبوو
بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خەرووس
(نالی –ل ٢٣٩)

**خەریدار:** کڕیار، ئەوکەسەی دەکڕێ.

خەرید: چاوگی کرتاوی خەریدەن (= خریدن)ی ف. یە، واتە کڕین.

ار: پاشگرە.

دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامە شیرینەی کوردی
خووا سا کوا لە دونیادا قەدرزانێ، خەریداری
(کوردی –ل ٥٣)

**خەڕەك:** مەبەست ئەوەی کە هەمیشە دەسوورێتەوە و ڕاناوەستێت، ئەوەی کە زۆر لەسەر شتێ بڕوات.

خەڕەك= دووخ = دووك = چەرخ: چتێکی دارینەیە، پەڕەیەکی گەورەی هەیە، دووخێکی پێوەیە بە دەسکەڵووجە بادەدرێ، لۆکە و خوری پێ دەڕێسن.

(گیو)

مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەڕەك دەم دەم بە دووخی غەم
ڕەگی تاری وجوودت بادەدا هێشتاکو هەر خاوی
(نالی –ل ٦٨٠)

**خەز:** جلوبەرگی ئاوریشمین. (معین)

گیانلەبەرێکی بچووکی مەمکدارە، وەکو سمۆرەیە، کلکی درێژ و پڕ مووە، پێستەکەی قاوەیی یان خۆڵەمێشییە، بن ملی سپییە، بە زۆری لە شەودا دێتە دەرەوە، باڵندەی بچووك ڕاودەکات خوێنی دەخوات، مشك و مار و هەندێ گیانلەبەرانی بچووکی تر ڕاو دەکات، پێستەکەی گران بەهایە و دەکرێت بەبەری جلوبەرگ. (عمید)

دەلەرزن هەوری نەو گەر بێتە ڕووی گەردوون لە پایزدا
بە ڕووتی کۆنە خەز پۆشان لە فیکری بەرگی زســتانن
(سالم –ل ١٥)

دیم وەکو دوکانی بەزازی لە سەر یەك بوخچەهــا
شاڵی تیرمە و کەوڵی خەز دیبای هیندو پەڕ نیان
(سالم –ل ٩٠)

**خەزانیی ڕەنگ:** ڕەنگی خەزان، مەبەست ڕووی زەردە، دەموچاوی زەردهەڵگەڕاو.

خەزانیی ڕەنگی من بۆ ئاینەی ڕووت
خەزانم دی لـــــە ئاغۆشی بـــەهارا
(سالم –ل ٢٥)

**خەزپۆش:** مەبەست پۆشتە و پەرداخە، ئەوکەسەی کە جلوبەرگی جوان و گران بەهای لەبەردایە، ئەوەی جلوبەرگی ئاوریشمیی و پێستە خەز لەبەردەکات.

خەز: ⟵

دەلەرزن هەوری نوو گەر بێتە ڕووی گەردوون لە پایزدا
بە ڕووتی کــۆنە خـەز پۆشـان لە فیکری بەرگی زستانن
(سالم –ل ١٠٣)

**خەزرا:** خضراء.ع. مێیی (أخضر)ە.

لێرەدا مەبەست ئاسمانە. سەوز.

خـەزرا دەڵێی زەمـینە بە چین و خەتـــایەوە
غەبرا دەڵێی سەمـایە بەشەمس و سـوهـایەوە
(نالی –ل ٥٥٢)

**خەسەك زار:** شوێنی دڕکاوی.

خەس: دڕك.

ەك: پاشگرە بۆ لێکچوون.

زار: پاشگره بۆ شوێن.

نەیستان و خەسەك زاری سونووفی شەوکەیی خاری

گەلێ خۆشتر لە سەروستان و دڵکەشتر لە بوستانە

(نالی –ل ٤٩٤)

**خەستە:** بریندار، دەردەدار، پەککەوتە، غەمگین، شەکەت و ماندوو.

بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

بە زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام

(نالی –ل ٢٦١)

**خەسف:** خسف.ع. نوقم کردن، لەناوبردن، بەناخی زەویدا بردن، لەناوچوون.

قاروونە فەلەك موستەحەقی گرتن و خەسفە

زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە دیرهەمی کەوکەب

(نالی –ل ١٣٥)

**خەسمی ئەبتەر:** مەبەست شەیتانە. دوژمنی کلك بڕاو.

فائیز دەبێ بە نووری نەجاتی حەبیبی حەق

لەو جێگەدا بەکوێریی ئەو خەسمە ئەبتەرە

(نالی –ل ٤٣٥)

**خەشم:** تووڕەیی.

ئەر خەشمە وەگەر لوتفە بە کوردی نەزەرێ کە

قوربانی غەزەب گرتن و گۆشەی نەزەرت بم

(کوردی –ل ٢٢)

ڕۆیین و وەستانەوەو عیشوە نیگاهێکت هەیە

نازە یاخۆ خەشمە یاری هەمدڵەی خەمخوارییە

(کوردی –ل ٥١)

دەکا شیرین لە خەشما تەلخ گوویی لەعلی شیرینت

(دعـا گر نیست خوش و قتم زگفتارت بەد شنامی)

(سالم -ل ١٤٩)

**خەشین پۆشی:** زبر پۆشیی، ئەو کەسەی کە جلوبەرگی دەرویشی لەبەر دەکات کە لە پارچەی زبر و کەم نرخ دروست کرابێ خەشین وشەی (خشن)ی عەرەبییە، واتە زبر.

تەنی ڕازیی بەخەشین پۆشی یی وەك شێرو شوتور

بـێ نیـازە لـە بـرێشم تـەنی یـو پیلـە تـەنی

(نالی -ل ٦٧٠)

ئێمە مەردین و هەموو شێری خەشین پۆشی مەساف

کرمی قەز هەرچی تەنیی بۆ تـەنی نیسوانی تەنیی

(نالی -ل ٦٧١)

**خەلەل خواه:** ئەو کەسەی کە بیەوێت کاری نابەجێ بکات، خوار و خێچ، بەدکار، بەد ڕەوشت.

خەلەل = خلل. ع. خراپی لەکار کردندا، کەم و کوڕی لەکاردا، ناتەواوی.

خواهـ: ڕەگی چاوگی خواستەن (= خواستن)ی ف. یە. واتە خواستن.

ڕەقیب بۆ کاری سالم تۆی خەلەل خواهـ

نەگا یارەب بە مەقسەد دوزدی دڵ پیس

(سالم -ل ٧٤)

**خەلعەت:** خیلعەت، خلعت. ع. واتە جلوبەرگی کەسێکی گەورەو بە دەسەڵات، کە وەکو خـەڵات بـیدا بـەکـەسێ. خـەڵات. لـەوە دەچـێ کـە وشەی (خـەڵات)ی کـوردی لـە خیلعەتەوە هاتبێ.

گوڵ تاجی لەسەر ناوە چەمەن مەخمەڵی پۆشی

هـات مژدە کـە خەلعەت گەییە بەر بە مویاهـات

(نالی -ل ١٤٢)

دنیای چلۆن دەوێ کە بەقەد هیممەتی نەکرد
ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆ چەرخی ئەستەرە
(نالی -ل ٤٢٥)

خەلعەتی تەشریفی هەرکەس بێ چییە غەیری کەفەن
هـــەر ئـــەوە هەم فاخیرە و بۆ ئاخیرە یەکـجارییە
(نالی -ل ٥٧٩)

شەرەف و خەلعەتی خاست بەقەدمر کوللی جیهان
بۆ قامەتی هەر کەس چ تەویل و چ قەسیر
(سالم -ل ٦٦)

**خەللاقی ئەزەل:** مەبەست خوایە، خودا، یەزدان، پەروەردگار.

بۆ زوڵمی لە ئەندازە بەدەر وەك یەکی خولقاند
خەللاقی ئەزەل مەشرەبی تۆ تەبعی هـۆلاکۆ
(سالم -ل ١١٥)

**خەڵوەت:** خلوة. ع. تەنهایی، گۆشەگیری، جێگەی چۆڵ.

کوڕ زیبی دەبستانە کچ شەمعی شەبستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
(نالی -ل ١٥٩)

**خەڵوەت سەرا:** خەڵوەتخانە، شوێنێ کە بێگانەی تێدا نەبێت.

خەڵوەت: ←

سەرا: سەرای، ژوور، خانوو، خانووی گەورە، کۆشك، هەروەها پاشگرە بۆ شوێن وەك: کاروان سەرا، خەڵوەت سەرا...هتد.

دڵە خەڵوەت سەرایی حەزرەتی دۆست
(دیـــدە آیـــنـــە دار طـلـعت دوســت)
(سالم -ل ٤٧)

**خەڵوەتگاه:** شوێنی تەنیایی، ژووری تایبەت، شوێنی تایبەت بەنوێژ و خوا پەرستی، شوێنی بەیەك گەیشتن و یەکگرتنی دلبەر و دڵدار.

بانگ کەنە زاهید نەماوە وەرنە گۆشەی خانەقا
بێن کە وازە دەرکی مەیخانان و خەڵوەتگاهی ڕاز
(کوردی -ل ١٧)

**خەڵوەت نشین:** خواپەرست، ئەو کەسەی هەمیشە خەریکی خوا پەرستی بێت، خەڵوەت: گفتوگۆی ڕاز لەگەڵ خوا، لە شوێنێ کە کەسی تێدا نەبێت، هەروەها خەڵوەت کۆمەڵە نارەزاییەکە لەگەڵ نەفسداو بەرگە گرتنی سەختییەکانی وەك: کەمکردنەوەی خۆراك، کەم نوستن، ڕۆژوو گرتن، کەم قسە کردن، دوور کەوتنەوە لە خەڵك و، هەمیشە بیرکردنەوە لای خوداوەندی دانابێت و لە بیر بردنەوەی خەڵکی. (اصطلاحات)

نشین: ڕەگی چاوگی نشەستەن (= نشستن)ی ف. یە. واتە دانیشتن.

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ جانی جانان بێ ئەنیسی ئەو
وەگەر هیجرەت گوزین ڕۆحی عەزیزان یاری غاری بێ
(نالی -ل ٦٣٥)

**خەڵوەتیی:** گۆشەگیر، گۆشەنشین، ئەو کەسەی کە گۆشەگیری دەکات بە مەبەستی خوا پەرستیی.

ئەی خەڵوەتیی مورائیی بێ ڕەنگی خود نمائیی
ڕەنگ زەردی عاشقیی بە نەك زەرد ڕوو شەقیی بە
(نالی -ل ٣٩٧)

**خەم:** چەماوە، کۆماوە، کووڕ، خوار، لار، نارێك.

جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لە بێچیزی
لە ژێر باری غەما هەریەك لەخەم وا میسلی چەوگانن
(سالم -ل ١٥)

وەك پیری ساڵخوردە خەمە داری پیرمە سوور
مەشغووڵی لەغزشە هەمە جا پایی تابە سەر
(سالم -ل ٦٨)

من لەبەر پیری قەدم خەم نەبووە ئەر باوەڕ دەکەی
قەد خەمیدەی قـــامەت و باڵای وەکـو لاولاوی تۆم
(کوردی –ل ٣١)

**خەم بە خەم:** پێچ بە پێچ، لوولی لەدوای لوولی زوڵف و پرچی شۆخ و شەنگەکان.

خەم: ←——

ئەو سیلسیلە وا مـیشکی خەتا نێوی بـــراوە
پڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم و حەڵقە کراوە
(نالی –ل ٥٣٠)

**خەم بوون:** مەبەست لوول بوون و هاتنە خوارەوەیە.

خەم دەبێ چەوگـــــانی زولفت بۆ زەنەخ
وەهـ چ خۆش بازی بەگۆی سیمین دەکەی
(سالم –ل ١٥٣)

**خەم خواردن:** پێچ خواردن، لوول بوون، گرژ بوون.

تا سەری زوڵفت لەسەر ڕوو حـەڵقە دا
من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم
(نالی –ل ٢٥٦)

**خەملیو:** ڕازاوەو جوان کراو.

وەك گوڵی ئاتەشیی خەملیوە بە بەرگی چەمەنی
قـــامـــەتی نـــارە بـــــەرە نارە وەرە نارەوەنە
(نالی –ل ٥٢٦)

**خەمیازەی دڵ:** مەبەست ماندوو بوون و سست بوونی دڵە.

خەمیازە: باوێشك.

دەنگی خەمیازەی دڵم دەبیەم لە شەوقی خەنجەرت
ئینتیزاری کوژتنم تـــا کـــەی دەبی تـــەئخیری تۆ
(سالم –ل ١١٤)

**خەمی ئەبرۆ:** مەبەست برۆی کەوانییە.

خەم: ⟵

بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بـــەقــا خۆی لـــە دەمی تیغی فەنـــا دا

(نالی –ل ٨٦)

**خەمیدە:** چەماوە، کۆماوە، خواربووەوە.

من لەبەر پیری قەدم خەم نەبووە ئەر باوەڕ دەکـەی
قـەد خەمـیدەی قـامەت و باڵای وەکو لاولاوی تـۆم

(کوردی –ل ٣١)

دەپرسی گەر لە مەهجوورت بە پەیکانی موژەت سەوگەند
خـــەمیدە قـــامـــەتە ســـالم کـــەمان ئاسا لە هیجرانت

(سالم –ل ٤٩)

ئەگەر باوەڕ دەکەی سەوگەند بە ئەبرووت
هیلال ئاســـا خـەمیدەم بۆ مـــەهی ڕووت

(سالم –ل ٤٩)

**خەمیری خاك:** مەبەست بنەچەو بوون و نەژادە.

خـەمیری خـاکی من ئەووەڵ بە بارانی فـەرەح نەکرا
جوانی و پیری و تیفلیم سەراسەر جوملەگی غەم بوو

(سالم –ل ١١٣)

**خەمی زولفەینی سەراپا:** زوڵفی لوول و درێژی لە سەرەوە تا پێ، مەبەست زوڵفی لوول و زۆر درێژە.

خەم: ⟵

زولفەین: زولفین = زرفرین = زفرین = زرفین = زولف، زوڵف. (سخن)

سەراپا: سەرتاپا، سەرتاپێ، لە سەرەوە تا خوارەوە.

خلْخاڵی قەدم وەك خەمی زولفەینی سەراپات
پشتانی قەدت بێت و فیدای بازنی بــــازووت

(نالی -ل ١٥٣)

**خەمی زولف:** زوڵفی خەم، زوڵفی لوول.

خەم: ←——

ڕۆژ سەری کوڵمتە ڕووناکی نووری بەسەرم
شەو خەمی زوڵفتە تاریکیی توولی ئــەمەلم

(نالی -ل ٢٩٠)

**خەمی سونبولی موو:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی جوانی دلبەر.

خەم: ←——

سونبول: ——→ سونبولی زوڵف.

موو: مەبەست پرچ و ئەگریجەیە.

دەوری ڕووی داوە خەمی سونبولی موو
هەروەکو هــــالە لـــە دەوری قــەمــەرا

(سالم -ل ٢٢)

**خەندان:** دەم بە پێکەنین، بە پێکەنینەوە، لە حاڵەتی پێکەنیندا.

خەند: ڕەگی چاوگی خەندیدەن (= خندیدن)ی ف. یە، واتە پێکەنین.

ان: پاشگرە و لە کۆتایی ڕەگی چاوگ حاڵەت دروست دەکات.

ئەمــــن بۆ فیرقەتی ئەو یـــارە ڕۆژ و شـــەو دەنـــــاڵێنم
بە دووری من هەمیشە ئەو کە خۆش خەندان و مەسرورە

(کوردی -ل ٤٧)

**خەوەرنەق:** کـۆشکـێ بـووە لـە نـزیك حـیـرە، بـەرامـبـەر بـە فـورات، کـە نـوعـمـان کـوڕی ئیمرونولقەیس فەرمانی دا تا دروستی بکەن بۆ بەهرامی گووری کوڕی یەزدگیرد ئەو کاتەی کە منداڵ بوو. (معین)

لەبــەر نـــەقشی خەیاڵت کولبەیی من

فەرەح ئەنگێزە وەك قەسری خەوەرنەق

(سالم –ل ٧٧)

**خەوفناك:** ترسناك.

خەوفناکە دڵم ئازوردە لە زوڵف

حاڵەتی تەڵخە لە شـــەودا بێدار

(سالم –ل ٥٧)

**خەیاڵی وەك سوارەی جەرد:** مەبەست ئەندێشەی وردو بەرزە.

جەرد: تەختی پاشایی.

لە عەرسەی وەسفی ئەو مەحبووبە لەنگە

خەیاڵی وەك ســـوارەی جـــەردم ئەمڕۆ

(کوردی –ل ٤١)

**خەیرولبەشەر:** خیرالبشر. ع. مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە، باشترین ئادەمیزاد.

ڕەحمەت بە حوسنی سوورەتی ئینسان زوهووری کرد

خەیرولبەشەر لـــــەقەب بە شـــەفاعەت مویەششەرە

(نالی –ل ٤٣٠)

**خڕیدار:** کڕیار، ئەو کەسەی کە شت دەکڕێ.

خڕید: خەرید، کە چاوگی کرتاوی خەریدەن (= خریدەن)ی ف. بە واتە کڕین.

ار: پاشگرە.

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یووسف کوڕی یەعقووبە

کـچ بـوو بـە خـڕیداری یـەعنی کـە زولەیخـا کـــچ

(نالی – ل ١٦٢)

**خزر:** خدر = خضر = خدری زیندە. ـــــــــ◄ ئاوی بەقا.

لێوی تـۆ ئـاوی بـەقـا مـن خـزرم
فەیزی تۆ ڕەحمەت و من سەوزەگیا
(نالی – ل ١٢٥)

هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو
چـونکـە ئەملت زۆرە چ عومرێکی کــــەمت بوو
(نالی – ل ٣٦٧)

شکەنجی عەرزو توولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە
مەسەل توولی ئەمەل عومری خزر زنجیری سەودامە
(نالی – ل ٤٧٠)

خوویـانی سیەهـ مـوو پەریی ڕوو خەدەمت بوو
هەرچەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو
(سالم – ل ١٠٩)

برسر دجلە گزشتە تـا مـدایـن خضر وار
قصر کسری و زیـارتگاە سلمـان دیدە اند
(خاقانی شروانی، شاعرصبح – ص ٥٦)

واتە: هەر وەکو خزر بەسەر دیجلەدا تێپەڕیوە تا مەدائین و کۆشکی کیسراو زیـارەتـگـەی سەلمانـیـان دیـوە. گوایـا دەڵێن: خزر بۆ هـەمـوو شوێنێك دەڕوات و هەمیشە زیندووە و بە پێغەمبەر دادەنرێ بەڵام ناوی لە قورئاندا نییەو هەندێ کەس وادەزانن کە (الیاس) یـان (الیسع) کە لە قورئاندا هـاتووە، خزرە.
(شاعر صبح – خاقانی شیروانی – دکتر سجادی – ص ٢٨٥)

**خزروار:** خضر وار، وەکو خزر.

خزر: ———◄ ئاوی بەقا.

وار: پاشگرە بە مەبەستی لێکچوون.

خزر وارم ئەگەر ماچێ کەرەم کەی
(بە آب زندگـــانـی بـــردە ام پـی)
(سالم – ل ١٥٤)

**خزری زیندە:** خزری زیندوو. ———➤ ئاوی بەقا.

خەتی سەبزی لە کەناری لەبی نالی هەر وەك
خزری زیندە لەسەر چـاهـە زولالێکی هـەیـە

(نالی – ل ٥٧٢)

**خلخالی قەد:** قەدی خلخال، قەدی وەك خلخال، مەبەست بالای چەماوە، بالای کۆماوە.

خلخال: خەلخال، خلخال. ع. پاوانە، یان بازن.

خلخالی قەدم وەك خەمی زولفەینی سەراپات
پشتانی قـەدت بێت و فیدای بـازنی بــازووت

(نالی – ل ١٥٣)

**خوابگاه:** شوێنی نوستن.

خواب: خەو.

گاهـ: پاشگرە بۆ شوێن.

ئەگەر شەبها بـە بێ تـۆ خـوابگاهم
پەڕی قوو بێ لە پالوومایە وەك خار

(سالم – ل ٥٩)

**خوابی سوبحدەم:** خەوی دەمەوبەیانی.

مالش دەدەی بەدەم لە دەمـی خـوابی سوبحدەم
هـەم زولفی قیرگوونە و هـەم چیهرەیی قەمەر

(سالم – ل ٦٧)

**خوابی گران:** مەبەست بێ ئاگاییە. خەوی قورس، خەوی قووڵ.

خۆ نەفیری مەرد و زەن لەم شیوەنە چوو بۆ فەلەك
سـەر بلند ناکەی وەهـا دایگرتوویی خـوابی گـران

(سالم – ل ٩٢)

**خواجەنشین:** خواجانە.

دوو سەکۆ لە هەردوولای دەروازە. (هەژار)

خواجە: گەلێ واتای هەیە وەك: گەورە، خاوەن، سەروەر، دەوڵەمەند، بازرگان، کاسب، وەزیر، خەساو، پیاوێ کە گونیان دەرهێنابێ. (معین)

نشین: ڕەگی چاوگی نیشەستەن (= نشستن)ی ف. یە. واتە دانیشتن.

بێ زمان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێدەفکرم
عەنکەبووت خواجەنشین و جووتێ کوندن دیدەبان
(کوردی – ل ٣٣)

**خوار:** زەبوون، داماو.

وێڵ و سەرگەردان خوار و عاجز و ئاشوفتە حاڵ
دڵ بە تاڵانچووی سوپای کاکۆڵی تێکناڵاوی تۆم
(کوردی – ل ٣١)

**خواریی:** زەبوونی، داماوی، سووکایەتی پێکردن.

شوکور نالی سەری خەسمت وەکو گۆ
بە خواریی نەك بە یاریی کەوتە بەر شەق
(نالی – ل ٢٥٤)

سەهم هەتا جوعبە نشین بێ گۆنەزەردی خەڵوەتە
قەوس هەتا چللە گوزین بێ هەر نەسیری خوارییە
(نالی – ل ٥٨٢)

**خوا ڕۆ:** پەنا بردنە بۆ خوا لە کاتی دەربڕینی شین و غەمو خەفەتی دەروون.

هەی خوا ڕۆ لەو دەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ
سەر زەمین تاریك و دونیا تۆز و کەرِ گوێی ئاسمان
(سالم – ل ١٤)

**خوانی یەغما:** ئەو خوانە زۆر گەورەیە بووە کە لە بۆنەی تایبەتیدا، بە خواردەمەنی هەمەجۆرە ڕازاوەتەوە و دوای تەواو بوونی خواردن و تێربوون، وا باو بووە کە میوانەکان بۆیان هەبووە کە هەموو قاپ و کەوچك و سینی و... هتد ببەن بۆ

خۆیان بە جۆرێ کە هیچ شتێ لەسەر ئەو خوانە نەمێنێتەوە.

دوای ئەم شیعرەی کوردی باسی لێوە دەکرێ:

چـــاوت ئـەمشـەو وا دیـارە فیتنەیێ بـەرپـا دەکـــا
خوانی دین وەك تورکی یەغمایی بە تاو یەغما دەکا

(کوردی - ل ١١)

سەرکردە و گەورەکانی مەغۆل، سالّی جارێ بۆ ماوەی یەك هەفتە، جەژنی تووی (طووی) یان بەرپا دەکرد، وشەی تووی، واتا گشتیی، کە لە تورکی جەغەتاییدا ئەمڕۆ بەواتای شایی ژن هێنان بەکاردێت، کە مەبەست هەمان جەژنی گشتییە. ئەم جەژنە بەجۆرێ گشتیی بوو کە هەموو شازادەکان و سەرکردەکانی لەشکری نەتەوەی مەغۆل، لە شوێنێکی نزیك بە مەغۆلستان کۆدەبوونەوە و باسی سیاسەتی هەمەلایەنەی فەرمانڕەوایی مەغۆل لەوێدا باس دەکرا، بڕیاریان لەسەر یاساکان دەدا، باری سیاسی و فەرمانڕەوایی خان، لەوێدا بە هەمووان ڕادەگەیەنرا، هەر لەو کۆڕانەدا بوو کە شازادەکان و سەرکردەکانی لەشکر تاوانبار دەکران و دەدران بە دادگاو، ڕا و بۆچوونی سزا، یان بێ تاوانییان دەردەچوو. لەپاش کۆتایی جەژنی (تووی)، خان سفرەیەکی گەورەی ڕادەخست و لەسەر ئەو سفرەیەدا، دەها هەزار کەس، دەیانتوانی کە چەند ڕۆژێ نان بخۆن، هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك دادەنراو، ماوەی شەو و ڕۆژێ، ئەوەی کە دەمایەوە، هەتا قاپ و قاچاغیش هەموو دەبرا، بە مەبەستی شانازیکردن بەوەی کە لە میوانداری خاندا هاوبەشییان کردووە، بۆ یادگار دەیانبرد بەجۆرێ کە لەپاش بیست و چوار سەعات کە جەژن تەواو دەبوو، لەو سفرە گەورەیەو ئەو هەموو خواردن و قاپ و قاچاغ و کەلوپەلی خواردنە، هیچی نە دەمایەوە. لە زمانی مەغۆلیدا «یەقما» واتە:

ئەوەی کە کۆناکرێتەوە و مەبەستیش لەمە ئەوەبوو، ئەو خوان و سفرەیەی کە خان ڕایدەخست و دەیڕازاندەوە، ئیتر هیچی لێ هەڵنەدەگیرایەوە و هەر هەمووی هینی میوان و بانگکراوەکان بوو، ئەمە تەنها سفرەیەك بوو کە ڕادەخرا، بەلاّم هەڵنەدەگیرایەوە و کۆنەدەکرایەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە لە تورکستاندا شارێك هەبووە پێی وتراوە (یەغما)، کە نووسراوە (یاقما) و بە زمانی فارسی ئەم وشەیە

بە (یەغما) خوێندراوەتەوە و نووسراوە، ئینجا دوای ئەوە (یاقما) یان (یەغما) بەواتای تالان و ڕاو و ڕووت بەکار هێنراوە.

فغان کاین لولیان شـوخ شیرین شهر آشـوب
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان یغمارا
(حافظ)

بیا که ترك فلك خوان روزه غارت کرد
هـلال مـاه بـه دور قدح اشارت کـرد
(حافظ)

از عـدم دیر آمدیم ایـن قسمت مـامـی رسـد
کم نصیب است آن کەدر آخر به یغمامی رسد
(اشارات) (کلیم)

لێکدانەوەی سێ بەیتەکە:

١- هاوار و فەریاد لە دەست ئەم شۆخ و شەنگانە، کە بە کردەوە و کاری شیرین و جوانیان، لەناو شاردا ئاشووب و هەرا و هۆریایان بەرپا کرد، بە جۆرێ ئارامی دڵیان برد، کە لە کردەوە و کاری غولامانی تورکی یەغما دەچوو.

٢- وەرە کە فەلەك وەکو تورکی تالانکەر هێرشی بردە سەر سفرەی ڕازاوەی مانگی ڕەمەزان و تالانی کرد، ئێستا مانگی نوێی ڕەمەزان دەرکەوتووە، خڕی و کەوانیی مانگ، خڕیی پێکی شەراب دێنێتەوە یاد، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بە هاتنی جەژنی ڕەمەزان، ئەو سەخت گیرییە نەما و، ئیتر دەتوانین کە شەراب بنۆشین.

٣- لە هیچەوە هاتینە ئەم جیهانەوە، بەڵام درەنگ هاتین، لەبەرئەوە بەشی ئێمە هەر ئەمەیە، وەکو ئەو کەسەی کە لە کۆتاییدا دەگاتە سەر خوانی یەغماو کەمی بەر دەکەوێت.

هەروەها (زرین کوب) زەڕین کووب، لە بارەی خوانی یەغماوە دەڵێ: سفرەیەکی

گشتی بووە، کە بە زۆری سوڵتان و پاشایان لە ڕۆژانی جەژندا، بەتایبەتی جەژنی قوربان ڕازاندوویانەتەوە و کەسانێکی زۆر لە هەژاران و دەست کورتان ئەم سفرەیان تاڵان کردووە. لە بارەی یەکێ لەم سفرانە، بەهۆی جەژنی ڕەمەزانەوە وا باس کراوە، کە لە بەغدا، خوانێکی گەورە، بە فراوانی ۷۳۰۰ زمرع، ڕازاوەتەوەو ئامادەکراوەو دوای ئەوە کە خەلیفە نوێژی جەژنی ڕەمەزانی تەواو کرد، خەڵکە هەژارەکە ئەم خوانەیان تاڵان کرد، هەروەها مەبەست لە تورکان، غولامانی تورك بوون، کە لەم جۆرە تالانییەدا پێشڕەو بوون. (هروی –ج ۱، ص۱۷)

**خواهیش:** خواهش. تکا.

عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ سـەلما کـچ و عـەزرا کچ
(نالی –ل ۱۵۷)

چـــوار چت قەت مەکە خواهیش لە دونیا کوردی تا مــاوی
لە خۆت عەقڵ و لە دڵ سەبر و لە بەخت ئیمداد لە یار یـاری
(کوردی –ل ٥٦)

**خواهیشت:** مەبەست ئارەزوو، تکاکار، تکا.

پێم وت ئاخر تۆ دڵی من کوێ دەبەی توند بوو وتی
هـای بە تـۆ چی ماڵمە خواهیشتمە هەر کوێی بەرم
(کوردی –ل ٢٤)

**خوتووتی دەوری لێو:** مەبەست گەنە موو یان نەرمە مووی تازە ڕوواوی سەر لێوی نەو جوانانی تازە پێگەیشتوو.

چ شیرێنە خــوتــووتی دەوری لێــوت
بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەتتی یاقووت
(نالی –ل ۱٥۱)

**خوتوور:** خطور.ع. بە بیرداهاتن، هـاتنە یادی شتێ دوای لەبیرچوونەوەی، ئەوەی کە بەبیر و هۆشدا بێت.

غەمی چـــاوت لە چـــاومدا هـەمی قەددت لە سینەمدا

لە بەر سستی و زەعیفی ئەو خەوێکە ئەم خوتووڕێکە

(نالی -ل ٤٦٤)

**خودا ڕایێ:** پەنا بردنە بۆ خوا لە کاتی پەرێشانی و داماویدا، خوایە ڕێگەیەکمان پێشان بدە، خوایە دەروویەکمان لێ بکەرەوە.

ڕایێ: ڕێگەیێ، ڕێیێ.

ڕا: ڕێگە.

یێ: یای نەناسراوە، دوو یای دەچێتە سەر لە بەر ئەوەی کە وشەکە کۆتایی هاتووە بە (ا).

بە دەستی کەشمەکەش هەرسوو دڕا بەرگی خودا ڕایێ

قەبایی نۆکەر و ئـــاغـــا هەموو بێ چـــاك و دامـــانن

(سالم -ل ١٥)

**خود ئارایی:** خۆ ڕازێنەرەوەیی، ئەو کەسەی کە جلوبەرگی ئاڵ و واڵێ لەبەر بکات.

خود: خۆ.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی.ف. یە. واتە ڕازاندنەوە، خۆجوانکردن، چاوگی ناوبراو ڕەگێکی تریشی هەیە کە (ئارای)یەو، کاتێ کە پاشگری (ش)ی دەچێتە سەر دەبێت بە (ئارایش)، کە ئەمڕۆ لە کوردیدا وشەیەکی باوە.

بەدەستی کەشمەکەش هەر سوو دڕا بەرگی خود ئارایی

قـــەبایی نۆکەر و ئـاغـا هـــەمووی بێ چـــاك و دامانن

(سالم -ل ١٠٢)

**خود بە خود:** بە ئارەزووی خۆم، هەروا لە خۆمەوە.

کەهـــاتی تێـغی بێزاریت لـــە ســـەر دام

سەری خۆم خود بە خود هەڵگرت و ڕۆییم

(نالی -ل ٣١٢)

**خودبین:** خۆپەرست، ئەو کەسەی کە هەر خۆی بوێت.

مــەفــەرموو دڵ وەکو ئــاوێنە ســافە
بەڵێ بەم ئایینە بۆی بووی بە خود بین
(نالی –ل ٣٥٢)

**خود پەسەند:** لە خۆبایی، لەخۆ ڕازی، گومڕا، لووت بەرز.

هـەرکـەسێ ئیزهــاری دانایی بکات و مەقسەدی
خود پەسەندیی بێ یەقین ئیزهـاری نادانی دەکا
(نالی –ل ١٠١)

خود شکن را خوش نیامد مدح خویش از دیگران
خود پسند از ابلهی خود می کند تحسین خویش
(کلیم –دیوان –ل ٢٥٣، عفیفی)

واتە: ئەگەر کەسێ خاکی و خاکساربێت و خۆی بە گەورە نەزانێت، پێی خۆش نـیـیـە کە خـەڵك ستـایشی بکـەن، لـە خۆبـایـی و گـومڕا لـە نـەزانـینـی خـۆیـەتـی کە ستـایشی خۆی دەکات.

**خود نومائی:** خود نەمائی، خود نەمایی. ئەو کەسەی کە پێی خۆش بێ، خۆی دەربخـات و خۆی پێشان بدات، ئەو کەسەی کە ستایشی خۆی بکات، گومڕایی.

خود: خۆ.

نـومـا: نـەمـا، ڕەگـی چـاوگـی نـەمـوودەن (= نمودن)ی ف. یـە، واتـە نـیشانـدان، دەرخستن، پێشاندان.

ئــەی خـەڵوەتیی مـورائیـی بێ ڕەنگی خود نومائی
ڕەنگ زەردی عـاشقیی بە نەك زەرد ڕوو شەقیی بە
(نالی –ل ٣٩٧)

**خورد:** مەبەست خواردنە.

وشەی (خورد) چاوگی کرتـاوی خوردەن (= خوردن)ی ف. یە. واتە خواردن و بەهـەمان واتای چاوگەکەی بەکار هـاتووە.

سەد کە تو فیکری ئەسیری خۆت نییە ئەمما ئەمن

خۆ دەزانی چونکە ڕۆژ بێ خورد و شەو بێ خاوی تۆم

(کوردی –ل ٣١)

**خوردە ساڵ:** خورد سال، منداڵ، بچووك.

خورد: خورد، منداڵ، ورد، بچووك.

دلبەری وا پڕ کەماڵ و عەقڵ و دانش کەم هەیە

وام دەزانی بێ کەماڵە چونکە تیفلەو خوردە ساڵ

(کوردی –ل ٢٠)

**خورد ساڵ:** منداڵ.

خورد: ورد، بچووك، هەرشتێ کە بچووك و کەم بێت.

ئەو تیفلە خورد سالە هەرچەندە وەك غەزالە

ئەمما کە هاتە نەخچیر شێر سەولەتی مەهیبە

(نالی –ل ٣٩٦)

**خورسەند:** شاد، شادمان، دڵخۆش، خوشنوود، ڕازی.

مەکەن مەنعم لەغەم بێ ئەو زمستان

بەچی بێ بولبولی بێچارە خورسەند

(سالم –ل ٥٦)

**خورسەندی:** ڕازی، شادمان، ڕووخۆش، قانیع.

مەدرەسە مەحبەسەیە مەحبەتەیی وەسوەسەیە

کەسی تێدا هەیە ئەمما خۆش و خورسەندی نییە

(نالی –ل ٥٩٥)

**خورش:** خۆراك، خواردن.

ئەلقیسسە ئەو شەوە بەدبەختە وەهای کرد بە خورش

وەختەبوو قیرتەبەق و نان لە مەلا بێتە جەواب

(سالم –ل ٤٤)

**خورشید:** خۆر، هەتاو، ڕۆژ.

خۆش سوبح دەمێکە کە بەخەندە دەنوێنێ
بەس زەرەیی خورشید لە زەرێکی سوهادا
(نالی –ل ٨٤)

کەوا زەرِ تاریی یەکتایی دمڵێی خورشیدی ئافاقە
مەڵێ خورشیدی ئافاقە بڵێ میهری کــــەوا تاقە
(نالی –ل ٤٥٥)

شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ
بنــــازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلــووریکە
(نالی –ل ٤٥٩)

**خورشید:** لێرەدا مەبەست یارە، خۆر.

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان
کــــە نــــالی وا لە حــــاڵەتی میحاقی مــــاهــــی نــــەودایــــە
(نالی –ل ٥٦٠)

**خورشیدی جەمال:** مەبەست شۆخی و شەنگی دلبەرە.

خورشید: خۆر.

جێی هیندوویی خاڵت نیە خورشیدی جەمالت
ئەم مەرتەبــەیــە قابیـلە بۆ حەزرەتی عیسـا
(سالم –ل ٢٦)

**خورووس:** کەڵە شێر، کەڵەباب.

خامۆش ببە لە بانگ و سەدا ئەمشەو ئەی خورووس
با دەس بکەم لە گەردنی دولبەر بە عەیش و بــووس
(سالم –ل ٧٣)

**خورەم:** نوێ، تەڕوپاراو، خۆش، شاد، شادمان.

تا چەمەن پیرا لە سەر ئەسڵی درەختی لانــەدا
فەرعی تازە خوڕەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو
(نالی –ل ۳۷)

**خوڕەم:** خۆش، خۆشحاڵ، تەڕوتازە، باش، پیرۆز.

لـــــە گریەی ســالمی دڵدارە دولبەر
دەبــێ خوڕەم وەکو گوڵشەن بە یاران
(سالم –ل ۸۹)

بە زاهیر خوڕەم و شادان لە ڕووی تورکی ئەرورمی دا
لە دڵدا گەرچی دیگ ئاسا بە مەخفی جوملە جۆشـانن
(سالم –ل ۱۰٦)

**خوڕەم بەهاری حوسن:** مەبەست هەڕەتی شۆخ و شەنگی دلبەرە.

خوڕەم:⟵———

تا نەقشی خاترم بێ خوڕەم بەهاری حوسنت
دەتکێ لە هەوری ئەشکم بە میســـــلی باران
(سالم –ل ۸۹)

**خوڕەمی:** خۆشی، شادی.

قەت نەبوو نەشئەو نەماکا مەزرەعەی عومرم بەهار
لێی نەدا بای خــوڕەمــی تـــا کەوتە هەنگامی درەو
(سالم –ل ۱۱۷)

**خوسر:** خُسر. ع. زیان کردن، زیان.

شــەقاوەت بوو بە دوودو داخیلــی کــوورەی زەلالەت بوو
ئەمارەت خوسری خوسرەو کەسری کیسرا شەققی ئەیوانە
(نالی –ل ۵۰۷)

**خوسرەو:** لە بارەی خوسرەووە سەرچاوەکان گەلێ شتیان نووسیوە، لێرەدا بە کورتی

باسی لێوە دەکەین:

پاشا، کیسرا، قەیسەر، مەلیك. یەزدگیرد سێیەمین پاشای ساسانی بوو، کە بەدەستی ئاشەوانێ کوژرا. یەکێکە لە سوڵتانەکانی ساسانی، کە لە پێش بەهرامی گوور پاشا بوو و، بەهرامی گوور پاشایی لێ سەندەوە و کردی بە یەکێك لە نزیك و تایبەتییەکانی خۆی.

کوڕی سیاوەش و لە نەوەی کەیکاوس و دایکی کچی ئەفراسیاب بوو کە ناوی سوودا بە بوو، ئەم بەزۆری بە کەیخوسرەو ناسراوە.

یەکێ لە پادشاکانی ئەشکانی کە ناوی ئەشکی بیست و چوارەمە، کە لەساڵی ١٠٨ تا ١١٠ یان ١٢٨ی زایینی پاشا بووە، هاوچەرخی (تراژان)ی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو، کە هێرشی بردە سەر ئێران، لە سەر ڕێگەی هێرشەکەی هەموو شارەکانی ئێرانی داگیر کرد و (تەیسەفۆن)یشی خستە ژێر دەستی خۆی و یەکێ لە کچەکانی خوسرەوی بە دیل گرت، بەڵام خەڵکی لەو شارە داگیرکراوانە ڕاپەڕین و (تراژان) ناچار بوو کە بگەڕێتەوە و، خوسرەو دووبارە شارەکەی لێ سەندەوە، لە هەمان کاتدا (تراژان) مرد و (هادریان)ی ئیمپراتۆری نوێ لەگەڵ خوسرەودا ڕێککەوت، لە پاش ڕێککەوتن و ئاشتیی، خوسرەو بە سەرکەوتوویی هاتەوە بۆ (تەیسەفۆن)و کچە دیل کراوەکەی لێ وەرگرتنەوە، بەڵام ڕۆمییەکان تەختی زێڕینیان نەدایەوە بە ئێران. (فرهنگ شاهنامە)

خوسرەو: ناوی چەند پاشایەکی ساسانی بوو، خوسرەوی یەکەم کە ئەنو شیروانە بە پەهلەڤی پێی دەڵێن: ئەنووشەك روڤان، واتە خاوەنی گیانی نەمر، کە نازناوی خوسرەوی یەکەمی پاشای ساسانی بوو، ناسراو بە دادگەر، بیست و یەکەمین پاشای ساسانی بوو، لە ساڵی ٥٣١ ز، هاتە سەر تەخت و لە ساڵی ٥٧٩ ز، مرد، کوڕی غوباد = قوبادی ساسانی بوو، دایکی کچی جووتیارێ بوو.

خوسرەوی دووەم: کە ناسراوە بە خوسرەو پەروێز [پەهلەڤی. ئەپەرو ڤێج] ٣٦٦ –٥٩١ ز.

خوسرەوی سێیەم: کوڕی کواژ (قوباد)و برازای خوسرەو پەروێز، لە ساڵی ٦٢٩ ز، کوژرا، چەند مانگێ لە ڕۆژهەڵاتی ئێران پاشایی کرد و بەفەرمانی

فەرمانفەرمای خوراسان کوژرا.

خوسرەوی چوارەم: ٦٣٠ –٦٣٢ ز، لە نەوەی یەزدان شای کوڕی ئەنووشیروان بوو، تەنیا چەند مانگێ لە بەشێکی ئێراندا پاشایی کرد. (معین)

خوسرەو و موحموود و فەرهاد هەرسێ شا و شازادە بوون
ئـاخری بووشن بـە بـەندەو چاکەری سوڵتانی عیشق
(کوردی –ل ١٩)

بەحوسنی یووسف ئاسات و بە خولق و لوتفی شیرینت
چراغی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کەنعانی
(کوردی –ل ٦٠)

تەماشای جەوری دونیاکەن چ قەهرێکی لە خوسرەو گرت
نـە بۆ تـاجی نیشانێ مـا نـە بۆ تەختی نیا پـەیـدا
(سالم –ل ١٨)

چونکە هاوچەشنت لە ئیقلیمی مەلاحەتدا نییە
سا وەکو خوسرەو هەمیشە لێدە کووسی نـادری
(کوردی –ل ٥٤)

**خوسرەوی تەختی زەمین:** مەبەست پاشای هەموو جیهانە.

خوسرەو: ←

لە شیرینیی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ڕەنگە
بگـاتە ئاسمانی بێستوون فـەرهـادی هـاوارم
(نالی –ل ٢٧٤)

**خوسرەوی خاوەر:** مەبەست خۆرە.

خوسرەو: ←

خاوەر: ڕۆژهەڵات.

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خـاوەر
بـە ڕووی تـۆم دیدە هـەڵنـایێ شەو و ڕۆژ ئەرچی بێدارم
(نالی –ل ٢٧٢)

**خوسرەوی خووبان:** مەبەست دلبەری زۆر شۆخ و شەنگە، پاشای شۆخ و شەنگەکان.

خوسرەو:→

خوویان: شۆخ و شەنگەکان.

خوویان کۆی خوویە، واتە باشەکان.

جان موحەققەر نەقد دەرکەف سەرفگەندە چـاوەڕێ
خـوسرەوی خوویان بلێن سالم ئەوا پێشکەش ئەکا
(سالم –ل ٤٠)

ڕەفیقان ئێوە گەر ئاشوفتەیی یـــــارانی ئەکــرادن
بە شۆخی دولبەری من خوسرەوی خوویانی کشمیرە
(سالم –ل ١٢٥)

**خوشك:** وشك.

لە زەربی نەبزی ئاشوفتـەم لەبی خوشکم موحەقەق بوو
بە جوز بۆسەی لەبت دەردم بە سەد حیکمەت دەوا نـابێ
(سالم –ل ١٣٩)

**خوشك لەب:** مەبەست لێو بەبارە، لێو وشك.

خوشك: وشك.

لەب: لێو.

کـاشکی دەتدی لـــەب لــە تابووتا پەرێشانی کـەریم
ڕەنگ پەریدەی خوشك لەب بێ دەنگ و مات و بێ زمان
(سالم –ل ٩١)

**خوشکیدە:** وشکەوە بوو، وشك بووەوە، وشك هەڵگەڕاو، سیس و ژاکاو.

خوشکید: چاوگی کرتاوی خو شکیدەن (= خشکیدن)ی ف. یە، واتە وشك بوون، سیس بوون.

ە: پاشگرە.

تا بوو بەجایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سووتا گیاهـ و تەشنەو و خوشکیدە بوو شـەجەر

(سالم –ل ١٢)

**خوم:** مەبەست کووپەی شەرابە، کووپەی مەی، کووپە.

مـەستی بی من وەرایی یـــارانە
ساقیا خوم بدە بە جامی سەبوو

(سالم –ل ١١٦)

**خومار:** خمار. ع. حاڵەتی دوای سەرخۆشی، لە پاش مەستیی سەرگرانی دوای ئەوە، سەرقورسی و بێ تاقەتی دوای سەرخۆشی.

سەری تەسلیمی داوە نێرگسی مەست
بە دیدەی تۆ لە هەنگامی خـومـــارا

(سالم –ل ٢٥)

**خوماری میحنەتی دونیا:** مەبەست غەم و سەرئێشەی دونیایە.

بەدەل کەین با بەنەشئەی مەی خوماری میحنەتی دونیا
(الا یـــــا ایـــها الســـــاقی ادر کـــــأسـاً و نـــــــاولها)

(سالم –ل ٣٦)

**خومرە:** مەبەست کووپەی شەرابە، کووپە.

ساقیا ساغەری من خومرەیە نەك ڕەتلی سەبوك
دەرخـوری مەسـتی بی مـن شیشەو پەیمانە نییە

(سالم –ل ٣٦)

**خومی نیل:** کووپەی شین، کووپەی نیلیی.

بەو دەنني فوراتە کە دەکا پەششە بە عەنقا

نەك لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح

(نالی –ل ١٦٦)

**خونچەی پەیکان:** مەبەست دەم و لێوی بچووك و جوان و کاریگەرە.

دڵ دائیما وەك بولبول موشتاقی دەهەن وازە

تا ئاوی حەیات نۆش کا لەو خونچەیی پەیکانت

(کوردی –ل ١٣)

**خونچەی کام:** غونچەی کام. مەبەست دەم و لێوی بچووك و جوانی یارە.

کام: دەم، هەروەها بە واتای هیوا و ئومێد و ئارەزوویش هاتووە.

ئەمە یان نوقڵە یاخۆ خونچەیی کام

ئەوە دەندانە یا دوڕ یانە یاقووت

(کوردی –ل ١٥)

**خونفشان:** خوێن بارێن، ئەوەی کە خوێن بپرژێنێ یان خوێنی لێ بباریَ.

خون: خوون.

فشان: ———◄ئەفشان.

لێمگەڕێن با گریەکەم دیدەم بە دیدەی خونفشان

نایەڵێ یەك دەم بە ڕاحەت ڕابوێرم ئاسمان

(سالم –ل ٩٠)

**خونکار:** خوێن ڕێژ، پیاو کوژ، ئەو کەسەی کە کاری ئادەم کوژی بێت.

بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو

خەتت هات و وتی من ئاسیخی توغرایی خونکارم

(نالی –ل ٢٧٤)

**خوێنی جیگەر:** مەبەست غەم و خەفەت و فرمێسکی خوێناوییە.

دەزانی تۆ لە شیشەی دیدەمابی ئـەشك ئالـوودەم

شەرابی حوب لە جاما ڕەونەقی خوێنی جیگەر نادا

(سالم -ل ١٧)

خـون جـگر ز فرقت تـو

از دیده روانه در کناراست

(سعدی -کلیات ٥٤٣)

واتە: بەهۆی دووری تۆوە فرمێسکی خوێناوی بە چاوەکانمدا دێنە خوارەوە.

**خووب:** مەبەست جوان و شۆخ و شەنگە. باش، پەسەند، بەجێ.

لـە بـــابانا گرفتارن پەرێشان خـاتر و بێکـەس

بە جەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خوویانن

(سالم -ل ١٥)

**خووبان:** شۆخ و شەنگەکان، باش و پەسەندەکان، دلبەران.

مومکین نییە جەلبی دڵی خوویان بە من و تۆ

نەمبیستووە تەسخیری مـەلایك بـە مـەلایی

(نالی -ل ٧٠٥)

**خووبانی سیەهـ موو:** مەبەست شۆخ و شەنگە پرچ و زوڵف ڕەشەکانە.

خـووبانـی سیەهـ موو پەریی ڕوو خەدەمت بوو

هـەر چەندە کە عومری خزر و جامی جەمت بوو

(سالم -ل ١٠٩)

**خوون بەها:** بەهای خوێن، نرخی خوێن، ئەو برە پارەیەی کە خوێن ڕێژ دەیدات بە کەسوکاری کوژراو تا لێی خۆش بن.

لەلەب نەقدی حەیاتم خوون بەهای یەك بۆسە داناوە

ئەگەر یاری قەمەر تەلعەت قبوڵ کا موشتەریم ئەمشەو

(سالم -ل ١١٧)

**خوون چەکە:** خوێن تکە، خوێن تکان، خوێن لەبەر چوون. خوون چەکان = خوێن تکان.

چەکە: چکە، تکە، تکان، تکەی خوێن یان تکەی هەر شلەیەك.

کووچە کووچە خوون چەکەی پەیکانی موژگانی دڵم

بۆ شـەهیدیی شـاهیدە دائیم کـە خـوێنم جارییە

(نالی –ل ٥٨٤)

مەگەر موژگان ئیشارەی کرد بەکاتیب نوکتە سەنجیی کا

لە زەخمی خـوون چەکانی دڵ وەکو من باخـەبەر کاغەز

(سالم –ل ٧١)

**خوونفشان:** خوێن پرژان، خوێن وەشان.

خوون: خوێن.

فشان: فەشان، رەگی چاوگی فەشاندن (= فشاندن)ی ف. یە واتە، پرژاندن، وەشاندن.

بە سکە تەن پڕ بوو لە زەخمی خوونفشانی تیری تۆ

جـوملە ئەندامم لە بەر مەددی نەزەرمـا گـوڵشەنە

(سالم –ل ١٣٠)

**خووی فەرەنگ:** مـەبـەست ڕەفـتـار و کـردەوەی وەك شۆخ و شەنگەکـانـی ئـەورووپـا، یـان ڕۆژئـاوایە.

نەقشی چینی بۆیی خەتا خوویی فەرەنگ موو حەبەش

هیندوویی خـاڵ عـەرەب دیدە نەزاکەت عـەجەمێ

(سالم –ل ١٤٩)

**خۆ بە عوریانی کردن:** ئـابڕووی خۆ بردن، خۆشەرمەزارکردن.

خـەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری زاتـی ئەمن

بێنە نێو جیلوەی بە زوشتی خۆی بە عوریـانی دەکا

(نالی –ل ١٠١)

**خۆ جووتی شێری نەڕکردن:** مەبەست خۆ بە کوشت دانە، خۆ کوژی و خۆ لەناو بردنە.

نەڕ: نێر.

من لەگەڵ جەور و جـەفات گـەر لافی ئولفەت لێبدەم

هـەر وەکو ئـاهوو دەبێ خۆم جووتی شێری نەڕ بکەم

(کوردی –ل ٢٩)

**خۆشا:** ئای کە خۆشە، چەند خۆشە، مەبەست گەیاندن و پێشاندانی خۆشی و دڵنیاییە.

خۆشا ڕەندێ لـــــە دنیا بێ مـــوبالات و مـــوجەڕەد بێ

بەڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ بە شـەو مات و موجەڕەدبێ

(نالی –ل ٦٣٠)

**خۆشاهەنگ:** خۆش ئـاهـەنگ، خۆش ئاواز، دەنگ خۆش، کەسێ کە هـاتنی خۆش بێت.

ئـاهـەنگ: ئاواز، بەرەو شوێنی ڕۆیشتن، هێرش، جۆر، شێوە.

خوانی زی شانی جیهان هـەنگی خۆشاهـەنگە وەلێ

مێشی دەم نۆشم و دوم نێشم و عەکسی عـــەسەلم

(نالی –ل ٢٩١)

**خۆشە:** گوڵە گەنم.

خەرمەنی سالمی فەقیر سووختەیە بە نـــاری عیشق

خۆشە بە خۆشە گوڵ بە گوڵ دانە بە دانە جوو بە جوو

(سالم –ل ١١٢)

**خۆشەچین:** ئەو کەسەی کە لەپاش درەو کردنی گەنم و جۆ، دەگەڕێ بە دوای ئەو گوڵە گەنم و جۆیانەی کە لەم لاو ئەو لا ماونەتەوە، هەڵیان دەگرێ و کۆیان دەکاتەوە.

کەسێ کە لە ئەم لاو ئەو لا شتی دەست بکەوێت و بۆ خۆی کۆی بکاتەوە، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن هەژار و دەست کورتن.

خۆشە: خووشە، گوڵە گەنم و گوڵە جۆ، هێشووی میوە وەکو هێشووی ترێ و خورما... هتد.

چین: ڕەگی چاوگی چیدەن (= چیدن)ی ف. یە، واتە چنین، چنینی گوڵ و گوڵە گەنم و جۆ و....هتد.

لامەدە نـــالی لـــە ئەنباری جیرایەی ســاڵحان
گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم
(نالی -ل ٣٠٤)

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کـــە ناچین لێرە خۆشە چینی مـــاچین
(نالی -ل ٣٤٥)

**خۆگیران بە دەوری دەست و خەنجەردا:** مەبەست خۆ کوشتنە.

تەحـــەمول کە زەمـانی کوژتنی من سورعەتی ناویَ
لە دڵمایە بگێرم خۆم بە دەوری دەســـت وخەنجەردا
(سالم -ل ٢٢)

**خۆ لە دەمی تیغی فەنادان:** مەبەست خۆ لەناوبردن، خۆ کوشتن، خۆ بەکوشت دان، خۆ بەخت کردن.

بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بـــەقا خۆی لـــەدەمی تیغی فـــەنـــا دا
(نالی -ل ٨٦)

**خۆی عاریز:** ئارەقی دەموچاو.

خۆ: ئارەق.

عاریز:⟵———

خـزر ئاسـا دڵم ئاوی بـەقـای خـۆش کـرد لە خـۆی عـاریز
چ شەوهـای زوڵـمەتی تەی کرد لە حەلقەی چینی گیسوودا
(سالم -ل ١٥٦)

**خیابان:** شەقام.

شوتور بانا ئەمە پەرژینی باغی ڕەوزەیە یاخۆ

عەرار و عەرعەر و بانی خیابـــانی بیـــابـــانە

(نالی -ل ٤٩٦)

**خیتتە:** خطە. ع. ناوچەو شار. گەلێ واتای تری هەیە: زەوی، زەوی دیاریکراو، زەوییەك کە بۆ خانوو دروستکردن هێڵی بە دەوردا کێشرابێ، زەوی تایبەت بە کەس یان بەتیرە، شاری گەورە، وڵات. (عمید)

لە سایەی شەخسێکی هیممەت بڵند ئاسوودەیە شارێ

بەڵێ خیتتەی سولەیمانی سەوادی زیللی (کودروون)ە

(نالی -ل ٥٢٣)

جێگەیی نەزەرگابێ شەش جـــانیبی دەریـــا بێ

ئەی مەردومی سەیرانیی لەم خیتتەیە هەر چاوە

(نالی -ل ٥٢٩)

**خیرە:** سەرسوڕماو، واق وڕماو، هەروەها واتای تری هەیە وەك: بێ پەروا، بێ حەیا، سەرکێش، بێ شەرم، بێ ئابڕوو.

ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا

دڵ خیرە مـــا لـــە حیرت مـــەهـ ئافتابی هێنا

(سالم -ل ٣٥)

**خیرەد:** هۆش.

ئەی خیرەد تو خووا لە دڵ دەرچۆ

دڵ نەمــــاوە لە فیرقەتی دڵـــدار

(سالم -ل ٥٩)

ئەی خیرەد بۆ دیدەنی یـاری حـەبیبـم هەڵسە سا

بێرە دڵ بۆ ڕەهگوزارت سەددی سینەم چاکە دەی

(سالم -ل ١٥٣)

**خیرەدمەند:** ژیر، هۆشمەند.

خیرەد: هۆش.

ئەهلی دنیایی لەبەر حیرسی و تەمەع هـــوشیارن

بەخوسووسی بگەڕێیی مەست و خیرەدمەندی نییە

(نالی –ل ٥٩٣)

**خیرس:** خرس، ورچ.

عەیب و لەعبی خەڵقی کرد تا یاری خستە داوی خۆی

خـەسمـەکـەی من کـەلبی ئاهـــوو گیرە خیرسی لاعیبە

(نالی –ل ٣٩٩)

**خیزاب:** خضاب. ع. خەنە.

لە سەر دڵ قەترەیی ئەشکم کە دەتکێ

خیزابی دەستی ئەغیارانــــە ئەمــشەو

(کوردی –ل ٤٤)

**خێوەتی گەردوونی گەردان:** مەبەست ئاسمانی سووڕاوەی وەك خێوەتە بە ڕاسەرمانەوە، ئاسمان کە لە حاڵەتی سووڕانەوەدایە.

گەردوون: ئاسمان. پەهلەڤی. Gartān لە کۆندا بەواتای عەرەبانە بەکارهاتووە. (معین)

گەردان: ئەوەی کە بسووڕێتەوە، ئەوەی لە حاڵەتی سووڕانەوەدا بێت.

گەرد: ڕەگی چاوگی گەردیدەن و گەشتەن (= گریدن و گشتن)ی ف. یە. واتە سووڕان، گەڕان.

ان: پاشگرە، کە چووە سەر ڕەگ، حاڵەت و چۆنیەتی پێشان دەدات.

مەڵێ ڕێگەی کەشندە یا کوشندە ئەژدەرە یاخۆ

کەمەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە

(نالی –ل ٤٩١)

# د

**دا:** تا، تاوەکو.

هەڵگرا وەك مۆمی کافووری بە شەودا موو بە مووم
دا سیاهی ڕوو بخوێنم نوقتە نوقتە خەت بە خەت
(نالی –ل ٢٤٣)

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مەهرووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق
(نالی –ل ٢٥٠)

داکووچە کووچە خۆڵێ بەسەردا بکا بە چنگ
لەو خاکە ئەفخەرە کە هەموو تاج و ئەفسەرە
(نالی –ل ٤٢١)

چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش
دابڵێن دەریای عومانە دوڕ و مەرجانی هەیە
(نالی –ل ٥٧٣)

**دائیرە:** دایرە. جۆرە سازێکە، دەفەی چکۆڵە. (هەژار)

دائیرەی میسری و چەقانە گەوهەرو لەنجەی سەمەن
دەنگی چاوش بێ بەلا هاوێتە گیانم بێ نەواز
(کوردی –ل ١٨)

**دائیرەی ئەنجوم:** مەبەست ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەیە.

ئەنجوم: انجم.ع. کۆی نەجم (نجم)ە، واتە ئەستێرەکان، نالی لەم دێڕە شیعرەدا کە دەڵێ (دائیرەی ئەنجومی قوبوور). مەبەست گۆڕستانێکی کش و ماتی پڕ لە گەورە پیاوان و نازدارانە، کە چوواندوونی بە ئەستێرەکانی ئاسمان.

سەیوان نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبزو ساف
یاخۆ بووە بـــە دائیرەیی ئەنجومی قـــــوبوور
(نالی -ل ١٨٦)

**دائیرەی ئەنجومەن:** کۆڕی کۆبوونەوە.

فەلەکی میهر مـــەهی وەقتە تەواوبێ زەمـــەنی
کەوکەبەی ئەنجومی یو دائیرەیی ئەنجومەنی
(نالی – ل ٦٦٩)

**داد ڕەس:** دادوەر، قازی، حاکم.

داد: یاسا، بەخشین، بەش، فەریاد و هاوار و دەنگی بەرز.

ڕەس: ——— دەست ڕەس.

گرتوویە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ
یەعنی وەرە نـــالی کــــە منیش دادڕەسێکم
(نالی – ل ٢٨٥)

**دارا:** داراب = دارای، پەهلەڤی. Dūrāb= داریووش.

ناوی چەند پاشایەکی (هەخامەنشی)یە، داریووشی یەکەم، داریووشی گەورە، کوڕی (ڤیشتاسب) شایە، لە ساڵی ٥٢٢ پ. ز، هاتە سەر تەختی پاشایی و لە ٤٨٦ پ. ز، مرد. بەهۆی تیرەکانی پارس پاشایی لە (گوماتا)ی داگیرکەر سەندەوە، خۆی بوو بە پاشا، بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بوو، لە کاروباری وڵات و لەشکرییدا داهێنەر بوو، دەسەڵاتی لە سەرووی ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕووباری (سەیحوون)، لە خوارووی ڕۆژهەڵاتـەوە، تـا کـەنـاری ڕووبـاری (سنـد)، لـە ڕۆژئـاواوە تـا شێوە دوورگـەی یـۆنـان پـەرەپـێدا، هـەمـوو نـەتـەوەکـانـی ئـاسیـای ڕۆژئـاواو ئـاسیـای

ناوەڕاست و میسر و حەبەشەی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە، لە زەمانی ئەودا جەنگەکانی ئێران و یۆنان کە بەناوبانگە بە (جەنگەکانی مادی) دەستی پێکرد، لەشکری داریووش دوای سووتاندنی شاری (سارد) لە دوو جەنگی تراکیەو ماراتن بەشداری کرد، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، داریووش خەریکی خۆ کۆکردنەوەو ئامادەییەکی تەواو بوو، تا دووبارە هێرش بباتە سەر یۆنان، بەڵام مردن مۆڵەتی نەداو لەپاش (٣٥) ساڵ پاشایی مرد.

داریووشی دووەم: کوڕی ئەردەشێری یەکەم، ساڵی ٤٢٤ پ. ز، بوو بە پاشاو ٤٠٤ پ. ز. مرد، لەسەردەمی ئەمدا میسر ڕاپەڕی و سەرپێچی کرد و لە (ماد)یش شۆڕش بەرپابوو، ئێران لەگەڵ (ئیسپارت) یەکی گرت.

داریووشی سێیەم: نەوەی داریووشی دووەمە لە ساڵی ٣٣٦ پ. ز بوو بە پاشاو ساڵی ٣٣٠ پ. ز، کوژرا، لە زەمانی ئەمدا ئەسکەندەر هێرشی هێنایە سەر ئێران و لە جەنگەکانی گرانیکوس و ئیسوس و گوگمل داریووش شکاو بەرەو سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران ڕۆیشت بەڵام بەدەستی بسوس والی بەلخ کوژرا و بەمردنی ئەم، بنەماڵەی هەخامەنشی کۆتایی هات. (معین)

بەسەرا وێزەیی چاوێنەییی کەللەی سەریان
لەکەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
(نالی – ل ٢٣٥)

**دارا:** مەبەست دلبەرە، یاری بەدەسەڵات، بەتوانا، دەوڵەمەند.

بە تەحسیل مەتلەبی چەندی بەڕێ دا
کە بگرێ دامەنی دارا نەدارا
(سالم – ل ٢٥)

**دارولخەلافە:** دارالخلافة. کۆشك و سەرای خەلیفە، شارێ کە پایەتەختی خەلیفە بێت، وەکو بەغدا کە پێیان دەوت دارالخلافة، کۆشکی پاشا، پایەتەختی سوڵتان، وەکو تاران کە لە سەردەمی قاجارییەکاندا پێیان دەوت دارالخلافة. (معین)

خاڵی سەر سەفحەی ڕوخی جانا چ نادر کەوتووە
حیکمەتی دارولخلافەی گورجییان هیندو دەکا
(سالم – ل ٣١)

**دارووٍ:** دەرمان.

لەبت بوو داروویی جێ نێشی ماری عەقرەبت نەتدا
هەتا ئەمرم بە حەسرەت بابدەم دەستم بە زانوودا
(سالم - ل ٢٠)

تەبیب دێنن دەوای دەردم بکا خۆمن زەدەی دووریم
بەبێ داروویی وەسلی ئەو نییە ئارام و تەسکینم
(کوردی - ل ٢٧)

ئەگەرچی کارییە دەردم وەلێ نەزدیکە تەسکینم
بپرژێنێ حەکیم ئەر ئارەقی چیهرەت بە دارووما
(سالم - ل ٣٣)

خاکی دەرگات سورمەیە بۆ چاوی تار
ماچی لێوت داورووە بۆ دەرد و غەم
(سالم - ل ٨٢)

**داسی تەڵەب بێ دەم بوون:** مەبەست هەوڵ و کۆششی بێ ئەنجامە. داسێ کە کول بێت و نەبرێت، یان درەوی پێ نەکرێ.

وەك جەیشی مەلەخ لەشکری غەم ملکی دڵی گرت
بۆ کشتی ئەمەل داسی تەڵەب بێ دەمە ئیمشەو
(سالم - ل ١٢٠)

**داگیە:** داوێتی.

دڵ دەبێ بدزی لە ناو خەڵقی دەڵێی خۆی داگیە پێم
من دڵم دا پێت بەراست دا دەی بزانم ماهرِوو
(کوردی - ل ٤٠)

**داماد:** زاوا.

کانی دەزێن بە ئــاو و درەخت ئاوسن بە با
شاییی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووك
(نالی – ل ٢٥٨)

**دامادی خیرەد:** مەبەست بیر و هۆشی بە توانایە.

داماد: زاوا.

خیرەد: هۆش.

بە دامادی خیرەد چــارەی عەرووسی وەسفی تۆ نـابێ
لە پەردەی دڵ مـەعتەل ما بە بارێ شەرم و ڕوو زەردی
(سالم – ل ١٤٤)

**دامەن ئالوودە کردن:** مەبەست گوناهـ کردن، کاری خراپ و نابەجێ کردن، داوێن پیسی کردن.

دامەن: داوێن.

ئالوودە: مەبەست پیس و ناپاکە.

دەست لە خوێنم مەدە ئالوودە مەکە دامەنی پاك
خوێنی من سابیتە باتیل نییە وەك ڕەنگی خەنە
(نالی – ل ٥٢٦)

**دامەن داتەکاندن:** مـەبـەست وازهـێنـان، بـەرەڵلاکـردن، خـۆ لـە شتێ یـان کـەسێ دوور خستنەوە.

ڕەنگـە دامــەن داتەکێنێ دلبەری بــێ مروەتم
گەر لە حەشریشا بەزاری دەس بەرم بۆ دامەنی
(سالم – ل ١٥٠)

**دامەن گرتن:** مەبەست پەنابردنە، داوێن گرتن.

بە تەحسیل مەتلەبی چەندی بەڕێ دا
کـە بگــرێ دامــەنی دارا نـــــەدارا
(سالم – ل ٢٥)

**دامەن لە کەمەردان:** مەبەست خۆ ئامادە کردنە، چاك بەلادا کردن.

ئالوودە نەبێ دا بە زەبوون گیریی خوێنم
بـۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەردا
(نالی – ل ٨٢)

**داموسك:** مووی کلکی ولاخی یەك سم. (خاڵ)

شێری بێشەی موڵکی بابان بـوو عەزیز ئەمما درێغ
وەك گرێی داموسکی بێ قەومەکەی زوو هەڵوەشان
(سالم – ل ١٠١)

**دامی چرا:** تەڵە نانەوە، داو نانەوە، دانەوداو.

دام: داو.

چرا: لەوەڕ، لەوەڕان، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو دانە یان ئەو خۆراکەیە کە لەناو داودا دادەنرێت بە مەبەستی ڕاوکردن. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردیدا وشەی (چەرە) لە جیاتی (چرا) بەکاردێت، لە وشەی شەوچەرەدا.

مورغی پڕ وەحشیی دڵ ئەو شەوە ئەمنییەتی بوو
لـە ڕوخ و تـوڕەیی تـــۆ دەردەکەوێ دامی چـرا
(سالم – ل ٣٤)

**دامی گیسوو:** مەبەست پرچی دڵرفێن و جوانی دلبەرە، ئەو پرچ و ئەگریجە جوانەی کە دڵدار گیرۆدە دەکات.

حیکایەت خوانە تووتی دڵ بە دەوری دامی گیسوودا
مـەزەنە عـەکسی خـۆی دیوە لەناو ئاوێنەیی ڕوودا
(سالم – ل ٢٠)

**دانە:** مەبەست گیرۆدە بوونە بەهۆی خاڵی ناو داوی زوڵفی یار. واتە خاڵی دەورەگیراو بە زوڵف و ئەگریجەی یار.

کە شەیتانیش ستێزم دا خـەیاڵی دانە قـەت نـاکەم
لەناو دەرد و جەفا ئەم دەفعەیە لەم داوە گەر بەریم
(سالم – ل ٨٠)

**دانش:** زانست.

ئەهلێکی وای هەیە کـــە هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازیمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور
(نالی – ل ١٨٤)

دلبەری وا پڕ کەماڵ و عەقڵ و دانش کەم هەیە
وام دەزانی بێ کەماڵە چونکە تیفلە و خوردە ساڵ
(کوردی – ل ٢٠)

**دانگ:** پەهلەڤی. Dang، لە عەرەبیدا بوو بە دانق.

١–یەکەی پێوانە، شەش یەکی هەرشتێ (زەوی و خانوو و بەرە)، پێنج دانگ لە زەوی واتە پێنج شەشەمی ئەوە. ٢ –یەکەی کێشان، بەرامبەر بە هەشت حەببە، یان هەشت جۆ، دەکاتە دوو خەرنووب، کە دەکاتە چوار تەسوو (طسوج)، و هاوکێشی دوو قیرات. (رسالەء مقداریە. فرهنگ ایران زمین ١٠: ١ – ٤ ص ٤١٤). ٣– یەکەی پێوان، بەرامبەر بە ١٦ (شعیر)، بە زۆری لە کوردستان. ٤– یەکەی کێشان، چارەکی درەم و مسقاڵ و بێجگە لە وانە. ٥– یەکەی ئاو، بەرامبەر بە ١٦ حەببە یان ٢٤ کاتژمێری ئاو، بە زۆری لە کرمان. ٦– یەکەی ئاو ١/٤٤ئاوی یەك کەناڵ (کاشمر). ٧ – بەش. ٨– هەرکاتێ یەك هەنگاو بکرێ بە دوو بەشەوە هەریەکێ لەو دووانە پێی دەوترێ ((دانگ)). (معین)

شاهێنی دوو چاوت کە نیگاو مەیلی بە دانگە
کێشـــانی بـــە قـولڵابی دلاوێزی بڕانگـە
(نالی – ل ٤٦٤)

**داوی ڕوو:** مەبەست زوڵفی یارە.

بە داوی ڕووت و دانەی خاڵی سەر ڕووت
گـرفتارە دڵی ســــەد عـــاشقی ڕووت
(کوردی – ل ١٥)

**داوی زوڵماتی شەو:** مەبەست پرچی ڕەش و کاریگەرە. داوێك یان تەڵەیەك کە لە تاریکایی شەودا نرابێتەوە.

عاشق که دەکا ڕاوی زوڵماتی شـەوە داوی

موژگانی تەڕە چاوی بێداریی لەکن پەشمە

(نالی – ل ٤٧٦)

**داهۆڵ:** شتێکە وەك زەلام لە دار و پەڕۆ دروست ئەکرێ و لەناو کشتوکاڵا دائەچەقێنرێ بۆ سڵەمینەوەی باڵندە و جانەوەر. (خاڵ)

مەلەخ تەبعن لە هێشووی دەغڵی دیهقانا بە هەر لادا

لەناو جـاڕی گەنم هــەر یەك وەکو داهۆڵی خەرمانن

(سالم – ل ١٠٦)

**دایەی ئەزەل:** مەبەست ڕۆژگار، فەلەك، دەورو زەمانە.

دایە: دایەن، ئەو ژنەی کە شیر دەدات بە منداڵی کەسێکی تر. ئەو ژنەی کە ساوایان پەروەردە و بەخێو دەکات.

ئەزەل: ازل. ع. ئەوەی کە سەرەتای نییە، ئەوەی کە دەست پێکردنی نییە، ماوەیەك یان زەمانێك کە بێ سەرەتایە.

ئیبتیدا دایەی ئەزەل تەنخواهیی شییر

دای بــە تیفلی تـالیعی مــن کـۆکنـار

(سالم – ل ٦٠)

**دایەی دونیا:** مەبەست جیهانە.

دایە: ⟵ دایەی ئەزەل.

عەقیم ئاسا لە زگ وەستایەوە حەملی نەما ئیتر

لەپاش تۆ دایەیی دونیا بەمیسلی مادەری عیسا

(سالم – ل ٢٧)

**دەئب:** دأب. ع. خوو، شێوە، لە کوردیدا بووە بە (داب) و لەگەڵ نەریتدا دێت و دەڵێن داب و نەریت، واتە خوو و ڕەوشت، شێوە و عادەت.

سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی

بــــارێ بگــەرە فــاتیحەوو دەئبی زیـــارەت

(نالی – ل ١٤٦)

**دەبستان:** قوتابخانەی سەرەتایی، خویندگا بۆ تازە فێربووان.

کوڕ زیبی دەبستانە کچ شەمعی شەبستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
(نالی – ل ١٥٩)

تا موعەلیممە لە عیشقا دڵی باهۆش و خیرەد
داوی زوڵفی سیەهت دەرسی دەبستانی منە
(سالم – ل ١٣١)

**دەبوور:** دبور. ع. بایەکە لە ڕۆژ ئاواوە هەڵدەکات.

مەحوی قەبووڵی خاتری عاتر شەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
(نالی – ل ١٧٧)

**دەبیر:** نووسەر، خوێندەوار، کەسێ کە لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندیدا مامۆستابێت.

تا تەرەدودمە لەسەر سەفحەی دونیا لە غەمت
بەس کەشاکەش لە کەدەر مایەوە وەك کلکی دەبیر
(سالم – ل ٦٨)

**دەججالی ئەعوەر:** بەگوێرەی داستانە ئیسلامییەکان لە ئاخر زەماندا یەکێ پەیدا دەبێ کە لە لایەکییەوە ڕووبارێکی ئاو و، لە لایەکی ترییەوە ڕووبارێکی ئاگرە، هەرکەسێ کە بچێتە ناو ڕووباری ئاگرەوە ئاوی سارد دەخواتەوە و ئەوەی کە خۆی بخاتە ناو ئاوەکەوە سەر لە ناو ئاگرەکە دێنێتە دەرەوە، دەڵێن ئەو هەموو جیهان دەگرێت تەنها مەککە و مەدینە نەبێ و لەسەر ناوچەوانی بە تیپی بە یەکەوە نەبەستراو نووسراوە کافر، بە پێی داستانەکان یەك چاوی کوێرە (دەججالی ئەعوەر) و، یان پێڵوەکەی چاوی نەکراوە و نادیارە، بەڵام لە بارەی چاوی ڕاست یان چەپییەوە، داستان و بۆچوونی جیا جیا هەیە. لە سەردەمی پێغەمبەر دا یەکێ بووە ناوی «ابن صیاد، ابن صائد» بووە کە وایان دەزانی دەججالە، هەروەها خەڵك باوەڕیان

وابوو کە دەججال خەڵکی ئیسفەهانە و لە بیرێکدا دەژی لەوێ کە پێی دەڵێن (چاهی ئیسفەهان، سفاهان).... هەروەها دەڵێن لە ڕۆژی قیامەتدا، لە پاش وێران بوونی شارەکان دەججال دێتە دەرەوە و سواری کەرەکەی (کەری دەججال) دەبێ و داوای خودایی دەکات، ئیتر هەرکەسێ کە ئەو دەبینێ دوای دەکەوێ تەنها خوا پەرستان و یەکتا پەرستان و موسڵمان نەبێ، سەیر ئەوەیە هەرچییەکی بوێت بۆی دەلوێ و خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنی و هەموو جیهان دەگرێ و شارەکان وێران دەکات تەنها مەککە و مەدینە و بیت المقدس و تووری سینا نەبێ. دیسان دەڵێن لە پاش پەیدابوونی ئاژاوەی دەججال حەزرەتی مەهدی ئیمامی زەمان دەردەکەوێت و دەججال دەکوژێ. بە پێی داستانێکی تر حەزرەتی مەسیح لە ئاسمانی چوارەم دێتە خوارەوە و دەججال لە ناو دەبات. لە ناو کوردەواریشدا باوە کە دەڵێن لە ئاخر زەماندا کەری دەججال پەیدا دەبێ و بە ناو خەڵکدا دەڕوات و کەرەکەی لە جیاتی تەرس خورما دەکات و هەرکەسێ کە بیخوات و دوای بکەوێ بەرەو دۆزەخ دەڕوات. ئەمە لەو داستانە دەچێت کە (صادق هدایت) لە فرهنگ عامیانە مردم ایران - ١٤٤ دەیگێڕێتەوە بەم جۆرە: کەری دەججال کۆپانێکی هەیە کە هەر شەوێ دروستی دەکەن بەیانی دەدڕێت، ڕۆژێ کە جیهان کۆتایی پێ دێت کەری دەججال لە بیرێك کە لە ئیسفەهانە دێتە دەرەوە و هەر موویەکی جۆرە سازێ لێدەدات لە گوێی کەعەك دێتە دەرەوە، لە جیاتی تەرس خورما دەکات و هەر کەسێ کە دوای بکەوێ دەڕوات بۆ دۆزەخ... بۆ ئەو زانیاریانەی کە باس کران و زانیاری پتر بڕوانە (فرهنگ تلمیحات.)

خۆی کردووە بە گەورەوو قەڕاڵی موڵکی تەن

پشت و وەزیری ئەو سەگە دەججالی ئەعوەرە

(نالی - ل ٤٣٣)

**دەر:** دەرگا، دەرگە.

بێ ئەگەر بێتە دەرت دەیدەیە بەرشەق وەکو گۆ

نییە زاتیشی نەبێ دڵ چ بکا قوڕ بەسەرە

(نالی - ل ٤١٤)

**دەر:** لە.

جان موحەققەر نەقد دەرکەف سەرفگەندە چـاوەڕێ

خوسرەوی خوویـان بڵێن ســالم ئەوا پێشکەش ئـەکا

(سالم – ل ٤٠)

**دەرەك:** بنی دۆزەخ، بنی جەهەننەم، بە جەهەننەم. کۆتـایی و قووڵایی بنی هەر شتێ وەك: بیر، چاڵ، دەریا.

مردنم پێخۆشە نــەك یــارم کـە دیر حــاسڵ بکا

من سەراپا ناری غەم بم ئەو نەڵێ سووتا دەرەك

(سالم – ل ٧٧)

بنێرێ یـــــاری شیرینم ئەگەر بـــۆ جــانی شیرینم

دەرەك بێ جێم لە دۆزەخدا ئەگەر نانێ تەئەمول کەم

(سالم – ل ٨٦)

دەڵێی فیردەوسە گوڵزاری ســەنەندەج

وەلێ بێ تۆ لەلای من وەك دەرەك بوو

(سالم – ل ١١٠)

**دەربان:** دەرگاوان، قاپیوان.

دەر: دەرگا.

بـان: پاشگرە بۆ مەبەستی پاراستن.

چ حوجرە وا لە خاکی میللەتی دەوڵەت پەنـاهیدا

کەمینە خادیمی سوڵتان و شـاهەنشاهی دەربـانە

(نالی – ل ٥٠٢)

**دەرخور:** شایان، بەجێ.

ساقیا ساغەری من خومرەیە نەك ڕەتلی سەبوك

دەرخوری مەستیبی مــــن شیشە و پەیمانە نییە

(سالم – ل ١٣٦)

**دەرخورد دان:** دەرخوارد دان.

باکم نییە مورغی دڵ بیکەی بـە کەباب ئەمما
بیدە بەسەگ و مەیدە دەرخـــوردی ڕەقیبانت
(کوردی – ل ١٣)

**دەر زەمان:** لە هـەمان کاتدا.

ئاهوویی دڵ گـەر ببینێ گەردەنت
دەر زەمان دێنێ لەگەردنیا خەراج
(سالم – ل ٥٤)

**دەرگانە:** دەرگا، دەرگە.

گەدان و بۆ گەدا دەرگانە واناکەن لە بێ چیزی
وەکو نەڕادی دانـا هـەر لە فیکری خانەبەندانن
(سالم – ل ١٠٢)

**دەرگەهـ:** کورتکراوەی دەرگاهـ، بەردەمی دەرگا، بارەگا.

دەر: دەرگا.

گەهـ: کورتکراوەی گاهـ، پاشگرە بۆ شوێن.

ئاکەم تەهی کەناری دڵ ئـارا بـە بـانگی مورغ
تا دێ سەحەر لە دەرگەهی والی غریوی کووس
(سالم – ل ٧٣)

**دەرماندە:** بێچارە، گیرخواردوو، داماو.

دەرماند: چاوگی کرتاوی دەرماندەن (= درماندن)ی ف. یە. واتە بێچارە بوون، داماوبوون.

ە: پاشگرە.

چ زەرقا بۆ سیاهی دەفتەری هـەر ئاصییە ماحیی
چ تەیبە بۆ تەبایی دەردی هـەر دەرماندە دەرمـانە
(نالی – ل ٥١٩)

**دەرویش:** مەبەست فەقیر، هەژار، دەست کورت، سواڵکەر. هەروەها بە واتای گۆشەگیر و سۆفی و ڕەند و قەلەندەریش هاتووە.

دەڵێن میهمان پەزیر و دڵنەواز و خاوەن ئیکرامی
دەسا بۆ کێتە وا من بێنەوا و دەرویش و میهمانم
(کوردی – ل ٢٨)

**دەرهەم:** بە یەکدا چوو، تێکەڵ و پێکەڵ، تێکەڵاو.

مەغشووشی زەرەرە عاجزی زیو دەرهەمی دیرهەم
بۆچ تێکچووە سۆفی کەرە بۆز بۆ غەمی باری
(نالی – ل ٦٤٩)

نەرمی شایانی لە کوێ بوو عاشقی شۆریدە بەخت
موویی ئاشوفتەی سەرم وا دەرهەم و ژوولیدەما
(سالم – ل ٣٣)

دڵی پڕ وەحشەتم جانا لەبەر موژگانی وەك تیرت
حەساریی بوو لە حەڵقەی دەرهەمی گیسوویی زنجیرت
(سالم – ل ٤٧)

سامانی دڵی غەم زەدە جانا لە فیراقت
وەك سیلسیلەیی زوڵفی خەمت دەرهەمە ئیمشەو
(سالم – ل ١٢٠)

**دەریا:** مەبەست خوای گەورەیە.

سۆفیان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لە کن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس
(نالی – ل ٢٣٤)

**دەریای مەعرەکە:** مەبەست جەنگی سەختە.

لە دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگیٚ گەر نەمایان بیٚ
لە نـــاو ئۆردوویی تورکانا دەبیٚ شین و سـەدا پـەیدا
(سالم – ل ١٩)

**دەس بەند:** مەبەست دەس گرتن، دەستی یەکتری گرتن.

دەس بەندیانە دیٚن و دەچن ســەرو و نارەوەن
ساحیٚب کولاهـ و سایەو و بەرگن وەکو مولووك
(نالی – ل ٢٥٧)

**دەستار:** میٚزەر، عەمامە، سەرپیٚچ، مەندیل.

شیٚخی یو سەر لنگە دەستاری بە دەستاری بوزورگ
ڕەندم و دەستاری کەللەی مـــن دەفە نەك میندەفە
(نالی – ل ٤٥٢)

دیٚوانە کـە شـەیدا بـیٚ تورکی سـەری سەودابیٚ
قەت هیچی لەسەر نابیٚ دەستاری لە کن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٥)

**دەستان:** ئاواز، گۆرانی، سرووود.

عـەجـەب ئیزهـاری بـیٚ ڕەحمیی نیگـارم لـەززەتی عیشقە
کە ئەو دەستـانە وەك دەستـانی کوردی فـاش و مـەشهوورە
(کوردی – ل ٤٧)

**دەستە و نەزەر:** چاوەڕیٚی فەرمان، ئامادە و چاوەنواڕی بۆ فەرمان بەجیٚ هیٚنان.

ڕۆژ پەرستی ڕووتە ســـالم بـۆیە دایــم وەك غــولام
زەرد و گەردن کەچ لە دەرگات حازرە دەستە و نەزەر
(نالی – ل ٢٠٣)

**دەستەی سونبول بە قەلاگردن:** مەبەست پەرچەم و ئەگریجەی زۆر پڕ و دریٚژ پەخشان

کردنه.

سونبول: ——◄ سونبولی ئاشوفته.

کەی لەبەر تورە دمگا دەستی خەیالّم بە ڕوخت

تۆ نەبی کێیە بکا دەستەیی سونبول بە قەلاّ

(سالم – ل ٣٤)

**دەست بە زانوودا دان:** مەبەست دەربڕینی غەم و خەفەتە، ناڵەو زاری.

زانوو: زانو، ئەژنۆ.

لەبت بوو داروویی جێ نێشی ماری عەقرەبت نەتدا

هەتا ئەمرم بە حەسرەت بابدەم دەستم بە زانوودا

(سالم – ل ٢٠)

**دەست ڕەس:** دەست پێگەیشتن، ئەوەی کە دەستی بگاتێ، ئەوەی بە دەستەوە بێت و لە ژێر دەستدا بێت.

ڕەس: رەس، ڕەگی چاوگی رەسیدەن (= رسیدن)ی ف. یە. واتە گەیشتن.

وەللاهی کلاّوی سەری من چەرخی دەماڵی

ببوایە بە دامانت ئەگەر دەست ڕەسێکم

(نالی – ل ٢٨٤)

**دەست و گریبان:** دەستە و یەخە، یەخەگرتن، بەرۆك گرتن، شەڕ پێ فرۆشتن.

غەم دەڵێی قەرزی بە من داوە سەری وەعدەیەتی

ڕوو لە هەر گۆشە ئەکەم دەست و گریبانی منە

(سالم – ل ١٣١)

عەجەب دەست و گریبانم بووە کوردی لە دونیادا

مەگەر قیسمەت بوو بۆ من ڕۆژی ئەووەڵ عیجز و غەمناکی

(کوردی – ل ٥٧)

**دەستووری نەزەر نەدان:** ڕێگەی چاوپێکەوتن نەدان، ڕێگەی بینین و تەماشاکردن نەدان.

لەبی تەشنەی کوهەن زەخمم بە خوێنی تازەگی تەڕبێ

حەیا بو ماهی مەستوورم کە دەستووری نەزەر نادا

(سالم – ل ١٧)

**دەستیار:** مەبەست یارمەتیدەرە، ئەو کەسەی کە دەستی خەڵکی بگرێت و کۆمەکی بکات.

بە وەقتی تەلبییەی مەستی شهوودی (صبغة اللّه) بێ

بە گاهی تەروییەی سیڕی (ید الله) دەستیاری بێ

**دەستی ڕوو نانە بەرسینە:** مەبەست دەرکردنە، یارمەتی نەدان و دوور کردنەوە.

گەر بزانی جەوری حاڵی ئیحتیاج

دەستی ڕوو نانێیتە بەر سینەی گەدا

(سالم – ل ٢٥)

**دەستی زوور:** مەبەست توانا، دەسەڵات، هێز.

بێ ئیعتیبارە مەردوم ئەگەر ماڵی وی نەبێ

وا حەسرەتا نە قووەتی زەڕ ما نە دەستی زوور

(سالم – ل ٦٤)

**دەستی کەر:** مەبەست بێ دەسەڵات و هیچ لە بارا نەبووە.

چەندە خۆشە دابنیشین دوو بە دوو ئەمن و گوڵم

داکەوێتن موددەعیی لەو خوارە هەروەك دەستی کەر

(نالی – ل ٢٠٣)

**دەس کوژی:** پیاو کوژی، بکوژی، بە دەست کوشتن.

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەس گری یو دەس کوژی

فەرقی سەر پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا

(نالی – ل ١١٢)

**دەس گری:** دیلیی، کۆیلەیی، بەندیی و دەستگیری، بە دەست گرفتار کراو.

تا موعەییەن بێ کە زۆرن دەس گری یو دەس کوژی
فەرقی ســەر پەنجە بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا
(نالی – ل ١١٢)

**دەغەل:** خراپە، نارێکی، شوێنی ترس و لە ناوچوون، ڕق و قینی داپۆشراو، فڕوفێڵ، کەسێ کە کاری نابەجێ بکات، فێڵباز، کەسێ کە شتێ بەکار دێنێ بە مەبەستی ئەوەی کە سەر لە کڕیار تێك بدات، زیوی قەڵب، ئاڵتوونی قەڵب، پارەی قەڵب، گیرفان بڕ، گێل و نەزان، تەمبەڵ،... (معین)

نازی بێ ڕەحمی و حیلەی دەغەلی و ئاهـ و فوغان
بۆ مـن و یـــار و ڕەقیب قیسمەتی ڕۆژی ئــەزەلە
(کوردی – ل ٥٠)

**دەفتەر شوشتن:** مەبەست وازهێنان، چاو لێپۆشین، لەناو بردن.

مــەکە تەقریری عیلم و فــەزلی ســالم
بە ئــاوی عیشقی تۆ شوشتوویە دەفتەر
(سالم – ل ٦٥)

**دەفعی تەب:** مەبەست چاك بوونەوە لە نەخۆشی و دەرد و ئازارە.

دەفع: دفع. ع. لابردن و دوور کردنەوە.

تەب: تا، بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەش.

حیجابت بــا بــە نــاری ئارەزوو ســالم نەسووتێنێ
لە چاکی پیرەهەن بۆ دەفعی تەب سادەرخە لێمۆیێ
(سالم – ل ١٥٦)

**دەلق:** جۆرە جلوبەرگێکی لە خوری دروست کراوە، کە دەروێش لە بەری دەکات، جلوبەرگی پینەکراوی سۆفییەکان.

لە عەکسی ماهی روخساری بە بــەرقی مــەیتەنی ئــاڵی
دەسووتێ دەسرەی عابید دەلقی زاهید سـڕی مەستوورە
(کوردی – ل ٤٧)

شەمعی مەیخانە فتیلەی نەبوو تا دوێنێ شوکور

شێخی خۆمان بە شەراب دەلقی گەدایی دەفرۆت

(کوردی – ل ١٤)

**دەم:** هەناسە، ئەو فووەی کە شێخ و دینداران کامڵ دەیکەن بە سەروچاوی نەخۆشدا بۆ ئەوەی کە چاك بێتەوە، هەوا، با، شنەی با، ئامرازێکە، کە ئاسنگەران بەهۆی ئەوەوە ئاگری پێ دەگەشێننەوە و گڕدارتری دەکەن.

گاهێ دەبیی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ

گاهێ دەبیی بە دەم دەدەمێنی دەمی غروور

(نالی – ل ١٧٦)

ماڵش دەدەی بە دەم لە دەمی خوابی سوبحدەم

هەم زوڵفی قیر گوونە و هەم چیهرەیی قەمەر

(سالم – ل ٦٧)

ئابی حەیات و ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت

تەحریکی تۆیە گڕ لە تەنوورا کە دێتە دەر

(سالم – دیوانی نالی – ل ١٩٩)

**دەمادەم:** دەماو دەم، کات لە دوای کات. ئەم وشەیە لەسەر دەستووری زمانی فارسی لێکدراوە بەم جۆرە: دەم + ا + دەم. بەڵام لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە: دەم + او + دەم.

جێی دەم دەمە جێی لەب لەبە ساقی وەرە ئەمشەب

هەم ماچی دەما دەم بدە هەم جامی لەبالەب

(نالی – ل ١٣٣)

خەندەت بووەتە باعیسی گریانی دەمادەم

بەرقە سەبەبی بارشی بارانی بەهاریی

(نالی – ل ٦٤٧)

گریە دەرژێنێ بەسەر ڕووما دەمادەم ئەشکی خوێن

بێن تەماشاکەن لە یەك سەفحەی عەقیق و زەعفەران

(سالم - ل ٩١)

**دەماغ:** لووت، کەپوو، ئەم وشەیە بەم واتایە لە وشەی لێکدراوی (دەماغ هەڵپێکان)دا بەکار دێت، واتە دەمامك. هەروەها وشەی (دەماغ) لە زمانی فارسیشدا بە واتای لووت بەکار دێت، لەم وشەیە لە کوردیدا وشەی داڕێژراوی (لووتکە) هەیە و لە زمانی فارسیدا دەماغە (= دماغە).

دەماغ ئەمڕۆ عەتر ئالوود و موشك ئەفشان و گوڵ بێزە

(مگر بـــویی صـــبا آورد ســـــوی زلف تـــاتـــارت)

(کوردی - ل ١٣)

سەبا سا بێ بەسەر گێسوویی یـارا

دەماغم وشکە بێ بۆی موشکی تاتار

(سالم - ل ٥٩)

باز ئەگەر ڕێ نییە بە تورەیی یار

بـۆ دەماغم بـە بـۆ موعەتتەر بـوو

(سالم - ل ١١٦)

مەکە مەنعی سەبا بابێ بە سەرما

دەماغی من فەرەح ئەفزایی بـووتە

(سالم - ل ١٢٢)

**دەماغی خوشك:** لووتی وشك.

دەماغ: لووت.

خوشك: وشك.

ئەفحە بدا لە عەتری زوڵف لەو دەمە بۆ دەماغی خوشك

تەبلە بە تەبلە موشك بە موشك ئافە بە ئافە بوو بە بوو

(سالم - ل ١١٢)

**دەماندن:** فوو پیاکردن، با تێکردن.

گاهێ دەبی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گـاهێ دەبی بـەدەم دەدەمێنی دەمی غـروور
(نالی - ل ١٧٦)

**دەماوەند:** [دەنباوەند، دەنباڤەند، دەم (دەمە، هالاو) + اوەند = وەند، ئەوەی کە دووکەڵ و هالاوی هەیە بەهۆی هەڵقوڵین و پرژاندنی ئاگر.]

کـێوی دەمـاوەنـد چـیـایـەکـە لـە زنجیرە شاخـەکـانـی ئـەلـبـورز، لـە سەرووی ڕۆژهەلاتی تاران، لووتکەکەی بەرزترین لووتکەیە لە ئێراندا و ٥٦٧١ میتر بەرزە. کێوی دەماوەند پەیوەندە بە سەردەمی چوارەمی زەمین ناسییەوە و لە داوێنەکانی ئاوی گەرمی مەعدەنی هەیە، لە هەمووی ناسراو تر ئاوی گەرمی (لاریجان)ە. (معین)

هـــەر وەکو کێوی دەماوەند ســـەرم پـڕ شۆڕشـــە
قەت تەمی هیجران و خەم ساتێ لە دەوری نارەوێ
(کوردی - ل ٦١)

دەزانی غوسسە تا کـەی بارە بـۆ دڵ
هەتا تەم بێ لەسەر کێوی دەماوەند
(سالم - ل ٥٦)

**دەمساز:** هاودەم، دۆست، هاوڕاز، سازگار، ئەو کەسەی کە لەگەڵ یەکێکدا ڕێك بێت.

لە شادی دوورم و دایم لەگەڵ خـەم یـار و دەمسازم
هەتا ئەو یاری دڵ ئارای چاو بە خومارە لێم دوورە
(کوردی - ل ٤٧)

**دەمی ئاخر:** مەبەست کۆتایی تەمەن، کاتی پیری، سەرەمەرگ.

لە یاقووتی لەبت یـەك بووسە مایەم بێ دەمی ئـاخر
تەلەف کەم گەر سەر و ماڵم لە سەوداتا زەرەر نـاکەم
(سالم - ل ٨٥)

**دەمی تازە:** مەبەست هەڵکردنی سروەی بای نوێیە، هەڵکردنی شنەی بای بەیانی.

دەم: با، شنەی با.

بێ بەسەر قیبلەیی دڵما وەرە ئــەی بــادی سـەبا
بە دەمی تازە کە ڕووحم لە قەزای بوویی حەبیب
(سالم – ل ٤٥)

**دەمی دەر:** بەر دەرگا.

دەم: پێش، بەر.

دەر: دەرگا.

حاجیب ئەر ڕێ بدا دڵم دێنێ
دەمـی دەر ئیستا دەبـــم دایم
(سالم – ل ٨٧)

**دەمی ناڵەی زار:** ئاهـ و ناڵە و گریانی ئازاراوی، یان کاتی ناڵەی ئێش و دەرد.

دەم: هەناسە، ئاهـ، کات.

زار: ئێش، ئازار، دەرد. دەم.

لــــە دەمــــی نــاڵـەیی زارم دڵــی پــڕ زەمـــزەمەکەم
وەلولەی حەلق و گەرووی نالی لە گەردوون بەدەرە
(نالی – ل ٤١٥)

**دەندان:** دان، ددان.

ئەمە یا نوقڵە یا خۆ خونچەیی کام
ئـەوە دەندانە یا دوڕ یـانە یاقووت
(کوردی – ل ١٥)

**دەنی فورات:** مەبەست کووپەی شەرابی نایابە.

دەن: دن. ع. کووپەی گەورەتر لە گۆزە.

فورات: ئاوی زۆر سازگار. هەروەها ناوی ڕووبارێکی ناسراوە لە ڕۆژئاوای عیراق و ناوەکەی سازگارە.

بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بە عـــەنقا
نەك لەوخومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح
(نالی – ل ١٦٦)

**دەو:** ڕاکردن، خێرا، توند.

دەو: ——◄ دەوان.

فەرەح و غەم بە دەستی گەردوونە
ئـەم بە ئاهیستە ئەو بە دەو دێنێ
(سالم – ل ١٥١)

**دەواب:** دواب.ع. کۆی (دابة)یەو بە زۆری بەواتای ئەو چوار پێیانە بەکار دێت کە بار هەڵدەگرن و بۆ سواریش بەکار دێن، بەهەرگیان لەبەریان ئاژەڵی تریش دەوترێت.

هەموو جار چواردە یاپراخ و دوو جووت نانی قەوی
بـــای دەدا لـوولـی دەدا قـووتی دەدا میسلی دەواب
(سالم– ل ٤٤)

**دەوات:** مەرەکەبدان، شووشەیەکی بچووکەو مەرەکەبی تێدەکەن، کە بەشی هەرەزۆری مەرەکەب جاران ڕەنگی ڕەش بوو.

کـەی دەکـا شـەرح و بەیاناتی ڕومـووزی دەردی دڵ
ڕوو ڕەشی هەر وەك دەوات و دوو زوبانی وەك قەڵەم
(نالی – ل ٣١١)

**دەواڵ:** پارچە چەرمێکی ئەستووری درێژە، تەپڵی پێ لێدەدرێت، هەروەها تیلماسك یان پارچە چەرمی باریك و درێژە، کە بە ئاوزەنگی زینی ئەسپەوە دەبەسرێت، یان بۆ کەمەربەند بەکار دێت، هەروەها بۆ قامچی لە قایش یان چەرم دروستکراو بەکار دێت.

مورغی دڵ بۆ سەیری شایی وا لە سینەم دا فڕی
بـــۆ سەدای تەپڵی عـــەرووسی وا دەوالم هـەڵبڕی
(سالم – ل ١٤٥)

**دەوان:** بەدەم ڕاکردنەوە، ئەو کەسەی کە لە حاڵەتی ڕاکردندایە.

دەو: ڕەگی چاوگی دەویدەن (= دویدن)ی ف. یە. واتە ڕاکردن.

ان: پاشگرە و کە دەچێتە سەر ڕەگ حاڵەت دروست دەکات.

وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی شیوە سوور
(نالی - ل ١٧٨)

**دەوڵەت و بێدەوڵەتی:** دولة. ع. مەبەست سامان و بێ سامانییە، دارایی و بێدارایی، دەوڵەمەندی و هەژاری.

ئاخری دێ هەر دوولا دەوڵەت و بێدەوڵەتی
پەیکی ئەجەل تەی دەکا هەرچی فەراز و نیشیب
(سالم - ل ٤٥)

**دەهان:** دەهەن، دەم، زار.

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕومانی
دەهان وەك فندق و غەبغەب وەکو نارنجی ئێمانی
(کوردی - ل ٦٠)

تاڵە گەر حاڵەتی دووری بەمنی خەستە چ باك
دەمی وەسفی لەبی جانانە شەکەر دێتە دەهان
(سالم - ل ٩٠)

**دەهەن:** دەهان. دەم، زار.

بەحسی سیڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێیی
سەری موویی نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا
(نالی - ل ٩٢)

گەر خەیاڵی دەهەنی بێنمە نێو ئەم غەزەلە
دێن دەڵێن ئەم غەزەلە وردە خەیاڵێکی هەیە
(نالی - ل ٥٧١)

بـە نەزاکەت نییە گـوڵ وەك بەدەنت

غونچە دڵ تەنگە لە حەسرەت دەهەنت

(سالم – ل ٥٣)

**دەهەنی سیر:** مەبەست ئەو دەم و لێوەیە کە لە بچووکی و جوانیدا، وەکو ڕاز وابێت.

دەهەن = دەهـان. دەم. زار.

تەلعەتی ئایەتی جان مەزهەری ئیعجازی بەیان

لەبی دورج و دەهەنی سیرِ و کـەلامی عـەلەنە

(نالی – ل ٥٢٥)

**دەی:** دەهەمین مانگی هەر ساڵێکی خورشیدی و سەرەتای زستان، هەروەها ڕۆژەکانی هەشتەم و پانزدەهەم و بیست و سێیەمی هەر مانگێکی خورشیدی. هەروەها کاتی سەختیی سەرمای زستان.

بەهمەن سیفەت بە تیری غـەم ئیسفەندی یاری دڵ

نوردی بەهەشتی عەیشی بەدەل بوو بە مانگی دەی

(کوردی – ل ٦٣)

عەیشی وەسڵم بردەسەر ئەندووهی هیجریش سەردەچێ

مەوسیمی ئـوردی بەهەشتم دی دەمێکیش دەی دەبـێ

(سالم – ل ١٤٢)

زاهـیر بـووە لـە ئـاهـووی دڵ ڕۆژوویی مـن

ئـەو قاتەی قەوس و فەسڵی خەزان و تەمووزی دەی

(سالم – ل ١٥٢)

**دەیجوور:** دیجور. ع. تاریك، ڕەش، سیا.

شـەوی یەلدایە یـا دەیجوورە ئـەمشەو

کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٣)

**دەیلەم:** تیرەیەکی ئێرانی نیشتەجێی (دەیلەمستان)ە، ئەم تیرەیە تا سەدەی هەشتەمی کۆچی هەبوون و جیا بوون لە تیرەی گیل، لە سەدەی ناوبراودا ساداتی کیایی کۆمەڵێکی زۆری لەمانە کوشت، وا دەردەکەوێت ئەوانەی کە مانەوە لەگەڵ گیلەکاندا تێکەڵ بوون و گیلەکانی ئەمڕۆ لە نەوە و پاشماوەکانی هەردوو تیرەن.

هەروەها دەیلەم یەکێکە لە بەشەکانی شاری بووشەهر، کە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژئاوای ئەو شارە، ئاو و هەوای گەرم و شێدارە. (معین)

فەرەنگ و داسنی و ئەرمەنی و جوو
نوسەیری و دەیلەمی و گەبری بەدخوو

(سالم - ل ١١٦)

**کەندن:** مەبەست وازلێهێنانە، واز لە چاوچنۆکی هێنان. بەڵام خۆی واتە دان کێشان، دان هەڵکەندن.

لە زمانی فارسیشدا دەندان کەندەن (= دندان کندن) بە هەمان واتاو مەبەست بەکاردێت. (ثروت)

دندان کندن: مەبەست وازهێنان و بێ ئومێدییە و هەروەها بە واتای ئازاردان و لە ناوبردنە.

بەدل گفتا بکن زین کار دندان
جفا بر خود مکن چندین کە چندان

(اوحدی - «عفیفی»)

واتە: بە دڵی وت واز لەم کارە بهێنەو هیوات پێی نەبێ، ئەوەندە زۆر جەفاو ستەم لە خۆت مەکە.

هەر یارێ کە ماڵان گەڕو بێگانەیە نالی
کەندوومە ددانی تەمەعی بۆس و کەناری

(نالی - ل ٦٤٩)

**خت ئاوس بوون بە با:** دار ئاوس بوون بە با، لەکۆتایی زستاندا با هەڵدەکات و درەخت دەبووژێتەوە و چرۆ دەکات.

کانی دەزێن بە ئـاو و درەخت ئـاوس بە با

شاییی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووك

(نالی – ل ٢٥٨)

**دریغا:** دریغ، ئەفسووس، ئەسەف، وشەیەکە لە ئەفسووس و غەم خواردندا بەکار دێت، بە داخەوە، ئای داخی گرانم.

ئـەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نـەقدو دراوە

سـەد حەیف و دریغا کە موسڵمانی نەماوە

(نالی – ل ٥٣٣)

دریغا سـەعوە ئاسا سەیدی چـەنگی شاهبازێکم

زەدەی تیری نیگاهی جادووانەی عیشوە سازێکم

(سالم – ل ٨٧)

دریغا بـۆ سوواری خـاسی پـایتەختی سلێمانی

لە قیرگە و قزلەر و قۆرخ بەڕووتی جوملە گاوانن

(سالم – ل ١٠٦)

**دلاوەر:** دلێر، ئازا، بەجەرگ، جەنگاوەر.

دل + ا + وەر

دل: دڵ.

ا: ناوبەندە، وەکو لە وشەی جەنگاوەردا هاتووە.

وەر: پاشگرە بە مەبەستی خاوەن و وەسف بەکار دێت.

وەلێ تـالیع نەبێ پۆشیدەیە جەوهەر لە ڕووی دونیا

بـە مەردانی دلاوەر حـاسڵی کۆشش جـــەفا پـەیدا

(سالم – ل ١٩)

**دلاویز:** دل ئاویز = دل آویز. ئەوەی کە دڵ بیەوێت، بەدڵدا چوو، ئەوەی کە دڵ خۆشی بووێت، ئەوەی کە دڵی پێوە هەڵواسرابێت، بۆن خۆش.

دل: دڵ.

ئاوێز: آویز. ڕەگی چاوگی ئاویختەن (= آویختن)ی ف. یە. واتە هەڵواسین.

شاهێنی دوو چاوت کە نیگاو مەیلی بە دانگە
کــــێشـانـی بـــە قـوللابی دلاوێزی بژانگــە
(نالی – ل ٤٦٤)

بە زاری مودەتێکە وا لــــە بەندا
دڵی سالم لە نـاو زولفی دلاوێز
(سالم – ل ٧٢)

**دلفیگار:** دل ئەفگار، غەمگین، زویر، دڵگران.

دل: دڵ.

فیگار: ئەفگار. ف. ماندوو، بریندار، زامدار، زویر، غەمگین.

عـــەزیزم وا لـە دووریت دلفیگــارم
کە خوێن دەڕژێ لە دیدەی ئەشکبـارم
(کوردی – ل ٢٤)

**دڵ ئارا:** دلآرا، دلارا، دل ئارا. واتە دلبەری شۆخ و شەنگ، خۆشەویست، یار، دلبەر، کەسێ یان شتێ کە ببێتە هۆی دڵخۆشی و شادی ئادەمیزاد.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی ف. یە واتە: ڕازاندنەوە، ئارایشکردن، جوانکردن، ڕێك کردن، ئامادە کردن، بەرەو شوێنێ ڕۆیشتن، دەوڵەمەند کردن، بێنیاز کردن، دامەزراندن، نەخشاندن، ئاوەدان کردن، بەرپا کردن، بەستنی کۆڕی خۆشی، شاد کردن. (معین)

لە شادی دوورم دایم لەگەڵ خەم یـــار و دەمسازم
هەتا ئەو یاری دڵ ئارای چاوبەخومارە لێم دوورە
(کوردی – ل ٤٧)

**دلآرام:** دلارام، دلبەر، یار، خۆشەویست، وشەکە کورتکراوەی (دڵ ئارام)ە، واتە ئارامی دڵ، ئەوەی کە ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشی بەدڵ دەدات.

عـاشق دڵی نـایێ لە دڵارامی جـودا بێ

ئەلبەت کە دڵارامیی لەوێ بێ دڵی نایێ

(نالی – ل ٧٠٤)

زێوەری حوسنی دلارامە سەوادی خەمی زوڵف

نانوێنێ کە نەبێ زوڵمەتی شـەو شەوقی چـرا

(سالم – ل ٢٧)

بەسکی هـەرجا کوشتەیی تیغی مەحەببەت کەوتوون

کـۆی دلارامـم لـە خـوێنا بـوو بە دەشتی کـەربەلا

(سالم – ل ٣٤)

**دڵ بە خوێن بوون:** مەبەست زۆر خەفەتبار بوون، زۆر غەمگین و زویر بوون.

تـەنگ دەهـانـی دولبەرم حـەسرەتی دایە گوڵڕوخـان

وا دڵی غونچە بوو بە خوێن پەردە بە پەردە توو بە توو

(سالم – ل ١١٢)

**دڵبەند:** گیرۆدە و گرفتار، عاشق، ئەوەی کە دڵ بیەوێت و دڵی بچێتە سەر، ئەوەی کە دڵی پێوە ببەسترێت.

بە ئەفسوونت جەلای دا دانەیی خـاڵ

بە دامی تورەیی تۆ بوو مورغ دڵبەند

(سالم – ل ٥٦)

بە یادی چیهرە ئەی دڵبەندی تورە

لە کوردستانە سالم تـۆ لـە چینی

(سالم – ل ١٥١)

**دڵ تێراو بوون:** مەبەست دڵ پڕ لەغەم بوونە.

دێ بە تاو ئەشکی دوو چاوم هەر وەکو دیجلە و فورات

مەزرەعەی غـەم سەوز و دڵ تێراو وەك ئـەم دوو شتە

(کوردی – ل ٤٥)

**دڵجۆ:** ئەوەی کە دڵ بچێتە سەری و حەزی لێ بکات، ئەوەی کە دڵ داوای بکات و بە دوایدا بگەڕێ، جوان، قەشەنگ.

جۆ: ⟵ جۆیا

دیدەو و دڵ هەردو وا جۆیار و جۆیای قەددی تۆن

سەروی دڵجۆی عەرعەر و دڵجۆی نەمامی دیدە جۆی

(نالی – ل ٦٩٦)

دیدە شیرینە کە پڕ بێ لە سیریشکی شۆرم

چونکە تێیدایە لە عەکسا قەدی دڵجۆیی حەبیب

(سالم – ل ٤٥)

مەهە یا ڕۆژە یا رووی تۆ بە دەرکەوت

شەوە یا زوڵفە یاخو موویی دڵجۆت

(کوردی – ل ١٥)

**دڵخواه:** دڵخواز، ئەوەی کە دڵ بیخوازی، ئەوەی کە دڵ بیەوێت.

خواه: ڕەگی چاوگی خواستەن (= خواستن)ی ف. یە. واتە: ویستن، خواستن.

ئەو نیهالی قەدی تۆ عەرعەرە دڵخواهی منە

ڕاستە دڵ دارە وەلێ حەیفە کەوا بێ سەمەرە

(نالی – ل ٤١٢)

**دڵدادە:** ئەوەی کە دڵی خۆی داوە بەدلبەر، عاشق، دڵدەر.

داد: چاوگی کرتاوی دادەن (= دادن)ی ف. یە. واتە: پێدان، دان.

ە: پاشگرە.

کەی لە قەبرا تا بە مەحشەر دەردەچێ یادت لە دڵ

ڕەحمەتە بۆ عاشقی دڵدادە تەرکی سوحبەتت

(سالم – ل ٤٦)

تەلەب کاری حەقیقەت خاتری ســالم لە باتندا
ئەگەرچی زاهیرەن دڵدادەیی عیشقی مەجازێکم
(سالم – ل ٨٧)

لـە حـەلقەی چینی زولْفا دیدە بــانـی عـاریزە خـــاڵت
لەگەڵ دڵدادەکەت تا سیحر و ئەفسون خووتە هیندووتە
(سالم – ل ١٢٢)

**دڵدار:** مەبەست یار، خۆشەویست، هەروەها بە واتای خاوەن دڵ و نازاو دلێریش دێت.
دار: ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ی ف. یە. واتە هەبوون.

شاهێنی دیدە بازە مەستی شەرابی نازە
دڵدار و دڵ نەوازە دڵ کێش و دڵ فریبە
(نالی – ل ٣٩٦)

بە نەقدی جان دەدا یەك بۆسە دڵدارم وەلێ زەحمەت
دەگاتە حەددی وابوون عوقدەیی کارم وەلێ زەحمەت
(سالم – ل ٥٢)

**دڵدەر:** مەبەست میهرەبان و دڵ نەرمە، ئەو کەسەی کە دڵی خۆی دەدات.

ئەو دێ دەبا بە کەشمەکەش ئەم دێ دەبا بە لوتف
ئـــەو شـاهـی دڵبەرە نـە شـەهـەنشـــاهـی دڵدەرە
(نالی – ل ٤٢٧)

**دڵ دزین:** مەبەست گیرۆدە کردن، گرفتار کردن، دڵ داگیر کردن.

خـــاڵی رووت قوربان بە عەیاری دڵی خـەڵقی دزی
بۆچی ڕێت دا بێتە ناو باخ ئەو حـەبەش زادەی دزە
(کوردی – ل ٤٨)

**دڵدۆز:** دڵ کونکەر، ئەوەی کە دڵ بسمێ.
دۆز: گۆڕدراوی (دووز)ە کە ڕەگی چاوگی دووختەن (= دوختن)ی ف. یە. واتە

دوورین. ئەم ڕەگە لە وشەی (پینە دۆز)دا هەیە کە بەرامبەرەکەی لە فارسیدا پینەدووز (= پینەدوز)ە.

تیری دڵدۆزی موژەت سەف سەف هەتا جونبوش بکەن
زەخمی پەیکانها لە دڵ یەك یەك ژماردن موشکیلە
(سالم – ل ١٢٧)

**دڵسەنج:** دڵگیر و خۆش، ئەوەی کە دڵ پەسندی بکات.

سەنج: ڕەگی چاوگی سەنجیدەن (= سنجیدن)ی ف. یە. واتە: کێشان، ئەندازە گرتن، بەراورد کردنی دوو شت.

کەلامت حافزا دڵسەنجە بۆ سالم وەها چاکە
(کە بر نظم تو افشاند فلك عقد ثریارا)
(سالم – ل ٢٤)

**دڵ سیاسەنگ:** مەبەست دڵڕەق، بێ بەزەیی.

سیا: ڕەش.

سەنگ: بەرد.

دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە ساکینی بوردی یەمەنە
(نالی – ٥٢٤)

**دڵشکەنی:** دڵشکێنی، دڵشکاندن.

شکەن: ڕەگی چاوگی شکەستەن (= شکستن)ی ف. یە. واتە شکاندن.

شێخ بۆچی لەسەر مەستیی لەگەڵ من بە عیتابە
مەر دڵشکەنی و کافری کەمتر لە عەزابە
(کوردی – ل ٤٤)

**دڵ فەریب:** ←—— دڵ فریب.

لەتیف و سەروو قەدد و گوڵجەبینی
حەریف و دڵ فەریب و دڵ شکێنی
(سالم – ل ١٥١)

**دڵ فریب:** دڵ فەریب، دل فەریب. دڵ هەڵخەڵەتێنەر. ئەوەی کە خەڵك فریو بدات.

فریب: فەریب، فریو، فێڵ. هەروەها ڕەگی چاوگی فەریفتەن، فەریبیدەن (=فریفتن، فریبیدن)ی ف. یە. واتە: فریودان، هەڵخەڵەتان، لە خشتەبردن.

شاهێنی دیدەبازە مەستی شەرابی نازە

دڵ دار و دڵ نەوازە دڵ کێش و دڵ فریبە

(نالی – ل ٣٩٦)

**دڵکەش:** ئەوەی کە دڵ بەرەو خۆی ڕابکێشێ، دڵگیر، دڵفڕێن، هەرشتێ کە خۆش بێت و دڵ پەسەندی بکات.

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی ف. یە. واتە ڕاکێشان.

ئەیستان و خەسەك زاری سونووفی شەوکەیی خاری

گەلێ خۆشتر لە سەروستان و دڵکەش تر لە بوستانە

(نالی – ل ٤٩٤)

**دڵ کێش:** مەبەست شۆخ و شەنگ و دڵڕفێنە. ئەوەی کە دڵ بەرەو خۆی ڕابکێشی و دڵی بچێتە سەر.

شاهێنی دیدە بازە مەستی شەرابی نازە

دڵ دار و دڵ نەوازە دڵ کێش و دڵ فریبە

(نالی – ل ٣٩٦)

**دڵگیر:** مەبەست دڵتەنگ، غەمگین، غەمبار، ڕەنجاو.

چاوەکەم دەرحەق بە من بەقسەی بەدی بێ پیرمەکە

بێ خەتاو سووچ [و] قەباحەت لە من [ی] دڵگیر مەکە

(کوردی – ل ٤٩)

**دڵ موشەببەك بوون:** مەبەست دڵ کون کون بوونە، دڵ گران بوون، پەرێشان بوونی دڵ.

دڵ موشەببەك بوو لەبەر ئێشان و نیشانی موژەت

ئێشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر

(نالی – ل ٢٠٢)

**دڵ مۆر بوون:** مەبەست دڵگران و دڵ بریندار بوونە.

زوڵم و فێڵی لێمەکە ســـالم دڵی مۆرە بـــە زۆر
ئاسمان ڕەحمت ببێ تووبی خودا بەسبێ کوچك
(سالم - ل ٧٧)

**دڵنەواز:** ئەو کەسەی کە دڵی یەکێ بداتەوە و غەم و خەفەتی بڕەوێنێتەوە، ئەو کەسەی کە دڵی یەکێ خۆش بکات.

نەواز: ڕەگی چاوگی نەواختەن (= نواختن)ی ف. یە. واتە دڵدانەوە، دەست هێنان بە سەر و ڕووی کەسێکدا بە مەبەستی دڵدانەوە و دڵخۆش کردن. هەروەها بە واتای ساز لێدان و کۆك کردنی سازیش دێت.

دەڵێن میهمان پەزیرو دڵنەواز و خاوەن ئیکرامی
دەسا بۆ کێتە وا من بێنەوا و دەروێش و میهمـانم
(کوردی - ل ٢٨)

گـیـــان فیدای مەحبوویە بـێ دڵنەواز و حـــاڵ زان
هەمدەمی ناکەس بەچەو هەمسوحبەتی ئەغیار نەبێ
(کوردی - ل ٥٢)

شاهێنی دیدە بازە مەستی شەرابی نازە
دڵـــدار و دڵنـــەوازە دڵکێش و دڵفریبە
(نالی - ل ٣٩٦)

خەریکی دڵنەوازیمی بە چاوی مەرحەمەت زاهیر
نیهانی بـۆ سەرم تیغی برۆت ســـاوداوە دەیزانم
(سالم - ل ٧٩)

خـەریکی دڵنەوازی دوژمنـــانـی
لەگەڵ یاران هەمیشە هەربەکیینی
(سالم - ل ١٥١)

**دڵ هەرزە گەرد:** ئەوەی کە بە دوای شتی بێکەڵك و بێهوودەدا بگەڕێت، دڵی سادە و ساویلکە، ئەوەی کە دوای کڵاوی بابردوو کەوتبێت.

هەرزە: بێهوودە، بێکەڵك.

گەرد: ڕەگی چاوگی گەشتەن و گەردیدەن (= گشتن و گردیدن)ی ف. یە. واتە گەڕان و سووڕانەوە.

تیفلی دڵ هەرزە گەرد و لایەشعور
ئاسمان ئەسپی لاجلەو دینێ
(سالم – ل ١٥١)

**دڵی پڕ کەدەر:** دڵی پڕ لە غەم و خەفەت، دڵی زۆر تەنگ.

ئەو حەوزە پڕ دەبوو کە وەکو چاوەکانی تۆ
تەغییرە ئاوی وەك دڵی مەردانی پڕ کەدەر
(سالم – ل دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

**دڵی تووتی:** مەبەست دڵی عاشقە.

دڵی تووتی لە پەروازا لەسەر گوڵ لەنگەری ڕاگرت
کە یاری شۆخ و شیرینم سەحەر وەسمەی لە ئەبرۆدا
(سالم – ل ٢١)

**دڵی خوێنین:** مەبەست دڵی غەمگین و تەنگە.

کە بێ تیری نیگاهت وەختی ئیما بۆ دڵی خوێنین
بە نەرمی مۆمەسینەم گەر سەراسەر حیسنی ئاهین بێ
(سالم – ل ١٤٠)

**دڵی ڕیش:** دڵی بریندار، ڕەنجاو.

ڕیش: برین.

یەك بێشە لە سەحرایی دەروون سەوزە لە سینەم
ئەز بەسکی ڕوا تیری نیگاهت لە دڵی ڕیش
(سالم – ل ٧٥)

**دڵی زار:** دڵی تەنگ و غەمگین.

زار: گریە و زاری بەهۆی دەرد و ناخۆشییەوە، ناڵە، ناڵەی بەسۆز، بە زۆری لەگەڵ گریە و ناڵەدا بەکار دەهێنرێت.

غەمزەت لە بەرابەری دڵی زار

(از گـردن سحر ذوفنون باد)

(سالم – ل ٥٥)

**دڵی شێر ئەفگەن:** مەبەست دڵی زۆر بەهێز و توانایە.

شێر ئەفگەن: ئەوەی کە شێر بەزەویدا دەدات، شێر بەزێن.

ئەفگەن: ڕەگی چاوگی ئەفگەندەن (= افگندن)ی ف. یە. واتە: خستن، بەزەویدادان.

دڵی شێر ئەفگەنی من سەیدی چ جادوویێ بوو

غوللی ئەم شێرە لە گێسوویی ئەوا موویێ بـوو

(سالم – ل ١١٠)

**دڵی مەملەکەت:** مەبەست ناو جەرگەی وڵاتە، ناوەڕاستی وڵات.

ئـەم تاقمە مومتازە کـەوا خاسەیی شـاهن

ناشوویی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

(نالی – ل ٣٤٠)

**دوچەندان:** دوو ئەوەندە.

بە ئەمری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە سۆفی

لەبی نـــالی دو چـــەندان بـــۆ لەبانی لەعلی مـوشتاقە

(نالی – ل ٤٥٧)

**دوختەر:** کچ، کیژ، کەنیشك، دوێت، دوێتە.

بـە ڕەنگی دولبەرم تەحقیقە ئیتر

عەقیمە مادەری دونیا لە دوختەر

(سالم – ل ٦٥)

**دوختەری فیکر:** مەبەست ئەندیشەی بەرز و وردە، شیعری جوان و دڵڕفێن.

مەششاتەیی خەیاڵە مەگەر وەسفی ڕوویی یار

زینەت دەدا بە دوختەری فیکرم وەکو عەرووس

(سالم – ل ٧٤)

**دوختی ڕەز:** مەبەست بادە، شەراب، مەی.

دوخت: کچ، کیژ.

سێ بە سێ نەك یەك تەڵاق دەن بادە کەش بادوختی ڕەز

تا ئەبەد مەستیی دەبەخشێ چاوی مەیگوون عاقیبەت

(سالم – ل ٥٣)

**دورجی موجەوهەر:** قوتووی پڕ لە موجەوهەرات، سندووقچەی پڕ لە خشڵی ژنان، قوتوو یان سندووقە بچکۆلەی پڕ لە بۆنخۆشی و عەتری ژنانە.

دورج: سندووقچە، قوتووی بچووکی تایبەت بە خشڵ و کەلوپەلی ئارایش و بۆنخۆشی، ئەم وشەیە عەرەبییە.

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ

دوڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی سەفا بێ

(نالی – ل ٦١٦)

**دوڕدانەی ئاسوفتە:** مەبەست کیژۆڵەی شۆخ و شەنگ، کچی جوانی تازە پێگەیشتوو.

دوڕدانە: دانەی دوڕ، مرواری گەورە و گران بەها، کە بە تەنیایی ناو سەدەفی پڕ کردبێتەوە، هەروەها پێیشی دەڵێن: مرواری یەکتا، دوڕی یەتیم، ئاسوفتە: واتە کون نەکراو.

موو سونبولی ئاشوفتە دوڕ دانەیی ئاسوفتە

دەم غونچەیی نەشکوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ

(نالی – ل ١٦٠)

**دوڕی سەما:** مەبەست ئەستێرەکانی ئاسمانە.

دوڕ: در. ع. مرواری، کوارتزی شووشەیی وەکو ئەو بەردانەی کە بۆ ڕازاندنەوە و زێوەر بەکار دێن (معین)

ئەم سیرە چییە میسلی سوهابێ نەسوابێ
دوڕێ کە وەکو دوڕی سەما بێ نەسمابێ
(نالی – ل ٦٠٧)

**دوڕی یەکتا:** مرواری بێوێنە، مرواری بێهاوتا، دانەی مرواری.

دوڕ: ———◄دوڕی سەما.

بە فەرموودەی خودا فەرمووی بفەرموو هەستە هەر ئیستە
لە جێی بەدری دوجاو دوڕی یەکتا دوڕی یەکدانە
(نالی – ل ٥١٣)

**دوزد:** دز.

تا وەقتێ دوزدی نیمە شەبن توورکی بێنیزام
دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم دەخەن زەرەر
(سالم – ل ١٣)

**دوژمن نەواز:** ئەوەی کە دوژمن بلاوێنێتەوە و دڵی بداتەوە و میهرەبانی لەگەڵدا بکات.

نەواز: ———◄دڵ نەواز.

جار بەجار بەکزێکەوە هەڵسێ لە پەردەی زاهیری
یارەکەی عاشق کوژ و مەعشووقەکەی دوژمن نەواز
(کوردی – ل ١٨)

**دوژمنی نەفس:** نەفسی دوژمنە. مەبەست ئەو کار و خواستە نالەبارانەیە کە نەفسی ئادەمیزاد ئارەزووی دەکات و تووشی گوناه و خراپەی دەکات.

چوست و چابوك وەرە ڕێی دوژمنی نەفست سالم
سیدق خەفتان و وزوو مەرکەب و شوکرانە سەلیح
(سالم – ل ٥٤)

**دوشەش:** لە یاری تاوڵەدا هەردوو زارەکە هەر یەکەیان شەش خاڵ بێت، جووت شەش.

دوشەش بۆ داوی نەگبەت هەر لە رێدا
لە بەختی شەشدەر و یـــاری عـەقیبم
(کوردی - ل ٢٣)

**دوشەش هێنان:** مەبەست بەختیاری و کامەرانییە، خۆش بەختی.

چ حـاجـەت تـاسی نیقبـالم دوشـەش بێنێ ئـەمێستاکە
کە بەردی دڵ لە دەوری داوی خانەی شەش دەرە ئەمشەو
(کوردی - ل ٤٣)

**دوشنام:** جنێو، قسەی نابەجێ، قسەی ناشیرین.

قەسدی ئەو دوشنام و جەورە مەیلی من بۆس و کەنار
(ترک کـام خـود گرفتم تـا بـر آید کـام دوسـت)
(سالم - ل ٤٨)

کەمەر هەردەم بە دوشنامم دەبەستێ
هوەیدایە نیشانەی نـەحلی زەنبوور
(سالم - ل ٦٣)

**دو میزابی مەبال:** مەبەست هەردوو ئالەتی ژن و پیاوە، کە میزیان لێ دەردێت.

ئـەی دەراتوو لە دو مەجرایی دو میزابی مـەبال
مەبە بادیی وەکو خەرزیهـ بە هەوای کیبرو مەنیی
(نالی - ل ٦٧٠)

**دوندار:** سالار، سەردار، پێشەنگ، پێشکەوتوو. (گیو)

لە پێش بەیداخی شادی یار ئەوا ئەسپی دە ناخێوێ
لەسەر تیپی سوپا سالار و هـەم پێشەنگ و دوندارە
(کوردی - ل ٤٦)

**دووباد:** مەبەست بەهێز و لەش دارێژراو و خێرایە. رێسی دوولۆنە، هەر پارچەو قوماشێ

که ڕیسەکەی دوولۆنە و توند و تۆڵ بێت.

بن زك و جـەبهەت سپیی کلك ئێسترو دامەن سـیا
یەککەتاز و سێ بڕ و دوو بادو شەش دانگ و درێژ
(نالی – ل ٢٢٥)

**دوو جادوو مار:** مەبەست هەردوو زوڵفە ڕەش و درێژ و کاریگەرەکەی یارە کە وەکو دوو جادووە مارەکەی سەر شانی زەحاك بووە و خۆراکیان خواردنی مێشکی ئادەمیزاد بووە، پیاو کوژەکانی زەحاك هەر ڕۆژە دوو گەنجیان دەهێناو یەکێکیان دەکوشت و مێشکیان دەدا بە مارەکانی سەر شانیَ زەحاك و گەنجەکەی تریان بە دزییەوە بەرەڵلا دەکردو ئەویش دەچوو بۆ شوێنێکی دوور و لە چیاکاندا خۆی دەشاردەوە تا بوون بە (٢٠٠) کەس، دەڵێن گوایا میللەتی کورد لە نەوەی ئەوانە دروست بووە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە شاهنامەی فیردەوسی.

دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی وەکو زەحاك و ناوی ناوە زولفەینی
(نالی – ل ٦٧٦)

**دووخ:** ←―――― خەڕەك.

مەسەل دنیا ژن و چەرخیش خەڕەك دەم دەم بە دووخی غەم
ڕەگی تاری وجوودت بادەدا هێشتاکو هەر خاوی
(نالی – ل ٦٨٠)

**دوود:** مەبەست زوڵفی درێژە لە زۆر شیعردا، درێژ...هتد وشەکە خۆی بە واتای دووکەڵ هاتووە.

دوودی سەر میچی گۆڵەنگی لەت لەتی دەسرازەکەت
بان و دیواری بە میسلی لانکەی ئەجزا شکاو
(نالی – ل ٣٥٦)

شەقاوەت بوو بە دوودو داخیلی کووڕەی زەلالەت بوو
ئەمارەت خوسرەوی خوسرەو کەسری کیسرا شەققی ئەیوانە
(نالی – ل ٥٠٧)

بــە زاهیر زوڵمەت و دوودە بەباتین نــوور و نــارێکی
لە عوود و عەنبەر و میشکی خەتای بەرداوە زولفەینی
(نالی – ل ٦٧٧)

چراغێ ڕوو بە ڕووی حوسنت بسووتێ
بە دوودی ئـەو لە هەورا گوڵ دەبــارێ
(سالم – ل ١٤٤)

ئەم دێڕە شیعرەی سالم دێڕە شیعرێکی فارسی دێنێتەوە یاد، کە بە شێوەی هیندی (= سبك هندی) نووسراوە، ئەمە لای شارەزایانی ئەدەبیاتی فارسی لە ئێران و دەرەوەی، هەروەها لای هەندێ لە مەلا کۆنە فارسی زانەکانمان باو و نــاسراوە، زۆرم هــەوڵ دا تــا بـزانم هـیـنـی چ شاعـیـرێکـە و کـەی وتـراوە، بـەڵام نـەگـەیشتـمـە ئـەنجام، بـە ڕێکـەوت چـەند سالێ لـەمـەوبـەر لـە کتێبی: (ای کـوتـە آستینـان –سعیدی سیرجانی –١٣٦٤، چاپخانە کتیبە، ص ٩٩)دا، بەرچاوم کەوت، بەڵام ئەویش ناو و سەردەمی شاعیرەکەی نەخستۆتە ڕوو، تەنها دەڵێ شاعیری هیندی باسی گوڵی ڕووی یار دەکات بەم جۆرە:

اگر بر روضـهء حسن تو زنبور عســـل افتد
گلاب از ابرمی بـارد زدوود شمع تـامحشر

واتە: ئەگەر هـەنگ لە گوڵزاری جوانی تۆدا بنیشێتەوە و بۆنی خۆشی تۆ هـەڵمژێ و لەوە هەنگوین دروست بکات، و کە هەنگوینەکە لە شانەکە جیا دەکرێتەوە و لەو شانەیە مۆم دروست دەکرێ و، کاتێ کە ئەو مۆمە دادەگیرسێنن، دووکەڵەکەی بەرز دەبێتەوە و تێکەڵی هـەور دەبێت، لەو هەورە لە جیاتی باران تا ڕۆژی حەشر هـەر گوڵاو دەبارێ.

**دوودی سیەهی عوود:** مەبەست زوڵفی درێژ و ڕەش و بۆن خۆشە.

دوود: دووکەڵ.

سیەهـ: سیەهـ کورتکراوەی سیاهـ، واتە: ڕەش.

عوود: ⟵

زولفت که لەسەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ
دوودی سییەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ
(نالی - ل ٣٨٤)

**دوودی هەناسە:** مەبەست ئاهێ کە لە دڵ و دەروونێکی سووتاوەوە بێتە دەرەوە، لە ئەنجامی غەم و خەفەتێکی زۆردا، ئاهی دووکەڵاوی.

تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بالا
(نالی - ل ١١٥)

میحنەت ئەوەندە زۆرە دڵم هێندە تەنگ بووە
دوودی هەناسەیی سەحەرم هەوری گرتە بەر
(سالم - ل ٦٧)

رفت آنکه چشم راحت خوش می غنود مارا
عشق آمد و بر آورد از سینه دود مارا
(امیر خسرو - «عفیفی»)

واتە: ئەو کەسە ڕۆیشت کە چاوی ئێمەی دەخستە خەوێکی ئاسوودە و خۆشەوە، عەشق هات ئاهی دووکەڵاوی و پڕ لە خەفەتی لە سینگمان هێنایە دەرەوە.

**دووش:** شان.

لە نوور و لامیعی تەشتێکی ڕاگرت و وتی ڕوومە
بە دووشا ئەژدەهای پڕ نیشی ڕاگرت و گوتی موومە
(سالم - ل ١٢٣)

**دوو شینە:** دوێنێ شەو.

هەموو ئەشعاری دوو شینەم لە وەسفی لێوی ڕەنگین بوو
دەچەسپا لەب بەسەر یەکدا حیکایەت بەسکە شیرین بوو
(سالم - ل ١٠٨)

**دووکەڵی جەستە:** مەبەست ئاهی گەرم و غەم و خەفەتی دەروونە.

یا دووکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سووتاوە
یا هەوری سیا تاوە کە مانیع لە هەتاوە
(نالی – ل ٥٣٠)

**دووکەڵی زوڵف:** مەبەست زوڵفی درێژە.

ئەی شەمع بترسە لە هەناسەم کە بگاتە
ئەو دووکەڵی زوڵفە کە پەرێشانە بە بایێ
(نالی – ل ٧٠٦)

**دوو موویی:** مەبەست مووی رەش و سپییە، مووی ماش و برنج، بۆز.

نەقشی دوو موویی بە دوو ڕوویی دەبێتە عەیبی شەیب
ئاینەی ڕوو پاکییە ڕووناکییە نوور و شەمەت
(نالی – ل ٢٤٦)

پیر زال فلك کینەور از بس بدوخت
عمر پیران و جوانان چوشب و روز دوموست
(وحید – «عفیفی»)

واتە: فەلەك و دەور و زەمانەی کینە تۆز کە وەکو پیرەژن وایە، ئەوەندە تەمەن و ژیان و ڕۆژگاری پیران و لاوانی بەسەر یەکدا شێواند کە مووی سەر و ڕیش و سمێڵیانی وەکو شەو و ڕۆژ لێکرد، واتە ڕەش و سپی یان ماش و برنج کرد و گەنجەکانیشی وەکو پیرەکان لێکرد.

**دوو هوما:** مەبەست زوڵف و برۆیە.

هوما: ⟵

نالی کە غوڵامی مەدەدی زوڵف و برۆتە
شاهێکە لە بن سایەیی باڵی دوو هومادا
(نالی – ل ٨٦)

**دوو مینە:** دووەمین، دووهەمین.

دوو مینە ئیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ

ئەلواحی ئەلحەدم بە زەنابیلی مەعتەرە

(نالی – ل ٤٣٦)

**دۆش:** دووش. شان.

زولفی سیاهی چین بە چین مایلی دۆشە خەم بەخەم

حەلقەیی ئەو لە گەردنم پێچشی داوە حەق بە حەق

(سالم – ل ٧٦)

**دۆشەکی پشکۆ:** مەبەست دەموچاوی خڕین و گەش و جوانی یارە.

خۆ زولف و ڕوخت زددی یەکن سیحرە کە سازن

خستووتە ژێر ماری سیەهـ دۆشەکی پشکۆ

(سالم – ل ١١٥)

**دۆشی بادە نۆشی:** مەبەست مەی خواردنە بە شادی و خۆشی و شانازییەوە.

دۆش: دووش، شان. لە زمانی فارسیشدا دووش بەرزدەن (= دوش برزدن) هەیە، واتە شان بەرز کردنەوە بە مەبەستی شادی و خۆشی و خۆ بەزل زانین.

بەهاری گوڵشەن و حوسن و جەماڵە

بە سوخمەی سەوز و دۆشی بادە نۆشی

(کوردی – ل ٥٧)

**دیبا:** جۆرە پارچەیەکی ئاوریشمییە، پارچەی ئاوریشمی ڕەنگاو ڕەنگ. لە عەرەبیدا بووە بە (دیباج).

کوڕ تازەوو تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ

ئەمما کە ڕوا سەبزە دیبا کوڕ و زیبا کچ

(نالی – ل ١٦٠)

دەستی چناری ڕووت و سەری شاخ و لێوی گوڵ

ڕازانەوە بــە خــەڵعەتی دیباوو بــەرگ و تــووك

(نالی – ل ٢٥٧)

بڵێن بــا زشت ڕوو دیبا نــە پــۆ شـــــن

چ حــاسڵ سورمەسایی چاوی مەعیووب

(سالم – ل ٤٤)

دیم وەکو دوکانی بەزازی لەسەر یــەك بوخچەهــا

شالی تیرمە کەولی خەز دیبــای هیند و پــەڕنیان

(سالم – ل ٩٠)

**دیبای ڕوو:** ڕووی دیبا، ڕووی وەك دیبا، مەبەست ڕووی جوان، دەموچاوی قەشەنگ.

دیبا: ←———

بوغازی مەوجی ئەشکم ڕەونەقی دیبــای ڕووی لابرد

مــەتاعی مــایەیی تــاجیر لە بەحرا بێ زیان نـــابێ

(سالم – ل ١٤٣)

**دیجلەی لوتف و کەرەم:** مەبەست زۆر بەخشندە و بەرچاو فراوانە، زۆر دەست بڵاو و یارمەتی دان.

دیجلە: کراو بە عەرەبی. ئەم وشەیە فارسی کۆنە Tigra. لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هەڵدەقوڵێ، بە دیاربەکر و موسڵ و بەغداد دا تێدەپەڕێ، لەگەڵ فوراتدا تێکەڵ دەبێ و شەتولعەرەب دروست دەکەن، درێژییەکەی ٢٠٠٠ کم. (معین)

زاهیرەن دیجلەیی لوتف و کەرەمت هــاتەوە جۆش

بــۆیە ڕەشحەی قەڵەمت جارییە بــۆ تیشنە لەبــان

(کوردی – ل ٣٦)

**دیدار:** [پەهلەقی. dītār ] بینین، چاوپێکەوتن، بە یەکتری گەیشتن و یەکتری بینین، بینایی، چاوساغی، چاو، ڕوو، دەموچاو. (معین)

دیدار، ناوی چاوگە و لە چاوگی دیدەن (= دیدن)ی ف. هــاتووە، واتە بینین.

دید: چاوگی کرتاوی(دیدن)ە.

ار: پاشگرە.

وەکو: گفتن – گفت + ار = گفتار. وتن – وت + ار = وتار.

بێ دیدەو و دیداری هــەموو خوێنە دەگرییێم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ لالـە دەنێژم
(نالی – ل ٢٧٧)

دیدار بە دل فروخت نفروخت گران
بوسە بەروان فروشد و هست ارزان
آری کـە چو آن مــاە بود بازرگان
دیدار بە دل فروشد و بوسە بەجان
(رودکی – «عفیفی»)

واتە: چاوپێکەوتنی بەدڵ فرۆشت و بە گرانی نەفرۆشت، ماچ بەگیان دەفرۆشێ و هەرزانە، بەڵێ یەکێکی وا شۆخ و شەنگی دەموچاو وەك مانگ، بازرگانە و چاو پێکەوتن بە دڵ دەفرۆشی و ماچیش بە گیان.

**دیدە:** چاو، گلێنەی چاو، بیبیلەی چاو. بینراو، سەیرکراو. دید: چاوگی کرتاوی دیدەن (= دیدن)ی ف. یە واتە: دیتن، بینین.

ە: پاشگرە.

بێ دیدە و دیداری هــەموو خوێنە دەگرییێم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ لالە دەنێژم
(نالی – ل ٢٧٧)

**دیدە باز:** ئەوەی کە چاوی وەکو چاوی بازە، یان چاوکراوە.

دیدە: ⟵

باز: باز، کراوە.

شاهێنی دیدە بـازە مەستی شەرابی نـازە
دڵ دار و دڵ نەوازە دڵ کێش و دڵ فریبە
(نالی – ل ٣٩٦)

لێم حـەرامە دانەو و ئـاوی حەمـاماتی حـەرەم

من کە بـازی دیدە بـازم نەك شەوارەی دەستەمـۆ

(نالی – ل ٣٠١)

**دیدەبان:** دیدبان، دیدوان. ئەو فەرمانبەرەی کە لە شوێنێکی بەرزی تایبەت بۆ سەیرکردن بە مەبەستی پاسەوانی ڕادەوەستێ، هەرشتێ کە لە دوورەوە ببینێ دەیگەیەنێت بە گەورەکەی خۆی.

دیدە: ⟵

بان: پاشگرە و لە کۆتایی (دیدە)وە هاتووە بۆ مەبەستی پاراستن و ئاگا لێبوون.

بێ زمان کوو کوو زەنان هـەر خانەدان تێدەفکرم

عەنکەبووت خواجەنشین و جووتی کوندن دیدەبان

(کوردی – ل ٣٣)

لـە حـەڵقەی چینی زوڵفا دیدەبـانی عـاریزە خـاڵت

لەگەڵ دڵدادەکەت تاسیحر و ئەفسوون خووتە هێندووتە

(سالم – ل ١٢٢)

**دیدە پڕ لە مەرجان:** مەبەست چاوی پڕ لە فرمێسکە.

دیدە: ⟵

مەرجان: جۆرە گیانلەبەرێکی دەریایی نووساو بەزەوییەوە، جۆرێکی سوورە و بۆ جەواهیرسازی بەکاردێت، لە عەرەبیدا مەرجان، مرواری وردە و تاکی ئەمە مەرجانەیە.

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی

(نالی – ل ٦٥٩)

آن در دو رستە در حدیپ آمد

وز دیدە بیوفتاد مرجـانـم

(سعدی – کلیات «عفیفی»)

واتە: دوو ڕشتەی مرواری دانەکانی تۆ لە قسەکردندا دەرکەوت و فرمێسك بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە.

**دیدە جۆ:** مەبەست ئەوەی کە چاو حەز بە بینینی بکات، ئەوەی کە چاو بیەوێت ببینێ، زۆر جوان و شۆخ و شەنگ.

دیدە: ←

جۆ: جوو، جو. ڕەگی چاوگی جوستەن و جوویدەن (= جستن و جوییدن)ی ف. یە واتە بە دوای شتێکدا گەڕان، لێکۆڵینەوە و ورد بوونە لە شتێ.

دیدەو و دڵ هەردو وا جۆبار و جۆیای قەددی تۆن

سەروی دڵ جۆی عەرعەر و دڵ جۆی نەمامی دیدە جۆی

(نالی – ل ٦٩٦)

**دیدە سفید:** مەبەست کوێر و نابینایە. چاوسپی.

دیدە: ←

سفید: سپی.

سریشکم قرمز و دیدەم سفیدە

ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ

(سالم – ل ١١٣)

**دیدەی پڕاو:** دیدەی پڕ ئاو، مەبەست چاوی پڕ لە فرمێسکە.

دیدە: ←

عەکسی ڕووت دایم لە ناو دیدەی پڕاو

زاهیرە وەك مەی لە تویێ پەردەی زوجاج

(سالم – ل ٥٤)

**دیدەی تار:** چاوی کوێر.

دیدە: ←

تار: تاریك.

بە پایین گەر نەیێ عومرم بە پایین دێ شەوی هیجرەت
دەبینی سـوبحی وەسڵت دیدەیی تـارم وەلێ زەحـــمەت
(سالم - ل ٥٢)

وەك زەڵمە ئەشکی دیدەیی تارم لە زوڵمی چەرخ
هەردەم دەکـەم لە کونجی غەما یادی شـارەزوور
(سالم - ل ٦٤)

**دیدەی دەرزی:** مەبەست زۆر کەمە. چاوی دەرزی. کونی دەرزی.

دیدە: ⟵

بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵـەشابێ
(نالی - ل ٦١٨)

**دیدەی دڵ:** مەبەست ناخی هۆش و ژیرییە، چاوی دڵ، چاوی ناخ و دەروون.

دیدە: ⟵

جیلوەیی عەشقت دەکا هەردەم لە دڵ نوور ئاشکار
پێشی دیدەی دڵ لـە ڕووتـا ئـاگری تـوور ئـاشکار
(سالم - ل ٦٣)

**دیدەی عەقڵ:** مەبەست بیرو هۆشی تیژ، بۆچوونی ورد.

دیدە: ⟵

بە هەرچیی چاوی دینی عیشقی تێدا شاهیدی سیدقە
بە هەرچیی دیدەیی عەقڵی تیا شـەو کوێر و حـــەیرانە
(نالی - ل ٥١٥)

**دیدەی مەخموور:** چاوی مەست.

دیدە: ⟵

مەخموور: مەست، سەرخۆش.

غولامی دیدەیی مەخمووری تۆیە نێرگسی شەهلا
لە ئاب و تابی ڕووی تۆ داغدارە لالەیی حەمرا
(سالم – ل ٢٧)

**دیگ:** ف. مەنجەڵ.

بە زاهیر خورەم و شادان لە ڕووی تورکی ئەرروومی دا
لە دڵدا گەرچی دیگ ئاسا بە مەخفی جوملە جۆشانن
(سالم – ل ١٠٦)

لە نارا تابەکەی ناگاتە حاڵی پوختەکەی خامت
لە کوورەی عیشقتا دایم دڵم وەك دیگی پڕ جۆشە
(سالم – ل ١٢٦)

**دیگەران:** مەبەست خەڵکانی ترە، بێگانەکان.

دیگەر: ئیتر، کەسێ یان شتێ کە بخرێتە سەر کەسێ یان شتێکی تر، کە لە پێشتردا باس کرابێ.

سا لە وەختێکی بووە ئیستە بە مەحکوومی کەسێ
فاریغولبالە لە تەعنەی من و لۆمەی دیگەران
(کوردی – ل ٣٧)

دیدە نابینێ کەسێ گاهی تەماشا جوز تۆ
نیگەرانت نیەتی خەوفی لە تەلعەتی دیگەران
(سالم – ل ٩٠)

**دیهقان:** جووتیار.

کرێکارانی ناکەس بۆ بیناغەی کولبەیی دیهقان
لە خانەی کاولی نۆکەر پەیاپەی خشت کێشانن
(سالم – ل ١٠٥)

نیزامانی مولازم مـەنسەبی مـــازی بیحەمدیللا
لە لادێدا بە دوو شایی هەموو جۆچینی دێهقانن
(سالم – ل ١٠٦)

**دیهلەوی:** خوسرەوی دیهلەوی (ئەمیر) شاعیری فارسی زمانی هیند، لە پتیالی (هیند) ساڵی ٦٥١ ك هاتۆتە دنیاوە، لە دیهلی ساڵی ٧٠٥ ك کۆچی دوایی کردووە، سیف الدین مەحموودی باوکی خەڵکی (کەش)ی تورکستان بوو، کە لە هێرشی مەغۆلەکاندا هەڵات و ڕۆیشت بۆ هیند، خوسرەو لە دیهلی گەورە بوو، لە زمان و ئەدەبی فارسیدا گەیشتە پلەیەکی بەرز، لە غەزەلدا پەیرەوی سەعدی دەکرد و لە وشەو زاراوەکانی سۆفی ئێرانی کەڵکی وەرگرت، دیوانی شیعرەکانی پێنج بەشە: ١- تحفه الصغر. ٢- وسط الحیاه. ٣- غره الکمال. ٤- بقیهء نقیه. ٥- نهایه الکمال.

ئەمیر خوسرەوی دیهلەوی باوەڕێکی تەواوی هەبوو بە نیزامی گەنجەوی و بەلاسایی کردنەوەی ئەو خەمسەیەکی داناوە: ١- مطلع الأنوار. ٢- خسرو و شیرین. ٣- مجنون و لیلی. ٤- آیینهء اسکندری. ٥- هشت بهشت. بێجگە لە مانە بەشیعر: (قران السعدین، نەسپهر، مفتاح الفتوح)ی هەیە. (معین)

حـافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جـامی و دیهلەوی
فەیز خواهـ و مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق
(کوردی – ل ١٩)

**دێتە کەنار:** مەبەست ڕژاندنی فرمێسکە، دەڕژێتە خوارەوە.

ئەشکی سالم کە بە یادی لەبی تۆ دێتە کەنار
قەترە قەترە لە نەزەر ئەهلی بەسەر مـەرجانن
(سالم – ل ٩٤)

**دێر سوڵح:** ئەو کەسەی کە درەنگ ئاشت بێتەوە.

دێر: درەنگ.

سوڵح: صلح. ع. ئاشتی.

پڕ جەفایە بێ وەفایە زوود جەنگە دێر سوڵح
سەد درێغ و حەیفە تەبعی ڕۆزگاری گرتووە
(نالی – ل ٥٤١)

**دێنێتە نەزەر:** دێنێتە بەر چاو، دێنێتە پێش چاو.

نەزەر: نظر. ع. چاو، دیدە، تەماشا.

ئەندازەیی حەوشی حەرەم و جیلوەگەری یار
دێنێتە نەزەر دەشتی خەتاو ڕەمی ئاهوو
(سالم – ل ١١٥)

**دێوانە:** عاشقی بێ ئارام، شێت، وەکو شێت، نەزان، گەوج. دێو + انە.

دێو: [پەهلەڤی. Dēv] وا زانراوە کە بوونەوەرێکی وەك ئادەمیزادی بڵند و گەورە و ناشیرین و ترسناك بووە، دوو شاخی وەکو شاخی گای بەسەرەوە بووە و کلکی هەبووە، وایان زانیوە کە دێو لە نەوەی شەیتان بووە، ئادەمیزادی بیابانیی وەحشی، پاڵەوان، دلێر و ئازا، هەروەها جۆرە جلێکی خوری زبر بووەو لە جەنگدا پۆشیویانە، دێوجامە، نەزان و بەدکار، ئەسپی لەش گەورەی بەهێز، لەبەرئەوەی کە دێوان ترسناك بوون، هەرشتێ لە ڕەگەزی خۆی گەورەتر و قەبەتر بێت دێوی دەدرێتە پاڵ... (معین)

انە: پاشگرە بۆ لەیەکچوون.

دێوانە کە شەیدا بێ تووکی سەری سەودا بێ
قەت هیچی لەسەر نابێ دەستاری لە کن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٥)

دێوانە کەزانی کە دەبێ عوقدە گوشا بێ
هەستاو و گوتی ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ
(نالی – ل ٦٢٠)

داستانی عیشقی من فاشە لەهەر کووچە و سوقاق
عەقڵی دێوانەم لە پاش ئەم حاڵە سرپۆشی دەکا
(سالم – ل ٣٢)

**دێوی میحنەت:** مەبەست غەم و خەفەتی زۆر و کاریگەرە.

دێو: ———◄ دێوانە.

میحنەت: محنە. ع. ڕەنج، بەلا، سەختیی.

بەندی دێوی میحنەتە کاووسی دڵ

سا لە وەسڵت بۆ نەجاتی ڕۆستەمێ

(سالم - ل ١٤٨)

# ر

**ڕائیج:** رائج. ع. ڕەوا، ڕەوان، هەر شتێ کە لایەندار و خواستاری هەبێت.

نـەقدی دڵێ کـــە ڕائیجی ســەودایی تـــۆ نـەبێ

مەغشووش و کەم عەیارە و هەم قەڵب و هەم چرووك

(نالی - ل ٢٥٦)

**ڕاح:** راح.ع. ١- شادمانی، چابوکی. ٢- مەی، بادە، شەراب. ٣- یەکێکە لە ئاوازە کۆنەکانی موسیقا. (معین)

تەبعی نـالی توندە ئەمڕۆ یا بە نەشئەی نیم نیگا

مەستی ڕەحڕاح و مــەی و ڕاح و قەراح و قەرقەفە

(نالی - ل ٤٥٤)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا (ڕاحی) یەکەم واتە: مەی، بادە، شەراب. (ڕاحی) دووەم واتە: ناودەست، لەپی دەست.

ساقی وەرە ڕەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح

بـەم ڕاحە لەسەر ڕاحە دەڵێن ڕاحەتی ئەرواح

(نالی - ل ١٦٤)

**ڕاحی ڕەیحانی:** مەبەست شەرابی بۆن خۆشی گوڵ ڕەنگە.

حەبیبان هەمدەمی ئاهوو دەنۆشن ڕاحی ڕەیحانی
ڕەقیبان هـــەمدەمی ئاەو دەکێشن دووکەڵی تووتن
(نالی – ل ٣٣٠)

خاقانی دەڵێ:

راح ریحـــانی ار بـــــەدست آری
تـو و ریحـان روح و روی صبوح
در صبوح آن راح ریحانی بخواه
دانـەء مرغـان روحـــانی بخواه
(خاقانی. دیوان، ٤٨١ – ٦٦٢ – عفیفی)

واتە: ئەگەر شەرابی بۆن خۆشی گوڵ ڕەنگ بەدەست بهێنیت، ئەوە تۆ و ڕەیحانی گیان و ڕووی گەش و جوان، دەمەو بەیان داوای شەرابی ڕەیحانی بکە، داوای دانەی باڵندە ڕۆحانییەکان بکە، واتە گیانی ئادەمی کە لە جیهانی ڕۆحانیدا لە فریندان.

**ڕاداری ئەجەل:** مەبەست (عزرائیل)ە، ناسراوە بە (ملك الموت) کە فریشتەی مەرگ و گیان کێشانە و یەکێکە لە چوار (ملك المقرب) لای موسوڵمانەکان.

ڕادار: راهدار. واتە پاسەوانی ڕێگە، لێپرسراوی ڕێگە و بان، ئەو کەسەی کە لەسەر ڕێگە و نزیك شار، باج لەو کەسانە وەردەگرێ کە کەلوپەل و کاڵا دەبەن بۆ شار بە مەبەستی فرۆشتن. یار، دلبەر.

تـووشـی ڕاداری ئەجەل سـالم کە بووی
ڕەسمی ئەو بۆ باری عومرت جانە بـاج
(سالم – ل ٥٤)

**ڕاڕەو:** ڕێبوار. ڕا + ڕەو.

ڕا: ڕێگە، لە وشەی (ڕاڕا)دا دووجار دووبارە کراوەتەوە، واتە ئەو کەسەی هەرجارە لەسەر ڕێگەیەك بێت، دوودڵ.

ڕەو: ڕەگی چاوگی رەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە ڕۆیشتن.

تــاليبی لێوین و ئــەڵقـەی زوڵفمـان نیشـــان دەدا
ڕاڕەوی میسرین و ئەو ڕوومـان لە موڵکی چین دەکا
(نالی – ل ١١١)

نیزامی دەڵێ:

راه روی را کــه امـان می دهـند
در عدم از دور نشـان می دهند
(گزیده مخزن الاسرار نظامی – دکتر کامل نژاد – ص ٣٩)

واتە: (ڕاڕەو = راه رەو = ڕاەرو) کە ڕێبوارەو، لێرەدا مەبەست ئادەمیزادە کە لەم جیـهـانـەدا وەکـو ڕێبـوارێ وایـە و مـاوەیـەك دەمێنێتـەوە، ڕێگەی مردنیشی لە دوورەوە پیشان دراوە، کە لە ئەنجامدا هـەر پێی دەگات.

**ڕاغ:** مێرگ، مێرغوزار، داوێنی چیاو بناری چیا کە سەوزایی بێت، دەشت و بیابـان.

سۆفی وەرە ئەسیری زوهووراتی بـاغ و ڕاغ
لایێ هـەموو شکۆفەوو لایێ هـەموو گوڵووك
(نالی – ل ٢٥٦)

**ڕافیزی:** رافضی = رافضة. ع. کۆمەڵێکن لە شیعە کە پەیمان و وەفاداریـیان پیشان دا بۆ زەید کوڕی عەلی کوڕی حوسێن، دوای ئەوە پەیمان و وەفادارییەکەیان شکاند، ئەهلی سوننەت بە فیرقەیەکی شیعە ڕافیزە و بە وانەی کە شیعەن ڕافیزی دەڵێن، چونکە شیعە سێ خەلیفەی یەکەمیان ڕەفز کردووە. (معین)

ڕافیزی و شیوەن کـە هــەر دوولا نــەزان و بێخەبەر
موعجیزەی سیددیقە بـورا هـەر وەکو دەورەی عومەر!
(سالم – ل ٧٠)

**ڕافیزی باب:** مەبەست دڵ ڕەق و بێ بەزەیی و بێ دینە.

ڕافیزی: ⟵

ئەی دڵ بە تەمـای ڕەحمی لە یـار نـابەڵەدی بۆچ
کەی ڕەحمی لـــەدڵدا بـووە ئــەو ڕافیزی بـابە
(کوردی – ل ٤٤)

**ڕام:** ڕاهـاتوو، هۆگر بوو، خوو گرتوو، دەستەمۆ، مـاڵیی.

بـە ئومێدی وەفای گوڵ بولبولی مسکین چ سوودی بوو
بەڵایە ڕامی عـاشق کـەی ئەبێ مەعشووقی بێ پـەروا
(سالم – ل ٣٧)

ڕامی خـۆی کردووم وەکو وەحشی بـە سەبزەی خـەت و خـاڵ
دەست و پای بەستم بـە عیشوەی کەید و ئەفسوون عاقیبەت
(سالم – ل ٥٣)

ڕامـی بـۆسـەی پیـاڵـەی لێوت
سوبحی مەحشەر خوماری نەو دێنێ
(سالم – ل ١٥٠)

**ڕاویە:** راویە. ع. چوارپێیەك کە مەشکەی ئاوی پێ باردەکەن، مەشکەی گەورە کە ئاوی پێ دەگوێزرێتەوە. (معین)

تـا بەکەی وەك ڕاوییە و وەك سـانییەی سێ پەل شکاو
بێ تەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هـەر بخۆم
(نالی – ل ٣٠٢)

**ڕاە:** ڕێ، ڕێگە، ڕێگا.

تالیبی ڕاهی حیجازم لە موخالیف هەڵدەن
بێ نەوا قەلبی حەزینم قووەتی بەندی نییە
(نالی – ل ٥٩٥)

لە زوڵمی چەرخی دوون پەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ
بـە ڕاهـی کـۆیی دوونانا لە هـەر سوو کـاسـە گـەردانن
(سالم – ل ١٥)

**ڕایولعەین:** رأی العین. ع. بینین بە چاو، دیدار بە چاو.

هەر کەسێ نوقسانیی ڕووی باوێتە سەر ڕووی ئاینە

شـــاهیدی هـەر چەندە ڕایولعەینە کێ بـاوەڕ دەکا

(نالی – ل ١١٠)

خـــەوە یـا وەسوەسـەیە یـــانـە ڕایولعەینە

ئەم عەلاماتە کەوا دێتە نەبەر مەددی نەزەر

(کوردی – ل ١٦)

**ڕەتلی سەبوك:** مەبەست پێکی بچووکە، جامی بچووکی مەی.

ڕەتل: رطل. ع. پێکی گەورە، پیاڵەی شەراب.

سەبوك: سووك.

ساقیا ساغەری من خومرەیە نەك رەتلی سەبوك

دەرخوری مـەستی مـن شیشەو پـــەیمانە نییە

(سالم – ل ١٣٦)

**ڕەجمی نەجم:** ئـەمـە لـە قـورئـانـدا هـاتووە کە: دێوەکـان یـان شەیتـانـەکـان، بۆ بیستنی دەنگوباسی خوداوەندی بەرەو ئاسمان هێرش دەبەن، بەڵام بە هۆی ئەستێرە کشاوەکـان ڕاو دەنـرێن، بـەو شێوەیـەی کـە لـە سوورەی الملك ٦٧، ئـایـەی ٥ دەفەرمووێ: وجعلنا رُجوماً للشیاطین... واتە: وە ئەوانەمان کرد بە ڕاونەری دێو و ئەهریمەنەکان.

فەلەك تۆی دا کە ئەمشەو ڕۆژمان بووی

لە ڕەجمی نەجمی ناهیدیی نەمـا بـاس

(نالی – ل ٢٣١)

ناسر خوسرەو دەڵێ:

بنگر بـە ستارە کـە بتازد سپس دیو

چون زر گدازیدە کە بر قیر چکانیش

(دیوان حکیم ناصر خسرەو – تفنگدار – ص ٣٤٨)

واتە: سەیری ئەستێرەی کشاو بکە، کاتێ کە هێرش دەباتە سەر دێو و شەیتان،

وەکو ئاڵتوونی تواوە کە بیتکێنیتە سەرقیر.

زرقیب دیو سیرت بە خدای خود پناهم

مگر آن شهـاب ثاقب مددی دهد خدارا

(حافظ، قزوینی – ص ٦)

واتە: لە دەستی ئەهریمەنی بەد کردەوە پەنا بۆ خوای خۆم دەبەم، بەڵکو بە فەرمانی خوا ئەو ئەستێرە کشاوە فریام بکەوێت و ئەو بەدکارە ڕاو بنێت.

**ڕەحراح:** رحراح.ع. ژیانی خۆش، خۆش گوزەرانی، بەخۆشی ژیان بردنە سەر.

تەبعی نـالی توندە ئەمڕۆ یا بە نەشئەی نیم نیگاه

مەستی ڕەحراح و مەی و ڕاح و قەراح و قەرقەفە

(نالی – ل ٤٥٤)

**ڕەحیق:** رحیق. ع. مەی پاك و بێگەرد، شەرابی بێ فرۆفێڵ، بادەی نایاب، بێگەرد، نایاب، بێ فرۆفێڵ. (معین)

ساقی وەرە مەیخانەیی دڵ کـۆنە ڕەحیقێ

گەر مایلی تەوقی حەرەم و بەیتی عەتیقی

(نالی – ل ٦٥٥)

**ڕەختی تەبعی رام هاتنە سەر میقرازەی تەعلیم:** مەبەست ئامادە بوونی ئەندێشە و سروشتی بەرز و سازگارە بۆ نووسینی شیعری جوان و پڕ واتا.

ڕەخت: جلوبەرگ، کاڵا، کەلوپەلی ناو ماڵ، لە عەرەبیدا بە واتای زینی ئەسپ هـاتووە. (عمید)

ڕام: ڕاهـاتوو، ئارام.

مـیقرازە: مقراضة. ع. مقراضة و مقـراضك: هـونـەرێکـە لـە هـونـەرەکـانی زۆرانبازی، ئەویش هەردوو پێ گیر کردنە لە مل یان لە کەمەری بەرامبەرەکەی و پێچدانی، هـەروەهـا نـاوی جـۆرە حـەڵـوایەکە، دیسان بە تیری دوو سەریش دەوترێ. (سیالکوتی)

مقراضە – مقراضی: جۆرە حەڵوایەکە، جۆرێکە لە پارچەی گرانبەها. (معین)

که ڕەختی تەبعی ڕامی هاتە سەر میقرازەکەی تەعلیم
ڕیکابی پای بۆسی سالم و مەشوی لە دەورانا
(سالم – ل ٣٥)

**ڕەخش:** ئەسپە بەناوبانگەکەی ڕۆستەمی زاڵە، وەکو بەناوبانگە ڕەنگی ڕەخشی ڕۆستەم پێکهاتووە لە سوور و، وەك زەردی زەردێنەی هێلکە و، سپیی و گوڵی زۆر بچووك لە نێوان زەرد و سووردا هەبووە، گون و ژێر کلك و، لە ژێر چاوییەوە تا دەمی سپی بوو، کە پێیان دەوت زەردی خاڵ خاڵاوی گون سپی. (معین)

کە مەدعووی لا زەمان و لا مەکان و قوربی بێچوونی
سواریە لەم بوراقە باریقە لەم ڕەخشە ڕەخشانە
(نالی – ل ٥١٤)

**ڕەخشان:** درەخشان، ڕۆشن، ڕووناك، تابان، ورشەدار، بریقەدار، حاڵەتی درەوشانەوە و ڕووناکی دان، جوان. درەخش + ان.

درەخش: ڕەگی چاوگی درەخشیدەن (= درخشیدن)ی ف. یە، واتە: ڕووناکی دان.

ان: پاشگرە بۆ چۆنیەتی.

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن نووری عەلا نوور
ڕەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میسباح
(نالی – ل ١٦٤)

کە مەدعووی لا زەمان و لا مەکان و قوربی بێچوونی
سواریە لەم بوراقە باریقە لەم ڕەخشە ڕەخشانە
(نالی – ل ٥١٤)

**ڕەخنە:** ئەنگ، خراپی، کەم و کووڕی، کەلەبەر، درز، کون.

کوفرە ئەگەر دەرکەوێ ڕەخنەیە بۆ کاری دین
سەجدە لە ڕووی تۆ دەکەن قازیی و شێخ و نەقیب
(سالم – ل ٤٥)

**ڕەدیف:** ردیف. ع. ڕیز، هاوشان.

نـالی حەریفی کەس نییە ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە هەرزە نویســـە گەپ دەکا
(نالی – ل ١٠٠)

**ڕەشحەی قەڵەم جاری بوون:** کەوتنە کاری قەڵەم بۆ نووسین.

ڕەشحە: رشحە.ع. تکە و دڵۆپە دەردانی ئاو، دەڵاندن و هاتنە دەرەوەی ئاو لە کووپە و گۆزە و... هتد.

زاهیرەن دیجلەیی لوتف و کەرەمت هاتەوە جۆش
بۆیە ڕەشحەی قەڵەمت جارییە بـۆ تیشنە لـەبان
(کوردی – ل ٣٦)

**ڕەشك:** بەخیلی، حەسادەت.

سیمین بەدەن سەر و قەد و لـەنجە تەزەرون
کـافر نیگەهـ و ڕەشك لە بوتخـانەیی چینن
(نالی – ل ٣٣٨)

ڕەشکی نازی بۆنی زوڵفی قەلبی خونچەی کرد بە خوێن
وا لـە گەردنیـا خـەراجی گـەردەنی ئـاهووی خـەتـا
(سالم – ل ٤٠)

لە ڕەشکا گەر سەراسەر نوتقی تووتی بێتە سەر هەجوم
لە مەدحی لێوی شیرینی تـۆ مـن وەسفی شەکەر ناکەم
(سالم – ل ٨٤)

لە ڕەشکی لێوی تـۆ غونچە شـەقی برد
لە خەندەت موعجیزەت شەقولقەمەر بوو
(سالم – ل ١١٠)

ڕەشکی چارەو لەبی تـۆ یـانە مودام
تا فەلەك شەمس و زەمین کانی هەیە
(سالم – ل ١٣٤)

**ڕەعنا گوشا:** مەبەست پیشاندەری جوانی، پیشاندەری شۆخی و شەنگی.

ڕەعنا + گوشا

ڕەعنا: رعناْ . ع. واتە جوان، شۆخ و شەنگ، لووت بەرز، خۆ بەزل زان.

گوشا: گشا، ڕەگی چاوگی گوشادەن و گوشوودەن (= گشادن و گشودن)ی ف. یە. واتە: کردنەوە، ڕزگارکردن، دەرخستن، ئاشکراکردن، ڕاست و دروست بوون، دەست کەوتن، ئەنجامدان. (معین)

ئیحیا کونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی

ڕەعناگوشا لە تەربیەتی قامەتت شەجەر

(سالم، دیوانی نالی - ل ١٩٩)

**ڕەفرەف:** فەرش، ڕایەخ، داوێنی خێوەت، سەرین، پارچەی ئاوریشمی تەنك. (معین)

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە

شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرەفە

(نالی - ل ٤٥٤)

وەها هەستا بە باڵی جازیبەی قودرەت لە نیوەی ڕێ

بەجێ ما ئەسپ و پەیك و ڕفرەف و ئەم چەرخە دەورانە

(نالی - ل ٥١٤)

**ڕەفووکردنی چاك:** مەبەست کولاندنەوە و ئازاردانی برینە.

ڕەفوو: رفو. ع. چاك کردنەوە و چنینی شوێنی دڕاو و کون بووی پارچە و جل و فەرش بە جۆرێ کە شوێنەکەی ئەوەندە دیار نەبێت.

چاك: دڕان بە شێوەی درێژ و باریك، درز، تلێش.

بۆ ڕەفووکردنی چاکی دەمی شمشێری بڕۆ

موژە تەڕدەستە لە دڵما وەکو سووژن لە حەریر

(سالم - ل ٦٨)

**ڕەقەم دان:** مەبەست نووسینە.

بێم ڕەقەم گەر دەم لە شەرحی غەم کەمێ
مـــاتــەمــێ دەگـــرێ دەروونــی عــالـــەمـــی
(سالم – ل ١٤٨)

**ڕەقیب:** رقیب. ع. مەبەست دووکەس کە یەك دلبەریان هەبێت و هەر یەکە ئەوی تریان بە بەدکار و دوژمنی خۆی دادەنێت و، هەمیشە دەیانەوێت کە ئاگایان لە هەڵسو کەوتی یەکتری بێ.

ڕەقیب و مودەعیی هەر دوو لە خەودان
هــەتــا چـــەند ساعەتێکی دی ئەما بـــاس
(نالی – ل ٢٣٢)

هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگـام و ڕەقیبیش
دێتە ســەر چـــاوم کە منیش ســەگ مەگەسێکم
(نالی – ل ٢٨٥)

ڕەهندەی دەستی کەس نیم خۆت دەزانی
فـــیراری جـــەوری ئـــەغیـــار و ڕەقیبم
(کوردی – ل ٢٣)

ئەی ڕەقیب سەد جار دەرم کەی یا جنێوم پێ بدەی
ناعیلاجم هـــەر دەبێ بێم بـــۆ ســـەلاحی کـــارەکـــەم
(کوردی – ل ٣٠)

تـــابی میهری نـــەبوو یـــەك دەم وەکو ســــــالم ڕەقیب
سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باران دیدە ما
(سالم – ل ٣٣)

یارم لە ئەندەروون هـــات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غـــەمنـــاك و شـــادمانـــم ڕەحمەت عـــەزابی هێنـــا
(سالم – ل ٣٥)

**ڕەقیب و موددەعی:** بەدکار و ئەو کەسەی کە خۆی بە دڵداری یار دادەنێت.

ڕەقیب: ⟵

موددەعی: مدعی. ع. مەبەست ئەو کەسەیە کە خۆی بە دڵداری یار دەزانێ بەرامبەر بە دڵدارێکی تر.

بەشەڕهاتن ڕەقیب و موددەعی من خۆشی خۆشیمە
کە دەعوایە لە هەر لایە بکوژرێ سوودی ئیسلامە
(نالی – ل ٤٧١)

**ڕەمە:** [پەهلەڤی. Ramak ]. ڕەوە یان گەلەی بزن و مەڕ، گەلەی گاو مانگاو ئەسپ. سوپا، لەشکر، کومەڵێ خەڵك. (معین)

حیفزت شەبان و ئێمە ڕەمەو ئەو لەعینە گورگ
ئەم نەفسە گورگەمێشە لەگەڵ ئەو بەد ئەختەرە
(نالی – ل ٤٣٢)

**ڕەم کردن:** سڵ کردن، خۆ دوور خستنەوە، هەڵاتن، ڕاکردن، ترسان و هەڵاتن.

ڕەم: ڕمگی چاوگی رەمیدەن (= رمیدن)ی ف. یە. واتە، سڵکردن و خۆ دوور خستنەوە لە ترسا.

تا لە دڵما بێ خەیاڵی وەحشی تۆ دمگرم نەفەس
نەك بە سروەی بای هەناسەم ڕەم بکەی میسلی غەزال
(سالم – ل ٧٩)

خەیاڵیشی وەکو خۆی وەحشە دلبەر
نەفەس دمگرم لە دڵما نەك بکا ڕەم
(سالم – ل ٨٦)

**ڕەمی ئاهوو:** سڵەمینەوەی ئاسك، ترسان و هەڵاتنی ئاسك.

ڕەم: ⟵ ڕەم کردن.

ئەندازەیی حەوشی حەرەم و جیلومگەری یار
دێنێتە نەزەر دەشتی خەتاو ڕەمی ئاهوو
(سالم – ل ١١٥)

**ڕەمیدە:** هەڵاتوو، سڵ کردوو، ئەوەی کە سڵ بکات یان بترسێ و خۆی دوور بکاتەوە.

ڕەمید + ە.

ڕەمید: چاوگی کرتاوی ڕەمیدەن (= رمیدن)ی ف. یە. واتە: سڵ کردن، ترسان و هەڵاتن.

ە: پاشگرە.

دڵیش مـایل بـە دیدەی تـۆیـە بـــۆیـە
لە من وەحشی و ڕەمیدەو دوورە ئەمشەو
(نالی – ل ٣٨٨)

**ڕەنجش:** دڵتەنگی.

ڕەنجشی مەعشووقە گەر عاشق لەبەر چاوی نەبێ
پـادشـەهـ عـاجز دەبێ هـــەر وادیێی ڕاوی نـــەبێ
(سالم – ل ١٣٨)

**ڕەنجیدە تەن:** لەش داهێزراو.

ڕەنجیدە: ڕەنجاو، دڵتەنگ.

چـارەیی عیللەتی حیرمان و دەوای مەئیووسی
مۆمیای شەریەتی سەودا سەرو ڕەنجیدە تەنان
(کوردی – ل ٣٦)

**ڕەنجیدە جان:** دڵگران، غەمگین، خەفەتبار.

ڕەنجیدە: ڕەنجاو. ڕەنجید + ە.

ڕەنجید: چاوگی کرتاوی ڕەنجیدەن (= رنجیدن)ی ف. یە. واتە: ڕەنجان.

ە: پاشگرە.

جان: گیان.

ئەی بە نادیدە بە شوهرەت سەد وەکو من موختەلیف
وەی لە تـاوان فیرقەتت عالەم هـەموو ڕەنجیدە جـان
(کوردی – ل ٣٤)

**ڕەند:** ئەم وشەیە گەلێ واتای هەیە، لە ناو کوردەواریدا زۆر باوە، هەر لە کۆنەوە لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا بەکار هاتووە. بابزانین لە هەندێ لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە چ واتایەك بەکار هاتووە: ڕەند: مەردومی ڕوو خۆشی قسە خۆش. (خاڵ) پیاوی زۆر پیاو، مێر خاس. (هەژار) ئازا، بێ باك، توندوتۆڵ، چالاك، جووان، ڕەزاشیرین، خۆش ڕەفتار، زمان شیرین، دڵ فراوان، بەخشندە، ناندەر، چاك، باش، ڕووخۆش. (گیو) لە ڕێنووسی کۆنی کوردی و لە فارسیدا (رند) نووسراوە، ئەمڕۆ لە کوردیدا دەڵێن (ڕەند)، بەڵام لە فارسیدا (رند) دەنووسرێ و (ریند) دەخوێندرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئێمە نازانین سەردەمی نالی و پێش ئەو و ماوەیەك دوای ئەو کورد چۆنی بەکار هێناوە، چونکە بەڵگەی نووسراوی ئەو سەردەمانەمان نییە تا ئێستا کە ئەمە بسەلمێنێ.[رەندەك. پەهلەڤی Randak. لغات وندیداد (٤٢٩) = رند. کراو بە عەرەبی]: زیرەك، فێڵباز، بێ بەندو باو، ئەو کەسەی گوێ ناداتە نەریت و خوو و ڕەوشتی گشتیی، ئەوەی کە ڕواڵەتی خۆی سەرزەنش بکات و لە دەروونداڕاست و دروست بێت. لە سۆفیگەریدا: ئەوەی کە شەرابی لە ناو چوون بدات و نەقدی بوونی سالیك وەرگرێ، بە هیچ شتێ خۆی نە بەستێتەوە، تەنها بە خوا نەبێ. (معین)

ریند (= رند) کەسێ کە وازی لە داب و نەریت و بەند و باوی ئاسایی هێنابێ و لە ڕاستیی دا لە ناو چوویێت و لە ڕازەکانی حەقیقەت تێگەیشتبێ و لە شەریعەت و تەریقەت تێپەڕی کردبێ. (فرهنگ اصطلاحات عرفانی - دکتر منوچهر دانش پژوه.)

ریند (= رند) لە زاراوەی سۆفیگەری و عاریفاندا ئەو کەسەیە کە لە هەموو بەند و باوەکان خۆی دوور خستۆتەوە و، سەر ئەفرازی جیهان و ئادەمیزادە و پلەی هیچ کەسێ ناگاتە پلەی بەرزی ئەو و، هەموو بەند و باوەکانی ڕواڵەتیی واز لێ هێناوە و لە حەقیقەتدا لە ناو چووە. (اصطلاحات)

بەزمی ڕەندانە ئــەمــە مەلعەبەیی وەعز نییە
لە بەد و نیکی یو قەللابی یی دونیا نییە باس
(نالی - ل ٢٣٥)

شێخی یو سەر لنگە دەستاری بە دەستاری بوزورگ

ڕەندم و دەستاری کەللەی مـن دەفە نـەك میندەفــە

(نالی – ل ٤٥٢)

واقیعـەن خـانەقە خـــۆش زەمـزەمەیێکی تێدا

یە بەلێ قەندی هـەیە گەندی هـەیە ڕەندی نییە

(نالی – ل ٥٩٥)

خـۆشــا ڕەندی لە دنیــا بـێ موبالات و موجەڕەد بـــێ

بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ بە شەو مات و موجەڕەدبێ

(نالی – ل ٦٣٠)

بێ دڵ و گوێ و نەسیحەت نەگر و سەرگەش و ڕەند

سپڵەوو هـەرزەوو ئـەوباش و بــەد ئـەتوار و نـەزان

(کوردی – ل ٣٧)

ئەی ڕەقیب بەس بلێ یار خۆشی دەوێ من کوردیم

کـۆنە ڕەندم بــە خـودا بــــەو قســـە ناکەومە مـەلە

(کوردی – ل ٥٠)

ئەبەد نـادەم بــە خیرقەی پادشاهی

پەلاسی خەز لیباسی کوهنەیی ڕەند

(سالم – ل ٥٦)

**ڕەندانی خەرابات:** ئەو کەسانەی کە هیچ گوێ نادەنە بەند و باو و نەریتی کۆمەڵایەتی و خوویان داوەتە مەی و مەیخانە و ئەو شوێنانە.

ڕەند: ⟵

خەرابات: ⟵

شـــەهی ئیقلیمی عیشقم پیری ڕەندانی خەراباتم

ئەگەرچی زاهیرەن تیفل و نـەزان و ئەبلە فامێکم

(کوردی – ل ٣٢)

**ڕەنگ:** هێز و توانا، فرِوفێڵ، خوێن، پیلان، نا ڕاستی و فریو. (معین)

ڕەغبەتت واجب و حـــەزیـــر لازم

لە لەبت شەککەر و لە دیدەت ڕەنگ

(سالم – ل ٧٨)

**ڕەنگ پەریدە:** ڕەنگ پەڕیو، ڕەنگ بزڕکاو، ڕەنگ زەرد.

پەریدە: پەڕیو. پەرید + ە

پەرید: چاوگی کرتاوی پەریدەن (= پریدن)ی ف. یە. واتە پەڕین.

ە: پاشگرە.

کـاشـکی دەتدی لـە تـابووتـا پـەرێشـانی کـەریـــم

ڕەنگ پەریدەی خوشك لەب بێ دەنگ و مات و بێ زمان

(سالم – ل ٩١)

خـانـە وێرانە بەیەك تـەب عالەمێکی کـرد تـەبـاهـ

ڕەنگی بێ ڕەنگی لەسەر ڕەنگی پەریدەی بوو عەیان

(سالم – ل ٩١)

**ڕەنگ ڕێژ:** مەبەست شارەزاو قاڵ بووە لە کارێکا. ناوی بکەرە ئەو کەسەی کە کاری ڕەنگ کردنە، ئەو کەسەی کە ڕەنگ و نەخشەی کارێ دەرێژێ.

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ

بـــەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕێژی عیشقی حـــەقیقی

(نالی – ل ٦٥٥)

**ڕەنگ نوما:** ڕەنگ نەما. پیشاندەری ڕەنگ، ئەوەی کە ڕەنگ پیشان بدات.

نوما: ←――――― نومایان.

ئـاییـنە بـــە مـاییـنە دەبـــێ ڕەنـگ نـومـــابـــێ

مەستوورە بە مەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ

(نالی – ل ٦٠٦)

**ڕەنگ و بۆی:** ڕەنگ و بووی، ڕەنگ و بوو. مەبەست ڕوو وەرچەرخان لە دوژمن و هێرش بردن و ئینجا گەڕانەوە و هێرش بردن، ئامادەیی تەواو، خوو، پلە و پایە، هێز و دەسەڵات، فەڕو شکۆ، ڕەونەق، پاراوی، خۆشی، پاکی، ڕازاوە و جوانیی. (ثروت و عفیفی)

گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی

باغەبان گوێی گرت و وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی

(نالی – ل ٦٩١)

تاچند اسیر رنگ و بو خواهی شد

چند از پی هر زشت و نکو خواهی شد

گرچشمهء زمزمی و گر آب حیات

آخر بە دل خاك فرو خواهی شد

(خیام – «عفیفی»)

واتە: تاکەی گیرۆدەی فەڕ و شکۆ و خۆشیت و بە دوای هەر چاك و خراپێکەوەیت، ئەگەر سەرچاوەی زەمزەم و ئاوی حەیاتی، سەرەنجام دەچیتە ناو دڵی خاکەوە.

جیهان اگر چە سراپا رنگ و بوست همە

ولی نەرنگ مروت در او نەبوی و فاست

(سلمان ساوجی – «عفیفی»)

واتە: هەرچەندە جیهان هەموو خۆش و شادی و... هتد بەڵام نە ڕەنگی جەوامێری تێدایە نە بۆنی وەفا.

همچو زنان تاکی از این رنگ و بوی

جز صف یکرنگی مردان مجوی

(شاه داعی – «عفیفی»)

واتە: تاکەی وەکو ژنان هەر خەریکی ڕازاندنەوە و خۆ جوانکردن و خۆشیت، بێجگە لە یەك ڕەنگی پیاو چاکان، دووی شتێکی تر مەکەوە.

**ڕەنگی بەد:** مەبەست کردەوە و ڕەفتاری بەد و نالەبارە.

ڕاستە گەردوون چابوکە بۆ ڕەنگی بەد ڕەبتیی وەلێ

نارژێنێ ڕەنگێ بـــەم ڕەنگە لە موددەی سـەد قیران

(سالم – ل ٩٧)

**ڕەنگی بەد ڕێتن:** مەبەست دانانی نەقشەو پیلانی خراپ، بەدکاری.

ڕاستە گەردوون چابوکە بـۆ ڕەنگی بـەد ڕێتن وەلێ

نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە بە موددەی ســەد قیران

(سالم – ل ٩٧)

**ڕەنگی سەری دەستانیی:** مەبەست خوێنی سەری پاڵەوانان و ناودارانی بەناوبانگە. دەستان: ناز ناوی زاڵی باوکی پاڵەوانی بەناوبانگی شاهنامەی فیردەوسی ڕۆستەمە.

خوێنی سیرفەپێی ســەر و دەستت حـەنایی کردووە

ڕەنگی دەست و سەر نییە ڕەنگی ســەری دەستانییە

(نالی – ل ٥٩١)

**ڕەنگی کارەبا:** مەبەست ڕەنگی زەردە. پێیشی دەڵێن: کەهروبا، کاهروبا. لیکی هەندێ لە درەختانە لە جۆری سەرو و کاج.

کە لە کۆندا بە دەست دەهێنرا و وەکو بەرد سفت و سەخت بوو بە ڕەنگی زەرد و سوور و سپی، بە هۆی لێکخشاندنەوە تایبەتمەندی ئەلەکتریسیتە پەیدا دەکات و کا و کاغەز بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و لە پلەی گەرمی ٢٧٨دا دەتاوێتەوە و دوای ئەوە بە گڕێکی تاریك دەسووتێ. ئەمڕۆ کارەبا لە هەندێ ناوچەی دەریای باڵتیك دەردەهێنرێت و تەزبیح و ملوانکەی لێ دروست دەکرێ و ئەگەر بیخشێنن بە پارچەی زبری وەك خوریدا پووش و کاغەز ڕادەکێشێ و بۆنێکی خۆشیش بڵاو دەکاتەوە. (معین و عمید)

تەماشەکەن بەهارستانی ڕووی دولبەر خەزان دێنێ

لە چێهرەی ســالمی بێچارە ڕەنگی کـــارەبـــا زاهیر

(سالم – ل ٧٠)

**ڕەنگی نییە:** بێ وێنەیە، لە وێنەی نییە، لە جوانیدا وەکو ئەو نییە.

ڕەنگی نییە ڕوخسارەیی ڕەنگین و لەتیفی
ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا
(نالی – ل ٨٠)

**ڕەوان:** گیان.

ڕەوانم بێ نیساری بەرقی شمشێر
ئەگەر بۆ کوژتنی سالم خەبەر دا
(سالم – ل ٢٠)

**ڕەوانی کۆهکەن:** مەبەست گیانی فەرهادە.

ڕەوان: گیان.

کۆهکەن: ⟵⟵

ڕەوانی کۆهکەن با تازەکا تەقریری شیرینم
بە شیرینیی لەبت ئاگا شەکەر با ئیسفەهانی بێ
(سالم – ل ١٤١)

**ڕەوح:** روح. ع. دادگەرییەك کە ببێتە هۆی ئاسوودەیی بۆ دڵێکی ڕەنجاو، یارمەتی، سەرکەوتن، شادمانی، دڵ نەرمی و میهرەبانی «یوم روح» واتە ڕۆژێکی خۆش. (لاروس) شنەی بای خۆش، بۆنی خۆش، شادی، ئاسایش، بەزەیی، دڵ نەرمی، سەرکەوتن و شادی. (عمید)

گاهێ دەبیی بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبی بە دەم دەدەمێنی دەمی غروور
(نالی – ل ١٧٦)

تەیبە کە یەعنی تەیب و تاهیر بە ڕەوحی ڕۆح
فەرقی ئەڵێن گڵی لە گوڵ ئاوی لە کەوسەرە
(نالی – ل ٤١٨)

**ڕەوزە:** روضة. ع. مەبەست مەرقەدی پێغەمبەرە. (د.خ)

عـەرشی بـەرین کـە دائیرەیە ڕەوزە مـەرکەزە

فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە

(نالی – ل ٤١٦)

**ڕەوزە:** روضة. ع. باغ، گوڵزار.

یەعنی ریازی ڕەوزە کـە تێدا بـــە چـەن دەمـێ

موشکین دەبیی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور

(نالی – ل ١٨١)

**ڕەوزەن:** ڕەوزەنە. پەهلەڤی. ڕۆچەن. کلاّو ڕۆشنە، پەنجەرەی بچووك، هەر کونێ کە لە دیواری ژوور بێت. (معین)

ڕەوشەنی داوە بە دڵ ڕەوزەنی سینەم لـە خەدەنگ

دەك ئیلاهــی نــەڕزی دەســتی کـەمـانت لـە گلاّ

(سالم – ل ٢٦)

تـا لـەجێی پـەیکـــانــی تیرت حیسنـی دڵ پـەروێزەنـە

شەوقی میهری ڕووت بە ڕەوزەندا کە دێ جێی ڕەوشەنە

(سالم – ل ١٣٠)

**ڕەوش:** شێوە، ڕێگە، ڕەفتار، جۆری ڕۆیشتن، داب و نەریت. ڕەو + ش
ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە ڕۆیشتن.
ش: پاشگرە.

مەجزوویی توروق مورتەعیشی لەرزش و تابێ

ســـالیك ڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحـابێ

(نالی – ل ٦٢٤)

جیلوە تـاوس و نیگەهـ ئاهوو و دوراج ڕەوش

تووتی ئـاواز و هومـا سایەو فەڕوخ قەدەمی

(سالم – ل ١٤٩)

**ڕەوشەن بناگووش:** مەبەست بن گوێ یان ژێر گوێی سپی و جوان.

بناگووش: بوناگووش. بن گوێ، ژێرگوێ.

بن، بون + ا + گووش.

بن، بون: ژێر.

ا: ناوبەند.

گووش: گوێ.

گوارەت کەوتە سەر ڕەوشەن بناگووش
(سهیل و ماه را کردی فراموش)
(سالم – ل ٧٤)

**ڕەوغەنی دیدەڕژان:** مەبەست کوێرایی داهاتنە، کوێر بوون.

ڕەوغەن: ڕۆن.

دیدە: چاو.

ڕەوغەنی دیدەم ڕژایە سەر کیتابی خەتی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپیی نووریش بەسەر ئەودا سەقەت
(نالی – ل ٢٤٤)

**ڕەو کردن:** ڕۆیشتن.

تورکی پڕ ئەفسوونی چاوی کاری سەد جادوو دەکا
ساعەتەن تەسخیر ئەبێ بۆ هەر مەکانێ ڕەو دەکا
(سالم – ل ٣٠)

**ڕەومی ڕوو:** ڕوومی ڕوو. مەبەست دەموچاوی گەش و جوانە.

ڕەوم: جۆرە شەرابێکە لە قامیشی شەکر دروست دەکرێ.

دەگونجێ ئەگەر بوترێ (ڕوومی) کە گەلێ واتای هەیە وەکو: خەڵکی (ڕووم)ی پایەتەختی ئیتالیا، خەڵکی (ڕووم)ی ئاسیای بچووک.

کە دەوترێ: ڕوومی و زەنگی، یان ڕوومی و هیندی، واتە ڕۆژ و شەو. (معین)

رووَمی: مەبەست ڕۆشنایی و خۆرە.

رووَمیانەرووی: ڕۆمیانەروی. مەبەست ڕووی سپی و جوانە.

رومیانه روی دارد زنگیانه زلف و خال

چون کمان چاچیان ابـروی دارد عتیب

(سعدی، کلیات، شین٥٣٠ – عفیفی)

واتە: ڕووی سپی و جوان و زوڵف و خاڵی ڕەشی هەیە، برۆیشی وەکو کەوانی شاری (چاچی = تاشکەند)ە، کە پڕ لە تووڕەیی و سەرزەنشتە.

لە فارسیدا، ڕوومی ڕوخ = رومی رخ: مەبەست دەموچاوی جوانە.

رومـی رخی و باد چو بر زلف تو جهد

از مشك سـاده شكـل چليپا كند همی

(ادیب صابر، دیوان، ٣١ – عفیفی)

واتە: دەموچاو جوانیت و کاتێ با دەدات لە زوڵفت کە وەکو میسکی سادەی بۆن خۆشە، وێنەی خاچ دروست دەکات.

حـوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا

تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئـاشووبی عەجەم

(نالی – ل ٣٠٩)

**ڕەونەقی دین:** مەبەست دەرکەوتنی کوڵمی جوانە.

ڕەونەق: بازاڕ گەرمی، جوانی، شکۆ.

لە کوڵمت هەرچی خاریج بێ و سەری نەگریجە قیچی کە

بڵێن بـا سـەربڕینی خـاریجی بـــۆ ڕەونەقی دین چـوو

(سالم – ل ١٠٨)

**ڕەه:** کورتکراوەی (راهـ) واتە: ڕێگە، ڕێ.

بۆ تۆزی ڕەهت دیدە سەقاو و موژە جاڕووب

ترسـام کە لە پێت چێت دەمێ جێت بمـــاڵم

(نالی – ل ٢٨٧)

فیکری خاس و نودەما و قودرەتی تۆ لێکدوورن
لەم ڕەهە مەحوی کەماڵن چ موشیر و چ مودیر
(سالم – ل ٦٦)

**ڕەها:** ئازاد، ڕزگار.

لە کاری هائیل و سەعبا گورێزە چارەیی مەردوم
ڕەهاکەن سالمی بێدڵ لە عەشقا ماوە بێپەروا
(سالم – ل ٣٧)

ڕەها ناکا دڵم تورەی خەمی یار
سەری نەبڕی هەتا وەك پەرچەمی یار
(سالم – ل ٥٧)

ڕەها بێ گەر دڵی سالم لە چەنگی چاوی شاهینت
بە جوز کونجی قەفەز هەرگیز وجوودم ئاشنا ناکەم
(سالم – ل ٨٥)

ڕەهاییم قەت نییە سالم لە بەندی سیلسیلەی عیشقا
لە گەردنما وەکو زنجیرە حلقەی مویی جانانم
(سالم – ل ٨٣)

**ڕەهرەو:** کورتکراوەی ڕاهرەو. واتە: ڕێبوار، ئەو کەسەی کە ڕێگە تەی دەکات. هەروەها بە لە خوا ترس و موریدیش دەوترێ، ئەو کەسەی کە پشتی کردۆتە ئەم جیهانە و ڕووی کردۆتە خواپەرستی و ئەو جیهانە.

ڕەه: ⟵——

ڕەو: ——⟶ ڕەوش.

وەك ماه و ستارەت کە ببێ مەیلی هەلاتن
سەرکردەیی ڕۆژ ڕەهرەوی شەو ڕەهزەنی خەو بە
(نالی – ل ٣٩٣)

ڕەهرەوت قادر بێ بۆ ئیعتاو جەوابی مەسئەلەت
وەر نە کوردی ناتوانێ حاڵی خۆی بۆت کا عیان
(کوردی – ل ٣٤)

**ڕەهزەن:** کورتکراوەی ڕاهزەن، واتە: جەردە، ڕێگە بڕ، ئەو دزەی کە لەسەر ڕێ و بان خەڵك ڕووت دەکاتەوە و گیرفانیان دەبڕێ. ڕەهـ + زەن.

ڕەهـ: ⟵

زەن: ڕەگی چاوگی زەدن (= زدن)ی ف. یە، واتە لێدان.

ئـەمڕو فـەزای بـازیگـەهـی جـایـی ڕەهزەنــە
لەو دەشتەوە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر
(سالم – ل ١٤)

دای لە قافڵەی عەقڵ و بردی ڕەهزەنی عیشقت بە تاو
تا حەشر ناگەم بـە گەردی مـن پیادە و ئــەو سووار
(سالم – ل ٦٠)

بە ڕێی بیم و خەتەردا یەك بـە یـەك بـۆ قاسیدی چاكن
بە بێ تەکلیفی ڕەهزەن خود بە خود بێ چیز و عوریانن
(سالم – ل ١٠٥)

**ڕەهزەنی خەو:** ئەو کەسەی کە شەونخوونی بکات، ئەو کەسەی کە شەو نەنوێت و بە ئاگابێت، ئەوەی کە خەو نەچێتە چاوی.

ڕەهزەن: ⟵

وەك مـاهـ و ستـارەت کـە ببێ مـەیلی هــەڵاتن
سەرکردەیی ڕۆژ ڕەهرەوی شەو ڕەهزەنی خەوبە
(نالی – ل ٣٩٣)

**ڕەهـ سەرکردن:** ڕێگە بڕین.

ڕەهـ: ⟵

تـەلاشـی تـەیـی ڕاهـی کـەعبـەیی کـۆی یارە مەقسوودم

منی بێ دەست و پا لازم کە پا بوو ئەم ڕەهە سـەرکەم

(سالم -ل ٨٣)

**ڕەهگوزار:** ڕەهگوزەر، کورتکراوەی ڕاهگوزار. واتە: ڕێبوار، کەسێ کە بەڕێگەدا تێپەڕێ. هـەروەهـا شوێنی تێپەڕبوون، سەرە ڕێ، ڕێگە.

ڕەه: ←

گوزار: گوزەر. ڕەگی چاوگی گوزەشتەن و گوزەشتەن (= گذاشتن و گذشتن)ی ف. یە. واتە: دانان و تێپەڕین.

ئەگەرچی خـاك و خۆڵی ڕەهگوزارم

بەسـەرمـا خۆ گوزەر ناکا سـەباتـان

(کوردی -ل ٣٥)

موژەم باهـەم بە ڕشتەی دڵ دەبەستم

دەکێشم ڕەهگوزاری جوملە جـارووب

(سالم -ل ٤٤)

لە چـەتری نادری ڕوتبـەم گـەلێ بـالاتـرە ئێستا

کەمن ئیکسیری خـاکی ڕەهگوزاری سەرفرازێکم

(سالم -ل ٨٧)

ئیلاهی ناسەلامـەت ئەی ڕەقیب هـەمدەردی سالم بێ

وەکـو کـردت لـە کـۆی جـانـانە قـەتعی ڕەهگوزاری من

(سالم -ل ٩٣)

ئەی خیرەد بۆ دیدەنی یاری حەبیبم هـەڵسە سـا

بێرە دڵ بۆ ڕەهگوزارت سـەددی سینەم چاکە دەی

(سالم -ل ١٥٣)

**ڕەهگوزەر:** ← ڕەهگوزار.

رازیم بەدەنم هەروەکو خاکی بەری پێت بێ

شایەد کە لەڕێی مەدرەسەدا ڕەهگوزەرت بم

(کوردی –ل ٢٢)

**ڕەهەندە:** دەربەدەر، ئاوارە، عەودال، ماڵ بەکۆڵ.

ڕەهەندەی دەستی کەس نیم خۆت دەزانی

فیراری جەوری ئەغیار و ڕەقیبم

(کوردی –ل ٢٣)

فەلەك ڕەحمێ بەحاڵم کە بەغایەت دڵ پەرێشانم

ڕەهەندەی زێد و مەسکەن دوور لەیارو قەوم و خوێشانم

(کوردی –ل ٢٨)

لە هەمدەردت مەکە وەحشەت وەرە بولبول ڕەفیقت هات

بناڵێن با بەجووت هەریەك ڕەهەندەی گولعوزارێکین

(سالم –ل ٩٦)

**ڕەی:** ١–ناوچەیەکی کۆنە، لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لەنێو دەربەند (دەروازەی دەریای خزر) و دەریای خزر و ماددا بوو، بەڵام بەشێك بوو لەمادی گەورە. داریووش ئەمەی لەسەر بەردە نووسی بێستووندا یاد کردەوە.

٢–ناوەندی ناوچەی ناوبراو شاری ڕەی (لە خوارووی تارانی ئەمرۆ) ئەمە شارێکی گەورەبوو، دادەنرا بە ناوەندی (جبال)، نێوان ئەمە و نیشابوور (١٦٠) فەرسەنگ بوو، یاقووت ئەم شارەی دیبوو، لەوە دەچێ کە لەساڵی ٦١٧ك دا، مەغۆلەکان وێرانیان کردبێ.

٣–بەشێکە سەر بەشاری تاران و دەکەوێتە خوارووی تارانەوە، ئەم شارە لەپێشا ناوی (حضرت عبدالعظیم) بوو، بەڵام کۆڕی زانیاری (فرهنگستان)ی ئێران، لەبەر کۆنی ناوەکەی، ناوی نایەوە (شاری ڕەی). (معین)

خۆزگە دەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی دەبێ

کۆیی یارە مەشهەدم یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ

(سالم –ل ١٦)

شۆڕەزاری خاکی ڕەی ئەم جارە دامەنگیرمە
ڕوو لە هەر وادی دەکەم خاری وەکو زنجیرمە
(سالم –ل ١٦)

تا سوپاهی خوسرەوی عیشقت ئیحاتەی جانی دا
بۆ شەڕ و شۆڕی موسیبەت دڵ لە موڵکی ڕەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

لەو وەختەوە کە دوورە لەمن ڕووی بەهاری تۆ
نابن بەقەد فەراخی دڵ کەربەلا و ڕەی
(سالم –ل ١٥٢)

**ڕەیبەت:** ریبة. ع. گومان، دوودڵی.

حەزرەتی هەیبەتە نەك غەیبەت و ڕەیبەت نالی
ئەڵلا ئەڵلا چ حوزوورێکە کە ئەسڵەن نییە باس
(نالی –ل ٢٣٧)

**ڕژاو:** مەبەست زوڵف و پرچی شێواو و پەخشانە.

لەولاوێکە لەولاوە بە ئەم لاوە کشاوە
یا یاسەمەنی خاوە بە ڕووی ڕۆژا ڕژاوە
(نالی – ل ٥٣٠)

**ڕشتەی بادراو:** چەند تاڵ یان هەندێ دەزووی بادراو.

ڕشتە: ڕیشتە، دەزوو، پەت، گوریس.

ڕیس: ڕێس، دەزووی بادراو.

ئەوەندە چەرخی داوم چەرخەیی چەرخ
سەراپا لاغەرم وەك ڕشتەیی ڕیس
(سالم – ل ٧٤)

**ڕشتەی عومر:** ماوەی تەمەن، پەتێکە بۆ زانینی ساڵەکانی تەمەن گرێی لێدەدرێت، تا

تەمەنی پێ دیاری بکرێت.

غەیری زوڵفی تـۆ کە ڕشتەی عومرمە
دەس لە (مـافیها)ی زەمـان بڕیـاوم ئـەر
(نالی – ل ٢٢٢)

از درازی شـب هـجـران ندارم شـــکوەای
رشتەء عمرم زبس کوتاە گشت ازپیچ و تاب
(کلیم – «عفیفی»)

واتە: من لە درێژی شەوی تەنیایی شکاتم نییە لەوەی کە دوور کەوتوومەتەوە لە یار، بە هۆی پێچ خواردن و غەم و خەفەتەوە ڕشتەی تەمەنەم یان ماوەی تەمەنم گەلێ کورت بۆتەوە.

**ڕشتەی گیان و دڵ:** ڕەگ و ڕیشەی گیان و دڵ، بەنی گیان و دڵ.

تاری کاکۆڵی کە ئەفشانە لەسەر مەیتەنی ئاڵ
ڕیشتەیی گیان و دڵ و دین دەپسێنێ بە عـەلی
(کوردی – ل ٥٨)

**ڕوخ:** ڕوو، دەموچاو، ڕوومەت، گۆنا.

فـەیبازی ڕیـــازی گـــوڵ و میهر و مـــل و لـەعلی
ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زانیقە بەخـــــشا
(نالی – ل ٧٦)

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد وەك هوزاری عاشق ئەممـا
لە هـەموو چەمەن دیـارە بـە ئوسوولی ناڵە نـــالی
(نالی – ل ٦٦١)

لـە دوو لا زوڵفی بەڵاجۆ کە بـــەلا دەنوێنێ
نەفی مانەندی لەتیفی ڕوخی جانانە دەکا
(سالم – ل ٣٤)

لە ڕوخت دەرخە چرا بەڵکو ببینم بــــەری پێم
خاڵی گۆشەی لەبی تۆ مەردومەکی چاوی منە
(سالم – ل ١٢٩)

تۆ بەو دوو ڕوخی خۆتەوە وەك شاهی و فەرزە
دائیم کە لە پێش ئەسپەکەتا وەك نـەفەرت بم
(کوردی – ل ٢٢)

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕوممانی
دەهــــان وەك فندق و غـەبغـەب وەکـو نـارنجی ئێمــانی
(کوردی – ل ٦٠)

**ڕوخ ڕەنگین:** مەبەست دەموچاو جوانە.

ڕوخ: ڕوو.

بــە ڕوخ ڕەنگین مـیــان لاغـــر کـــــەمـــەر زەڕیـن
نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین
(سالم – ل ٩٤)

**ڕوخ زەرد:** مەبەست دەردەدار و نەخۆشە. ڕوو زەرد، ڕوو هەڵبزڕکاو.

ڕوخ: ڕوو.

سـریشکـم قرمز و دیدەم سـفیدە
ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ
(سالم – ل ١١٣)

**ڕوخسار:** ڕوو، دەموچاو.

وەسفی ڕوخساری لە فیکری بەنی ئـادەم بەدەرە
ئیبتیدای مەدحی دەمی وەك خەبەری بێ ئەسەرە
(نالی – ل ٤١١)

گوڵ ئەمڕۆ خۆی موقـابیل کرد بە ڕوخساری لە لای خەڵقی
بـــەڵێ هــەردەم دڕاو و هــەرزەگۆن مەحبووبی بـــــازاڕی
(کوردی – ل ٥٦)

**ڕوخسارە:** ڕوخسار، ڕوو، دەموچاو.

ڕەنگی نییە ڕوخسـارەیی ڕەنگین و لـەتیفی
ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا
(نالی – ل ٨٠)

تیژاوی سورووشکم وەکو ئیکسیری سوهـەیلە
ڕوخسارەیی زەردم وەکـو ئەوراقی خـــەزانە
(نالی – ل ٤٧٩)

**ڕوخساری خۆش:** مەبەست ڕووی جوانە، دەموچاوی قەشەنگ.

ڕوخسار: ڕوو.

گوفتـاری نـۆشی شاهیدی سەد شەهدی فائیقە
ڕوخسـاری خۆشی (اظهر من) شەمــسی ئەنوەرە
(نالی – ل ٤٢٦)

**ڕوخی زەرد و سریشك:** مەبەست دەموچاوی زەرد هـەڵگەڕاو و فرمێسکاوییە.

گەر بە قیمەت نیگەهێ کا لە ڕوخی زەرد و سریشك
دیدەیی ڕەشوەتی یـــەك غەمزە بە دامەن زەڕوســیم
(سالم – ل ٨٨)

**ڕوخی زەنگی:** ڕووی ڕەش، دەموچاوی قولە ڕەش.

ڕوخ: ڕوو.

زەنگی: ←

لـە چـــاو بەختی سیـــاهـ و ڕۆژگارم
ڕوخی زەنگی دەبێتە عەینی کافوور
(سالم – ل ٦٤)

**ڕوعوون:** رعون، رعان. ع. کۆی (رعن)ە، واتە: لووتکەی شاخ، گەرمابردوو، ئەوەی کە تینی هەتاو کاری تێ کردبێ. (لاروس)

عویوونی گـەرم و سوێراوی میسالی چـاوی گریانە
ڕوعوونی شاخی سووتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە
(نالی – ل ٤٩٢)

**ڕوعوونەت:** رعونت، رعونة. ع. خۆپەرستیی، خۆڕازاندنەوە، نەزانی و کەم هۆشی.

سونبول لەبەر ڕوعوونەتی شمشادی تازەدا
هات و بە تەعن و دەورە بەسەریا شکـایەوە
(نالی – ل ٥٥٢)

**ڕوقعە:** رقعة. ع. نامە، پارچە کاغەز کە لە سەری بنووسن، نووسراو.

مەخزوونی ڕوقعە حەببە بە حەببە لە کەففەدا
خـالیس دیارە مس کـــەمسە عەینی زەڕ زەڕە
(نالی – ل ٤٤٥)

**ڕوقوود:** رقود. ع. کۆی (راقد)ە، واتە: نووستووەکان، خەوتووەکان. لێرەدا مەبەست لە ڕوقوود. خەوە.

(کهف الانام)ی هیجرەتی ئەسحابی بێ ڕوقوود
بیکە بـە خـاکی خـــادیمی قیتمیری ئـــەو دەرە
(نالی – ل ٤٢٢)

**ڕوهام:** کوڕی (گوودەرز)ی پاڵەوانی ئێرانی بووە، بە پێی ئەوەی کە فیردەوسی باسی لێوە دەکـات، لـە سەردەمـی کـیـان دا و لـەپـاش خـانـەدانی سامی نـەیرەم خـانـەدانـی گوودەرز گشوادگان بایەخێکی زۆری هەیە، دامەزرێنەری ئەم خانەدانە «گشواد زەرین کولاهـ» کە لە پاڵەوانەکانی سەردەمی فەرەیدوون بووە، ڕوهام لە جەنگی (دوانزەروخ) کە جەنگێ بوو لە نێوان ئێرانییەکان و تۆرانییەکاندا (بارمان)ی کوشت، کە ئەم بارمانە یەکێ بوو لە پاڵەوانەکانی توران زەمین و لە جەنگێکی نێوان ئێران و توراندا (قوباد)ی کوڕی کاوەی کوشتبوو.

بـرفتند يكبارگی در زمـــان

چورهـام و گودرز با بـارمـان

(معين) و (فرهنگ شاهنامه)

واتە: روهـام و گوودەرز و بارمـان بەیەك جاری و لەیەك كاتدا ڕۆیشتن.

لە مـەستیدا وەكـوو روهـامە بــۆ مـەردی وەكـــو شیدە

بە توندی هـەر وەكو تووسە بە شۆخی جەعفەرە ئەمشەو

(كوردی – ل ٤٣)

**ڕوو ئاتەشین:** مەبەست ڕووی سوور و سپی و جوانی یارە.

ئـاتەشین: ئـاگرین.

دڵ دەسووتێ چین بە چین دەشكێتە سەر یەك وەك فـەنەر

خـــاوەنی ڕووی ئـاتەشین و زوڵفی چـین چینـم نـەهـات

(كوردی – ل ١٢)

**ڕوو بە ڕوو بوون:** مەبەست ئـامادە بوونە بۆ جەنگ. هـاتن بۆ جەنگ.

جیهـان گەر ڕوو بە ڕووی من بێ بە خوێن ڕێژی زەفەر نـابا

دەكەم بـــۆ حـەرزی جـــان و دڵ بـە چـالاكی نیا پـەیدا

(سالم – ل ١٨)

**ڕووبەی گوریزان:** ڕێوی هـەڵاتوو، ڕێوی بەزیو.

ڕووبە: كورتكراوەی (روبـاه)ی ف. یە واتە ڕێوی.

گـورێز: گـوریـز. ڕەگـی چـاوگـی گـوریـختـەن (= گریـختن)ی ف. یـە. واتـە هـەڵاتـن، ڕاكردن.

ان: پاشگرە، كە چووەسەر ڕەگ مەبەستی چۆنیەتی دەگەیەنێت.

هونەرمەندانی تیراوژەن قەوی دەستانی پیل ئـەفگەن

لـە ڕووی غـــەوواسی ئەتراكا وەكـــو ڕووبە گوریزانن

(سالم – ل ١٠٥)

**ڕووتی گەدا:** گەدای ڕووت، هەژاری ڕووت.

گاهی ڕووتی موشتەری ڕووتم بە جان
خۆشە بۆ ڕووتی گەدا ڕۆژی هەتاو
(سالم - ل ١٠٨)

**ڕووحولئەمین:** روح الأمین. ع. جبرائیل، جیبرائیل، جەبرائیل. لە عیبرییەوە وەرگیراوە، واتە بەندەی خودا، نامەبەری خوا، یەکێکە لە فریشتە نزیکەکانی خوا، فریشتەی هەڵگری وەحی خوداوەندی، ئەو فریشتەیەی کە وەحی بۆ پێغەمبەر هێنایە خوارەوە، ئەمینی وەحی، ڕووحولئەمین، ڕووحولقودس، نامووسی ئەکبەر، پێی دەوترێ: جیبریل، جیبرائیل، جیبرئیل، جیبرال، جیبرین. لە زمانە ئەوروپاییەکاندا پێی دەڵێن (گابریل). (عمید)

چاو لە گەردو تۆزی فیرقەت کوێر بووە چا ناکرێ
تا جەلا نەدرێ بە خاکی ژێری پێی ڕووحولئەمین
(کوردی - ل ٣٨)

دوعام بۆ دەفعی چاوی بەد لە حوسنی تۆ دەکرد ئەمشەو
لە دەم ڕووحولئەمین تا سوبح دەم ئاوازی ئامین هات
(سالم - ل ٤٦)

**ڕووزەدار:** بەڕۆژوو.

روز: ڕۆژ.

ە: پاشگرە

دار: ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ی ف. یە. واتە هەبوون.

شێواوە دڵ لە گوڵزار ئەفغانی بولبولی زار
پەیوەستە ئینتیزارە وەك چاوی ڕووزەداران
(سالم - ل ٩٣)

لە توولی ڕۆژگارانا لە هەرلا خادیم و مەخدووم
وەکو ئەسحابی پێغەمبەر عموومەن ڕووزەدارانن
(سالم - ل ١٠٣)

**ڕووسپی:** ئافرەتی لەش فرۆش، ئافرەتی ڕەوشت بەد و داوێن پیس.

چـاوەکـەم مەنوارە ڕەنـگی زاهیریی

خۆ دەزانیی ڕووسپی چەند ڕووسیان

(نالی - ل ٣٢٦)

**ڕوو سەخت:** مەبەست خۆڕاگر و بەرگەگرە. هەروەها بە واتای بێ ئابڕوویش دێت.

غـەمزە عـاجز بـوو لـە تیر ئەندازییا هـەر تالیبی

ئەی دڵی بەدبەخت و ڕووسەختم مەگەر ڕوویین تەنی

(سالم - ل ١٥٠)

**ڕوو سەختە دڵ:** دڵی ڕوو سەختە، مەبەست دڵی سەخت و بەرگەگرە.

ڕوو سەختە: ڕوو سوختە، واتە مسی سووتاو، ئۆکسیدی مس. (عمید)

چونکە پڕ پەیکانی تیری غەمزە بۆ ڕوو سەختە دڵ

ڕووی کەمان وەرگێڕە بۆ دیدە کە دڵ ڕوویین تەنە

(سالم - ل ١٣٠)

**ڕوو سەختی:** مەبەست بەرگریکردن و خۆڕاگرتن و بەرگەگرتن، ئازایی و بە جەرگی، هەروەها بە واتای بێ ئابڕوویش دێت.

دەمی نازت بە ڕوو سەختی کە تابی تیری غەمزەم بوو

لە ڕێی تیغی جەفاتا بە عدەزین جەوشەن لەبەر ناکەم

(سالم - ل ٨٤)

تەجاوزکەی دەکا سـالم لـە ئـەمرت

کەسێ نەیدیوە ڕوو سەختی لە مووما

(سالم - ل ٣٣)

**ڕوو گەردان:** ڕوو وەرچەرخان، ڕوو وەرگێڕان، ئاوڕ دانەوە. گەردان دوو بەشە: گەرد + ان

گەرد: ڕەگی چاوگی گەشتەن و گەردیدەن (= گشتن و گردیدن)ی ف. یە. واتە: گەڕان، سووڕان، سووڕانەوە... هتد.

ان: پاشگره بۆ چۆنیەتی.

شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە ڕوو گەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەرو سامانم دا

(نالی – ل ٩٠)

**ڕوومیانە ڕووی:** ڕۆمیانە رووی. مەبەست ڕووی سپی و جوانە.

رومیـانە روی دارد زنگیانە زولف و خـال
چـون کمان چاچیان ابروی دارد پر عتیب

(سعدی، کلیات، ش ٥٣٠ – عفیفی)

واتە: ڕووی سپی و جوان و زولف و خاڵی رەشی هەیە، برۆیشی وەکو کەوانی شاری (چاچی = تاشکەند)ە، کە پڕ لە تووڕەیی و سەرزەنشتە. لە فارسیدا، ڕوومی روخ = رومی رخ: مەبەست دەموچاوی جوانە.

رومی رخی و باد چو بر زولف تو جهد
از مشك سـادە شکل چلیپا کند همـی

(ادیب صابر، دیوان، ٣١ – عفیفی)

واتە: دەموچاو جوانیت و، کاتێ با دەدات لە زوڵفت، کە وەکو میسکی سادەی بۆن خۆشە، وێنەی خاچ دروست دەکات.

حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا
تا هوومیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

(نالی – ل ٣٠٩)

**ڕوونما:** ڕوو نەما، ڕوونەمای، ڕوو نوما، ڕوو نومای. پیشاندەری دەموچاو، یان ئەو دیارییەی کە لە کاتی بینینی ڕووی بووك زاوا پێی دەدات، یان ئەو دیارییەی کە باوك یان نزیکانی لە کاتی بینینی ڕووی ساوای تازە لەدایکبوو پێشکەشی دەکرێ.

ڕوو: دەموچاو.

نما: نەما، نەمای، ڕەگی چاوگی نەموودەن (= نمودن)ی ف. یە واتە: نیشاندان،

پیشاندان، ئاشكراكردن.

سیداقـی ڕوونمـــاوو وەسڵـی شـاهید
لەگەڵ شاییی كەران بێ دەنگ و داوا
(نالی – ل ١٢٣)

**ڕووی خورشید:** مەبەست دەموچاوی جوانی دلبەرە، ڕووی خۆر، ڕووی وەك خۆر.

خورشید: خۆر.

لە تورەی زوڵفی شەب ڕەنگا مەپۆشە ڕوویی خورشیدت
(كـــــە درعشقت پـس از چندی بـرو زآوردەام شـــامـی)
(سالم – ل ١٤٩)

**ڕووی ڕۆژ:** مەبەست دەموچاوی جوان و گەشی دلبەرە.

لەولاوێكە لەو لاوە بـە ئـەم لاوە كـشاوە
یا یاسەمەنی خاوە بە ڕووی ڕۆژا ڕژاوە
(نالی – ل ٥٣٠)

**ڕووی نەما:** ——◄ ڕوونما.

نـەقدی جـان و دین پێشكەشی یـەك نیگەهــــت
گەر قبووڵی كەی لە منی سووختە دڵ ڕووی نـەما
(سالم – ل ٣٤)

روی نماست چشم من خاك در تو اندر او
آب چو باصفا بود خـاك ببینمش بــــە تە
(امیر خسرو، دیوان – ٥٠٩، عفیفی)

واتە: چاوی من دیارییە كە خاكی بەر دەرگای تۆی تێدابێت، ئاو كە ڕوون بوو، لە بنیدا خاك دەبینم.

**ڕووین تەن:** نازناوی ئەسفەندیاری پاشای كیانییەو مەبەست توند و تۆڵ و لەش بەهێزە.
(عفیفی)

ڕووبین وەکو چۆن دەڵێن ئاسنین، پۆلایین... هتد
رووی + ین.
رووی: جۆرە فلزێکە ڕەنگی سپی و کەمێ مەیلەو شینە، قاپ و قاچاغی لێ دروست دەکرێ، لە پلەی (٤٤٠)ی گەرمییدا دەتاوێتەوە. (عمید)
ین: پاشگرە.

بە نامەردی سەراسەر میسلی گورگانین لە لای ڕۆمی
ئەگەر ڕووبین تەنی عەهدن وەگەر سامی نەریمانن
(سالم – ل ١٠٦)

چونکە پڕ پەیکانی تیری غەمزە بۆ ڕووسەختمە دڵ
ڕووی کەمان وەرگێڕە بۆ دیدە کە دڵ ڕووبین تەنە
(سالم – ل ١٣٠)

ڕووحی عاشق کەی نەجاتی دێ لەبەر تیری نەزەر
گەر لە ئەسبابی مەتانەتدا وەکو ڕووبین تەنە
(سالم – ل ١٣٢)

غەمزە عاجز بوو لە تیر ئەندازیا هەر تالیبی
ئەی دڵی بەد بەخت و ڕووسەختم مەگەر ڕووبین تەنی
(سالم – ل ١٥٠)

**ڕۆح دەربردن:** مەبەست خۆ ڕزگار کردنە لە مردن.

تینوویی نەزعی فیراق و یادی جەللابی لەبت
جبرەئیل یارم بێ باز ئیشکالە ڕۆح دەربردنم
(کوردی – ل ٢١)

**ڕۆح سەخت:** ئەوەی کە بە ئێش و ئازار و ئەشکەنجەوە گیانی دەربچێت، گیان سەخت، جان سەخت. ئەوەی بە ئازارەوە و درەنگ گیانی دەربچێت.

باوەڕ مەکە ڕۆح سەختی غەمی فیرقەتی تۆیم
بۆ هاتنی تۆ باقییە نیوە نەفەسێکم
(نالی – ل ٢٨٤)

هەروەها (جان سەخت) بە واتای (ڕۆح سەخت) دێت لە زمانی فارسیدا. وەکو سائیب دەڵێ:

داغ چندین لالـه و گــل دید و خــاکستر نشد

مرغ جان سختی چو من دربیضهء فولاد نیست

(صائب، کلیات – ۲۳، «عفیفی»)

واتە: داخ و خەفەتی چەندەها شۆخ و شەنگی وەکو گوڵاڵە و گوڵی بینی و نەبوو بە خۆڵەمێش، باڵندەیەکی گیان سەختی وەکو من خۆ لە هێلکەی پۆڵادا نییە.

**ڕۆژ پەرست:** مەبەست دڵدارە، عاشق، هۆگر و عاشق بوونی دەموچاوی وەك ڕۆژ.

ڕۆژ پەرست: گوڵەبەڕۆژە.

ڕۆژ پەرستی ڕووتە نـالی بــۆیـە دائیم وەك غـولام

زەرد و گەردن کەچ لە دەرگات حازرە دەستەو نەزەر

(نالی – ل ۲۰۳)

**ڕۆژ و شەو:** ڕۆژ و شەوی یەکەم لە شیعرەکەدا، واتە ڕووی درەخشان و جوان لەگەڵ پەرچەمی ڕەشی یار.

کەوتە سەر ڕووت پەرچەمی تارت بە خەم

ڕۆژ و شــەو ڕۆژ و شــەوی لێکدا بــەهــەم

(سالم – ل ۸۲)

**ڕۆژی دیوان:** مەبەست ئەو دنیایەیە، ڕۆژی قیامەت.

مولتەجی نابێ بەکەس کوردی لە دونیاو ئاخیرەت

ڕۆژی دیوانی خــودا دەستی مــن و دامــانی تــۆ

(کوردی – ل ۱۹)

من کە کوژتەی تیغی عیشقم ڕۆژی دیوانی خودا

بــۆچی شاهید بێنم ئــاخر کفنەکەم خوێناوییە

(کوردی – ل ۵۲)

**ڕۆژی قیا:** کورتکراوەی ڕۆژی قیامەتە. زیندوو بوونەوە و هەڵسانەوە لەو دونیا.

مەمخەرە هـاوییەی هـەوڵی فیراق

دەستی من و دامەنی تۆ ڕۆژی قیا

(نالی - ل ١٢٦)

**ڕۆژی هەتاو:** مەبەست دەموچاوی جوان و درەخشانی یارە.

گاهی ڕووتی موشتەری ڕووتم بەجان

خۆشە بـۆ ڕووتی گەدا ڕۆژی هـەتاو

(سالم - ل ١٠٨)

**ڕۆستەم:** مەبەست یارمەتیدەرێکی بەتوانا و بەهێزە.

بـەندی دێوی میحنەتە کـاووسی دڵ

سـا لەوەسڵت بۆ نەجاتی ڕۆستەمێ

(سالم - ل ١٤٨)

ڕۆستەم: ←—— ڕوستەماسا.

حافز دەڵێ:

سوختم در چـاه صبر بهر آن شمع چـگل

شاه ترکان فارغست از حال ماکو رستمی

(حافظ، قزوینی - ص ٣٣١)

واتە: لە ناوبیری سەبر و ئارامیدا سووتام بۆ ئەو شۆخ و شەنگەی کە خەڵکی شاری (چگل)ی تورکستانە، پاشای شۆخ و شەنگەکان ناسوودەیە و گوێمان ناداتێ، کوانێ بەتوانا و دەسەڵاتێ کە فریام بکەوێ.

**ڕۆستەماسا:** ڕۆستەم ئاسا، وەك ڕۆستەم.

ڕۆستەم = ڕوستەم. ڕوستهم، پەهلەڤی. Rwstahm. واتە: بالا بەرز، کەتە، لەش گەورە، ئەندام بەهێز.

ڕوستەم کوڕی زاڵ و جیهان پاڵەوانی ئێرانە، خەڵکی زابولستان بووە، تواناو هێزێکی لە ئەندازە بەدەری هەبووە، خزمەتی چەند پاشایەکی ئێرانی کردووە وەك:

(کەیقوباد، کەیکاوس، کەیخوسرەو). دێوی سپی لە ئەشکەوتەکەیدا لە مازیندەران کوشت و کەیکاوسی ڕزگار کردو هەندێ لە دێوەکانی تری لەناوبرد، ئەسپە گەورەکەی کە ناوی (ڕەخش)ە لە هەموو شوێنێکدا وا لەگەڵی، ئەسفەندیار جەنگی لەگەڵدا دەکات بەڵام دەبەزێ. سەرەنجام (شەغاد)ی برای ڕۆستەم، بە فێڵ ڕۆستەم و ئەسپەکەی دەخاتە ناو چاڵێکی پڕ لە نێزە و شمشێر، ڕۆستەم لە کاتی مەرگیدا تیرێك دەوەشێنێ، شەغاد و ئەو درەختە دەسمێ کە خۆی داوەتە پاڵی. (داستان)

هەندێ لە لێکۆڵەران وا دەزانن کە ڕۆستەم هەمان (گوندەفەر)ە Gundafrr، و هەندێ ئەمە ڕەد دەکەنەوە. (معین)

ئاسا: وەك، وەکو.

نالیا بێ هیممەتی تاکەی بە دەست میحنەتتەوە
فاتیحی و ڕۆستەماسا ساحیبی تێغ و عەلەم
(نالی – ل ۳۱۱)

**ڕۆم:** مەبەست تورکی عوسمانییە.

حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا
تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم
(نالی – ل ۳۰۹)

تا بوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم
سووتا گیاهـ و تەشنەو و خوشکیدە بوو سەمەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ۲۰۰)

**ڕۆمی:** تورکیی عوسمانی.

چونکە باوکی ڕۆمی یو دایکی حەبەش بوو ما بە بەین
ڕۆژ و شەو کافوور و میسکی ڕوو گەنم خاڵ دەنکە جۆی
(نالی – ل ٦٩٦)

زستانی ئەوەڵین بوو دڕا بەرگی شێخە باس
ڕۆمی ئەوەندە شوومن لە شەخسیش دەخەن زەرەر
(سالم – ل ۱۳)

موریدی خانەقا زۆرن لە عەهدی عەدلی ڕۆمیدا
لە ئاغایانی بێبەش حوجرەها جێی تۆبەکارانن
(سالم – ل ١٥)

لە بیمی تازیانەی مەردومی ڕۆمی سەیید و سۆفی
بە ئومێدی گەزۆ و مازوو لەبن داری مەریوانن
(سالم – ل ١٥)

**ڕۆمی دەڵەك:** مەبەست سەرباز و چەکدارە هیچ و پووچەکانی لەشکری عوسمانییە.

ڕۆمی: ←———

دەڵەك: مەبەست هیچ و پووچ و بێ نرخە.

دەڵ: مێینەی هەندێ لە گیانلەبەرانی وەك: سەگ، ورچ، دێو.

ك: پاشگرە، بۆ مەبەستی سووکایەتی بەکار هاتووە.

چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەزعی دەهری دوون
سەیری کە ڕۆمی دەڵەك چی کرد بە زومرەی کورد زەبان
(سالم – ل ٩٧)

**ڕیاز:** ریاض. ع. کۆی (روضة)یە، واتە. باغ.

فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا
(نالی –ل ٧٦)

یەعنی ریازی ڕەوزەکە تێدا بەچەند دەمێ
موشکین دەبێ بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
(نالی –ل ١٨١)

**ڕیازەت:** ریاضت، ریاضە. ع. زاراوەیەکی سۆفیگەرییە، بەگەلێ جۆری جیاجیا لێکدراوەتەوە، لێرەدا زۆر بەکورتی باسی لێوە دەکرێ.

ڕیازەت بەرگەگرتنی سەختیی و دژوارییە لە سەیر و سلووکی عیرفانیدا، کە لە

مەرجەكانی پاك كردنەوەی دەروونە، مەشقی نەفس و ڕاهێنانی بەسەختیی و كۆشش لە ڕێگەی خوا دا. بۆ زانیاری پتر بڕوانە (اصطلاحات)

ئەسپی نەفست دێت و دەچێ گــەرمە عەنانی
ئـەی مەستی ڕیازەت هـەڵە! هوشیاری جڵەویە
(نالی –ل ٣٩٣)

**ڕێتن:** ڕژان.

زائیقەی سالم هـەوای شەكراوی شایی بوو بەخێر
ئاسمـان ڕێتی بە شەڕ ژەهری بـەدەمدا ئــاگەهان
(سالم –ل ٩٢)

**ڕیزشی ئەشك:** فرمێسك ڕژان.

ڕیزش: ڕژان، بارین، ریز + ش.

ڕیز: ڕەگی چاوگی ڕیختەن (= ریختن)ی ف. یە. واتە ڕژان.

ش: پاشگرە.

ئەشك: فرمێسك.

تا لە گەیلان با ڕەش و تا تـەم دەماوەند داگرێ
ڕیزشـی ئەشـك و هـەناسـەی سینـەیی ئەفگـارمە
(سالم –ل ١٢٨)

**ڕیزەی نانی سفرەی خوان:** پاشماوەی خواردەمەنی لەسەر سفرە و خوان.

ڕیزە: ریز. وردە، ورد، بچووك.

شەمس و مـەولانـاو مەنسوور كەی بە سیرِ مەحرەم دەبوون
تا نەیانخواردایــە ڕیزەی نانی ســـفرەی خـوانی عیشق
(كوردی –ل ١٩)

**ڕیزوان:** رضوان. ع. دەرگاوان و پاسەوانی بەهەشت، ئەو فریشتەیەی كە كاروباری بـەهـەشتـی پـێ سپێردراوە، خـۆشنـوودی، ڕەزامـەندی، قـوبـووڵ، بـەچـاك دانـان، ئافەرین كردن، بەهەشت. (معین)

لایێکی کەش لە جەننەت و ڕیزوان تەدارەکە
حۆری ئەوا بە مونتەزیریی دێنە مـــەنزەرە
(نالی –ل ٤٤٢)

حــــــەیاتت نەقدی تەحسیلی بەقــاو و ڕیبحی ڕیزوانە
ئەتۆ دەیکەی بەمایەی دەخڵ و خەرج و کەسبی بەدناوی
(نالی –ل ٦٨٠)

**ڕیفعەت و جا:** بەرزی و پلەو پایە.

ریفعەت: رفعە. ع. بەرزی.

جا: جاهـ. پلەو پایە.

وەك هـیممـەتی سۆفی کـە لەنێو خـــەڵوە خزابێ
مەستوورەو عەزیزی شەرەف و ریفعەت و جابێ
(نالی –ل ٦٠٩)

**ڕیکاب:** رکاب. ع. ئاوزەنگی، ڕکێف.

کە ڕەختی تەبعی ڕامی هـاتە سەر میقرازەکەی تەعلیم
ڕیکابی پای بۆسی ســـــالم و مەشوی لـــە دەورانــــا
(سالم –ل ٣٥)

**ریکاب ئەندەر ریکاب:** مەبەست سوپایەکی زۆرە بە سواری ئەسپەوە، لەشکرێکی گەورەو گرانی سوارەیە.

ریکاب: ⟵

ئـەنـدەر: هـەنـدێ جـار لـە نـێوان وشـەیـەکی دووبـارەکراودا دێت و واتـای زۆری دەبەخشێت. ئەمڕۆ لە جیاتی وشەی (ئەندەر) وشەی (دەر) بەکاردێت لە فارسیدا و واتە: لە. هەروەهـا لە زمـانی کوردیشدا، هەندێ جار بـەکاردێت وەکو: دەربـارەی، دەرئەنجام... هتد. واتە لەبارەی، لە ئەنجام.

هـاتەژێر پاساری تەنگ لەشکر ریکاب ئەندەر ریکاب

کەوتە سەر کۆڵان و سەر سیلە عینان ئەنـدمر عینـان

(سالم –ل ١٠٠)

**ڕێگی ڕەوان:** کۆمەڵە لمێکە لە بیابان، کە بەهۆی هەڵکردنی بای بەهێز لە لایەکەوە دەڕوات بۆ لایەکی تر و گردێك یان بەرزاییەك لە لم دروست دەکات.

ڕێگ: لم، قوم.

ڕەوان: ئەوەی کە لە ڕۆیشتندا بێت. ڕەو + ان.

ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە ڕۆیشتن.

ان: پاشگرە و چۆنیەتی دروست دەکات.

لە نێو ڕیگی ڕەوانی قوم نوقوم بوو وشتر بوو گـــوم

ئەما گوێی بیستنی (قُم قُم) چ جای ئیمکانی هەستانە

(نالی –ل ٤٩٠)

**ڕێش:** ڕیش: بریندار، برین، زام.

ئەی نەفسی مورانیی چ گران باری تەکالیف

بۆ خەڵقی دەکێشیی دەهەڕۆ ڕێش و جەدەو بە

(نالی –ل ٣٩٢)

ئەگەر بێت و بەناحەق خۆت بکەی پەنهان وەکو یووسف

موریدی! عیشقی و ڕیشی توهمەت و چـــــاك گریبانم

(کوردی –ل ٢٨)

لە ژێر باری خەما وا شانی سەبرم ڕێشە ئێستاکە

فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێم بوو بەسەر باری

(کوردی –ل ٥٣)

**ڕێگوزار:** ڕەهگوزار، راهگوزار. سەرە ڕێ، ڕێگە، شوێنی تێپەڕبوون. ڕێ + گوزار.

گوزار: ←——— ڕەهگوزار.

شام و سەحەر وەکو خاك پامالّی پایی خەڵکم

ئەز بەس بەیادی لوتف کەوتم لە ڕێگوزاران

(سالم -ل ٩٣)

**ڕێگەی زوڵماتی بەقا:** ←——— ئاوی بەقا.

تا گەرمڕەوی ڕێگەیی زوڵماتی بـــەقا بێ

(ماء الخضر)ت قەترە لەسەر قەترە فیدابێ

(نالی -ل ٦٢٦)

**ڕێی حاجیان:** ←——— کەهکەشان.

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەیارە سەیارە

مەجەڕە نالەتی جەڕی جەریری سارەبانانە

(نالی -ل ٤٨٨)

# ز

**زائیقە:** ذائیقة. ع. هەستی چەشتن کە یەکێکە لە پێنج هەستەکەو بەو هۆیەوە تامی پێ دەچێژرێ، چێژ.

زائیقەی سالم هەوای شەکراوی شایی بوو بەخێر
ئاسمان ڕێتی بەشەڕ ژەهری بەدەمدا ناگەهان

(سالم –ل ٩٢)

**زائیقە بەخش:** مەبەست خۆشی بەخشە، تام و چێژ بەخش.

زائیقە: ذائیقە. ع. چێژ.

فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مول و لەعلی
ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا

(نالی – ل ٧٦)

**زابیتەی تەبعی سوار:** مەبەست سروشت و سەلیقەی وردو بەهێزە، دەسەڵات و تواناو وردبینی لە شیعر و شاعیریدا.

زابیتە = ضابطة. ع. ڕێکوپێکی و تەرتیب.

زابیتەی تەبعم سوارە ئیددیعای شاهیی هەیە
موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا

(نالی –ل ١٠٢)

**زار:** ناتەوان، لاواز، بێهێز، بێدەسەڵات، زەبوون، کە دەڵێن ناڵەی زار، واتە ناڵەی بەسۆز، ناڵەی دەردناک.

دڵ بریندارم بە پەیکانی موژەی خوێنڕێژی تۆ
ناڵەیی زاری منی زاریی لە گیان بێزارییە

(کوردی –ل ٥١)

**زار و نەزار:** مەبەست لەڕو لاواز، بێچارەو داماو، غەمگین و دەردەدار، مات و مەلوول.

زار: ⟵

نەزار = ⟵ زار.

ئیمڕۆ ڕۆژێکە لە جەمعی مەردومان بگرم کەنار
دەستەو ئەژنۆ دانیشم بێچارەو و زار و نەزار

(سالم –ل ٦١)

سالم ئەمشەو بەناڵە قادر نیم
بەسکی زار و نەزارە ئەفکارم

(سالم –ل ٨١)

**زاریی دڵ:** مەبەست ئێش و ئازارو غەمی شاراوەی دەروونە، جۆش و تینی ناودڵ.

مەنعی زاریی دڵ کە سالم با نەدا عیشقت برووز
بەزمی پەنهانی دەکا ئاوازی سەمتوور ئاشکار

(سالم –ل ٦٣)

**زاغی خەمی زوڵف:** مەبەست زوڵفی لوول و ڕەشە.

زاغ: باڵندەیەکە لە قەلەڕەش دەچێ و پەڕەکانی ڕەشەو گۆشتی دەخورێ.

خەم: ⟵

کەی بە چەنگاڵی هەڵۆی غەم دەکەوێ تائیری دڵ
تا لە زاغی خەمی زوڵفت هەیەتی زیللی هوما

(سالم –ل ٣٤)

**زاڵی دەهری دوون:** مەبەست دەور و زەمانە و ڕۆژگاری هیچ و پووچە.

زاڵ: پیرەژن.

زاڵی دەهری دوون لەگەڵ هیچ شەو هەریٚ نایاتە سەر

دۆستیی ســالم لـــەگـــەڵ پڕ ئاشنا ژن مـوشکیلە

(سالم –ل ١٢٧)

**زاناندن:** تێگەیاندن، فێرکردن لەم دێڕە شیعرەی نالیدا. زانین کە تێنەپەڕە، کراوە بە زاناندن و ئینجا (زاناندمان)ی لیٚ وەرگیراوە، کە تێپەڕە، ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا دەگمەنە.

لوتفی بانگوش بوو کەوا لەم حوجرەدا زاناندمان

گەر بەنیی ئادەم بخنکێتن سەراوە نەك بنـــاو

(نالی –ل ٣٦٥)

**زەبانییە:** زبـانیـة. ع. هـەنـدیٚ لـە فـریشتـەکـان بـەمـە نـاودەبـرێن بـەهـۆی ئـەوەی کـە دۆزەخـیـیـەکـان دەبـەن بۆ دۆزەخ، فریشتـەکـانی ئـەشکـەنجە و ئـازار، پـاسەوانی دۆزەخ، زبانیە کۆی زبنیة یە.

لایەك زەبانییە لە سەر و کاری نـــارە نـــار

(هل من مزید) زوبانییە وەك ماری ئـەژدەر

(نالی –ل ٤٤١)

**زەبەر:** سەر، سەرەوە، هەرشتیٚ کە لەسەرەوە بێت.

زێر و زەبەر دەبن بە دوو فیرقە لە فیرقەتەین

واوەیـــل و ئیمتیازە کـە کیٚ بێنە کیٚ بـەرە

(نالی –ل ٤٤٣)

**زەجر:** زجر. ع. ڕێگە لێگرتن، نەهێشتن، هێشتنەوەی کەسیٚ لە زینداندا، هاوارکردن و دەرکردن، بانگکردن یان دەرکردنی کەسیٚ بە تووڕەییەوە. (معین، عمید)

ڕەنج و ئازار، سزادان.

مودەعی زەجرم دەکات و پێم دەڵێ ســــەبرت ببێ
کەر بە لەعنەت بێ کە کەی عاشق قەراری گرتووە
(نالی -ل ٥٤٣)

خۆ نواندن بەس بێ بە خوا ڕووی جیهان زانی کە تۆ
قـــادری بۆکـــوژتن و تـــاڵان و زەجـــــر و گـــرتنم
(کوردی -ل ٢١)

ئەو سەر مەنشەئی ئیفساد و ئەمن بەد نــــاو
ئەوە موستەوجیب و من کەوتمە زەجر و لێدان
(کوردی -ل ٣٧)

مەقامم کەن بە زەجر ئەر داری مەنسوور
دەکێشێ خوێنی من نەقشی ئەنـــــالحەق
(سالم -ل ٧٧)

**زەححاك:** ضحاك [کراو بە عەرەبی. ئەز دەهاق، ئەژدەهاك، ئەڤیستا. ئەژدەهاکا -ئەژی دەهاك، ئەژدەها]

پاشای داستانی کە لەدوای جەمشید لە ئێران پاشایی کرد، کوڕی (مرداس) پاشای ناوچەیەکی عەرەب بوو، ئەهریمەن زەححاکی فریو دا و پەیمانی لە گەڵدا کرد کە قسەی بەجێ بهێنێ، ئینجا وای لێ کرد کە باوکی بکوژێ و لە شوێنەکەی دابنیشێ، دوای ئەوە ئەهریمەن خۆی وەکو لاوێك لێ کرد و وەکو چێشتکەر خۆی بە پاشا ناساند، لەو سەردەمەدا خەڵکی گیایان دەخوارد، جۆرەهای چوارپێیان و باڵندەکانی دەکوشت و گۆشتەکانی دەرخواردی پاشا دەدا، تا فێری خوێن ڕشتنی بکات، دوای ئەوە ڕۆژێ پێی وت: پێویستییەکم هەیە، زەححاك وتی: بە ڕەوای دادەنێم، ئەویش شانی ماچ کرد و لەبەر چاو نەما، ئەو کاتە دوو ماری ڕەش لەسەر هەردوو شانی ڕووا، زەححاك دڵگران بوو، هەرجۆرە چارەیەکی دەکرد نەنجامی نەبوو، ئینجا هەردووکیانی بڕی، دووبارە هەردوو ڕەش مارەکان لەسەر شانی دەڕوانەوە. پزیشکەکانی کۆ کردەوە و داوای چارەسەری لێ کردن، ئەوانیش هیچیان پێ نەکرا، ئینجا ئەهریمەن وەکو پزیشکێ چوو بۆ لای و

فەرمانی دا کە مارەکان بە مێشکی ئادەمیزاد پەروەردە بکەن تا ئارام ببێ، زەححاك فەرمانی ئەوی بەجێ هێنا، لەو کاتەدا ئێرانییەکان دڵگران بوو بوون لە جەمشید، زەححاك ڕووی کردە ئێران و دەستی کێشا بەسەر تاج و تەختی ئێراندا و هەردوو خوشکی جەمشید (شەهرناز و ئەرنەواز)ی مارە کرد. هەرشەوە دوو گەنجیان دەکوشت و مێشکی سەریان دەدا پێی، لەو سەردەمەدا دوو کەس بەناوی (ئەرمایل و کرمایل) ڕێك کەوتن و لە بارەی زەححاکەوە دەدوان و چارەیەکیان دۆزییەوە، یەکێکیان وتی: ئێمە دەبێ بەناوی چێشتکەرەوە بڕۆین بۆ لای شا و چارەیەك بدۆزینەوە، بەڵکو هەر ڕۆژێ یەکێ لەو دوو گەنجە ڕزگار بکەین، ئینجا بوون بە چێشتکەری زەححاك، هەر ڕۆژ کاریەدەستانی پاشا دوو گەنجیان بۆ دەهێنان، ئەوان یەکێکیان دەکوشت و مێشکی سەریان لەگەڵ مێشکی سەری مەڕێکدا تێکەڵ دەکرد، گیانی ئەوی تریان ڕزگار دەکرد و پێیان دەوت لە شوێنێکی دوور خۆی بشارێتەوە، بەم جۆرە هەر مانگەی (٣٠) کەس لەمردن ڕزگاریان دەبوو، کاتێ کە ژمارەیان گەیشتە (٢٠٠) کەس، چێشتکەرەکان چەند بزن و مەڕێکیان پێ دەبەخشین و ئەوانیش بۆ خۆیان دەژیان، شەوێ زەححاك لە خەویدا سێ جەنگاوەری لە نەوەی پاشاکان دی، دووانیان گەورەو یەکێکیان بچووك، بچووکەکەیان بە گورزێکی گەورە هات بە وێزەی زەححاك دا و سەرەنجام دوای ڕیسواکردنی بردیان بۆ کێوی دەماوەند و لە وێدا زیندانییان کرد. کاتێ کە لە خەو هەڵسا موویەدەکان و زاناکانی کۆ کردەوە و لێکدانەوەی خەوەکەی لێ پرسین، لە پاش سێ ڕۆژ گەورەی موویەدەکان پێی وت: گەنجێ لە نەوەی پاشایان کە ناوی (فەرەیدوون)ەو هێشتا لە دایك نەبووە، لە دژی تۆ ڕاست دەبێتەوە و، تاج و تەختەکەت بەدەست دەهێنێ. دوای ئەوە لە هەموو شوێنێ بە دوای ناونیشانی فەرەیدوون دا دەگەڕا، کە هێشتا لە دایك نەبوو بوو، لە پاش ڕۆژگارێ فەرەیدوون لە دایك بوو، نەشونمای کرد و گەورە بوو، بە یارمەتی کۆمەڵێ کە بەدەوریدا گرد بووبوونەوە شۆڕشیان کرد لە دژی زەححاك و بە سەریدا زاڵ بوون و بەفەرمانی (سرووش) گرتیان و بردیان بۆ کێوی دەماوەند و دەستیان بە تاشەبەردێ بەستەوە. «داستان». (معین)

لەبارەی ئەو (٢٠٠) کەسەی کە چێشتکەرەکان لە کوشتن ڕزگاریان کردن، وەکو

لە داستانەکەدا باس کرا، لە شاهنامەی فیردەوسی دا بەم جۆرە باس کراوە:

چو گرد آمدی مرد ایشـــان دویسـت
بران سان کە نشنا ختندی کە کیست
خــور شگر بدیشان بزی چند و میش
سپــردی و صحرا نهادند پیش
کنون کُرد از آن تخمە دارد نژاد
کــەز آباد نـاید بدل بــــرش یاد

(شاهنامەء فردوسی –چ موسکو، ج١، ص ٥٣)

واتە: کاتێ کە کۆبوونەوە و بوون بە دووسەد پیاو، بە جۆرێ کە نەدەزانرا ئەمانە کێن، چێشتکەرەکە چەند بزن و مەڕێکی پێ دان و ڕوویان کردە بیابان، ئێستا نەژادی کورد لە نەوەی ئەوانەیە، کە ئاوەدانی بە یادیاندا نایەت.

دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەســەر شـانی، وەکو زەحـحاك ناوی ناوە زولفــەینی
(نالی –ل ٦٧٦)

بە ئاوێنەی ڕوخ ئەسکەندەر بە جامی دیدە جەمشیدی
بە تەختی سینە پەروێزی بــەمــاری زوڵف زەححاکی
(کوردی –ل ٥٧)

ماری زەححـاکن یەکـا یەك موت بە مەحبوسانی زار
وەھ چ سەعبە بــەند بـــەندی سیلسیلەی زنجیری تۆ
(سالم –ل ١١٤)

بینات کرد عەهدەکەی زەححاکی تازی
لە تورەت موو بەموو مارانە ئەمـــشەو
(سالم –ل ١٢٠)

**زەخم:** زام، برین.

جێی تەماشامە لە تیری نیگەهت سینەیی ڕیش
زەخم ئالوودە بە خوێنم گوڵی خـــەندانی منە
(سالم –ل ١٣١)

**زەخم خواردن:** بریندار بوون، زامدار بوون.

زەخم: ←————

من لە تەوری عـــالەم و دەوری فـــەلەك
زەربی لازیب زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم
(نالی –ل ٢٩٧)

**زەخیم:** ضـخیم. ع. ئەستوور.

ڕاستی شمشاد و قـــەددی تۆ بە ئەندازەی یـــەکن
هەردوو مەوزوونن ولاکین ئەم زەخیم و ئەو نەزار
(سالم –ل ٦٠)

**زەدەی دووری:** پەرێشانی بەهۆی دوورییەوە.

زەدە: لێدراو، زەد + ە.

زەد: چاوگی کرتاوی زەدەن (= زدن)ی ف. یە. واتە لێدان.

ە: پاشگرە.

تەبیب دێنن دەوای دەردم بکا خۆ من زەدەی دووریم
بەبێ داروویی وەســـڵی ئەو نییە ئارام و تەسکـینم
(کوردی –ل ٢٧)

**زەدەی لەتمە:** زللە لێدراو، شەقازلە لێدراو، زیان پێگەیەنراو.

زەدە: ————→ زەدەی دووری.

لەتمە: لطمة. ع. لێدان، زللە، شەقازلە، سەپازلە، زییان.

لۆمەیی نالی یی دێوانە مەکەن ئەی عـوقەلا
ئەمە موددێکە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە
(نالی –ل ٥٨٧)

**زەراعەتی عومر درەو کردن:** مەبەست بەری هەموو ژیان بەدەست هێنان، بەدەستهێنانی ئەنجامی هەموو ژیان.

حاسڵ بەغەیری دەرد و جەفاو ئەلەم نییە

ڕۆژێ کە بێن زەراعەتی عومرم بکەن درەو

(کوردی –ل ٤١)

**زەربی لازیب:** لێدانی سەخت و کاریگەر.

زەرب: ضرب. ع. لێدان.

لازیب: لاذب. ع. چەسپێنەر، نووسێنەر، ئەوەی کە شتێ بە شتێکی ترەوە بنووسێنێ.

من لە تەوری عالەم و دەوری فەلەك

زەربی لازیب زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم

(نالی –ل ٢٩٧)

**زەرف:** ظرف. ع. قاپ و قاچاغ، دەوری و هەر شتێکی لەو بابەتە کە چێشت و خواردنی تێ بکرێ.

چارەسەرکەن بێ نەوایان نان و نیعمەتتان برا

لوولە بۆ سفرەو نەوالەو ونکراوە زەرف و خوان

(کوردی –ل ٣٣)

خوێنی زەرفی بەدەنم وشکە لەتاو ئاگری غەم

دڵی من میجمەری ئەو دووری ئەو ئەخگەری من

(سالم –ل ٦٤)

**زەرفی خاتر:** مەبەست ناو مێشکە، ناو بیر و هۆش، ناخی دەروون.

زەرف: ←———

خاتر: ←———

دەنێمە زەرفی خاتر یادی بۆسەت

ئەگەر تەبعم تەمەننای گوڵشەکەر کا

(سالم –ل ٣٠)

**زەرفی دڵ:** مەبەست ناخی دڵە، ناو دڵ.

زەرفی دڵ بۆ دەوڵەت و پوخت و پەزی فیکرم ڕژا
ڕوو بە ڕووی تۆ وا لە ئەبرۆ بوڕشی شمشێری دی
(سالم –ل ١٤٤)

**زەرق:** زرق. ع. دوو ڕوویی، بێ باری، ڕیاکاری، ساختەچێتی، فڕوفێڵ.

نەرم و زەرقی خەرقەیی سالووسیان
شاهیدی زوورە زوبانی لـــووسیـان
(نالی –ل ٣٢٥)

**زەرق و زەڕاق:** مەبەست شینێکی مەیلەو خۆڵەمێشییە، شینیی، شینێتی.

زەرق و زەڕاقی وەکو خاکستەر ئەمما بێ غوبار
بەڕق و بەڕاقی وەکو پیرۆزە لاکـین بێ کـرێژ
(نالی –ل ٢٦)

**زەرگ:** جۆرە نێزەیەکی کورتە لە جەنگدا بەکار هاتووە، سیخی دەروێشی، زرکی دەروێش.

بەزەربی زەرگی ئەو دوژمن وەکو پووشە بەدەم باوە
لـــە میغناتیسی دووربینی فنوونی کـارەبا پـــەیدا
(سالم –ل ١٩)

**زەڕ:** زێڕ، ئاڵتوون.

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەڕ
لەم قـەلبـە کـە وەك بـەردە ڕەشـــە (رُشّ رشاشا)
(نالی –ل ٧٧)

لایقی مەخزەنی تەبعە هـەموو کەنزی غـەزەلم
قـابیلی زەربی ڕەواجـە زەڕ و زیوی مـــە سەلم
(نالی –ل ٢٨٨)

عەبەسە نازشی مونعیم بە زەڕ و موڵك و مەتاع

(کەمحال است درین مرحله امکان خلود)

(سالم -ل ٥٦)

**زەڕەسا:** کورتکراوەی زەڕە ئاسا، واتە وەك زەڕە.

زەڕەسا ئەعزای سالم دێتە ڕەقس

هەر سەحەر میهری روخت پڕتەو دەخا

(سالم -ل ٢٥)

**زەڕکورتەك:** مەبەست کەوای کورتی چنراو بە تاڵی زێڕینە.

زەڕ: ⟵

کورتەك: کەوای کورتی پیاوانە.

کەوا دارایی زەڕ کورتەك کەمەر چین جببە گوڵناری

کڵاو لارچاو خورمار شیرین سوار میسکی تاتاری

(کوردی -ل ٥٦)

**زەعفی تالیع:** مەبەست بەدبەختییە.

زەعفی تالیع جازیبە بۆ کارەبا بۆ خوێن و دەم

سەیری چێهرەی بەختی من کەن بوو بەڕەنگی زەعفەران

(سالم -ل ٩٧)

**زەفافەتگاه:** ئەو شوێنە تایبەتییەی کە بووکی بۆ دەبەن، بۆ زاوا. شوێنی نوستنی بووك و زاوا بۆ یەکەم جار.

زەفاف: زفاف. ع. نوستنی بووك و زاوا یەکەم جار.

گاه: پاشگری شوێنە.

زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم

موبارەك حەجلە بێ بۆ بووك و زاوا

(نالی -ل ١٢٣)

**زەقووم:** زقـوم. ع. درەخـتـێکـە لـە دۆزەخ، مـیـوەیـەکـی زۆر تـاڵـی هـەیـە و خـۆراکـی دۆزەخییەکانە، کە لە قورئاندا هاتووە: إن شجرة الزقوم طعام الاثيم كالمهل يغلي في البطون كغلي الحميم. سورة الدخان، ئایەتی: ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦.

واتـە: درەخـتـی زەقـووم خـۆراکـی گـونـاهـکـارانـە کـە وەکـو مسی تـواوە لـەنـاو سکەکاندا دەکوڵێ، وەکو کوڵانی ئاوی کوڵاو.

تا نەشئە نەچێژن لـە لەبی کـەوسـەری ساقیی
بێچارە چوزانن کـە هـەموو مـەستی زەقوومن
(نالی –ل ٣٣١)

دەزانـی چـۆنـە ئـەحـواڵم لە هیجرەت
وەکو تـەشنـەم لەناو بـەحری زەقووما
(سالم –ل ٣٣)

**زەلیلی شەهر:** داماوی شار، ئەوانەی کە لەناو شاردا زەبوون و بێ دەسەڵاتن.

ناکەن هـەوایی هیچ کـەبابێ زەلیلی شـەهر
بریـانـە بـەس لە ناری غـەمـا پارەی جگەر
(سالم –ل ١٣)

**زەمانی ڕەوغەنی وەسڵ:** مەبەست کاتی گەیشتنە بە یار.

ڕەوغەن: ڕۆن.

زەمـانی ڕەوغـەنی وەسڵت چراغی عومری ڕۆشن کرد
بـە سـروەی بادی هـیجـرانت لە حاڵاتی فـەنـادا بوو
(سالم –ل ١١١)

**زەمزەمە:** زمزمة. کراو بە عەرەبی. ئاواز خوێندن، لەبەر خۆوە گۆرانی وتن، ئاوان، سروود، ئاوازێك کە لە دوورەوە بێت وەکو وزە وزی مێش و دەنگی هەورە تریشقە، دۆعای زەردەشتییەکان کە لەبەر خۆیانەوە دەیخوێنن و دەم و لێو ناکەنەوە و بەڵکو دەنگی لووت و قورگیان دێتە دەرەوە، هەر ئاوازێکی پەنهان کە نەناسراو بێت. (معین)

لــــه دەمــــی نــــاڵەیی زارم دڵــــــی پــــــڕ زەمزەمەکەم
وەلوولەی حەلق و گەرووی نالی لە گەردوون بە دەرە
(نالی –ل ٤١٥)

مەقام و زەمزەمەی حادی لە شەوقی کەعبەو و حوجرەی
مــــەقــــام و زەمــزەمــــە وا ئــــوشتری هێنایە جــۆلانە
(نالی –ل ٨٩٨)

واقیعــەن خــانــــەقە خۆش زەمزەمەیێکی تێدا
یە بەلێ قەندی هەیە گەندی هەیە ڕەندی نییە
(نالی –ل ٥٩٥)

لە دنیادا دڵم گەر تەرکی تورەی تۆ نــــەکا ســـەهلە
بیرون نایە لە شۆر و زەمزەمەو غەوغایی مەحشەردا
(سالم –ل ٢١)

زەمزەمەی عیشقە لە ناو میسری وجوودم هەمە جا
ئاتەش ئەفشانە هەناسەم وەکو سوعبانی کــــەلیم
(سالم –ل ٨٨)

تیخی ئەبرۆیی خەمت سوورەتی سەیفی عەلی یە
باعیسی زەمزەمەیی شۆری جیهانە بە عــومەر
(کوردی –ل ١٥)

**زەمزەمەو شۆری جیهان:** مەبەست ئاشووب و هەراو هۆریاو تێکچوونی جیهانە.

زەمزەمە: ⟵

شۆر: ⟵

تیخی ئەبرۆیی خەمت سوورەتی سەیفی عەلی یە
بــاعیسی زەمزەمەیی شۆری جیهانە بــە عــومەر
(کوردی –ل ١٥)

**زەنابیل:** کۆی (زەنبیل)ەو، لەسەر دەستووری زمانی عەرەبی کۆ کراوەتەوە، وشەکە کوردی و فارسی یە. جۆرە سەبەتەیەکە لە شوولّی درەخت، یان لە گەلاّی درەختی خورما دەچنرێت، میوەو شتومەکی تیّ دەکرێت، بەلاّم لە عەرەبیدا بەم واتایانە بەکار هاتووە: کیسە، هەمانە، کوولەکەی وشکی ناو بۆش کە ژنان لۆکەو شتی تری تێدا دادەنێن. (فرهنگ لاروس، عربی –فارسی)

دوومینە ئیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبیّ

ئەلواحی ئەلحەدم بـــە زنابیلی مـــەعتەرە

(نالی –ل ٤٣٦)

**زەنەخ:** چەناگە.

خـــەم دەبیّ چەوگانی زولّفت بۆ زەنـــەخ

وەهـ چ خۆش بازی بە گۆی سیمین دەکەی

(سالم –ل ١٥٣)

**زەنەخ سیمین:** مەبەست چەناگەی سپی و جوانە، چەناگەی زیوین.

زەنەخ: ⟵

سیمین: ⟵

بـــە ڕوخ ڕەنگین مـــیـــان لاغـــز کـــەمـــەر زەڕیـــــن

نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین

(سالم –ل ٩٤)

**زەند و زەندە:** زەند: ئاسنێکە، کە دەیکێشن بە بەردا ئاگری لیّ دەبێتەوە، چەخماخ. هەروەها دارێکە دەخرێتە سەر دارێکی تر و دارەکەی ژێرەوە بە توندی دەسووڕێننەوە، تا لە هەردوو دارەکە ئاگر پەیدا دەبێت، دارەکەی سەرەوە پێی دەڵێن (زەندە)و دارەکەی ژێرەوە (پازەند)ی پێدەڵێن، لە عەرەبیدا، دارەکەی سەرەوە پێی دەڵێن (زند)و دارەکەی خوارەوە پێی دەڵێن (زندە)و بەهەردووکیان دەڵێن (زندان) معین.

ئیلتیقای پـۆلاّو ئاســـن هـــەر نیزاعەو گیر و دار

جەمعی ماء و نار و زەند و زەندەو و مەرخ و عەفار

(نالی –ل ١٧٠)

**زەنگان:** زەنجان. شارێکە لە ڕۆژئاوای قەزوین و خوارووی گیلان لە ئێران، لە سەر ڕێی هێڵی شەمەندەفەری تاران –تەبریزە. بە ناوبانگە بە پیشەی فلزکاری وەك وەرشەو، زیوسازی و چەقۆسازی.

.....لـــــە فـــــەوجـــی لـــــەشـــکـــری ئیســـــــلام

لە خەوفا تیفلی مەردوم وەك عەیالی ئەهلی زەنگانن

(سالم –ل ١٠٣)

**زەنگ و قـوڕ:** زەنگێکی گەورەو چەند زەنگێکی بچکۆلانەیە، ئەکرێتە ملی پێشەنگ و ئەیشکرێ بە داری چەرخ و فەلەکدا، بۆ ئەوەی کە دەنگی بێت. (خاڵ)

قەتاری زەنگ و قوڕی ئوشتر و ئێستر لە سەر کێوان

دەڵێی زیرەی سەدای قازو قوڵنگی ئەوجی کەیوانە

(نالی –ل ٤٨٧)

**زەنگی:** ڕەشی و زوڵفی ڕەشە، بەڵام وشەکە بەواتای خەڵکی (زنگبار) هاتووە، واتە قولە ڕەش، ئەو وشەیە چۆتە زمانی عەرەبییەوە و بووە بە زنجی.

زوڵفی جەڕاری سەفا سەف خستە پێش

یەعنی زەنگی لـــەشکری قیر و سیـیان

(نالی –ل ٣٢٤)

**زەهر و سرکە فرۆش:** مەبەست قسەڕەق و قسە ناخۆشە، ڕووگرژ، جنێوفرۆش، ڕووترش.

سرکە فرۆش: بەد گۆ، توانج تێگر، سەرزەنش کەر. (ثروت)

دەرحـــــەقی مـــــن زەهر و ســـرکە فرۆشە بـــە برۆ

دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەر خەندی نییە

(نالی –ل ٥٩٣)

**زرێ:** جلێکی جەنگییە و قۆڵ کورتە، پێکهاتووە لە هەڵقەی وردی پۆڵایی و لەکاتی جەنگدا لەسەر جلەوە لەبەر دەکرا بۆ پاراستنی لەش.

سەراپا هەروەکو حەلقەی زرێ پەروێزەیی خـــوێنم

بەیەك یەك تیری موژگـانی زرێ دۆزت برینــدارم

(نالی –ل ٢٧٥)

**زرێ دۆز:** زرێ کونکەر، زرێ سم.

زرێ: ⟵

دۆز: ⟵ دڵدۆز.

سەراپا هەروەکو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم
بەیەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم
(نالی –ل ۲۷۵)

**زرەی زنجیر:** مەبەست گیرۆدەیی و گرفتارییە.

لە پێی دڵدا سەدایێ دێت مەزندە
زرەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٤)

**زشت ڕوو:** ناشرین ڕوو، دەموچاو ناشرین.

زشت: ناشرین.

بڵێن با زشت ڕوو دیبا نەپۆشێ
چ حاسل سورمەسایی چاوی مەعیووب
(سالم –ل ٤٤)

**زمستان:** زستان.

زمستان مەیلەکەت پایز براکەم
بەهاری عومر و دین هاوینە بێ تۆ
(کوردی –ل ۳۹)

مەکەن مەنعم لە غەم بێ ئەو زمستان
بەچی بێ بولبولی بێچارە خورسەند
(سالم –ل ٥٦)

**زنجیری سەودا:** مەبەست گیرۆدەی دڵداری، پابەندی خۆشەویستیی، گرفتاریی.

سەودا: ←

شکەنجی عەرز و توولی پێچی زولفت بێ سەرەنجامە
مەسەل توولی ئەمەل عومری خزر زنجیری سەودامە
(نالی –ل ٤٧٠)

**زوبان ڕاکردن:** مەبەست بەرەوانی شیعری جوان وتن.

یا لەمەیدانی فەساحەتدا بەمیسلی شەهـ سەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
(نالی –ل ١٠٦)

**زوحەل:** کەیوان. لە پەهلەڤیدا (کەیڤان)ی پێ دەڵێن.

یەکێکە لە ئەستێرەکان کە لە دوای موشتەری لە هەموو سەییارات گەورەترەو (٧٠٠) ئەوەندەی زەوییە، هەشت مانگی هەیە و بازنەیێکی ڕووناکیی دەورەی داوە، لە زمانە ئەورووپاییەکاندا (ساتورن)ی پێ دەڵێن و بەهۆی ئەوەی کە زۆر لە زەوییەوە دوورە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن زوحەل (زحل)، لە فارسیدا (خادیمی پیر و خادیمی سیپهر و پاسەوانی فەلەك)ی پێ دەڵێن. ئەستێرەوانە کۆنەکان پێیان وتووە ئەستێرەی شووم، وایان دەزانی هەروەکو ئەستێرەی میریخ شوومی دەبەخشێ. (عمید)

موشتەری دیدەیی ئەو ماهڕووە و زوهـرە جەبین
بەختی میریخە ڕوخی ڕۆژە سیفەت وەك زوحەلە
(کوردی –ل ٥٠)

**زوخاڵ:** خەڵووز، ڕێژوو، ڕەژوو.

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەکو یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی
(نالی –ل ٦٥٩)

تاکەی ئەم جەور و جەفایەت چاو خوماری سوخمە ئاڵ
دڵ لە هیجر و فورقەتت سووتاوە ڕەش بوو وەك زوخاڵ
(کوردی –ل ٢٠)

**زورەفا:** ظرفاء. ع. کۆی (ظریف)ە، واتە: زیرەك، وشیار، خۆش خوو، قسەزان، قسەخۆش، جوان، قەشەنگ.

نوکتێکی زەریفە بــە نەسیبی زورەفــــابێ
تەعریفی دەکەم بەڵکو لە بۆ دەردو شیفابێ
(نالی –ل ٦٠٧)

**زوشتی:** زشتی، زیشتی. ناشرینی.

خـەرقە پۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهـەری زاتی ئـەمن
بێتە نێو جیلوەی بە زوشتی خۆی بە عوریانی دەکا
(نالی –ل ١٠١)

تـــاکـــی غم دنیـای دنی ای دل دانا
حیفست ز خوبی که شود عاشق زشتی
(حافظ، قزوینی –ص ٣٠٢)

واتە: تاکەی غەمی جیهانی هیچ و پووچ دەخۆی ئەی دڵی زاناو هۆشیار، حەیفە کە باش و جوانێ عاشقی ناشرینێ بێت.

**زولەیخا:** کچی (طیموس)ی پاشای مەغریب بوو، و ژنی (فوطیفار)ی عەزیزی میسر بوو، لە فقە اللغەی عامیانە، زولەیخا لە ڕیشەی زەلەخە (= زلخ)ەی عەرەبی وەرگیراوە، نـەزانـراوە کـە خـوێندنـەوەی راستـی ئـەم وشەیـە چۆنـە، سوودی بـەم جۆرەی دەخوێنێتەوە: (زەلیخا). بڕوانە: شرح سودی بر خافظ –ج١، ٢٩.

زولـەیـخـا عـاشقـی یـووسف بـوو بـەڵام یـووسف گـوێی نـەئـەدایە، لە ئـەنجامـدا زولەیخا ڕیسوا بوو. کاتێ کە یووسف و زولەیخا بە تەنیا لە ژوورێکدا بوون، زولەیخا ویستی جووت بێت لە گەڵیدا، بەڵام یووسف ویستی ڕابکات لە دەستی، زولەیخا بە دوایدا ڕایکرد و لەپشتەوە کراسەکەی یووسفی دڕاند، لە دواییدا وتی کە یووسف دووی ئەو کەوتووە و لە ئەنجامی ئەمەدا کراسەکەی یووسف دڕاوە، ئینجا بڕیار وابوو کە بزانن ئایا کراسەکەی یووسف لە پێشەوە دڕاوە یان لە دواوە، بەم شێوەیە لە سوورەی یوسف ١٢، ئایەی ٢٧ی دەفەرمووێت: وإن کان

قميصه قُدّ من دُبُر فكذبت وهو من الصادقين. واته: ئەگەر کراسەکەی یووسف لە پشتەوە دڕابێ، ئەوا زولەیخا درۆ دەکات و یووسف ڕاستگۆیە. هەرچەندە بێ گوناهیی یووسف دەرکەوت، لەگەڵ ئەمەیشدا عەزیزی میسر هەر زیندانی کرد. سەرەنجام زولەیخا بەهۆی عەشقی یووسفەوە دەست کورت و کوێر و نەخۆش بوو، لەم کاتەدا یووسف لە زیندان هاتبووە دەرەوە، زولەیخا لە سەر ڕێگەی یووسف دادەنیشت و دەگریا، لە ئەنجامدا هاتە سەر ئاینی یووسف، لە ڕێگەی عەشقی یووسفەوە گەیشتە عەشقی خوداوەندی، بەم هۆیەوە دوای دۆعاو پاڕانەوەی یووسف دووبارە گەنج بووەوە و چاوەکانی چاك بووەوە و ئینجا یووسف مارەی کرد. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (تلمیحات ص ٣١١ –٣١٥)

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یووسف کوڕی یەعقووبە
کچ بــوو بـــە خرِیداری یەعنی کـــە زولەیخا کچ
(نالی –ل ١٦٢)

نارنجی زولەیخایە گۆی چاهی زەنەخدانت
تەوقی ملی شیرینە پـــاوانەو و خـــەڵخاڵت
(سالم –ل ٥٢)

**زولفانی سییەهـ ماری:** مەبەست زولفانی ڕەش و درێژە.

سییەهـ: سییاهـ، سیاهـ. ڕەش.

زوڵفانی سییەهـ ماری بە ئازاری دڵی زار
گاهێ لە یەسارن بە جەفا گەهـ لە یەمینن
(نالی –ل ٣٣٩)

**زولفەینی بەخەم مار:** زولفی چین لە سەر چین و لوولی درێژ، یان وەکو مار پەپکە خواردوو.

خەم: مەبەست لوولە.

زولفەینی بەخەم مـار و بە حەلقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتەب
(نالی –ل ١٣٣)

**زولفەینی دوتا:** زولفی دوتا. مەبەست زوڵفی لوولی هەڵقە لەناو هەڵقەی یارە.

وشەی زولف: واتە، پرچ، مووی سەر، مووەکانی پێشەوەی سەر و بناگوێ. هەندێ کەس (زولفەین) بە فۆرمێکی جووت دادەنێن، بەڵام دەبێ بزانین کە (زولف) لە عەرەبی کۆندا نەهاتووەو کراوە بە عەرەبی. هەروەها بەکارهێنانی (دو زولفەین) و (زولفیکان) لە لایەن شاعیرانەوە چارەی ئەم هەڵەیە دەکات. (زرفین = زفرین = زولفین = زوفرین، لە ئەڤێستادا = zafran)، هەڵقەیەکە بە دەرگاو سندوقەوەیەو بە زنجیرەوە بەستراوە، (هەڵقەڕێزی دەرگا) زولفی دلبەر بەهۆی لێکچوونەوە بەو واتایە هاتووە...(معین)

لە فەرهەنگی (برهان قاطع)دا، وشەی (زلفین = زولفین) بە واتای هەڵقەڕێزی دەرگاو سندوق هاتووە. لە پەراوێزەکەیدا دەڵێ: لە خوراسان بە هەڵقە ڕێزی دەرگا دەڵێن (زلفین) و (زولفی) لە کابولیدا (زولفی) لە پشتۆدا (زلپی).

سـەرگرانە قافڵە سالاری ڕێی چین و خـەتـا

چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دوتا

(نالی –ل ١٣٠)

**زولفی بەخەم و تابش:** مەبەست زوڵفی لوول و بریسکەدار، زوڵفی لوول و ورشەدار.

خەم: ⟵

تابش: ⟵

زوڵفت کە لە سەر ڕوو بە خـەم و تابشە ئەمڕۆ

دوودی سییەهی عوودە لە سەر عـاریزی پشکۆ

(نالی –ل ٣٨٤)

**زولفی بەهلوولی:** مەبەست زوڵفی ئاڵۆزکاو و بژ و بەیەکدا چووە، زوڵفی شێواو و تێکچوو.

بەهلوول: بوهلوول. بهلول. ع. (ابو وهیب بن عمرو صیرفی کوفی)، یەکێ بووە لە ژیرە شێتەکان، هاوچەرخی هاروونە ڕەشید بووە، دەورویەری ساڵانی ١٩٠ کۆچی = ٨٠٦ زاینی لە کووفە کۆچی دوایی کردووە، لە کوفە ژیاوەو گەورەبووە، هاروون و خەلیفەکانی تر داوای پەند و ئامۆژگارییان لێ دەکرد. لە هەمان شاردا فێری ئەدەبیات بووە، دوای ئەوە وەکو شێتێکی لێهات. دەنگ و باس و قسەی

ئەستەق و شیعری لە پاش بەجێ ماوە. (معین)

پـــەرچـــەمـــی ســـونبولیی و قەدی (قضیب البـان)یی

زوڵفی بەهلوولی یو خەتی زەنگی یو وەجهی حەسەنە

(نالی –ل ٥٢٥)

**زوڵفی تار و مار:** مەبەست زوڵفی ڕەش و درێژە، زولفی ڕەش و درێژ و پەخشان و بەسەر یەکدا شێواو.

لەشکری خەتتی شکستە و تیپی زولفی تار و مار

پادشاهی حوسنی عـــالەم گیری هێشتا غـــالیبە

(نالی –ل ٣٩٩)

**زوڵفی دوتا:** زوڵفی دووتایی: ——◄ زولفەینی دوتا.

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دوتایە

هـــەر پێچشی تایێکی سەد ئاشووبی تیـایە

(نالی –ل ٥٦٣)

زوڵفی دوتـــایی تـــرازوو مـــەســـەلی دڵکێشـــت

ڕۆح دەکێشن بە دوو سەر ئەم بەسەرێ ئەو بەسەرێ

(نالی –ل ٦٥١)

**زوڵفی دوود:** مەبەست زوڵفی درێژ و خاو و نەرمە.

دوود: دووکەڵ.

لە شەوقی ڕوویی شەمع و زوڵفی دوود و تورەیی مەجمەر

ســـویەند و عـــوود و پـــەروانە بـــخوور و غالییە ســووتن

(نالی –ل ٣٢٩)

**زوڵفی دووکەڵ:** مەبەست زوڵفی درێژ و خاو و نەرمە.

قـامەتی سـەروی ئەگەر بێ بـەرە بـۆ چ نارەوەنـە

تۆ بلـێ زوڵفی ئەگـەر دووکـەڵە بۆ چ نـاری بـەرە

(نالی –ل ٤١٢)

**زوڵفی ڕشتەی عومری خزر:** مەبەست زوڵفی زۆر درێژە.

ڕشتەی عومر: ⟵

خزر = خضر. ⟵ ئابی حەیات –ئاوی بەقا.

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە نیوە هەودایە
چ هەودایە کە هەر حەڵقەی دووسەد زەنجیری سەودایە
(نالی –ل ٥٥٦)

**زوڵفی شەب ڕەنگ:** مەبەست زوڵفی ڕەشە.

شەب: شەو.

لە تورەی زوڵفی شەب ڕەنگا مەپۆشە ڕوویی خورشیدت
(کە در عیشقت پس از چندی بروز آوردة ام شامی)
(سالم –ل ١٤٩)

**زوڵفی موشکین:** مەبەست زوڵفی بۆنخۆش و ڕەشی یارە.

موشکین: ⟵

هەمیسان هاتە سوێ زەخمی دڵی سالم وەکو جاران
بەسروەی بای سەحەر یەك دەم کە نەفحەی زوڵفی موشکین هات
(سالم –ل ٤٦)

ئەبەد ئاشوفتە خاتر بم لە هیجرانا هەتا دەمرم
ئەگەر بێ زوڵفی موشکینت لە باغا مەیلی سونبول کەم
(سالم –ل ٨٦)

**زوڵمەت:** ظلمة. ع. مەبەست پرچی ڕەشە، تاریکی.

هەی هەی غەڵەتم گوت ئەمە زوڵمەت ئەوە ئاوە
بەو زوڵمەتە بەو ئاوە حەیاتم غەڵەتاوە
(نالی –ل ٥٣١)

**زوڵمەت ئاباد:** مەبەست ئەوپەڕی تاریکییە، ئەوەی مایەی تاریکی بێ.

زوڵمەت: ظلمە. ع. تاریکی.

هەروەها مەبەست جیهانی عەدەمە، جیهانی لەناوچوون و نەبوون. (ثروت)

تاریکی تەواو مەبەست جیهانی عەدەمە.

شب کز سر چرخ لاجـوردی
گـــوی زر خـــور... گـــردی
در ظلمت چاه مغرب افتـــاد
شد عرصەء دهر ظلمت آباد
(جامی، هفت اورنگ ٧٧٠ –عفیفی)

واتە: شەو لە بەرزایی ئاسمانی شینی لاجیوەردی گۆی زێڕی خۆر کز بوو، کەوتە ناو تاریکایی دەمەو ئێوارەو ئاوابوو، جیهان هەمووی تاریک بوو.

لەســـــەر ئەو زوڵمەت ئابادی کـوفرە کــە تالیع بوو
سەلا هەستا لە ئینس و جان کە ڕۆژی نووری ئیمانە
(نالی –ل ٥٠٥)

**زوڵمەتی شام:** تاریکی ئێوارە، تاریکی سەرەتای شەو.

زوڵمەت: ⟵

شام: سەرەتای شەو، نانی ئێوارە.

لە سایەی ڕوویی تۆوە شامی خەڵقی تەلعەتی سوبحە
لە شـامی زوڵفـی تـۆوە سوبحـی ئێمە زوڵمــەتی شامە
(نالی –ل ٤٧٢)

**زوڵمەتی موو:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی زۆر ڕەشە.

زوڵمەت: ⟵

ڕووناکی ڕوو شـەوقـە لە نێو زوڵمـەتی موودا
وەجهی ئەمەتە دڵ هـەموو پەروانەیی موومـن
(نالی –ل ٣٣١)

**زوننار:** لە یۆنـانـی نوێدا (زونـاری)یـەو لـە یۆنـانـی کۆنـدا (زونـاریـون)ە، واتـە پشتـوێن. رشتەیەکە، کە بەستراوە بەو خاچەی کە مەسیحییەکان دەیکەنە ملیان. پشتوێنی زەردەشتییەکان (کوستی) یان (کوشتی) پێ دەڵێن، ئەو پشتوێنەی کە (ذەمی نەسرانی)یەکانیان لە ڕۆژهەڵاتدا ناچار دەکرد کە بیبەستن، تا بەم هۆیەوە جیا بکرێنەوە لە موسوڵمانەکان. (معین)

بەعدەزین کاری من بە زوننارە

دینی بردم نیگاهی تەرسا خوو

(سالم –ل ١١٥)

**زوهرە جەبین:** مەبەست جوان و شۆخ و شەنگە.

زوهرە = ناهید: دووەمین ئەستێرەی کۆمەڵەی خۆرە، کە لەدوای عوتارید و لە پێش زەوییە، کە دەتوانرێت بەدەستە خوشکی زەوی دابنرێت، چونکە بەئەندازەی نزیك بەزەوییە و نزیکترین ئەستێرەیە لە زەوییەوە...(معین).

جەبین: جبین. ع. ناوچەوان، تەوێڵ.

موشتەری دیدەیی ئەو ماهڕووە و زوهرە جەبین

بەختی مـریخە ڕۆژە سیفـەت وەك زوحـەلـە

(کوردی –ل ٥٠)

**زوهرە چاو:** مەبەست چاوی گەش و جوانە.

زوهرە: ⟵ زوهرە جەبین.

بوتی شیرین دەهانی زوهـرە چـاوم

دەبەستێ نۆشی نەحل و نیشی زەنبوور

(سالم –ل ٦٣)

**زوهرەی زەهرا:** ئەستێرەی زوهرەی ورشەدار و درەخشان.

زوهرە: ⟵ زوهرە جەبین

شەو چەپکەنی نیلوفەری یو جیلوەیی ڕەقس

شەرمندە دەکا زوهـرەیی زەهـرا لە سەمادا

(نالی –ل ٨٣)

گـهی چون آینهء چینی نماید مـاه دو هفته

گهی چون مهرهء سیمین نماید زهرهی زهرا

(فرخی سیستانی، دبیرسیاقی –ص ۲۳)

واتـه: هـەندێ جار مانگی دوو هـەفتە یان مانگی چواردە، وەکو ئاوێنەی چینی خـۆی دەردەخـات و، هـەنـدێ جـاریش وەکـو مـوورووپـەکـی زیـویـن، ئـەستێرەی زوهرەی ورشەدار خۆی پێشان دەدات.

**زوود جەنگ:** ئەو کەسەی کە زوو هەڵبچێ و شەڕ بکات، ئەو کەسەی کە خێرا توورە ببێ و جەنگ بکات.

زوود: زوو.

پڕ جەفایە بێ وەفایە زوود جەنگە دێر سوڵح

سـەد دریـغ و حـەیفـە تـەبعی ڕۆزگاری گرتووە

(نالی –ل ٥٤١)

**زوود خیز:** ئەو کەسەی کە زوو هـەڵدەستێ، یان ئەو کەسەی کە بەیانیان زوو لە خەو هـەڵدەستێ.

زوود: زوو، خێرا.

خیز: ڕەگی چاوگی خاستەن (= خاستن)ی ف. یە. واتە هـەڵسان.

زوود خیز و توند ڕەوتە مەستە دائیم چاو بە خەو

گاهـ بەد خوو و زاڵە گاهـ موشفیقە شیرین زمـــان

(کوردی –ل ٣٤)

**زوور:** زبر.

سەبزە لە دەوری گوڵ تـەڕە وەك خـەتتی ڕوویی یار

پاپووشـی وشـك و زوورە وەکـو ڕیشـی کـاکە سوور

(نالی –ل ١٨٩)

**زوو زەنەب:** ذو ذنب. ع. مەبەست ئەستێرەی کلکدارە، ئەو ئەستێرەیەی کە بەدوای خۆیەوە

کلکێکی ڕووناکی وەکو هەورێ هەیە.

زوو: ذو. ع. خاوەن.

زەنەب: ذنب. ع. کلك.

مونەجیم گۆشەیی چاوتی کەدی نووسـی لە تەقـویمدا
کە ئەمسـاڵ زوو زەنەب تالیع بووە ئیفسـادی ئاسـاری
(کوردی –ل ٥٦)

**زۆر:** توانا، دەسەڵات، هێز.

بەزۆر ئەی چەرخ وەکو بەهرامی گۆڕم
دەکـەی کۆیی منیش بــازیگەهی دوور
(سالم –ل ٦٤)

**زۆراوەر:** کورتکراوەی زۆر ئاوەر، زوور ئاوەر، واتە بەهێز، بە توانا.

زۆر: ⟶

ئاوەر: ڕەگی چاوگی ئاوەردەن (= آوردن)ی ف. یە. واتە: هێنان.

زۆراوەرانی فیراق و غەریبیی و بێکەسی
(از دست هرسـه تا چەکند این دل فگار)
(سالم –ل ٦٠)

**زۆری ڕۆستەمیی:** مەبەست هێز و توانای زۆرە.

سەد زۆری ڕۆستەمیی نییەتی زۆری سیم و زەڕ
تالیع ئـەگەر زەعیف بێ پـەنجە بـا قـەوی
(سالم –ل ١٥٢)

**زیب:** زێوەر، ڕازاندنەوە، ئارایش، جوانکردن.

کوڕ زیبی دەبوستانە کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
(نالی –ل ١٥٩)

نامەیەکت بە کەرەم کردبووە زیبی تــەحـریر
بۆ نەجاتی دڵ و ئارامیی تەن و ڕاحەتی گیان
(کوردی -ل ٣٦)

**زیبا:** جوان، قەشەنگ، شۆخ و شەنگ.

کوڕ تازەو و تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کـــە ڕوا سەبزە دیبا کـــوڕ و زیبـــا کچ
(نالی -ل ١٦٠)

**زیبی کۆتەڵ:** مەبەست ڕازاندنەوەی جلوبەرگ و کەل و پەلی مردووە بۆ ئەوەی شینی بەسەردا بکەن و بیلاوێننەوە.

زیب: ⟵——

کۆتەڵ: هەڵواسینی کاڵای مردووە بۆ شیوەن لە سەر کردنی. (خاڵ)

بوو بە زیبی کۆتەڵت ســـاتیرەکەی پـــادشایی ڕۆم
بۆ نەبەم لەم حەسرەتە ئەنگوشتی حیرەت بۆ دەهـان
(سالم -ل ٩١)

**زی جەوشەن:** ذي الجوشن. (اوس بن اعور) لە (بني معاوية بن كلاب)ە، لە یارانی پێغەمبەر (د. خ)، ناوەکەی بەهۆی ئەوەوە بووە کە چووە بۆ لای کیسرا ئەنوشیروان شا، ئەویش جەوشەنێکی پێدا و، ئەو یەکەمین کەسی عەرەبە کە جەوشەنی لەبەر کردووە، سەمعانی و چەند کەسێکی تر ناویان بردووە بە: (شرحبیل ضبابی کلابی)و (ابی شمر)، ئەو باوکی شەممەرە، کە دەڵێن بکوژی ئیمامی حسێن بووە. (معارف و معاریف -دایرة المعارف جامع إسلامي -سید مصطفي دشتي.)

زی: ذی. ع. واتە: خاوەن.

جەوشەن: درع، زرێ، جۆرە بەرگێکی تایبەت بە جەنگ بووە کە لە حەڵقەی ئاسن دروست کراوەو لەکاتی جەنگدا پۆشراوە.

وەك خەنجەری زی جەوشەن تا ڕۆژی حەشر دەتکێ
خوێنـی دڵی مـەزڵـوومـان بەو خـەنجـەری موژگانت
(سالم -ل ٥١)

**زیره بۆ کرمان بردن:** مەبەست کاری بێهوودە کردنە.

شاری کرمان شوێنی زیرەیە و خەڵك لەوێوە زیرە بۆ شوێنانی تر دەبات، هەروەها پەندێکی تر هەیە بە هەمان مەبەست و دەڵێن: خورما بۆ بەسرە دەبات.

زیـــرە ســـەرمایەیە بۆ ســـالم و کـــرمانی دەبـــا
شیعری کوردی کێ بدا جیلوە لە لای شێخی کەبیر

(سالم –ل ٦٩)

**زی شان:** ذی شأن. ع. خاوەن پلە و پایە.

زی: ذی. ع. خاوەن.

شان: شأن. ع. پلە و پایە، ڕێز.

خوانی زی شانی جیهان هەنگی خۆشامەنگە وەلێ
مێشی دەم نۆشم و دوم نێشم و عەکسی عەســـــەلم

(نالی – ل ٢٩١)

**زیکری ڕییا:** مـــەبـــەست نـــاوی خـــوا هـــێنـــان بـــە درۆوەیـــە، خـــۆ بـــە چـــاك پـــیشانـــدان، خواپەرستیکردن لە پێناوی خۆ بە پیاو چاك دەرخستن لای خەڵکی.

زیکر: ذکر. ع. یاد کردن، بەیان کردن، ستایش، دوعا، وێرد.

ڕییا: ریاء . ع. خۆ بە چاك نیشاندان، خۆ بە پاك داوێنی و کردەوە باش نیشان دان، دوو ڕوویی.

خـۆشترە عوزری گونەهکاران لـە ســـەد زیکری ڕییا
ئەم بە نەرمی عەفوە عەفوە ئەو بە توندی عەف عەفە

(نالی – ل ٤٥٢)

**زیللی هوما:** سێبـەری هـومـا، دەڵـێن ئـەو کـەسەی بکـەوێتـە ژێر سێبـەری بـاڵـندەی هـومـا بەختیار و کامەران دەبێ.

زیلل: ظل. ع. سێبەر.

هوما: ⟵——

کەی بە چەنگاڵی هەڵۆی غەم دەکەوێ تائیری دڵ

تا لــە زاغی خەمی زوڵفت هەیەتی زیللی هــومــا

(سالم –ل ٣٤)

**زیمام:** زمام. ع. ئەو پەتەی کە دەخرێتە لووتی حوشترەوە و جڵەوی پێوە دەبەستن، جڵەو، جڵەوی ئەسپ، لەغاوی ئەسپ.

مەکەن مەنعم کە سەرگەردان و وێڵم

بـە دەس عیشقـە زیمـــامی ئیختیارم

(کوردی –ل ٢٤)

تەرفـەتول عـەینێ جودا نابم لە دۆست

گــەر بـە دەسـتم بێ زیمامی ئیـــختیار

(سالم –ل ٦٠)

**زیندە:** زیندوو، مەبەست وریا، هوشیار، ئاگادار، بەئاگا، چالاك، گورج و گۆڵ.

زی + ندە.

زی: ڕەگی چاوگی زیستەن (= زیستن)ی ف. بە واتە: ژیان.

ندە: پاشگرە.

خـــوشــــا ڕەندێ لە دنیا بێ مـــویالات و موجەڕەد بێ

بەڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ بە شەو مات و موجەڕەد بێ

(نالی –ل ٦٣٠)

قادرە کوردی لە بۆ قەتلی هەمووومان قـــادر

عیشقی ئەو زیندە دەکات و دەمرێنێ بە عەلی

(کوردی –ل ٥٨)

**زیندەگی:** ژین، ژیان.

ئومێدی زیندەگیم نــــاوە بە لاوە

کە قاتیل بوو بە جەڕاح و تەبیبم

(کوردی –ل ٢٣)

**زیوەر:** زێوەر. ئەوەی کە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوە بەکاردێت، ئارایش.

زیوەری حوسنی دلارامە سەوادی خەمی زوڵف
ئانوێنێ کە نەبێ زوڵمەتی شەو شەوقی چرا
(سالم –ل ٢٧)

دڵی سالم لە کەفی بەخششی تۆ هەروەکو خاك
زیوەرێکن لە جەوادت چ حەریر و چ حەسیر
(سالم –ل ٦٦)

**زیهنی موخاتەب:** بیر و هۆشی قسە لەگەڵ کراو.

زیهن: ذ ع. یاد، هۆش.

موخاتەب: مخاطب. ع. قسە لەگەڵ کراو.

بەو شەهدی کەلامت کە بە ئیشرابی لەتافەت
لەززەت دەگەیێنێ بە دڵ و زیهنی موخاتەب
(نالی – ل ١٣٤)

**زێد:** شوێنی لە دایکبوون، نیشتمان.

فەلەك ڕەحمێ بە حاڵم کە بەغایەت دڵ پەرێشانم
ڕەهندەی زێد و مەسکەن دوور لەیار و قەوم و خوێشانم
(کوردی –ل ٢٨)

**زێر:** زییر، زیر. ژێر، بەشی خوارەوەی هەر شتێ.

زێر و زەبەر دەبن بە دوو فیرقە لە فیرقەتەین
واوەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە
(نالی –ل ٤٤٣)

**زێر و زەبەر کردن:** ژێر و زەبەر کردن، کاول کردن، وێران کردن.

زێر: ⟵

زەبەر: ⟵

فەلەك زەحمەت لە دڵ مەیلت بە دەرکا

بینای هەستیم ئەگەر زێر و زەبـــەرکا

(سالم -ل ٣٠)

# ژ

**ژاله:** شەونم. مەبەست فرمێسکە.

دیدەت وەکو گوڵ سوورە پڕی شەبنمی ئەشکە
یا لالەیی پڕ ژالەیە دوو نەرگسی شەهـــلات
(نالی –ل ١٣٩)

**ژاوەژاو:** دەنگی تێکەڵاوی بۆقان. (هەژار)

ڕۆژ و شەو گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژەهاژە
شـــەو نییە خەومـــان لەبـــەر قرژاڵ و بـــۆق و ژاوەژاو
(نالی –ل ٣٦٣)

**ژوولیدە:** ←ژۆلیدە

نەزمی شایانی لە کوێ بوو عاشقی شۆریدە بەخت
موویی ئاشوفتەی سەرم وا دەرهەم و ژوولیدە ما
(سالم –ل ٣٣)

**ژۆلیدە:** ژوولیدە، ئاڵۆزکاو، بەیەکداچوون، پەرێشان، شێواو، ئاڵۆز.

کەسێ پۆشتانی بـــاڵاتە حەریفی ئـــاڵ و واڵاتـــە
کە شیبهی کاکۆڵی ژۆلیدە سەرگەردانی سەودا بێ
(نالی –ل ٥٩٨)

# س

**ساتمەزەن:** ئەو كەسەی كە لە ڕۆیشتندا ڕەت ببات و بكەوێت.

ساتمە: ڕەت بردن، هەڵەنگووتن.

زەن: ڕەگی چاوگی زەدەن (= زدن)ی ف. یە، واتە لێدان.

ئەسپەكەی چەوت و سیەهـ عەینە وەكو تالیعی خۆم

سەقـــــەت و ساتمەزەن و لا جـڵەو و لوقمە بـــەری

(سالم –ل ١٤٥)

**ساحەتی غەبرای دەوران:** مەبەست هەموو جیهانە.

گەر مەلالی حەسرەتی ئەم جەژنە زاهیر كەم لە دڵ

ساحەتی غەبرای دەوران بۆ مەلالی مـن كـــەمـــە

(سالم –ل ١٢٨)

**ساحیب جێ و جاه:** مەبەست خاوەنی پلە و پایەی بەرزە.

جاهـ: پلە و پایە، دەسەڵات.

چ میوانێكە سـاحیب جـێ و جـاهـ و عیززەت و عـەزمـە

كە دووعا لەم توفەیلی دەعوەتی و ئەو ساحیبی خوانە

(نالی –ل ٥٠٤)

**ساحیبقران:** صاحبقران. كەسێ كە لە یەكەم دەمی تۆ و جێگیر بوون لە سكی دایكیدا، یان

لە کاتی لە دایك بوونیدا دوو ئەستێرە بە یەك دەگەن، یان پاشای بەتواناو داد خواو جهانگیر، کە دەسەڵاتەکەی پایەدار و بەردەوام بێ، ئەم دەربڕینە لە یاساکانی ئەستێرەوانییەوە وەرگیراوە، چونکە بە هۆی بەیەك گەیشتنی هەندێ لە ئەستێرەکانەوە، وەکو بەیەك گەیشتنی زوحەل و موشتەری کە بەڵگەی بەختە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کەسێ لە دایك بوو دەبێ بە پاشایەکی دادگەر و بە دەسەڵات و پایە بەرز.

یان کەسێ کە لەسەردەمی خۆیدا، لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان، لە هاوکارەکانی خۆی سەرکەوتنی پتری بە دەست هێناوە و لە کارەکەی خۆیدا بە توانا بووە، وەکو دەڵێن: وەزیری ساحیبقران، شاعیری ساحیبقران.

قران: قیران. قران. ع. واتە نزیك بوونەوەو بە یەکتری گەیشتن. بەیەك گەیشتنی دوو ئەستێرە لە حەوت ئەستێرەکان، وەکو پێشینان باوەڕیان وابووە، هەروەها ناوی جۆرە پارەیەکی ئێرانییە کە لە سەردەمی قاجاری و سەرەتای پەهلەویدا لە زیو دروست کراوە، کە بەرامبەر بە یەك ڕیالی ئەمڕۆیە. (معین)

ڕەواجی سیکەیی ساحیبقرانی مولك و میللەت بووم
ئەمێستا وێڵ و سەرگەردانی گەرداوی عەوامێکم
(کوردی –ل ٣٢)

**ساحیب کولاه:** مەبەست پاشایە.

کولاه: مەبەست تاجی پاشاییە، کڵاو.

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەروو نارەوەن
ساحیب کولاه و سایەوو بەرگن وەکو مولووك
(نالی –ل ٢٥٧)

**ساحیب نەزەر:** صاحب نظر. بەئاگا، ئاگادار، وردبین، هەروەها بەواتای جوان پەرست و عاریف و بڵند مایەیش هاتووە. (عفیفی)

تا بەخاکی قەدەمت دیدەیی گوڵ ڕەوشەن بێ
فەرشە بۆ مەقدەمی تۆ دیدەیی ساحیب نەزەران
(سالم –ل ٩٠)

**ساحیب نگین:** خۆش بەخت، خاوەن دەسەڵات.

نگین: مەبەست ئەموستیلەی سولەیمان پێغەمبەرە، بەڵام خۆی بەواتای ئەو بەردە بەنرخە هاتووە کە خراوەتە سەر ئەموستیلە، یان چەسپ دەکرێ لەسەر هەندێ خشڵ.

دەکا تەسخیری دڵها لەعلی لێوت
سولەیمان حیشمەت و ساحیب نگینی

(سالم –ل ١٥١)

**سادە:** سادە ڕوو، مەبەست لاوی موو لێ نەهاتووە.

هەر سەحەر گاهـ بە بانگی نەی هەڵسم
بادە وەرگر لە سادە بم دایم

(سالم –ل ٨٧)

**سادە ڕوو:** ⟵ سادە.

گەر لە عیشقی سادە ڕوویان دڵ بگۆڕم بێگومان
مورتەدم یەعنی ئەسیری زوڵف و پستانی ژنم

(کوردی –ل ٢١)

**سادە لەوح:** ساویلکە، خۆش باوەڕ، نەزان، بێ فروفێڵ.

بە زاهیر سادە لەوحی وەك ڕوخت وەحشی وەکو دیدەت
لە دڵدا بۆ حەکیمی و عاقڵی ئوستادی لوقمانی

(کوردی –ل ٦٠)

**سارەبان:** حوشترەوان.

سار (= سەر) + بان (= وان)، خاوەنی سەر و بەڕێوەبەرایەتی و سەرۆکایەتی، پاسەوانی حوشتر، سارەوان، حوشترەوان.

هەروەها ناوی ئاوازێکی مۆسیقایە. (معین)

مەگەر ڕێی حاجیانە واتیا سەییارە سەییارە
مەجەڕە ئاڵەتی جەڕی جەریری سارەبانانە

(نالی –ل ٤٨٨)

**سازش:** ئاشتیی، ئاشت بوونەوە، ڕێك كەوتن، پەیوەندی، سازبوون.

ساز: ڕەگی چاوگی ساختەن (= ساختن)ی ف. یە.

واتــە: دروست كـردن، بـیـنـا كـردن، بـەجـێ هـێنـان، بـەرپـا كـردن، ڕێك خستن، ڕازاندنەوە.

ش: پاشگرە.

قــەت مەڵێن یاران لـــەگەڵ فیرقەت وەرە ســـازش بكـــە

شێت نەبووم وەك پەشە من خۆم تووشی بای سەرسەر بكەم

(كوردی –ل ٢٩)

سازشی تورەو ڕووی دا بە فنوون!

ناری ڕاخستووە بۆ دۆشەكی مـار

(سالم –ل ٥٨)

بەچین گرتوویە زوڵفت دەوری ڕوخسار

چلۆن سازش دەكا مارت لەگەڵ نـــار

(سالم –ل ٥٩)

**ساعەتەن:** خێرا، زوو، لە هـەمـان كاتدا.

توركی پڕ ئەفسـوونی چاوی كاری سەد جـادوو دەكا

سـاعـەتەن تەسخیر ئەبێ بـۆ هــەر مەكانێ ڕەو دەكا

(سالم –ل ٣٠)

**ساغەر:** صاغر. كراو بە عەرەبی. واتە پیاڵەی شەراب، جامی مەی، پێك.

چاوی مەخمووری لە خاوی سەحەری هەڵساوە

بادەیی ساغەری عیشرەت دەڕژێنێ بـــە عـەلی

(كوردی –ل ٥٨)

لێوی تۆ ئەو وەختە سەر ساغەر دەچوو

لێوی ســاغەر خۆزگە لێوی مــن دەبوو

(سالم –ل ١١١)

ساغەری تۆ لــە بـــادە دایم پڕ
خاتری من هـەمیشە پڕ ئەلەمە
(سالم –ل ١٢٣)

ساقیا ساغەری من خومرمیە نـەك ڕەتلی سـەبوك
دەرخوری مـەستی یی من شیشە و پەیمـــانە نییە
(سالم –ل ١٣٦)

**ساق سەمەن:** مەبەست پووز سپیی، یان بـالا ڕێك و جوانە.

ساق: ع. پووز، لە ئەژنۆوە تا ڕەقەڵەی پێ.

هـەروەهـا تەنەی درەخت واتە لە زەوییەوە تـا دەگاتە لق و پۆپەكانی.

سەمەن: ⟵———

نەرگس نیگەهـ و سـاق سەمەن كــورتە بەنەفشەن
موو سوونبول و ڕوومـەت گوڵ و هـەم لالە كولاهـن
(نالی –ل ٣٤١)

**سالیك:** سالك. ع. ١–ئەو كەسەیە كە ڕێی بەرەو خوا گرتۆتە بەر و لە نێوان سەرەتا و كۆتاییدایە، مادام كە لە ڕۆیشتندایە. ٢–سالیك ئەو كەسەیە كە بەرەو مـەقامات دەڕوات بەهـۆی (حـال)ەوە، نـا بەهـۆی زانست و گومـانەوە. ٣–سالیك ڕێبوارە بەرەو خوا، لە بەندییەوە بەرەو ڕزگاری و لە زۆرەوە بۆ تـاك. ٤–سالیك ئەو كەسەیە كە زانستـی ئـەو گـەیشتبێتـە (عین الیقین). (فرهـنگ اصطلاحـات عرفـانـی – دكتر منوچهر)

بۆ دەكەی تـەكلیفی ڕەسمی ئولفـەت و یـاری لـەمن
كەی بـەسوحبـەت ئـاشنـایە سالیكی ڕێگەی عەدەم
(نالی –ل ٣١٠)

مـەجزووبی توروق مورتـەعیشی لـەرزش و تـابـێ
سـالیك ڕەوشـی مـەسلەكی ڕێگەی سـولەحابێ
(نالی –ل ٦٢٤)

کەس لەسەر حەددی بیابانی مەحەببەت نەگەیشت

وەکـــو ســـالیکی ئـــەم ڕاهە هەموو حـــەیرانن

(سالم -ل ٩٤)

**سالیکی جادەی حەقیقی:** مەبەست ئەو کەسەیە کە ڕێگای ڕاستیی خوا پەرستیی گرتووە.

سالیك:←———

سالیکی جادەی حەقیقی گەر جەوانمەردی دەکا

تا نەخوێنێ دەرسی عیشقت ئیبتیدا نابێ بە پیر

(سالم -ل ٦٩)

**سالیکی ڕاهـ:** ئەو کەسەی کە ڕێگایەك دەگرێتە بەر.

ئەوەی کە ڕێگای خوا پەرستی گرتۆتە بەر

سالیك:←———

بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەردانە

سۆفی لە تەڵەبدان و هەموو سالیکی ڕاهن

(نالی – ل٣٤٤)

**ساڵ خوردە:** پیر، بەساڵاچوو.

خورد+ ە. خوردە: خواردوو

خورد: چاوگی کرتاوی خوردەن(=خوردن)ی ف.یە. واتە: خواردن.

هـ: پاشگرە.

وەك پیری ساڵخوردە خەمە داری پیرمە سوور

مەشغوڵی لە غزشە هەمە جا پایی تـــا بەسەر

(سالم– ل٦٨)

**سامانی دڵ:** مەبەست ئارامی دڵە.

سامان: ڕێکوپێکی و ئارامییە، کەل و پەلی ژیان، ئەمڕۆ لە کوردیدا بە واتای ماڵ و دارایی بەکاردێت.

سـامانی دڵی غەمزەدە جـانا لە فیراقت
وەك سیلسیلەیی زوڵفی خەمت دەرهەمە ئیمشەو
(سالم -ل ١٢٠)

**سامیری:** سامری. ع. ئەم ناوە دراوەتە پاڵ شارێ کە لە ناوەڕاستی فەلەستینداپە، بە گوێرەی بەسەرهاتە ئیسلامییەکان، لە قورئاندا هاتووە، کە ناوی پیاوێکە لە نەتەوەی مووسا (بنی ئیسرائیل)، کە ئەوانی فریو دا بە پەرستنی گوێرەکەی زێڕین، بەم جۆرە سامیری فەرمانی دا بە جوولەکەکان تا موجەوهەراتی خۆیان فڕێدایە ناو ئاگرەوە و لەمە گوێرەکەیەکی دروست کرد، لەگەڵ ئەوەی کە هارون خەڵکەکەی ئاگادار کردبوو لەم بارەیەوە، بەڵام هەر دەیانپەرست. کاتێ مووسا هۆی ئەمەی لە سامیری پرسی، ئەو وتی: (من شتێکم دیوە کە ئەوان نەیاندیوە و ئەوەیش پاشماوە و بەجێماوی نێردراوی خوایە) و ئەمەیش بە گوێرەی هەواڵەکان جێ سمی ئەسپی جوبرائیل بوو. بەڵام مووسا بەم جۆرە ئاگاداری کرد: (تا ئەو دەمەی کە زیندووی، هەرکەسێ کە هات بۆ لات، پێی بڵێ دەستی بۆ مەبە). زانایان لە بارەی سامرییەوە بۆچوون و گومانی جیاجیایان هەبووە. (گوڵدزیهر) لە ڕاستییەوە نزیکترە، ئەو بە سوود وەرگرتن لە مێژووی جیابوونەوەی سامرییەکان لە خەڵکی تری جیهان، سامیری بە نوێنەری سامرییەکان پیشان دەدات، ئەم جیابوونەوەیە لە پێشدا لە ئینجیلەکاندا باس کراوە، (گوڵدزیهر) پەیوەندی نێوان جوولەکەو مەسیحی و موسوڵمانەکان بەراورد دەکات و لەمەدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ سامیرییەکان پەیوەندیکردن لەگەڵ غەیری سامیریدا بەپیسی و پلێتی دادەنرێ. ئەم خواستە لە ئیسلامدا بە فەرمانی ئاینی سامیرییەکان پیشان درا، کە لە ڕابردوودا ڕووی دا و ئەمە وەکو جۆرە وریاکردنەوەیەکە بۆ سامیری، بۆ هاندانی بەنی ئیسرائیل تا گوێرەکەیەکی زێڕین دروست بکەن و بیپەرستن. بۆچوونەکانی تەبەری و زەمەخشەری و سەعالەبی (ثعالبی) ڕوونکردنەوەکانی (گوڵدزیهر) دەسەلمێنن. وە دەگێڕنەوە کە ناوی سامیری (موسی بن طلف) یان (موسی بن ظفر) بووە.

سـامیری و سـەحبانۆ و جارولّلا و لوقمان و سەتیح
موخبیری کوللی علوومێ بوون و سەرگەردانی عیشق
(کوردی -ل ١٩)

وا بەناسان عالەمێ تەسخیری تۆ بوون ماهڕوو
سامیری یا ئەولیـــایی ڕاســت بێژی مــاهڕوو
(کوردی –ل ٤٠)
بۆ فریوی عاشقان و جەزبی دڵ وا مـــــاهیری
ڕەنگە شاگردیت بکەن مێهتەر نەسیم و سامیری
(کوردی –ل ٥٤)

**سامیعە:** سامعة. ع. گوێ.

سامیعە و نوتقم لە تەکلیفاتی دونیا فـــــاریغن
نیمە بێ تۆ تا لەگەڵ کەس تاقەتی گــوفت و شنەو
(سالم –ل ١١٧)

**سامی نەریمان:** سام باوکی زاڵ و باپیرەی ڕۆستەمە، کاتێ کە خەڵك لەدەست ستەم و زوڵمی نەوزەر پاشای ئێران وەڕس بوو بوون، داوایان لە سام کرد، تا ببێ بە پاشا، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، سام ناسراوە بە پاڵەوانی و ئازایی. بەڵام لە ناوی باوکی گەرشاسب بۆچوونی جیاجیا هەیە، هەندێك دەڵێن سام کوڕی گەرشاسب کوڕی نـەریمان و بـەم جـۆرە گـەرشاسب کـوڕی نـەریمانـە، بـەڵام هــەنـدێ کـەس بـە پـێچـەوانـەوە وا دەزانـن کـە نـەریمان کـوڕی گـەرشاسبـە، بـەم جـۆرە سام کوڕی نەریمانە، واتە سامی نەریمان، یان سامی نەیرەم و نەوەی گەرشاسب. (مجمل التواریخ والقصص –٢٥) (تلمیحات)

بە نامەردی سەراسەر میسلی گورگانین لە لای ڕۆمی
ئەگـەر ڕوویـین تـەنی عەهدن وەگەر سامی نەریمانن
(سالم –ل ١٠٦)

**سانیە:** سانیة. ع. وشتری ئاوکێش. (لاروس)

تابەکەی وەك ڕاویەو وەك ســـــانیەی سێ پەل شکاو
بێ تەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم
(نالی –ل ٣٠٢)

**ساو:** مەبەست ئارایشکراو و ڕازاوەیە.

ئاڵتوونی بێگەرد کە ورد کرابێت، وردە زێڕ، هەسان، ئاسنێ یان ئەو بەردەی کە چەقۆ و شمشێر و خەنجەری پێ تیژ دەکەن. بڕیەن.

قاتلی من کەس نییە بوختانی ناحەق بۆچ بکەم
من شەهیدی خەنجەری موژگانی تازە ساوی تۆم
(کوردی –ل ۳۱)

**ساو:** ئەو پوول و پارەیەی کە پاشا بە هێزەکان لە میرە بێ هێز و لاوازەکانی وەردەگرن، خەراج. (معین)

مەنعی موژگانت مەکە با باجی خۆی بگرێ لە دڵ
شەهـ بەلەشکر چی بدا گەر کیشوەری ســاوی نەبێ
(سالم –ل ۱۳۸)

**ساوە:** دەریاچەی ساوە، یان دەریاچەی قوم، یان دەریاچەی سوڵتان. درێژی ۸۰کم و پانی ۳۰کم، لە نزمترین شوێنی دەشتی تاران و قوم و ساوەدایە. ئاوی ئەم دەریاچەیە سوێر و تاڵە. (معین)

موعجیزەی یاری پەری چیهرە دلارامم دەکا
ئاوی ساوە تاقی کیسرا ئاگری زەردەشت فەنا
(سالم –ل ٤٠)

**ساودان:** مەبەست ئارایشکردن و ڕازاندنەوە و جوانکردنە.

ساو: ←——

لێی دەپرسم بۆچ بە کل ساو دەی موژە و ئەبرۆت دەڵێ
تیغی تیژ ژەهراو دەدەم تا هەر بەناسوور بن برین
(کوردی –ل ۳۸)

خەریکی دڵنەوازیمێ بەچاوی مەرحەمەت زاهیر
نیهانی بۆ سەرم تیغی برۆت ســاو داوە دەیزانم
(سالم –ل ۷۹)

**سایە:** سێبەر.

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەر و نارەوەن
ساحێب کولاهو سایەو و بەرگن وەکو مولووك
(نالی –ل ٢٥٧)

سایەیی پایە وەکو باڵی هوما و بازی سپیم
نە وەکو بوومی قەدەم شووم و نە هەمرەنگی قەلم
(نالی –ل ٢٨٩)

گەهی قەلبولئەسەد بەسکی بەبێ سایەن لە وادیدا
وەکو مەجنوونی سەحرایی لەبن خاری موغیلانن
(سالم –ل ١٠٥)

**سایە جۆ:** ئەوەی کە بەدوای پەنادا دەگەڕێ، ئەوەی کە بەدوای سێبەردا دەگەڕێ.

سایە: سێبەر.

جۆ: ———→ جۆیا

غەیری کولاهەکەت کە هوما سایە جۆیە لەو
کەس لێنەدا موقابیلی تۆ لافی هەمسەری
(سالم –ل ١٤٥)

**سایە سیفەت:** مەبەست بێدەسەڵات و ناتوانە.

میهری بێ میهری روخت گیراوە
لەمنی سایە سیفەت چوو بە عەبەس
(نالی –ل ١٥٥)

ای زشب هیجر گران سایە تر
وز نفس عمر تهی مایە تر
سایە صفت چند توانی خفت چند
خیز کە خورشید بر آمد بلند
(امیر خسرو، مطلع الأنوار، م، ٣٠٥ –عفیفی)

واتە: ئەی ئەو کەسەی کە سێبەرت لە شەوی دووری لەیارەوە قورس و سەخت ترەو، لە تەمەن و ژیان بەتاڵ و بێ مایەتری، ئەی ئەو کەسەی کەوەکو سێبەری، تاکەی دەتوانیت بنوویت، هەڵسە کە خۆر هەڵات و بەرز بووەوە.

**سایەی هوما هاتنە سەر کەسێ:** مەبەست ئەوپەڕی کامەرانی و شادبوونە، بوون بەپاشا، پێشینان دەڵێن ئەو کەسەی کە سێبەری باڵندەی هوما بکەوێتە سەری، ئەو کەسە بەختیار دەبێ، یان دەبێ بە پاشا.

سایە: سێبەر.

**هوما:** ⟵

تاکو بێتە سەر سەری سایەی هوما ئاوا نەبێ

لووتی پاپاخی لەگەڵ سەقفی فەلەك دەعوا دەکا

(سالم –ل ٢٩)

**سەبا:** صبا. ع. بایەکە لە لای سەرووی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات و بایەکی فێنك و خۆشە.

هەروەها لای شاعیرانی کۆنمان، پەیامبەر و نامەبەر بووە لە نێوان دڵداران و دلبەراندا.

دیسان یەکێکە لە بیست و چوار بەشەکەی مۆسیقای کۆن.

گوتم ڕاستی سەبا هەڵسە گوتی مەشرەب موخالیفیە

گوتم ناڕێ گوتی بایە گوتم ئەو جێ گوتی دوورە

(نالی –ل ٤٠٩)

سەبا گەر لابدا زوڵفت لـــــە کۆڵمت

دەڵێم یا ماهە یا خورشیدە ئەنگووت

(کوردی –ل ١٥)

ئەگەر چی خاك و خۆڵی ڕەهگوزارم

بەسەرما خۆ گوزەر ناکا ســـەباتان

(کوردی –ل ٣٥)

سەبا جارێ بڵێ بەو سوخمە ئاڵەی دیدە مەخموورە
بە حوسنی عاریزی خۆی حەیفە وا بێباك و مەغروورە
(کوردی –ل ٤٧)

سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت
بڵێ کێشاویەتە مەیخانە چاوی بێچووە عەییارێ
(کوردی –ل ٥٣)

هـــەرکە غائب بم لە فیکرا دڵ دەچێتە پەردەوە
پەی بەوی نابا ئەوی ناگاتە پەی پەیکی سەبا
(سالم –ل ٣٩)

**سەبا:** سباء. ــــــــ◄ هود هود.

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانیی دەکا
(نالی –ل ١٠٥)

میللەتی کورد و عەرەب هەردوو یەکە تەفرەقە بوون
لـــــە جەفاو و میحنەتی مـــوڵکی ســـەباو و یەمەنی
(نالی –ل ٦٧٣)

**سەبەل:** سبل. ع. جۆرە برینێکە لە چاو دێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لێڵاییەك لەسەر چاودا دروست بکات. هەروەها ئەو ڕەگە سوورانەی کە لەسەر چاو دروست دەبن.

یار وەکو مەردومەکی دیدەمە سەد حەیف ڕەقیب
لەبەر ئەم مەردومەکی دیدەمە هەروەك سەبەلە
(کوردی –ل ٥٠)

**سەبت کردن:** نووسین.

سەبت: ثبت. ع. نووسین، نووسراو.

لازمـــی عـــەرزی حـــاڵە کـــاغـــەزی زەرِ تەبەق
شەرحی میحەن بە خوێنی دڵ سەبتی دەکەم وەرەق وەرەق
(سالم –ل ٧٦)

**سەبتی دڵ بوون:** جێگیر بوون لە دڵدا.

سەبت: ———◄سەبت کردن.

ڕۆژی ئەوەڵ سەبتی دڵ بوو حەرفی عیشقت بەعدەزین
قەت بە سەیلابی حـــەوادیس لێی مــــەحوو نابێتەوە
(سالم –ل ١٣٣)

**سەبزە:** مەبەست ئەو مووەیە کە لەسەر دەموچاوی گەنجی تازە پێگەیشتوو دەڕوێت.
وشەکە خۆی بە واتای سەوزە دێت، گژوگیا.

کوڕ تازەو و تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کـــە ڕوا سەبزە دیبا کـــوڕ و زیبا کـــچ
(نالی –ل ١٦٠)

**سەبزەی خەت و خاڵ:** مەبەست گەندە مووی تازە ڕوواوی دەموچاوی جوانی یارە.

ڕامی خـــۆی کردووم وەکو وەحشی بە سەبزەی خەت و خاڵ
دەست و پای بەستم بە عیشوەی کەید و ئەفسوون عاقیبەت
(سالم –ل ٥٣)

**سەبوك:** سووك.

سۆفی کـــە گـــران بـــارە بێ مەغز و سەبوك بارە
سووف پۆشێ غەمی بارە ئەو باری لەکن پەشمە
(نالی –ل ٤٧٤)

**سەبوك سەر:** مەبەست سەر سووکی و ئارامییە.
بەڵام بەزۆری بە واتای نەزان و کەم هۆش هاتووە.

سەبوک: سووک.

بە پایین هات شەوی هیجر و نەسیمی سوبحی وەسڵ نەنگووت

بەرم دەی ئـــەی تەبی غـــەم وا بەیانە با ســـەبوک ســـەریم

(سالم –ل ٨٠)

**سەبوو:** مەبەست کووپەی شەرابە.

کووپە، گۆزە.

مەستی بی من وەرایی یـــارانە

ساقیا خوم بدە بە جامی سەبوو

(سالم –ل ١١٦)

**سەتر بەندی:** مەبەست نووسینی دێڕە شیعرە، کە پەیوەندییان لە گەڵ یەکتریدا هەبێ.

سەتر: سطر. ع. دێڕ.

کـــاتبی فیکرم لـــە دڵـدا دیقەتی ئینشا دەکـــا

جوست و جۆ بۆ سەتر بەندی کاغەزی میرزا دەکا

(سالم –ل ٢٩)

**سەتیح:** سطیح. ع. ئەو کەسەی کە زۆر حەز لە ڕاکشان و نوستن لە سەر پشت بکات.

(ابن ربیعة) پیاوێ بوو لە (بني ذئب) لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، کە هەمیشە لەسەر پشت درێژ دەبوو و، دەنگ و باسی غەیبییاتی ڕادەگەیاند، دەڵێن یەکێ لەو هەواڵانەی کە پێشبینی کردبوو، پەیدا بوون و دەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام بوو، تەمەنێکی زۆری بەسەر برد و بە پێی هەندێ لە چیرۆکە بەسەرهاتەکان، لە شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د. خ) کۆچی دوایی کردووە. (معین)

سامیری ســـەحبان و جاروڵلا و لـــوقمان و ســـەتیح

موخبیری کوللی علوومێ بوون و سەرگەردانی عیشق

(کوردی –ل ١٩)

**سەحەرگاه:** دەمەو بەیانی، کاتی بەیانی.

گاه: پاشگرە بۆ کات.

تەڵەب کەم گەر بە غەیرەز تۆ لە ئەڵلا
بە عەفوا چێ موناجاتی سەحەر گاھ
(سالم –ل ۱۲۱)

**سەحبان:** سحبان. ع. (ابن زفرین ایاس وائلی) وتاربێژی بەناوبانگی عەرەب، لە (٥٤ك–٦٧٤ز) کۆچی دوایی کردووە، نموونەی زمان پاراوی بوو، مەعاویە پێی وتووە: وتاربێژ ترینی عەرەب تۆیت. (معین)

سامیری و سەحبان و جاروڵــلا و لوقمان و ســەتیح
موخبیری کوللی علوومێ بوون و سەرگەردانی عیشق
(کوردی –ل ۱۹)

**سەحرا نەوەرد:** بیابان تەی کەر، بیابان بڕ، بیابان گەڕ، بیابان گەرد.

نەوەرد: ڕەگی چاوگی نەوەردیدەن (= نوردیدن)ی ف. یە. واتە: تەی کردن، بڕینی ماوەی نێوان دوو شوێن. واتای تری هەیە وەك: پێچان.

پێم بڵێ خالید ئەگەر تـۆ شێت نەبی و ســەحرانەوەرد
تۆ لە کوێ و غــەزنین و کابول خاکی هیند و قەندەهار
(سالم –ل ٦٢)

**سەحرای سینە:** مەبەست دەروونی کپ و مات و غەمگینی دڵدارە.
سینە: سنگ.

لە سەحرای سینە خـــاری غەم ڕواوە
لە هەوری دڵ خەفەت بارانە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٤)

**سەحرای مەحشەر:** بیابانی مەحشەر، ڕۆژی حەشر.

ئەو سێبەرە کە قوبەیی فیردەوسی باقییە
ئەو سێبەرە کە خێوەتی سەحرایی مەحشەرە
(نالی –ل ٤٢٤)

خرمنی در دامن صحرای محشر سبز کرد

هرکه مشت دانه ای در رهگذار مور ریخت

(صائب، کلیات، ۲۱۹ -عفیفی)

واتە: هەر کەسێ کە مشتێ دانی لە ڕێگە، یان ڕێچکەی میروولەدا ڕۆکرد، ئەوا خەرمانێکی لە داوێنی سەحرای مەحشەردا ڕوواند، یان بە دەست هێنا.

**سەحن:** صحن. ع. ناوەڕاستی حەوشە، ناوەڕاستی کۆشك و سەرا.

چ بڵێم حـاڵەتی دڵ چۆنە لــە هیجرا ســالم

سەحی گولزاری سەنەندوج وەکو زیندانی منە

(سالم -ل ۱۳۱)

**سەخت جان:** جان سەخت، ئەو کەسەی بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە گیانی دەربچێ.

قەت گوریز نەدا لـە تیری موژەت

ئەی بەسا سەخت جان و بێعارم

(سالم -ل ۸۱)

**سەخت ڕوو:** بێ ئابڕوو، بێ شەرم، بێ حەیا، ڕووگرژ.

یەك زەرە عەکسی پرتەو دەرکەوت و تووری سووتاند

ئایینە سەخـت ڕوو بـوو لــەو عەکـسە تابی هێنا

(سالم -ل ۳۵)

**سەدا:** صدا. ع. دەنگ، ئاواز، بانگ.

دەنگدانەوە لەناو چیاو شوێنی تر کە دووبارە بگاتەوە بە گوێ.

نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد

غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گــوزەر

(سالم، دیوانی نالی -ل ۲۰۱)

دیدە وەك هەوری بەهاران خوێن دەگرێنێ و سەدای

پێکەنینی غونچەیی نــەو سەبزە پەرژێنم نــەهــات

(کوردی -ل ۱۲)

لە پێی دڵدا سەدایێ دێت مـەزندە

زرەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو

(کوردی -ل ٤٤)

**سەدر:** صدر. ع. لێرەدا مەبەست: پێشەوا، ڕابەر، سەرۆك، مەزن.

کە دەڵێن سەدری ئەعزەم، مەبەست سەرۆك وەزیرانە.

سیراجی ئەنبیا خەتمی روسـول نووری مـوبینی حەق

کە عالی کەعب و قەدر و دەست و سەدر و خاتەمی شانە

(نالی -ل ٥٠٤)

**سەد قیران:** مەبەست ماوەو ڕۆژگاری زۆر دوورودرێژە.

قیران: قران.ـــــــــ◄ساحیبقران.

ڕاستە گەردوون چابوکە بۆ ڕەنگی بەد ڕەبتی وەلێ

نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە لە موددەی سـەد قیران

(سالم -ل ١١)

**سەراب:** زەوی خوێیاوی یان بیابان کە تیشکی خۆری لێدەدات و لە دوورەوە لە ئاو دەچێت.

وشەی سەراب کورتکراوەی (سەرئاب)ە، واتە سەری ئاو، ڕووی ئاو.

ئاب: ئاو.

نالی بو سینەیی بێ کینەیی چـاکم ئەمما

چاکی دامەن تەڕم و وشکە سەرابی عەمەلم

(نالی -ل ٢٩٢)

فـەزا بەحـری موحیت و وشتری تێدا سەفینەی بەڕ

سەرابی میسلی نیل و دیجلەو و جەیحوون و عومانە

(نالی -ل ٤٨٩)

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە
لە سەر ئابی سەرابی ســـەروی سێرابی موغیلانە
(نالی –ل ٤٩٢)

**سەراپا:** سەرتاپا، سەرانسەر، هەموو، گشت.

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە
دەڵێی عاسیی بووە لەو جێگە بەرزە
(نالی –ل ٤٨٨)

**سەراسەر:** سەرانسەر، هەموو، گشت، سەرتاپا.

لە ئەسلێ بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهریی بوون
لە ئەمری فیتنە ئەنگێزیدا سەراسەر میسلی مـــەردانن
(سالم –ل ١٢)

**سەراسیمە:** سەرسوڕماو، واقوڕماو، سەرگەردان، هەراسان، شێواو، پەرێشان حاڵ.

یا ڕەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوابێ
غەڵتان و سەراسیمەی نە داکێك و نە بابێ
(نالی –ل ٦١٥)

بەدە ئەحواڵی ئەشخاسێ کە خاسی موڵکی بابانن
لە بێدادی فەلەك هەریەك سەراسیمەو هەراسانن
(سالم –ل ١٤)

نۆکەر و سوارەی تفەنگدارت سەراسیمەن هەموو
ئەزمی تێکچوو مانەوە وەك گوسفەندی بێ شوان
(سالم –ل ٩٢)

بەدە ئەحواڵی ئەشخاسێ کە خاسی موڵکی بابانن
لە بێدادی فەلەك هەریەك سەراسیمەو هەراسانن
(سالم –ل ١٠٢)

**سەراوێزە:** کورتکراوەی (سەرئاوێزە)یە، واتە سەر دانەویو، سەرشۆڕ کراوە. بەشی دووەمی وشەکە ئاوێزەیە. کە دوو بەشە: ئاوێز + ە.

ئاوێز: ئاویز ڕەگی چاوگی ئاویختەن (= آویختن)ی ف. یە. واتە: هەڵواسین، شۆڕکردنەوە.

ە: پاشگرە.

ئاوێزە: ئاویزە، واتە، هەڵواسراو، شۆڕ بووەوە.

بە سەراوێزەیی چـاوێنەیی کـــەللەی ســـەریان

لە کەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس

(نالی –ل ٢٣٥)

**سەر ئەفگەندە:** سەر شۆڕ، مل شۆڕ، مل کەچ.

ئەفگەندە: توورِ دراو، فڕێدراو. ئەفگەند + ە.

ئەفگەند: چاوگی کرتاوی ئەفگەندەن (= افگندن)ی ف. یە. واتە: فڕێدان، تووڕدان، خستن و کێشان بە زەویدا، هەروەها بە واتای ڕاخستنی فەرشیش دێت.

لە مەحشەردا ئەگەر بێ ڕوویی تۆ مائیل بەجەننەت بم

لە لای یارانی ئەهلی دڵ سەر ئەفگەندەی خەجاڵەت بم

(سالم –ل ٧٩)

سەر ئەفگەندەی حوزووری سەر بڵندانی قیامــەت بم

سەرم تا دانەنێم شۆڕی ویسالت گەر لەســەر دەرکەم

(سالم –ل ٨٤)

**سەر ئەنگوست گەزین:** مەبەست سەرسوڕمان، یان پەشیمان بوونەوە.

سەر ئەنگوستی گەزی ڕاهیب کە دیتی خاڵی میهری ڕوو

بـــەسەریادا وتی هــــەر مــــەنزڵی عیســــایە جـــادوویی

(سالم –ل ١٥٦)

**سەربار:** ئەوەی کە ببێتە مایەی دڵگرانی و پەستی و ناخۆشی.

من چم و حەددم چییە عاجز دەبیٚ لێم چاوەکەم
عەقڵ و دینم توحفەیە گیان و دڵم سەربـــارییە
(کوردی –ل ٥١)

**سەربەسەر:** مەبەست گشت، هەموو، سەرتاسەر، سەرانسەر.

سەربەسەر پێچیدە بوو تۆماری عومر
شەرحی عیشقە ئیبتیدا تـــا ئینتیها
(سالم –ل ٢٥)

**سەربڕینی پەرچەم:** بڕینی پەرچەم، قرتاندنی پەرچەم.

ڕەها ناکا دڵم تورەی خـــەمی یـــار
سەری نەبڕن هەتا وەك پەرچەمی یار
(سالم –ل ٥٧)

**سەربڕینی خاریجی:** مەبەست بڕینی ئەگریجەیە، تا کوڵمی جوانی یار دەرکەوێت.

لە کۆڵمت هەرچی خاریج بیٚ سەری ئەگریجە قەیچی کە
بڵێن با ســـەر بڕینی خـــاریجی بۆ ڕەونـــەقی دین بوو
(سالم –ل ١٠٨)

**سەربلووك:** مەبەست سەردەستەی لەشکرە، ئەوەی کە سەرۆکی کۆمەڵیٚ سەرباز بێت.

سەربلووك لای پشتی گرت و سونگی دەوران هاتە پێش
حـــەسرەتا باز هەم نـــەیـــانزانی نیزام وا بێحـــەیان
(سالم –ل ١٣)

سەر بلووکیان خاڵەکەی هەورامی بوو قالەی شەریف
هـــەم رەفیقیان بوو عەزیزە حیزمەکەی چـــوچـــانیان
(سالم –ل ٩٩)

**سەر جودا نەبوون لە زانوو:** مەبەست غەم و خەفەت و گۆشەگیرییە.

زانوو: ئەژنۆ.

لە بەزمت تـا بە ناكامی جـودا بم
جودا نابێ سەرم یەك دەم لـە زانوو
(سالم –ل ١١٤)

**سەرچەشمە:** سەرچاوە، كانی.

لەبت سەرچەشمەیی ئـاوی حـەیاتە
وەلێ بۆ كوژتنی من بەرقی شەرەر بوو
(سالم –ل ١١٠)

**سەر چەشمەی حەیات:** ←—— ئاوی بەقا.

بێ لەبت شادنیم بەسەر چەشمەی حەیات
دەردی تۆ نـادەم بە دەرمـانی حـەكیم
(سالم –ل ٨٨)

**سەرچناری چەشمەی چاو هەڵقوڵان:** مەبەست فرمێسكی زۆر و بە خوڕ ڕشتنە.

سەرچناری چەشمەیی چاوم ئـەگەر وا هـەڵقوڵێ
مەوجی گەردابی دەگاتە كۆهی گەردوون عاقیبەت
(سالم –ل ٥٣)

**سەرچوون:** بەسەرچوون، تەواو بوون، كۆتایی هاتن.

عەیشی وەسڵم بردە سەر ئەندووهی هیجریش سەردەچێ
مەوسیمی ئـوردی بـەهەشتم دی دەمێكیش دەی دەبێ
(سالم –ل ١٤٢)

**سەرحەدد:** سنوور.

كەس لەسەر حەددی بیابانی مەحەببەت نەگەیشت
وەكو من سـالیكی ئـەم ڕاهـە هـەموو حەیرانن
(سالم –ل ٩٤)

**سەرڕشتە:** مەبەست، ئامانج، چارەی كار، ڕاستیی، جڵەوی كار، بنچینە.

ئەی جیلوە دەری حوسن و جلّەو کێشی تەماشا

سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا

(نالی –ل ٧٥)

سیەهـ بەختی جـودا ناکا دڵی سالم لە تورەی تۆ

بە مەحزی کەشمەکەش سەر ڕشتەیی ئەم کارە بەرنادا

(سالم –ل ١٧)

**سەر زەدە:** مەبەست سەردانە.

زەدە: لێدراو.

زەراتی عوکووسی کەششی میهری جەلالن

وا دێن و دەچن سەر زەدە سوڵتان و شەهەنشا

(نالی –ل ٧٦)

**سەرسەری:** ئەنجامدانی کارێ بە بێ بیرکردنەوە، سادە، تاقی نەکراوە، بێکەڵك، بێهوودە.

سەرسامی ماجەرای فەلەك بم ئەگەر ببێ

سەودایی عیشقی تۆ لە سەرمدا بە سەرسەری

(سالم –ل ١٤٥)

**سەرسەری باز:** بە کەسێ دەوترێ کە کارەکانی بە شێوەیەکی نارێك و بە بێ بیرکردنەوە ئەنجام بدات و قسەو کردەوەکانی نابەجێ بێت. یان بە بازێکی بێکەڵك و هیچ لە بارانەبوو و ناتوان دەوترێ.

سەرسەری: ⟵———

باز: ڕەگی چاوگی باختەن (= باختن)ی ف. یە. واتە دۆڕاندن، یاری کردن.

هەندێ جار لە کۆتایی وشەیەکەوە دێت بە واتای یاریکردن یان خەریك بوون بە شتێکەوە، وەکو: کەوباز، کۆتر باز، سەرسەری باز...هتد.

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن

موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکو من

(نالی –ل ٣٣١)

**سەر فرۆهێنان:** سەر فرووهێنان، سەردانەواندن، مل کەچکردن بە مەبەستی ڕێز لێنان.

گوڵ و سەرو و سنەوبەر هەرتەرەف سەریان فرۆ دێنن
بچێتە بـــاغـــەوە گەر دولبەری سیمین عـــوزاری مـــن
(سالم -ل ٩٣)

**سەر فگەندە:** سەر شۆڕ، مل کەچ.

فگەندە: فکەندە، ئەفگەندە، ئەفکەندە.

واتە: فڕێدراو، ڕاخراو. بەڵام لێرەدا بەواتای شۆڕ و کەچ هاتووە.

فگەند: چاوگی کرتاوی فگەندەن (= فگندن)ی ف. وە هاتووە. واتە: فڕێدان، تووڕدان، ڕاخستن... هتد.

ە: پاشگرە.

جان موحەققەر نەقد دەرکەف ســـەرفگندە چاوەڕێ
خوسرەوی خووبان بڵێن سالم ئەوا پێشکەش ئـــەکا
(سالم -ل ٤٠)

سەر فگەندەی دیدەتە ئاهووی خەتا
پایەماڵی لەنجەتە ســـەروی ئیرەم
(سالم -ل ٨٢)

**سەر قەدەم دانان:** مل کەچ بوون، خۆ بەدەستەوە دان، سەرخستنە بەر پێی یار.

سەرم ئەووەڵ قەدەم دانا لەسەر کووچەی ڕەهی عیشقت
دڵ و دینم بە یەغما چوو لـــە سیحری چـــاوی فەتتانت
(سالم -ل ٤٩)

**سەر قەدەم کردن:** مەبەست ئەوپەڕی تاسەو ئارەزووە، بەسەر ڕۆیشتن لەجیاتی بە پێ ڕۆیشتن کە نیشاندانی ئەوپەڕی ڕێزە.

بۆ تەیـــی ڕاهـــی مەتلەبی تۆ ســـەر قەدەم بکا
تۆ شاهی حوسنی و سالمی بێچارە لەشکری
(سالم -ل ١٤٥)

**سەرکەش:** یاخیی، سەرکێش.

بێ دڵ و گوێ و نەسیحەت نەگر و سەرکەش و ڕەند
سپڵەو و هەرزەو و ئەوباش و بەد ئەتوار و نەزان
(کوردی –ل ٣٧)

**سەرکەشی:** سەرکێشی، سەر پێچی، یاخی بوون.

بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەویی
دانانی زوڵم و ڕوو ڕەشییە تەختی ئابنووس
(نالی –ل ٢٣٨)

**سەر گەشتە:** سەر گەردان، ئاوارە، دەربەدەر.

گەشتە: سووڕاوە، چەرخاو، خول خواردوو، گۆڕاو، هەڵەو گەڕاو، گوێزراوە، لەناوچوو.

گەشت + ە.

گەشت: چاوگی کرتاوی گەشتەن (= گشتن)ی ف. یە. واتە: گەڕان، سووڕان، چەرخان، گۆڕان، بەدوای شتێکدا گەڕان...

کوللی عالەم وا بوون سەر گەشتەو حەیرانی عیشق
هیچ کەس نازانێ ئەحواڵی سەر و سامانی عیشق
(کوردی –ل ١٩)

ئابلەی دەردا کەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد
سالمی سەرگەشتە ئەربەس ڕێی موسیبەت تەی دەکا
(سالم –ل ٣٠)

بەسی دوون هیمەتە گەر ئارەزووی ئەو ڕەنگی شاهی کا
هەتا سەر گەشتە سالم ئوفتادەی سایەیی کووتە
(سالم –ل ١٢٢)

**سەر لەوحی دەفتەر:** مەبەست ناودار و مەزن، پلەو پایە بەرز، بەناو بانگ، هێژا.

مەعلوومە چونکە جەمعی ڕوسول موقتەبیس لەون

یووسف یەکێ لەوانە کە ســـــەر لـــەوحی دەفتەرە

(نالی -ل ٤٢٦)

**سەر میچ:** بن میچ، سەقف، سەر.

دوودی سەر میچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازەکەت

بـان و دیـــواری بە میسلی لانکـەی نەجزا شکـــــاو

(نالی -ل ٣٥٦)

**سەر نیگوون:** سەر بەرەو ژێر، سەر بەرەو خوار، هەڵگەڕاوە.

پەرێشـان و شکسـتەو سەر نیگوون دامـــاوە زولفەینی

تومەز بادی سەبای چین و خەتای لێ داوە زولفــەینی

(نالی -ل ٦٧٥)

**سەرو:** درەختێکە گەڵاکانی تیژ و باریکە و بەرزی دەگات نزیکەی ٢٥ میتر و قەفەکەی تا ٢ میترە، هەمیشە سەوزەو دارەکەی پتەوە.

لە خەزان بێ خەبەرە بەرگی بەهـار و چەمەنی

بێ بەقـایی گوڵ و سەر و سەمەن و یاسـەمەنی

(نالی -ل ٦٦٨)

**سەر و سامان:** مەبەست ڕێك و پێکی، ڕازاندنەوە.

کوللی عالەم وابوون سەر گەشتەو حـەیرانی عیشق

هیچ کەس نازانێ ئەحواڵی سـەر و سـامـانی عیشق

(کوردی -ل ١٩)

**سەروستان:** شوێنێ کە هەمووی درەختی سەرو بێت، باخی سەروو.

سەرو: ←——

ستان: پاشگرە بۆ شوێن.

نەیستان و خەسەك زاری سونووفی شەوكەیی خاری
گەلێ خۆشتر لە سەروستان و دڵکەشتر لە بوستانە

(نالی –ل ٤٩٤)

**سەروكار:** مامەڵە، كاروبار، كار.

لایەك (زەبانییە) لە سەروكاری نـارەنار
(هل من مزید) زوبانیە وەك ماری ئەژدەر

(نالی –ل ٤٤١)

**سەروی ئیرەم:** مەبەست حۆری بەهەشتە.

سەرو: ←——

ئیرەم: ←——

سەرفگەندەی دیدەتە ئاهووی خەتا
پایە ماڵی لەنجەتە سـەروی ئیرەم

(سالم –ل ٨٢)

**سەروی خەرامان:** مەبەست باڵای بەرز و ڕێكی بەلەنجەو لارە.

سەروو: ←——

خەرامان = خورامان. ڕۆیشتنی بە لەنجەولار، ڕەوتی بە لەنجەولار. خەرام + ان.

خەرام: ڕەگی چاوگی خەرامیدن، خورامیدن (= خرامیدن) واتە ڕەوتی جوانی بە نازو لەنجەولار و ویقار.

ان: پاشگرە بۆ مەبەستی چۆنیەتی.

وەكو بولبول فوغانێكە دائیما كوردی لە دەوری گوڵ
وەكو قومری بناڵێنە لـە تاو سەروی خـەرامـانی

(كوردی –ل ٦٠)

**سەروی ڕەوان:** باڵای بەرز و ڕێكی دلبەر لەكاتی ڕۆیشتندا.

سەرو: ←——

ڕەوان: لە کاتی ڕۆیشتندا، بە دەم ڕۆیشتنەوە، ڕەو + ان.
ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە: ڕۆیشتن.
ان: پاشگرە بۆ چۆنیەتی.

گەر بێیە دەرێ سەروی ڕەوانی لـــە ئیرەمدا
وەر نەییە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا
(نالی –ل ٩٣)

بێ سەروی ڕەوانم کە لەبەر ئەشکی ڕەوانم
خەرقە بووەتە غەرقە کەوا سەوزە لە بەرمـا
(نالی –ل ١١٩)

من سـەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بـاڵام
نالی بە توفـەیلیی بووەتە سـایە لـە دوومن
(نالی –ل ٣٣٢)

زوڵف ئەگەر دووکەڵە دووکەڵ بەری گوڵناری نییە
سەروە گەر قامەتی کەی سەرووی ڕەوان بـارەوەرە
(نالی –ل ٤١٣)

گلعذاری ز گلـــستان جهان مـــارا بس
زین چمن سایەء آن سرو روان مـارا بس
(حافظ، هروی –ص ١١١٥)

واتە: لەناو گوڵزاری جیهاندا شۆخ و شەنگێکی دەموچاو وەك گوڵ بۆ ئێمە بەسە و، لەناو گوڵستانی جیهاندا سێبەری ئەو دلبەرە باڵا وەك سەروە بۆ ئێمە بەسە.

**سەروی ناز:** مەبەست دلبەری باڵا بەرزی بەنازە.

خاوکەری خانمە قەتارەی سولو سەوزەی نەسە مەجان
ڕەقسی سمکە نازی شەهر ئاشووب و غەمزەی سەروی ناز!
(کوردی –ل ١٨)

بارخ زرد آمدم سوی درت ای سرو ناز
یعنی آوردم بەخاك درگهت روی نیـاز
(هلالی، دیوان، ٨٤ -عفیفی)

واتە: ئەی دلبەری باڵا وەك درەختی سەرووی جوان و بەناز، بە ڕووی زەردەوە ڕووی نیازم بۆ خاکی بەر دەرگاکەت هێنا.

**سەری بستەر نەدیو:** مەبەست بێخەوییە.

بستەر: نوێن، دۆشەك.

بە مەرگی تۆ لەبەر تۆشە بە میحنەت
سەرم نابینێ بستەر غەیری زانـــــوو
(سالم -ل ١١٥)

**سەری بێسامان:** مەبەست سەرێ کە ئارامی و خۆشی تێدا نەبێت.

سامان: ئارامی و لەسەرخۆیی، ڕێك و پێکی.

غەیری سەودا و خەفەت ئەم سەرە سامانی نییە
غـەیری تەسلیم و جـەفـا ئەم دڵە دەرمـانی نییە
(سالم -ل ١٣٥)

**سەریر:** صریر. ع. دەنگ و جیرەی دەرگا و شتی لەو بابەتە لەکاتی کردنەوە و داخستندا، جیرەی قەڵەم لەکاتی نووسیندا، دەنگی خەڕەك... هتد.

سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەڵیی سەوزی
دەڵێی تەسبیحی مـــورغانە لـــەسەر تەختی ســولەیمانە
(نالی -ل ٤٩٩)

**سەری غەیری زانوو نەدیو:** مەبەست تەنها غەم و خەفەت خواردنە.

زانوو: ئەژنۆ.

بەمەرگی تۆ لەبەر تۆشە بە میحنەت
سەرم نابینێ بستەر غــەیری زانوو
(سالم -ل ١١٥)

**سەری موو:** مەبەست زۆر کەمە، بە ئەندازەی سەری موویەك.

بەحسی سیری دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێیی
سەری موویێ نییە بێ نـوکتە لـە دیـوانمدا
(نالی -ل ٩٢)

سیەهـ ڕوو بم وەکو زوڵفت سەری موو گەر خیلافی بێ
بەحەقی موسحەفی ڕووی تۆ دزی دڵ خاڵی هیندووتە
(سالم -ل ١٢١)

وەفا ناکا لەگەڵ من مـوو میانی من سـەری یەك موو
ئەگەر هەر مووم زەبانی بێت و دەرکا هەر زەبان موویێ
(سالم -ل ١٥٥)

**سەعد:** سعد. ع. پیرۆز پێچەوانەی شوومە، (سعود) کۆیە، سعدان -سعدین، دوو ئەستێرەی سەعد، کە موشتەری و زوهرەن، هەروەها بە ئەستێرەی موشتەری دەڵێن: سەعدی ئەکبەر و سەعدی ئەلسعوود. (عمید)

دوو سەد جار وەزعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بە سەعد و شووم
ستارەی نەحسی سـالم بوو لـە قـەرنێکا نەبـوو ئـاوا
(سالم -ل ٢٧)

**سەعدی:** (مشرف الدين مصلح بن عبداللّه شیرازی) نووسەر و شاعیری گەورەی سەدەی حەوتەمی کۆچی، مەرگی ئەو لە نێوان ساڵانی ٦٩١ و ٦٩٥ی کۆچییە، باو و باپیرەکانی لە زانایانی ئاینی بوون، سەعدی لە شیرازدا خەریکی خوێندن بوو، دوای ئەوە چوو بۆ بەغدا، لە قوتابخانەی نیزامییە دەیخوێند، حەزی لە گەشت و گوزار دەکرد، چوو بۆ شام و حیجاز و سەرووی ئەفەریقا، پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ هەموو چینەکانی خەڵکدا هەبوو، دوای گەشتە درێژەکەی بە کۆڵێ زانیاری و زانستەوە گەڕایەوە بۆ شیراز. لەو کاتەدا ئەتابەك ئەبو بەکر کوڕی سەعد کوڕی زەنگی لە فارسدا فەرمانڕەوا بوو و وڵات لە ئارامی و ئاشتیدا دەژیا. سەعدی ماوەی ئەوەی هەبوو کە خەریکی نووسینی بەرهەمەکانی خۆی بێت و پەیوەندی

هەبوو لەگەڵ خاوەن دیوان و براکەی عەتا مەلیك و ستایشی دەکردن، هەروەها پەیوەندی هەبوو لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیدا، وەك: (مەجد هەمگەر و هومامی تەبریزی). لەساڵی ٦٥٥ی کۆچی (سەعدی نامە، یان بوستان)ی بە شیعر نووسی و لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی (گولستان)ی نووسی، بێجگە لە مانە قەسیدەو شیعری دڵداری و پارچە شیعری تەرجیع بەند و چوارینەو وتار و قەسیدەی عەرەبی هەیە، کە هەموو ئەمانەیان لە کوللییات (کلیات)ەکەیدا کۆ کردۆتەوە، زۆربەی توانا و دەسەڵاتەکانی لەشیعرە دڵدارییەکانیدایە و، لەم بارەیەوە بێ وێنەیە.لە شاکارەکەی (گولستان)دا پلەی پەخشانی گەیاندۆتە ئەوپەڕی بەرزی، شیعر و پەخشانی سەعدی هەر لە زەمانی ئەوەوە تا ئەمڕۆ، فارسی زانە گەورەکان پەیڕەوی دەکەن. سەعدی لە شیرازدا ئەم جیهانەی بەجێ هێشت و ئارامگاکەی لە هەمان شاردایە.

حافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جامی و دیهلەوی

فەیز خواهـ و مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق

(کوردی –ل ١٩)

**سەعوە:** صعوة. ع. چۆلەکەی بچووك، هەر مەلێکی بچووك کە بە ئەندازەی چۆلەکەیەك بێت. (عمید)

من توغرول و تۆ ســــەعوە قەسدم ئەمــەتە نـــاگا

میخلەب لە بەزت گیرکەم دەرچێ لە عەقەب گیانت

(سالم –ل ٥٠)

درێغا سەعوە ئاسا سەیدی چەنگی شــاهبازێکم

زەدەی تیری نیگاهی جادووانەی عیشوە سازێکم

(سالم –ل ٨٧)

**سەفاسەف:** صەفاصەف. ع. چین لەسەر چین، ڕیز بە ڕیز، ڕیزاو ڕیز.

زۆر جار لە زمانی فارسیدا پیتی ئەلف دوو وشەی وەك یەکتری بە یەکەوە دەبەستێ وەك: رنگارنگ، جوراجور... هتد کە لە زمانی کوردیدا ئەلف و واو بە یەکەوە دەیانبەستێتەوە، وەك: ڕەنگاو ڕەنگ، جۆراوجۆر... هتد.

زوڵفی جەڕاڕی سەفاسەف خستە پێش
یەعنی زەنگیی لەشکری قیر و سییان

(نالی -ل ٣٢٤)

**سەفا گاه:** شوێنی خۆشی و ڕابواردن.

سەفا: صفاء. ع. پاك و بێگەرد بوون.

گاه: پاشگرە بۆ شوێن.

وەرە سەر سەیری سەفا گاهی نەزەرگەی چاوم
کە عەجەب مەنزەرەیی سەیر و تەماشایێکە

(نالی -ل ٤٦١)

**سەفا و مەروە:** صەفا و مەروە. ناوی دوو گرد، یان دوو تەپەیە لە مەککە، حاجییەکان لە نێوان ئەو دوو گردەی سەفا و مەروەدا ڕا دەکەن و ئەم ڕاکردنە یەکێکە لە پێویستییەکانی حەج. (غیاث)

فویووزاتی سەفا و مەروە هەروەك ناودان دەم دەم
لە یەنبوعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جاری بێ

(نالی -ل ٦٣٥)

**سەفەر کەردە:** سەفەر کردوو، یاری سەفەر کردوو.

بۆ سەفەر کەردەیی من بەدری فەلەك شایانە
بێتە سەر دەستی و بۆ ڕەددی عەدوو بێ بە سوپەر

(کوردی -ل ١٦)

دائیما دەستی دوعا دەگرم شایەد زۆر زوو
شای سەفەر کەردەیی من بێتەوە بێ عەجزو زەرەر

(کوردی -ل ١٦)

**سەفحەی جیهان:** مەبەست هەموو جیهانە.

سەفحە: صفحە. ع. ڕوو، لایەکی پەڕەی کاغەز، لا، کەنار.

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەو ئەژنۆ کەف زەنــان

گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

(سالم –ل ۹۷)

**سەفحەی دونیا:** مەبەست هەموو دنیایە.

سەفحە: ———◄ سەفحەی جیهان.

تا تەرەددودمە لەسەر سەفحەی دونیا لــە غەمت

بەس کەشاکەش لە کەدەر مـایە وەك کلکی دەبیر!

(سالم –ل ٦٨)

**سەفحەی ڕوخ:** دەموچاو، ڕوو، سەر ڕوو.

سەفحە: ———◄ سەفحەی جیهان.

نالی ئەو نوقتە کە وابوو بە نیشانەی چـــاوی

من لە سەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

(نالی –ل ۹۲)

تاری کاکۆڵت لەسەر سەفحەی ڕوخت تاتارییە

خەتی دەوری لێوی ئاڵت جەدوەلی زەنگــارییە

(کوردی –ل ٥١)

قـەدری عـاشق کـــەی دەزانێ چونکە تیفلەو بەدخـــووە

تا خەتی موشکین لەسەر سەفحەی ڕوخی ئیزهــار نەبێ

(کوردی –ل ٥٣)

خاڵی سەر سەفحەی ڕوخی جانا چ نادر کەوتووە

حیکمـەتی دارولخەلافەی گورجییان هیندوو دەکا

(سالم –ل ۳۱)

**سەفحەی عەقیق و زەعفەران:** مەبەست دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاوە کە فرمێسکی خوێناوی پێدا بێتە خوارەوە.

سەفحە: ←── سەفحەی جیهان.

گریە دەرژێنێ بەسەر رووما دەما دەم ئــەشکی خوێن
بێن تەماشا کەن لە یەك سەفحەی عەقیق و زەعفەران
(سالم –ل ٩١)

**سەفی مەقرووز:** دەستەی قەرزاران، ریزی قەرزاران.

سەف: صف. ع. ریز.

مەقرووز: مقروض. ع. قەرزار، قەرزدار.

سەفی مەقرووزی بێ تەوسەن لە سەهمی سەن سەنی ئەتراك
وەکو عـــاشق لــە هــیجرانا یەکــایەك ئەشــك رێــزانن
(سالم –ل ١٠٥)

**سەقا:** سقاء. ع. ئاودەر، ئەو کەسەی کە ئاو دەبا بۆ مالآن، ئاوگێر.

بۆ تۆزی رەهت دیدە سەقاو و موژە جارووب
ترسام کە لە پێت چێت دەمێ جێت بمـــاڵم
(نالی –ل ٢٨٧)

**سەقەر:** سقر. ع. دۆزەخ.

قەلبی مونەووەرە لە حەبیبانی نـــازەنین
یا وەك سەقەر پڕە لە رەقیبانی لەندەهوور
(نالی –ل ١٩٠)

ســـــەقەر و بـــاغی ئیرەم دووره بـــەیـــەك بـــن
بوونی من دۆزەخی ئەو بۆسەیی ئەو کەوسەری من
(سالم –ل ٩٤)

**سەقەریی:** دۆزەخیی، ئەو کەسەی کە لەناو دۆزەخدا بێت.

دوور لە خاڵی سەری کۆی تۆ سەنەما تا سەفەریم
لە بەهەشتێکی وەك ئەم شارە لە حـــاڵی سەقەریم
(سالم –ل ٨٨)

**سەقیم:** سقیم. ع. نەخۆش، بیمار، دەردەدار، کۆی ئەم وشەیە (سقام و سقیماء)ە.

لە شەرحی هەینەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی
سەقیمە عـــاجزە تەســــحیح و رابیتی تــــەدبیر
(نالی –ل ۲۱۰)

سالمیم ڕابورد بە مەرگی دولبەرم
دڵ بریندارم لەبەر دیدەی ســەقیم
(سالم –ل ۸۸)

**سەگ:** مەبەست دڵدارە، عاشق.

ئەو سەگەی سەد ساڵ جەفاکێشە لە هیچی دەردەکا
وای بە حـــاڵی مــن کـــە سێسەد پایە ناماقووڵترم
(کوردی –ل ۲٤)

**سەگ مەرگ:** ئەو کەسەی کە بە سەختیی و ئێش و ئازارەوە گیانی دەربچێ، ئەو کەسەی کە لە سەرەمەرگدا گەلێ دەرد و ئازار بچێژێ.

لـــەنەزعـــا پێی دەڵێم قـــوربان جەفا بەس بێ دەڵێ کافر
ئەمە چیت دیگە تۆ سەگ مەرگیی کارم ماگە پێت جارێ
(کوردی –ل ٥۳)

**سەگ مەگەس:** مێشە سەگانە، جۆرە مێشێکی تایبەتو گەورەیەو بە زۆری بە سەگەوە دەنیشێتەوە و زۆر بە زەحمەت لێی دوور دەکەوێتەوە.

هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و ڕەقیبیش
دێتە سەر و چاوم کە منیش ســەگ مـــەگەسێکم
(نالی –ل ۲۸٥)

**سەگی تازیی:** تانجی، تاژی، سەگی ڕاو، کە باریك و لاواز و چوارپەل درێژ و بە هەڵمەت و خێرایە.

قوش قوشی ڕاویی نەبێ مورغی کولانە و ئاخورە
ســـەگ سەگی تازیی نەبێ کـــادینیی و ئەنبارییە
(نالی –ل ٥۸۱)

**سەلەم:** سلم. ع. چوونە ژێردەست و دەسەڵاتی کەسێك. کڕین و فرۆشتنی خەڵە و کشت و کاڵی لەم بابەتە لە پێشەکیدا.

گیان ئەدەم ئەمساڵ بە نرخی ماچێکی دوو ساڵی تر

قەت بەمە شرووتی سەلەم لەم بەیعەشا سەودا نــەبوو

(سالم -ل ١٠٧)

**سەلم:** لە ئەڤێستادا sairima و لە پەهلەڤیدا sarm هاتووە، کە یەکێکە لە سێ کوڕەکانی فەرەیدوون، لە ئەڤێستادا (فەرڤەردین یەشت، بەندەکانی ١٤٣ -١٤٤) ناوی وڵاتی ئێران و تووران و سەلم و سائینی و داهی هاتووە، سێ وڵاتی یەکەم هێنانە یادی داستانی ناسراوی فەرەیدوونە، کە جیهانی لە نێوان سێ کوڕەکەی خۆیدا، سەلم و توور و ئیرەج دابەش کردووە. وڵاتی سەلم یان سەرم لە ئەڤێستادا sairima هاتووە و گیر و گرفت هەیە بۆ دیاریکردنی ناوی ئەمە. مێژوونووسان بۆ ئەم وڵاتە، ڕۆم و ڕووس و ئالان و مەغریب و خاوەر زەمین و فەرهەنگستان و ئەورووپایان دیاری کردووە، ڕۆژهەڵاتناسەکانیش کەوتوونەتە گومانەوە، هەندێ بە نەتەوەی سامی نەژاد solym یان داناون، کە لە ئاسیای بچووك لە وڵاتی لیکیە Lycie جێگیربوون. بەڵام بەشی زۆری ئەوانە گومانیان وایە کە نەتەوەی سەلم هەمان تیرەی ناسراوی (sarmat یانsaurmat) ن، هەروەها (مارکوارت)یش باوەڕی وابووە، سەرمەتەکان نەتەوەیەکی ئاری نەژاد بوون، نیشتمانی ئەوانە لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئاراڵە وە دەست پێدەکات تا ڕووباری (دولگا)، ئەوانە چادرنشین بوون و دووربوون لە شارستانێتی و ژیانی شارەوە، بە گوێرەی بۆچوونی مێژوونووسانی کۆنی یۆنان و ڕۆم مادەکان خۆیان بە خزم و هاوڕیشەی سەرمەتەکان دادەنا. (یشتها، پور داود، ٢: ٥٥ -٦، برهان. چا. م. معین: سلم.) (معین)

توخوا فەزایی دەشتی فەقێکان ئەمێستەکەش

مەحشەر میسالە یا بووەتە چۆڵی سەلم و توور

(نالی -ل ١٩٤)

غەم جەیشی سەلم و تووره دێتە سە ر ئیرەجی دڵم

بۆ شۆرش و وەغــا (چــو دڵی) سینەبوو بــە ڕەی

(سالم -ل ١٥٣)

**سەلما:** سلمی. دلبەرێکە لە ئەدەبیاتی عەرەبدا، وەکو لەیلا، هەروەها لە ئەدەبیاتی فارسیشدا هاتووە.

عیشقت کە مەجازیی بێ خواهیش مەکە ئیلا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عـەزرا کچ
(نالی -ل ١٥٧)

قاصد حضرت سلمی کە سلامت بادش
چە شود گر بە سلامی دل ما شاد کند
(حافظ، جلالیان -ص ١٠٢٢)

واتە: نامەبەری حەزرەتی سەلما کە هیوادارم تەندروستی باش بێت، چی دەبێ ئەگەر دڵی ئێمە بەسەلامێ شاد بکات.

**سەلمان:** ناسراو بە سەلمانی فارسی، یەکێ بووە لە یارانی پێغەمبەر (د.خ)

سەعادەت بوو بە نوورو ساعیدی زروەی هیدایەت بوو
عەلامەت نووری ئیمانی بیلال و وەیـس و سـەلمانە
(نالی -ل ٥٠٦)

**سەڵا هەستان:** مەبەست دەنگ بەرزبوونەوەیە، هاوارکردن، سەڵا: صلا، صلاء .ع. واتە بانگکردنی کەسێ یان کەسانێ بۆ ئەنجامدانی کارێ، یان بۆ نانخواردن.

لەسەر ئەو زوڵمەت ئابادی شـەوی کوفرە کە تالیع بوو
سـەڵا هەستا لە ئینس و جان کە ڕۆژی نووری ئیمـانە
(نالی -ل ٥٠٥)

**سەماع:** سماع. ع. گوێ گرتن لە گۆرانی و ئاواز.

بیستنی ئاوازی خۆشی و شادی و دەست ڕاوەشاندن و سەماکردنی سۆفییەکان کۆبوونەوەی سۆفییەکان بۆ گوێ گرتن لە گۆرانی و ئاواز، کە ئەمە لای هەندێ لە زانایان پەسند نییە.

(بۆ زانیاری پتر بڕوانە: فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی -دکتر سجادی

ئاوازێ کە حاڵی گوێگر بگۆڕێ، حاڵێ کە لە ژێر کارتێکردنی ئاواز و دەنگی خۆش پەیدا دەبێت، لەم حاڵەدا هەندێ جم وجووڵی نائاگایانە ڕوو دەدات، کە تەماشاکەر وا دەزانێ ئەمە سەمایە. (فرهنگ اصطلاحات عرفانی -دکتر دانش پژوه)

سەماعە گــەردشی عیشقە حــەقیقەت
لە سۆفی و ڕەقسی تەقلیدیی نەما باس
(نالی -ل ٢٣٣)

ڕۆژێ بێجام کرد و ساتێ چوومە لای شێخ بۆ سەماع
وەك کوزە کەمتیاری پێ بێ دەسبەجێ لایدام لــە ڕێ
(کوردی -ل ٥٥)

**سەمەدانی:** صمدانی. ع. خوایی، خودایی، یەزدانی.

سەمەد: صمد. ع. بێنیاز، بە دەسەڵات، ئەوەی کە هەمووان پێویستییان پێی هەبێ.

ئەی مەتلەعی ئەنواری هەموو قاسیبی و دانی
شـــــەمـــســـــی ســــــەمـــــــەدانــــی
(نالی - ل ٢٦٩)

**سەمەر قەند:** سەمەرقەندی یەکەم بە مەبەستی خۆشی و شادی هاتووە. هەروەها واتای بەری شەکریش دەگەیەنێت.

سەمەر: ثمر. ع. بەر، بەری هەر میوەیەك.

قەند: شەکر.

دەدا هەر دەم شەکەر خەندەت سەمەرقەند
بـە قوربانی شەکـەر خەندەت سەمەرقـەند
(سالم - ل ٥٦)

**سەمەرقەند:** یەکێکە لە شارەکانی ئۆزبەکستان.. [ئەم وشەیە کراو بە عەرەبییەو، لە پەهلەڤیدا سەمەر کەند. واتای بەشی یەکەمی وشەکە نەزانراوە و بەشی دووەمی (کەند). پارسی باستان کەنتا، وەرگیراوە لە (کەن)، کەندەن.] شارێکە لە کەناری

ڕووباری سوغد، که ئێستا یەکێکە لە شارەکانی ئوزبەکستان. (معین)

دەدا هەر دەم شەکەر خەندەت سەمەرقەند

بەقوربانی شەکەر خەندەت سەمەر قەند

(سالم - ل ٥٦)

**سەمەك:** سمك. ع. مەبەست گۆی زەوییە. جیهان. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسانەیەی کە دەڵێ: گۆی زەوی لەسەر شاخی گایەو گایش لەسەر پشتی ماسییە.

تیری ئاهی سوبحگاهم ڕەنگە کون کون کا فەلەك

ئەشکی ئاتەشناکی من تەحقیق ئەگاتە سەر سەمەك

(سالم - ل ٧٧)

سەمەك دێنێتە جونبوش ئەشکی سوورم

مەلەك دەگری لەبەر تەئسیری نالەم

(سالم - ل ٨٦)

**سەمەن:** ←——— یاسەمەن.

لە خەزان بێخەبەرە بەرگی بەهار و چەمەنی

بێ بەقایی گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەنی

(نالی - ل ٦٦٨)

**سەمەندەر:** [ سالامەندرا = سەمەندوور = سەمەندول = یونانی. salamańdra .لاتینی. Salamandra.] گیانلەبەرێکە لە کۆمەڵەی جووت ژیانیی (واتە لە ئاو و وشکاییدا دەژی). کلکدارە، کە خۆی دەستەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، ئەم گیانلەبەرە بالآیەکی مام ناوەندی هەیە، کە ئەو پەڕەکەی دەگاتە ٢٥سم، پێستەکەی تاریك ڕەنگە لەگەڵ خاڵ خاڵی زەردی تۆخدا، لە شوێنی شێدار و تاریك و ئەشکەوتەکاندا دەژی، جڕ و جانەوەر و کرم دەخوات، لەشی مەیلەو قەڵەوە و بە کلکێکی ئیستیوانەیی کۆتایی دێت، گیانلەبەرێکی بێ ئازارە و پێستەکەی شتێکی لینج دەردەدات کە سووتێنەرە، سالامەندرا، سالاماندەر، دەڵێن کە لە ناو ئاگردا ناسووتێت، بەڵام لەم بۆچوونەدا زیادەڕەوی کراوە. (معین)

هەروەها دەڵێن: سەمەندەر ناوی جانەوەرێکە کە لە ناو ئاگردا پەیدا دەبێ، دەڵێن وەکو مشکێکی گەورە وایەو کاتێ کە لە ئاگر بێتە دەرەوە دەمرێت، هەندێك دەڵێن هەمیشە لە ناو ئاگردا نییە و هەندێ جار دێتە دەرەوە و لەو کاتەدا دەیگرن و لە پێستەکەی کڵاو و دەستەسڕ دروست دەکەن، کاتێ کە چڵکن دەبێت دەیخەنە ناو ئاگر و چڵکەکەی دەسووتێ و پاك دەبێتەوە، هەندێك دەڵێن وەکو مارمێلکە وایە و لە پێستەکەی چەتر دروست دەکرێ، تا گەرمی گل بداتەوە و لە مووەکانی جلوبەرگ دروست دەکرێ و لە شوێنێ گەرمدا لە بەری دەکەن و گەرما گل دەداتەوە، هەندێکیش دەڵێن وەکو باڵندە وایە «ئیتر خوا خۆی دەزانێ» هەروەها ناوی ناوچەیەکە لە هیندستان، کە لە وێوە داری عوود دەهێنن.

لە پەراوێزدا دەڵێ: لە فەرەنسیدا Salamandre واتە فریشتەی سپێردراو بە ئاگر و پەمووی کێوی. «از افادات علامهء دهخدا» بڕوانە: سمندل، سمندور، سمندوك، سمندول، سمندون و بە تایبەتی سالامند:

بـه آتش درون بر مثال سمندر

بـه آب اندرون بر مثال نهنگان

(رودکی سمرقندی، لغت فرس، ۱۳۵)

بڕوانە: برهان قاطع – باهتمام دکتر معین.

واتای بەیتەکە: وەکو سەمەندەر لە ناو ئاگردا، وەکو نەهەنگ لە ناو ئاودا.

دنیا بووە بە تاوەو سەحرا بە ژیلەمۆ

دنیا دەڵێن ئاگرە ناری سەمەندەرە

(نالی – ل ٤٤٠)

لە ڕووی ئەو شەمعەدا سوحبەت تەلەب کا قورب چۆ سەهوە

دەسووتێ یەك نەزەر پەروانە ئاسا گەر سەمەندەر بێ

(سالم – ل ١٤٢)

خۆش ڕەنگە خاڵی هیندوویی فەردت لە عاریزا

سابیت قەدەم موقیمە لە نارا سەمەندەریی

(سالم – ل ١٤٥)

**سەمەن ساق:** مەبەست پووزی سپی و جوانە.

سەمەن: ←——— یاسەمەن.

ساق: پووز.

ڕەیاحین پەرچەم و لالە کولاهـ و یاسەمەن تورە

بەنەفشەخاڵ و نەرگس چاوو گوڵ زار و سەمەن ساقە

(نالی – ل ٤٥٥)

**سەمتوور:** سەنتوور. سازێکی موسیقی ژێدارە، ژێیەکانی زۆرن و دەگەنە نزیکەی حەفتاو دوو ژێ، یان سیم، کە بە دوو لێدەری لە دار دروستکراو لێدەدرێت، یەکێکە لە کۆنترین سازەکانی ئێران، دەڵێن ئەبونەسری فارابی ئەم سازەی دروست کردووە و بە عەرەبی پێی دەڵێن (سنطور) یان (سنطیر). (عمید)

سەرم سەمتوور و سینەم چەنگە دڵ دەف

خەفەت یار و مەقام ناڵینە بێ تۆ

(کوردی – ل ٣٩)

سەدای سەمتوورە کەللەم گەرمە ئەمشەو

چریکەی بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٢)

مەنعی زاریی دڵ کە سالم با نەدا عیشقت برووز

بەزمی پەنهانی دەکا ئاوازی سەمتوور ئاشکار

(سالم – ل ٦٣)

**سەموور:** مەبەست دەوڵەمەندی و دەسەڵات و جلوبەرگی جوان و گران بەهایە، یان ئەو جلوبەرگەی کە لە پێستی سمۆرە دروست کرابێت.

سەموور: سمۆرە.

سالم ئەکەی لە شەوکەتی مەنعم ئەزەر بە غەم

نادەم پەڵاسی کۆنەیی فەقرم بە سەد سەموور

(سالم – ل ٦٤)

**سەنا:** سناء . ع. ڕووناکی، ڕۆشنایی، تیشك، بەرزی، بڵندی.

بەیزێکی شوتور مورغیی کەوا تازە کرابێ
وەك بەیزەیی بەیزا بەزیباو و بەسەنابێ

(نالی – ل ٦١٦)

**سەنا خوان:** ستایشکەر، ئەو کەسەی کە بەسەر ئەم و ئەودا هەڵدەدات و ستایشیان دەکات.

سەنا: ثناء . ع. ستایش، بەسەردا هەڵدان.

خوان: ڕەگی چاوگی خواندەن (= خواندن)ی ف. یە. واتە خوێندن.

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانیی دەکا
نوکتە سەنجی و بەزلەگۆییی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نالی – ل ١٠١)

عادەتم گرتووە ئەز بەسکی بە چۆڵی و کەنار
جوغدی وێرانە لە هەر گۆشە سەنا خوانی منە

(سالم – ل ١٣١)

گرچە دوریم از بساط قرب همت دور نیست
بندەء شاه شمائیم و ثنا خوان شما

(حافظ قزوینی – ص ١١)

واتە: هەر چەندە ئێمە لە کۆڕ و ئەنجومەنی پاشاوە دوورین بەڵام هەوڵ و کۆشش لە ئێمەوە دوور نییە، بەندەو و ستایشکەری ئێوەی پاشاین.

**سەنەك:** سنك. پەتی ملی سەگ، گەردن بەندی سەگ، کە دەڵێن سنك کردنی سەگ، واتە بەستنەوەی سەگ.

وەك سەگێکی پەت پسێنی بێ سەنەك ببرێ بە فێڵ
دەم دەبا کەڵبەی لە پێچکەی لالەغاوەی گیر دەکا

(سالم – ل ٣٨)

**سەنەم:** صنم. ع. مەبەست شۆخ و شەنگ، خۆشەویست، دلبەر، یار. بت.

مایله وەك سەری زوڵفت سەری من بۆ بەری پا

بەجەفا مەیخەرە لا سا سەنەما تووبی خودا

(سالم – ل ٢٧)

بەندی کردم بە جەفا لا مەزەبی پڕ ستەمێ

نمەکی ڕیتە برینم نمەکین لەب سەنەمێ

(سالم – ل ١٤٩)

**سەنعان:** صنعان. بە پێی گێڕانەوەی شێخی عەتار (عطار)، لە (منطق الطیر)دا، دەڵێ: عاریفێکی گەورە بوو کە لە مەککە (٧٠٠) دەروێشی هەبووە، لە ژێر کارتێکردنی ئەو خەوەی کە دیبووی، لەگەڵ کۆمەڵێ لە دەروێشەکانیدا چوو بۆ (روم)، عاشقی کچێکی مەسیحی بوو، لەسەر داوای ئەو وازی لە ئاینی ئیسلام هێناو ڕۆیشت بۆ کەنیسای مەسیحییەکان و خەریکی خوا پەرستی بوو، شەرابی نۆشی و ساڵێ بوو بە شوانی بەراز، بەڵام بە هۆی کۆششی گەورە دەروێشێکی خۆیەوە تۆبەی کرد و لەگەڵ دەروێشەکانیدا بەرەو مەککە گەڕایەوە، کچە مەسیحیش لە غەیبەوە ڕێگەی ڕاستیی پیشان درا و کەوتە دووی شێخ و لە بیاباندا بە شێخ گەیشت و لەبەر دەمی ئەودا گیانی دەرچوو. مینەوی دەڵێ: وشەی سەنعان دراوەتە پاڵ شاری سەنعان و مەبەست هەمان شاری (صنعاء)یە کە لە وڵاتی یەمەنە. هەندێکیش بە هەمان (شیخ عبدالرزاق صنعانی) دادەنێن، کە لە (تحفة الملوك غزالي)دا باس کراوە. (بۆ زانیاری پتر بڕوانە: معین)

ئەگەر دولبەر قبووڵ کا دینی تەرسا

دڵا تۆ وەیسە بی گەر نەبیە سەنعان

(سالم – ل ٨٩)

حەسرەتا دڵ لە فیکری گیسوودا

وەکو سەنعان بە دینی تەرسایە

(سالم – ل ١٣٤)

**سەنعەتی مانیی:** مەبەست هونەری مانیی یە.

مانیی: ←———

حوققێکی زەڕی سافی لەسەر بانی نرابێ
نەختێکی بەسەد سەنعەتی مانیی قڵەشابێ
(نالی – ل ٦١٤)

**سەنگ ئاسیا:** سەنگی ئاسیا، بەردی ئاش، بەرداش.

سەنگ: بەرد.

ئاسیا: ئاش.

نەهری ئەشك ئەمشەو لە دیدەم وا بەخوڕ دەڕژێتە ڕوو
دڵ لە سینەم تا سەحەر سەنگ ئاسیا ئاسا گەڕا
(سالم – ل ٣٤)

نەهری ئەشکم بۆ مەداری دڵ گەلێ نەفعی هەیە
ناگەڕێ سەنگ ئاسیا تا قووەتی ئاوی نەبێ
(سالم – ل ١٣٨)

**سەنگی سییەه:** کورتکراوەی سەنگی سیاه، واتە: سەنگی سیا، بەردی ڕەش.

سەنگ: بەرد.

سییەه: سیاه، سیا، ڕەش.

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەه زەڕ
لەم قەلبە کە وەك بەردە ڕەشە (رُشَ رَشاشا)
(نالی – ل ٧٧)

**سەنگی فەلاخەن:** بەردی قۆچەقانی، بەردی بەردەقانی.

سەنگ: بەرد

فەلاخەن: جۆرە ئامرازێکی بەرد هاوێژە، بە زۆری لە خوری دروست دەکرێ و وەکو پارچە پەتێکی دوولا وایە و ناوەڕاستەکەی پانە و بەردی تێدا دادەنرێت بە مەبەستی هاوێشتن و تێگرتن.

شیشەی دڵ بەس لە کونجی سینەدا پۆشیدە بـــوو
باز بە سەریا غـەم وەکو سەنگی فەلاخەن هـاتەوە
(سالم – ل ١٣٢)

**سەواد:** مەبەست خوێندن و فێر بوونە، خوێندەواری.

تورەت وەکو تۆماری شکستەو سەری کوڵمت
بـــۆ نووری سـەوادم بووەتە شـەمعی موتاڵا
(نالی – ل ١١٦)

**سەوادی خەمی زوڵف:** زوڵفی ڕەش و لوول.

سەواد: سواد. ع. ڕەشیی.

خەم: ———→

زیوەری حوسنی دلارامە سەوادی خەمی زوڵف
نـانوێنێ کە نەبێ زوڵمەتی شـەو شەوقی چـرا
(سالم – ل ٢٧)

**سەوادی تورە:** پەرچەمی ڕەش، مووی ڕەش و ڕێکخراوی سەر ناوچەوان.

سەوادی تورەیی ئەو ئیشتیبـاهی سەهوی جوان
بەیازی تورەیی ئـەم ئینتیبـاهی سـوجدەیی پیر
(نالی – ل ٢٠٦)

**سەودا:** سوداء . ع. مەبەست دڵداری و خۆشەویستییە. هـەروەهـا گەلێ واتـای تری هـەیە وەك: ڕەش، مـالـیـخـولـیـا، وەسواس، ئـەنـدێشەی بـەد، دڵـتـەنـگـی و سـەرزەنشت، ئارەزووی زۆر...هتد. (معین)

شەبەهی زوڵفی شەبـەهـ گۆنەیە ڕووگەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەرو سـامـانم دا
(نالی – ل ٩٠)

نــەقدی دڵێ کـــــە ڕائیجی ســــــەودایـی تـــــۆ نــەبێ
مەغشووش و کەم عەیارە و و هەم قەڵب و هەم چرووك
(نالی – ل ٢٥٦)

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە
گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە
(نالی – ل ٤٦١)

عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت
سەوداو و پەرێشانم و سەودایەکی خـــاوە
(نالی – ل ٥٣٣)

ســەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە نیوە هــەودایە
چ هـەودایە کە هەر حەڵقەی دوسەد زەنجیری سەودایە
(نالی – ل ٥٥٦)

بیستم لە هەموو لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە
ســەودا لەسەرمدایە بــاکم چ لـە غــەوغایـە
(نالی – ل ٥٦١)

**سەودا زەدە:** مەبەست گیرۆدەی دڵداری و خۆشەویستییە، دڵدار.

سەودا: ⟵——

زەدە: ——⟶ زەدەی لەتمە.

سەودا زەدەکەی زوڵفت نەزهاری لەکن پەشمە
دوور لەو گوڵە بێ خـارە گوڵزاری لەکن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٤)

تـاسر زولف تو در دست نسیم افتادەست
دل سودازدە از غـصـە دونیم افتادەسـت
(حافظ، رهبر – ص ٥٢)

واتە: کاتێ کە سەری زوڵفی تۆ کەوتە بەر شنەی بای شەماڵ، دڵی گیرۆدە و عاشقی من لە داخاندا بوو بە دوو لەتەوە.

روزگاری است که سودازمده روی توام
خوابگه نیست مگر خاك سر کوی توام
(سعدی، کلیات - فروغی - ص ٥٤٥)

واتە: ماوەیەکی دووروردرێژە کە گیرۆدە و عاشقی ڕووی تۆم، بێجگە لەسەر خاکی گەڕەکی تۆ جێگەیەکی ترم نییە بۆ نوستن.

**سەودا سەر:** دڵدار، عاشق، گیرۆدەی دڵداری.

سەودا: ⟵

سابقێ پرسی کە دڵ ئەفسوردەو و سـەودا سەرم
یا لە سەرمایەی هـەواو میهر و شووری دلبەران
(کوردی - ل ٣٤)

چارەیی عیللەتی حیرمان و دەوای مەئیووسیی
مۆمیای شەربەتی سەودا سـەرو ڕەنجیدە تەنان
(کوردی - ل ٣٦)

**سەوری فەلەك:** گای فەلەك، گای گەردوون. مەبەست سێیەمین بورجە لە دوانزە بورجەکە، کە بەرامبەر بە مانگی ئوردیبیهیشتە. (معین)

سەور: ثور. ع. گا.

لە دەورانی تەبیعەتدا لـەگەڵ سـەوری فەلـەك جووتە
لە ملیا چەمبەری دەوران و تەوقی چەرخی گەردوونە
(نالی - ل ٥٢٢)

**سەوگەند:** سوێند. لە کۆندا ئەم وشەیە بە واتای گۆگرد هاتووە، سەوگەند خواردن واتە گۆگرد خواردن، ئەمە لە کۆندا جۆرە تاقیکردنەوەیەك بووە بۆ گوناهکاران، یان بێگوناهان، کە پێشینان هەندێ ناویان لەگەڵ گۆگرد تێکەڵاو دەکردو دەیان دا بە گوناهبار و بەم هۆیەوە لە ژێر کارتێکردنی ئەم کارەدا گوناهباریی و بێ

گوناهییان دیاری دەکرد، دوای ئەوە بە واتای سوێند خواردن بەکار هێنرا. (عمید)

دەپرسی گەر لە مەهجوورت بە پەیکانی موژەت سەوگەند
خــەمیدە قـامـەتـە سـالم کـەمـــان ئـاسـا لـە هیجرانت
(سالم - ل ٤٩)

ئەگەر باوەڕ ئەکەی سەوگەند بە ئەبرووت
هیلال ئاسا خـەمیدەم بـۆ مــەهی ڕووت
(سالم - ل ٤٩)

غوبـاری کـۆیی عیشقە کوحلی بینش
بە خاکی نەقشی پێی جانانە سەوگەند
(سالم - ل ٥٦)

**سەویی:** بەرچنەی گەورە. (خاڵ)

زینم لێکرد و لەسەر ئاخوڕەکـــەی بەستمەوە
توورەکە دەس نەکەوت نامە بەری سەویی شڕێ
(سالم - ل ١٤٥)

**سەهم:** سام، ترس.

سەهلە گەر مووسا عەسای کردە حەی و سەهمی نواند
موعجیزەی دا دولبەرم هەردەم بـە مووی گیسوو دەکا
(سالم - ل ٣١)

پیشەوەر دوزدانی سابیق تۆبەکاری سەهمی تۆن
هـەر لە ئێستاوە لە دڵدا موستەعیددن بـــۆ زیـــان
(سالم - ل ٩٢)

سەفی مەقرووزی بێ تەوسەن لە سەهمی سەن سەنی ئەتراک
وەکـو عـــاشــق لە هیجرانا یـەکـایـەك ئــەشــك ڕێزانن
(سالم - ل ١٠٥)

**سەهم و نەسیب:** بەش و بەخت، بەش و شانس.

سەهم: سهم. ع. بەش.

نەسیب: نصیب. ع. بەش، بەخت، شانس.

سەهم و نەسیبی ئەسڵییە بەحسی گیاه و گــوڵ نییە
تووتنە خـەرجی سووتنە موودنە مـاچی لـەب دەکا
(نالی – ل ٩٩)

**سەهمی جوعبەنشین:** تیری ناو تیردان.

سەهم: سهم. ع. تیر.

جوعبە: جەعبە، جعبە. ع. تیردان هەروەها بە واتای قوتوو و سندوقی بچووکیش هاتووە.

نشین: ڕەگی چاوگی نیشەستەن (= نشستن)ی ف. یە، واتە دانیشتن.

سەهم هەتا جوعبەنشین بێ گۆنە زەردی خـەڵوەتە
قەوس هـەتا چلەگوزین بێ هـەر ئەسیری خوارییە
(نالی – ل ٥٨٢)

**سەهمی موژەی سیاه:** مەبەست برژانگی ڕەش و کاریگەری دلبەرە. برژانگی ڕەشی وەك تیر درێژ.

سەهم: سهم. ع. تیر.

موژە: برژانگ.

دڵ پـەی دەکا نیگاهی سەهمی موژەی سییاهی
ڕەمزی هەموو بەلایە غەمزەی هەمـوو مـوسیبە
(نالی – ل ٣٩٧)

**سەهی قامەت:** مەبەست باڵای بەرزە.

سەهی: ———→ سەهی قەد.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسڵەت
کـەمـان ئـەبروو نیگەهـ ئاهـوو فەرەنگی خـوو و مـوو موشکین
(سالم – ل ٩٤)

**سەهی قەد:** مەبەست بڵند بالایە، بالای بەرز و جوان، کەڵەگەت.

سەهی: بە ڕاستی ڕوواو، بە ڕێکی چنراو، نویَ، تەڕو تازە، تازە پێگەیشتوو، نەورەس، بە زۆری لەگەڵ (سەروو)دا بەکار دێت و دەڵێن (سەروی سەهی) واتە درەختی سەروو کە بالاو لقەکانی ڕاست بن و بە مەبەستی دلبەری بالا بەرزیش بەکار دێت و هەروەها ناوی یەکێکە لە (٣٠) ئاوازەکانی (باربەد).

(معین) و (عمید)

جەوانانی سـەهی قـەد بەسکی داماون لـە بێچیزی
لە ژێر باری غەما هەریەك لە خەم وامیسلی چەوگانن

(سالم – ل ١٥)

مـاه ئەگەر وەك تـۆ جەمالی بێ لە کویَ بێنێ قـەدت
سەرو ئەگەر وەك تۆ سەهی قەد بێ لە کویَ بێنێ جەمال

(سالم – ل ٧٨)

سەهی قەددانی موشکین زوڵف و پەرچەم
(همـەکس دوسـت دارنـد و مـن هـم)

(سالم – ل ٨٣)

لەسەر سەبزەی چەمەن سەهی قەددم کـە جیلوەی کرد
لە سەجدەی خاڵی لا لێوی بنەوشە گەردەنی خـەم بـوو

(سالم – ل ١١٣)

حافز دەڵێ:

چندان بود کرشمه و ناز سهی قدان
کاید بجلوه سرو صنوبر خرام ما

(حافظ، رهبر – ص ١٧)

واتـە: نـازی دلبـەرە بـالابـەرز و شۆخـەکـان تـا ئەو کـاتـەیە، کە دلبـەری سەروو

ڕەفتاری ئێمە خۆی دەردەخات.

دیسان حافز دەڵێ:

ندانم از چه سبب رنگ آشنایی نیست

سهی قدان سیه چشم ماه سیمارا

(حافظ، رهبر – ص ٦)

واتە: نازانم بۆچی شۆخ و شەنگ و باڵابەرز و چاو ڕەشەکان، ڕەنگ بۆی دۆستایەتییان نییە.

**سەیر و سلووك:** سیر و سلوك. ع. ڕێگە تەی کردن، ڕێگە گرتنە بەر و ڕۆیشتن.

سەیر: سیر. ع. لای سۆفییەکان دوو جۆرە: «سیر الی اللّه» و «سیر فی اللّه»

سیر الی اللّه: بە ناسینی خوا کۆتایی پێ دێت.

سیر فی‌اللّه: کۆتایی نییە.

سلووك: سلوك. ع. تەی کردنی پلە تایبەتییەکانە بۆ گەیشتن بە پلەو پایەی «وصل» و «فنا»، هەروەها سلووك واتە: سیر الی اللە و سیر فی اللە، وەکو باسمان کرد. (اصطلاحات عرفانی – دانش پژوه)

بەڵێ بەم ڕێگەدا جەممازە جانبازە کە ڕۆژ و شەو

دەکا سیرو سلووکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە

(نالی – ل ٤٨٧)

**سەیلی میحنەت:** مەبەست غەم و پەژارەی زۆرە.

دەکا یادت بە پەنهان بۆ دڵم هەردەم جەفا زاهیر

لە هەر گامێ بە سەیلی میحنەتت بۆ من قەزا زاهیر

(سالم – ل ٦٩)

**سەیلی هیجر:** مەبەست غەم و خەفەتی زۆرە بەهۆی دوورییەوە.

سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامە دەر

باری فیکرت قەددی ڕاستی تێشکاندم وەك فەنەر

(نالی – ل ٢٠١)

**سەیادی فەلەك:** فەلەکی سەییاد. مەبەست ڕۆژگاری ستەمکارە.

سەییاد: صیاد. ع. ڕاوکەر.

بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەك کارێکی کرد
ڕەنگە بالأی تیر قەددان بێتە تەرکیبی کـــەمــان
(سالم – ل ٩٧)

**سەییارە:** سیارە. ع. کاروان، هەروەها تاکی (سیارات)ی کۆمەڵەی خۆرە، ئەو ئەستێرانەی کە بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە، ژمارەیان نۆ دانەیە، بەم شێوەیە: عوتارید (تیر)، زوهرە (ناهید)، زەوی (زەمین)، مەریخ (بەهرام)، موشتەری (ئورمزد، بەرجیس)، زوحەل (کەیوان)، ئورانوس، نپتۆن، پلوتون، (پلوتو). هەندێ لە سەییارات مانگیان هەیە، کۆمەڵەی سەییارات و مانگەکانیان کۆمەڵەی خۆر (منظومەی شمسی) پێکدەهێنن. (معین)

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە
مەجەڕە ئالەتی جەڕی جەریری سارەبانانە
(نالی – ل ٤٨٨)

**ستادە:** کورتکراوەی ئیستادەیە، واتە ڕاوەستاو.

ستادەم خۆم و جان و دڵ بە سالم وەختێ ڕابووری
لەڕێگـەت نەقد دەرکەف بۆ نیســارت ئینتیزارێکن
(سالم –ل ٩٦)

**ستارە:** ئەستێرە.

ئەتۆ میهر ییبو مەهروویــان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین
(نالی –ل ٣٤٨)

وەك ماه و ستارەت کـە ببێ مـــەیلی هـــەڵاتن
سەرکردەیی ڕۆژ ڕەهرەوی شەو ڕەهزەنی خەوبە
(نالی –ل ٣٩٣)

دوو سەد جار وەزعی چەرخی ئاسمان گۆڕا بەسەعد و شووم

ستارەی نەحسی ســـالم بوو لـــە قەرنێکا نـــەبوو ئـــاوا

(سالم –ل ٢٧)

**ستەم دیدە:** ستەم لێکراو، زۆر لێکراو، زوڵم لێکراو.

دیدە: ⟶

سەیوان پڕە لە شەخسی ستەم دیدە خوار و ژوور

هـەر قەبری پڕ غەمانە لـــە هـــەرلا دەکـەم نەزەر

(سالم –ل ١٣)

**ستوور:** چوار پێی وەك ئەسپ و ئێستر، ئەو چوار پێیانەی کە بۆ سواری و بار هەڵگرتن بەکاردێن.

سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا بکە

ئایا رەبیعی ئاهووە یـــا چـــایری ســـتوور

(نالی –ل ١٨٨)

**ستێز دان:** جەنگ کردن، شەڕ پێ فرۆشتن، بەرۆك گرتن، هەراو هوریا کردن، نافەرمانی و سەرپێچی.

ستێز: ستیز، رەگی چاوگی ستیزیدەن (= ستیزیدن)ی ف. یە. واتە جەنگ کردن...

کە شەیتانیش ستێزم دا خەیاڵی دانە قەت نـــاکەم

لەناو دەرد و جەفا ئەم دەفعەیە لەم داوە گەر بەریم

(سالم –ل ٨٠)

**سروەی بادی هیجران:** مەبەست غەم و خەفەتی دوورییە لەیارەوە.

زەمانی ڕەوغەنی وەسڵت چراغی عومری ڕۆشن کرد

بە سروەی بادی هیجرانت لە حـــاڵاتی فـەنادا بوو

(سالم –ل ١١١)

**سریشك:** فرمێسك، ئەسرین، ڕۆندك، ئەشك.

گەواهـی لافـی عیشقی تۆیە قـوربان
سریشکی سوور و ڕەنگی زەردم ئەمڕۆ
(کوردی –ل ٤١)

سریشکم نەخشی ناوی تـۆ دەکێشێ
جێگە سێدارەکەی مەنسوورە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٣)

**سزا:** شایان، شایستە، بەجێ.

ئەگەر تـــالیع ببێ کـــوردی ســزایە
بە حوققە دوڕ و گەوهەرکەن نیسارم
(کوردی –ل ٢٤)

**سفت و سۆی:** سوینەوە و مشت و مالّ کردن، ساف و لووس کردن.

دەست بە دەست چوو تا گەیشتە دەستی عەتتاری سەفیە
نایە سەر نار و عـــەزابی ڕۆحـــی داوو ســفت و ســۆی
(نالی –ل ٦٩٣)

**سفیدە:** سپیدە، مەبەست ڕووناکی، ڕۆشنایی. ڕووناکی دەمەو بەیانی.

سفید: سپی.

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیـــانی دا ســفیدەی بـــاغی سێـوان
(نالی –ل ٣٢٠)

**سفیدی:** مەبەست ڕووناکی، ڕۆشنایی، سپێتی.

سفید: سپی.

بەیـازی ناسییەی تۆ بوو سفیدی دا بە سوبــحی عید
لە نوسخەی قیر گوون زولّفت سیاهی برد شەوی یەلدا
(سالم –ل ٢٧)

**سککەی ئەبەد لێدان:** مەبەست نەمری و هەمیشەییە.

بەدەمتان ناوی من هات و دەبێ سککەی ئەبەد لێدەم
دەمێنێ تا ئەبەد نـاوم لـە نـاو ناوی بـەقادا بوو

(سالم –ل ١١١)

**سلووك:** سلوك. ع. ئەمە زاراوەیەکی سۆفییانەیە، واتە: بڕینی پلە تایبەتییەکان تا گەیشتن بە پلەی وەسڵ و لەناوچوون (فناء)، کە ئەمانەن:.

تۆبە، تێکۆشان، خەڵوەت، گۆشەگیری، خۆ لە گوناهـ دوور خستنەوە، پەرستن، بێدەنگی، ترس، تکا، خەم، برسێتی، وازهێنان لە ئارەزووەکان، پەرستن و فەرمان بەجێ هێنان، لێبوردن و خۆ بە بچووك زانین... (اصطلاحات)

نالی کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقی
سۆفی کە سلووکی هەیە عوجب و ریایە

(نالی –ل ٥٦٥)

**سندووقی پڕی سینە:** مەبەست دەروونی پڕ لە غەم و خەفەت، پیپش خواردنەوە لە ئەنجامی دڵ تەنگی و ناخۆشی.

لـە سـندووقـی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەر بداتە تەخت و تابووت

(نالی –ل ١٤٩)

**سواری مەرکەبی مەزموون بوون:** مەبەست دەسەڵات و تواناو شارەزایی زۆرە.

مەرکەب: مرکب. ع. هەرشتێ یان چوار پێیێ کە بۆ سوار بوون بەکاربێت.

مەزموون: مضمون. ع. ناوەرۆك، بابەتی وتە، خواست.

لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مەزموون
بەکوردی هەریەکە تازی سواریێ بوون لـە بـابانا

(سالم –ل ٣٥)

**سوبح دەم:** دەمەو بەیان، بەرەبەیان، سپێدە دەم.

خۆش سویح دەمێکە کە بەخەندە دەنوێنێ
بەس زەرەیی خورشید لە زەرێکی سوهادا
(نالی –ل ٨٤)

**سوبحگاه:** کاتی دەمەو بەیانی.

**گاه:** پاشگرە بە مەبەستی کات.

تیری ئاهی سوبحگاهم ڕەنگە کون کون کـــا فەلەك
ئەشکی ئاتەشناکی من تەحقیق ئەگاتە سەر سەمەك
(سالم –ل ٧٧)

**سوبحی سادق:** الصبح الصادق. ع. کاتێ کە ڕووناکی خۆر لەناو تاریکی شەودا بەباشی دەردەکەوێت.

لە چەرخی حوسنتا هاتن مـــوتابیق
شەو و ڕۆژ و هیلال و سوبحی سادق
(سالم –ل ٧٦)

**سوبحی کازیب:** الصبح الکاذب. ع. پێش خۆر هەڵاتن لای ڕۆژهەڵات ئاسمان کەمێ ڕووناك دەبێتەوە و لای هەندێ کەس وایە کە دەمەو بەیانە.

لە هەندێ شوێنی ناوچەی سلێمانیدا پێی دەڵێن (کازیوە)، بەزۆری لەوە دەچێ کە کراو بەکوردی (کاذب)ە بێت.

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ
دەناڵێنێ وەکـــو بولبول لـــە سوبحی کـازیبی شـــەودا
(نالی –ل ٨٨)

**سوبحی نەجات:** مەبەست هیوای ڕزگارییە.

دڵ سوبحی نەجاتی نییە بۆ جەبهە لە ڕێی زوڵف
ئەم تورەیە تـــاسەر ئەبەد شـــامە هـــەمـــوو دەم
(سالم –ل ٨٦)

**سوپای بەرگەشتە:** مەبەست برژانگە درێژ و هەڵگەڕاوە و کاریگەرەکانی یارە.

بەرگەشتە: هەڵگەڕاوە، گەڕاوە. بەرگەشت + ە.

بەرگەشت: چاوگی کرتاوی بەرگەشتەن (= برگشتن)ی ف. یە. واتە: گەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە.

ە: پاشگرە.

سوپای بەرگەشتە بوو چاوت لە موژگان
شکاندی غـــالبی دڵها بـــە مـــەغلووب
(سالم –ل ٤٤)

**سوپای خەت:** مەبەست مووی دەموچاوە، ڕیش.

سوپای خەت هات و غەیری تیغ کەسێ ناتوانێ چاری کا
بە دەریـــای عیلـــمەوە هیچم نـــەکرد بـــا بچمە دەللاکی
(کوردی –ل ٥٧)

**سوپەر:** ئامرازێکی جەنگییەو لە کۆندا بەکار دەهات، لە فلز یان چەرم دروست دەکرا، لە کاتی جەنگدا بە دەستێکەوە دەگیرا بۆ پاراستنی سەر و ئەندامەکانی لەش لە شمشێر و نێزە و تیری دوژمن.

بۆ سەفەر کردەیی من بەدری فـــەلـــەك شـــایانە
بێتە سەر دەستی و بۆ ڕەددی عەدوویێ بە سوپەر
(کوردی –ل ١٦)

جانا وەرە ئەم جەژنە بە قوربانی سەرت بم
بۆ تیری قەزای حـــەســـوودان سوپەرت بم
(کوردی –ل ٢٢)

خۆت دەزانی من سوپەر نـــانیمە بـــەر تیری جـــەفات
سا بە مروەت بە لەگەڵ من شەڕ بە دەست و شیر مەکە
(کوردی –ل ٤٩)

تەلاشی عەشقی بێ هەرکەس لـە دڵدا

دەبێ سینەی سوپەر بێ تەرکی سەرکا

(سالم –ل ٣٠)

**سوپەند:** سیپەند، ئیسپەند. گیایەکی وردە، گوڵەکانی سپی و وردن و تۆوەکەی ورد و ڕەشە، تۆوەکەی دەخەنە ناو ئاگرەوە بۆ چاوە زار و بۆنێکی تایبەتی هەیە، کە لای هەندێ کەس خۆش و پەسەندە. (عمید)

لە شەوقی ڕووی شەمع و زوڵفی دوود و تورەیی مەجمەر

سوپەند و عوود و پـــەروانە بـــخور و غـــالییە ســـووتن

(نالی –ل ٣٢٩)

**سوپیهر:** سیپهر، ئاسمان، فەلەك، بەخت. (معین)

موددێکە کە هـــەم گـــەردشی دەورانی سوپیهرم

مـــــــوغبـــــــەر بـــــــووە میهـــــــرم

(نالی –ل ٢٦٨)

**سوحبەت:** صحبت. ع. قسە، وتو وێژ، گفتوگۆ، تێکەڵی، هەڵسوکەوت، دۆستی.

نابێ بکەم بە جوز سوحبەت لەگەڵ چ دولبەر

ئارێ مەقامی وەرەعە پەرهێزی تۆبەکاران

(سالم –ل ٩٣)

**سوحبەت تەلەب کردن:** داوای قسە کردن، داوای گفتوگۆ کردن.

سوحبەت: صحبت.

لە ڕووی ئەو شـەمعەدا سوحبەت تەلەب کا قورب جۆ سەهوە

دەسووتێ یەك نەزەر پەروانە ئـــاســـا گـــەر سەمەندەر بێ

(سالم –ل ١٤٢)

**سوخەن:** قسە، وتە.

دادی شیرین که ده سالم به قەڵەم
نیه قەندی قەڵەمی وەك سوخەنت
(سالم -ل ٥٤)

واکه لەب بۆ سوخەن ئەی بەحری خیرەد
دا بڵێن لەعلی درەخشانی هەیە
(سالم -ل ١٣٤)

**سوخەندان:** قسەزان، ئەو کەسەی کە شارەزای وردەکاری قسەبێت، نووسەر، شاعیر، ئەوکەسەی باش قسە بکات و باش بنووسێت.

سوخەن: ⟵

دان: ڕەگی چاوگی دانستەن (= دانستن)ی ف. یە. واتە زانین.

موخەسسەس بوو مورەخخەس بوو بە ئەسراری کە تەقدیری
ئەجەل و ئەعزەم و ئەعلا لە تەعبیری سوخەندانە
(نالی -ل ٥١٦)

**سورب:** قورقوشم، فلزێکی نەرمی خۆڵەمێشی ڕەنگە.

لە حەرفی ناکەسان با چەند ڕۆژێ
گران کەم گوێم بە پەنبەو سورب و زەیبەق
(سالم -ل ٧٦)

**سورخ:** سوور.

سەحەر جێی سەجدە شاهید بێ لە ئەشکی سورخ و ڕووی زەردم
لە خاکی کۆیی تۆ ئالوودەیە مەرجان و سیم ئەمشەو
(سالم -ل ١١٨)

**سورخ پۆشی:** مەبەست خۆشی و شادییە.

جلوبەرگی سوور لەبەر کردن.

سورخ: ⟵

مەگەر نالّینی من هـــاتۆتە گۆشی

کەوا کردوویە تەرکی سورخ پۆشی

(کوردی –ل ٥٧)

**سورمە:** کل.

لە سورمەی شادمانی هەردوو چاوم

وەها ڕەش کەم وەکو پەڕی پەرەستوو

(سالم –ل ١١٦)

خـەزانی ڕەنگ زەردم باعیسی نەشـــونمای تـۆیە

سیاهی ڕۆژی مەجنوون سورمەیە بۆ دیدەیی لەیلا

(سالم –ل ٢٧)

**سورمەسا:** بە کل ڕێژراو.

سورمە: ⟵

سا: ڕەگی چاوگی ساییدەن (= سایبدن)ی ف. یە. واتە: ساوین، سوانەوە، بەیەك داهێنانی دوو شت، هەسان دان، ساف و بێگەرد کردن.

چ حاجەت سورمە سابێ چاوی سالم

هەتا کوحلی جەواهیر خـاکی کووتە

(سالم –ل ١٢٢)

بلّێن با زشـــت ڕوو دیبـــا نـــــەپۆشێ

چ حاصڵ سورمە سایی چاوی مەعیوب

(سالم –ل ٤٤)

**سوروشك:** سریشك، فرمێسك، ڕۆندك، ئەسرین، ئەشك.

دو چاوی من کەوا کەیلی سوروشکن

دەپێون ئاوی بەحری خوێ بـە پێوان

(نالی –ل ٣٢١)

لیباسم ماتەمە شـینە لـە شـیندام
سوروشکم سوورە ڕەنگم زەردە بێ تۆ
(نالی –ل ٣٧٩)
سوروشکم نەقشی چـاوی تـو دەکێشێ
جێگەم سەردارەکەی مەنسوورە ئەمشەو
(نالی –ل ٣٨٩)

**سورین:** سمت.

دندان گوهەر و لەب شەکەر و پەنجە بلوورن
نازك بەدەن و موو کەمەر و سـیم سـورینن
(نالی –ل ٣٣٩)

**سوعبانی کەلیم:** ــــــــــ> ئیعجازی کەلیم.

سوعبان: ثعبان. ع. ئەژدیها، ماری گەورە.

زەمزەمەی عیشقە لە ناو میسری وجوودم هەمەجا
ئاتەش ئەفشانە هەناسەم وەکو سـوعبانی کـەلیم
(سالم –ل ٨٨)

**سوقاق:** زوقاق، گۆڕدراوی (زقاق)ی عەرەبییە، واتە: کۆڵانی تەنگ، ڕێگەی باریك.

نالی کە سەدری مەسنەدی تەمکینی تەکیە بوو
بۆ تۆ بووە بە دەربەدەری کووچەو و سوقاق
(نالی –ل ٢٥١)

داستانی عیشقی من فاشە لە سەر کووچەو سوقاق
عەقڵی دێوانەم لەپاش ئەم حاڵە سـر پۆشی دەکا
(سالم –ل ٣٢)

بوو بە جێی بەبر و غەزەنفەر کووچە کووچە ناو سوقاق
سەر مەحەللە ڕەنگی بێشەی گرت لـە نێزەی جـانستان
(سالم –ل ١٠٠)

**سوكويا:** قەشەیەكە، كە حەزرەتی عیسا مەسیح ڕۆیشتووە بۆ دێرەكەی و ئینجا سەركەوتووە بۆ ئاسمان.

قەشەیەكی مەسیحی كە دەیرەكەی بەناوبانگە.

سكوياو رهبان سوى شهريار

برفتند با هديه و نثار

نوشتند نامه به هر مهترى

سكويا و بطريق هر كشورى

(فرهنگ جامع شاهنامه -زنجانى)

واتە: سوكویاو لە خوا ترسەكان بە دیاری و ئامادەییەوە چوون بۆ لای پاشا.

سوكویاو بەتریكی وڵاتەكان نامەیان بۆ هەموو گەورەكان نووسی.

هەروەها لە فەرهەنگی (غیاث)دا، بەم جۆرە هاتووە:

سوكویا: ناوی پیاوێكی مەسیحییە.

ئەم كێشە كە گیسووت هەیەتی كامی كەشیشە

بگرن بە جەدەل با عولەما ڕیشی سوكویا

(سالم -ل ٢٦)

**سولەیمان:** ⟵ ئاسەفی سانی.

خادیمی مەخدوومییە ماقووڵیی ناماقووڵییە

لەم دەرە ئاسەف سولەیمانە سولەیمان ئاسەفە

(نالی -ل ٤٥٣)

فەقێی یاخۆ نیزامی یانەخۆ پێش خزمەتی شاهی

دوڕی موڵكی سولەیمانی ڕەئیسی ئێڵی جافانی

(كوردی -ل ٦٠)

**سولووك:** سلوك. ع. لێرەدا مەبەست سالیك، مورید.

سالیك: ئەو كەسەی كە ڕێگەی خوا پەرستی دەگرێتە بەر، لاهیجی دەڵێ: سالیك

موسافیره بەرەو خوا، ڕۆیشتن لە بەندییەوە بەرەو ئازادی و لە زۆرییەوە بۆ یەکتایی. سالیك بەو کەسە دەڵێن کە لە ڕێگەی سلوکەوە دەگاتە ئەو پلەیەی کە لە ئەسڵ و ڕاستیی خۆی ئاگادار دەبێت و دەزانێ کە ئەو تەنها وێنەو نەقش نییە...

هەروەها دەڵێن کە سالیك ئەو کەسەیە کە زانستی ئەو گەیشتبێتە (عین الیقین) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (اصطلاحات)

کوشتەی نیگاهی دیدەتە گەر مەست ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە گەر شێخ ئەگەر سولووك

(نالی –ل ٢٥٥)

**سولووك:** بڕینی پلە تایبەتییەکانی ڕێگەی حەققە کە سالیك دەیگرێتە بەر، تا بگاتە پلەی بەیەك گەیشتن و لە ناوچوون. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (اصطلاحات)

بە میعراجی سولووکی سالیکاندا تا نەچی ڕۆژێ
لە ناو جەهلی مورەککەبدا دەمێنی هەروەکو ماوی

(نالی –ل ٦٨٥)

**سوڵتانی خەیاڵ:** مەبەست ئەندێشەی بەرز و وردە.

کە سوڵتانی خەیاڵت بێتە خاتر
دەبێ شاهی خیرەد مەیلی سەفەرکا

(سالم –ل ٣٠)

**سونبولستان:** شوێنێ کە پڕ بێت لە گوڵی سونبول.

سونبول: ⟵ سونبولی ئاشوفتە.

دڵ بەرابەر زوڵفی تۆ واعیز دەڵێ
ئەلوەداع ای سونبولستان ئەلوەداع

(سالم –ل ٧٦)

**سونبولی ئاشوفتە:** مەبەست زوڵفی بۆن خۆش و جوانی بەسەر یەکدا شێواو و پەخشانە.

سونبول: ڕووەکێکە لە تیرەی سەوسەن گەڵاکانی درێژ و گوڵەکانی هێشوویە، بە

ڕەنگی بەنەوشە، پیازەکەی لەناو ئینجانەدا دەچێنرێت و زوو گوڵ دەگرێت و گوڵەکانی جوان و خۆش ڕەنگن.

ئاشوفتە: شێواو، ئاڵۆز، بەیەکداچوو.

مـوو سونبولی ئاشوفتە دوڕ دانەیی ئاسوفتە
دەم غونچەیی نەشـــگوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ
(نالی –ل ١٦٠)

**سونبولی تورە:** مەبەست پەرچەمی جوانی یارە.

سونبول: ———◄سونبولی ئاشوفتە.

تورە: ►———

سـونبولی تـورە کـە پەرژینـە بە پەهلوویی گـوڵا
موو بە موو هەرێکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا
(سالم –ل ٢٦)

**سونبولی خۆشبوو:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی جوان و بۆن خۆشی یارە.

دابێنە بە پەهلوویی ڕوخا حەلقەیی گـــیسوو
مەتبووعە بە ئەترافی گوڵا سونبولی خۆشبوو
(سالم –ل ١١٥)

**سونبولی زوڵف:** مەبەست زوڵفی پڕ و جوان و بۆن خۆشە.

سونبول: ———◄سونبولی ئاشوفتە.

تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئاڵا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا
(نالی –ل ١١٥)

شەو بۆیی سەری سونبولی زوڵفت لەســـەری دام
ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەو بۆ
(نالی –ل ٣٨٦)

در گلستان ایرم دوش چو از لطف هوا
زلف سنبل ز نسیم ســـحری می آشفت
(حافظ انجوی -فرهنگ اشارات -دکتر شمیسا)

واتە: دوێنێ شەو سروەی با لە گوڵزاری ئیرەمدا هەڵیکرد و شنەی بای بەیان زوڵفی بۆن خۆشی دەشێواند.

**سونعی حەق:** کاری خوا، ئەوەی خوا ئەنجامی بدات.

عاشقی سونعی حەقم قوربانی ڕەنگی قـــودرەتم
چاوی ماوی خاڵی شین کوڵمی سپی زوڵفی سیا
(نالی -ل ١٢٩)

**سوننەت:** سنة. ع. وتەو کردەوەی پێغەمبەر (د. خ) و ئیمامەکان، ڕەوشت، ڕێگە، نەریت.

داری ئیراك و داری هیند هەردوو کە عوودە ئیسمیان
هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبو لەهـــەب دەکا
(نالی -ل ٩٨)

**سونووح:** سنوح. ع. دەرکەوتن، ئاشکرا بوون، ڕوودانی شتێ یان کارێ.

تەشبیهی حوسنی فائیقی ئاخر بەچیی بکەم
نووری سنوحی تەلعەتی سەد لەوحی ئەنوەرە
(نالی -ل ٤٢٦)

**سوها:** سها. ع. ئەستێرەیەکی کزە لە نزیك ئەستێرەی (عناق) لە کۆمەڵە ئەستێرەی (دب اکبر)، کە لە کۆندا توانای چاو و دوور بینییان بە هۆی ئەم ئەستێرەیەوە تاقی دەکردەوە. (سخن)

خۆش سوبح دەمێکە کە بە خەندە دەنوێنێ
بەس زەڕەیی خورشید لە زەڕێکی ســوهـادا
(نالی -ل ٨٤)

خەزرا دەڵێی زەمینە بە چین و خـــەتـــایەوە
غەبرا دەڵێی سەمایە بە شەمس و سوهایەوە
(نالی -ل ٥٥٢)

ئەم سیرە چییە میسلی سوهابێ نەسوابێ

دورێ کە وەکو دورِی سەما بێ نەســمابێ

(نالی –ل ٦٠٧)

**سوهان زەدە:** ساف و تیژکراو، چابووك و بە توانا.

سووهان: هەسان، ئەو بەردەی کە چەقۆ و شمشێر و خەنجەرو... هتد پێ تیژ دەکەن.

زەدە: لێدراو. زەد + ە.

زەد: چاوگی کرتاوی زەدەن (= زدن)ی ف. یە: واتە لێدان.

ە: پاشگرە.

نووکی قەڵەمم تیژە وەك نووکی درەوشی تۆ

سـووهـان زەدەیە فیکرم وەك گازنی بـورِانت

(سالم –ل ٥١)

تیرە بـــارانی نیگاهت لـــە دڵـــی عـــاشقی زار

تیژ و سوهـان زەدە وە ك نووکی سینانە بە عومەر

(سالم –ل ٧٠)

**سوو:** لا، تەرەف، بەرەو.

بۆ موڵکی شامە نامەیی من ســـوویی نالی یە

هەرحەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر

(سالم، دیوانی نالی –ل ١١٩)

بۆتۆ بە سوویی مەسجید هاتم بچم لە رِێدا

بۆ کۆیی مەیفرۆشان عەزمم شتـــابی هێنا

(سالم –ل ٣٥)

هـــەوای مــــاچی لەبت رِێی بەندەری زوڵفی بەدڵ ون کـرد

موسافیر بۆ سیاحەت سوویی چین چوو تووشی ماچین هات

(سالم –ل ٤٦)

دەناسی قەتڵی دڵ گەر نیگەهـ کەی سوویی موژگانت
نەداکە خوون بەهـــا سا بۆسەیێ دەســتم دامـــانت
(سالم -ل ٤٩)

**سوو بە سوو:** مەبەست هەموو لایەك، شوێن لە دوای شوێن.
سوو: ←

وێڵ و فیراری عیشقی تۆم شەهر بە شەهر ســوو بە سوو
پشتە بە پشتە تەل بە تەل دەشت بە دەشــت کــوو بە کوو
(سالم -ل ١١٢)

**سووختە:** بە فەقێی مزگەوت دەوترێ کە هێشتا لە سەرەتای خوێندندا بێت.
هەروەها بە واتای سووتاویش هاتووە.
سووخت: چاوگی کرتاوی سووختەن (= سوختن)ی ف. یە. واتە: سووتان.
ە: پاشگرە.

ئاسمان تەرزەی کە لـێدا بەردە بارانمـان ئەکـا
سووختەکانمان ڕادەکەن پاڵوو پساو و قوون دڕاو
(نالی -ل ٣٦٥)

**سووختە:** سووتاو.

خەرمەنی ســـالمی فـــەقیر ســووختەیە بـــە نـــاری
خۆشە بە خۆشە گوڵ بە گوڵ دانە بە دانە جوو بە جوو
(سالم -ل ١١٢)

**سووختە دڵ:** دڵ سووتاو، دڵ شکاو، ڕەنجاو.

بۆ منی سووختە دڵ شەمعی نەدامەت دەگەڕێ!
کۆمەڵی بەختی سەگە بۆیە هەمــوو دەم دەوەڕێ
(سالم -ل ١٤٥)

**سووراخ:** کون.

ئەگەر یەك لەحزە سستیی کەم لە ژێر باری خەمی عیشقت
بە میسلی پەنجەرە قوربان بەتەن سووراخی خــەنجەر بم
(کوردی –ل ٢٣)

وەکو فەوارە خوێن دەکوڵێ دەمی ئاهم لە حەلقووما
بەدڵ پەیوەستەیە سووراخی پەیکانت لــە پەهلووما
(سالم –ل ٣٣)

**سوورەت:** صورت. صورة. ع. دەموچاو، ڕوو.

بە دوژمن کەی نــیشان دەم ســـوورەتی تۆ
هــــەدییە کـــەی دەبــا ئـــایـینە بۆ کـــوور
(سالم –ل ٦٤)

**سوورەتی مانی:** نەخش و وێنەو تابلۆی مـانی.

مـانی: ←——

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال
خەت بە خەت ئیزهـاری نەقشی سوورەتی مـانی دەکا
(نالی –ل ١٠٣)

رقمش طرفەتر از صورت مانی دانند
سخنش خوبتر از صـــنعت آذر گیرند
(مجیر بیلقانی، دیوان، ٧٧٠ –عفیفی)

واتە: نووسین و نەخشەکەی بە جوانتر دادەنێن لە نەقش و نیگار و وێنەی مـانی، وتەکانیشی بە باشتر دادەنێن لە پیشەو هونەری ئازەر.

**سووڤار:** سووفـار. شوێنێکی تیرە کە ژێی تیر و کەوانی تێدا توند یان بەند دەکرێ. (معین)

ئەگەر تۆ ڕاست دەڵێی و قـاتیلی دڵ نیی ئــەدی بۆچی
درۆزن تیری موژگانت بە خورِ خوێن دێ لە سووڤـاری
(کوردی –ل ٥٦)

لە سووڤاری بە زۆری خەم سرور هێنای بناگۆشی!

موشەخەس تیری موژگانی بە قەتلی ئێمە مەئموورە

(کوردی -ل ٤٧)

**سووگواری:** تەعزیە باری، ماتەمینی.

سووگ: ماتەم، بەڵا، غەم.

وار: پاشگرە.

لە هەنگامی تەزەڕوعدا بە وازیح دای فەلەك جوابم

وتی ئەییامی شادی چوو زەمانی سووگواریمە

(سالم -ل ١٢٤)

**سۆزش:** سووتان، ئەو ئازارەی کە بەهۆی سووتانی ئاگرەوە ڕوو دەدات، سۆز و گوداز، سۆز و ئارەزووی زۆر، هەوکردن، شێوان، دڵسۆزی.

سۆز: سوون، ڕەگی چاوگی سوختەن (= سوختن)ی ف. یە. واتە: سووتان.

ش: پاشگرە.

سۆزشێکی نەفەس و شۆرشی نائیی نایی

هەریەکە نەوعە غینایێکە بە مەعنایێکە

(نالی -ل ٤٦٢)

سۆزشی کوردییە یاخۆ جۆششی ئەییامی فیراق

ئاتەشی عیشقە مەگەر یاشەرەری ناری سەقەر

(کوردی -ل ١٧)

**سۆزشی گریان:** گریانی بەسۆز، گریانی بەکوڵ.

سۆزش: ⟵

شەرەر و تابش و بارش لە دەمی ڕەعدی بەهار

ئەسەری سۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا

(نالی -ل ٩٠)

**سۆزندە:** سووتێنەر.

سۆز: اسۆزش

ندە: پاشگرە.

حاڵی عیشق و تابشی هیجرەت نیشانیدا بە من
ئاگری سۆزندە هەرکارێ بە بێشەی نەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

**سۆفی ساف:** مەبەست سۆفی ساویلکە و نەزانە.

وەك سۆفییی سافیی مەبە ئالوودە بـــە دونیـا
بێهوودە موکەددەر مەکە سەرچاوەیی مەشرەب
(نالی –ل ١٣٤)

**سیاه ماران:** مەبەست زوڵف و ئەگریجەی ڕەش و درێژی یارە.

ســالم کەسێ بـە ســالم ناگاتە ڕوویی دولبـەر
جەمعن بە دەوری گەنجا هەر سوو سیاهـ ماران
(سالم – ل ٩٣)

**سیاهی مەردومەك تكان:** مەبەست کوێر بوونە.

سیاهی: ڕەشی.

مەردومەك: گلێنەی چاو، بیلبیلەی چاو.

مەگەر وەختێ لە سەیری خاڵی چێهرەت دیدە فاریغ بێ
سیاهی مەردومەك بتكێ لەگەڵ ئەشكم بەسەر ڕووما
(سالم – ل ٣٣)

**سیەبەخت:** بەدبەخت، چارەڕەش، نەگبەت.

سیەهـ: کورتکراوەی سیاهـ، واتە ڕەش.

لە بابانا گرفتارن پەریشان خـــاتـر و بێکەس
بە جەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خوویانن
(سالم – ل ١٥)

سیەهـ بەختانی بێ دەوڵەت لەبەر بێ ماڵی و عوسرەت
گـەهـێ حـەممالی ماڵانن گـەهـێ عـەللافی مـەیدانن
(سالم – ل ١٠٣)

**سیەه چەشمان:** چاو ڕەشان.

سیەهـ: ——◄ سیەهـ بەخت.

چەشمان: چاوان، چاوەکان.

گەریێت و نیقاب لادەی فـی لجومـلـە دەبـەن دەردم
مەحزوونی سیەهـ چەشمان مەحروومی دیدەیی کاڵت
(سالم – ل ٥٢)

**سیب ڕوخسار:** مەبەست دەموچاوی سوور و سپییە.

سیب: ——◄ سێب.

ڕوخسار: ——◄

قامەتت سـەروە بـە گـوڵزاری ئیرەم
سیبە ڕوخسارت بە فیردەوسی نەعیم
(سالم – ل ٨٧)

**سیبغەتوڵلا:** صبغةالله. ع. میللەت و ئاینی محەمەدیی. (غیاث)

ڕەنگی خودا، ئاینی خودا. (معین)

صبغە: ئاین و میللەت. (معین)

بە وەقتی تەلبییە مەستی شوهوودی (صبغه اللّه) بێ
بـە گـاهـی تـەروییە سـیڕی (یداللّه) دەسـتیاری بێ
(نالی – ل ٦٣٤)

**سیبی زەنەخ:** مەبەست چەناگەی جوانە. هەر لە کۆنەوە شاعیرەکان چەناگەی جوانیان چوواندووە بە سێو.

سیب: سێو.

زەنەخ: چەناگە.

دڵم دوزدانە بـۆ سـیبی زەنــەخ چـوو

لە خەوفا پایی لەغزی کەوتە ناو چاهـ

(سالم – ل ١٢١)

**سیبی غەبغەب:** مەبەست ژێر چەناگە جوانە، غەبغەبەی سوور و سپی، غەبغەبەی وەك سێو.

سیب: سێو.

غەبغەب: گۆشتی ژێر چەناگە.

ڕەسمی عیدم سیبی غەبغەب بوو لە جەژنی پارساڵ

حـەسـرەتا لـەم جـەژنـەدا عـیدانـەو و عـیدم هـەمـە

(سالم – ل ١٢٨)

**سیحە:** صیحە. ع. هـاوار، فەریاد، دەنگی بەرز.

لە سیحەی هـاتە لەرزش قەلبی گاوی ژێر زەمین ئەمشەو

دڵی کەیـوان لە ئاهی مـن لە هـەفتەم ئـاسـمـان سـووتـا

(سالم – ل ٢٧)

**سیحر ئافەرین:** دروستکەری جادوو، داهێنەری جادوو، سازگەری جادوو.

سیحر: جادوو.

ئافەرین: ڕەگی چاوگی ئافەریدەن (= آفریدن)ی ف. یە. واتە: لە هیچەوە دروست کردن. خولقێنەر، خەلق کردن.

چ سیحرێ بێ دڵت تەسخیری من کا

بە هـەر ئانێ کە تۆ سـیحر ئـافەرینی

(سالم – ل ١٥١)

**سیحری بەیان:** مەبەست دەربڕینی زۆر جوان و خۆش و ڕەوانە.

بەیان: ع. وتە، وتار، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە، زمان، دووان، زمان ڕەوانی. (سخن)

نالی نییەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعره

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئینشا

(نالی – ل ٧٨)

آنجا کە زبان قلمش در سخن آید

بر معجزه تفصیل بود سحر بیان را

(انوری – «عفیفی»)

واتە: لەو شوێنەی کە زمان قەڵەمەکەی بهێنێتە قسەکردن، وتە جوان و ڕازاوەکانی لە کاری وزە بەدەر بالاتر دەبێ.

**سیدق خەفتان:** کورتکراوەی (سیدق خەفتانە). مەبەست ئەوەیە کە ڕاستیی و دروستیی پشتیوان و پارمەتیدەرە.

سیدق: صدق. ع. ڕاست وتن، ڕاستیی، دروستیی.

خەفتان: جۆرە جلوبەرگێکی جەنگییە، جلێکی ئەستوورە، لە خوری یان لە ئاوریشم دروست دەکرێ و شمشێر کاری لێ ناکات. (فرهنگ شاهنامه)

چوست و چابوك وەرە ڕێی دوژمنی ئەفست سالم

سیدق خەفتان و وزوو مەرکەب و شوکرانە سیلیح

(سالم – ل ٥٤)

**سیریشکی شۆر:** فرمێسکی سوێر، مەبەست فرمێسکی گەرم و کاریگەرە.

سیریشك: فرمێسك

شۆر: شوور، سوێر.

دیدە شیرینە کە پڕ بێ لە سیریشکی شۆرم

چونکە تێیدایە لە عەکسا قەددی دڵجۆیی حەبیب

(سالم – ل ٤٥)

**سیعەتی زەحمەت:** مەبەست ئێش و ئازاری زۆرە.

سیعەت: سعه. ع. گەورەیی، توانایی، پان و پۆڕی.

چەنگی گورگێ کە بە یەك حەملە لە گۆشت ڕامالێ

هاتە یادم سیعەتی زەحمەتی مەڕ جەوری قەساب

(سالم – ل ٤٤)

**سیلسیلە:** سلسلة. ع. کورتکراوەی سیلسیلەی زوڵف یان سیلسیلەی مووە. مەبەست زوڵف و پرچی پەخشان و درێژە.

سیلسیلە: سلسلە. ع. زنجیرە، کۆمەڵە.

ئــەو سیلسیلە وا میشکی خــەتـــا نێوی براوە

پڕ پێچ و شکەن خــەم بە خەم و حەلقە کراوە

(نالی – ل ٥٣٠)

ای کە با سلسلەء زلف دراز آمدە ای

فرصتت باد کە دیوانە نواز آمدە ای

(حافظ، قزوینی – ص ٢٩٢)

واتە: ئەی شۆخ و شەنگ کە بە زوڵفی لوول و درێژەوە هاتووی، خوا فرسەتت بداتێ، کە تۆ هاتووی بۆ دڵدانەوە و لاواندنەوەی شێت (دڵدار).

دیوانە بسی دارد در هر شکن و پیچ

آن سلسلە مشك تو بر طــرف طمر بر

(سنایی – «عفیفی»)

واتە: لە هەر لوولی و پێچێکی ئەو زوڵف و پرچە بۆن خۆشەی تۆدا، کە بەسەر رووی وەکو مانگدا هاتۆتە خوارەوە، زۆر شێت و شەیدای تێدایە.

سیلسیلەی زنجیر: مەبەست زوڵف و پرچی درێژ و لوولە.

ماری زەحـاکن یەکا یەك موت بە مەحبووسانی زار

وەهـ چ ســـەعبە بــەندبەندی سیلسیلەی زنجیری تـــۆ

(سالم – ل ١١٤)

**سیلسیلەی موو:** مەبەست زوڵف و ئەگریجەی درێژ و لوولە.

یاری ساحیر نەژادی سیلسیلە موو

دڵی بـردم بــە نیرگـــسی جـــادوو

(سالم – ل ١١٥)

**سیم:** زیو.

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕوممانی

دەهــان وەك فندق و غـەبغـەب وەکـوو نـــارنجـی ئیمــانـی

(کوردی – ل ٦٠)

**سیمبەر:** مەبەست سنگی سپی و جوانە.

سیم: زیو.

بەر: سنگ، سینە.

بنووسم چـون لە هیجرانا بـە یــادی سیمبەر کاغەز

دەکا گوم دووکەڵی ئاهم لەبەر مەددی نەزەر کاغەز

(سالم – ل ٧١)

بـە تـەقدیمی وەفـا نـاردی نیگــاری سـیمبـــەر کـاغـەز

بەریدی خۆش خەبەر هێنای وەکو بادی سەحەر کاغەز

(سالم – ل ٧١)

**سیم زەقەن:** مەبەست چەناگەی سپی و جوانە.

سیم: زیو.

زەقەن: ذقن. ع. چەناگە.

تورکی تیر ئەفگەنی شیرین دەهـەنی سیم زەقـەن

سەری سولحی هەیە گەر دەرحەقی یارانی قەدیم

(سالم – ل ٨٨)

**سیم و زەر:** مەبەست پوول و پارە و ماڵ و سامانە.

سیم: زیو.

زەڕ: زێڕ، ئاڵتوون.

سەد زۆری ڕۆستەمیی نییەتی زۆری سیم و زەڕ
تالیع ئەگەر زەعیف بیّ پەنجە با قەوی

(سالم - ل ١٥٢)

**سیمین:** زیوین، وەك زیو، مەبەست سپی و ساف و بێگەردە.

یاخود وەکو خۆی شاهیدە با وەسفی وەها بیّ
سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابیّ

(نالی - ل ٦١٧)

**سیمین بەدەن:** لەش سپی، لەش و لار سپی.

سیمین: زیوین.

سیمین بەدەن و سەرو قەدو لەنجە تەزەرون
کافر نیگەهـ و ڕەشك لە بوتخانەیی چینن

(نالی - ل ٣٣٨)

مونشەریح بوو لەمە گەر تۆ هەتە دەعیەی مەردی
قەت مەبە تالیبی سیمین بەدەن و ماهـ ڕوخان

(کوردی - ل ٣٦)

**سیمین زەقەن:** زیوین چەناگە، مەبەست ئەو شۆخ و شەنگەی کە چەناگەی وەکو زیو سپییە.

سیمین: زیوین.

زەقەن: ذقن. ع. چەناگە.

گوڵ بەدەن سیمین زەقەن خەت یاسەمەن فندق دەهەن
ئەسمەرەی قەد عەرعەرەی ناز و نەزاکەت دارەکەم

(کوردی - ل ٣٠)

**سیمین عوزار:** مەبەست دەموچاو سپییە.

سیمین: ⟵

عوزار: ←

گوڵ و سەرو و سنەوبەر هەر تەرەف سەریان فرۆدێنن

بچێتە باغەوە گەر دولبەری سیمین عوزاری مــــن

(سالم - ل ٩٣)

**سینان:** سنـان. ع. سەرەرم، سەرەنێزە، نووکی نێزە، نووکی رم. هەروەها بە پارچە ئاسنێکی نووك تیژیش دەوترێ، کە لە سەرێکی داردەست یان لەسەری نێزە توند دەکرێ.

بە دڵ وەختی نیگەهـ موژگانی دولبەر

دەکا کاری سینانی تووسی نــەوزەر

(سالم - ل ٦٥)

تـیرە بارانی نیگاهت لە دڵـــی عاشقی زار

تیژو سووهان زەدە وەك نووکی سینانە بە عومەر

(سالم - ل ٧٠)

بەقیە دۆزی جیگەری لەت لەتی شمشێری جــەفا

مەرهەمی سینەیی مەجرووحی سینانی هیجران

(کوردی - ل ٣٦)

**سینە:** سنگ.

حیکمەتی تۆ مولهەمە هەم قەدەمت مەرحەمە

موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری مـن

(نالی - ل ٢٣٥)

**سینە پڕ چاك:** مەبەست سنگی زۆر لەت لەتە. زۆر پەرێشان.

سینە: ←

پڕ: زۆر، گەلێ.

چاك: لەت، دڕاو.

سینە پڕ چاکە لە تیری غەمزەت
دڵ گرفتارە لـە چــاهـی زەقەنت
(سالم - ل ٥٣)

**سینە چاك:** مـەبـەست سنگ لەت لەتە.

سینـە: ⟵⟶

چـاك: لەت.

تەڵبی سینـەیی چـاکم مـەکـە بـەو چـاوانـە
سینـەکەم چاکە بە ئینسانی خـەرابی نـادەم
(نالی - ل ٣٠٧)

**سینەی ڕیش:** سنگی بریندار.

سینـە: ⟵⟶

ڕیش: ⟵ ڕێش.

جێی تـەماشامـە لە تیری نیگەهت سینـەیی ڕیش
زەخـم ئالوودە بـە خوێنم گـوڵی خـەندانی منـە
(سالم - ل ١٣١)

**سینەی سۆزان:** سینگ لە کاتی سووتـاندا، سینگ لە کاتی ئـاگر تێبەربووندا.

سینـە: سنگ.

سوزان: لە کاتی سووتـاندا.

تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننـەتی دیدەم چ دەکەی
لـەم دڵەی پڕ شـــەرەرو ســـینـەیی ســـۆزانمدا
(نالی - ل ٩١)

**سیلە:** گۆشەی کۆڵان، سووچی کۆڵان.

هاته ژێر پاساری تەنگ لەشکر ڕیکاب ئەندەر ڕیکاب
کەوتە سەر کۆڵان و سەر سییلە عینان ئەندەر عینان
(سالم - ل ١٠٠)

**سیم بەر:** مەبەست سنگ و مەمکی سپی و جوانە.

سیم: زیو.

بەر: سنگ.

ئەی میروەحەی جەمالی مەهساری دولبەران
وەی شانەزەن بەکاکۆڵی تورکانی سیم بەر
(سالم، دیوانی نالی - ل ١٩٩)

**سێب:** سییب. مەبەست مەمکە. سێو.

نەخل و ڕوممان پێکەوەن یا باغەبان وەی کردووە
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوریەی کردووە
(نالی - ل ٥٤٦)

**سێراب:** تێراو. سێر + اب.

سێر: سییر. تێر.

اب: ئاب. ئاو

چاوێ بخە لە سەبزەوو سێرابی دائیرە
جێ جیلوەگاهی چاوەکەمە نەرمە یانە زوور
(نالی - ل ١٩٣)

لە بن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە
لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغیلانە
(نالی - ل ٤٩٢)

**سێ قەدەمی:** مەبەست یاری سێ بازە. لێرەدا وشەی قەدەم بە واتای بازدان هاتووە هەروەها بە واتای هەنگاویش دێت.

چ قـــــەد کـەوانـیٚ وەکـو پـیٚ شکــــاو و ئوفتادە

کە بازی سیٚ قەدەمی قەت نەداوە وەك پەڕی تیر

(نالی – ل ٢١٢)

**سێمینە:** سێیەمین، سێهەمین.

سێمینە ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوسی عاسیان

هـاواری بگرە بـەردەیی ئـاشوویی مـــەحشەرە

(نالی – ل ٤٣٧)

**سێوی روخسار:** مەبەست دەموچاوی سوور و سپی و جوانە.

ڕوخسار:←——

تا بـەسـەر بـاغـی دڵابیٚ بـای خـەزانی فیرقەتت

عاریزم بۆ سێوی ڕوخسارت لە ڕەنگی بەی دەکا

(سالم – ل ٢٩)

**سێوی زەنەخ:** سێوی زەنەخدان. چەناگەی وەك سێو، شاعیرانی کۆن زۆرجار چەناگەی خڕو جوانی یاریان چوواندوە بە سێو.

زەنەخ: زەنەخدان. چەناگە.

هەوای سێوی زەنەخ ئەی دڵ نەکەی قەت

موهـەیـایـە لـە ڕێتـا چـــاهـی هـــارووت

(سالم – ل ٥٠)

حافزدەڵیٚ:

بـە خلدم دعوت ای زاهد مفرمـا

کە این سیب زنخ زان بوستـان بە

(حافظ، قزوینی – ص ٢٩٠)

واتە: ئەی لە خواترس و پیاوی خودا، دەعوەتم مەکە بۆ بەهەشت، چونکە چەناگەی وەك سێوی یار لەلای من لە گوڵزاری بەهەشت باشترە.

# ش

**شا:** مەبەست یارە.

دائیمـا دەسـتی دوعـا دەگرم و شـایـەد زۆر زوو
شای سەفەر کەردەیی من بێتەوە بێ عەجز و زەرەر

(کوردی – ل ١٧)

**شاپوور:** کوڕی شا، کوڕی پاشا.

پوور: کوڕ، یەکێ بووە لە پاشاکانی رایانی هیندستان، لە عەرەبیدا بووە بە (فور)، لە ئەڤیستاو فارسی کۆندا Puthra، لە سانسکریتدا Putra، لە پەهلەڤیدا Pos، Puhr. (برهان قاطع – دکتر معین)

کە دیتم شەکڵی سـەد ڕەنگی گوتم بابایی عـەیارە
کە بیستم لەفزی بێدەنگی گوتم شەپووری شاپوورە

(نالی – ل ٤٠٩)

ئـەمـن فـەرهـاد و شـاهید بێستوونـە
ئەتۆ شیرین شەماڵ شاپوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٢)

**شاتری:** خۆشڕەو، توندڕەو، ئەوەی کە خێرا بڕوات و ڕێگە ببڕێت. هەروەها تیرەیەکە لە هۆزی جاف.

شاتری تەقدیرکە پێشکەوت ڕاتەکێشی و تۆ دەڕۆی
کـاتـێ دەیزانی کـەوا خستوویتە نـاو دامـی بــەڵا
(سالم – ل ٤١)

**شاخ:** لقی دار، چڵی دار، چڵی گوڵ.

ئەو بەردەکانی ناوی نرا قسنی شەخسەکە
دایان بە شاخی دارەکەیا تورکی بێ هونەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

هێندە دڵخۆشە لەبەر سەبزی یو دار و دەوەنی
کە دەرەقسێ وەکو شاخ و فەنەن و نەستەرەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

چ تەکانێکە خودایا هەرەسی هیجری حەبیب
بۆ نیهالی ئەمەلم شـاخ و بـەر و ڕیـشە نییە
(سالم – ل ١٣٦)

**شاخسار:** لقە پۆپ، بەشی سەرەوەی درەخت کە لق و پۆپ و گەڵای زۆری پێوەیە، لقی درەخت.

شاخ: ⟵

سار: پاشگرە بە مەبەستی شوێن بەکار دێت.

بـولبـول لـە شـاخسـاری چـەمـەن بـاریـەد نــــەوا
گوڵ نایەسەر بە شەوق و شەغەف تاجی خوسرەوی
(سالم – ل ١٥١)

**شاداب:** کورتکراوەی شاد ئاب. واتە تەڕو پاراو، تێراو، تێر ئاو، تەڕو بڕ، تەڕو تازە.

تاغی یو باغی یو باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شـاد و شـادابـە گـوڵ ئاتەشی یــو نـارەوەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

**شام:** [پەهلەڤی. Šām] سەرەتای شەو، کاتی سەرەتای دەرکەوتنی تاریکی شەو تا کاتی نوستن، ئەو خۆراکەی کە لە شەودا دەیخۆن، شامی غەریبان: ١- شەوی یەکەم، کە لە غەریبایەتیدا بەسەر دەبرێت. ٢- شەوی یانزەهەمی موحەرەم بەهۆی شەهید بوونی شەهیدانی کەربەلاو غوریەتی ئەهلی بەیت حوسەین. شامی غەریبانگرتن: لە تاریکی و بە بێ چرا مانەوە. نوێژی شام: نوێژی مەغریب. (معین).

تاریکی، ڕەش.

لە سایەی ڕوویی تۆوە شامی خەڵقیی تەلعەتی سویحە
لە شامی زوڵفی تۆوە سـویحی ئێمە زوڵمەتی شامە

(نالی – ل ٤٧٢)

دڵ سویحی نەجاتی نییە بۆ جەبهە لە ڕێی زوڵف
ئەم تورەیە تا سەر بە ئەبەد شـامە هەموو دەم

(سالم – ل ٨٦)

دەناڵێنێ دڵـی زارم وەکـو زیر
لە شاما شانەکەی گەر شامی گیسوو

(سالم – ل ١١٥)

**شام و سەحەر:** ئێوارە و بەیانی.

شام: ⟵

شام و سەحەر وەکو خاك پامالی پایی خەڵکم
ئەز بەس بە یادی لوتفت کەوتم لە ڕێگوزاران

(سالم – ل ٩٣)

**شامی تورە:** مەبەست پەرچەمی ڕەشە.

شام: ⟵

تورە: ⟵

چیهرەت بە هەیئەتێکە لە نـاو شـامی تورەدا
دەربێ سەحەر لە بورجی ئوفوق شەمسی خاوەری
(سالم - ل ١٤٥)

**شامی زولف:** مەبەست زوڵفی ڕەشە.

شام: ←

لە سایەی ڕوویی تۆوە شامی خەڵقی تەلعەتی سوبحە
لە شـامی زوڵفی تـۆوە سوبحی ئێمە زوڵمەتی شـامە
(نالی - ل ٤٧٢)

پەنهانە تورکی دیدەیی مەستت لە شامی زوڵف
تـەبدیلی جـادووانـە بـە ئـەسبـابی شـەبرەوی
(سالم - ل ١٥١)

**شامی گیسوو:** مەبەست پرچی ڕەشە.

شام: ←

گیسوو: ←

دەناڵێنێ دڵـی زارم وەکـو زیر
لە شاما شانەکەی گەر شامی گیسوو
(سالم - ل ١١٥)

**شان:** شأن. ع. پلەو پایە، گەورەیی و شکۆ.

مەڵێن مەجنوون شکا شانی لـە بۆسینی سەگی لەیلا
لەلای عاشق خیلافی عاقڵی ئەو هەتکە تەمکین بوو
(سالم - ل ١٠٨)

**شانامە:** شاهنامە. مەبەست شاهنامەی فیردەوسییە، لە دەوروبەری ساڵانی ٣٧٠ - ٣٧١ کۆچی دەستی کرد بە دانانی شاهنامە بە شیعر، سەرچاوەکانی فیردەوسی پێکهاتوون لە: شاهنامەی نووسراو بە پەخشانی ئەبوو مەنسووریی و هەندێ

چیرۆکی سەرزارەکی و بەشێ لە بەرهەمە نووسراوەکان، فیردەوسی لە دوای ساڵی ۳۸٤ی کۆچی بیری لەوە دەکردەوە کە پاشایەك بدۆزێتەوە و شاهنامە بە ناوی ئەوەوە ئەنجام بدات، تا لە ساڵی ۳۹٤ – ۳۹٥ ك. بۆ یەکەم جار ئاشنایی پەیداکرد لەگەڵ بارەگای سوڵتان مەحموود و ویستی بە جۆرێکی تر چاوێ بخشێنێ بە شاهنامەدا و بە ناوی سوڵتان مەحموودەوە تەواوی بکات، گوایا لەپاش ساڵانی ٤٠١ – ٤٠٢ ك. شاهنامەکەی پێشکەش کرد بە بارەگای مەحموود، بەڵام بە چاوێکی ڕەزامەندانەوە نەیڕوانییە شاهنامەکە. فیردەوسی لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا سەرگەرمی پێدا چوونەوەی شاهنامەکەی بوو و کۆمەڵە شیعرێکی تری خستە سەر، سەرجەمی دێڕە شیعرەکانی شاهنامە دەگاتە شەست هەزار، بەڵام دەستنووسە ئاساییەکانی هەندێ جار کەمتر یان پترە. بابەتی شاهنامە مێژوو، و داستانەکانی ئێرانی کۆنە، لە سەرەتای نەژادی ئێرانی تا لەناوچوونی ئێران، بە دەستی عەرەبەکان، درێژەی ئەم بەسەرهاتە سێ دەورەی لە یەکتری جیا دەگرێتەوە:

۱– دەورەی ئەفسانەیی، لە سەردەمی کیومەرس (کیومرث) تا هاتنی فەرەیدوون.

۲– دەورەی پاڵەوانی، لە ڕاپەڕینی کاوەوە تا کوشتنی ڕۆستەم.

۳– دەورەی مێژوویی، لە کۆتایی سەردەمی کیان بەدواوە. (بەڵام ئەم بەشەیان تێکەڵە بە ئەفسانە و داستانە حەماسییەکان.)

شاهنامە باسی چوار زنجیرەی بنەماڵە دەکات:

۱– پیشدادییەکان. ۲– کیانییەکان. ۳– ئەشکانییەکان (بەکورتی). ٤– ساسانییەکان. فیردەوسی لە نووسینی بەسەرهاتەکانیدا، لە سەرچاوەکانی خۆیەوە ئەوپەڕی ئەمانەتی بەکار هێناوە، لە وەسفی دیمەنە سروشتییەکان، مەیدانەکانی جەنگ، تایبەتمەندی پاڵەوانەکان، ئەوپەڕی وریایی پیشان داوە، داستانە دڵدارییەکانی شاهنامە، هەر چەندە تێکەڵە بە مەرجە حەماسییەکان، بەڵام سەرنج ڕاکێشەر و دڵڕفێنن، لە پێشەکی و سەرەتا و کۆتایی بەسەرهاتەکاندا، فیردەوسی خەریك بووە بە پەند و ئامۆژگارییەوە، بە شێوەیەکی گشتیی شاعیر لە ڕوون کردنەوەی بیر و نەقڵ کردنی واتاو، سادەیی زمان و، بیر و بۆچوون و ڕوون

و ڕەوانی قسەو، سازکردنی وتەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی جوانی و ڕەوانی.

بەڵام دەبێ ئەوەیش بزانین کە شاهنامە کۆمەڵێ کتێبی بە پەخشان و، بەهۆنراوەی حەماسییە، کە لەوانەدا بەسەرهاتی پاشاکانی ئێران یاد کراوە. ئەو شاهنامانەی کە بە پەخشان نووسراون ئەمانەن:

١- شاهنامەی ئەبولموئەیەدی بەلخی، کە کتێبێکی مەزن بوو لە لێکدانەوەی مێژوویی و داستانە کۆنەکانی ئێران، کە پێیان دەوت شاهنامەی گەورە یان شاهنامەی موئەیەدی.

٢- شاهنامەی ئەبو عەلی محەممەدی بەلخی کە کتێبێکی باوەڕپێکراوە و لەسەر بەڵگەنامەی گرنگی سەردەمەکەی نووسرابوو.

٣- شاهنامەی ئەبوو مەنسوور، بە فەرمانی ئەبوو مەنسووری فەرمان ڕەوای تووس لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچیدا بە پەخشان نووسراوە و فیردەوس کەڵکی لێ وەرگرتووە.

شانامەیەکی تر کە لە پێش فیردەوسیدا بە هۆنراو نووسراوە (شاهنامە، یا گشتاسب نامەی دەقیقی) بوو. (معین)

دەبێ ئەوە بزانین کە شاهنامەی فیردەوسی ئەمڕۆ لە هەموویان بەناویانگترەو، نزیکەی ٦٠ - ٧٠ ساڵێ لەمەوبەر لە کوردستاندا زۆر ناسراو بووە و لە مزگەوتەکاندا خوێندراوە و شەوانی زستان لە ماڵان یان لە چایخانەکاندا خوێندراوەتەوە و مایەی سەرگەرمی خەڵك بووە و هەر لە کۆنەوە کەم و زۆر کاری کردۆتە سەر هەندێ لە شاعیرەکانمان و ناوی پاشایان و پاڵەوانەکان و ناودارانی شاهنامە هەر لە سەدە ڕابووردووەکانەوە تا ئەم سەردەمەیش بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردێن و دەیان بیستین وەکو: جەمشید، نەریمان، نەوزەر، هۆشەنگ، ئەفراسیاب، بەهرام، ڕۆستەم، زۆراب (سهراب)، فەرهاد، فەرەیدوون، قوباد، کاوس، کەیکاوس، کاوە، گیو، وەیسە، بیهزاد، خوسرەو، کەیخوسرەو، بێستوون، کەیقوباد، شەهریار، ئەسفەندیار، ئەلیاس، بەهمەن، دارا، ناهید، نەوبەهار، نەوشیروان (ئەنوشیروان)، پەرویز، زەردەشت، سەمەرقەند، کیسرا، پیرۆز، شیرین... هتد.

نییە دەخڵم لە شانامە و مەسافی غەیری ئەم نوکتە

کە کوشتەی بەندی تۆیە هەر کەسێ ئازاد و ئازابێ

(نالی - ل ٥٩٨)

**شانەزەن:** شانەکەر، ئەو کەسەی کە زوڵف و ئەگریجە شانە دەکات.

زەن: ڕەگی چاوگی زەدەن (=زدن)ی ف. یە. واتە لێدان.

ئەی میروەحەی جەمالی مەهـ ئاسایی دولبەران

وەی شانەزەن بە کـــاکۆڵی تورکانی سیمبەر

(سالم - ل ٦٦)

**شاهی تورە نووس:** مەبەست وێنەکێش و نەققاش و خۆش نووسی باڵا دەستە.

بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی

نالی لە خامەدا بووەتە شــاهی تورە نووس

(نالی - ل ٢٤٠)

**شاهی جەم:** ←—— جامی جەمشید.

شـاهی جـەم جا نـالیـا (تـاریـخ جــم) تەئریخیە

دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

(نالی - ل ٣٧٤)

**شاهی خیرەد:** هۆش بەرز، بیری بەرز.

کـە سوڵتانی خــەیـاڵت بێتە خـاتـر

دەبێ شاهی خیرەد مەیلی سەفەرکا

(سالم - ل ٣٠)

**شاهید:** شاهد.ع. گەلێ واتای هەیە، وەك: دلبەر، خۆشەویست، شۆخ و شەنگ، ئەوکەسەی شتێ یان ڕووداوێکی دیبێ، ئەوەی کە بە نموونە دەهێنرێتەوە. خودا.

شــاهیدی فیکرم کـــە بێتە جیلوەگاهی دولبەری

شاهی خوسرەو ڕۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا

(نالی - ل ١٠٣)

سـيداقی ڕوونماو و وەسلی شـاهید
لەگەڵ شایی کەران بێ دەنگ و داوا
(نالی – ل ١٢٣)

ئاهووی حـەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە
ئەم شەهد لەبانە کـە هـەموو شاهیدی چینن
(نالی – ل ٣٣٨)

ئـەمـن فـەرهـاد و شـاهید بێستوونـە
ئەتۆ شیرین شەماڵ شاپوورە ئەمشەو
(کوردی – ل ٤٢)

شاهدان گر دلبری زین سان کنند
زاهدان را رخـنـه در ایمـان کنند
(حافظ، قزوینی – ص ١٣٣)

واتـە: ئـەگـەر شۆخ و شەنگەکـان بـەم جۆرە دڵداری بکـەن، کـار دەکـەنـە ئـایـنی خواپەرستەکان.

یـکی شـاهدی در سمرقند داشت
کە گفتی بە جای سمر قند داشت
(سعدی، بوستان، غلام حسین یوسفی – ص ١٠٤)

واتە: یەکێ خۆشەویستێکی شۆخ و شەنگی لە شاری سەمەرقەند هەبوو، کاتێ کە قسەی دەکرد، وات دەزانی کە شەکر لە دەم و لێوی دەباریێ.

**شاهیدی چین:** مەبەست شۆخ و شەنگی وڵاتی چینە. هەندێ جاریش بە مەبەستی خۆر دێت. (ثروت)

ئاهوویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە
ئەم شەهد لەبانە کە هـەموو شـاهیدی چینن
(نالی – ل ٣٣٨)

**شاهی نەقشبەند:** مەبەست خواجە بهاء الدین محمدی بوخاری نەقشبەند، ٧١٨ – ٧٩١ی کۆچی. عاریف و سۆفی ناسراوی سەدەی هەشتەمی کۆچی و دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندییە، لە گوندی (قەسری عاریفان) کە یەك فەرسەنگ لە بوخاراوە دوورە لە دایك بووە، دەروێشی زۆری هەبوو، کە بەناوبانگترینیان (خواجة علاء الدین عطا و خواجة محمد پارسا) بوون. تەریقەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (بایزید بسطامی) عاریف و سۆفی بەناوبانگ.

بهاء الدین لە شوێنی لە دایك بوونی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، مەزارەکەی ئیستا وا لە (قەصری عاریفان). لە بەرهەمەکانی ئەو: (دلیل العاشقین) لە سۆفیگەریدا و (حەیات نامە) لە پەند و ئامۆژگاریدا.

تەریقەتی نەقشبەندی لە هیند و چین و تورکستان و تورکیا و جاوە و کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراقدا هەیە. (معین)

نەقشە ڕووت بۆ دڵ بە شاهی نەقشبەند

یاری دێرینە بە قورئانی قەدیم

(سالم – ل ٨٧)

تەیی ئەرخەم بۆ نەکا تا ڕووحی شاهی نەقشبەند

کە بە پێی پڕ ئابلەم وادی فیراقت تەی دەبێ

(سالم – ل ١٤١)

**شاهین:** شاهین. [لە ئەڤێستادا. Saena. سیمرغ] جۆرە باڵندەیەکی شکارییە، نزیکەی چل جۆریان هەیە، کە بە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، پەڕەکانی زەرد و پشتی خۆڵەمێشی و ژێری مل و سکی قاوەییە، زۆر ئازاو دلێرە.

هەروەها ئەو میلەیە کە ئەملاو ئەولای ترازووی پێدا هەڵواسراوە، پێیشی دەڵێن زمانەی ترازوو. (معین)

نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر داوی نەکەوت

چونکە شاهینی دوو چاوی تیژە دائیم سەر دەکا

(نالی – ل ١١١)

شاهێنی دیده بازه مەستی شەرابی نازه
دڵدار و دڵنـــەوازه دڵکێش و دڵفریبــە

(نالی – ل ٣٩٦)

شاهێنی دو چاوت کە نیگاو مەیلی بە دانگە
کێشـانی بـــە قـوللابی دلاوێزی بژانگــــــە

(نالی – ل ٤٦٤)

تـۆ قـاز و ئەمن شاهێن مەقرێنە بە دەورمدا
نەك حەملە بەرم گیر کەم چنگێ لە چقڵدانت

(سالم –ل ٥٠)

**شایستە:** بەجێ، شایان، خاوەن کردەوەی باش و جوان، بەتوانا لە ئەنجامدانی کار و کردەوەی باش و بەجێ.

شایست + ە.

شایست: چاوگی کرتاوی شایستەن (= شایستن)ی ف. یە، واتە بەجێ بوون.

ە: پاشگرە.

وا قـاڵ و زەعیفم لە هـەتیتەی غەمی دووریت
شایستەیە ئیستاکە ئاڵقەی کـــەمەرت بم

(کوردی – ل ٢٢)

**شای کەج کولاهی دیدە مەستان:** مەبەست پاشای شۆخ و شەنگە چاومەستەکانە.

کەچ کولاە: کڵاو لار

کە تۆی شای کەچ کولاهـی دیده مەستان
چ باکم قـەیســەر و فەغفووره ئەمشــــەو

(کوردی – ل ٤٣)

**شایی:** شاهـی. جۆره پارەیەکە، کە لە سەردەمی قاجارییەکان و سەرەتای پەهلەویدا بـەرامبـەر بـە دوو پـوول یـان (٥٠) دینـاری ئـەو سەردەمە بوو، سەد دینـاریش

دەیکردە دوو شایی = شاهی. (معین)

نیزامـانی مـولازم مەنســەبی مــازی بیحەمدیللا

لە لادێدا بە دوو شایی هـەموو جۆچێنی دیهقانن

(سالم - ل ١٠٦)

**شەب:** شەو.

فەلەك پەردەی شەب ئەندەر ڕۆژی سەر فانۆسی ئافاقی

زەمین و ئاســمـان لـــەم بـــانە تا ئــــەو بانە تابانە

(نالی -ل ٥١٢)

**شەبان:** شوان.

حیفزت شەبان و ئێمە ڕەمە و ئەو لەعینە گورگ

ئەم نەفسە گورگە میشە لەگەڵ ئەو بەد ئەختەرە

(نالی -ل ٤٣٢)

**شەبە:** [شەوە = شبق، کراو بە عەرەبی= سبج.] جۆرە بەردێکە، لە ئەنجامی کۆبوونەوەی وردیلەکانی کاربۆن و گۆڕانی کیمیایی مەیلەو سەخت بووە و ڕەنگێکی ڕەشی ورشەداری هەیە و لە مجەوهەرات سازیدا بەکاردێت، تینی گەرما دەیسووتێنێ. (معین)

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخـاڵی

(نالی -ل ٦٥٩)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا بە مەبەستی پرچ و ئەگریجەی درێژ و ڕەش دێت.

گـــەردن ئــــارایشە بـــەو تـــورەیی تـۆ

شەبە خۆش ڕەنگە لە پەهلووی کەمەرا

(سالم -ل ٢٣)

**شەبەە گۆنە:** شەبەهـ گوونە، زۆر ڕەش، ڕەش وەکو شەو.

شەبەهـ: شەبە، شەوە ←──── شەبە.

شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە ڕوو گەردانی
بەسەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا
(نالی –ل ٩٠)

**شەبەهی زوڵف:** مەبەست زوڵفی زۆر ڕەشە، زوڵفی وەکو شەوە.

شەبەهـ: شەبە، شەو ←──── شەبە.

شەبەهی زوڵفی شەبەهـ گۆنەیە ڕوو گەردانی
بەسەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا
(نالی –ل ٩٠)

**شەب ڕەنگ:** مەبەست ڕەشە. وەك شەو، تاریك.

شەب: شەو.

زوڵفی شەب ڕەنگت وەکو ڕۆژە پەریشان با نەبێ
وا سەحاب ئاسا لە ڕووتا قەسدی مەهپۆشی دەکا
(سالم –ل ٣١)

**شەب ڕەوی:** شەو ڕەوی، بەشەو ڕۆیشتن، بەشەو ڕێ کردن.

پەنهانە تورکی دیدەیی مەستت لە شامی زوڵف
تەبدیلی جادووانە بە ئەسبابی شەب ڕەوی
(سالم –ل ١٥١)

**شەبگیر:** مەبەست دەمەو بەیانی، سپێدە، بەرە بەیان.

هەروەها بەم واتایانەش دێت: کەسێ کە لە کۆتایی شەوا هەڵسێ بۆ خوا پەرستی، هەر گیانلەبەرێ کە شەو بخوێنێ، گەشت کردنی دەمەوبەیانی. (معین)

موفەڕیح بێ دەماغم با لە نەفحەی تورەیی جانان
وەرە ئەی بادی شەبگیری سەرم قوربانی تەنسیرت
(سالم –ل ٤٧)

**شەبوستان:** شەبستان، شەبیستان. شوێنی شەو، شوێنی نوستن، شوێنی تایبەت بە ژنانی پاشاو دەسەڵاتدارەکان.

کورِ زیبی دەبستانە کچ شـــەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کورِ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
(نالی -ل ١٥٩)

پەرچـەمی ڕوو دادەپۆشێ پیـَچی زوڵفی پێچـەیە
دا بە ڕۆژیش پێی بڵێن شەمعی شەبوستانی هەیە
(نالی -ل ٥٧٣)

**شەبیخوون:** هێرش بردن لەناکاودا بۆ سەر دوژمن لە کاتی شەودا.

لە سەعیی هاتوچۆدا ئەی خەیاڵی غەمزەدە دەیزانم
نیهانی بۆ شـــەبیخوونی دڵــە دوویـــارە تەدبیرت
(سالم -ل ٤٧)

شەبیخوونی نیگەهـ قەلعەی دڵی گـــرت
بە جوز غەم هەرچی بێ تاڵانە ئیمشەو
(سالم -ل ١٢٠)

بۆ بترسم لە شەبیخوونی عەدوو گاهی کەمین
کە هەناسەی سەحەریی خەنجەری بورِانی منە
(سالم -ل ١٣١)

**شەحنە:** شحنە. کراو بە عەرەبی و لە تورکی و مەغۆلییەوە. واتە: پاسەوانی شار، داروغە، دادگەری نیزامی، ئەو فەرماندارەی کە پاشا دایدەمەزراند، بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری دەستەیەك لە خێڵ و تیرەکان، بە زۆری دەوترێ (شەحنە) بەڵام ڕاست وایە کە بوترێ (شیحنە). (معین)

خوا بی غەفڵەت نازیلە بۆ چاوی شەحنە و موحتەسیب
دەرفەتە جـــامێ ئەســەر کێشی بـــەلێ بـێ ئیـــحتیراز
(کوردی -ل ١٧)

**شەرابی حوب:** ئەوەی کە دەبێتە هۆی خۆشەویستی، ئەوەی کە دەبێتە مایەی دڵداری.

دەزانی تۆ لە شیشەی دیدەما بی ئەشـك ئــالوودەم
شەرابی حوب لە جاما ڕەونەقی خوێنی جیگەر نادا
(سالم -ل ١٧)

**شەرابی ناز:** مەبەست نازی کاریگەرە، ئەو نازەی کە تەماشاکەر مەست دەکات.

شاهێنی دیدە بازە مەستی شەرابی نازە
دڵدار و دڵ نــەوازە دڵ کیش و دڵ فریبە
(نالی -ل ٣٩٦)

غرور سدّ نگە شد خدای را زین بیش
شراب ناز بە آن چشم پر خمار مدە
(محتشم، دیوان ٥٦٠ -عفیفی)

واتە: گومڕایی ڕێگەی سەیر کردنی گرت، ئەی خودایا لەوە زیاتر ناز و عیشوەی کاریگەر بەو چاوە مەستانە مەدە.

**شەرابی عەقیقی:** مەبەست شەرابی سوورە.

عەقیق: عقیق. ع. جۆرێکە لە کوارتز و، ڕەنگی جۆراو جۆری هەیە، جۆری باشیان ڕەنگەکەی سوورە و، وەکو بەردی بە نرخ بۆ زێوەر و جوانی بەکاردێت، جۆرێکیان لە یەمەن دەست دەکەوێت و ڕەنگی سوورە و ناسراوە بە عەقیقی یەمەنی، یان یەمانی، بەزۆری دەکرێ بەنگینی ئەنگوستیلە. (عمید)

مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی ڕەوانە
ساقی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی
(نالی -ل ٦٥٦)

**شەرەر:** شرر. ع. پریشکی ئاگر، پزیسك و پارچە وردەکانی ئاگر کە لەکاتی گەش کردنەوە بەم لاو ئەو لادا بڵاو دەبنەوە. پزیسکی ئاگر.

شەرەر و تابش و بارش لەدەمی ڕەعدی بەهار
ئەســـەری ســــــۆزشی گریانە لە ئەفغانمدا
(نالی -ل ٩٠)

تا دوزدی وەقتی نیمە شەبن تورکی بێ نیزام

دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکو شەرەر

(سالم، دیوانی نالی -ل ٢٠٠)

**شەرەروار:** گڕ گرتوو، گڕاوی.

شەرەر: ←————

وار: پاشگرە بە مەبەستی لێکچوون.

لە جەوری ماهی بێ میهرم هەموو شەو

دەگا ئاهی شەرەروارم بە بەرجیس

(سالم -ل ٧٤)

**شەرزە:** توورە، بەهێز، توندوتیژ، خێرا.

ئەلا ئەی ئاسکی ئاسك بە باسك

شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە

(نالی -ل ٤٤٩)

**شەرمندە:** شەرمەزار.

شەو چەپکەنی نەیلوفەری یو جیلوەیی ڕەقس

شەرمندە دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا

(نالی -ل ٨٣)

**شەرمەسار:** شەرمندە، شەرمەزار.

ئیستادەو خەجاڵەت گەردن کەچ و تەریقم

جانا بە چاوی توندی مەڕوانە شەرمەساران

(سالم -ل ٩٣)

**شەش جانیب:** شەش جیهەت، شەش لای جیهان، شەش لا، باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، سەرەوە، خوارەوە.

جیگایێ نەزەر گابێ شەش جانیبی دەریا بێ
ئەی مەردومی سەیرانی لەم خیتتەیە هەر چاوە

(نالی -ل ٥٢٩)

**شەش دانگ:** تەواو بێ کەم و کوورِی.

وشەی دانگ هاتۆتە عەرەبییەوەو بووە بە (دانق)، شەش یەکی هەرشتێ پێی دەوترێ (دانگ)، ئەگەر شتێ بێ کەم کوورِی بێت، پێی دەوترێ شەش دانگ، بۆ پێوانەی زەوی بەکاردێت، هەروەها بۆ کێشیش بەکاردێت، کە بەرامبەر بە هەشت حەببە یان هەشت جۆ یان دوو قیرات. (معین)

بن زك و جەبهەت سپیی كلك ئێستر و دامەن سیا
یەككە تاز و سێ بڕ و دووباد و شەش دانگ و درێژ

(نالی -ل ٢٢٥)

**شەش دەر:** زاراوەیەکی تایبەت بەیاری تاوڵەیە، کە یەکێ لە یاریکەرەکان، شەش خانەی بەرامبەر بە پوولەکانی یاریکەرەکەی تر دەگرێت و، ئەویش ناتوانی پوولەکانی خۆی بجووڵێنێ.

مەبەست بەستنی ڕێگەی دەرچوون و ڕزگار بوون، زۆر گیرۆدە بوون.

خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم
خەلاسیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ

(نالی -ل ٣٧٩)

بە نەرادی فیراقت نەقدی جان ئاخر دەدۆڕێنم
بە خاڵی موهرەیی وەسڵت ئەگەر سەد دەفعە شەش دەر کەم

(سالم -ل ٨٤)

دو شەش بۆ داوی نەگبەت هەر لە ڕێدا
لە بەختی شەش دەر و یاری عەقیبم

(کوردی -ل ٢٣)

چ حاجەت تاسی ئیقبالم دو شـــــەش بێنێ ئەمێستاکە
کە بەردی دڵ لە دەوری داوی خانەی شەش دەرە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٣)

**شەعائیر:** شعائر. ع. کۆی شعار، شعیرە، واتە: نیشانەکان، هەریەك لە پێویستییەکانی حەج، داب و نەریتی مەزهەبی یان نەتەوەیی، شەعائیری ئیسلام واتە: هەرشتێ کە ئیسلامی پێوە پابەندە. (معین)

شەعـائیر یەك بە یەك مـەسرووری سیڕی غەیبی لا ڕەیبی
مەساعی سەر بە سەر مەشکووری دەرکی بەیتی باریی بێ
(نالی –ل ٦٣٦)

**شەعری دەقیق:** مەبەست وردەکاری و پڕواتاییە.

دیارە لە دەستنووسەکانی دیوانی نالیدا کە بە ڕێنووسی ئەو سەردەمە بەم جۆرە نووسراوە: (شعر دقیق)، خۆ دەبێ بەم جۆرەیش بخوێنرێتەوە (شیعری دەقیق)، واتە: شیعری پڕ واتا، شیعرێ کە وردەکاری زۆری تێدا بێت.

نالی بەداوی شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە
(نالی –ل ٥٥٥)

**شەفیر:** شفیر. ع. لێوار و کەناری هەرشتێ.

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لـەعلی نمەك پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە
(نالی –ل ٤٩٥)

**شەقامی موور:** ڕێچکەی مێرووڵە، ڕیزی مێرووڵە کە بە دوای یەکتریدا دەڕۆن.

شەقام: لێرەدا بە واتای ڕێگەی باریك و ڕیز هاتووە.

موور: مێرووڵە.

نایێ سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پـــێ گوزەر
(سالم، دیوانی نالی –ل ٢٠١)

**شەقایق:** شقائق. ع. شقائق النعمان، دراوەتە پاڵ نوعمان کوڕی مونزیری پاشای حیرە، شقائق النعمان، لالەی نوعمانی، لالەی سوور، ڕووەکێکی بچووکە و لە خەشخاش دەچێ و لە شوێنی شێدار و لە چیاکان و کەناری جۆگەلەکان دەڕوێت، بڵندییەکەی ١٠سم – ٤٠سم و گوڵەکەی وەکو گوڵە خەشخاشە، ڕەنگەکەی سوورێکی ئاگرییەو ٤ تا ٥ پەڕەییە. (عمید)

وەك گوڵ جگەر بەخوێنم و وەك لالــــە دڵ بــە داغ

بۆ سێوی ڕووت شەقایقی ڕووم ڕەنگی بوو بە بەی

(کوردی –ل ٦٣)

**شەققەی فەلەك:** مەبەست ئاسمانە، ئاسمانی وەك خێوەت داپۆشراو بە پارچەی قوماش.

شەققە: شقە. ع. پارچە، کاغەز، ئەو پارچەیەی کە لەسەر ئاڵا دەبەسترێ. (معین)

هەتا شەققەی فەلەك نەبووە بە کافووریی کفن هەستە

کە ئەمشەو فرسەتە هێشتا فەلەك ماویی ئەتۆش ماوی

(نالی –ل ٦٨٤)

**شەقولقەمەر:** شق القمر. قڵیشاندنی مانگ.

مەبەست کاری لە وزە بەدەرە.

شق القمر: یەکێکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەری ئیسلام. (د. خ)

ویسالت پایەیی میعراجە بۆ مـــن

لە ڕووتا گەر لەبم شەقولقەمەر کا

(سالم –ل ٣٠)

لــە ڕەشکی لێوی تۆ غونچە شەقی بــرد

لە خەندەت موعجیزەی شەقولقەمەر بوو

(سالم –ل ١١٠)

بە ئاهیستە لەبم گەر بێتە سەر ڕووی نازکت یەك دەم

لە جێی بۆسەم دەبینی موعجیزەی شەقولقەمەر ئێمشەو

(سالم –ل ١١٩)

**شەقی:** شقی. ع. بەد بەخت.

ئەی خەڵوەتی مـــورانیی بێ ڕەنگی خـــود نومائیی

ڕەنگ زەردی عاشقیی بە نەك زەرد ڕوو و شەقی بە

(نالی -ل ٣٩٧)

**شەکەر ئەفشان:** مەبەست قسە خۆش و شیرین زمانە.

شەکەر: شەکر.

ئەفشان: ⟵

شەکەر ئەفشانی شیرین زمـــان مـــایەی حـــەلاوەت بـــوو

دەهـان شیرین دەکا هـەر حەرف نیکتەی وەك شەکەر کاغەز

(سالم -ل ٧١)

**شەکەر بێز:** مەبەست ئەو کەسەیە کە قسەکانی شیرین و خۆشە.

بەڵام خۆی بە واتای شەکر بێژ دێت، ئەو کەسەی کە شەکر دەبێژێتەوە.

بێز: بیز. ڕەگی دوو چاوگی بیختەن و بیزیدەن (= بیختن و بیزیدن)ی ف. یە. واتە: بێژان، بێژانەوە، کە لە کوردیدا ڕەگەکەی (بێژ)ە.

یا گومبەدی نەزهـەتگەهـی نێو باغچە سەرابێ

ئـــەلـــوانی گوڵا مێز و شـــەکەر بێزی تیابێ

(نالی -ل ٦١٢)

**شەکەر خەند:** شەکەر خەندە. مەبەست زەردە خەنەی جوان و شیرینە.

خەند: ڕەگی چاوگی خەندیدەن (= خندیدن)ی ف. یە. واتە پێکەنین.

دەرحـــــەقی من زەهر و ســـرکە فـــرۆشە بـــە برۆ

دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەر خەندی نییە

(نالی -ل ٥٩٣)

نیزامی دەڵێ:

از آن یاقوت و آن درّ شکر خند

مـفرح سـاخته سودایی چند

(نظامی -«عفیفی»)

واته: بەو دەم و لێوە سوورە و، بەو زمردەخەنە جوانە، چەند دڵدارێکی شاد و دڵخۆش کردووە.

**شەکەر خەندە:** ——◄ شەکەر خەند.

دەدا هەردەم شەکەر خەندەت سەمەر قەند

بەقوربانی شـەکەر خەندت سـەمەرقەند

(سالم -ل ٥٦)

بێ شەکەر خەندەیی تۆ بێ جانم

ئەی لەبی دولبەری من مەرجانی

(سالم -ل ١٥٠)

**شەکوە:** شکوة. ع. شکات، گلەیی، نارەزایی دەربڕین.

نەفعی کوا ناڵەیی بلبل لەچەمەن وەختی سەحەر

لە تەرەف شەکوەیی ئەو گۆیی گوڵە یەکبار گران

(سالم -ل ٩٠)

شەکوە بێ حاسڵە سالم لە جەفاو جەوری حەبیب

کێ دەسێنێ لە مەهی چاردە هەم دادی کـەتان

(سالم -ل ٩٠)

**شەکیب:** ئارامی، بوردباری، بەرگە گری، دان بەخۆ داگرتن.

شکـاندت لەشکری عەقڵ و شـەکیبم

بە تابووری موژە و شمشێری ئەبرۆت

(کوردی -ل ١٥)

عـــــەزیزم نوری چـــاوانم حەبیبم

سەبووری بەخشی جانانی شەکیبم

(کوردی –ل ۲۳)

زدی یەکن یەك بە یەك نار و خەس و ئاو و نمەك

شـاهید و عـەهد و وەفـا سـالم و ســـەبر و شەکیب

(سالم –ل ٤٥)

**شەمەت:** شمط. ع. مووی ڕەش و سپی، مووی مـاش و برنج. بۆز.

نەقشی دوو مووی‌ی بە دوو ڕووی‌ی دەبێتە عەیبی شەیب

ئاینەی ڕوو پـــاکییە ڕووناکییە نـــوور و شـــەمـــــەت

(نالی –ل ۲٤٦)

**شەمس:** تەبریزی (محمد بن علی بن ملك داد)، ناسراو بە شەمسەددین عاریفی ناودار (لە دایـکـبـووی تـەبـریـز لـە سالّـی ٥٨٢ ك؟ –دوای سالاّنـی ٦٤٥ ك. کـۆچـی دوایـی کردووە.) بنەماڵەکەیشی خەڵکی تەبریز بوون، لە سەرەتادا شەمس موریدی شێخ ئەبو بەکری زەنبیل باف بووە، یان (سەللە باف)، شەمس وەکو خۆی دەڵێ هەموو ویلایەتەکانی لەوەوە دەست کەوتووە، بەڵام پایەی شەمس گەیشتە ئەو پلەیەی کە بە پیرەکەی خۆی ڕازی نەبوو، بە دوای کامڵترێکدا کەوتە گەشت و گوزار، بە ولاّتانی جیاجیادا گەشتی کرد، بە خزمەتی چەندەها قوتب و گەورەکان گەیشت، هـەنـدێکیش ئـەو بـە پـەروەردەکراوی بـابـا کـەمـال خوجەندی دادەنێن، هـەندێ جاریش سەرپەرشتی قوتابخانەی دەکرد و کرێی وەرنەدەگرت، چواردەمانگ لە شاری حەڵەب لە ژووری قوتابخانەکەیدا خەریکی ڕیازەت بووە، هەمیشە لبادی ڕەشی لەبەر دەکرد، کاتێ کە لە گەشت و گوزاردا بوو گەیشتە بەغدا، چوو بۆ لای (شێخ اوحدالدین کرمـانـی)، کـە شێـخـی یـەکـێ بـوو لـە خـانـەقـاکـانـی بـەغدا و سەرچاوەی مەسەلەکەی عیشقی شۆخ و شەنگەکان بوو، ئەمەی دادەنا بە بەدەست هێنانی جوانی و کەماڵی تەواو و ئازاد، لێی پرسی لە چیدایت؟ وتی: مانگ لە ئـاوی تـەشتـدا دەبـیـنـم، فـەرمووی ئـەگـەر دەنبـەل = (دومبـەڵس، کـە ئـامـرازێـکی وەرزشییە و لە ملدا نییە بۆچی لە ئاسماندا نایبینی؟ مەبەستی (اوحدالدین) ئەوە

بوو کە جوانی ئازاد و ڕەها لە ڕواڵەتی ئادەمیزاددایە، کە قەشەنگە و بە دوایدا دەگەڕێین، شەمسەدین بۆی ڕوون کردەوە، کە ئەگەر لە مەبەستی ئارەزوو و هەوەس دوور و ڕووت بیت ئەوا هەموو جیهان دیمەنی جوانیی گشتییە و، کە ئەوە لە هەمووانـدا و لە دەرەوەی ڕواڵەتەکاندا دەتوانی ببینی. (اوحدالدین) بە ئارەزوویەکی تەواوەوە وتی: لە ئەمڕۆوە کۆیلایەتی تۆ دەکەم، وتی: توانای ئەوەت نییە کە لەگەڵ ئێمەدا بیت. شێخ ئەمەی بەڕاستیی گوت، ئەویش فەرمووی: بەمەرجێ کە لەبەر چاوی خەڵکداو لەناو بازاڕی بەغدا لەگەڵ مندا مەی بخۆیتەوە، وتی: ناتوانم. وتی: دەتوانی مەی تایبەتیم بۆ بهێنی؟ وتی: ناتوانم. وتی: کاتێ کە من بخۆمەوە دەتوانی لەگەڵ مندا بیت؟ وتی: نەخێر ناتوانم. شەمسەددین هاواری کرد وتی: لەبەر دەمی پیاواندا دوور بکەوەوە. لەم داستانەو بەسەرهاتەکانی تردا دەردەکەوێت کە شەمسەددین لە سنووری ڕواڵەت و بەرچاودا، داب و نەریتی خستۆتە پشت گوێ و مەبەستی ئەو لەم قسەو وتانەدا تاقیکردنەوەی (اوحدالدین) بووە... شەمس بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٦ی جمادی الآخرە ساڵی ٦٤٢ ك، گەیشتە (قونیە)، لەبارەی گەیشتنی مەولەوی بەوەوە گێڕانەوەی جۆراوجۆر هەیە، بە کورتی مەولەوی هۆگری ئەو بوو و، ئەمە لە کۆڕی دەرس و لێکۆڵینەوە و پەند و ئامۆژگاری تێپەڕی کرد، یارانی مەولانا (مەولانا جەلالوددینیی ڕۆمی = مەولەوی) و خەڵکی قونیە هەڵیان کوتایە سەر شەمس و بە جادووگەریان دانا، شەمس لەمە دڵگران بوو، سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت (٢١ شوال ٦٤٣ ك) مەولانا بە پەرۆشەوە ئارەزووی دۆزینەوەی ئەوی کرد، بەلآم نەیدۆزییەوە، لە ئەنجامدا ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەو لە (دیمەشق = شام)ە، نامە و پەیامی بە شێوەی غەزەلی جوان و ناسك یەك لە دوای یەك بۆ نارد، سەرەنجام دڵی شەمس نەرم بوو، یارەکانی مەولانا داوای لێبووردنیان کرد و مەولانایش ئەمەی قبوڵ کرد، سوڵتان وەلەدی کوڕی خۆی نارد بۆ دیمەشق بۆ لای شەمس بەمەبەستی گەڕانەوە و (٢٠) کەسی لە یارانیشی نارد و شەمسیان دۆزییەوە و پەیامەکەیان پێگەیاند، شەمس تکای مەولانای قبووڵ کرد، لە ساڵی ٦٤٤ ك گەڕایەوە بۆ قونیە، سوڵتان وەلەد کۆیلەیەتی خۆی پێشان دا، پتر لە مانگێ بە دڵ و گیان و نازەوە بەپێ دووی کاروانی شەمسی کەوت، تا گەیشتە قونیە، مەولانا بەمە شاد بووەوە و ماوەیەکیان بەیەکەوە بردە سەر، دووبارە خەڵکی قونیە و

موریدەکان تووڕە بوون و قسەیان بە شەمس دەوت و مەولانایان بە شێت و شەمسیان بە جادووگەر ناو دەبرد، بەم هۆیەوە شەمس دڵی لە خەڵکی قونیە ڕەنجاو مەولانا دوو ساڵ بە دووی شەمسدا وێڵ بوو، دووجار بەرەو دیمەشق کەوتە ڕێ، بەڵام نەیدۆزییەوە و کارەکەی بە ئەنجام نەگەیشت (٦٤٥ ک)ی بە ساڵی گوم بوونی ئەو دادەنێن. بەرهەمەکانی ئەمانەن (مقالات -ئەوەیە کە شەمس لە کۆڕەکاندا باسی کردووە و ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە لە نێوان ئەو و مەولانا یا موریدان و نەیارەکاندا کراون و ئەنجام دراون) دەستنووسی ئەمە لە کتێبخانەی قونیەدایە. دە بەش لە (معارف ولطایف اقوال وی) کە ئەفلاکی لە (مناقب العارفین)دا وەری گرتووە، ئەم دوو بەرهەمە کۆمەڵە یاداشتێکە، کە موریدەکان کۆیان کردۆتەوە و پێکهاتووە لە وتەکانی شەمس. (فروزانفر، مولانا جلال الدین محمد. ص ٥٣ -٩٩.) (معین)

شەمس و مەولانا و مەنسوور کەی بە سیرِ مەحرەم دەبوون
تا نەیانخواردایە ڕیزەی نـــانی سفرەی خـــوانی عـیـشق
(کوردی -ل ١٩)

حەیرانی ڕەهی عیشقن گەر شەمسە وەگەر مەنسوور
(ســـالـــم نبود پیدا زین بـــادە بە پیمـــانی)
(سالم -ل ١٥٠)

**شەمس:** شمس. ع. مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە. (د. خ) لە زاراوەی سالیکان (= ڕێبوارانێ کە ڕێگەی خوا پەرستییان گرتۆتە بەر)، مەبەست گیانە، کە گیان لە لەشدا وەکو خۆرە، مانگیش مانگە شەوە، لە بەر ئەوە وتوویانە کە ئەمە ڕووناکی ڕۆحە. (ثروت)

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاک
بنوارە حاڵی هـــالیکی ئەم خـــاکە ئـــەحـــقەرە
(نالی -ل ٤٣١)

•

**شەمسی ئەنوەر:** ڕۆژی زۆر ڕووناک، خۆری زۆر ڕۆشن.

ئەنوەر: انور. ع. ڕووناکتر، ڕۆشنتر.

گوفتاری نۆشی شاهیدی سەد شەهدی فـائیقە

ڕوخساری خۆشی (اظهر من) شەمسی ئەنوەرە

(نالی –ل ٤٢٦)

**شەمسی جەمال:** خۆری جوانی، هەتاوی جوانی.

مەبەست زۆر جوان و شۆخ و شەنگە.

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا

یـا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بـە فەردا

(نالی –ل ٧٩)

**شەمع:** مەبەست ڕووی گەش و جوانە.

یا دووکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سووتاوە

یا هەوری سیا تاوە کـە مانیع لـە هـەتاوە

(نالی –ل ٥٣٠)

**شەمعی کافوور:** شەمعی کافووری.

جۆرە مۆمێکی سپیی گران بەهایە.

لـە ناو زوڵفا بەڕوو دڵدارە مـەستوور

دەسووتێنێ لە شەودا شەمعی کافوور

(سالم –ل ٦٣)

**شەمعی کافووری:** ◄——— شەمعی کافوور.

نەبوونی شەمعی کافووری لە وەسڵێ سەهلە بۆ عاشق

هەموو شەو ڕۆشنە کولبەم لە شەوقی ڕوویی جـانانم

(سالم –ل ٨٢)

ابلهی کو روز روشن شمع کـافوری نـهد

زود باشد کش بەشب روغن نبینی در چراغ

(سعدی، گلستان غلامحسین –ص ٦٨)

واتە: گەوجێکی نەزان ئەگەر لە ڕۆژی ڕووناکدا مۆمی کافووری دابنێ و دایبگیرسێنێ، زۆری پێ ناچێ کە بە شەودا ڕۆن نابینی لە چراکەیدا، واتە بە تاریکی دادەنیشێ.

**شەمعی نەدامەت گران:** مەبەست پەشیمانی و پاشگەز بوونەوەی زۆرە.

بۆ منی سوختە دڵ شەمــعی نەدامەت دەگــرێ
کۆمەڵی بەختی سەگە بۆیە هەموو دەم دەوەڕێ
(سالم –ل ١٤٥)

**شەناوەر:** شیناوەر. مەلەوان.

شەنا: شینا (= شنا)ف. ئەڤیستا. Sná.

وەر: پاشگرە.

نالی لە هەوا کەوتە سەما بوو بە شـەناوەر
بەو وشکە مەلە بیمی هیلاکی غـەرەقی بوو
(نالی –ل ٣٧٨)

**شەوچرا:** شەوچراغ ←——— شەوچراغ.

ئەتۆ میهرییو مەهرووپـــان ستارەن
لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین
(نالی –ل ٣٤٨)

**شەوچراغ:** شەوچرا. بە هەموو گەوهەرێکی ناودار و ورشەدار و بریقەدار دەوترێ.

چرای شەو.

چراغ: چرا.

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون
چاو وەکو بیجادە یا دوو شەوچراغی شــوعلە ڕێژ
(نالی –ل ٢٢٦)

**شەودیز:** شەب دێز. ناوی ئەسپی خوسرەو پەروێزە.

شەو دێز و شەب دێز، واتە ڕەنگی شەو چونکە ڕەش بوو، دەڵێن لە هەموو ئەسپێ بەرزتر بوو، کاتێ کە مرد خوسرەو پەروێز فەرمانی دا کە کفنی بکەن و بینێژن و، وێنەکەیشی لە سەر کێلی گۆڕەکەی نەخش کرا، هەر کاتێ کە دەهاتەوە یادی دەگریا. (فەرهەنگ شاهنامە)

شەب: شەو.

دێز: ڕەنگ.

دریغی بوو لە شیرین کوهکەن جان
دەبوو بیکاتە پایەندازی شـــەودێز
(سالم –ل ۷۲)

**شەوق و شەغەف:** ئارەزوو، هۆگر، ئەوپەڕی خۆشەویستیی.

شەوق: شوق. ع. ئارەزوو.

شەغەف: شغف. ع. زۆر هۆگر بوون خۆشەویستیی بە تین.

بولبول لـــە شـــاخســـاری چـــەمـــەن باریەد نەوا
گوڵ نایە سەر بە شەوق و شەغەف تاجی خوسرەوی
(سالم –ل ۱۵۱)

**شەوقی ڕوخ:** مەبەست دەموچاوی سپیی و جوانە.

ڕوخ: ڕوو.

فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مـــل و لەعـــلی
ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا
(نالی –ل ۷٦)

**شەوقی مەهـ و چاکی کەتان:** واتە ڕووناکی مانگ و کون بوونی کەتان.

دەڵێن جۆرە پارچەیەکی زۆر ناسك هەبووە و پێیان وتووە (کەتان) کە ڕووناکی مانگ کونی تێ کردووە و سووتاندوویەتی.

مەهـ:⟶

چاك:⟶

پرتەوی عاریزی یار و دڵی سـەد پارەیی من

قسەیی شەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بە عومەر

(سالم -ل ٧٠)

**شەوکەت ئارا:** ڕازێنەرەوەی شکۆ و مەزنی.

شەوکەت: شوکە. ع. پلە و پایە و مەزنی و شکۆ، هێز و توانا.

ئـارا: آرا. ڕەگـی چـاوگـی ئـاراسـتـەن (= آراستن)ی ف. یـە. واتـە ڕازانـدنـەوە، جوانکردن، ئارایشکردن.

نالی ئیستە تاجی شاهیی و تەختی خاقانیی هەیە

شەوکەت ئارا موحتەشەم دیوانە فیکرەت سـائیبە

(نالی -ل ٤٠٠)

**شەو گەردان:** ئەوەی کە بە شەودا دەگەڕێ، یان دەسووڕێتەوە.

گەرد + ان.

گەرد: ڕەگی دوو چاوگی گەشتەن و گەردیدەن (= گشتن و گردیدن)ە، واتە گەڕان، سووڕانەوە، چەرخان، گۆڕان، بوون.

ان: پاشگرە و ڕەگی چاوگ دەکات بە ئاوەڵکاری چۆنیەتی.

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەوگەردان

کە نـالی وا لە حـالاتی میحاقی مـاهی نـەودایـە

(نالی -ل ٥٦٠)

**فەردا:** مەبەست شەوی تاریك ڕووناك کردنەوەیە، شۆخ و شەنگی بێ هاوتا.

فەردا: بەیانی، سبەینێ.

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا

یا شەمسی جەماڵت شەوی گێڕاوە بـە فـەردا

(نالی -ل ٧٩)

**شەوهەر:** مێرد.

زاڵی دەهری دوون لەگەڵ هیچ شەوهەرێ ناباتە سەر
دۆستیی ســــالم لەگەڵ پڕ نـــاشنا ژن مـــوشکیلـــە
(سالم -ل ١٢٧)

**شەوی قەدر:** لیلە القدر. یەکێکە لە شەوە پیرۆزەکانی مانگی ڕەمەزان، بە گوێرەی وتەکانی پێغەمبەر (د. خ) دەکەوێتە دەیەکانی کۆتایی ئەم مانگە و شایانی ڕێز گرتنە و مەبەستیشە بۆ هەر شەوێکی خۆشەویست و ڕێز لێگیراو. (عفیفی)

شەوێکە لە مانگی ڕەمەزان، کە شەوی خواپەرستیی و داواکردنی فریاکەوتن و دادخوازی کردنە. (عمید)

لەم شەوەدا بڕیار لەسەر کار و ڕووداوەکان دەدرێت.

لە قورئانی پیرۆز سوورەی ٩٧ کە سوورەی (القدر)ە دەفەرموێ: «إنا أنزلناه في ليلة القدر، وما أدراك ما ليلة القدر، ليلة القدر خيرٌ من الف شهر، تنزل الملائكة والروح فيها بأذن ربهم من كل أمر، سلام هي حتي مطلع الفجر.»

واتە: ئەڵبەتە ئێمە لە شەوی قەدردا قورئانمان ناردە خوارەوە، چ شتێ تۆی زانا کرد (تا بزانی) کە شەوی قەدر چییە، شەوی قەدر باشترە لە هەزار مانگ، لە شەوی قەدردا فریشتەکان و ڕوح (جوبرەئیل، یان فریشتەیەك لە جوبرەئیل گەورەترە) بە فەرمانی خوای خۆیان بۆ هەموو کارێ (کە لەو ساڵەدا دیاری کراوە بۆ سەر زەوی) دێنە خوارەوە (ئەو شەوە لە خراپییەکانی ئیبلیس و بەدییەکان و بەڵاکان) سەلامەتە تا کاتی دەمەوبەیانی (یان لەو شەوەدا پۆل پۆل فریشتەکان درووود دەنێرن بۆ خوا پەرستەکان).

لەدیاریکردنی شەوی قەدردا بۆچوونی جیاجیا هەیە: شەوی حەڤدەهەم، شەوی نۆزدەهەم، شەوی بیست و یەکەم، شەوی بیست و سێیەم، یان شەوی بیست و حەوتەمی ڕەمەزان... هتد. وتراوە: شەوێکی مەزن و گەورەیە، کە هەرکەسێ لەو شەوەدا خوا پەرستی بکات خۆشەویست و ڕێزدار دەبێت و دوعایشی گیرا دەبێ... (معین)

جێ بازی مەقدەمی شەوی قـــەدر و مـــەعاریجی
سەربانی عەرش و کورسی یو جوبریلی شەهپەڕە
(نالی -ل ٤٢٤)

**شەوی یەلدا:** درێژترین شەوی ساڵە، یەکەم شەوی بورجی جەدی، شەوی چلەی گەورەی زستان، ئەم شەوەیە لە زمانی سریانیدا واتە لەدایکبوون، لەبەرئەوەی کە شەوی یەلدا، ڕێکەوتی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح بوو، بەم هۆیەوە ناونرا. (معین)

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمـــشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
(نالی –ل ٣٨٧)

ئەی سەبا لابە موو لە سەر چیهرە
مەرگی عاشق شـــەوانی یـــەڵدایە
(سالم –ل ١٣٤)

**شەه:** کورتکراوەی شاهـ، واتە پاشا، شا.

شـەهی ئیقـلیمی عیشقم پیری ڕەندانی خەراباتم
ئەگەر چی زاهیرەن تیفل و نەزان و نەبلە فامێکم
(کوردی –ل ٣٢)

**شەهەنشا:** کورتکراوەی شاهـان شاه، واتە شاهی شاهـان، شای شایان، پاشای پاشاکان.

زەڕاتی عوکووسی کـــەشتی میهری جـــەلالن
وا دێن و دەچن سەر زەدە سوڵتـان و شەهـەنشا
(نالی –ل ٧٦)

بیاورد یك جام می می گسار
كه كشتی بكردی برو برگذار
بەیاد شهنشاه رستم بـــخورد
بر آورد از آن چشمەی زر گرد
(فردوسی، رستم و اسفندیار –دکتر شعار –ص ١٦٢)

واتە: مەی گێڕ یەك پێکی مەی هێنا، کە ئەوەندە گەورە بوو کەشتیی دەیتوانی بەناویدا تێپەڕێ، ڕۆستەم بە یادی پاشای پاشاکان هەموو مەیەکەی خواردەوە و

هیچی لەناو پێکەکەدا نەهێشتەوە.

**شەهپەڕ:** کورتکراوەی شاهپەڕ، واتە: شاپەڕ، گەورەترین پەڕی باڵی باڵندە.

لێرەدا مەبەست گەورەیی و مەزنی و پلە و پایەی بەرزە.

جیّ بـــازی مـــەقدەمی شـــەوی قـەدر و مـەعـاریـجی

سەریانی عەرش و کورسی یو جوبریلی شەهپەڕە

(نالی –ل ٤٢٤)

**شەهد لەب:** مەبەست دەم و لێو جوانە.

شەهد: شهد. ع. هەنگوین، ناوی میوە، شیلەی شەکر.

لەب: لێو.

ئاهوویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بەدیدە

ئەم شەهد لەبانە کە هەموو شاهیدی چینن

(نالی –ل ٣٣٨)

**شەهد نۆش:** مەبەست خۆش خۆر و تێر و تەسەلە.

ئەوانەی کە هەنگوین دەخۆن.

شەهد: ←——— شهد لەب.

نۆش: نووش. هەنگوین، هەر شتێ کە سازگار و شیرین بێت.

هەروەها نووش، ڕەگی چاوگی نووشیدەن (= نوشیدن)ی ف. یە. واتە: خواردنەوە، نۆش کردن.

ئەوانەی تورمەپۆش و شەهد نۆش و ناز پەروەر بوون

ئەمێستە خانە بەر دۆشن نەخۆش و زار و عـــوریـانن

(سالم –ل ١٠٢)

**شەهدی سپی:** مەبەست شیرە.

شەهد: ←——— شەهد لەب.

قامەتت نەخلە بـــەشیری فائیقەی پـــەی کـــردووە

نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپیی قەی کردووە

(نالی –ل ٥٤٥)

**شەهدی کەلام:** وتە و قسەی خۆش و شیرین.

شەهد: شەهد لەب.

بەو شەهدی کەلامت کە بە ئیشرابی لەتافەت

لەززەت دەگەیێنێ بە دڵ و زیهنی موخاتەب

(نالی –ل ١٣٤)

**شەهدی ویسال:** خۆشی و شیرینی گەیشتن بە یار.

شەهد: ←——— شەهد لەب.

ئەی تەبیب ئەر تۆ تەماتە زامی دەردم چـــارەکەی

تاکی گەرما و گەرمە بۆم پەیدا بکە شەهدی ویسال

(کوردی –ل ٢٠)

هەرکەسێ شەهدی ویسال و ژەهری دووری چەژتبێ

ئەو دەزانێ دەردی دووری چـەند گرانـــە و زەحمەتە

(کوردی –ل ٤٥)

**شەهر:** شار.

پەهلەڤی. šatr. šahr . شوێنێکی گەورە کە دانیشتوانی زۆر و خانوو بەرەو شەقام و دوکان و...تێدابێت. هەروەها بەواتای وڵات و مەملەکەت دێت. وەکو دەڵێن: شەهری ئێران، یان ئێران شەهر، واتە: وڵاتی ئێران، شەهریار: واتە پاشا... هتد. (معین)

پرسیویە زاهیرەن لـــە ڕەفیقانی یـــەك جیهەت

ئەحواڵی ئەهلی شەهر و ڕەفیقانی سەر بە سەر

(سالم، دیوانی نالی –ل ٢٠٠)

ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر

بریانە بەس لەناری غەما پـارەی جـگەر

(سالم –ل ٦٧)

**شەهر ئاشووب:** ئاشووبی شار، ئەو کەسەی کە شارێ بەسەر یەکدا بشێوێنێ، شۆخ و شەنگێ کە بەجوانییەکەی شارێ تێك بدات.

هەروەها ~~یەکێکە~~لە ئاوازە مۆسیقییەکانی ئێران.

شەهر:

خاوکەرەی خانمە قەتارەی سولو سـەوزەی نسمە جوان!

ڕەقسی سمکە نازی شەهر ئاشووب و غەمزەی سەرەی ناز!

(کوردی –ل ١٨)

**شەهر بە شەهر:** ~~ئاوارە و دەربەدەر~~، شار بە شار.

شەهر:

عـەودالّی ئەبەد هەر منم ئەی چەرخی جەفا کێش

تـا دەربەدەر و شـەهر بە شەهرم وەکو دەروێش

(سالم –ل ٧٥)

وێڵ و فیراری عیشقی تۆم شەهر بە شەهر سوو بەسوو

پشتە بە پشتە تەل بە تەل دەشت بە دەشـت کوو بە کوو

(سالم –ل ١١٢)

**شەهری:** شاری. ئەو کەسەی کە لە ناو شاردا دەژی.

شەهر: ⟵

لە ئەسڵا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون

لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میسلی مـەردانن

(سالم –ل ١٢)

**شەهر یار:** مەبەست بە دەسەڵات و توانایە.

پاشا، شا، گەورەی وڵات، فەرمان ڕەوای وڵات.

شەهر: ←——

یار: پاشگرە.

سوپای خەم هاتە تاراجی قەرار و سەبر و ئـــارامم
کە زانی موڵکی دڵ بێ شەهر یار و لەشکرە ئەمشەو
(کوردی –ل ٤٣)

**شەهری دڵ:** مەبەست دڵی گەورە و فراوانە.

شەهر: ←——

بنێرە شەهری دڵ فەوجێ لە موژگان
ویلایەت نەزمی کوا بێ لەشکری شاهـ
(سالم –ل ١٢١)

**شەهی شادی:** کورتکراوەی شاهی شادی، مەبەست ئەوپەڕی خۆشی و شادییە.

شەهـ: کورتکراوەی شاه. شا، پاشا.

لە حەملەی ڕایی هیندی غەم شەهی شادی گورێزانە
سەراسەر لەم ڕەهە ئیقلیمی دڵ پـــامـــاڵی فیلانـــە
(سالم –ل ١٢٩)

**شەهێن:** ——←شاهێن.

لە تاو ئەشك و لە ڕووت ئەی چاو شەهێنم
دڵ ئاهوو وار و چاو بێ نوورە ئەمـــشەو
(کوردی –ل ٤٢)

**شەیپوور:** ئامێرێکی مۆسیقی فلزیی ڕەنگ زەردە و دەمەکەی کراوەیە وەکو زوڕنا، بە فوو لێدەدرێ.

کە دیتم شەکڵی سەد ڕەنگی گوتم بابایی عەیـارە
کە بیستم لەفزی بێ دەنگی گوتم شەیپووری شاپوورە
(نالی –ل ٤٠٩)

**شەیدا:** شێواو، شێواو بەهۆی دڵدارییەوە، دڵدار.

بـازی دڵ بێ قەرار و شەیدایـە
شیفتەی زوڵف و خاڵی لەیلایە
(سالم -ل ١٣٤)

**شتورمورغ:** شوتور مورغ. باڵندەیەکی زۆر گەورەیە، ملی درێژ و سەری بچووك و پێیەکانی درێژ، ناتوانێ بفڕێت و بە خێرایی ٤٠ کیلۆمیتر ڕادەکات و قورسایی دەگاتە نزیکەی ١٠٠ کیلۆ.

شتور: شوتور، حوشتر، وشتر.

مورغ: باڵندە، مەل، پەلەور.

لە هێلانەی زەمیندا وەك شتور مـورغ
منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام
(نالی – ل ٢٦١)

**شکاف:** مەبەست ئاوریشمی کلافەکراوە.

درز، قڵیش، تڵیش.

شـکـافێکـە کلافەی نـــافی زوڵـفت
دەڕێژێ میسك و عەنبەر لێرە تا چین
(نالی – ل ٣٤٧)

**شکەستی ئوستوخوان:** مەبەست دەرد و ئێش و ئازاری زۆرە.

شکەست: ——— ◄ شکستە.

ئوستوخوان: ئێسك، ئێسقان.

تەرەققی بوو بە وەسڵت دەردی عیشقی سالمی موشتاق
شکەستی ئوستوخوانی ئــەو لە ژێر ســەر مۆمیادا بـوو
(سالم – ل ١١١)

**شکەم:** سك.

بێش و کەم بێ شکەم و حیرس وەکو تیفلی ڕەزیع

زاوییە بێشــکــەم و بـێ شـــکم و بــێ حـیـیەلم

(نالی – ل ۲۹۱)

وەك شەڵتە پەین گەهـ پڕ و گەهـ خاڵییە بەتنت

سەوم و ئەمەلت باعیسی نەفس و شکەمت بوو

(نالی – ل ۳٦۹)

**شکەنج:** لوولی و چین لەسەر چینیی زوڵف. هەروەها بە واتای ئەشکەنجە و فڕوفێڵیش هاتووە، ئازار.

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ

دەناڵێنێ وەکــو بولبول لـە ســـوبحی کـازیبی شـــەودا

(نالی – ل ۸۸)

شکەنجی تـاری پڕ میشکی تەتار و تارە ئەمما ئەو

دو تـاو هـەر تایە بـارێکی لە عەنبەر ناوە زولفەینی

(نالی – ل ٦۷۸)

**شکەنج و عوقدەی زوڵف:** مەبەست زوڵفی لوول و شێواوە.

شکەنج: ←

لە ئیدراکی شکەنج و عوقدەیی زوڵفت پەرێشانم

(کەکس نگشود و نگشاید بە حکمت این معمارا)

(سالم – ل ۲٤)

**شکەنجی زوڵف:** پێچ و لوولی زوڵف، زوڵفی چین لەسەر چین.

شکەنج: ←

شکنجی عەرز و توولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە

مەسەل توولی ئەمەل عومر خزر زنجیری ســەودامە

(نالی – ل ٤۷۰)

**شکەنجی عوقدەی زوڵف:** مەبەست لوولی و چین لەسەر چینی و گرژی زوڵفی یارە.

شکەنج: ⟵

لە ئیدراکی شکەنجی عوقدەیی زوڵفت پەرێشانم
(چەکس نگشود و نگشاید بە حکمت این معمارا)
(کوردی – ل ۱۰)

**شکستە:** ئەگەر لەگەڵ پەرچەم و زوڵف و پرچ و ئەگریجەدا بێت ئەوە واتای لوولی و چین لەسەر چین و بەیەکداچوون دێت. بەڵام وشەکە خۆی واتا شکاو، لەت لەت و پارچە پارچە بوو، درز تێبوو، ڕەنجاو، دڵ شکاو...هتد دێت. شکست + ە.

شکست: شیکەست. چاوگی کرتاوی شیکەستەن (= شکستن)ی ف. یە. واتە شکان.

ە: پاشگرە.

تورەت وەکو تۆماری شکستە و سەری کوڵمت
بـۆ نووری سـەوادم بووەتـە شـەمعی مـوتـالا
(نالی – ل ۱۱٦)

ئەم بە چاو دوڕ و بەسەر لەعلی هەدییە بۆ دەبا
ئـەو بەتف دەیکا بـە میزابی شکستەی ئـابشار
(نالی – ل ۱۷۳)

بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
بـە زسـتـان دڵ شکستەی بـەردی سـەرمام
(نالی – ل ۲٦۱)

دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە بە سەر چووم
قوربـانی وەفـاتـم
(نالی – ل ۲٦٤)

**شکۆفە:** شکووفـە. خونـچـە، گوڵی درەختی میوەدار کە لە پێش گەڵادا دەپشکوێ یـان دەکرێتـەوە، وەکو شکۆفـەی هـەڵووژە، قـەیسی. خۆ ئـەگـەر دوای سەوز بـوونـی

گەڵاکان بپشکوێ پێی دەڵێن گوڵ، وەکو: گوڵی بەهێ و سێو و هەنار. (عمید)

سۆفی وەرە ئەسیری زوهووراتی بـاغ و ڕاغ

لایێ هـەموو شکۆفەو و لایێ هەموو گوڵووك

(نالی – ل ٢٥٦)

نـەخـلی بالآت نـەویـەرە تـازە شـکۆفـەی کـردووە

تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ ئەم مەمەت کەی کردووە

(نالی – ل ٥٤٤)

لەم دێڕە شیعرەدا مەبەست لە شکۆفە، گەشانەوە و شاد بوونە:

بـۆ مـەمك نـالی چ منداڵانە وەی وەی کردووە

گەرچی مووی وەك شیرە بەوشیرە شکۆفەی کردووە

(نالی – ل ٥٤٧)

لێرەدا ئەندێشەی بەرزی شیعری نالی دەخەینە ڕوو، کە بۆ سەرەتای دەرکەوتن و خڕ بوونی بەری هەنجیر و، ترێ پێش بوونی بە بەرسیلە شکۆفەی بەکار هێناوە، کە لە ڕاستیدا هەردوو درەختی ناوبراو شکۆفە ناکەن:

هەنجیری ئەو شکۆفە کە پڕ بوو لە شیری ساف

تیفلی عینەب شـکۆفـەیی کـرد و ڕشـایـەوە

(نالی – ل ٥٥١)

نالی لە دێڕە شیعری باسکراودا وشەی (تیفل و شکۆفە)ی بەکار هێناوە، ئەمە ئەو کتێبەمان دێنێتەوە یاد کە لە سەردەمی نالیدا بە شێوەیەکی گشتی لە مزگەوتەکانی جیهانی ئیسلامیدا دەخوێندرا، کە گولستانی سەعدی شیرازی بوو، لە دیباچەی کتێبی ناو براودا هەردوو وشەی (تیفل و شکۆفە) لە وەسفی بەهاردا بەم جۆرە بەکار هاتووە:[درختان را بە خلعت نوروزی قبای سبز ورق دربر گرفتە و اطفال شاخ را بقدوم موسم ربیع کلاه شکوفە بر سرنهادە.] (گلستان، رهبر – ص ٧) واتە: درەختەکان بە خەڵاتی نەورۆزی کەوای گەڵای سەوزیان لەبەر کردووە و، منداڵانی لقەکان بە هاتنی وەرزی بەهار کڵاوی شکۆفەیان لەسەر ناوە.

**شگۆفه** = شکۆفه: ———→ شکۆفه.

بورجی درەختی سەوز و بولەندی وەك ئاسمان

پێوە شگۆفه هەر وەکو ئەنجمن بە ڕۆشنی

(نالی - ل ٦٦٣)

**شمشاد:** شیمشاد. [پەهلەڤی. شەمشاز] درەختێکە لە تیرەی شمشادەکان، گەڵاکانی هەمیشەییە و دارەکەی سەختە، بۆ جوانی لە باخەکاندا دەیڕوێنن، هەر ئەم درەختەیە کە شاعیرەکانمان زوڵف و پەرچەمی پێ دەچوێنن. (معین)

سونبول لەبەر ڕوعوونەتی شمشادی تازەدا

هات و بە تەعن و دەورە بە سەریا شکایەوە

(نالی - ل ٥٥٢)

شمشاد بە ڕسمی خاکبووس

(در پای قد تو سرنگون باد)

(سالم - ل ٥٤)

ڕاستیی شمشاد و قەددی تۆ بە ئەندازەی یەکن

هەردوو مەوزوونن و لاکین ئەم زەخیم و ئەو ئەواز

(سالم - ل ٦٠)

**شمشێری تازە ساو:** مەبەست برۆی تازە ئارایش کراوە.

تازە ساو: تازە تیژکراو.

تازە ئەبرۆت وسمە کێشاوە بە ناز

دڵ لەتی شمشێری تازە ساوم ئەز

(نالی - ل ٢٢٣)

**شوتور بان:** حوشترەوان، وشترەوان.

شوتور: حوشتر.

بان: وان. پاشگرە.

شوتور بانا ئەمە پەرژینی باغی ڕەوزەیە یاخۆ

عـەرار و عــەرعــەر و بـانـی خیابانی بیابانە

(نالی - ل ٤٩٦)

**شوتور مورغ:** باڵندەیەکە بڵندییەکەی ٣ میتر ە قورسایی ١٠٠ کیلۆ، باڵەکانی بچووکەو هەرگیز ناتوانێ پێی بفرێ، شاپەڕی نییە و بە خێرایی ڕادەکات، مێیەکانیان بە درێژایی تەمەنیان تەنها ٢٠ هێلکە دەکەن، هەر یەکەیان بە ئەندازەی ٢٥ هێلکەی مریشکە، پێیشی دەڵێن نوشتور مورغ، نوشتورلەك. (معین)

شوتور: حوشتر، وشتر.

مورغ: باڵندە، مەل.

بەیزێکی شوتور مورغیی کەوا تازە کرابێ

وەك بەیزەیی بەیزا بـە زیاوو بـە سـەنا بێ

(نالی - ل ٦١٦)

**شورتە:** شرطة. ع. یەکەمین کۆمەڵ یان دەستە کە بۆ جەنگ دەڕۆن، پاسەوان، پۆلیس، چاوش. (معین)

شەتتی میحنەت هـات لە سەردا کەشتی هۆشی ڕافڕاند

بادی غــەم لێم بوو بە شـورتە جیسری شادیم تێکشکا

(سالم - ل ٣٧)

**شۆریدە:** شێواو، پەشێو، پەرێشان.

شۆرید: شووريد، چاوگی کرتاوی شووریدەن (= شوریدن)ی ف. یە واتە، شێوان، ئاڵۆز بوون.

ە: پاشگرە.

گوڵ نایەوێ لە بلبلی شۆریدە غەیری مـەرگ

عاشق شعووری بێ ئەمەتە مەشقی ئەسلەمی

(سالم - ل ١٤٨)

**شوست و شۆ:** شوست و شوو، شوست و شووی. واتە کاری شتنی شتێ، شتن. لەزمانی

فارسیدا، شوست و شوو یان شوست و شووی (= شست و شو، شست شووی) بە هەمان واتایە.

شوست: چاوگی کرتاوی شوستەن (= شستن)ی ف. یە، واتە شتن.

شو، شووی: هەردوو ڕەگی هەمان چاوگی (شستن)ە.

چونکە بێنی بێ وەفایی و ناز و شۆخیی لێ دەهات

ناردییە بازاڕی ڕیسوایی کە بیدا شوست و شۆی

(نالی – ل ٦٩٣)

ئەگەر حۆری لە کەوسەر شوستو شۆی خۆی دا بەتۆ نابێ

(بە آب و رنگ و خال و خط چە حاجت روی زیبارا)

(سالم – ل ٢٤)

**شوعلە ڕێژ:** ورشەدار، درەخشان، تیشك و ڕووناکی بڵاوکەرەوە.

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون

چاو وەکو بیجادە یا دوو شەو چراغی شوعلە ڕێژ

(نالی – ل ٢٢٦)

**شوعلە وەر:** داگیرساو، هەڵگیرساو، هەڵگڕاو، گڕدار، گڕتێبەربوو.

شوعلە: شعلە. ع. گڕ.

وەر: پاشگرە کە لە کۆتایی هەندێ وشەوەدێت و واتای خاوەن و بکەرو هێنەر و بەجێهێنەر دەگەیەنێت.

شوعلەوەر نابێ چرای شادی بە بەر یادی فیراق

ئاگری میحنەت لە خەرمانی وجوودم هەڵگەڕا

(سالم –ل ٣٩)

**شوکرانە سپلیح:** مەبەست سوپاس کردنەو بەجێهێنانی سوپاسی خوایە، کە وەکو چەکێك دەتپارێزێ لە بەڵاو خراپە.

شوکرانە: شوکر + انە.

شوکر: سوپاس.

انه: پاشگره بۆ شایان و کاری بەجێ.

سیلیح: سلیح. گۆڕدراوی وشەی (سلاح)ی عەرەبییە.

چـوست و چـابوك وەرە ڕێـی دوژمـنی نەفست سالم

سیدق خەفتان و وزوو مـەرەکەب و شوکرانە سیلیح

(سالم -ل ٥٤)

**شوهب:** شهب. ع. کۆی شیهاب (شهاب)ە، ئەستێرە ورشەدارەکان، گڕ، شیهابی ساقیب (شهاب ثاقب)، تیری شیهاب، گڕێکە وەکو تیر کە شەو لە ئاسماندا دەبینرێت. (معین)

سماقی ئەحمەرە یاقووتی ڕۆح و ئـــاگـــری نـــەفسە

حەساتی ئەبیەزە یا شوهب و نەجمی ڕەجمی شەیتانە

(نالی -ل ٤٩٣)

**شوهرەتی شار:** مەبەست ئەو کەسەیە کە ناوبانگی بە دڵدار دەرکردووە لە ناو شاردا، ناوداری شار، ناسراو لە ناو شاردا.

شوهرەت: شوهرە. شهرە. ع. ناودار، بەناوبانگ.

قسەی من شوهرەتی شارە تەمامە تازە بیپۆشم

(نهان کـی ماند آن رازی کـزو سازند محفلها)

(سالم -ل ٣٦)

**شوهوود:** شهود. ع. زاراوەیەکی سۆفیگەرییە، واتە بینینی خودا بەهۆی خوداوە.

(اصطلاحات عرفانی)

بە وەقتی تەلبییە مەستی شهوودی (صبغة اللّه) بێ

بە گـــاهی تـــەروییە سیری (ید اللّه) دەستیاری بێ

(نالی -ل ٦٣٤)

**شوێنی پێ گوزەر:** شوێنی تێپەڕین، شوێنێ کە هاتوچۆی پێدا بکرێت.

گوزەر: (= گذر) کە ڕەگی چاوگی گوزەشتەن (= گذشتن)ی ف. یە. واتە: تێپەڕین.

نایی سەدا لە پەنجەرەکەت جوز فوغانی جوغد

غەیرەز شەقامی مورور نییە شوێنی پێ گوزەر

(سالم –ل ٦٨)

**شۆخ چەشم:** بێ حەیا، بێ ئابڕوو، بێ شەرم.

شۆخ: شووخ. بێ ئابڕوو، شاد، خۆش حاڵ، قسە خۆش، جوان، شۆخ و شەنگ.

چەشم: چاو.

خودا تۆبە لە دەست ئەو شۆخ چەشمانە چ غەممازن

(چنان بردند صبر از دل کە ترکان خوان یغمارا)

(کوردی – ل ١٠)

**شۆر:** شوور، سوێر، خوێیاوی.

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێیی لەعلی نمەك پاشە

حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

(نالی – ل ٤٩٥)

**شۆر:** پەشێوی، تێکچوون، ئاڵۆزی، نائارامی، هەرا و هۆریا، دەنگە دەنگ، هاوار، ناڵە و گریان، ئاژاوە، شێوان.

ئەووەڵ ئیلتیجام ئەوەتە ئەی غەیووری دین

حازر ببیی لە کەشمەکەش و شۆری غەرغەرە

(نالی – ل ٤٣٤)

شارێکی پڕ لە زوڵم و مەکانێکی پڕ لە شین

جایێکی پڕ لە شۆر و وڵاتێکی پڕ کەسەر

(سالم – ل ١٤)

لە دونیادا دڵم گەر تەرکی تورەی تۆ نەکا سەهلە

بیروون نایە لە شۆر و زەمزەمەو غەوغایی مەحشەردا

(سالم – ل ٢١)

شـــەوی مـــاوە کـە بێدارم لـە شـــــۆرت

لە عەهدی گوڵ وەکو مورغی سەحەرخیز

(سالم – ل ٧٢)

تیخی ئەبرۆیی خەمت سوورەتی سەیفی عەلی یە

باعیسی زەمزەمەیی شـۆری جیهانە بـە عومـــەر

(کوردی – ل ١٥)

**شۆرەزار:** زەوییەك کە خوێیاوی بێت و ڕووەکی تێدا نەڕوێت.

شۆر: شوور، سوێر، خوێیاوی.

زار: پاشگرە بۆ شوێن وەکو لەم وشانەدا هەیە: گوڵزار، لالەزار، چەمەنزار...هتد.

شۆرەزاری خاکی ڕەی ئەم جارە دامەن گیرمە

ڕوو لە هەر وادی دەکەم خـاری وەکو زنجیرمە

(سالم – ل ١٦)

لە ئەشکی سوور و سوێری خۆم دەبینم

گولستانێ لـــە خـــاکی شـــــۆرەزارا

(سالم – ل ٢٥)

لە سەحرای شۆرەزاری عیشقی جانانا گیاهێکم

بەبێ بارانی تیری غەمزە قـەد نەشونما ناکەم

(سالم – ل ٨٥)

**شۆریدە بەخت:** شووریدە بەخت، بەد بەخت.

شۆریدە: ⟵

نەزمی شایانی لە کوێ بوو عاشقی شۆریدە بەخت

موویی ئاشوفتەی سـەرم وا دەرهـەم و ژوولیدەما

(سالم – ل ٣٣)

**شۆری شەهر:** مەبەست دلبەرە. ئەو دلبەرەی کە بەهۆی شۆخ و شەنگییەکەیەوە ئاشووب لە

شارێکدا پەیدا دەکات و دەیشێوێنێت.

شۆر: ⟵ شۆڕش.

شەهر: شار.

شۆری شەهرم گەر وەها بێ جێمە هاموون عاقیبەت
یاری لەیلا خەسلەتم دەمکاتە مەجنوون عاقیبەت
(سالم – ل ٥٣)

**شۆری عەشق:** مەبەست گڕو کڵپەی دڵدارییە، تین و جۆشی خۆشەویستیی.

شۆر: ⟵ شۆڕش.

دەبمە ئەو ئاشە کە ئاوی ببڕن
شۆری عەشقم کە نەمێنێ لە سەرا
(سالم – ل ٢٣)

**شۆری ویسال:** پەرۆش بوون بۆ گەیشتن بەیار. تین و جۆشی ئارەزوو بۆ گەیشتن بە دلبەر.

شۆر: ⟵ شۆڕش.

سەرئەفگەندەی حوزووری سەربلندانی قیامەت بم
سەرم تا دانەنێم شۆری ویسالت گەر لەسەر دەرکەم
(سالم – ل ٨٤)

**شۆڕش:** مەبەست ئاژاوە و پەشێوی، بەیەکداچوون، ئاشووب، سەرپێچی، پەرێشانی هەرا و هوریا.

شۆڕ + ش.

شۆڕ: شوور. ڕەگی چاوگی شوریدەن (= شوریدن)ی ف. یە واتە: ئاڵۆز بوون، تێکچوون.

ش: پاشگرە.

ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری کانی با
یاخود بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور
(نالی – ل ١٨٦)

ڕەنگ و ئـەســـەری شـۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سووریو سوێرییە دەڕێژم
(نالی – ل ٢٧٨)

سۆزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائیی نایێ
هەریەکە نەوعە غینایێکە بـە مەعنایێکە
(نالی – ل ٤٦٢)

دەکا دونیایێ پڕ شـۆڕش بـــە دایــم فیتنەها پـــەیدا
بە نەیرەنگ و فسوون هەردەم لە هەر موویێ وەغا پەیدا
(سالم – ل ١٨)

**شۆڕش و وەغا:** مەبەست هەرا و هوریا و شێوان و ئاڵۆزی زۆرە.

شۆڕش:⟶

وەغا: وغا. ع. جەنگ. ئاڵۆزی و ئاژاوە لە جەنگدا.

غەم جەیشی سەلم و توورە دێتە سەر ئیرەجی دڵم
بـۆ شۆڕش و وەغا چ [وو] دڵی سینە بوو بـە ڕەی
(سالم – ل ١٥٣)

**شیتاب:** خێرا، پەلە، زوو.

دەروونی هـاتە جۆش و تەڵەبی دۆی ترشی کرد
کاسە دۆی نایە سەر و دوو قومی لێدا بە شیتاب
(سالم –ل ٤٤)

**شیتاب هێنان:** پەلە کردن، خێرایی کردن.

شیتـاب: پەلە، خێرا، پەلەکردن لە کار و چالاکیدا، خێرا ڕۆیشتن.

بـۆ تـۆبە سوویی مەسجید هـاتم بچم لــە ڕێدا
بۆ کۆیی مەی فرۆشان عەزمم شیتابی هێنا
(سالم –ل ٣٥)

**شید:** پەهلەڤی ـ شیت. خورشید، جەمشید، هەتاو، خۆر، درەخشان، شەرم و ئابڕوو.
(فرهنگ شاهنامه)

←——— جامی جەمشید.

لە مەستیدا وەکو ڕوهامە بۆ مـــــەردی وەکو شیدە
بە توندی هەروەکو تووسە بەشۆخی جەعفەرە ئەمشەو
(کوردی -ل ٤٣)

**شیر:** مەبەست برۆیە.

لەت لەت و کون کون بووە دڵ وا لە شەوقی شیرەکەت
ڕۆحـەکەم دێت و دەچێ داخـۆ لە کـامیان دێتە دەر
(نالی -ل ٢٠٣)

**شیرەی بو ستانی حوسن:** مەبەست شۆخ و شەنگی بێ وێنەیە، زۆر جوان.

شیرەیی بوستانی حوسنت قووتی تیفلی مەردومە
شیری پستانی نـەبێ نـاژی یەقین تیفلی سەغیر
(سالم -ل ٦٩)

**شیرین:** ←——— خوسرەو.

شاهـیدی فیکـرم کـە بێتە جیلوەگاهی دولبەری
شاهی خوسرەو ڕۆحی شیرینی بە قوربانی دەکا
(نالی -ل ١٠٣)

لە دنیا جەننەتی باقیی تەلاری شاهییە ساقی
حەبیبە تورەیی تەوقی ملی شیرین و عـەزرایە
(نالی -ل ٥٦٩)

حەسرەتی ناو[ێ] ئەگەر کۆهکەنی بیمارم
دڵبـەرم هەروەکو شیرینی زەمـانە بە عـومەر
(کوردی -ل ١٦)

ئەمن فەرهــــاد و شـــاهید بێستوونە

ئەتۆ شیرین شەماڵ شاپوورە ئەمشەو

(کوردی –ل ٤٢)

**شیرین دەهان:** دەم و لێوی جوان.

دەهـان: دەم.

نەوجەوان ئەبرۆ کەمان شیرین دەهان و نیکتە دان

تورك ڕەفتار و پەری ڕوخســـــار و کـــاکۆڵدارەکەم

(کوردی –ل ٣٠)

**شیرین دەهەن:** دەم و لێو جوان.

دەهەن: کورتکراوەی دەهـان واتە دەم.

تورکی تیر ئەفگەنی شیرین دەهـەنی سیم زەقەن

سەری سولحی هەیە گەر دەرحەقی یارانی قەدیم

(سالم –ل ٨٨)

**شیرین قەڵەم:** ڕێك و پێك و شیرین ئەندام، مەبەست ئەو کەسەیە کە هەموو ئەندامەکانی لەشی لەگەڵ یەکتریدا ساز و گونجاو بن.

مل عەلەم شیرین قەڵەم ئاهوو شکەم مەیموون قەدەم

سم خڕو کلك ئێستر و مـــــــەنزل بڕو عــــارەق نەڕێژ

(نالی –ل ٢٢٥)

**شیشە شکان:** کورتکراوەی شیشەی دڵ شکانە.

مەبەست دڵی ناسك بریندار کردنە.

بۆچی نەگریم سەد کـــەڕەتم دڵ دەشکێنی

بۆ مەی نەڕژێ شیشە لە سەد لاوە شکاوە

(نالی –ل ٥٣٥)

**شیشەی دڵ:** مەبەست دڵی ناسکە.

گوتم قوربانی تۆ من بم گوتی قوربانی تۆ سەگ بێ
گوتم شیشەی دڵم ناتوێ گوتی بۆچیمە مەکسوورە
(نالی -ل ٤١٠)

شیشەی دڵ بەس لە کونجی سینەدا پۆشیدە بوو
باز بەسەریا غەم وەکو سەنگی فەلاخەن هاتەوە
(سالم -ل ١٣٢)

**شیشەی دیدە:** مەبەست ناو چاوە.

دەزانی تۆ لە شیشەی دیدەما بیی ئەشك ئالوودەم
شەرابی حوب لەجاما ڕەونەقی خوێنی جیگەر نادا
(سالم -ل ١٧)

**شیعری سەلیقی:** مەبەست شیعری جوانە، ئەو شیعرەی کە لە چێژ و سوروشتێکی بەرزەوە هەڵقوڵابێ.

وشەی سەلیقی عەرەبییەو لە (سلیقە)وە هاتووە، واتە: نەژاد، چێژ.

خەڵقی کە هەموو کوودەکن و بەستە زوبانن
بابێن و لە نالی ببیەن شیعری سەلیقی
(نالی -ل ٦٥٧)

بەم نەوعە کە وەختی ئەمەلە فیکری ڕەقیبت
سالم ئەمە هەزمیانە نەوەك شیعری سەلیقی
(سالم -ل ١٤٨)

**شیفتە:** دڵدار، عاشق، سەرلێشێواو بەهۆی دڵدارییەوە، پەرێشان، سەرگەردان، تووڕە.

وشەکە لە چاوگی شیفتەن (= شیفتن)ی ف. یەوە هاتووە، واتە: عاشق بوون، گیرۆدەی دڵداری بوون، سەر لێشێوان.

زوڵفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بەداوە
(نالی -ل ٥٣٢)

بیده بەدڵــم شیفتە بۆ شیفتە چــاکە
بیخەمە ملم ئەو قەیدە بە دێوانە ڕەوایە
(نالی –ل ٥٦٤)

تووشی دەردێ هاتووم سالم لە عەهدی چاوی یار
شێخی سەنعان بەم سیاقە شیفتەیی تەرســا نەبوو
(سالم –ل ١٠٧)

بازی دڵ بێ قەرار و شــەیدایە
شیفتەی زوڵف و خاڵی لەیلایە
(سالم –ل ١٣٤)

**شیلیك:** تەقاندنی گوللەی تۆپ و تفەنگ، گوللە تێگرتن، دەنگی دەرچوونی گوللە لەکاتی تەقاندندا.

پێشی دەمیان شیلیکی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە
گەییە چەرخی حەوتەمین لەو عانەدا ئاهـ و فوغان
(سالم –ل ١٤)

**شیماڵ:** شمال. ع. بای شەماڵ، بایەك کە لەلای سەرووەوە هەڵدەکات.

مەحوی قەبووڵی خــــاتری عــاتر شــەمیمتە
گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور
(نالی –ل ١٧٧)

**شینا:** مەلە.

غەرقی بەحری فیکرە سالم دەست و پای جەهدی نییە
قەت شینا ناکا لە دەریادا کــەســـــی بێ دەست و پا
(سالم –ل ٣٥)

**شین و چەمەر:** گریان و واوەیلا، شین و شیوەن، شین و شەپۆڕ.

شین: گریان و ناڵەو زاری بە دەنگی بەرز.

چەمەر: چەنبەر. پێچ، لوول، گرمۆڵە.

چاو و دڵ شەڕیانە نازانم خەتای کـــامیانە خـو

تـا بـە داری کەم دەری کەم بیخەمە شین و چەمەر

(نالی -ل ٢٠٢)

**شێخی سەنعان:** شێخی صەنعان. داستانی شێخی سەنعان کە لە کتێبی (منطق الطیر -عطار)دا هـاتووە، بەم جۆرەیە: شێخی سەنعان لە مەککە چوارسەد دەروێشی هـەبوو، شەوێ لەخەودا بینی، کە لە ڕۆمدا کڕنووش بۆ بتێ دەبات، زانی کە خوای گەورە تاقی دەکاتەوە، لەگەڵ موریدەکانیدا ڕۆیشتن بۆ ڕۆم و لە وێدا عاشقی کچێکی مەسیحی بوو، هەرچەندە دەروێشەکانی هەوڵیان دا بۆ ڕاست کردنەوەی ئەم کارە بەڵام سوودێکی نەبوو، شێخ لە گەڕەکی کچە مەسیحییەکەدا گۆشەگیر بوو، لەگەڵ ئەمەشدا کچەکە گاڵتەی بەو و عەشقەکەی دەکرد، لە ئەنجامدا کچەکە پـێی ڕاگـەیـانـد و وتـی: ئـەگـەر لـەم خـۆشەویستـییـەدا تـەواو ڕاست گـۆیت، دەبـێ کڕنووش بۆ بت ببەیت و قورئان بسووتێنی و مەی بنۆشی و واز لە ئاینی خۆت بهێنی. شێخ بەمە ڕازی و ملکەچ بوو، لەژێر کارتێکردنی مەی نۆشیی زانستە ئاینییەکان و ڕازەکانی قورئانی لەبیر چووەوە و سەرئەنجام بوو بە مەسیحی و جببەکەی خۆی سووتاند. کچە مەسیحییەکە پێی وت: لە جیاتی مارەیی من، دەبێ ساڵێ بەرازەوانی بکەیت، شێخ بوو بە شوانی بەراز، لەم کاتەدا دەروێشەکانی وازیـان لێ هێنا و گەڕانەوە بۆ مەککە و ئەم بەسەرهـاتەیان گەیاند بە یەکێ لە یار و دەروێشە گەورەکانی، ئەم دەروێشەیش، دەروێشەکانی سەرزەنشت کرد و پێی وتـن: بـۆچـی شێختـان بـە تـەنـهـایـی بـەجـێ هـێشت، دووبـارە هـەموو بـەرەو ڕۆم گەڕانەوە، ئەو موریدە پێغەمبەری لەخەودا بینیبوو و، تکای ڕزگاری شێخی لێ کردبوو، پێغەمبەر (د. خ) فەرموویبووی کە شێخ خۆی دەگەڕێتەوە، موریدەکان گەیشتنە ئەو شوێنەی کە شێخ بەرازەوانی تێدا دەکات، کاتێ کە شێخ ئەوانی بینی شەرمەزار بوو، بە تەواوی ڕازەکانی قورئـان و ئەوەی کە لەیادی چوو بوو هـاتەوە بیری، سەر ئەنجام بووەوە بە موسوڵمان و جببەکەی لەبەر کردەوە و لەگەڵ یـارەکـانـی بـەرەو حـیـجـاز گـەڕانـەوە، لـەو کـاتـەیشدا کچە مـەسیـحییـەکە لـەژێر کارتێکردنی ئەو خەوەی کە دیبووی دووی شێخ کەوت و، لەژێر دەستی ئەودا بوو

بە موسوڵمان و دوای ئەوە گیانی دەرچوو.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە بۆچوونەکانی گەوهەرین، لاپەڕەی ٣٢٠ی منطق الطیر و هەروەها پێشەکییەکەی هەمان سەرچاوە. (تلمیحات)

تووشی دەردێ هاتووم سالم لەعەهدی چاوی یار
شێخی سەنعان بەم سیاقە شیفتەیی تەرسا نەبوو

(سالم -ل ١٠٧)

**شێخی کەبیر:** مەبەست شارەزا و شیعر ناسە.

زیرە سەرمایەیە بۆ سالم و کرمانی دەبا
شیعری کوردی کێ بدا جیلوە لە لای شێخی کەبیر

(سالم -ل ٦٩)

**شێخی مەعنەوی:** مەبەست مەولانا جەلال الدینی ڕۆمییەو ناسراوە بە (مەولەوی) و بەرهەمە بەناوبانگەکەی (مثنوی)یە کە بەناوبانگە بە (مثنوی معنوی).

←شەمس. مەولەوی

سالم کەلامی کوردی و بێ وەزن و لەنگ و سست
بێ مەعنییە بگاتە ئەلای شێخی مەعنەوی

(سالم -ل ١٥٢)

**شێری نەڕ:** مەبەست شێری ئازایە.

نەڕ: نێر. بەڵام هەندێ جار لەگەڵ شێردا بە واتای ئازا بەکار دێت و دەڵێن: نەڕە شێر. ئەمڕۆ لە کوردیدا وشەی نێر بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، کە دەڵێن: فلان نێرە، واتە ئازاو دلێرە.

کەللە وەك جەرەی شەرابی پڕنیشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ ئاهووی بەڕ گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ

(نالی -ل ٢٢٥)

# ع

**عاریز:** عارض. ع. دەموچاو، ڕوو.

پرتەوی عاریزی یار و دڵــی سەد پارەیی مــــن
قسەیی شەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بە عومەر
(کوردی –ل ١٦)

ســــەبـــــــا بڵێ بە ســـوخمە ئاڵـــەی دیدە مەخمووره
بە حوسنی عاریزی خۆی حەیفە وا بێباك و مەغرووره
(کوردی – ل ٤٧)

تا بەسەر باغی دڵا بێ بـــای خـەزانی فیرقەتت
عاریزم بۆ سێوی ڕوخسارت لە ڕەنگی بەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

بێت و سەیری حوسنی زوڵفت کا لە دەوری عاریزت
هەر کەسێ نەی دیوە تاریکی لــــەبەر شـــەوقی چرا
(سالم –ل ٣٤)

موحیتی عـاریزی دولبەر لەسەر ڕوو و زوڵفی پڕچین هـات
بەدەوری باغی گوڵدا تەرزی سونبول مەحزی پەرژین هـات
(سالم –ل ٤٦)

تەواو نابێ لە سەودای عاریزت بۆ دڵ گرفتاری

لە داوی تورە بەربوو کەوتە چـــاهی زەنەخدانت

(سالم -ل ٤٩)

ئەی گوڵاو جێگەیی تۆ شیشە نییە

عاریزی دولبەرە ئەســـڵی وەتەنت

(سالم -ل ٤٥)

لـــــە حەڵقەی چینی زوڵفا دیدەبانی عـــاریزی خـــاڵت

لەگەڵ دڵدا دەکەت تا سیحر و ئەفسوون خووتە هیندووتە

(سالم -ل ١٢٢)

خۆش ڕەنگە خاڵی هیندوویی فەردت لـــە عـــاریزا

ســـــابیت قـــــەدەم مـــوقیمە لە نارا ســـەمەندەریی

(سالم -ل ١٤٥)

**عاریزی پشکۆ:** مەبەست دەموچاوی سوور و سپیی و گەش و جوانە.

عاریز: ⟵———

زوڵفت کـە لەسـەر ڕوو بـەخـەم تابشـە ئەمـڕۆ

دوودی سییەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ

(نالی -ل ٣٨٤)

**عاریف:** عـارف. ع. لـە فـەرهـەنگە عیرفـانییـەکـاندا ئـەم زاراوەیـە بـەزۆر جـۆری جیـاجیا لێکدراوەتەوە، بۆ نموونە: عاریف کەسێکە کە خوای مەزن گەیاندوویەتییە پلەی شهوودی زات و ئەسماء و سیفەتەکانی خۆی و، ئەم پلەیەی لە ڕێگەی حاڵ و موکاشەفەوە بۆ دەرکەوتووە، نا لە ڕێگەی زانست و زانیارییەوە.

ئەبو تورابی نەخشەبی دەڵێ: عاریف کەسێکە کە هیچ شتێ سەر لێشێواو و دڵ تەنگی ناکات.

هەندێك دەڵێن: عاریف کەسێکە کەلە بوونی مەجازی خۆیدا لەناو چوو بێت.

هەروەها دەڵێن: عاریف کەسێکە کە پەرستنی خوا لەبەرئەوە بەجێ دەهێنێ کە بە شایانی ئەو پەرستنەی دادەنێت، نا لەبەر هیوای چاکەدانەوە و ترسی شکەنجە. بەڵام بەرامبەر بەمە ئەهلی موعامەلە، پەرستنی خوا لەبەر چاکەدانەوەی ئەو دونیا ئەنجام دەدات.

هەروەها دەڵێن: عاریف کەسێکە کە پلەکانی پاك و تەمیز بوونەوەی دەروونیی تەی کردووە و لە ڕازەکانی ڕاستیی تێگەیشتووە. (اصطلاحات)

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عـاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا
(نالی -ل ٩٧)

بـــادە پەیمایانی ئیدراك و کـــەمـــالی عـــاریفـــان
لەنگ و عاجز بوون لە ڕێی تەی کردنی مەیدانی عیشق
(کوردی -ل ١٩)

ئەی دوڕی تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهـــان
شەمسی ئەفلاکی کەماڵ و شەمعی بەزمی عاریفان
(کوردی -ل ٣٤)

**عاریف و مەعرووف:** ناوی دوو فریشتەیە کە لەناو گۆڕدا پرسیار لە پیاو چاك دەکەن.

عاریف: ⟵———

مەعرووف: معروف. ع. ناسراو، بەناوبانگ. هەروەها بەواتای چاکە و کاری چاك هاتووە.

تەنگە ئـــەوا دەبێ کـــە لـــەئەو جێگە تەنگەدا
سائیل نەکیر و عاریف و مەعرووف و مونکەرە
(نالی -ل ٤٣٦)

**عالەم گیر:** جیهان گیر، مەبەست بەناوبانگ و ناسراوە.

گیر: ڕەگی چاوگی گرفتەن (= گرفتن)ی ف. یە. واتە گرتن.

لەشكری خەتتی شكستەو تیپی زوڵفی تار و مــار
پادشـاهـی حوسـنی عالەم گیری هـێشتا غالیبـە
(نالی -ل ٣٩٩)

شوكــت پور پشنگ و تیغ عالمگیر او
درهمه شهنامەها شد داستان انجمن
(حافظ، د. رهبر -ص ٥٣١)

واتـە: شكۆ و مـەزنـی ئـەفـراسیـابـی كـوڕی پـەشەنگ و شمشێرە جـیـهـانـگـیرە بـەنـاویـانـگـەكـەی ئـەو، لـە نـاو هـەموو شاهـنـامـەكـانـدا بـوو بـە داستـانـی كـۆڕ و ئـەنجومـەن.

**عالەمی باڵا:** عالـەمی عولوی، ئـاسمـان، جیهانی گیان، جیهانی فریشتەكانی ئـاسمـان.

تـا سونبولی زوڵفت لە نیهـالی قـەدت ئـاڵا
من دوودی هـەناسەم گەییە عـالـەمی بـاڵا
(نالی -ل ١١٥)

من سەروی ڕەوانی چـەمـەنی عالـەمی بـاڵام
نالی بە توفـەیلی بووەتە سـایە لــە دوومن
(نالی -ل ٣٣٢)

ئەو سێبەرە كـە عالـەمی عـولوی لــە نووریيە
شـەمس و نجووم و هـەرچی لەواندا موقـەڕەرە
(نالی -ل ٤٢٤)

تـاكی بود نشیمن مـا این جهان پست
از اشتیاق عـــالم بـــاڵا بـــسوختیم
(طالب آملی: كلیات، ٧٢٣ -عفیفی)

واتە: تاكەی شوێنی ئێمە ئەم جیهانە بێ نرخ و هیچە بێت، ئێمە لە ئـارەزووی گەیشتن بە جیهانی گیـان و فریشتەكان سووتـاین.

**عالی جا:** کورتکراوەی (عالی جاه)ە، واتە بڵند پایە، گەورە و شکۆمەند.

جا: جاه. پلە و پایە.

وەك قیاسێکی کــە موسبەت بێ نەتیجەی بێتە جێ

حەمد و لیللا شەه کە عالی جا بوو خاڵی جا نەبوو

(نالی –ل ٣٧٣)

**عالی کەعب:** مەبەست بڵند پایەیە، مەزن، شکۆدار، هێژا.

سیراجی ئەنبیا خەتمی ڕوسول نووری موبینی حەق

کە عالی کەعب و قەدر و دەست و سەدر و خاتەمی شانە

(نالی –ل ٥٠٥)

**عەبەس:** عبث. ع. کردنی کارێ کە ئەنجامەکەی نەزانراو بێ، کاری بێ کەڵك.

عەبەس کوردی مەلانێك دێن دەپرسن مەزهەب و دینت

کە قادر خۆ دەزانێ من لەسەر کــام مــەزهەب و دینم

(کوردی –ل ٢٧)

عەبەسە نازشی مونعیم بە زەڕ و موڵك و مەتاع

(کە محال اســـت درین مرحلە امکـــان خلود)

(سالم –ل ٥٦)

نایەڵێ بێمە حــوزوورت منی ئاوارە عـــەبـــەس

ئارەزووی چاکە لەگەڵ مەردومی بێگانە عەبەس

(سالم –ل ٧٢)

**عەبهەر:** عبهر. ع. نێرگس، نێرگز.

ڕیشتەیی زەوق و ئەلەم دێتە موقابیل ویسـال

دڵی من لالەیی ئەو دیدەیی ئەو عـەبهەری من

(سالم –ل ٩٤)

**عەبیر:** عبیر. ع. جۆرە بۆنێکی خۆشە دروست دەکرێ لە موشك و گوڵاو و سەندەل و

زەعفەران و هەندێ شتی تر... (معین)

شامی هەموو نەهار و فوسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بوخوور
(نالی -ل ١٨٢)

تەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر
تەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئەزفەرە
(نالی -ل ٤١٦)

**عەبیری سەلام:** مەبەست سەلامی گەرم و گوڕە سەلامی بۆن خۆش.

عەبیر: ⟶

واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چیی ماوە چیی نەماوە لە هەیوان و تاق و ژوور
(نالی -ل ١٩٥)

**عەتر ئالوود:** عەتراوی، زۆر بۆن خۆش.

ئالوود: چاوگی کرتاوی ئالوودەن (= آلودن)ی ف. یە. واتە تێکەڵاو بوون.

دەماغ ئەمڕۆ عەتر ئالوود و موشك ئەفشان و گوڵ بێزە
(مگر بویی صبا آوردە سوی زولف تاتارت)
(کوردی -ل ١٣)

**عەتر فشان:** بڵاو کەرەوەی بۆنی عەتر، عەتر پرژان.

فشان: ڕەگی چاوگی فشاندەن (= فشاندن)ی ف. یە. واتە: بڵاو کردن، وەشاندن، پرژاندن.

ماوردە لە سەر خەرمەنی گوڵ عەتر فشانە
یا ئاوی حەیاتە عەرەقی وردی موحەییات
(نالی -ل ١٤٣)

**عەتفی عینان:** مەبەست مەیل و ئارەزوو و میهرەبانییە.

عەتف: عطف. ع. گەڕانەوە و ئارەزوو بۆ شتێ، بەستنەوەی وشەیەك بە وشەیەکی پێش خۆی بە تیپی پەیوەندی وە (و).

عینان: عنان. ع. لەغاو، جڵەوی وڵاخ و ئەسپ.

کە ئەویش زانی ئەمن ئەومە لەسەر مەنعی ئەوی
ئاعیلاج ئاخری کردی لە منیش عەتفی عـــینان
(کوردی -ل ٣٧)

**عەجووزەی دونیا تەڵاق دان:** مەبەست واز لە دونیا هێنان، پشت کردنە ماڵ و خۆشی دونیا، شاعیرانی کۆنمان زۆر جار جیهانیان چواندووە بە پیرەژن.

بۆ تو کە بیکر و تازە وەکو حۆریی جەننەتی
قەیدی چییە عەجووزەیی دونیا بدەم تـەڵاق
(نالی -ل ٢٤٩)

**عەرار:** عرار. ع. نێرگسی کێوی، نێرگزی دەشتی، (عرارة) تاکە. (عمید)

شوتور بانا ئەمە پەرژینی باغی ڕەوزەیە یاخۆ
عـــەرار و عـــــەرعەر و بـانی خیابانی بیابانە
(نالی -ل ٤٩٦)

**عەرەب دیدە:** مەبەست چاو ڕەشە.

دیدە: چاو.

نەقشی چین بۆیی خەتا خوویی فەرەنگ مووی حەبەش
هیندوویی خاڵ عـــــەرەب دیدە نەزاکەت عـــەجـــــەمی
(سالم -ل ١٤٩)

**عەربەدە:** عربدة. ع. بەد خوویی، توندوتیژی، بەد مەستی، هاوار و نەڕاندن.

ئەو چاوە کە هەڵ دێنێ سەد عـــەربـــەدە دەنوێنی
هەر ڕۆحە کە بستێنی، لـەم غەمزە دووبـارەت چیی
(نالی -ل ٦٤٣)

**عەرسە:** عرصة. ع. لێرەدا مەبەست مەیدانی عیشقە، مەیدانی دڵداری.

حەوشە، مەیدان، گۆڕەپان.

لەعەرسەی ئەوجی عەشقت بازی دڵ هەڵسا لە دەورانا

بەبەرقی پرتەوی حوسنت پەڕی سـووتا لـــە تەیرانا

(سالم –ل ٣٥)

عەرشی بەرین کە دائیرەیە ڕەوزە مـــەرکـــەزە

فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە

(نالی –ل ٤١٦)

**عەرشی بەرین:** مەبەست بارەگای زۆر بەرزی خوایە، تەختی زۆر بڵندی پەروەردگار.

عـەرش: عرش. ع. ١–تـەختی خوای جیهـانـەکـان، خوای مـەزن، کـە تـەعریف ناکرێت و چۆنییەتی و باسکردنی سنووری، لە شەرعدا قەدەغەیە.

٢–ئاسمانێ کە لە سەرووی هەموو ئاسمانەکانەوەیە، ئەوەی دەورەی جیهانی داوە کە فەلەکولئەفلاکە و فەلەکی ثوابت ناوی کورسییە.

(فرهنگ واژەهای ایهامی دراشعار حافظ –دکتر محمد ذو الریاستین)

بەرین: باڵا ترین، بڵند ترین، وەکو: بەهەشتی بەرین، خولدی بەرین، چەرخی بەرین. (معین)

عەرشی بەرین کـــە دائیرەیە ڕەوزە مـــەرکەزە

فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە

(نالی –ل ٤١٦)

**عەرشی نۆ سەحیفە:** عەرشی نۆ صەحیفە. ئاسمانی نۆهەم، ئاسمانی نۆهەمین، فەلەکی نۆهەم، فەلەکی ئەعزەم (فلك الأعظم)، فەلەکی ئەفلاك (فلك الأفلاك) فەلەکی ئەتلەس (فلك الأطس). (معین)

عەرش: ———◄ عەرشی بەرین.

ئەم فـەرشە خاکییە دەتەکێنن لە تۆز و گـەرد

ئەم عەرشە نۆ سەحیفەیە دەیکەن بە یەك پەڕە

(نالی -ل ٤٣٨)

**عەرعەر:** مەبەست بالآی بەرز و جوانە.

عەرعەر درەختێکە لە تیرەی عەرعەرەکان و گەڵاکانی پڕ و ورد و زۆرن، نەژادی ئەم درەختە لە چین و ژاپۆنە، بەم زووانە هێنراوە بۆ ئێران، لە باغ و پارك و کەناری شەقامەکاندا دەڕوێنرێ، بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٠ میتر. (معین)

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر

مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە

(نالی -ل ٥٣٨)

**عەرفەج:** عرفج. ع. ڕووەکێکە لە کەناری ئاودا دەڕوێت، بەقەدەر درەختی سماقە، پێنج لقی زیاتر نییە و مەیلە و سوورە، گوڵەکانی سپی و پڕن. (عمید)

قەتاد و عەرفەج و خیتمی و عەزات و عەوسەج و ئەسلی

چ دامەن گیر و شین و دڵ نشینی ڕێی غەریبانە

(نالی -ل ٤٩٤)

**عەرووسی وەسف:** پیاهەڵدانی جوان و بەجێ.

بە دامادی خیرەد چارەی عەرووسی وەسفی تۆ نابێ

لە پەردەی دڵ مەعتەل ما بە بارێ شەرم و ڕوو زەردی

(سالم -ل ١٤٤)

**عەزرا:** عذرا، عذراء. ناوی خۆشەویستەکەی (وامق)ە کە کەنیزەکێ بوو لەسەردەمی ئەسکەندەری زولقەرنەیندا، زۆر لە ناوی کەسان و شوێنەکانی ئەم داستانە یۆنانییە، لەبەرئەوە دوور نییە کە ئەم داستانە لە یۆنانییەوە کرابێ بە پەهلەڤی و دوای ئیسلام وەرگێڕدرابێ بۆ سەر فارسی. (معین)

عیشقت کە مەجازیی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ

(نالی -ل ١٥٧)

لە دنیا جەننەتی باقیی تەلاری شاهییە ساقی

حەبیبە تورەیی تەوقی ملی شیرین و عەزرایە

(نالی –ل ٥٦٩)

**عەسای مووسا:** کاتێ کە مووسا ڕۆیشت بۆ میسر، داوای لە فیرعەون کرد کە بێتە سەر ئاینەکەی، فیرعەون بەرامبەر بە مووسا هیچی پێ نەکرا، داوای لێکرد کە بەرامبەر بە جادووگەرەکانی خۆی ڕاوەستێ و بجەنگێ، جادووگەرەکان لەو کۆڕەی کە فیرعەون سازی دابوو، مارەکانی خۆیان بەردایە گیانی مووسا، بەفەرمانی خوا مووسا داردەستەکەی خۆی فڕێدایە سەر زەوی و داردەستەکەی بوو بە ئەژدەها و هەموو مارەکانی فیرعەونی قووت دا، بەو جۆرەی کە لە سوورەتی اعراف ٧ ئایەی ١٠٤دا دەفەرمووێ: فألقی عصاه فاذا هی ثعبان مبین: ئیتر عەساکەی خۆی فڕێداو ئەو کاتە ئەژدەهایەکی لێ پەیدا بوو.

ئەم کارە یەکێکە لە موعجیزەکانی مووسا. (تلمیحات)

عەسای مووسایە سەر نێزەی لە ڕەغمی مشتی فیرعەونی

بەبەرقی ئاتەش ئەفشان و بــە شکــڵی ئەژدەها پــەیدا

(سالم –ل ١٩)

سەهلەگەر مووسا عەسای کردە حەی و سەهمی نوواند

موعجیزەی دا دولبەرم هەردەم بەمــووی گیسوو دەکا

(سالم –ل ٣١)

**عەسەس:** عسس. ع. پاسەوانی شەو، پاسەوان، وشەی (عسس) کۆیەو لە عەرەبیدا و بە جۆری تریش کۆ دەکرێتەوە: عسیس، عسسە. (عاس) تاکە، عەسەس لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا بە واتای تاك بەکاردێت، بەڵام لە کوردیدا بە شێوەی (عەسعەس)یش بەکاردێت.

وەکو پەروانە بەشەو هێندە بە موشتاقیی دێم

بە چرای کوڵمتەوە ڕەنگە عەســەس لێم بگەڕێ

(نالی –ل ٦٥٣)

**عەف عەف:** حەپ حەپ، وەڕینی سەگ.

خۆشترە عوزری گونەهکاران لە سـەد زیکری ڕیـا
ئەم بە نەرمی عەفوە عەفوە ئەو بە توندی عەف عەفە

(نالی –ل٤٥)

**عەقرەب:** مەبەست پەرچەمی لوولە.

عەقرەب: عقرب.ع. دووپشك.

لە مەهتابا کە دڵ دی پەرچەمی وەك عەقرەبت ئەمشەو
گوریزی دا لە عەقرەب کەوتە چاهی غەبغەب ئەمشـەو

(سالم –ل ١١٨)

**عەقرەبی زوڵف:** مەبەست زوڵفی لوولە.

مەنزلی عـەقرەبی زوڵفە قەمـەری چێهریی تۆ
لەم دەمردە بۆ منی غەم دیدە ئەبەد نەحسە سەفەر

(سالم –ل ٦٥)

**عەقڵ و دین نانە مست:** مەبەست خۆخستنە ژێر دەستی یارە بەتەواوی، خۆخستنە ژێر ڕکێف و توانای دلبەر، خۆدان بەدەستەوەو مل کەچ کردن.

چونکە هیچ شاهید لە نێومان نەبوو(ە) ڕۆژی ئەزەل
عەقڵ و دینم نایە مسـتی ئێستە وا حـاشا دەکـا

(کوردی –ل ١١)

**عەقیب:** عقیب.ع. یەك لەدوای یەك، پەی دەر پەی، ئەوەی کە یەك لە دوای یەکتری بێت.

دو شەش بۆ داوی نەگبەت هەر لە ڕێدا
لە بەختی شەشدەر و یـاری عـەقیبم

(کوردی –ل ٢٣)

**عەقیق:** عقیق.ع. مەبەست فرمێسکی سوور، فرمێسکی خویناوییە.

بەڵام (عەقیق) جۆرە کوارتزێکە، ڕەنگی جۆراوجۆری هەیەو لە هەموویان باشتر

ڕەنگی سوور، یان هەڵووژەییە، وەکو بەردە بەنرخەکان بۆ زێوەرو ڕازاندنەوە بەکاردێت، ئەم جۆرەیان لە یەمەن دەست دەکەوێت، ڕەنگی سوورەو ناسراوە بە عەقیقی یەمەنی، یان عەقیقی یەمانی، بە زۆری دەکرێت بەنگینی ئەموستیلە. (عمید)

گوێت لە ئاوازی سوروشکی من گرانی گوارەیە
غافڵی لەم دوڕی بەحرەین و عەقیقی کــانییە
(نالی –ل ٥٩٠)

**عەکس:** عکس.ع. وێنە، دیمەن.

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لــە فنجانمدا
(نالی –ل ٩٢)

حیکایەت خوانە تووتی دڵ بە دەوری دامی گیسوودا
مەزەنە عەکسی خۆی دیوە لـــە ناو ئاوێنەیی ڕوودا
(سالم –ل ٢٠)

بێ تەماشای خاڵی تۆ خاڵی لە مەردوم دیدەمـا
عەکسی ئەو بو مەردومی دانا لە پەردەی دیدەما
(سالم –ل ٣٢)

ما در پیاله عکس رخ یار دیده‌ایم
ای بیخبر زلذت شرب مدام ما
(حافظ، قزوینی –ص ٩)

واتە: ئێمە لەناو پێکی مەیدا وێنەی تیشکی ڕووی یارمان دیوە، ئەی ئەو کەسەی کەبێ ئاگایت لە خۆشی و چێژی بادەنۆشیی ئێمە.

**عەکسی بەقیع:** پێچەوانەی وشەی بەقیع عەبیقە.

(عبیق)، واتە بۆنی خۆش.

هەروەها (عەکس) واتە وێنە و دیمەن، وشەی بەقیع واتە: شوێنێ کە دارو درەختی هەمە جۆرەی تێدابێت و بەسەریەکەوە (عەکسی بەقیع) واتە: دیمەنی ئەو شوێنەی کە پڕە لە دار و درەختی هەمە جۆرە. هەروەها (بەقیع) ناوی گۆڕستانێکە لە شاری مەدینە کە (بقیع الغرقد)یشی پێ دەڵێن.

غرقد: جۆرە درەختێکی دڕکاوییە.

لە گۆڕستانی ناوبراودا، گۆڕی حەزرەتی فاتیمەی زەهرا و چوار ئیمام و گەلێ یارانی پێغەمبەر (د.خ) لەوێدایە. (عمید)

دیسان (عەکسی بەقیع) واتە دیمەنی گۆڕستانی ناوبراو.

تەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر
تەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئـەزفەرە

(نالی –ل ٤١٦)

**عەلەم بەرپاکردن:** مەبەست خۆئامادە کردنە، خۆ سازدان، خۆ ئاشکرا کردن، هێرش بردن.

تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیژی موژەت
بۆ گـــــرفتی دڵ لــــە کاکۆڵت عەلەم بـــەرپا دەکـــا

(کوردی –ل ١١)

**عەلەم دار:** خاوەن ئاڵا، هەڵگری ئاڵا، ئەو کەسەی کە لەناو سوپادا ئاڵای هەڵگرتبێت.

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری شێخ هەباس
یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بـــە شـــەخسی عـــوور

(نالی –ل ١٨٥)

**عەلقەم:** علقم.ع. کاڵەکە مارانە، گوورژاڵك، جۆرە ڕووەکێکی کێوییەو بەرەکەی بە ئەندازەی مشتەکۆڵەیەك، یان بچووکترە و زۆر تاڵە.

تاڵی بێ یـــار و دیـــار و تـــار و مــــار
عەلقەمی چی ئەرقەمی چی سەم دەخۆم

(نالی –ل ٢٨٩)

**عەماری:** عماری.ع. کەژاوە، ئەوەی دەخرێتە سەرپشتی ئەسپ و ئێستر و حوشتر و فیل و

دەبەسرێتەوەو لەناویدا دادەنیشن و سەفەر دەکەن.

چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج

خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عەمـــاریی بێ

(نالی –ل ٦٣٤)

**عەمرە:** عومرە، عمرة.ع. لە شەرعدا کاری تایبەتییە و پێی دەوترێ حەجی بچووك و چوار کارە: ئیحرام = احرام: حەرام کردنی هەندێ شت چەند ڕۆژ لە پێش زیارەتی کـەعبـە و، دوو پـارچـەی نـەدووراو کە لـە ڕۆژانـی حـەجدا، یـەکێ دەبـەسترێ بـە کەمەرەوە و ئەوی تریان دەخرێتە سەرشان، ئیحرام بەستن. تواف = طواف: گەڕان بەدەوری کەعبەدا، کۆشش لە نێوان سەفا و مەروە و، تاشینی سەر. (معین، عمید، لاروس)

تابەکەی وەك ڕاوییە و وەك سانییەی سێ پەل شکـاو

بێ تەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بـخۆم

(نالی –ل ٣٠٢)

**عەنان:** عینان، عنان.ع. جڵەو، لەغاو.

ئەسپی نەفست دێت و دەچێ گەرمـــە عەنانی

ئەی مەستی ڕیازەت هەڵە هوشیاری جڵەو بە

(نالی –ل٣٩٣)

**عەنبەر:** عنبر.ع. شتێکی چەور و بۆنخۆش و خۆڵەمێشییە، کە لە ڕیخۆڵەو گەدەی ماسی عەنبەر دەردەهێنرێ و لە عەتر سازیدا بەکاردێت. (معین)

بە پارێك نامەوێ دەرمان لە نەشئەی چاوییە عیللەت

بە پوولێك ناکڕم عەنبەر لەگەڵ زوڵفی ئەوە ســەودا

(نالی –ل ٨٧)

تەیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی تیبی عــالەمە

ڕۆژی کە وشکە شەو تەڕە کافوور و عەنبەرە

(نالی –ل ٤١٧)

به زاهیر زوڵمەت و دوودە بە باتین نوور و نارێکی

لە عوود عەنبەر و میشکی خەتای بەرداوە زوڵفەینی

(نالی –ل ٦٧٧)

**عەنبەر ئەفشان:** بۆن خۆش و عەتراوی، ئەوەی کە بۆنی خۆش بێت یان بۆنی خۆش بڵاو بکاتەوە.

عەنبەر: ⟵——

ئەفشان: ڕەگی چاوگی ئەفشاندەن (= افشاندن)ی. ف. یە. واتە بڵاوکردنەوە، پەخش کردن، وەشاندن، پرژاندن، ڕژاندن.

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سەنجی و بەزلە گۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نالی –ل ١٠١)

مگر تو شانە زدی زلف عنبر افشان را

کە باد غالیە ساگشت و خاك عنبر بوست

(حافظ، قزوینی –ص ٤١)

واتە: لەوە دەچێ کە زوڵفی بۆن خۆشی عەنبەراویت شانە کردووە، کە با بۆنی خۆشی غالیە و خاك بۆنی عەنبەراوی بڵاو دەکاتەوە.

غالیە: بۆنێکی خۆشە، کە پێکهاتووە لە موشك و عەنبەر و عەتری تر.

**عەنبەری تەڕ:** گەلێ واتا دەگەیەنێت: فرمێسکاوی یان عەنبەری تازەو بۆن خۆش، شەو، خەت و خاڵ و زوڵفی یار. (ثروت)

عەنبەری تازەو بۆنخۆش، مەبەست خەت و خاڵ و زوڵفی دلبەر و مرەکەب. (عفیفی)

١–مەبەست شەوە. ٢–بە مەبەستی خەت و خاڵی یار. ٣–زوڵفی دلبەر. ٤–عەنبەری ماسی. ٥–چوواندنی ڕەنگ و بۆنی خۆشی زوڵفی یار بە عەنبەر. ٦–سپەرێ کە لە پێستی (عەنبەر)ی ماسی دروست دەکرێ. (معین)

عەنبەر:

لێوم لە ڕۆژی ڕۆشنی کافووری وشکی و مشك

چاوم لە شەبنمی شـەوی وەك عەنبەری تــەڕە

(نالی –ل ٤١٧)

**عەنبەری سارا:** عەنبەری بۆنخۆشی نایاب.

عەنبەر: ⟵

سارا: پاك و بێگەرد و بێ فڕوفێڵ، ئەم وشەیە بەهەمان مەبەست لە دوای هەندێ بۆنی خۆشەوە دێت وەکو: عەنبەری سارا، موشکی سارا، هەروەها لە دوای وشەی (زەر)یش دێت: زەڕی سارا، واتە ئاڵتوونی تێزاب، یان زێڕی پاك و بێ فڕوفێڵ.

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاك و خۆڵ

هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عـوبوور

(نالی –ل ١٨١)

**عەنبەرین موو:** مەبەست پرچی ڕەش و بۆنخۆشی دلبەرە. پرچ و ئەگریجەی عەنبەراوی.

عەنبەر: ⟵

سەوادی قیر گوونی شەو لە نوسخەی عەنبەرین مووتە

سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی خـــاڵی هیندووتە

(سالم –ل ١٢١)

**عەنقا:** سیمورغ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە، دەڵێن باڵندەیەکە کە (زاڵ)ی باوکی ڕۆستەمی پەروەردە و گۆش کردووە، هەندێ دەڵێن ناوی زانایەك بووە، کە زاڵ لای ئەو خوێندوویەتی و پێگەیشتووە. (برهان قاطع)

بەو دەننی فوراتە کە دەکا پەششە بـــە عـەنقا

نەك لەو خومی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح

(نالی –ل ١٦٦)

یـــاخۆ مــــەسەلا میسلی نەوا بێت و نـــەوا بێ

مەشهوور و خەفیی هەر وەکو عەنقاو و وەفا بێ

(نالی –ل ٦١٨)

فریبی دڵ دەدەم دائیم بە موژدەی روئیەتی حوسنت

ئەگەر چی وەســفی تۆ عەنقا سیفەت هــەر نـــاوە

(سالم –ل ٧٩)

**عەوام:** عـوام.ع. مـەبـەست خـەڵكی نـەزانـە. عـەوام كـۆی (عـامـە)یـە واتـە هـەموو كـەسێ، كەسانی نەزان.

ڕەواجی سیككەیی ساحیبقەرانی موڵك و میللەت بووم

ئەمێستا وێڵ و سەرگەردانی گـەرداوی عـــەوامێكـــم

(كوردی –ل ٣٢)

**عەوسەج:** عوسج.ع. ڕووەكێكی دڕكاوییە. لقەكانی پڕ دڕكە. گوڵەكانی ڕەنگاو ڕەنگە. میوەكەی سوورە. تاكی (عوسجة)یە. (عمید)

قەتاد و عەرفەج و خیتمی و عەزات و عەوسەج و ئەسلی

چ دامـــەن گیر و شین و دڵ نشینی ڕێـــی غـــەریبانە

(نالی –ل ٤٩٤)

**عەوق:** عوق.ع. مەبەست بێ كەڵكە.

پیاوێ كە خەڵكی لە كاری باش ڕاگرێ و ڕێگەی لێ بگرێ. ئەوەی كە كاری باش ڕاگرێ، كەسێ كە بێ كەڵك بێت، پێچ و پەنای دەرە.

(فرهنگ، لاروس، عربی فارسی)

جان موسافیر تاجیرە ئاهم تجار و تەن مـــەتـــاع

گەمیە عەوق و دوورە ساحیل دڵ لە ڕێی بیم و بەلا

(سالم –ل ٣٩)

**عەهدی گوڵ:** مەبەست وەرزی بەهارە.

شـــەوی مـــاوە كـــە بێدارم لـــە شـــۆرت

لە عەهدی گوڵ وەكو مورغی سەحەر خیز

(سالم –ل ٧٢)

**عەیان:** عیان.ع. ئاشکرا، دیار، دەرکەوتوو.

ئەوا نیشانەیی مـــەرگـــم عـــەیانە
کەمن غەرقی خەم و خوێن و زوخاوم
(نالی –ل ٢٩٤)

خانە وێرانە بەیەك تەب عالەمێکی کـــرد تـــەباه
ڕەنگی بێ ڕەنگی لەسەر ڕەنگی پەریدەی بوو عەیان
(سالم –ل ٩١)

زەعیفی و قووەتی تاقەت لە عیشقا جەوهەری فەردە
لەوێدا قووەتی بازوو عەیان نـــاکا جەوانمـــەردی
(سالم –ل ١٤٤)

چاوی فەتتانت دەکا سیری نیهانی دڵ عەیان
واقیعی هەرفیتنە ئەسراری نیهان ئیفشا دەکا
(کوردی –ل ١١)

ئەگەرچی قادری بۆ قەتلی من فکرێ بکـــە قـــوربـــان
لەسەر سەفحەی ڕوخت وەختە عەیان بێ خەتی ڕەیحانی
(کوردی –ل ٦٠)

**عەیش و بووس:** مەبەست خوش گوزەرانی و ماچ و مووچە لەگەڵ دلبەردا.
بووس: ماچ.

خامۆش ببە لە بانگ و سەدا ئەمشەو ئەی خورووس
با دەس بکەم لە گەردنی دولبەر بە عەیش و بـووس
(سالم –ل ٧٣)

**عەییار:** عیار.ع. زۆر هاتوچۆکەر، خوێڕی و بەرەڵلا، توندڕەو و خێرا، فێڵباز، وریاو زیرەك، ڕێبڕ و جەردە، جوامێر. (معین).

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە حیز و دوون
مەعلوومە چەن بە حیلەیە عەییارە چەند دەڵە
(نالی -ل ٤٦٩)

خاڵی ڕووت قوربان بە عەییاری دڵی خـەڵقی دزی
بۆچی ڕێت دا بێتە ناو باخ ئەو حەبەش زادەی دزە
(کوردی -ل ٤٨)

**عوجب:** عجب. ع. خۆپەرستی، خۆ بەزل زانین، لوت بەرزی و سەر پێچی.

نالی کە ویقاری نییە بیٚ باکە لـە خەڵقیی
سۆفی کە سلووکێکی هەیە عوجب و ڕیایە
(نالی -ل ٥٦٥)

گران خێزی لە ڕەفتارا بەهـانەت عوجب و تەمکینە
بە بەڵاتا لە گێسوو ئـەژدەهـا ئـــاڵاوە دەیـــزانم
(سالم -ل ٧٩)

**عوزار:** عیزار. عذار. ع. دەموچاو، ڕوو. هـەروەهـا مووی ڕیش کە تازە بڕویٚ، مووی سەر ناوچەوان. (معین و عمید)

زوڵفت سەبەبە دڵ بە عوزارت کە دەسووتیٚ
سووچی شەوە وا قاتیلی پـەروانە چـــرایە
(نالی -ل ٥٦٤)

**عورووج:** عروج. ع. بەرەو بڵندی ڕۆیشتن، سەرکەوتن.

وەك قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تـــەرەققیی
وەك بورجـی سەمـا لایـقی ئیقبال و عورووجی
(نالی -ل ٦٣٨)

**عوسرەت:** عسرت. ع. سەختی، دژواری، دەست کورتی.

سیەهـ بەختانی بیٚ دەوڵەت لەبەر بیٚ ماڵی و عوسرەت
گەهیٚ حـــەممالی مـــاڵانن گـــەهیٚ عەلافی مەیدانن
(سالم -ل ١٠٣)

**عوشرەت:** عـیشرەت. عشرت. ع. خـۆش گـوزەرانـی، ڕابـواردن، کـامـەرانی و بـەختـیـاری، تێکەڵاوی و لەگەڵ یەکتریدا ژیان بەسەر بردن.

ئەمێستەش گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە

بەمەرگی تۆ لە پاشانیش دەخـۆی تـــاڵاوی تـــاڵاوی

(نالی –ل ٦٨٢)

لە حەلقەی بەزمی دڵدارم بە عوشرەت مەجلیسی گێڕا

بەتەنها دیم لەناوی ئەو دڵی ســـالم پـــەرێشـــانە

(سالم –ل ١٢٩)

**عوقابی غەم:** مەبەست غەم و ئازاری کاریگەرە.

عوقـاب: عقاب. ع. یەکێکە لە باڵندە شکارییەکان و لەشێکی گەورەی هەیە و چنگ و دەنووکی زۆر بەهێزە و گەلێ ئازاو نەترسە.

وەکو ئەشکم پەیاپەی خوێنی ئاڵم ئەی عـوقـابی غـــەم

بەسەر جەرگا لە دڵ دەڕژێ لە جێگەی میخلەبت ئەمشەو

(سالم –ل ١١٨)

**عوقبا:** عقبی. ع. ئەو دونیا، ڕۆژی قیامەت، ڕۆژی زیندوو بوونەوە.

لە دونیـادا جەفای عوقبـام هـەموو دیوە لەدەست هیجران

دەبێ فەردا لە پاشا عەفوی من کـــا کـــردگاری مـــن

(سالم –ل ٩٣)

**عوقدە گوشا:** گرێ کەرەوە، ڕوون کردنەوەی مەسەلەیەکی ڕوون و نەزانراو.

گوشا: ڕەگی چاوگی گوشودەن و گوشادەن (= گشودن و گشادن)ی ف. یە. واتە کردنەوە.

دێوانە کە زانیی کە دەبێ عوقدە گوشابێ

هەستا و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدابێ

(نالی –ل ٦٢٠)

**عوکووس:** عکوس. ع. کۆی عەکس (= عکس)ە. واتە: گێڕانەوە و هەڵگەڕانەوە، لێرەدا مەبەست تیشك و ڕووناکییە.

زەڕاتی عوکووسی کەششی میهری جـــەلالــن
وا دێن و دەچن سەر زەدە سوڵتان و شەهەنشا

(نالی -ل ٧٦)

**عومری خزر:** مەبەست تەمەنی دوورودرێژە، تەمەنی هەمیشەیی.

خزر: خضر. ——— ئاوی بەقا.

شکەنجی عەرز و توولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامــە
مەسەل تووڵی ئەمەل عومری خـزر زنجیری سەودامە

(نالی -ل ٤٧)

خوشا شیراز و وضع بی مثالش
خداوندا نـــگـــەدار از زوالـــش
زرکناباد ما صد لـــوحـــش اللّه
که عمر خضر می بخشد زلالش

(حافظ، هروی -ص ١١٦٧)

واتە: بـار و دۆخـی شیـرازی بـێ وێنـە چـەنـد خـۆشە، ئەی خوداوەند ئەمە لە لەناوچوون بپارێزە، سەد جار چاوی پیس لە ڕوکنابادی ئێمە دوور بێت، کە ئاوە زوڵاڵ و سازگارەکەی تەمەنی هەمیشەیی دەبەخشێت.

**عوننابی:** عناب. ع. مەبەست دەم و لێوی سوور و جوانە. زۆر جار لەگەڵ لێودا دێت بەمەبەستی باس کراو.

عوننـاب: درەختێکی بچووکە، بەرزایی دەگاتە ٤ -٦ میتر، قەدەکەی ڕاستە، گـەڵاکـانـی بـچـووکـە، گوڵـەکـانـی بچـووك و زەردن، میوەکەی سوور و خڕە بـە ئەندازەی دەنکە زەیتوونێکە و شیرین و خۆشە، کە دەڵێن عوننابی، مەبەست ڕەنگی عوننابە واتە سوور. (معین)

شەریەتی عوننابی لێوی شەککەرو بادامی چاو
سەروی قەددت ڕاستە ئەنواعی سیماری گرتووە
(نالی -ل ٥٤٠)

لەبت میحرابە بۆ بوستانی کولْمت
دەوای دەردی منە عونناب و لیمۆت
(سالم -ل ٥٠)

لەبی تۆ بۆ تـــەبی من چـــارە ســــازە
بەڵێ عوننابە داروی دەردی مەحروور
(سالم -ل ٦٣)

بە جوز عوننابی لێوت بۆ تەبی دڵ
(بـــە گیتی در نـــدارم هـیچ مرهم)
(سالم -ل ٨٣)

**عووج:** کوڕی (عنق)، پیاوێکی ئەفسانەییە، هەندێ وا دەزانن کە (عنق) ناوی دایکی بووە، کە کچی ئادەمی باوکی ئادەمیزاد بووە، ناوی باوکی (بانصم)ە، دەڵێن لە ماڵی ئادەم لە دایك بووە، تا زەمانی مووسا زیندوو بووە (!). دەڵێن بالای گەورەو بڵند بووە، گوایا بالای بیست هەزارو سێسەد گەزو سێیەکی گەزێ بووەو هەر پەنجەیەکی سێ گەز درێژ بووە (!)، دەڵێن لە تۆفانی نووح کە ئاو لەسەری بڵندترین چیا تێپەڕی کردبوو، لە ئەژنۆی ئەو تێپەڕی نەکردبوو (!)، کاتێ مووسا کە خەریکی جەنگ بوو لەگەڵ ستەمکارانی شامدا. عووج بە ئەندازەی درێژی و پانی لەشکری بەنی ئیسرائیل پارچە بەردێکی لە چیا بڕی و خستییە سەر سەری تا بیگرێتە بەنی ئیسرائیل و هەموویان لەناو بەرێ، خودا باڵندەیەکی نارد تا ئەو بەردەی بە ئەڵماس کون کرد و بەردەکە کەوتە ملی عووج، مووسا ئاگاداری ئەمە بوو و خۆی گەیاندە عووج و گۆچانەکەی کێشا بە پاژنەی پێیدا و لە ناوی برد دەڵێن ئێسقانی پێیان خستە سەر ڕووباری نیل و چەند ساڵێ وەکو پرد بەکار هێنرا. (!) (معین)

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی
وەی قوللەیی دووریی کە دەڵێی قامەتی عووجی
(نالی -ل ٦٣٧)

بۆ ڕێگا گەر ساقی عووجیان کردە پردی ناوی نیل
ئوستوخوانی دەستی میرزا پول لەسەر دەریا دەکـا
(سالم –ل ٢٩)

**عوود:** عود. ع. درەختێکە لە تیرەی پەروانەواران، کە لە بنەڕەتدا لە هیندستان و وڵاتی چینە، گەڵاکانی یەك لە دوای یەك و سادەن، گوڵەکانی تێکەڵن و لە کۆتایی لقەکانێتی، سووتاندنی داری ئەم درەختە بۆنێکی خۆش بڵاو دەکاتەوە، کەبە هۆی شیرەیەکی لینج و چەورە کە لەناو دارەکەیدایە، ڕەنگی دارەکەی قاوەییە... بۆ زانیاری پتر بڕوانە (معین)

داری ئیراك و داری هیند هەردوو کە عوودە ئیسمیان
هەمدەمی سونەتە ئەوەی مەیلی ئەبوو لەهەب دەکا
(نالی –ل ٩٨)

خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجـــی عـــوود
بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی حوور
(نالی –ل ١٨٢)

بە زاهیر زوڵمەت و دوودە بـــە باتین نوور و نــــارێکی
لە عوود و عەنبەر و میشکی خەتای بەرداوە زوڵفەینی
(نالی –ل ٦٧٧)

برخاسته هنگام سپیده نَفَس گل
چونان که مجمر نفس عود مطرّا
(مسعود سعد –گزیدەء اشعار مسعود سعد –بکوشش حسین لسان –ص ١٠)

واتە: دەمە و بەیانی بۆنی خۆشی گوڵ بڵاو بووەوە، بەو شێوەیەی کە ئاگردان بۆنی خۆش و تەڕ و تازەی داری سووتاوی عوود بڵاو دەکاتەوە.

**عیراق:** عراق: دوو عیراق هەیە، یەکەم کۆماری عیراق کە ناسراوە.

دووەم: عیراقی عەجەم، لەوە دەچێ کە شاعیر مەبەستی ئەمەی دووەمیان بێت، کە ناوچەیەکە لە ناوەڕاستی ئێران و ویلایەتەکانی ناوەند دەگرێتەوە لە نێوان

ئیسفەهان و هەمەدان و تاران، کە ئەم شارانەن: کرمانشاهان، هەمەدان، مەلایر، ئەراك (سوڵتان ئاباد) گولپایگان و ئیسفەهان. زاراوەی عیراقی عەجەم لە دابەشکردنی وڵاتی ئێراندا تا راپەڕینی مەشرووتییەت بەکارهاتووە و دوای ئەوەیش لە نەخشە جوغرافیایەکاندا و دابەشبوونی وڵات هەر بەکارهاتووە، بەڵام لەپاش دابەشبوونی ئێران بە پارێزگا جیاجیاکانەوە، ئیتر بەکار نەهێنرا.

سەرکەشی عیلی گەلاڵی شۆخی بابان و عیراق

نور ابصار الـــعرب ظل الـــرؤســـاء الـــعجم

(کوردی -ل ٢٥)

**عیسا:** عیسی. کوڕی مریەم (ناصری) کە دراوەتە پاڵ (ناصره) ناسراو بە مەسیح، لە دایك بووی بەیت لەحم ٧٤٩ رومی/ ٦٢٢ پێش کۆچی. لە ڕێکەوتی ٣٠ مەسیحی نوێدا بە لە داردان شەهید کراوە، مەسیحییەکان بەناوی (Christ) ناوی دەبەن و، بە زۆری بە کوڕی خوای دادەنێن، موسوڵمانان بە یەکێ لە پێغەمبەرەکانی (پێش پێغەمبەر د.خ)ی دادەنێن، عیسی لە تەویلەیەك لە مریەم هاتە دنیاوە، لەبەرئەوەی کە هیرودس ( Hérode )ی والی رۆم هەڕەشەی لێ کرد، خێزانەکەی بردیان بۆ میسر، عیسا لەپاش گەڕانەوە، لە (ناصره) جێگیر بوو و لاوێتی خۆی لەوێدا بردەسەر. لەو سەردەمەدا لە کارگەی یووسفی دارتاشدا کاری دەکرد. لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا لە (جەلیل) دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی، دوای ئەوە لە ئورشەلیم خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی خۆی بوو لەم شارەدا فەریسییان (Pharisiens) دوژمنایەتییکی زۆری لەگەڵ کرد. یەکێ لە (حواری)یەکانی خۆی کە ناوی (یەهوودا)بوو، بەرامبەر بەو (٣٠) سکە زیوەی کە وەری گرتبوو خیانەتی لێ کرد، دوای دادگایی کردنی لە داری خاچییان دا. مەسیحییەکان باوەڕیان وایە کە چەند ژنێکی (قدیسە) ئەویان بە خاك سپاردووە و لەپاش سێ ڕۆژ دوویارە زیندوو بۆتەوە و (٤٠) ڕۆژ دوای ئەوە چووە بۆ ئاسمان. (حواری) یەکانی ئەو، بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت بە جیهاندا بڵاو بوونەوە، لە قورئاندا هاتووە:«ما قتلوه و ما صلبوه و لکن شبه لهم». واتە: ئەویان نە کوشت و ئەویان لەدار نەدا، بەڵام ئەمە بۆ ئەوان ئاڵۆز بوو، بڕوانە: (تفسیر ابو الفتوح. ج٣، ص ٣٢٢). وتفسیر ابو المحاسن جرجانی ج٢، ص ٣٠٣).

دەڵێن ٣٣ ساڵ ژیاوە. بەگوێرەی چیرۆکە ئیسلامییەکان وا هاتووە کە کاتێ مریەم لە کەسوکاری خۆی دوور کەوتەوە (روح القدس) بە شێوەی ئادەمیزادێ دەرکەوت. (فاتخذت من دونهم حجابا فأرسلنا الیها روحنا متمثل لها بشرا سویا)- سورە مریم. رووح بە مریەمی وت: من نێردراوی خوام و کوڕێ بە تۆ دەبەخشم، مریەم وتی:چۆن دەبێ، لە کاتێکدا کە کەسێ دەستی بۆ من نەبردووە و من بەدکار نیم، ڕووح وەڵامی دایەوە: خوا بۆ پیشاندانی ڕەحمەتی خۆی وای فەرمووە، ئینجا ڕووح فووی کرد بە مریەم دا و ئەویش سکی پڕ بوو، بەڵام ئەم بەسەرهاتەی لە خەڵکی شاردەوە، تا کاتی لە دایکبوون، ئێش و ئازاری منداڵبوون مریەمی زۆر ئازاردا بە جۆرێ کە ئارەزووی مردنی دەکرد، لەبەر زۆری ئازار پەنای برد بۆ درەختێکی وشکی خورما، لە خوارەوە دەنگێ گەیشت و وتی: ئەو درەختە وشکە ڕابوەشێنە تا چەند خورمایەکت بۆ بکەوێتە خوارەوە و ئەوە بەم جۆرە ڕووی دا، ئینجا عیسا لە دایك بوو. خەڵك و کەسوکاری مریەم بە لە دایك بوونی ئەم منداڵە لە مریەمی کچ، سەریان سوڕما و وتیان: ئەی مریەم باوك و دایکت هەردوو لە چاکان و داوێن پاکان بوون، چۆن ئەم کارە لەتۆ ڕووی دا؟ باوکی ئەم منداڵە کێیە؟ بەڵام مریەم لە خواوە فەرمانی پێدرابوو کە لەگەڵ کەسدا قسە نەکات، ئیتر پەنجەی ڕاکێشا بۆ بێشکەی منداڵەکە، منداڵەکە هاتە زمان و وتی: من بەندەی نێردراوی خودام، خۆتان بپارێزن لە خودا، بۆ ئەو تاوانە ناڕەوایانەی کە دەیدەنە پاڵ دایکم. (معین)

گەر وەکو عیسا لەپاش مردن بەسەرما ڕابوری

تجمع العظم الــــرمیم تحیینی بعد الـعــــدم

(کوردی -ل ٢٦)

**عیشرەت:** ←——— عوشرەت: عیشرەت.

چـاوی مەخمووری لە خاوی سەحەری هەڵساوە

بادەیی ســـاغەری عـــیشرەت دەڕژێنێ بە عەلی

(کوردی -ل ٥٨)

**عیشقی حەقیقی:** خۆشەویستیی گەیشتنە بە دڵبەری ڕاستەقینە کە خوای یەکتایە و،

خۆشەویستییەکانی تر پێیان دەوترێ عیشقی مەجازی.

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژێی عیشقی حـــەقیقی
(نالی –ل ٦٥٥)

**عیشقی مەجازی:** عیشقی کاتی، عیشقی ڕواڵەتی وەکو ئەو عیشقەی کە لە نێوان گیان لەبەراندا هەیە، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشان و پەیوەندی لە نێوانیاندا و ئەنجامەکەیشی مانەوەی ڕەگەزو جۆرەکەیەتی. (معین)

عیشقت کە مەجازیی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ
(نالی –ل ١٥٧)

تەڵەب کاری حەقیقەت خاتری سالم لە باتین دا
ئەگەرچی زاهیرەن دڵدادەیی عیشقی مەجازێکم
(سالم –ل ٨٧)

**عیشوە:** عشوە.ع. ناز، غەمزە. ڕەفتار و کردەوەی نازەنین و شۆخ و شەنگەکان کە دڵی دڵداران بەرەو خۆیان ڕادەکێشێ.

بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقـا خۆی لە دەمی تیغی فـەنـا دا
(نالی –ل ٨٦)

برۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ناوی مەودایە
(نالی –ل ٥٥٧)

**عیشوە جۆ:** عیشوەجوو. بەناز.

عیشوە: ⟵

جۆ: جوو، ڕەگی چاوگی جوستەن (= جستن)ی ف. یە. واتە: بەدوای شتێکدا گەڕان.

پێم بڵێ ئەی عیشوەجۆ تۆ جادوویی یا ساحیری
بەم قــەرارە قەت لەلای من دولـبەری ناکا مەلەك

(سالم -ل٧٧)

**عیشوە ساز:** بەناز.

عیشوە:⟵———

دریغا سەعوە ئاسا سەیدی چەنگی شاهبازێکم
زەدەی تیری نیگاهی جادووانەی عیشوە سازێکم

(سالم -ل٨٧)

**عیللەت:** علە.ع. هۆ.

عیللەتی ناڵاندنی دڵ پێت بڵێم وەجهی چییە
بۆ فیراقی ڕووی حەبیبان دائیما هــاوارییە

(کوردی -ل ٥١)

**عینان ئەندەر عینان:** مەبەست لەشکرێکی زۆری سوارەیە کە ئامادەو لەغاو بەدەست بن.

عینان: عنان.ع.، لەغاو، جڵەو.

ئەندەر: لە. کاتێ کە لە نێوان دوو وشەی دووبارە کراوە، یان وەکو یەکدا بێت، واتای زۆری ئەو وشەیە دەگەیەنێت.

هـاتە ژێر پاساری تەنگ لەشکر ڕیکاب ئەندەر ڕیکاب
کەوتە سەر کۆڵان و سەر سیلە عینان ئەندەر عــینان

(سالم -ل ١٠٠)

**عیهن:** عهن. عهنة.ع. پارچە خوری، گوڵی حەڵوا، زوڵفی بووك، پۆپنەی کەڵەشێر. (لاروس)

چەند واسیعە ئەم زیهنە ئەفلاکی تیــا ڕەهنە
ئەجبـالی لەلا عـیهنە ئەدواری لەکن پەشمە

(نالی -ل ٤٧٦)

# غ

**غارەتگەر:** تالاّن کەر، کەسێ کە ماڵی خەڵکی بەزۆر ببات بۆ خۆی.

غارەت + گەر.

غارەت: غارە.ع. هێرش، پەلامار.

گەر: پاشگرە.

غلیمانە گوتم خاڵی لەتیفت کە لە سەردا

ئەم قیبلە برۆیانە کە غـــارەتگەری دینن

(نالی –ل ٣٣٧)

غەم سەری لێدام و یارم قەت سەرێکی لێ نەدام

سەبر و هۆشم ڕۆیوە غـارەتگەری دینم نەهـــات

(کوردی –ل ١٢)

**غالیە:** غالیە.ع. بۆنێکی خۆشە لە موشك و عەنبەر و شتی تر دروست دەکرێ، ڕەنگەکەی ڕەشەو مووی پێ بۆیە دەکرێت.

لە شەوقی ڕوویی شەمع و زوڵفی دوود و تورەیی مەجمەر

سوپەند و عـــوود و پەروانە بخوور و غـــالیە ســـووتن

(نالی –ل ٣٢٩)

**غەبغەب:** غبغب.ع. گۆشتی ژێر چەناگە، غەبغەبە.

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕومانی
دەهان وەك فوندوق و غەبغەب وەكـــو نـــارنجی ایمانی!
(کوردی -ل٦٠)

لە زوڵف و پەرچەمت بۆ کوڵم و غەبغەب
موهەییایە لە ڕووی دڵ مار و عەقرەب
(سالم -ل٤٣)

غەبغەب و خاڵ و لەب و تورەیی مار
سونبول و سیب و بەنەفشەو گـوڵنار
(سالم -ل ٥٧)

**غەرغەرە:** کاتی گیاندان، سەرەمەرگ، گیانەڵا.

ئەووەڵ لە ئیلتیجام ئەوەتە ئەی غەیووری دین
حـازر ببیی لە کەشمەکەش و شۆری غەرغەرە
(نالی -ل ٤٣٤)

**غەزەنفەر:** غضنفر.ع. مەبەست شێری دڕندە، شێر.

ئەو ڕۆژی ئاخیرەی کە چ ڕۆژی لە دوو نییـە
ڕوو ترش و قەمتەریر و عەبووس و غەزەنفەرە
(نالی -ل ٤٣٧)

عاقیبەت بێ وەك غەزەنفەر دوژمـــن ئەر خوێنم بـــخوا
پشتی ئەو دەشکێنێ پەنجەی شێری گەردوون عاقیبەت
(سالم -ل ٥٣)

بوو بە جێی بەبر و غەزەنفەر کووچە کووچە ناو سوقاق
سەر مەحەللە ڕەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جـــانستان
(سالم -ل ١٠٠)

له مەیدانی نەزەر چاوت شەجاعەت نـــایەڵێ بۆ من
بەچاو کێ دی غەزالی وا کە سەییادی غەزەنفەر بێ
(سالم –ل ١٤٢)

ناکا کەسێ بە سەهلی و مـــفتی شکاری تۆ
ئاهوویی دیدە مەست و تەبیعەت غەزەنفەری
(سالم –ل ١٤٥)

**غەزنەی خاتر:** مەبەست بیرو هۆشی بە توانایە.
غەزنە:———◄غەزنین.
خاتر:———◄

ئەگەرچی زاهیرەن مسکین و دەروێش و گـەدا ڕەنگم
لە غـەزنەی خـاترا مـەحمـوودی گـیسوویی ئەیازێکم
(سالم –ل ٨٧)

**غەزنین:** غەزنە = غەزنی = غەزنو = گەزنە = گەنجە = جەزنە.
یەکێکە لە شارەکانی ناوەندی ئەفغانستانی ئەمڕۆ.
غەزنینی کۆن پایەتەختی غەزنەوییەکان بووە.

پێم بڵێ خالید ئەگەر تۆ شێت نەبی و ســەحرا نەوەرد
تۆ لە کوێ و غەزنین و کابول خاکی هیند و قەندەهار
(سالم –ل ٦٢)

**غەڵەتاو** = غەڵتاو:———◄ غەڵتاو.

هـەی هـەی غەڵەتم گوت ئەمە زوڵمەت ئەوە ئاوە
بەو زوڵمەتە بەو ئـــاوە حەیاتم غـــەڵـــەتـــاوە
(نالی –ل ٥٣١)

**غەڵتان:** غەڵطان: حاڵەتی تلانەوەو گەوزان و خلۆر بوونەوە.
غەلت + ان.

غەلت: غلط، رەگی چاوگی غەلتیدەن، غەلطیدەن (=غلتیدن، غلطیدن)ی ف.یە. واتە: گەوزان، تلانەوە، خلۆربوونەوە.

ان: پاشگرە و چۆنیەتی دروست دەکات.

لە ئالیی ئەشکی نالی بێکەسە غەڵتانی نێو خاکە
مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لوولوویی لالابێ
(نالی –ل ٦٠٢)

یا ڕەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ
غەڵتان سەراسیمە نە داکێك و نە بابێ
(نالی –ل ٦١٥)

**غەمزەدە:** غەمگین، غەمدیدە، خەفەتبار، دڵتەنگ.

زەدە: لێدراو ——— زەدەی لەتمە.

لە سەعیی هاتوچۆدا ئەی خەیاڵی غەمزەدە دەیزانم
نیهانی بۆ شەبیخوونی دڵــە دووبارە تــەدبیرت
(سالم –ل ٤٧)

وامیقی سەر کۆتە وەکو خــاکــی قەدەمــت
سالمی غەمزەدە مەحروومە لە ئیخوان و پەدەر
(سالم –ل ٦٥)

ســامانی دڵی غەمزەدە جــانــا لــە فیراقت
وەك سیلسیلەی زوڵفی خەمت دەرهەمە ئیمشەو
(سالم –ل ١٢٠)

نیگەهێ ئەی شاهی مەردانی جیهان
ســالمی غەمزەدە دیوانی هــەیــە
(سالم –ل ١٣٤)

ئەو شۆخە وا لـــەمـــــنی غـــەمزەدە لا بیَ

شوریم لە دەما ژەهرە ئەگەر ئاوی بەقا بیَ

(سالم -ل١٤٢)

**غەممازد** غماز.ع. ئەوەی کە چاو دادەگریَ و برۆ هەڵدەتەکێنیَ و ناز دەکات. ئەو کەسەی کە قسە دەهێنیَ و دەبات و ڕازی ئەم و ئەو ئاشکرا دەکات.

خودا تۆبە لە دەست ئەو شۆخ چەشمانە چ غەممازن

(چنان بردند صبر از دل کە ترکان خوان یغمـــارا)

(کوردی -ل١٠)

**غەوس:** غوث.ع. بەفریای کەسیَ کەوتن، ئەوەی کە بە هاواری کەسیَ بگات. پشت و پەنا. هەروەها ناوێکە کە بە شێخ عەبدولقادری گەیلانی و هەندیَ لە وەلییەکانی خوا دراوە.

موژدە لە عاسییان کە ئەو ئیقبالی ڕەحـــمـــەتە

ئیسمی ڕەحیم و غەوس و شەفیع و موخەییەرە

(نالی -ل ٤٣١)

سێمینە ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوسی عاسییان

هاواری بگرە بەردەیی ئاشوویی مـــــەحشەرە

(نالی -ل٤٣٧)

**غەوواسی ئەتراك:** مەبەست کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی تورکانی عوسمانییە.

غەواس: غواص.ع. ئەو کەسەی کە دەچێتە ژێر دەریا بۆ دەرهێنانی سەدەف و مەرجان و شتی تر، یان بۆ مەبەستی کاروباری سەربازی.

هونەرمەندانی تیراوژەن قەوی دەستانی پیل ئەفگەن

لە ڕووی غەوواسی ئەتراکا وەکو ڕووبەی گـــورێزانن

(سالم -ل١٠٥)

**غەوواسی فیکرەت:** مەبەست زۆر وریاو زیرەك و وردبینە.

گەرچی غەوواسانی فیکرەت غەوتەوەر بوون مـوددەتێ

قەت نەبوون واقیف لە قەعری بەحری بێ پایانی عیشق

(کوردی –ل ١٩)

**غەیرەز:** بێجگە لە. (غیراز) ع.ف.

غەیر: بێجگە.

ەز: کورتکراوەی ئەز (= از). واتە: لە.

نایی سەدا لە پەنجەرەکەی جوز فوغانی جوغد

غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گـــوزەر

(سالم، دیوانی نالی –ل ٢٠١)

قبووڵ ناکا ببێ غەیرەز پـەرێشانی لـــە عـالەمدا

فەلەك گەر پەیرەوی کرداری یاری بێ مرووەت کا

(سالم –ل ٢٨)

**غرووبی ڕۆژی غەم:** مەبەست نەمانی کات و سەردەمی غەم.

غرووبی ڕۆژی غەم زۆر چاکە گەرچی

(زعمر مــــانده روزی مـــی شود کم)

(سالم –ل ٨٣)

**غریوی کووس:** زرمەی دەهۆڵ، دەنگی گەورەی تەپڵ.

غریو: غەریو. هاوار، فریاد، خرۆش و جۆش، دەنگی بەرز، هـاوار و فریاد.

کووس: تەپڵی گەورە. دەهۆڵ.

ناکـەم تەمەی کـەناری دل ئارا بە بانگی مـورغ

تا دێ سەحەر لە دەرگەهی والی غریوی کـووس

(سالم –ل ٧٣)

**غوبار ئالوود:** تەپ و تۆزاوی، گەرد لێ نیشتوو، پیس و چڵکن.

قەدیم تەن پەروەری نازن بە بازاڕا غوبـار ئالوود

ئەگـەر گاباری کـا ئاوەر وەگـەر هـــێزم فرۆشانن

(سالم –ل ١٠٤)

**غوراب:** غراب.ع. قەلە ڕەش.

بۆ خاتری ئەغیار لە یار سالمی تۆراند

نەیداوە کەسێ تووتیی گۆیا بە غورابێ

(سالم –ل ١٤٢)

**غوربەت کەش:** ئەو کەسەی کە باری غەریبایەتی دەکێشێ، ئەو کەسەی دەرد و ئازاری نامۆیی دەچێژێ.

غوربەت: غربة.ع. دووربوونەوە لە شار و نیشتمان، شوێنی دوور لە کەسوکار.

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (=کشیدن)ی ف.یە

واتە: کێشان، ڕاکێشان.

دائیم لـــە حـــەزەردا سەفەری بە... لە وەتەندا

غوربەت کەش و عاجزیە ئەگەر ئەهلی تەریقی

(نالی –ل ٦٥٦)

**غوڕە:** غرە. ع. گەلێ واتای هەیە: ناوچەوان، سپێتی ناوچەوانی ئەسپ، مانگی نوێ، هەڵبژاردەی هەرشتێ، گەورەو هێژا، شەوی یەکەمی مانگ، سێ شەوی سەرەتای مانگ، ڕۆژی یەکەمی مانگ... هتد. (معین).

سەوادی توڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهوی جوان

بەیازی غوڕەیی ئەم ئینتیباهـی سوجدەیی پیر

(نالی –ل ٢٠٦)

**غوسسە:** غصة.ع. غەم، خەفەت.

دەزانی غوسسە تاکەی بـــارە بۆ دڵ

هەتا تەم بێ لەسەر کێوی دەماوەند

(سالم –ل ٥٦)

دائیما کارت جەفا وەهـیجران و دەرد و غـوسسەیە

قوڕ بەسەر عاشق ئەتۆ مەعشووقی بۆیێ وادەکەی

(کوردی –ل ٦٢)

**غوڵل:** غل.ع. تەوق و هەڵقە، کۆت و بەند و زنجیری ئاسنین کە دەخرێتە مل و دەستی زندانییان. (معین)

دڵی شێر ئەفگەنی من سەیدی چ جادوویێ بوو

غوللی ئەم شێرە لە گێسویی ئــەوا موویێ بوو

(سالم –ل ١١٠)

**غوڵامانە:** وەك غوڵام، بە شێوەی غوڵام، کوڕانە، جلوبەرگی تایبەت بەکوڕ، لێرەدا مەبەست کاکۆڵ و قژە.

هــەروەهــا ئــەو بــەخشیشە یــان پــارەیــەی کــە دەدرێت بــە کــوڕێ یــان غــوڵامــێ بەرامبەر بەو کارەی کە ئەنجامی داوە.

غوڵام: غلام.ع. کوڕ لە کاتی لەدایکبوونەوە تا سەرەتای لاوێتی، کوڕێ کە دڵداری لەگەڵدا بکرێت، لووسکە، لووسکەلە، شاگرد، نۆکەر، بەندە، کۆیلە.

انە: پاشگرە بۆ مەبەستی لێکچوون.

زوڵف و کاکۆڵ و غوڵامانەی هەموو ئەفشان بکا

بێ بــەزانوودا بدا جــامێ بە عیشوەو شــەرم و ناز

(کوردی –ل١٧)

عەزیزان من ئەسیری قامەتی ئەو توول ئەمــامێکم

غــوڵامــی زوڵف و ئەگریجەو غــوڵامانەی غــوڵامێکم

(کوردی –ل ٣٢)

**غونچە:** مەبەست گۆی مەمکە.

گوڵبنی قەددت لە قوببەی ســینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە

(نالی –ل٥٤٤)

**غونچە:** مەبەست دەم و لێوی بچووك و سووری جوانە.

دیده وەك هەوری بەهاران خوێن دەگرێنی و سەدای
پێکەنینی غونچەیی نـەو سـەبزە پەرژینم نـەهات
(کوردی –ل ١٢)

**غونچە وا بوون:** غونچە پشکووتن، گەش بوونەوەو دەم کردنەوەی غونچە. هەروەها بە واتای پێکەنینی دەمولێوی بچووك و جوانیش دێت.

وا بوون: کردنەوە، پشکووتن.

تا نەگریا ئاسـمان و تـەم وڵاتـی دانـەگـرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچە وانەبوو
(نالی –ل ٣٧١)

**غونچەی دەم:** دەم و لێوی بچووك و سوور و قوت و جوان.

بێ قسەی غونچەی دەمت کاتی تەبەسسوم ڕوو بە ڕوو
هـەتکی شوعلەی بەرق و نەزمی دائیرەی پـەروین دەکا
(نالی –ل ١١٢)

لە فارسیدا (غنچەء دهان، غنچەء دهن) هەمان مەبەست دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

مشکلی از لبت ای غنچە دهان دارد دل
بەیکی خندەء شیرین بـگشا مـشکل او
(اهلی، ٣٦٥ –عفیفی)

واتە: ئەی دەم و لێو جوان، دڵ گیرۆدەی لێوی تۆیە، بەیەك پێکەنینی شیرین، تەنگ و چەڵەمەکانی جێبەجێ بکە.

تاکی ای غنچە دهن گوش بەهر پندکنی
سخنی گـو کە زبان هـمەرا بند کـنی
(بابا فغانی، دیوان ٣٨٩ –عفیفی)

واتە: تاکەی ئەی دەم و لێو جوان گوێ لە هەر پەندێ دەگری، قسەیەك بکە تا زمانی هەمووان ببەستی.

**وەزیدەن:** مەبەست دەمولێوی بچووك و سوور و جوانی بێ پێکەنینە.

وەزیدەن: ⟵

کەی دێتە خەندە غونچەی دەمی بێ وەزیدەنت

گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگرێ سـەمەر

(سالم –ل ٦٧)

**غونچەی دەهان:** دەمولێوی بچووك و سوور و جوان.

دەهـان: دەم.

لە ڕووی غونچەی دەهانت گوڵ لە بوستانا بـەهـانـا

کە سککەی زەڕ زوهووری بوو ڕەواجی پوولی وا نابێ

(سالم –ل ١٤٠)

**غونچەی سیرابی نەشگوفتە:** مەبەست دەم و لێوی بچووك و سوور و تەڕ و پاراوی بێ پێکەنینە.

غونچە: ⟵

سیراب: تێراو. سیر + اب.

سیر: تیر.

اب: ئاب، ئاو.

شگوفتە: شکوفتە، پشکووتوو.

وانەبوو لێوت بە سروەی بای خەیاڵی بۆسەیێ

غونچەیی سێرابی نەشگوفتەت چو ناچیدە ما

(سالم –ل ٣٢)

**غونچەی نەپشکووتوو:** مەبەست دەم و لێوی سوور و بچووك و جوان، یان بێدەنگ، یان بێ پێکەنین.

دەم هـەمدەمی غونچێکە نە پشکـووتووە هێشتا

با کەشفی نەکرد بەرگی عەتر پۆشی گوڵی ڕووت

(نالی –ل ١٥٢)

**غونچەی نەو شیگوفتە:** غونچەی تازە پشکووتوو.

نەو: نوێ.

شیگوفتە: پشکووتوو، کراوە.

لـــەبـــی تـــەنگی دلارامـــم دەبـــەخـشێ

بە غونچەی نەوشیگوفتە ڕەنگ و ڕەونەق

(سالم –ل ٧٧)

**غوولی بیابان:** بوونەوەرێکی ئەفسانەییە لە جۆری دێو کە بالآی بەرزو لەشێکی گەورەو ترسناکی هەیە و لە بیاباندا دەژی وشەی غوول (= غول) عەرەبییە.

کەسانێ جێی نیشیمەنیان لە گۆشەی تەختی حاکم بوو

بـــە دەشتی شارەزوورا جـومله وەك غـــوولی بیابانن

(سالم –ل١٠٣)

**غیلمان:** غلمان.ع. کۆی (غلام)ە، کوڕ لە کاتی لەدایکبوونەوە تا سەرەتای لاوێتی. گەنجی تازە پێگەیشتوو.

یەعنی ڕیـــــازی ڕەوزە کە تێدا بـــە چـەند دەمێ

موشکین دەبیی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور

(نالی –ل ١٨١)

# ف

**فائیقه:** فائقة.ع. مێی (فائق)ه. به ژنێ دەوترێ کە لە بارەی جوانییەوە لە ناو هەموو ژناندا بێ وێنە بێت. (معین)

قامەتت نەخلە بەشیری فائیقە پەی کردووە
نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە
(نالی –ل ٥٤٥)

**فاریغ:** فارغ.ع. ئاسوودە، ئارام، بێ نیاز.

نییە دیدەیی چ مەردوم نییە مەردومی چ دیدە
لە فروغی خەددی فاریغ لە خەیاڵی خاڵی خاڵیی
(نالی –ل ٦٥٨)

مەگەر وەختێ لە سەیری خاڵی چێهرەت دیدە فاریغ بێ
سیاهیی مەردومەك بتکێ لەگەڵ ئەشکم بەسەر ڕووما
(سالم –ل ٣٣)

سامیعە و نوتقم لە تەکلیفاتی دونیا فاریغن
نیمە بێ تۆ تا لەگەڵ کەس تاقەتی گوفت و شنەو
(سالم –ل ١١٧)

**فاریغولبال:** فارغ البال.ع. ئاسوودە دڵ، دڵنیا.

سا لە وەختێکی بووە نێستە بە مەحکوومی کەسێ

فاریغولبالە لە تەعنەی من و لۆمـــەی دیـــگەران

(کوردی –ل ٣٧)

**فاش:** ئاشکرا، دەرکەوتوو، دیار.

داستانی عیشقی من فاشە لە هەر کووچەو سوقاق

عـەقڵی دێوانەم لەپاش ئەم حاڵە سرِ پۆشی دەکـا

(سالم –ل ٣٢)

عەجەب ئیزهاری بێ رەحـــمی نیگارم لـــەززەتی عیشقە

کە ئەو دەستانە وەك دەستانی کوردی فاش و مەشهوورە

(کوردی –ل٤٧)

**فەتحی بابی زوبان:** مەبەست ئامادە بوونە بۆ قسە و دەست بە قسە کردن.

ئیمدادی فەتحی بابی زوبـــانم بـــە فەزڵی تۆ

زوو بێ کە ئەووەڵین گوزەری پرد و مەعبەرە

(نالی –ل ٤٣٦)

**فەجری پایزی پیریی:** مەبەست سەرەتای پیرییە.

شەوی بەهـاری جوانیی خەوێ بوو پرِ تەشویر

لە فەجری پایزی پیریی بـــەیانی دا تـــەعبیر

(نالی –ل ٢٠٤)

**فەراخ:** فراوانی، پان و بەرینی.

لەو وەختەوە کە دوورە لە من رووی بەهـاری تۆ

نابن بە قەد فـــەراخی دڵ کـــەریـــەلاو و رەی

(سالم –ل ١٥٢)

**فەراز و نیشیب:** بەرزی و نزمی، هەوراز و نشیو.

فەراز: بـالا، بەرزی، بڵند، بەرزایی، سەرەو ژوورکە.

نشیب: نشیو، نزمی، سەرەوخواری، نزمایی.

ئـــاخری دێ هــــەردوولا دەوڵـــەت و بێدەوڵەتی

پەیکی ئەجەل تەی دەکا هەرچی فەراز و نیشیب

(سالم -ل ٤٥)

**فەڕاشی فەرشی ئەبری بەهاران:** مەبەست داپۆشینی دەشت و دەرە لە وەرزی بەهاراندا بە سەوزەگیا و گوڵ و گوڵزار بەهۆی هەوری بەهارانەوە.

فەڕاش: فراش. ع. ئەوەی کە فەرش ڕادەخات، ڕاخەری هەموو جۆرە ڕایەخێك.

فەرش: مەبەست گژ و گیاو گوڵ و گوڵزارە.

ئەبر: هەور.

جاڕووکەشی مەنازیلی جانان لـــە خــەڵــوەتا

فەڕاشی فەرشی ئەبری بەهاران لە دەشت و دەر

(سالم -ل ٦٧)

**فەراغەت:** فراغت. ع. ئاسوودەیی، ئاسایش و ئارامی.

هەروەها بە واتای ئارام نەگرتن و بێ ئۆقرەیی.

فەراغەت سەعبە بۆ عاشق لـــە هــیجرا

بە سالم ژەهرە بێ تۆ ئەکل و مەشرووب

(سالم -ل ٤٤)

**فەرامەرز:** ناوی کوڕی ڕۆستەمە.

تورکی چاوی دولبەرم وەختی نیگەهـ تیر ئەفگەنە

عاشقی زار ئەر فەرامەرزە لە زوڵـما بــەهــمــەنە

(سالم -ل ١٣١)

سوویی عاشق وەختی ئیما ڕوو بە ڕوو تیر ئەفگەنی

بۆ فەرامــەرزی دڵم ئــەی تورکی کــافر بەهمەنی

(سالم -ل ١٥٠)

**فەروح ئەفزا:** ع. ف. ئەوەی کە ببێتە مایەی زۆر کردنی خۆشی و شادی.

فەرەح: سروور، شادی.

ئەفزا: ڕەگی چاوگی ئەفزوودەن (= افزودن)ی. ف. یە. واتە: زیاد کردن، پترکردن.

مەکە مەنعی سەبا بابێ بە سەرما
دەماغی من فەرەح ئەفزایی بووتە
(سالم -ل ١٢٢)

**فەرەح ئەنگیز:** ئەوەی کە ببێتە مایەی خۆشی و شادی، ئەوەی کە خۆشی پتر بکات، شادی بەخش.

ئەنگیز: ڕەگی چاوگی ئەنگیختەن (= انگیختن)ی ف. یە. واتە: جماندن، خستنە جۆش و خرۆش، خستنە جموجووڵ.

لەبەر نەقشی خەیاڵت کولبەیی مـن
فەرەح ئەنگیزە وەك قەسری خەوەرنەق
(سالم -ل ٧٧)

**فەرەحناك:** دڵخۆش، شاد، شادمان.

دەزانی چۆن فەرەحناکم بە بۆسەی لێوی شیرینت
بە موفلیس مەردی مونعیم وەك سەدا بۆ خوانی نیعمەت کا
(سالم -ل ٢٨)

تا لە لای یارە فەرەحناکە دڵم
جێی لە گوڵزارە بە بێ فەسڵی بەهار
(سالم -ل ٥٧)

**فەرەق:** فەراق، تەق، تەقینەوە.

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی فەرەقی بوو
مەکسووری ڕقی بەو دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو
(نالی -ل ٣٧٥)

**فەرەنگ:** لە وشەی (Frank)ەوە. کراو بەعەرەبییەکەی (افرنج)ە. ناوی نەتەوەی

(فەرانك)ە، سەرزەمینی ئەورووپاییە ڕۆژئاواییەکان، وڵاتە مەسیحی ئاینەکانی ئەورووپا، کۆمەڵە وڵات و ناوچەیەك کە هەموویان، یان بەشی زۆریان مەسیحین و لە نەژادی ئەورووپایین و بە یەکێ لە زمانە ئەورووپاییەکان دەدوێن. بەم پێیە ئەمەریکاو ئەوسترالیاو بەشی زۆری وڵاتە ئەورووپاییەکان فەرەنگن، بەڵام هائیتی کە دانیشتوانی مەسیحین و بەفەرەنسی قسە دەکەن بەشێ نین لە فەرەنگ. (معین)

فەرەنگ و داسنی و ئەرمەنی و جوو

نەسیری و دەیلەمی و گەبری بەدخوو

(سالم –ل ١١٦)

**فەرەنگی خوو:** دلبەرێ کە ڕەفتارو کردەوەکانی وەکو شۆخ و شەنگی ئەورووپایی وابێت. فەرنگی: ئەورووپایی.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسلەت

کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرەنگی خوو و موشکین موو

(سالم –ل ٩٥)

**فەرد:** فرد. ع. تاك و تەنیا، بێ وێنە.

لەگەڵ مورغی چەمەن نالی دەناڵێ

کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین

(نالی –ل ٣٥٤)

خۆش ڕەنگە خاڵی هیندوویی فەردت لە عاریزا

سابت قەدەم موقیمە لە نارا سەمەندەری

(سالم –ل ١٤٥)

لە کونجی بێ کەسیدا فەردم ئەمڕۆ

زەلیل و زار و بێ هاودەردم ئەمڕۆ

(کوردی –ل ٤١)

**فەردا:** مەبەست ئەو دونیایە، ڕۆژی قیامەت. سبەی، سبەینێ، بەیانی.

له دونیادا جەفای عوقبام هەموو دیوە لە دەس هیجران
دەبێ فەردا لـــە پـــاشا عـــەفوی من کـــا کردگاری من
(سالم –ل ٩٣)

**فەرد و یەکتا:** مەبەست خوای تاك و تەنیایە.

هاتە گوێم کافرێ بـــە گـــریـــە وتی
کاری هەرکەس بە فەرد و یەکتایە
(سالم –ل ١٣٤)

**فەردیی:** مەبەست بێ وێنە و بێ هاوتایە.

لە فەردیی وەسفی یـــارا عـــارە نـــاوی موددەعی بردن
لە رشتەی فکری ماخەر موهرە هەمسلکی گوهەر ناکەم
(سالم –ل ٨٥)

**فەرسوودە:** رزیو، داوەشیو.

وەسڵی تو (یحی العظام)و قـالبی فـــەرســـوودەمە
سا مەیێڵە تو خودا شادبێ بە گەردم بای شەماڵ
(کوردی –ل ٢٠)

**فەرشی بەهاران:** مەبەست گژ و گیا و سەوزایی و گوڵ و گوڵزارە.

جارووکەشی مەنازیلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕاشی فەرشی بەهاران لە دەشت و دەر
(سالم، دیوانی نالی –ل ١٩٩)

**فەرشی حەیات تەی کردن:** مەبەست تەمەن بەسەر چوونە، بەسەر بردنی ژیانی پیری.

تەی کردن: ←

وەرە ساقی بـــە شین و نـــەدب و واوەی
ئەوا فـــەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی
(نالی –ل ٧٠٧)

**فەرشی خاك:** مەبەست ڕووی زەوییە، جیهان، گێتی.

ئــەم فـەرشـە خـاکییە دەتەکێنن لە تـۆز و گەرد
ئەم عەرشە نۆ سەحیفەیە دەیکەین بە یەك پەڕە
(نالی -ل ٤٣٨)

زآب دیدهء من فرش خــاك تــر مــی شد
زبانگ نالهء من گوش چرخ کر می گشت
(سعدی، کلیات -٤٥٩، عفیفی)

واتە: لە فرمێسکی چاوەکانی من ڕووی زەوی تەڕ دەبوو، لە بانگی ناڵە و گریانی من گوێی ئاسمان کەڕ دەبوو.

**فەرشی زەمین:** مەبـەست ڕووی زەوییە.

عــەرشی بەرین کــە دائیرەیە ڕەوزە مــەرکەزە
فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە
(نالی -ل ٤١٦)

**فەرق:** فرق. ع. تەپڵە سەر، تەپڵی سەر، سەر سەر، ناوەڕاستی سەر، خەتێکە لە نێوان مووەکانی سەر کە بە شانە دەکرێت، بەشی سەرەوەی هەر شتێ.

بە سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی کەچی لەرزی
کە فەرقیشم بــــگاتە ئاســمان بەندەی قــەدی یــارم
(نالی -ل ٢٧٣)

فەسڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر
وشکیی بە غەیری سۆفی یو عاسای نــەمــایەوە
(نالی -ل ٥٥٠)

بەسەر سەرتا بپێکی چەتری تاووسی ئەگەر تـوڕەت
دەکا بیروون لە فەرقی پادشەهـ زینەت لە ئەفسەردا
(سالم -ل ٢١)

ئەگەر فەرقم بگاتە مەرکەزی خاکی کەفی پێی یار
دەگاتە ئاسمان گۆشەی کـولاهی ئیفتیخاری مـــن
(سالم –ل ٩٣)

**فەرق بە ئاسمان گەیشتن:** ئەو پەڕی شانازی کردنە.

فەرق: ⟵

بە سەروم وت کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی کەچی لەرزی
کە فەرقیشم بـــگاتە ئاســـمان بـــەندەی قـــەدی یـــارم
(نالی –ل ٢٧٣)

**فەرق گەیشتنە بەهرام و ئەسەد:** مەبەست شانازی کردنێکی زۆرە.

فەرق: ⟵

بەهرام: ئەستێرەی مەریخ.

ئەسەد: یەکێکە لە شێوە فەلەکییەکان و پێکهاتووە لە ئەستێرەیەکی زۆر و، وێنەی شێرێکی لێ دروست بووە. (عمید)

فـەرقی فەخری مێملاّیی گەییە بـەهـــرام و ئەسەد
کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حاڵە میری بازیان
(سالم –ل ١٠٠)

**فەرقی سەر:** ⟵ فەرق.

تـا موعەییەن بێ کە زۆرن دەسگـــری یـــو دەسکـوژی
فەرقی سەر پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا
(نالی –ل ١١٢)

خاك كوی تو به صحرای قیامت فردا
همه بر فرق سر از بهر مباهات بریم
(حافظ، قزوینی –ص ٢٥٧)

واتە: ڕۆژی قیامەت هەموومان بە شانازییەوە خاکی گەڕەکی تۆ بەسەر دەبەین.

**فەرهاد:** ——→ کوهکەن.

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون

وا تێ مەگە قوربان کــە گـەدا بـولهەوەسێکم

(نالی –ل ٢٨٣)

ئەمن فـــەرهاد و شـــاهێد بێستوونە

ئەتۆ شیرین شەماڵ شاپوورە ئەمشەو

(کوردی –ل ٤٢)

هەرکەسێ عاشق لە دەست هیجران خەلاس کا مەرد ئەوە

ئارێ فەرهاد تا حەشر مەمنوونی پـــووری هـــورهـــوزە

(کوردی –ل ٤٨)

حەدیسی کوژتنی فەرهادی مسکین پێت بڵێم چـۆن بـوو

لە شەوقا دای بەسەریا تێشە وەختێ دەنگی شیرین هـات

(سالم –ل ٤٦)

بە تیرێ دوو نیشـانە چـانییە ئەی ڕۆحـەکـەم شیرین

بەغەمزەی تاقە یەك تیری لە فەرهاد و لە خوسرەو دا

(نالی –ل ٨٩)

**فەرهاد:** هەروەها (فەرهاد) ناوی پێنج پاشای بنەماڵەی ئەشکانییەکان بووە لە پێش زاییندا، لێرەدا باسیان لێوە دەکەین و، لە کۆتاییدا نموونەیەك لە شیعری (کوردی) دەخەینە ڕوو، کە مەبەستی یەکێکە لەو پاشایانەی کە ئەمانەن:

فەرهادی یەکەم: پێنجەمین پاشای بنەماڵەی ئەشکانی بوو، لە ساڵانی (١٨١ –١٧٤)ی پـێش زایین پـاشایـی کـرد، ئـەو کـوڕی (فـری یـاپت) بـوو، شاری (خارکس)ی لە (ڕەی) دروست کرد.

فەرهادی دووەم: حەوتەمین پاشای ئەشکانی بوو، لە ساڵانی (١٣٦ –١٢٧)ی پێش زایین پاشا بوو، کوڕی میهرداد بوو، لەگەڵ (ئانتیو خرس)ی سلووکی جەنگی کرد و سەرکەوت بە سەر سلووکییەکاندا و لە ئێران دەری کردن.

فەرهادی سێیەم: پانزەهەمین پاشای ئەشکانی بوو لە ساڵانی (٦٩ -٦٠)ی پێش زایین پاشایی کرد.

فەرهادی چوارەم: چواردەهەمین پاشای ئەشکانی بوو لە ساڵانی (٣٧ -٢)ی پێش زایین پاشا بوو.

فەرهادی پێنجەم: یان فەرهادەك، پانزەهەمین پاشای ئەشکانی بووە لە ساڵی (٢)ی پێش زایین تا (٤)ی زایین پاشایی کرد. (معین)

خوسرەو و مەحموود و فەرهاد هەر سێ شاو شازادە بوون
ناخری بووشن بە بەندەو چاکەری سوڵتانی عیشق
(کوردی -ل ١٩)

**فەریب:** ←— فریب.

دیدەو و ئەبرۆیی تۆ فیتنەیی ماهی سەفەر
دیدەیی جادووی تۆ مایەیی حیلەو فەریب
(سالم -ل ٤٥)

دەستم بە فەریب کە شکا حەسرەتی ناخۆم
خۆت چونکە شکاندووتە دەبێ بیخەیە ئەستۆ
(سالم -ل١١٥)

**فەریبەندە:** هەڵخەڵەتێنەر، فریودەر.

هاتە سەر شوێن پێی خەیاڵی دولبەرم فیکری ڕەقیب
ئەی خیرەد خۆ تۆ فەریبەندەی دەسا حاشا دەکەی
(سالم -ل١٥٣)

**فەریب دان:** فریودان، لەخشتە بردن، هەڵخەڵەتاندن.

فەریبی دڵ دەدەم دائیم بە مژدەی ڕوئیەتی حوسنت
ئەگەر چی وەسفی تۆ عەنقا سیفەت هەر ناوە
(سالم -ل ٧٩)

**فەڕ:** بەرزی، شكۆ، گەورەیی، جوانی، تیشك.

[فەر = خەرە، فارسی كۆن farnah] – خەرە: لە (زامیات یەشت)دا، كە نۆزدەهەمینە لە بیست و یەك یەشت (یەشتها)، لە ئەڤێستادا وشەی (فەڕ) بەم جۆرە لێكدراوەتەوە: تیشكی خوداوەندییە، ئەگەر لە دڵی هەر كەسێكدا هەڵبگیرسێت، یان ڕووناكی بكاتەوە، لە هەموو كەسێ پێشتر دەكەوێت، ڕووناكی ئەم تیشكەیە، كە كەسێ دەگەیەنێت بە پادشایی و شایانی تاج و تەختی دەكات و ئاشتیخواز و دادپەروەر و هەمیشە بەختیار و سەركەوتوو دەبێت، هەروەها بەهۆی هێزی ئەم ڕووناكییەیە، كە باری دەروونی و گیانیی كەسێ، كۆك و تەواو دەبێت و لەلایەن خواوە هەڵدەبژێردرێت بۆ پێغەمبەری. فەڕی ئێرانی: یان فەڕەی ئێرانی، بە پێی بیرو ڕای ئێرانیانی كۆن، فەڕێكە دەبێتە هۆی بەرخوردار بوون لە چوار پێیان و گەلله و مەڕ و ماڵات و شكۆ و بەخشندەیی هۆش و زانست و ماڵ و شكێنەری غەیری ئێرانییە.

فەڕی ئیزەدی: هەمان فەڕی نمرە (۱)، یان (خەرە)یە.

دانەری: غرر سیر الملوك، دەڵێ: «وكان یشبه (طهمورث) بكیومرث في حسن الصورة، وشعاع السعادة الالهیة الذي یقال له بالفارسیة فرایزدي.»

هەروەها علی بن حسین مشهور به علاء قزوینی در منهاج الطالبین، دەڵێ:... پاشایان بە فەڕی ئیزەدی و ڕۆشنی گیان و پاكی و گەورەیی نەژاد و دەوڵەت، كە لە كۆنەوە لەناو خانەدانی ئەواندا هەبووە، توانیویانە پاشایی بكەن. فەڕی كەیانی: یان فەڕەی كەیانی، فەڕی خوداوەندی كە تایبەتە بە پاشایان و ڕابەران و گەورە پیاوانی وڵات و هۆی كامەرانی و سەركەوتنی ئەوانە. ۲–پلە و پایە و گەورەیی و شكۆ. ۳–جوانی و قەشەنگی. (معین)

گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوكەت وەفای دەبوو
بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خورووس
(نالی –ل ۲۳۹)

بەڵكو لە فەڕی تەیبە كە تیبی پەیەمبەرە
ساكن ببێ گەڕۆڵییی ئەو كەلبە بێ فەڕە
(نالی –ل ٤۲۲)

جوزگاهی ئاهـ و ناڵە لە ئەیپامی رۆمیـــان

نەمدیوە وابێ لە فەڕی عەدالەت بەنی بەشەر

(سالم –ل ٦٧)

**فەڕوخ قەدەم:** ئەو کەسەی کە هاتنی ببێتە مایەی خۆشی و شادی.

فەڕوخ: پیرۆز. وشەی فەڕوخ ئەگەر لە پێش وشەی (قەدەم) یان (پەی) دا بێت، بە واتای جوان و شۆخ و شەنگ دێت.

جیلوە تاوس و نیگەهـ ئـاهوو و دوڕاج ڕەوش

تووتی ئاواز و هوما سایەو و فەڕوخ قەدەمێ

(سالم –ل ١٤٩)

**فەزا:** فضاء. ع. شوێنی بەر بەرەڵلا و پان، شوێنی بەریلاو، مەیدان.

توخوا فەزایی دەشتی فــــەقێکان ئەمێستەکــــەش

مەحشەر میسالە یان بووەتە چۆڵی سەلم و توور

(نالی –ل ١٩٤)

ئەمرۆ فەزای بـــــازیـــگەهی جـــایی ڕەهزەنە

لەو دەشتەوە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر

(سالم –ل ١٤)

**فەزای بازیگەهـ:** مەیدانی یاری، گۆڕەپانی گەمە.

فەزا: فضاء. ع. مەیدان، گۆڕەپان، زەوی پان و فراوان، شوێنی کراوەو پان.

بازیگەهـ: یاریگە، بازی + گەهـ.

بازی: یاری

گەهـ: کورتکراوەی گاهـ، پاشگرە بۆ شوێن.

ئەمرۆ فەزای بازیگــەهی جـــایی رەهــزەنـــە

لەو دەشتەوە دێ لە غەیبەوە ئاوازی ئەلحەزەر

(ســـالم –ل ٦٨)

**فەسساد:** فصّاد. ع. ڕەگ بڕ. ئەو کەسەی کە ڕەگی لەشی یەکێ دەبڕێ تا خوێنی کەم بکاتەوە. ئەو کەسەی کە پیشەی ڕەگ بڕین و خوێن گرتنە.

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت

دەلەرزێ دەستی فەسساد و نمەك ڕێی نیشتەر نادا

(سالم - ل ١٧)

کە فەسساد قەسدی لێوی تۆی کرد

لەجێی نەشتەر لەباتی خوێن نمەك بوو

(سالم -ل ١١٠)

**فەغفوور:** کراو بە عەرەبی (فەغپوور)ە. کە لەقەبی پاشاکانی چین بووە. بەڵام واتا زمانییەکەی (کوڕی خوا)یە.

بەغپوور = فەغفوور. سوغدی. بەغپوور. فەغپوور. فەغفوور. لە زمانی پارتیدا. بەگپوهر. لەزمانی سەنسکریتدا. بهەگە پوترە. (معین)

بەغ = فەغ. ئەڤیستا. بەگە = خوا. یەزدان. فریشتە. بت. فوور = پوور = پەهلەڤی. پوهر = کوڕ. (فرهنگ شاهنامە)

کە تۆی شای کەچ کولاهی دیدە مەستان

چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو

(نالی -ل ٣٨٩)

**فەلاتوون:** فولووتین = ئەفلووتین = فلووتینوس. (٢٠٤ -٢٧٠ زایینی). فەیلەسووفی بەناوبانگ. لە خێزانێکی ڕۆمی هاتۆتە دنیاوە. لە میسرو ئەسکەندەرییە ژیاوە. بەهرەمەند بووە لە فەلسەفەو عیرفان. شارەزای حیکمەتی ئێرانییان و هیندییەکان بووە . سەری ئێرانی داوەو لە گەڕانەوەدا چووە بۆ ڕۆم و لەوێ مایەوەو لە هەمان شوێندا کۆچی دوایی کرد. لای پەیڕەوی کارانی پایەیێکی بەرزی هەبوو. فەلسەفەکەی خۆی لە پەنجاو چوار نامەدا نووسییەوە. فەلسەفەی فەلاتوون. وەحدەتی وجوودە. (معین)

داررووە بۆ سەعبی عیللەت دیدەیی دیداری یـــار
مژدە بێ بیماری غەمگین وا فەلاتوون هاتەوە
(ســالم -ل ١٣٣)

**فەنەر:** لە تورکیدا، فەنار، لە فەرەنسیدا fanal، لە ئیتالیدا fanale، کە لە یۆنانییەوە وەرگیراوە. (معین)

جۆرە چرایەکە، کە لە کۆندا بەکار دەهێنرا، لە کاغەز یان لە خام، یان لە پێست، بە شێوەی شووشەی فانۆس بەڵام چین لەسەر چین دروست دەکراو بەناو یەکدا دەچوون و مۆمی تێدا دادەنرا، لە کاتی هەڵواسین و بەکارهێناندا چینەکانی لە یەکتری دوور دەکەوتنەوە و گەورە دەبوو و دەکرایەوە بە وێنەی شووشەی چرای فانۆس.

هەروەها بە زەمبەلەك یان زەنبەلەکی سەعات و ئیسپرینگیش دەوترێت.

سەیلی هیجری بەردی بنچینەی لە ڕەنگ هێنامە دەر
باری فیکرت قەددی ڕاستی تێشکاندم وەك فـــەنـــەر
(نالی -ل ٢٠١)

لـــەو وەخـــتەوە بیستوومـــە دیتن بـــەقەدەر چاوە
هەر مووم لە بەدەن یەکسەر وەك عەینی فەنەر چاوە
(نالی -ل ٥٢٨)

لـە جیلوەی شەعشەعەی وەزعی جەماڵا غەرقی پڕتەو بوو
ئیحاتەی شەمعی مەعنی دا مودەوەر وەك فـەنەر کـــاغەز
(سالم -ل ٧١)

دڵ دەسووتێ چین بە چین دەشکێتە سەر یەك وەك فەنەر
خاوەنی ڕووی ئاتەشین و زوڵفی چین چینم نـــەهـــات
(کوردی -ل ١٢)

**فەنەن:** فنن. ع. لق، لقی درەخت. (افنان) کۆیەو (افانین) کۆی کۆیە. (معین) و (عمید)

هیندە دڵ خۆشە لەبەر سەبزی یـــو دارو دەوەنی
کـە دەرەقسێ وەکو شاخ و فەنەن و نەستە ڕەنی
(نالی -ل ٦٦٨)

**فەیز:** فیض. ع. مەبەست بەخششی یەزدانییە. گەلێ واتای تریشی هەیە وەك: زۆربوون و ڕەوان بوونی ئاو، پڕبوونی ئاوی ڕووبار، زۆر بوون و هەڵسانی ئاو، ئەو بەهرەو توانایەی کە خوا دەیخاتە دڵەوە بەئاسانی و بەبێ ڕەنج. ئەو کارەی کە بەردەوامە بەبێ مەبەست و بەبێ چاکەدانەوە.

ئەی چاوی پڕ نەدامەت دڵ پڕ غەم و غەرامەت

بگریی کە وشکە سۆفی لـەم فەیزە بێ نەسیبە

(نالی -ل٣٩٧)

**فەیز خواه:** بیر و ئەندێشەی وردو قووڵ خوان، ئەوەی کە لە یەزدان ئەندێشە و بیری بەرز بخوازێ.

فەیز: ←———

خواه: ڕەگی چاوگی خواستەن (= خواستن)ی ف. یە. واتە ویستن، داواکردن.

حافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جـامی و دیهلەوی

فەیز خواه و مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق

(کوردی -ل ١٩)

**فەیلەقووس:** [ یۆنانی. Philippos] ناوی چەند پاشایەکی یۆنانی بووە، کە یەکێ لەوانە (فیلیپس)ی دووەمی باوکی ئەسکەندەری پاشای مەقدوونیەیە. (معین)

فیلقووس: فیلیپ، باپیرەی دایکی ئەسکەندەر، فیلیپی مەقدوونی. (فرهنگ شاهنامە)

ئەی دڵ خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ

میراتی ئیعتیبارە لە فورزەندی فـەیـلەقووس

(نالی -ل ٢٣٨)

ئەی چەرخی واژگوون ستەمی تۆ بـەکێ بڵێم

زاڵم دڵی بە جەور و جەفا میسلی فەیلەقووس

(سالم -ل ٧٤)

**فەییاز:** فیاض. ع. جەوامێر و بەخشندە، خاوەنی بەرهەمی بە کەڵك.

فەییازی ڕیازی گوڵ و میهر و مــل و لــەعلی

ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا

(نالی –ل ٧٦)

**فرووغی خەدد:** مەبەست کوڵمی نالە، کوڵمی سوور و سپی.

فرووغ: فورووغ، ئەفرووغ، ڕووناکی، تیشك، تیشکی خۆر یان ئاگر، ڕەونەق، جوانی، ئارەزوو.

نییە دیدەیی چ مەردوم نییە مــەردومــی چ دیدە

لە فرووغی خەددی فاریغ لە خەیاڵی خاڵی خاڵیی

(نالی –ل ٦٥٨)

**فریب:** فەریب، فریو، فێڵ، هەڵخەڵەتاندن، لەخشتەبردن.

ساحێب زەڕ و زیوێ کــە فــریبی عــوقەلا بێ

ئیکسیری تەڵای ئەحمەری چەند قەترە لەلا بێ

(نالی –ل ٦١٩)

فـریبی قـەرزی بۆسـەم دەی لە دونیا

یەخەت ئەگرم لەبەر دیوانی مەحشەر

(سالم –ل ٦٥)

**فسوون:** ئەفسوون. فێڵ، ساختە، هەڵخەڵەتاندن، ئەو وشانەیە کە جادووگەر بەکاری دەهێنێ. (پەهلەڤی. پسون). (معین).

دەکا دونیایی پــڕ شۆڕش بــە دایم فیتنەها پــەیــدا

بە نەیرەنگ و فسوون هەردەم لەهەر موویێ وەغا پەیدا

(سالم –ل ١٨)

**فنا فی النور:** لەناوچوون لە ڕووناکیدا، ئەمە زاراوەیەکی سۆفیگەرییە.

فنا: نەمان و لەناوچوون لە خودا دا.

نور: ناوێکە لە ناوەکانی خوا، مەبەست ڕووناکی دڵی عاریفانە بە یەکتایی خواو

درەخشانی ڕازەکانی خۆشەویستان. هەروەها بوونی نوور و عەدەم تاریکییە. (اصطلاحات عرفانی).

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنا فی النور)ی ئیمانە

مەڵێن زوڵمەت خراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە

(نالی -ل ٥٥٨)

**فنجان:** مەبەست پێکی مەیە. کراو بە عەرەبی (پنگان)ە (یونانی. PINAX ) (معین)

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی

عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا

(نالی -ل ٩٢)

**فندق دەهەن:** مەبەست دەم و لێوی بچووك و جوانە.

فندق: فەندوق = فوندوق. درەختێکە لە تیرەی پیاڵە داران، گەڵاکانی پان و هێشوویییە، بەرەکەی بچووك و خڕ و پێست ڕەق و دەنکی ناوەکەی بەتام و خۆش و چەورە، بە عەرەبی فوندوق یا بوندوق (= فندق، بندق)ی پێ دەڵێن. (عمید).

دەهەن: ←

گوڵ بەدەن سیمین زەقەن خەت یاسەمەن فندق دەهەن

ئەسمەرەی قەد عەرعەرەی ناز و نەزاکەت دارەکەم

(کوردی -ل ٣٠)

**فوتادە تەن:** تەن فوتادە، تەن ئوفتادە. لەش داهێزراو، لەشی لە پەلوپۆکەوتوو، ئەو لەشەی کە لە تەمەنی زۆر پیریدا سست و ناتوان دەبێت.

فوتادە: کورتکراوەی ئوفتادە (= أفتادە)ی ف.یە. و ئاوەڵناوی بەرکارە، واتە کەوتوو، لە چاوگی ئوفتادەن (= افتادن)ی ف.یەوە هاتووە، واتە کەوتن.

تەن: لەش.

داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی سەر شەقام

پیر و فوتادە تەن نەبووە داری پیرمە سوور

(نالی -ل ١٨٤)

**فورزەند:** فەرزەند، ڕۆڵە. کە بۆ کوڕ و کچ بەکاردێت.

ئەی دڵ خەراجی حاسڵی زوڵماتی بەحر و بەڕ
میراتی ئیعتیبارە لە فورزەندی فەیـــلە قــووس
(نالی –ل ٢٣٨)

**فورقەت:** فرقة. ع. جیابوونەوە، دووری لە خۆشەویست.

تاکەی ئەم جەور و جەفایەت چاو خوماری سوخمە ئاڵ
دڵ لە هیجر و فورقەتت سووتاوە ڕەش بوو وەك زوخـــاڵ
(کوردی –ل ٢٠)

**فورووزان:** درەخشان، تابان، هەڵگیرساو، گڕاوی.

شەمعی دەسگاهی ملووکانە گیـانە مــەرکـــەزی
بەرقی قیندیلی فورووزانی دەچوو بۆ کەهکەشان
(سالم –ل ٩٠)

**فوغانی جوغد:** فەغانی جوغد، بانگ و ناڵەی کونە بەبوو.

فوغان: فەغان، ناڵە، فەریاد، هاوار، بانگ، ئاه.

جوغد: کونە بەبوو، کوندە بەبوو.

نایەتە دەر لە پەنجەرەکەت جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موور نییە شوێنی پێ گوزەر
(سالم –ل ٦٨)

**فوندوق:** ←فندق دەهەن.

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕومانی
دەهان وەك فوندوق غەبـــغەب وەك نـــارنجی ایمـــانی!
(کوردی –ل ٦٠)

**فویووزات:** فیوضات. ع. کۆی کۆیە. فویووزات کۆی (فیوض)ەو (فیوض)یش کۆی (فیض)ی عەرەبییە.

فیض: ئاوێکی زۆری ڕەوان، ڕووباری پڕ لە ئاو، ئاوێکی زۆر، بەخشین و پێدان، ئاراستە کردنی کارێکە لە دڵدا لە ڕێگەی ئیلهامەوە بەبێ ڕەنج کێشان... (معین)

فویوزاتی سەفا و مەروە هەروەك ئاودان دەم دەم
لە یەنبوعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جاریی بێ
(نالی -ل ٦٣٥)

**فیتنە ئەنگیز:** ئەوەی ئاژاوە دەنێتەوە، ئاشووبچی.

ئەنگیز: ڕەگی چاوگی ئەنگیختەن (= انگیختن)ی ف. یە. واتە خستنە جۆش و خرۆش.

لەئەسلێ بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون
لە ئەمری فیتنە ئەنگیزا سەراسەر میسلی مـــەردانن
(سالم -ل ١٢)

نیگا کەی گەر بەچاوی فیتنە ئــەنگیز
دەکەن زاهیر لە وەرەعا تەرکی پەرهیز
(سالم -ل ٧٢)

**فیتنەجۆ:** ئاشووبگێڕ، ئاژاوەچی.

جۆ: ———◄جۆیا.

ڕەقیب ناهێڵێ قەت یارم لەگەڵ من لەحزەیێ جووت بێ
لەشێوەی فیتنە جـــۆییدا خـــوداوەنـــدا چـــەنێ پیـــرە
(سالم -ل ١٢٦)

فیتنە جۆیە تورکی چاوت مەیلی خوێن ڕێژی دەکا
ڕوویەڕووم دایم لە ڕووما تیر و شمشێری هـــەیـــە
(سالم -ل ١٣٥)

**فیتنەی زەمین:** مەبەست ئاشووب و گێچەڵی هەموو جیهانە ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئاژاوە نانەوە لە دونیادا.

تاکەی یار فیتنەی زەمین بێ سەبر و هۆش و عەقڵ و دین
بۆ دەوا دەس ناکەوێ ناویان لـــە ســـەر ڕوویی زەمــین
(کوردی –ل ٣٨)

**فیراق:** فراق. ع. مەبەست دوورییە لە یارەوە.

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی فـــەرەقی بـــوو
مەکسووری ڕقی بەو دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو
(نالی –ل ٣٧٥)

یار گیلەی بوو لە دڵم چونکە نەسووتا لە فیراق
لە قسەی ناحەقی ئەو سالمی مسکین خــەجــڵا
(سالم –ل ٢٦)

بۆیە ئەز بەسکی نیزارم لە فیراقی مەهی ڕووت
وەکو ئەبرۆیی هیلالت قەدم ئەنگوشت نــەمــا!
(سالم –ل ٢٨)

**فیردەوس:** [فردەوس. کراو بە عەرەبییە. لە مادی، ئەڤێستایی. pairi-deaza.
باغ] بەهەشت، باغ، گوڵزار. (معین)

ئەو سـێبەرە کـە قوبەیی فیردەوسی باقییە
ئەو سێبەرە کە خێوەتی سـەحرایی مەحشەرە
(نالی –ل ٤٢٤)

دەڵێن فیردەوسە گــوڵزاری سەنەندەج
وەلێ بێ تۆ لەلای من وەك دەرەك بوو
(سالم –ل ١١٠)

**فیرعەونی زەمان:** مەبەست ستەمگەر و دڵ ڕەقە.

خۆت بۆ ستەمان کەم بووی بیستت قسەی ئەغیاریش
فیرعەونی زەمان ئــامــان گوێ مەگرە لە هــامــانت
(کوردی –ل ١٣)

فیرعەونی زەمەن: مەبەست پاشای ستەمکار و دڵ ڕەقە.

مو سیا در پیش فرعون زمن
نرم بـــــاید گفت قـولاً لیناً

(مولوی –«عفیفی»)

واتە: ئەی پرچ و ئەگریجە ڕەش، دەبێ لەبەردەمی فیرعەونی زەمانـدا (ستەمکار و دڵ ڕەق)، بەنەرمی قسە بکرێ.

**فیکرەت سائیب:** بیر و هۆش ڕاست و بەجێ، ئەوکەسەی کە بیرو بۆچوونەکانی تەواو بێت.

نالی ئیسـتە تاجی شاهیی و تەختی خاقانی هەیە
شـەوکەت ئارا موحتەشەم دیوانە فیکـرەت سائیبە

(نالی –ل ٤٠٠)

# ق

**قائیم چەقیو:** مەبەست ڕاست و ڕێك ڕاوەستاو، قنج ڕاوەستاو.

ڕۆژی قیامەتی (فاذا هم قیام)و شەخس

قائیم چەقیو کێلە لەسەر خاکی مەحفەرە

(نالی –ل ٤٣٩)

**قابە قەوسەین:** قاب قوسین. ع. بەئەندازەی دوو کەوان.

لە ئایەی ٩ی سورەی ٥٣ النجم وەرگیراوە: (فکان قاب قوسین او أدنی.) واتە: بە ئەندازەی دوو کەوان، یان نزیکتر بوو.

لە قوربی (قاب قوسین)ی دوو ئەبرۆت

منی (أدنی) چ دوور و دەربەدەر مـــام

(نالی –ل ٢٦٢)

**قابیز:** قابض. ع. گیرەر، ئەوەی وەرگرێ، وەرگر، دەرهێنەر، ئەوەی دەمرێنێ، ناوێکە لە ناوەکانی خوا.

لە بێ ئینسافیا ئەکوژێ بـــە ئیما ســـەیدی خـــەڵوەت

بەمەزموونی عەفوو گەر نامەیی قابیز بە حوججەت کا

(سالم –ل ٢٨)

**قابیل:** قابل. ع. شایستە، بەجێ.

جێی هیندوویی خاڵت نییە خورشیدی جەماڵت

ئـــەم مـــەرتەبەیە قـــابیلە بـۆ حەزرەتی عیسا

(سالم –ل ٢٦)

**قاروون:** بەگوێرەی داستانەکان، یەکێ بووە لە بەنی ئیسرائیل، هاوچەرخی مووسا. (هەندێ کەس بە کوڕی مامی مووسای دادەنێن). زۆر حەزی لە گەورەیی دەکرد و چاوچنۆك و حەسوود بوو، هەمیشە کاروباری بەنی ئیسرائیلی دەشێواند و تێکی دەدا، سامانێکی زۆری هەبوو، بە ئەندازەیەك بوو کە چەند کەسێکی بەهێز لەژێر باری کلیلی خەزنەکان و سامانەکانیدا چۆکیان دادەدا، هەرچەندە ئامۆژگارییان دەکرد کە بە ماڵ و سامانی جیهان گومڕا نەبێت و لەڕێگەی چاکەدا ئەو ماڵ و سامانانە ببەخشێ، بەڵام گوێی نەدەدایە و نەدەچووە ژێر ئەو بارەوە، لە زەکاتداندا چاوچنۆکی دەکرد، سەرەنجام بیری لە فێڵێك دەکردەوە، تا مووسا تاوانبار بکات و زاڵ ببێ بەسەریدا، ئینجا لەگەڵ ژنێکی داوێن پیسدا ڕێك کەوت، تا لەبەر چاوی خەڵك شکات لە مووسا بکات و تاوانباری بکات بە داوێن پیسی، کاتێ کە ڕۆژ بووەوە، قاروون لەبەر چاوی خەڵکی بەنی ئیسرائیل ڕووی کردە مووساو وتی: ئایا لە تەوراتدا ئەوە نەهاتووە کە دەڵێ: داوێن پیس دەبێ بەردەباران بکرێ، مووسا وتی: بەڵێ، قاروون وتی: کەواتە تۆ بەگوێرەی تەورات و فەرمانی خۆت دەبێ بەردەباران بکرێیت، چونکە لەگەڵ فلان ژندا داوێن پیسیت کردووە، مووسا ژنەکەی بانگ کرد و سوێندی دا کە ڕاستی ئەم کارە لەبەر چاوی خەڵکدا باس بکات، ژنەکە وتی: ئەوەی کە قاروون دەیڵێت هەڵبەستراو و درۆیە و من شایەت دەدەم کە قاروون درۆزنە و مووسا پاکە. ئەو کاتە مووسا نەفرینی لە قاروون کرد و خوا بوومەلەرزەیەکی گەورەی دروست کردو ماڵ و خەزنەکانی بەناخی زەویدا برد. لەبارەی دیاریکردن و ناسینی قاروون لەگەڵ پیاوە ناودارەکانی مێژوودا بۆچوونی جیاجیا هەیە لەنێوان لێکۆڵەراندا. (معین)

قاروونە فەلەك موستەحەقی گرتن و خـــەسفە

زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە دیرهەمی کەوکەب

(نالی –ل ١٣٥)

**قاسید:** قاصد. ع. نامەبەر، پەیك.

بەرێی بیم و خەتەردا یەك بە یەك بۆ قـاسیدی چـاکن
بەبێ تەکلیفی ڕەهزەن خود بە خود بێ چیز و عوریانن
(سالم -ل ١٠٥)

چ حاجەت پورسشی ئەحواڵی ئاشوفتەم لە قاسیدکەی
دەدا خەتی پەرێشانی لە ئـەحواڵم خـــەبەر کـاغەز
(سالم -ل ٧١)

قدوومی قاسیدت زیندانی هیجرانی بە گوڵشەن کرد
دمگاتە ڕەوزەیی جەننەت بە موشتاقان نەزمر کاغەز
(سالم -ل ٧٢)

**قاسی و دانی:** قاصی و دانی. ع. دوور و نزیك.

ئەی مەتلەعی ئەنواری هەموو قاسی یو دانیی
شەمسی سەمەدانی
(نالی -ل ٢٦٩)

دڵ کەوا هەم قـــاسییە هەم عاسییە دوورە لە تۆ
مونزەجیر نابێ کە حوببی تۆ لە قاسیی و دانییە
(نالی -ل ٥٨٩)

**قاف:** [هەندێ ئەمە لەگەڵ (قەفقاز) بەیەك ڕیشە و هەندێ لەگەڵ Kofی پەهلەڤیدا بە هاوڕیشەی دادەنێن.]

چیایەکە ناوی لە قورئاندا هاتووە، هەندێ وای بۆ چوون کە چیایەکە بە دەوری زەویدا و دەڵێن کە لە زەبەرجەدی سەوزە و سەوزی ئاسمان لەوەوە ڕەنگی وەرگرتووە و، نەژاد و بنەڕەتی کێوەکانی زەوییە و، هەندێکی تر وا دەزانن کە لە پشتی ئەو کێوە جیهان و گیانلەبەرانی تر هەن، کە ژمارەیان تەنها خوا دەزانێ و خۆریش لەم شاخەوە هەڵدێ و ئاوا دەبێ، پێشینان ناویان ناوە ئەلبورز (معجم البلدان. ج٧، ص ١٥)، و هەندێ کێوی ئەلبورز بە کێوی قاف دادەنێن. (نزهە

القلوب –ص ۱۹۰)، (دائره المعارف اسلام kaf) .

(بندهش، فصل ۱۲، بند ۲) لەو چیایانەی کە دەچنەوە سەر ئەلبورز، کێوێ بەناوی (کاف) ناو دەبات، کە لە دوای ئەلبورز گەورەترین چیایە، ئەو چیایە لە سەگستان(سیستان)ەوە دەست پێدەکات بە (خوجەستان) کۆتایی دێت و کێوی (پارس)یشی پێدەڵێن... لە لێکدانەوەی واتای (ق)دا وتوویانە، ئەو کێوی قافە کە بە دەوری جیهاندا کێشراوە وێنەی ئەو قافەیە کە بە دەوری دڵی دۆستاندا کێشراوە، کەواتە هەرکەسێ کە لەم جیهانەدا بیەوێت تێپەڕێ پێی ئەو دەگرن و دەڵێن لە دوای ئەم کێوە ڕێگەنییە، هەروەها کەسێ کە لە ناوچەی دڵ و بیابانی سنگ هەنگاو هەڵبنێ، کاتێ کە دەیەوێت یەك هەنگاو لە سیفاتی دڵ و جیهانی سینگ (سینە) بچێتە دەرەوە، پێی ئەو لەو شوێن و پلە و پایەی دڵدا ڕادەگیرێت و دەڵێن: بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئێمە خۆمان لەهەمان جێدا لەگەڵ تۆداین. (کشف الاسرار ۹: ۲۸۳). (معین)

وەك قافی زەمین قابیلی ئیكمال و تەرەققیی

وەك بورجی سەما لایقی ئیقبال و عورووجی

(نالی –ل ٦۳۸)

**قافڵەی عوقبا:** کاروانی مەرگ.

عوقبا: عقبی. ع. ئەو دونیا، ڕۆژی زیندوو بوونەوە، کۆتایی هەر شتێ.

لەسەر ڕێی قافڵەی عوقبا موکەممیل دوژمنە ئیبلیس

بە هوشیاری بڕۆ سالم کە دوژمن ئەسڵی ڕاهی گرت

(سالم –ل ٥۳)

**قامەتی سەرو:** مەبەست بالای بەرز و ڕێکە.

قامەتی سەروی ئەگەر بێ بەرە بۆ چ نارەوەنە؟

تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە بۆ چ ناری بەرە

(نالی –ل ٤۱۲)

**قاو:** پووشوو، پفوو، هەندێ پیرەدار ناوەکەی نەرم دەبێ و ئەمە زوو ئاگر دەگرێ و دەسووتێ و لەکاتی سووتاندندا بۆنی خۆشە. لە کۆندا بۆ جگەرە داگیرساندن و

ئاگر هەڵگیرساندن بەکاردەهات بەوەی کە پارچەیەکی بچووک لە قاو دەخرایە سەر بەردە چەخماخ و بە ئاسنێکی تایبەتی بچووکی سێ گۆشە پیایدا دەکێشرا و ئاگری دەگرت.

وەرە با ئاگرێکی وەسڵی خۆمان

بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین

(نالی –ل ٣٥١)

**قەبا**: قباء، قباه. ع. کەوا. جۆرێکە لە جلوبەرگی شۆڕ.

بە دەستی کەشمەکەش هەرسوو درا بەرگی خودا ڕایێ

قەبایی نۆکەر و ئاغا هەمووی بێ چاك و دامانن

(سالم –ل ١٥)

**قەبز و بەست**: قبض و بسط. ع. پەرەپێدان بە داگیرکردن و دەست بەسەراگرتن، گرفت و گوشادی.

قەبز: قبض. ع. دەست بەسەراگرتن.

بەست: بسط. ع. پەرەپێدان، ڕاخستن.

هەرچی نادر قەبز و بەستی کرد بە شمشێری سوپا

ئەم بەتیغی جەوهەر ئالوودەی خەمی ئەبرۆ دەکا

(سالم –ل ٣٠)

هەرکەسانێ تیپی موژگانی دی بەڕەسمی قەبز و بەست

تەرفەتولعەینی دەبێ سەد موڵکی دڵ تەسخیری تۆ

(سالم –ل ١١٤)

**قەبووڵی خاتر**: قەبووڵی خاطر. پەسەند کردن، ئەوەی کە بیر و هۆش پەسەندی بکات.

مەحوی قەبووڵی خاتری عاتیر شەمیمتە

گەردی شیمال و گێژی جەنووب و کزەی دەبوور

(نالی –ل ١٧٧)

**قەتاد:** قتاد. ع. درەختێکی دڕکاوییە، کە لە دارەکەی کەتیرە دەگرن، لە فارسیدا پێی دەڵێن گوون. (عمید)

قەتاد و عەرفەج و خیتمی و عەزات و عەوسەج و ئەسلی
چ دامەن گــیر و شین و دڵ نــشینی ڕێی غــەریبـــانە
(نالی –ل ٤٩٤)

**قەتل و عام:** قڕ کردن، کوشتنی بە کۆمەڵ، قەلاچۆ کردن، ئەو (و)ەی کە کەوتۆتە نێوان هەردوو وشەکەوە، ئەمڕۆ لە کرمانجی خوارووی بەکار نایەت بەو مەبەستە، بەڵکو (ی)ی خستنە سەر بەکاردێت و ئەو (و)ە، لە وشەی ناوبراودا ماوەتەوە بەکاردێت لەشێوەی هەورامییەوە وەرگیراوە. واتە (قەتڵی عام)، کوشتنی بەکۆمەڵ.

تیغی ئەبرۆت تیغی موژگانت بەقەتل و عــامی دڵ
نووکی نێزە [ی]تاج بەخشە تیغی چەنگی چەنگزە
(کوردی –ل ٤٨)

**قەتل و عامی دڵ:** مەبەست دڵ پەرێشانکردن و زەبوون کردنێتی.

تیغی ئەبروت تیری موژگانت بەقەتل و عامی دڵ
نووکی نێزەی تاج بەخشە تیغی چەنگی چــەنگیز
(کوردی –ل ٤٨)

**قەجەر** = قاجار. وشەکە تورکییە. واتە: توندڕەو، ئەوەی کە خێرایە لە ڕۆیشتندا، هەروەها تایفەیەکی تورکمانە، کە کۆمەڵێ لەمانە لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا لە ئیستراباد جێگیر بوون، خێزانی پاشاکانی قاجار لەم تایفەیەن. (عمید)

دڵ قەفای خوارد و شکا کردیە نیشانەی قیرقاج
گەردشی تیری نیگاهت لە قەفا میسلی قــەجــەر
(سالم –ل ٦٥)

مەردومی چاوت کە دێتە سەر سوپاهی موڵکی گیان
وەك قەجەر دائیم لە قیقاجی نیگاهـ دەعــوا دەکــا
(کوردی –ل ١١)

**قەدەح دەرکەف:** مەی بەدەستەوە، جامی مەی یان پێکی مەی بەدەستەوە.

قەدەح: قدح. ع. جام، پێك، پێکی مەی.

دەر: لە.

کەف: کف. ع. دەست، ناولەپ.

بولبولان مەست و گوڵ قەدەح دەرکەف
(بس بنوشید دائیما می ناب)
(سالم –ل ٤٣)

**قەدەح نۆش:** مەبەست مەی نۆشە، مەی خۆر، شەراب خۆر، شەراب نۆش.

نالیی کە قەدەح نۆشە مەستانەو و سەرخۆشە
خامۆش و نمەد پۆشە ئەشعاری لەکن پەشمە
(نالی –ل ٤٧٧)

**قەدەم:** قدم. ع. مەبەست هاتنە. پێ، هەنگاو.

نەقدی دڵ و جان بۆ قەدەمت نیمە بەهایە
غەیری ئەمە قوربان بەخودا نیمە بەهایی
(نالی –ل ٧٠٦)

کەمی ڕێتە قەدەمت مەردومی چاوم لوؤلۆؤ
عاجزی گوڵ لە جەفایی بولبولی بێچارە عەبەس
(سالم –ل ٧٢)

**قەدەم ڕەنجە کردن:** داواکردنە لە کەسێ بەڕێزەوە بەمەبەستی هاتن، پێ ماندووکردن، ئازاری پێ دان.

لەم ڕێگەسەریشی کە بچێ یەعنی کوژابێ
گەردن کەچی بەرپێتە قەدەم ڕەنجە کە سابێ
(نالی –ل ٦٢٦)

**قەدەم شووم:** ئەو کەسەی کە هاتنی ببێتە مایەی بەدی و خراپی و شوومی.

سایەیی پایە وەکو باڵی هـــوما و بـــازی سپیم
ئەوەکو بوومی قەدەم شووم و ئەهەمرەنگی قەلەم
(نالی –ل ٢٨٩)

**قەد قامەت:** قد قامت. کورتکراوەی (قد قامت الصلوة)ە، واتە نوێژ بەرپا بوو.

ئەوای ئاهەنگی قەد قامەت تەریقی جەمعی زوهھادە
قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستیی توویایی عوششاقە
(نالی –ل ٤٥٦)

ئەمن سابیت دەکەم بۆ ئەو ئیمامەی قامەتی تۆی کرد
لەوەختی خوێندنی قەد قامەتا گەر ڕووی لە مینبەریێ
(سالم –ل ١٤٣)

**قەد و قامەت:** هەردوو وشەکە عەرەبییە و واتە: بەژن و باڵا.

ئەوای ئاهەنگی قەد قامەت تەریقی جەمعی زوهھادە
قەد و قامەت بەلەهجەی ڕاستیی توویایی عوششاقە
(نالی –ل ٤٥٦)

**قەددی سەرو:** مەبەست باڵای بەرز و ڕێکە.

سەرو: ←

ئەوەند باریی بەخوڕ ئەشکم ئەما ئەم چەشمەیی ئاوە
بەیادی قەددی سەروت جۆیباریێ بوو ئەویش ڕابورد
(سالم –ل ٥٥)

**قەددی موو:** مەبەست ناوقەد باریکە، کەمەر باریك، کەمەر تەنگ.

لە قەددتا دەستی من میسلی کەمـــەر بێ
قەددی موو قەد قبووڵ ناکا کەمەر بەند
(سالم –ل ٥٦)

**قەدی ئەلف بوون بە دال:** مەبەست پشت کۆم بوون، پشت کووڕ بوون.

باری غەمی جان ئەبرووەتی تیر و کەمان کرد
یەعنی قەدەکەی ئەلفی منە ئیستە کـە دالـــم
(نالی –ل ۲۸۷)

حەللاج دەڵێ:

زیـار غم الف قـدم ار چـــو دال شـــود
گر از تو روی بپیچم بود زعین ضلال
(حلاج، دیوان ۱۰٦۰ –عفیفی)

واتە: ئەگەر چی باری غەم باڵای ڕێکی من دەچەمێنێتەوە، ئەگەر ڕووت لێ وەرچەرخێنم ئەوە گومڕاییيە.

**قەراح:** قراح. ع. ئاوی سازگار و پاك كە هیچ شتێکی تێکەڵاو نەبووبێ، زەوی بێ ئاو و گیا. (معین)

ساف و پاك و بێگەرد.

تەبعی نـالی توندە ئەمڕۆ یان بە نەشئەی نیم نیگاه
مـەستی ڕەحـڕاح و مـەی و ڕاح و قـەراح و قەرقەفە
(نالی –ل ٤٥٤)

**قەراردان:** دانان، جێگیر کردن، توند کردن، تەواوکردن، پەیمان دان.

قەرار: قرار. ع. ئارام گرتن، جێگیربوون، هەروەها بەواتای ڕای و بڕیار و پەیمان هاتووە

دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی وەکو زەحـاك و نـاوی نـــاوە زولفەینی
(نالی –ل ٦٧٦)

**قەرار گرتن:** ئارام بوون، ئاسوودە بوون، بێدەنگ بوون، بێجووڵە بوون.

قەرار: ⟵ قەراردان.

موددەعیی زەجرم دەکات و پێم دەڵێ سـەبرت ببێ
کەر بەلەعنەت بێ کـە کـەی عاشق قەراری گرتووە
(نالی –ل ٥٤٣)

**قەرقەف:** قرقف. ع. مەی، شەراب.

جامی تاقی مەیکەدە مـیشکـاتی قیندیلی دڵـە
شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرەفە
(نالی -ل ٤٥٤)

**قەڕابە:** قرابە. ع. سوراحی گەورەی شووشەیی کە ملی باریك و ناو قەد گەورەیە و مەی تێ دەکرێ.

دەستی یار و گەردنی قەڕابە لێوی جامی مەی
فێنس و تەرلك بگەڕێ دەورەی دیدە وەك باز
(کوردی -ل ١٧)

**قەڕاڵ:** قراڵ، پاشا.

خۆی کردووە بە گەورە و قەڕاڵی موڵکی تەن
پشت و وەزیری ئەو سەگە دەجالی ئەعوەرە
(نالی -ل ٤٣٣)

**قەسد:** قصد. ع. بەرەو کەسێ یان شتێ یان شوێنێ ڕۆیشتن. خواست و ئارەزوو بۆ ئەنجامی کارێ، مەبەست.

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت
دەلەرزێ دەستی فەسـاد و نەمەك ڕێی نیشتەر نادا
(سالم -ل ١٧)

**قەعری چاه:** بنی بیر.

قەعر: قعر. ع. بن.

چاه: بیر.

فەرقی فەخری مێملایی گەییە بەهرام و ئـەسەد
کەوتە قەعری چاهی غـەم لەو حاڵە میری بازیان
(سالم -ل ١٠٠)

**قەفا خواردن:** مەبەست ئێش و ئازار چەشتنە.

شەقازلە خواردن، زللە خواردن، بە لەپی دەست کێشان بە پشتی ملدا.

قەفا: قفا. ع. زللە، شەقازلە.

دڵ قەفای خوارد و شکا کردییە نیشانەی قیرقاج
گەردشی تیری نیگاهت لە قەفا میسلی قەجەر

(سالم –ل ٦٥)

**قەفقەفی نەی:** بەند بەندی قامیشی شەکر، گرێکانی قامیشی شەکر.

قەفقەف: بەند بەند، گرێ گرێ.

نەی: قامیش.

نەکەن تا لەت لەتم بۆسەی نیهانت ڕاستیی نالێم
بەڵێ قەفقەف هەتا نەی نەیبڕی حاسیل شەکەر نادا

(سالم –ل ١٧)

**قەلەندەر:** دەروێشی بێ بەند و باو کە هیچ گوێ نەداتە جلوبەرگ و خۆراك و ئەوەی کە پەیوەندی بە دنیاوە هەیە.

فەرشی پەلاسە دۆشەکی خاکە سەرینی بەرد
بێ تووك و ڕووت و قووت و فەقیر و قەلەندەرە

(نالی –ل ٤٢٠)

بەڵام لەم دێڕە شیعرەدا مەبەست دڵی دڵدارە:

عبووری دڵ بە چینی زوڵفتا بۆ ماچی ڕوخسارە
قەلەندەر ڕاست بۆ چین چوو وەلێ مەیلی بە ماچین بوو

(سالم –ل ١٠٨)

**قەلبولئەسەد:** قلب الأسد. ع. دڵی شێر. بەڵام لێرەدا مەبەست ناوەڕاستی هاوینە.

ناوەڕاستی بورجی ئەسەد کە پێنجەمین بورجی ساڵە و دووەمین بورجی هاوینە. (معین)

گەهی قەلبولنەسەد بەسکی بەبێ سـایـەن لـەوادیدا

وەکو مـەجـنوونی سەحرایی لەبن خاری موغیلانن

(سالم -ل ١٠٥)

**قەلبی خاك:** مەبەست گۆڕینی ئادەمیزادی بێ کەڵك و هیچە بۆ باشتر و بە کەڵکتر.

قەلب:———►قەڵبەزەن. هەڵگێڕانەوە.

خاك: لێرەدا مەبەست بێ نرخ و بێ کەڵکە.

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك

بنواڕە حاڵی هـالیکی ئـەم خـاکـە ئەحـقـەرە

(نالی -ل ٤٣١)

**قەلبی خونچەکردن بە خوێن:** مەبەست دڵی تەنگ غەمگینتر کردنە. یان دڵی غونچە خەفەتبار کردنە.

ڕەشکی نازی بۆنی زوڵفی قەلبی غونچەی کرد بەخوێن

وا لە گەردنیا خەراجی گەردنی ئـاهووی خـەتـا

(سالم -ل ٤٠)

**قەلبی سوپاه:** ناو جەرگەی لەشکر، ناوەڕاستی سوپا، ناوەڕاستی لەشکر.

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شـاهن

ئاشوویی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

(نالی -ل ٣٤٠)

**قەل فڕ:** بڵاوە لێکردن، بەجێهێشتنی شوێنێ بەکۆمەڵ، بڵاو پێکردن و دەرکردن.

بەزمی هوزارە قەل فڕی ئەغیارە دەوری گوڵ

سۆفی بڕۆ مـەبـە بە درك تۆ لە ئێمە نیی

(نالی -ل ٦٤٤)

**قەللابی:** ساختە، ساختەچی، فێڵباز، پارەی قەڵب، کە دەڵێن ئەم پارەیە قەللابییە، واتە بە شێوەیەکی نایاسایی دروست کراوە و ناتوانرێ بۆ کڕین و فرۆشتن بەکار بهێنرێ

مەگەر کەسی نەشارەزا وەری بگرێت.

بەزمی ڕەندانە ئەمە مەلعەبەیی وەعز نییە

لە بەد و نیکی یو قەللابی یی دونیا نییە باس

(نالی –ل ٢٣٥)

**قەلبەزەن:** بێ فەڕ، بێ کەڵك، هیچ و پووچ.

دوور نییە ئەم وشەیە لە قەلب زەن (= قلب زن)ی ف. وە هاتبێ، واتە: ئەو کەسەی کە زێڕ و پارەی قەڵب و ساختە دروست دەکات. وشەکە دوو بەشە.

قەلب + زەن.

قەلب: قلب. ع. هەڵگەڕانەوە، لە فارسیدا بە واتای (قەڵب)یش دێت.

زەن: (= زن) ڕەگی چاوگی زەدەن (= زدن)ی ف. یە واتە: لێدان، پێداکیشان.

تەرکی نارایشی تەن نەقدی ڕەواجی عەرەبە

تۆ عەجەم مەردی موزەخرەف تەنی یو قەڵبەزەنی

(نالی –ل ٦٧٢)

**قەڵغان:** شتێکی گردی پانە لە چەرمی ئەستوور دروست ئەکرێ و لە کاتی جەنگا ئەکرێ بە بەرهەڵستی شیر و تیری دوژمن. (خاڵ)

مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەننەم

سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان

(نالی –ل ٣١٨)

بۆ من قەڵەمە نێزە بۆ تۆ سوپەرە دەزگا

بۆ تەجریبە با لێدەم یەك زەربە لە قەڵغانت

(سالم –ل ٥٠)

بەمن بێ سینەیی سەختم بەقەڵغانی نەزەر ناکەم

نیشانەی تیری خوێن ڕێژت بەجوز لەختی جگەر ناکەم

(سالم –ل ٨٤)

مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی جەهەننەم

ســـەرم قەلغانە بۆ تیری قـــەزاتـــان

(کوردی –ل ٣٥)

**قەمەر تەلعەت:** مەبەست شۆخ و شەنگە، ئەو شۆخ و شەنگەی کە وەکو مانگ دەرکەوێت لە جوانیدا.

تەلعەت: طلعة. ع. دیدار، چاوپێکەوتن، ڕوو، دەموچاو.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسلەت

کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرەنگی خـوو و مـــوو مــوشکین

(سالم –ل ٩٥)

لە لەب نەقدی حەیاتم خوون بەهـای یەك بـۆسە دانــــاوە

ئەگەر یاری قەمەر تەلعەت قبووڵ کا موشتەریم ئەمشەو

(سالم –ل ١١٧)

**قەمەری چیهرە:** چیهرەی قەمەر، مەبەست دەموچاوی جوانی یارە، ڕووی جوان و گەشی وەك مـانگ.

مەنزلی عەقرەبی زوڵفە قەمەری چیهرەیی تـۆ

لەم دەرە بۆ منی غەمدیدە ئەبەد نەحسە سەفەر

(سالم –ل ٦٥)

**قەمتەریر:** قمطرير. ع. سەخت، توندوتیژ.

ئــەو ڕۆژی ئـاخـیرەی کـە چ ڕۆژی لەدوو نییە

ڕوو ترش و قەمتەریر و عەبووس و غەزەنفەرە

(نالی –ل ٤٣٧)

**قەندەهار:** ناوچەیەکە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان، لەسەر ڕێگەی هیندستان. (معین)

هەروەها ناوی شارێکە لە هەمان ناوچەدا.

پێم بڵێ خالید ئەگەر تۆ شێت نەبی و سـەحـرا نەوەرد
تۆ لەکوێ و غەزنین و کابوول خاکی هیند و قەندەهار
(سالم –ل ٦٢)

**قەند لە لەبا بوون:** مەبەست یاری زمان شیرین و قسە خۆشە.

ڕووی لەناو تورە چرایە لە شەوایە
نەیشەکەر قامەتە قەندی لە لەبایە
(سالم –ل ١٣٧)

**قەندی لەب:** مەبەست دەم و لێوی جوان و شیرینە. یان قسەی خۆش و شیرین.

سالم ئەر تووتییە بێ قەندی لەبت
مات و مەبهووتە وەکـو بووتیمار
(سالم –ل ٥٨)

**قەندیل** = قیندیل: ——← قیندیل.

یاخۆ پەڵە پەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکـابێ
قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوا بێ
(نالی –ل ٦١١)

**قەنناد:** کراو بە عەرەبی لە زمانی سەنسکریتەوە و لە وشەی قەند وەرگیراوە واتە شەکر. وشەی قەنناد واتە: قەند ساز، ئەوەی قەند دروست دەکات، حەڵوا ساز، حەڵواچی، شیرینی ساز، شیرینی فرۆش.

سیڕی نوکتەی دەهەنت چاکە نەزانێ قەنناد
نمەك ئالوودە نەکەن با لە خەمیری نوقڵا
(سالم –ل ٢٦)

**قەوس:** قوس. ع. وێنەی نۆهەم لە دوانزە بورجەکانی فەلەك، مانگی نۆهەم لە دوانزە بورجەکانی ساڵی شەمسی.

زاهیر بـووە لــە ئـاهوویی دڵ ڕۆژوویی مـن
ئەو قاتی قەوس و فەسڵی خەزان و تەمووزی دەی
(سالم –ل ١٥٢)

**قەوسی چللە گوزین:** کەوانی تیير بەکار نەهێنراوە، کەوانی بەکار نەهاتووە، کەوانێ کە بەکار نەهێنرێ و تیيری تێ نەخرێت، کەوان و ژێی بێ تیير.

قەوس: قوس. ع. کەوان، کەوانی تیير.

چللە: ئەم وشەیە تورکییە، واتە ژێی کەوان. (معین)

گوزین: ڕەگی چاوگی گوزیدەن (= گزیدن)ی فارسییە، واتە هەڵبژاردن.

سەهم هەتا جوعبە نشین بێ گۆنە زەردی خەڵوەتە
قەوس هەتا چللە گوزین بێ هەر ئەسیری خوارییە

(نالی –ل ٥٨٢)

**قەوسی حاجیب:** مەبەست بڕۆی کەوانی و جوانە.

تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت
بۆ گرفتی دڵ لە کاکۆڵت عەلەم بەرپا دەکا

(کوردی –ل ١١)

**قەوی شەوکەت:** زۆر هێزدار، گەلێ شکۆمەند.

شەوکەت: شوکە. ع. هێز و توانا، پلە و پایە و گەورەیی، شکۆمەندی.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسلەت
کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرهەنگی خوو و موو موشکین

(سالم –ل ٩٥)

**قەهرناك:** تووڕە، کەللەڕەق.

قەهر: قهر. ع. ئەشکەنجەکردن، سەرکەوتن، کینەتۆزی، تۆڵە، ستەم، تووڕەیی.

ناك: پاشگرە بۆ مەبەستی سیفەت و خاوەن بەکاردێت وەکو: ترسناك، دەردناك...هتد.

قەهرناك و سەر بە ڕەهنە ئاتەش ئەفشان حەملەوەر
جەنگجۆ بوون یەك بە یەك هەرسوو وەکو بەبری بەیان

(سالم –ل ١٠٠)

**قەیچی کردن:** بڕین، قرتاندن، هەڵپاچین.

قەیچی: وشەیەکی تورکییە، واتە: مەقەس.

لە کوڵمت هەرچی خاریج بێ سەری ئەگریجە قەیچی کە

بلێن با سەربڕینی خاریجی بۆ ڕەونەقی دین بوو

(سالم -ل ١٠٨)

**قەیدی دڵ:** گیرۆدە کردنی دڵ.

قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیر و کەوانە بە عومەر

نیگەهەت قەیدی دڵ و ئافەتی جانە بە عومەر

(سالم -ل ٧٠)

**قەیس:** قیس. ع. ←—— مەجنوون.

لە کۆهی نەجدە ئێستاکە وەکیلی قەیسی ماڵ وێران

منم مەجنوون و زنجیرم گرێی گێسوویی لەیلایە

(نالی -ل ٥٦٩)

**قەیس:** قیس. ع. ابن خطیم یەکێکە لە شاعیرانی (یثرب)، سەردەمی پێش ئیسلام، لە تیرەی (أوس) بوو، یارمەتی تیرەکەی خۆی دا لەو جەنگانەی کە دژی (خزرج) کردی، خاوەنی دیوانێکە تیایدا باسی تیرەکەی خۆی و ژنان و جەنگ و چادر نشینی دەکات. (معین)

حافز و سەعدی و نیزامی و قەیس و جامی و دەهلەوی

فەیز خواهـ مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق

(کوردی -ل ١٩)

**قەیسەر:** قیصر. کراو بە عەرەبی لە زمانی یۆنانیدا Kaisar، لە ئارامییەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، لە لاتینیدا Caesar. بەشێوەیەکی گشتی ناوی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بووە، ناو و نازناوی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی بووە، بەشێوەیەکی تایبەتی قەیسەر Caesar لەقەبی یولیوس Julius Caius ئیمپراتۆری ڕۆم بووە، لەپاش ئەو ئیمپراتۆرانی ڕۆم لە خانەدانەکان ئەویان بە

ناوی قەیسەر بانگ دەکرد و دوای ئەوە هەموو ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بەم ناوە ناونران، هەروەها ناونیشان و لەقەبی ئیمپراتۆرەکانی رووسیەی تەزاری بووە. (معین)

بە سەراوێزەیی چاوێنەییی کەڵلەی ســەریــان
لەکەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
(نالی –ل ٢٣٥)

کە تۆی شای کەچ کولاهـی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئــەمــشەو
(نالی –ل ٣٨٩)

**قرمز:** قـیرمـز، واتـە سوور. [قـرمـیـز، سەنسکریت. Krmih، krimi، کــرم (سوور)، krmis، چۆنیەتی بکەر]... (معین)

هێندە بەتاو هـات خوێنی کوژراوان لە موژگانی سیات
ئەسپەکەی جاران سـپی بــوو ئیستە ڕەنگی قـرمــزە
(کوردی –ل ٤٨)

سریشکم قـرمز و دیــدەم ســفیدە
ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ
(سالم –ل ١١٣)

قرمزی پۆشە بە خوێن موژگانت
بۆ دڵی من لە لیباسی غەزەبایە
(سالم –ل ١٣٧)

**قسن:** قصن. کۆمەڵە بەردێکە کە بەدەوری گۆڕدا هەڵدەچنرێ.

ئەو بـەردەکـانی ناوی نرا قسنی شەخسەکەی
دایـان بـە شـاخـی دارەکەیا تورکی بێ هونەر
(سالم، دیوانی نالی –ل ٢٠٠)

**قوبان:** کورتکراوەی وشەی (قوربـان)ە و، لێرەدا واتـە بـەقوربـان، ئەمە بۆ ڕێز لێنـان بەکاردێت.

عاشق و دانا و موئەدەب وەحشی و مەغروور و عەجوول
گەهـ دەڵێ سندان بـە عـاشق گەهـ دەڵێ چـاوم قوبـان
(کوردی –ل ٣٤)

تیغ بە ملما دێنێ و بە درۆ دەڵێ نابڕێ قوبان
تیغی تۆ بوڕەندەیە هــاوارە بــەختم نــابڕێ
(کوردی –ل ٥٥)

**قوببەی حاجات:** مەبەست بارەگای خوداوەند، بارەگای نیاز و پێویستییەکان.

قوببە: قبة. ع. گونبەد. کە دەڵێن (قبە الخضراء) مەبەست ئاسمانە.

حاجات: نیازمەندییەکان، نیازەکان، پێویستییەکان.

حاجات عەرەبییە و کۆی (حاجة)یە.

گاهێ بە دوعا ڕوو دەکەیە قوببەیی حاجات
گـاهی لە ڕەعییەت دەبییە مەرگی مـفـاجات
(سالم –ل ١٠٩)

**قوببەی سینە:** مەبەست مەمکی قوت و قنجە.

گوڵبنی قـەددت لـە قوببەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نـەیکردووە
(نالی –ل ٥٤٤)

**قوتبی فەلەك:** قطب الفلك. ع. ناوەڕاستی ئاسمان. (معین)

دائیم لـە دەوری خـاڵی ڕوخـت بێقـەرارە دڵ
هەروەك لەدەوری قوتبی فەلەك دائیرەی جەدی
(کوردی –ل ٦٣)

**قودرەتی ئینشا:** توانا و دەسەڵاتی نووسین، هێزی نووسین، هێزی ئینشا.

نالی نییەتی سیحری بەیان حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قــووەتی دڵ قــودرەتی ئینشا

(نالی –ل ٧٨)

**قوربانگاه:** شوێنی قوربانی، شوێنی سەربڕین، شوێنی لەناوچوون.

لە قوربانگاهی عیشقا خوێنی سالم

لەشمشێر و بــرۆی قـاتل دەبـــارێ

(سالم –ل ١٤٥)

**قورب جۆ:** مەبەست نزیك بوونەوەیە، ئەو كەسەی دەیەوێت نزیك ببێتەوە.

جۆ: ———◄ جۆیا.

لەڕووی ئەو شەمعەدا سوحبەت تەلەب كا قورب جۆ سەهوە

دەســووتێ یــەك نــەزەر پەروانە ئـاسا گـەر ســەمـــەندەر بێ

(سالم –ل ١٤٢)

**قوستەنتین:** قسطنطینە = ئیستانبوول = ئیسلامبوول = ئیسلامبول = ئیستەنبوول. شار و بەندەرێكە لە توركیا لە كەناری بسفۆر، لەكۆندا پایەتەختی عوسمانی و یەكێ بوو لە ناوبانگترین شارەكانی جیهان. (معین)

لە كوردیدا (ئەستەمبووڵ)ی پێدەڵێن.

چووم نیگاهم كرد لە هەرلادا لە حوجرەی خاسسی ئەو

دیـم بـە قـەد بـازاڕی قـوستەنتینی تـفەنگی زەڕ نیشـــان

(سالم –ل ٩٠)

**قوش:** وشەیەكی توركییە، باڵندەیەكی شكارییە، واشە، سونغور، جۆرە بازێكی زۆر جوانی خاڵخاڵاوییە. (معین)

قوش قوشی ڕاوی نەبێ مورغی كولانە و ئاخورە

سەگ سەگی تازیی نەبێ كادینی یو ئـــەنبارییە

(نالی –ل ٥٨١)

**قووەتی زەڕ:** مەبەست ماڵ و سامان و پوول و پارەیە.

بی ئیعتیبارە مەردوم ئەگەر ماڵی وی نەبێ

وا حەسرەتا نەقووەتی زەڕ ما نەدەستی زوور

(سالم -ل ٦٤)

**قووتی تیفلی مەردوم:** مەبەست ڕووناکی بیلبیلەی چاوە، خۆشی و شادی چاو.

مەردوم: ——→

شیرەیی بوستانی حوسنت قووتی تیفلی مەردومە

شیری پستانی نەبێ ناژی یەقین تیفلی ســـەغیر

(سالم -ل ٦٩)

**قووتی شامی شەو:** نانی ئێوارە.

کزەی دەردی کەباب دەردێ لە مەتبەخهایی بێ دوودا

بەیادی قووتی شـــامی جـگەرها بەسکـی بـــریانن

(سالم -ل ١٠٥)

**قیامەت قامەت:** ئەو شۆخ و شەنگەی کە باڵای بەرز و جوانی قیامەت بەرپا بکات و دنیا بشێوێنێ.

قیامەت قامەتم ڕۆژی قیامەت دەرکـــەوێ هـــەرســوو

نەکەم گەر سەجدە بۆ میحرابی ئەبرۆی تۆ بەلەعنەت بم

(سالم -ل ٧٩)

**قیامەتی جەماڵ:** ئەو دلبەرەی ئەوەند جوان بێ کە جوانییەکەی قیامەت بەرپا بکات، ئەو جوانی و شۆخ و شەنگییەی کە ئاشووب و هەراو هۆریا بنێتەوە.

قیامەت: قیامت. ع. لێرەدا مەبەست ئاشووب و هەراو هۆریا نانەوەیە، هەر جوانێکی بێوێنە.

(بَرِقَ البَصَرَ) لەبەر بەرق تەلەئلونی لەئالی

(خَسِفَ القمر) لە ئیشراق قیامەتی جــەمالی

(نالی -ل ٦٥٧)

**قیبلە قوزە:** ئارەزوو باز، ئەو کەسەی کە هەمیشە بەدوای ڕابواردن و داوێن پیسیدا دەگەڕێ.

گوتم ئەی قیبلە قوزە بۆچی بە تەحریری حەریر
ڕاغیبی لیبسی عەجەم تاریکی بەرگی یەمەنی؟
(نالی –ل ٦٧١)

**قیبلە نەما:** قیبلە نوما، قیبلە نما. ئامرازێکە کە قیبلەی پێ دیاری دەکرێ.

نەما = نوما، ڕەگی چاوگی نومووودن، نیموودن (= نمودن)ی ف. یە. واتە پیشاندان، دەرخستن.

شێوەیی ئەبرۆیی تاقت هەمە جا دێتە نەزەر
دەگەڕێ دڵ بە تەرەف تۆوە وەکو قیبلە نەما
(سالم –ل ٣٤)

**قیتمیر:** قطمیر. ع. ناوی سەگەکەی (اصحاب الکهف)ە.

(کهف الأنام)ی هیجرەتی ئەسحابی بێ ڕوقوود
بیکە بە خاکی خادیمی قیتمیری ئەو دەرە
(نالی –ل ٤٢٢)

**قیر تەبەق:** سەبەتەیەکە لە پووش دروست دەکرێ و قیرتاو دەکرێت، واتە بەقیر سواغ دەدرێت.

ئەلقیسسە ئەو شەوە بەدبەختە وەهای کرد بە خورش
وەختەبوو قیرتەبەق و نان لە مەلا بێتە جەواب
(سالم –ل ٤٤)

**قیرگوون:** قیر گوونە. مەبەست زۆر ڕەشە، وەك قیر، زۆر تاریك.

گوون: گوونە. ڕەنگ، جۆر، وەك، وەکو.

بەیازی ناسیەی تۆ بوو سەفیدی دا بەسوبحی عید
لە نوسخەی قیرگوون زوڵفت سیاهی برد شەوی یەلدا
(سالم –ل ٢٧)

سەوادی قیرگوونی شەو لە نوسخەی عەنبەرین مووتە
سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی خاڵی هیندووتە
(سالم -ل ١٢١)

**قیرگوونە:** ← قیرگوون.

مالش دەدەی بەدمم لە دەمی خوابی سوبحدمم
هەم زوڵفی قیرگوونە و هەم چیهرەیی قەمەر
(سالم -ل ٦٧)

**قیقاجی نیگاه:** نیگاهی قیقاج. سەیرکردن بە تیلەی چاو.

قیقاج: قیقاج. ئەم وشەیە تورکییە و، واتە: خوار، لار، کەچ.

مەردومی چاوت کە دێتە سەر سوپاهی موڵکی گیان
وەك قەجەر دائیم لەقیقاجی نیگاه دەعوا دەکا
(کوردی -ل ١١)

**قیل و قال:** ع. گفتوگۆ، وتو وێژ.

ڕموزی عیشق کا لە حەددی قیل و قال نایێ
نەکاری کەنز و کەششافە نەباسی کەشف و تەفسیرە
(سالم -ل ١٢٥)

**قیندیل:** قەندیل، قندیل. کراو بە عەرەبی وشەی یۆنانی (کەندیلە). چرا، چرادان، مۆمدان (بەتایبەتی کە بە بنمیچەوە هەڵیدەواسن).

قیندیلی تەرسا: قیندیلێکە، کە هەمیشە لە کەنیسەدا هەڵواسرابێت.

زبان روغنینم ز آتش آه
بسوزد چون دل قندیل ترسا
(خاقانی)

واتە: زمانی ڕۆناویم بەهۆی ئاگری ئاه و خەفەتەوە وەك دڵی چرای مەسیحی دەسووتێ.

قیندیلی چەرخ: مەبەست خۆر و مانگە.

قیندیلی دووسەر: مەبەست ئاسمانە.

قیندیلی شەو: مەبەست تاریکی شەوە.

قیندیلی عیسا: مەبەست ئاسمانە.

قینادیلی چەرخ: مەبەست ئەستێرەکانە. (معین)

هەروەها لە میحرابی مزگەوتەکاندا قیندیلیان هەڵدەواسی.

چو از زلفت شب باز شد تاب ها

فرو مرد قندیل میحراب ها

(منوچهری -اشارات)

واتە: کاتێ کە لوولی و گرژی پرچی شەو کرایەوە، واتە (تاریکی شەو نەما)، چرای میحرابەکان کوژانەوە.

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە

شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرەفە

(نالی -ل ٤٥٤)

چ جەزبە جەزبەیی زەوئە لە قیندیلی حەرەمدا وا

دەبێ ئینسان لە تەوفیدا بسووتی میسلی پەروانە

(نالی -ل ٥٠١)

شەمعی دەسگاهی ملووکانە گیانە مەرکەزی

بەرقی قیندیلی فرووزانی دەچوو بۆ کەهکەشان

(سالم -ل ٩٠)

# ک

**کابین:** ئەو برە پارەیەیە کە لە کاتی مارە بڕیندا دەچێتە ئەستۆی پیاو، مارەیی.

لە چاوانم هەتا کەی قەترە قەترە خوێن دەکەی ئەی دۆست
کــوا ئـــەم عـــەهد و پەیمان و وەفـــا کـــابینتە بـــازا
(نالی -ل ٩٦)

**کاتیب:** کـاتب. ع. کورتکراوەی: [کـاتیبی ئـەزەلی، کـاتیبی ئـەسرار، کـاتیبی جـان]ە. کە مەبەست خوایە.

خاڵی بەینی چاو و ئەبـرۆت ئینتیخـــابی کاتیبە
یەعنی نوقتەی فەرقی ئیبنوموقلە و ویبنوحاجیبە
(نالی -ل ٣٩٨)

**کاتیبی فیکر:** مەبەست ئەندێشەی بەرزە.

کاتیبی فیکرم لــە دڵــدا دیقــەتی ئینشا دەکـــا
جوست و جۆ بۆ سەتر بەندی کاغەزی میرزا دەکا
(سالم -ل ٢٩)

**کاخی مراد:** مەبەست ئارەزووی گەورەیە، هیوا و ئومێدی بەرز.

کاخ: کۆشك.

بێقەرار و ئیزتیرابە ساڵ و مەهـ قانوونی دڵ
داتەپی کـاخی مراد و تێشکا ئەســـتوونی دڵ
(سالم –ل ٦٢)

**کارم ماگەپێت:** کارم پێت ماگە، کارم پێت ماوە.

ماگە: ماوە.

لە ئەزعا پێی دەڵێم قـوربان جەفا بەس بێ دەڵێ کـافر
ئەمە چیت دیگە تۆ سەگ مەرگی کارم ماگە پێت جارێ
(کوردی –ل ٥٣)

**کاسەگەردان:** کاسە گێڕ، سواڵکەر، درۆزەکەر، ئەو هەژارانەی کە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و کاسەیان بە دەستەوەیەو خەڵك خێریان پێدەکەن و خواردەمەنی دەخەنە ناو کاسەکەیانەوە.

گەردان = گەرد + ان

گەرد: رەگی چاوگی گەشتەن و گەردیدەن (= گشتن و گردیدەن)ی ف. یە، واتە: گەڕان، سووڕان، سووڕانەوە... هتد.

ان: پاشگرە و کە چووە سەر رەگ چۆنیەتی دەگەیەنێ.

لە زوڵمی چەرخی دوون پەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ
بەڕاهی کوویی دوونانا لـــە هــــەرســـوو کـــاسە گـــەردانن
(سالم –ل ١٠٢)

**کاشانە:** خانووی بچووك، ماڵی بچووك، خانووی زستانی، هێلانەی باڵندە.

بلێ بـۆ کوندەبوو بێ مفتی مشك و ماری کەندوو بێ
خەتیرەی گەنجی وێرانە زەخیرەی کـــونجی کـاشـانە
(نالی –ل ٤٨٣)

**کافرسان:** کورتکراوەی کافرستانە، شوێنی کافران، نیشتمانی کافران.

سان: پاشگرە و کورتکراوەی (ستان)ە بۆ مەبەستی شوێن بەکاردێت.

لەو کەسە دینی ئەتۆ نووری دڵ و ئیمانە
ڕوو بە زوڵفت دامەپۆشە یەعنی کافرسانییە
(نالی –ل ٥٨٨)

**کافر نیگەهـ:** کورتکراوەی کافر نیگاهـ، مەبەست دلبەرە لە کاتێکدا کە بە چاوێکی پڕ لە ڕق و قینەوە سەیر بکات.

کافر: مەبەست دلبەری بێ بەزەییە.

نیگەهـ: نیگاهـ: سەیرکردن، بینین، تەماشا کردن.

سمین بەدەن و سەر و قەد و لەنجە تەزەرون
کافر نیگەهـ و ڕەشك لە بوتخانەیی چین
(نالی –ل ٣٣٨)

**کافری:** مەبەست دڵڕەقی و ستەمکارییە.

شێخ بۆچی لەسەر مەستیی لەگەڵ من بە عیتابە
مەر دڵشکەنی و کافری کەمتر لە عەزابە
(کوردی –ل ٤٤)

**کافری موو:** مووی کافر، مەبەست پرچ و ئەگریجەی ڕەشە.

پەریشانە لە ڕووتا کافری موو
مەگەر شێواوە سولحی ڕۆم و ئینگلیس
(سالم –ل ٧٤)

**کافوور:** [پەهلەڤی. Kapur. ع. کافور. سەنسکریت. kappūra ].

ماددەیەکی بۆن خۆشی وشکە کە دەردەهێنرێت لە هەندێ ڕووەك، وەك ڕێحانە و بەیبوون و بەتایبەتی لە دوو جۆر درەخت کە ناویان سینا مومۆم کامفووراو، دریو بالا نوپس کامفوورا، کە هەردوو ناویان درەختی کافوورە، لە ژاپۆن و چین دەڕوێن، کافوور بەشێوەی مەنشووری هەشت ڕوویی سپی و شەفافە، بڕینی بلوورەکانی کەمێ سەختە، بەڵام بە ئاسانی دەهاڕدرێ، بەتایبەتی ئەگەر چەند دڵۆپ ئالکۆلی بەسەردا بڕێژن. لە پلەی گەرمای (١٧٧) دەتوێتەوە، بۆنی خۆشە و

تامەکەی تاڵ و تیژە.

لە ئاودا زۆر کەم دەتاوێتەوە، بەڵام لە ئالکۆلدا بە باشی دەتاوێتەوە، بەرامبەر بە با، بە گڕێکی دوکەڵاوییەوە دەسووتێ. لە پزیشکیدا بۆ ئارامکردن و بەهێز کردنی دڵ بەکاردێت، لە کۆندا کافووریان بۆ مۆمیایی کردنی لەش بەکار دەهێنا. (معین)

لێوم لە ڕۆژی ڕۆشنی کافووری وشکی وشك
چاوم لە شەبنمی شەوی وەك عەنبەری تەڕە
(نالی –ل ٤١٦)

تەیبە کە یەعنی ڕۆژ و شەوی تیبی عـــالەمـــە
ڕۆژی کە وشکە شەوی تەڕە کافوور و عەنبەرە
(نالی –ل ٤١٧)

تەنی حاجیی لەسەر چوارچێوەیی ناجیی دەڵێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەك کافووری ئەکفانە
(نالی –ل ٤٩٠)

**کافووریی کەشیدە:** کەشیدەی کافووریی، واتە: خەتی کێشراوی سپی.

کافوور: ←———

کەشیدە: کێشراو، ڕاکێشراو. ناوەڵناوی بەرکارە و لە چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی ف. وە هاتووە، واتە: کێشان، ڕاکێشان.

وەجهەکەم ئیسمی بەیاز ئەمما وەرەق زەرد و ســـیاە
با موخەتەت بێ بە کافووریی کەشیدەی خۆش نەمەت
(نالی –ل ٢٤٥)

**کافووریی کفن:** کفن کافووری. کفنی سپی وەك کافوور. کفنی سپی.

کافوور: ←———

هەتا شەققەی فەلەك نەبووە بە کافووریی کفن هەستە
کە ئەمشەو فرسەتە هێشتا فەلەك ماوی ئەتۆش مـاوی
(نالی –ل ٦٨٤)

**کاکۆڵی زەنگبار بە هێرش خستن:** مەبەست پەخشان و بڵاو کردنەوەی مووی ڕەشی کاکۆڵە.

کاکۆڵ: وشەیەکی تورکی و مەغۆلییە، واتە مووی ناوەڕاستی سەری پیاوان و چوار پێیانە. (معین)

زەنگبار: لێرەدا مەبەست ڕەشە. هەروەها ناوی وڵاتێکە لە ئەفەریقا، دانیشتوانی پێست ڕەشن، لە کۆندا بە پێست ڕەشەکانیان دەوت زەنگی، یان زەنگ، لە عەرەبیدا بووە بە زنج و زنجی.

بەهێرش خستن: مەبەست پەخش و بڵاو کردنەوەیە.

تەسخیری ڕۆم و غارەتی ئێران دەکا ئەگەر
کاکۆڵی زەنگباری بەهێرش بخا جڵەو
(کوردی –ل ٤١)

**گام:** ئارەزوو.

لە وەسڵام و لە بەد گۆ خەوفناکم ئەی فەلەك ئامان
بەکامی من بدە تەغییری نەحسی کەوکەبت ئەمشەو
(سالم –ل ١١٨)

ئەم کێشە کە گیسووت هەیەتی کامی کەشیشە
بگرن بە جەدەل باعولەما ڕیشی سوکویا
(سالم –ل ٢٦)

**کانی زایین:** تەقینی ئاوی کانی لە بەهاردا، زۆربوونی ئاوی کانی.

کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با
شاییی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووك
(نالی –ل ٢٥٨)

**کانی لەعل:** مەبەست زۆر سوور و جوانە.

لەعل: ←

لەبی شیرینی دولبەر کانی لەعلە
(چە سان لعلی کە از جان می برد هوش)
(سالم –ل ٧٤)

**کانیی بەقا:** سەرچاوەی ژیان. هەروەها بە واتای ئابی بەقاو ئابی حەیاتیش هاتووە. ــــــــ◄ ئابی حەیات

دوککانی توحەف کانی حەیا کانیی بەقا بێ
قوببەی لە قیبابی نوقە بابێ نەقویابێ
(نالی –ل ٦٠٨)

**کاووسی دڵ:** مەبەست دڵی بەهێزە.

بەندی دێوی میحنەتە کاووسی دڵ
سا لە وەسڵت بۆ نەجاتی ڕۆستەمێ
(سالم –ل ١٤٨)

**کاه:** کا. کە دەڵێن ڕەنگی کاهیی، واتە ڕەنگی وەك کا.

جەزبی کرد تەئسیری ناڵەم دەردەدارانی زەعیف
با وجوودی ڕەنگی کاهیی بوومە ڕەنگی کارەبا
(سالم –ل ٣٩)

**کە:** واتە. هەروەها بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و دیاریکردن دێت.

مەخزوونی ڕوقعە حەببە بە حەببە لە کەففەدا
خالیس دیارە مس کە مسە عەینی زەڕ زەڕە
(نالی –ل ٤٤٥)

خۆش بەهەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت ئیفتیرا و بوهتان کە تۆبەی کردووە
(نالی –ل ٥٤٧)

دەفەرمووی چاوەکەت زەنجیر کە نالی
کە موتلەق چانییە ئینسانی هەرزە
(نالی –ل ٤٥٠)

**کەبابی دڵ:** مەبەست دڵی سووتاوە، دڵی زۆر ڕەنجاو.

نیهان نەکرا کەبابی دڵ لە ئەغیار
چ زوو تەشخیسی دا بۆنی هەناسەم
(سالم -ل ١٨٦)

**کەبك:** کەو.

گەهـ تاوس و گەهـ کەبکن و گەهـ بۆقەلەمـوون
گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە گەهێ دوودی سیاهـن
(نالی -ل ٣٤٣)

عـەرەب ئەندامی و فـارس کـەلام و تورك ڕەفتاری
نیگاهـ ئاهو و ڕەوت کەبکی زمان تووتی خۆش ئەڵحانی
(کوردی -ل ٦٠)

**کەبووتەر:** کۆتر.

لەچنگ غەم سەیدە سالم وەك کەبووتەر
لـە دڵیـا مـیخلەبی شاهینە بێ تۆ
(سالم -ل ١١٣)

وەسییەت نامەیی دڵ سوویی دلبەر کەی بەری پەنهان
بە قوربانی پەڕت بم ئەی کـەبووتـەر وەختی یاریتە
(سالم -ل ١٢٤)

موژەت بۆ دڵ دەرێژێ وەختی ئیما
وەکو پەروازی شاهین بۆ کـەبووتەر
(سالم -ل ٦٥)

چ حاجەت مننەتی باڵی کەبووتەر هەڵگرێ نامەم
کە پڕ بوو تەیی ڕاهی کۆیی تۆ دێنێتە دەر کاغەز
(سالم -ل ٧١)

**کەتان:** دەڵێن جۆرە پارچەیەکە، کە ڕووناکی مانگ دەیسووتێنێ. کەتان یان کەتتان جۆرە

جلوبەرگێکی تەنکە کە لە پێستی جۆرێ گیا، یان ڕووەك دەچنرێ، ڕۆنی چرایشی لێ بە دەست دەهێنرێ، بە زمانی هیندی (السی) پێ دەڵێن، لە سِراج دا نووسراوە: کە (تان و کەتتان)ی پێ دەڵێن، جلوبەرگێکی ناسراوە، شاعیران دەڵێن کە ڕووناکی مانگ لەت لەتی دەکات. هەندێ کەس دەڵێن کە زۆر جار تاقی کراوەتەوە، بەڵام ئەمە سەرچاوەیەکی ڕاستی نییە، هەندێك دەڵێن کە جلوبەرگی ناویراو لە پێستی درەختی کەتان دەچنرێ، لە لێکدانەوەی (نصاب)دا نووسراوە کە لە هەندێ وڵات پێستی درەختی کەتان لێدەکرێتەوە و شی دەکرێتەوە، وەکو پەموو ئینجا دەیرێسن و لەمە جلوبەرگ دروست دەکرێ و ئەم جۆرە جلە بەرامبەر بە مانگە شەو خۆی ڕاناگرێ. (غیاث اللغات) [لە عەرەبیدا: کتان = کەتان، لە سریانیدا: کووتینا. لە ئەکەدیدا: کیتوننوو، کیتینو]ی پێ دەڵێن.

کەتان ڕووەکێکە لە تیرەی کەتانییەکان، هەندێ جۆری ئەم ڕووەکە درەختی بچووکن، گەڵاکانیان باریکەو لە سەری نێزە دەچێ، گەڵاکانی زەرد و شین و سپین، بنجەکەی تاڵ تاڵییە کە بۆ چنین بەکاردێت، پارچەی جوان و ورشەداری لێ دروست دەکرێ، نزیکەی سەد جۆر لەم ڕووەکە ناسراوە. (معین)

شەکوە بێ حاسڵە سالم لە جەفاو جەوری حەبیب
کێ دەسێنێ لە مەهی چاردەهەم دادی کــەتـــان
(سالم -ل ۹۰)

ئەو بەهاری من خەزانە وەقتەکەی سویحم تەمووز
پڕتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەك کـــەتـــان
(سالم -ل ۹۷)

**کەج بازی:** فێڵبازی.

کەج: کەچ، خوار، لار.

بە ناحەق کوژتمی موژگانی خوونرێژت وەلێ زانیم
لەگەڵ من ئەم هەموو کەج بازییە تەحریکی ئەبرۆتە
(سالم -ل ۱۲۱)

**کەج ئایین:** مەبەست بێ بەزەیی و دڵ ڕەقە.

کەچ: کەچ، خوار، لار.

تیری موژگانت لە سینەمدا دەچیٚ بۆ پیری دڵ
هێندە کەچ ئایینە قەسدی خانەدانی دین دەکا

(نالی -ل ١١٣)

**کەچ کولاه:** کولاهـ کەچ، کڵاو لار، کڵاو خوار.

کەچ: خوار.

کولاهـ: کڵاو.

[پەهلەڤی. کولاف kuláf](معین)

ئەســـــمەرە لاغـیر تەنە باڵا میانە کـــــەچ کـــــولاهـ
سوخمە سەوزە مەیتەن ئاڵە چاو خومار ئەبرۆ کەمان

(کوردی -ل ٣٤)

کە تـۆی شـاهی کـەچ کـولاهـی دیدە مـەسـتـان
چ بـــــاکـــــم قـــــەیـــــسەر و فەغفوورە ئەمشەو

(نالی -ل ٣٨٩)

**کەچ نەزەر:** کەچ بین، ئەو کەسەی کە بەڕاستی و دروستیی شت نەبینێت، هەروەها بە واتای حەسوود و بەدکاریش هاتووە. بەد و نالەبار.

عەکسی چاوی تۆ لە چـــــاویدا بە خـــواری تیٚ دەگـــەی
کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا

(نالی -ل ١٠٩)

سالم ئەمشەو خاسە بۆ فەوتی ڕەقیبی کەچ نەزەر
ڕووی دەستی حاجەتت بۆ دەرگەهی مەولا دەکەی

(سالم -ل ١٥٣)

لە فارسیدا بە هەمان شێوە و مەبەست بەکاردێت، بەڵام لەجیاتی (کەچ)ی کوردی (کەج)ی فارسی بەکاردێت و دەڵێن کەج نەزەر (= کج نظر)ف. ع.

کج نظر سود و زیان را امتیـــازی داده اســـت

هر چەرا احول دو می بیند بر بینا یکی است

(کلیم، دیوان، ١١٧ –عفیفی)

واتە: لای کەچ بین سوود و زیان وەکو یەك وایە، هەر شتێ کە خێل بە دووی ببینێ، لای چاوی ساغ یەکێکە.

منما جمال خویش بهر کج نظر کە نیست

چـــشم بـــدان مـــناسب روی نکوی تـــو

(هیلالی، دیوان، ١٦٤ –عفیفی)

واتە: جوانی خۆت پێشانی هەموو کەچ بینێ مەدە، چونکە چاوی بەد خواکان ناگونجێن لەگەڵ جوانی تۆدا.

**کەچ هاتن:** خوار بوون، نارێك بوون، نەگونجاو.

کە مانیی هاتە سەر کێشانی ئەبرۆی تۆ لـــەپاش چـــاوت

لە مەستیی دەستی وا لەغزی کە کەچ هات خەتی پەرگاری

(کوردی –ل ٥٦)

**کەدیر:** کدر. ع. تاریکی، لێڵی، تاڵی ژیان، تەڵخ، لێڵ، ناخۆشی، دڵتەنگی. بەڵام وشەکە خۆی بە واتای: تاریك و تۆخی لە ڕەنگدا، لێڵی و تەڵخی هاتووە.

تا تەرەددودمە لەسەر سەفحەی دونیا لـــە غەمت

بەس کەشا کەش لە کەدیر مایەوە وەك کلکی دەبیر

(سالم –ل ٦٨)

مردنم پێخۆشە نەك یارم کەدیر حـــاســـڵ بکا

من سەراپا ناری غەم بم ئەو دەڵێ سووتا دەرەك

(سالم –ل ٧٧)

خۆت لە جیاتی من دەگریای گەر بەچاو دەتدی ڕەشید

قوڕ بەسەر دڵ پڕ کەدیر شینی پدەر ئەفغـــان کـــونان

(سالم –ل ٩٢)

**کەرگەس:** کەرکەس، داڵ، داڵە کەر خۆرە.

[پەهلەڤی. کەهرکاس، کەرگەس]. باڵندەیەکی بەهێز و بەد فەساڵە، لە دەستەی شکارییەکانە، دەنووکی چەماوەو بەهێزە و مل و سەری ڕووتە، باڵەکانی پان و گەورەن، لە ناوچەی شاخاویدا دەژی، کەلاك و لاشەی مردوو دەخوات، لە ئەورووپای ناوەند و خواروو و سەرووی ئەفەریقاو ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و خوارووی بڵاو بوونەتەوە...(معین)

مونەجیم کەرگەس و لاشەی لە لا شەیئێکە نەیزانی
کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە کە ئەم گەردوونە چەند دوونە

(نالی –ل ٥٢١)

**کەسەر:** غەم و خەفەت، دڵتەنگی و ناخۆشی.

شارێکی پڕ لە زوڵم و مەکانێکی پڕ لە شین
جایێکی پڕ لە شۆر و وڵاتێکی پڕ کەسەر

(سالم –ل ١٤)

**کەسبی جەلا کردن:** بەدەست هێنانی سافی و بێگەردی و ورشەو بریسکە.

جەلا:جەلاء، .جلاء ع. سافکردن و ژەنگ لابردنی شمشێر و ئاوێنە و... هتد.

یاخوا تووشم نەبێ ئیتر... تا حاڵی مەرگ!
ئاینە کەسبی جەلا حەیفە لە خاکیستەر بکا

(سالم –ل ٤٢)

**کەشاکەش:** مەبەست غەم و گرفتاری و ناخۆشی ڕۆژگارە.

ڕاکێشان بە هەموو لایەکدا، یەك لە دوای یەك ڕاکێشان.

تا تەرەددودمە لەسەر سەفحەی دونیا لە غەمت
بەس کەشا کەش کە کەدیر مایەوە وەك کلکی دەبیر

(سالم –ل ٦٨)

**کەشش:** ڕاکێشان، ئەوەی ئەو تایبەتمەندییەی تێدابێت کە شت یان خەڵك بەرەو خۆی ڕاکێشێ.

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی ف. یە. واتە: ڕاکێشان.
ش: پاشگرە.

زەڕاتی عوکووسی کـــەششی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەر زەدە سوڵتان و شەهنشا
(نالی –ل ٧٦)

گەردەن کەچی تۆم بێ کەشش و ڕست و قەلادە
وا زەن مـــەبـــە نـــا عارف هـــەرزە مەرەسێکم
(نالی –ل ٢٨٤)

مەجنوون غەمی کوا پردی سیرات هەروەکو موو بێ
دەیکێشێ لـــە ویشا کـــەششی تـــوڕەیـــی لـــەیلا
(سالم –ل ٢٦)

از برای کشش ما و سـفرکردن مـــا
پیك بر پیك همی آید از آن اصـل وجود
(گزیده غزلیات مولوی، شمیسا –ص ٢٩٨)

واتە: بۆ ڕاکێشانی ئێمە و گەشت و گوزار کردنی ئێمە، نامەبەر لەدوای نامەبەر لە لای خواوە دێت.

**کەششاف:** کشاف. ع. ئاشکرا کەر.

هەروەها ناوی کتێبێکە بە عەرەبی لەبارەی لێکدانەوەی قورئان بە ناونیشانی (الكشاف عن حقيقة التنزيل)، دانەرەکەی (ابوالقاسم محمود بن زمخشري)، لەم لێکدانەوەدا بایەخ دراوە بە سەرف و نەحوو ڕەوانبێژی و هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان و مەسەلەکانی بیر و باوەڕی موعتەزیلە، لەبەر گرینگییەکی زۆر کە پێی دراوە، لێکدانەوەو بۆچوونێکی زۆری لەسەر نووسراوە و ئەوانەی کە پێچەوانەی بیر و ڕای موعتەزیلەن ڕای تایبەتییان لەسەر هەیە. (معین)

لە قورئاندا بە (ما أخفى لهم) مەکتووم و مەختوومە
بەیان نابێ بە تەفسیری دوسەد (کشاف) و (بیضاوی)
(نالی –ل ٦٨٨)

رموززی عیشق کــا لە حــەددی قیل و قـــال نایێ
نەکاری کەنز و کەششافە نەباسی کەشف و تەفسیرە
(سالم –ل ١٢٥)

**کەشمەکەش:** کێشمەکیش، بگرە و بەردە، زۆرە ملێ.
کەش + مە + کەش.
کەش: ⟵ کەشش.
مە: ئامرازی نەفی.

ئەووەڵ لە ئیلتیجام ئەوەتە ئەی غەیووری دین
حازر ببی لە کەشمە کەش و شۆری غەر غەرە
(نالی –ل ٤٣٤)

بەدەستی کەشمەکەش هەرسوو درا بەرگی خودا رایێ
قەبایی نۆکەر و ئاغا هــەموو بــێ چـــاك و دامـــانن
(سالم –ل ١٥)

سیەهـ بەختیی جودا ناکا دڵـــی ســـالم لـــە تورەی تۆ
بەمەحزی کەشمەکەش سەر ڕوشتەیی ئەم کارە بەرنادا
(سالم –ل ١٧)

بــە مـەحزی کەشمەکەش دامانی عیشقی بەربدەم نابێ
دەمی تیغی موسیبەت گەر کەفی فیکرم هەموو لەت کا
(سالم –ل ٢٨)

**کەشندە:** ڕاکێشەر، ئەوەی کە هەرشتێ ڕابکێشێ.
کەش + ندە.
کەش: ⟵ کەشش.
ندە. پاشگرە و دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ و دەیکات بە ناوی بکەر.

مەلێ ڕێگەی کەشندە یا کوشندە ئەژدەرە یـــاخۆ
کەمەندە یا تەنابی خێوەتی گـەردوونی گـەردانە
(نالی –ل ٤٩١)

**کەشیش:** قەشە، پیاوی ئاینی مەسیحی.
[ئارامی: قەشیشا. سریانی قیشیشا. عەرەبی: قس. قسیس.] (معین)
ئـەم کێشە گیسووت هـەیەتی کامی کەشیشە
بگرن بە جـەدوەل بـا عـولەمـا ڕیشی سوکویـا
(سالم –ل ٢٦)

**کەعبەیی مەقسەد:** مـەبـەست دلبـەرە.
خۆشە ئەبیامی گریانم لە خـــاکی کـــەعبەیی مـــەقـــسەد
هـەموو قەترەی سیریشکم بۆ شەرەف وەك ئاوی زەم زەم بوو
(سالم –ل ١١٣)

**کەف زەنان:** لێرەدا مەبەست دەربڕینی غەم و خەفەت و نـاخۆشییە.
دەست بـە یەکدا کێشان.
هـەروەهـا بە مەبەستی خۆشی و شادی دەربڕینیش دێت.
کەف: دەست، ناولەپ.
زەنان: زەن + ان.
زەن: ڕەگی چاوگی زەدەن (= زدن)ی ف. یە. واتە: لێدان، بەیەکدا کێشان.
ان: پاشگرە و چۆنییەتی دەگەیەنێت.
لێم گەڕێن بـا گـۆشەگیر بم دەســتەو ئەژنۆ کـەف زەنان
گێژە لووکەی بـای نەدامەت تـاری کرد سەفحەی جیهان
(سالم –ل ٩٧)

**کەففەی میزان:** تـای تەرازوو.

باقیی کــە ڕووی لـە کەففەیی میزانە یەکسەرە

هـەرچەند سەرە موتابیعی میعیاری دوو ســەرە

(نالی –ل ٤٤٤)

**کەفی بەخشش:** مەبەست بەخشندەییە، ئەوەی کە دەبەخشرێت و دەدرێت بەم و بەو بەبێ هیچ چاوەڕوانی و بەرامبەرێك و بەخۆڕایی.

کەف:———➤کەف زەنان.

بەخشش: بەخشیش، بەخشین، پێدان.

دڵی سالم لە کەفی بەخششی تۆ هـەر وەکو خاك

زێوەرێکن لە جەوادت چ حـــەریر و چ حـــەسـیر

(سالم –ل ٦٦)

**کەفی پێ:** بنی پێ، ژێر پێ.

سابوونی کەفی پێیە کەفی زاری چـاپلووس

خاسییەتی ڕەققی هـەیە نەرمی زوبانی لووس

(نالی –ل ٢٣٧)

ئەگەر فەرقم بگاتە مەرکەزی خاکی کەفی پێی یار

دەگاتە ئاسمان گۆشەی کــولاهـــی ئیفتیخاری مـن

(سالم –ل ٩٣)

**کەفی ڕەنگین:** دەستی ڕەنگین، دەستی جوان، هـەروەهـا دەست ڕەنگین بە کەسێ دەوترێ کە هونەرمەند یان خاوەن پیشە بێت.

حەلقە دەر گووشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە

بـــا نـــەنـــالێ لـێــی مەدە (عن لطمهِ کُفَ الکفهَ)

(نالی –ل ٤٥٠)

**کەفی فیکر:** مەبەست بیر و ئەندێشەی قووڵ و وردە.

بە مەحزی کەشمەکەش دامانی عیشقی بەریدەم نابێ

دەمی تیغی موسیبەت گەر کەفی فیکرم هـەموو لەت کا

(سالم –ل ٢٨)

**کەفی مووسا:** ←—— یەدی بەیزا.

لە قوببەی نووری پیستانت یەدی بەیزا نەموودارە

ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی تۆ کەفی مووسا

(سالم –ل ٢٧)

**کەمان ئەبروو:** برۆ کەوانی.

کەمان: کەوان.

ئەبروو: برۆ.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسڵەت

کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرەنگی خوو و موو موشکین

(سالم –ل ٩٥)

**کەمانین:** مەبەست چەماوە و کۆماوەیە، کووڕ.

کەمان: کەوان.

ین: پاشگرە، بۆ دانەپاڵ و لێکچوون، کە لە کۆتایی هەندێ وشەوە هاتووە وەك: ئاسنین، زیوین، زێڕین... هتد.

ڕوخم ڕەنگینی ڕوومەتی ڕەنگینتە بازا

قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە بازا

(نالی –ل ٩٥)

**کەمەر بەستە:** مەبەست ئامادە بوونە بۆ خزمەت، ئامادە بوون.

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشووق

کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشق بازانا

(سالم –ل ٣٥)

**کەمەر بەستن:** مەبەست خۆ ئامادە کردنە.

کەمەر هەردەم بە دوشنامم دەبەستێ

هوەیدایە نیشانەی نەحلی زەنبورر

(سالم –ل ٦٣)

**کەمەر زەڕین:** مەبەست پشتوێن زێڕینە.

زەڕین: زێڕین.

بە ڕووخ ڕەنگین میان لاغر کەمەر زەڕین
نیگەه شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین

(سالم –ل ٩٤)

**کەمەند:** ⟵ کەمەندی زوڵف.

مەڵێ ڕێگەی کەشندە یان کوشندە ئەژدەرە یاخۆ
کەمەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە

(نالی –ل ٤٩١)

چاوەکەم خۆ من برینداری خەدەنگی چاوی تۆم
زار و بیمار و گرفتاری کەمەند و داوی تۆم

(کوردی –ل ٣١)

گرفتاری کەمەندی مەهوەشێکم تیفل و بێ ڕەحمە
خەریکو و ێڵ و وەحشی ئاهووی شیرین خەرامێکم

(کوردی –ل ٣٢)

**کەمەندی زوڵف:** زوڵفی وەك کەمەند، مەبەست زوڵفی زۆر درێژ و جوانە.

کەمەند: ئەو گوریسەی کە بەکاردەهێنرێ بۆ گرتن و گیرۆدەکردنی ئادەمیزاد یان گیانلەبەرانی تر، ئەو گوریسەی کە هەڵدەدرێت بەمەبەستی ئەوەی کە بچێتە ملی ئەسپ و گا و...هتد، بۆ گرتنی. یان بەکاردێت بۆ سەرکەوتنی دیوار و قەڵا.

کوشتەی نیگاهی دیدەتە گەر مەست ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە گەر شێخ ئەگەر سولووك

(نالی –ل ٢٥٥)

حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵفت
بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەودایێکە

(نالی –ل ٤٦٢)

کەمەندی زوڵفی دوولانە لەبۆ گەبر و موسوڵمانە

دەکێشێ بێ موحابانە چ لەم لابێ چ لەو لابێ

(نالی –ل ٦٠٢)

**کەم خیرەد:** کەم هۆش، نەزان، گێل، گەلۆر.

خیرەد: هۆش.

ئەو کەسانەی کە عەدووی عاشقی سەرگەردانن

بێدڵ و بولهەوەس و کەم خیرەد و حەیوانن

(سالم –ل ٩٤)

**کەم عەیار:** ساختە: هەرشتێ کە فڕ و فێڵ و کەم و کورتی تێدابێت.

زێڕ تا عەیاری کەمتربێت نرخی کەمترە، واتە بڕی ئاڵتوونەکەی لەچاو ئەو فلزەی تێکەڵی کراوە کەمە.

نەقدی دڵێ کە ڕایجی سەودایی تۆ نەبێ

مەغشووش و کەم عەیارە و هەم قەڵب و هەم چرووک

(نالی –ل ٢٥٦)

**کەمینە:** کەمین، کەمترین، بێ بایەخ.

چ حوجرە وا لەخاکی میللەتی دەوڵەت پەناهیدا

کەمینە خادیمی سوڵتان و شاهەنشاهی دەریانە

(نالی –ل ٥٠٢)

به جان او که گرم دست رس بجان بودی

کمینه پیشکش بندگانش آن بودی

(حافظ، رهبر –ص ٦٠١)

واتە: سوێند بەگیانی ئەو دەخۆم کە ئەگەر گیان لە دەستی مندا بووایە بە بچووکترین و کەمترین دیاریم دادەنا و پێشکەشی کۆیلە و نۆکەرەکانی ئەوم دەکرد.

**کەنار:** مەبەست باوەشە.

فەرمووتە کە بانگم کە شەوێ دێمە کەنـارت

قوربان وەرە شەو ڕۆیی ئەوا وەعدەیی بانگە

(نالی -ل ٤٦٥)

گرچە پیرم توشبی تنگ در آغوشم کش

تا سحرگە زکنار تو جـوان بـرخیزم

(حافظ، رهبر -ص ٤٥٧)

واتە: هەرچەندە پیرم تۆ شەوێ بە توندی ڕامکێشە ناو باوەشی خۆتەوە، تا دەمەو بەیانی لە باوەشی تۆدا گەنج دەبمەوە.

**کەناری دڵ ئارا:** مەبەست باوەشی دلبەرە.

کەنار: ⟵

دڵ ئارا: ⟵

ناکەم تەهـی کـەناری دڵ ئارا بە بانگی مورغ

تا دێ سەحەر لە دەرگەهی والی غریوی کووس

(سالم -ل ٧٣)

**کەنزی موتەلسەم:** خەزنەی تەلیسماوی، ئەو خەزنەیەی کە جادووگەر یان فاڵچی، لەسەر پارچە کاغەز، یان لە سەر پارچە فلز وێنە و دیمەن و خەت و خشتە و تیپی جیاجیا و جۆراوجۆری لەسەر دەنووسن بەنیازی ئەوەی کە بپارێزرێ و کەسێ نەتوانێ کە بیبات و دەستی بەسەردا بگرێ.

کەنز: کراو بە عەرەبی (گەنج)ە، واتە گەنجینە، خەزنە.

موتەلسەم: مطلسم. تەلیسماوی، لە وشەی (طلسم) = تیلیسمەوە، وەرگیراوە، وشەی (طلسم) کراو بە عەرەبی (telesma)ی یۆنانییە و واتە ئەو نووسینانەی کە جادووکەر و فاڵچی دەینووسن وەکو باس کرا.

ئەو سێبەرە کە مەزهەری حووری خـودایە

کەنزی موتەلسەمی ئەزەری حەییی ئەکبەرە

(نالی -ل ٤٢٤)

**کەنعان:** ناوی کوڕی سامی کوڕی نووحە (پێغەمبەر). ناوی کۆمەڵێکە کە لە شام و فەلەستین نیشتەجێن و ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر کەنعان، ناوی کۆنی فەلەستین، یان (ارض موعود)ە، هەروەها ناوی ناوچەیەکە لە عیراق و سەر بە پارێزگای دیالە، کە لە کۆندا پێی دەوترا (مهروز) و (عتبەی کوڕی ئەبی وەقاص) دوای جەنگی جلەولا بە ڕێککەوتن و ئاشتی دەستی بەسەرداگرت. (معین)

بەحوسنی یووسف ئاسات و بە خولق و لوتفی شیرینت

چراغی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کەنعانی

(کوردی –ل ٦٠)

**کەن نیسارم:** نیسارم کەن، مەبەست پێشکەشم کەن، خەڵاتم کەن.

نیسار:⟵ نیسار بوون.

ئەگەر تالیع ببێ کوردی سزایە

بە حوققە دوڕ و گەوهەر کەن نیسارم

(کوردی –ل ٢٤)

**کەوا دارایی:** مەبەست کەوا ئاوریشمییە.

دارایی: جۆرە پارچەیەکی ئاوریشمیی ڕەنگا و ڕەنگی شەپۆلدارە.

هەروەها واتای تری هەیە وەك: ماڵ و سامان، هەبوون، ئاگالێبوون، وەزارەتخانە، یان ئەو دام و دەزگایەی کە خەرجیی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی میری ئەنجام دەدات. (معین)

کەوا دارایی زەرِ کورتەك کەمەرچین جببە گوڵناری

کڵاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ میسکی تاتاری

(کوردی –ل ٥٦)

**کەوان و تیر:** مەبەست برۆ و برژانگە.

سیلاحی پەرچەمی پرخەم ئەگەر تارە و ئەگەر مارە

برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا

(نالی –ل ٨٨)

**کەودەن:** گێل، گەمژە، نەزان، گەلۆر.

زاهید بە تەکەببور بەڵەدی عیشقی دەکردم
کەودەن ئەوە زاهید کە نەزانێ خەبەرم بوو
(سالم –ل ١١١)

**کەوسەر:** کوثر. ع. کانییەکە لە بەهەشت، ڕووبارێکە لە بەهەشت.

ئەگەر یەك لەحزە غافڵ بم لە شوعلەی ماهی ڕوخسارت
لە حەشرا بێ نەسیبی جەننەت و هەم حەوزی کەوسەر بم
(کوردی –ل ٢٣)

بە آب زمزم و کوثر سفید نتوان کرد
گلیم بەخت کسی را کە بافتند سیاه
(حافظ)

واتە بە ئاوی بیری زەمزەم و کانی کەوسەر ناتوانرێ بەرەی بەختی کەسێ سپی بکەنەوە کە بە ڕەش چنرابێ. مەبەست ئەوەیە کەسێ بە بەدبەختی هاتبێتە جیهانەوە، هەمیشە هەر بە بەدبەختی دەژی.

ئەگەر حۆری لە کەوسەر شوست و شۆی خۆی کات بۆ نابێ
(بە آب و رنگ و خال و خط چە حاجت روی زیبارا)
(کوردی –ل ١٠)

**کەوشەك:** یاری سێ باز.

ئێستەش کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە
یاریی تیایە یا بووەتە مەعرەزی نوفوور
(نالی –ل ١٩٢)

**کەوکەبە:** کوکبة. ع. کۆمەڵێ، دەستەیێ، کۆمەڵێ لە خەڵك، دەستەیەك لە سواران، شکۆ و گەورەیی و مەزنی.

فەلەكی میهر مەهی وەقتە تەواو بێ زەمـــەنی

کەوکەبی ئەنجومەنی یو دائیرەی ئەنجومەنی

(نالی –ل ٦٦٩)

**کەون و فەساد:** کون و فساد. ع. بوون و خراپ بوون، مەبەست جیهانی ماددییە، جیهانی سروشت، ئەم جیهانە.

دنیـــا مەحەللی کەون و فەسادێکە حیز و دوون

مەعلوومە چەند بە حـیلەیە عەییارە چەند دەڵـە

(نالی –ل ٤٦٩)

ای همه پوسیده در کون و فساد

جـان باقیتان نروییـد و نـــزاد

(مولوی، مثنوی: ن، ١: ١١٧ –عفیفی)

واتە: ئەی ئەو هەمووەی کە لە جیهانی ماددیدا ڕزیون، گیانی باقی ماوەتان نەڕوا و نەزا، یان زیادی نەکرد.

**کەهفولئەنام:** کهف الأنام. ع. پەناگەی خەڵك. لێرەدا نالی ئەمەی وەرگرتووە لە داستانی (اصحاب الکهف)، کە لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێ.

کەهف: کهف. ع. ئەشکەوت.

ئەنام: أنام. ع. ناوی کۆیە. واتە: خەڵك، خەڵکی، ئادەمیزاد، مەردم. وشەی کۆی (أنام و أنیم)ە.

(کهف الانام)ی هیجرەتی ئەسحابی بێ ڕوقوود

بیکە بە خـــاکی خـادیمی قیتمیری ئــەو دەرە

(نالی –ل ٤٢٢)

**کەهکەشان:** کورتکراوەی (کاهکەشان)ە، هێڵێکی سپی وەك هەورێکی ڕوونە و پێکهاتووە لە هەزاران ملیۆن ئەستێرە، بەشەو لەئاسماندا دەبینرێت، وەکو جادەیەك وایە کە کای تێدا بڵاو کرابێتەوە، بەعەرەبی پێی دەڵێن (مجرە)، لە فارسیدا پێی دەڵێن (آسمان درە، کاهنگان، راه حاجیان، راه شیری.) (عمید)

لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێ: کاکێشان، کاکەشان، کەشکەشان.

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا وشەی کەشکەلان، یان کەشکەلانی فەلەك، ئەمڕۆ بە واتای شوێنی زۆر بەرز دێت، بەڵام هەمان ئەو وشە کوردییانەن کە باسمان کرد، وشەی کەهکەشان سێ بەشە: کەهـ + کەش + ان.

کەهـ: کورتکراوەی کاهـ (کاه)ی ف. یە واتە: کا.

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی ف. یە. واتە: کێشان و ڕاکێشان.

ان: پاشگرە.

چ ڕێگێکی سپیی واشە ئەوەندەی کەهکەشان دوورە

چ سەحرایێکی شین ڕەنگە بەقەد نۆ ئـاسمـان پانە

(نالی –ل ٤٨٨)

شەمعی دەسگاهی مـــــلووکانە گـیانە مەرکەزی

بەرقی قیندیلی فورووزانی دەچوو بۆ کەهکەشان

(سالم –ل ٩٠)

**کەی:** [لە ئەڤێستادا. Kavi، لە پەهلەڤیدا. kay] واتە: پاشا، شاهەنشاهـ، هەریەکێ لە پاشاکانی بنەماڵەی (کەیانی) وەکو: کەیقوباد، کەیخوسرەو، کەیکاوس... هتد.

وشەی (کـەی) بـە واتـای گـەورەو سەروەر هـاتـووە، (کـەیـانـیـان) یـان (کـەیـانـیـەکان) دووەمین بـنـەمـاڵـەی پـاشـایـانی مێژووی ئـەفسانـەیـی ئێرانـە، (کریستنسن)و هەندێ لە زانایان بە پشت بەستن بە ئەڤێستا و داستانی میللی و ئایینی ساسانی، باوەڕیان وایە کە مێژووی کیانیان ڕاستییەکە هەبووە و لەسەر بنچینەی ئەفسانەیی دانەمەزراوە، پاشایانی ئەم بنەماڵەیە، یەك لە دوای یەك بـەم جـۆرە هـاتـوون. ١–کـەیـقـوبـاد. ٢–کـەیـکـاوسی کـوڕی کـەیـقـوبـاد. ٣–کـەیـخـوسرەوی کوڕی سیاوەشی کوڕی کەیقوباد. ٤–کەی میهراب کوڕی کـیـوجـی. ٥–گـوشتـاسب کـوڕی لـوهـراسب. ٦–بـەهـمـەن کـوڕی ئـیسفـەنـدیـار. ٧–هـومـای. ٨–دارابـی یـەکـەم کـوڕی هـومـای. ٩–دارابـی دووەم: کـە لـەگـەڵ ئەسکەندەر جەنگی کرد و شکا و لە ئەنجامی ئەمەدا بنەماڵەی کەیانی لەناوچوو، لەم فیهرەستەدا ئەوە دەردەکەوێ کە دوو پاشای کۆتایی بنەماڵەی کەیانی لەگەڵ

بنەماڵەی هەخامنشی (داریووشی یەکەم و داریووشی سێیەم)دا. هەریەکن. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (معین)

بە سەراوێزەیی چاوێنەیی کـــەللەی سەریـان
لە کەی و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
(نالی -ل ٢٣٥)

نـەی لە ناڵینا چ گوستاخانە بۆ ئەربابی سـەمع
باسی ئەییامی گوزەشتەی کەیقوباد و کەیدەکـا
(سالم -ل ٢٩)

**کەیقوباد:** یەکەمین پاشای بنەماڵەی ساسانییەکان بوو، دەڵێن (١٠٠) ساڵ پاشایی کرد، لـە نـەوەی فـەرەیدوون بـوو، نـیشتـەجـێی چیـای ئەلبورز بـوو، لە پـاش مردنـی گەرشاسب کە دوای پاشای پێشدادییەکان بوو تەختی پاشایی بەبێ پاشا مایەوە و تۆرانییەکان زانییان بار و دۆخی ئێران ئاڵۆزە، زاڵ بۆ ئەوەی کە کەیقوباد بدۆزێتەوە ڕۆستەمی نارد، پاڵەوانەکانی ئێران کەیقوبادیان هان دا کە لەگەڵ تـۆرانـیـیـەکـان بـجـەنـگـێ، لـەم جـەنـگـەدا ڕۆسـتـەم کـاری گـەورەی بـەجـێهێنـا و تۆرانییەکان توانای بەرگرییان نەما، لە ئەنجامدا ڕووباری جەیحوون بوو بە سنووری ئێران و تووران، دوای ئەوە کەیقوباد چوو بۆ پارس و ئیستەخری کرد بە پایەتەخت. (فرهنگ شاهنامه)

نەی لە ناڵیـنـا چ گـوسـتـاخـانە بۆ ئەربابی سەمع
باسی ئەییامی گوزەشتەی کەیقوباد و کەی دەکا
(سالم -ل ٢٩)

**کەیل:** پڕ، لێوان لێو، پێوان، کێشان، ئەندازە گرتنی شتێ، ئەندازەیەکە بۆ پێوان و کێشانی شلە و شتی تر.

دوو چاوی من کەوا کەیلی سورروشکن
دەپێون ئاوی بەحـری خوێ بـــە پێوان
(نالی -ل ٣٢١)

**کەیوان:** زوحەل، زحل. ع. یەکێکە لە سەییاراتی کۆمەڵەی خۆر، کە بە دەوری خۆردا

دەسووڕێتەوە، لە پاش موشتەری لە هەموو سەییاراتی کۆمەڵە گەورەترە، نزیکەی (٧٠٠) ئەوەندەی زەوییە، زوحەل (٨) مانگی هەیە، هەروەها هەڵقەیەکی ڕووناك دەوری داوە، ماوەی سووڕاندنەوەکەی ٢٩،٥ ساڵە. کەیوان پێشینان بە حەوتەمین سەییارە و هەروەها بە شوومی گەورەیان دادەنا. (معین)

قەتاری زەنگ و قوڕی ئوشتر و ئێستر لەسەر کێوان
دەڵێی زیرەی سەدای قاز و قولنگی ئەوجی کەیوانە
(نالی –ل ٤٨٧)

لە سیحەی هاتە لەرزش قەلبی گاوی ژێر زەمین ئەمشەو
دڵی کەیوان لە ئاهی من لە هەفتەم ئاسـمان سـووتا
(سالم –ل ٢٧)

**کراسی میحنەت:** مەبەست باری غەم و ناخۆشییە.

حاسڵی عیشـقم کراسـی میحنەتە
موردە نابا ماڵی دونیا غەیری جاو
(سالم –ل ١٠٨)

**کردگار:** خوا، خودا، یەزدان. دروستکەر و هێنانە کایە لە هیچەوە.

کرد + گار.

کرد: چاوگی کرتاوی (کردن)ە.

گار: پاشگرە، کە دەچێتە سەر چاوگی کرتاو، واتای زۆریی چاوگەکە پیشان دەدات.

تەڵەب نـاکەم لـە قـاپی کردگـارا
بە غەیرەز وەسڵی دولبەر هیچ مەتڵەب
(سالم –ل ٤٣)

لە دونیادا جەفای عوقبام هەموو دیوە لە دەس هیجران
دەبی فەردا لەپاشا عەفوی من کـا کـردگـاری من
(سالم –ل ٩٣)

ئەهلی چین نەققاشی چاکن خۆ بەڵان تەسویری تۆ
نەقشی خامەی کردگارە کاری وەستای چین نییە
(کوردی –ل ٥٢)

**کرمی قەز:** کرمی ئاوریشم.

قەز: قز. کراو بە عەرەبی کەژ = کەج.

[پەهلەڤی. KAČ]. واتە ئاوریشم. (معین)

ئێمە مەردین و هەموو شێری خەشین پۆشی مەساف
کرمی قەز هەرچی تەنی بۆ تەنی نیسوانی تەنی
(نالی –ل ٦٧٠)

**کشتی ئەمەل:** مەبەست بە ئارەزوو گەیشتنە.

کشت: کیشت. واتە کشتوکاڵ.

وەك جەیشی مەلەخ لەشکری غەم ملکی دڵی گرت
بۆ کشتی ئەمەل داسی تەڵەب بێ دەمە ئەمشەو
(سالم –ل ١٢٠)

**کفن خویناوی:** مەبەست شەهیدە، واتە ئەو کەسەی کە لە ڕێی خوداو ئاییندا، گیانی خۆی بەخت بکات، یان لە ڕێگەی خۆشەویستیی و دڵداریدا بکوژرێ.

من کە کوژتەی تیغی عیشقم ڕۆژی دیوانی خودا
بۆچی شاهید بێنم ئاخر کفنەکەم خویناوییە
(کوردی –ل ٥٢)

**کلکی ئوشتر گەینە ئەرز:** مەبەست ئەنجامدانی کارێ زۆر بە سەختی و دژواری. یان ئەو کارەی ئەوەندە سەخت بێ کە نەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

لە سەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرزی مەهلەکە هێشتا
یەمی فەججی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە
(نالی –ل ٤٨٩)

**کوچك:** مەبەست بەڵاو دەردی سەرییە. وشەکە خۆی بە واتای بەرد دێت، لە کوردەواریدا

باوە لە کاتی دەربڕینی ناخۆشیدا دەڵێن: کوچکی لێ بارێ.

زوڵم و فێڵی لێ مەکە سالم دڵی مۆرە بە زۆر

ئاسمان ڕەحمەت ببێ تووبی خودا بەس بێ کوچك

(سالم -ل ٧٧)

**کوحلی بەسەر:** کوحلی بینش، کلی چاو، هەروەها مەبەست ڕووناکی چاوە.

کوحل: کحل. ع. کل.

بەسەر: بصر. ع. چاو.

نووری چاوم چاوەکەم بێ نوورە بێ تۆ زەڕەیێ

خاکی دەرگاکەت ببێژم بیکەمە کوحلی بەسەر

(نالی -ل ٢٠٢)

بەسَر جام جم آنگە نظر توانی کرد

کە خاك میکدە کحل بصر توانی کرد

(حافظ، قزوینی -ص ٩٧)

واتە: کاتێ دەتوانی لە ڕازی جامی جەم تێ بگەی، کە خاکی مەیخانە وەکو کل بکەیتە چاوت.

**کوحلی بینش:** ←——— کوحلی بەسەر.

بینش = چاو.

غوباری کۆیی عیشقە کوحلی بینش

بەخاکی نەقشی پێی جانانە سەوگەند

(سالم -ل ٥٦)

**کوحلی جەواهیر:** کحل الجواهر. کلێکە کە جەواهیر و مرواری کون نەکراوی تێدا دەساونەوە. هەروەها مەبەست ئەوەیە کە دەبێتە هۆی بینایی و ڕووناکی چاو. (معین)

چ حاجەت سورمەسا بێ چاوی سالم

هەتا کوحلی جەواهیر خاکی کووتە

(سالم -ل ١٢٢)

**کودووورات:** کدورات. ع. مەبەست چڵك و پیسییە.

ئەم وشەیە عەرەبییە و دووجار کۆ کراوەتەوە و تاکەکەی کەدیر (= کدر)ە، واتە: لێڵ و تاریك، کۆیەکەی کودوور (= کدور)ە، جارێکی تر کۆ کراوەتەوە بە ئامرازی کۆی (ات)و بووە بە کودوورات (= کدورات)، کە کۆی کۆیە.

بەو ئـاوە خـۆت بشۆ لە کـودووراتی سـەر زەمین
شاد بن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی تاهیر ئەو تەهوور

(نالی –ل ١٧٨)

**کودوورەت:** کدورت، کدورة. ع. غەم، خەفەت، دڵتەنگی.

لە هەوری تالیعی نامەردی غافڵ
کودوورەت بۆ دڵی عاقڵ دەبـارێ

(سالم –ل ١٤٥)

**کورتە بەنەفشە:** کورتەکی بەنەوشەیی.

کورتە: کورتەك، جۆرێکە لە جلوبەرگ و لەکۆندا لە بەریان دەکرد، کە نیوەی سەرەوەی دادەپۆشی.

نەرگسی نیگەهـ و ساق سەمەن و کورتە بەنەفشەن
موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن

(نالی –ل ٣٤١)

**کوزە کەمتیار پێ بوون:** بە بیر و بۆچوونی پێشینان هەرکەسێ کە کوزە کەمتیاری پێ بێت، لای ئەم و ئەو خۆشەویست دەبێ و خواست و ئارەزووەکانی بە ئاسانی جێ بە جێ دەکرێ.

ڕۆژێ بێجام کرد و ساتێ چوومە لای شێخ بۆ سەماع
وەك کوزە کەمتیاری پێ بێ دەسـبەجێ لایدام لـە ڕێ

(کوردی –ل ٥٥)

**کوشتەی نیگاه:** کوژراوی سەیرکردن، کوژراوی تەماشا کردن.

کوشتە: کوژراو.

نیگاهـ: سەیرکردن، تەماشا کردن.

کوشتەی نیگاهی دیدەتە گەر مەست ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە گەر شێخ ئەگەر سولووك
(نالی -ل ٢٢٥)

**کوشندە:** بکوژ، پیاو کوژ، ئەوەی کە بکوژێ.

کوش: ڕەگی چاوگی کوشتەن (= کشتن)ی ف. یە. واتە کوشتن.

ندە: پاشگرە و ڕەگی چاوگ دەکا بە ناوی بکەر.

مەڵێ ڕێگەی کەشندە یان کوشندە ئەژدەرە یاخۆ
کەمەندە یا تەنابی خێوەتی گەردوونی گەردانە
(نالی -ل ٤٩١)

**کوفری حوسن:** مەبەست پەرچەمی ڕەش و جوان و کاریگەرە.

تورەت کەدێ بە ڕوودا وەك عەینی کوفری حوسنە
بۆ ڕەونەقی کـلـیسا بـا هـەر ببن نـەسـارا
(سالم -ل ٢٣)

**کوفری زوڵف:** مەبەست زوڵفی ڕەش و جوانی دلبەرە.

کوفری زوڵفە تار و ماری ئەرقەمن
سفری خاڵە حەڵقەیی هیندووسییان
(نالی -ل ٣٢٣)

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ (فنافی النور)ی ئیمانە
مەڵێن زوڵمەت خراپە وەسڵی پەروانە لە شـەودایە
(نالی -ل ٥٥٨)

تا لە کوفری زوڵفی یار ئەوەڵ گرفتاریم نـەدی
ئەمدەزانی پیش ئەزین بەم نەوعە ئەحواڵی ئەسیر
(سالم -ل ٦٩)

چشم مستش پردهء جان می درد

کـفر زلــفش غارت دین می کند

(امامی هروی، دیوان ۲۲۷ –عفیفی)

واتە: چاوی مەستی پەردەی گیان دەدڕێت، زوڵفی ڕەشی دین تاڵان دەکات.

**کولاه:** کڵاو، بەواتای تاجیش هاتووە.

غەیری کولاهەکەت کە هوما سایە جۆیە لەو

کەس لێنەدا موقابیلی تۆ لافی هــەمــسەری

(سالم –ل ١٤٥)

**کولبە:** [کوربە، پەهلەڤی. Kurpak = قربق کراو بە عەرەبی کربق.]خانووی بچووك و تاریك. (معین)

کۆڵیت، خانووی بچووکی لادێ، کووختە.

بۆچ مــایلی تــەنهایی ســەودایێکە خۆڕایی

ئەی مەردومی بینایی لەم کولبەیی تارەت چی

(نالی –ل ٦٤٥)

ڕاستە دڵ بەندە لە تورەی زوڵمەتی زوڵفت وەلێ

ڕەوشەنە کولبەم لەبەر شەوقی خەیاڵی ڕوومەتت

(سالم –ل ٤٦)

دەبێتە باغی جەننەت دەفعەیێ بێ

بە کولبەی سالما گەر مەقدەمی یــار

(سالم –ل ٥٧)

کرێکارانی ناکەس بۆ بیناغەی کولبەیی دێهقان

لە خانەی کاولی نۆکەر پەیا پەی خشت کێشــانن

(سالم –ل ١٠٥)

**کولبەی ئەحزان:** ماتەم سەرا، شوێنی تەعزیەداران، لای سۆفی دڵێکە کە پڕبێ لە غەم بەهۆی دووری لە دلبەرەوە. (دهخدا)

ماڵێ غەم و خەفەت و ناخۆشی تێدا بێت، هەروەها ماڵی (یەعقووب)ە، لە سەردەمی دووری یووسف. (عفیفی)

کولبە:⟵

کولبەی ئەحزان پەیوەندی بەم بەسەرهاتەوە هەیە، لێرەدا بە کورتی دەخرێتە ڕوو:

یەعقووب باوکی یووسفەو لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیلە، یەعقووب، یووسفی لە کوڕەکانی تری خۆشتر دەویست و نیازی وابوو بیکات بە جێنشینی خۆی، لەبەرئەوە براکانی حەسادەتیان پێ برد و یووسفیان خستە ناو بیرەوە و کراسەکەیان خوێناوی کرد و پیشانی یەعقووبیان دا و، وتیان گورگ لەت لەتی کردووە، یەعقووب وتی: درۆ دەکەن و من سەبرم زۆرە و خوایش یارمەتیم دەدات، یەعقووب لە غەم و خەفەتی گومبوونی یووسف سەبری گرت تا پیر بوو، هەروەها لە ماڵەکەی خۆیدا مایەوە، کە ناسراوە بە (کولبەی ئەحزان، بەیتی ئەحزان، بیت الحزن)، لە بەر دووری کوڕەکەی ئەوەندە گریا کوێر بوو...(تلمیحات)

تـۆ یووسفی ئـەو حوسنی لـەسەر میسری جیهانی

من پیرم و فـانی

لـەم کـولبەیی ئـەحزانـە نەزیندووم و نـــــەمردووم

هـەروا بــە تـەمـاتم

(نالی -ل ٢٦٥)

گـر استغنای بی پایان نبودی

حـدیث کلبەء احزان شـنودی

پسررا چاه و زندان است اینجا

پدر را بیت الاحزان است اینجا

(الهی نامه، فؤاد روحانی -ص ٥١)

واتە: دەنگوباسی کولبەی ئەحزانت بیستووە، ئەگەر توانا و سەبر و بێنیازی یەکجار زۆر نەبووایە، لەم لاوە کوڕ و بیر و زیندانە و لەم لایشەوە باوك و (بیت و الاحزان)ە...

یوسف گمگشته باز آید بەکنعان غم مخور

کلبەء احزان شود روزی گلستان غم مخور

(حافظ، هروی –ج۲، ص ۱۰۵۷)

واتە: یووسفی گوم بوو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ کەنعان، غەم مەخۆ، ماڵی بچووك و تاریك و تەنگی غەمەکان ڕۆژێ دەبێ بە باغێکی پڕ لە گوڵ، غەم مەخۆ.

این کە پیرانە سرم صحبت یوسف بنواخت

اجر صبریست کە در کلبەء احـــزان کردم

(حافظ، هروی، ج۲ –ص ۱۳۲۲)

واتە: ئەوەی کە بووە هۆی ئەوە کە بە پیری بە دیداری یووسف دڵم شادبێت، پاداش و چاکە دانەوەی ئەو سەبرەیە کە لە کولبەی ئەحزاندا کردم.

شبی بە کلبەء احزان عاشقان آئی

دمی انیس دل ســـوگوار من باشی

(حافظ، هروی، ج۳، ص ۱۸۵٦)

واتە: شەوێ بێ بۆ کووختەی عاشقەکان کە وەکو کولبەی ئەحزان شوێنی غەم و خەفەتە و، دەمێ لەگەڵ دڵی تەعزیەداری مندا هاودەم بە.

**کولبەی دڵ:** مەبەست دڵی تەنگە، دڵی پەرێشان.

کولبە:⟵

هەر شەو کە ماهتابی ڕوخت دەکەوێ لە دوور

کولبـەی دڵم لـــە تیرەگییا پڕ دەبـێ لـــە نوور

(سالم –ل ٦٤)

حـاسڵ لە یەکێکا بـە پەشیمانییە دوو مــەیل

جێی نابێ لە کولبەی دڵما خەڵوەتی دوو ڕوو

(سالم –ل ۱۱۵)

**کولخەن:** گوڵخەن. توونی حەمام.

کولخان: گولخەن، توونی حەمام. (فەرهەنگی ابراهیم پوور)

کوڵ + خەن.

کوڵ: گوڵ، گول، واتە پشکۆ، ئاگر.

خەن: خان. پاشگرە، هەروەها بە واتای شوێن و خانە.

ئەم ئەرزە مەزرەعەیی عەمەلە و کولخەنی ئەمەل

هەندێ بووە بە مەسجید و هەندێ بە مەزبەلە

(نالی –ل ٤٦٧)

**کوم:** کُم. ع. قۆڵی جببە و کەوا و کراسە و کۆیەکەی (اکمام) و (کمّە)یە.

ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە

ئەو ڕیشە بە سەر دارەوە ڕیسێکی بووزانە

(نالی –ل ٤٧٩)

**کونجی فەقر:** گۆشەی هەژاری، گۆشەی نیازمەند بوون بەخوا.

فەقر: فقر. ع. لە زاراوەی سۆفیگەریدا، نیازمەندیی بەندەیە بە خوای خۆی، ئەمە یەکێکە لە سیفەتەکانی بەندە، کە بەرامبەر بە خوا هەژار و فەقیرە و خوایش دەوڵەمەند و بە دەسەڵات و بێنیازە لە هەموو شتێ.

تاکی کونجی فەقر و گەنجی عاشقیت بۆ دەست بدات

قەت تەماعی عیلمی جەبر و کیمیا و ئیکسیر مەکە

(کوردی –ل ٤٩)

**کوند:** کوندە بەبوو، بووم، باڵندەیەکە بە زۆری بە شەودا دەردەکەوێ ناسراوە بە شوومی.

بێ زمان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێدەفکرم

عەنکەبووت خواجەنشین و جووتێ کوندن دیدەبان

(کوردی –ل ٣٣)

**کوهەن زەخم:** زەخمی کوهەن، زامی کۆن، برینی کۆن. کوهەن: کۆن. زەخم: زام، برین.

لەبی تەشنەی کوهەن زەخمم بە خوێنی تازەگی تەڕبێ
حەیا بۆ ماهی مەستوورم کە دەستووری نەزەر نادا
(سالم –ل ١٧)

**کوهنە:** کۆنە، کۆن.

ئەبەد نادەم بە خیرقەی پادشاهی
پەلاسی خەز لیباسی کوهنەیی ڕەند
(سالم –ل ٥٦)

**کوێرە موختار:** مەبەست ئەو کەسەیە کە نەزانە لە هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندندا.

ئەتۆش تەقلیدی زوڵفی یار دەکەی وە دیارە ئەی عەقرەب
حەیا هەروا لە چاودا چی بڵێی ئەی کوێرە موختار
(کوردی –ل ٥٦)

**کوو:** کۆ، کۆی، کووی، گەڕەك.

ڕێی حەریمی حەرەمی عیشقی نییە سپڵەیی دز
پاسەبانی سەری ئەم کوویە جەوان مەردانن
(سالم –ل ٩٤)

وێڵ و فیراری عیشقی تۆم شەهر بە شەهر سوو بە سوو
پشتە بە پشتە تەل بە تەل دەشت بە دەشت کوو بە کوو
(سالم –ل ١١٢)

بەسی دوون هیمەتە گەر ئارەزووی ئەو ڕەنگی شاهی کا
هەتا سەرگەشتە سالم ئوفتادەی سایەیی کووتە
(سالم –ل ١٢٢)

**کووچە:** کۆڵان، ڕێگەی باریك، توولە ڕێ و ڕێگەی باریك لە شار و دێدا.

کوو: ←

چە: پاشگری بچووك کردنەوەیە.

نالی که سەدری مەسنەدی تەمکینی تەکیە بوو
بۆ تۆ بووە بە دەربەدەری کــووچە و و سوقاق
(نالی –ل ٢٥١)

دا کووچە کووچە خۆڵی بەسەردا بکا بە چنگ
لەو خاکە ئەفخەرە کە هەموو تاج و ئــەفسەرە
(نالی –ل ٤٢١)

کووچە کووچە خوون چەکەی پەیکانی موژگانی گوڵم
بـۆ شـــەهیدیی شــــاهیدە دائیم کــە خوێنم جـــارییە
(نالی –ل ٥٨٤)

داستانی عیشقی من فاشە لە هەر کووچە و سوقاق
عەقڵی دێوانەم لە پاش ئــەم حــاڵە سرِ پۆشی دەکا
(سالم –ل ٣٢)

**کوورەیی شیشە:** مەبەست ناخ و دەروونی ناسکی سووتاوە.

کوورەیی شیشە پڕە بۆ دڵی سەختم عیشقت
لە تەفی جۆششی ئەم ئاگرەدا مۆمە حەجەر
(سالم –ل ٦٥)

**کووسی نادری لێدان** = مەبەست: جارِدانی ناوبانگ پەیدا کردنە، ناوبانگی زۆر پەیدا کردن.

کووس: تەپڵی گەورە، نەقارەی گەورە.

نادر: مەبەست نادرشای ئەفشارە، کە لە ساڵی ١١٠٠ك. لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٦٠ك. مردووە، لە ساڵانی ١١٤٨ –١١٦٠ك. شای ئێران بووە، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەفشارییە. ناوی نەدر قولی یان نادر قولی بووە، فیتنەی ئەفغانی لە ئێراندا دامرکاندەوە، لە ساڵی ١١٤٣ك. عوسمانییەکانی لە ئازەربایجان و هەمەدان دەرکرد، قەفقازیا و داغستانی گرت، شا تەهماسبی لە سەر تەخت لابرد و لە ساڵی ١١٤٨ك. خۆی کرد بە شا، لە ساڵانی ١١٥١ –١١٥٢ك. هیندستانی داگیر کرد، سەرەنجام لە ساڵی ١١٦٠ك. کوژرا. (معین)

چونکە هاوچەشنت لە ئیقلیمی مەلاحەتدا نییە
ساوەکو خوسرەو هەمیشە لێدە کووسی نـادری
(کوردی –ل ٥٤)

**کوو کوو زەنان:** کوو کوو کردن، بە دەم ئاوازی کوو کووەوە.

کوو کوو: جۆرە باڵندەیەکە وەکو کۆتر وایە، بۆیە ناو نراوە کوو کوو، چونکە کە دەخوێنێ دەڵێ: کوو کوو.

زەنان: زەن + ان.

زەن: ڕەگی چاوگی زەدەن (= زدن)ی ف. یە. واتە لێدان، بەڵام لێرەدا بە واتایکردن هاتووە.

ان: پاشگرە.

بێ زەمان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێدەفکرم
عەنکەبووت خواجەنشین و جووتی کوندن دیدەبان
(کوردی –ل ٣٣)

**کۆدەك:** کوودەك. منداڵ، کوڕ و کچ کە هێشتا لە خوار تەمەنی ١٢ –١٣ ساڵیدابن.

خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن
بابێن و لـە نالی ببیەن شیعری سـەلـیقی
(نالی –ل ٦٥٧)

**کۆتاهی کردن:** کەمی و کورتی کردن.

کۆتاهی: کورتی.

تابەکەی لەم کارە کۆهتایی دەکەی
ئەی تەبیبی دەردی کاریی مەرهەمێ
(سالم –ل ١٤٨)

**کۆزی دوودمان:** مەبەست شوێن و جێگەی خێزان و بنەماڵە و هۆزە.

کۆز: شوێنی مۆڵبوونی مەڕ و بزن، کە بە دیواری نزم یان تەیمان دەورە درابێت.

هەروەها بە لەوەڕگا و هەوارگەیش دەوترێ.

دوودمان: خێزان، خانەدان، بنەماڵە، تیرە و هۆز.

سەرفی نەقدی ڕۆحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون
بەچکە گورگ ئاسا لە ئاخر چـــوونە کۆزی دوودمـــان
(سالم –ل ٩٩)

**کۆکنار:** کووکنار، خەشخاش. ڕووەکێکە نزیکەی میترێك بڵند دەبێتەوە، بەرەکەی خڕەو شیرەیەکی لێ دەگیرێت و لەمە تریاك دروست دەکرێت.

ئیبتیدا دایەی ئەزەل تەنخواهی شیر
دای بە تیفلی تالیعی من کۆکــنـــار
(سالم –ل ٦٠)

**کۆگا:** شوێنێ کە شتومەك و کەلوپەلی تێدا دادەنرێت، یان تێدا کۆ کرابێتەوە.

میزماری شەهسەواریی تۆیە کە سەف سەفە
کۆگایی حـــاســیلاتە بــەیدایی بــەیــدەرە
(نالی –ل ٤٤٧)

**کۆڵ بە دۆش:** مەبەست ئاوارە و دەربەدەر.

دۆش: دووش، شان، ئەم وشەیە لە وشەی لێکدراوی (قەڵا دۆشکان = قەڵا دووشکان)دا دەردەکەوێ، واتە سەر شانەکان.

کۆڵ بە دۆش و خەرقە پۆش بن تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن
ڕووکەنە ئەفلاکی بەدخوو بــچنە شاری خـــامـــۆشان
(کوردی –ل ٣٣)

**کۆمەڵی لولووی ئەشك:** مەبەست فرمێسکی زۆرە.

لە پایا کۆمەڵی لولوویی ئەشك ئەر تا کەمەر بێنم
ڕەهی دەستی خەیاڵیشم بە قەدیا وەك کەمەر ناگا
(سالم –ل ١٧)

**کۆهـ** = کووهـ: چیا، شاخ، کێو.

سوروشکی من کە لێڵاوە غوباری کۆهـ و هاموونە
وەرە سـەرچاوەکەم بنوارە وەك ئـاوێنە ڕوونـە
(نالی –ل ٥٢٠)

**کۆهکەن:** کووهکەن. کۆکەن. واتە: کێو هەڵکەن، چیا هەڵکەن. مەبەست فەرهادە، کە قارەمانی ناسراوی داستانی خوسرەو و شیرینە، کە زۆر شەیدای شیرین بوو، بەڵام بە ئارەزووی خۆی نەگەیشت. دوای ئەوەی کەوا کێوی بێستوونی لە پێناو شیریندا هەڵکەند.

زۆر نییە سـالمـی بێچارە ئـەگەر کۆهکەن
دولبەری هەروەکو شیرینی زەمانە بە عومەر
(سالم –ل ٧٠)

درێغی بوو لە شیرین کۆهکەنی جان
دەبوو بیکاتە پایەندازی شـەو دێـز
(سالم –ل ٧٢)

ئەشکی گوڵگوون ڕەونەقی هێنا مویارەك کووهکەن
سواری شیرینت لە خانەی زینی گوڵگوون هـاتەوە
(سالم –ل ١٣٢)

دامتەراشیوە بە ناخون لە غەمت سینەیی ڕیش
شوهرەتی کۆهکەن و وەسفی دەمـی تیشە نییە
(سالم –ل ١٣٦)

حەسرەتی نـاو [ێ] ئەگەر کوهکەنی بیمارم
دلبەرم هەروەکو شیرینی زەمـانە بـە عومەر
(کوردی –ل ١٦)

حافز دەڵێ:

١-زحسرت لـب شيرين هنوز مـی بينـم
که لاله می دمد از خون ديدهء فـرهـاد
٢-من همـان روز ز فرهـاد طمـع ببريدم
که عنان دل شيدا بـه لـب شيرين داد
٣-يارب اندر دل آن خسر و شيرين انداز
که به رحمت گذری بر سر فرهـاد کند

واته:

١-ئيستايش لەبەر داغ و غەمی لێوی شيرين، دەبينم کە گوڵاڵە دەڕوێ لە خوێنی چاوی فەرهـاد.

٢-من لەو ڕۆژەوە وازم لە فەرهـاد هێنا، کە جڵەوی دڵە شەيداکەی دا بە لێوی شيرين.

٣-خوايە ئەوە بخەرە دڵی خوسرەوی شيرينەوە، کە بە بەزەييەوە بەلای فەرهـاددا تێپەڕێ.

فەرهـاد لە ئەنجامی عيشقی شيريندا بوو بە ڕەقيبی خوسرەو، خوسرەويش بەڵێنی دا، کە ئەگەر فەرهـاد کێوی بێستوون هەڵکەنێ، ئەوا واز لە شيرين دەهێنێ بۆ ئەو، فـەرهـاد بـەو ئـومـێدەی کـە بـە شيرين بگـات، خۆی خـەريك دەکـات بـە هـەڵکەندنی چياکەوە، هەرلەبەر ئەمەبوو کە فەرهـاد بە (کۆهکەن = کووهکەن) بەناوبانگە و پاچەکەيشی ناسراوە بە (پاچی فەرهـاد). لە وەرگێڕانی مێژووی تەبەريدا لە بارەی شيرينەوە نووسراوە «... وە ئەم شيرينە ئەوەبوو کە فەرهـاد شەيدای بوو و، لەبەر شيرين کێوی بێستوونی هەڵکەند و هەر پارچەيەك کە فـەرهـاد لـەو کـێوەی دەکـردەوە بـە دە پـيـاو، بـەڵکو بـە سەد پـيـاو هـەڵـنـەدەگيراو ئەمڕۆيش هەروايە.»

هەروەهـا لە «مجمل التواريخ والقصص»دا هـاتووە: «... وەشيرين تـا دنيا مـاوە، شۆخ و شەنگێکی وا نەبووە و فەرهـادی سەرلەشکر عـاشقی بووە و ئەو کارانەی کرد لەسەر بێستوون کە شوێنەوارەکەی ديـارە.»

لە خوسرەو شيريندا هـاتووە.

١- کەمارا هست کوهی بر گذر گاه

که مشکل می توانکردن بدو راه

٢-مـــیان کـــوه راهـــی کند بـــاید

چـــنانك آمد شـــد مارا بـــشاید

واتە:

١-کێوێك لە سەر ڕێگەماندایە، کە تێپەڕ بوون تیایدا سەختە.

٢-دەبێ لەناو کێوەکەدا ڕێگەیەك هەڵکەندرێ بەشێوەیەك کە هاتوچۆی پیادا بکرێ.

فەرهاد وەڵامی دایەوە:

جوابش داد مـــــــرد آهنین چنگ

که بردارم ز راه خسرو این سنگ

واتە: پیاوی چنگ ئاسنین وەڵامی دایەوە و وتی: ئەم بەردە لە سەر ڕێی خوسرەو هەڵدەگرم.

خوسرەو وتی:

به گرمی گفت کاری شرط کردم

وگر زین شرط برگردم نـــەمردم

واتە: بەگەرمی وتی: بۆ کارێ مەرجم دانا، ئەگەر لەم مەرجە پاشگەز ببمەوە پیاونیم.

دوای ئەوە دەڵێ:

به کوهی کرد خـسر و رهـــنمونش

که خواند هرکس اکنون بیستونش

واتـە: خـوسرەو کـێوێکـی پـیشانـی ئـەو دا، کـە ئـێستـا هــەموو کـەسێ پێی دەڵێن بێستوون.

بەگرد عالم از فـرهـاد رنجـور

حدیث کوه کندن گشت مشهور

(خسرو شیرین -ل ٢٤٨)

واتـە: لـە بـارەی فـەرهـادی ڕەنجەڕۆوە قسە و دەنـگـوبـاسی کـێو هـەڵـکـەنـدن ناوبانگی دەرکرد.

شهره شهر مشو تاننهم سر در کوه

شور شيرين منما تانكنى فرهادم

(حافظ-٢١٥)

واتە: ناوبانگت لە ناو شار بڵاو مەکەرەوە، تا سەری خۆم هەڵنەگرم و نەدەمە کێو، گەرمی و جۆشی شیرین پێشان مەدە، تا نەمکەیت بە فەرهاد.

سەرەنجام خوسرەو بۆ لەناوبردنی فەرهاد فێڵێکی دۆزییەوە و پیرە ژنێکی ڕاسپارد تا بە درۆوە هەواڵی مردنی شیرین بگەیەنێت بە فەرهاد و فەرهادیش هەر ئەوەندەی کە ئەم دەنگو باسەی بیست خۆی لە چیاکە فڕێ دەداتە خوارەوە و دەمرێ.

وز آن دنبه كه آمـد پيه پـــرورد

چەكرد آن پيرزن با آن جوانمرد

(خسرو شيرين -٢٣٧)

واتە: لەو دووگەی کە پییو پەروەردە کرا (مەبەست ئەوەیە کە ئەو درۆ و فڕو فێڵەی ئەنجام درا) ئەم پیرەژنە چی کرد بەو جەوامێرە.

چو فرهاد از جهان بيرون به تلخى مى رود سعدى

وليكن شور شيرينيش بماند تـــا جـــهان بــــاشـــد

(سعدى، بدايع -٧١٩)

واتە: ئەی سەعدی، کاتێ کە فەرهاد ئەم جیهانە بە تاڵی بەجێ دەهێڵێت، بەڵام تین و جۆشە شیرینەکەی تا جیهان مابێت دەمێنێتەوە.

گر چو فرهادم به تلخى جان بر آيد باك نيست

بس حكايتهاى شيرين بـــاز مـــى مـــاند ز من

(حافظ)

واتە: ئەگەر وەکو فەرهاد گیانم بە تاڵی دەربچێ، من ترسی ئەوەم نییە، چونکە

گەلێ چیرۆکی شیرین لە بارەی منەوە دەمێنێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وشەی فەرهاد لە: (تلمیحات)دا.

**کۆهی گەردوون:** کووهی گەردوون، بەرزایی ئاسمان، بڵندی ئاسمان.

کۆهـ: ———◄کوهـ = کووهـ.

گەردوون: ئاسمان، چەرخ، هەرشتێ کە بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە.

سەرچناری چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەڵقوڵێ

مەوجی گەردابی دەگاتە کۆهی گەردوون عاقیبەت

(سالم –ل ٥٣)

**کۆی** = کووی: گەڕەك.

وەك ئاهەکەم دەوران بە هەتا کۆیی یار

وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی شیوە سوور

(نالی –ل ١٧٨)

لە زوڵمی چەرخی دوون پەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ

بە ڕاهی کۆیی دوونانا لە هە سوو کاسە گەردانن

(سالم –ل ١٥)

ئەگەر مەیلت لە دڵ دەرکەم غەریبی کۆیی دلبەریم

ئەگەر ساتێ لە یادم چی هیلاکی ژەهری ئەژدەر بم

(کوردی –ل ٢٢)

نەسیمی کۆیی تۆ خاتر دەکا جەم

بەبۆی تورەی پەشێوی پا نیاتان

(کوردی –ل ٣٥)

**گیزلیك:** گیزلیك. کێردی بچووك و قەڵەم تەراشێ کە نووکەکەی خواربێت، نووکی تیژ و خەنجەری کەچ، یان چەماوە و خوار. (معین)

وەفا داغی نەکا گەر دڵ بە کیژلیك چاکە لەت لەت بێ
زەبـانی پێوەدا عـــەقرەب کـــەسێ میهری زبـانیی بـێ
(سالم –ل ١٤١)

**کیسرا:** ←——— خوسرەو.

شەقاوەت بوو بە دوود و داخیلی کـــوورەی زەلالەت بــوو
ئەمارەت خوسرەوی خوسرەو کەسری کیسرا شەققینەیوانە
(نالی –ل ٥٠٧)

**کیشتی ئومێد هاتنە سەبزی:** مەبەست بە هیوا و ئارەزوو گەیشتنە.

کیشت: کشت، کشتوکاڵ.

درێغا کیشتی ئـــومێدم کـــە دێتە حاڵەتی سەبزی
ڕەقیبی سەگ سیفەت حازر دەبێ یەعنی بەرازێکم
(سالم –ل ٨٧)

**کیلك:** قەڵەم، خامە، قەڵەمی قامیش، هەروەها بە واتای تیریش هاتووە.

تا تـەرەددودمـە لە سـەر سـەفـحـەی دونیـا لە غەمت
بـەس کەشاکەش لە کەدەرمایەوە وەك کیلکی دەبـیر
(سالم –ل ٦٨)

**کیمیا:** کراو بە عەرەبی Xexeīa ی یۆنانییە، واتە تێکەڵ و پێکەڵ کردن.

یەکێکە لە زانستە شاراوەکان و یەکێکە لە پێنج زانستە داپۆشراوەکەی پێشینیان و ئەمەیش پیشەیەکە، کە باوەڕ وابوو بەهۆی ئەمەوە تەنە ناتەواوەکان دەگەنە پلەی تەواوی و کۆکی، بۆ نموونە قەڵایی و مس دەگۆڕدرێن بە زیو و ئاڵتوون... (معین)

تـاکی کونجی فەقرو گەنجی عـاشقیت بۆ دەست بدا
قەت تەمـاعی عیلمی جەبر و کیمیـا و ئەکسیر مەکە
(کوردی –ل ٤٩)

# گ

**گا باری کا ئاوەر:** ئەوەی کە باری کا بە پشتی گا دەهێنێ.

ئاوەر: ڕەگی چاوگی ئاوەردەن (= آوردن)ی ف. یە. واتە: هاوردن، هێنان.

قەدیم تەن پەروەری نازن بە بازارا غوبار ئالوود
ئەگەر گا باری کا ئاوەر وەگەر هێزم فرۆشانن

(سالم –ل ١٠٤)

**گازنی بوڕان:** کازنی تیژ، ئەو گازنەی کە بە ئاسانی و باشی چەرم ببڕێ.

گازن: ئامرازێکی دەم پانی تیژە و مشتۆی هەیە و پینەچی و زین دروو بۆ بڕینی چەرم بەکاری دەهێنن.

بوڕان: بوڕ + ان.

ان: پاشگرە.

بوڕ: ڕەگی چاوگی بوریدەن (= بریدن)ی ف. یە. واتە: بڕین.

نووکی قەڵەمم تیژە وەك نووکی درەوشی تۆ
سووهان زەدییە فیکرم وەك گازنی بوڕانت

(سالم –ل ٥١)

**گاگەل چەرێن:** گاگەل لەوەڕێن. گاوان.

چەرێن: لەوەڕێن. وشەکە دوو بەشە: چەر + ێن.

چەر: ڕەگی چاوگی چەریدەن (= چریدن)ی ف. یە. واتە: لەوەڕان، گژوگیا و ئالف خواردنی چوارپێیان. ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا لە وشەی (شەوچەرە)دا، بەکاردێت، واتە ئەوەی کە لە شەودا دوای نان خواردن دەخورێت وەك: گوێز، مێوژ، برێشکە... هتد.

ێن: پاشگرە.

ئەوانەی بەر شکستی ئیلتیزامی حاسڵی ڕۆمن
لە تاو بێنەو نییە گاگەل چەرێنی میری جافانن
(سالم –ل ١٠٤)

**گام**: هەنگاو.

دەکا یادت بە پەنهان بۆ دڵم هەردەم جەفا زاهیر
لە هەرگامێ بە سەیلی میحنەتت بۆ من قەزا زاهیر
(سالم –ل ٦٩)

**گاو**: گا.

من شێرم و تۆش گاوی شەڕاری و ناترسی
جەستەن کەم و بشکێنم وەك نەی هەموو ئیسقانت
(سالم –ل ٥٠)

باری دڵ گەر هەڵگرێ دەشکێ بە تەنیا گەردەنم
حامیلی ناکا سەمەك هەمدووشی وەك گاوی نەبێ
(سالم –ل ١٣٨)

**گاوی زەمین**: گاوی ثری. ئەفسانەیەکی باوە لە ناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، کە بەم جۆرە باسی لێوە کراوە: گایەکە، کە زەوی وا لەسەر پشتی و ئەو گایەیش وا لەسەر پشتی ماسی. (غیاث)

لە سیحەی هاتە لەرزش قەلبی گاوی ژێر زەمین ئەمشەو
دڵی کەیوان لە ئاهی من لە هەفتەم ئاسمان سووتا
(سالم –ل ٢٧)

**گاه گاهێ:** جاره نا جارێ، هەندێ جار.

جوز گاهـ گاهێ ناهـ و ناڵه له ئەییامی ڕۆمییان
نەمدیوه وا ببێ له عەدالەت لـەبـی بـەشـەر
(سالم -دیوانی نالی -ل ٢٠٠)

**گاهی دەو:** مەبەست کاتی توندوتیژی و تووڕەییه.

گاهـ: جار، کات.

دەو: ⟵ دەوان.

کەی بە سالم دەردەچێ سالم لەبەر تیری نەزەر
دیدەیی چاوت دەپێکی تورکی چاوت گاهی دەو
(سالم -ل ١١٧)

**گاهی ڕووتی:** مەبەست کاتی هەژاری و دەست کورتی و بێ دەسەڵاتییه.

گاهـ: کات.

گاهی ڕووتی موشتەری ڕووتم بە جان
خۆشـە بۆ ڕووتی گەدا ڕۆژی هەتاو
(سالم -ل ١٠٨)

**گاهی نەزەر:** کاتی سەیر کردن، کاتی تەماشا کردن.

بە حەقیقەت سەنەما دیدەتە ئوستادی هونەر
بۆ نگینی جیگەر ئەڵماسە موژەت گاهی نەزەر
(سالم -ل ٦٥)

**گاهێ:** جارێ، کاتێ، هەندێ جار.

زوڵفانی سییەهـ ماری بە ئازاری دڵی زار
گاهێ لە یەسارن بەجەفا گەهـ لە یەمینن
(نالی -ل ٣٣٩)

دیده نابینێ کەسێ گاهی تەماشا جوز تۆ
نیگەرانت نییەتی خەوفی لە تەعنەی دیگەران
(سالم –ل ٩٠)

بەرگی ڕووتی بـــە هەزار خەرقەیی شـــــادی نادەم
چونکە مەحبوویە بەناز پێم دەڵێ گاهێ مچە ڕووت
(کوردی –ل ١٤)

**گەبر:** ١–کافر، بێدین، بت پەرست.

بپرید سیمرغ و برشد بـــابر
همی حلقه زد برسر مرد گبر
(شاهنامه –«معین»)

واتە: سیمورغ فڕی و بەرەو هەور بەرز بووەوە، لە سەر پیاوێکی گاور (= گەبر) دەسووڕایەوە.

٢–زەردەشتی: زەرتوشتی، مەجووس.

تو مرد دینی و این رسم گبرانست
روا نداری بر دین گبرکـــــان رفتن
(عنصری –«معین»)

واتە: تۆ پیاوی ئاینیت و، ئەم داب و نەریتە، داب و نەریتی گاورەکانە، بەڕەوای نازانی چوونە سەر ئاینی گەوران.

هەروەها (گەور)یشی پێدەڵێن، لە (تفسیر ابو الفتوح. چا ١٠، ج ٢: ٣٦)دا، دەڵێ: بـەڵام جـوولـەکـە و مـەسیـحـی و گـاورەکـان (= گـەورەکـان)، یـان دەبـێ ببن بـە موسوڵمان، یان دەبێ جزیە بدەن. جزیە: کراو بە عەرەبی (گزیت)ەو ئەو شتومەك یان پارەیە کە ئەهلی کیتاب، هەرساڵە دەیدەن بە دەوڵەتی ئیسلامی. (معین)

وشەی (گاور)ی کوردی لە گەڵ (گەبر) یان (گەور)دا، هاو ڕیشەیە.

کەمەندی زوڵفی دوو لانە لە بـۆ گەبر و موسوڵمانە
دەکـێشێ بێ موحابـانە چ لـەم لابێ چ لـــەو لابێ
(نالی –ل ٦٠٢)

فـەرەنگ و داسـنی و ئەرمـەنی و جـوو

نوسەیری و دەیلەمی و گەبری بەدخوو

(سالم –ل ١١٦)

**گەپ:** قسە، وتە، قسەی لاف و گەزاف و خۆ هەڵکێشان، قسەی بێکەڵك و درێژ دادڕی، قسەی هیچ و پووچ.

نالی حەریفی کەس نییە ئیلف و ئەلیفی کەس نییە

بەیتی ڕەدیفی کەس نییە هەرزە نویسە گــەپ دەکا

(نالی –ل ١٠٠)

خـانەقـاش هـەروەکو مەیخـانە کە هـەر ئاوابێ

مـەجلسێکی هـەیە ئەمما گـەپ و گۆیەندی نییە

(نالی –ل ٥٩٤)

تاکی از تو گپ و این لاف بود؟

چون توکی همسر خفاف بود؟

(خفاف –«معین»)

واتە: تاکەی تۆ قسەی بێهوودە دەکەیت و خۆت هەڵدەکێشی، یەکێکی وەکو تۆ کەی دەتوانێ ببێ بە هاوسەری خەفاف.

هرکجـا زلف ایازی دید خـواهی در جیهـان

عشق بر محمود بینی گپ زدن بـر عنصری

(سنایی، دیوان –«عفیفی»)

واتە: لە هـەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا کە زوڵفی جوانی وەك زوڵفی ئەیاز (= هەیاس) دەبینی، دڵداریش لە سوڵتان مەحموودی غەزنەوییەوە دەبینی و قسەی هیچ و درۆ و دەلەسەیش لە عونسوری شاعیرەوە دەبینی، (کە بەشان و باهووی سوڵتان مەحمووددا هەڵدەدات)

**گەدا:** سواڵکەر، ئەو کەسەی کە (پارە، خواردن، جلوبەرگ) لەبەر دەستکورتی داوا بکات، دەرۆزەگەر، ئەم وشەیە کوردییە و هەر لە کۆنەوە چۆتە زمانی فارسییەوە، بۆ

نموونە پتر لە حەوت سەدە و نیو شێخی سەعدی لە گولستاندا بەکاری هێناوە، وەکو دەڵێ: (گفت این گدای شوخ مبذررا... برانید) -گلستان، فروغی، ٢٧. (معین)
واتە: وتی ئەم سواڵکەرە بێ ئابڕووە دەست بڵاوە... دەربکەن.

شەمعی مەیخانە فتیلەی نەبوو تا دوێنێ شوکور
شێخی خۆمان بە شەراب دەلقی گەدایی دەفرۆت
(کوردی -ل ١٤)

گەدایی کۆیی جانانە بە شاهی عالەمێ نادەم
گەدایی خۆشترە بۆ من لە شاهی گەر موخەیەریم
(کوردی - ل ٢٣)

گەر بزانی جەوری حاڵی ئیحتیاج
دەستی ڕوو نانێیتە بەر سینەی گەدا
(سالم - ل ٢٥)

**گەدا پەروەر:** ئەوەی کە یارمەتی هەژاران و دەست کورتان دەدات و بەرامبەریان دڵ نەرمە.
گەدا: ←———

بە ئەحواڵی ملووکانی گەدا پەروەر دڵم سووتا
لە بابانا ئەمێستە موستەحەققی خێر و ئیحسانن
(سالم - ل ١٠٦)

**گەدا ڕەنگ:** وەك سواڵکەر، بەڕواڵەت سواڵکەر.
گەدا: ←———

ئەگەرچی زاهیرەن مسکین و دەروێش و گەدا ڕەنگم
لە غەزنەی خاترا مەحموودی گێسوویی ئەیازێکم
(سالم - ل ٨٧)

**گەرداب:** ———←گەرداو.

سەرچناری چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەڵقوڵێ

مەوجی گەردابی دەگاتە کۆهی گەردوون عاقیبەت

(سالم - ل ٥٣)

**گەرداو:** گەرداب. گێژاو، شوێنێك لە ناو ڕووبار، یان لە ناو دەریادا، کە ئاوی تێدا دەسووڕێتەوە و بەرەو ناوەوە دەچێ، ئەم شوێنە ترسناکە بۆ مەلەوان و کەشتی.

ڕەواجی سیکەیی ساحیبقرانی موڵك و میللەت بووم

ئەمێستا وێڵ و سەرگەردانی گەرداوی عەوامێکم

(کوردی - ل ٣٢)

**گەردش:** جووڵەو سووڕانەوە، سووڕانەوەی کەسێ یان شتێ بە دەوری خۆیدا، ڕۆیشتن بۆ شوێنێ بۆ پیاسەکردن، گوڕینێ بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە، وەکو، دەڵێن: گەردشی ڕۆژگار، گەردشی گەردوون.

گەرد: ڕەگی چاوگی گەشتەن و گەردیدەن (= گشتن و گردیدن)ی ف. یە. واتە: گەڕان، سووڕانەوە، چەرخاندن.

ش: پاشگرە و ڕەگ دەکات بە ناو.

سەماعە گەردشی عیشقە حەقیقەت

لە سۆفیی و ڕەقسی تەقلیدی نەما باس

(نالی - ل ٢٣٣)

ساقی قەدەحی گەردشی گەردوون دەشکێنێ

باریی کە دەبێ موعتەقیدی گەردشی ئەو بە

(نالی - ل ٣٩١)

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە

گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە

(نالی - ل ٤٦١)

تەزەروی دڵ دەخوازێ بازی چاوت

کە گەردش کا لە تەیرانی شکارا

(سالم - ل ٢٥)

دڵ قەفای خوارد و شکا کردیە نیشانەی قیرقاج

گەردشی تیری نیگاهت لــە قەفا میسلی قـەجـەر

(سالم – ل ٦٥)

**گەردشی مینا:** سووڕانەوەی ئاسمان، سووڕانەوەی چەرخی گەردوون، دەور و زەمانە کە هەمیشە لە گەڕدایە، چارەنووس. هەروەها بە واتای گێڕان و دابەشکردنی پێك و جامی مەی هاتووە.

گەردش:⟵

مینا: لە ئەڤیستادا. Minu ،Minav. مجەوهەرات و ئارایشی گەردن. لیکێکی شووشەییە بۆ نەخش و نیگار بەکاردێت لەسەر فلز و کاشی. هەروەها مینا واتە شووشەی شەراب، مینای چەرخ: واتە ئاسمانی شین. (معین)

لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە نـەجـەورە

ساقیی کەرەمی سایقە نـالی مەکە ئیلحاح

(نالی – ل ١٦٧)

**گەردن کەچ:** مل کەچ، سەرشۆڕ، شەرمەزار.

ئیستادەو خەجاڵەت گـەردن کـەچ و تـەریقم

جانا بە چاوی توندی مەڕوانە شەرمەساران

(سالم – ل ٩٣)

**گەردوون:** مەبەست ڕۆژگار و دەور و زەمانەیە.

چەرخ، هەر شتێ بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، هەروەها بە واتای ئاسمانیش هاتووە.

مەڵێن گەردوونە ڕەنگ ڕێژی موسیبەت

(گـــنـــە اول ز حـــوا بــود و آدم)

(سالم – ل ٨٣)

**گەرمابە:** کورتکراوەی گەرم ئابە، واتە: گەرماو، حەمام. وشەکە سێ بەشە: گەرم + اب + ە.

آب = ئاب: ئاو.

ه = پاشگره.

شێخم وەرە دەر فەسلی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەیپامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!
(نالی – ل ٤٧٩)

**گەرم جەستەن:** مەبەست ئامادە بوونە بۆ ڕاپەڕاندنی کارێ بە خێرایی.

جەستەن: (= جستن)ی ف. یە. واتە: ڕاپەڕین، هەڵسان و دەرپەڕین، بازدان، ئازاد بوون.

کە نالی تەوسەنی تەبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو
بە چەوگانی خیرەد گۆی دانشی دەرکرد لە مەیدانا
(سالم – ل ٣٥)

**گەرمڕەو:** کەسێ کە بە توندی و خێرایی بڕوات.

گەرم + ڕەو.

گەرم: مەبەست توندی و خێراییە.

ڕەو: ڕەگی چاوگی ڕەفتەن (= رفتن)ی ف. یە. واتە ڕۆیشتن.

تا گەرمڕەوی ڕێگەیی زوڵماتی بەقابێ
(ماء الخضر)ت قەترە لەسەر قەترە فیدابێ
(نالی – ل ٦٢٦)

**گەڕان بە تەرەف تۆوە:** گەڕان بەدوای تۆدا، گەڕان بە شوێن تۆدا، گەڕان بەرەو تۆ.

شێوەیی ئەبرۆیی تاقت هەمە جا دێتە نەزەر
دەگەڕێ دڵ بە تەرەف تۆوە وەکو قیبلە نەما
(سالم – ل ٣٤)

**گەز:** گەزۆ.

باریی بە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بەهەم ئاغۆشی نەی شەکەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ١٩٩)

**گەزەند:** زیان، زەرەر.

چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند

لێت موعەییەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا

(نالی – ل ١١٤)

**گەزیدەی مار:** مار گەزیدە، واتە: ماران گاز، ئەوەی کە مار گەزتوویەتی.

گەزیدە: گەستراو، گەزراو، ئەوەی کە گازی لێ گیراوە. وشەکە دوو بەشە: گەزید + ە.

گەزید: چاوگی کرتاوی گەزیدەن (= گزیدن)ی ف. یە. واتە گەستن.

ە: پاشگرەو ئاوەڵناوی بەرکار دروست دەکات.

نێشی حەیی زوڵفی لەیلا ڕاستە مەجنوون کوژ بووە

خۆ گەزیدەی ماری وا قەت نامرێ هەر حەی دەبێ

(سالم – ل ١٤١)

**گەزینی ئەنگوشتی حیرەت:** مەبەست سەر سوڕمان، واق وڕمان، ئەفسووس خواردن، پەشیمانی.

ئەنگوشت: ئەنگوست، پەنجە.

لەناو زوڵفا بە زاری هاتە گوێم ناڵینی دڵ ئەمشەو

گەزیم ئەنگوشتی حیرەت دیم لە کامی ئەژدەهادا بوو

(سالم – ل ١١١)

**گەژدوم:** کەژدوم. دووپشك. لە زمانی پەهلەڤیدا: گەژدوم Gaždum. کەژ + دوم.

گەژ: کەژ، کەچ، کەچ. واتە: خوار، لار، چەماوە.

دوم: کلك.

سەربانی پڕ لە گەژدوم و دیواری پڕ لە مار

کولانی پڕ لە ڕەهزەن و سەحرایی پڕ خەتەر

(سالم – ل ٦٨)

**گەشت:** گەڕان، سەیران.

هەروەها وشەی گەشت لە چاوگی گەشتەن (= گشتن)ی ف. یەوە هاتووە واتە: گەڕان، سەیران، سووڕانەوە، بوون، گەڕانەوە، گۆڕان، لێکۆڵینەوە و بە دوای شتێکدا گەڕان، جەنگ کردن، تێکۆشان، گواستنەوە، گەیشتن.

شێخم و وەرە دەر فەسڵی بەهار و گوڵ و گەشتە
ئەییامی لە گەرمابە خزان وەقتی خەزانە!
(نالی – ل ٤٧٩)

**گەشکەدار:** مەبەست ماندوو، نەخۆش، دەردەدارە.

کەسێ کە تووشی نەخۆشی دەردەکۆپان هاتبێ. (خاڵ)

دەردەکۆپانیش جۆرە نەخۆشییەکە تووشی منداڵ دەبێت.

دەنووم جار جار لە ژێر سایەی چنارا
لە شڵپەی دەنگی گوێچکەی گەشکەدارم
(سالم – ل ٨١)

**گەللە:** مێگەل، مێگەلە مەڕ، ڕەوەی مەڕو بزن، گاگەل.

سەفی پاشانی باب ئوغلی لە دێی کۆستەو دەباشانا
بە دەوری گەللەدا چۆماغ دەرکەف جوملە چۆپانن
(سالم – ل ١٠٣)

**گەلوو:** گەروو، قوڕگ.

نابڕی ئاوی حەیاتیش تینشەگیم
ئاوی تیغی تۆ مەگەر تەڕکا گەلوو
(سالم – ل ١١١)

**گەلوو گیر:** قوڕگ گر، گەروو گر، هەناسەبڕ. مەبەست پیاوی تەماعکار و نالەبارە کە خەڵك بێزی لێ بکاتەوە. (ثروت)

ئەوەی قوڕگ بگرێ و دایبخات، هەناسەبڕ، بێ ئۆقرەو نا ئارامکەر.

١– بە دارا رساند از سکندر جواب
جوابی گلوگیر چون زهر ناب
(نظامی، شرفنامە – عفیفی)

٢-خیالی را که خسرو کرد تحریر
جـوابی بـاز می گفتش گلوگیر
(نظامی، شیرین و خسرو - عفیفی)

واتە: ١-لە ئەسکەندەرەوە، وەڵامی بە دارا گەیاند، وەڵامی قورگ گیری وەك زەهری مار.

٢-ئەو ئەندێشەیەی کە خوسرەو نووسی، وەڵامێکی قورگ گیربوو کە پێی ڕاگەیاند. گەلوو + گیر.

گەلوو: گەروو، قورگ.

گیر: ڕەگی چاوگی گرفتەن (= گرفتن)ی ف. یە. واتە گرتن.

ڕاسـتیی جـەوهـەریـیـە تیغی زوبـانی نــالی
نەرم و توند ئاوی گەلووگیرە قسەی پێ دەبڕێ
(نالی - ل ٦٥٤)

**گەنج:** مەبەست ڕووی جوانی یارە. بەڵام وشەکە خۆی بە واتای خەزنە هاتووە و کراوە بە عەرەبی و بووە بە کەنز (کنز).

سـالم کەسێ بـە سـالم ناگاتە ڕوویی دولبەر
جەمعن بە دەوری گەنجا هەرسوو سیاهـ ماران
(سالم - ل ٩٣)

**گەنج و ئەژدەها:** واتە خەزنە و ئەژدەها. بەڵام مەبەست شتێکە، کە دەست بردن بۆی یان بەدەست هێنانی سەخت و ترسناك بێت.

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سـەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە
مـەحرەمی سـیرە بـەڵێ گـەنجووری گـەنجە ئەژدەها
(نالی - ١٣٠)

ازحلقهء زلف پر شکنجت
در دامن اژدهـاست گنجت
(نظامی، لیلی و مجنون، دکتر زنجانی - ص ١١٩)

واتە: لە هەڵقەی زوڵفی چین لەسەر چین و loolt، خەزنەکەت لە ژێر داوێنی ئەژدەهادایە، لێرەدا مەبەست لە خەزنە، دەموچاوی یارە.

**گەنجوور:** خاوەنی خەزنە، خەزنەدار. وشەکە دوو بەشە:

گەنج + وور.

گەنج: ⟵

وور: پاشگرە بە مەبەستی خاوەن بەکاردێت.

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە

مەحرەمی سیرە بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها

(نالی - ل ١٣٠)

ای جاهل مفلس ار بکوشی

گنجور شوی زعلم گنجور

(ناصر خسرو، دیوان، تفنگدار - ص ٣٠١)

واتە: ئەی نەزانی بێ مایە ئەگەر تێبکۆشی، بەهۆی زانستەوە دەبی بە خاوەنی خەزنە.

**گەنجی حوسن:** مەبەست ڕووی زۆر جوان و دڵڕفێنی یارە.

گەنج: ⟵

ئەژدەهای زوڵفی لە دەوری گەنجی حوسنی حاریسە

حەڵقە حەڵقە چین بە چین سەر تابە خواری گرتووە

(نالی - ل ٥٣٩)

**گەنجی ڕوومەت:** مەبەست ڕوومەتی زۆر جوانە.

گەنج: ⟵

کەی بە گەنجی ڕوومەتت دەستی خەیاڵی من دەگا

پاسەبانی ماری زوڵفت تا موحیتی گەردەنە

(سالم - ل ١٣٠)

**گەنجی عاشقی:** مەبەست خەزنە و سامانی دڵدارییە، بەهای دڵداری، کە لای دڵدار لە هەموو شتێ بە نرخترە.

تاکی کونجی فەقر و گەنجی عاشقیت بۆ دەست بدا

قەت تەماعی عیلمی جەبر و کیمیاو ئێکسیر مەکە

(کوردی – ل ٤٩)

**گەواه:** شایەت، ئەوەی کە بەڵگەبێت بۆ ساغکردنەوەی کارێ یان ڕاستیی کەسێ یان شتێ.

شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران

گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم

(کوردی – ل ٢٧)

**گەون:** گوێنی. (هەژار)

جێگەم سەحرایە وەحشیم یار و هاودەم

درك فەرش و گەون باڵینە بێ تۆ

(کوردی – ل ٣٩)

**گەوهەری نوکتە:** نوکتەی گەوهەر، نوکتەی وەك گەوهەر، واتە قسەی جوان و دڵڕفێن و پڕ واتا. وشەکە دوو بەشە: گەوهەر، نوکتە.

گەوهەر: لێرەدا مەبەست جوان و خۆش و شیرین و پڕ واتایە.

بەڵام وشەکە خۆی بە واتای بەردی بە نرخی وەك مرواری و ئەڵماس و یاقووت و پیرۆزەو....هتد، هاتووە، هەروەها بە واتای نەژاد و بنەڕەتیش دێت.

نوکتە: نکتە. ع. مەسەلەیەکی ورد کە لەپاش ئەندێشە و بیرکردنەوە بە دەست بهێنرێت. ڕستەیەکی جوان و کاریگەر.

ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالیی دەدزن خەڵق

ئاویی نییە وەك ئاگری بێ شەوقی دزانە

(نالی – ل ٤٨)

**گەه:** کورتکراوەی گاه، کات، دەم، هەندێ جار، جارە نا جارێ.

هەروەها بە شێوەی (گا) یش بەکاردێت. وەکو لێرەدا گۆران دەڵێ:

گا سەرەو ژوورە گا سەرەو خوارە
تــاڵی و شـیرینی دنیـای ڕێبوارە

(گۆران - ل ١٢٨)

لاکین ئەمە دونیایە گەهێ سوورە گەهێ شین
(لا یسأل مـن عــاش و مـن مـات و مـن فات)

(نالی - ل ١٣٩)

گـەهـ تاوس و گـەهـ کەبکن و گـەهـ بۆقەلەموون
گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە گەهێ دوودی سیاهن

(نالی - ل ٣٤٣)

سیەهـ بەختانی بێ دەوڵەت لەبەر بێ ماڵی و عوسرەت
گـەهێ حـەممالی مـالانن کـەهێ عـەللافی مـەیدانن

(سالم - ل ١٠٣)

عاشق و داناو موئەدەب وەحشی و مەغروور و عەجوول
گـــــەهـ دەڵێ سندان بە عاشق گەهـ دەڵێ چاوم قوبان

(کوردی - ل ٣٤)

**گەهوارە:** بێشکە، لانکە، لانك.

سەتحی دونیا وەکو گەهوارەیە بۆ تیفلی بەشەر
شیرەخواری کـەرەمی تـۆن چ سەغیر و چ کەبیر

(سالم - ل ٦٦)

**گەیشتنی کولاە بە چەرخ:** مەبەست ئەوپەڕی شانازییە.

کولاهـ: کڵاو.

کولاهی فەخرو تەعزیمم گەیشتە چەرخی ئەتلەس ڕەنگ
کە بیستم قـەلبی میرانم لـەسـەر مـەملووکی ئـاغـایـە

(نالی - ل ٥٦٨)

**گران خێزی:** گران خیزی، مەبەست توندوتیژی و سەختییە.

خێز = خیز. ڕەگی چاوگی خاستەن (= خاستن)ی ف. یە. واتە: هەڵسان.

گران خێزی لە ڕەفتارا بەهانەت عوجب و تەمکینە

بـــە بـــاڵاتا لـــە گێسوو نەژدەهـــا ئـاڵاوە دەیزانم

(سالم –ل ٧٩)

**گران میهری دەهان:** مەبەست دەم و لێوی زۆر جوانە.

میهر: ———►

دەهـان:———►

گران میهری دەهـــانی تۆ بـــڕی بەندی تەرازووی دڵ

دەڵێن یەك نوقتە وەزنی هیچە ئەم نوقتە سەنگین بوو

(سالم –ل ١٠٨)

**گرد:** خڕ. مەبەست گرمۆڵە و گرژ و گینگڵە خواردووە لە ئەنجامی دەرد و خەفەتدا.

لە سەرمای قەوسی سەردی میهری تۆدا وا بە یەك هـاتم

لە ڕێی چەوگـــانی میحنەتدا وەكـــو گۆ دائیمەن گـــردم

(سالم –ل ٨٢)

**گردەك:** تەپۆڵكەی بچووك، هەڵتۆقینێكی خڕ و بچووك.

وشەكە دوو بەشە: گرد + ەك.

گرد: تەپۆڵكە و بەرزایی.

ەك: پاشگرە، لێرەدا بۆ لەیەكچوون بەكارهـاتووە وەك: نـارنجەك، مێخەك... هتد.

یا گردەكی گردێكی كـــە شیرین هەڵیدابێ

گردی نمەكین یەعنی گیای لێ نەڕوابێ

(نالی –ل ٦١٣)

**گرفت:** مەبەست گرتن، داگیر كردن، دەست بەسەر داگرتن.

گرفت: چاوگی كرتاوی گرفتەن (= گرفتن)ی ف. یە. واتە: گرتن، بەڵام لێرەدا بە

واتای چاوگەکەی خۆی بەکار هاتووە.

تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجیب و تیری موژەت
بۆ گــرفتی دڵ لــــە کــاکۆڵت عەلەم بەرپـــا دەکـــا

(کوردی –ل ١١)

**گریانی ئاسمان:** مەبەست باران بارینە.

تا نەگریـــا ئاسمان و تــەم ولاتــی دانـــەگـــرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچە وانەبوو

(نالی –ل ٣٧١)

**گریە کونان:** بەدەم گریانەوە. گریە کون + ان.

گریە کون: ڕەگی چاوگی گریە کەردەن (= گریە کردن)ی ف. یە. واتە گریان.

ان: پاشگرە و کە دێتە سەر ڕەگ چۆنیەتی دەگەیەنێت.

بەئومێدی کەمەرت شام و سەحەر گریە کونان
دەکەن ئیزهاری حەقارەت چ گەداو و چ ئەمیر

(سالم –ل ٦٦)

**گوربەی سیەهـ:** پشیلەی ڕەش.

گوربە: پشیلە.

سیەهـ: کورتکراوەی سیاهـ، واتە ڕەش.

زەمانە قەت لەگەڵ ئەولادی ئـــادەم بـــا وەفـــا نابێ
وەکو گوربەی سیەهـ ئەسڵەن بە مەردوم ئاشنا نابێ

(سالم –ل ١٣٩)

**گورگە مێش:** ئەوەی کە بە ڕواڵەت باش بێت و لە دەروونیدا خراپ بێت، کەسێ کە خۆی بە دۆست دابنێ و لە ژێرەوە دوژمن بێت، ئەو کەسەی کە لە دەروونیدا وەکو گورگ وابێ و خۆی وەکو مەڕی بەسزمان پیشانی خەڵك بدات، ئەوەی وەکو گورگ بێ و لە پێستی مەڕدا بێت.

مێش: میش. واتە مەڕ.

حیفزت شەبان و ئێمە ڕەمەو ئەو لەعینە گورگ

ئەم نەفسە گورگ مێشە لەگەڵ ئەو بەد نەختەرە

(نالی –ل ٤٣٢)

ئێمە بەقیعی غیرەتی تۆمـان حـەزیرەیــە

ئەم نەفسە گورگە مێشە شەیاتینی عەسکەرە

(نالی –ل ٤٣٢)

**گورگی باران دیدە:** مەبەست کەسێکە کە شارەزا و دونیا دیدە بێت، ئەو کەسەی کە سەختی و ناخۆشی ڕۆژگاری دیبێت.

تابی بێ میهری نەبوو یەك دەم وەکو ســالم ڕەقیب

سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باران دیدە ما

(سالم –ل ٣٣)

**گورگی سەفەر:** مەبەست گورج و گۆڵ و خێراو بە توانا لە سەفەر و گەشت و گوزاردا.

کەللە وەك جەڕەی شەرابی پڕ نیشات و تــەڕ دەمــاغ

شێری نەڕ ئاهـوو بەڕ گورگی سەفەر قەمچی نەچێژ

(نالی –ل ٢٢٥)

**گورگین:** گەرگین، گەرگن، ئەو کەسەی کە گەڕە، گەڕ. (معین)

گور + گین.

گور: گەڕ.

گین: پـاشگرە، کـە دەچـێتـە سەر کـۆتـایـی نـاو، بوون، هـەبوون، خـاوەنـایـەتـی دەگەیەنێت وەك: بیمارگین، شەرمگین، دەردگین لە زمانی فارسیدا.

بێ تووکی جیفە خواری یو گورگین و بێ وجوود

لـــەم ئاو و خـــاکە زاهیر و باتین مــوکـــەدەرە

(نالی –ل ٤٢٠)

**گوریز:** گوریز. هەڵاتن، ڕاکردن. هەروەها ڕەگی گوریختەن (= گریختن)ی ف. یە. واتە: هەڵاتن.

له کاری هائیل و سەعبا گوریزه چارەیی مەردوم

ڕەهاکەن سالمی بێدڵ لــــە عەشقا ماوە بێ پەروا

(سالم –ل ٣٧)

**گوریزان:** بەدەم هەڵاتنەوە، بەدەم ڕاکردنەوە.

گوریز: ←——

ان: پاشگرە بە مەبەستی چۆنیەتی.

له حەملەی ڕایی هیندی غەم شەهی شادی گوریزانە

سەراسەر لەم ڕەهە ئیقلیمی دڵ پــــامـــــاڵی فـیلانە

(سالم –ل ١٢٩)

رەفیقی کونجی میحنەت عاجزن هەرشەو لە نالینم

گوریزانن لەبەر لێشاوی بەحری مــەوجی ئەسرینم

(کوردی –ل ٢٦)

**گوریزدان:** هەڵاتن، ڕاکردن.

گوریز: ←——

قـەت گوریز نـەدا لەتیری موژەت

ئەی بەسا سەخت جان و بیمارم

(سالم –ل ١٨)

له مەهتابا کە دڵ دی پەرچەمی وەك عەقرەبت ئەمشەو

گوریزی دا لە عەقرەب کەوتە چاهی غەبغەب ئەمشەو

(سالم –ل ١١٨)

**گوزار:** گذار. تێپەڕ بوون. بەواتای شوێنی تێپەڕبوونیش هاتووە.

له میهری موو برۆ و زوڵفت بەداوە

گوزاری مورغی دڵ ئەسڵەن نەماوە

(سالم –ل ١٣٢)

**گوزارشت:** گوزارش. لێکدانەوە و ڕاژە کردنی مەسەلەیەك، لێکدانەوە و درێژە پێدانی هەواڵ یان کارێکی ئەنجامدراو.

وەعزی عولەما کوردی لەناو مەجمەعی عوششاق

بیعەینی قسەی قەوم و گـــوزارشتی عـــەزابـــە

(کوردی -ل ٤٥)

**گوزەر:** تێپەڕین، هەروەها ڕەگی گوزەردەن و گوزەشتەن (= گذردن و گذشتن)ی ف. یە. واتە تێپەڕین.

لە گەڕەکە کۆنەکاندا هەرشوێنێ ناوەڕاست بوایە، یان سەری چوار ڕێیان و کۆمەڵە دووکان و چایخانەکان پێیان دەوترا گوزەر (= گذر). (معین)

ئیمدادی فەتحی بابی زوبانم بـە فەزڵی تۆ

زووبێ کە ئەووەڵین گوزەری پرد و مەعبەرە

(نالی -ل ٤٣٦)

یاخۆ پەڵە بەفرێکی کە ئەسڵەن نەشکابێ

قەندیلی مونیر و گوزەری ئاب و هەوابێ

(نالی -ل ٦١١)

**گوزەرکردن:** تێپەڕین، ڕۆیشتن.

گوزەر: ←——

لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بوو لە تارانا

بەهەشت ئەریێتە دەشتی ڕەی بە تارانا گوزەر ناکەم

(سالم -ل ١٦)

مەتاعی خانە پایەندازی غەمزەت

ئەگەر بۆ شاهراهی دڵ گوزەر کا

(سالم -ل ٣٠)

ئەگەر چی خاك و خۆڵی ڕەهگوزارم
بەسەرما خۆ گوزەر ناکا سەباتان
(کوردی –ل ٣٥)

**گوزەشت:** تێپەڕی.

وەسڵ و سەفا و کەیف و زەوق هەفتەیێ بوو چ زوو گوزەشت
بـــاز مـــن و بێکەسیی و غـــەم کـــەوتینە لاوە دەق بە دەق
(سالم –ل ٧٦)

**گوزەشتە:** ڕابوردوو، تێپەڕیوو، بەسەر چوو.

نـەی لە ناڵینا چ گـوسـتـاخـانە بۆ ئەربابی سەمع
باسی ئەییامی گوزەشتەی کەیقوباد و کەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

بـۆ گـــونـاهـانی گوزەشتەم لە خەجاڵەت...
کوا قووەتی نوتقم کە بکەم زیکری تەریقی
(سالم –ل ١٤٨)

**گوستاخانە:** ئازایانە، دلێرانە، بێترسانە.

هەروەها بە واتای بێشەرمانەیش هاتووە.

نەی لە ناڵینا چ گوستاخانە بۆ ئەربابی سـەمع
باسی ئەییامی گوزەشتەی کەیقوباد و کەی دەکا
(سالم –ل ٢٩)

**گوشایش:** کردنەوە.

بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەو دڵی خەستە
بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح
(نالی –ل ١٦٥)

**گوفتار:** قسە، واتە: گوفت + ار.

گوفت: چاوگی کرتاوی گوفتەن (= گفتن)ی ف. یە. واتە: وتن.

ار: پاشگرە.

گوفتاری نۆشی شاهیدی سەد شەهدی فائیقە
ڕوخساری خۆشی (اظهر من) شەمسی ئەنوەرە
(نالی –ل ٤٢٦)

ڕەنگی گوڵ گیانا وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین نییە
شەککەری میسری وەکو گوفتارەکەت شیرین نییە
(کوردی –ل ٥١)

**گوفتاری نۆشی شاهید:** قسەی خۆش و شیرینی دلبەر.

گوفتار: ←———

نۆش: هەرشتێکی خۆش و شیرین و سازگار، هەنگوین.

شاهید: شاهد. ع. لێرەدا مەبەست: یار، دلبەر، خۆشەویستە.

گـــوفتاری نۆشی شاهید سەد شەهدی فائیقە
ڕوخساری خۆشی (اظهر من) شەمسی ئەنوەرە
(نالی –ل ٤٢٦)

**گوفت و شنەو:** قسەو بیستن.

گوفت: ———←گوفتار.

شنەو: رەگی چاوگی شەنیدەن (= شنیدن)ی ف. یە. واتە بیستن.

سـامیعە و نـوتقم لـــە تەکلیفاتی دونیـا فاریغن
نیمە بێ تۆ تا لەگەڵ کەس تاقەتی گـوفت و شنەو
(سالم –ل ١١٧)

**گولعوزار:** مەبەست شۆخ و شەنگ و دەموچاو وەك گوڵە.

عوزار = عیزار = عذار. ع. ڕوو، دەموچاو.

دیده هەڵنایێ لە سەیری گولعوزارانی جیهان
(تاترا دیدم نکــردم جــذبه دیــدارت هوس)
(سالم –ل ٧٣)

لە هەمدەردت مەکە وەحشەت وەرە بولبول ڕەفیقت هات
بناڵێن با بەجووت هەریەك ڕەهـــەندەی گولعوزارێکین
(سالم –ل ٩٦)

**گوڵ:** مەبەست ڕووی جوان، یان دلبەرە. یار، خۆشەویست.

چەندە خۆشە دابنیشین دوو بە دوو ئـــەمن و گوڵم
داکەوێتن موددەعی لەو خوارە هەروەك دەستی کەر
(نالی –ل ٢٠٣)

بێ دیدەوو دیــداری هەموو خوێنە دەگریێم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ لالە دەنێژم
(نالی –ل ٢٧٧)

دڵـــی تووتی لە پەرواز لەسەر گوڵ لەنگەری ڕاگرت
کە یاری شۆخ و شیرینم سەحەر وەسمەی لە ئەبرۆدا
(سالم –ل ٢١)

بە چینی زوڵفی وەك بولبول نیحاتەی دا لە دەوری گوڵ
بەموو هەرسوو لە ڕێگەی موو بە ڕووی دڵما دەکەی پەرژین
(سالم –ل ٩٥)

دا بێنە بە پەهلوویی ڕوخا حـــەلقەیی گیسوو
مەتبووعە بە ئەترافی گوڵێ سونبولی خۆش بـوو
(سالم –ل ١١٥)

**گوڵ ئاتەشی:** گوڵی ئاتەشی: گوڵی سوور. (معین)

گوڵی ئاتەشی: گوڵی سوور، گوڵی سووری. (عمید)

ئاتەش:⟵

تاغی یو باغی یو باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی

شاد و شادابە بەگوڵ ئاتەشی یو نــــــارەوەنی

(نالی –ل ٦٦٨)

**گوڵا تەشین:** کورتکراوەی گوڵ ئاتەشینە، واتە گوڵی ئاتەشین، گوڵی ئاگرین، گوڵێ کە لە گەشی و سووریدا ئەوەندە درەخشانْ و تەڕ و پاراو بێت، وەکو گوڵی ئاگرین وابێ.

ئاتەش:⟵

گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کـوژایەوە

پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە

(نالی –ل ٥٤٨)

**گوڵامێز:** کورتکراوەی وشەی (گوڵ ئامێز) و (گوڵ ئامیز)ە واتە تێکەڵاو بە گوڵ، تێکەڵ بە گوڵ.

ئامێز: ئامیز، ڕەگی چاوگی ئامیزیدەن و ئامیختەن (= آمیزیدن و آمیختن)ی ف. یە. واتە تێکەڵ بوون.

یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچە سەرابێ

نــــەلوانی گوڵامێز و شــەکــــر بێزی تیابێ

(نالی –ل ٦١٢)

**گوڵبەن:** درەختی گوڵ، داری گوڵ. وا دەزانم لە بنەڕەتدا (گوڵبن) بووە، واتە بنە گوڵ، بەڵام ئەمڕۆ وشەی گوڵبەن لە کوردستاندا بۆ ناوی کچ بەکاردێت.

هەم گوڵبەنی بێ خاری هەم مەزرەعی ئەزهاری

هەم مەخزەنی ئەسراری ئیسپاتی مەزایا کـــچ

(نالی –ل ١٦١)

**گوڵبن:** بنە گوڵ، دار گوڵ، درەختی گوڵ، سوورە گوڵ.

گوڵبنی قەدت لە قوببەی سینە غونچەی کـــردووە

غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە

(نالی –ل ٥٤٤)

**گوڵ بێز:** مەبەست بۆنی خۆشی گوڵ بڵاو کردنەوەیە.

گوڵ بێژ، گوڵ بێژان، گوڵ لە هێڵەك دان، کە دەبێتە هۆی بۆنی گوڵ بڵاو کردنەوە.

بێز: بیز، ڕەگی چاوگی بیختەن (= بیختن)ی ف. یە. واتە: بێژان، لە هێڵەك دان.

دەماغ ئەمڕۆ عەتر ئاڵوودو موشك ئەفشان و گوڵ بێزە

(مـــگر بـــوی صــــبا آورد ســـوی زلف تـــاتــــــارت)

(کوردی –ل ١٣)

**گوڵچین:** گوڵ چن، گوڵ چن، ئەو کەسەی کە گوڵ دەچنێ.

چین: ڕەگی چاوگی چیدەن (= چیدن)ی ف. یە. واتە گوڵ یان میوە لە درەخت کردنەوە.

بەڵام لە زمانی کوردیدا چاوگەکەی (چنین)ەو ڕەگەکەیشی (چن)ە.

لەبت شەککەر خەتت عەنبەر موژەت خەنجەر قەدت عەرعەر

لــــە عیشقت دڵ وەکـــو بولبول لە ڕووتا گوڵ وەکو گوڵچین

(سالم –ل ٩٥)

**گوڵدەستەی حوسن:** مەبەست شۆخ و شەنگی یارە.

قبووڵ ناکەم خەیاڵیشت لـــە نـــــاو دڵدا مـــوقیمی بێ

ئەوا پەژموردە بێ گوڵدەستەیی حوسنت لە مەجمەردا

(سالم –ل ٢٢)

**گوڵڕوخ:** مەبەست شۆخ و شەنگە، ئەوەی کە دەموچاوی لە جوانیدا وەکو گوڵ وابێت. دلبەر، یار.

ڕوخ: دەموچاو.

تەنگ دەهانی دولبەرم حـــــەسرەتی دایـــە گوڵڕوخان

وا دڵی غونچە بوو بە خوێن پەردە بە پەردە توو بە توو

(سالم –ل ١١٢)

هەرچی گوڵڕوخ کە جازیبی دڵ بن

(اثر رنگ و بوی صـــحبت اوســـــت)

(سالم –ل ٤٨)

**گوڵشەکەر:** گولشەکەر. مەبەست دەم و لێوی جوانی یارە. پەڕەی بەرگی گوڵی سووری تێکەڵاو و پەروەردەکراو بە شەکر.

هەروەها (گولفەند)یشی پێ دەڵێن: (عفیفی)

دەنێمە زەرفی خاتر یـــــادی بۆسەت

ئەگەر تەبعم تەمەننای گوڵشەکەر کا

(سالم –ل ٣٠)

**گوڵ گەشت:** سەیرانگاه.

گەشت: چاوگی کرتاوی گەشتەن (= گشتن)ی ف. یە. واتە: گەڕان، سووڕان، سووڕانەوە... هتد.

بۆ منی پڕ غەم چ حاسڵ سەیری بـــاغ

خاسسە گوڵ گەشتی چەمەن بۆ بێغەمێ

(سالم –ل ١٤٨)

**گوڵنار:** گولنار. کورتکراوەی گوڵی هەنار.

زوڵف ئەگەر دووکەڵە دووکەڵ بەری گوڵناری نییە

سەروگەر قامەتیی کەی سەروی ڕەوان بارەوەرە

(نالی –ل ٤١٣)

کەوا دارایی زەڕ کورتەك کەمەر چین جببە گوڵناری

کڵاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ میسکی تاتاری

(کوردی –ل ٥٦)

غەبغەب و خاڵ و لەب و توڕەیی یار

سونبول و سیب و بەنەفشە و گوڵنار

(سالم –ل ٥٧)

وەکو لەعلی لەبت دێ ئەشکی ئاڵم

لە عیجزا گەر ببینم ڕەنگی گوڵنار

(سالم –ل ٥٨)

ئەشکی دیدەم ڕەنگی گوڵناری هەیە

ئەلوەداع ئەی نار پستان ئەلوەداع

(سالم –ل ٧٥)

**گوڵ و مول:** گوڵ و شەراب، گوڵ و مەی، ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ بەزم و کۆڕی شادی و خۆشی و خواردنەوە، لە شوێنێکدا کە گوڵ و گوڵزاری تێدابێت.

گوڵی زۆر، جۆرەهای گوڵ. لە دەستنووسەکانی دیوانی نالیدا دەبێ (گل و مل) نووسرابێت، لەبارتر و گونجاوترە ئەگەر بنووسرێ (گوڵ و مول) یان (گول و مول). ئەمەیان لە شیعری کۆندا زۆر بەرچاو دەکەوێت و باوە.

مول: شەرابی ترێ.

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و مول هات

(نالی –ل ١٤٢)

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گول و مول

بە دووسەد مەدرەسەو و دەرس و کیتابی نادەم

(نالی –ل ٣٠٦)

دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مول خەملابێ

گەنجێکی تێدابێت تیلەسمی نەشکابێ

(نالی –ل ٦١٤)

لێرەدا (عنصری) وشەی مول (= مل)ی بەکارهێناوە بە واتای شەرابی ترێ.

بزرینه جام اندرون لعل مل

فروزنده چون لاله بر زرد گل

(عنصری –معین)

واتە: شەرابی ترێ لە ناو جامی زێڕیندا، ورشە و ڕووناکی بڵاوکەرەوەیە، وەکو گوڵاڵە سوورەی سەر گوڵی زەرد.

**گوڵی ئاتەشی:** ——◄ گوڵ ئاتەشی.

وەك گوڵی ئاتەشی خەملیوە بە بەرگی چەمەنی
قـــامەتی نـــارە بـــەرە نـــارەوەرە نارەوەنە
(نالی –ل ٥٢٦)

**گوڵی دەم دڕاو:** مەبەست گوڵی گەشە، گوڵی پشکووتوو.

گوڵ کە یاغیی و دەم دڕاو بوو کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی
باغەبان گوێی گرت و وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی
(نالی –ل ٦٩١)

**گوم گەشتە:** گوم بوو، ون بوو، بزر بوو.

گەشتە: ناوی بەرکارە و واتە: بوو. کە دوو بەشە.

گەشت + ە.

گەشت:——◄گوڵ گەشت.

ە: پاشگرە.

بە حەقی جەڕی هەیاسەی زەڕ و کاکۆڵی سەری
دڵی گوم گەشتەیی من کوشتەیی پشت و کەمەرە
(نالی –ل ٤١٤)

**گونبەدی دەوران:** مەبەست ئاسمانە، گەردوون.

گونبەد: ——◄ گونبەدی کەیوان.

دەوران: دەوەران. دوران. ع. ڕۆژگار، زەمانە، سووڕانەوە.

وا دڵ لە خەیاڵاتی کـــەسێ پڕ غـــەمە ئیمشەو
ڕووی گونبەدی دەوران لە هەناسەم تەمە ئیمشەو
(سالم –ل ١٢٠)

**گونبەدی کەیوان:** مەبەست فەلەکی حەوتەمە، کە تایبەتە بە کەیوان. (عفیفی)

گونبەد: گومەز، گومەزی، کە بە شێوەی نیوە دائیرەیی و یان هێلکەییە و، لەسەر خانووی گەورە و باڵاخانە و مزگەوت، بەخشت و گەچ و کاشیکاری دروست دەکرێ.

کەیوان: ⟵

سەیوان نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبز و ساف

یـــاخۆ بـــووە بە دائیرەیی ئـــەنجومـی قوبوور

(نالی –ل ١٨٦)

**گونجایش:** گونجان، جێگە دان و جێگە بوونەوە.

وشەکە دوو بەشە: گونجای + ش.

گونجای: ڕەگی چاوگی گونجاندەن (= گنجاندن)ی ف. یە. کە لە کوردیدا (گونجاندن)ەو ڕەگەکەی (گونج)ە.

بەڵام (گنجاندن) لە فارسیدا دوو ڕەگی هەیە کە: گونج و گونجای (= گنج و گنجای).

ش: پاشگرە و ڕەگ دەکا بەناوی چاوگ.

عیشقت لە دڵ و دیدەیی پڕ ئەشك و ئەلەمدا

گونجایش و تەسکینی نییە زۆرە لە کەمدا

(نالی –ل ٩٣)

**گونجشك:** چۆلەکە، پاساری.

بۆ خاڵی لەبت زولفی سیەهـ دامە هەموو دەم

گونجشك سیفەت لەم رەهە ناکامە هەموو دەم

(سالم –ل٨٦)

**گووسفەند:** مەڕ.

نۆکەرو سوارەی تفەنگدارت سەراسیمەن هەموو

نەزمی تێکچوو مانەوە وەك گووسفەندی بێ شوان

(سالم –ل ٩٢)

**گۆ:** گوی. تۆپ، تۆپێ کە لەدار دروست دەکرا و بە گۆچان بەسەر ئەسپەوە یاری پێ دەکرا و پێیان دەوت چەوگان بازی.

شوکور نالی سەری خـــەسمت وەکـــو گۆ
بە خۆڕایی نەك بە یاری کەوتە بەر شەق
(نالی –ل ٢٥٤)

بێ ئەگەر بێتە دەرت دیدەیە بەر شەق وەکو گۆ
نییە زاتیشی نەبێ دڵ چ بکا قـوڕ بـــەسەرە
(نالی –ل ٤١٤)

**گۆبەند:** هەرا و هوریاو دەنگە دەنگ. (خاڵ)

خانەقاش هەروەك مەیخانە کە هەر ئاوابێ
مەجلسێکی هەیە ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە
(نالی –ل ٥٩٤)

**گۆر:** گوور، کەری وەحشی.

سمی گۆر و سەری بەهرامە جێی تیر
نیگای ئـــاهوویی من گەر بێتە مەیدان
(سالم –ل ٨٩)

**گۆش:** گوێ.

لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم کـــــە پڕە دامەن و کۆشم
(نالی –ل ٢٨٠)

بێهوودەیە لە گوڵزار ئەفغانی بولبولی زار
نـــاگاتە گۆشی یاران ناڵینی بێ قەراران
(سالم –ل ٩٣)

**گۆشادیی عوقدەی خاتر:** مەبەست ئەوەی کە دەبێتە مایەی ئارامی و خۆشی دڵ و دەروون.

خاتر: ← خاتری جەمع.

گوشادیی عوقدەیی خاتر نیگاریٚ بوو ئەویش ڕابورد
دڵی پڕ میحنەتم شادی بەیاریٚ بـوو ئەویش ڕابورد
(سالم –ل ٥٥)

**گۆشەوارە:** گوارە.

ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عەلاقەی چاوی جادووتن
لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مـــارووتن
(نالی –ل ٣٢٦)

**گۆشەی کولاە گەیشتنە ئاسمان:** مەبەست ئەوپەڕی شانازی و سەربەرزییە.

کولاهـ: کڵاو.

ئەگەر فەرقم بگاتە مەرکەزی خاکی کەفی پێی یار
دەگاتە ئـــاسمان گۆشەی کولاهی ئیفتیخاری مـن
(سالم –ل ٩٣)

**گۆشوارە:** گوارە.

بەمەرگی تۆ لە عیشقی گۆشوارەت
(ز چـشمانم بـیوفتا دست پروین)
(سالم –ل ٩٥)

**گۆگردی ئەحمەر:** گۆگردی سوور. مەبەست ئیکسیرە، چونکە ئیکسیر لەو دروست دەکرێت و ئەویش بەشی هەرە زۆری ئیکسیرە. (غیاث)

ئیکسیر: ←

لەلای کیمیا گەرەکان گۆگردی سوور لەقەبی زێڕە. (عفیفی)

گۆگردی سوور = فسفۆڕی سوور، ئیکسیری دروستکراو لەو پەڕی سووریدا. گۆگردی سووری زەردەشتی: ئاگر، داری داگیرساو. (معین)

تەمامە خۆم وەها وون کەم بە ناکامی لەتاو جەورت

هـــەتا دەمـــــــــرم لە دڵمابێ وەکو گۆگردی ئەحمر بم

(سالم –ل ٨٠)

**گۆی پستان:** گۆی مەمك.

ئەگەر دەســــتم دەگاتە گۆیی پستان

دەکەم گۆی مەتڵەبم بیرون لە مەیدان

(سالم –ل ٨٩)

**گۆی چاهی زەنەخدان:** چاڵی چەناگەی خڕو جوان.

گۆ: ⟵

چاه: ⟵

زەنەخدان: چەناگە.

نارنجی زولەیخایە گۆی چاهی زەنەخدانت

تەوقی مـلی شــیرینە پــاوانەوو خەڵخاڵت

(سالم –ل ٥٢)

**گۆی دانش دەرکردن لە مەیدان:** مەبەست سەرکەوتن و زاڵ بوونە.

گۆ: ⟵

دانش: ⟵

کە نالی تەوسەنی تەبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو

بــە چـــەوگــانی خیرەد گۆی دانشی دەرکرد لە مەیدانا

(سالم –ل ٣٥)

**گۆی زەنەخدان:** مەبەست چەناگەی خڕو جوانە.

گۆ: ⟵

زەنەخدان: چەناگە.

چونکە ئەو گۆیی زەنەخدانی هەیە

قامەتم شێوەیی چەوگانی هــەیە

(سالم –ل ١٣٤)

**گۆی سەر بە مۆر:** مەبەست گۆی مەمکی دەستکاری نەکراوە، گۆی مەمکی نەبینراو و دەست بۆ نەبردراو.

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر

مـــات و حـــەیرانم کـــە عەرعەر کـــەی هەناری گرتووە

(نالی -ل ٥٣٨)

**گۆی سیمین:** مەبەست چەناگەی خڕو جوان و سپییە.

گۆ: ⟵

سیمین: ⟵

خەم دەبێ چەوگانی زوڵفت بۆ زەنەخ

وەهـ چ خۆش بازی بە گۆی سیمین دەکەی

(سالم -ل ١٥٣)

**گۆی عاج:** ئەو تۆپەی کە لە عاج، یان شفرەی فیل دروست دەکرێ بۆ یاری چەوگان بازی، یان یاری تر.

لێرەدا مەبەست مەمکی خڕ و سپیی و پتەوە.

گۆ: ⟵

عاج: ع. هەردوو دانی درێژی فیل کە هۆی بەرگری و خۆ پاراستنە و بۆ زێوەر سازی بەکاردێت.

پستانی دولبەرم بە نەزاکەت لە چینی زوڵف

وەك گۆیی عاجە بۆ خەمی چەوگانی ئابنووس

(سالم -ل ٧٣)

**گۆی عەرسەی بازی:** تۆپی مەیدانی بازی.

گۆ: ⟵

عەرسە: ⟵

سەر لافی ئەوەی لێدا گۆی عەرسەی بازیت بێ

پورسید بۆ ئەیبو تاب بۆ زەریەتی چەوگانت

(کوردی –ل ١٣)

**گۆی مەتڵەب بیرونکردن لە مەیدان:** مەبەست سەرکەوتن و گەیشتن بە هیواو ئارەزووە.

گۆ: ⟶

بیروون کردن: دەرکردن، بیروون: دەرەوە.

ئەگەر دەستم دەگاتە گـــوی پـــستان

دەکەم گۆی مەتڵەبم بیروون لە مەیدان

(سالم –ل ٨٩)

**گۆیی ئاسمان کەڕبوون:** مەبەست گرمەگرم و تەقەی زۆر بەرزی تۆپ و تفەنگە.

هەی خوا ڕۆ لەو دەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ

سەر زەمین تاریك و دونیا تۆز و کەڕ گوێ ئاسمان

(سالم –ل ٩٨)

**گیانا:** مەبەست دلبەرە، واتە ئەی گیانەکەم، ئەو پیتی ئەلیفەی کە لە کۆتاییدا هاتووە، بۆ بانگ کردنە.

ڕەنگی گوڵ گیانا وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین نییە

شەککەری میسری وەکوو گوفتارەکەت شیرین نییە

(کوردی – ل ٥١)

**گیان سەخت:** ئەو کەسەی کە بە ئێش و ئازارەوە گیانی دەربچێ، یان ئەو کەسەی کە زۆر بەرگەی ئازار و ئەشکەنجە بگرێ.

بە یەزدان حاجەتی کوژتنی نییە هیجرانتان مەرگە

چ فایدە هەر وەکو کوردی ئەویش گیان سەخت و بیمارە

(کوردی – ل ٤٦)

گیاهـ: گیاه. گیا.

تا بوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم

ســووتا گیاهـ و تیشنەو خوشکیدە بــوو شــەجەر

(سالم – ل ٦٧)

**گیر و دار:** هەراو هوریا، دەنگە دەنگ و هاواری جەنگاوەران و شەڕکەران. ئەم وشەیە پێکهاتووە لە دوو ڕەگی فارسیی و تیپی (و) بەستوونی بەیەکەوە.

گیر: ڕەگی چاوگی گرفتەن (= گرفتن)ی ف. یە. واتە گرتن.

دار: ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ە، واتە هەبوون.

ئیلتیقای پـۆلا و ئـاسن هــەر نیزاعە و گیر و دار

جەمعی ماء و نار و زەند و زەندەوو مەرخ و عەفار

(نالی – ل ١٧٠)

**گیری نمەك بوون:** نمەك گیر بوون. ئەو کەسەی کە نانی یەکێکی خواردبی و ئەمە بوویێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ خراپەی بەرامبەر بکات.

نمەك: مەبەست نانە، و وشەکە بە واتای خۆی دێت و زۆر جاریش لەگەڵ نانداد دێت و دەڵێن نان و نمەکی فلانی خواردووە.

گیر: ———◄ گیر و دار.

بەختی سووتێ سا لە ڕێی حەق حەق حەقی لێ وەرگرێ

بــەد نمەك گیری نمـەك بێ وەك ئـەوان دایـان بـەمــان

(سالم – ل ١٠١)

**گیسوو:** پرچ و ئەگریجە، مووی درێژی سەری ژنان.

لە بـابـانـا گرفتـارن پــەرێشــان خــاتر و بێکــەس

بە جەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خووبانن

(سالم – ل ١٥)

حیکایەت خوانە تووتیٚ دڵ بە دەوری دامی گیسوودا

مەزەنە عــەکسی خــۆی دیوە لە ناو ئاوێنەیی ڕوودا

(سالم – ل ٢٠)

نیسبەتی ڕووم دا بە گوڵ گێسووی بە میشك

سـەهـوە حـەرفی ئـەوەڵم سـانی خـەتا

(سالم - ل ٢٥)

ئەگەرچی زاهیرەن مسکین و دەروێش و گەدا ڕەنگم

لە غەزنەی خاترا مەحموودی گیسوویی ئەیازێکم

(سالم - ل ٨٧)

**گیسوو کەمەر کردن:** مەبەست پەخشان کردنی پرچ و ئەگریجەی یارە تا دەگاتە ناوقەد.

گیسوو: ←

پەرێشانم دەکا وەك موڵکی بێ شاهـ

لە قامەت هەر سەحەر گیسوو کەمەر کا

(سالم - ل ٣٠)

**گیسووی خووبان:** پرچی شۆخ و شەنگەکان.

گیسوو: ←

خووبان: ←

لە بابانا گرفتارن پەرێشان خاتر و بێکەس

بە جەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خووبانن

(سالم - ل ١٠٢)

**گیسووی خەمی پڕ شکەن:** خەمی گیسووی پڕ شکەن. لوولیی پرچی چین لەسەر چین.

گیسوو: ←

خەم: ←

شکەن: ڕەگی چاوگی شکستەن (= شکستن)ی ف. یە، واتە شکاندن.

کاشفی کوفرە لە ڕوو کافری دین

تاری گیسوویی خەمی پڕ شکەنت

(سالم - ل ٥٤)

**گیلە:** گلەیی، دەربڕینی دڵتەنگی و ناڕەزایی بە نەرمی بەرامبەر بە دۆست.

یار گلەی بوو لە دڵم چونکە نەسووتا لە فیراق

لەقسەی ناحەقی ئەو سالمی مسکین خەجلا

(سالم – ل ٢٦)

**گێژ:** تیرەیەکە لە ناوچەی کفری. (تاریخ مردوخ – ج ١ – آیت الله شیّخ محمد کردستانی – ١٠٨)

هەروەها بە واتای وڕ و هێڕیش هاتووە.

گوێدرێژی بار و کورتان بەرز و پاڵانیی بەزین

چوست و وریاتر لە گوی کورتانی پاڵانیی و گێژ

(نالی – ل ٢٢٧)

# ل

**لاجلەو:** ئەسپی تەربیەت نەکراو، ئەسپی تۆر و سەرکێش.

ئەسپەکەی چەوت و سیەهـ عەینە[ن] وەکو تالیعی خۆم
سەقەت و ساتمەزەن و لاجلەو و لوقمە بەری

(سالم – ل ١٤٥)

**لارەیب:** لاریب. ع. بێگومان، ئەوەی کە گومانی تێدا نەبێت، قورئانی پیرۆز.

شەعائیر یەك بەیەك مەسرووری سیڕی غەیبی لارەیبی
مەساعیی سەر بە سەر مەشکووری دەرکی بەیتی باریی بێ

(نالی – ل ٦٣٦)

ای نگارندەء صحیفەء غیب
نام تو صدر صحیفەء لاریب

(هاتفی – «معین»)

واتە: ئەی دانەری کتێبی غەیب، واتە قورئانی پیرۆز، ناوی تۆ پێشەکی لاپەڕەی قورئانانە.

**لاغر:** لاغەر. لەڕ، لاواز، باریك و کەم گۆشت.

ئەوەندە چەرخی داوم چەرخەیی چەرخ

سەراپا لاغرم وەك رشتەیی ڕێس

(سالم – ل ٧٤)

**لاغری تالیع:** مەبەست بەدبەختییە، چارە ڕەشیی.

لاغر: ←

لاغری تالیع شکاندی حەسرەتا بازوو قەدی

ئەختەری بورجی موزەففەر خۆی لە ئێمە کرد نیهان

(سالم – ل ٩٨)

**لاغیرتەن:** باریك ئەندام، لەش باریك، لەڕولاواز.

لاغیر: لاواز، لەڕ.

تەن: لەش.

ئەسمەرە لاغیر تەنە بالا میانە کەچ کولاهـ

سوخمە سەوزە مەیتەن ئاڵە چاو خومار ئەبرۆ کەمان

(کوردی – ل ٣٤)

**لاك:** لەك. بێ نرخ، هیچ و پووچ، بێ دەسەڵات.

مونەججیم کەرگەس و لاشەی لە لا شەیئێکە نەیزانی

کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە کە ئەم گەردوونە چەند دوونە

(نالی – ل ٥٢١)

با مردم لك تا بتوانی بمیامیز

زیراکە جز از عار نیاید زلك و لاك

(عیوقی – «معین»)

واتە: لەگەڵ خەڵکی هیچ و پووچ تا دەتوانی تێکەڵاوی مەکە، چونکە بێجگە لە عار هیچ لە دەستی هیچ و پووچ و بێدەسەڵات نایەت.

**لالە:** گوڵاڵە، گوڵاڵە سوورە، هەروەها جۆرە چرایەکە بلوورێکی شووشەیی هەیەو مۆمی تێدا دادەنرێ.

بێ دیده و دیداری هــەموو خوێنه دەگریێم

یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ لالە دەنێژم

(نالی – ل ۲۷۷)

نـالی وەکو لالە کـە شەهیدی غـەم و داغـە

لەم بـاغە بفەرموو کە ئەویش لـێرە دەنێژم

(نالی – ل ۲۷۹)

ڕیشتەیی زەوق و ئەلەم دێتە موقـابیل بە ویسال

دڵی مـن لالەیی ئــەو دیدەیی ئــەو عەبهەری من

(سالم – ل ۹٤)

وەك گـوڵ جگەر بە خوێنم و وەك لالە دڵ بــە داغ

بۆ سێوی ڕووت شقایقی ڕووم ڕەنگی بوو بە بەی

(کوردی – ل ٦۳)

**لالە ڕوخ:** مەبەست دەموچاو سوور و سپی و جوانە.

لالە: ⟵

ڕوخ: ⟵

یەك نیگەهـ ڕەونەقی بـاغی ئیرەمی خستە دڵم

دلبەری لالە ڕوخی گوڵ بەدەنی غونچە دەمـی

(سالم – ل ۱٤۹)

**لالە کولاه:** کڵاو سوور.

لالە: ⟵

کولاهـ: ⟵

ڕەیـاحـین پــەرچــەم و لالە کـولاهـ و یـاسـەمـەن تــورە

بەنەفشە خاڵ و نەرگس چاو و گوڵ زار و سەمەن ساقە

(نالی – ل ٤٥٥)

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن کورتە بەنــەفشەن
موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن
(نالی – ل ٣٤١)

**لالەی حەمرا:** گوڵاڵە سوورە.

لەباتی لالەیی حەمرا جگەر پوڕ داغی خورشیدە
لەباتی سونبولی تاتا سەر و سەودا پەرێشانە
(نالی – ل ٤٩٥)

غوڵامی دیدەیی مەخمووری تۆیە نێرگسی شەهلا
لە ئـاب و تـابی ڕووی تـۆ داغدارە لالەیی حــەمرا
(سالم – ل ٢٧)

گر رخ من زرد کرد از عاشقی گو زرد کن
زعفـران قیمت فزون از لالــەء حمــرا کـند
(منوچری – «عفیفی»)

واتە: ئەگەر دڵداری دڵی من زەردکا، بڵێ زەردی کە، چونکە زەعفەرانی (زەرد) نرخی لە گوڵاڵە سوورە زیاترە.

**لامەزەب:** کورتکراوەی لامەزهەبە. بێ دین، بێ ئاین.

بەندی کردم بە جەفا لامەزەبی پڕ ستەمێ
نمەکی ریتە برینم نمەکین لەب ســەنــەمێ
(سالم – ل ١٤٩)

**لامەکان:** لامکان. ع. جیهانی ئولووهییەت (الوهیت). جیهانی خوداوەندی، بێ شوێن، بێ جێگە. (معین)

گوێی فەلەك کەڕ بوو لەبەر نالەی نەفیری ئەهلی شار
لامـەکـانی گرت ســەدای ئــاهـ و فـوغـان و ئەلئەمان
(سالم – ل ٩٨)

**لامەكان سەیران:** ئەو كەسەی كە لە شوێنێكدا سەیران بكات كە بۆ كەسی تر نەلوێت و جێبەجێ نەكرێ.

مەكانی واسیتەی ئیمكان مەكانەت بەخشی ئینس و جـان

مـەكینی لامـەكـان سـەیـران تێدا تـەشـریفی میوانە!

(نالی – ل ٥٠٣)

**لامەكان گرتن:** ئەوەی كە هـەموو شوێنێ بگرێتەوە، ئەوەی كە بگاتە هـەموو لایەك.

لامـەكان:←

گوێی فەلەك كەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار

لامەكانی گرت سـەدای ئـاهـ و فـوغـان و ئـەلئەمـان

(سالم – ل ١٤)

**لایەشعور:** لایشعر. ع. نەزان، تێنەگەیشتوو. نازانێ، تێناگات.

تیفلی دڵ هـەرزە گەرد و لایەشعور

ئـاسـمـان ئـەسـپی لاجلەو دێنێ

(سالم – ل ١٥١)

**لەئالی:** لآلی. ع. مرواریيەكان. كۆی لؤلوئە (= لؤلؤ).

لە ئالیی ئەشكی نـالی بێ كەسە غەلتانی نێو خـاكە

مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لـوولوویی لالابێ

(نالی – ل ٦٠٢)

یـامَبْسِـمـا یحـاكی دُرْجـاً مـن اللآلی

یارب چە در خور آمد گردش خط هلالی

(حافظ، رهبر – ص ٦٢٩)

واتـە: ئـەی دەم بـە پـێكـەنین، دەم و دانـەكـانت وەكـو سنـدووقـچـەیـەكی پڕ لـە مرواریيە، ئەی خوایە چەند جوانە خەتی هیلالی گەندە موو، یان وردە مووی دەوری لێوت.

لەب: لێو.

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە

بـۆ دەعوەتی مـاچی لەبە گۆیا دەمی ئـادا

(نالی – ل ٨٤)

لەبت بوو دارووی جێ نێشی ماری عەقرەبت ئەتدا

هەتا ئەمرم بە حەسرەت بابدەم دەستم بـە زانوودا

(سالم – ل ٢٠)

**لەبالەب:** لێوان لێو، پڕ. لەب + ا + لەب.

وشەی لەب دووبارە کراوەتەوە و ئاوەندی (ا) کەوتۆتە نێوانیانەوە و وشەیەکی لێکدراوی دروست کردووە.

لەب: لێو.

جێی دەم دەمە جێی لەب لەبە ساقی وەرە ئەمشەب

هـەم مـاچـی دەمـا دەم بدە هـەم جـامی لـەبالـەب

(نالی – ل ١٣٣)

وەرە نێو بەزمی گوڵزاران و گـوڵ زاران تەماشاکە

سەراسەر پێکەنینی گوڵ لەبالەب غونچە پشکووتن

(نالی – ل ٣٢٨)

وتم داخۆ چییە سوور و سپی تێکەڵ؟ کە تێفکریـم

سەراسەر کەللەیی ئوشتر لەبالەب خوێنی ئینسانە

(نالی – ل ٤٨٦)

**لەبانی لەعل:** مەبەست لێوە سوورەکانە.

لەعل: ⟵

بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە سۆفی

لـەبی نـالی دو چـەندان بـۆ لەبانی لەعلی موشـتاقـە

(نالی – ل ٤٥٧)

**لەب تیشنە:** مەبەست تامزرۆ و تینووە.

لەب: ⟵

تیشنە: ⟵

لەب تیشنەیی ماچێکە لەو دامەنی پاکی تۆ
مانیع مەبە لەم خێرە دەستی من و دامانت
(سالم - ل ٥٢)

**لەب خوشك:** مەبەست لێو بەبارە، لێو وشك.

لەب: ⟵

خوشك: وشك.

بەیادی بۆسەیی لەعلی لەبت ئەز بەسکی لەب خوشکم
ئەبەد تیشنەم ئەگەر فەرزەن لە گۆشەی حەوزی کەوسەریم
(سالم - ل ٨٠)

**لەب دۆزین:** مەبەست بێدەنگ بوونە. لەب بدۆزە واتە بێدەنگ بە.

لەب: ⟵

دۆز: دووز. ڕەگی چاوگی دووختەن (= دوختن)ی ف. یە. واتە دوورین. ئەم ڕەگە لە وشەی پینە دۆزدا بەکار دەهێنرێ لە زمانی کوردیدا، واتە پینە دوور، ئەو کەسەی کە پیشەی پینە دوورین و پینە کردنە، بەرامبەرەکەی لە زمانی فارسیدا (پینە دووز)ە.

نالـە سوودی نییە سالم لـە دڵی کافردا
لەب بدۆزە لە ئەلەم ئەم هەموو هاوارە عەبەس
(سالم - ل ٧٢)

**لەب شەکەر:** مەبەست لێوی شیرین و جوانە.

دندان گوهەر و لەب شەکەر و پەنجە بلوورن
نازك بەدەن و مووکەمەر و سیم سورینن
(نالی - ل ٣٣٩)

زان روز که تو زادی ای لب شکر از مادر
آوه که چه کاسد شد بازار شکر جانا
(مولوی، دیوان کبیر ۱۰: ۵۷ – عفیفی)

واتە: ئەی دەم و لێو جوان لەو ڕۆژەوە کە تۆ لەدایك بووی، ئای کە بازاری شەکر چەند شکا گیانەکەم.

**لەب شیرین:** دەم و لێو جوان.

لەب: ⟵

بـــەڕوخ ڕەنـگـــین مـــیـــان لاغـــر کـــــەمــــەر زەڕیـــن
نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لـەب شیرین
(سالم – ل ٩٤)

**لەبیب:** لبیب. ع. ژیر، هۆشمەند، هۆشیار.

نالی لەبی حەبیبە هەم تیب و هەم تەبیبە
خولاسـەیی لەبیبە فەرمانبەری لـەبی بە
(نالی – ل ۳۹۸)

لب شیرین لبانرا خصلتی هست
کە غارت می کند لـب لبیبـان
(سەعدی – معین)

واتە: لێوی جوانی شۆخ و شەنگەکان تایبەتمەندییەکی وایان هەیە، کە دەم و لێوی ژیران و زانایان داگیر دەکات و لە قسەیان دەخات.

**لەبی تەنگی دلارام:** مەبەست دەمولێوی بچووك و جوانی دلبەر.

دلارام: ⟵ دڵارام،

لـەبی تـەنـــگـی دلارامـم دەبـەخـشــێ
بەغونچەی نەو شوکوفتە ڕەنگ و ڕەونەق
(سالم – ل ۷۷)

**لەبی دورج:** مەبەست دەم و لێوی جوانە، دەم و لێو و ددانی جوان و ورشەداری وەك مرواری، دەم و لێوی بۆن خۆش.

لەب: لێو.

دورج: درج. ع. ئەو سندووقە بچووکەیە کە ژنان مجەوهەرات و خشڵ و عەتر و شتی بۆن خۆشی تێدا دادەنێن.

تەلعەتی ئایەتی جان مەزهەری ئیعجازی بەیان

لەبی دورج و دەهــەنی سیڕ و کەلامی عــەلــەنە

(نالی – ل ٥٢٥)

**لەبی کەوسەر:** مەبەست لێوی جوانە.

لەب: لێو.

کەوسەر: کوثر. ع. ڕووبارێکە لە بەهەشت.

تا نەشئە نە چێژن لە لەبی کەوسەری ساقی

بێچارە چوزانن کە هەموو مەستی زەقوومن

(نالی – ل ٣٣١)

**لەبی لەعل:** مەبەست لێوی سوور و جوانە.

لەعل: ←

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئــەتۆ بــوو

کەوا شەککەر دەباری گوڵ دەپشکووت

(نالی – ل ١٥٠)

دەشکێ بە میسلی حورمەتی من قیمەتی نەبات

پۆشیدە گــەر نەبێ لەبی لەعلت لــە موشتەری

(سالم – ل ١٤٥)

**لەجووج:** لجوج. ع. نالەبار، شەڕانی، یاخی، سەرکێش، قیرچسمە.

هەر چەندە دەکەن قەتعی سەرت دێیەوە ئــەی خــەت
وەك هیندووی سـەحـاری مـەجووسـی چ لـەجووجی
(نالی – ل ٦٤١)

**لەحەد:** لحد. ع. گۆڕ.

میهری جانانە هووەیدایە لەسەر خاکی لەحەد
لە موقابیل دڵی ســالم دەڕوێ میهری گـیــا
(سالم – ل ٢٨)

**لەخەم خەم بوون:** لەغەم خەم بوون، بەهۆی غەم و خەفەتەوە کۆم یان کووڕ بوون، لە خەفەتدا پیر بوون.

تا خەدەنگی قامەتی تۆی گرتە باوەش ماڵی قەبر
پشتی تاقانەت لەخەم خەم بوو وەکو ماڵی کەوان
(سالم – ل ٩١)

**لەخت:** لەت، پارچە.

بـە مـن بێ سـینەیی سـەختم بە قەڵغانی نەزەر نــاکــەم
نیشانەی تیری خوێن ڕێژت بە جوز لەختی جگەر ناکەم
(سالم – ل ٨٤)

**لە خودیی سەندن:** بێهۆش کردن.

ئـەو نەشئە کەوا ساقیی منی پێ لە خودیی سەند
نەك نەوعە ڕەقێ بوو کە لە قەترەی عەرەقی بــوو
(نالی – ل ٣٧٦)

**لەرزش:** لەرزە، لەرز. وشەکە دووبەشە: لەرز + ش

لەرز: ڕەگی دوو چاوگی کوردی و فارسییە، (لەرزین)ی کوردی و لەرزیدەن (= لرزیدن)ی ف. کە هەردوو یەك واتاو یەك ڕیشەیان هەیە.

ش: پاشگرە.

لە سیحەی هاتە لەرزش قەلبی گاوی ژێر زەمین ئەمشەو
دڵی کەیوان لە ئاهی من لە هەفتەم ئاسمان سووتا
(سالم - ل ٢٧)

**لەرزش و تا:** لەرز و تا.

لەرزش: ⟵

مەجزووبی توروق مورتەعیشی لەرزش و تابێ
سالیك ڕەوشی مەسلەکی ڕێگەی سولەحابێ
(نالی - ل ٦٢٤)

**لەشکر کەش:** ئەو کەسەی کە لەشکر ئامادە دەکات بۆ ناردن و هێرش بردن. سەرداری لەشکر.

کەش: ⟵ کەشش.

خێڵی موژەت بە قەسدی دڵم حازرن بە سەف
لەشکر کەشن هەمیشە وەکو تووسی نەوزەری
(سالم - ل ١٤٥)

**لەشکری:** مەبەست سەربازە.

بۆ تەیی راهی مەتلەبی تۆ سەر قەدەم بکا
تۆ شاهی حوسنی و سالمی بێچارە لەشکری
(سالم - ل ١٤٥)

**لەشکری خەت:** مەبەست ڕازاوە و ئارایشکراوی جوان و کاریگەرە. سوپای خەت و خاڵ.

موشەخخەس لەشکری خەتت لەسەر تەسخیری بالآیە
کە تورەی (میری میران)ت نیشانەی سەبتی توغرایە
(نالی - ل ٥٦٥)

**لەشکری خەتتی شکستە:** مەبەست پرچی درێژ و پڕ و بەسەریەکدا پەخشان و شێواوە.

خەتتی شکستە: خەتتی شیکەستە، جۆرە خەتێکی فارسییە، کە بەشی زۆر

تیپەکانی بە یەکدا چوو و پەیوەستن، ئەمە بۆ نووسینی خێرا بەکار دێت.

لەشکری خەتتی شکستەو تیپی زوڵفی تار و مار

پادشاهی حوسنی عالەم گیری هێشتا غالیبە

(نالی – ل ٣٩٩)

**لەشکری قیر و سیا:** مەبەست پرچی زۆر ڕەش و درێژە.

زوڵفی جەرارِی سەفا سەف خستە پێش

یەعنی زەنگیی لەشکری قیر و سیا

(نالی – ل ٣٢٤)

**لەعل:** مەبەست لێو، لێوی دلبەر، شەراب. (دهخدا) و (ثروت).

مەبەست لێوی خۆشەویستە و هەروەها مەی.

١–وصلش بنای خانهء عمر استوار کرد

لعلش نگین ملك حیات آشکار کرد

(شمس طبسی: دیوان – ١١١)

٢–صوفی از پرتو می راز نهانی دانست

گوهر هرکس از این لعل توانی دانست

٣–بر سینهء ریش درد مندان

لعلت نمکی تمام دارد

(حافظ – عفیفی)

واتای سێ دێرە شیعرەکە:

١–بە یار گەیشتن بنچینەی ماڵی تەمەن توند و تۆڵ دەکات واتە: دەبێتە مایەی گەنجی و تەمەن درێژی. لێوە سوورەکانی نگینی موڵکی ژیانی ئاشکرا کرد.

٢–سۆفی بەهۆی تیشکی شەرابەوە، ئاگاداری رازی شاراوە بوو، بەهۆی ئەم مەیە سوورە لەعل ڕەنگەوە دەتوانی سروشتی هەر کەسێ بزانی.

٣-بۆ سنگی بریندداری دەردەداران، لێوی سوورت خوێیەکی تەواوە، واتە دەرمانێکی کاریگەرە.

هەروەها فەرهەنگی (سخن) دەڵێ: لەعل کراو بە عەرەبی وشەی (لال)ی فارسییە و جۆرە بەردێکی بەنرخە دروست بووە لە منیزم و ئالومینیم و ڕەنگی سوورە و هەندێ جار سەوز و زەرد و ڕەشە. جۆرێکە لە جڕ و جانەوەران لەشی درێژکۆلە و دەست و پێی درێژە، لێوی دلبەر، سوور، شەرابی سوور.

(سخن)

مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی ڕەوانە
ساقیی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی
(نالی - ل ٦٥٦)

بە یادی لەعلی دولبەر ئەشکی خوێنین
مەڕێژە لەعلی خۆی نادا بە یاقووت
(سالم - ل ٥٠)

**لەعل و ڕومان:** مەبەست لێوی سوور و مەمکی قنجە.

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بە دەرخە دابڵێن
لەعلی ڕوممانی هەیە یا لەعل و ڕوممانی هەیە
(نالی - ل ٥٧٥)

**لەعلی بەدەخشان:** مەبەست فرمێسکی خوێناوییە.

لەعل: ⟶

بەدەخشان: (بەدەخش = بلخش + ان پاشگرە) سەرزەمینی ناسراو بە بلخش، ناوچەیەکە لە ئەفغانستان لە بەشی ڕۆژهەڵات و لکاو بە تورکستانی ڕۆژهەڵاتەوە و، لەعل لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە شێوەیەکی زۆر بە دەست دەهێنرێت، لەعلی بەدەخشان یان بەدەخش هێنی ئەم ناوچەیەیەو هەر لە کۆنەوە زۆر بە ناوبانگ بووە، کانە سەرەکییەکەی لە (فیض آباد)ە. (فرهنگ لغات دیوان خاقانی - دکتر سجادی)

من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
مـن لـەعلی بەدەخشان و ئـەتۆ لوئلوئی لالا
(نالی – ل ١١٥)

کە سهل است لعل بدخشان شکست
شـکسـتـە نشـاید دگر بـارەبـست
(سعدی، بوستان – غلامحسین – ل ٤٦)

واتە: ئاسانە کە لەعلی بەدەخشانی بشکێنی، بەڵام کە شکا ئیتر چاك ناکرێتەوە.

**لەعلی ڕوممانی:** مەبەست لێوی سوورە.

لەعل: ⟶

ڕوممانی: وەکو دانەی هەنار سوور، یاقووت بە تایبەتی باشەکانیان.

هـەر لەبت یا سینەشت هەردوو بەدەرخە دا بـڵێن
لەعلی ڕوممانی هەیە یا لەعل و ڕوممانی هـەیـە
(نالی – ل ٥٧٥)

قبوڵی نرخی بـۆسـەی لەعلی ڕومانی لەبت نـاکـەم
لە ئەشکم پڕ بە دامانت ئەگەر یاقووتی ئەحمەرکەم
(سالم – ل ٨٤)

باغ و مەعدەنمە لـەب و پستانی
لەعلی ڕوممـانی و ڕوممـانی هـەیە
(سالم – ل ١٣٤)

ڕوخی وەك گوڵ تەنی وەك سیم لەبی وەك لەعلی ڕوممـانی
دەهـــان وەك فندق و غـــەبغـــەب وەکـــو نـارنجـی ئیمـــانی
(کوردی – ل ٦٠)

**لەعلی شەککەربار:** مـەبەست لێوی سوور و جوانی یارە، کە قسەی خۆش و شیرین دەکات.

لەعل: ⟶

شەککەربار: بارێنەری شەکر.

شەککەر: شەکر

بار: ڕەگی چاوگی (بارین)ی کوردی و باریدەن (باریدن)ی ف. یە. کە یەك واتایان هەیە.

لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە شەککەر بارییە
لێوی میحنەت باری من بێ ئاوە، باری گرتووە
(نالی - ل ٥٤١)

ژەهری دووری چەژتووە هیجری ئەمێستا بۆیەکە
تەلخ گوفتارە کەلامی لەعلی شەککەر بارەکەم
(کوردی - ل ٣٠)

**لەعلی شیرین:** مەبەست دەم و لێوی سوور و جوانە.

دەکا شیرین لە خەشما تەلخ گوویی لەعلی شیرینت
(دعاگر نیست خوش وقتم زگفتارت بەد شنامی)
(سالم - ل ١٤٩)

**لەعلی لەب:** لەعلی لێو، لەبی لەعل، لێوی لەعل. مەبەست لێوی سوور و جوانە.

لەب: ⟶

لەعل: ⟶

لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە
لەسەر ئابی سەرابی سەروی سیرابی موغیلانە
(نالی - ل ٤٩٢)

وەکو لەعلی لەبت دێ ئەشکی ئاڵم
لە عیجزا گەر ببینم ڕەنگی گوڵنار
(سالم - ل ٥٨)

بە یادی بۆسەیی لەعلی لەبت ئەز بەسکی لەب خوشکم
ئەبەد تیشنەم ئەگەر فەرزەن لە گۆشەی حەوزی کەوسەریم
(سالم - ل ٨٠)

**لەعلی لەبی مەرجان:** مەبەست لێوی سوور و جوانی وەك لەعل و مەرجان.

لەعل: ⟵

مەرجان: وشەیەکی سریانییە. گیان لەبەرێکی بێ بڕبڕەی پشتی بچووکی دەریاییەو ماددەیەکی قسڵی لە لەشی دێتە دەرەوە و، وەچە نوێیەکانی لەسەر شوێنەواری وەچە کۆنەکان دەژین و دوورگە (جزیرە)ی مەرجانی دروست دەکەن، پاشماوەی ڕەنگ سووری نیشتووی ئەم گیان لەبەرە بەکار دێت بۆ جەواهیر سازی و زێوەر. (سخن)

شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چابوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا

(نالی – ل ٩٢)

**لەعلی لێو:** ⟵ لەعلی لەب.

جێیی ئاوی حەیاتە لەعلی لێوت
(دور از لب هر خبیث دون باد)
(سالم – ل ٥٥)

دەکا شیرین بە عاشق گۆشەگیری
لە کونجی لەعلی لێون خاڵی هیندوو
(سالم – ل ١١٥)

**لەعلی نمەك پاش:** مەبەست لێوی سوور و جوان و کاریگەرە.

لەعل: ⟵

نمەك پاش: ئەوەی کە خوێ دەوەشێنێ بەسەر شتێکدا. خوێدان، ئەو کەسەی کە بە قسەی ڕەق و ناخۆش دڵی یەکێکی ڕەنجاو برەنجێنێ.

نمەك: خوێ.

پاش: ڕەگی چاوگی پاشیدەن (= پاشیدن)ی ف. یە. واتە وەشاندن، بڵاوکردنەوە.

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەك پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە
(نالی – ل ٤٩٥)

**لەعلی نمەکین:** مەبەست دەم و لێوی سوور و جوانە.

لەعل: ⟵——

نمەکین: مەبەست جوان و دڵڕفێنە. بەڵام وشەکە خۆی واتە خوێیاوی، سوێر.

نمەك: خوێ.

ین: پاشگرە

ڕەنگ و ئـەسـەری شـۆرشـی لـەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سوورییو سوێرییە دەرێژم
(نالی – ل ٢٧٧)

چون سوی غنچە بە یاد دهنت می نگرم
نمك لعـل لبت چـشـم مـرا مـی گـیرد
(کلیم، دیوان – ١٨١: عفیفی)

واتە: کاتێ کە بە یادی دەم و لێوت سەیری غونچە دەکەم، لێوی سوور و جوانت چاوم دەگرێ.

**لەغزش:** خزان، خلیسکان. هەروەها بە واتای هەڵەو گوناهیش هاتووە.

وەك پیری ساڵخوردە خەمە داری پیرمەسوور
مەشغووڵی لەغزشە هەمەجا پایی تا بەسەر
(سالم – ل ٦٨)

**لەغزش خستن:** لەغزش کردن، پەخشان کردن، بڵاوکردنەوە.

لەغزش: ⟵——

وەختی تـەوافی عـاریزی دلبـەر شـنۆیی تـۆ
لەغزش دەخا بە تورە لەسەر تا بە پێی کەمەر
(سالم – ل ٦٧)

**لەغزی:** خزا، خلیسکا، هەڵخلیسکا.

دڵم دوزدانە بـۆ سیبی زەنەخ چـــوو

لە خەوفا پایی لەغزی کەوتە ناو چاهـ

(سالم – ل ١٢١)

کـە مـانی هـاتـە سەرکێشانی ئەبرۆی تـۆ لە پـاش چـاوت

لە مەستیی دەستی وا لەغزی کە کەچ هات خەتی پەرگاری

(کوردی – ل ٥٦)

**لەف و نەشر:** واتە پێچانەوە و بڵاوکردنەوە، بەڵام لە زاراوەی (بدیع)دا ئەوەیە کە لە پێشدا چەند شتێ بهێننەوە و، دوای ئەوە سیفات و کارەکان و، یان شتی تر بهێننەوە کە هەر یەکێکیان پەیوەندی هەبێ بە یەکێ لەو شتانەی کە لە پێشدا هاتووە، بەڵام ئەوە دیاری ناکەن کە کام یەك لەوانە بۆ کام یەك لەو شتانە دەگەڕێتەوە، واز لەمە دەهێنرێ بۆ هەست و چێژی گوێگر، یان خوێنەر. لەف و نەشر دوو جۆرە:

یەکەم – لەف و نەشری مـورەتتەب.

دووەم – لەف و نەشری موشەووەش.

(فرهنگ اصطلاحات ادبی – سیماداد)

ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوەی نالی، هەردوو جۆرەکەی لەف و نەشر دەگرێتە خۆی ئەگەر بڵێین (خەم) بۆ (مار) و (ئەڵقە) بۆ (عەقرەب)ە ئەوە لەف و نەشری مـورەتـتـەبـە، خـۆ ئـەگـەر بـە پـێـچـەوانـەوە بـێت ئـەوە دەبـێت بـە لـەف و نـەشری موشەووەش:

زولفەینی بە خـەم مـار و بە حەڵقەن وەکـو عقرەب

شیعری لەف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتەب

(نالی – ل ١٣٣)

١–لەف و نەشری مورەتەب: ئەوەیە کە وشەی یەکەم لە (نەشر)دا بگەڕێتەوە بۆ وشەی یـەکـەم لـە (لـەف)دا و هـەروەهـا دووەم لـەگـەڵ دووەمـدا و سێیـەم لـەگـەڵ سێیەمدا. شاعیرێ لەم بارەیەوە دەڵێ:

لف و نشر مرتب آنــرا دان
که دو لفظ آورند و دو معنی
لــفـظ اول بــه معنــی اول
لفظ ثانی بــه معنی ثــانی

واتە: بزانە کە لەف و نەشری مورەتتەب ئەوەیە کە دوو وشە دێنن و دوو واتا، وشەی یەکەم بە واتای یەکەم، وشەی دووەم بە واتای دووەم.

جوانترین نموونە بۆ لەف و نەشری مورەتتەب، ئەم شیعرە نایابەی (فیردەوسی)یە:

بــه روز نبـرد آن یــل ارجـمند
بەشمشیر و خنجر به گرز و کمند
برید و درید و شـــکست و ببست
یلان راسر و سینه و پــا و دست

(فرهنگ اصطلاحات ادبی – سیمادادا)

واتە: لە ڕۆژی جەنگدا ئەو پاڵەوانە بەڕێزە، بە شمشێر و خەنجەر و بە گورز و کەمەند، بڕیی و دڕیی و شکاندی و بەستی، سەر و سینگ و پێ و دەستی پاڵەوانەکان.

هەروەها نموونەیەکی دڵڕفێن بۆ لەف و نەشری مورەتتەب ئەم شیعرە جوانەی بێکەسە:

تـۆ نەختێ سەرنج بـدەرە دنیا هەرچی کەوا تیا
باڵدار و گوڵ و ئەستێرە و دەریا درەخت و چیـا
ئـەمرێ ئەوەرێ کز و وشك ئەبێ ئەگۆڕێ جیا جیا

(دیوانی بێکەس – ل ١٢٨)

٢-لەف و نەشری موشەووەش: ئەوەیە کە بە ڕیز نەهاتبێ، واتە بۆ نموونە وشەی دووەمی (نەشر) پەیوەندی بەیەکەمی (لەف)ەوە هەبێ، وشەی یەکەمی (نەشر) پەیوەندی بە دووەمی (لەف)ەوە هەبێ وەك:

در باغ شد از قد و رخ و زلف تو بی آب

گلبرگ تری سروسهی سـنبل سیر آب

(خاقانی، فرهنگ اصطلاحات ادبی – سیماداد)

واتە: بەهۆی بالآو دەموچاو و زوڵفی تۆوە، پەڕەی گوڵی تەڕ و، درەختی سەروی سەهی و گوڵی سونبولی تێر ئاو، بە شەرمەزاری لە باغ چوونە دەرەوە.

ئەمەیش نموونەیەکە بۆ لەف و نەشری موشەووەش، کە (نار) و (ئاو)ی هێناوە و دوای ئەوە (بەحری فیرعەون) و (ئاتەشی توور)، کە یەکەمیان لەگەڵ دووەم و دووەمیان لەگەڵ یەکەمدا دەگونجێ.

بە ناری عەشق و ئاوی دڵ جەسەد وەك حەزرەتی مووسا

تەریقی بەحری فیرعەون و ڕەفیقی ئاتـەشی تـووره

(نالی – ل ٤٠٧)

**لەکامی ئەژدەهادا بوون:** مەبەست بوونی دڵە لە ناو پرچی درێژی دلبەردا.

کام: دەم.

ئەژدەها: مەبەست پرچی درێژە.

لە ناو زوڵفا بە زاری هاتە گوێم ناڵینی دڵ ئەمشەو

گەزیم ئەنگوشتی حیرەت دیم لەکامی ئەژدەهادا بوو

(سالم – ل ١١١)

**لە گەردوون بەدەر:** مەبەست لە ئاسمان تێپەڕبوونە، لە گەردوون تێپەڕیو.

گەردوون: پەهلەڤیGartūn، ئاسمان، فەلەك، چەرخی گەردوون، چەرخ، عەرەبانە. (معین)

بەدەر: تێپەڕیو.

لـە دەمی ناڵەیی زارم دڵی پڕ زەمزەمـەکـەم

وەلوەلەی حەلق و گەرووی نالی لە گەردوون بەدەرە

(نالی – ل ٤١٥)

**لە لەنگەردا:** لە ئارامیدا، لە ئاسوودەییدا.

لەنگەر: ئامرازێکی لە ئاسن دروستکراوی چنگدارە، بە گوریسێکی درێژەوە بەستراوە، بۆ ڕاگرتن و وەستاندنی کەشتی بەکاردێت.

مەکانی دڵ کە گێسووتە ئەبەد هەرگیز جودا نابێ

لە لەنگەردا هەتا ماهی لەگەڵ گا جووتە وا جووتە

(سالم – ل ١٢٢)

**لەمحە:** لمحة. ع. چاو ترووکاندنێ، سەیری شتێکردن بە خێرایی.

قەرن و ساڵ و مەهـ ئەبەد نایێمە یادت لەمحەیێ

(ای کـە بـی یـاد تـو هـرگـز برنیارم یك نفس)

(سالم – ل ٧٢)

**لەناو ناوی بەقادا بوون:** مەبەست نەمرییە.

ناوی بەقا:

بە دەمتان ناوی من هات و دەبێ سککەی ئەبەد لێدەم

دەمێنێ تا ئەبەد ناوم لە ناو ئاوی بەقادا بوو

(سالم – ل ١١١)

**لەن تەرانی:** لن ترانی. ع. هەرگیز نامبینی.

ئەمە وەرگیراوە لە ئایەی ١٤٣، سوورەی اعراف. «ولماجاء موسیٰ لمیقاتنا وکلمە ربە، قال رب ارنی انظر الیك، قال لن ترانی...» واتە: ئەو کاتەی کە مووسا لە کاتی دیاریکراوی ئێمە هات، خوای خۆی قسەی لەگەڵ کرد، مووسا وتی: ئەی خوای من خۆتم پیشان بدە تا بتبینم، خوا فەرمووی: هەرگیز من نابینی...

هەروەها بە واتای قسەی ڕەق و ناخۆش و نابەجێیش هاتووە.

لیقا خواهیش دەکەم دایم کە بنوێنی وەلێ ناچار

ڕەزام حەرفێ لە جوابت بشنەوم با لەن تەرانی بێ

(سالم – ل ١٤١)

**لەندەهوور:** کەسێ کە بڵند و چوارشانە و لەش گەورە بێت، دەڵێن ناوی یەکێ بووە لە میرەکانی هیندستان کە زۆر بڵند و چوارشانە بووە. (عمید)

قـەلبی مونـەوەر لـە حـەبیبـانی نـازەنین
یا وەك سەقەر پڕە لە ڕەقیبانی لەندەهوور
(نالی – ل ۱۹۰)

**لەنگەر ڕاگرتن:** مەبەست ئارام گرتن، ئاسوودە بوونە.

لەنگەر: ←——— لە لەنگەردا

دڵی تووتی لە پەروازا لـەسـەر گـوڵ لەنگەری ڕاگـرت
کە یاری شۆخ و شیرینم سەحەر وەسمەی لە ئەبرۆدا
(سالم – ل ۲۱)

**لەوحی ئەنوەر:** مەبەست زۆر ڕووناك و درەخشانە.

لەوح: لوح. ع. هەر شتێ کە پان بێت لە بەرد یان تەختە یان فلز.

ئەنوەر: انور. ع. ڕووناکتر، ڕۆشنتر.

تەشبیهی حوسنی فائیقی ئـاخر بـە چی بـکـەم
نووری سونووحی تەلعەتی سەد لەوحی ئەنوەرە
(نالی – ل ٤٢٦)

**لەهوو و لەعب:** لهو و لعب. ع. ڕابواردن و یاری، چێژوەرگرتن و گەمە.

لەهوو: لهو. ع. یاری کردن، ئەوەی کە ببێتە هۆی سەرگەرمی و ڕابواردن.

لەعب: لعب. ع. یاری کردن، یاری، گاڵتە.

چ شەو چ ڕۆژ وەها کورتی لەهـوو و لـەعب و میزاح
کە هەردوو وەك یەکە چوون بە نەغمەیی بەم و زیر
(نالی – ل ۲۰٦)

دریغا کە فصل جوانی برفت
بە لهو و لعب زندگانی برفت
(سعدی، بوستان، غلامحسین – ص ۱۸٤)

واتە: بەداخەوە سەردەمی لاویتی تێپەڕی، بە ڕابواردن و خۆشی و یاری و گەمە، ژیان بەسەرچوو و کۆتایی هات.

**لەیلا:** ⟵ مەجنوون.

عیشقت کە مەجازیی بێ خواهیش مەکە ئیلا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ
(نالی - ل ۱۵۷)

لە کۆهی نەجدە ئیستاکە وەکیلی قەیسی ماڵ وێران
منم مەجنوون و زنجیرم گرێی گیسوویی لەیلایە
(نالی - ل ٥٦٨)

**لوء لوء ڕێتنی مەردومی چاو:** مەبەست فرمێسك ڕشتنە.

لوءلوء: ⟵ لوو لوویی لالا.

ڕێتن: ڕشتن.

مەردوم: ⟶

کەمی ڕێتە قەدەمت مەردومی چاوم لوءلوء
عاجزی گوڵ لە جەفای بولبولی بێچارە عەبەس
(سالم - ل ۷۲)

**لوئلوئی لالا:** مەبەست دانی سپی و جوانە.

بەڵام وشەکە خۆی واتا مرواری ورشەدار.

من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بە دەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا
(نالی - ل ۱۱۵)

از ان قطره لؤ لؤی لالا کند
وزاین صورتی سرو بالا کند
(بوستان، غلامحسین - ص ۳٤)

واتە: لەو دڵۆپە ئاوە مرواری درەخشان دروست دەکات و لە مەیش شۆخ و شەنگێکی باڵابەرز دروست دەکات.

**لوخت:** ڕووت.

کەژاوە و دار و بار و تەختەیی لوختی لەسەر بوختی
دەناڵێنن لە شەوقی تەیبە وەك ئەستوونی حەننانە
(نالی – ل ٥٠٠)

**لوعابی خۆر:** شتێکە وەکو تاری جاڵجاڵوکەیە لە بیاباندا کاتی گەرما دەردەکەوێ. هەروەها پێیشی دەڵێن: [خیط باطل، مخاط شیطان، ریق الشیطان، لعاب شیطان، لعاب شمس.] معین.

تەنی حاجیی لەسەر چوارچێوەیی ناجیی دەڵێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەك کافووری ئەکفانە
(نالی – ل ٤٩٠)

**لوقمان:** پیاوێکی زانا بووە، بەگوێرەی بەسەرهات و داستانە ئیسلامییەکان حەبەشی بووە و لە سەردەمی داووددا ژیاوە، لە هۆنراوەی فارسی و پەندی پێشینان‌دا ناوی هاتووە، کە دەڵێن حیکمەت و زانایی لوقمان، ئەمە لەوەوە وەرگیراوە.

اگر از خانه و از اهل جدا ماندم
جفت گشتستم باحکمت لقمانی
(ناصر خسرو – معین)

واتە: ئەگەرچی لە ماڵ و کەس و کار دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام لەگەڵ زانایی و پەند و ئامۆژگارییەکانی لوقماندا بووم بە یار و دۆست.

سامیری و سەحبان و جارولڵلاو لوقمان و سەتیح
موخبیری کوللی علوومێ بوون و سەرگەردانی عیشق
(کوردی – ل ١٩)

بە زاهیر سادە لەوحی وەك ڕوخت وەحشی وەکو دیدەت
لە دڵدا بۆ حەکیمی و عاقڵی ئوستادی لوقمانی
(کوردی – ل ٦٠)

**لوقمە:** قایشێکە لە قەڵتاغی ئاوزەنگی وڵاخ هەڵئەکێشرێ.

(خاڵ)

ئەسپەکەی چەوت و سیەهـ عەینە وەکو تالیعی خۆم
سـەقـەت و سـاتمـەزەن و لاجـڵەو و لوقمـە بـۆری

(سالم – ل ١٤٥)

**لووتە خۆر = لۆتە خۆر:** بـابۆڵە بادەر، پاررووی زل خۆر.

(هەژار)

وا خـوانی کەناری من بـۆ نوقڵی دەم و مـاچە
ئەی لووتە خۆری تەکیە سا تۆ لە کەنارت چی

(نالی – ل ٦٤٥)

**لووتی پاپاخی لەگەڵ سەقفی فەلەك دەعواکردن:** مەبەست ئەو پەڕی شانازییە، ئەو پەڕی سەربەرزی.

پاپاخی: جۆرە کڵاوێکی گەورەی تورکییە، کە لە پێست یان لە خوری دروست دەکرێ.

دەعوا: دعوی. ع. شەڕ، توندوتیژی بەیەکدادان

تاکو بێتە سـەر سـەری سایەی هوما ئاوا نەبێ
لووتی پاپاخی لەگەڵ سەقفی فەلەك دەعوا دەکا

(سالم – ل ٢٩)

**لوو لوویی لالا:** کورتکراوەی لۆلوئی لألاء، واتە مرواری درەخشان و ورشەدار.

لەئالیی ئەشکی نـالی بێ کـەسـە غەلتانی نێو خاکە
مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لوولوویی لالابێ

(نالی – ل ٦٠٢)

**لیباس شین:** مەبەست ماتەمبار، تەعزیەبارە.

سـریشـکم قرمز و دیدەم سـفیدە

ڕوخم زەرد و لیبـاسم شینە بیّ تۆ

(سالم – ل ١١٣)

**لیقا:** لقاء. ع. دیدار، چاوپیّکەوتن، تەماشا، هەروەها بە واتای دەموچاویش هـاتووە.

تـا مەحرەمم بـە بەزمی ویسالت لە خـەلْوەتـا

ناکەم هـەوایی بـاغی بەهـەشت و لیقـای حوور

(سالم – ل ٦٤)

**لیقا خواهیش کردن:** تکای دیدار و چاوپیّکەوتن.

لیقـا: ⟶

خواهیش: ⟶

لیقا خـواهیش دەکـەم دایم کـە بنویّنیّ وەلیّ نـاچار

ڕەزام حـەرفیّ لە جوابت بشنەوم بـا لەن تـەرانی بـیّ

(سالم – ل ١٤١)

**لیکن:** بەلاّم، ئەمە لە وشەی (لکن)ی عەرەبییەوە هـاتووە.

واقیعی شیرین سـۆالیّکـە بـەلاّن لیکن دەبـوو

مەسئەلە بڕوایە لای شەخسێکی دانـاو حـالْ زان

(کوردی – ل ٣٤)

**لیمۆ:** مەبەست مەمکە.

بەیان نـاکا کیتـابی تیب دەوایی دەردی عوششـاقـان

شیفـایـە بـۆ تـەبی ئوفتـادەگان لیمۆیی جـانــانم

(سالم – ل ٨٣)

لەبت میحرابە بـۆ بوسـتـانی کولْمت

دەوای دەردی منە عونناب و لیمۆت

(سالم – ل ٥٠)

**لێكدان بەهەم:** مەبەست تێكدان، بەسەریەكدادان، تێكەڵ كردن.

بەهەم: باهەم. لەگەڵ یەكتریدا.

كەوتە سەر ڕووت پەرچەمی تارت بەخەم
ڕۆژ و شەو ڕۆژ و شەوی لێكدا بەهەم
(سالم - ل ٨٢)

**لێوی بێ ئاو:** مەبەست لێو بە بارە، لێوێ كە لە ئەنجامی غەم و خەفەتدا وشك هەڵگەڕابێت.

لەعلی شەككەر باری تۆ تێراوە شەككەر بارییە
لێوی میحنەت باری من بێ ئاوە باری گرتووە
(نالی - ل ٥٤١)

**لێوی مەرجان:** مەبەست لێوی سوورە.

مەرجان: جۆرە جانەوەرێكی دەریاییە، كە وەكو گیا وایە و، بە زەوییەوە چەسپاوە، لە كۆندا وایان دەزانی كە گیای دەریاییە، جۆرێكیان پێی دەڵێن مەرجانی سوور كە وەكو گوڵ وایە و لە زەرنگەریدا بۆ خشڵی گران بەها بەكاردێت. هەندێ مەرجان هەیە كە بە شێوەیەكی زۆر لە یەك جێگەدا كۆ دەبێتەوە و لەسەر یەكتری كەڵەكە دەبێت و دەبێ بە دوورگەیەكی گەورەی مەرجانی، هەروەها مەرجان لە عەرەبیدا بە واتای مرواری بچووك بەكاردێت و یەك دانەی پێی دەوترێ مەرجانە. (عمید)

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت
دەلەرزێ دەستی فەسساد و نمەك ڕێی نیشتەر نادا
(سالم - ل ١٧)

# م

**ما:** ئێمه. مه.

له فـهردیی وهسفی یـارا عـاره نـاوی موددهعی بــردن
له ڕشتهی فکری ما خهرموهره هـهمسلکی گوهـهر ناکهم
(سالم – ل ٨٥)

**مائولخزر:** ماء الخضر. ع. ←—— ئابی حهیات، ئاوی بهقا.

تـا گهرمڕهوی ڕێگـهی زوڵماتی بـهقـا بێ
مـائولخزرت قهتره لهسـهر قهتره فیدا بێ
(نالی – ل ٦٢٦)

**ماجهرا:** مـاجرا، مـاجری. ع. ئهوهی که ڕووی دابێت، ڕووداو.

له چـاوی ڕوودبـارم نـووری دیتن وهقته تـاری بـێ
ئهمیش بـا مـاجهرای هیجرانی نووریی ڕوودباری بێ
(نالی – ل ٦٣٣)

وهره بنواره چاوی پڕ لــه خوێنم
بـه تهفسیلاتِ ببینن مـاجهراتان
(کوردی – ل ٣٥)

**ماچین:** واتـه چینـی گـهوره. لـه زمـانـی سانسکریتدا (مـههـاچینـا)یـه، واتـه چینـی گـهوره،

مەبەستی پێشینیان لە (چین) تەنها وڵاتی دراوسێیی (کاشغەر) و (خوتەن) بووە.

(معین)

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین

کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین

(نالی – ل ٣٤٥)

لەم دوو دێرە شیعرەی خوارەوەدا مەبەست لە ماچین دەموچاوی یارە.

هەوای ماچی لەبت رێی بەندەری زوڵفی بە دڵ ون کرد

موسافیر بۆ سیاحەت سوویی چین چوو تووشی ماچین هات

(سالم – ل ٤٦)

عبووری دڵ بە چینی زوڵفتا بۆ ماچی روخسارە

قەڵەندەر ڕاست بۆ چین چوو وەلێ مەیلی بە ماچین بوو

(سالم – ل ١٠٨)

**مادەر:** [پەهلەڤی.Mātar] دایك، ژنێ کە منداڵی هەبێت.

وەرە قوربان بەجان هەردوو برابین

کە تۆ بێ مادەر و من بێ پەدەر مام

(نالی – ل ٢٦٤)

گر مادر من رئیسە کُرد

مادر صفتانە پیش من مرد

از لابەگری کرا کنم یاد

تاپیش من آردش بە فریاد

(سبعەء نظامی، لیلی و مجنون، وحید دستگردی – ص ٤٩)

کاتێ کە شاعیری گەورە و بەناوبانگ دایکی دەمرێت و شینی بۆ دەکات، دایکی ناوی ڕەئیسیەو لە نەتەوەی کورد بووە، دەڵێ: ئەگەرچی دایکی من ڕەئیسەی کوردەو بەو شێوەیەی کە سیفاتی دایکێتییە لەلای من مرد بەڵام بە گریان و زاری هیچ کەسێ ناتوانێ ئەوم بۆ زیندوو بکاتەوە و بیهێنێتەوە بۆ لام.

**مادەری بەرخ:** مەبەست دڵسۆزی و دڵ نەرمییە.

مادەر: ⟵

گەهێ هەمدەردی ئەکرادن گەهێ هەمعەیشی ئەتراکن

لە یەك لا مادەری بەرخن لە یەك لا یاری گورگانن

(سالم – ل ١٢)

**مادەری پیری فەلەك:** مەبەست ڕۆژگار و فەلەکە، جیهان، گێتی.

مادەر: ⟵

فەرعی ناکامڵ دەبینێ مادەری پیری فەلەك

حاڵەتم وەختی شەبابیش شێوەیی پیرانە بوو

(سالم – ل ١٠٧)

**مادەری دنیا:** مەبەست ڕۆژگار و زەمانەیە.

مادەر: ⟵

بە ڕەنگی دولبەرم تەحقیقە ئیتر

عەقیمە مادەری دونیا لە دوختەر

(سالم – ل ٦٥)

**مادەری عیسا:** دایکی حەزرەتی عیسا، واتە مەریەمی عەزرا، کە لە نەوەی داوودە، بە گوێرەی قورئانی پیرۆز لە پێش لە دایك بوونی، نەزری کردبوو کە بیخاتە پەرستشگاوە بۆ خزمەت کردن، بەڵام زەکەریا بەخێوکردنی ئەوی خستە ئەستۆی خۆیەوە، کاتێ کە گەیشتە هەژدە ساڵان (روح القدس) هاتە لای و مەریەم سکی پڕ بوو بەعیسا. بەڵام پروتستانەکان باوەڕیان وایە کە عیسی کوڕی یووسفی دارتاشە. (معین)

مادەر: ⟵

عیسا: ⟵

عەقیم ئاسا لە زگ وەستایەوە حەملی نەما ئیتر

لەپاش تۆ دایەیی دونیا بە میسلی مادەری عیسا

(سالم – ل ٢٧)

کشا یەك سوو بە گۆشەی ڕوویی یارا
چ جنسێ بێ لە مارا بێ بە نارا
(سالم – ل ٢٥)

**مار:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی درێژە.

سازشی تورە ڕووی دا بە فنوون
ناری ڕاخستووە بۆ دۆشەکی مار
(سالم – ل ٥٨)

**مار و نار:** مەبەست پرچی درێژ و دەموچاوی جوانە.

بە چین گرتوویە زوڵفت دەوری ڕوخسار
چلۆن سازش دەکا مارت لەگەڵ نار
(سالم – ل ٥٩)

**ماری زوڵف:** مەبەست زوڵفی درێژە.

کەی بەگەنجی ڕوومەتت دەستی خەیاڵی من دەگا
پاسەبانی ماری زوڵفت تا موحیتی گەردەنە
(سالم – ل ١٣٠)

**ماری سیەهـ:** مەبەست پرچی درێژ و ڕەشە.

سیەهـ: کورتکراوەی سیاهـ، سیا، ڕەش.

خۆ زوڵف و ڕوخت زدی یەکن سیحرە کە سازان
خستووتە ژێر ماری سیەهـ دۆشەکی پشکۆ
(سالم – ل ١١٥)

**ماری گیسوو:** مەبەست پرچی درێژە.

گیسوو: [پەهلەڤی. Gēsūk] مووی درێژی سەر کە لە پشتی مل بەرەو خوار تێپەڕی کردبێ. پرچ. (معین)

له پێت ئاڵاوە حەڵقەی ماری گیسووت

عەجایەب حەییی بێ جان قەیدی موتلەق

(نالی - ل ٢٥٣)

**ماری موو:** مەبەست پرچی درێژە.

ماری موو بۆ باغی ڕوو پەرژین دەکەی

کافری بێ دین ئەمینی دین دەکەی

(سالم - ل ١٥٣)

**ماڵش دان:** شەکاندنەوە، پەخشان کردن، دەست پیاهێنان، ساف کردن، شێلان.

ماڵش دوو بەشە: ماڵ + ش.

ماڵ: ڕەگی چاوگی (ماڵین)ە.

ش: پاشگرە.

ماڵش دەدەی بەدەم لە دەمی خوابی سوبحدەم

هەم زوڵفی قیرگوونەو هەم چیهرەیی قەمەر

(سالم - ل ٦٧)

**مانەند:** وەك، وەکو.

دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بە بێ مانەندیی

بێ شك و شوبهە خودا شاهیدە مانەندی نییە

(نالی - ل ٥٩٣)

لە دوو لا زوڵفی بەڵا جۆ کە بەلا دەنوێنێ

نەفی مانەندی لەتیفی ڕوخی جانانە دەکا

(سالم - ل ٣٤)

**مانی:** دامەزرێنەری ئاینی مانی (٢١٥ز - ٢٧٦ز)، کوڕی فاتك بوو، لە سەردەمی لاوێتیدا خەریکی فێربوونی زانستەکان و فەلسەفە و خوێندنەوە لە بارەی ئاینی زەردەشتی و مەسیحی و ئاینەکانی سەردەمی خۆی بوو، لە (٢٤)ساڵیدا خۆی بە

پێغەمبەر دادەناو ئاینەکەی ئاشکرا کرد، ماوەیەك لە بەینەلنەهرەین خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی بوو، ئەوکاتە بەهۆی فەیرووزی برای شاپوورەوە، کە چووبووە سەر ئاینەکەی، شاپووری ناسی و یەکێ لە کتێبەکانی خۆی بە ناوی (شاپوورگان) پێشکەشی ئەو کرد، شاپووری یەکەم لە پێشدا بە میهرەبانی و دڵ نەرمی ڕەفتاری لەگەڵ مانیدا دەکرد و ڕێگەی بەخۆی و پەیڕەوانی ئاینەکەی دا کە بە ئازادی کاربکەن، بەڵام لە دواییدا پادشا لێی سارد بووەوە و لە ئێران دووری کردەوە، مانی لە ڕۆژانی ئاوارەییدا خەریکی گەشت و گوزار بوو لە وڵاتی هیند و تەبەت و چین، دوای مردنی شاپوور لە ساڵی (٢٧٢ز)دا گەڕایەوە بۆ ئێران.

هورمز کە جێنشینی شاپوور بوو، دوای گەڕانەوەی ڕێزی لێگرت و ڕێگەی پێ دا کە بە ئازادانە ئاینەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، مانی لەم سەردەمەدا بەزۆری لە نێوان مەسیحییەکانی بەینەلنەهرەیندا، خەریکی بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی بوو، لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر پەیڕەوییان کرد. لەپاش هورمز زۆری پێ نەچوو بەهرامی یەکەم مانی دەستگیرکرد و کوشتی.

مانی گەلێ کتێبی نووسیوە، لەوانە: «شاپوورگان» بە زمانی پەهلەڤی، لەبەرئەوەی کە ئاینەکەی خۆی فێری نەخوێندەوارانیش بکات، ئەم کتێبەی بە وێنەو تابلۆی جوان ڕازاندەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە مانی وێنەسازیشی پێ دەڵێن. یەکێکی تر لە کتێبەکانی «ئەرژەنگ» یان «ئەرتەنگ» بووە. بەکوشتنی مانی پەیڕەوەکانی لە ناو نەچوون، بەڵکو ساڵەهای دووروودرێژ بەجیهاندا بڵاو بوونەوە، سەدەها ساڵ بەردەوام بوون و لە بواری ئەدەبی و پیشەسازی و هونەریدا پێشکەوتن، هەروەها دوای پەیدابوونی ئیسلام ئاینی مانەوی گرنگی خۆی لە دەست نەداو، لە ئاسیای ناوەڕاست تا ناوچەکانی تەبەت بڵاو بوونەوە، لە ئەورووپایشدا ئاینی مانەوی تا خوارووی فەرەنسا دەسەڵاتی هەبوو، بە جۆرێ کە لە ساڵی (١٢٠٦ز)دا «سیمۆن دومۆن فۆر» Simon De Monfort، بە ناوی بەرگری لە ئاینی مەسیحی لە دژی «ئالبی ژن» Albigenes، کە تاوانبار کرابوو بەوەی کە پەیڕەوی ئاینی مانییە، جەنگ بەرپا بوو، «سەن ئەگوستین» Saint Augustine لە پێش ئەوەی کە بچێتە سەر ئاینی مەسیح، چەندەها ساڵ پەیڕەوی

ئـایـنـی مـانـی کردووە، ئـایـنی مـانـی تێکـەڵاویـیـەك بـوو لـە ئـایـنی زەردەشتـی و مەسیحی و بودایی و یونانی.

مـانی دەڵێت جیهـان لە دوو بەرەی ڕووناکی و تـاریکی پەیدا بووە و بـەم هۆیـەوە بنچینەکەی لەسەر باشیی و خراپی دامەزراوە، بەڵام لە کۆتایی جیهاندا، ڕووناکی لە تاریکی جیا دەبێتەوە و ئاشتی هـەمیشەیی هـەموو شوێنێك دەگرێتەوە، کار و کردەوەی هـەر مانەوییەك ئەوەیە کە تێبکۆشێ تا ڕووناکی و تاریکی لە یەکتری دوور بکاتەوە و تێکەڵاوییان لە ناوببات، واتە بوونی خۆی لە بەدی کە بەرەی تاریکییە پاك بکاتەوە و لە خۆشییەکانی جیهان وەك ژن هێنان، خواردنی گۆشت، شەراب خواردنەوە، کۆکردنەوەی سامان و... هتد خۆی دوور بخاتەوە، بە بڕوای مانی لە سەرەتادا دوو نەژادی ڕەسەن هەبووە کە پێکهاتوون لە باش و خراپ، یەکەمیان باوکی مەزنیی بوو کە ئەو پێنج بوونەوەرەی هێنایە کایەوە، کە هۆی مەیانی خودا و بەندەکانن وەکو: هەست، هۆش، بیر، بیرکردنەوە، ورە.

هـەروەهـا خوای تاریکی پێنج بەرەی تاریکی هـەیە وەکو: تەم، ئاگری زیان بەخش، بای زیان بەخش، ئاوی لیڵ، تاریکی. لە سەرەتادا تاریکی هێرشی بردە سەر ڕووناکی، باوکی مەزنیی بۆ بەرگری لە وڵاتی خۆی، یەکەمین بوونەوەر واتە «دایکی ژیان»ی دروست کرد و پێنج بەرەی تاریکی دروست کرد کە بریتین لە: ئەثیر، سافی، شنەی با، ڕووناکی، ئاو و ئاگر پاك کەرەوەی ئادەمیزاد. مانی پشتگیری کردووە لە نـامـەی زەردەشت و بوودا و مـەسیح، بـەڵام لـە بـارەی مەسیحەوە دەڵێ: مەسیحی ڕاستیی ڕۆحی تەواو بووەو لەشی نەبووەو کەسێ کە لە دار درا، یەکێ بووە لە دوژمنەکانی ئەو. (معین)

نووکی خـامـەی مـن کـە بێتە مەعنا ئارایی کـەمـال
خەت بەخەت ئیزهـاری نەقشی سوورەتی مـانیی دەکا
(نالی – ل ١٠٣)

مـانیی نییەتی قووەتی تـەسـویری بـرۆی تـۆ
ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە
(نالی – ل ٥٣٥)

بۆ خەیاڵی نەقشی تۆ مانیی لە من کەودەن ترە
ڕەنگی خامەی کردگارە سنعەتی تەسویری تۆ

(سالم - ل ١١٤)

بە جوز مانیی موسەوویر قەوسی ئەبرۆی وی نەکێشاوە
کەمانی نەقشی کێشابێ دەبێ هەر وا کەمانی بێ

(سالم - ل ١٤١)

گمره شود آن کس که همی روی تو بیند
آن روی نکو صورت مانی است همانا

(مسعود سعد سلمان، بکوشش لسان - ص ٩)

واتە: ڕووی تۆ ئەوەندە جوانە هەر کەسێ کە بیبینێت وا سەری لێ تێك دەچێت و گومڕا دەبێ، چونکە ئەو دەموچاوە جوانەی تۆ هەمان نەقشی جوان و دڵڕفێنی مانییە.

نگاه کن که به نوروز چون شدەست جهان
چو کارنامەء مانی در آبگون قرطاس

(منوچهری دامغانی، دبیر سیاقی - ص ٨٨)

واتە: لە نەورۆزدا سەیری جیهان بکە کە چۆنە، وەکو کارە ڕەنگینەکانی مانیی وایە، کە لەسەر کاغەزی ساف و بێگەرد دا نەقشی کردبن.

اکنون ز بهار مانوی طبع
پر نقش و نگار همچو ژنگ است

(رودکی، دکتر جعفر شعار - ص ١٠٥)

واتە: گوڵ و گوڵزار بەهۆی بەهارەوە، سروشتی مانیی وێنەسازی هەیە و، وەکو (ژەنگ = ئەرژەنگ)ە کە کتێبە پڕ نەقش و نیگارەکەیەتی.

**ماه:** مەبەست خۆشەویست، دلبەر، شۆخ و شەنگ، دەموچاوی گەش و جوان. بەڵام وشەکە خۆی بە واتای مانگ هاتووە.

گوتم ئـەی مـاهـ دڵی من بە دڵی خۆت بکڕە
گوتی من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم
(نالی – ل ٣٠٦)

وەك مـاهـ و سـتـارەت کە ببێ مـەیلی هـەڵاتن
سەرکردەیی ڕۆژ ڕەهرەوی شەو ڕەهزەنی خەوبە
(نالی – ل ٣٩٣)

ئـەی قـەلعەیی ماهم کـە دەڵێی ئەوجی بورووجی
وەی قوللەیی دووریی کە دەڵێی قامەتی عووجی
(نالی – ل ٦٣٧)

سـەبـا گـەر لابدا زوڵفت لە کوڵمت
دەڵێم یا ماهـ یا خورشیدە ئەنگووت
(کوردی – ل ١٥)

هونەرمەندی نییە بۆ دام ئەگەر یەك دەفعە ماهیی گرت
خەمی زوڵفی پەرێشانت بە موو سەد دەفعە ماهی گرت
(سالم – ل ٥٢)

**ماهتابی ڕوخ:** ڕوخی ماهتاب، ڕوخی وەك ماهتاب، دەموچاوی وەك مانگەشەو، مەبەست یاری شۆخ و شەنگە.

ماهتاب: مانگەشەو. وشەکە دوو بەشە: ماهـ + تاب.

ماهـ: ———►

تاب: ———►

ڕوخ: ———►

هـەر شەو کە ماهتابی ڕوخت دەرکەوێ لە دوور
کولبـەی دڵم لـە تیرەگییا پڕ دەبێ لـــە نـــوور
(سالم – ل ٦٤)

**ماه روخان:** مەبەست شۆخ و شەنگەکانە.

ماهـ: ⟵

روخ: ⟵

مونشەریح بوو لەمە گەر تۆ هەتە دەعیەی مەردی
قەت مەبە تالیبی سیمین بەدەن و ماهـ روخان
(کوردی – ل ٣٦)

**ماهی:** ماسی.

گاوی زەمین: ⟵

مەکانی دڵ کە گێسوتە ئەبەد هەرگیز جودا نابێ
لە لەنگەردا هەتا ماهی لەگەڵ گاجوتە وا جووتە
(سالم – ل ١٢٢)

**ماهی بێ میهر:** مەبەست یاری دڵ ڕەقە. دلبەری جەفاکار، شۆخ و شەنگی ستەمکار.

ماهـ: ⟵

میهر: ⟵

لە جەوری ماهی بێ میهرم هەموو شەو
دەمگا ناهی شەرەروارم بە بەرجیس
(سالم – ل ٧٤)

**ماهی تالیع ڕێی موحاق:** مەبەست ئەوپەڕی بەد بەختییە.

ماهـ: ⟵

تالیع: طالع. ع. بەخت، شانس.

موحاق: محاق. ع. کۆتایی مانگی قەمەرییە، کە سێ شەوی کۆتاییەکەی مانگ نابینرێ.

ماهی تالیع ڕێی موحاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان
(سالم – ل ١٤)

**ماهی جیهان ئارا:** مەبەست ئەو شۆخ و شەنگەیە کە جوانییەکەی جیهان بڕازێنێتەوە.

ماه: ⟵——

جیهان ئارا: ڕازێنەرەوەی جیهان.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن (= آراستن)ی ف. یە. واتە جوانکردن، ڕازاندنەوە، ئارایشکردن، ڕازاندن.

ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە جێ ماهی جیهان ئارا
(بە خاڵ هندوش بخشم سمرقند و بخارارا)
(سالم - ل ٢٤)

**ماهی دوو هەفتە:** مەبەست یاری شۆخ و شەنگە کە ڕووی وەکو مانگی چواردە شەوە وایە

ماه: ⟵——

هەمیسان ڕووی لە من پۆشی دریغا یاری مەحجووبم
بە قانوونی قەدیمی ماهی دوو هەفتە پەناهی گرت
(سالم - ل ٥٢)

**ماهی ڕوخسار:** دەموچاوی وەك مانگ.

ماه: ⟵——

ڕوخسار: ⟵——

ئەگەر یەك لەحزە غافڵ بم لە شوعلەی ماهی ڕوخسارت
لە حەشرا بێ نەسیبی جەننەت و هەم حەوزی کەوسەریم
(کوردی - ل ٢٣)

لە عەکسی ماهی ڕوخساری بە بەرقی مەیتەنی ئاڵی
دەسووتێ دەسرەی عابید دەلقی زاهید سیری مەستوورە
(کوردی - ل ٤٧)

**ماهی سەفەر:** مانگی سەفەر.

ماه: ⟵——

سەفەر: صفر. ع. مانگی دووەمی ساڵی کۆچییە.

دیدەو و ئەبرۆیی تۆ فیتنەیی ماهی سەفەر

دیدەیی جادووی تۆ مایەی حیلە و فەریب

(سالم - ل ٤٥)

**ماهی کەنعان:** مەبەست یاری شۆخ و شەنگ. هەروەها بە حەزرەتی یووسفیش دەڵێن.

(عفیفی)

کەنعان: ⟵

کـەفی عـەقڵی بڕی دڵ وەك زولەیخا

بە تیغی غەم لە عیشقی ماهی کەنعان

(سالم - ل ٨٩)

**ماهی گەوهەر مەنیش:** مەبەست شۆخ و شەنگێکی سروشت نایابە، دلبەرێکی بە نەژاد ژیر، یارێکی قەشەنگ و وریا و ڕەسەن.

ماه: ⟵

گەوهەر: ⟵ گەوهەری نوکتە.

مەنیش: بیر، ئەندێشە.

معجز پیغمبر مکی تـویـی

بەکنش و بەمنش و بە گوست

(محمد مخلد سگزی - معین)

واتە: موعجیزەی پێغەمبەری مەککی تۆیی، بەکردەوە و بە بیر و ئەندیشەو بە قسە.

گەهێ ئاهوو ڕەوش شاهی گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی

بلا با سینە سـەحـرابێ بلێ با دیدە دەریـا بێ

(نالی - ل ٦٠٢)

**ماهی موراد:** مەبەست ئارەزوو و خواست و خۆشییە.

توركی قورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بە ڕەقس
کەوکەبەی ماهی مورادی ئەهلی بابان بوو نیهان
(سالم - ل ١١)

**ماهی موراد نیهان بوون:** مەبەست نەمان و لەناوچوونی خواست و ئارەزوو و ئومێد.

توركی قورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بە ڕەقس
کەوکەبەی ماهی مورادی ئەهلی بابان بوو نیهان
(سالم - ل ٩٧)

**ماهی میسر:** مەبەست وڵاتی میسرە.

ماهـ: [= مای. پەهلەڤی. Māy پارسی باستان. Mūda بخش ٣: ماد ] نیشتیمانی نەتەوەی (ماد)، کە عیراقی عەجەم و ئازربایجان بوو، لە ئێرانی کۆندا پێیان دەوت (ماد)، هەمان وشەیە کە لە پەهلەڤی و پارسی (هەروەها کراوە بە عەرەبی)و بووە بە (ماهـ). ئەبو رەیحانی بیروونی لە کتێبی (الجماهیر) لاپەرەی ٢٠٥دا نووسیویێتی: ماهـ پێکهاتووە لە سەرزەمینی شاخاوی و، ماهین پێکهاتووە لە ماهی بەسرە کە دینەوەرەو، ماهی کووفە کە نەهاوەندەو، بە زۆری بۆ ئەو دووانە (ماهـ سبذان) دەخرێتە سەر و، بە هەمووی دەڵێن ماهات. زۆر جاریش بە (نەهاوەند)یان وتووە «ماهـ دیناری»، ماهە ناو براوەکان لەشکرگای سەربازانی عەرەب بوو، بەڵام دوای ئەوە «ماهـ» بە واتای شار و ناوچە بەکار دەهات. (معین)

ئەو شاهی ماهی میسرە ئەهالی لە ڕێی سوجوود
قورئان دەڵێ کە بەندە ئەمەو بەندە پەروەرە
(نالی - ل ٤٢٧)

**ماهی نەو:** مانگی نوێ، مانگ لە شەوی یەکەمی مانگی قەمەری (کۆچی)، تا سێ شەو لە ئاسماندا وەکو کەوانە، دوای ئەوە پێی دەوترێت مانگ.

ماهـ: ⟵

نەو: نوێ.

لاڵ بم ئەگەر شەبیهی ڕووی کەم بە ماهی نەو
یا دڵ بدەم بە میهری نیگارێ بە غەیری ئـەو
(کوردی – ل ٤١)

**ماهی:** ماسیی.

هونەرمەندی نییە بۆ دام ئەگەر یەك دەفعە ماهیی گرت
خەمی زوڵفی پەرێشانت بە موو سەد دەفعە ماهی گرت
(سالم – ل ٥٢)

**مایە پەروەر:** مەبەست پەروەردەکەری ئادەمیزادە بە زانست و چاکە و گەورەیی و توانا.

مایە: بە گوێرەی شوێن بە واتای زانست و چاکە و گەورەیی و هێز و توانا دێت.
(ثروت)

[پەهلەڤی. Matāk] بنـەڕەت و سەرچـاوەی هـەرشتـێ، سەرمـایـە، کـاڵا، دەزگـا، ئەندازە، هۆ، هەرشتێ کە هۆی هەوێن دروستکردن بێت، وەکو مایەی پەنیر و ماست... (معین)

پەروەر: ڕەگی چاوگی پەروەردەن و پەروەریدەن (= پروردن و پروریدن) ی ف. یە. واتە پەروەردەکردن.

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك
بنواڕە حـاڵی هـالیکـی ئـەم خـاکـە ئـەحقەرە
(نالی – ل ٤٣١)

**مایەی عیشق:** نرخ و بەهای دڵداری.

مـایـە: ئـەندازە، نرخ، بـەهـا، بـنچینـەی شتـێ، لـە زاراوەی پزیشکیدا دەرمـانێکە دەخرێتە لەشی ئادەمیزادەوە تا تووشی نەخۆشی نەبێت.

مایەیی عیشق وەها پوختە دەکا مەردومی خام
خوێن لە نێو جەرگ و دڵ و دیدە دەمێنێ بە عەلی
(کوردی – ل ٥٨)

**مایینە:** مایین، ئاوین، وەك ئاو، لە ڕەنگی ئاو، وەکو چۆن دەڵێن: زیوین، زیوینە، زێڕین، زێڕینە، کە هەردوو وشەی زیو و زێڕ پاشگری (ین، ینە)یان چۆتە سەر و واتای لێکچوون دەبەخشن. وشەی مایینە دوو بەشە: مای + ینە.

مای = ماء. ع. ئاو.

ینە = پاشگرە.

ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ

مەستوورە بە مەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ

(نالی – ل ٦٠٦)

**مەئال:** مآل. ع. سەرەنجام، ئەنجام، کۆتایی، شوێنی گەڕانەوە، پەناو شوێن.

لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە نالی

فیردەوسە مەئالی

(نالی – ل ٢٧٠)

**مەبهووت:** مبهوت. ع. سەرسوڕمان، واق وڕماو.

سالم ئەر تووتییە بێ قەندی لەبت

مات و مەبهووتە وەکو بووتیمار

(سالم – ل ٥٨)

**مەتا:** گۆڕدراوی وشەی مەتاع (= مَتاع)ی عەرەبییە، واتە کاڵا، کەلوپەل، شتومەك.

حەریری زەرد و سوور و ڕەنگی ئەشکم

مەتای کاروانی غەمبارانە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٤)

**مەتاع:** متاع. ع. کاڵا، کەلوپەل.

عەبەسە نازشی مونعیم بە زەڕ و مولْك و مەتاع

(کە محال است درین مرحلە امکان خلود)

(سالم – ل ٥٦)

بوغازی مەوجی ئەشکم ڕەونەقی دیبای ڕووی لابرد

مەتاعی مایەیی تاجیر لە بەحرا بێ زیان نابێ

(سالم – ل ١٤٣)

**مەتاعی خانە پایەنداز:** پایە ئەندازی مەتاعی خانە، مەبەست وێرانکردن و کاولکردنی ماڵە.

مەتاع: ←——

پایەنداز: کورتکراوەی پایە ئەندازە، مەبەست بنچینە دەرهێنان و کاولکردنە.

پەنداز: کورتکراوە و گۆڕدراوی (ئەنداز)ە، کە ڕەگی چاوگی ئەنداختەن (= انداختن)ی ف. یە. واتە: فڕێدان، تووڕدان.

مەتاعی خانە پایەندازی غەمزەت

ئەگەر بۆ شاهڕاهی دڵ گوزەر کا

(سالم – ل ٣٠)

**مەتبووع:** مطبوع. ع. پەسەند، جوان، دڵگیر، ئەوەی کە چێژ و سەلیقە پەسەندی بکات.

دابێنە بە پەهلوویی ڕوخسا حەلقەیی گیسوو

مەتبووعە بە ئەترافی گوڵا سونبولی خۆش بوو

(سالم – ل ١١٥)

**مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم:** مەبەست دەسەڵات و زاڵ بوون و خۆش بەختی سەربازانی سوپای عوسمانییە.

تا بوو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم

سووتا گیاهـ و تەشنەوو خوشکیدە بوو سەمەر

(سالم، دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

**مەتنی بەدەن:** مەبەست هەموو لەشە.

مەتن: متن. ع. پشت، ئەوەی کە دەربڕینە بنەڕەتییەکانی کتێبە، نامە و نووسراو، ناوەڕاستی هەرشتێ. (معین)

لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی

سەقیمە عاجزە تەسحیح و رابیتی تەدبیر

(نالی – ل ٢١٠)

**مەجەڕە:** مجرة. ع. ←——— کەهکەشان

مەگەر ڕێی حاجیانە وا تیا سەییارە سەییارە

مەجەڕە ئالەتی جەڕی جەریری سارەبانانە

(نالی – ل ٤٨٨)

**مەجمەر:** مجمر. ع. مەبەست دڵی سووتاوی دڵدارە.

←——— مەجمەر.

قبوول ناکەم خەیاڵیشت لە ناو دڵدا موقیمی بێ

نەوا پەژموردەبێ گوڵدەستەیی حوسنت لە مەجمەردا

(سالم – ل ٢٢)

گرەی بەست دڵ لە سینەمدا لە حەسرەت سەردی میهری تۆ

کە حەتا ئاگری پڕ گڕ دەسووتێنێ لە مەجمەردا

(سالم – ل ٢١)

**مەجمەر:** میجمەر. مجمر. ع. مەقەڵی، ئاگردان، پشکۆدان، مەقەڵییەك کە بخوور و عوودی تێدا دەسووتێنن، تا بۆنی خۆش بڵاو بکاتەوە.

لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ

ناوی کە پڕ خەڵووزە بە شەبنم گەشایەوە

(نالی – ل ٥٤٩)

**مەجنوون:** (قیس بن ملوح عامری)، وەکو دەگێڕنەوە، هەر لە منداڵییەوە لەیلێی ئامۆزای خۆی زۆر خۆش ویستووە، لەبەرئەوەی کە دایك و باوکی لەیلێ ڕازی نەبوون بەم یەکتری گەیشتنە، ئیتر قەیس شێت بوو و ڕووی کردە بیابان و لەگەڵ گیانلەبەرانی بیاباندا دەژیا، لەیلێ لەبەر دووری مەجنوون نەخۆش کەوت و مرد، کاتێ هەواڵی مەرگی لەیلێیان گەیاند بە مەجنوون، خۆی گەیاندە سەر گۆڕی دلبەرەکەی، هێندە شیعری بەسەردا خوێند و شین و زاری کرد تا گیانی دەرچوو و بە دلبەرەکەی گەیشت و لە نزیکی گۆڕەکەیەوە بە خاك سپێردرا. ئەو ساڵانەی کە لە بارەی سەردەمەکەیەوە نووسراوە ساڵانی ٦٥ یان ٦٨ یان ٨٠ی کۆچی بووە.

مەجنوونی عامری، مجنوونی بەنی عامر. (معین)

بە زۆری وا دەزانرێ کە مەجنوون هەمان قەیسی عامریی شاعیری عەرەبە، هەندێکیش گومان لە بوونی مەجنوون دەکەن، لەوانە «بوالفرج اصفهانی – الاغانی» (تلمیحات)

سەری فەرهادم و دەندووکی قولنگ
دەستی مەجنوونم و دامێنی چیـــا
(نالی – ل ١٢٧)

هەم واریسی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون
وا تێ مەگە قوربان کە گەدا بولهەوەســێکم
(نالی – ل ٢٨٣)

**مەجووسی:** کەسێ کە لەسەر ئاینی مەجووسیی بێت.

مەجووس: کراو بە عەرەبی وشەی فارسی مەگوش، مەگو (فارسی کۆن)، کە بە یونانی Mâucç ماوچ (بە فارسی ئەمڕۆ (موغ)ی پێ دەڵێن، چەند جارێ بە شێوەی (مەگو) لە نووسراوەکانی بێستووندا هاتووە، لە ئەڤیستادا بە شێوەی (موغو)، لە پەهلەڤیدا بووە بە (موغ)، مەبەست لە (مەجووس) پەیڕەوانی ئاینی مەزدە یەسنا، یان زەردەشتییانە. (یسنا بخش دوم، ص ١٢٥ – گزارش پورداود)، وشەی (مووبەد) کە بە پەیڕەوی ئاینی زەردەشتی دەوترێ، لە هەمان ڕیشەیە، هەندێ لە ئێرانییە کۆنەکان کە باوەڕیان بە دوو ڕێبازی ڕووناکی و تاریکی، وە یەزدان و ئەهریمەن بووە، ئەوانە لە پێش پەیدابوونی زەردەشت دا بوون، پێیشیان وتوون مەجووس. لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا، مەجووس بە هەردوو واتا بەکار هاتووە. بەڵام لە کتێبی (ملل و نحل – شهرستانی)دا، زەردەشتی و مەجووسی بەجیا باس کراوە و، دەردەکەوێت کە زانایانی سەرەتای ئیسلام وایان زانیوە کە مەجووس جیاوازە لەگەڵ زەردەشتیدا. (معین)

هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت دێیەوە ئەی خــەت
وەك هیندوویی سەححاری مەجووسی چ لەجووجی
(نالی – ل ٦٤١)

پڕ چینە زوڵفی پڕ خەم نەقشە لە ڕوویی یارا
وەك میللەتی مەجووسیی هەردێن بە دەوری نارا
(سالم – ل ٢٣)

**مەحابا:** محابا، محاباه، محابات. ع. پەروا، سەرنج و تێبینی، باك، ترس، لایەنگری، لادان لە داد. (معین)

بێ مەحابا ناو دەڕێژێ گەهـ بە فەور و گەهـ بە دەور
چاوی من ووددێکە شێوەی ئابشاری گرتووە
(نالی – ل ٥٤٢)

**مەحەففە:** محفە. ع. کەژاوە.

سەریری جونبوشی تەخت و مەحەففەی مەخمەلیی سەوزە
دەڵێی تەسبیحی مورغانە لەسەر تەختی سولەیمانە
(نالی – ل ٤٩٩)

**مەحبەر:** میحبەر، میحبەرە. محبر، محبرە. ع. دەوات، شووشەی مەرەکەب.

گریان هەموو ڕەشاوە لەبەر ئاهی دوود ڕەنگ
موژگان بووە بە خامەوو دیدە بە مەحبەرە
(نالی – ل ٤٤٦)

**مەحجوویی هەوا:** شەرمەزاربوون لە ئەنجامی هەوەس و ئارەزوو.

مەحجوویی هەوام و ئەمەتە مەشهەدی مەعلووم
بۆ ڕاهی نەجاتم
(نالی – ل ٢٦٩)

**مەحرەمی سیر:** خاوەن ڕاز و باوەڕپێکراو، ئەو کەسەی کە بتوانرێ ڕازی پێ بوترێ.

حەڵقە حەڵقە زوڵفی سەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیرە بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها
(نالی – ل ١٣)

**مەحروور:** محرور. ع. مەبەست دەردەدار و نەخۆشە، تا لێهاتوو، گەرم داهاتوو.

لەبی تۆ بۆ تەبی مــن چـــارە ســازە

بەڵێ عوننابە دارووی دەردی مەحروور

(سالم – ل ٦٣)

**مەحز:** محض. ع. بەبێ ئەملاو ئەولا، بە تەواوی، هەرشتێ کە تێکەڵی شتێکی تر نەبووبێ.

بە مەحزی کە شمەکەش دامانی عیشقی بەربدەم نابێ

دەمی تیغی موسیبەت گەر کەفی فیکرم هەموو لەت کا

(سالم – ل ٢٨)

بە مەحزی جەوری دولبەر هەرکەسێ تەرکی مەحەببەت کا

لە قەبریشا بە میحنەت تا قیامەت گریە عادەت کا

(سالم – ل ٢٨)

ئەگەر پایانی بێ هیجرەت لە دەرگاتا هەتا دەمرم

بە مەحزی جەوری حاجیب یەك وەجەب مەیلی سەفەر ناکەم

(سالم – ل ٨٤)

لە ناڵین مەنعی کوردی مەحزی کوفرە

فەقیر و ناخۆش و مەغدوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٢)

**مەحزەر:** محضر. ع. شوێنی ئامادەبوون، ئامادەبوون، حوزوور، بارەگا، شوێنێ کە دادگەر (قازی) لە وێدا خەریکی بەجێهێنانی کاروباری خەڵکە. کۆڕی وانە وتنەوە، یان کۆڕێ کە قسەی بەکەڵکی تێدا بکرێ.

دیوانی گەرمی باری خودایە بە پایە عام

ئیسغایی خەڵقە ساعەتێکی عەرزی مەحزەرە

(نالی – ل ٤٤٠)

**مەحفەل:** محفل. ع. ئەنجومەن، جێگەی کۆبوونەوەی دۆستان.

موحەممەد ئەحمەدی مورسەل مونیری مینبەری مەحفەل
بەشیری ئاخیر و ئەووەل نەزیری خـــویش و بێگانە
(نالی – ل ٥٠٤)

حـــافظـــم در مجلسـی دردکـــشـم در مـحفلی
بنگر این شوخی که چون باخلق صنعت می کنم
(حافظ، رهبر – ص ٤٧٨)

واتە: من لە کۆڕ و ئەنجومەنێ حافزی قورئانم و قورئان وا لە سنگما، لە کۆڕ و ئەنجومەنێکی تر مەی نۆشم، سەیری ئەم بێ ئابڕووییەی من بکە ببینە چۆن لە بەردەمی خەڵکدا ڕیاکارم و بە پیاو چاك خۆم پیشان ئەدەم.

**مەحموود:** مەبەست سوڵتان مەحموودی غەزنەوییە، ناوی (ابو القاسم، ناسراو بە یمین الدولە)، لە ساڵی ٣٨٧ی کۆچیدا هاتە سەر تەختی پاشایی و لە ساڵی ٤٢١ی کۆچیدا مرد. کوڕی گەورەی (سەبوکتەکین) سێیەمین و بەهێزترین پاشای بنەماڵەی غەزنەوییە. لە ساڵی ٣٧٨ی کۆچی دوای شکانی ئیسماعیلی برای هاتە سەر تەخت، لە ساڵی ٣٨٩ی کۆچیدا دوای شکانی (عبدالملك بن نوح)ی سامانی، دەستی بەسەر خوراساندا گرت، لە ساڵی ٣٩٣ی کۆچی (خلف بن احمد صغاری) ئەمیری سیستانی شکاند و زیندانی کرد و سیستان و قوهستانی خستە سەر وڵاتەکەی خۆی، لە ساڵی ٤٠١ی کۆچیدا خوارەزمی گرت، دوانزە جار هێرشی کردە سەر هیندستان و لە ساڵی ٣٩٦ی کۆچیدا (مولتان)ی گرت.

لە ساڵی ٤٢٠ی کۆچیدا ڕەی و ئیسفەهانی لە مجدالدولەی دەیلەمی سەندەوە و یەك ساڵ لە پێش ڕۆیشتنی بۆ ڕەی لە ئەنجامی زۆریی کاروبار و گەشت و جەنگێکی زۆر گەلێ لاواز بوو، دوای ئەوە تووشی نەخۆشی سیل بوو، ئەم نەخۆشییە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتری کرد، تا ئیتر بە تەواوی لە پەلوپۆ کەوت و لە سەرەتای بەهاری ساڵی ٤٢١ی کۆچیدا بە هەر جۆرێ بوو خۆی لە (ڕەی)ەوە گەیاندە (بەلخ) و لە وێوە بۆ (غەزنین)، لە پاش چەند ڕۆژێ لە سێیەمی مانگی ربیع الآخری ساڵی ٤٢١ی کۆچی ئەم جیهانەی بەجێ هێشت، ماوەی پاشاییەکەی ٣٣ ساڵ بوو، ٥١ ساڵیش ژیا.

(معین).

خوسرەو و مەحموود و فەرهاد هەرسێ شا و شازادە بوون

ئاخری بووشن بە بەندەو چاکەری سوڵتانی عیشق

(کوردی – ل ١٩)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا مەبەست لە (مەحموود) دڵدارە و ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتان مەحموودی غەزنەوی وەکو باس کرا. بەناویانگە و لە شیعری کۆندا زۆر باسی ئەوە کراوە کە سوڵتان مەحموودی غەزنەوی عاشقی (ئەیاز = هەیاس)ی غولامی خۆی بوو.

سالم دەڵێ:

ئەگەرچی زاهیرەن مسکین و دەروێش و گەدا ڕەنگم

لە غەزنەی خاترا مەحموودی گێسوویی ئەیازێکم

(سالم – ل ٨٧)

دیسان سالم دەڵێ:

پێچیدە بابێ دڵی عیشقت هەمیشە وەك

زوڵفی ئەیاز و گەردەنی مەحموودی غەزنەوی

(سالم – ل ١٥١)

**مەخرووب:** مخروب. ع. وێرانبوو، کاولبوو.

بەسەر دڵما حەواڵەی غەمزە تا کەی

دەبێ چی بێ خەراجی موڵکی مەخرووب

(سالم – ل ٤٤)

**مەدمەعی سەرشار:** مەبەست چاوی پڕ فرمێسکە.

مەدمەع: مدمع. ع. شوێنی فرمێسك، چاو.

سەرشار: لێوان لێو، پڕ.

گریە بە خوڕ دێتە خوار هەر وەکو عەینی بەهار

خۆش بووەتە ئابشار مەدمەعی سەرشاری من

(نالی – ل ٣٢٤)

**مەر:** کورتکراوەی مەگەر، واتە: لەوانەیە، دوورنییە، دەبێ. بۆ مەبەستی گومان بەکار دێت. بۆچی.

لە ترسی مودەعی یـــارای ڕوانینم نییە هـــەرگیز
بە فرسەت جار جارە مەر نیگاهی کەم بە پەنهانی
(کوردی – ل ٥٩)

شێخ بۆچی لەسەر مەستی لەگەڵ من بە عیتابە
مـەر دڵشکـەنی و کـافری کـەمتر لـە عـــەزابـە
(کوردی – ل ٤٤)

**مەرجان:** ←――― لەعلی لەبی مەرجان.

ئەشکی سالم کە بە یادی لەبی تۆ دێتە کەنار
قەترە قەترە لە نەزمر ئەهلی بەسەر مەرجانن
(سالم – ل ٩٤)

سەحەر جێی سەجدە شاهید بێ لە ئەشکی سورخ و ڕووی زەردم
لـە خـاکی کـۆیی تـۆ ئـالودەیـە مـەرجـان و ســیم ئـەمشـەو
(سالم – ل ١١٨)

**مەرخ و عەفار:** دوو جۆر داری تایبەتییە کە لە کۆندا بەکار دەهێنرا بۆ ئاگر کردنەوە.

مەرخ: مرخ. ع. درەختی بادامی تاڵ، لە کۆندا بۆ بەدەستهێنانی ئاگر، لەم دارە (زەند = چەخماخ)ی ژێرەوەیان دروست دەکرد، کە لە ژێر دارێکی تردا بوو کە پێی دەوترا زەندی سەرەوە، بەهۆی لێخشاندنێکی توند و خێرا لەگەڵ دارەکەی سەرەوەدا ئاگر پەیدا دەبوو، زەندی سەرەوەیان لە داری عەفار = عفار.ع. دروست دەکرا. مرخ و عەفار بۆ بەدەستهێنانی ئاگر لە هەموو دارێ باشترە.

(معین)

ئیلتیقـای پـۆلا و ئـاسـن هـەر نیزاعە و گـــیرودار
جەمعی ماء و نار و زەند و زەندەوو مەرخ و عەفار
(نالی – ل ١٧٠)

**مەرد و زەن:** پیاو و ژن.

مەرد: پیاو.

زەن: ژن.

خۆ نەفیری مەرد و زەن لەم شیوەنە چوو بۆ فەلەك
سەربلّند ناکەی وەها دایگرتوویی خوابی گران
(سالم – ل ٩٢)

**مەردوم:** بیبیلەی چاو، گلێنەی چاو.

بۆچ مایلی تەنهایی سەودایێکە خۆڕایی
ئەی مەردومی بینایی لەم کولبەیی تارەت چی
(نالی – ل ٦٤٥)

جیهان تاریکە بێ وەسڵت لەبەر چاوم وەکو دەیجوور
سیاهی مەردومی دیدەم لە عەکسی خاڵی هیندووتە
(سالم – ل ١٢٤)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا، (مەردوم)ی یەکەم واتە خەڵك، خەڵکی، مەردوم. (مەردوم)ی دووەم واتە بیبیلەی چاو، گلێنەی چاو.

نییە دەیدەیی چ مەردوم نییە مەردومی چ دیدە
لە فرووغی خەددی فاریغ لە خەیاڵی خاڵی خاڵیی
(نالی – ل ٦٥٨)

مەردومی چاوت کە دێتە سەر سوپاهی ملّکی گیان
وەك قەجەر دائیم لە قیقاجی نیگاهـ دەعوا دەکا
(کوردی – ل ١١)

**مەردومەك:** مەردوم، گلێنەی چاو، بیبیلەی چاو.

مەردومەك خوێن ڕێژی ئەشکن وەك موژەن خوێن ڕێژی دڵ
مەردومی ئاویش دەبن وەك مەردومان تەسخیری دڵ
(سالم – ل ١١٤)

له ڕوخت دەرخە چرا بەڵکو ببینم بـــــەری پێم
خاڵی گۆشەی لەبی تۆ مەردومەکی چاوی منە
(سالم - ل ١٢٩)

یار وەکو مەردومەکی دیدەمە سەد حەیف ڕەقیب
لەبەر ئەم مەردومەکی دیدەمە هــەر وەك سەبەلە
(کوردی - ل ٥٠)

**مەردومی ئاوی:** مەردومی ئابی. مەبەست ئەو کەسانەی کەوا نوقمی فرمێسکن. (پێشینان وایان دەزانی کە مەردومی ئاوی یان مەردومی ئابی، گیانلەبەرانی ئەفسانەیین و بە شێوەی ئادەمیزاد و لە ناو دەریادا دەژین.) (عفیفی)

مەردومەك خوێن ڕێژی ئەشکن وەك موژەن خوێن ڕێژی دڵ
مــەردومی ئـاویش دەبن وەك مــەردومــان تــەسخیری دڵ
(سالم - ل ١١٤)

نەغدی فرمێسکی لە دەس مەردومی چاو سەند بە حوکم
بــاج لـە دەس مــەردومـی ئــاوی دەستێنێ بـــە عــەلی
(کوردی - ل ٥٨)

**مەردومی خام:** مەبەست نەزان و بێ ئاگایە.

مەردوم: ئادەمیزاد.

خام: خاو، کاڵ و کرچ، نەکوڵاو.

مایەیی عیشق وەهـا پوختە دەکـا مەردومی خــام
خوێن لە نێو جەرگ و دڵ و دیدە دەمێنێ بـە عەلی
(کوردی - ل ٥٨)

**مەردی ڕۆمی:** مەبەست سەربازی تورکی عوسمانییە.

مەرد: پیاو.

ڕۆمی: تورکی عوسمانی.

لە بیمی تازیانەی مەردی ڕۆمی سەیید و سۆفی
بە ئومێدی گەزۆ مازوو لەبن داری مەریوانن
(سالم - ل ١٠٥)

**مەرز و بووم:** سەرزەمین، وڵات، ناوچە.

مەرز: زەوی، سنوور، کەنار و دەورووپشتی باغ و کێڵگە.

بووم: زەوی، ناوچە، زەوی نەکێڵراو، شوێن.

نالی کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بوومەیە
ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە
(نالی - ل ٤١٩)

**مەرکەب لەنگ:** مەبەست وڵاخی شەلە.

مەرکەب: مرکب. ع. ئەوەی کە بۆ سواری بەکار بهێنرێ لە چوارپێیان، بە تایبەتی ئەسپ.

پێشرەو کاروان و شەو تاریک
ڕێ خەتەرناك و دوور و مەرکەب لەنگ
(سالم - ل ٧٨)

**مەرهەمی وەسڵ:** چارەسەرکردنی دەردی دڵدار بەهۆی ئەوەی کەوا دلبەرەکەی پێی بگات.

تیرەکەی ئەو ڕۆژە مەحبووبەم کە لوتفی کرد بەمن
گەر نەبەخشێ مەرهەمی وەسڵی برینم کارییە
(نالی - ل ٥٨٣)

**مەرید:** مرید. ع. یاخی، سەرکێش. بە مەبەستی شەیتانیش دێت.

ئەو شێخە بە کوم مەگرە کە پەشمینە مەریدە
ئەو ڕیشە بەسەر دارەوە ڕێسێکی بوزانە
(نالی - ل ٤٧٩)

**مەزە نەدان:** مەبەست خۆشی و شادی نەدانە.

مەزە: تام، چێژ.

بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئــاق دەنگەزە
غەیری هیجران و بــەلێ ئەسڵەن بەمن نــادا مــەزە
(کوردی - ل ٤٨)

**مەزندە:** ——————◄مەزەننە.

لە پێی دڵدا سەدایی دێت مەزەندە
زڕەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو
(کوردی - ل ٤٤)

**مەزەننە:** مظنه. ع. نرخ، بەهـا، گومـان لێکراو، گومـان، بۆچوون.

حیکایەت خوانە تووتی دڵ بە دەوری دامی گیسوودا
مەزەننە عەکسی خــۆی دیوە لە نـاو ئاوینەیی ڕوودا
(سالم - ل ٢٠)

**مەزرەعەی خەم سەوز بوون:** مەبەست خەم و خەفەتێکی زۆرە.

دێ بە تاو ئەشکی دووچاوم هــەر وەکو دیجلە و فورات
مەزرەعەی خەم ســەوز و دڵ تێراوە وەك ئــەم دوو شتە
(کوردی - ل ٤٥)

**مەزرەعەی عومر:** مەبەست ژیان و گوزەران و تەمەن بەسەربردنە.

قەت نەبوو نەشئەو نما کا مەزرەعەی عومرم بەهـار
لێی نەدا بـای خورەمی تـا کـەوتـە هــەنگامی درەو
(سالم - ل ١١٧)

**مەزموون:** مضمون. ع. ئەوەی کە لە قسەو دەربڕین ڕوون و ئاشکرا بێت، وتەیەکی جوان و پڕ واتا کە لە شیعردا بەکار هاتبێ، وتەیەکی مەبەستدار کە لە بارەی کەسێکەوە بوترێ.

لە بێ ئینسـافیا ئـەکوژێ بـە ئیما ســەیدی خــەڵوەت
بە مەزموونی عەفوو گـەر نامەیی قـابیز بە حوججەت کا
(سالم - ل ٢٨)

**مەزموون کەش:** مەبەست ناوەرۆکی ورد و پڕ واتا بەدەست هێنانە.

مەزموون: ←

کەش: ڕەگی چاوگی کەشیدەن (= کشیدن)ی ف. یە. واتە ڕاکێشان.

ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشی تەکەڵتووی زین
مەزموون کەشە فیکرم وەك قوڵلابی دروومانت
(سالم – ل ٥١)

**مەساف:** مصاف. ع. کۆی (مصف)ە، واتە شوێنی ڕیز بوون و مەیدانی جەنگ.

ئێمە مەردین و هەموو شێری خەشین پۆشی مەساف
کرمی قەز هەرچی تەنیی بۆ تەنی نیسوان تەنیی
(نالی – ل ٦٧١)

نییە دەخڵم لە شانامە و مەسافی غەیری ئەم نوکتە
کە کوشتەی بەندی تۆیە هەرکەسێ ئازاد و ئازابی
(نالی – ل ٥٩٨)

**مەستیی:** مەبەست خۆشەویستیی، عیشقی خوداوەندی.

لە وەرەعا زاهیدی ئەفسوردە نەیدی لەززەتی مەستیی
بە عەفوا چوو سەراسەر ڕۆژگاری چونکی بێدڵ بوو
(سالم – ل ١١٢)

**مەسلوول:** مسلول. ع. هەڵکێشراو، دەرهێنراو (بۆ شمشێر و لەو بابەتانە)، کە دەوترێ (سیف مسلول) واتە شمشێری هەڵکێشراو لە کێلان، شمشێری ڕووت. لێرەدا مەبەست برۆی جوان و زۆر کاریگەرە.

برۆت تیغێکە وسمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە
(نالی – ل ٥٥٧)

**مەسنەد تیراز:** ڕازێنەرەوە و جوانکردنی تەخت و شوێنی پاشایان، یان هەر شوێنێکی لەو

بـابـەتـەی کـە گـەورە و دەسەڵاتـدارەکـان بـە فـەرش و دۆشەك و سەرینـی نـایـاب دەیڕازێننەوە...

مەسنەد: مسند. ع. شوێنی دانیشتن و پاڵ پێوەدان، سەرین و بالیفی گەورە، فـەرشی گـەورە کـە پـاشایـان و گـەورەکـان ژووری پـێ دەڕازێنـنـەوە و لـەسەری دادەنیشن، پلە و پایە.

تیراز: طراز، کراو بە عەرەبی (تیراز)ە، واتە نەخشی جلوبەرگ، کە بە ڕەنگێکی تر دەکـرێـت، پـەڕاوێز. جـۆرە پـارچـەیـەکـی پـاشایـانـەیـە، ڕایـەخ، ئـەو نـووسین و هێڵکارییەی کە لەسەر جلوبەرگ دروست دەکرێ، کارگای جلوبەرگی بەنرخ و نایاب، کارخانەی ئاوریشم چنین... هەروەها تیراز (= طراز)ی عەرەبیش هەیە بە واتای جۆر، شێوە، دەستوور، یاسا، چین، جۆر، بەش.

بەڵام ئەو وشەی (طیراز = تیراز)ەی کە لە (مەسنەد تیراز)دا هاتووە، ڕەگی چاوگی تەرازیدەن (طرازیدن) ی ف. یە. واتە: ڕازاندنەوە، ئارایشکردن، جوانکردن، ڕێکخستن، چنینی ئاوریشم و پارچەی تر لە کارخانەدا، چاککردن، ڕازاندنەوە. (معین)

دڵ لە میحنەت کەیلە ئـەی پیری موغانی بـەزم سـاز

هـەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیش و تەرەب مـەسنەد تیراز

(کوردی - ل ١٧)

**مەسنەوی:** مثنوی. ع. دووبەیتی.

مەسنەوی مەولەوی، کتێبێکی شیعرەو مەولانا جلال الدینی ڕۆمی دایناوە، ناوەڕۆکەکەی چیرۆك و بەسەرهاتی یەك لە دوای یەکە بە شیعر، کە مەولانا بەو هۆیەوە، ئەنجامە ئاینی و عیرفانی و ڕاستییە مەعنەوییەکان، بە زمانی سادە و ڕەوان دەخاتە ڕوو، گەلێ لە ئایاتی قورئان و وتەکانی پێغەمبەر (د.خ) بە شێوەی عیرفانی لێکداوەتەوە، مەولانا بە شیعری سۆفیگەری ئاڵایەکی بەرز و کۆشکێکی شکۆداری دروست کردووە، لە ڕەوانی و پاراوی و مەبەستی جوان و وردیی ئەندێشەدا پێشی هەمووان کەوتووە، مەسنەوی (٢٦) بیست و شەش هەزار دێڕەو بـە شیـعـر وتـراوە و شەش کـتـێبـە، لـەسەر بـەحـری ڕەمـەل دایـنـاوە، ساڵی دەست

پێکردنەکەی بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام لە ساڵی ٦٦٠ی کۆچیدا تەواوی کردووە. (معین)

ناڵیا ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە

بە دووسەد مەسنەوی یو لویبی لوبابی نادەم

(ناڵی – ل ٣٠٨)

**مەسیحا:** عیسی، مسیح. یەکێکە لە پێغەمبەران و خاوەنی کتێبی ئاسمانی (ئینجیل، ئینگلیون)، دایکی ئەو (مەریەم)ە، بە بێ مێرد سکی پڕ بوو، جیبرەئیل فووی کرد بە قۆڵی کراسەکەی مەریەمدا و سکی پڕ بوو بە مەسیحا = عیسا، لەبەرئەوە بە عیسا دەوترێ (روح اللّه). ثعالبی لە (ثمار القلوب) ل ٢٠، لە بارەی ڕوح اللاوە نووسیویێتی: کە خوا دەفەرموی (وکلمته القاها الی مریم وروح منه – سورة النساء ٤ بەشێ لە ئایەی ١٧١) واتە: ئەوە وتەی خوایە کە فەرمووی بە مریەم و عیسا کە ڕۆحی خوایە... لەبەرئەوە بە عیسا دەڵێن روح اللە. لەبەرئەوە ڕۆحەکان هەموویان لەوەوەن، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی تایبەتمەندێتی دراوەتە پاڵ عیسا. هەروەها لەبەر ئەمەیشە کە نەسرانییەکان بە عیسا دەڵێن کوڕی خوا (ابن اللّه)، دەڵێن عیسا لە شەوی (یەلدا) لە دایك بووە، ئەم وشەیە سریانییە و واتە لەدایکبوون، هەندێك دەڵێن کە جەژنی لەدایکبوونی مەسیح (Noel) کە لە ٢٥ی دیسامبەر بەرپا دەکرێ لە بنەڕەتدا جەژنی لەدایکبوونی (میهر) بووە و عیساییەکانی سەدەی چوارەم ئەمەیان کردووە بە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا.

کاتێ کە جوولەکەکان (مەریەم)یان بە داوێن پیس دانا ئەویش قسەکانی عیسای کرد بە بەڵگە بۆ داوێن پاکی خۆی کە لە ناو بێشکەدا کردبووی. داستانی (قسەکانی عیسا) لە ئینجیلەکاندا نییە، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا لە سوورەی مەریەم ١٩، ئایاتی ٢٩، ٣٠دا دەفەرمووێ: فأشارت الیه قالوا کیف نکلّم من کان فی المهد صبیاً. قال انی عبدالله اتینی الکتاب و جعلنی نبیاً. واتە: ئینجا مریەم پەنجەی بۆ عیسا ڕاکێشا، خەڵکی وتیان چۆن لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەین کە لە بێشکەدایە، عیسی وتی: ئەوە منم کە بەندەی خوام، کە کتێبی بە من داوە کردمی بە پێغەمبەر. بەنی ئیسرائیل دانیان نەنا بە خواستەکانی عیسادا و داوای کاری لە وزە بەدەریان لێ کرد، عیسا مردوویەکی زیندوو کردەوە کە ناوی (عازر) بوو،

ئەوانیش باوەڕیان هێنا بە پێغەمبەریی عیسا. دەڵێن کە عازەر بە دوعاو فەرمانی حەزرەتی عیسا لە گۆڕدا زیندوو بووەوە و هاتە دەرەوە، ناوی عازەر و داستانەکەی لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام لە ئینجیلەکاندا باس کراوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە: دەمی عیسا (بادی عیسا، بادی عیسەوی، بادی مەسیح، بادی مەسیحا، دەم، دەمی ئەحیا، دەمی عیسا، دەمی عیسا مەریەم، دەمی عیسەوی، دەمی مەسیح، دەمی مەسیحا، عیسا دەم، مەسیحا دەم، مەسیحا نەفەس، نەفەس، نەفەسی عیسەوی، نەفەسی مەسیح مەریەم) یان بە چاك کەرەوەی هەموو نەخۆشییەك داناوە، شاعیرەکان زۆریان بەکار هێناون. لە (برهان قاطع)دا هاتووە کە: بادی مەسیح و بادی مەسیحا مەبەست هەناسەی عیسایە دروودی خوای لێ بێت، کە مردووی زیندوو دەکردەوە و مەبەست لە ئیعجازی عیسا یا مەسیحا زیندووکردنەوەی مردووە.

عیسا نموونەی پزیشکییە، چونکە بێجگە لە زیندوو کردنەوەی مردوو کە موعجیزەی ئەو بوو کوێری زگماك و گەڕ و گولی چاك دەکردەوە.

لە سوورەی مائدە ٥، ئایەی ١١٠ دەفەرمووێ: و إذ علمتكَ الكتاب و الحكمه و التوريه والانجيل و إذ تخلقَ من الطين كهيئه الطير باذنی فتنفتح فيها فتكون طيراً باذنی وتبرئ الاكمه والابرص باذنی واذ تخرج الموتی باذنی...

واتە: کاتێ کە تۆم فێری کتێب و زانست و تەورات و ئینجیل کرد و، کاتێ کە لە قوڕ پەیکەری باڵندەیەکت دروست کرد و بە فەرمانی من فووت پێداکردو، بوو بە باڵندەیەکی زیندوو، بە فەرمانی من کوێری زگماك و گەڕ و گولت چاك دەکردەوە و بە فەرمانی من مردووەکانت بەزیندوویتی لە گۆڕ دەهێنایە دەرەوە. (هەروەها لە سوورەی آل عمران، ٢٣، ئایەی ٤٢) لە ئینجیلی یوحەنا (بابی نۆهەم، بەندی ١، ٦، ٧، ٨)دا هاتووە: کاتێ کە دەڕۆیشت کوێرێکی زگماکی دی، لەبەرئەوەی کە لە جیهانم و ڕووناکی جیهانم، ئەمەی وت و تفی ڕۆکردە سەر زەوی و قوڕی لێ دروست کرد و هێنای بە چاوی کوێرەکەدا و پێی وت: بڕۆ لە حەوزی سیلوحا بیشۆ، ئینجا ڕۆیشت و شتی و بە چاوساغی گەڕایەوە.

کاتێ کە جوولەکەکان ویستیان مەسیح بکوژن، ئەو لەگەڵ یارەکانی خۆی هەڵهات، بەڵام یەکێ لەوانە کە ناوی (یهودا اسخریوطی) بوو، بە سێ درهم کە بە

بەرتیل وەری گرتبوو، پەناگاکەی عیسای ئاشکرا کرد، بەلام جوولەکەکان بە دەستگیرکردنی عیسا سەر نەکەوتن، چونکە خوداوەند (ایشوع)ی سەرۆکی جوولەکەکان، یان (شمعون)ی گۆڕی بە وێنەی عیسا و ئەویان لە جیاتی عیسا لە دار دا و حەوت ڕۆژ بە دارەوە مایەوە، بەلام عیسا چوو بۆ ئاسمان، مریەم لەبن دارەکەدا دەگریا، لە شەوی حەوتەمدا عیسا گەڕایەوە بۆ سەر زەوی و ئارامی دا بە دڵی دایکی و دەمەو بەیانی گەڕایەوە بۆ ئاسمان.

هەندێك دەڵێن مەرگی عیسا لە سیی ساڵی و هەندێکی تر دەڵێن لە سیی و دوو ساڵیدا بوو، بەلام بە پێی داستانە مێژووییەکان کوشتنی عیسا لە ڕۆژی هەینی پانزەهەمی مانگی نیسانی یەهوودی کە لە ساڵی ٢٩ زاییندا ئەنجام درا.

خوا لێخۆشبوو فرووزانفەر دەڵێ: بە گوێرەی گێڕدراوەکانی ابوبکر عتیق بن محمد سور آبادي، کە لە ساڵی ٤٩٤ی کۆچیدا مردووە دەڵێ: عیسایان برد بۆ ئاسمانی چوارەم (ترجمه و قصه‌های قرآن، طبع طهران – ص ١٦٥) کە ڕێك دەکەوێ لەگەڵ (روایت قصص الانبیاء، طبع لاهور، ص ١٨٠)، لە شیعری فارسیدا بە زۆری بایەخیان بەمە داوە.

بەلام بە پێی بۆچوونێکی تر ئەو لە ئاسمانی سێیەمدا بووە (تفسیر طبری، طبع مصر، ج ١٥ – ص ١١). بە زۆری دەڵێن لە ئاسمانی دووەمە. (تاریخ طبری، طبع مصر، ج ٢، ص ١١ – و کشف الاسرار، انتشارات دانشگاه طهران، ج ٢، ص ١٤١، ج ٥، ص ٤٩٠ – و تفسیر ابوالفتوح طبع طهران، ج ٣ – ص ٣١٧.)

بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە (تلمیحات ص ٤١٦ – ٤٣٢.)

سیددیق و عەزیز هەر وەك یووسف کە نەبیی بوو کوڕ

سیددیقەیی مەعسوومە وەك داکی مەسیحا کچ

(نالی – ل ١٦٢)

دوور لە تۆ دڵ هێندە بێ ئارام و بێ حاڵ کەوتووە

ئەی مەسیحای عەسر لەو لێوانە دەرمانی دەوێ

(نالی – ل ٧٠٣)

**مەشرەب:** مشرب. ع. ڕێ و شوێن، هەڵسوکەوت، چێژ، ڕێ و شوێنی ئاینی و فەلسەفی،

شوێنی ئاو خواردنەوە

مەشرەبی نالی گەلێ ئابی یو ترشە بەلاَ
موعتەریفە خۆی دەڵێ چانییە ئەتواری من
(نالی - ل ٣٣٦)

گوتم ڕاستی سەبا هەڵسە گوتی مەشرەب موخالیفیە
گوتم نارێ گوتی بایە گوتم ئەوجێ گوتی دوورە
(نالی - ل ٤٠٦)

بۆ زوڵمی لە ئەندازە بەدەر وەك یەكی خولقاند
خەللاقی ئەزەل مەشرەبی تۆ تەبی هولاكو
(سالم - ل ١١٥)

شود گر اهل مذهب را خبر از مشرب رندان
بگردانند مذهبها بیاموزند مشربها
(هلالی، دیوان - ١٤ - عفیفی)

واتە: ئەگەر ئەوانەی بەرەی مەزهەبن و ئاگاداریی پەیدا بكەن لە ڕێ و شوێن و هەڵسوكەوت و چێژ و زەوقی ڕەندەكان، وەردەگەڕێنەوە لە مەزهەبەكان و فێری هەڵسوكەوت و ڕێبازی ڕەندەكان دەبن.

**مەششاتە:** مشاطە. ع. شانەكەر، ئەو كەسەی كە شانە دەكات، ژنێ كە كاروپیشەی ئارایشكردن و خۆ ڕازاندنەوە بێت، ئارایشگەر.

بە مەششاتەی دەوت دولبەر دڵی سالم مەڕەنجێنە
لە ناو جەمعی پەرێشانا لە حەلقەی چینی گێسووما
(سالم - ل ٣٣)

بە دەردی شانە چێ سینە لە چاكا
لە زوڵفا گەر دڵم مەشاتە كا دوور
(سالم - ل ٦٤)

دڵ بە مەحبوویە مەدە مەششاتەگەر بیٚ و حیلەباز
ئەسمەر و قەد عەرعەر و خونخوار و چاو بەخومار نەبیٚ
(کوردی – ل ٥٢)

**مەششاتەی خەیاڵ:** مەبەست ڕازێنەرەوەی ئەندیشەیە.
مەششاتە:⟵———

مەششاتەیی خەیاڵە مەگەر وەسفی ڕوویی یار
زینەت دەدا بە دوختەری فیکرم وەکو عەرووس
(سالم – ل ٧٤)

**مەشقی پەریشانی کردن:** ئەو کەسەی کە بیر و هۆشی شێوابێت و نەزانیٚ کە چی دەکات، ئەوەی کە سەری لیٚ تێکچووبێت و کارەکانی ناتەواو بێت.

خاترێکی شۆخ و خۆش و بیٚ غەم و جەمعم هەبوو
ئێستە بۆ زوڵفی کەسیٚ مەشقی پەرێشانی دەکا
(نالی – ل ١٠٤)

**مەشهەد:** مشهد. ع. شوێنی ئامادە بوون، شوێنی شەهید بوون، شوێنی ناشتنی شەهید. (معین)

مەحجوویی هەوام و ئەمەتە مەشهەدی مەعلووم
بۆڕاهی نەجاتم
(نالی – ل ٢٦٩)

خۆزگە دەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی دەبیٚ
کۆیی یارە مەشهەدم یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبیٚ
(سالم – ل ١٦)

شەهیدی دیدەیی مەخمووری شۆخێکم منی شەیدا
لە خاکی مەشهەدم نەزدیکە دەربیٚ نێرگسی شەهلا
(سالم – ل ٣٦)

لە بۆسەی مەشهەدم گەر ڕوو ترش کەی

بە لەززەت هـەر وەکو ئەسـکەنجەبینی

(سالم – ل ١٥١)

**مەعاریج:** معارج. ع. کۆی (معراج)ە. ئەوەی کە بۆ سەرکەوتن بەکاردێت، پەیژە، پێپلیکانە، قالدرمە، سەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بۆ ئاسمان، کە یەکێکە لە کارە لە وزە بەدەرەکانی ئەو، شەوی میعراج ئەو شەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام سەرکەوت بۆ ئاسمان. (معین)

جیّ بـازی مەقدەمی شـەوی قـەدر و مەعـاریجی

سەریانی عەرش و کورسی یو جوبریلی شەهپەڕە

(نالی – ل ٤٢٤)

**مەعازەللا:** معاذاللّە. ع. لە کاتی بەلاّ و ڕووداوی سەختدا، یان وتنی قسەیەك کە گوناه بێت بەکاردێت. بەهیچ جۆر، هەرگیز وانییە.

مەعازەڵلا کە ڕەحمێکت بە حاڵی زاری مندا بیّ

کە ئاخر بەندەیی خـاکی دەری پێشینتە بـازا

(نالی – ل ٩٦)

هەناسەی حەسرەتی وەسڵی نیهانت ڕێی بەنی ئادەم

مەعازەڵلا بـەلـەب ئـەم سیڕە هەرگیز ئاشنا نـاکەم

(سالم – ل ٨٥)

**مەعبەر:** شوێنی تێپەڕ بوون، شوێنی پەڕینەوە. ئەوەی کە بەهۆی ئەوەوە بتوانریّ لە ئاو بپەڕێنرێتەوە، وەکو پرد و کەشتی و بەلەم.

ئیمدادی فەتحی بـابی زوبانم بـە فـەزلی تـۆ

زووبیّ کە ئەووەلین گوزەری پرد و مـەعبەرە

(نالی – ل ٤٣٦)

**مەعتەر:** مَعْطَر. ع. ئەو شوێنەی کە عەتری تێدا دادەنرێ.

دوومینە ئیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ
ئەلواحی ئەڵحەدم بە زەنابیلی مەعتەرە
(نالی – ل ٤٣٦)

**مەعریفەت جۆ:** مەعریفەت جوو. ئەوەی کە دووی زانست و زانیاری دەکەوێ.

جۆ: ⟵ جۆیا.

حافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جامی و دیهلەوی
فەیز خواهـ مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق
(کوردی – ل ١٩)

**مەعنا ئارایی:** ڕازاندنەوەی واتای نوێ و داهێنراو، داهێنانی وتەی جوان و نوێ.

ئارا: ڕەگی چاوگی ئاراستەن و ئارایيدەن (= آراستن و آراييدن)ی ف. یە، واتە ڕازاندنەوە و جوانکردن.

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئارایی کەمال
خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی مانی دەکا
(نالی – ل ١٠٣)

به خوان معنی آرایی براهیمی پدید آمد
زپشت آذر صنعت علی نجار شیروانی
(خاقانی، دیوان، ٤١٤ – عفیفی)

واتە: لە خوانی ڕازاندنەوەی واتای جوان و داهێنراودا براهیمی پەیدا بوو، لە پشتی ئازەری سنعەتیش علی نەجاری شیروانی پەیدا بوو.

**مەغاک:** چاڵ.

لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشین لەعلی لەب توشنە
لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغیلانە
(نالی – ل ٤٩٢)

**مەغز:** مێشك.

سۆفی کە گران بارە بێ مەغز و سەبوك بارە
سووف پۆشێ غەمی بارە ئەو باری لەکن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٤)

دوو جادوو ماری مەغزی ئادەمی خواری قەرار داوە
لەسەر شانی وەکو زەححاك و ناوی ناوە زولفەینی
(نالی – ل ٦٧٦)

**مەغفیرەت:** مغفرة. ع. لە گوناه و کەم و کووری خۆش بوون. چاوپۆشین لە گوناه.

با بێینە سەر وەجاهەتی قەدری لەکن خودا
بۆ عاسییان لە مەغفیرەت و سەرفی مەغفیرە
(نالی – ل ٤٣٠)

**مەقام:** مقام. ع. شوێن، جێگە، شوێنی جێگیر بوون.

ئەو دەشتە جایی یارییی یارانی حوجرە بوو
یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەر وەك تەهی سەقەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

**مەقامات:** مقامات. ع. کۆی مەقامە (مقامە) یە، واتە کۆڕ، وتار، باسی داستان و گێڕانەوەی بەسەرهات، وتاری ئەدەبی کە بە پەخشانی هونەری نووسرابێ، نموونەی بەناوبانگی مەقامات لە زمانی عەرەبیدا: مەقاماتی بەدیعی و مەقاماتی حەریری، لە فارسیدا مەقامات حەمیدی. (فرهنگ اصطلاحات ادبی – سیماداد)

مەقامات: کۆی مەقامەیە واتە ئەنجومەن، کۆڕ، وتار، چیرۆك.

لە زاراوەی سۆفیگەریدا ئەو قۆناغەیە کە سالیك دەبێ بە هەوڵ و ڕیازەت ببڕێ، حەوت قۆناغی ناسراوی سلووك پێکهاتووە لە (تەوبە، وەرەع، زوهد، فەقر، سەبر، تەوەکول، ڕەزا.)

مەقام: جێگەی نیشتەجێ بوون، جێگەی ڕاوەستان، جێ پێ، پلەو پایە، شوێن.

مەقامات: کۆیە، لە فارسیدا بە واتای ئاواز و پەردەی موسیقایش هاتووە، پێشینان دوانزە مەقامیان بۆ موسیقا داناوە بەم جۆرە: راست، ئیسفەهان، عیراق، کووچەك، بوزورگ، بوسلیك، حیجاز، عوشاق، حوسەینی، زەنگوولە، نەوا، رەهاوی. (عمید)

تەلوینی رەقیب چ بەیان کەم بە مەقامات

مەشهوورە حیکایاتی ئەبوزەیدی سورووجی

(نالی – ل ٦٤١)

**مەقدەم:** مقدم. ع. هاتن، کاتی هەنگاونان، کاتی هاتن، کاتی پێ دانان.

جێ بازی مەقدەمی شەوی قەدر و مەعاریجی

سەریانی عەرش و کورسی یو جویریلی شەهپەڕە

(نالی – ل ٤٢٤)

تا بە خاکی قەدەمت دیدەیی گوڵ ڕەوشەن بێ

فەرشە بۆ مەقدەمی تۆ دیدەیی ساحیب نەزەران

(سالم – ل ٩٠)

**مەقرووز:** مقروض. ع. قەرزار.

سەفی مەقرووزی قەرزی ئیلتیزامی حاسلی ڕۆمی

لە ناو هەورامی و کوردا هەموو تەبدیل و پەنهانن

(سالم – ل ١٠٣)

**مەکتەبخانە:** قوتابخانە.

مەکتەب: مکتب. ع. شوێنی نووسین، قوتابخانە.

کە نووسراوە لە مەکتەبخانەیی عیشقا حرووفی نا

جەوابت هەر بەڵێ بۆ سالمە گەر نەمری مردن بێ

(سالم – ل ١٤٠)

**مەکۆشە:** کورتکراوەی تێمەکۆشە.

تاكی دڵ مابێ مەكۆشە قەت لە ئابڕوو بردنم

عیشق تا خۆش بێ مەكێشە ڕەنجی ڕیسواكردنم

(كوردی – ل ٢١)

**مەكین:** مكین. ع. پایەدار، بەدەسەڵات.

مەكانی واسیتەی ئیمكان مەكانەت بەخشی ئینس و جان

مەكینی لامەكان سەیران تێدا تەشریفی میوانە

(نالی – ل ٥٠٣)

**مەگە:** كورتكراوەی مەگەر.←——— مەگەر.

سۆزشی كوردییە یاخۆ جۆششی ئەیامی فیراق

ئاتەشی عیشقە مەگە یا شەرەری ناری سەقەر

(كوردی – ل ١٧)

**مەگەر:** بۆ مەبەستی گومانكردن بە واتای دەبێ و لەوانەیە. بێجگە لە.

حەمایڵ كە دەمی تێغت لە حەڵقەی گەردنی نالی

مەگەر تێراو ببم بەو ڕەنگە تینووی ساعیدی یارم

(نالی – ل ٢٧٥)

مەگەر وەختێ لە سەیری خاڵی چیهرەت دیدە فاریغ بێ

سیاهی مەردومەك بتكێ لەگەڵ ئەشكم بەسەر ڕوومـا

(سالم – ل ٣٣)

مەگەر ناڵینی من هاتۆتە گۆشی

كەوا كردوویە تەركی سورخ پۆشی

(كوردی – ل ٥٧)

**مەگەس دار:** مێشاوی، شوێنێ كە مێشی زۆری تێدابێت.

مەگەس: مێش.

دار: پاشگرە، یان ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ی ف. واتە: هەبوون. وەكو

پاشگر بە مەبەستی خاوەن بەکاردێت.

بە زاهیر گەر مەگەس دارە بە باتین سەد چەمەن زارە
بە سوورەت یەك بە یەك خارە بە مەعنا سەد گولوستانە

(نالی – ل ٤٩٣)

**مەلال:** ملال. ع. وەڕس بوون، بێزار بوون، دڵتەنگی و غەمگینی، غەم و خەفەت.

مەلالی ئارەزوو سالم بەقەد دووری لە دڵمایە
لە وەسلا بۆ تەماشای ڕوویی دلبەر گەر تەغافول کەم

(سالم – ل ٨٦)

**مەلەخ:** کوللە.

مەلەخ تەبعن لە هێشووی دەغڵی دیهقانا بە هەر لادا
لە ناو جاڕی گەنم هەر یەك وەکو داهۆڵی خەرمانن

(سالم – ل ١٠٦)

**مەلەکول مووت:** ملك الموت. ع. عزرائیل، فریشتەی مەرگ و گیان کێشان، یەکێکە لەو چوار فریشتانەی کە لە خواوە نزیکن.

خاڵی نییە نالی دڵەکەت ساتێ لە هیجران
تاتاری وجوودت نەپسێنێ مەلەکول مووت

(نالی – ل ١٥٤)

ملك الموت رفت پیش خدا گفت سبحان ربی الاعلی
یك حکیمی است درفلان کوچه من یکی گیرم و اوکشد صدتا
یا بفرما که جان او گیرم یا مرا شغل دیگری فرما

(لعلی تبریزی، قند پارسی، مظاهر مصفا – ص ١٨٩)

واتە: مەلەکول مووت ڕۆیشت بۆلای خوا و ناوی خوای بە پاکی و گەورەیی هێناو وتی: دکتۆرێ وا لە فلاَن گەڕەك، تا من یەکێ دەگرم و (گیانی دەکێشم)، ئەو سەد کەس دەکوژێ، یان بفەرموو کە گیانی بکێشم، یان بفەرموو کارێکی ترم بدەرێ.

**مەلیك خەسڵەت:** پاشا سروشت، ئەو کەسەی کە خوو ڕەوشت و سروشتی وەکو پاشا وابێت.

خەسڵەت: خصلة. ع. خوو، ڕەوشت.

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسڵەت
کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرەنگی خوو و موو موشکین

(سالم - ل ٩٥)

**مەملووك:** مملوك. ع. بەندە، کۆیلە. کۆیەکەی (ممالیك)ە.

کولاهی فەخر و تەعزیمم گەیشتە چەرخی ئەتلەس ڕەنگ
کە بیستم قەلبی میرانم لەسەر مەملووکی ئاغایە

(نالی - ل ٥٦٨)

**مەنازلی جانان:** شوێنی شۆخ و شەنگەکان، جێگەی دلبەران.

مەنازل: کۆی مەنزلە ← مەنزل

جانان: →

جاروکەشی مەنازلی جانان لە خەڵوەتا
فەڕاشی ئەبری بەهاران لە دەشت و دەر

(سالم - ل ٦٧)

**مەنجەنیق:** کراو بە عەرەبی مەنجەنیك. لە یونانییەوە مەغانیکۆن. ئامرازێکە وەکو (قوچەقانی = بەردەقانی = بەردفڕێدەر). بەرد فڕێدەرێکی زۆر گەورەیە، کە لەسەر دارێکی گەورە و توند و تۆڵ ساز دەکرا و لە جەنگدا بەهۆی ئەوەوە بەرد و ئاگریان بەرەو دوژمن فڕێدەدا. (معین)

نەیبری ئەعزەم وەها تاوی دەدا وەك مەنجەنیق
بۆ دەوامی ڕۆژ پەرستیی جەمعی حەربای دێتە ناو

(نالی – ل ٣٦٠)

**مەندەبوور:** بەدبەخت، داماو، غەمگین (مەندوور)یشی پێ دەڵێن.

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەروو نارەوەن

یا حەڵقەیانە سۆفییی مل خوار و مەندەبوور

(نالی – ل ١٩١)

**مەنزل:** منزل. ع. ماوەی نێوان دوو شوێنی ڕاوەستان و حەوانەوەی گەشت و گوزارکەر، ئەم زاراوەیە لە کۆندا بەکار دەهات بۆ شوێنێ کە دوور بوایە و مەنزل بە مەنزل دەڕۆیشتن تا دەگەیشتنە شوێنی مەبەست. هەروەها (قوناغ) یشیان پێ دەوت. شوێنی مانەوە بۆ ماوەیەکی کورت.

لە وەسڵت مەنزلێ دوور کەوتەوە دڵ

دووسەد مەنزل لە شادی دوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٢)

**مەنزل بڕ:** مەنزڵ بڕ. مەبەست گورج و گۆڵ و خێرایە لە ڕۆیشتندا.

مەنزل: ←——

بڕ: ڕەگی چاوگی (بڕین)ە. بەڵام لێرەدا بە مەبەستی بڕینی ماوەی نێوان دوو شوێنە.

مل عەلەم شیرین قەڵەم ئاهوو شکەم مەیموون قەدەم

سم خڕ و کلك ئێستر و مەنزل بڕ و عارەق نەڕێژ

(نالی – ل ٢٢٥)

**مەنزوور:** منظور. ع. مەبەست، پەسەندکراو، شایان، شایستە، بایەخ پێدراو، بینراو.

دڵم وەك حاکمی مەغروورە قوربان

خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٣)

**مەنسوور:** منصور. حوسەین کوڕی مەنسووری حەللاج، خواناسی ناسراو، لە ساڵی ٣٠٩ی کۆچی – ٩٢٢ی زایین گیرا و، لەپاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر کوژرا، بە تاوانی ئەوەی لە کاتی جەزبە و وەجددا هاواری دەکرد و دەیوت (انا الحق). (معین)

یەکێکە لە خواناسە بەناوبانگەکانی ئێران، بە فەرمانی حامید کوڕی عەبباس وەزیری خەلیفە موقتەدیری عەبباسی، لە بەغدا لە سێدارە درا. (تلمیحات)

سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ

جێگەم سەر دارەکەی مەنسوورە ئەمشەو

(نالی – ل ٣٨٩)

حەیرانی ڕەهی عیشقن گەر شەمسە وەگەر مەنسوور

(سالم نبود پیدا زین بادە بە پیمانی)

(سالم – ل ١٥٠)

شەمس و مەولاناو مەنسوور کەی بە سیڕ مەحرەم دەبوون

تا نەیانخواردایە ریزەی نانی سفرەی خوانی عیشق

(کوردی – ل ١٩)

وەکو مەنسوور ئەگەر بیشم سوتێنن

ئەنالقادیر دەڵێ گەرد و غوبارم

(کوردی – ل ٢٤)

**مەنشەء:** منشاء. ع. جێگەی پەیدا بوون، شوێنی نەشونما و پەروەردە کردن.

ئەوە سەر مەنشەئی ئیفساد و ئەمن بەد ناوم

ئەوە موستەوجیب و من کەوتمە زەجر و لێدان

(کوردی – ل ٣٧)

**مەننان:** منان. ع. ئەو کەسەی کە زۆر چاکە بکات، ئەوەی کە چاکەی خەڵکی بوێت. هەروەها یەکێکە لە سیفەتەکانی خوا.

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری قەسوەتم ئەمما

وەسیلەم تەیبەو و حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە

(نالی – ل ٥١٧)

**مەودا:** ماودا، مەودا، مەودا دان، مەیدان دان، دەمی چەقۆ و تیغان کە ڕاست و تیژ بێ،

نووکی نێزه و نیدییه، تیژی، تیغ. (گیو)

لێواری تیغ، نووکی خەنجەر و شمشێر، ماوەی بەینی دوو شت، مۆڵەت، قانە، سەردەمێ لە کات و سات، ماوە. (هەژار)

بڕۆت تیغێکە و سمەی سەیقەل و مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مەودایە
(نالی – ل ٥٥٧)

**مەولانا** = مەولەوی ناسراو بە (جلال الدین محمد کوڕی سلطان العلماء محمد بن حسین خطیبی) ناسراو بە بهاء الدین. لە شەشەمی ربیع الاول، ساڵی ٦٠٤ك لە (بەلخ) لەدایك بووە. یەك شەممەی ٥ی جماد الآخری ٦٧٢ك لە (قونیە) کۆچی دوایی کردووە، باوکی یەکێ بوو لە زاناو سۆفییە گەورەکانی سەردەمی خۆی. (بهاءالدین) بەهۆی ئەوەی کە دڵگران بوو لە سوڵتان محەمەد خوارەزمشاو لەو کاتەی کە جلال الدین منداڵ بوو بەلخی بە جێهێشت و لە ئەنجامدا لە قونیە جێگیر بوو. جلال الدین خوێندنە سەرەتاییەکانی لای باوکی تەواوکرد و دوای مردنی باوکی لە ژێر چاودێری (برهان الدین محقق ترمذی)دا بوو. برهان الدین مەولانای نارد بۆ خوێندن بۆ حەڵەب و دیمەشق کە ئەوکاتە گرنگترین مەڵبەندی زانستی و ئەدەبی بوون. مەولانا لە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕایەوە بۆ قونیە و ئیتر خۆی خەریك کرد بە دەرس وتنەوە و فێرکردن. تا لە ساڵی ٦٤٢ك پەیوەندی کرد بە (شمس الدین محمد بن علی ملك داد) ناسراو بە شەمسی تەبریزی. ئەم ناسین و پەیوەندییە ڕوودانێکی گرنگی ڕۆحی لە دەروونی مەولانادا دروست کرد کە بووە هۆی ئەوەی کە واز لە دەرس و فتوا بهێنی و ئەمە بووە هۆی نارەزایی خەڵکی قونیەو ڕەخنەگرتنی موریدان. شەمسی تەبریزی بەهۆی نارەزایی موریدەکانی مەولانا چوو بۆ دیمەشق، دوورکەوتنەوەی شەمس دڵ و دەروونی مەولانای هەژاند و سەرەنجام سوڵتان وەلەدی کوڕی و کۆمەڵێکی لەگەڵدا نارد بۆ دیمەشق بۆلای شەمس، شەمس گەڕایەوە بۆلای مەولاناو تا لە پرێکا لە ساڵی ٦٤٥ك گوم بوو، دەڵێن گوایا هەندێ کەس لە خەڵکی قونیە کوشتوویانە، بەڵام لەم بارەیەوە بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە. دوای گوم بوونی شەمس مەولانا وازی لە دەرس و فەتوا هێناو خۆی خەریك کرد بە پاراستن و پاك

کردنەوە و پەروەردەکردنی دەروون، ئینجا پەیوەندی پەیداکرد لەگەڵ (صلاح الدین زرکوب و حسام الدین چەلەبی) و ماوەیەك سەرگەرمی ئەمانە بوو، لە ئەنجامدا بەهۆی هاندانی ئەم حسام الدین چەلەبییەوە مەولانا خۆی خەریك کرد بە دانانی مەسنەوی (= مثنوی)یەوە. بەرهەمەکانی مەولانا بە شیعر و پەخشانییەوە پێکهاتوون لە:

١-مەسنەوی (= مثنوی)، لە شەش بەرگدا و (٢٦) هەزار دێڕە شیعرە کە لەسەر بەحری رەمەل دایناوە، ناوەرۆکی مەسنەوی پێکهاتووە لە زنجیرە شیعرێ، کە ئەنجامە ئاینی و عیرفانییەکان بە دەستەوە دەدات و ڕاستییە مەعنەوییەکان بە زمانێکی سادە پیشان دەدات.

٢-دیوانی غەزەلییات، ناسراو بە (کلیات شمس) کە پێکهاتووە لە (٥٠) هەزار دێڕە شیعر.

٣-چوارینەکان.

٤-مەکتووباتی مەولانا.

٥-فیە ما فیە.

٦-مجالس سبعە. (معین)

شەمس و مەولانا و مەنسوور کەی بە سیڕ مەحرەم دەبوون
تا نەیانخواردایە ڕیزەی نانی سفرەی خوانی عیشق
(کوردی - ل ١٩)

**مەولەوی:** ←——مەولانا.

سەد مەولەوی بە فەتوەیی دڵ دەبنە عیسەوی
گاهێ ئەگەر لە گێسوویی تەرسا بە دەرکەوی
(سالم - ل ١٥١)

کەس وەك دڵم شۆری مەحەببەت بەڵەد نییە
هەروەك حەکیمی رۆمی و ئەشعاری مەولەوی
(سالم - ل ١٥١)

**مەھ:** کورتکراوەی (ماھ)ە، واتە مانگی ئاسمان.

فەرقی کورِ و کچ رِۆشن وەك فەرقی مەھ و میهرە

ئەم فەرقی شەوو رِۆژە وەك فەرقە لە کورِ تا کچ

(نالی – ل ١٥٧)

مەھ بە شەو هەڵدێ پەنا دەگرێت و دەنوێنن بە رِۆژ

دا بگاتە سیرِی پەچچەی پەرچەم و وەسفی بِرۆی

(نالی – ل ٦٩٤)

ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا

دڵ خیرەما لە حیرەت مەھ ئافتابی هێنا

(سالم – ل ٣٥)

مەهە یا رِۆژە یا رِووی تۆ بە دەرکەوت

شەوە یا زوڵفە یاخۆ موویی دڵجۆت

(کوردی – ل ١٥)

**مەھار:** دارێکی بچووکە، دەکرێتە پەرِەی لووتی حوشتر و پەتێکی پێوە دەبەستن.

زحرص و شهوتی مارا مهاری کرده در بینی

چو اشتر می کشاند او بگرد این جهان مارا

(دیوان کبیر ١٠، ٥٠) (معین)

واتە: بەهۆی حیرس و ئارەزووی خۆی پەتی خستۆتە لووتمان و وەکو حوشتر بە دەوری ئەم جیهانەدا رِامان دەکێشێ.

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەر قەتارێکم

کە دەمکێشێتە رِەوزەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە

(نالی – ل ٤٩٧)

**مەھاسا:** کورتکراوەی ماھ ئاسا = ماه آسا. واتە: وەکو مانگ. مەھ + اسا.

مەھ: ⟵

اسا: = ئاسا. پاشگره بە واتای: وەك، وەكو.

ئەی میروەحەی جەمالی مەهاسای دولبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سـیمبەر
(سالم، دیوانی نالی - ل ١٩٩)

**مەهپۆشی:** کورتکراوەی ماهپۆشی یە، واتە مانگ پۆشی، مانگ داپۆشین. مەبەست داپۆشینی ڕووی جوانی وەکو مانگە.

مەه: ←

زوڵفی شـەب ڕەنگت وەکو ڕۆژە پەرێشان بـانەبێ
وا سەحاب ئاسا لە ڕووتا قەسدی مەهپۆشی دەکا
(سالم - ل ٣١)

**مەهتاب:** مەبەست دەموچاوی جوانە، دەموچاوی وەك مانگی تابان. ڕووناکی مانگ، مانگەشەو.

مەه: ←

تاب: ←

لە مەهتابا کە دڵ دی پەرچەمی وەك عەقرەبت ئەمشەو
گورێزی دا لە عەقرەب کەوتە چاهی غەبغەب ئەمشـەو
(سالم - ل ١١٨)

**مەهدی دڵ:** مەبەست ناخی دڵە.

مەهد: مهد. ع. بێشکە.

سـولەیمانم بـە تـەمکین تـا مەکـانت
لە ناو مەهدی دڵێ بی مـیسلی بەلقیس
(سالم - ل ٧٤)

**مەهر:** مهر. ع. مارەیی.

هەردەمە فەرشی کەسێکی کە بەبێ مەهر و نیکاح
دوور لە چـاکانی عـەجەب فـاحیشـە دنیاییکـە
(نالی - ل ٤٦٣)

**مەه ڕوخ:** مەبەست شۆخ و شەنگ، دەموچاو وەك مانگ.

مەهـ: ⟵

ڕوخ: دەموچاو.

لە ڕووی تۆ مەهـ ڕوخێ گەر بێتە مەیدانی جەدەل سەهوە
ئەگەرچی تا میان مووی بێ وەکو تۆ موو میان نابێ
(سالم - ل ١٤٣)

**مەهڕوو:** مەبەست جوان و شۆخ و شەنگە. ئەو کەسەی کە دەموچاوی وەکو مانگ بێت.

مەهـ: ⟵

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مەهڕووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق
(نالی - ل ٢٥٠)

**مەهوەش:** مەبەست شۆخ و شەنگە. وەك مانگ.

مەهـ: ⟵

وەش: پاشگرە بە مەبەستی لێکچوون.

گرفتاری کەمەندی مەهوەشێکم تیفل و بێ ڕەحمە
خەریك و وێڵ و وەحشی ئاهووی شیرین خەرامێکم
(کوردی - ل ٣٢)

**مەهیب:** مهیب. ع. ترسناك، بەسام، ئەوەی کە لێی بترسن.

بێ تۆ مەهیب و گریەم وەك ڕەعدی ئەو بەهاران
پەیوەستە دێ بە ڕووما ئەشکم بە میسلی باران
(سالم - ل ٩٣)

**مەیتەن:** لەشی سوور و سپییە یان جۆرێکە لە جلوبەرگ.

لە عەکسی ماهی ڕوخساری بە بەرقی مەیتەنی ئاڵی
دەسووتێ دەسرەی عابید دەلقی زاهید سیری مەستوورە
(کوردی - ل ٤٧)

تاری کاکۆڵی کە ئەفشانە لەسەر مەیتەنی ناڵ
ڕشتەیی گیان و دڵ و دین دەپسێنێ بە عــەلی
(کوردی – ل ٥٨)
ئەسـمـەرە لاغیر تـەنـە بـاڵا میـانـە کـــەچ کــولاهـ
سوخمە سەوزە مەیتەن ئاڵە چاوخومار ئەبرۆ کەمان
(کوردی – ل ٣٤)
**مەیتەن قرمزی:** مەبەست لەشی سوور و سپی و جوانە یان جۆرێکە لە جلی سوور.
قرمز: سوور [سنسکریت Krimi .Krmih] (معین)
ئەمەی دەیڵێم ئەگەر ئیغراقە هیجری
هیلاکی دەستی مـەیتەن قرمزی بـم
(کوردی – ل ٢٣)
**مەی ڕژان:** مەبەست فرمێسکی خوێناوی ڕژانە.
بۆچی نەگریم سـەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ شیشە لە سەد لاوە شکاوە
(نالی – ل ٥٣٥)
**مەیکەدە:** مەیخانە. بەشی دووەمی وشەکە (کەدە)یە کە پاشگرەو بە مەبەستی شوێن بەکاردێت.
جـامی تـاقی مــەیکــەدە میشـکـاتی قیندیلی دڵـە
شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرەفە
(نالی – ل ٤٥٤)
عـاشـق هـەوەسی مەیکەدەو و عیلمی بــەسیتە
عاقڵ تەلەبی مەدرەسەو و جەهلی مورەککەب
(نالی – ل ١٣٥)
جورعە نۆشی [بـۆ] بکـەم ئیتر لە بەزمی مـــەیکـەدە
چاوی مەخموورت بە عاشق کاری بادەی مەی دەکا
(سالم – ل ٢٩)

وا لە سەریانی مەیکەدە راهیب

ئەم کەلامــە دەڵێ بە ناڵەی زار

(سالم - ل ٥٩)

**مەیل بە فەرمانی سەر بوون:** مەبەست ئارەزووی کوشتنە.

ئەو یارە کە دایم وەکــو پـــارەی جیگەرم بوو

تـا بوو لە دلێ مەیلی بە فەرمانی ســەرم بوو

(سالم – ل ١١١)

**مەیموون قەدەم:** ئەو کەسەی کە هـاتنی شادی و خۆشی لەگەڵدابێت. ئەوەی هـاتنی خۆش و پیرۆز بێ.

مەیموون: میمون. ع. پیرۆز.

قەدەم: قدم. ع. پێ، هەنگاو، شەقاو.

مل عەلەم شیرین قەڵەم ئاهوو شکەم مەیموون قەدەم

سـم خڕ و کلك ئێستر و مـەنزل بڕ و عـــارەق نــەڕێژ

(نالی – ل ٢٢٥)

**مچە ڕووت:** مەبەست (مستەفا بەگی ساحیب قران = کوردی)یە شاعیر لێرەدا، بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی خۆی بە ڕووت و هەژار دادەنێت.

بەرگی ڕووتی بـە هــەزار خــەرقەیی شـــادی نـــادەم

چونکە مەحبوویە بە ناز پێم دەڵێ گاهێ مچە ڕووت

(کوردی – ل ١٤)

**مرواری ئەشك:** فرمێسکی وەك مرواری.

مرواریی ئـەشکم وەکـو یاقووتی ڕەوانە

ساقی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی

(نالی – ل ٦٥٦)

مروت كن يتيمى را بەچشم مردمى بنگر

كە مرواريد اشك اوست درّ گـوشوار تو

(سيف فرغانى - «عفيفى»)

واتـە: چـاكـە و پـيـاوەتـى بكـە لـەگـەڵ ئـەم هـەتـيـوە بـێكـەسەدا و بـە چـاوى مرۆڤايەتييەوە سەيرى بكە، كە مروارى فرمێسكى ئەوە دورِى گوارەكەى تۆ.

**مژەى مەست:** مەبەست چاوى مەستە.

مژە = موژە: ⟵ موژە.

فەرمووى بە مژەى مەستى نازانەو و تەرِ دەستى

سـادەى لـە دڵـى سستـى تيرێ بـە تـەمـەنـنـايـە

(نالى - ل ٥٦١)

**مشت:** مەبەست هێز و توانا و دەسەڵاتە.

عەساى مووسايە سەرنێزەى لە رِەغمى مشتى فيرعەونى

بـە بەرقى ئـاتـەش ئەفشـان و بە شكڵى ئەژدەهـا پـەيدا

(سالم - ل ١٨)

**ملكى دڵ:** مەبەست هێز و تواناى دڵە.

هەر كەسانێ تيپى موژگانى دى بە رِەسمى قەبز و بەست

تـەرفـەتولعەينى دەبێ سـەد مـــڵكى دڵ تـەسـخيرى تـۆ

(سالم - ل ١١٤)

**موباهات:** مباهاة. ع. شانازى كردن.

ئەگەر عالەم ببێتە خـەلعەتى تەشريفى ســەرتاپاى

وجوودى بێ وجوودى بێ موباهات و موجەرِەد بێ

(نالى - ل ٦٣١)

**موبەششەر:** مبشر. ع. موژدەپێدراو.

رِەحمەت بە حوسنى سوورەتى ئينسان زوهوورى كرد

(خيرالبشر) لەقەب بـە شـەفـاعـەت موبـــەششـەرە

(نالى - ل ٤٣٠)

**موتمەئین خاتر:** دڵنیا، خاتر جەم، ئەو کەسەی کە بیر و هۆشی ئاسوودە و ئارام بێت.

موتمەئین: مطمئن. ع. دڵنیا.

خاتر: خاطر. ع. ئەندێشە، بیر، ئەوەی کە لە دڵ و دەروونندا بێت، دڵ، ویژدان، یاد.

موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی

نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شـــەڕییە

(نالی – ل ٥٨٦)

**موجەڕەد:** مجرّد. ع. ڕووت و قووت، تەنها، بێ ژن و ماڵ و منداڵ، تەنیا و سەڵت، زگورتی.

خـــوشـــا ڕەندێ لـە دنیـــا بێ مـوبـالات و مـــوجـــەڕەد بێ

بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ بە شەو مات و موجەڕەد بێ

(نالی – ٦٣٠)

موجەڕەد بە ڕەفیق بێ تـەوسـەنی نـەفست بەجێ بێڵــە

لە ڕێی عەشقا هەموو پێچێکی سەد شەیتان جڵەو گیرە

(سالم – ل ١٢٥)

**موجەوهەر:** مجوهر. ع. کراو بە عەرەبی. واتە گەوهەراوی.

جەوهەر: ⟶

عـەرشی بـەرین کـە دائیرەیە ڕەوزە مـەرکـــەزە

فەرشی زەمین بە عەرسەیی تەیبە موجەوهەرە

(نالی – ل ٤١٦)

**موحابا:** موحابات، محابات، محاباة. ع. یارمەتیدان، لایەن گرتن، لایەنی کەسێ گرتن بە پێچەوانەی داد و ئینساف، کردنی کەسێ یان شتێ بەهێنی خۆ. (معین)

کەمەندی زوڵفی دوولانە لە بۆ گەبر و موسوڵمانە

دەکێشێ بێ موحـابانە چ لـەم لابێ چ لـــەو لابێ

(نالی – ل ٦٠٢)

**موحاق:** محاق. ع. چۆنییەتی مانگ لە سێ شەوی کۆتایی مانگی قەمەریدا، کە لە زەوییەوە

نابینرێت. داپۆشراو، دەورە دراو. (معین)

ماهی تالیع ڕێی موحاق و ڕۆژی نەگبەت جیلوەگەر

خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان

(سالم - ل ۹۸)

**موحەییا:** محّیا. ع. دەموچاو، ڕوو.

ماوەردە لەسەر خەرمەنی گوڵ عــەترفشانە

یا ئاوی حەیاتە عەرەقی وردی موحەییات

(نالی - ل ١٤٣)

**موحتەسیب** = محتسب. ع. دوورکەرەوە لەو کاروبارانەی کە شەرع قەدەغەی کردووە، ئەو فەرمانبەرەی کە کارەکەی چاودێری کردنە بۆ بەجێهێنانی یاساکانی ئاین.

خوابی غەفڵەت نازیلە بۆ چاوی شەحنەو موحتەسیب

دەرفەتە جـامێ ئـەسـەر کێشی بــەلێ بێ ئیحتیراز

(کوردی - ل ١٧)

**موحتەشەم دیوان:** مەبەست ئەو شاعیرەیە کە خاوەنی دیوانی شیعری بەرز و مەزن بێت.

زابیتەی تەبعم سـوارە ئیددیعای شـاهیی هـەیە

موحتـەشەم دیوانـە داوای تـەختی خاقـانی دەکا

(نالی - ل ١٠٢)

نالی ئیستە تاجی شاهیی و تەختی خاقانیی هەیە

شەوکەت ئارا موحتەشەم دیوانە فیکرەت ســائیبە

(نالی - ل ٤٠٠)

**موخالیف:** مـخـالـف. ع. پێچـەوانـە، دژ، نـاحەز. هـەروەهـا بـەشێکە لـە مـەقـامـی عیراق و پێکهاتووە لە پێنج ئاواز. (معین)

تالیبی ڕاهی حیجازم لە موخالیف هەڵدەن

بێنەوا قەلبی حەزینم قووەتی بــەندی نییە

(نالی - ٥٩٥)

**موخەییەر:** مخیّر. ع. هەڵبژێردراو، سەرپشك.

مۆژدە لـە عـاسییان کـە ئـەو ئیقبالی ڕەحمەتە

ئیسمی ڕەحیم و غەوس و شەفیع و موخەییەرە

(نالی – ل ٤٣١)

**مودام:** مدام. ع. مەبەست هەمیشەیە. هەروەهـا بە واتای مەی و شەرابیش هـاتووە.

ڕەشکی چـارەو لەبی تـۆیـانـە مودام

تـا فەلەك شەمس و زەمین کانی هەیە

(سالم – ل ١٣٤)

**موددەعی:** مدّعی. ع. مەبەست بەدکار، بەدکردەوە، ناحەزە.

چـەند خـۆشـە دابنیشین دوو بـە دوو ئـەمـن و گوڵم

داکەوێتن موددەعی لەو خوارە هەروەك دەستی کەر

(نالی – ل ٢٠٣)

حەدیسی نەنگ و نام زۆر شوکور مەشهووری عالەم بوو

لە حـەرفی موددەعی نـاکـەس نییە بـاکم منی ڕیسـوا

(سالم – ل ٣٧)

موبالاتی نەبوو دولبەر بە حالّی سالمی مەزڵووم

بە حەرفی موددەعی زالّم بــــەدڵ تۆراوە دەیـزانم

(سالم – ل ٧٩)

لە فـەردیی وەسـفی یـارا عـارە نـاوی موددەعی بــردن

لە ڕشتەی فکری ماخەرموهرە هەمسلکی گوهەر ناکەم

(سالم – ل ٨٥)

**موددەی سەد قیران:** مەبەست ماوەو ڕۆژگارێکی زۆر دووروودرێژە.

قیران: قران. ع. واتە نزیك بوونەوەو بە یەکتری گەیشتن. کەوتنە یەك شوێنی دوو ئەستێرە لە ئەستێرە گەڕۆکەکانی کۆمەڵەی خۆر لە بورجێکدا. (معین)

ڕاستە گەردوون چابوکە بۆ ڕەنگی بەد ڕەبتی وەلێ
نارژێنێ ڕەنگی بەم ڕەنگە بە مودەی سەد قیران
(سالم – ل ٩٧)

**مورائیی:** مُرائی. ع. ڕیاکار، ڕیاباز، دوو ڕوو.

ئەی نەفسی مورائیی چ گران باری تەکالیف
بۆ خەڵقی دەکێشی دە هەرۆ ڕێش و جەدەویە
(نالی – ل ٣٩٢)

ئەی خەڵوەتیی مورائیی بێ ڕەنگی خود نمائی
ڕەنگ زەردی عاشقی بە نەك زەرد ڕوو شەقی بە
(نالی – ل ٣٩٧)

**موردە:** مردوو. وشەکە دوو بەشە: مورد + ە

مورد: چاوگی کرتاوی موردەن (= مردن)ی ف. یە. واتە مردن.

ە: پاشگرە کە دەچێتە کۆتایی چاوگی کرتاو دەیکات بە ئاوەڵناوی بەرکار.

وەکو ئەو کرمە لە نێو قوببەیی ئەبریشمدا
عاقیبەت موردەیی یەئسی عەمەل و بێ کەفەنی
(نالی – ل ٦٧٣)

حاسڵی عیشقم کراسی میحنەتە
موردە نابا ماڵی دونیا غەیری جاو
(سالم – ل ١٠٨)

کە ڕۆیی تو خودا کێ بێتە سەر باڵین و ناڵینی
کە بمرێ کێ هەڵیگرێ و دفنی کا ئەم موردە بێچارە
(کوردی – ل ٤٦)

**موردە مادەر:** مادەر موردە، دایك مردوو.

موردە: ⟵

مادەر: دایك.

گەر بە موژدەی مەرحەمەت جانی ڕەقیبم تازە کەی

میسلی تیفلی موردە مادەر دڵ بە شیوەن خەو دەکا

(سالم – ل ٣١)

**مورسەلین:** مرسلین. ع. مەبەست پێغەمبەرانە، نێردراوەکان، ناردراوەکان، پەیام هێنەرەکان.

ئەفرادی مورسەلین هەموو یەك ڕازە ئام کەلام

لەم جێگەدا بزانە موقەددەم مونەخخەرە

(نالی – ل ٤٢٨)

**مورغ:** وشەکە خۆی بە واتای باڵندە دێت، بەڵام بە گوێرەی شوێن واتاکەی دەگۆڕێ.

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا بە واتای مورغی دڵ هاتووە ← مورغی دڵ.

بە ئەفسوونت جەلای دا دانەیی خاڵ

بە دامی تورەیی تۆ مورغ بوو دڵبەند

(سالم – ل ٥٦)

حەبسی منی ئیمین بە خودا دوورە لە ئینساف

ئەم مورغە بە بێ قەید و قەفەس ڕامە هەموو دەم

(سالم – ل ٨٦)

لامەدە گیسوویی موشکینت لە دەوری خاڵی ڕوو

مفتە بۆ مورغانی جۆیا دانە گەر داوی نەبێ

(سالم – ل ١٣٨)

**مورغی پڕ وەحشی:** مەبەست دڵی زۆر تامزرۆ و دێوانەی دڵدارە.

مورغ: ←

مورغی پڕ وەحشی دڵ ئەو شەوە ئەمنییەتی بوو

لە ڕوخ و تورەیی تۆ دەردەکەوێ دامی چرا

(سالم – ل ٣٤)

**مورغی چەمەن:** مەبەست بلبلە، بولبول.

مورغ: ⟵

چەمەن: مێرگ، مێرغوزار، هەرشوێنێ ئاو و سەوزەگیای تێدابێت.

لەگەڵ مورغی چەمەن نالی دەناڵێ
کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین
(نالی – ل ٣٥٤)

**مورغی دڵ:** مەبەست هۆش و گیانە.

مورغ: ⟵

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ
دەناڵێنێ وەکو بولبول لە سویحی کازیبی شەودا
(نالی – ل ٨٨)

سونبولی تورە کە پەرژینە بە پەهلوویی گولا
موو بە موو هەرییکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا
(سالم – ل ٢٦)

لەسەر ڕوو دانەیی خاڵت بەفەن دانا[وە] دەیزانم
بە قەسدی مورغی دڵ زوڵفت بە دەورا داوە دەیزانم
(سالم – ل ٧٩)

بیمی زوڵفت مورغی دڵ دێنێتە لەرز
گەر بە سینەمدا بکێشم نەقشی زوڵف
(سالم – ل ١٠٨)

باکم نییە مورغی دڵ بیکەی بە کەباب ئەمما
بیدە بە سەگ و مەیدە دەرخوری ڕەقیبانت
(کوردی – ل ١٣)

از راه نظر مـرغ دلم گشـت هـواگــير

ای دیده نگه کن که به دام که در افتاد

(حافظ، قزوینی – ص ۷۵)

واته: بالّندەی دلّم واته هۆش و گیانم، بەهۆی سەیر کردنەوە فڕی، ئەی چاو سەیریکە، کەوتە داوی چ کەسێکەوە.

**مورغی ڕۆح:** مەبەست گیانە، ڕۆح. بالّندەی گیان.

مورغ: ←——— مورغی دڵ.

بـۆ نشینگەی مورغی ڕۆحی ئـەو کە عالی فیترەتە

جێگەیی خۆشتر لە ڕەوزەی (جنه المأوی) نـەبوو

(نالی – ل ۳۷۳)

**مورغی سەحەر خێز:** مەبەست بولبولە.

مورغ: ———→

سەحەر خێز: ئەوەی کە بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێ.

خێز: ڕەگی چاوگی خاستەن (= خاستن)ی ف. یە. واته هەڵسان.

شـــەوی مـــاوە کـــە بێدارم لـــە شـــۆرت

لە عەهدی گوڵ وەکـو مورغی سەحەر خێز

(سالم – ل ۷۲)

**مورغی کولانە:** مەبەست مریشکە.

مورغ: [پەهلەڤی. مورڤ. Murv] (معین). بالّندە، مەل، پەلەوەر. وشەی (مر)ی کوردی کە بە واتای مریشك دێت، لەگەڵ (مورغ)دا، هاوڕیشەن.

قوش قوشی ڕاویی نەبێ مورغی کولانەو ئاخورە

ســەگ سەگی تازیی نەبێ کـــادینی یو ئەنبارییە

(نالی – ل ۵۸۱)

**موزەخرەف:** مزخرف. ع. هیچ و پووچ و ناڕەسەن، ڕازاوە بە شتی هەڵخەڵەتێنەر، قسەی بێ کەڵك.

تەرکی ئارایشی تەن نەقدی ڕەواجی عەرەبە
تۆ عەجەم مەردی موزەخرەف تەنی بو قەڵبەزەنی
(نالی – ل ٦٧٢)

**موزەییەن بوون بە دۆش:** مەبەست جوان لێهاتنە.

موزەییەن: مزیّن. ع. ڕازاوە، جوانکراو، ئارایشکراو.

دۆش: دووش، شان، ئەم وشەیە لە وشەی لێکدراوی قەڵادووشکاندا بەکاردێت، واتە سەرشانەکان، کاتێ یەکێ منداڵێ دەخاتە سەر شانی، دەڵێن خستیە سەر قەڵادووشکانی.

خەڵاتی دڵبەری و شۆخی کە دەدرا
لە پاش یووسف موزەییەن بوو بە دۆشی
(کوردی – ل ٥٧)

**موزد:** پاداش، پاداشت، ئەوەی کە بەرامبەر بە کردنی کارێ وەریگیرێت، نرخ، بەها، مز.

تا شیوەیی مەرجان دەگرێ لۆلوئی ئەشکت
بۆ موزدی جەفاکەی بگرێ لێوی عەقیقی
(سالم – ل ١٤٨)

**موزمەحیل:** مضمحل. ع. لە ناو چوو، فەوتاو.

دڵ موزمەحیلی دەردە وەکو دیدە لـــە نمدا
حەیران و پەرێشانە وەکوب قەترە لە یەمدا
(نالی – ل ٩٤)

**موژە:** ←——— موژگان.

دڵ موشەببەك بوو لەبەر نێشان و نێشانی موژەت
ئیشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر
(نالی – ل ٢٠٢)

هەرچی نیەتت بوو نیگەهت دڵمی بەڵەد کرد
هەرچی نیەتم بوو بە موژەت دڵ خەبەری دا
(سالم – ل ٢٦)

بـــۆ ڕەفوکردنی چـاکی دەمی شمشێری برۆ
موژە تەڕ دەستە لە دڵما وەکو سووژن لە حەریر
(سالم – ل ٦٨)

بۆ قەتلی منی خەستە موژەت هـەر وەکـو تیرە
ئـەی من بە فیدای تیری نیگای پڕ خەتەرت بم
(کوردی – ل ٢٢)

**موژە خەنجەر:** مەبەست برژانگی درێژ و جوان و کاریگەرە.

موژە: ———← موژگان.

لەبت شەککەر خەتت عەنبەر موژەت خەنجەر قەدت عەرعەر
لە عیشقت دڵ وەکو بولبول لـە ڕووتا گوڵ وەکو گـوڵچین
(سالم – ل ٩٥)

**موژەی سەر دڵ:** مەبەست برژانگی جوان و کاریگەری یارە، ئەو برژانگە جوانانەی کە کاردەکەنە سەر دڵ.

موژە: ———← موژگان.

هـجوومی قول موژەی سەر دڵ نیگاهـی سەنگی دەورانی
دەڵێی هێرش ئـەســەر گاور دەبـا تابووری مـەنسوورە
(کوردی – ل ٤٧)

**موژدەی قەدەم:** مەبەست مژدەی هـاتنە.

ڕۆشنی دیدە بە ئینسانە کە موژدەی قەدەمت
ڕۆشـنی دیدەیی غـەمدیدەیی (بیت الحـزن)ە
(نالی – ل ٥٢٧)

**مۆژدەی قەدەمی سەربوون:** واتە مژدەی هاتنی دلبەر سەربوو کە پێشکەش بکرێ. یان دانانی سەر لە بەر پێدا لە کاتی هاتن، بە مەبەستی ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی.

مۆژدەی قەدەمی سەربوو دڵ هات و لە ڕێدا چوو

جان ماوە لە بۆ وەسڵی بدرێ بە بەشارەت چیی

(نالی – ل ٦٤٤)

**مۆژگان:** برژانگەکان، موژە تاکە واتە برژانگ.

وشەی موژە گۆڕدراوی موویچە یان مووچە یە، واتە مووی بچووك = برژانگ چە: ئامرازی بچووك کردنەوەیە.

موژە کاتێ کە کۆدەکرێتەوە، بزوێنە کورتەکەی کۆتایی دەبێ بە (گ)و، دوای ئەوە (ان)ی کۆی دەخرێتە سەر بەم جۆرە: موژ + گ + ان = موژگان.

ئەم وشەیە لە شیعری کۆنماندا زۆر بەکار هاتووە.

خێڵ و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێشتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا

(نالی – ل ١٠٩)

سەراپا هەر وەکو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم

بە یەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم

(نالی – ل ٢٧٥)

قاتلی من کەس نییە بوختانی ناحەق بۆچ بکەم

من شەهیدی خەنجەری موژگانی تازە ساوی تۆم

(کوردی – ل ٣١)

سوپای موژگان و تیخی ئەبروانت

شکەستی فیرقەیی تابوورە ئەمشەو

(کوردی – ل ٤٣)

**موژگانی تەڕ:** مەبەست چاوی فرمێسکاوییە.

مۆژگان: ⟵

عاشق کە دەکا ڕاوی زوڵماتی شەوە داوی
مۆژگانی تەڕە چاوی بێداریی لەکن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٦)

**مۆژگانی سییەه:** کورتکراوەی مۆژگانی سیاه، مۆژگانی سیا، برژانگە ڕەشەکان.

مۆژگان: ⟵

سییەه: ڕەش.

مۆژگانی سییەهـ مەستی وەکو چاوی حەبیبە
غارەت کە بکەن دێن و دەچن ڕۆح بـــڕفێنن
(نالی – ل ٣٣٩)

**موسەخخەر:** مسخّر. ع. ڕاهێنراو و دەست بەسەردا گیراو.

هەموو ئێران موسخخەر بوو بە غەمزەی چاوەکەت گۆیا
لەلای خۆشت غەریب و بێکەس و مەحکووم و میهمانی
(کوردی – ل ٥٩)

**موستەوجیب:** مستوجب. ع. شایان، بە جێ و باش.

ئەوە سەر مەنشەئی ئیفساد و ئەمن بەد ناو
ئەوە موستەوجیب و من کەوتمە زەجر و لێدان
(کوردی – ل ٣٧)

**موسحەفی ڕوو:** مەبەست ڕووی زۆر جوانە.

موسحەف: مصحف. ع. قورئان، کتێبی ئاسمانی، کتێب.

شەڕیە لەسەر ئەندێشەیی ئەو موئمین و تەرسا
کێشاویە لەسەر موسحەفی ڕوو شکڵی چیلیپا
(سالم – ل ٢٦)

**موشەببەك بوون:** کون کون بوون.

موشەببەك: مشبّك. ع. كون كون.

دڵ موشەببەك بوو لەبەر نێشان و نیشانی موژەت

ئیشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر

(نالی – ل ٢٠٢)

**موشەخخەس:** مشخص. ع. دیاریکراو، دەستنیشان کراو.

لە سووفاری بە زۆری خەم سروور هێنای بناگۆشی

موشەخخەس تیری موژگانی بە قەتلی ئێمە مەئمووره

(کوردی – ل ٤٧)

**موشتاقی دەهەن واز بوون:** مەبەس حەز لە گۆرانی وتنە، ئارەزووی گۆرانی وتن.

دەهەن: ⟵――――

واز: کراوە

دڵ دائیما وەك بولبول مـــوشتاقی دەهەن وازە

تا ئاوی حەیات نۆش کا لەو خونچەیی پەیکانت

(کوردی – ل ١٣)

**موشك ئەفشان:** بڵاوکەرەوەی بۆنی خۆشی موشك یان میسك.

موشك: بۆنێکی خۆشە، لە کیسەیەك بە دەست دەهێنرێ کەوا لە ژێر پێستی سکی جۆرە ئاسکێکی نێر، جۆری تازەی قاوەییەو، کاتێ کە وشك دەبێتەوە دەبی بە ڕەنگێکی مەیلەو ڕەش.

ئەفشان: ⟵――――

دەماغ ئەمڕۆ عەتر ئالوود و موشك ئەفشان و گوڵ بێزە

(مگر بویی صبا آورده سوی زلف تاتارت)

(کوردی – ل ١٣)

**موشك بوو:** میشك بوو، مەبەست بۆن خۆشە. بۆن خۆش وەکو موشك (= میسك).

موشك: ――――⟵ موشك ئەفشان.

بوو: بۆن.

سـالمیی بـۆ دڵ لـه زوڵفا زەحمـــەتـــه
جوملە ئەعزا زەخم و مەنزل موشك بوو
(سالم – ل ١١١)

**موشکی تاتار:** موشکی وڵاتی تاتار.

موشك: ——◄ موشك ئەفشان
تاتار: ——◄ تەتار

سـەبا سـابێ بـەسـەر گێسوویی یـارا
دەماغم وشکه بێ بۆیی موشکی تاتار
(سالم – ل ٥٩)

**موشکین:** موشکاوی، میسکاوی، ئەوەی کە بۆنی خۆش بێت وەکو بۆنی میسك.

موشك: ——◄ موشك ئەفشان
ین: پاشگرە.

یـەعنی ریـازی ڕەوزە کـە تێدا بـــە چـەن دەمێ
موشکین دەبیی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور
(نالی – ل ١٨١)

لـەسـەر ڕوو لادە تاری تورەیی موشکینی تاتارت
حەبەش دەستی تەتاول با نەکێشێ بەسەر ڕووما
(سالم – ل ٣٣)

**موشکین زوڵف و پەرچەم:** مەبەست زوڵف و پەرچەمی بۆن خۆش یان میسکاوییە.

موشك: ——◄ موشك ئەفشان.

سەهی قەددانی موشکین زوڵف و پەرچەم
(همـه کس دوسـت مـی دارند و مـن هـم)
(سالم – ل ٨٣)

**موشکین نەفەس:** مەبەست ئەو کەسەیە کە بۆنی هەناسەکەی خۆش بێت.

موشك: ——← موشك نەفشان.

شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم
(نالی – ل ٢٨٣)

**موشیر:** مشیر. ع. بیرو ڕا دەربڕ.

فیکری خاس و نودەما و قودرەتی تۆ لێکدوورن
لەم ڕەهە مەحوی کەماڵن چ موشیرو چ ئەمیر
(سالم – ل ٦٦)

**موعەوویز:** معوذ. ع. دوور خەرەوەی بەڵا.

گۆچانی غیرەتت لە ملمدا موعەوویزە بێ
تا موژدە دێ کە نووری یەقینم موزەففەرە
(نالی – ل ٤٣٤)

**موغیلان:** [کورتکراوەی عەرەبی، ام غیلان، مادر غولان] دڕکی حوشتر، درەختێکی زۆر دڕکاوییە لە تیرەی پەروانەواران و لە دەستەی (گل ابریشم ها)، کە چەسپ یان سەمغی عەرەبی لێ بەدەست دەهێنرێ، درەختی سەمغی عەرەبی، درەختی ئوم غیلان. (معین)

لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب تۆشنە
لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغیلانە
(نالی – ل ٤٩٢)

بەهەشتی وەسڵی تۆ و من لەبن خاری موغیلانا
لە وەختی دووریا گوڵشەن وەکو سندووقی تابووتە
(سالم – ل ١٢١)

لەبن خاری موغیلان وەسڵ ئەگەر بێ ئارەزوو ناکەم
(کنار آب رکناباد و گلگشت مصلارا)
(کوردی – ل ١٠)

**موفەڕیح:** مفرح. ع. دڵخۆشکەر، هەر شتێ کە مایەی خۆشی و شادی بێت.

موفەڕیح بێ دەماغم با لە نەفحەی تورەیی جانان
وەرە ئەی بادی شەبگیری سەرم قوربانی تەنسیرت
(سالم – ل ٤٧)

**موفتەزەح:** مفتضح. ع. ڕیسوا، ئاشکرا.

گەر بە دەستم دەکەوێ شەربەتێ لە پێش چاوی تۆ
جارِس و موفتەزەحی کەم وەکو کوردی لە جیهان
(کوردی – ل ٣٧)

**موقەڕەڕ:** مقرر. ع. جێگیر بوو، بڕیار دراو، ڕاوەستاو، ڕاگیراو.

ئەو سێبەرە کە عالەمی عولوی لە نوورییە
شەمس و نجووم و هەرچی لە واندا موقەڕەڕە
(نالی – ل ٤٢٤)

**موقتەدا:** مقتدا، مقتدی. ع. پێشەوا، ڕابەر، کەسێ کە خەڵکی پەیڕەوی دەکات.

جێی زوبان گرتن و دڵ ڕۆشنی یو سووتانە
موقتەدا شەمعە کە خامۆش نییە ئەمما نییە باس
(نالی – ل ٢٣٦)

**موقیر:** مقر. ع. پێ لێنەر، دان پیانەر.

خەوفی من لێرە لەبەر زۆری گوناهە یەك بە سەد
گەرچی عاسی و موزنیبم ئەمما موقیڕ و بێ درۆم
(نالی – ل ٣٠٤)

**موکەددەر:** مکدّر. ع. تاریك، لێڵ، تاریکبوو، دڵتەنگ، غەمگین.

بێ تووکی جیفە خواری یو گورگین و بێ وجوود
لەم ئاو و خاکە زاهیر و باتین موکەددەرە
(نالی – ل ٤٢٠)

**موڵ:** شەرابی ترێ، مەی.

ژەهرە موڵ بێ ڕووت بە وەڵلاهیلعەزیم
خارە گوڵ بێ بوت بە وەڵلاهیلکەریم
(سالم – ل ٨٧)

**موڵهەم:** ملهم. ع. کەسێ کە لە خواوە شتێکی بخرێتە دڵ.

حیکمەتی تۆ موڵهەمە هەم قەدەمت مەرحەمە
موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری من
(نالی – ل ٣٣٥)

**موڵکی خەتا:** مەبەست وڵاتی خەتایە، سەرزەمینی خەتا.

خەتا: ⟵——

هەر سەحەر دێنێتە یادم کۆیی تۆ موڵکی خەتا
نەفحەها دێنێ لە موشکین زوڵفی تۆ بادی سەبا
(سالم – ل ٣٤)

**موڵکی ڕەی:** [لە فارسی کۆندا: ڕەگا. لە ئەڤێستادا: ڕەغا، لە یۆنانیدا: ڕاغە. لە پەهلەڤیدا: ڕاك، ڕاگ، ڕاغ، ڕەی.]

ناوچەیەکی کۆنە کە لە سەردەمی هەخامەنشیدا لە نێوان دەربەند «دەروازەی دەریای خەزەر» و دەریای خەزەر و ماد بووە، بەڵام بەشێ بوو لە مادی گەورە، داریووش لەسەر بەردەنووسەکانی بێستووندا باسی لێوە کردووە. ناوەڕاستی ناوچەی ناوبراو شاری ڕەی (لە خوارووی تارانی ئەمڕۆیە) و ئەمە شارێکی گەورەو ناوەڕاستی جبال (ناوچەی شاخاوی)یە و نێوان ئەمە تا نیشابوور (١٦٠) فەرسەنگ و تا قەزوین (٢٧) فەرسەنگە. یاقووت ئەم شارەی دیوە، ئێستا سەر بە شاری تارانە، لەسەر ڕێگەی تاران قم... (معین)

ڕوو بە ڕووی مەشریق ئەچم بۆ موڵکی ڕەی
ئەلوەداع ئەی قیبلەیی جان ئەلوەداع
(سالم – ل ٧٥)

بەڵام لەم دێرە شیعرەی خوارەوە مەبەست لە موڵکی ڕەی دەموچاوی جوانی خۆشەویستە.

هات جەیشی خەت لە سەفحەی ڕووت ماڵی کاولم
هیندووش تەماعی کردووە تەسخیری موڵکی ڕەی
(کوردی - ل ٦٣)

**موناجات:** ڕاز و نیازکردن لەگەڵ خوا، وتنی ڕازەکانی دڵ بە خوا.

بێ بابی موورادی من و تۆ بوو بە تەمەننا
بێ بابی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات
(نالی - ل ١٤١)

بە سوورەت جەلوەتیی غەرقی عەلایق هەر وەکو خەڵقی
بە مەعنا خەڵوەتی مەستی موناجات و موجەڕەد بێ
(نالی - ل ٦٣١)

**موناجاتی سەحەر:** لە کاتی دەمە و بەیاندا نیاز و ڕاز کردنەوەی دڵ و پاڕانەوە لە خوا.

نالی خەبەری بێ ئەسەری غائیبە ئەمما
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا
(نالی - ل ٨٢)

**مونەجیم:** منجم- ع. ئەستێرە ناس، زانا لە زانستی ئەستێرەکاندا.

مونەجیم گۆشەیی چاوتی کە دی نووسی لە تەقویمدا
کە ئەمساڵ زووزەنەب تالیع بووە ئیفسادە ناساری
(کوردی - ل ٥٦)

**مونزەجیر:** منزجر. ع. ڕاونراو، دەرکراو، ڕاگیراو و ترسێنراو. (عمید)

دڵ کەوا هەم قاسییە هەم عاسییە دوورە لە تۆ
مونزەجیر نابێ کە حوببی تۆ لە قاسیی و دانییە
(نالی - ل ٥٨٩)

**مونشەریح:** منشرح. ع. ڕوون، ئاشکرا، دیار، کراوە.

مونشەریح بوو لەمە گەر تۆ هەتە دەعیەی مەردی

قەت مەبە تالیبی سیمین بەدەن و ماهروخان

(کوردی – ل ٣٦)

**مونعیم:** منعم. ع. ئەوەی کە ببەخشێ، چاکەکەر، ئەوەی کە باشیی و چاکە بکات، بە دەسەڵات، ماڵدار، دەوڵەمەند، بە توانا.

عەبەسە نازشی مونعیم بە زەڕ و موڵك و مەتاع

(کە محال است درین مرحلە امکان خلود)

(سالم – ل ٥٦)

**مونکەر:** منکر. ع. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە (مونکەر) یەکێکە لەو دوو فریشتەیەی کەلە یەکەم شەوی ناو گۆڕدا لێپرسینەوە لەگەڵ مردوودا دەکەن. (سخن) کاری نابەجێ، ناپەسەند، ناشایستە.

تەنگە ئەوا دەبێ کە لە ئەو جێگە تەنگەدا

سائیل نەکیر و عاریف و مەعرووف و مونکەرە

(نالی – ل ٤٣٦)

**موهەییا:** مهیا. ع. ئامادە.

ڕەفیقان گەر دەچن بۆ سەیری باغ و گوڵ خودا حافیز

موهەییایە لە ڕووی یارا گوڵ و باغ و بەهاری من

(سالم – ل ٩٣)

**موهرەگوشا:** مەبەست لە کچییەوە کراو بە ژنە. بەڵام وشەکە خۆی بە واتای مۆر کراوەیە، مۆر هەڵپچڕاو، مۆر لابراو.

موهرە: مەبەست (مۆر)ە، بۆیە دەخرێتە سەر نامە یان هەرشتێکی داخراو، تا نەکرێتەوە، تەنیا خاوەنەکەی دەتوانی بیکاتەوە. لێرەدا نالی ئەم وشەیەی بە واتای (موهر) بەکار هێناوە، کە لە کوردیدا (مۆر)ە، وشەی (موهر) چۆتە زمانی عەرەبییەوە بە هەمان واتای (مور).

بەڵام (موهرە) شتێکی ترە و گەلێ واتای هەیە وەك: پوولی تاوڵە و شەترنج و مووروو و هەریەکی لە ئێسقانەکانی بڕبڕەی پشت... هتد

گوشا: ——→ گوشایش.

ئـاییـنـە بـە مـاییـنـە دەبێ ڕەنـگ نـومـا بێ
مەستوورە بە مەستوورە دەبێ موهرەگوشابێ
(نالی – ل ٦٠٦)

**موهرەی پشت:** بڕبڕەی پشت.

موهرە: ——→ موهرەگوشا.

بـە دڵ وا بگرە دڵ تیرێ لـە غـەمزەت
لە موهرەی پشتی سالم سەر بە دەرکا
(سالم – ل ٣٠)

**موهری سولەیمان:** موهری سولەیمانی. ئەموستیلەی حەزرەتی سولەیمان کە ناوی (أعظم)ی لەسەر نووسرابوو و، هەموو شتێ لە ژێر فەرمانیدا بوو.

حـاکـمی ڕۆمی لـەسـەر تـەختی سـلێمـانی درێغ
کەوتە دەستی دێوی دوون موهری سولەیمان ئەلئەمان
(سالم – ل ٩٨)

دهـان تنگ شیرینش مگر مهر سلیمان اسـت
کـە نقش خـاتم لعلش جهـان زیر نگین دارد
(حافظ، خانلری – ص ٢٥٠)

واتە: دەمی بچووك و جوانی یار دەڵێی ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سولەیمانە و نەخش و نیگاری ئەنگوستیلەی لێوە سوورەکەی، وەکو ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سولەیمان جیهانێکی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

**موو بە موو:** هەموو، گشت، یەکە یەکە.

هەتا تـۆم ئاشنا بووی ئاشنا بوون
ئەوێستا موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ
(کوردی – ل ٣٩)

سـونبولی تـوڕه كه پەرژینه بـه پەهلوویی گـــوڵا

موو به موو هـەریێكه داوێكه لە ڕێی مورغی دڵا

(سالم – ل ٢٦)

**موو دەرکردن:** موو لێهاتن، تووشی برینی موو بوون.

موو: جۆره برینێكی زۆر ئازاراوییه كه به زۆری تووشی پەنجه و زمانی ئادەمیزاد دەبێ.

وەفـا ناكا لەگەڵ مـن موو میانی من سـەری یـەك مـوو

ئەگەر هـەر مووم زەبانی بێت و دەركا هـەر زەبان موویێ

(سالم – ل ١٥٥)

**مووریچە:** مێروولەی بچووك.

موور: مێروولە.

یچە: ئامرازی بچووككردنەوەیه.

دەبینێ مووی موژەی مووریچە میسلی زەڕەبین میرئات

لـه فیكری مووشـكـافی مـووی میانت وا بـه دەم وردم

(سالم – ل ٨٢)

**موزیبحەگوشا:** موضیحەگوشا. ڕوونكەرەوەی هـەر بابەتێكی لێڵ.

گوشا: ———← عوقدە گوشا.

ئـەم ساحیبی تەشریحە دەبێ هـــەینەتی چـــابێ

هـەم شاریح و هـەم جاریح و موزیبحە گوشابێ

(نالی – ل ٦٢١)

**موو سونبول:** مەبەست زوڵفی جوان و بۆن خۆشه.

زۆر جار له شیعردا وشەی (سونبول) به مەبەستی زوڵف بەكار هاتووه.

سونبول: زومبول. گیایەكه له تیرەی سەوسەنی و گوڵەكانی بەنەوشەیی و كۆمەڵ كۆمەڵ و زۆرن، خۆش ڕەنگ و بۆن خۆش و جوانن، پیازەكەی له ناو

ئینجانەدا دەڕوێنرێ و جۆری زۆری هەیە... (معین)

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن کورتە بەنــەفشەن
موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هـەم لالە کولاهن
(نالی - ل ٣٤١)

**موو شکاف:** مەبەست وردبینە.

شکاف: ڕەگی چاوگی شیکافتەن (= شکافتن) ی ف. یە. واتە: قلّیشاندن، درز تێبردن، تەرەکاندن، لەت کردن، دڕاندن.

بە فیکری موو شکاف ئەمشەو قیامم کرد لە ڕووی زوڵفت
بە تاریشی بــە توولیشی بــە قــەد تــاری نــەبوو یـــەڵدا
(سالم - ل ٣٧)

**موو شکافی:** مەبەست وردەکارییە.

شکاف: ———◄موو شکاف.

دەبینێ مووی موژەی مووریچە میسلی زەرەبین میرئات
لە فیکری مووشـکـافی مـووی میانت وا بـــە دەم وردم
(سالم - ل ٨٢)

**مووکار:** مەبەست زۆر کاریگەرە، تیژ، ئەو تیغەی کە بە ئاسانی موو بتاشێ.

بڕۆت تیغێکە وسـمـەی سەیقەل و مـەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهـەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاوی مـەودایە
(نالی - ل ٥٥٧)

**موو کەمەر:** کەمەر موو، کەمەر باریك، ناوقەد باریك، کەمەر تەنگ.

دندان گەوهـەر و لەب شەکەر و پەنجە بلوورن
نــازك بــەدەن و مـوو کـەمـەر و سیم سـرینن
(نالی - ل ٣٣٩)

**مووم:** مەبەست دڵداری سووتاو و تواوە و نەرمی وەکو مۆمی داگیرساوە.

تەجاوز کەی دەکا سالم لە ئەمرت
کەسێ نەیدیوە ڕوو سەختی لە مووما
(سالم - ل ٣٣)

**موو موشکین:** مەبەست پرچ و زوڵف و کاکۆڵی ڕەش و بۆن خۆشە.

بە ڕوخ ڕەنگین میان لاغر کەمەر زەڕین
نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنخ سیمین و لەب شیرین
(سالم - ل ٩٤)

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسلەت
کەمان ئەبروو نیگەهـ ئاهوو فەرەنگی خوو و موو موشکین
(سالم - ل ٩٥)

**موو میان:** میان موو، مووی میان، میان مووی. موویی میانی، ناوقەد باریك، کەمەر باریك.

میان: کەمەر، ناوقەد.

لە ڕووی تۆ مەهـ ڕوخێ گەر بێتە مەیدانی جەدەل سەهوە
ئەگەرچی تا میان مووی بێ وەکوو تۆ موو میان نابێ
(سالم - ل ١٤٣)

**مووی حەبەش:** مەبەست پرچ و ئەگریجەی ڕەشە.

نەقشی چین بۆیی خەتا خوویی فەرەنگ مووی حەبەش
هیندوویی خاڵ عەرەب دیدە نەزاکەت عەجەمی
(سالم - ل ١٤٩)

**مووی میان:** ←——— موو میان.

دەبینێ مووی موژەی مووریچە میسلی زەڕەبین میرئات
لە فیکری موو شکافی مووی میانت وا بەدەم وردم
(سالم - ل ٨٢)

**موویی میانی:** ←—— موو میان.

چیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانی داوە

هەموو هەر هەمم و پەرێشانی یو دەردی سەرییە

(نالی – ل ٥٨٥)

**مۆمی کافووری:** شەمعی کافووری. جۆرە مۆمێکی گرانبەهایە، کافووری تێکەڵ دەکرا بۆ ئەوەی کە بۆنی خۆش بێت.

کافوور: [پەهلەقی.Kāpūr، ع. کافور، سەنسکریت. Kappūra] ماددەیەکی سپی بۆن خۆشە، کە لە هەندێ ڕووەکی وەك ڕێحان و بابوونەو بە تایبەتی لە درەختی کافوور وەردەگیرێت کە لە ژاپۆن و سۆماترا و هیند و چین دەڕوێت، بڵندی دەگاتە (٥٠) میتر، گوڵەکانی سپی و بچووکە، کافوور لە قڵیشی دارەکەی یان لە گەڵاکانی دەگیرێت، لە پزیشکیدا بۆ بەهێزکردنی دڵ و هێنانە خوارەوەی گەرمی لەش و کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسی بە شێوەی پاودەر و حەب و ڕۆن بەکاردێت... بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (معین و عمید)

هەڵگڕا وەك مۆمی کافووری بە شەودا موو بە مووم

دا سیاهی ڕوو بخوێنم نوقتە نوقتە خەت بە خەت

(نالی – ل ٢٤٣)

ابلهی کو روز روشن شمع کافوری نهد

زود باشد کش به شب روغن نبینی در چراغ

(سعدی، گلستان، غلامحسین – ص ٦٨)

واتە: گێلێکی نەزان کە لە ڕۆژی ڕووناکدا مۆمی کافووری دابگیرسێنێ، زۆری پێ ناچێ کە دەبینی لە شەودا چراکەی ڕۆنی تێدا نییە.

**میان:** کەمەر، ناوقەد.

لە بەندی دیقەتی وەسفی میانا نیکتە بازێکە

لە پەردەی مەعنییا پڕ شەهدە میسلی نەیشەکەر کاغەز

(سالم – ل ٧١)

بە حەلقەی مووی زوڵفت تا میانە

میانت چۆن تەفاوت کەم لەگەڵ موو

(سالم - ل ١١٤)

**میان بەستن:** مەبەست ئامادە بوونە.

میان: کەمەر، ناوقەد.

میانت بەستووە تورکانە بۆ قەتلم لە مەستیدا

تەحەمول کە زەمانێ با ببۆسم دەستی شمشێرت

(سالم - ل ٤٧)

**میان زەنبوور:** مەبەست ناوقەد باریکە. کەمەر باریك، کەمەر تەنگ.

میان: ←

زەنبوور: زنبور. ع. زەردەواڵە. مەبەست هەنگە.

میان زەنبووری من قەت شەهدی بێ تەلخی بەکەس نادا

بە قەد سافی عەسەل دایم لەگەڵ ئەم شانە نیشـــانە

(سالم - ل ١٣٠)

**میان لاغر:** ناوقەد باریك، کەمەر باریك.

میان: ←

لاغر: لەڕ، لاواز، باریك.

بـە ڕوخ ڕەنگـــین میـــان لاغـــر کـــەمـــــەر زەڕیـــن

نیگەهـ شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین

(سالم - ل ٩٤)

**میان مووی:** مووی میان، ناوقەد باریك، کەمەر باریك.

لە ڕووی تۆ مەهـ ڕوخێ گەر بێتە مەیدانی جەدەل سەهوە

ئەگەرچی تا میان مووی بێ وەکو تۆ موو میان نابێ

(سالم - ل ١٤٣)

**میجمەر:** مجمر. ع. پشکۆدان، مەقەڵی، بخووردان.

خوێنی زەرفی بەدەنم وشکە لە تاو ئاگری غـــەم
دڵی من میجمەری ئەو دووری ئەو ئەخگەری من
(سالم – ل ٩٤)

**میحاق:** محاق. ع. سێیەمین شەوی مانگی قەمەری کە مانگی تێدا نابینرێت.

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد
دا مەهـرووان ببن بە هیلالی شـەوی میحـاق
(نالی – ل ٢٥٠)

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەوگەردان
کـە نـــالی وا لـە حـــالاتـی میحاقـی مـاهـی نـــەودایـە
(نالی – ل ٥٦٠)

**میحرابی ئەبرۆ:** میحرابی ئەبروو، میحرابی برۆ. مەبەست برۆی کەوانییە.

میحراب: محراب. ع. شوێنێکی تایبەتییە لە مزگەوتدا بەرەو قیبلە، کە ئیمامی مزگەوت لە کاتی نوێژکردندا لەوێ ڕادەوەستێ.

قیـامـەت قـامـەتـم ڕۆژی قیـامـەت دەرکـەوێ هـەرسـوو
نەکەم گەر سەجدە بۆ میحرابی ئەبرۆی تۆ بە لەعنەت بم
(سالم – ل ٧٩)

محراب ابرویت بنما تا سحرگهی
دست دعا بر آرم و در گردن آرمت
(حافظ، هروی ج ١، ص ٤١٣)

واتە: برۆی کەوانی وەکو میحرابتم پیشان بدە، تا دەمەو بەیانی بۆ نوێژکردن، بەرامبەر بە برۆت دەستم بۆ دوعا بەرز بکەمەوە و، ئەو دەستەی کە بۆ دۆعا بەرزم کردۆتەوە بیخەمە ملت.

می ترسم از خرابی ایمان که می برد

محراب ابروی تو حضور نماز من

(حافظ، هروی، ج ۳ - ص ۱٦۳۹)

واتە: دەترسم دین و ئاینم نەمێنێ، چونکە برۆ کەوانییەکانت نوێژەکەم بەتاڵ دەکاتەوە.

**میحرابی برۆ:** ←——— میحرابی ئەبرۆ.

بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عـــاتیلە ڕۆژم

بێ حەزرەتی میحرابی برۆت باتیلە نوێژم

(نالی - ل ۲۷۹)

**میحرابی کەج:** مەبەست برۆی کەوانییە.

میحراب: ←——— میحرابی ئەبرۆ.

ئیشارەم کردە ئەبرۆی یەعنی میحرابت کەچە فەرمووی

ئەمە قیبلەی تەمامی عالەمە جێی جیلوەی ئیمامە

(نالی - ل ٤۷۱)

**میحنەت سەرا:** شوێنی غەم و خەفەت و دڵتەنگی. هەروەها بە مەبەستی جیهانیش بەکاردێت.

تەنووری پڕ گڕەی میحنەت سـەرای دڵ

بە گەرمی تابی شوعلەی ئاگری ڕووت

(سالم - ل ٤۹)

**میخلەب:** مخلب. ع. چنگ، چنگاڵ، نینۆکی باڵندەی شکاری یان گیانلەبەرانی دڕندە و گۆشت خۆر.

من توغرول و تـــۆ سـەعوە قـەسدم ئەمەتە نـاگـا

میخلەب لە بەزت گیرکەم دەرچێ لە عەقەب گیانت

(سالم - ل ٥٠)

وەکو ئەشکم پەیاپەی خوێنی ئاڵم ئەی عوقابی غەم

بەسەر جەرگا لە دڵ دەڕژێ لە جێگەی میخلەبت ئەمشەو

(سالم – ل ١١٨)

**میرئاتی جەلا:** جەلای میرئات. مەبەست بێگەرد و پاك و ورشەدار کردنی ئاوێنەی دڵە، کە ویژدانی پاك و بێگەردە.

جەلا:جلاء.. ع. ڕوونکردن و ئاشکرا کردنی شتێ، ژەنگ لابردن و ساف کردنی شمشێر و خەنجەر و ئاوێنە و...هتد.

ئاوێنەیی دڵ شاهیدە هەرچەندە سیەهـ ڕووم

میرئاتی جەلاتم

(نالی – ل ٢٦٨)

**میروەحە:** مروحة. ع. باوەشێن.

ئەی میروەحەی جەمالی مەهـ ئاسایی دولبەران

وەی شانە زەن بە کاکۆڵی تورکانی سـیمبەر

(سالم – ل ٦٦)

**میریخ:** بیهرام. لە پەهلەڤیدا (ڤەهرام و بەهرام)ی پێدەڵێن، ئەستێرەیەکە لە زەوی بچووکترە، کە شوێنەکەی لە دوای زەوییەوەیە و دوو ئەوەندەی عوتاریدە، دوو ئەوەندە و نیوی زوهرە ڕووناکی هەیە، لە ئەفسانەکاندا پێی دەڵێن جەنگ. (عمید)

موشتەری دیدەیی ئەو ماهڕووە و زوهرە جەبین

بەختی میریخە روخی ڕۆژە سیفەت وەك زوحەلە

(کوردی – ل ٥٠)

**میزاب:** کراو بە عەرەبییەکەی مئزاب، میزاب کورتکراوەی میز ئاب (= میز آب)ە. سوولاووك. پلووسك.

فویووزاتی سەفاو مەروە هەروەك ناودان دەم دەم

لە یەنبووعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جاریی بێ

(نالی – ل ٦٣٥)

لەم دێڕە شیعرەی خوارەوەدا مەبەست لە (میزاب) ئەو شوێنەیە کە میزی لێ دەردێت. بەشی دووەمی وشەکە کە (ئاب)ە واتە ئاو:

ئـەی دەراتوو لە دوو مەجرایی دوو میزابی مــەبـال
مەبە بادیی وەکو خەرزیەـ بە هەوای کیبر و مەنیی
(نالی – ل ٦٧٠)

**میزمار:** مضمار. ع. جێگەی مەشقکردن بە ئەسپە، مەیدانی غارغارێنی ئەسپ. دوا شوێن بۆ ڕاوەستانی ئەسپ لە پێشبڕکێدا.

میزماری شەهسەواریی تۆیە کە سەف سەفە
کۆگـایـی حـاسـیلاتـە بـەیدایـی بـــەیـدەرە
(نالی – ل ٤٤٧)

**میسری وجوود:** مەبەست ناخ و دەروونی شێواو و تێکچووە.

میسر = مصر: مەبەست میسری سەردەمی فیرعەون و حەزرەتی مووسایە.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە: ←——— ئیعجازی کەلیم

زەمزەمەی عیشقە لە ناو میسری وجوودم هەمە جا
ئاتەش ئەفشانە هـەنـاسـەم وەکو سـوعبـانی کەلیم
(سالم – ل ٨٨)

**میسك:** ←———نافی زوڵف.

شـکافێکـە کـڵافـەی نـافـی زوڵفت
دەرێژێ میسك و عەنبەر لێرە تا چین
(نالی – ل ٣٤٧)

چـونکـە بـاوکی ڕۆمی یو دایکی حەبەش بوو ما بە بەین
ڕۆژ و شەو کافوور و میسکی ڕوو گەنم خاڵ دەنکە جۆی
(نالی – ل ٦٩٦)

**میشك:** ←———میشکی خەتا.

نیسبەتی رووم دا بە گوڵ گیسووی بە میشك

سەهوە حەرفی ئەوەڵم سانی خەتا

(سالم - ل ٢٥)

**میشکات:** مشکاة. ع. ئامرازێکە کە چرای تێدا دادەنرێ، شوێنێ کە چرای تێدا دانرێ. ئەم وشەیە بە رێنووسی عەرەبی (مشکاة) و بە رێنووسی قورئان (مشکوة)ە، بەلآم بە شێوەی نووسەرانی ئێرانی لە فارسیدا (مشکات) راسترە. (معین)

تاقچە، تاقی بچووك کە چرای تێدا دادەنرێ «کمشکاة فیها مصباح»، واتە: وەکو تاقچە یان تاقێکی بچووکە کە چرای تێدایە. (قرآن). ستوونێکە لە فلزی برنج یان برۆنز دروست کراوە و چرای لەسەر دادەنرێ. (لاروس)

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن: نووری عەلا نوور

رەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکو میسباح

(نالی - ل ١٦٤)

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی قیندیلی دڵە

شیشە پڕ قەرقەف لە رەف رەف شاهی عالی رەفرەفە

(نالی - ل ٤٥٤)

**میشکی ئەزفەر:** میشکی زۆر بۆن خۆش.

میشك = موشك: [سنسکریت: Muska یونانی: Mosks. لاتینی: Muscus. کراو بە عەرەبییەکەی: مسك.]

ماددەیەکی بۆن خۆشە، وەرگیراوە لە کیسەی موشکین کە بە ئەندازەی هێلکەی مریشکێ، یان نارنجێکی بچووکە، لە ژێر پێستی سك و نزیکی ئەندامی نێرینەی ئاسکی خەتایی (ئاسکی خوتەن، بە عەرەبی پێی دەڵێن: غزال المسك. ئینگلیزی Musk Deer. موشکی نوێ لە کاتێ دەرداندا، ماددەیەکی وەك رۆنی زۆر بۆن خۆشەو بە رەنگی شوکۆلاتە و لینجە و کە وشك بووەوە سفت و سەخت دەبێ و، رەنگی قاوەیی تێری مەیلەو رەشەو تامەکەی کەمێ تاڵە و بۆنێکی تیژی هەیە، لە بازرگانیدا بە دوو جۆر دەخرێتە روو، یەکەم موشکێکە کە لە ناو کیسەی موشك (نافە = ناوك)دایە، واتە موشکێ کە لە ناوك نەهێنراوەتە دەرەوە و لە پاش شکار

و سەر بڕینی ئاسکی خوتەنی، ناوکەکەی لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵیدایە دەبڕێتە بازاڕ. ئەوی تریان موشکێکە کە لە ناوکەکەی هێنراوەتە دەرەوە و لەوانەیە کە، کەم و زۆر لەگەڵ شتی تردا تێکەڵاو کرابێ، دیارە کە نرخی ئەمەی دواییان زۆر کەمترە لە جۆری یەکەمیان. موشك لە عەتر سازی و عەتراوی کردنی هەندێ جۆری مەی دا، گرانبەهاتری دەکات.

فضل و هنر ضایع است تا ننمایند

عود برآتش نهند و مشـك بسـایند

(گلستان سعدی)

واتە: زانایی و هونەر تا پیشانی نەدەن گوم بوو و نەناسراوە، عوود دەخەنە سەر ئاگر و موشکیش دەساونەوە تا بۆن و بەرامە خۆشەکەی بڵاوبێتەوە.

دانەری غیاث دەڵێ: خەڵکی فارس بە میشك و خەڵکی ماوراء النهر بە موشکیی دەخوێننەوە. لە (ترجمان البلاغە - نووسراو لە ساڵی ٥٠٧) نووسراوە موشك.

لە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی کە لە سریانیدا (میسکە) و لە عەرەبیدا (مسك) = میسك. کەواتە بەم جۆرەیش ڕاستە.

لە فارسیدا لە نیسبەتدان بە مشك = میشك. میشکی و میشکین دەخوێنرێتەوە. (معین)

ئەزفەر: اذفر. ع. واتە: تیژ، بۆنی تیژ، پڕ بۆن، زۆر بۆندار. میشکی ئەزفەر یان موشکی ئەزفەر: واتە موشکی بۆن تیژ، موشکی زۆر بۆن خۆش.

هەروەها ئاوازی چواردەهەمە لە حەقدە ئاوازەکەی ئوسوول (اصول). (معین)

تەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر

تەیبە کە یەعنی مایەیی ئەو میشکی ئەزفەرە

(نالی - ل ٤١٦)

**میشکی خەتا:** میشکی وڵاتی خەتا.

میشك: میشکی ئەزفەر.

خەتا: ⟵

ئەو سیلسیلە وا میشکی خەتا نێوی براوە

پڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم حەڵقە کراوە

(نالی - ل ٥٣٠)

بە زاهیر زوڵمەت و دوودە بە باتین نوور و نارێکی

لە عوود و عەنبەر و میشکی خەتای بەرداوە زولفەینی

(نالی - ل ٦٧٧)

نیگاهت گەر بە ئاهووی چین بدەم نیسبەت درۆی مەحزە

خەتایە گەر بڵێم میشکی خەتا هەمبوویی گێسووتە

(سالم - ل ١٢٤)

**میعراج:** معراج. ع. ئەوەی کە بەهۆی ئەوەوە بتوانی سەرکەوی، پەیژە، پێپلیکانە، قاڵدرمە.

سەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بۆ ئاسمان، کە یەکێکە لە موعجیزاتەکانی،

شەوی میعراج، ئەو شەوەی کە پێغەمبەر سەرکەوت بۆ ئاسمان. (معین)

بە میعراجی سلووکی سالیکاندا تا نەچی ڕۆژێ

لە ناو جەهلی مورەککەبدا دەمێنی هەر وەکو ماوی

(نالی - ل ٦٨٥)

**میعراجی جەلا:** مەبەست پاکی و بێگەردی و شادی و خۆشی.

میعراج: ←———

جەلا: ———← میرئاتی جەلا.

دەزانی ئاینەی دڵ کەی لە میعراجی جەلادا بوو

لە عەکسی ڕووی تۆ وەختێ لە ئاغووشی لیقادا بوو

(سالم - ل ١١١)

**میقرازی ئەجەل:** مەبەست مەرگی ناگەهانییە.

میقراز: مقراض. ع. مەقەس.

بە میقرازی ئـەجەل کۆتـابیٚ میسلی پەرچەمت عومرم
لەسەر تەعریفی زوڵفت ئەگەر بێم وەسفی کاکۆڵ کەم
(سالم – ل ٨٦)

**مینا دڵ:** مەبەست دڵ ناسکە.

مینا: پەهلەڤی. Minăk، شووشە، شووشە یان شتێکی ترکە بە لاجیوەرد و زێڕ و زیو و مجەوهەرات نەخش کرابێ. جۆرێ لە ڕەنگ، لیکێکی شینە بۆ نەخشکاری و جوانکردنی قاپ و قاچاغی زێڕ و زیو. (عمید)

مینـا دڵیی و بـازیـی وەسـڵت لـە میـانـا
ئـەو شیشەیە دەشکێنێ یەقین سالمی بەدخوو
(سالم – ل ١١٥)

**مینای دڵ:** مەبەست دڵی ناسکە.

مینا: ←——— مینا دڵ.

ڕۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سـەر شکێن
ڕۆژی باران چەن شڕە و بێ عیسمەتەو ئابڕوو تکاو
(نالی – ل ٣٦١)

**میندەف:** چەکەی هەلاج.

شێخی یو سەر لنگە دەستاڕی بە دەستاڕی بوزورگ
ڕەندم و دەستاری کەڵلەی من دەفە نـەك میندەفە
(نالی – ل ٤٥٢)

**مینوو:** بەهەشت، فیردەوس.

سەفاو زەوقی نییە سالم لە لای مـن
بە بێ ڕوخساری دولبەر باغی مینوو
(سالم – ل ١١٥)

**میوان نەواز:** ئەو کەسەی ڕێز لە میوان بگرێ و خزمەتی بکات.

نەواز: ڕەگی چاوگی نەواختەن و نەوازیدەن (= نواختن و نوازیدن)ی ف. یە. واتە:

دڵدانەوە و ڕێزگرتن و بە پیرەوە چوونە.

خـانـە خوێم میوان نـــەوازە وەرنە ســـەیری پیاوەتی

دۆشەکی خۆم خاك و خۆڵ سەر ڕاخەری ئەسپم سەما

(سالم – ل ٤١)

**میهر:** [سەنسکریت: Mitra. ئەڤیستاو فارسی کۆن: میثرا. پەهلەڤی: میتر، میثر.]. خۆر، هـەتـاو، ڕۆژ، خـۆشەویستـی، پـەروەردگـار و خـودای جـۆر (رب الـنـوع)، خـودای ئەوانەی کە باوەڕیان بە خودایانی جۆراوجۆر هەبووە، وەکو: خوای ئاگر، خوای درەختان، خوای ئاو...هتد.

فـریشتـەیـەکـە، کـە خـودا ڕایسپـاردووە کـە پـارێزگـاری بـێ گـیـان و ڕووەك و گیانلەبەران بکات.

بۆ هەر جۆرێ لە جۆرەکانی بوونەوەری ماددیی جیهانی بوون، کە پەیوەندی بە هۆشەوە هەیە و نوورانی و ڕۆحانییە و پارێزەری جۆری خۆیەتی و، ئەوانەی کە ماددین لە ژێر دەسەڵات و توانای تیشکی ئەواندایە...(معین)

مـیهری بێ مـیهری روخـــت گـیراوە

لە منی سایە سیفەت چوو بە عەبەس

(نالی – ل ١٥٥)

ئـەتـو میهری یبو مەهروویان ستارەن

لە خزمەت شەوقی تۆدا شەوچرا چین

(نالی – ل ٣٨٤)

کەوا زەرتایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە

مـەڵێ خورشیدی ئافاقە بڵێ میهرێ کـەوا تاقە

(نالی – ل ٤٥٥)

گرەی بەست دڵ لە سینەمدا لە حەسرەت سەردی میهری تۆ

کـە حـەتتـا ئـاگری پڕ گڕ دەسـووتێنێ لـە مـــەجمـــەردا

(سالم – ل ٢١)

تابی بێ میهری نەبوو یەك دەم وەکو سالم ڕەقیب

سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگی باران دیدەما

(سالم – ل ٣٣)

لاڵ بم ئەگەر شەبیهی ڕووی کەم بە ماهی نەو

یا دڵ بدەم بە میهری نیگارێ بە غەیری ئەو

(کوردی – ل ٤١)

لە سۆزی عیشقی سەردی میهری تۆیە

دەروون گەرم و هەناسەم ساردە ئەمڕۆ

(کوردی – ل ٤١)

فیردەوسی دەڵێ:

همان تابش مهر نتوان نهفت

نەروبە توان کرد باشیر جفت

(رستم و اسفندیار، دکتر جعفر بشعار، فردوسی – ص ١٠٧)

واتە: ناتوانرێ ڕووناکی یا گەرمی هەتاو بشاردرێتەوە و هەروەها نایشتوانرێ کە ڕێوی بخرێتە ڕیزی شێرەوە.

**میهر مەه:** مەهی میهر، ماهی میهر. واتە: مانگی میهر، حەوتەمین مانگی هەر ساڵێکی شەمسی.

روز مهر و ماه مهر و جشن فرخ مهرگان

مهر بفزای ای نگار ماه چهر مهربان

(مسعود سعد) (معین)

واتە: ڕۆژی خۆشەویستی و مانگی میهر و جەژنی پیرۆزی میهرەگان، خۆشەویستی و دڵ نەرمیت پتر بکە ئەی دلبەری دەموچاو وەك مانگ و دڵ نەرم.

فەلەکی میهر مەهی وەقتە تەواو بێ زەمەنی

کەوکەبەی ئەنجومی بو دائیرەیی ئەنجومەنی

(نالی – ل ٦٦٩)

**میهری جەلال:** مەبەست خۆشەویستیی خوا، یان گەورەیی ڕووناکی خۆری خوا.

میهر: ←

جەلال: جلال. ع. بڵند پایەیی، مەزنی، گەورەیی، شکۆ. هەروەها یەکێکە لە سیفەتەکانی خوا.

زەڕاتی عوکووسی کەششی میهری جلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵتان و شەهەنشا

(نالی – ل ٧٦)

**میهری ڕەخشان:** مەبەست موڵکی بابانە، میرنشینی بابان. بەڵام خۆی بە واتای خۆری درەخشان دێت.

میهر: ←

ڕەخشان: ←

دەشتی هیجرەت تاڵە وەك دەریایی قیر
ئەلوەداع ئەی میهری ڕەخشان ئەلوەداع

(سالم – ل ٧٥)

**میهری ڕوخ:** مەبەست دەموچاوی جوان و درەخشانی وەك ڕۆژە.

میهر: ←

ڕوخ: ←

زەڕە سا ئەعزای سالم دێتە ڕەقس
هەر سەحەر میهری ڕوخت پرتەو دەخا

(سالم – ل ٢٥)

**میهری ڕوو:** مەبەست دەموچاوی جوانە. دەموچاوی وەك خۆر.

میهر: ←

سەرەنگوستی گەزی ڕاهیب کە دیتی خاڵی میهری ڕوو
بە سەریادا وتی هەر مەنزڵی عیسایە جادوویێ

(سالم – ل ١٥٦)

**میهری زبانیی:** مەبەست خۆشەویستییەکە هەر بە قسە و زمان بێت.

میهر: ⟵

زبانیی: زارەکی، هەر بە زمان و قسە، قسەی ڕووت.

وەفا داغی نەکا گەر دڵ بەکیزلیك چاکە لەت لەت بیٚ

زبـانی پێوەدا عـەقرەب کـەسـێ میهری زبانیی بـیٚ

(سالم – ل ١٤١)

**میهری سەنگین:** مەبەست خۆشەویستیی زۆرە.

میهر: ⟵

سەنگین: قورس. سەنگ + ین.

سەنگ: بەرد.

ین: پاشگرە.

کـوا تەرازوویێ قیـاسی وەزنی حوبی پیٚ بکـەم

میهری سەنگینت لە کەففەی دڵ بە ناسەنجیدەما

(سالم – ل ٣٢)

**میهری گەردوون:** مەبەست خۆشەویستیی فەلەکە، خۆشەویستیی دەورو زەمانە کە بیٚ بنچینە و پایە و سستە.

میهر: ⟵

گەردوون: ئاسمان، فەلەك، ڕۆژگار.

دەزانم لوتفی تۆ وەك میهری گەردوون

(کـە بنیادش نـە بنیادیست مـحکـم)

(سالم – ل ٨٣)

**میهمان:** میوان.

واقیعەن لەو خوانەدا خام و پوختە ڕۆژ و شەو

هەر تەعامێکی کـە نەفسی ئارەزووکا میهمان

(سالم – ل ٩٠)

تەلەب ناکا گەدا قەد سوویی سفرەی ساحیبی نیعمەت
لە تاو ئەحوالّی بێ نانی لە هەر جا خانە میهمانن
(سالم – ل ١٠٥)

هەموو نێران موسەخخەر بوو بە غەمزەی چاوەکەت گۆیا
لە لای خۆشت غەریب و بێکەس و مەحکووم و میهمانی
(کوردی – ل ٥٩)

**میهمان پەزیر:** ئەو کەسەی کە بەدەم میوانەوە دێت ئەو کەسەی کە پێشوازی لە میوان دەکات.

میهمان: میوان.

پەزیر: پەذیر. ڕەگی چاوگی پەزیروفتەن (= پذیرفتن) ی ف. یە. واتە قبوولّکردن، بە پیرەوە چوون، نەوازشکردن.

دەلّێن میهمان پەزیر و دلّنەواز و خاوەند ئیکرامی
دەسا بۆکێتە وا من بێ نەواو دەروێش و میهمانم
(کوردی – ل ٢٨)

**مێش:** مێش. مەڕ.

تەعەشوق بۆ کەمالّی عاشقی زار
بە میسلی حەملەیی گورگە ئەسەر مێش
(سالم – ل ٧٥)

**مێمل:** دوژمنی مەرگ بڕی شت: پشیلە مێملّی مشکە، یا چەقەلّ مێملّی مریشکە. (خالّ)

فەرقی فەخری مێملایی گەییە بەهرام و ئەسەد
کەوتە قەعری چاهی غەم لەو حالّە میری بازیان
(سالم – ل ١٠٠)

# ن

**نالی:** ع. دوور.

سوزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائیی نایێ

هەر یەکە نەوعە غینایێکە بە مەعنایێکە

(نالی – ل ٤٦٢)

**نائیرە:** نائرە. ع. مەبەست گڕ و تین و جۆشە. ئاگری داگیرساو، ئاشوویی بەرپاکراو، ڕق و کینە و دوژمنی.

نائیرەی سەبرم بە حەسرەت وا لە گریانا بڕا

دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنینم لە چاو وەك ئاودان

(سالم – ل ٩١)

**ناب:** [پەهلەڤی. Nāp. ئەڤیستا An - āb.] نایاب، پاك و بێ فڕوفێڵ.

ناب است هرآن چیز که آلوده نباشد

زین روی ترا گویم کآزاده نابی

(فرخی) «معین»

واتە: پاك و بێگەرد و نایابە هەرشتێ کە ئالوودە و تێکەڵاو نەبووبێ، یان پیس نەبووبێ، لەبەرئەوەیە کە بەتۆ دەڵێم نایابێکی ئازادی.

حەریقی زیقی زیندانم نەسیمی سوبحدمم بابێ

ئەگەر ڕۆحی منت باقی دەوێ ساقی مەیی نابێ

(نالی - ل ٥٩٧)

**نابینا:** کوێر. کوور.

دیدە نابینایە وەك یەعقووب لە هیجرانی عــەزیر

تۆی خوای ساحیب مەکان و تۆی خوایی لا مەکان

(سالم - ل ١٠١)

**نا پوختە:** مەبەست کاڵ و کرچ و نەزانە.

پوختە: ——◄پوختەگی.

مــەنزلی مەقسوودی عــاشق وەك فــەرامۆشی نـەیە

دڵ کە چوو ناپوختە بوو لەو سەر بە مەجنوون هاتەوە

(سالم - ل ١٣٢)

**ناجی:** ع. حوشتری خێرا و تیژڕەو ئەو کەسەی کە سواری بێت بە سەلامەتی دەیگەیەنێتە جێی خۆی.

تەنی حاجی لەسەر چوارچێوەیی نـاجیی دەڵێی نەعشە

لوعابی خـۆر لـەسـەر ئیحرامی وەك کـافووری ئەکفانە

(نالی - ل ٤٩٠)

**ناچیدە:** نەچنراو، لێنەکراوە. بە زۆری بۆ گوڵ چنی بەکاردێت.

وانەبوو لێوت بـە سروەی بـای خەیاڵی بۆسەیێ

خونچەیی سێرابی نەشگوفتەت چـو نـاچیدە مـا

(سالم - ل ٣٢)

**ناخودا:** کەشتیەوان. لە بنەڕەتدا نـاو خودا بووە واتە خاوەنی کەشتی.

بە تیغی ئـەو بـە خوێنی ڕۆمیـان شەتێ بە ڕووما دێ

تەنی ئیفتادە زەورەق سەر لە جێگەی ناخودا پــەیدا

(سالم - ل ١٩)

گەمیە کەوتە گێژی نەمروود تەن وەکو ئاش هاتە گەڕ
بای موراد کەی دێ خەبەردا توخودا ئەی ناخوادا
(سالم - ل ٣٧)

بە ڕووی وەسڵێ چ غەم گەر بەحرە هیجرەت
کە نەمبا ناخودا دەمبا خوداوەند
(سالم - ل ٥٦)

**ناخونی حەسرەت:** مەبەست ئازاری غەمە.

وەك خاتەمی تۆ نەقشە لەجێ ناخونی حەسرەت
ئەم نەقشە لە شەوقت کە لە ڕووی سینەمە ئیمشەو
(سالم - ل ١٢٠)

**نادر:** مەبەست نادرشای ئەفشارە، پاشای ئێران، لە ساڵی ١١٠٠ ی کۆچی لەدایك بووە و لە ساڵی ١١٦٠ ی کۆچی مردووە، لە ساڵی ١١٤٨ - ١١٦٠ی کۆچی پاشایەتی کردووە، پێش بوونی بە پاشا ناوی نادر قولی بووە، لە ساڵی ١١٤٣ ی کۆچی عوسمانییەکانی لە ئازربایجان و هەمەدان دەرکرد، لە ساڵی ١١٥١ - ١١٥٢ ی کۆچی هێرشی بردە سەر هیندستان و بەشێکی زۆری لێ داگیر کرد. (معین)

هەرچی نادر قەبز و بەستی کرد بە شمشێر و سوپا
ئەم بە تیغی جەوهەر ئالوودەی خەمی ئەبرۆ دەکا
(سالم - ل ٣٠)

**نادیدە:** نەبینراو، شاراوە، پەنهان.

دیدە: بینراو. دوو بەشە: دید + ە.

دید: چاوگی کرتاوی دیدەن (= دیدەن) ی ف. یە. واتە: دیتن، بینین.

ە: پاشگرە.

ئەی ئاهوویی نادیدە بە تەئسیری مەهیبیی
یا گەوهەری ئەسدافی یو یاقووتی دورووجی
(نالی - ل ٦٣٩)

ئەی بە نادیدە بە شوهرەت سەد وەکو من موختەلیف

وەی لە تاوی فیرقەتت عالەم هەموو ڕەنجیدە جان

(کوردی – ل ٣٤)

**نار:** مەبەست دەموچاوی درەخشان و جوانە.

کشا یەك سوو بە گۆشەی ڕوویی یارا

چ جنسێ بێ لە مارا بێ بە نارا

(سالم – ل ٢٥)

سازشی تورە و ڕوویـــدا بە فنوون

ناری ڕاخستووە بۆ دۆشەکی مار

(سالم – ل ٥٨)

**نار:** کورتکراوەی وشەی (هەنار)ە. مەبەست مەمکە.

قامەتی سەروی ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە

تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە بۆچ ناری بەرە

(نالی – ل ٤١٢)

**نارە بەر:** بەری درەختی هەنار.

نارە: هەنار. (معین)

وەك گوڵی ئاتەشیی خەملیوە بە بەرگی چەمەنی

قامەتی نـــارە بەرە نـــارە وەرە نـــارە وەنـــە

(نالی – ل ٥٢٦)

**نارە وەر:** مەبەست شۆخ و شەنگێ کە مەمکەکانی خڕ و پتەو بن وەکو هەنار.

نارە: هەنار.

وەر: پاشگرە بۆ مەبەستی خاوەن.

وەك گوڵی ئاتەشیی خەملیوە بە بەرگی چەمەنی

قامەتی نـــارە بەرە نـــارە وەرە نـــارە وەنـــە

(نالی – ل ٥٢٦)

**نارەوەن:** درەختێکی جوان و چەترییە، گەڵاکانی دانداره، دارەکەی زۆر پتەوە، نزیکەی پانزە جۆری ناسراوە، لە ناوچە فێنکەکانی نیوەی سەرەوەی گۆی زەوی دەڕوێن و سێبەرەکەی خۆشە. (معین)

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن
یا حەڵقەیانە سۆفیی مل خوار و مەندەبوور
(نالی – ل ١٩١)

قامەتی سەروی ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە
تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە بۆچ ناری بەرە
(نالی – ل ٣١٢)

وەك گوڵی ئاتەشین خەملیوە بە بەرگی چەمەنیی
قامەتی نارە بەرە نارە وەرە نارە وەنە
(نالی – ل ٥٢٦)

تاغی یو باغی یو باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شاد و شادابە بە گوڵ ئاتەشی یو نارەوەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

**نارپستان:** مەبەست شۆخ و شەنگە. بەڵام نارپستان خۆی واتە مەمك قوت، ئەوەی کە مەمکی وەکو هەنارە.

نار: هەنار.

پستان: مەمك.

ئەشکی دیدەم ڕەنگی گوڵناری هەیە
ئەلوەداع ئەی نارپستان ئەلوەداع
(سالم – ل ٧٥)

**نار و خەس:** ئاگر و پووش.

خەس: پووش، پووش و پەڵاش.

زدی یەکن یەك بەیەك نار و خەس و ئاو و نمەك

شاهید و عەهد و وەفا سالم و سەبر و شــەکیب

(سالم - ل ٤٥)

**نازش:** نازکردن، شانازی کردن، بێ نیازی دلبەر، دەسەڵات و توانای یار، ئەوەی کە ببێتە هۆی شانازی.

ناز: ڕەگی چاوگی نازیدەن (= نازیدەن) ی ف. یە. واتە نازکردن، شانازی کردن، بەلەنجە و لار ڕۆیشتن، خۆ بەزل زانین.

ش: پاشگرە و ڕەگی چاوگ دەکات بە ناوی چاوگ.

عەبەس نازشی مونعیم بە زەر ومولْك و مەتاع

(کــە محــال اسـت درین مرحلە امکان خلود)

(سالم - ل ٥٦)

**ناسەنجیدە:** نەکێشراو، ئەندازە نەگیراو.

سەنجیدە: دوو بەشە: سەنجید + ە.

سەنجید: چــاوگی کرتـاوی سەنجیدەن (= سنـجیـدن) ی ف. یـە. واتـە کـێشان، ئەندازەگرتن، بەراوردکردن، بەرامبەرکردن.

ە: پاشگرە و کە دێتە سەر چاوگی کرتاو دەیکات بە ناوی بەرکار.

**ناسیخ:** ناسخ. ع. هەڵوەشێنەرەوەی بڕیاری پێشوو. (معین)

بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتانی حوسنت بوو

خەتت هـات و وتی مـن ناســیخی توغرایی خونکارم

(نالی - ل ٢٧٤)

**ناسیەی پڕ چین:** نـاوچـەوانـی زۆر گرژ، نـاوچـەوانـی پـڕ لـە چرچ و لۆچ، مـەبـەست زۆر خەفەتبارە.

ناسیە: ناصیە. ع. ناوچەوان.

پڕ: زۆر.

چین: گرژ، چرچ، لۆچ.

ڕوویی دونیا تاره تا شەمعی جەبینی دووره لێم

ناسییەی پڕ چینی من دایم هـەوای زانوو دەکـا

(سالم – ل ۳۱)

**نا عاریف:** نەزان.

گەردەن کەچی تۆم بیٚ کەشش و ڕست و قەلادە

وازەن مـەبـە نـاعـاریـف و هـــەرزە مـەرەسێکم

(نالی – ل ۲۸٤)

**نافە:** موشك، میشك لە عەرەبیدا بووە بە میسك. کە جۆرە بۆنێکی خۆشە.

نافە: کیسەیەکە بە ئەندازەی نارنجیٚ کە لە ژێر سکی ئاسکی نێری ولاٚتی خوتەنە، لە ژێر پێستی نزیکی ئالەتی نێرینەیەتی شتێکی قاوەیی ڕەنگی وەك ڕۆنی لیٚ دێتە دەرەوە، کە زۆر بۆن خۆشەو پێی دەوتریٚ موشك. (معین)

تا تـایی سـەری تورەی پڕ پێچشی بـــــادا

هەر تایەکی بارێکی گوڵ و نافە[ی] بە بادا

(نالی – ل ۸۳)

لە سیدقم شانەو و بادی سەحەرگەهـ شاهیدن هەردوو

غوبـاری تورەیی موشکینی تـۆ نافەی بـە ئـــاهوودا

(سالم – ل ۲۱)

نەفحەبدا لە عەتری زوڵف لەو دەمە بـۆ دەمـاغی خوشك

تەبلە بە تەبلە موشك بە موشك نافە بە نافە بوو بە بوو

(سالم – ل ۱۱۲)

**نافی زوڵف:** مەبەست زوڵفی بۆن خۆشە. وشەی (ناف) کورتکراوەی (نافە)یە. واتە موشك، میسك.

نافە: ⟵

شکافێکە کڵافەی نافی زوڵفت

دەڕێژی میسك و عەنبەر لێرە تا چین

(نالی - ل ٣٤٧)

**نافی گوڵی ڕوومەت:** مەبەست بۆنی خۆشی کوڵمی جوانە.

ناف: کورتکراوەی نافە یە. ←——— نافە.

لافی لێداوە بە بۆ نافی گوڵی ڕوومەتی تۆ

ڕوو ڕەشی کردووە تەئسیری گوناهانی عەزیم

(سالم - ل ٨٨)

**نا کاتە دەر لە خاتر:** لە خاتر ناکاتە دەر. واتە لە بیر نابات‌ەوە، لە یادی دەر ناکات، فەرامۆشی ناکات.

خاتر: ———← خاتری جەمع.

ناکاتە دەر لە خاتر سەد کۆششی ئەرەستۆ

غەیرەز ویسالی یاران ئەندوهی بێ قەراران

(سالم - ل ٩٣)

**ناکام ڕەفت:** مەبەست بە ناکامی مردنە، مرد بێ ئەوەی کە بگات بە ئارەزووی خۆی.

ڕەفت: ڕۆیشت، بەڵام لێرەدا مەبەست مردنە.

بەختی بەد مەیدانی کەوتە خانە تێك چوو تیرە ڕۆژ

مەتڵەبی زۆر عومری کەم ناکام ڕەفت و نەوجوان

(سالم - ل ٩٢)

**نانی قەوی:** مەبەست نانی گەورەیە.

هەموو جار چواردە یا پراخ و دوو جووت نانی قەوی

بای دەدا لوولی دەدا قووتی دەدا میسلی دەواب

(سالم - ل ٤٤)

**نانی نانی:** برادەر و دۆستی نانی، ئەوەی کە بۆ بە دەست هێنانی نان و بەرژەوەندی خۆی

تۆی بوێت و ببێ بە دۆستت.

دوور لە تۆ نالی سەگێکە بێوەفایە هەر زەگۆ

بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە

(نالی – ل ٥٩١)

**ناودان:** پلووسك، ئەوەی کە لە تەنەکە یان لوولە دروستی دەکەن، بۆ ئەوەی ئاوی باراناوی سەربانی پێدا تێپەڕی و بڕژێتە خوارەوە. شوێنی تێپەڕبوونی ئاو، جۆگەی ئاو، ڕووبار، ئەو شوێنەی کە گەنمی تێدەکەن و لەوێوە بەرەو بەرداشەکە دەڕوات، داری درێژی ناو کلۆر کە ئاو لەوێوە دەڕژێتە سەر چەرخی ئاشەکەو دەیسووڕێنێتەوە. (معین)

فوێووزاتی سەفاو مەروە هەروەك ناودان دەم دەم

لە یەنبووعی دڵی پڕ زەمزەمەی میزابی جاریی بێ

(نالی – ل ٦٣٥)

**ناهید:** زوهرە، ڤینوس. دووەمین ئەستێرەی کۆمەڵەی ڕۆژە، ئەمە لە دوای عوتارید و لە پێش زەوییەوە، ئەم ئەستێرەیە لەگەڵ زەویدا وەکو جمك وان، چونکە لە بارەی ئەندازەوە لە زەوییەوە نزیکە، هەروەها نزیکترین ئەستێرەی گەڕۆکە لە زەوییەوە، کاتێ کە زەوی و ناهید لە یەك لای خۆرەوەبن ماوەی نێوانیان ٣٠،٠٠٠،٠٠٠ میلە، بەڵام ئەگەر بەرامبەری یەکتری بن ١٦٩،٠٠٠،٠٠٠ میلە، کاتێ ئێمە دەتوانین بە تەواوی ئەم ئەستێرەیە ببینین کە لە ئێمەوە دوور بێت، چونکە لەم بارو دۆخەدا ڕووەکەی بە تەواوی بەهۆی خۆرەوە ڕووناك دەبێتەوە، بەڵام بێجگە لەو کاتەی، ئێمە دەتوانین تەنها بەشێ لە ئەستێرەکە بە ڕووناکی و بەشەکەی تری بە تاریکی ببینین، کاتێ کە ناهید لە نێوان زەوی و خۆردایە ئێمە ناتوانین چاومان پێی بکەوێ، چونکە بەشە تاریکەکەی بەرەو ئێمەیە، بەڵام لە پێش و لە پاش ئەو ماوەیە ئێمە کەوانییەکەی ئەو وەکو کەوانیی مانگ دەبینین کە زۆر بچووکە، ماوەی سوورانەوەکەی (٢٢٥) ڕۆژە، کەواتە ساڵ لەم ئەستێرەیەدا حەوت مانگ و نیوە، درێژی کاتی شەو و ڕۆژەکەی هێشتا نەزانراوە، پێیشی دەوترێ ناهیدی درەخشان. (معین)

لە پەهلەڤیدا Nāhīt، پێیشی دەڵێن: (خنیاگر فلك)، واتە گۆرانی بێژی فەلەك. لە ئێرانی کۆندا، خوای ئاو بووە. (عمید ٢ جلدی)

فەلەك تۆی دا کە ئەمشەو ڕۆژمان بووی

لە ڕەجمی نەجمی ناهیدیی نەما باس

(نالی – ل ٢٣١)

**نەجمی ڕەجمی شەیتان:** مەبەست شیهابی ساقیبە (شهاب ثاقیب) کە بە فەرمانی خودا شەیتانی پێ ڕاودەنرێت و دوور دەکرێتەوە.

لەم بارەیەوە حافزی شیرازی دەڵێ:

زرقیب دیو سیرت بخدای خود پناهم

مگر آن شهاب ثاقب مددی دهد خدارا

(حافظ، رهبر،ص –٩ –ص ١٠)

شهاب ثاقب: گڕی بە کڵپە، ئەمە وەرگیراوە لە ئایەی ١١، سوورەی الصافات ٣٧، لە بارەی ڕاونانی شەیتان لە ئاسمان بەهۆی شیهابی ساقیبەوە.←شوهب.

واتای دێڕە شیعرەکەی حافز: لەبەر بەدخوا (= ڕەقیب) کە نوێنەری شەیتانە، پەنا بۆ خوای خۆم دەبەم، بەڵکو گڕ و تیشکێکی میهرەبانی (شهاب ثاقب) لە خوداوەندەوە یارمەتیم بدات و ئەو بەدخووەم لێ دوور بکاتەوە.

سماقی ئەحمەرە یاقووتی ڕۆح و ئاگری نەفسە

حەساتی ئەبیەزە یا شوهب و نەجمی ڕەجمی شەیتانە

(نالی – ل ٤٩٣)

**نەخ:** دەزوو.

هەم لێدە تەقەڵ هەم لێدەم و هەم تێکەم

نەخ نەخ لە کونی دەرزی نم نم لە قەڵەمدانت

(سالم – ل ٥١)

**نەخچیر:** نێچیر، ئەو گیانلەبەرەی کە ڕاوکەر بە دوایدا دەگەڕێ تا ڕاوی بکات، نێچیر، ڕاو.

ڕەقیبی جوفتەلی نابێتە نەخچیرت کە خەر کورە
ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕ و جەودا
(نالی – ل ٨٧)

دەکەی نەخچیری سەد دڵ هەر بە تیرێ
ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت
(نالی – ل ١٥١)

لە دڵتا عەیبە من نەخچیری تۆ بم
(نمی آید ملخ در چشم شاهین)
(سالم – ل ٩٥)

**نەخلی موراد:** مەبەست هیواو ئارەزووی خۆش و شیرینە.

نەخل: نخل. ع. دار خورما، درەختی خورما.

موراد: مراد. ع. مەبەست، ئارەزوو.

بە شەرارەی غەمی تۆ نەخلی مورادم سووتا
باغی شادیم هەمەدەم فەسڵی خەزانە بە عومەر
(سالم – ل ٧٠)

**نەدارا:** مەبەست عاشقە، یان عاشقی بێدەسەڵات، دڵداری ناتوان.

دارا: ⟵

بە تەحسیل مەتلەبی چەندی بەڕێ دا
کە بگرێ دامەنی دارا نە دارا
(سالم – ل ٢٥)

**نەدب:** ندب. ع. گریان بەسەر مردوودا و ستایش کردنی.

وەرە ساقی بە شین و نەدب و واوە
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی
(نالی – ل ٧٠٧)

**نەرد:** تاوڵە، یاری تاوڵە.

خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم
خەلاسیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ
(نالی - ل ٣٧٩)

**نەرگس:** مەبەست چاوە، چاوی مەست، چاوی جوان.

ئەو چاوغەزالە فەتەراتی سەر و ماڵە
ئەو نەرگسە کاڵە نەمنی هێشت و نەکالاّ
(نالی - ل ١١٧)

بێ دیدەو و دیداری هەموو خوێنە دەگریێم
یەعنی گوڵ و نەگس کە نەبێ لالە دەنێژم
(نالی - ل ٢٧٧)

هەناسەم زوڵفەکەی لاداو و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە
(نالی - ل ٥٥٩)

**نەرگسی شەهلا:** مەبەست چاوی جوانە وشەی شەهلا (= شهلاء) عەرەبییە و مێی (اشهل)ە، واتە ژنێ کە چاوەکانی ڕەشی مەیلەو شین و جوان بن.

دیدەت وەکو گوڵ سوورە پڕی شەبنمی ئەشکە
یا لالەیی پڕ ژالەیە دوو نەرگسی شەهلات
(نالی - ل ١٣٩)

**نەرگس نیگەه:** مەبەست سەیرکردنی جوان و دلڕفێنە.

نەرگس: ⟵———

نرگسش عربده جوی و لبش افسون کنان
نیم شب دوش بە بالین من آمد بنشست
(حافظ، قزوینی - ص ٢٠)

واتە: بە چاوی توورەیی و بە لێوی ئەفسووناوییەوە، دوێنێ شەو هاتە لای سەرینەکەم و دانیشت.

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن کورتە بەنەفشـەن

موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هـەم لالە کولاهن

(نالی - ل ٣٤١)

**نەڕاد:** لە (نەرد)ەوە وەرگیراوە لەسەر دەستووری زمانی عەرەبی. واتە تاوڵەکەر، ئەو کەسەی کە یاری تاوڵە دەکات.

نەرد: ←

گەدان و بۆگەدا دەرگانە وا ناکەن لە بێ چیزی

وەکو نەڕادی دانا هەر لە فیکری خانە بەندانن

(سالم - ل ١٠٢)

**نەڕادی فیراق:** مەبەست ئەو کەسەیە کە لە هەوڵ و کۆششدایە تا خۆی ڕزگاربکات لە دەردی دووریی یار و بیەوێت کە خۆی پێبگەیەنێت.

نەڕاد: ←

بـە نـەڕادی فـیراقـت نـەقدی جـــان نـــاخر دەدۆڕێنم

بە خاڵی موهرەیی وەسڵت ئەگەر سەد دەفعە شەش دەریم

(سالم - ل ٨٤)

**نەزار:** لاواز، لەڕ، باریك، ناتوان، غەمگین، زویر.

ڕاستیی شمشاد و قـــــەددی تۆ بە ئەندازەی یەکن

هەردوو مەوزوونن و لاکین ئەم زەخیم و ئەو نەزار

(سالم - ل ٦٠)

**نەزاکەت عەجەم:** مەبەست نەزاکەت و نەرم و نیانی فارسە.

نەقشی چین بۆیی خەتا خووی فەرەنگ مووی حەبەش

هیندوویی خـــاڵ عــەرەب دیدە نـەزاکـەت عـــەجـــەمی

(سالم - ل ١٤٩)

**نەزەر:** نظر. ع. چاو، باوەڕ، بایەخ، بیروهۆش.

شەوقی کە نەبێ باسیرە مەئیووسە لە دیتن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە نەزەردا
(نالی - ل ٨١)

**نەزەر باز:** ئەو کەسەی کە پێی خۆشە سەیری شۆخ و شەنگەکان بکات، ئەوەی کە حەز لە چاوبازی بکات.

نەزەر: نظر. ع. تەماشا کردن، سەیر کردن.

گەر بازی نەزەر بازی لەم دەست و نیگارەت چیی
بۆ یـاری یو دەسبازیی لەم ڕاوو دیارەت چیی
(نالی - ل ٦٤٢)

می خوارە و سرگشتە و رندیم و نظر باز
وآنکس کە چومانیست دراین شهر کدام است
(حافظ، قدسی - ص ١٢٣)

واتە: مەی خۆر و ئاوارە و ڕەندین و تەماشاکەری شۆخ و شەنگەکانین و، ئەو کەسەی کە وەکو ئێمە نییە لەم شارەدا کێیە؟

**نەزەرگە:** شوێنی سەیرکردن، شوێنی تەماشاکردن، دیمەن، شوێنی مەزاری پێغەمبەران و پیاوچاکان.

نەزەر: ←

دولبەری عالیی دەماغ هەمقەدەمی سەروی باغ
بێتە نەزەرگەی قەراغ دیدەیی جۆباری مـن
(نالی - ل ٣٣٥)

جبهەات آینەء چشمەء حیوان باشد
طاق ابروت نظرگاە دلیران باشد
(گل کشتی، توبا - ٣٨٦، معین)

واتە: ناوچەوانت ئاوێنەی ناوی حەیاتە، بڕۆی کەوانیت شوێنی تەماشاکردنی دلێرەکانە.

**نەزع:** نزع. ع. سەرەمەرگ، گیان کێشان، گیان دان، گیانەڵلا، غەرغەرەی مەرگ.

زاکیری لەفزی شەهادەت بە دڵی حاڵەتی نەزع

(گرت ایمـان درسـت اسـت بـــه روز موعود)

(سالم – ل ٥٧)

لە نەزعا پێی دەڵێم قوربان جـەفـا بـەسبێ دەڵـێ کافر

ئەمە چیت دیگە تۆ سەگ مەرگی کارم ماگە پێت جارێ

(کوردی – ل ٥٣)

**نەزهەتگەهـ:** نوزهـەتگەهـ. نزهتگە. کورتکراوەی نوزهتگاه، واتە سەیرانگا، شوێنی گەڕان و سەیران.

نەزهـەت: نوزهـەت. نزهـە. ع. سەیران.

گەهـ: کورتگراوەی گاهـ، پاشگرە بۆ شوێن.

یا گومبەدی نەزتگەهی نێو باغچە سەرابێ

ئـەلوانـی گوڵا مێز و شـەکـەرپێزی تیـــابێ

(نالی – ل ٦١٢)

**نەزیر:** نذیر. ع. ترسێنەر، تۆقێنەر.

موحەمەد و ئەحمەدی مورسەل مونیری مینبەر و مەحفەل

بـەشـیری ئـاخیر و ئـەووەل نـەزیری خـوێش و بێگـــانـە

(نالی – ل ٥٠٤)

سپیی نەزیرە هەموو موو لە سیری (وَجْهُ) لەسەر

مونەووەرە لـە تـەرەف نوورەوە بووە بـــە نـەزیر

(نالی – ل ٢٠٨)

**نەستەرەن:** [=نـەستـەر = نـەستـەروون، پـەهـلـەڤی. Nastrōn] یـەکێکـە لـە جۆری گوڵـە

کێوییەکان و، ڕەنگی سوورەو لە خۆیەوە دەڕوێ، بنچینەی پەیوەندە بۆ جۆرەکانی گوڵی سوور. بە مەبەستی دەموچاو و لاجانگی یار بەکاردێت. (معین)

هێندە دڵخۆشە لەبەر سەبزی یو دار و دەوەنی
کە دەرەقسێ وەکو شاخ و فەنەن و نەستەرەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

**نەسیم ئەنگووتن:** شنەی بای فێنك هەڵکردنە.

نەسیم: بای فێنك، شنەی بای خۆش، هەڵکردنی شنەی با لە وەرزی گەرمادا، بۆنی خۆش.

ئەنگووتن: هەڵکردنی بای خۆش و فێنك.

هەناسەم زوڵفەکەی لاداوو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەگس هەر لە خەودایە
(نالی – ل ٥٥٩)

**نەشئەت تلووع کردن:** مەبەست ئارەزوو هەڵسانە.

نازە یاخۆ مەیلە یا نەشئەت تلووعی کردووە
یا بە هوشیاری وەکی مەستی بەهانەی کوژتنم
(کوردی – ل ٢١)

**نەشئەو نما:** ←—— نەشئو نوما.

قەت نەبوو نەشئەو نما کا مەزرەعەی عومرم بەهار
لێی نەدا بای خوڕەمی تا کەوتە هەنگامی درەو
(سالم – ل ١١٧)

**نەشئو نوما:** گەشەکردن و پێگەیشتن، سەرهەڵدان، ڕوودان، گەورەبوون، پەروەردەبوون.

نوما: ←—— نومایان.

کام ئاب و هەوا موعتەدیلی نەشئو نومابێ
یەعنی لە وەسەت کانییە گەرمێکی تێ زابێ
(نالی – ل ٦١١)

**نەشری بەعسەت:** بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناردنی پێغەمبەر لای خواوە بۆ گەیاندنی نامەی خوا بەخەڵك.

نەشر: نشر. ع. بڵاوکردنەوە.

بەعسەت: بعثت. ع. ناردن.

لە نەفخی سوور و نەشری بەعسەتی دینی حەق نیحیا بوو
لە قەبری جاهیلییەت هاتەدەر هەرچی موسوڵمانە

(نالی – ل ٥٠٥)

**نەشگوفتە:** نەپشکووتوو، غونچە یان گوڵێ کە هێشتا نەگەشابێتەوە، یان نەکرابێتەوە.

چاوی هەمڕەنگی گوڵی مەستی شەو و ڕۆژن مەدام
یەك لە نەشگوفتەی بەنەفشە یەك لە نەیلوفەڕ دەکا

(نالی – ل ١٠٩)

موو سونبولی ئاشوفتە دوڕ دانەی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشگوفتە تێفکرە کوڕە یا کچ

(نالی – ل ١٦٠)

**نەشینیدە:** نەشەنیدە. نەبیستراو.

تا دەڵێم مروەتکە ڕەحمێ جەوری تۆ ئەفزوون دەبێ
داد و بێدادم لە گوێتا هەروەها نەشینیدەما

(سالم – ل ٣٢)

**نەعت:** نعت. ع. ستایشکردن، پیاهەڵدان.

مورادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە کە قورئانت سەنا خوانە

(نالی – ل ٥١٧)

**نەعیم:** نعیم. ع. هۆی خۆشی و شادی و خوشگوزەرانی لە ژیاندا، پوول و پارە و سامان، نەرم و ساف و ناسك و جوان.

قـامـەتت سـەروە بـە گـوڵزاری ئیرەم

سیبە ڕوخسارت بە فیردەوسی نەعیم

(سالم – ل ٨٧)

**نەغدی فرمێسك:** مەبەست نرخ و بـایەخە.

نەغد: نەقد. جیاکردنەوەی پارەی باش لە پارەی قەڵب و ساختە، هەڵبژاردە و پەسند، پاك، باش، بێگەرد.

نەغدی فرمێسکی لە دەس مەردومی چاو سەند بەحوکم

بـاج لـە دەس مـەردومـی ئـاوی دەسـتێنێ بــە عــەلی

(کوردی – ل ٥٨)

**نەفەر:** نفر. ع. مەبەست نۆکەر، خزمەتکارە.

تۆ بەو دوو ڕوخی خۆتەوە وەك شاهی و فەرزە

دائیم کـە لە پێش ئەسپەکەتا وەك نــەفەرت بم

(کوردی – ل ٢٢)

**نەفەس گرتن:** مەبەست خۆڕاگرتن و وریابوونەوە و ئاگادار بوونە. هەناسەنەدان، بڕینی هەناسە.

نەفەس بگرە لـە هـاتوچوویی خـۆڕایی هـەتـا مـاوی

کە ئەم بایە هەتا ئێستا کە هەر عومری بە با داوی

(نالی – ل ٦٧٩)

خەیاڵیشی وەکو خۆی وەحشە دلبەر

نەفەس دەگرم لـە دڵما نـەك بکا ڕەم

(سالم – ل ٨٦)

**نەفحە:** نفحە. ع. یەك جار هەڵکردنی با، یان بۆنی خۆش، هەروەها بە واتای بەخشیش و هەرشتێ کە بە کەسێ بدرێت. (عمید)

هەر سەحەر دێنێتە یادم کۆیی تۆ موڵکی خەتا
نەفحەها دێنێ لە موشکین زوڵفی تۆ بادی سەبا
(سالم – ل ٣٤)

هەمیسان هاتە سوێ زەخمی دڵی سالم وەکو جاران
بە سروەی بای سەحەر یەك دەم کە نەفحەی زوڵفی موشکین هات
(سالم – ل ٤٦)

ئەگەر نەفشان بێ نەفحەی چینی زوڵفت
خەجاڵەت دەیگرێ ئاهوویی تاتار
(سالم – ل ٥٨)

نەفحە بدا لە عەتری زوڵف لەو دەمە بۆ دەماغی خوشك
تەبلە بە تەبلە موشك بە موشك نافە بە نافە بوو بە بوو
(سالم – ل ١١٢)

**نەفخی سوور:** نفخەی صور. ع. فووکردنی ئیسرافیلە بە کەڕەنا یان شەیپووردا، بۆ ڕاست بوونەوە و زیندوو بوونەوەی مردووەکان. (معین)

نەفخەی صوور: فووکردنە بە شەیپوور = کەڕانادا و مەبەست نزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەتە کە ئیسرافیل فوودەکات بە کەڕەنادا.

زندە شد لهو و شادی ازپی آنك
نعرەء رعد و نفخەء صور است
(مسعود سعد، دیوان – ٤٠٣) (عفیفی)

واتە: ڕابواردن و خۆشی و شادی زیندوو بووەوە، لە دوای ئەوە گرمەی هەورە تریشقەو فووکردن بە کەڕەنادا.

لە نەفخی سوور و نەشری بەعسەتی دینی حەق ئیحیا بوو
لە قەبری جاهیلییەت هاتە دەر هەرچی موسوڵمانە
(نالی – ل ٥٠٥)

لەم فەیزی نوورە هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی سوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە
(نالی – ل ٥٥٠)

**نەفسی ئەممارە:** نەفس کە هەمیشە فەرمان دەدات بە خاوەنەکەی تا دوای ئارەزووە دەروونییەکان بکەوێ و ئەنجامیان بدات.

موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەڕی
نەفسی ئەممارە کە ئەم مارە لەگەڵ تۆ شەڕییە
(نالی – ل ٥٨٦)

**نەفیر:** فەریاد، هاوار، دەنگی بەرز، ئاوازی باڵندە و موسیقا، بەشێ لە کەرەنای بچووك بە زۆری قەلەندەرەکان لەگەڵ خۆیاندا هەڵیدەگرن، شەیپوور، ئاوازێکە لە دەزگای هومایون. (معین)

گوێی فەلەك کەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار
لا مەکانی گرت سەدای ئاهـ و فوغان و نەلئەمان
(سالم – ل ٩٨)

**نەقد دەرکەف:** مەبەست ئامادە بوونە بۆ خۆبەختکردن. ئامادەبوونی سەرمایەی گیان و دڵ لە دەستدا.

نەقد: سەرمایە.

دەر: لە.

کەف: دەست.

ستادەم خۆم و جان و دڵ بە سالم وەختی ڕابووری
لە ڕێگەت نەقد دەرکەف بۆ نیسارت ئینتیزارێکین
(سالم – ل ٩٦)

**نەقدی ئیمان:** سەرمایەی ئیمان، سەرمایەی ئاین.

عرووسی بیکری مەغروورم لە مەهدی جامی بلوورا
قەراری بەستنی میهری لە عیشقا نەقدی ئیمانە
(سالم – ل ١٢٩)

**نەقدی جان:** مەبەست سەرمایەی ژیانە. سەرمایەی گیان.

بە نەقدی جان دەدا یەك بۆسە دڵدارم وەلێ زەحمەت
دەگاتە حەدی وا بوون عوقدەیی کارم وەلێ زەحمەت
(سالم – ل ٥٢)

عومری عاشق وەك وەفا نابووت ئەبێ
گەریدەی بۆ نەقدی جان ئەمری ڕەواج
(سالم – ل ٥٤)

سالم نییە نەجاتی لە داوت بە نەقدی جان
(در ششدر غمت دلـــش افتـــاده موهره وار)
(سالم – ل ٦٠)

بـە نـەڕادی فیراقت نـەقدی جـــان ئـــاخـر دەدۆڕێنم
بە خاڵی موهرەیی وەسڵت ئەگەر سەد دەفعە شەشدەریم
(سالم – ل ٨٤)

**نەقدی حەیات:** مەبەست نرخ و سەرمایەی ژیانە، بەهای گیان.

لە لەب نـەقدی حەیاتم خوون بەهای یـەك بـۆسە داناوە
ئەگەر یاری قەمەر تەلعەت قبووڵ کا موشتەریم ئەمشەو
(سالم – ل ١١٧)

**نەقش:** مەبەست ڕووی جوانە، وێنەی جوان.

تـابی کـوا ئـایینـە ڕووی تـۆی بێتـە نـاو
گەر لە سەنگ بێ نەقشی تۆ دەیکا بە ئاو
(سالم – ل ١٠٨)

**نەقشی خاتر:** مەبەست ئەندێشەیە لە بارەی دڵبەرەوە.

خاتر:———◄خاتر جەمع.

تا نەقشی خـاتـرم بیّ خـورِەم بـەهـاری حوسنت

دەتکیّ لە هـەوری چاوم ئەشکم بە میسلی باران

(سالم – ل ۸۹)

**نەقیب:** نقیب. ع. گەورەی هۆز، گەورە و سەرپەرشتیکاری کۆمەڵیّ.

کوفرە ئـەگـەر دەرکـەویّ ڕەخنـەیـە بـۆ کــاری دین

سەجدە لە ڕووی تۆ دەکەن قازیی و شێخ و نەقیب

(سالم – ل ٤٥)

**نەکس:** نکس. ع. مەبەست کەموکوورِییە. هەڵگەڕانەوە، سەروبن کردن. (لاروس)

مرووری نەکسە کـە عـەکسی قــەمەر دەکا ڕەمەق

زوبوولی نیکسە دەگێڕیّ کە عەکسی ڕیش بە شیر

(نالی – ل ۲۰۹)

**نەکیر:** نکیر. ع. ناوی یەکیّ لەو دوو فریشتەیە کە لە یەکەم شەوی گۆڕدا لە مردوو دەپرسیّ (بە پێی ئاینی ئیسلام)، ناوی فریشتەکەی تر (منکَر)ە. (معین)

هـەروەهـا بە واتای ئینکار، کاری سەخت و دژوار هـاتووە.

تـەنگە ئـەوا دەبیّ کە لە ئــــەو جێگە تەنگەدا

سائیل نەکیر و عـاریف و مـەعرووف مونکەرە

(نالی – ل ٤٣٦)

**نەگیسا:** نەکیسا. ناوی یەکێکە لە موسیقا ژەنەکانی سەردەمی خوسرەو پەروێز،سروودی خوسرەوانی هینی ئەوە. (معین)

موتریب ئـەر وابن فیدایـان بیّ نـەگیسـا و باربـەد

ساقی ئەر وابیّ بە قوربانی دوو دیـدەی بیّ ئەیاز

(کوردی – ل ۱۸)

**نەمایان:** ←——— نومایان.

سەجدە چۆن وەك بیدی مەجنوون سەر وەهـا ئەفگەندەسەر

بـــۆ تـەفـەڕوج گــەر نـەمـایـان کـەی لـە بـاغـا قـامـەتت

(سالم – ل ٤٦)

مـەپۆشـە پـەنجـەیی نـازك نیگـارت بـا نـەمـایـان بێ

لە نەشکی ئالی گریەی چاوی من ڕەنگی حەنا زاهیر

(سالم – ل ٦٩)

**نەمروود:** ناوی پاشای کیلدە (بابل) بووە، ژیانی ئەو تێکەڵی ئەفسانە بووە، هەروەها ناوی (نینوس) بووە و پیاوێکی ئازا بووە، دادەنرا بە دەسەڵاتداری گەورەی ڕووی زەوی، دەڵێن ئەو شاری بابلی دروست کردووە بە جۆرێ کە ماوەیەکی زۆر بە بابلیان دەوت موڵکی نەمروود. لەبەرئەوەی کە نەمروود هاوچەرخی پێغەمبەر ئیبراهیم بوو، لە داستان و سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ناوبانگی زۆری دەرکردووە.

(معین)

گەمیە کەوتە گێژی نەمروود تەن وەکو ئاش هاتە گەڕ

بای موراد کەی دێ خـەبـەردا تووخودا ئـەی ناخـودا

(سالم – ل ٣٧)

**نەموودار:** دیار، دەرکەوتوو، ئاشکرا.

نەموود + ار.

نەموود: چاوگی کرتاوی نەموودەن (= نمودن) ی ف. یە. واتە ئاشکرابوون، نیشاندان، دەرکەوتن، هەروەها لەکۆتایی کاری لێکدراویش دێت بە واتای کردن.

ار: پاشگرە.

لە قوبـەی نووری پیستانت یـەدی بـەیزا نـەمــووداره

ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی تۆ کەفی مووسا

(سالم – ل ٢٧)

**نەنگ و نام:** مەبەست بڵاوبوونەوەی بێ ئابڕوویی و سووك بوونە.

نەنگ: شەرم، ئابڕوو، ناشیرینی و ڕیسوایی.

حەدیسی نەنگ و نامم زۆر شوکر مەشهووری عالەم بوو

لـە حـەرفی موددەعی نـاکـەس نییـە بـاکم منی ڕیســوا

(سالم – ل ٣٧)

**نەوا:** [پەهلەقی. Nivāk]. ئاواز، ناڵە، پەردەی موسیقا، مەقامێکی موسیقایە، ناوی ئاوازێکە لە پەردەی «صفاهان» و وەکو «حسینی» لە پەردەی سفاهان لێدەدرێت، ئەمڕۆ نەوا یەکێکە لە حەوت دەزگای ئێرانی... (معین)

نەوای ئاهەنگی (قدقامت) تەریقی جەمعی زوهادە

قەد و قامەت بە لەهجەی ڕاستی تووبایی عوششاقە

(نالی – ل ٤٥٦)

**نەوازشت:** نەوازش. دڵ دانەوە، دڵ ڕاگرتن.

نەواز: ←—— دڵنەواز.

شت: پاشگرە.

چ مننەت گەر نەوازشت و تەعاروف کەی لەگەڵ مونعیم

بە من فەرزە کە ڕووت و موستەحەقی خێر و ئیحسانم

(کوردی – ل ٢٨)

**نەواڵە:** نەوالە. توێشوو، ئەو خواردنەی کە جیادەکرێتەوە و بۆ کەسێکی دادەنێن، پاروو. ئەوەی کە دەبەخشرێ.

نەواڵەی تۆبە دەربێنە هەتا تەن نەبوەتە سفرە

پیاڵەی شیشە بشکێنە هەتا وەك کووپە نەشکاوی

(نالی – ل ٦٨٥)

چارەسەرکەن بێنەوایان نان و نیعمەتتان برا

لوولە بۆ سفرە و نەواڵە و ون کراوە زەرف و خوان

(کوردی – ل ٣٣)

**نەورەس:** تازە پێگەیشتوو.

نەو: نوێ، تازە.

ڕەس: ڕەگی چاوگی ڕەسیدەن (= رسیدن)ی ف. یە. واتە گەیشتن، گەیین.

یـادگـاری حـاکیمـان و جـانشینی سیلسیلـه

نـامراد و نـەورەسی مەقسەد نـەدییوو نـەوجەوان

(سالم – ل ٩٩)

**نەو سەبزە پەرژین:** مەبەست گەندە موو یان نەرمە مووی تازە ڕواوی سەر لێوی لاو، ئەو لاوەی کە تازە خەتی داوە، یان مووی لێهاتووە.

دیدە وەك هـەوری بەهـاران خوێن دەگرییێ و سەدای

پێکـەنینی غونچـەیی نـەو سـەبزە پەرژینم نـەهـــات

(کوردی – ل ١٢)

**نەو شگوفتە وەرد:** گوڵی تازە پشکووتوو.

نەو: نوێ.

شگوفتە: کراوە، پشکووتوو. شگوفت + ە.

شگوفت: چاوگی کرتاوی شگوفتەن (= شگفتن) ی ف. یە واتە پشکووتن.

ە: پاشگرە.

وەرد: گوڵ. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا (Vārda)ی پەهلەڤییە و کراوە بە عەرەبی. (معین)

تۆ نـەو شگوفتە وەردی من مـایلم بە زەردی

تـۆ هـەمسەرت نەسیمە من هـەمدەمم لەهیبە

(نالی – ل ٣٩٥)

**نەو نیهال:** نەو نەمام، تازە پێگەیشتوو، باڵای باریك و ڕێك و جوان.

نەو: نوێ.

نیهال: نەمام، درەختی تازە چێنراو، درەختی تازە ڕواو.

نەونیهالی قەدی تـۆ عـەرعـەرە دڵخواهی منە

ڕاستە دڵدارە، وەلێ حەیفە کـــەوا بێ سەمەرە

(نالی – ل ٤١٢)

**نەهار:** نانی نیوەڕۆ.

شیوەکەڵ بوو بوو بە خانەی پادشا وەختی نەهار

دیم لە هەر سوو سفرەیی ئەیوانی حاتەم کرد خوان

(سالم – ل ٩٠)

**نەهەنگ:** تیمساح. ناوە زانستییەکەی (کرۆکۆدایل)ە. جەنگاوەر، پاڵەوان. (سخن)

لە دەریای مەعرەکەی تیغی نەهەنگێ گەر نەمایان بێ

لە ناو ئۆردوویی تورکانا دەبێ شین و سـەدا پەیدا

(سالم – ل ١٩)

**نەهری کەوسەر:** ڕووباری کەوسەر ڕووبارێکە لە بەهەشت.

کەوسەر: کوثر. ناوی ڕووبار یان حەوزێکە لە بەهەشت، ڕووباری ئاوێکە لە بەهەشت کە کەنارەکانی لە زێڕ و مرواریییە، ئاوێکە سپیترە لە شیر و شیرینترە لە هەنگوین و بۆن خۆشترە لە میسك کە لەجیاتی چەو و وردە بەرد، بەسەر مرواری ورد و درشتدا دەڕوات، یان حەوزێکە بە ئەندازەی ماوەی مەدینە و عەممان، کە ئاوەکەی لە شیر سپیترە و لە هەنگوین شیرینترە و گۆزەی زۆریش لە کەنارەکانێتی و بۆ ناو خواردنەوەیە و بە ئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمانە.

١–خود چە باشد گوهر آب کوثر اسـت

قطرەیی زآن آب کامل گوهر اسـت

(دفتر اول، مثنوی)

٢– زاهد شراب کوثر و حافظ پیالە خـواست

تادر میانە خواستەی کردگار چیست

(حافظ، قدسی – ص ١١٩) (اشارات)

واتای دوو دێڕە شیعرەکە:

١–گەوهەر خۆی چییە، ئاوی کەوسەرە، دڵۆپێ لەو ئاوە لە نەژادی گەوهەرە.

٢–سۆفی داوای شەرابی کەوسەری کرد و حافزیش داوای بادەی دڵداری کرد، تا

لەم مەیانەدا خواستی خوداوەندی چییە.

بە نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە سۆفی
لەبی نـالی دوو چـەندان بـــۆ لەبانی لەعلی موشتـاقـە

(نالی – ل ٤٥٧)

**نەیرەنگ**: نیرنگ. (پەهلەڤی Nīrang). کراو بە عەرەبی: نیرنج] جادوو، تیلیسم، سیحر.

از بس کە کرد چشم تو نیرنگ و جادوویی
پرهیز من هـدر شـد و سوگند من هبـــا

(معزی. «معین»)

واتە: ئەوەندە زۆر چاوەکانی تۆ جادوو سیحری کرد، پارێزی من بە فیڕۆ چوو و سوێندیشم بەتاڵ بووەوە. هەروەها بە واتای فڕوفێڵ و ساختەچێتی دێت:

نیرنگ بین کە ساقی از یك قرابە ریزد
خـون درپیالەی ما می در ایاغ مردم

(عالم آرای عباسی – چ. امیر کبیر ۱: ۱۸۳)

واتە: سەیری فڕوفێڵ بکە، کە مەی گێڕ لە یەك قەڕابەوە خوێن دەکاتە پێکی ئێمە و، مەی دەکاتە پێکی خەڵکی بە مەبەستی حیلە و تەڵەکەبازی.

چەگمان برد کە این جنگ بسر بردەشود
بفسون و بـە حـیلکردن و زرق و نیرنگ

(فرخی – «معین»)

واتە: چ گومانێ دەبرێ کە ئەم جەنگە بە حیلە و تەڵەکەبازی بەسەر ببرێ. بەواتای هەر یەکێ لە داب و نەریتی ئاینی زەردەشتی، کورتە دۆعا بە زمانی ئەڤیستایی یان پەهلەوی یان پازەند. (معین)

نیشانەی (صبغة اللهی) لـەسـەر ئیسـم و موسەممایە
بە بێ نەیرەنگی ئەو ڕەنگە کە ڕەنگی ئیفتیخاری بێ

(نالی – ل ٦٣٦)

تاغی یو باغی یو باغی گوڵ و نەیرەنگ و فەنی
شاد و شادابە بە گوڵ ئاتەشی یو نارەوەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

دەکا دونیایێ پڕ شۆرش بە دایم فیتنەها پەیدا
بە نەیرەنگ و فسوون هەردەم لە هەر موویێ وەغا پەیدا
(سالم – ل ١٨)

**نەی سەوار:** نەی سوار، قامیش سوار. مەبەست تەپە تەپ و ماندوو بوونی دڵە.

ئەو منداڵەی کە سواری قامیش دەبێ بۆ یاری کردن، جاران منداڵی گوندەکان کۆدەبوونەوە و، هەریەکە قامیشێکی دەهێناو دەیخستە نێوان هەردوو ڕانی و وای پیشان ئەدا کە سواری ئەسپ بووە، ئینجا بە کۆمەڵ غارغارێنیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەمەدا ماندوو دەبوون و دڵیان دەکەوتە تەپ تەپ.

نەی: قامیش.

دیدە نیگەهبانی یار تیپی سوروشکم هەزار
ناڵەیی دڵ نەی سوار ئاهە عەلەمداری من
(نالی – ل ٣٣٤)

**نەیستان:** شوێنێ کە قامیشی زۆری لێ ڕوابێ، قامیشەڵان.

نەی: قامیش.

ستان: پاشگرە.

نەیستان و خەسەك زاری سونووفی شەوکەیی خاری
گەلێ خۆشتر لە سەروستان و دڵکەشتر لە بوستانە
(نالی – ل ٤٩٤)

هەر تەرەف تیری نیگاهت لە دڵم بەسکە چەقی
نابە پەهلوو هەمە جا سینە نەیستانی منە
(سالم – ل ١٣١)

**نەی شەکەر:** نـەی شەکر، قـامیشی شەکر. ڕووەکێکە لە تیرەی گەنمییەکان، بەڵام بە پێچەوانەی گەنمییەکان قەدەکەی پڕە و تاڵەکانی ناوەوەی شیلەی شەکری زۆری تێدایە کە دەردەهێنرێ و شەکری لێ دروست دەکرێ. (معین)

گوڵبنی قـەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە

(نالی – ل ٥٤٤)

بـارێ بەسروەکـەت بـەشنەی نـەنگەبینی گـــەز

گرتوویە جونبوشت بە هەم ئاغووشی نەی شەکەر

(سالم – ل ٦٧)

**نەی شەکەر قامەت:** نەی شەکەر قەد، نەی شەکەر باڵا، مەبەست باڵابەرز و ناوقەد باریکە.

نەی شەکەر: ← 

ڕووی لە ناو تورە چرایە لە شـەودایە

نـەی شەکەر قامەتە قەندی لە لەبایە

(سالم – ل ١٢٧)

**نەی شەکەر قەد:** ← نەی شەکەر قامەت.

ئاخ لـەگەڵ ئێمە حەبیبە سەر و پەیــوەندی نییە

نەی شەکەر قەددە بەڵا بەندی هەیە قەندی نییە

(نالی – ل ٥٩٢)

**نەی قەند:** مەبەست دڵخۆش و بەختیارە.

قامیشی شەکر، ئەوەی کە شیرین بێت وەکو قامیشی شەکر.

سەری ئەنگوستی دەبێتە نەی قەند

دەستی هەرکەس لـە میانت کەمەرە

(سالم – ل ١٢٥)

**نەییری ئەعزەم:** مەبەست ڕۆژ، خۆر، هەتاوە.

نەییر: نیر. ع. ڕووناکیدەر، ڕۆشناییدەر، ئەوەی کە ڕووناکی دەدات، ڕۆشن، ڕووناک.

ئەعزەم: أعظم. ع. گەورەترین، مەزنترین. هەروەها یەکێکە لە سیفاتەکانی خوا.

نەییری ئەعزەم وەها تـــاوی دەدا وەك مەنجەنیق

بۆ دەوامی ڕۆژ پەرستی جەمعی حەربای دێتە ناو

(نالی – ل ٣٦٠)

**نشینگە:** جێگەی دانیشتن. وشەکە دوو بەشە: نشین + گە.

نشین: ڕەگی چاوگی نشەستەن (= نشستن) ی ف. یە واتە دانیشتن، ئارام بوون.

گە: گا، پاشگری شوێنە.

بۆ نیشینگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالی فیترەتە

جێگەیی خۆشتر لە ڕەوزەی (جنەالمأوی) نـــەبوو

(نالی – ل ٣٧٣)

**نگینی جێگەر:** مەبەست ناخی جگەرە.

نگین: ئەوەی کە لەسەر ئەنگوستیلە چەسپ دەکرێ بەردی بەنرخ و گەوهەر کە لە زەرنگەریدا بەکاردێت.

بە حەقیقەت سەنەما دیدەتە ئوستـادی هونەر

بۆ نگینی جێگەر ئەلْماسە موژەت گاهی نەزەر

(سالم – ل ٦٥)

**نەمەد پۆش:** نەمەد پۆش. لباد پۆش، فەرەنجی و کوڵەباڵ لەبەر، ئەو کەسەی کە جلوبەرگی لە لباد دروست کراو بکاتە بەری.

نمەد: نەمەد. لباد، جۆرە پارچەیەکە، کە لە خوری پەستێنراو دروست دەکرێ، کە فەرش و کڵاو و فەرەنجی و کوڵەباڵی لێ دروست دەکرێ لە زمانی پەهلەڤیدا پێی دەڵێن: Namat. (معین)

نـالی کە قەدەح نۆشە مەستانەو و سەرخۆشە

خامۆش و نمەد پۆشە ئەشعاری لەکن پەشمە

(نالی – ل ٤٧٧)

**نمەك:** واتا فەرهەنگییەکەی (خۆی)یە، بەڵام لە شیعردا بۆ گەلێ مەبەست بەکار هاتووە، وەك تام و بۆ، جوانی و ئێسك سووکی، چاکەو وەفا، فرمێسك و دڵسۆزی... هتد.

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت
دەلەرزی دەستی فەسساد و نمەك ڕێی نیشتەر نـادا
(سالم – ل ١٧)

سیرِی نوکتەی دەهەنت چاکە نەزانێ قەنناد
نمەك ئالوودە نەکەن با لە خەمیری نوقلا
(سالم – ل ٢٦)

بێتە خاتر گەر لە خوانی حوسنی تۆ حەقی نمەك
قەت بە من پایانی نایێ زیکری شوکری نیعمەتت
(سالم – ل ٤٦)

کە فەسساد قەسدی لێوی تۆی کـرد
لە جێی نەشتەر لە باتی خوێن نمەك بوو
(سالم – ل ١١٠)

**نمەك ڕێتنە برین:** مەبەست ئەشکەنجە کردنە، برین کولاندنەوە، خوێ کردنە برین.

نمەك: خوێ.

ڕێتن: ڕشتن.

بەندی کردم بە جەفا لا مەزەبی پڕ ستەمێ
نمەکی ڕێتە برینم نمەکین لەب سەنەمێ
(سالم – ل ١٤٩)

نمەکی ڕێتە برینم نمەکین ڕوویی مەلیح
لاڵی کردم لە کەلاما بەعیباراتی فەسیح
(سالم – ل ٥٤)

**نمەك ڕێتنە ناو چاو:** مەبەست کوێرکردنە.

نمەك: خوێ.

ڕیتن: ڕشتن.

دوور لە تۆ دوورم لە خۆ نەزدیکە مەرگم ڕۆژ و شەو

میحنەتی دووری هەمیسان ڕیتیە ناو چاوم نمەك

(سالم – ل ٧٧)

**نمەك ڕێز:** نمەك ڕیز، خوێ ڕێژ. مەبەست ئەوەی کە خوێ دەکات بە برینداء ئەوەی کە برین دەکولێنێتەوە.

نمەك: خوێ.

ڕێز: ڕیز. ڕەگی چاوگی ریختەن (= ریختن) ی ف. یە واتە: ڕژاندن، وەشاندن.

خودا چ بکەم لە دەس بەختی جەفاکێش

نمـــەك ڕێزە لـەســـەر داغـی دڵی ڕێش

(سالم – ل ٧٥)

**نمەکین:** نەمەکین. مەبەست جوان و دڵڕفێن و قەشەنگ و ئێسك سووکە.

بەڵام واتای وشەکە سوێر و خوێیاوییە، بەتام و خوێ.

نمەك: نەمەك. خوێ.

ین: پاشگر.

خەندە و دەمی مەحبوویە کەوا زۆر نمەکینن

بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن

(نالی – ل ٣٣٧)

یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵیدابێ

گردی نمەکین یەعنی گیای لێ نەڕوابێ

(نالی – ل ٦١٣)

نمەکی ڕیتە برینم نمەکین ڕوویی مەلیح

لاڵی کردم لە کەلاما بە عیباراتی فەسیح

(سالم – ل ٥٤)

بەندی کردم بە جەفا لا مەزەبی پڕ ستەمیٚ

نمەکی ڕیتە برینم نمەکین لەب سەنەمیٚ

(سالم – ل ١٤٩)

نگار من چو در آید بخنده‌ء نمکین

نمك زیادە کند بر جراحت ریشان

(گلستان، غلامحسین یوسفی – ص ١٤٠)

واتە: یاری من کاتیٚ کە بەو شێوە جوانە دڵڕفێنە پێدەکەنیٚ، خوێی زیاتر دەکات بە برینی دڵ بریندارەکاندا.

**نوخوستین:** نخستین. ف. یەکەمین.

لە باغا خونچە مەشقی لێوی تۆی کرد

نوخوستین گوڵ لە خەندەی تۆوە پشکووت

(سالم – ل ٥٠)

**نودەما:** کۆی (ندیم)ی عەرەبییە، واتە: هاونشین، هاودەم، بە تایبەتی ئەوانەی کە هاونشین و هاودەمی پاشایان و گەورەکانن.

فیکری خاس و نودەما و قودرەتی تۆ لێکدوورن

لەم ڕەهە مەحوی کە ماڵن چ موشیر و چ مودیر

(سالم – ل ٦٦)

**نوسەیری:** نصیری، نصیریە. یان عەلەوی یان عەلەوییەکان، زانایانی شیعە و سونی لە بارەی نوسەیرییەوە بیر و باوەڕیان بۆچوونی جیاجیان نووسیوە لە نووسراوەکانی هەندیٚ لە پێشینانیان وایان پیشان داوە، کە ئەم کۆمەڵە لە پەیڕەوانی (عبدالله بن سبا)ن و، هەندیٚ بە (زیدیە)یان داناون، هەندێکی تر دەڵێن ئەمانە لە شیعە توندڕەوەکانن و باوەڕیان وایە کە خوای گەورە لە زاتی ئەمیرالمؤمنین علی (ع)دا حلوولی کردووە هەندێکیش باوەڕیان وایە کە نوسەیرییە سەر بە (محمد بن نصیر نمیری)ین. هەندێکیش دەڵێن ناوی فیرقەیەکە، کە باوەڕیان بە پێغەمبەریٚتی (محمد بن نصیر)ە، ئەمڕۆ کۆمەڵیٚ لە

نوسەیرییە لە سەرووی سووریەدا نیشتەجێن. دوای ئەو کوشتارەی کە تورکەکان کردیان لە عەلەوییەکان، ناوی عەلەوییە گۆڕدرا بە نوسەیرییە، لە پاش ٤١٢ساڵ، واتە لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی ١٩١٨ز، دووبارە ئەم کۆمەڵە ناوی خۆی نا عەلەویین (علویین)، عەلەوییەکان دابەش بوون بە تیرە و هۆزی جیاجیاوە... (معین)

فەرەنگ و داسنی و ئەرمەنی و جوو
نوسەیری و دەیلەمی و گەبری بەدخوو
(سالم – ل ١١٦)

**نوشوور:** نشور. ع. زیندووکردنەوە، زیندووبوونەوەی مردووەکان لە ڕۆژی قیامەتدا، ڕۆژی قیامەت، ڕۆژی زیندووکردنەوە.

ئایا بە جەمع و دائرەیە دەوری کانی با
یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور
(نالی – ل ١٨٦)

**نوقەبا:** نقباء. ع. زاراوەیەکی تایبەتە بە عیرفان، کۆی (نقیب)ە، واتە مەزنەکان و گەورەکانی دەستەو کۆمەڵ.

ئەو کەسانەی کە ئاگایان لە ویژدانی خەڵکەو گوایا ژمارەی ئەوانە ١٢ – ٣٠٠ کەسە. (فرهنگ اصطلاحات عرفانی – دکتر منوچهر دانش پژوه.)

دوککانی توحەف کانی حەیا کانیی بەقا بێ
قوببەی لە قیبابی نوقەبابێ نەقوبابێ
(نالی – ل ٦٠٨)

**نوقتە:** نقطە. ع. مەبەست لە نوقتەی دووەم دەم و لێوی بچووک و جوانە.

گران میهری دەهانی تۆ بڕی بەندی تەرازووی دڵ
دەڵێن یەك نوقتە وەزنی هیچە ئەم نوقتە سەنگین بوو
(سالم – ل ١٠٨)

**نوقتە بە نوقتە:** مەبەست زۆر بە وردییە.

بەحسی سیڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێی

سـەری مـووێی نییـە بێ نـوکتـە لـە دیـوانـمدا

(نالی – ل ٩٢)

**نوکت = نوکتە:** نکتة. ع. وتەی ورد و پڕ واتا لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ، قسەی خۆش و جوان و کاریگەر، مەسەلەی ورد، قسەی ورد و ناوەڕۆکی نوێ.

نـوکتێکی زەریفـە بـە نـەسیبی زورەفـــابێ

تەعریفی دەکەم بەڵکو لە بۆ دەرد و شیفابێ

(نالی – ل ٦٠٧)

**نوکتە:** ——◄ نوکت = نوکتە.

ڕەنگی نییە ڕوخسـارەیـی ڕەنگین و لەتیفی

ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا

(نالی – ل ٨٠)

بەحسی سیڕی دەهەنی نوقتە بە نوقتە بگەڕێیی

سـەری موویێ نییـە بێ نـوکتـە لـە دیـوانمدا

(نالی – ل ٩٢)

نییە دەخڵم لە شانامە و مەسافی غەیری ئەم نوکتە

کە کوشتەی بەندی تۆیە هـەر کەسێ ئازاد و ئازابێ

(نالی – ل ٥٩٨)

ئەی ڕەفیقـان بێنەوە نوکتـەی عەجایب بشنەون

سالمی مەجنوون لە عیشقا مەیلی تەدبیری هەیە

(سالم – ل ١٣٥)

**نوکتە دان:** قسەزان، ئەو کەسەی کە قسەی جوان و پڕ واتا بزانێ و لێیی تێبگات.

نوکتە: ——◄ نوکت = نوکتە.

دان: ڕەگی چاوگی دانستەن (= دانستن)ی ف. یە. واتە زانین.

نەوجەوان ئەبرۆ کەمان شیرین دەهان نوکتە دان

تورك رەفتار و پەری روخسار و کاکۆڵدارەکەم

(کوردی – ل ۳۰)

**نوکتە سەنج:** قسەزان، ئەو کەسەی کە وتەو قسەی ورد و جوان و پڕ واتا بە باشی تێبگات، هەروەها بە واتای ڕەخنەگریش هاتووە.

نوکتە: ←――― نوکت = نوکتە.

سەنج: ڕەگی چاوگی سەنجیدەن (= سنجیدەن) ی ف. یە. واتە کێشان و هەڵسەنگاندن، ئەندازەگرتن، بەراوردکردن.

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سەنجیی و بەز لە گۆیبی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نالی – ل ۱۰۱)

**نوکتەی دەهەن:** قسەی ورد و پڕ واتا لە بارەی جوانی دەم و لێوەوە.

نوکتە: ←――― نوکت = نوکتە.

دەهەن: ―――→

سیری نوکتەی دەهەنت چاکە نەزانێ قەنناد

نمەك ئالوودە نەکەن با لە خەمیری نوقلا

(سالم – ل ۲٦)

**نومایان:** نەمایان. دیار و دەرکەوتوو، ئاشکرا. نومای + ان.

نوما: نەمای. ڕەگی چاوگی نەموودەن (= نمودن) ی ف. یە واتە دەرکەوتن، ئاشکرابوون.

ان: پاشگرە، کە دەچێتە سەر ڕەگ چۆنیەتی دروست دەکات.

لە خەوف و خەجڵەتی بەدری شەهی ئەنجوم سوپەهـ نیستەش

کە هەڵدێ زەردی و سووری لە تەلعەتیا نومایانە

(نالی – ل ٥١٠)

**نووره:** نوره. ع. له قسڵ و زەرنیخ دروست دەکرێ بۆ لابردنی مووی لەش بەکاردێت و ئەگەر زۆر بە لەشەوە بمێنێتەوە دەیسووتێنێ.

لە دڵدا ئـاتـەشی عیشـقت بڵێسـەی میسـلی تەندووره
شەتی ئەشکم نەبی مانیع دەسووتێم دەبمە کۆی نووره
(نالی – ل ٤٠٦)

**نۆ ئاسمان:** نۆ فەلەك کە پێکهاتووە لە: مانگ، عوتارید، زوهرە، خۆر، مریخ، موشتەری، زوحەل، فەلەکی ئەتلەس یان (ثوابت)، فلك الأفلاك یان عەرش. (عفیفی)

چ ڕێگێکی سپی واشە ئەوەندەی کەهکەشان دووره
چ سەحرایێکی شین ڕەنگە بە قەد نۆ ئاسمان پانە
(نالی – ل ٤٨٨)

**نۆش:** نووش. هەنگوین، هەرشتێ کە خۆش و سازگار و شیرین بێت.

جـوز بـۆسـەیی ئەییامی ڕەزامەندیی دڵدار
نەمدی لە جیهانا بە ئەبەد نۆشی بەبێ نیش
(سالم – ل ٧٥)

فیراق حەڵوایی وەسڵی کرد بە سەفرا
فـەرامۆشم بووە نـۆشت لە نـاو نێش
(سالم – ل ٧٥)

**نۆشی نەحل:** ⟵ نۆش.

بـوتی شـیرین دەهـانـی زوهرە چـاوم
دەبەستێ نۆشی نەحل و نیشی زەنبوور
(سالم – ل ٦٣)

**نیا:** باپیرە، باوەگەورە، باوکی باوك، باوکی دایك.

تەماشای جەوری دونیاکەن چ قەهرێکی لە خوسرەو گرت
نە بـۆ تـاجی نیشـانی مـا نـە بـۆ تەختی نیا پـەیدا
(سالم – ل ١٨)

**نێرگسی جادوو:** مەبەست چاوی مەست و جوانە.

یاری ساحیر نەژادی سیلسیلە موو
دڵی بردم بە نێرگسی جادوو
(سالم - ل ١١٥)

**نیزار:** لاواز، لەڕ، بێهێز، ناتوان، دەردەدار.

بۆیە ئەز بەسکی نیزارم لە فیراقی مەهی ڕووت
وەکو ئەبرۆیی هیلالت قەدم ! ئەنگوشت نەما
(سالم - ل ٢٨)

**نیزام:** نظام. ع. مەبەست لەشکرە، سوپا. لە زمانی فارسیشدا بە هەمان مەبەست بەکاردێت.

موددەعی کوێریێ نیزام ئیفلیج مەکان ژێر و زەبەر
میری سووورداش و ئەمینەی پیاوی هەردوو ئەنگووان
(سالم - ل ٩٨)
گەرچی پێشاوپێش بە هەیبەت بوون و ئازا چوونە پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان
(سالم - ل ٩٨)

**نیزامی:** نظامی. ع. سەرباز.

فەقێی یاخۆ نیزامی یانەخۆ پێش خزمەتی شاهی
دوڕی مولکی سولەیمانی ڕەئیسی ئێلی جافانی
(کوردی - ل ٦٠)

**نیزامی:** نظامی. نیزامی گەنجەوی = نیزامی گەنجەیی = نیزامی گەنجەئی. (حکیم ابو محمد الیاس بن یوسف بن زکی ابن مؤید نظامی)، لە ساڵی ٥٣٠ک. لەدایك بووە و لە ساڵی ٦١٤ک، کۆچی دوایی کردووە، شاعیری ناوداری ئێران لە سەدەی شەشەمی کۆچی و لەدایکبووی گەنجە. لە بارەی ژیانییەوە بە درێژی، شتێکی وا بەدەستەوە نییە، لەوە دەچێ کە لە سەرەتای ژیانییەوە، دایك و باوکی لەدەست

دابێت، نیزامی وەکو لە شیعرەکانیدا دیارە، لە سەرەتای لاوێتیدا خەریکی خوێندنی ئەدەب و مێژوو و چیرۆك بووە، زۆربەی ژیانی لە گەنجە بردۆتە سەر، بەدەگمەن شوێنی ژیانەکەی خۆی بەجێ هێشتووە و ئاگاداری ئوسووڵی عیرفان بووە و، خەریکی خوا پەرستی بووە، پاشاکان رێزیان لە پلەو پایەی دەگرت، کاتێ نیزامی ئامادەبوایە لایان خۆیان دوور دەکردەوە لە مەی و گۆرانی و خۆش گوزەرانی. گەورەترین بەرهەمی نیزامی (پێنج گەنج)ە، یان (خمسەی نظامی)، هەروەها دیوانەکەی پێکهاتووە لە قەسیدە، غەزەل، پارچە شیعر، چوارینە، کە چاپ کراون. (معین)

حافز و سەعدی و نیزامی قەیس و جامی و دیهلەوی

فەیز خواهـ و مەعریفەت جۆ بوون لە شاگردانی عیشق

(کوردی – ل ١٩)

**نیسار بوون:** مەبەست بەقوربان بوونە، گیان بەخت بوون، لە ناوچوون لە پێناوی شتێکدا. هەروەها بە واتای وەشاندن و بڵاویوونەوە و شاباش کردنی پوول و پارە و نوقوڵ و شیرینیش دێت.

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ

نیساری تۆزی پێت بێ گەر لەچاودا قەترەیێ مابێ

(نالی – ل ٥٩٩)

**نیسبەت دان:** بەراوردکردن، پەیوەندی دان لە نێوان دوو شت یان دوو کەس.

نیسبەتی ڕووم دا بە گوڵ گێسووی بە موشك

سەهوە حەرفی ئەوەڵم سانی خەتا

(سالم – ل ٢٥)

**نیشتەر:** نەشتەر.

ڕەگی دڵ دێتە جونبوش گاهی قەسدی لێوی مەرجانت

دەلەرزێ دەستی فەساد و نمەك ڕێی نیشتەر نادا

(سالم – ل ١٧)

تەشتی پڕ خوێنە بە دایم سینەم
تا موژەت بۆ ڕەگی دڵ نیشتەرە
(سالم – ل ١٢٥)

**نیشیمەن:** جێگەی دانیشتن، شوێنی حەوانەوە و ژیان، ماڵ، خانوو، هێلانە، لانە.

کەسانێ جێی نیشیمەنیان لە گۆشەی تەختی حاکم بوو
بــە دەشــتی شــارەزوورا جوملە وەك غـــوولی بیابانن
(سالم – ل ١٠٣)

**نیکتەباز:** نوکتەباز، قسەزان.

نیکتە: ———◄ نوکت = نوکتە.

لە بــەندی دیقــەتی وەســفی میــانا نیکتــە بـــازێکــە
لە پەردەی مەعنییا پڕ شەهدە میسلی نەی شەکەر کاغەز
(سالم – ل ٧١)

**نیکتە سەنج:** ———◄ نوکتە سەنج.

مەگەر موژگان ئیشارەی کرد بە کاتیب نیکتە سەنجی کا
لە زەخمی خوون چەکانی دڵ وەکو من باخەبەر کـاغـەز
(سالم – ل ٧١)

**نیکس:** نکس. ع. مەبەست پێچەوانەیە. کەوانێ کە سەر و بنەکەی بە پێچەوانەی یەکتری سازکرابێ، کە ئەمە کەمی و کورتییە بۆ کەوان. پیاوی هیچ و پووچ.
(لاروس)

مرووری نەکسە کە عەکسی قەمەر دەکا بە ڕەمەق
زوبوولی نیکسە دەگێڕێ کە عەکسی ڕیش بـە شیر
(نالی – ل ٢٠٩)

**نیک و بەد:** باش و خراپ.

مایەیی نیك و بەدیی بەم تەبەقە بەر عەکسە
هەوەسی ڕوتبە لە لای ئەمسەر و سەری کارە عەبەس
(سالم - ل ٧٢)
دلیَ هەرچی بلَێی ناسیح لەنیك و بەد بەجێی بێنە
(کە سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها)
(سالم - ل ٣٦)

**نیکی:** چاکی، باشی.

بەزمی ڕەندانە ئەمە مەلعەبەیی وەعز نییە
لە بەد و نیکی یو قەللابی دونیا نییە باس
(نالی - ل ٢٣٥)

**نیگا:** نیگاه = نیگەه. [پەهلەڤی Nikās] معین. واتە سەیرکردن، تەماشاکردن، بینین.

شاهێنی دوو چاوت کە نیگا و مەیلی بە دانگە
کێشانی بە قوللابی دلاوێزی بژانگە
(نالی - ل ٤٦٤)
بۆ قەتلی منی خەستە موژەت هەر وەکو تیرە
ئەی من بە فیدای تیری نیگای پڕ خەتەرت بم
(کوردی - ل ٢٢)

**نیگار:** دلبەر، یار، خۆشەویست، دلبەری شۆخ و شەنگ، کچ و ژنی جوان. هەروەها بە واتای: نەخش، وێنە، نەخشی خەنە لەسەر دەست و پێ، بت، زێوەر، نەخشی نگین، ڕەنگین، نەخشکراو هاتووە. (سخن)

بۆ مەشقی عیشقی زولَفی نیگار و نیگارشی
نالی لە خامەدا بووەتە شاهی تورە نووس
(نالی - ل ٢٤٠)
گەر بازی نەزەر بازی لەم دەست و نیگارەت چیی
بۆ یاری یو دەست بازیی لەم ڕاو و دیارەت چیی
(نالی - ل ٦٤٢)

گوشادی عوقدەیی خاتر نیگاریٚ بوو ئەویش ڕابورد
دڵی پڕ میحنەتم شادی بە یاریٚ بوو ئەویش ڕابورد
(سالم – ل ٥٥)

لاڵ بم ئەگەر شەبیهی ڕووی کەم بە ماهی ئەو
یا دڵ بدەم بە میهری نیگاریٚ بە غەیری ئەو
(کوردی – ل ٤١)

عەجەب ئیزهاری بیٚ ڕەحمی نیگارم لەزرەتی عیشقە
کە ئەو دەستانە وەك دەستانی کوردی فاش و مەشهوورە
(کوردی – ل ٤٧)

ئەو جەفاو جەورەی کە کوردی لەو نیگارەی چەژتووە
سەد کە بیٚعار بیٚ دەبیٚ بۆچی لە ڕۆح بیٚزار نەبیٚ
(کوردی – ل ٥٣)

**نیگارش:** ئەخش و نیگار و ئارایش. هەروەها بە واتای نووسین و نووسەرییش هاتووە.

نیگار: ڕەگی چاوگی نیگاشتەن و نیگاریدەن (= نگاشتن و نیگاریدن)ی ف. یە. واتە: ئەخشکردن، ویٚنەکیٚشان.

ش: پاشگرە.

بۆ مەشقی عیشقی زوڵفی نیگار و نیگارشی
نالی لە خامەدا بووەتە شاهی تورە نووس
(نالی – ل ٢٤٠)

**نیگارین:** ئەخشیٚنراو، ڕازاوە و جوان، خۆشەویست، دلبەر، یار.

نیگار: ———◄نیگارش.

ین: پاشگرە.

دیدەم هەموو شۆڕاوە بە شۆڕاوی سوورشکم
لەم لەوحە نیگارینە نە عین و نە ئەسەر ما
(نالی – ل ١٢٠)

لە ڕازی دڵ ئـەگـەر تێرت خـەبـەر دا
دەدەی دەستی نیگار ێنت بە سـەردا
(سالم – ل ٢٠)

عوزری مەسمووعە عیبادەت نییە گەر عادەتی ئەو
پێی نیگارینـی لـە بـەندایـە بـە زنجیری حـەیـا
(سالم – ل ٢٨)

حیف است چنین روی نگارین که بپوشی
سودی بـه مساکین رسد آخر چـه زیـانت
(کلیات سعدی، فروغی – ص ٤٦٥)

واتە: حەیفە کە دەموچاوێکی وا جوان و نەخشێنراو و ئارایشکراو دابپۆشی، خۆ ئەگەر داینەپۆشی ئەوا سوودێ بە فەقیر و هەژاران دەگات و زیانێکیشی بۆ تۆ نییە.

**نیگاه:** سەیرکردن، تەماشاکردن، بینین، دیدار.

بەعدەزین کاری من بە زوننارە
دینی بردم نیگاهی تەرسا خوو
(سالم – ل ١١٥)

نیگاهی چاوی مەستی نیوە خوابت
هەزاری وەك منی خستۆتە تابووت
(کوردی – ل ١٥)

لە ترسی موددەعی یـاری ڕوانینم نییـە هـەرگیز
بە فرسەت جارجارە مەر نیگاهی کەم بە پەنهانی
(کوردی – ل ٥٩)

عـەرەب ئـەندامـی و فـارس کـەلام و تـــورك ڕەفتـاری
نیگاهـ ئاهوو ڕەوت کەبکی زمان تووتی خۆش ئەلحانی
(کوردی – ل ٦٠)

**نیگاهی سەنگ:** مەبەست ڕوانین و سەیرکردنی پڕ لە ڕق و قینی یارە، بە تووڕەییەوە تەماشاکردن.

نیگاه: ←——

سەنگ: بەرد.

هجوومی قول موژەی سەر دڵ نیگاهی سەنگی دەورانی
دەڵێی هێرش ئەسەر گاور دەبا تابووری مەنسووره
(کوردی – ل ٤٧)

**نیگەران:** دوچاری ناخۆشی بوون، بیروهۆش شێواو، دڵگران، ترسان بەهۆی ڕووداوی ناخۆشەوە، سەیرکەر، تەماشاکەر، چاوەڕوان.

دیدە نابینێ کەسێ گاهی تەماشا جوز تۆ
نیگەرانت نییەتی خەوفی لە تەعنەی دیگەران
(سالم – ل ٩٠)

**نیگەه:** کورتکراوەی نیگاه. ——← نیگاه.

سەهمی نیگەهت خستمی هەستامەوە ڕاکەم
ئەگریجەو و زوڵفت بە جەفا هاتنە یاریی
(نالی – ل ٦٤٨)

هەرچی نییەتت بوو نیگەهت دڵمی بەڵەد کرد
هەرچی نییەتم بوو بە موژەت دڵ خەبەری دا
(سالم – ل ٢٦)

دەناسی قەتڵی دڵ گەر نیگەه کەی سووی موژگانت
ئەدا خوون بەها سا بۆسەیێ دەستم دامانت
(سالم – ل ٤٩)

نیگەهت قەیدی دڵ و ئافەتی گیانە بە عومەر
بە شەرارەی خەمی تۆ نەخلی مرادم سووتا
(کوردی – ل ١٥)

**نیگەه ئاهوو:** ئەوەی کە سەیرکردنەکەی وەکو سەیرکردنی ئاسکە.

نیگەه: ←———

ئاهوو: ←———

سەهی قامەت قەوی شەوکەت قەمەر تەلعەت مەلیك خەسلەت

کەمان ئەبروو نیگەه ئاهوو فەرەنگی خوو و موو موشکین

(سالم - ل ٩٥)

**نیگەهبان:** کورتکراوەی نیگاهبان. پاسەوان، پاسدار، چاودێر.

نیگەه: ←———

بان: پاشگرە بە مەبەستی ئاگالێبوون و پاراستن.

دیدە نیگەهبانی یار تیپی سوروشکم هەزار

ناڵەیی دڵ نەی سەوار ئاهە عەلەمداری من

(نالی - ل ٣٣٤)

**نیگەهدار:** کورتکراوەی نیگاهدار، ئەوەی ئاگای لە شتێ بێت، ئەوەی شتێ بپارێزێ. نیگەه + دار

نیگەه: ←———

دار: ڕەگی چاوگی داشتەن (= داشتن)ی ف. یە. واتە: هەبوون، خاوەنی شتێ بوون.

چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج

خودا یار و مەدەدکار و نیگەهداری عەماریی بێ

(نالی - ل ٦٣٤)

**نیگەه شاهین:** مەبەست سەیرکردنی کاریگەرە، سەیرکردنی وەك سەیرکردنی شاهین.

نیگەه: ←———

شاهین: ———→ شاهێن.

بە ڕوخ ڕەنگین میان لاغر کەمەر زەڕین

نیگەه شاهین و موو موشکین زەنەخ سیمین و لەب شیرین

(سالم - ل ٩٤)

**نیلگوون:** مەبەست تەعزێ بارە، ماتەمبار. هەروەها بە واتای ڕەنگی شین هاتووە. نیل + گوون.

نیل: ڕووباری نیل، ڕەنگی شین و باو بوو کە تەعزێبار جلوبەرگی ڕەنگ شینیان لەبەر دەکرد.

گوون: ڕەنگ، جۆر.

ڕۆژی قەتڵ ئەمڕۆیە ئەلحەق وا حوسەینی پێدەوێ
بـۆ ئـەدای تازییە سـەراسـەر نیلگوونە ئاسـمان
(سالم – ل ٩٩)

**نیمە بەها:** کەم نرخ، کەم بەها.

نیم: نیو.

نەقدی دڵ و جان بۆ قەدەمت نیمە بەهـایە
غەیری ئەمە قوربان بە خودا نیمە بەهایێ
(نالی – ل ٧٠٦)

**نیمە چەرخ:** نیوە سووڕانەوەیەك، نیوە خولێ.

بەس نییە پەروانە وەك عاشق ئەبەد ناخولێتەوە
نیمە چەرخێکە دەسووتێ و حـاڵەتی دەبڕێتەوە
(سالم – ل ١٣٣)

**نیمەڕ:** کورتکراوەی نیوەڕۆیە.

زەڕێك لە چاوی بۆ تەیی سەڕافی کەففەدا
مـەخفی نییە دیارە وەکو ڕۆژی نیمـەڕە
(نالی – ل ٤٤٦)

**نیمەشەب:** نیوەشەو.

تـا دوزدی وەقتی نیمـە شـەبن تورکی بێ نیزام
دوزدن هـەموو لە خەرمـەنی مونعیم وەکو شەرەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ٢٠٠)

**نیم نیگا:** ←——— نیم نیگاهـ.

نیم نیگای دلبەری من دڵ دەرفێنێ بە عەلی
نووکی پەیکانی موژەی خوێن دەتکێ بە عەلی
(کوردی – ل ٥٨)

**نیم نیگاه:** نیم نیگا، نیو نیگا، بە تیلەی چاو سەیرکردن، سەیرکردنێکی کورت.

نیم: نیو.

نیگاهـ: سەیرکردن.

تەبعی نالی توندە ئەمڕۆ یا بە نەشئەی نیم نیگاهـ
مەستی ڕەحڕاح و مەی و ڕاح و قەراح و قەرقەفە
(نالی – ل ٤٥٤)

**نیوە خواب:** مەبەست خەواڵووە.

خواب: خەو. هەروەها ڕەگی چاوگی خوابیدەن (= خوابیدن)ی ف. یە. واتە نووستن.

نیگاهی چاوی مەستی نیوە خوابت
هەزاری وەك منی خستۆتە تابووت
(کوردی – ل ١٥)

**نیوە سووتە:** مەبەست نیوە گوڕ و هێز تیاماو. نیوە سووتاو.

وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فەریادم نەما سادەی
ڕەفیقان نیوە سووتەن ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ
(کوردی – ل ٥٣)

**نیهال:** نەمام، درەختی تازە ڕواو.

چ تەکانێکە خودایا هەرەسی هیجری حەبیب
بۆ نیهالی ئەمەلم شاخ و بەر و ڕیشە نییە
(سالم – ل ١٣٦)

**نیهالی سەروی قەد:** مەبەست باڵای بەرز و ڕێك و جوانە.

نیهال: ⟵

لە وەختی حاسڵا زانیم بە تەحقیق
نیهالی سەروی قەددت بێ سەمەر بوو
(سالم – ل ١١٠)

**نیهالی قەد:** مەبەست باڵای ڕێك و جوانە.

نیهال: ⟵

تا سونبولی زوڵفت لە نیهالی قەدت ئاڵا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا
(نالی – ل ١١٥)

**نیهان:** پەنهان، شاراوە، داپۆشراو.

تورکی قورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بە ڕەقس
کەوکەبەی ماهی موورادی ئەهلی بابان بوو نیهان
(سالم – ل ١١)

**نیشانی موژە:** مەبەست نیشانەی تیری برژانگ، یان نووکی تیری برژانگەکانە.

نیشان: نیشانە، دانان یان نانەوەی شتێ بۆ لێدان و پێکان، بە هەر جۆرە چەکێ یان هەرشتێ. هەروەها وشەی نیشان کۆی (نیش)ە و واتا چزووی زەردەواڵە و هەنگ و دوویشك و...هتد، یان نووکی هەرشتێکی تیژ وەکو خەنجەر، دەرزی...هتد

دڵ موشەببەك بوو لەبەر نێشان و نیشانی موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە
(نالی – ل ٥٧٦)

**نێرگسی شەهلا:** ⟵ نەرگسی شەهلا.

غولامی دیدەیی مەخمووری تۆیە نێرگسی شەهلا
لە ئـاب و تـابی ڕووی تۆ داغدارە لالەیی حەمرا
(سالم – ل ٢٧)
شەهیدی دیدەیی مەخمووری شۆخێکم منی شەیدا
لە خاکی مەشهەدم نەزدیکە دەربێ نێرگسی شەهلا
(سالم – ل ٣٦)

**نێرگسی مەست:** مەبەست چاوی جوان و مەستە.

سەری تەسلیمی داوە نێرگسی مەست
بـە دیدەی تـۆ لـە هەنگامی خـومـارا
(سالم – ل ٢٥)

**نێزە:** دارێکی درێژە کە ئاسنێکی نووك تیژ بە سەرێکییەوە توند دەکرێ و لە کاتی شەڕدا بـەکـاردێت، جۆرە چـەکێکی کۆنـە، کە ئـەمڕۆ بـەدەگمـەن لـە نـاو تیرە و کۆمـەڵـە سەرەتاییەکاندا بەکاردێت. هـەروەهـا بەو دارە درێژەیش دەوترێ کە ئاڵای بە سەرەوە دەکرێ، لە کۆندا بۆ پێوانەی ماوەیش بەکار هاتووە، وەکو دەڵێن بە درێژایی ئەوەندە نێزە.

تیغی ئەبرۆت تیری موژگانت بە قەتڵ و عامی دڵ
نووکی نێزەی تاج بەخشە تیغی چەنگی چــەنگزە
(کوردی – ل ٤٨)

**نێش:** نییش. مەبەست برین و زام و ئێش و ئازارە.

بەڵام وشەکە خۆی واتە: نووکی هەر شتێکی تیژی وەکو دەرزی و خەنجەر و نـەشتـەر و...هـتـد. هـەروەهـا بـە چـزووی دووپشك و هـەنگ و زەردەواڵـە و...هـتـد دەوترێ.

دڵ موشـەببەك بوو لەبەر ئێشـان و نێشـانی موژەت
ئێشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتەسەر
(نالی – ل ٢٠٢)

لەبت بوو دارووپی جێ نیشی ماری عەقرەبت نەتدا

هەتا ئەمرم بە حەسرەت بابدەم دەستم بە زانوودا

(سالم – ل ٢٠)

بوتی شیرین دەهانی زوهرە چاوم

دەبەستێ نۆشی نەحل و نیشی زەنبوور

(سالم – ل ٦٣)

جوز بۆسەیی ئەییامی ڕەزامەندیی دڵدار

نەمدی لە جیهانا بە ئەبەد نۆشی بێ نێش

(سالم – ل ٧٥)

# و

**وابەستە:** پەیوەند، بەستراو.

بە زوڵفی تۆیە وابەستە لەمن دڵ گەر پەرێشانە

بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەستە ئەگەر تاقەت لەمن تاقە

(نالی – ل ٤٥٧)

**وابوون:** کرانەوە.

بە نەقدی جان دەدا یەك بۆسە دڵدارم وەلێ زەحمەت

دەگاتە حەددی وابوون عوقدەیی کارم وەلێ زەحمەت

(سالم – ل ٥٢)

**واحەسرەتا:** واحسرتا. ع. بەداخەوە، مەخابن، ئەفسووس، درێغ.

بێ ئیعتیبارە مەردوم ئەگەر ماڵی وی نەبێ

وا حەسرەتا نە قووەتی زەڕ ما نە دەستی زوور

(سالم – ل ٦٤)

**وادی ئەیمەن:** بیابانێکە لە لای ڕاستی کێوی توورەوە، لەوێدا دەنگی خوا گەیشتە گوێی حەزرەتی مووسا، لە زاراوەی عیرفانیدا ڕێگەی پاك و بێگەردکردنی دڵە. (معین)

سەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن

قامەت شەجەر و مەزهەری ئەلتافی ئیلاهن

(نالی – ل ٣٤٢)

**وادیده:** چاوکراوه، چاو زەق بوون لە کاتی سەرسوڕماندا.

وا: کراوه.

دیده: چاو.

حیرەت زەدە وا دیدە وەکو حەلقەیی دەر مــا

بێ مــایــە نییە عــاشیقی بێچــارە بفــەرمـا

(نالی – ل ١١٨)

**وادی سینە:** مەبەست ناخی دەروونە.

وادی: دۆڵ.

سینە: سنگ، سینگ.

خـــەتی دا وەختێ لـە وادی سینـەمـا نـــاهــووی خـــاڵ

دەردەچێ ئەسپی هەوەس هەرجا لە دەس عەقڵم جڵەو

(سالم – ل ١١٧)

**واز:** وا، کراوە.

بانگ کـەنـە زاهید نەمـاوە وەرنە گۆشەی خانەقا

بێن کەوازە دەرکی مەیخـانـان و خەڵوەتگاهی ڕاز

(کوردی – ل ١٧)

بـا لە شەرتی بادەیی مەرد ئەفگەن بێ ساقی نەو جەوان

دیدە مـەست بێ و کڵاو کەچ کـات و دوگمـەی سینـــە واز

(کوردی – ل ١٧)

**واقیف:** واقف. ع. بەئاگا، ئاگادار، شارەزا، وەستاو.

واقیف بـە هــەرچی کـەتمی خـەبایایی مـازییە

عالیم بە هـەرچی دێت و دەبێت و مـــوقەددەرە

(نالی – ل ٤٢٩)

لە سیرِی مەتلەبی یارم بە جوز من کەس نەبوو واقیف
نیگاهی چاو مەستی وا لە حالآتی تەعامول بوو
(سالم – ل ١١٢)
گەرچی غەوواسانی فیکرەت غەوتەوەر بوون موددەتێ
قەت نەبوون واقیف لە قەعری بەحری بێ پایانی عیشق
(کوردی – ل ١٩)

**واکردن:** کردنەوە.

گەدان و بۆ گەدا دەرگانە واناکەن لە بێ چیزی
وەکو نەڕادی دانا هەر لەفیکری خانە بەندانن
(سالم – ل ١٠٢)

**واکردنی لەب:** لەب واکردن، لێو کردنەوە، دەم کردنەوە، مەبەست قسەکردن، دووان.

واکردن: ⟵

لەب: لێو.

واکە لەب بۆ سوخەن ئەی بەحری خیرەد
دابلێن لەعلی درەوشانی هەیە
(سالم – ل ١٣٤)

**وامیق:** ⟵ وامیق و عەزرا.

وامیقی سەری کۆتە وەکو خاکی قەدەمت
سالمی غەمزەدە مەحرورمە لە ئیخوان و پەدەر
(سالم – ل ٦٥)

**وامیق و عەزرا:** ناوی داستانێکی دڵدارییە، ئەم داستانە ساڵەها لە پێش ئیسلامدا، لەسەردەمی ئەنوشیرواندا باو بووە. (عنصری)ی شاعیر ئەم داستانەی کردووە بە شیعر، ئەم تێکستە هۆنراوەیە ئیستا لە ژێر دەستدا نییە، بەڵام لەم دواییەدا چەند لاپەڕەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی دۆزراوەتەوە و بەکۆششی خوالێخۆش بوو محەممەد شەفیع چاپ کراوە، ئەم داستانە شیعرییە دوو بەیتییە بە بەحری موتەقاریب.

(عەزرا) ناوی دلبەری وامیقە، کە کەنیزەکێ بوو لە سەردەمی ئەسکەندەری زولقەرنەیندا، بەشێکی زۆر لە ناوی کەسان و شوێنەکان لەم داستانەدا یونانییە، لەبەرئەوە دوور نییە کە ئەم داستانە لە بنەڕەتدا یونانی بووبێ و وەرگێڕدرابێتە سەر پەهلەوی و لە دوای ئیسلام کرابێت بە فارسی. (معین)

واميقيش وەك من لە ڕێی عیشقا جەفاو جەوری نەدی

گەر بەمیسلی ڕوویی دلبەر عاریزی عەزرا نەبوو

(سالم – ل ١٠٧)

**وانەبوون:** مەبەست قسە نەکردنە. نەکرانەوە.

وانەبوو لێوت بەسروەی بای خەیالی بۆسەیێ

غونچەیی سێرابی نەشگوفتەت چو ناچیدە ما

(سالم – ل ٣٢)

**واوەی:** کورتکراوەی (واویلا) واوەیلای عەرەبییە، کە بۆ ئەفسووس و درێغ و غەم و ماتەم بەکاردێت. (عمید)

وەرە ساقی بە شین و نەدب و واوەی

ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی

(نالی – ل ٧٠٧)

**واوەیل:** کورتکراوەی واوەیلایە. واتە: هاوار، ئامان، چریکە، قیژە. (گیو)

زێر و زەبەر دەبن بە دوو فیرقە لە فیرقەتەین

واوەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە

(نالی – ل ٤٤٣)

**وەجاهەت:** وجاهە. ع. پلەو پایە، بوون بە خاوەنی پلەو پایە، بایەخ پێدان بەهۆی پلەو پایەوە، جوان بوون، جوانی و قەشەنگی. (معین)

بابێینە سەر وەجاهەتی قەدری لەکن خودا

بۆ عاسییان لە مەغفیرەت و سەرفی مەغفیرە

(نالی – ل ٤٣٠)

**وەجەب:** بست. مەبەست زۆر کەمە.

ئـەگـەر پـایـانـی بێ هیجرەت لـە دەرگـاتـا هـەتـا دەمـــرم

بە مەحزی جەوری حاجیب یەك وەجەب مەیلی سەفەر ناکەم

(سالم – ل ٨٤)

**وەجە:** وجە. ع. نیاز، مەبەست، ڕوو، دەموچاو، کەسێ کە پلەو پایەی هەبێ، لە فارسیدا بە واتای پارەیش هاتووە.

عیللەتی نالاندنی دڵ پێت بڵێم وەجهی چییە

بـۆ فیراقی ڕووی حـەبیبـان دائیما هاوارییە

(کوردی – ل ٥١)

**وەحدەت:** وحدة. ع. یەکتایی، سیفەتی یەکتاییە، لای عاریفەکان مەبەست لە وەحدەتی حـەقـیقـی بوونـی خودایـە، وەحدەتی وجود، واتـە ئـەوەی کـە (وجود)ی واحیدی حەقیقییە، بوونی شتەکان جیلوەی خودایە بە وێنەی شتەکان.

(اصطلاحات)

نەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا

عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا

(نالی – ل ٩٧)

**وەحشەت:** وحشة. ع. ترس، دڵتەنگی، تەنهایی، گۆشەنشینیی، خەڵوەت، ترس لە تەنیایی.

لە هـەمدەردت مەکە وەحشەت وەرە بولبول ڕەفیقت هـات

بناڵین بـا بـە جـووت هـەریـەك ڕەهـەندەی گولعوزارێکین

(سالم – ل ٩٦)

دڵی پڕ وەحشـەتم جـانـا لـەبـەر مـوژگـانی وەك تیرت

حەساریی بوو لە حەلقەی دەرهەمی گیسوویی زنجیرت

(سالم – ل ٤٧)

**وەر:** کورتکراوەی، وەئەگەر.

گەر بێیە دەرێ سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
وەر نەییە دەرێ ئاهووی چینی لە حەرەمدا
(نالی – ل ٩٣)

گەر بڵێم شەمسی دەڵێ ئەو خۆش ڕووە بێ پەردەیە
وەر بڵێم سەروی دەڵێ ئەو ئەحمەقە کوا گفتوگۆی
(نالی – ل ٦٩٥)

**وەرەع:** ورع. ع. خواپەرستی و خۆ دوور کردنەوە لە گوناھ، پارێزکردن، دینداری.

نیگا کەی گەر بە چاوی فیتنە ئەنگیز
دەکەن زاهید لە وەرەعا تەرکی پەرهیز
(سالم – ل ٧٢)

لە وەرەعا زاهیدی ئەفسوردە نەیدی لەززەتی مەستیی
بە عەفوا چوو سەراسەر ڕۆژگاری چونکی بێدڵ بوو
(سالم – ل ١١٢)

**وەرەقی دیدە شتن:** مەبەست چاو سڕینەوەیە، فرمێسك سڕینەوە.

کارەکە (وەرەق شتن)ە، واتە سڕینەوە، پاك کردنەوە، سڕینەوەی نووسراو.

دیدە: چاو.

سۆفیان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس
(نالی – ل ٢٣٤)

لە فارسیدا بەرامبەر بە (وەرەق شتن) وشەی لێکدراوی (ورق شستن) هەیە بە هەمان واتا:

خوا ندم سرّ هر ورق جستم
چون ترا یافتم ورق شستم
(نظامی، هفت پیکر، دکتر زنجانی – ص ٢)

واتە: خوێندمەوەو بە دوای ڕازی هەر لاپەڕەیەکدا گەڕام، کاتێ کە تۆم دۆزییەوە

کاغەزەکەم سڕییەوە.

**وەرنە:** کورتکراوەی، وەنەگەر وانییە، یان وەنەگەر وانەبێت.

ڕەهرەوت قادر بێ بۆ ئیعتاو جەوابی مەسئەلەت
وەرنە کوردی ناتوانێ حاڵی خۆی بۆت کا عیبان
(کوردی – ل ٣٤)

**وەزان:** کاتی هەڵکردنی با. وەز + ان.

وەز: ڕەگی چاوگی وەزیدەن (= وزیدن)ی ف. یە. واتە با هەڵکردن.

ان: پاشگرە واتای چۆنییەتی پیشان دەدات.

بایێ لە تەرەف قیبلەوە دێت و وەزانە
یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچە لەرزانە
(نالی – ل ٤٧٧)

**وەزنی زەربی پەنجە:** مەبەست زللەو شەقازللە پیاکێشانە. زللەلێدان.

زەرب: ضرب. ع. لێدان.

وەزنی زەربی پەنجەت ئەمڕۆ سەرفی ڕووی جانانە کرد
ئەی موعەلیم بۆ کزت کرد دەك لە جەرگت چێ کزە
(کوردی – ل ٤٨)

**وەزیدەن:** هەڵکردنی با. مەبەست پێکەنینە.

کەی دێتە خەندە غونچە دەمی بێ وەزیدەنت
گەر تۆ نەبی درەختی چەمەن ناگرێ سەمەر
(سالم، دیوانی نالی – ل ١٩٩)

**وەغا:** وغی. ع. جەنگ، شەڕ.

دەکا دونیایێ پڕ شۆرش بە دایم فیتنەها پەیدا
بە نەیرەنگ و فسوون هەردەم لە هەر موویێ وەغا پەیدا
(سالم – ل ١٨)

**وەك ئاگرە سوورە:** مەبەست بەگورج و گۆڵییە، بە هەڵمەت و خێرایی، بە پەلە، بە دەستوبرد.

پەیامت هات و پەیکت ڕۆی خەیاڵم نارد و نەیگەیێ
ڕەسوولم کەوتە ڕێ گرتی هێنای وەك ئاگرە سوورە
(نالی – ل ٤٠٨)

**وەك چاوی بێغەمان:** مەبەست وشکیی و بێ ئاوییە.

وەك چاوی بێغەمانە هەموو شیوی ئاودار
بەس موشکیلە لە چەشمەیی ئەو قەترە بێتە دەر
(سالم – ل ٦٨)

**وەلوەلە:** ولولە. ع. بانگکردن، هاوارکردن، بانگ و فەریاد، دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵب.

لە دەمی ناڵەیی زارم دڵی پڕ زەمزەمەکەم
وەلوەلەی حەلق و گەرووی نالی لە گەردوون بەدەرە
(نالی – ل ٤١٥)

**وەهـ:** وشەیەکە بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان، بەهـ بەهـ، چەند باشە، باش، چاك.

وەهـ چ خوڕەم دەوڵەتێکە با بە شەرتی توولی بێ
دەستی حەق بەم نەوعە ڕۆشن کا چراغی خانەدان
(سالم – ل ٩٠)

وەهـچ خوابێکی بە ئارامە هەماغووشی یی یار
دەستی من گەردنی ئەو ساعیدی ئەو بستەری من
(سالم – ل ٩٤)

ماری زەححاکن یەکا یەك مووت بە مەحبووسانی زار
وەهـ چ سەعبە بەند بەندی سیلسیلەی زنجیری تۆ
(سالم – ل ١١٤)

**وەهاتە:** وەهایە، بەم جۆرەیە، بەم شێوەیە.

بۆخۆم سەرگەشتەو و ئەسپیش وەهاتە
هەمیشە بۆیە من زیر و زەکارم!
(سالم – ل ٨١)

**وەیس:** ئـووەیسی قـەرەنـی کـە وەیسی مـایـدەشتـیشی پـێ دەڵـێن و یـەکێکـە لـە تـابـعین. (مـامۆستـا عبدالکریم مدرس)

ئو وەیسی قەرەنی: ناوی وەلی کامل قەرەنی، مەککەیشی دراوەتە پاڵ (قەرەن) ناوی قەبیلەیەکە لە وڵاتی یەمەن. (غیاث)

سەعادەت بوو بە نوور و ساعیدی زروەی هیدایەت بوو
عەلامـەت نـووری ئیمـانی بیـلال و وەیس و ســەلمـانـە
(نالی – ل ٥٠٦)

**وەیسە:** وەیس. ناوی دلبەرەکەی (رامین)ە، وەیس و رامین داستانێکی دڵدارییە بە هۆنراو، لە دەورویەری ساڵانی ٤٤٦ی کۆچی نووسراوە، نووسەرەکەی (فخرالدین اسعد گرگانی)یە، کە شاعیری سەدەی پێنجەم بووە، داستانی وەیس و رامین لە بنەڕەتدا بـە زمـانـی پـەهـلـەڤی بـووە، کـە دەگـەڕێتـەوە بۆ سەردەمـی ئـەشکـانـییـەکـانی پێش ئیسلام. (معین)

ئەگەر دولبەر قبووڵ کا دینی تـەرسـا
دڵا تۆ وەیسە بی گەر نەبییە ســەنعان
(سالم – ل ٨٩)

**وزوو مەرکەب:** مـەبـەست خوا پـەرستییە کە ئـادەمیزاد دەگـەیـەنێت بە ئـامـانج و لە خوای نزیك دەکاتەوە.

وزوو: وضوء. ع. دەستنوێژگرتن.

مەرکەب: مرکب. ع. هـەرشتـێ یان گیانلـەبـەرێ کە بۆ سواری و گواستنەوە بەکار بهێنرێ.

چوست و چابوك وەرە ڕێی دوژمنی نەفست سالم
سیدق خـەفـتـان و وزوو مـەرکـەب و شوکرانە سیلیح
(سالم – ل ٥٤)

**وسمەکێشان:** ئـارایشکـردنـی بـرۆ بـە وەسمــە، ڕەشکـردن و ڕازانـدنـەوەی بـرۆ بـە وەسمـە، وەسمەکردن، ڕەشکردن بە وەسمە.

وسمە: وەسمە جۆرە ڕووەكێكە كە باڵای نزیكەی میترێكە و گوڵەكانی زەردە و لە سەرووی ئەفەریقا و خوارووی ئەورووپا و ناوەندی و لە ڕۆژئاوای ئاسیا و لە وانە لە ئێراندا دەڕوێت، لە گەڵاكانیدا جۆرە ڕەنگێك هەیە، كە سەوزی مەیلە و شینە و ئافرەتان بۆ ڕەنگ كردنی برۆ بەكاری دەهێنن.

شێخی سەعدی لە گولستاندا دەڵێ:

كس نتواند گرفت دامن دولت بە زور
كوشش بیفایده است وسمە بر ابروی كور
(معین)

واتە: كەس ناتوانی بە زۆر داوێن و بەری ئەو ماڵ و سامانە بگرێ كە خوا دەیبەخشێ، هەروەها وسمە بۆ برۆی كوێر هەوڵ و كۆششێكی بێ كەڵكە.

تازە ئەبرۆت وسمە كێشاوە بە ناز
دڵ لەتی شمشێری تازە ساوم ئەز
(نالی – ل ٢٢٣)

لە فارسیدا پێی دەڵێن (وسمەكشیدن) كە كەشیدەن (= كشیدن) بە واتای (كێشان)ی كوردییەكە دێت.

حافز دەڵێ:

جهان بر ابروی عید از هلال وسمە كشید
هلال عید در ابروی یار باید دید
شكستە گشت چوپشت هلال قامت من
كمان ابروی یارم چو وسمە باز كشید
(حافظ، قزوینی – ص ١٦٠ – ص ١٦١)

واتە: جیهان برۆی بووكی جەژنی بە ڕەنگی مانگی نوێ ئارایش كرد، دەبێ مانگی نوێی جەژن لە برۆی یاردا ببینرێت. باڵای من لە غەم و خەفەتدا وەكو مانگی نوێ چەمایەوە كاتێ كە برۆی كەوانی یار بە وەسمە ئارایش كرا.

# ه

**هاتنه ئەبەر مەددی نەزەر:** هاتنە بەر چاو، هاتنە پێش چاو.

ئەبەر: بەر.[پەهلەڤی Apar]، پێش، بەردەم، باڵا، سەر، روو.

خەوە یا وەسوەسەیە یانە رأ العینە

ئەم عەلاماتە کەوا دێتە ئەبەر مەدی نەزەر

(کوردی – ل ١٦)

**هاتنە تەرکیبی کەمان:** مەبەست کووڕ بوون و کۆم بوونی پشتە لە ئەنجامی غەم و ناخۆشیدا.

بەزمی سەیدی ئێمە سەییادی فەلەك کارێکی کرد

ڕەنگە باڵای تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان

(سالم – ل ٩٧)

**هاتنە خاتر:** هاتنە خاطر، هاتنە یاد، هاتنەوە بیر.

بێتە خاتر گەر لە خوانی حوسنی تۆ حەقی نمەك

قەت بەمن پایانی نایێ زیکری شوکری نیعمەتت

(سالم – ل ٤٦)

فەرەح دێنێتە خاتر گەر سەنەندوج

لە دڵمایە خەفەت وەك شاخی ئارێز

(سالم – ل ٧٢)

**هاتنه نەزەر:** هـاتنه نـەظەر. هـاتنه بەر چاو، هـاتنه پێش چاو.

شێوەیی ئەبرۆیی تـاقت هـەمـه جا دێته نەزەر

دەگەڕێ دڵ بە تەرەف تۆوه وەکو قیبله نەما

(سالم – ل ٣٤)

**هات و نەهات:** گومانکردن لە تووشبوونی شوومی و مەترسی و دەردی سەری.

خەریکی شەش دەری هـات و نەهـاتم

خەلاسیم قەت نییه لـــەم نەردە بێ تۆ

(نالی – ل ٣٧٩)

سەفەرمان چونکه ڕێی هات و نەهاتە

دوعامان بـۆ بکەن ئێوە و خوداتـــان

(کوردی – ل ٣٥)

**هارووت:** ←——— هارووت و مارووت.

هەوای سێوی زەنەخ ئەی دڵ نەکەی قەت

موهـەییایـە لە ڕێتـا چـاهـی هـــارووت

(سالم – ل ٥٠)

**هارووت و مارووت:** ناوی دوو فریشتەی ئەفسانەییە کە هـاتنە سەر زەوی و گوناهیان کرد و لە بیری بابل زیندانی کران، داستانی هارووت و مارووت زۆر کۆنە، دوو وشەی ناوبراو لە زمانە سامییەکاندا، ناوی دوو فریشتەیە و، لە ئەدەبیاتی ئەڤیستاییدا بە ناوی دوو وشەی، هەئوروتات (تەواوی و کارزانی) و ئەمرتات (نەمری) هاتووە و لە ئەدەبیاتی ناوبراودا، ئەم دووانە لە ڕیزی حەوت (ئەمشاسپەند = فریشتە)ن، لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا (فارسی و عەرەبی) بەهۆی ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی دوو فریشتەی ناوبراو هاتووە، زۆر بەناوبانگن و بوون بە مەسەل، کە ئەمانە هاتنە خوارەوە بۆ سەر زەمینی بابل و بەهۆی ئەو گوناهەی کە کردیان، لە بیری بابلدا هەڵواسران، ناوی هارووت و مارووت، لە جادوو فێرکردن و فرووفێڵ و سەرپێچی و گومراییدا بووە بە مەسەل لە ئەدەبیاتی فارسی

و عەرەبیدا. (معین)

ڕەقیب و موددەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن

لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن

(نالی - ل ٣٢٦)

لە چاهی زێڕی لێوت وا ئـــەسیرن

هەزارانی وەکو هارووت و مارووت

(کوردی - ل ١٥)

**هاله:** [لە یونانیدا ālos، لە لاتینیدا Halos] (معین)

خەرمانی مانگ، خەرمانەی دەوری مانگ. بازنەیەکە، کە بەهۆی هەڵم کە لە زەوی بەرز دەبێتەوە و بە دەوری مانگدا دەبینرێت وەکو بازنەیەك.

دەوری ڕووی داوە خەمی سونبولی موو

هــەر وەکو هالە لە دەوری قـەمـــــەرا

(سالم - ل ٢٢)

**هالیك:** هالك. ع. مەبەست فەوتاو و لەناوچووە. یان لەناوبەر.

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك

بنوارە حـــاڵی هالیکی ئــەم خـــاکـە ئـــەحقـەرە

(نالی - ل ٤٣١)

**هامان:** لە قورئان و چیرۆکە ئیسلامییەکاندا ناوی وەزیری فیرعەون بووە.

هەروەها هامانێکی تریش هەبووە کە وەزیری خشایارشا بووە و جوولەکەکان ئەویان بە دوژمنی خۆیان دادەنا، لەبەرئەوە پاشای وا لێ کرد تا هەموو جوولەکەکانی وڵات بکوژێ، بەڵام ئیستیری ژنی یەهوود شا ئەم فەرمانەی پووچەڵ کردەوە و هامانیان لە سێدارە دا. (معین)

وەکو فیرعەونە حەبیبم بە ستەم

تا ڕەقیبی وەکـو هامانی هـەیـە

(سالم - ل ١٣٤)

جەوری یارم وەکو فیرعەونی ڕەقیب
تــــۆ لـە پـاڵوویـی ئـەوا هـامـــــانـی
(سالم – ل ١٥٠)

خۆت بۆ ستەمـان کەم بووی بیستت قسەی ئەغیاریش
فـیرعەونـی زەمـــان ئـامـان گـوێ مــەگرە لـە هـــامـانت
(کوردی – ل ١٣)

**هاموون:** دەشت، پان و فراوان، وشکایی، دەریا، ڕێك، تەخت و پان. (معین)

سـورووشکی مـن کـە لێڵاوە غوبـاری کـۆهـ و هـاموونـە
وەرە سەر چاوەکەم بنوارە وەك ئـاوێنە چـــەنـد ڕوونـە
(نالی – ل ٥٢٠)

ئەی عەجەب سالم لە سـەحرا ڕوو لە ئـابادی دەکـــا
یـاری شاری موژدە بێ چۆڵگەردی هـاموون هـاتەوە
(سالم – ل ١٣٣)

**هاوێنە گیان:** مەبەست کارکردنە دڵ و دەروونە.

دائیرەی میسری [و] چەقانە گەوهەر و لەنجەی سەمەن
دەنگـی چــاوش بێ بــەڵێ هـــاوێنـە گیـانـم بێ نـــەواز
(کوردی – ل ١٨)

**هەتا ماهی لەگەڵ گادا جووت بوون:** مـەبەسـت هـەتـا هـەتـایە، هـەمیشە.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسانەیەی کە دەڵێ: زەوی لەسەر شاخی گایە و، گایش لەسەر ماسییە، کاتێ کە گایەکە ماندوو دەبێ، زەوی لەسەر یەك شاخییەوە دەخزێنێ بۆ سەر شاخەکەی تری و بەو هۆیەوە بوومەلەرزە پەیدا دەبێ.

لە پەراوێزیشدا نووسراوە: بەبیر و ڕای یۆنانییەکان زەوی لەسەر شانی ئەتلەس (Atlas)ە لە ئەفسانە ئارياييەکاندا گا نوێنەر يان نموونەی هێزەو بە پیرۆز دادەنرێ.

(فرهنگ عامیانه مردم ایران، صادق هدایت، نشر چشمه، تهران ١٣٧٨، چاپ دوم – ص ١٣٩)

ماهی: ماسی

مەکانی دڵ کە گێسووتە ئەبەد هەرگیز جودا نابێ
لە لەنگەردا هەتا ماهی لەگەڵ گاجووتە وا جووتە

(سالم - ل١٢٢)

**هەتیتە:** ئامرازێکی لە پۆڵا دروستکراوی کون کونە، کە زەڕنگەرەکان تاڵ یان تەلی زێڕ و زیوی تێ هەڵدەکێشن و ڕایدەکێشن بە مەبەستی ڕاستکردن و لووسکردن و باریك کردن.

وا قاڵ و زەعیفم لە هەتیتەی غەمی دووریت
شایستەیە ئیستاکە کە ئاڵقەی کەمەرت بم

(کوردی - ل ٢٢)

**هەتیتەی دڵ کردن:** دڵ هەتیتە کردن. مەبەست دڵ بێهێز و لاواز و زەبوون کردنە.

هەتیتە: ←———

هەتیتەی دڵ بکا گەر تەجروبەی قەدت بە باریکی
بەرابەر بەو دەبێ مووی کاکۆڵی هیندووی زەخم ئەمشەو

(سالم - ل ١١٨)

**هەدەر:** هدر. ع. فیڕۆ، گوم بوو، بەرباد بوو.

لە تەرەف یارەوە نۆبەی نەزەرە
ئەی دڵ ئامادە بە خوێنت هەدەرە

(سالم - ل ١٢٥)

**هەرجا:** هەر شوێنێ، هەر لایێ، هەموو شوێنێ، هەموو لایێ.

هەر: بە زۆری لە پێش ناوەوە دێت و زۆرییەکەی دەگەیەنێت، وەکو: هەر کەسێ دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات. واتە هەموو کەسێ دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات.

جا: شوێن، جێ، جێگا، جێگە.

بەسکی هەرجا کوشتەیی تیغی مەحەببەت کەوتوون
کۆی دلارامم لە خوێنا بوو بە دەشتی کەربەلا
(سالم – ل ٣٤)
خەتی دا وەختێ لە وادی سینەما ئاهووی خەیاڵ
دەردەچێ ئەسپی هەوەس هەرجا لە دەس عەقڵم جڵەو
(سالم – ل ١١٧)

**هەرزە:** بێهوودە، بێکەڵك، کەسێ کە کاری بێهوودە بکات و قسەی هیچ و پووچ بکات، بێکارە، خوێڕی نابەجێ، ئەوەی هەر خەریکی ڕابواردن بێت، لەکارکەوتوو، خراپ.

بێ دڵ و گوێ و نەسیحەت نەگر و سەرکەش و ڕەند
سپڵەو و هەرزە و ئەویاش و بەد ئەتوار و نەزان
(کوردی – ل ٣٧)

**هەرزەگۆ:** هەرزەگوو، هەرزەگووی، بێهوودەگۆ، ئەو کەسەی کە قسەی بێ کەڵك و بێ سوود بکات.

هەرزە: ←

گۆ: گوو، گووی. ڕەگی چاوگی گوفتەن (= گفتن)ی ف. یە. واتە: وتن، گوتن.

دوور لە تۆ نالی سەگێکە بێ وەفایە هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە نانی نانییە
(نالی – ل ٥٩١)
گوڵ ئەمڕۆ خۆی موقابیل کرد بە ڕوخسارت لە لای خەڵقی
بەڵێ هەردەم دڕاو و هەرزەگۆن مەحبوویی بـــازاڕی
(کوردی – ل ٥٦)
گرد بازار هرزه می گردی
خر درآن رەطلب کەگم کردی
(سنائی – «معین»)

واتە: بێ هوودە و بێکەڵك بە ناو بازاڕدا دەسووڕێنیتەوە، لەو ڕێگەیەی کە گومت کردووە، لەوێ داوای کەرەکەت بکە.

**هەرزە مەرەس:** ١-تایبەتە بەو سەگەی کە پەتەکەی پچڕاوە و هێرش دەباتە سەر خەڵکی.
٢- خوێڕی و بەرەڵلا و دڕندە. (سخن)

هەرزە: ⟵

مەرەس: جۆرە قایشێکە کە دەکرێتە ملی شێر یان سەگ. وەکو لێرەدا (صائب) دەڵێ:

اگر چە سگ بە مرس می کشند صیادان
کشیدە است سگ نفس در مرس مـــارا
(صائب - «معین»)

واتە: ئەگەرچی ڕاوکەرەکان سەگ بە پەت ڕادەکێشن، بەڵام سەگی نەفس و ئارەزوو ئێمە بە پەت ڕادەکێشێ.

گەردەن کەچی تۆم بێ کەشش و ڕست و قەلادە
وا زەن مەبە ناعاریف و هەرزە مەرەسێکم
(نالی - ل ٢٨٤)

**هەرزەنویس:** ئەو کەسەی کە شتی هیچ و پووچ و بێکەڵك دەنووسێت.

هەرزە: ⟵

نویس: ڕەگی چاوگی نویشتەن (= نوشتن)ی ف. یە. واتە نووسین.

نالی حەریفی کەس نییە ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە هەرزە نویسە گەپ دەکا
(نالی - ل ١٠٠)

**هەرسوو:** هەموو لایەك، گشت شوێنێك.

هەر: ⟵ هەرجا.

سوو: لا.

بەدەستی کەشمەکەش هەرسوو درا بەرگی خودا ڕایێ
قەبایی نۆکەر و ئاغا هەموو بێ چاك و دامانن
(سالم – ل ١٥)

لە زوڵمی چەرخی دوون پەروەر سەخی تەبعانی حاتەم دڵ
بە ڕاهی کۆیی دوونانا لە هەرسوو کاسە گەردانن
(سالم – ل ١٥)

سالم کەسێ بە سالم ناگاتە ڕوویی دولبەر
جەمعن بە دەوری گەنجا هەرسوو سیاهـ ماران
(سالم – ل ٩٣)

بە چینی زوڵفی وەك سونبول ئیحاتەی دا لە دەوری گوڵ
بە موو هەرسوو لە ڕێگەی موو بە ڕووی دڵما دەکەی پەرژین
(سالم – ل ٩٥)

**هەرکایە:** مەبەست هەمیشەیە، هەمووکاتێ، هەردەم.

هەر: ←—— هەرجا.

کایە: نۆرە، سەرە، ئەمە لەیاری کردندا بەکاردێت، کە دەڵێ کایەی منە، واتە نۆرەی منە، سەرەی منە.

سووفی چییە ئیشی تۆ هەر کایە حەشیشی تۆ
عاشق وەکو ڕیشی تۆ هەوساری لەکن پەشمە
(نالی – ل ٤٧٦)

**هەرکوجا:** مەبەست هەر شوێن، هەر جێگە.

هەر: ←—— هەرجا.

کوجا: کورتکراوەی کودام جا (= کدام جا)، واتە کام شوێن.

ماتی کردم ڕەفاقەتی زاهید
هەر کوجا هەمنشینە خەو دێنێ
(سالم – ل ١٥١)

**هەرگا:** هەردەم، هەرکات، هەمیشە.

هەر: ⟵ هەرجا.

گا: کات، شوێن.

عەشق سوڵتانێکە هەرگا ڕوو لە وێرانی بکا

ئاهی سەرد و ئەشکی گەرم و قەلبی بوریانی دەوێ

(نالی - ل ٧٠٢)

**هەزل:** هزل. ع. گاڵتە کردن، قسەی بێ کەڵك.

نالی وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرابێ

ڕوو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

(نالی - ل ٦٢٩)

**هەزەیان:** هذیان. ع. بێ هوودە، بێ کەڵك، وڕێنە، وتەی بێ سوود.

بەم نەوعە کە وەختی ئەمەلە فیکری ڕەقیبت

سالم ئەمە هەزەیانە نەوەك شیعری سەلیقی

(سالم - ل ١٤٨)

**هەڵتراندن:** دەرکردن، لابردن، لێخوڕین و دوور کردنەوە.

واعیز ئەمڕۆکەش ئەوا هەڵوا خوری کەوتۆتە یاد

نەك لە ڕێگەت لابدا گوێ مەگرە لێی با هەڵترێ

(کوردی - ل ٥٥)

**هەڵوا خوری:** مەبەست بەرتیل خواردنە، هەڵواخۆر ئەو کەسەیە کە بەرتیلی وەرگرتووە لە کەسێ بۆ ئەوەی کە بە ئارەزووی ئەو کار ئەنجام بدات.

هەڵوا: حەڵوا.

خور: ڕەگی چاوگی خوردەن (= خوردن)ی ف. یە. واتە خواردن.

واعیز ئەمڕۆکەش ئەوا هەڵوا خوری کەوتۆتە یاد

نەك لە ڕێگەت لابدا گوێ مەگرە لێی با هەڵترێ

(کوردی - ل ٥٥)

**هەڵۆی غەم:** مەبەست غەم و پەژارەی زۆرە.

کەی بە چەنگاڵی هەڵۆی غەم دەکەوێ تائیری دڵ
تا لە زاغی خەمی زوڵفت هەیەتی زیللی هوما
(سالم – ل ٣٤)

**هەم:** هم. ع. غەم، خەفەت.

غەمی چاوت لە چاومدا هەمی قەددت لە سینەمدا
لەبەر سستیی و زەعیفیی ئەو خەوێکە ئەم ختوورێکە
(نالی – ل ٤٦٠)

**هەماغۆش:** هەماغووش. کورتکراوەی (هەم ئاغووش)ە، هاوباوەش، دوو کەس کە لە باوشی یەکتریدا بن، دڵدار و دلبەر.

هەم: پێشگرە بۆ مەبەستی هاوبەشێتی وەکو دەڵێن: هەمکار، هەمدڵ، هەمسەر، هەمنشین...هتد.

ئەم پێشگرە بەرامبەر بە (هاو)ە، بۆ نموونە: هاوسەر، هاوکار، هاورێ...هتد.

ئاغۆش: ئاغووش. باوەش.

بێزارە لەتۆ ئیستە هەماغۆشی عەدووتــە
دونیا کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو
(نالی – ل ٣٦٨)

بارێ بە سروەکەت بە شنەی ئەنگەبینی گەز
گرتوویە جونبوشت بە هەم ئاغۆشی نەیشکەر
(سالم – ل ٦٧)

وەهـ چ خوابێکی بە ئارامە هەماغووشیی یار
دەستی من گەردنی ئەو ساعیدی ئەو بستەری من
(سالم – ل ٩٤)

هەتا دەمرم بە دووری تەرکی میهری ئاشنا ناکەم
دلم تاسوبح دەم هەر شەو لەگەڵ یادت هەم ئاغۆشە
(سالم – ل ١٢٦)

**هەمە:** هەموو، گشت.

شێوەیی ئەبرۆیی تاقت هەمە جا دێتە نەزەر
دمگەڕێ دڵ بە تەرەف تۆوە وەکو قیبلە نەما
(سالم - ل ٣٤)

**هەمە جا:** هەموو شوێنێك، گشت جێگەیەك، هەموو لایەك.

هەمە: ⟶

جا: شوێن

سەروکاری منی بێکەس بە کەسێکە هەمە جا
(کە کریم است و غفور است و رحیم است و ودود)
(سالم - ل ٥٦)

وەك پیری سالخوردە خەمە داری پیرمەسوور
مەشغووڵی لەغزشە هەمە جا پایی تا بەسەر
(سالم - ل ٦٨)

زەمزەمەی عیشقە لە ناو میسری وجوودم هەمە جا
ئاتەش ئەفشانە هەناسەم وەکو سوعبانی کەلیم
(سالم - ل ٨٨)

**هەمبوو:** هاوبۆن. مەبەست ئەوەیە کە دوو شتی بۆن خۆش لە بۆن خۆشیدا وەکو یەك بن.

هەم: ⟵ هەماغۆش.

بوو: بۆن.

نیگاهت گەر بە ئاهووی چین بدەم نیسبەت درۆی مەحزە
خەتایە گەر بڵێم مشکی خەتا هەمبوویی گێسووتە
(سالم - ل ١٢٤)

**هەمدەرد:** هاودەرد، هاوبەش لە ناخۆشی و تاڵیدا.

هەم: ⟵ هەماغۆش.

گەهێ هەمدەمردی ئەکرادن گەهێ هەمعەیشی ئەتراکن
لە یەك لا مادەری بەرخن لە یەك لا یاری گورگانن
(سالم – ل ۱۲)

**هەمدەم:** هاودەم، دۆست، یار، هاورێ.
هەم: ——— ◄ هەماغۆش.
ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خواهـ و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوزوور
(نالی – ل ۱۷۵)
گیان فیدای مەحبووبە بێ بێ دڵنەواز و حاڵ زان
هەمدەمی ناکەس بەچەو هەمسوحبەتی ئەغیار نەبێ
(کوردی – ل ٥۲)

**هەمدڵ:** هاودڵ، دوو کەس دڵیان لای یەکتری بێت، دڵدار و دلبەر.
هەم: ——— ◄ هەماغۆش.
ڕۆیین و وەستانەوە و عیشوە و نیگاهێکت هەیە
نازە یاخۆ خەشمە یاری هەمدڵەی خەمخوارییە
(کوردی – ل ٥۱)

**هەمدووش:** ——— ◄ هەمدۆش.
باری دڵ گەر هەڵگرێ دەشکێ بە تەنیا گەردەنم
حامیلی ناکا سەمەك هەمدووشی وەك گاوی نەبێ
(سالم – ل ۱۳۸)

**هەمدۆش:** هاوشان، شان بە شان، بەرامبەر، هەمدووش.
هەم: ——— ◄ هەماغۆش.
دۆش: دووش، شان، ئەمڕۆ ئەم وشەیە لە وشەی لێکدراوی (قەڵا دۆشکان، قەڵا دووشکان)دا بەکاردێت. واتە سەر شانەکان.

دولبەری بالا بڵندم گەر خەرامان بێ بە ناز
سەروی گوڵزاری ئیرەم چۆن مەیلی هەمدۆشی دەکا
(سالم - ل ٣٢)

**هەم ڕیکاب:** لەگەڵ یەك، هاوڕێ.

هەم:——————◄هەماغۆش.

ڕیکاب: ركاب. ع. ئاوزەنگی، ئەو هەڵقە فلزییەی کە لەملاو ئەولای زینی ئەسپ شۆڕبوونەتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی سواربووندا پێی تێ بخرێت.

هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاهـ و ئەشکە بکە هەستە بێ قوسوور
(نالی - ل ١٧٧)

از هر طرف که رایت ما جلوه می کند
تایید همرکاب و ظفر همعنان ماست
(کلیات عبید زاکانی - ص ٣٠)

واتە: لە هەر لایەکەوە کە ئالاکەمان دەرکەوی، ئەمە نیشانەی یەك گرتن و سەرکەوتن و لەگەڵ یەکتری بوونی ئێمەیە.

**هەمزاد:** هاوزاد. دوو کەس یان دوو گیانلەبەر کە لە کاتێکدا لەدایك بووبن. دوو شت کە بە یەکەوە هاتبنە کایەوە.

هەم:——————◄هەماغۆش.

زاد: ڕەگی چاوگی زادەن (= زادن) ی ف. یە. واتە زایین، لەدایکبوون، هاتنە دنیاوە.

لە سیدقی عیشقا تاقم وەلێ موددێکە بێ وەسلت
دڵی پڕ حەسرەتم دایم لەگەڵ هەمزادی غەم جووتە
(سالم - ل ١٢٤)

لە ڕەمزی سیرِی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە
وەلێ بێدڵ لە خوابی غەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە
(سالم - ل ١٢٦)

خۆم گەلیٚ پارازت لە نەزیدیکی ڕەقیب دادی نەدا

ناگەهان بـۆ من وەکو هەمزادی تاعوون هاتەوە

(سالم – ل ١٣٣)

**هەمسوحبەت:** دۆست، یار، هاوڕیٚ، ئەو کەسەی کە زۆر لەگەڵ یەکێکدا هەڵسان و دانیشتنی هەبێت.

هەم: ——— هەماغۆش.

سوحبەت: صحبة. ع. یار و هاودەم، هاونشینی کردن، وتوویژ، گفتوگۆ.

گیان فیدای مەحبوویە بیٚ بیٚ دڵنەواز و حـــاڵ زان

هەمدەمی ناکەس بەچەو هەمسوحبەتی ئەغیارنەبیٚ

(کوردی – ل ٥٢)

**هەمسیلك:** هاوشان، بەرامبەر، هاوڕیز، هاوڕیٚ.

هەم: ——— هەماغۆش.

سیلك: سلك. ع. کۆمەڵ، دەستە، جۆر، ڕیٚ و شوێن.

لە فەردیی وەسفی یارا عارە ناوی موددەعی بـــردن

لە ڕشتەی فیکری ما خەرموهرە هەمسیلکی گوهەر ناکەم

(سالم – ل ٨٥)

**هەم عەنان:** هەمعینان. بەرامبەر، هاوڕیٚ. دوو سوار کە بەیەك خێرایی بەڕێگەیەکدا بڕۆن.

هەم: ——— هەماغۆش.

عەنان: عینان. عنان. ع. لەغاوی ئەسپ.

هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ڕیکابی ئەشك

ڕەحمیٚ بەم ئاهـ و ئەشکە بکە هەستە بیٚ قوســـوور

(نالی – ل ١٧٧)

اگر چە در طلبت هم عنان باد شمالم

بەگرد سرو خرامان قامتت نرسیدم

(حافظ، قدسی – ٤٧٠)

واتە: ئەگەرچی بۆ ئەوەی کە پێت بگەم لەگەڵ بای شەماڵدا کەوتوومەتە ڕێ، بەڵام بە تۆزی باڵای بەرزی وەك سەروی بەلەنجەولارت نەگەیشتم.

**هەم فەرد:** هاوفەرد، هاوسەر، هاوڕێ

هەم: ←——— هەماغۆش.

فەرد: فرد. ع. تاك، تەنیا، بێ وێنە، بێ هاوتا

لەگەڵ مورغی چەمەن نالی دەناڵێ

کە یەعنی عاشق و هەم فەرد و فەردین

(نالی - ل ٣٥٤)

**هەم قەدەم:** هاوڕێ، دوو کەس لە ڕێگەیەکدا بەیەکەوە بڕۆن.

هەم: ←——— هاماغۆش.

قەدەم: ←———

دولبەری عالیی دەماغ هەم قەدەمی سەروی باغ

بێتە نەزەرگەی قەراغ دیدەیی جۆیاری مــن

(نالی - ل ٣٣٥)

**هەمناو:** هاوناو، ئەوەی کە ناوی وەکو ناوی یار بێت.

هەم: ←——— هەماغۆش.

هــەر کـەسە عەبد و موریدی مورشیدێکە سا ئەمن

هەر وەکو هیجری مورید و گیان فیدای هەمناوی تۆم

(کوردی - ل ٣١)

**هەمنشین:** هاودەم، دۆست، برادەر، کەسێ کە لەگەڵ کەسێکی تردا لەیەك شوێن و بەیەکەوە بن.

هەم: ←——— هەماغۆش.

نشین: ڕەگی چاوگی نشتەن (= نشتن)ی ف. بە واتە دانیشتن.

ماتی کردم ڕەفاقەتی زاهید

هەر کوجا هەمنشینە خەو دێنێ

(سالم - ل ١٥١)

**هەمیانە:** هەمانە، کیسەی درێژ کە پارەی تێ دەخرێت و بە ناو قەدەوە دەبەسترێت.

(معین و عمید)

وەرن کاروانی توجاریم ببینن

مەتاعم مشکییە هەمیانە بارم

(سالم – ل ٨١)

**هەم میزاج:** هاوسروشت. دوو شت یان دوو کەس کە سروشتیان وەکو یەك بێت.

هەم: ←——— هەماغۆش.

میزاج: مزاج. ع. شتێ کە تێکەڵی شتێکی تر کرابێ، هەروەها بە واتای سروشت و چونییەتی سروشتی لەش هاتووە.

ئەی هەم میزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان

تۆفانی دیدەو و شەرەری قەلبی وەك تەنوور

(نالی – ل ١٧٦)

**هەنار:** مەبەست مەمکی خڕ و قنج و پتەوە.

خۆش لەسەر سینە سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بەمۆر

مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە

(نالی – ل ٥٣٨)

**هەناسەی سەحەر:** ئاهی دەمەو بەیانیان، ئەو ئاه و هەناسەیەی کە دەمەو بەیانیان هەڵدەکێشرێ لە ئەنجامی غەم و خەفەت و گریە و زاری، بە مەبەستی شکات و پەنابردن بۆ خوا بۆ فریاکەوتن.

جانانە کەوا مەیلی بە ئازاری ڕەقیبە

تەحقیقە لە تەئسیری هەناسەی سەحەرم بوو

(سالم – ل ١١١)

بۆ بترسم لە شەبیخوونی عەدوو گاهی کەمین

کە هەناسەی سەحەریی خەنجەری بوڕانی منە

(سالم – ل ١٣١)

**هەنگام:** کات، دەم.

سەری تەسلیمی داوە نێرگسی مەست
بە دیدەی تۆ لە هەنگامی خومارا
(سالم – ل ٢٥)

ئابلەی دەردا کەفی پێی تاقەتی هەنگامی جەهد
سالمی سەرگەشتە ئەربەس ڕێی موسیبەت تەی دەکا
(سالم – ل ٣٠)

قەت نەبووە نەشئەونما کا مەزرەعەی عومرم بەهار
لێی نەدا بای خوڕەمی تا کەوتە هەنگامی درەو
(سالم – ل ١١٧)

لە هەنگامی تەزەڕوعدا بە وازیح دای فەلەك جوابم
وتی ئەییامی شادی چوو زەمانی سووگواریتە
(سالم – ل ١٢٤)

**هەنگامە:** هەوڵ و کۆششی زۆر، هەراو هوریاو قەرەباڵغی، کۆڕی وتووێژ و حەکایەت خوانی، جەنگ، ئاشووب، کات.

لە یەك لا نالی و مشوی لە لایێ سالم و کوردی
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆ بوون لە مەولانا
(سالم – ل ٣٥)

**هەوا:** هوی. ع. ئارەزوو. خۆشەویستیی.

ناکەن هەوایی هیچ کەبابێ زەلیلی شەهر
بریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر
(سالم – ل ١٣)

خەتایە گەر هەوایی عەتری گوڵ کەم تا حەیاتم بێ
ئەگەر بێنێ لە موشکی زوڵفی تۆ بۆیێ نەسیم ئەمشەو
(سالم – ل ١١٧)

سابقی پرسی که دڵ ئەفسوردە و سەودا سەرم

یا لە سەرمایەی هەواو میهر و شوری دلبەران

(کوردی – ل ٣٤)

**هەوا خواه:** ئارەزوو خواز.

هەوا: ⟵

خواه: خواه. ڕەگی چاوگی خواستەن (= خواستن)ی ف. یە. واتە ویستن، خواستن.

ئەی لوتفەکەت خەفییو هەوا خواه و هەمدەمە

وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور

(نالی – ل ١٧٥)

**هەوای زانووکردن:** مەبەست ئارەزووی غەم و پەژارە و گۆشەگیرییە، ئارەزووی سەر نانەسەر ئەژنۆ لە ئەنجامی غەم و خەفەتدا.

هەوا: ⟵

زانوو: ئەژنۆ.

ڕووی دنیا تارە تا شەمعی جەبینی دوورە لێم

ناسییەی پڕ چینی من دایم هەوای زانوو دەکا

(سالم – ل ٣١)

**هەوای کیبر و مەنیی:** مەبەست ئارەزووی ئاوس بوون و سك پڕ بوونە.

کیبر: کبر. ع. لووت بەرزی، خۆبەزل زانین.

مەنیی: منی. ع. ئاوی نێرینەی ئادەمیزاد و گیانلەبەران. کە منداڵی لێ دروست دەبێ.

ئەی دەراتوو لە دوو مەجرایی دومیزابی مەبال

مەبە بادیی وەکو خەر زیهـ بە هەوای کیبر و مەنیی

(نالی – ل ٦٧٠)

**هەودا:** داو، تا، تاڵ، تاڵی موو، داوی موو، تاوی دەزوو.

حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زوڵف

بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەودایێکە

(نالی – ل ٤٦٢)

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزرە نیوە'هەودایە

چ هەودایە کە هەر حەڵقەی دوسەد زەنجیری سەودایە

(نالی – ل ٥٥٦)

**هەور گرتنەبەر:** هەور ڕامالّین، پالّ بە هەورەوە نان.

میحنەت ئەوەندە زۆرە دڵم هێندە تەنگ بووە

دوودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتەبەر

(سالم، دیوانی نالی – ١١٩)

**هەوری سیا تاو:** مەبەست هەڵڕشتنی فرمێسکی بەخوڕە.

سیا: ڕەش.

تاو: لێرەدا مەبەست زۆری و بەخوڕییە. هەروەها بە واتای تین و گەرمیش دێت.

یا دووکەڵی جەستەی منە بەو شەمعە سووتاوە

یا هەوری سیا تاوە کە مانیع لە هەتاوە

(نالی – ل ٥٣٠)

**هەوسار:** ئەو پەتەیە کە دەخرێتە ملی وڵاخ و ئەسپ و بارگیرەوە بە مەبەستی ڕاکێشان و بەستنەوە.

سووفی چییە ئیشی تۆ هەر کایە حەشیشی تۆ

عاشق وەکو ڕیشی تۆ هەوساری لەکن پەشمە

(نالی – ل ٤٧٦)

**هەوشار:** ئەفشار. تیرەیەکن لە تورکە چادر نشینەکان کە لە بەشی زۆری خاکی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە و چەندەها بەشی تریان هەیە، خانەدانی ناسراوی ئەفشارییە واتە نادر شا و جێنشینەکانی لەم تیرەبوون. (معین)

زەرەرکەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی
فەقیری موڵکی هەوشار و غەریبی شاری تارانن
(سالم - ل ١٠٤)

**هەوهەو:** دەنگێکی بەرزە کە سوار لە کاتی جەنگ و ڕمبازیدا دەیڵێت.

ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور
گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی هەوهەوی سوارەی بەبان
(سالم - ل ١٣)

**هەیوولا:** لە یونانییەوە وەرگیراوە. واتە: مادە، ماددەی سەرەتایی، نەژاد و بنەڕەتی هەر شتێ، لە فارسیدا بە واتای وێنە و هەیکەل هاتووە. (عمید)

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس
لە حیکەم پەروەریی بوو عەلی سینا نییە باس
(نالی - ل ٢٣٣)

**هوجوومی قول:** مەبەست پرچ و نەگریجەی ڕەش و درێژ و پەخشانە.

هوجوومی قول موژەی سەر دڵ نیگاهی سەنگی دەورانی
دەڵێی هێرش ئەسەر گاور دەبا تابووری مەنسووره
(کوردی - ل ٤٧)

**هورموز:** چەند هورموزێ هەن کە ئەمانەن:

هورموز: کوڕی ئەنوشیروانی پاشای ساسانی.

هورموز: یەکێ بوو لە سەردارەکانی ئەنوشیروان پاشای ساسانی.

هورموز: موویەدێ بوو لە سەردەمی قوبادی ساسانی.

(فرهنگ جامع شاهنامه - د. زنجانی)

هەروەها ئەگەر (هورموز) کورتکراوەی وشەی (هورموزد) بێ ئەوا ناوی پێنج پاشای ساسانی بووە، یەکەم تا پێنجەم، لە سالانی ٢٧٣ز - ٦٣١ز. (معین)

ئەگەر دەیدی لەبی تۆ پووری هورموز
(نمودی لعل شـــیرین را فرامـــوش)
(سالم - ل ٧٤)

**هود هود:** هد هد. ع. پەپوو سلێمانە، پۆپەك، شانە بەسەر، باڵندە نزیکەکانی سولەیمان بوو، هود هود چوو بۆ شاری (سبا) و لە شاژنی ئەوێوە بەلقیس دەنگوباسی هێنا بۆ سولەیمان، لەبەر ئەمە ناسراوە بە خۆش خەبەر، هەروەها پێیشی دەڵێن جاسووس و نامەبەر و بەرید. لە نامەی بیست و دووهەم لە کۆمەڵە نامەکانی (اخوان الصفا)دا دەڵێ: هود هود هاودەم و جاسووسی حەزرەتی سولەیمان بووە و ناو براوە بە (رحمك اللّه) یان (ابا داوود).

هود هود زەوی پێومرە و لە ماوەی دوورەوە ئاو دیاری دەکات، لە سوورەی (النمل)دا، هاتووە کە هود هود ئاوی لە ژێر زەویدا دیاری دەکرد و بە سولەیمانی دەوت. لەبەرئەوە پێیان دەوت ئاو ناس، سولەیمان هود هودی زۆر خۆش دەویست... (تلمیحات)

ساحیبی (علم الکتاب)ە موتریبی هود هود نەفەس
یاسولەیمانە لە (اخوان الصفا) ئاسەف سەفە
(نالی - ل ٤٥٣)

**هود هودی دڵ:** مەبەست دڵی دڵدارە، دڵی عاشق.

هود هود: ←

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانیی دەکا
(نالی - ل ١٠٥)

**هوزار:** بولبول، بلبل. لە شیعری کۆنی کوردیدا وشەی هوزار زۆر بەرچاو دەکەوێت، کە گۆڕدراوی وشەی (هەزار)ە و هەزاریش کورتکراوەی وشەی: (هزار آوا، هزار نوا، هزار دستان، هزار آواز)ی فارسییە، واتە بولبول و یان ئەوەی کە بە هەزار جۆر دەخوێنێ. وشەی هەزار لە ڕێنووسی کۆنماندا (هزار) نووسراوە و کە خراوەتە سەر ڕێنووسی نوێ بووە بە (هوزار).

گوڵشەن وەکو بەزمێکە کە ئاحادی هوزاری
بـۆ تـاقـە گوڵێکی گـەیـیە ڕوتبـەیی مـیـیئات
(نالی – ل ١٤٤)

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد وەك هوزاری عاشق ئەمما
لە هــەمـوو چەمەن دیـارە بە نوسووڵی نـاڵە نـالی
(نالی – ل ٦٦١)

**هوما:** هـومـای. پەهلەڤی Hŭmak. واتـە: پـیـرۆز، بـەڵام لێرەدا نـاوی بـاڵـندەیـەکـی شکـاری گەورەیە، پەڕەکانی سەر پشتی خۆڵەمێشییێکی مەیلەو سپییە و سنگی زەرد و مـەیـلـەو خـەنـەیـیـە و لـەسەر سەری چەند پـەڕێکی بڵـند و، لـە هـەردوولاوە بـەرز بوونەتەوە و لە ژێر دنووکیدا چەند پەڕێکی درێژ هەیە کە جۆرە جوانییێکی تـایبەتی دەدەنێ، هـەر چەند هوما بە باڵندەیەکی شکاری دانراوە، بەڵام خواردنی تـەنـها ئێسقـانە، هوما ئێسقان لـەسەر زەوی هـەڵدەگرێ و یەکسەر بەرز دەفڕێ و بەسەر تـاوێرە بەرددا فڕێی دەداتە خوارەوە تـا پارچە پارچە ببێ و دوای ئەوە دەیخوات. هوما = عوقـابی ئێسقـان خۆر. پێشینان وایان دەزانی سێبەری هوما بکەوێتە سەر هەر کەسێ، دەبووە مایەی کامەرانی و بەختیاری بۆی... (معین)

نـالی کە غولامی مەدەدی زوڵف و برۆتە
شـاهێکە لەبن سایەیی بـاڵی دوو هومادا
(نالی – ل ٨٦)

برۆت باڵی هوما سایەی سەری سوڵتـانی حوسنت بوو
خـەتت هـات و وتی من نـاسیخی توغرایی خـونکـارم
(نالی – ل ٢٧٤)

گەر لە سایەی ئـاستـانەی دولبەرم جێ دەست کەوێ
قـەت هــەوەس نـاکەم ئەمن ئیتر لە ژێر پـەڕی هومـا
(سالم – ل ٤٠)

شێخی سەعدی لە بارەی هوماوە دەڵێ:

همای بر همه مرغان ازان شرف دارد

که استخوان خورد و جانور نیازارد

(سعدی، گلستان، غلامحسین یوسفی - ص ٦٩)

واته: هومای که ڕێز و پلەو پایەی لە هەموو باڵندەکانی تر زیاترە، لەبەرئەوەیە کە ئێسقان دەخوات و گیانلەبەر ئازار نادات.

**هوو:** هو. یەکێکە لە ناوەکانی خوا. (اصطلاحات)

ئیسمی هوو حەقە لە ڕێی حەق دەستی ڕەددم لێ مەدەن

سالمی مسکین وەکوو دەروێش لە دەرگەت هـوو دەکا

(سالم - ل ٣١)

**هووەیدا:** ئاشکرا، دەرکەوتوو، ڕۆشن، ڕووناک.

حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا

تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

(نالی - ل ٣٠٩)

کەمەر هەر دەم بە دوشنامم دەبەستێ

هووەیدایە نیشانەی نەحلی زەنبوور

(سالم - ل ٦٣)

**هۆردوو:** ئووردوو، ئۆردوو. وشەیەکی تورکییە، واتە کۆمەڵێ لەشکر کە بە هەموو پێویستییەکیانەوە بەرەو شوێنێ بکەونە ڕێ، سوپاو پێویستییەکانی بۆ گەشت و جمان، لەشکرگا، ئۆردووگا... (معین)

تیپی شکۆفە خەیمەیی داوە لە هەر تەرەف

یا شاهی نەو بەهارە هەڵیداوە هۆردووێ

(نالی - ل ٦٩٩)

**هۆلاکۆ:** (١٢١٧ز - ١٢٦٥ز) داگیرکەرێکی مەغۆلی بوو، دامەزرێنەری دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی لە ساڵی ١٢٥١ز. لە ئێراندا، نەوەی جەنگیزخان بوو، ئەلەمووتی داگیرکرد لە ساڵی ١٢٥٦ز. و میرە فارسییەکان و ئیسماعیلییەکانی خستە ژێر

دەسەڵاتی خۆی، ساڵی ١٢٥٨ز، بەغدای گرت و خەلافەتی عەبباسی رووخاند، گەڕایەوە بۆ ئێران دوای ئەو ئاباقای کوڕی هاتە شوێنی. (المنجد)

لە سەردەمی (منکوقائان)ی نەوەی جەنگیزخانی مەغۆل ئێران چووە ژێر دەستی هۆلاکۆ (برای منکوقائان و یەکێ لە رۆڵەکانی توولی کوڕی چەنگیز) و جێنشینەکانی ئەو خانەدانی (ئیلخانان) یان پێکهێنا، هۆلاکۆ بە ئاسانی ئەمیرە ئێرانییەکانی لە ناوبرد، کە دەیان ویست لە پاش لەناوچوونی خوارەزمشا سەربەخۆیی وەربگرن، لە پاش لەناوبردنی ئیسماعیلییەو وێرانکردنی قەڵاکانیان لە ساڵی ٦٥٦ ی کۆچیدا بەغدای پایەتەختی عەبباسییەکانی داگیر کرد و (مستعصم)ی کوشت، کە دوا خەلیفەی عەبباسییەکان بوو، و شاری بەغدای قەتڵ و عام کرد، پایەتەختی هۆلاکۆ شاری (مەراغە) بوو و، فەرمانڕەوای ئێران و ئاسیای بچووك و بەشێ لە هیندستان بوو تا دەگاتە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست. جێنشینەکانی بۆ ماوەی یەك سەدە فەرمانڕەواییان کرد. (معین)

بۆ زوڵمی لە ئەندازە بەدەر وەك یەکی خولقاند
خەللاقی ئەزەل مەشرەبی تۆ تەبعی هۆلاکۆ
(سالم – ل ١١٥)

**هیجرەت گوزین:** هەڵبژێرەری کۆچ کردن، ئەو کەسەی کە کۆچ کردنی لا باشتر بێت و نیشتمان و شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێ.

گوزین: ڕەگی چاوگی گوزیدەن (= گزیدن)ی ف. یە. واتە هەڵبژاردن.

ئەگەر خەڵوەت نشین بێ جانی جانان بێ ئەنیسی ئەو
وەگەر هیجرەت گوزین ڕۆحی عەزیزان یاری غاری بی
(نالی – ل ٦٣٥)

**هیچ نەوێژ:** بێ دەنگ، قسەنەکەر، ئارام و کڕ.

ئەم فەرهەنگە کوردییانەی خوارەوە لە بارەی بەشی دووەمەوە دەڵێن:

وێژتن: گوتن. (گیو)

وێژانن: گوتن، قسەکردن. (هەژار)

وێژاندن: قسەکردن. (خاڵ)

وێژان: وتن. قسەکردن. (د. ابراهیم پور)

بەڵام (مەردۆخ) دەڵێ: وێژ:- بوێژ. (تەنها بەکار نایەت). واتە بڵێ. قسەکەر، قسەوێژ = قسەکەر، شاعیر.

قانیعی بابی ڕەزا و ڕازی بە پووش و درك و داڵ
سالیکی سەبر و تەحەمول بوردەبار و هیچ نەوێژ
(نالی - ل ٢٢٧)

**هیز:** نامەرد، ناپیاو، حیز. هەردوو وشەی (هیز، حیز) لە زمانی کوردی و فارسیدا هاوبەشن و یەك واتایان هەیە، لە فەرهەنگی (معین)دا، حیز بە هەڵەو هیز بە ڕاست دانراوە و بۆ ساغ کردنەوەی ئەمە چەند بیر و ڕایەکی لە چەند سەرچاوەیەکی کۆنەوە پیشان داوە. لە زمانی کوردیشدا هەر وایە، چونکە لە کوردیدا تیپی (ح) نییە.

بوغزت لە زەعیفان چییە قوربان وەکو قەسساب
بەو خەزز و بەزی ڕیشوەتە ئەی هیزە قەڵەو بە
(نالی - ل ٣٩٢)

**هیلالانە:** هیلال ئاسا. وەکو هیلال، چەماوە، پشت کۆم، باریك و لاوان، بێ هێز و بێ دەسەڵات.

قوربانی بیلالم کە هیلالانە هەڵاتووم
هەر عەفوە خەڵاتم
(نالی - ل ٢٦٧)

**هیلالی سەری ماه:** مەبەست برۆی باریك و کەوانی و جوانە.

بنوێنە برۆ یەعنی هیلالی سـەری مـاهت
چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مانگە
(نالی - ل ٤٦٥)

**هێلانە واز:** مەبەست دەربەدەر و ئاوارەیە، لانەوان، ماڵ کراوەو چۆڵ، هێلانەکراوە.

وان: کراوە.

وەکو تەیرێکی گوم بوویێ جەناحی

هێلانەواز و هەرداوهەردم ئەمڕۆ

(کوردی - ل ٤١)

**هیندوو:** بۆ گەلێ مەبەست بەکاردێت: خاڵی ڕەش، زوڵفی ڕەش، مووی تازە ڕواوی سەر رووی گەنج، هیندی، نۆکەر، پاسەوان، بە واتای ڕەنگی ڕەش دێت ئەگەر لەگەڵ وشەی خاڵدا بێت.

هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت دێیەوە ئەی خەت

وەك هیندووی سەححاری مەجووسیی چ لەجووجی

(نالی - ل ٦٤١)

لە حەلقەی چینی زوڵفا دیدەبانی عاریزە خاڵت

لەگەڵ دڵدادەکەت تا سیحرو ئەفسوون خووتە هیندووتە

(سالم - ل ١٢٢)

هات جەیشی خەت لە سەفحەیی ڕووت ماڵی کاولم

هیندووش تەماعی کردووە تەسخیری موڵکی ڕەی

(کوردی - ل ٦٣)

**هیندووی خەتی ڕوو بوون:** مەبەست کۆیلەی مووی تازە ڕواوی ڕوو بوون، بەندەی ئەو دەموچاوەی کە تازە خەتی داوە.

هیندوو: ⟵

خوسووسەن هیندووی خەتتی بەیازی ڕوویی مەحموودم

لە موڵکی ڕۆمەدا ئیستەش خەلیفەی شاری بەغدایە

(نالی - ل ٥٦٧)

**هیندووی گیسوو:** گیسووی هیندوو. مەبەست پرچی ڕەشە.

هیندوو: ⟵

گیسوو: ←

لەسەر ئەم مەزهەبەم سالم بە مەخفی ڕوو بە ڕووی مەتڵەب

وەکو هیندوویی گیسووی هەر سەحەر تەعزیمی ئازمرکەم

(سالم – ل ٨٤)

**هیندوویی خال:** هیندووی خاڵ، خاڵی هیندوو. مەبەست خاڵی ڕەشە.

هیندوو: ←

بەڵا گەردانی باڵات بم ئەگەر چووم

فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام

(نالی – ل ٢٦٢)

جێی هیندوویی خاڵت نییە خورشیدی جەمالت

ئەم مەرتەبەیە قابیلە بۆ حەزرەتی عیسـا

(سالم – ل ٢٦)

ئەگەر شادبم دەبەخشم وەختی خەندەت

بە هیندووی خاڵی تۆ شیراز و تەبریز

(سالم – ل ٧٢)

اگر آن ترك شیرازی بەدست آرد دل مـارا

بە خال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا

(حافظ، قدسی – ص ٧٣)

واتە: ئەگەر ئەو شۆخ و شەنگە شیرازییە دڵی من بەدەست بهێنێ ئەوا هەردوو شاری سەمەرقەند و بوخارا دەبەخشم بە خاڵە ڕەشەکەی.

**هێزم:** داری سووتاندن.

لەم خۆشییە کە هێزمی مەتبەخ سەوز بووە

ماوم عەجەب لە دیدەیی سۆفیی کە ناڕوێ

(نالی – ل ٦٩٨)

قەدیم تەن پەروەری نازن بە بازارا غوبار ئالوود
ئەگەر گاباری کا ئاوەر وەگەر هێزم فرۆشـــانن
(سالم – ل ١٠٤)

**هێشووی دەغڵ:** مەبەست گوڵە گەنم و گوڵە جۆیە.

مەڵەخ تەبعن لە هێشووی دەغڵی دیهقانا بەهەر لادا
لە ناو جاڕی گەنم هەریەك وەکو داهۆڵی خەرمانن
(سالم – ل ١٠٦)

**هێنان لە گەردندا:** لە گەردندا هێنان. مەبەست هێنانی ئەوەی کە لە ئەستۆی کەسێکدایە و پێشکەش کردنی.

ئاهوویی دڵ گەر ببینێ گەردەنت
دەر زەمان دێنێ لە گەردنیا خەراج
(سالم – ل ٥٤)

# ی

**یارا:** توانا، هێز، ئازایی.

یار + ا.

یار: ڕەگی چاوگی یارستەن (= یارستن) ی ف. یە. واتە توانین.

ا: پاشگرە، کە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگ واتای زۆری چاوگەکە دەدات. وەکو:

زانین – زان + ا = زانا.

توانستن – توان + ا = توانا.

لە ترسی موددەعی یارای ڕوانینم نییە هەرگیز
بە فرسەت جارجارە مەر نیگاهی کەم بە پەنهانی
(کوردی – ل ٥٩)

**یاری:** یارمەتی، کۆمەك.

وەسییەت نامەیی دڵ سوویی دلبەر کەی بەری پەنهان
بە قوربانی پەڕت بم ئەی کەبووتەر وەختی یاریتە
(سالم – ل ١٢٤)

دڵ لەبەر زامی فیراقت دائیما یاری دەکا
ڕۆژ بە ڕۆژ مەنعی دەکەم باز دەردی سەختە و ناسرەوێ
(کوردی – ل ٦١)

چوار چت قەت مەکە خواهیش لە دونیا کوردی تا ماوی
لە خۆت عەقڵ و لە دڵ سەبر و لە بەخت ئیمداد لە یار یاری
(کوردی – ل ٥٦)

**یاری گورگان:** مەبەست دوژمنە، دۆستی دوژمنەکان.

گەهێ هەمدەردی نەکرادن گەهێ هەمعەیشی ئەتراکن
لە یەك لا مادەری بەرخن لە یەك لا یاری گورگانن
(سالم – ل ١٢)

**یاسەمەن=** سەمەن: درەختێکی بچووکە، گوڵەکانی گەورە و بۆن خۆشن، ڕەنگیان سپی و زەرد و سوورە.

لە خەزان بێ خەبەرە بەرگی بەهار و چەمەنی
بێ بەقایی گوڵ و سەرو و سەمەن و یاسەمەنی
(نالی – ل ٦٦٨)

**یاسەمەن تورە:** پەرچەمی بۆن خۆش.

یاسەمەن: ⟵ سەمەن.

تورە: ⟵

ڕەیاحین پەرچەم و لالە کولاهـ و یاسەمەن تورە
بەنەفشە خاڵ و نەرگس چاو و گوڵ زار و سەمەن ساقە
(نالی – ل ٤٥٥)

**یاسەمەنی خاو:** مەبەست پرچ و زوڵفی خاو و ساف و نەرمە.

یاسەمەن: ⟵

لەولاوێکە لەولاوە بە نەملاوە کشاوە
یا یاسەمەنی خاوە بە ڕووی ڕۆژ ڕژاوە
(نالی – ل ٥٣)

**یاقووت:** مەبەست فرمێسکی خوێناوییە.

به یادی لەعلی دولبەر ئەشکی خوێنین
مەرێژە لەعلی خۆی نادا بە یاقووت
(سالم – ل ٥٠)

**یاقووتی ئەحمەر:** مەبەست فرمێسکی خوێناوییە.

قەبووڵی نرخی بۆسەی لەعلی ڕومانی لەبت ناکەم
لە ئەشکم پڕ بە دامانت ئەگەر یاقووتی ئەحمەر کەم
(سالم – ل ٨٤)

**یاقووتی ڕەوان:** مەبەست شەرابی سوورە.

مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی ڕەوانە
ساقی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی
(نالی – ل ٦٥٦)

ساقی بده آن کوزهء یاقوت روان را
یاقوت چه ارزد بده آن یاقوت روان را
(سعدی، کلیات، فروغی – ص ٤١٧)

واتە: مەی گێڕ ئەو گۆزە شەرابە سوورەم بدەرێ، یاقووت چ نرخێکی هەیە؟ ئەو گۆزە شەرابە سوورەم بدەرێ.

**یاقووتی لەب:** مەبەست لێوی سوور و جوانە.

لە یاقووتی لەبت یەك بۆسە مایەم بێ دەمی ئاخر
تەلەف کەم گەر سەر و ماڵم لە سەوداتا زەرەر ناکەم
(سالم – ل ٨٥)

**یاوەر:** یارمەتیدەر، کۆمەککەر، دۆست.

هەروەها لە کۆندا پلەیەك بوو لە پلەکانی ئەفسەری سوپا.

با وجوود تاکەی ڕەقیب یاوەری ئەم دڵبەرە بێ
هیچ تەفاوت نییە بۆمن لە حەزەر یا لە سەفەر
(کوردی – ل ١٦)

**یەخ:** سەهۆڵ، ئاو کە لە پلەی ژێر سفردا دەیبەستێ.

لە کوورەی دڵ بیروون دێ ئاهی سەردم

عەجەب یەخ بێ لە ناو چاهی سمووما

(سالم – ل ٣٣)

**یەد بوون:** لە دەست هاتن، دەست ڕۆیشتن، تواناو دەسەڵات بوون.

ئەگەر یەد بێ هەموو دەم غیرەتم جۆیای پاداشە

لە ڕیشەم دەردەهێنا وەك دڵم چەرخی فەلەك ئەمشەو

(سالم – ل ١١٩)

**یەدوڵلا:** یداللە. ع. مەبەست تواناو هێزی خوایە، دەستی خوا. (ئایەی ٦٩، سوورەی ٥: مائدة.)

بە وەقتی تەلبییە مەستی شوهوودی (صبغە اللە) بێ

بە گاهی تەروییە سیڕی (یداللە) دەستیاری بێ

(نالی – ل ٦٣٤)

**یەدی بەیزا:** یەدی بەیضا. یەکێ لە موعجیزەکانی مووسا ئەوە بوو، کاتێ کە دەستی دەخستە گیرفانییەوە و دەری دەهێنایەوە، ڕووناکییەکی سپی لێ بەرز دەبۆوە و پەنجەی ڕۆشنایی لێ هەڵدەستا، ئەم موعجیزەیە ناسرا بە یەدی بەیزا (بەیضا، دەستی مونەووەر، دەستی مووسا، کەفی مووسا، کەفی مووسەوی، موعجیزەی مووسا، یەدی بەیضا، یەدی بەیضای مووسا عمران.)

لە سوورەی طە ٢٠ ئایەی ٢٤ دەفەرمووێ: واضمم یدك الی جناحك تخرج بیضاء من غیر سوء. واتە: دەست بەرە بۆ باڵت یان بۆ گیرفانت کە بە سپێتی و ڕووناکی دێتە دەرەوە، دوور لە بەدی.

کاتێ کە مووسا ڕۆیشت بۆ بارەگای فیرعەون دەستی خستە گیرفانی و دەری هێنا، وەکو سەد هەزار مانگ و ڕۆژ ڕووناکی لە دەستی دەهاتە دەرەوە، بە جۆرێ کە نۆکەرەکان سەریان سوڕما و هەموویان هەڵاتن.

(قصص الانبیاء نیسابوری – ١٧٢) و (تلمیحات)

لە قوببەی نووری پستانت یەدی بەیزا نموودارە

ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێی جامەی تۆ کەفی مووسا

(سالم – ل ٢٧)

بە مەحزی ئیمتیحان دەستم بنێرە باخەڵت یەك دەم

لە بندا بیبڕن ڕازیم ئەگەر نەیبوو یەدی بەیزا

(سالم – ل ٣٦)

**یەشم:** جۆرێکە لە عەقیق ڕەنگەکەی دووکەڵیی مەیلەو سپییە، ئەم بەردە بەنرخە بەکاردێت لە گەوهەر سازی زێوەردا و پێیشی دەڵێن: حەجەری حەبەشی، سەنگی یاسم، حجرالشف، یەشب، حجرالشب، یەشف، یەشپ، سەنگی چەشم. هەروەها جۆرێکی سپی ڕەنگی هەیە و پێی دەڵێن یەشمی سپی. (معین)

سم وەکو یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون

چاو وەکو بیجادە یا دوو شەوچراغی شوعلە ڕێژ

(نالی – ل ٢٢٦)

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی

(نالی – ل ٦٥٩)

**یەعقووب:** یەکێکە لە نەژادی عیبرانییەکان و کوڕی ئیسحاق پێغەمبەرە و باوکی حەزرەتی یووسفە، ١٤٧ ساڵ ژیاوە.

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یووسف کوڕی یەعقووبە

کچ بوو بە خرِیداری یەعنی کە زولەیخا کچ

(نالی – ل ١٦٢)

دیدە نابینایە وەك یەعقووب لە هیجرانی عەزیز

تۆی خوای ساحیب مەکان و تۆی خوایی لامەکان

(سالم – ل ١٠١)

کوێر بووە وەکو یەعقووب بە خودا دیدە لەبۆت
سا بنێرە وەکو یووسف بە شفای دیدە لـــەبۆت
(کوردی – ل ١٤)

**یەغما:** تالآن. ———◄خوانی یەغما.

سەرم ئەووەل قەدەم دانا لەسەر کووچەی ڕەهی عیشقت
دڵ و دینم بـە یـەغمـا چـوو لە سیحری چـاوی فەتتانت
(سالم – ل ٤٩)

**یەکایەك:** یەك یەك، یەکەیەکە، یەك لە دوای یەك، هەموو، گشت.

مـاری زەحـحـاکن یەکایەك موت بە مەحبووسانی زار
وەهـ چ سەعبە بـــەند بەندی سیلسیلەی زنجیری تـۆ
(سالم – ل ١١٤)

**یەکبار:** یەکجار، یەکجاری، بە تەواوی.

بـار: بـار، جار.

بە حەسرەت عومری من یەکبـارە فەوتـا
مـەگـەر عومرێ دویـارە بێ عەتـا کـەی
(نالی – ل ٧١٠)

نەفعی کوا نـاڵەیی بلبل لە چەمەن وەختی سەحەر
لە تەرەف شەکوەیی ئەو گۆیی گوڵـــە یەکبار گران
(سالم – ل ٩٠)

**یەکتا:** بێ وێنە، لە وێنە نەبوو.

کەوا زەرِ تایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە
مـەڵێ خورشیدی ئافاقە بڵێ میهرێ کـەوا تـــاقـە
(نالی – ل ٤٥٥)

**یەکتایی:** جۆرە جلێکی بێ بەرە، یەك ڕەنگی.

کەوا زەڕ تایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی نافاقە

مەڵێ خورشیدی نافاقە بڵێ میهرێ کەوا تاقە

(نالی – ل ٤٥٥)

**یەك ڕەنگ:** خاوەن بیر و ڕای ڕاست، کە یاری بێ فڕوفێڵ و دۆستی بێ ڕیابێت. (ثروت)

ئەوەی یەك ڕەنگ بێ، مەبەست پاك دڵ و خۆش خوو و میهرەبان و دڵسۆز.

١–عکس رای تو برون برد دو رنگی جـهان

گشت در سایه عدلت همه عالم یك رنگ

(سلمان ساواجی «عفیفی»)

٢–غـــلام همت دردی کشان یـك رنگم

نه آن گروه که ازرق لباس و دل سیهند

(حافظ – «عفیفی»)

لێکدانەوەی دوو دێڕە شیعرەکە:

١– وێنەی بیر و بڕوای تۆ دوو ڕەنگی لە جیهاندا ناهێڵێ، لە سایەی دادی تۆوە هەموو جیهان پاك و بێ گەرد و بێ ڕیا بوو.

٢– نۆکەری هەوڵ و کۆششی ئەوانەم کە خڵتەو پاشماوەی شەراب دەنۆشن و یەك ڕەنگ و بێ ڕیان، نا ئەو کەسانەی کە جلی شینیان لەبەر کردووە (خۆیان بە سۆفی دادەنێن) بەڵام دەروون ڕەش و ناپاکن.

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ

بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕێژیی عیشقی حەقیقی

(نالی – ل ٦٥٥)

**یەککەتاز:** یەکەتاز. مەبەست غارکەری بێ وێنەیە، باشترین و خێراترین سوار لە غارکردندا. سوارێ کە بە تاك و تەنیا بڕواتە مەیدانی جەنگەوە و بجەنگێ، شاسواری بێ وێنە، شەڕکەری بێ وێنە.

یەککە: یەکە. یەکەم، تاك، بێ وێنە، تەنیا.

تاز: ڕەگی چاوگی تاختەن (= تاختن)ی ف. یە واتە هێرش بردن، پەلاماردان، هەڵمەت بردن.

بنزك و جەبهەت سپیی كلك ئێستر و دامەن سیا

یەككە تاز و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ

(نالی – ل ٢٢٥)

**یەلدا:** وشەكە سریانییە. درێژترین شەوی ساڵە، شەوی یەكەمی بورجی جەدی، شەوی چلەی گەورەی زستان.

ئەم وشەیە لە سریانیدا بە واتای لەدایك بوو، چونكە شەوی یەلدایان لەگەڵ لەدایكبوونی مەسیح دا داناوە، لەبەرئەوە بەم ناوەوە ناویان ناوە.

تو جان لطیفی و جهان جسم كثیف است

تو شمع فروزنده و گیتی شب یلدا

(معزی – «معین»)

واتە: تۆ گیانی جوانیت و جیهان لەشی پیسە، تۆ مۆمی داگیرساویت و جیهان شەوی یەلدا.

بەیازی ناسییەی تۆ بوو سفیدی دا بە سوبحی عید

لە نوسخەی قیرگوون زوڵفت سیاهی برد شەوی یەلدا

(سالم – ل ٢٧)

بە فیكری مووشكاف ئەمشەو قیامم كرد لە ڕووی زوڵفت

بە تاریشی بە توولیشی بەقەد تاری نەبوو یەلدا

(سالم – ل ٣٧)

شەوی یەلدایە یا دەیجوورە ئەمشەو

كە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

(كوردی – ل ٤٣)

**یەلغار:** ئیلغار. وشەیەكی توركییە. واتە هێرش، پەلاماردانی خێرای سوپا بەرەو دوژمن. (معین)

ترنگەی تەپڵی باز ئاتلانی چاوەش دەنگی جارچی دێ

بە تیپی غەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە

(كوردی – ل ٤٦)

**یەم:** یم. ع. دەریا.

دڵ موزمەحیلی دەردە وەکو دیدە لــە نمدا
حەیران و پەرێشانە وەکو قەترە لە یەمدا
(نالی – ل ٩٤)

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخـاڵ
(نالی – ل ٦٥٩)

غەم وەکو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا
ئاوی هائیل زایە کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوەلا
(سالم – ل ٣٧)

**یەمی ئەشك:** مەبەست فرمێسکی زۆرە.

یەم: ⟶
ئەشك: ⟶

بۆ یەمی ئەشکم لە کۆتاوە چ خۆشە ناگەهان
(بر سرآیند این رقیبان سبکبارت چوخس)
(سالم – ل ٧٣)

**یەومی نەفخی سوور:** ڕۆژی قیامەت، ڕۆژی زیندوو بوونەوە لەو دنیا.

یەوم: یوم. ع. ڕۆژ.
نەفخ: نفخ. ع. فووپیاکردن.
سوور: صور. ع. شاخێکە کە فووی پێدا دەکرێ و ئاوازێکی لێ دێتە دەرەوە.
نەفخی سوور: نفخ الصور. فوویەکە، کە ئیسرافیل لە ڕۆژی قیامەتدا دەیکات بە شەیپوورەکەیدا، بەمە مردووەکان زیندوو دەبنەوە، دەڵێن کە ئیسرافیل دووجار فوو دەکات بە شەیپوورەکەیدا، لە فووی یەکەمدا هەموو زیندووەکان دەمرن و لە فووی دووەمدا هەموو مردووەکان زیندوو دەبنەوە. (عمید)

ئـایـا مـەقـامـی ڕوخسـەتـە لــەم بـەینـە بێمـەوە

یا مـەسڵـەحـەت تـەوەققوفـە تا یـەومی نـەفخی سوور

(نالی - ل ١٩٧)

**یووسف:** کوڕی یەعقووب پێغەمبەر و ناوی دایکی (راحیل)ە، لەبەرئەوەی کە باوکی لە منداڵیدا زۆری خۆش دەویست براکانی ڕقیان لێ هەڵگرت و لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ بیابان و خستیانە ناو بیرێ، کۆمەڵێ کاروانچی لە بیرەکە دەریان هێناو لە میسر فرۆشتیان، یووسف دوای ئەوەی کە ماوەیەك دوچاری سەختی و ناخۆشی بوو خرایە زیندانەوە، دوای ئەوە بوو بە فەرمانڕەوای وڵاتی میسر. (معین)

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یوسف کوڕی یەعقووبە

کچ بـوو بــە خـڕیداری یـەعنی کـە زولـەیخـا کـچ

(نالی - ل ١٦٢)

تۆ یووسفی ئەو حوسنی لەسەر میسری جینانی

من پیرم و فانی

(نالی - ل ٢٦٥)

ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون

یووسفی میسرە عەجەب جاه و جەلالێکی هەیە

(نالی - ل ٥٧١)

گەیاندی بۆم سەبا بۆی عەتری گێسوو

وەکو پیراهەنی یـووســف بە یەعقووب

(سالم - ل ٤٤)

خـەڵاتـی دلبەری و شـۆخـی کـە دەدرا

لە پاش یووسف موزەیەن بوو بە دۆشی

(کوردی - ل ٥٧)

بە حوسنی یوسف ئاسات و بە خولق و لوتفی شیرینت

چراغی بەزمی خوسرەو نووری دیدەی پیری کـەنعانی

(کوردی - ل ٦٠)

# سەرچاوەکان


کوردی:

١- دیوانی بێکەس، محمدی مەلا کریم رێکی خستووە و...، بەغدا: چاپخانەی (الأدیب)، چاپی دووەم، ١٩٨٠

٢- دیوانی سالم «عبدالرحمان بەگی صاحبقران»، لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان چاپ کراوە – چاپخانەی کوردستان– چاپی دووەم، ١٩٧٢ هەولێر.

٣- دیوانی کوردی «مستەفا بەگی صاحبقران»، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم ٢٥٧٣ کوردی، هەولێر.

٤- دیوانی گۆران – بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا – ١٩٨٠.

٥- دیوانی نالی – مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا ١٩٧٦.

٦- فەرهەنگی خاڵ – شێخ محمدی خاڵ. ، سلێمانی، چاپخانەی کامەران چاپی یەکەم ١٩٧٤.

٧- فەرهەنگی کوردستان – گیوی موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٩.

فارسی:

٨- از سعدی تا جامی، تاریخ ادبی ایران از نیمهٔ قرن هفتم تا آخر قرن نهم هجری، تالیف: ادوارد برون انگلیسی، ترجمه و حواشی: علی أصغر حکمت، چاپخانهء دانشگاه، چاپ دوم ١٣٣٩ ش = ١٩٦٠ م، تهران

٩- اصطلاحات عرفانی – فرهنگ اصطلاحات عرفانی، تالیف: دکتر منوچهر دانش پژوه، آثار مرجع فرزان، تهران ١٣٧٩.

١٠- الهی نامه – شیخ فریدالدین عطار نیشابوری، بتصحیح: فؤاد روحانی، انتشارات زوار، تهران، چاپ پنجم، ١٣٧٦.

١١- ای کوته آستینان – سعیدی سیرجانی چاپخانهء کتیبه ١٣٦٤.

١٢- بوستان سعدی (سعدی نامه)، تصحیح وتوضیح: غلامحسین یوسفی، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چاپ پنجم ١٣٧٥.

١٣- تاریخ ادبیات ایران، تالیف پروفیسور ادوارد براون، جلد اول، چاپ دوم، ترجمه علی پاشا صالح، از نشریات کتابخانهء ابن سینا، چاپخانهء مجلس، تهران ١٣٣٥

١٤- تاریخ ادبیات ایران، تالیف: دکتر رضا زاده شفق، مؤسسهء چاپ و انتشارات امیر کبیر ١٣٤١

١٥- تاریخ مردوخ – ج ا، آیت الله محمد کردستانی چاپخانەی ارتش.

١٦- تصویرها و شادیها – گزیدهء اشعار منوچهری دامغانی، انتخاب و توضیح: دکتر سید محمد دبیر سیاقی انتشارات سخن، چاپ سوم ١٣٧٧ تهران.

١٧- چهار مقالهء نظامی عروضی سمرقندی، از دکتر سعید قرەبگلو – دکتر رضا انزابی نژاد چاپ اول، انتشارات جامی، چاپخانهء نیل ١٣٧٦

١٨- دیوان حافظ – به تصحیح و توضیح: دکتر پرویز ناتل خانلری، چاپ دوم، چاپخانهء نیل، تهران ١٣٦٢.

۱۹- دیوان حافظ قدسی - به تصحیح محمد قدسی به کوشش دکتر حسن ذوالفقاری - ابو فضل علی نشر چشمه، تهران ۱۳۸۱.

۲۰- دیوان حکیم ناصر خسرو قبادیانی، به تصحیح: کرامت تفنگدار، نشر چکامه، چاپ اول، تهران ۱۳۷٤.

۲۱- دیوان خواجه شمس الدین محمد حافظ شیرازی، باهتمام: محمد قزوینی و دکتر قاسم غنی بسرمایهء کتابخانهء زوار، چاپ سینا، تهران.

۲۲- رزم نامهء رستم واسفندیبار، دکتر جعفر شعار و دکتر حسن انوری، نشر قطره، چاپ بیستم ۱۳۷۸.

۲۳- سبعهء حکیم نظامی گنجوی، شامل گنجینهء گنجوی، لیلی و مجنون، مخزن الاسرار، تصحیح و تحشیه: وحید دستگردی، جلد اول مؤسسهء مطبوعاتی علمی، چاپ دوم، ۱۳٦۳

۲٤- سخن گستر سیستان - گزیدهء اشعار فرخی سیستانی، انتخاب و توضیح: دکتر سید محمد دبیر سیاقی انتشارات سخن، تهران، چاپ سوم، ۱۳۷۷

۲۵- شاعر صبح - پژوهشی در شعر خاقانی شروانی، انتخاب و توضیح: دکتر سید ضیاءالدین سجادی انتشارات سخن، چاپ پنجم، تهران ۱۳۷۸

۲٦- شاهنامهء فردوسی، بر اساس چاپ موسکو، ج ۱ بکوشش دکتر سعید حمیدیان، نشر قطره، چاپ چهارم، ۱۳۷٦.

۲۷- شرح غزلهای حافظ - نوشتهی دکتر حسینعلی هروی نشر تنویر - تهران ۱۳۷۸.

۲۸- صور خیال در خمسهء نظامی، تالیف: دکتر برات زنجانی، مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، چاپ اول، تهران ۱۳۷۷.

۲۹- غیاث اللغات «فرهنگ فارسی - فارسی»، تالیف: غیاث الدین محمد بن جلال الدین بن شرف الدین رامپوری بسال ۱۲٤۲ هجری قمری.، بکوشش: منصور ثروت،مؤسسهء انتشارات امیر کبیر چاپ اول ۱۳٦۳.

۳۰- غلط ننویسیم - فرهنگ دشواریهای زبان فارسی - ابوالحسن نجفی - مرکز نشر دانشگاهی - چاپ هشتم - تهران ۱۳۷٦

۳۱- فرخی سیستانی - بکوشش دکتر خطیب رهبر چاپ چهارم، تهران ۱۳٤٦.

۳۲- فرهنگ اشارات ادبیات فارسی، دکتر سیروس شمیسا، دوجلدی، چاپ اول، انتشارات فردوسی ۱۳۷۷.

۳۳- فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژهنامهء مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپایی، تالیف: سیما داد، انتشارات مروارید، چاپ سوم، تهران ۱۳۷۸.

۳٤- فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، تالیف دکتر سید جعفر سجادی، کتابخانهء طهوری، چاپ چهارم، تهران ۱۳۷۸.

۳۵- فرهنگ بزرگ سخن، ۸ج، به سهرپرستی دکتر حسن انوری، انتشارات سخن، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۲.

۳٦- فرهنگ تلمیحات - دکتر سیروس شمیسا انتشارات فردوسی، چاپ ششم، تهران ۱۳۷۸

۳۷- فرهنگ جامع شاهنامه - دکتر محمد زنجانی مؤسسهء انتشارات عطایی، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۰.

۳۸- فرهنگ دههزار واژه از دیوان حافظ، باهتمام: دکتر ابو الفضل مصفی، شرکت انتشارات پاژنگ، چاپ خوشه، تهران ۱۳٦۹.

۳۹- فرهنگ شعری - بر اساس آثار شاعران قرن سوم تا یازدهم هجری - شامل ترکیبات، کنایات، اصطلاحات، تالیف: دکتر رحیم عفیفی، چاپ دوم (سه جلد) سروش، تهران ۱۳۷۶.
٤۰- فرهنگ صبا فارسی - محمد بهشتی انتشارات صبا، ۱۳٦۹
٤۱- فرهنگ عامیانه مردم ایران - صادق هدایت چاپ دوم، نشر چشمه، تهران ۱۳۷۸.
٤۲- فرهنگ عوام - امیر قلی امینی انتشارات مؤسسهء مطبوعاتی علی اکبر علمی.
٤۳- فرهنگ فارسی، ٦ جلدی - دکتر محمد معین مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، چاپ نهم، تهران ۱۳۷۵.
٤٤- فرهنگ فارسی عمید، دوجلدی - تالیف: حسن عمید مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، چاپ یازدهم تهران ۱۳۷٦.
٤۵- فرهنگ کنایات - تالیف: دکتر منصور ثروت انتشارات سخن، چاپ سوم، ۱۳۷۹
٤٦- فرهنگ کنایه - تالیف: دکتر منصور میرزا نیا مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، چاپ اول تهران ۱۳۷۸
٤۷- فرهنگ لغات عامیانه - تالیف: سید محمد علی جمال زاده انتشارات فرهنگ ایران، بکوشش محمد جعفر محجوب، تهران ۱۳٤۱
٤۸- فرهنگ لغات و تعبیرات دیوان خاقانی شروانی
تالیف: دکتر سید ضیا الدین سجادی، چاپ دوم، انتشارات زوار، ۱۳۸۲.
٤۹- فرهنگ واژه‌های ایهامی در اشعار حافظ، دکتر محمد ذو الریاستین، فرزان، چاپ اول، ۱۳۷۹
۵۰- کلیات سعدی - باهتمام محمد علی فروغی، مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، تهران ۱۳٦۹
۵۱- کلیات عبید زاکانی، بامقدمهء آشتیانی - ۱۳۷٦ هـ. ش
۵۲- گزیدهء اشعار رودکی، دکتر جعفر شعار و دکتر حسن انوری، نشر علم، چاپ اول، تهران ۱۳۷۳.
۵۳- گزیدهء اشعار مسعود سعد سلمان، دکتر توفیق هـ. سبحانی، نشر قطره، چاپ پنجم، تهران ۱۳۷۷.
۵٤- گزیدهء اشعار مسعود سعد سلمان بکوشش حسین لسان.
۵۵- گزیدهءاشعار ناصر خسرو - انتخاب و شرح دکتر جعفر شعار، ویرایش دوم، نشر قطره، چاپ هفتم ۱۳۷۷.
۵٦- گزیدهء غزلیات مولوی - انتخاب و توضیح: دکتر سیروس شمیسا نشر و پژوهش دادار، چاپ اول، تهران ۱۳۷۸.
۵۷- گزیدهء مخزن الاسرار نظامی، انتخاب و توضیح: دکتر کامل احمد نژاد، انتشارات سخن، چاپ اول، تهران ۱۳۷٤
۵۸- گلستان سعدی - تصحیح و توضیح: دکتر غلامحسین یوسفی، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چاپ پنجم، تهران، ۱۳۷۷.
۵۹- گنج سخن - از رودکی تا بهار، تالیف: دکتر ذبیح الله صفا، انتشارات ققنوس، تهران، چاپ دهم ۱۳۷٤.
٦۰- لیلی و مجنون نظامی گنجوی - به‌تصحیح دکتر برات زنجانی انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم ۱۳۷٤
٦۱- مصطلحات الشعرا - فرهنگی در لغات و اصطلاحات شعر عصر صفوی، تالیف سیا لکوتی مل وارسته به تصحیح دکتر سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ اول، تهران، ۱۳۸۰

٦٢- معارف و معاریف - دائیره المعارف جامع اسلامی، تالیف: سید مصطفی حسین دشتی،، مؤسسهء فرهنگی آرایه، تهران ١٣٧٩

٦٣- هفت پیکر نظامی گنجوی - به تصحیح دکتر برات زنجانی انتشارات دانشگاه تهران - ١٣٧٣.

کوردی فارسی:

٦٤- فرهنگ کردی - فارسی، هەنبانە بۆرینە - هەژار، سروش، تهران، چاپ اول ١٣٦٩.

٦٥- واژەنامە کردی - فارسی، دکتر محمد تقی ابراهیم پور، انتشارات ققنوس، تهران، چاپ اول ١٣٧٣.

عەرەبی فارسی:

٦٦- فرهنگ لاروس - عربی فارسی، مترجم سید حمید طبیبیان، مؤسسهء انتشارات امیر کبیر، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٨٠.

عەرەبی:

٦٧-المنجد فی اللغه والاعلام، دار المشرق، بیروت - لبنان ١٩٨٦